# ئێتنیکە ئێرانییەکان یان نەتەوەکانی ئێران

## یەکپارچەیی یان دابەشبوون لە بەستێنی ئاڵنگاریی ئێتنیسیتە و نەتەوەدا



کامیل ئەحمەدی و هاوکاران

نشر آوای بوف

# ئێتنیکە ئێرانییەکان یان نەتەوەکانی ئێران

## یەکپارچەیی یان دابەشبوون لە بەستێنی ئاڵنگاریی ئێتنیسیتە و نەتەوەدا

کامیل ئەحمەدی و هاوکاران

ئێتنیکە ئێرانییەکان یان نەتەوەکانی ئێران : یەکپارچەیی یان دابەشبوون لە بەستێنی ئاڵنگاریی ئێتنیسیتە و نەتەوەدا
توێژەر : کامیل ئەحمەدی و هاوکاران
قەبارە : روقعی ۲۱/۵×۱۴/۵ سم.
ISBN : ۹۷۸-۸۷-۹۳۹۲٦-۳۰-۱
وەشانخانە : ئاڤای بووف
چاپی یەکەم : ۲۰۲۵

هەموو مافەکانی ئەم بەرهەمە پارێزراون. بڵاوکردنەوە ئازادە بەو مەرجەی ئاماژە بە سەرچاوە بدرێت.
بۆ هەماهەنگی بۆ کەڵک وەرگرتن بە هەر شێوازێک (چاپ، بڵاوکردنەوە و وەرگێڕان و هەر چەشنە کەڵکێکی دیکە) تکایە بۆ ئەو ناونیشانەی ژێرەوە ئیمەیل بنێرن.
بەستەری ماڵپەڕی سەرهێڵی کتێب
www.kameelahmady.com

## ئێتنیکە ئێرانییەکان یان نەتەوەکانی ئێران:
## یەکپارچەیی یان دابەشبوون لە بەستێنی ئاڵنگاریی ئێتنیسیتە و نەتەوەدا

توێژەر : کامیل ئەحمەدی و هاوکاران
وەرگێڕ : مورتەزا موڕادی - نەسیم غوڵامی
هەڵەچن : ناسر عەبدوڵلاهی
دیزاینی ڕووبەرگ : سیروان
لاپەڕەبەندی : سیروان

چاپی یەکەم : ۲۰۲۵
ISBN : ۹۷۸-۸۷-۹۳۹۲٦-۳۰-۱
وەشانخانە : ئاڤای بووف

# پێڕستی ناوەڕۆک


پێش‌وتار ........ ١٥
دەستپێک ........ ٢٣

## فەسڵی یەکەم: چەمک و تیۆرییەکانی شوناس و ئێتنیسیتە (قەومییەت)

پێشەکی ........ ٣١
پێناسەی چەمکەکان ........ ٣٣
شوناس ........ ٣٣
ئێتنیسیتە (قەومییەت) ........ ٣٦
شوناسی ئێتنیکی ........ ٤١
شوناسی ئایینی- ئایینزایی و دەوربینیی لە پێکهاتەی شوناسی ئێتنیکیدا ........ ٤٣
شوناسی نەتەوەیی و پێوەندیی لەگەڵ شوناسی ئێتنیکیدا ........ ٤٩
جیهانگیری و شوناسی ئێتنیکی ........ ٥٥
میدیا، جیهانی مەجازی و شوناسی ئێتنیکی ........ ٥٧
فێمێنیزم و شوناسی ئێتنیکی ........ ٦٠
شوناسی ئێتنیکی لە جیهانی هاوچەرخدا ........ ٦٢
شوناسی ئێتنیکی لە ڕۆژهەڵاتی‌ناوەڕاستدا ........ ٦٤
ڕێبازە تیۆرییەکان ........ ٦٦
خوێندنەوە تیۆرییەکان لەسەر شوناس ........ ٦٦
شوناس لە ڕوانگەی نەریت، مۆدێرنیزم و پۆست‌مۆدێرنیزم ........ ٦٦
شوناس لە ڕوانگەی سێ پارادایمی پێکهاتەیی، چالاکیگەرایانە و وێکخراو ........ ٦٩
ڕوانگە تیۆرییەکانی زانستە مرۆییەکان سەبارەت بە شوناس ........ ٧٧
سیاسەتی شوناس ........ ٨٢
خوێندنەوە تیۆرییەکان سەبارەت بە ئێتنیسیتە ........ ٨٤

ڕێدۆزە تیۆرییە سەرەکییەکان سەبارەت بە ئێتنیسیتە........ ٨٤
ڕێدۆزی دێرینەگەرایی ........ ٨٥
ڕێدۆزی ئامرازگەرا ........ ٨٦
ڕێدۆزی بونیادگەرایی ........ ٨٨
تیۆرییە کلاسیکەکان ........ ٩١
تیۆری نیۆمارکسیستی........ ٩٤
تیۆری نوێبوونەوە ........ ٩٦
تیۆری مەودا-ناوەند ........ ٩٦
تیۆری بێبەشبوونی ڕێژەیی ........ ٩٩
تیۆری داگیرکاریی ناوخۆیی ........ ١٠٠
تێڕامانێکی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە ڕوانگە باوەکان لە توێژینەوە ئێتنیکناسییەکانی ئێراندا ...... ١٠٣
ئانتۆنی سمیس و بناغە نەریتییەکانی شوناسی نەتەوەی ئێران........ ١٠٥
خوێندنەوەی ناتەواو لە تیۆریی نەتەوە مێژووییەکانی هۆبسباوم ........ ١٠٧
ئەحمەد ئەشرەف و ڕوانگەی مێژوویی سەبارەت بە شوناسی ئێرانی ........ ١٠٩
جەواد تەباتەبایی و بیرۆکەی ئەزەلیگەرایی ئێرانشاری........ ١١٢
حەمید ئەحمەدی و نکۆڵیکردن لە ئێتنیکگەرایی لە ئێران ........ ١١٦
مستەفا وەزیری و نەتەوەی خەیاڵیی ئێران ........ ١١٨
ڕەزا زیائیبراهیمی، ناسیۆنالیزمی بێشوێنساز و مێژووشێوێن ........ ١٢٠
ئاشتیی بەردەوام ........ ١٢٥

## فەسڵی دووهەم: ڕۆڵ و پێگەی ئێتنیکەکان لە مێژووی ئێراندا

پێشەکی ........ ١٣١
ئێتنیکەکان و شوناسی مێژوویی ئێران........ ١٣٣
چاخی کۆن، دروستبوونی یەکەم سیمای شوناسی ئێرانی........ ١٣٣
سەرهەڵدانی شوناسی ئێرانی- ئیسلامی و تێکەڵبوونی ئاسۆ شوناسییەکان ........ ١٣٨
شوناسی مێژوویی ئێران لە سەردەمی دەسەڵاتی تورکاندا ........ ١٤١
داگیرکارییەکانی مەغۆل و کاولکردنی بناغەکانی شوناسی مێژوویی ........ ١٤٣

حکوومەتە خانخانییەکان و پەرتەوازەیی لە شوناسی نیشتمانیدا ........................................ ١٤٥
سەفەوییەکان، دامەزرێنەرانی شوناسی نوێی ئێرانی ........................................ ١٤٧
لە سەفەوییەوە تا قاجارِ، سەردەمی ناسەقامگیریی سیاسی و ئاڵۆزاویی شوناس ........................................ ١٥٠
سەردەمی قاجارِ، قۆناغی گواستنەوە لە شوناسی نەریتییەوە بۆ شوناسی مۆدێرن ........................................ ١٥٣
مەشرووتە و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی شوناسی نەتەوەیی ........................................ ١٥٧
حکوومەتی پەهلەوی و پاکتاویی ئێتنیکی لە پەنای ناسیۆنالیزمی یەکسانسازدا ........................................ ١٦١
کۆماری ئیسلامیی ئێران و سەروەریی گوتاری نەریتگەرایی ئیسلامی ........................................ ١٨٢
ڕەچەڵەکناسیی مێژوویی، لێکبڵاویی جوگرافی و تایبەتمەندیی فەرهەنگی و ئابووریی ئێتنیکەکان لە ئێراندا ........................................ ١٩٥
ئێتنیکی بەلووچ ........................................ ٢٠١
ڕەچەڵەکناسیی مێژوویی و ئێتنیکی ........................................ ٢٠١
لێکبڵاویی جوگرافیایی ........................................ ٢٠٤
تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ........................................ ٢٠٦
بارودۆخی ئابووری ........................................ ٢١١
ئێتنیکی ئازەری (تورکە ئازەرییەکان) ........................................ ٢١٥
ڕەچەڵەکناسیی مێژوویی و ئێتنیکی ........................................ ٢١٥
لێکبڵاویی جوگرافی ........................................ ٢١٨
تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ........................................ ٢٢١
بارودۆخی ئابووری ........................................ ٢٢٦
ئێتنیکی کورد ........................................ ٢٢٨
ڕەچەڵەکناسیی مێژوویی و ئێتنیکی ........................................ ٢٢٨
لێکبڵاویی جوگرافی ........................................ ٢٣١
تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ........................................ ٢٣٥
بارودۆخی ئابووری ........................................ ٢٤٣
ئێتنیکی عەرەب ........................................ ٢٤٥
لێکبڵاویی جوگرافی ........................................ ٢٤٩
تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ........................................ ٢٥٢

بارودۆخی ئابووری ........ ٢٥٤
ئێتنیکی فارس ........ ٢٥٦
ڕەچەڵەکناسیی مێژوویی و ئێتنیکی ........ ٢٥٨
لێکبڵاویی جوگرافی ........ ٢٥٩
تایبەتمەندیی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ........ ٢٦٣
بارودۆخی ئابووری ........ ٢٦٨
ئێتنیسیتە و بزووتنەوە ئێتنیکییەکان لە ئێرانی هاوچەرخدا ........ ٢٦٩
شۆڕش و ڕاپەڕینە ئێتنیکییەکان لە مەشرووتییەتەوە تا کۆتایی پەهلەویی یەکەم ........ ٢٧١
ڕاپەڕینی سمکۆ ........ ٢٧١
شۆڕشی خەیابانی ........ ٢٧٤
ڕاپەڕینی شێخ خەزعەل ........ ٢٧٥
بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازیی دووست محەمەد خان بەلووچ ........ ٢٧٧
بزاڤ و بزووتنەوە ئێتنیکییەکانی سەردەمی پەهلەویی دووهەم ........ ٢٨٠
فیرقەی دیموکرات و کۆماری ئازەربایجان ........ ٢٨١
حیزبی دیموکرات و کۆماری خۆسەری کوردستان ........ ٢٨٣
بزووتنەوە و هەڵمەتە ئێتنیکییەکان لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا ........ ٢٨٥
کوردستان لە بەرەبەیانی شۆڕشدا ........ ٢٨٥
تورکمان سەحرا و بزووتنەوەی چەپی ئێتنیکی ........ ٢٨٧
ئازەربایجان و پارتی کۆماری گەلی موسڵمان ........ ٢٨٨
بەلووچستان و داواکاری ئایینی و ئێتنیکی ........ ٢٨٩
خووزستان و خواستی سەربەخۆیی گەلی عەرەب ........ ٢٩٠

**فەسڵی سێهەم: دەسکەوت و دەرەنجامەکانی لێکۆڵینەوە**

پێشەکی ........ ٢٩٥
پەیوەندیی شوناسی ئایینی و شوناسی نەتەوەیی: کارلێککردن یا دژایەتی ........ ٢٩٥
دامەزراوە نەتەوەیی و ئایینییەکان ........ ٢٩٨
دەور و ڕەهەندەکانی شوناسی نەتەوەیی ........ ٣٠٧

ستراتیژیی شوناسی ئێرانی یان ئیسلامی ........................ ٣١٣
تێچووی ئامانجە ئایدۆلۆژیکەکان ........................ ٣١٩
هێماکان و نواندنەوەی سیمای شوناسی ئێتنیکی ........................ ٣٢٦
هێما نەتەوەیی و ئایینیەکان وەک هۆکاری یەکرێزی ........................ ٣٣٠
سنووره کەلتوورییە نێوان ئێتنیکییەکان ........................ ٣٣٥
شوناسی ئێتنیکی، نەریت و مۆدێرنیتە ........................ ٣٣٦
ڕۆڵی زمانی دایکی ........................ ٣٤٢
سەروەریی ئۆمەت بەسەر نەتەوەدا ........................ ٣٥٢
جوگرافیای ئێتنیکی و شوناسی نیشتمانی ........................ ٣٥٦
بازنەی سنووربەزێنی گرووپە ئێتنیکییەکان ........................ ٣٥٩
پێشینەی شوناسی ئێرانی: پێوەندی یان دابڕان ........................ ٣٦٩
خۆبەزلزانیی ئێرانی ........................ ٣٦٩
لەخۆباییبوونی مێژوویی ........................ ٣٧٦
نۆستالژیای شوناسی ........................ ٣٨٠
ڕەخنە لە کەوناراخوازی ........................ ٣٨٤
ناکارامەیی بزووتنەوە ئێتنیکی و نەتەوەییەکان ........................ ٣٨٨
ستراتیژییەکانی سیستەمی سیاسیی ئێران ........................ ٣٨٩
نەبوونی ڕێبەرایەتی فەرمی لە داواکارییەکاندا ........................ ٣٩٣
گۆشەگیریی هێزە چالاکە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان ........................ ٣٩٨
بێئاگایی لە مافی هاووڵاتی و ئێتنیکی ........................ ٤٠٣
پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئێتنیکەکان ........................ ٤٠٨
ناکارامەیی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئێران ........................ ٤١٣
ناکارامەیی دامەزراوە خۆماڵییەکان ........................ ٤١٣
پەراوێزخستنی تەعاونییەکان و کەرتی تایبەت ........................ ٤١٨
نەبوونی حیزبی سیاسیی ئازاد ........................ ٤٢١
ناکۆکیی پێکهاتەی سیاسی سیستەم ........................ ٤٢٩
ماکرۆسفاڵیزەبوونی پلەبەندیی شاری ........................ ٤٣٣

گەورەنواندنی قەیرانەکان ........................................ ٤٣٩
هەڵاواردنی نێوان ئێتنیکی ........................................ ٤٤٣
تێکەڵکردنی بیروباوەڕە نەریتی و مودێرنەکان ........................................ ٤٤٩
ئامادەنەبوونی نوخبەکان و پەرەنەسەندوویی ........................................ ٤٥٢
پێوەندیی دەوڵەت و ئێتنیکەکان ........................................ ٤٥٥
نەبوونی دامەزراوەی ئایینیی کەمینەکان لە ناوەنددا ........................................ ٤٥٧
دەستگەیشتنی ئازادانە بە میدیا ........................................ ٤٦٤
دۆخی ئابووریی ئێتنیکەکان ........................................ ٤٧٦
فارس ........................................ ٤٧٦
کورد ........................................ ٤٧٧
ئازەری (تورک) ........................................ ٤٨١
عەرەب ........................................ ٤٨٣
بەلووچ ........................................ ٤٨٥
ئێتنیکییەتەکان لە بەستێنی قەیراناویی ناوچەدا ........................................ ٤٨٩
کەڵکوەرگرتنی ئامرازیانە لە ئێتنیکەکان ........................................ ٤٩٢
میلیتاریزمی سیاسی ........................................ ٤٩٩
پاوانکاریی کەلتووری ........................................ ٥٠٤
چڕبوونەوەی قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ........................................ ٥٠٩
پەیوەندیی لەرزۆک لەگەڵ جیهان ........................................ ٥١٠
حکوومەتە شاراوەکان ........................................ ٥١٧
دژایەتی بەرژەوەندیی تاکەکەسی و جەماوەری ........................................ ٥٢٢
تەنگانە ڕەگەزێتییەکان ........................................ ٥٣١
گشتگیریی بێهیوایی و توندبوونەوەی نارەزایەتییەکان ........................................ ٥٣٨
پەرگیریی ئێتنیکی ........................................ ٥٤٥
سڕینەوەی کەلتوورە ئێتنیکییەکان ........................................ ٥٥٠
داڕووخانی کۆمەڵایەتی ........................................ ٥٥٥
تێپەڕاندنی قەیران ........................................ ٥٦٥

پاراستنی شوناسی ئێتنیکی ........................................................ ٥٦٦
هاوئاراستەیی بەرژەوەندیی ئێتنیکی و نەتەوەیی........................................ ٥٧٣
پێداچوونەوە بەسەر بڕواکاندا........................................................ ٥٧٧
کەڵکوەرگرتن لە دەفرایەتییە ئەرێنییەکانی دەستوور ........................................ ٥٨٢
مافی هاووڵاتیبوون.................................................................. ٥٩٣
عەلمانییەت ........................................................................ ٥٩٣
ڕێبازی میانەڕۆیی ................................................................... ٥٩٨
ئاشتەوایی نەتەوەیی .................................................................. ٦٠٢
ئاشتیی بەردەوام ..................................................................... ٦٠٦

## بەشی چوارەم: کۆتایی و دەرەنجام

پێشەکی .............................................................................. ٦١٥
مۆدێلی چەمکیی توێژینەوە ............................................................ ٦١٨
تاوتوێکردنی سیناریۆکان و سیاسەتدانانە کردەوەییەکان ................................... ٦٢٦
سیاسەتدانان و هەنگاوە پێشنیارکراوەکان ............................................... ٦٢٩
بەدیهاتنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و کەلتووری ........................................ ٦٣٣
بەدیهاتنی دادپەروەریی سیاسی ........................................................ ٦٤٠
بەدیهاتنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ....................................................... ٦٤٣
بەدیهاتنی دادپەروەریی میدیایی سەبارەت بە ئێتنیکەکان .................................. ٦٤٥
پێویستیی لێکنزیکبوونەوەی ئایین و ئایینزاکان و دابینکردنی مافی کەمینە ئایینیەکان ....... ٦٤٨
کەڵک وەرگرتن لە دەفرایەتییە ئەرێنیەکانی دەستوور و جێبەجێکردنی بنەما پەکخراوەکانی .. ٦٥٠
وتەی کۆتایی ......................................................................... ٦٥١

## فەسڵی پاشکۆ: گۆڕانکارییەکان و سیمای شوناسی کۆمەڵایەتی ئێران لە سەرەتای سەدەی ١٥ی ک.ه

پێشەکی .............................................................................. ٦٥٥
بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئێران لە بەرەبەری سەدەی نوێدا.................... ٦٥٦
گەڕانەوەی گوتاری بناژۆخوازی بە دروشمی حکوومەتی چاکساز و دادپەروەریی جیهانی ..... ٦٥٦

دەوڵەتی میانڕەو (ئیعتدالّی)؛ هەوڵە سەرنەکەوتووەکان و بەرزبوونەوەی نارەزایەتییەکان .......٦٦٢
دەوڵەتی ئینقلابی؛ خەونی هەنگاوی دووەمی ئینقلاب و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕاپەڕینی ژن، ژیان، ئازادی ...................................................................................٦٦٨
وەرزی نارەزایەتییەکان: گۆڕانکاری لە شێوازی هەڵمەتە جەماوەرییەکان لە ئێراندا ................٦٧٢
لێکدانەوەی شیکارانەی نارەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی .....................٦٧٥
لێکدانەوەی شیکاریی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی...............................................٦٩٣
تێڕامانێک لەسەر داهاتووی پرسی شوناس و ئێتنیکەکانی ئێران لە ڕوانگەی ئاشتیی بەردەوامەوە ...........................................................................................................٧١٣
چاوخشاندنێک بە سەرەکیترین خوێندنەوە گوتارییەکان سەبارەت بە داهاتووی ئێران.........٧١٤
ئاورێک لە دەرکەوتە سەرەکییەکانی توێژینەوە، لە ژێر ڕۆشنایی گۆڕانکارییەکانی ساڵانی دواییدا ...........................................................................................................٧٢٧
**سەرچاوەکان ........................................................................................٧٣٣**

## پێڕستی وێنەکان

وێنەی ژمارە ٢-١: ئێران لە سەردەمی مولوکوتەوایفی دوای ئیلخانییەکان..........................١٤٦
وێنەی ٢-٢: نەخشەی لێکبلاویی ئێتنیکی و ئایینی لە ئێران ...................................١٩٦
وێنەی ٢-٣: لێکبلاویی ئێتنیکی لە ئێران .....................................................٢٠٠
وێنەی ژمارەی ٣-١: وتوویژ لەگەڵ شاهین سپەنتا.............................................٣٠٥
وێنەی ژمارەی ٣-٢: وتوویژ لەگەڵ عەزیز نیعمەتی .........................................٣٠٩
وێنەی ژمارەی ٣-٣: وتوویژ لەگەڵ ئەشکان زارعی...........................................٣١٦
وێنەی ژمارەی ٣-٤: وتوویژ لەگەڵ فاتمە (کەژاڵ) هەواسبەیگی ..............................٣١٧
وێنەی ژمارەی ٣-٥: وتوویژ لەگەڵ عەبدولحەمید ئێراننەژاد...................................٣٣١
وێنەی ژمارەی ٣-٦: وتوویژ لەگەڵ ئەمیر سەجادی ...........................................٣٥٠
وێنەی ژمارەی ٣-٧: وتوویژ لەگەڵ مەیسەم سفیدخۆش .......................................٣٥٨
وێنەی ژمارەی ٣-٨: وتوویژ لەگەڵ سەردار کیانی............................................٣٧٢

وێنەی ژمارەی ٩-٣: وتووێژ لەگەڵ محەمەد ڕەمەزانی ........................................ ٣٨١
وێنەی ژمارەی ١٠-٣: وتووێژ لەگەڵ سەید تاها حوسێنی.............................................. ٣٨٥
وێنەی ژمارەی ١١-٣: وتووێژ لەگەڵ مەسعوود عەزیزی.............................................. ٤٠٤
وێنەی ژمارەی١٢-٣: وتووێژ لەگەڵ سەلاح پایانیانی ................................................ ٤١٧
وێنەی ژمارەی ١٣-٣: وتووێژ لەگەڵ زاهیر سارایی.................................................. ٤٢٧
وێنەی ژمارەی ١٤-٣: وتووێژ لەگەڵ عەلی بەختیارپوور ............................................ ٤٣٥
وێنەی ژمارەی ١٥-٣: وتووێژ لەگەڵ ڕەسووڵ نامی ................................................. ٤٤٨
وێنەی ژمارەی ١٦-٣: وتووێژ لەگەڵ حەسەن ناسر .................................................. ٤٥٩
وێنەی ژمارەی ١٧-٣: ڕیزی نوێژکەرانی سوننە لە یەک لە نوێژگەکانی شاری تاران و ئەستەمبوونی ئامادەبوونیان لە ئاقاری چکۆلەی ئەو شوێنەدا ........................................ ٤٦١
وێنەی ژمارەی ١٨-٣: وتووێژ لەگەڵ باسم حەمادی ................................................. ٤٧٠
وێنەی ژمارەی ١٣-٣: وتووێژ لەگەڵ قاسم ئالی کەسیر ............................................ ٤٧٥
وێنەی ژمارەی ٢٠-٣: وتووێژ لەگەڵ عەلی حامید ئیمان............................................ ٤٨٢
وێنەی ژمارەی ٢١-٣: مەولانا عەبدولحەمید ئیسماعیل زێهی ..................................... ٤٩٤
وێنەی ژمارەی ٢٢-٣: وتووێژ لەگەڵ عەبدوسەلام بوزورگزادە...................................... ٤٩٧
وێنەی ژمارەی ٢٣-٣: وتووێژ لەگەڵ مێهری پاکزاد ................................................ ٥٠٢
وێنەی ژمارەی ٢٤-٣: وتووێژ لەگەڵ عەبدولڕەشید تریز ........................................... ٥٠٧
وێنەی ژمارەی ٢٥-٣: وتووێژ لەگەڵ مامۆستا عەبدوسەلام مەحموودییان ....................... ٥١٢
وێنەی ژمارەی ٢٦-٣، وتووێژ لەگەڵ موحسێن گوودەرزی.......................................... ٥٢٧
وێنەی ژمارەی ٢٧-٣: وتووێژ لەگەڵ تاقگە حەسەنپوور ........................................... ٥٤٣
وێنەی ژمارەی ٢٨-٣: وتووێژ لەگەڵ خالید شەیخی ................................................ ٥٥١
نوانەی ژمارەی ٢٧-٣: سنووورداربوونی ڕێوڕەسمەکان- نوخبەکان.................................. ٥٥٤
نوانەی ژمارەی ٢٨-٣: سنووورداربوونی ڕێوڕەسمەکان- خەڵکی ئاسایی ......................... ٥٥٤
وێنەی ژمارەی ٢٩-٣: وتووێژ لەگەڵ سەردار سارانی.............................................. ٥٧١
وێنەی ژمارەی ٣٠-٣: وتووێژ لەگەڵ سەلاحەدین خەدیو.......................................... ٥٨٣
وێنەی ژمارەی ٣١-٣: وتووێژ لەگەڵ پەیمان ناسیحپوور........................................... ٥٨٩
وێنەی ژمارەی ٣٢-٣: وتووێژ لەگەڵ ڕیاز عەلی فەرهانی ......................................... ٥٩٢
وێنەی ژمارەی ٣٣-٣: وتووێژ لەگەڵ عەبدوڕەحمان ئەحمەدی (کەسی ناوەڕاست) ............ ٥٩٩

وێنەی ژمارەی ٣٤-٣: وتووێژ لەگەڵ سوهام سەجیرانی ........................................ ٦٠٠
وێنەی ژمارەی ٣٥-٣: وتووێژ لەگەڵ جەواد تەریری ............................................ ٦٠٨
وێنەی ژمارەی ٣٦-٣: وتووێژ لەگەڵ محەمەدنەزەر دیدگاە ........................................ ٦١٠
وێنەی ژمارەی ٤-١: مودێلی چەمکیی تاوتوێکردنی شوناسی ئێتنیکی لە ئێران لەسەر تەوەری ئاشتی (١٣٩٨-١٣٩٧) ........................................................................ ٦١٩

## پێرستی نوانەکان

نوانەی ژمارەی ٢-٣: پێوەندییە ئێتنیکییەکان- خەڵکی ئاسایی ............................ ٣١٣
نوانەی ژمارەی ١-٣: پێوەندییە ئێتنیکییەکان- نوخبەکان ........................................ ٣١٣
نوانەی ژمارەی ٣-٣: کەلێن و هەڵاواردنی ئاینی- نوخبەکان ..................................... ٣٢٣
نوانەی ژمارەی ٤-٣: کەلێن و هەڵاواردنی ئاینی- خەڵکی ئاسایی .............................. ٣٢٤
نوانەی ٥-٣: ڕێژەی سنووردارbوونی پۆشەن- نوخبەکان ........................................ ٣٢٩
نوانەی ٦-٣: ڕێژەی سنووردارbوونی پۆشەن- خەڵکی ئاسایی ..................................... ٣٢٩
نوانەی ژمارەی ٧-٣: ڕەوابوونی فێرکاری و پەروەردە بە زمانی دایکی- نوخبەکان ................ ٣٤٨
نوانەی ٨-٣: ڕەوابوونی فێرکاری و خوێندن بە زمانی دایکی- خەڵکی ئاسایی ..................... ٣٤٨
نوانەی ژمارەی ٩-٣: دە شاری پڕحەشیمەتی ئێران بەپێی سەرژمێریی گشتیی ١٣٩٥ی کۆچیی هەتاوی ........................................................................ ٤٣٤
نوانەی ژمارەی ١٠-٣: ڕێژەی هەستکردن بە هەڵاواردنی سیاسی-نوخبەکان .................... ٤٤٩
نوانەی ژمارەی ١١-٣: ڕێژەی هەستکردن بە هەڵاواردنی سیاسی- خەڵکی ئاسایی ............ ٤٤٩
نوانەی ژمارەی ١٢-٣: ڕێژەی ڕەزامەندی بەرامبەر بە دەنگ و ڕەنگ- نوخبەکان .............. ٤٧١
نوانەی ژمارەی ١٣-٣: ڕێژەی ڕەزامەندی بەرامبەر بە دەنگ و ڕەنگ- خەڵکی ئاسایی ......... ٤٧٢
نوانەی ژمارەی ١٤-٣: دەرفەتی یەکسانی کاری ئێتنیکەکان- نوخبەکان ......................... ٤٨٠
نوانەی ژمارەی ١٥-٣: دەرفەتی یەکسانی کاری ئێتنیکەکان- خەڵکی ئاسایی .................. ٤٨٠
نوانەی ژمارەی١٦-٣: ڕێژەی بێکاری (وەرگیراوە لە ناوەندی ئاماری ئێران) ......................... ٤٨١
نوانەی ژمارەی ١٧-٣: ڕێژەی هەستکردن بە کەلێن و هەڵاواردنی ئابووری- نوخبەکان ......... ٤٨٨
نوانەی ژمارەی ١٨-٣: ڕێژەی هەستکردن بە کەلێن و هەڵاواردنی ئابووری- خەڵک بەگشتی... ٤٨٨

نوانەی ژمارەی ١٩-٣: هاودەنگی و هاوئاراستەیی نێوان بەرژەوەندییە تاکەکەسی و بەکۆمەڵەکان-نوخبەکان ........................................................................ ٥٣٠
نوانەی ژمارەی٢٠-٣: هاودەنگی و هاوئاراستەیی نێوان بەرژەوەندییە تاکەکەسی و بەکۆمەڵەکان-خەڵک بەگشتی ........................................................................ ٥٣٠
نوانەی ژمارەی ٢١-٣: دەرفەتی یەکسانی ژنان- نوخبەکان ........................................ ٥٣٧
نوانەی ژمارەی ٢٢-٣: دەرفەتی یەکسانی ژنان- خەڵکی ئاسایی........................................ ٥٣٨
نوانەی ژمارەی ٢٣-٣: چاکسازیی دۆخەکە لە کورتخایەندا- نوخبەکان ........................................ ٥٤٤
نوانەی ژمارەی ٢٤-٣: چاکسازیی دۆخەکە لە کورتخایەندا- خەڵکی ئاسایی........................................ ٥٤٤
نوانەی ژمارەی ٢٥-٣: چاکسازی دۆخەکە لە درێژخایەندا-نوخبەکان........................................ ٥٤٤
نوانەی ژمارەی ٢٦-٣: چاکسازی دۆخەکە لە درێژخایەندا- خەڵکی ئاسایی........................................ ٥٤٥
نوانەی ژمارەی ٢٩-٣: هەلومەرجی سیاسیی وڵات- نوخبەکان ........................................ ٥٥٨
نوانەی ژمارەی ٣٠-٣: هەلومەرجی سیاسیی وڵات- خەڵکی ئاسایی........................................ ٥٥٨
نوانەی ژمارەی ٣١-٣: کەڵک وەرگرتن لە تەلەفزیۆنە دەرەکییە هاوزمانەکان- نوخبەکان ........ ٥٧٢
نوانەی ژمارەی ٣٢-٣: کەڵک وەرگرتن لە تەلەفزیۆنە دەرەکییە هاوزمانەکان- خەڵکی ئاسایی.. ٥٧٢
نوانەی ژمارەی ٣٣-٣: ڕەزامەندی بەرامبەر مافی هاووڵاتیبوون - نوخبەکان ........................................ ٥٩٠
نوانەی ژمارەی ٣٤-٣: هەستکردن بە هەڵاواردن لە بەشی مافی هاووڵاتیبوون ئێتنیکیدا- نوخبەکان ........................................................................ ٥٩٠
نوانەی ژمارەی ٣٥-٣: ئایینزای فەرمی- نوخبەکان ........................................ ٥٩٧
نوانەی ژمارەی ٣٦-٣: ئایینزای فەرمی- خەڵکی ئاسایی ........................................ ٥٩٧

## پێڕستی خشتەکان

خشتەی ژمارەی ١-١ : شوناس لە ڕوانگەی زانستە جۆراوجۆرەکانەوە ........................................ ٣٥
خشتەی ژمارەی ٢-٢: ڕوانگەی چەند نووسەری ئێرانی لەسەر شوناسی نەتەوەیی (رشیدی، ١٣٩٤) ........................................................................ ٥٣
خشتەی ژمارەی ٢-١ : چوارچێوەی گشتی سێ ڕوانگە (نەریتی، مودێرن، و پاشمودێرن سەبارەت بە شوناس) (رشیدی، ١٣٩٤) ........................................ ٦٩

خشتەی ژمارەی ١-٣: خواستی سیاسیی ناوچەگەرا لە نێو ئێتنیکەکانی نیشتەجێی سنوورەکان و سیاسەتەکانی دەوڵەتی ناوەندیی ئێران لەسەر ئێتنیکەکان لە سەردەمی پاڵەویدا.............. ٣٦٤
خشتەی ژمارەی ١-٣: خواستی سیاسی ناوچەگەرا لە نێو ئێتنیک سنوورنشینەکان و سیاسەتەکانی حکوومەتی ناوەندیی ئێران لەسەر ئێتنیکەکان پاش شۆڕشی ئیسلامی (پاكمهر، ١٣٨١؛ احمدي، ١٣٧٩ و حافظنیا، ١٣٨١) ........................................................................ ٣٦٤

## پێشوتار

ئەوەی لەبەر دەستتانە و دەیخوێننەوە لێکۆڵینەوەیەکە سەبارەت بە شوناس، ئێتنیسیتە و نەتەوە لەسەر تەوەری ئاشتی کە بە ڕوانگەیەکی خەڵکناسانە لە سێزدە پارێزگای ئێران ئەنجام دراوە. ئەم لێکۆڵینەوە کە بە شێوازێکی سەرەکی لەسەر کەسانی نوخبە و پسپۆڕی گرووپە ئێتنیکی-نەتەوەییەکانی ئێران و تا ڕادەیەکی کەمیش بە گەڕانەوە بۆ کەسانی ئاسایی و خەڵکی کووچە و کۆڵان ئەنجام دراوە، لە پلەی یەکەمدا ئامانجی ئەوەیە کە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە ئەتنیک-نەتەوەکان چ تێگەیشتنێکیان لە خۆیان و شوناسەکانی دیکە هەیە کە لێک جیاوازیان دەکاتەوە و لە پێکهاتەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێران چ جێگە و پێگەیەک بۆ خۆیان دەبیننەوە و بیروڕایان لەسەر یەکگرتن، بەشداری سیاسی، زمانی زگماکی و ناوەند-پەراوێز چییە ؟

لەدایکبوون لە نێو بنەماڵەیەکی کورد و گەورە بوون لە ژینگەی کوردستاندا، لە ناوچەی سنووریی ئێران لەگەڵ عێراق و تورکیا و لە قۆناغی زۆر هەستیاری شۆڕشی ١٣٥٧ی ئێران و شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق، کە زۆرێک لە ڕوانگە و گوتراو و بیستراوە ئێتنیکییەکان و هەروەها بیرەوەرییەکانی شەڕی کرد بە بەشێک لە ئەزموونەکانی ژیانی من لە سەردەمی منداڵیدا، خاڵێکی دەستپێکە کە نەک تەنیا لە بیچمگرتنی بواری خوێندن و توێژینەوەم سەبارەت بە شوناس، ئێتنیسیتە و نەتەوەدا دەورێکی حاشا هەڵنەگری گێڕاوە، بەڵکوو قووڵاییەکی ئەوتۆشی پێبەخشیوە و ڕەنگە هۆکار بووبێت تاکوو تێگەیشتنێکی دیارتر و ڕوونترم لە شوناس و ئێتنیسیتە هەبێ. هۆکاری دیکەی دڵگراویم بۆ توێژینەوە لەسەر شوناس، ئێتنیسیتە و نەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ پێشینەی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەکانم لە وڵاتانی دیکە و بەتایبەت ئێران و کۆمەڵگا گوندنشین و بێبەشەکانی ئەو وڵاتە؛ ئەم لێکۆڵینەوە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەنێوان من و ئەو ئێتنیکانە ساز داوە کە لە ناوچە بێبەشکراو و پەرەنەسەندووەکان دەژین و ئەم ڕووبەڕووبوونەوە و پێوەندییە ناسینی ڕەهەند و سووچە جۆراوجۆرەکانی ژیانی ئەوانی لێ کەوتۆتەوە. هۆکاری سێهەمی خوێندنەوە و توێژینەوە لەسەر شوناس، ئێتنیسیتە و نەتەوە پێویستیی ناسین و تێگەیشتنی ئەم ئێتنیکانە لە یەک و هەروەها لاوازی و ئەو کەموکوڕییانەیە کە لەمێژە لە سیاسەتە ناوەندخوازەکاندا بەدی دەکرێ و دابەشکرانی نایەکسانی سامانی و دەسەڵاتی لە ناوچە جۆراوجۆرەکان لێ کەوتۆتەوە و بابەتی گرنگ و باسنەکراوی ناوەند-پەراوێزی هێناوەتە ئاراوە. هۆکاری گرنگی دیکە ڕۆڵ و

کاریگەری ئاشتی لە جوگرافیا و مێژووی ئێران و بەتایبەت سەردەمی هەستیاری ئێستایە کە منی هان داوە لێکۆڵینەوەی شوناس، ئێتنیسیتە و نەتەوە لەسەر تەوەری ئاشتی ئەنجام بدەم.

ئێتنیسیتە، ئێتنیک-نەتەوە و بیچم‌گرتنی شوناس و وردە کەلتوورەکانی پەیوەست بە شوناسی نەتەوەیی لە سەردەمی هاوچەرخدا دووهێندە گرنگ بۆتەوە و هەندێ هۆکار وەک دابەشکارییە هەرێمییەکان بەپێی حکومەتی نەتەوەیی، نایەکسانی و بێبەشبوونەکان، ئایدۆلۆژیاکان و کۆلۆنیالیزم، دەورێکی گرنگیان لە بە ئێتنیکی‌کردنی کۆمەڵگاکاندا گێڕاوە. زۆرێک لە بیرمەندانی جیهان وایان پێشبینی دەکرد کە ساڵانی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی و دوابەدوای جێبەجێکردنی پلان و بەرنامە گشتگر و گەورەکان و یەکپارچەکردنی پێکهاتەیی لە ئاستی نێودەوڵەتی و سەردەمی جیهانگیری و هەروەها لەگەڵ گەشەکردنی شارنشینی و خوێندن، ئاسانبوونی هاتوچۆ بۆ شوێنە جۆراوجۆرەکان، و دنیای میدیایی کە هەرێمە کاتی و شوێنییەکانی چکۆلەتر کردۆتەوە؛ هۆگرایەتییە ئێتنیکییەکان لاواز دەبنەوە و گەنجی خوێندەواری ئەوڕۆ زۆر خۆی ناخاتە گیر و داوی ئەم بابەتە، بەڵام ڕەوتی ئۆتۆنۆمی لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتە داگیرکراوەکانی بەریتانیا و درێژەکێشانی پرۆسەی شوناس‌خوازی ئێتنیکی لە دڵی ئەورووپا و هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکان و دەیان نموونەی دیکە، ئەوەمان پێ دەڵێن کە چیرۆکی زیندووبوون و مانەوەی خواستە ئێتنیکییەکان هێشتا دەگێڕدرێتەوە و بەردەوامە و ئەمەش پێچەوانەی هەموو ئەم ڕوانگانەیە. تەنانەت نموونەی وەهاش هەیە کە پێمان دەڵێت دیاردەی گەڕان لە دووی شوناسی ئێتنیکی تەنیا تایبەت بە وڵاتانی جیهانی سێهەم و پەرەنەسەندوو نییە.

بابەتی ئێتنیسیتە لە ئێران کە وڵاتێکە چەندین ئێتنیک-نەتەوەی تێدا دەژیت لەچاو وڵاتانی دیکە گەلێک گرنگترە و لە سەد ساڵی ڕابردوودا هۆگرایەتییە ئێتنیکییەکان لەنێو ئێتنیک-نەتەوەکانی ئێرانیدا، بە هێز و لاوازیی جۆراوجۆرەوە، بوونیان هەبووە، ئەگەرچی هەندێ لە ئێتنیکەکان خۆیان لە پێگەی نەتەوەیەکی سەربەخۆدا دەبیننەوە. شیاوی ئاماژەیە پێش دامەزران و سەقامگیری حکومەتی مودێڕن لە ئێراندا، سەرۆک عەشیرەت و خێڵەکان لە دەسەڵاتدا بەشدارییان دەکرد و بنەمای حوکمڕانی لەسەر پێوندیی خێلایەتی و عەشیرەیی بوو نەک ئێتنیک. حکومەت بۆ کۆکردنەوەی سوپا و لەشکر و وەرگرتنی باج و پیتاک و دابینکردنی ئاسایشی سنوورەکان پشتی بە خێڵ و عەشیرەتەکان گەرم بوو و گرووپە خێڵەکی و عێل و عەشیرەتەکانیش لە دەسەڵاتدا بەشدار بوون و بەرژەوەندییان هەبوو، ئەگەر هاوسەنگی نێوانیانیشان دەشێوا جارێکی دیکە ئەم هاوسەنگییە دەگەڕایەوە. ئەم دۆخە پاش سەرهەڵدانی ئەزموونی دەوڵەتی نوێ لە ئێراندا وردەوردە هەڵوەشایەوە.

تاوتوێکردنی پێشینەی مێژوویی ئێتنیکەکان لە ئێرانی هاوچەرخدا، دەریدەخات کە یاسا هەڵاواردنییەکان بەتایبەت لەسەر بابەتەکانی زمان، ئایین و ئایینزا و مافی هاووڵاتیبوون، گرووپە ئێتنیک-نەتەوەییەکانی ئازار داوە. لە شۆڕشی مەشرووتەدا مافی ئەم گرووپانە بەرچاو نەگیرا

و لە سەردەمی پەهلەوی‌دا چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە، گۆڤار و کتێبەکان بە زمانی ئێتنیکە غەیری‌فارسەکان بەتوندی بەرپەرچ درایەوە و پێشگیری لێ کرا. ئەوڕۆ هۆکاری گرنگ و ڕیشەی سەرەکی ئەم ناڕەزامەندییانە بۆ هەستکردن بە نایەکسانییە سیاسی، ئابووری، کەلتووری، زمانی، ئایینی و هتدی نێوان گرووپە ئێتنیکییەکانی دیکە لەگەڵ فارس دەگەڕێتەوە.

لە بواری سیاسییەوە، زۆربەی کورد، تورک، عەرەب، بەلووچ و هتد لەسەر ئەو بڕوایەن کە لە پێکهاتەی سیاسی وڵاتدا جێگە و پێگەیەکی گونجاویان نییە و لە پۆستە سەرەکییە باڵاکانی وڵاتدا هیچ بەرپرسێک لەم گرووپانە دانەنراوە. لە بواری ئابوورییەوە ناوچە پەراوێزەکان دەرفەتی تەواویان بەردەست نییە و ئەو باوەڕە لەئارادایە کە بەشی سەرەکی توانا و دەفرایەتی و پێداویستییەکانی وڵات لە پارێزگا ناوەندییەکان کۆ کراوەتەوە. لە بەشی کەلتووریدا، ئەو گەلانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە بڕوایان وایە کە بۆ بەڕێوەبردنی فێستیڤاڵ و کۆبوونەوە ناوچەییەکان تەنگ و چەڵەمە و بەربەستی زۆریان بۆ دانراوە و میدیا نەتەوەیی و ناوچەییەکان بەو جۆرەی کە گونجاو و پێویستە، ئایین و ڕێوڕەسمە کەلتووریەکانی ئەم ناوچانە ڕووماڵ ناکەن و خزمەت بە کەلتووری ناوچەییان ناکرێ و لە بەشی پەروەردە و فێرکاریشدا هیچ کتێبێک بە زمانی دایکییان نەنووسراوە و منداڵانی کورد، تورک، عەرەب، بەلووچ و هتد ناچارن بە زمانی دووهەم بخوێنن. لە باری ئایینییەوە (دینی و مەزهەبییەوە) زۆرینەی بەلووچ و هەروەها بەشێک لە کورد شوێنکەوتووی ئایینزای سوننەن، کە لەگەڵ ئایینی فەرمی وڵات جیاوازە، و ئەم گرووپانە بڕوایان وایە کە ڕوانگەی ئایینزایی (مەزهەبی) بەرپرسانی حکوومەتی بۆتە هۆی ئەوەیکە لە هەموو ڕەهەندە سیاسی، کەلتووری، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانەوە ستەمیان لێ بکرێ.

ئەوەی ئاماژەی پێ کرا تەنیا بەشێکە لە داواکاریی گرووپە ئێتنیکی-نەتەوەییەکان لە سەد ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەت لە ساڵەکانی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی، ئەم داواکارییانە هەمیشە بە ڕوانگەیەکی ئەمنییەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کراوە و وەک ئاژاوەچی و هۆکاری تێکدانی یەکگرتوویی نەتەوەیی سەیر کراون و توندوتیژانە بەرپەرچ دراونەتەوە. هەر بەم بۆنەوە هەڵسوکەوتی توندوتیژانە کەوتۆتە نێوان ناوەند و گرووپە ئێتنیکییەکان، کە بۆتە هۆی زەبر و خەسارێکی قەرەبوونەکراو لەسەر یەکگرتوویی و تەبایی نیشتمانی.

ئەم لێکۆڵینەوە بە تێگەیشتن لە گرنگایەتیی دەوری ئێتنیسیتە (قەومییەت) و ئێتنی-نەتەوەکان لە پێوەندی و گۆڕانکارییە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتوورییەکانی ئێرانی هاوچەرخدا، هەوڵ دەدات ئەم پرسیارانەیە وەڵام بداتەوە:

- ئێتنیک-نەتەوەکانی ئێران چ تێگەیشتنێکیان لە شوناسی خۆیان و شوناسەکانی دیکە هەیە کە بە یارمەتییان ئەویدی‌سازی دەکەن؟
- ئێتنیک-نەتەوەکانی ئێران خۆیان لە کوێی پیکهاتەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵگای ئەوڕۆی ئێراندا دەبینن؟

- ئێتنیک-نەتەوەکانی ئێران بیروڕایان لەسەر یەکانگیری، بەشداری سیاسی، زمانی زگماکی و ناوەند-پەراوێز چییە؟
- ئایا بوار و دەرفەتی فکری و کردەوەیی بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی زیاتر لەنێو ئێتنیک-نەتەوەکاندا بوونی هەیە؟

شێوازی لێکۆڵینەوە: ئەم توێژینەوە لە ڕوانگەی شرۆڤەگەرایی[1] و میتۆدناسیی چۆنایەتی[2] ەوە، بە میتۆدی تیۆریی بنەمایی (گرۆندد تیۆری)[3] ئەنجام دراوە. لە هەنگاوی یەکەمدا بە ڕوانگەیەکی خەڵکناسانەوە لەگەڵ نوخبەکان[4] و دواتر خەڵکی ئاسایی ئێتنیکەکانی ئێراندا وتوویێژ کراوە (بە شێوەی دیاریکراو تورک، کورد، عەرەب، بەلووچ و فارس). بەپێی چۆنییەتی جۆری لێکۆڵینەوە، شێوازی نموونەگیریی ئامانجدار [5] هەڵبژێردراوە. شێوازی تێرایی تیۆریکاڵی داتاکان پاش ئەنجامدانی سەد وتوویێژ دەست کەوتووە و بۆ دڵنیایی زیاتر، وتوویێژی زیاتر لەگەڵ ٢١٥ کەس ئەنجام دراوە تا لە گشتگیریدا، توێژینەوەکە گەیشتبێتە قەناعەت و ئەڵبەت لەم ڕێگایەدا لە چاوەدێری و ڕێنماییەکانی پسپۆڕانی میتۆدی چۆنایەتیش کەڵک وەرگیراوە. زانیاری و داتاکانی توێژینەوەی بەردەست بە کەڵکوەرگرتن لە تەکنیکی وتوویێژی قووڵ و نیوەپێکهاتوو کۆ کراوەنتەوە. وتوویێژ و داتا کۆکراوەکان بە کەڵک وەرگرتن لە کۆددانانی تیۆری (کراوە[6]، تەوەری[7]، هەڵبژێردراو[8]) لە سێ قۆناغدا شیکردنەوەیان بۆ کراوە و بە مەبەستی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان، سەرەتا بۆ گەیشتن بە چەمک و بابەتە گرنگەکانی بەشداربووان، شێوازی وتوویێژی نافەرمی دەکار هێنراوە. لە قۆناغی دووهەمدا، بە کەڵک وەرگرتن لە شێوازی تیۆریی بنەمایی، بابەت و چەمکە دەسکەوتووەکانی پرۆسەی وتوویێژ، بۆ نموونەگیریی تیۆری، شوێنگری کراون و بە لەبەرچاوگرتنی هەستیاریی تیۆری[9] پێویست، پاش ئەم قۆناغە کە هێڵە گشتییەکانی وتوویژەکان لە ڕێگای چەمک و بابەتەکانەوە دیاری کراون، پرسیارەکانی وتوویژەکە بە کەڵک وەرگرتن لە وتوویێژی نیوەپێکهاتوو ستاندارد کراوەتەوە و ئەم پرۆسەیە تا گەیشتن بە تێرایی تیۆریکی درێژەی هەبووە. دواتر بە کۆددانانی کراوە، هاوکات لەگەڵ کۆکردنەوەی داتاکان، چەمک و وردەبابەتەکان و بابەتە سەرەکییەکان ئامادە کراون. پاش ئەنجامدانی کۆددانانی تەوەری، وردەبابەتەکان و بابەتە سەرەکییەکان پێکەوە پێوەند دراون و جۆری بابەتەکان لە باری هۆیی و پرۆسەیی و شوێنهاتیبوونەوە دەستنیشان کراون. لە ڕاستیدا پرۆسەکانی

1. Interpretationism
2. Qualitative method
3. Grounded theory
4. Elites
5. Purposive sampling
6. Open coding
7. Axial coding
8. Selective coding
9. Theoretical sensitivity

شیکردنەوە لە ڕێگایەکی کۆکردنەوەییەوە ئەنجام دراون تا لە کۆتاییدا بابەتە سەرەکییەکان و دیاردەی ناوەندییان لێ دەربکێشرێت.

خاڵی گرنگی دیکە دەگەڕێتەوە سەر ڕەگەزی ئەو کەسانەی وتوویژیان لەگەڵ کراوە، بەتایبەت لە بەشی وتوویژ لەگەڵ نوخبە ئێتنیکییەکاندا. لەم توێژینەوەدا، دۆزینەوەی ژنان بۆ وتوویژ لە چاو پیاوان زۆر ئەستەمتر بوو. زۆرینەی زانکۆکان و ئەنجومەنە ناوچەییەکان و بنکە مەدەنییەکان و ناوەندەکانی دیکە زیاتر لە ژێر دەسەڵاتی پیاواندان و ژمارەی ژنان لە چاو پیاوان زۆر کەمترە. هەر بەم بۆنەوە لەم پرۆژەیەدا و بە بێ ئەوەیکە تاوانی توێژەر بێت، جۆرێک نایەکسانی لە ژمارەی ئەو کەسانەی وتوویژیان لەگەڵ کراوە بەدی دەکرێ و پێدەچێت پیشاندەری نایەکسانیی ڕەگەزیی بەتایبەت لە بواری ئیش و کاردا بێت.

ئەنجامەکان وێڕای پیشاندانی داواکارییەکانی ئێستای هەر یەک لە گرووپە ئێتنیکییە تاوتوێکراوەکان بە شێوازێکی ئاشتیخوازانە، دەتوانێ یارمەتیدەری بەرپرسان و بڕیاردەرانی دەوڵەت و سیستەمە سیاسییە ئەگەرییەکانی داهاتوو بێت بۆ چارەسەکردنی ئاشتیخوازانەی پرس و کێشە و گرفتەکانیان و هەروەها یارمەتیدەری یەکگرتوویی و سەقامگیریی نەتەوەیی بێت و بەو هیوایەین کە وەهاش بێت.

ئاوڕدانەوەیەک لەم بابەتە پیویستە کە؛ لە نێو باسە تیۆرییەکاندا، ئێتنیسیتە و نەتەوە لەو چەمکانەن کە سەبارەت بە پێناسە و نموونەکانیان ناکۆکی تیۆری قووڵ و جیددی هەیە و پێویستە ئەو توێژینەوانەی کە لەم پرسە دەکۆڵنەوە، تێگەیشتن و بۆچوونەکانیان لەم بارەوە تا ڕادەیەک دیاری بکەن. لە سەدەی نۆزدەهەمدا، ئێتنیسیتە بەو گرووپانە دەگوترا کە لە دەرەوەی پۆلیسی سەرمایەدارییەوە دەژیان و لە سەدەی بیستەمدا، ئەم چەمکە ئەو گرووپانەی دەگرتەوە کە زمان، هەرێم و مێژووی هاوبەشیان هەبوو، کە یەکەم لەژێر وشەی نەتەوە پێناسەیان بۆ دەکرا و دووهەم لانی کەم زمان یان تەنانەت هەرێمێکی جیاوازیان لە نەتەوە هەبوو و لە ڕکابەری بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ نەتەوە هەوڵیان دەدا مێژووی خۆیان ساز بکەن، زمانە جۆراوجۆرەکانی نێو خۆیان بێننەوە سەر یەک زمان و هەرێمی خۆیان دەستنیشان بکەن. نەتەوە پیشاندەری شوناسێکە کە بەردەوامبوون و پێشینەی مێژوویی هەیە و بێژەری کۆمەڵێک لە پەیمان و ئەرکەکانی گرووپێک لە خەڵکە کە شوێنێکی جوگرافیایی تایبەتیان هەیە، خەڵکێک کە پێکەوە بڕیار دەدەن، دەجووڵێن و دەگەنە ئەنجام، بۆیە ئەمڕۆ دوو ڕوانگە و گێڕانەوەی جیاواز لەنێو پارتە سیاسییەکان و چالاکانی مەدەنی لەسەر ئەم بابەتە لەئارادایە. هەروەها بەپێی ئەو نارۆوونیانەی کە دەکارهێنانی شوناسی ئێتنیکی و شوناسی نەتەوەیی سازیان دەکات و ئاگاداری و زانیاری لەسەر ئەوەیکە لەنێو هەندێ لە کەمینەکانی ئێستای ئێران، جەختێکی زۆر لەسەر دەکارهێنانی وشەی «نەتەوە» لەباتی «ئێتنیک» یان تەنانەت «ئێتنیک-نەتەوە» دەکرێتەوە. بەکارهێنانی وشەی «ئێتنیک» و «ئێتنیک-نەتەوە» لەم لێکۆڵینەوەیەدا، بە واتای دابەزاندنی چەمک و تیۆەردانی بایەخە تاکەکەسییەکان لە

ڕەوتی لێکۆڵینەوەکەدا نییە، و لە بەشی تیۆریکی لێکۆڵینەوەکەدا، پێناسە و شیکاریی پێویست و تەواو لەمەڕ ئەم چەمک و زاراوانە خراونەتە ڕوو. وێڕای ڕێز بۆ هەر دوو ڕوانگەی باو، ئەم لێکۆڵینەوە لەسەر ڕوانگەیەکی خەڵکناسانە و ئێتنۆگرافیانە پێک هاتووە و توێژەر لە هەموو شوێنێکی ئەم لێکۆڵینەوەدا، هەردوو گێڕانەوەی ئێتنیک و نەتەوەیی دەکار هێناوە و بەدوور لە دەمارگرژی، ڕوانگەی بێ لایەنی خۆی پاراستووە. [١]

جێگای خۆیەتی کە سپاس و دەستخۆشی لەو کەسانە بکەم کە بۆ جێبەجێکردنی ئەم لێکۆڵینەوە، کە یەکەم هەنگاوەکانی بۆ ساڵی ٢٠١٧دەگەڕێتەوە، یارمەتییان داوم و لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانیدا، پاڵپشتییان لێ کردووم. سپاسی بنەماڵەکەم دەکەم کە پشتیوانی بێ مەرج و منەتیان بەردەوام بووە و لەهەموو قۆناغە سەختەکانی ئەم کارەدا هاوڕێم بوون و هەروەها سپاسی ئەو هاوڕێ و برادەرانەی دەکەم کە لەم پرۆسە توێژینەوەییەدا هاندەر و یارمەتیدەرم بوون. سپاسی هەمووی ئەوانەی دەکەم کە کۆ بوونەوە و گێڕانەوەکانی ئەم کارەیان کۆ کردەوە و شرۆڤە و تاوتوێیان کرد تا ئەم لێکۆڵینەوە گشتگرە بگاتە ئەنجام. بەتایبەت قەدرزان و سپاسگوزاری هاوکارانم خاتوون ڕۆزا هیمەتی و بەڕێز سەید محەمەد (جەمال) حوسێنیم کە لە قۆناغەکانی ئەم لێکۆڵینەوەدا هاوڕێم بوون و بۆ هەماهەنگی و کۆکردنەوەی بابەت و سەرچاوەکان یارمەتییان داوم. سپاسی خاتوون ساناز تەبەری دەکەم کە پێداچوونەوەی لەسەر کارەکە کردووە و هەندێ شرۆڤەی پێ زیاد کردووە. کەس و لایەنی زۆر یارمەتییان داوم کە ئەم لێکۆڵینەوە بگاتە ئەنجام، بەتایبەت لە بەشی مەیدانیدا، تەنیا گەشتە توێژینەوەییەکان، فێرکاری مەیدانی، پاڵپشتی و هاوکاری ئەوان بوو کە ئیشەکەی تێپەڕاند. لەم بوارەدا سپاسی بەڕێزان ڕۆزا هیمەتی، ساناز تەبەری، دوکتۆر هاوڕێ سورخابی، کوردستان شاهمورادی و موحسێن مەعرووفی دەکەم و هەروەها دەستخۆشییەکی زور بۆ محەممەد جەماڵەدین واژی مامۆستای ئایینی و خوێندکاری کۆمەڵناسی بۆ ڕاوێژ و چاوەدێری لەسەر ڕەوتی تاوتوێکردن و شرۆڤەکاری و بەسەرداچونەوەی کوردی و فارسی دەقەکەدا دەکەم. سپاسی بەڕێز سەیدمحەمەد (جەمال) حوسێنی و بەڕێز مەعرووفی دەکەم کە شرۆڤەکاریی

---

١. لێرەدا پێمخۆشە و بە پێویستی دەزانم باس لەوە بکەم کە منیش وەکوو تاکێکی کورد خۆم پێ بەشێکە لە نیشتمان و نەتەوەیەک کە مێژوویەکی پڕ لە بەرگری و سەروەری خوڵقاندووە، کلتووری سەربەخۆی هەیە کە لە زمان، جلوبەرگ، ئەدەبیات، ئوستوورە و دابونەریتی جیاوازدا خۆی دەنوێنێ، جوگرافیای ناسراوی هەیە و لە داڕشتنی ژیارەکانی ئەم جوگرافیایەدا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە و کاتی خۆی دەسەڵاتی سیاسیی سەربەخۆی پێکهێناوە و ئاڵا و سروودی نیشتیمانیی هەبووە و بە هەموو پێوەرەکان وەکوو نەتەوە پێناسە کراوە و ئێستاش سازبوونەوەی دۆخێکی هاوشێوە بە مافی گەلەکەم دەزانم. بەڵام نامهەوێ ئەم ئاوات و داتا مێژووییانە ببن بە هۆکاری ئەوەی کە ژێئۆپۆلێتیکی سیاسیی ئەوڕۆی وڵاتێک بە نێوی ئێران لەبەرچاو نەگرم و ڕەنگی سیاسەت لە کارێکی زانستی بدەم. بە چاوپۆشی لە ڕەوایی یا ناڕەوایی دەسەڵاتی زاڵ بەسەر ئەم جوگرافیایەدا واتا کۆماری ئیسلامی، لە ئەمڕۆی ئێراندا بەکارهێنانی وشەی ئێتنیک بۆ کورد ڕەنگە زیاتر زانستی بێ تا نەتەوە، هەر وەکوو بۆ فارسیش وایە و ئەگەر جغز و سنوورەکان لەبەرچاو نەگرین دەستەواژەکانیش دەگۆڕێن. لەو ڕوانگەیەوە نەتەوەیەکی ئێرانی هەیە کە پێکهاتووە لە ئێتنیکەکانی فارس و کورد و هتد. بەڵام ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە بڕوانینە سەر بابەتەکە کە فارسەکان بە نەتەوە دەزانێ، بێ دوودڵی کورد و تورک و عەڕەبیش بە نەتەوە هەژمار دەکرێن. نووسەر

چەندێتـی توێژینەوەکەیـان کـردووە و بـۆ دەرهێنانـی زانیارییـە مەیدانییـەکان و ڕێکخسـتنی خشـتە و دیاگرامـەکان یارمەتییان داوم. سوپاسـی خاتـوون مەرزیە نکووکار دەکەم بـۆ پێداچوونەوە و وردبینییان لەسـەر ناوەرۆکـی کارەکـە. سپاسـی تایبەتـم هەیـە بـۆ بەڕێـز دوکتـۆر حەسـەن ڕەشـیدی کـە دەقـی کۆتایـی کتێبەکەیـان خوێنـدەوە و تێبینـی و ڕاوێژیـان لەسـەر چاکسـازییە پێویسـتەکان ئاراسـتە کـرد و بەرهەمەکەیـان تەواوتـر کـرد. سپاسـی خاتـوون شـەفەق ڕەحمانـی دەکـەم بـۆ پێداچوونـەوە لەسـەر ئەدەبییاتـی نـەزەری دەقەکـە. هەروەهـا سپاسـی پرۆفێسـۆر عەبـاس وەلـی دەکـەم بـۆ ڕا و ڕاوێژیـان لەسـەر دەق و نموونـەی سـەرەکی ئـەم کتێبـە. کاری وەرگێرانـی لـە فارسـی بـۆ کـوردی کـە ئەرکێکـی زەحمـەت بـو و کەوتـە سەرشـانی مورتـزا مـورادی کـە بـە توانـا و هێزێکـی زۆرەوە و هەروەهـا سرنجدانی تایبەتـی بـە هەمـوو ڕسـتەکانی تا نزیک بـە کۆتایی هاوڕێم بوو بـەو بۆنەوە زۆر سپاسـگوزاری لێ دەکەم و پێزانینـم بـۆی هەیە.

قـەرزداری پاڵپشـتی، میوانـداری، بیـروڕا ژیرانـەکان و پێشـنیارەکانی دۆسـتان و هاوکارانمـم لـە سـێزدە پارێـزگای تاران، ئەسـفەهان، ئازربایجانـی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژاوا، زەنجان، ئەردەبیل، کوردسـتان، کرماشـان، ئـیلام، خووزسـتان، بووشـەهر، سـمنان و سیسـتان و بەلووچسـتان؛ زۆرێـک لـەو بەڕێزانەی کـە بـۆ وتووێـژ لـە ماڵەکانـی خۆیـان میوانداریـیان لـێ کـردم و زۆرێکـی دیکـەش کـە بـۆ هەماهەنگـی و پێوەندییـە مەیدانییەکانیـان یارمەتییـان داوم و ئاسـانکارییان بـۆ قۆناغـە جۆراوجۆرەکانـی ئـەم کارە کـردووە و ئەوەنـدە زۆرن کـە ناتوانـم نـاوی هەموویـان بێنـم یـان بـۆ خۆیـان داوایـان کـردووە کـە ناویان نەهێنرێ، سـوپاس و دەستخۆشـیم هەیە بۆ هاوکاری و هاوڕێیەتی هەر هەموویان. هەروەها سوپاسـی کۆمەڵـەی زانایانـی ئایینـی، بنکـە ئایینییـەکان و کەسـایەتییە کۆمەڵایەتییەکانـی دیکـە دەکـەم کـە لـەم توێژینـەوەدا یارمەتییـان داوم. بەتایبـەت قـەدرزان و سپاسـگوزاری ئـەو کەسـانەم کـە وتووێژیـان لەگـەڵ کـراوە و هەروەهـا بنەماڵەکانیـان، کەسـانی بەرپـرس لـە دائیـرە و بنکەکانـی خزمەتگوزارییـە کۆمەڵایەتـی و تەندروسـتییەکان و زانکـۆ جۆراوجۆرەکانـی وڵات، زانکـۆی ئـازادی ئیسلامـی و پەیامـی نـوور، بەتایبـەت زانکـۆی ئەلزەهـرا و زانکـۆی تەورێـز، چونکـە لـە پێدانـی زانیـاری و زانسـتەکانیان بـۆ تەواوکردنـی ئـەم لێکۆڵینـەوە دریغیـان نەکـرد.

کامیل ئەحمەدی
١٤٠٤ی هەتاوی/ ٢٠٢٥ی زایینی
Kameelahmady.com

## دەستپێک

زۆرێک لە بیرمەندان پێیان وابوو کە لە سێبەری سەرهەڵدانی شوناسە جەماوەرییە نوێیەکان و هورووژمی جیهانگیریدا[1]، ئێتنیسیتە وردە وردە لاواز دەبێت و لەناو دەچێت، بەڵام بورکانی سەربەخۆیی لە کۆمارەکانی یەکیەتی سۆڤییەت و کۆلۆنیەکانی بەریتانیا و درێژەدان بە ڕەوتی شوناسخوازیی ئێتنیکی-نەتەوەیی لە دڵی ئەورووپا و وڵاتانی پێشکەوتوودا وەک، بەریتانیا (سکۆتلەندا، ئیرلەندی باکوور، ڤێلز)، سپانیا (کەتەلۆنیا، باسک)، ئیتالیا (باکوور و باشووری ئیتالیا، ڤێنتۆ لە ڤێنیز)، پۆڵەندا (سیلسیای سەرەوە)، سویسرا (ژوورا)، بەلجیکا (فلاندەری باکوور)، فەرانسە (بەریتانی)، قیبرێس (بەشی تورکنشینی باکووری قیبرێس)، لە لایەک و سەرهەڵدانی فۆرمی نوێی ئێتنیکخوازی لە نێو کۆمەڵگاکانی جیهانی سێهەم و ڕۆژهەڵاتیدا لە لایەکی دیکەوە، بە پێچەوانەی پێشبینییەکان، نیشانی دا کە ویست و داخوازیی ئێتنیکی لە جیهانی هاوچەرخدا دیاردەیەکی زیندوو و کاریگەرە.

لە سەد ساڵی ڕابردوودا، هۆگرایەتی و خواستە ئێتنیکییەکان لەنێو ئێتنیک- نەتەوەکانی ئێرانیدا، بە ئاستی جۆراوجۆرەوە بوونیان هەبووە. ساڵەکانی سەرەتای حکومەتی محەمەدڕەزاشا، لە ئازەربایجان پارتی دیموکراتی ئازەربایجان توانی بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک ئۆتۆنۆمی ڕابگەیێنێ و دەسەڵاتی هەندێ لە ناوچە ئازەریی نشینەکانی کەوتە دەست. هەر لەو سەردەمەشدا، لە کوردستان حیزبی دیموکراتی کوردستان توانی بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان هەندێ لە شار و ناوچە کوردنشینەکان بێنێتە ژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی خۆی. ساڵانی پاش شۆڕشی ئیسلامیش زۆرینەی ناوچە کوردییەکان لەسەر شوناسخوازی ئێتنیکی-نەتەوەیی شەڕ و بەربەرەکانییان لە گەڵ دەسەڵاتدا هەبووە[2]. سەردەمی ڕەزا شا و محەمەدڕەزا شای پەهلەوی، ناوچە بەلووچیەکانیش ڕووداوی هاوشێوەیان تێدا هەبووە کە پاش ماوەیەک لەلایەن حکومەتەوە بەرپەرچ دراونەتەوە و کۆتاییان پێ هاتووە. لەنێو عەرەبەکانیشدا هۆگرایەتی و خواستی شوناسخوازانەی ئێتنیکی لە سەد ساڵی ڕابردوودا بەردەوام بوونی هەبووە و دوایین چالاکییەکانی ئەم بوارەش بریتین لە هەوڵ

1. Globalization

۲. بۆ زانیاری زیاتر ئەم سەرچاوە ببینن:

L. Cameron (2008), Growth with or without Equity: The Distributional Impact of Indonesian Development, Asian-pacific Economic Literature, 16 (2), PP. 1-17

و چالاکییەکانی گرووپی ئەلئەحوازییە[1] و ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە نارەزامەندی ئێتنیکی لەئارادایە و بنەمای سەرەکی ئەم نارەزامەندییانەش دەگەڕێتەوە سەر هەستکردن بە نایەکسانی سیاسی، ئابووری، کەلتووری، زمانی، ئایینی و هۆکاری دیکە کە لەنێو ئێتنیکەکاندا هەیە و لە کاتی بەراوردکردنی خۆیان لەگەڵ گرووپە ئێتنیکییەکانی دیکە و بەتایبەت فارسدا خۆی لە لووتکەدا دەبینێت.

لەباری سیاسییەوە، زۆربەی کورد و تورک و عەرەب، بەلووچ و هتد لەسەر ئەو باوەڕەن کە لە پێکهاتەی سیاسی وڵاتدا جێگە و پێگەیەکی ئەوتۆیان پێ نەدراوە و لە پۆستە باڵاکانی وەزارەت، پارێزگاری، باڵوێزی و پۆستەکانی دیکەدا ئەم گرووپانە نوێنەر و بەرپرسیان نییە. لەباری ئابووریشەوە ئەو باوەڕە لەئارادایە کە بەشی زۆرینەی سامان و توانا و پێداویستییەکانی وڵات لەنێو پارێزگا ناوەندییەکان، کە فارس‌نشینن، کۆ کراوەتەوە و ئەگەریش ناوچەی وەک ئازەربایجان کارگە و پیشەسازی تێدایە و ئەمڕۆ هەندێ بەتواناترە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ سەر هەوڵ و تێکۆشانی خەڵکەکەی و کۆمەڵێ دەسکەوتی سەردەمی پێش شۆڕشی ئیسلامی.

لە بەشی کەلتووریشدا، بەدێکی بەرچاوی ئەو ئێتنیک-نەتەوانەی توێژینەوەیان لەسەر کراوە لەو باوەڕەدان کە سنوور و بەربەست لەسەر فستیڤاڵ و کۆبوونەوە و جێژن و ئایین و ڕێوڕەسمە ناوچەییەکان دادەنرێت و میدیا نەتەوەیی و ناوچەییەکان لەسەر بابەتەکان بەو جۆرەی کە شیاو و گونجاوە ناپەرژێنەوە و خزمەت بۆ کەلتووره ناوچەییەکان ناکەن و ئاوڕیان لێ نادەنەوە. لەسەر زمانی دایکییش، ئەگەرچی تەمەنی شۆڕشی ئیسلامی چل ساڵ زیاتری تێپەڕاندووە، منداڵانی گرووپە ئێتنیکییە جۆراوجۆرەکان هێشتا ناچارن بە زمانی دووەم بخوێنن و پەروەردە بکرێن و بەگشتی وانەیەک بۆ فێرکردنی فەرمی بە زمانی دایکی دانەنراوە. بەلووچ و هەندێ لە کورد، سەر بە ئایینزای سوننەن و لەم ڕووەوە جیاوازییان لەگەڵ ئایینی فەرمی وڵات هەیە و لەسەر ئەو باوەڕەن کە ڕوانگەی ئایدۆلۆژیکی ڕژێم بۆتە هۆی ئەوەی کە مافیان لەم بابەتانەوە پێشێل بکرێ. نەبوونی مزگەوتی تایبەت بە سوننەکان لە شاری تاران یان ئەوەیکە پۆستی باڵای بەڕێوبەرێتی بە سوننەکان نادرێ وەک داواکارییە گرنگەکانی خەڵکی ئەم گرووپانەن کە ئەگەرچی بەڵێن و پەیمانی جۆراوجۆریان پێ دراوە بەڵام قەت قەت بەڵێن و پەیمانەکان نەچوونتە قۆناغی جێبەجێبوون[2] .

ئەو بابەتانەی ئاماژەیان پێ درا تەنیا بەشێکن لە داخوازی و داواکاریی گرووپە ئێتنیکی-نەتەوەییەکان لە سەد ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەت ساڵەکانی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی، ئەو داواکارییانەی کە هەمیشە بە ڕوانگەیەکی ئەمنییەوە چاویان لێ کراوە و وەک ئاژاوە و بەربەستی

---

١. الاهوازیه یا الاحوازیه؛ جنبش مبارزه عربی برای آزادی اهواز

٢. هووشمەند و هاوکارەکەی زانیاری و شیکاری بەکەڵکیان لەم بارەوە ئاراستە کردووە، بۆ خوێندنەوەی زیاتر ئەم سەرچاوە ببینن: هووشمەند، ئیحسان و کووەشکاف، ناهید (١٣٨١)، ڕەوتی گەشە و پەرەپێدانی ناوچە کوردنشینەکان؛ حەمید ئەحمەدی، ئێران، شوناس، نەتەوایەتی، ئێتنیکییەت، تاران: ئەنستیتۆی توێژینەوەکانی زانستە مرۆییەکان.

سەقامگیری و یەکگرتوویی نەتەوەیی لە قەڵەم دراون و توندوتیژانە بەرپەرچیان داونەتەوە. ئەنجامیش بۆتە ئەوەی کە ناکۆکی و توندوتیژی بکەوێتە نێوان ناوەند و گرووپە ئێتنیکییەکان کە پاش ماوەیەک و لەگەڵ لاوازبوونی گرووپە ئێتنیکی-نەتەوەییەکان، بێدەنگییەکی تاڵ و ناخۆش لەسەر خەڵکی ئەم وڵاتە زاڵ بووە. لەم سەردەمەدا هیچ جۆرە هەنگاوێکی کردەوەیی بۆ بەدیهاتن و وەڵامدانەوەی داواکارییە ئێتنیکییەکان و گەیشتن بە دادپەروەری و یەکسانی کۆمەڵایەتی هەڵنەگیراوە تا بەرگری لە سەرهەڵدانی دووبارەی کردەوە توندوتیژانەکان بکات. ئەمە لە حاڵێکدایە کە هەوڵی هەموو دەسەڵاتێکی شیاو و بەرپرس دەبێ بەردەوام بەو ئاراستەیە بێت کە وێڕای قبووڵکردنی فرەچەشنیی کەلتوور و بیستنی داواکاریی ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان، کە زۆرێک لەو داواکارییانەش لە چوارچێوەی یاسادان، بەر بە سەرهەڵدانی کردەوەی توندوتیژانە بگرێت و لە ڕێگای ئاشتی و تەبایی و وتوویژ و دانوستانەوە، پاش چالاککردنی پارت و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و ئاسانکاری بۆ سازدانی ئاقارێکی گونجاو بۆ بلیمەتە ئێتنیکییەکان، هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە و گرفتانە بدات. دەرەنجامی لەبەرچاونەگرتنی جیاوازییە کەلتوورییەکان و ڕەچاوکردنی سیاسەتی ئاسیمیلەکردن (بشاوتن یان هاوشێوەسازی)[1] و کردەوەی توندوتیژانە و زێدەڕۆیی هەم لە لایەن ناوەند و هەم لەلایەن ئێتنیک-نەتەوەکانەوە، ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەیکە لەباتی بەدیهاتنی دادپەروەری و یەکسانی، پاش ماوەیەک هەڵسوکەوتی توندوتیژانە لە شوێنێکی دیکەوە بێتە ئاراوە و ئەم پرۆسەیە بەردەوام دووپات بێتەوە.

ئامانج و گرنگیی لێکۆڵینەوە: وەک بە کورتی ئاماژەی پێ کرا، ژیانی فرەئێتنیکی-نەتەوەیی و فرەشوناسی تایبەتمەندیەکی لەمێژەی کۆمەڵگای ئێرانە. بۆیە هەندێ لە بیرمەندان لەسەر ئەو باوەڕەن کە هەر شرۆڤەیەکی گشتگر لەسەر کۆمەڵگا فرەئێتنیکییەکان بەبێ ئاوڕدانەوە و تاوتوێکردنی هۆکاری ئێتنیسیتە سەقەت و ناتەواوە. بەپێی گرنگیی هەمیشەیی کۆمەڵگا ئێتنیکییەکان لە سازدان و پتەوکردنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیدا، تاوتوێکردنی زانستیی ئێتنیکەکان زیاتر لە ڕابردوو ئاوڕی لێ دراوەتەوە. هەر لەم بوارەدا، زۆرێک لە زانایان لەسەر ئەو باوەڕەن کە یەکگرتوویی و شوناسی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگا ئێتنیکییەکان و هەستی زۆر کۆنی ئێتنیسیتە وەک نەتەوەخوازیی سەرەتایی. کۆدەنگی ئێتنیکی و یەکگرتوویی شوناسەکان لە کۆمەڵگا فرەئێتنیکی-نەتەوەیی و فرەکەلتوورییەکاندا دەتوانێ ببێتە هەوێنی ئاشتی و کەلێنە ئێتنیکییەکان پڕ بکاتەوە. گرنگبوونی بابەتەکە و پرسی سەرەکی لێرەدا چۆنێتی و چییەتی شوناسی بەکۆمەڵی ئێتنیکییەکانە لە وڵاتی ئێراندا. پێویستبوونی تێگەیشتنێکی هەمەلایەنە سەبارەت بە ڕوانگەی ئێتنیکییەکان و ئەو شوناسانەی کە پێیان خود و ئەویدی ساز دەکەن، بۆ کۆمەڵگای شارستانی، ڕۆشنبیران، چالاکانی بواری شوناس و کەلتوور و هەموو ئەو کەسانەی بەدوای ئاشتی و تەبایی نێوان خەڵکی ئەم وڵاتەن ڕوون و حاشاهەڵنەگرە.

1. assimilation

هەر بەم بۆنەوە لەم لێکۆڵینەوەدا هەوڵ دراوە تا بە یارمەتیی ڕێدۆزێکی تیۆری - چەمکی، سەرچاوە کتێبخانەییەکان و دەستکەوتەکانی لێکۆڵینەوەی مەیدانی، وێڕای پێشکەشکردنی راپۆرتێکی زانستی و بەڵگەمەند لە دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کەلتووریی ئێتنیک-نەتەوەکان لە ئێراندا، بابەتی شوناسخوازی لەنێوان پێنج گرووپی ئێتنیکی-نەتەوەیی فارس (یان فارس زمان)، تورک، کورد، بەلووچ و عەرەب، و داواکاری و خواستەکانیان بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە کە دەتوانێ هۆکارێک بێت بۆ گەیشتن بە دادپەروەری و یەکسانی کۆمەڵایەتی و لە ئەنجامدا ببێتە هۆی گەیشتن بە ئاشتییەکی بەردەوام لە کۆمەڵگا و ڕزگاربوون لە قەرقەشە و شەڕ و ئاژاوە. بێ گومان باسکردنی ئەم بابەتانە لە ڕێگای شێوازە زانستییەکان و پاش ئەنجامدانی وتووێژی جۆراوجۆر لەگەڵ کەسانی پسپۆڕ و هەروەها خەڵکی ئاسایی، وێڕای پیشاندانی داواکارییەکانی ئێستای هەر یەکە لەم گرووپە ئێتنیکییانە کە توێژینەوەیان لەسەر کراوە، بە شێوازێکی ئاشتیخوازانە دەتوانێ یارمەتیدەری بەرپرسان و بڕیاردەران بێت تا لە ڕێگای ئاشتی و تەباییەوە ناکۆکییەکان چارەسەر بکەن و یارمەتیدەری یەکگرتوویی و سەقامگیری نەتەوەییش بێت.

ئەم کتێبە بێجگە لە کورتە بەشەکانی پێشوتار، پێشەکی و دەرەنجام، لە چوار فەسڵی سەرەکی و فەسڵێکی پاشکۆ پێکهاتووە. لە پێشوتاردا بەستێنی سەرهەڵدانی بابەتە ئێتنیکییەکان لە ئێران و هۆکارە کەسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئاوڕدانەوەی زانستی لەسەریان خراوەنەتە ڕوو و دواتر لە پەنای لێکدانەوەی گشت ڕەهەندە پرسناسانەکانی بابەتی ئێتنیکی لە جیهانی هەنووکەدا، سیمایەکی ڕوونتر لە پێگە و گرنگایەتی دیاردەی ئێتنیکی لە ئێراندا، تێکڕای پرسیارە بنەماییەکان و میتۆدۆلۆژیی توێژینەوەکە روون کراونەتەوە. پێشەکی بەرهەمەکە وێڕای تێڕامانێکی گشتی بەسەر پرسی ئێتنیکی لە جیهاندا، باس لە پێکهاتە و داڕشتەی کتێبەکە و شیکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی وەشان (دەقی) ی نوێی ئەم بەرهەمە دەکات. لە فەسڵی یەکەمدا، چەمک و تیۆرییەکانی شوناس، ئێتنیسیتە و نەتەوە وەک چەمکە بنەماییەکانی توێژینەوەکە تاوتوێ کراون تاکوو بە یارمەتیی تیشک خستنە سەر چەمک و بنەما تیۆرییەکان، بەستێنێکی گونجاوی شیکاری بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتەکان بێتە ئاراوە. لە فەسڵی دووهەمدا، وێڕای پێداچوونەوەیەکی پوخت بەسەر مێژووی ئێتنیک-نەتەوەکان لە ئێراندا، ڕابردو، پێگە و دەوری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کەلتوورییان لە مێژووی ئێران بە تایبەت سەردەمی هاوچەرخدا شرۆڤە کراوە. لە کۆتایی ئەم فەسڵەشدا، خوێندنەوەی دیاردەی ئێتنیکی و ئێتنیکی-نەتەوەیی لە ڕوانگەی ئێتنیکناسانی ئێرانەوە، بە شێوازێکی ڕەخنەیی خراوەتە بەر باس و لێکدانەوە. فەسڵی سێیەم کە کرۆکی کتێبەکەیە، باس و شێکردنەوەی دەستکەوتەکانی توێژینەوەی مەیدانیی لەخۆ گرتووە. دراوە و زانیارییە کۆکراوەکانی توێژینەوەی مەیدانی پاش تێپەڕاندنی قۆناغەکانی کۆددانان و واتابەخشی، بە یارمەتیی شیکاریی ئاماری و هێڵکاری، لە دووتوێی واتا سیاسی، کولتووری، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا، خراوەنەتە بەردەست. فەسڵی چوارەم، لە دەرەنجام و پێشنیارەکان پێکهاتووە، کە تێیدا پاش کۆبەستنێکی گشتیی دەرەنجامەکان، مۆدیلی چەمکیی لێکۆڵینەوەکە داڕێژراوە و لەسەر

ئەوبنەما لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئێتنیسیتە لە ئێراندا شی کراوەتەوە و ئەو کات ڕێکار و گەڵاڵەکان بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی کێشە و گرفتە ئێتنیکییەکان پێشکەش کراون. فەسڵی کۆتایی، واتا پاشکۆش دەپەرژێتە سەر ئەو ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی کە لە نێوان ساڵانی ١٣٩٨ بۆ ١٤٠١ی هەتاویی گۆڕپانی گشتیی ئێرانیان گرتەوە.

کۆمەڵگای ئێران، ساڵانی پاش ئەم لێکۆڵینەوە (١٣٩٨ هەتاوی/ ٢٠٢٠ زایینی)، لە هەر دوو گۆڕەپانی پێوەندیی نێونەتەوەیی و ناوخۆییدا، قۆناغێکی ناسەقامگیر و شڵەژاوی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی تێپەڕاند، کە لەم نێوانەدا لە ڕووی گۆڕنکارییەکانی بەستێنی گشتیی کۆمەڵگای ئێرانەوە، دوو ڕووداوی زۆر گرنگی «سەرهەڵدانەکانی ئابان(خەزەڵوەر)ی ١٣٩٨» و «شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی» لە ساڵی ١٤٠١ هەتاویدا، وەک دوو خاڵی وەرچەرخان، لە پێداچوونەوەی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران، بە تایبەت لە ڕووی گۆڕانکارییەکانی شوناسی گشتییەوە گرنگن و هەموو چەشنە لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە شوناسە گشتیەکان، بە تایبەت ئێتنیسیتە لە ئێرانی ئەوڕۆدا، بە بێ‌ئاوڕدانەوە لەم ڕووداوانە و دەرهاویشتەکانی کەموکورت و ناتەواون. بۆیە لەم بەرهەمەدا، کە داڕشتن و وەشانێکی نوێی لێکۆڵینەوەی گۆڕەپانیی «لە سنوورەوە بۆ سنوور: لێکۆڵینەوەیەکی گشتگر لەسەر شوناس و ئێتنیسیتە (قەومییەت) لە ئێران»دایە، هەوڵ دراوە لە لایەکەوە ئەم ڕووداوە گرنگانە بە پێی چەمک و تیۆری و ڕێدۆزەکانی توێژینەوە و لە گۆشەنیگای هاوکێشەکانی شوناس‌خوازی گشتی و ئێتنیکی لە ئێراندا، لە دووتوێی فەسڵێکی نوێدا گەنگەشە و شرۆڤە بکرێن و دواتر دەستکەوتی ڕاڤە و شیکردنەوەکانیان ببێتە پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی ئەنجامە گۆڕەپانییەکانی توێژینەوەکە و خستنەڕووی ڕادەی پێش‌بینیی و ڕوانگەکانی.

هەوڵی بێ‌ئەنجام بۆ لەچاپدانی ئەم توێژینەوە[1] لە ناوخۆی ئێران و زەرووەتی ڕەچاوکردنی لەمپەڕ و بەربەستەکانی چاپکردنی کتێب و سانسۆری ناوەڕۆکی کتێبەکان لە لایەن دەزگا چاودێرییەکانەوە لە لایەک و پێداویستییەکانی کاری توێژینەوە لەسەر پرسە هەستیارەکانی شوناسی گشتی و ئێتنیکی-نەتەوەیی و هەروەها بەربەستەکانی لێکۆڵینەوەی ئازاد، چ لە باسکردنی ڕووداوەکان و چ لە لێکدانەوە و شیکردنەوەیاندا، لە لایەکی دیکەوە؛ لەو هۆکارانە بوون کە پێویستیی نوێکردنەوە و پێداچوونەوەی بنەڕەتیی ئەم لێکۆڵینەوەیانە ڕەخساند، تاکوو لەم بەرهەمە نوێیەدا، بە ناونیشانی « ئێتنیکە ئێرانییەکان یان نەتەوەکانی ئێران: یەکپارچەیی یان دابەشبوون لە بەستێنی ئاڵنگاریی ئێتنیسیتە و نەتەوەدا» بە بێ هیچ مەترسی و هەڵاواردنێک، دەربڕینێکی کراوەتر لە ڕووداوەکان و هۆکار و بکەرەکانیان بخرێتە ڕوو.

پتەوترکردنی سەرچاوە و داتاکان، قووڵترکردنەوەی روانگەی ڕەخنەیی و شیکاری، ڕێکخستنەوەی

---

١. کتێبی « لە سنوورەوە هەتا سنوور: توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە شوناس و ئێتنیکایەتی لە ئێران» ساڵی ٢٠٢١ لە دووتوێی دوو بەرگی تەواو و کورتدا، لە لایەن چاپەمەنی مێهری لە شاری لەندەنەوە بە هەر دوو شێوازی چاپی و پی دی ئێف خرایە بەردەست خوێنەران.

پێکهاتەیی و دارِشتەی فەسڵ و بەشەکان، تێکرِای پێداچوونەوە بە ناوەرِۆکی توێژینەوەکەدا، سەرەکیترینی ئەو بابەتانەن کە لەم چاپە نوێیەدا لەبەرچاو گیراون، تاکوو لەم رِێگایەوە بەرهەمێکی نوێی چێکراو لەسەر بنەمای تازەترین دەستەکەوت و دەرەنجامە بەڵگەیی و شیکارییەکان بخرێتە بەردەم خوێنەران.

فەسڵی یەکەم

# چەمک و تیۆرییەکانی شوناس و ئێتنیسیتە (قەومییەت)

## پێشەکی

لە گرنگترین جیاوازبیەکانی کۆمەڵگا نوێکانی ئێستا، کە لە بواری جۆراوجۆری زانستە مرۆییەکان وەک: زانستی سیاسەت، کۆمەڵناسی و دەروونناسی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، جیاوازییە ئێتنیستییەکان و پێکهاتنی گرووپە ئێتنیکییەکان و شوناسی ئێتنیکی[1] و پێوەندییان لەگەڵ یەکڕیزی کۆمەڵایەتی[2] و شوناسی نەتەوەییە،[3] بەجۆرێک کە لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی سەدەی بیستەم بابەتە نەژادی و ئێتنیستییەکان لە زۆرێک لە دەقەکاندا دەرکەوتنی بەرچاوتریان هەبووە. (بالمر و سولوموز، ١٣٨١، ١٤). ئەڵبەت ڕوون و ئاشکرایە کە لە سەردەمی سەرەتایی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە، بەردەوام پێوەندییە نەژادی، زمانی، ئایینی، هەرێمی و شێوازەکانی شوناسی گشتی و گرووپیی دامەزراو لەسەریان، گەمارۆی ژیانی مرۆڤیان داوە، بەڵام ئەم پێوەندییانە بە هۆی سرشتی ژیانی بەکۆمەڵی پێشمۆدێرن بۆ یەکڕیزی کۆمەڵایەتی هێندە کێشەوگرفتیان ساز نەکردووە، چونکە لە کۆمەڵگا نەریتییەکان و ژیانی پێش مۆدێرنیتەدا، سروشتی مرۆڤ وەک خولقێندراوێکی خودا بە دیاردەیەکی نەگۆڕ و ستاتیک چاوی لێ دەکرا و شوناسی مرۆڤ لەو کۆمەڵگانەدا وەک پرس یان بابەتێکی گرنگ لێکۆڵینەوەی لەسەر نەدەکرا و لەسەری قووڵ نەدەبوونەوە؛ بەڵام لە جیهانی ئەوڕۆدا، شوناس[4] و ئێتنیسیتە[5]، وەک دوو پرس، لە بەستێنێکی نەریتی لە پێکهاتەی جیهانی نوێدا لەدایک بوون و لە بازنەی چەمکی مۆدێرنیتە و ڕەهەندەکانی مۆدێرنیتەوە، بە تایبەت جیهانگیری[6]،

1. Ethnic identity
2. Social consensus
3. Social consensus
4. Identity
5. Ethnicity
6. Globalization

ئاستی گرنگبوونیان هەڵکشاوە و لەلایەکی دیکەشەوە نوێخوازی و پەرەسەندنی نەتەوەکانیش هەوڵی داوە مرۆڤەکان لە درێژەی پرۆسەی نەتەوەسازی و لەژێر ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزم بەرەو ئاسیمیلاسیۆنێکی گشتی ببات (جنکینز، ١٣٨١، ٢٨٣). لە واقیعدا چەشنەکانی شوناسی گشتی، بەتایبەت ئێتنیسیتە، وێڕای ڕیشە و بنەما پێش‌مۆدێرنەکانی، لە سەردەمی نوێدا ڕۆڵ و واتای جیاوازیان لە پێوەندییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریەکاندا وەرگرتووە و وەک مژارێکی گرنگ و چارەنووس‌ساز لە ژینی گشتیی زۆرێک لە کۆمەڵگاکاندا، لە ئاستی زانستی، و پێوەندیی سیاسی - کۆمەڵایەتی و هەروەها ڕەهەندە توێژینەوەیی، تیۆرییەکانی زانستە مرۆییە جۆراوجۆرەکان ئاوڕیان لێ دراوەتەوە. بە گوێرەی سرشتی مۆدێڕنی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکان چەمکەکانی شوناسی کۆمەڵایەتی[1] ، شوناسی ئێتنیکی، شوناسی نەتەوەیی و جۆرەکانی دیکەی شوناس پێشینەیەکی زۆر دووریان نییە و ناکرێ بۆ ئەم چەمکانە لە نێو زانستە مرۆییەکاندا، بنەمای هزریی کۆنتر لە دوو سەدە بدۆزینەوە.

ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەبێ خوێندنەوە و پێداچوونەوە لەسەر تیۆرییە پێوەندیدارەکان، شتێکی دوور و نەگونجاوە. لە ڕاستیدا تیۆری، ڕێنما و ڕێخۆشکەری لێکۆڵەرە و دەبێتە هۆی ئەوەیکە لێکۆڵەر نەکەوێتە داوی هەڵە و بەلاڕێداچوون. خەریکبوون و پەرژانەوە لەسەر تیۆری لە لایەن لێکۆڵەرەوە سەرەڕای ئەوەیکە ناهێڵێت خوێنەر تووشی سەرلێشێوان بێت، تۆکمەبوونی پێکهاتەیی و چەمکی دەبەخشێتە لێکۆڵینەوە. پێداچوونەوەی سیستەماتیک و دووبارەنووسینەوەی تیۆری لە یەک بەشی جودا، پیشاندەری ئەو یەکەمایەتی و گرنگبوونەیە کە لێکۆڵەر بۆ تیۆری و بنەما تیۆرییەکان بەرچاوی دەگرێت. هەر بەم بۆنەوە لەم بەشەدا، چەمکە بنەماییەکانی لێکۆڵینەوە و تیۆرییە پێوەندیدارەکانیان لە ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە و لە ڕوانگەی زانستە جۆراوجۆرە مرۆییەکانی وەک دەروونناسی، کۆمەڵناسی، خەڵکناسی، زانستە سیاسییەکان، فەلسەفە، ئابووری و زانستەکانی دیکە، تێڕامان و خوێندنەوەیان بۆ دەکرێ. وەک لە مانشێتی لێکۆڵینەوەکەوە دیارە، دوو چەمکی شوناس و ئێتنیکییەت کلیلەوشە سەرەکییەکانی بابەتەکەن. هەردووی ئەم چەمکانە دەکەونە ڕیزی پرس و بابەتە جیددی و جێباسەکانی زانایانی زانستە جۆراوجۆرە مرۆییەکان. هەر بەم بۆنەوە وشەناسی، چەمک‌ناسی و ڕێدۆزە تیۆرییە بەرچاوەکان لە ئاستی ورد، مامناوەند و گشتگیردا سەرنج و ئاوڕیان لێ دەدرێتەوە، تاکوو لە ڕێگای پێناسەکردنێکی چەند ڕەهەندیی ئەم مژارانە، وێڕای ئاشنابوونی خوێنەر لە گەڵ بنەما تیۆرییەکانی توێژینەوەدا، بواری مەعریفی و بیردۆزیی پێویست بۆ داڕشتن و گەنگەشەکردنی بناغەکانی لێکۆڵینەوەکە بڕەخسێت.

1. Social identity

## پێناسەی چەمکەکان

لەم بەشەدا دوو چەمکی سەرەکیی شوناس و ئێتنیسیتە (ئێتنیکییەت) و دەرهاویشتەکانیان وەک:شوناسی ئایینی، شوناسی ئێتنیکی، شوناسی نەتەوەیی، ئێتنیسیتە و ڕەگەز، ئێتنیسیتە و نەتەوە، ئێتنیسیتە و جیهانگیری و هتد لە ڕووی وشەناسی، چەمکناسی و ڕەوتی گۆڕانی مێژوویی و ڕەچەڵەکناسییەوە پێناسە دەکرێن و ڕێژەی پەیوەندییان لە گەڵ یەکدا هەڵدەسەنگێندرێت، تاکوو خاڵی هاوبەشی و جیاوازییان دیاری بکرێت.

### شوناس

پرسیارکردن لە سرشت و چییەتی مرۆڤ و هەروەها پەیوەندیی لەگەڵ کەسانی دیکە کە تایبەتن بە پرسیارکردن لە شوناس، گەوهەری سەرەکی ئەندێشە و تێفکرینی مرۆڤە بە درێژایی ژیانی فکری و شارستانییەتیی خۆی و هەمیشە لە ترۆپکی کەڵکەڵە سەرەکییەکانیدا بووە. ئەگەرچی، شوناس پرسێکی لەمێژینەیە و لە سەرەتای شارستانییەتەوە مێشکی مرۆڤی سەرقاڵی خۆی کردووە، بەڵام قەت ڕەنگی کۆنبوونی نەگرتووە و لە سەردەمە جۆراوجۆرەکاندا بە شێوازی جۆراوجۆر دەرکەوتۆتەوە.

وشەی «ئایدنتیتی»[1] بە واتای شوناس، دەگەڕێتەوە بۆ زمانی لاتین، «ئایدنتیتاس»[2] لە «ئایدن»[3]ەوە دێت و واتای «هاوشێوە و یەکسان» دەدات. ئەم وشەیە بە واتایەک ئاماژە بە تایبەتمەندی تاقانەبوون و تاکبوونە، واتە ئەو جیاوازییە سەرەکییانەی کە کەسێک لە هەموو کەسانیتر بەهۆی شوناسی «خۆیەوە» جیاواز دەکاتەوە، و لە واتایەکی دیکەدا ئاماژە بە تایبەتمەندی یەکسانی دەکات کە تیایدا مرۆڤەکان دەتوانن پێکەوە بن و یان لە ڕێگای گرووپ یان بابەتەکانەوە بەپێی دیمەنە هاوشێوە بەرجەستەکانی وەک تایبەتمەندییە ئێتنیکییەکان و هتد لەگەڵ کەسانی دیکەدا یەک بگرن (بایرۆن، ١٩٩٧، وەرگیراو لە فکوهی، ١٣٨٠، ٦٣ و ٦٤). وشەی «هویت» کە هاوواتای شوناسە لە زمانی عەرەبیدا لە ڕووی واتاناسیی وشەییەوە بە هەبوون و سرووشت و گەوهەر ئاماژە دەکات (فارابی، ١٣٩٣، ١٠ - ١٢).

لە ڕەچەڵەکناسیی چەمکی شوناسدا دەتوانین بنەما وجوودیەکانی لە قوژبنی مێژووی مرۆڤدا بدۆزینەوە؛ واتە ئەم چەمکە پێشینەیەکی دوور و درێژی بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی هەیە. بەپرسکردن (پرۆبلێماتیزەکردن)ی[4] شوناس لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە مرۆڤ پرۆسەی ناسینی خۆی دەست پێکرد و لەگەڵ ئەو پرسیارەی ڕووبەڕوو بووەوە کە «من کێم؟». مرۆڤ بەردەوام لە

---

1. Social identity
2. Identitas
3. Idem
4. Problematization

هەوڵـی دۆزینـەوەی شوناسـی خۆیدا بـووە و لەسـەر جێگـە و پێگـەی خـۆی لـەم جیهانـەدا پرسـیاری کـردووە. بۆیـە هەمیشـە پرسـەکانی شـوناس لە ژیانـی تاکەکەسـی و کۆمەڵایەتی مرۆڤدا دەرکەوتنیان هەبـووە و ئـەم بابەتـە یـەک لـە نیگەرانییەکانـی ژیانی مرۆڤ بـووە لە درێـژەی مێـژوودا و دەکرێ بڵێین بنەمـای زۆرێـک لـە ناکۆکـی و پێکـدادان و قەرقەشـەکانی مـرۆڤ لـە درێـژەی مێـژوودا، دەگەڕێنـەوە بۆ شـەڕ لەسـەر شـێوازی «ئاشـکرایی شـوناس» یـان «دەربڕینـی هەبـوون» (رهبری، ١٣٨٨، ١٥). بـە واتایـەک، بیرۆکـەی هاوکاتـی جیـاوازی و یەکسـانیی نێـوان خـۆ و ئەویـدی لـە سـەرەتای منداڵییـەوە هاوڕێـی مـرۆڤ بووە و هەروەها لە ئاسـتە تاکەکەسـییەکانەوە تا ئاسـتە گـەورە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگای شـوێنگرتنی هەیـە کـە چـۆن مرۆڤ لەسـەر هەنـدێ پێوەر هـەم جیاوازییـەکان و هەم یەکسـانییەکانی خـۆی لەگـەڵ کەسـانی دیکـە دەستنیشـان دەکات هەر بەو پێیەش خـۆی لە ڕیزبەندی تاکەکەسـی و کۆمەڵایەتیـدا دەنوێنـێ.

کـەمتر چەمکێـک وەک شـوناس هەڵگـری واتـای جۆراوجـۆرە. شـوێنپێ و ئاسـەواری ئـەم چەمکـە لـە وتووێـژە ئاسـاییەکانی ڕۆژانـەوە تـا وتووێـژە زانسـتییەکان دەبینرێ. هەبوونـی چەمکـە هاوواتـا یـان نزیـک و پێوەندیـدارەکان بـە شـوناس وەک منـی بکـەری[1] ، منـی بـەرکاری[2] ، تێگەیشـتنی ئێمـە لـە خۆمـان، شـێوازی بیرکردنـەوە لە خۆمـان، نواندنی دووبارەی خۆ، خۆوشـیاری، ڕامان لەسـەر خۆ، ئیگۆ، سـووپەرئیگۆ، و کەسـایەتیش سـەرچاوەیان دەگەڕێتـەوە بـۆ ئێـرە. (دوران و محسـنی، ١٣٨٢، ٨١).

لـە زانسـتە کۆمەڵایەتییەکانـدا، چەمکـی شـوناس وەک یـەک لـە ئاڵۆزتریـن چەمکەکان کەوتۆتـە بـەر سـەرنج و ئـاوڕی لێکۆڵەرانـی بـوارە جۆراوجۆرەکان بەتایبەت دەروونناسـی، کۆمەڵناسـی و زانسـتە سیاسـییەکان. چەمکـی شـوناس بـەو جـۆرەی کـە ئـەوڕۆ لـە ئەدەبیاتـی زانسـتی و زانکۆکانـدا بـاس دەکرێ، لە بواری پێگە و خاڵـی سـەرەتاییەوە، سـەرچاوەی دەروونناسـانەی هەیە. ئەگەرچی پێشـینەی دەکارهێنانی لە زانسـتە تیۆرییەکان و بەتایبەت فەلسـەفەدا کۆنترە، دەکارهێنانی دەروونناسـانەی ئەم چەمکـە بـرەوی زیاتری پەیـدا کـردووە (میرمحمـدی، ١٣٨٣، ٨٩).

بەپێچەوانـەی بیـر و ڕای دەروونناسـان، دەروونناسـانی کۆمەڵایەتـی و کۆمەڵناسـان دەیانـەوێ لەسـەر ئەو ڕاسـتییە جەخت بکەنەوە کە هەسـتی شوناسـی تاکەکەسـی بەهۆی دیالێکتی نێوان تاک و کۆمەڵـگا پێـک دێـت. ئەگەرچـی قبووڵیـان کـردووە کـە شـوناس زیاتـر لە ڕوانگـەکان و هەسـتەکانی تاکـدا خـۆی دەنوێنـێ، بەڵام بەسـتێنی پێکهاتنی شـوناس ژیانـی جەماوەرییە. شوناسـی کۆمەڵایەتی نوێنـدراو لـە کەسـایەتیدا، جـودا لە جیهانـی کۆمەڵایەتی کەسـانی دیکـە بێواتایە. تاکـەکان بێهاوتا و گـۆڕاوەن، بـەڵام کەسـایەتی بەتـەواوی بەشـێوەی کۆمەڵایەتـی و لەڕێـگای قۆناغـە جۆراوجۆرەکانـی پرۆسـەی کۆمەڵایەتیبـوون و پێگەیاندنـی کۆمەڵایەتییـەوە سـاز دەبێـت (گل‌محمـدی، ١٣٨١، ٢٢٢ و ٢٢٣)، دیاردەیـەک کـە بـۆ خـۆی دەگەڕێتـەوە بـۆ جیاوازییە ڕوانگەییەکان و شـێوازێکی بـۆ لێکۆڵینەوە

1. I
2. ME

لەسەر مرۆڤ و ئەکتەکانی هەیە کە بەو پێیە، دەروونناسی تەرکیزی خستۆتە سەر تاک و کۆمەڵناسی تەرکیزی خستۆتە سەر کۆمەڵگا.

سرشتی چەند شەبەنگی و فرەلایەنی شوناس، هۆکارێکە تاکوو هەر یەک لە زانستەمرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان بە پێی بواری پسپۆڕی و پێنوێنە مەعریفیەکانیان، ڕەهەندێک لە شوناس بکەنە بابەتی ناساندنی خۆیان. لە زانستەکانی تایبەت بە ڕەهەندی تاکەکەسیی مرۆڤ وەک، دەروونناسی و عیرفان و ژیربێژیدا، شوناس زۆرتر وەک تایبەتمەندێکی کەسی و خێوەرێکی جیاوازکەرەوەی من لە کەسانی دیکە، لە ڕوانگەی بوونناسی و دەروونناسیەوە ئاوڕی لێ دەدرێت. لەو زانستانەی کە ئاوڕ لە ڕەهەندی سەرووکەسی و سەرووتاکی مرۆڤ دەدەنەوە، بە گوێرەی بوارە زانستییەکەیان لایەنێک لە شوناسی گشتی تاوتوێ دەکەن. لە زانستی سیاسەتدا، چەشنەکانی شوناسی سیاسی وەک: شوناسی نەتەوەیی، شوناسی ئێتنیکی، پێوەندییەکانی شوناس و هێز و هتد باس دەکرێت، لە کۆمەڵناسی و خەڵکناسیدا، شوناسە گشتییەکانی وەک: شوناسی ڕەگەزی، شوناسی بەرەیی، شوناسی چینایەتی، شوناسی ئایینی و هتد کە لە پێکهاتەی کۆمەڵگا مرۆییەکاندا توخمێکی بنەڕەتی و سەرەکین، توێژینەوە و تاوتوێ دەکرێن.

| زانستە جۆراوجۆرەکان | تەوەری سەرەکی | جۆری شوناس | تەوەری سەرەکی |
|---|---|---|---|
| ژیربێژی (لۆژیک) | شوناسی تاکەکەسی | تاکەکەسی | چییەتی و هۆکار |
| فەلسەفە | شوناسی هەبوونی | تاکەکەسی و بەکۆمەڵ | «هەبوون و شوناس» ناوەندی بازنەی تێڕوانینەکانە |
| عیرفان | شوناسی ئەو | تاکەکەسی و بەکۆمەڵ | شوناسی ڕاستەقینە بە خودا و هی خودا دەزانیت |
| زانستە سیاسییەکان | شوناسی نەتەوەیی | بەکۆمەڵ | دەوڵەت، نەتەوە، حکوومەت، و پێوەندی لەگەڵ شوناسی نەتەوەیی |
| دەروونناسی | شوناسی تاکەکەسی | تاکەکەسی | خۆ، من، ناخی ناوشیار، بازنەی تاکایەتی |
| کۆمەڵناسی | شوناسی بەکۆمەڵ | بەکۆمەڵ | یەکگرتنەوە لەگەڵ خۆ و کەسانی دیکە، شوناس لە کۆمەڵ و گرووپەکاندا |
| خەڵکناسی | شوناسی بەکۆمەڵ | بەکۆمەڵ | شوناس لە کۆمەڵە و گرووپە چکۆلەکاندا |

خشتەی ژمارەی ١-١: شوناس لە ڕوانگەی زانستە جۆراوجۆرەکانەوە

بە پێی ئەم پێناسە زانستییانە دەکرێت چەندین پێنوێنی سەرەکی بۆ شوناس دیاری بکرێت: یەکەم ئەوەی کە شوناس جەوهەرێکی گرێدەرانەی هەیە. واتا لە چەمکی شوناسدا، چ لە ئاستی تاک و چ لە ئاستی کۆدا، بێجگە لە ناسینی تاک یان گرووپ، وێناکردنی ئەویدیش گرنگە. بە وتەی جێنکینز، شوناس بە شێوەی هاوکات دوو ڕێژەی ئەگەریی لێکچوون و جیاوازی نێوان تاک و کۆمەڵەکان ساز دەکات. پێنوێنی دووەم وشیارانە و کۆمەڵایەتیبوونی شوناسە. شوناس هەڵگری شێوازێک لە وشیاری و ئاگاییە بەرامبەر بە خۆ، گرووپ، کۆمەڵگا، کەلتوور و مێژوو، کە تاک لە هەڵسوکەوت و پێوەندی لە گەڵ کەس و گرووپەکانی دیکەدا بە دەستی دێنێت (جنکینز، ١٣٨١، ٥). بزۆزی و گۆڕان سێیەمین تایبەتمەندیی شوناسە و بە گشتی گۆڕانی شوناس لە هەر دوو ئاستی تاک و کۆدا، پاشڕەوی پێگەی کۆمەلایەتیی، چەندایەتی و چۆنایەتی هەڵسوکەتی تاک لەگەڵ گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، ئاستی خوێندەواری، و سەرچاوە مەعریفییەکانی تاکە. تاکەکان لە درێژایی ژیانیاندا ڕەنگە تۆڕی پێوەندییەکانیان لە ئاستی گرووپی بنەماڵە، خزم، هاوڕێ و هاوتەمەنەکانیان بەرەو گرووپە مەزنتر و گشتگیرتر و تەنانەت جیهانییەکان بەرفراوان بکەن (کرایپ، ١٩٩٨؛ تونیس، ١٣٨١). خاڵێکی چوارەم ئەوەیە کە شوناس هەڵگری هەست و بایەخە. پێکهاتنی شوناسی تاکەکەسی لە چەندین چەشنە شوناسی جیاوازی ئێتنیکی، ئایینی، زمانی، نەتەوەیی، ڕەگەزی، پیشەیی و هتد، شوناس دەکات بە ژێدەرێکی هەست و بایەخ کە هەندێ جار لە گەڵ ئاکاری ژیرانەدا یەک ناگرنەوە (افروغ، ١٣٨٠، ١٤-١٥). پێنوێنی پێنجەم و کۆتایی، ڕەنگدانەوەی شوناسە لە سازدانی هاواهەنگیی کرداری و سەرمەشقی هاوشێوەی هەڵسەنگاندن و کردەوەی گشتیدایە. بە پێی پێناسەی یۆنیسکۆ، شوناس کرۆک و ناوکی کەسێتیی تاک و کۆمەڵە، کە هەڵسوکەوت و کردار و بڕیاری سەرەکیی تاک یان کۆمەڵێک (ئێتنیک یان میللەت) پێکدێنێت (سلیمی، ١٣٧٩، ١٣٥).

## ئێتنیسیتە (قەومییەت)

وشەی ئێتنیسیتە لە سەردەمی یۆنانی کەوناراوە تاکوو ئێستا ڕەوتێکی قووڵی گۆڕانکاریی واتایی بەخۆوە بینیوە، وەک ئێلی کێدۆری[1] دەنووسێ کە لە یەک لە وەشانەکانی فەرهەنگی ئینگلیزیی ئاکسفۆرددا، فەرهەنگنووسەکان وشەی ئێتنیسیتەیان وەک کفر یان وەهمی تێکەڵ بە کفر پێناسە کردووە، لە حاڵێکدا کە ئەورۆ ئەم پێناسەیە هیچ جۆرە کەڵکێکی نییە. وشەی «ئێتنیکی» لە فەرهەنگی نێودەوڵەتی زمانی ئینگلیزی وێبستێر[2]، دوو واتای بۆ دانراوە: ١. ئەو کەسانەی سەر بە ئایینی خاچپەرستان و جوولەکە نین، وەک کافران و بوتپەرستان کە دژی جوولەکە و خاچپەرستانن؛ ٢. تایبەت بە تایبەتمەندییە جەستەیی و هزرییەکانی نەژادەکان یان پێوەندیدار بە جیاکردنەوەی

1. Elie Kedourie
2. Webester

گرووپە نەژادییەکانی مرۆڤ بەپێی دابونەریت و تایبەتمەندییە هاوبەشەکان. لە حاڵێکدا کە ئەورۆ واتای یەکەم بێ کەڵکە، پێناسەی دووهەم هێشتا کەڵکی هەیە و بە شێوەی تایبەت ئاماژە بە «نەژادەکان»، «گرووپە نەژادییەکان» و تایبەتمەندییە جەستەیی و هزرییەکانی نەژادەکان دەکات. بە واتایەکی دیکە، پێناسەی یەکەم، واتە «ئەو گەلانەی نەهاتوونەتە سەر ئایینی خاچپەرستی»، لەبەر پێناسەی دووهەم، واتە «نەژادەکانی مرۆڤ» کەڵکی نەماوە (احمدی، ١٣٩٧، ٣٠). بۆیە دانانی پێوەرێکی نەژادی لە جێگای پێوەرێکی ئایینی تەنیا گۆڕانکاری ئەنجامدراو لە پێناسەی ئێتنیسیتە نەبووە. بیرمەندانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، لە ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمی زایینیدا، بۆ پێناسەکردنی ئێتنیسیتە یان گرووپە ئێتنیکییەکان سەرنجیان داوەتە پێوەرەکانی دیکە وەک پێوەرە کەلتوورییەکان.

چەمکی ئێتنیسیتە دەگەڕێتەوە بۆ دەستەواژەی یۆنانی ئێتنۆس[١] و ئێتنیکۆس[٢] کە زیاتر بۆ ئاماژەدان بە بوتپەرستانی دەرەوەی شارستانییەتی هێلێنی و پاشان بۆ ئاماژەدان بە ناجوولەکەکان و ناخاچپەرستەکان و کەسانی پلە دوو دەکار دەهێنرا، بەڵام بەکارهێنانی زانستی و گشتیی ئەو چەمکە تا ڕادەیەک نوێیە. دی. ڕێیزمەن[٣] ساڵی ١٩٥٣ی زایینی، دەستەواژەی ئێتنیسیتەی لە کۆمەڵناسیدا داهێنا، بەڵام شەستەکان و حەفتاکانی زایینی بەشێوەی بەربڵاو دەکار هێنرا (Glazer and Moynihan, 1975). هەر لە سەرەتاوە وشەی ئێتنیسیتە کەوتە بازنەی بابەتە گرنگ و جێباسەکانی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی. دەستەواژەی ئێتنیسیتە بۆ واتادارکردنی جۆرێکی تایبەت لە جیاوازییە کەلتوورییەکان دانرا، بەڵام کۆمەڵە واتایەکی تا ڕادەیەک جیاوازی بۆ هاتە ئاراوە. لە حاڵێکدا کە لە نەریتی بەریتانی-ئەمریکیدا، چەمکی ئێتنیسیتە زیاتر هاوتایەک بۆ گرووپە کەمینەکانی نێو کۆمەڵگای گەورەتری دەوڵەت-نەتەوە بوو، بەڵام لە نەریتی ئەورووپییەکاندا، هەمیشە ئێتنیسیتە هاوتای چەمکی نەتەوە بووە کە بەپێی مێژوو و لەسەر بنەمای چەمکەکانی ڕەسەنایەتی و نیشتمان پێناسە کراوە. ئەگەرچی ئامانجی هاوبەشی هەر دوو نەریتەکە ئەوە بوو کە بۆ چەمکی «نەژاد»[٤] -کە لەلایەن هەموانەوە پەسند کرابوو بەڵام ئەزموونی ئەڵمانیا خستبوویە ژێر هەڕەشە و مەترسییەکی گەورە- جێگرەوەیێک بدۆزنەوە. بەم حاڵەشەوە لە گوتارە گشتییەکانی ئەورووپا و ئەمریکای باکووریدا، چەمکی ئێتنیسیتە بۆنی «نەژادیی» گرتووە، واتە نەژاد بە مانا زیندەوەرناسانەکی تا ڕادەیەک پارێزراوە و تا ئێستاش لەباتی وشەی ئێتنیسیتە بە ئاسانی دەکار هێنراوە.

وێڕای ئەمەش، ڕووخانی ئیمپەراتۆرییە ئیستیعمارییەکان لە پەنجاکان و شەستەکانی زایینی سەدەی بیستەم بووە هۆی سەرهەڵدانی دۆخێکی تەماوی و ئاژاوەی زیاتر لەسەر پرسە نەژادی،

---

1. Ethnos
2. Ethnikos
3. David Reisman
4. Race

کەلتووری و ئێتنیکییەتییەکان. کۆچەرانی نوێی ناوچە کۆلۆنیالیزەکراوەانی پێشوو، کە بە ئاشکرا لەگەڵ خەڵکی ئەورووپا جیاوازییان هەبوو، ڕوویان لە نیشتمانی کۆلۆنیالیستە ئەورووپییەکان کرد. پاش پتەوبوونی گوتاری گشتی و یاسایی ئەمریکای باکووری، ئەم گرووپانە لەژێر ناوی «گرووپی ئێتنیکی»[1] پێناسە کران. بەم بۆنەوە پێناسە کۆنەکانی ئێتنیسیتە بەپێی ڕەسەنایەتی و نیشتمان (وەک ڤێلشییەکان، فالامانییەکان، ڤالۆنییەکان و هتد) پارێزران و لەهەمان کاتدا پێناسەیەکی نوێی ئێتنیسیتە لەژێر ناوی گرووپی کەمینەی کۆچەردا (وەک پاکستانییەکان، هیندی ڕۆژئاوایی، سەریلانکایی و هتد) پێی زیاد کرا.

ڕووخانی کۆمۆنیزم و ئەو فیدراسیۆنیانەی کە هاوشێوەی یەکێتیی سۆڤییەت، بە ئاراستەی هێڵە «ئێتنیکییەکان» پێکهاتبوون و سەرهەڵدانی سیاسەتی «پاکتاوکردنی ئێتنیکی»[2] لە باڵکان و قەفقاز کێشەی پێناسەکردنی ئەم جۆرە دەستەواژانەی قورستر و تووشتر کرد. لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕ و پێکدادانەکان لە یۆگۆسلاڤیای پێشوو و ڕۆماڵکردنی میدیایی بەربڵاو و کاریگەری «شەڕی ئێتنیکی» لەم وڵاتەدا، بە ڕواڵەت چەمکی ئێتنیکی بوو بە هاوتایەکی سووک بۆ چەمکەکانی عەشیرەیی، سەرەتایی، بەربەر و دواکەوتوو.

لە ئەنجامدا گۆڕانکارییەکی دیکە بووە هۆی ئەوەیکە چەمکی ئێتنیکی بێتە بازنەی سیاسەتدانانیشەوە[3]، ئەو گۆڕانکارییەش بریتی بوو لە ڕەوتی پەرەسەندووی پەنابەران و کۆچەرانی ئابووری لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپاوە بۆ ڕۆژئاوای ئەورووپا، ئەمریکای باکوور و ئوسترالیا کە جیاوازیی جەستەیی، کەلتووری یان ئایینی گرنگ و جێی سەرنجیان لەگەڵ میواندارانی خۆیان نەبوو، بەڵام دۆخی یاسایی ناهێمن، بۆ نموونە چاوەڕوانی بۆ بڕیاردران لەسەر وەرگیران وەک پەنابەر، ئازاری دەدان. لەم پێکهاتەدا چەمکی ئێتنیسیتە جارێکی دیکە بۆ ئەو کەسە ناهاووڵاتیانەی ئاماژەی پێ دەکرا کە نیشتەجێی «وڵاتی ئێمە»ن، ڕێک وەک ئەو کاتەی کە لە یۆنانی کەونارادا و لە وڵاتی جوولەکەکان، بۆ خەڵکی پلە دوو بەکار دەهێنرا.

ئەوەی مێژووی کورتی ئەم چەمکە پیشانی دەدات، ئەو ڕاستییەیە کە ئێتنیسیتە واتای چەندلایەنەی هەیە. کراوەبوون و لێڵبوونی ئەم چەمکە بەستێنێکی گونجاوی بۆ تێگەیشتنی جۆراوجۆر، کەڵکاوەژۆکردنی سیاسیی هێناوەتە ئاراوە. ئەگەرچی چەمکی ئاماژەپێکراو لە ئاستی زانکۆکان سنووردار کراوەتەوە، بەڵام هەر ئەوەیکە لە چوارچێوەی دەستەواژەی وەک «کەمینە ئێتنیکییەکان»[4] یان «گرووپی ئێتنیکی» هاتۆتە بەشی یاسادانان و ڕێکخراوەکان، کاریگەری زۆر ڕووخێنەری ئاشکرا بووە. پێناسەی دامەزراوەیی و برۆکراتییانە لە ئێتنیسیتە، وەک پێناسەی فەرمیی تاقمێ لە کەسانێک لەژێر ناوی کەمینە ئێتنیکییەکان یان گرووپی ئێتنیکی، نەک هەر هۆکارێکی

1. Ethnic group
2. Ethnic cleansing
3. policy
4. Ethnic minority

بەهێزە کە دەبێتە هۆی بەردەوامیی پێوەندییەکانی گرووپ و تاک، بەڵکوو ئەم جۆرە پێناسانە وەک هۆکاری سەرکوتکردنیش هەژمار دەکرێن، چونکە تاکەکان لە بەندی دڵگراوییە نەخوازراوەکان بەخسیر دەکەن. لە وەها دۆخێکدا جیاوازییە کەلتوورییەکان کە جاروبار لەباری چییەتییەوە ڕێگای گۆڕینیان هەیە و کراوە و لێڵن، ئەبنە جێی سەرنج و یاساییش دەبنەوە و هەر بەم بۆنەوە بەرەنگاری گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دەبنەوە. بۆیە دەتوانین ئەنجامی وەها ببینین کە ئەمڕۆ تێگەیشتنەکانی خەڵک و دانەرانی یاسا لەسەر ئێتنیسیتەکانی دیکە هەڵەی جیددی و کوشندەی تێکەوتووە و ئەم هەڵانەش دەگەڕێنەوە بۆ ڕوانگەی قووڵی ناکۆمەڵناسانە بەرامبەر بە جیاوازی کەلتووری.

ئێتنیسیتە شتێکی تایبەت یان دارایی گرووپێکی دەستنیشانکراو و تایبەت نییە. چالاکانی کۆمەڵایەتی لە میانەی پێوەندی و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکاندا، جیاوازییە کەلتوورییەکانی خۆیان دەناسنەوە و بەم جۆرە لە ڕێگای هاوتاکانی خۆیانەوە دەناسرێنەوە. ئەگەرچی بارس شرۆڤەی کردووە کە پێوەندی کۆمەڵایەتی پێشمەرجی جیاوازیی گرووپی ئێتنیکییە، بەڵام تەنیا پێوەندی نابێتە هۆی ئەوەیکە هەستی پێبەندبوونی گرووپی واتادار لەبواری کۆمەڵناسییەوە بێتە ئاراوە. هەر بەو جۆرەی کە ڤێبێر (١٩٦٨) جەختی کردۆتەوە، ئەگەر کارلێکی کۆمەڵایەتی[1] کاریگەر بێت و لەوەش گرنگتر، ئەکت و کردەوەی بەکۆمەڵی مرۆڤەکان ڕەهەندی سیاسی هەبێت، «باوەڕ بە ئێتنیسیتەی هاوبەش» دەرەخسێت و ئەندامانی گرووپ قاڵبی کۆمەڵگای سیاسی لەخۆ دەگرن.

شیلیا کرۆچەر[2] ئێتنیک وەک «گرووپێک لە خەڵک بە باپیران و کەلتووری هاوبەش و خاوەنی هۆگرایەتی هاوبەش وەک زمان، کەلتوور، نوێنەکە خزمایەتییەکان، و ڕواڵەتی جەستەیی هاوبەش» پێناسە دەکات (Croucher, 2004). بە زمانی کۆمەڵناسی، بەپێچەوانەی ئەو جیاوازییانەی کە لەنێوان ئێتنیسیتەکان بەرچاو دەکەوێ، ئێتنیسیتە بەرهەمی کەلتوورێکە کە سیاسی کراوەتەوە. بۆیە ئامانجی لێکۆڵینەوە و تاتوێکردنی هەڵسوکەوتی گرووپی ئێتنیکی دەستنیشانکردنی ئەو جیاوازییە کەلتوورییانە نییە کە بەرهەمی پێوەندی نێوان گرووپەکانن. تەنیا ئەو کاتە پێمان خۆش دەبێ ئەم جیاوازییانە تاوتوێ بکەین کە جیاوازی کەلتووری بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی کۆ ببێتەوە، کاتێک کە ئەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگای پێواژۆی کردەوەی کۆمەڵایەتییەوە، گێڕانەوە پێوەندیدارەکان بە ڕەسەنایەتی هاوبەش بە مەبەستی وەڵامدانەوە بە گۆڕانکاری ژینگەی کۆمەڵایەتی، دەخولقێننەوە. تیئۆدۆرسن[3]، لە فەرهەنگی نوێی کۆمەڵناسیەکەیدا، گرووپی ئێتنیکی بەم جۆرە پێناسە کردووە: «... گرووپێک بە دابونەریتی کەلتووری هاوبەش و هەستکردنی شوناسێک کە ئەوان وەک گرووپێکی ناسەرەکی لە کۆمەڵگایەکی گەورەتر جیاواز دەکات. ئەندامانی هەر گرووپێکی ئێتنیکی لە باری تایبەتمەندییە کەلتوورییەکانەوە لە ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگای خۆیان

1. Social interaction
2. Sheilia L. Croucher
3. George A. Theodorson

جودا و جیاواز دەبنەوە» (هەمان، ٣١). وێدەچێ کە ئەژمار و جۆری تایبەتمەندییە بەرچاوگیراوەکان بۆ پێناسەکردنی ئێتنیسیتە یان گرووپی ئێتنیکی دەگەڕێتەوە بۆ ئامانجی توێژەر لە کەڵک وەرگرتن لەو پێناسەیە و تا ئەمڕۆ، پێناسەیەکی یەکسان و چەمکبەندییەکی کۆدەنگیانەی بۆ نەکراوە.

هەندێک بە گوێرەی تایبەتمەندییە سەرەتاییە نەژادی و بایۆلۆژیکیەکانی چەمکی ئێتنیسیتە، ڕەخنە لە زیادکردنی تایبەتمەندی کەلتووری وەک پێوەرێک بۆ پێناسەکردنی ئەم چەمکە دەگرن. بەپێی قسەی ئەم ڕەخنەگرانە، بەرچاوگرتنی پێوەری لێڵ و ناڕوونی کەلتووری بۆ پێناسەکردنی وشەیەک کە چەمکی لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە بایۆلۆجیکەکانە، پاساو هەڵناگرێت. ئەشکرێف[1] و هاوکارانی، بۆ ئاماژە بە ئێتنیسیتە یان گرووپی ئێتنیکی، تاقمێکی نێو کۆمەڵگایەکی گەورە وەک گریمانە بەرچاو دەگرن کە تیایدا لەگەڵ هەبوونی ڕەچەڵەکێکی هاوبەشی ڕاستەقینە یان دانراو، وشیارییەکی هاوبەش لە شوناسی ئێتنیکی جودا و ناوەند و سەرچاوەیەکی کەلتووری لە یەک یان چەند بەشی سەمبۆلیک پێناسە کراوە. ئەم تایبەتمەندییە کەلتوورییانە (یادەوەری هاوبەشی مێژوویی، سەرچاوەکان یان مێژوو و ئەزموونە مێژووییەکان) بەردەوام بەپێی زمان، کات و و شوێنی دیار و دەستنیشانکراو، کە گرووپی ئێتنیکی ئەزموونی دەکات، لە پێکهاتەیەکی بزێودا دەبن (Ashcreft & Griffthin, 1998, p.84).

لە حەفتاکانی زایینیدا، نەوەیەکی نوێی بیرمەندانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، لایەنە سیاسییەکانی پرسی ئێتنیسیتەیان تاوتوێ کرد و هەوڵیان دا تا پێناسەگەلی یەکسان لە گرووپی ئێتنیکی و نەتەوایەتی ئاراستە بکەن. سازکردن و دەکارهێنانی وشەی نوێی وەک «ناسیۆنالیزمی ئێتنیکی»[2] و «سیاسەتی ئێتنیکی»[3] لەلایەن ئەم توێژەرانەوە ئاژاوە و ئاڵۆزاوییەکانی لەسەر پرسی ئێتنیسیتە زیاد کرد. لەگەڵ هەبوونی جیاوازییە میتۆدناسانە و تیۆریکییەکانی ئەم بەرهەمانە، بابەتی سەرەکی و تەوەرییان، بە هاوتا زانینی چەمکی ئێتنیسیتە لەگەڵ چەمکی نەتەوایەتی و دەوڵەتسازی بوو. لێڵی و ناڕوونییەکانی پێناسەی گرووپی ئێتنیکی و ئێتنیسیتە تا ڕادەیەک لە پێناسەی خێڵیشدا[4] هەیە. کێشەی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەیکە هەندێ جار، هەمان تایبەتمەندییە بەرچاوگیراوەکان بۆ گرووپە ئێتنیکییەکان خراونەتە پاڵ خێڵەکانیش و هەر بەم بۆنەوە وەک گرووپە تەواو جیاواز و دیارەکانی نێو کۆمەڵگایەکی گەورەتر ئاماژەیان پێ دەکرێ. ئەم بابەتە لە دەقەکانی مرۆڤناسی و کۆمەڵناسیدا زۆر ئاشکراترە کە تیایاندا دوو چەمکی خێڵ و گرووپی ئێتنیکی پێکەوە تێکەڵ کراون و جیاوازییەکانیان بەرچاو نەگیراون. ئەو شتەی کە گرنگە ئەوەیە کە لە کۆمەڵگای ئێرانیدا، پرس نەک لەسەر خێڵەکانە بە تایبەتمەندییەکانیانەوە، بەڵکوو لەسەر ئێتنیکەکانە بە هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی کە دەخرێتە پاڵیان.

---

1. Ashcreft
2. Ethnic nationalism
3. Ethnic politics
4. Tribe

لە ڕوانگەی هەندێ لە مرۆڤناسانەوە، کۆمەڵگا خێڵییەکان گرووپی دیار و یەکەی کەلتووری جیاوازن کە لە دۆخێکی گۆشەگیریدان و تەواو خۆبەڕێوەبەرن. ڕائول نارۆل[1] لە بەرهەمی بەناوبانگی خۆیدا خێڵ بەم جۆرە پێناسە دەکات: گرووپێک لە خەڵک کە شێوازی ژیانی هاوبەش و بەدەستهێنراویان کەلتوورێکی گشتی و سەرەکی ساز دەکات، نەک کەلتوورێکی لاوەکی و ناسەرەکی. بیرمەندانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە باری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی-کەلتووری و پێوەندییەکانی لە گەڵ دەوڵەتدا، خێڵ وەک گرووپی ئێتنیکی پێناسە دەکەن و هەر بەم بۆنەوە پاکانە بۆ هاوواتایی خێڵ و گرووپی ئێتنیکی دەکەن و شەرعییەتی پێ دەبەخشن و لەئەنجامی ئەمەشدا توانای بوون بۆ یەک نەتەوە دەدەنە خێڵ. ئەم دیاردەیە بە تایبەت لە لێکۆڵینەوە خێڵەکی و ئێتنیکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نموونەی بۆ دەبینرێتەوە.

وێڕای ئالنگاری و ئاستەنگە فرەچەشنەکانی بەردەم پێناسەیەکی گشتگیر و گونجاو لە ئێتنیسیتە و گرووپی ئێتنیکی، پێناسەی خوارەوە وەک پێناسەی تەوەری ئەم لێکۆڵینەوەیەدیاری دەکرێت کە بەو پێیە: ئێتنیسیتە چەمکێکە بە ئاخێزگەی کولتووری و مێژووییەوە، کە لەسەر بنەمای میراتی هاوبەشی زمانی، داب و نەریت، جوگرافیا، نیشتمان، ئوستوورە و بیرەرەرییە جەماوەرییەکان دادەمەرزێت و ئەندامانی گرووپ لە هەمبەریدا وشیاری، تێگەیشتن، ئینتیما و پابەندیی گشتییان هەیە.

## شوناسی ئێتنیکی

شوناسی ئێتنیکی یەک لە جۆرەکانی شوناسی بەکۆمەڵ و جەماوەرییە، کە بریتییە لەو تایبەتمەندییانەی کە ئێتنیکێک لە ئێتنیکێکی دیکە جیا دەکاتەوە و لەنێو ئەندامانی ئێتنیکێکدا جۆرێک هەستکردن بە یەکگرتن و پێکەوەبوون دێنێتە ئاراوە. شوناسی ئێتنیکی لەسەر بنەمای ناسە کەلتوورییەکانی وەک، زمان، داب و نەریت و ڕابردووی مێژوویی پێناسە دەکرێت. شوناسی ئێتنیکی یەک لە گرنگترین جۆرەکانی شوناس و بەشێکە لە شوناسی کۆمەڵایەتی تاکەکان کە دەکەوێتە تەنیشت شوناسەکانی دیکەی وەک شوناسی خۆجێیی، ناوچەیی، نەژادی، کەلتووری و هتد. کە بە تایبەت لەو وڵاتانەی کە ئێتنیک و کەلتووری جۆراوجۆریان تێدایە، گرنگییەکی زۆری هەیە. شوناسی ئێتنیکی یەک لە هۆکارە پێکهێنەرەکانی شوناسی کەلتووری هەر کۆمەڵگایەکە. شوناسی کەلتووری دەبێ وەک بەشێک لە شوناسی کۆمەڵایەتی چاو لێ بکەین کە لەسەر بنەمای جیاوازی کەلتووری دادەنرێت، جیاوازییەک کە بەستێنەکانی دەبێ لە نەریت و دابونەریتەکان، بەها و بایەخەکان، باوەڕەکان و یادەوەری مێژوویی هەر ئێتنیک یان نەتەوەیەکدا بدۆزینەوە (محسنی، ١٣٨٦). شوناسی ئێتنیکی پێوەندی سیستەماتیک و بەردەوامی جیاوازییە کەلتوورییەکانە لەنێوان

1. Raoul Naroll

ئەو گرووپانەدا کە خۆیان لێک جیاواز دەبینن. ئەم پێوەندییە ئەو کاتەی ساز دەبێ کە جیاوازییە کەلتوورییەکان پێوەندییان بە کارلێک و هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەبێ. هەر بەم بۆنەوە دەبێ ئەم پێوەندییە لە ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بخوێندرێتەوە، نەک لە ئاستی کەلتووری سەمبولیکدا.

شوناسی ئێتنیکی لەگەڵ چەمکە هاوتاکانی وەک «گرووپی ئێتنیکی» و «ئێتنیسیتە» تێک ئاڵاون، بە جۆرێک کە ئەگەر ئەو چەمکانە پێناسە نەکرێن، تێگەیشتن لە شوناسی ئێتنیکیش ئەستەم دەبێ. ئێتنیسیتە[1] یەک لە سەرچاوگە سەرەکییەکانی واتا و ویناکردن بووە لە درێژەی مێژووی مرۆڤدا، لە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بگرە تا ئەفریقای ژێر هێڵی سەحرا، ئێتنیسیتە بنەمای جیاکاری و ناسینەوەی کۆمەڵایەتییە. ئێتنیسیتە هەروەها ژێرخانی شۆڕش بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی و هەروەها بناغەی لۆژیکی ناعەقڵانیی پاڵاوتنی ئێتنیکی بووە و تا ڕادەیەکی زۆر ژێرخانێکی کەلتوورییە کە بۆتە هۆی چالاکیی بازرگانیی تۆڕبەندانە و پاوانکارانەی جیهانی نوێی بازرگانی (کاستلز، ١٣٨٥، ٧٣).

بۆ سازبوونی گرووپێکی ئێتنیکی، گرووپ دەبێ ڕادەییەکی کەم لە بەریەککەوتنی لەگەڵ ئێتنیکەکانی دیکەدا هەبێ و ئەندامانی گرووپ دەبێ بیرۆکەی گرووپەکانی دیکە وەک جیاوازییە کەلتوورییەکان لە نەریتی خۆیانەوە ببینن. ئەگەر ئەم مەرجانە نەبن، ئێتنیسیتە بوونی نابێ.

ئێریکسۆن شوناسی ئێتنیکی وەک هەڵگری ئەم تایبەتمەندییانە دەبینێ:

- مەرجی پێویست ← توخمە کەلتوورییەکان
- مەرجی تەواو ← وشیاری سەبارەت بە توخمە کەلتوورییەکان

شوناسی ئێتنیکی لە تێکەڵکردنی پارچە و پێکهێنەرەکانی ئێتنیسیتە پێک دێت و تەنانەت زۆر جار تەنیا یەک پارچەی جیاواز دەبێتە هۆی سازبوونی جۆرێک شوناسی ئێتنیکی. بۆیە لە نێو ئێتنیکە جۆراوجۆرەکاندا، پارچە و پێکهێنەرەکانی ئێتنیسیتە جیاوازن و لە هەر گرووپێکی ئێتنیکیدا، هەر یەکە لە پارچەکان هەڵگری پلەی گرنگیتی جۆراوجۆرن. بیرمەندانی دیکەش هەندێ تایبەتمەندییان بۆ شوناسی ئێتنیکی ئاماژە پێداوە، وەک سمیت[2] (اسمیت، ١٣٧٧، ١٨٦) کە لەم بارەوە بڕوای وایە کە پارچە و پێکهێنەرەکانی شوناسی ئێتنیکی بریتین لە: ئاپوورەی مرۆیی، باپیرانی هاوبەش، بیرەوەرییە مێژووییەکان، کەلتووری هاوبەش، نیشتمانی هاوبەش و دیاریکراو و یەکگرتوویی و یەکبوونی بەرژەوەندییەکان.

لەم لێکۆڵینەوەدا شوناسی ئێتنیکی لە دیارترین شێوازەکانی شوناسی بەکۆمەڵە کە توخمە

1. Ethnicity
2. Anthony Smith

پێکهێنەرەکانی بریتین لە: کۆی دەرکەوتەی مادی و مەعنەوی و وێناکانی ئەندامانی ئەو گرووپە سەبارەت بە کێیەتی ئێتنیکی خۆیان. لەسەر ئەم بنەما، شوناسی ئێتنیکی، چەمکێکە بە دوو ڕەهەندی سۆبژێکتیڤ و ئۆبژێکتیڤ، کە لە لایەکەوە کۆمەڵێک لە تایبەتمەندییە مادی و مەعنەوییەکانی ژینی میژوویی ئێتنیکەکان لە خۆ دەگرێ و لە لایەنێکی دیکەوە ملکەچی شێوازی پێناسەی تاکەکانە لە کێیەتی ئێتنیکیی سەقامگرتووی خۆیان لە بەستێنی ئەو ژینە مێژووییەدا.

- **شوناسی ئایینی- ئایینزایی و دەوربینیی لە پێکهاتەی شوناسی ئێتنیکیدا**

بەشێوازێکی گشتی ئایین کۆمەڵێکە لە «بیر و باوەڕەکان»، «هەستەکان» و «کردەوە و هەڵسوکەوتەکان» (تاکەکەسی- بەکۆمەڵ) کە لەسەر چەمکی حەقیقەتی کۆتایی (یان دیاردەی بەرز و پیرۆز) پێکهاتووە. ئایین لانی کەم سێ بەشی سەرەکی هەیە: ١. «ئەزموون و هەستی ئایینی» وەک جۆرێک دۆخی هەبوونیی تایبەت کە مرۆڤ پاش ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دیاردەیەکی قودسی و پیرۆز پێی دەگات؛ ٢. «باوەڕە ئایینییەکان» کە چاودێری ئەزموون و هەستە ئایینییەکانن؛ ٣. «کردەوەی ئایینی» کە پێشینەی دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕە ئایینییەکان و هەڵدەگەڕێتەوە بۆ گەیشتن بە ئەزموونی ئایینی. بۆ مەزندەکردنی ئایینداربوونیش بیر و ڕاکان جیاوازن؛ یەک لە بەکەڵکترین پێوەرەکانی مەزندەکردنی ئایینداربوون پێوەری پێنج ڕەهەندی گلاک و ئستارکە[1] کە بەپێی ڕیزبەندی ڕەهەندەکانی باوەڕیی، ڕێوڕەسمە ئایینییەکان، هەستیارانە، فکری و شوێنهاتین. ڕەهەندی باوەڕی ئەو باوەڕانەیە کە چاوەڕوان دەکرێ پێڕەوانی ئایینێک بڕوایان پێیان هەبێ. ڕەهەندی ڕێوڕەسمە ئایینییەکان بریتیە لە کردار و هەڵسوکەوتە ئایینییە دیاریکراوەکان وەک نوێژ، ڕۆژوو، دوعا و نزاکان، بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمە تایبەتەکان و هتد. ڕەهەندی ئەزموونیی هەستەکان و بیرکردنەوەکانە کە پێوەندییان بە پێوەندی جەوهەری ڕەبانی وەک خودا یان ڕاستەقینە یان دەسەڵاتێکی بەرز هەیە دەگرێتەوە. ڕەهەندی شوێنهاتی، بریتیە لە باوەڕەکان، کردەوەکان، ئەزموونەکان و زانستی ئایینی لەسەر ژیانی ڕۆژانەی پێڕەوانی ئایینەکە (طالبان، ١٣٩٠، ٩٤ بۆ ٩٦).

لە چەمکسازی شوناسی کۆمەڵایەتیدا، هێمانی سەرەکی و هاوبەش سەبارەت بە بنەمای پێکهاتنی شوناسێکی بەکۆمەڵ وەک «هەستی پێبەندبوون» ئاماژە پێ دەدەن و شوناسی ئایینی وەک ئاستێک لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی شوناسی، دەکرێ وەک هەستی پێبەندبوون بە ئایینی قبووڵکراوی کۆمەڵگای عام ئاماژە پێ بدەین. ئێلیادە[2] پێناسەکانی ئایینی ئەوەندە پێ جۆراوجۆرە کە دابینکردنی لیستەیەک لە ئایینەکان وەک شتێکی نەکراو و ڕێپێنەدراو دەزانێ. ئەگەر لەسەر پێناسەکانی ئایین و کەموکورییەکانی ئەو پێناسانە بکۆڵینەوە، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە پێناسەکردنی ئایین زۆر ئەستەمە، چونکە ئایین دیاردەیەکی ئاڵۆزە و توێ و لایەنی جۆراوجۆری هەیە

1. Glock &Stark
2. Mircea Eliade

و لەهەر حاڵدا بۆچوونە باوەکان لەسەر ئایین جار و بار لەسەر بنەمای تێبینییەکان و زانیارییەکانی مرۆڤناسی و کۆمەڵناسی و ... هاتوونەتە ئاراوە و ئەم بۆچوونانەش جۆراوجۆرن (تامسون، ١٣٨١، ٣٠)، کە لەم توێژینەوەشدا تاوتوێکردن و کۆڵینەوە لەسەر هەموو ئەم بیرۆکە جۆراوجۆرانە شی نەکراوەتەوە و تەنیا ئاماژەیەکیان پێ کراوە تا بۆمان ڕوون بێتەوە کە ئەم تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییە لە پرۆسەی پێکهاتنی شوناسی بەکۆمەڵ و بەردەوامبوونی دەوری گێڕاوە.

بەهرەمەندی لە ئایین و ڕێنماییە ئایینیە هاوبەشەکان، پێبەندبوون و وەفاداربوون بەرامبەریان، بیر و باوەڕ و مەیل بۆ بەجێهێنانی نەریت و ڕێوڕەسمەکانی ئایینە گشتگرەکان لە پرۆسەی پێکهاتنی شوناسی نەتەوەییدا کاریگەری زۆری هەیە. ئایین وێڕای ئەوەیکە لەباری کەڵک و کارکردەوە، وەک هۆکارێکی گرنگ لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەژمار دەکرێت، دەبێتە هۆی دڵگەرمی، خۆشحاڵی و شەوق و زەوقی گشتی لە کۆمەڵگادا. هەروەها زۆر جار، ئایین لە چەمکی کۆمەڵناسیدا وێڕای جەختکردن لەسەر لایەنی ئۆبژەکتیڤ و دەرەکی ئایین، لەگەڵ چەمکە نەتەوەییەکانی دیکە وەک دەوڵەت، مێژوو و میراتی کەلتووری تێک ئاڵاوە (حاجیانی، ١٣٧٩، ٢٠٣). ئەگەرچی ئایین لە هەندێ شوێنی جیهاندا وەک هۆکاری سەرەکیی یەکگرتن گرنگی و پێگەی پێشووی نەماوە، بەڵام چونکە بە تەنێ لە سازکردنی کەلتوور و داب و نەریتەکانی زۆر وڵاتدا کاریگەری بەرچاوی هەیە، هێشتا وەک هۆکارێکی گرنگ و سەرەکی نەتەوایەتی هەژمار دەکرێت (عالم، ١٣٨٣، ١٥٥) و هەرچی لە ئەمڕۆ نزیک دەبینەوە، بەتایبەت پاش سەردەمی مودێرنیتە، کاریگەریی ئایین کەمتر بۆتەوە بەڵام توێژینەوە جۆراوجۆرەکان پیشاندەری ئەوەن کە هێشتا ئایین لە ئافراندنی شوناسی بەکۆمەڵدا ئامادەبوونێکی چالاکی هەیە و هێشتا پێکەوەسازان یان دژایەتیی کەلتووری و کۆمەڵایەتی لە نێوان کۆمەڵگا شوناسییە جۆراوجۆرەکاندا، یەکێک لە کارداکە بەرچاوەکانی ئایین و ئایینزاکانە.

خاڵی گرنگ بۆ ناسینی شوناسی ئایینی پرسی بەردەوامبوونە. زۆرێک لەو شوناسانەی کە لە سەردەمی منداڵیدا پەروەردە دەکرێن، لە درێژەی ژیاندا تا ڕادەیەکی زۆر ناگۆڕدرێن، بەڵام سەبارەت بە شوناسی ئایینی «گۆڕینی شوناس» زیاتر لە سەردەمی مێرمنداڵدا دێتە ئاراوە (دوان و همکاران، وەرگیراو لە سفیری و همکاران، ١٣٩٣، ١٦٩). ئەگەرچی لە ڕوانگەی زۆرێک لە تیۆریدانەرانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئایین بۆ خۆی پارچەیەکی گرنگە لە کەلتووری یەک وڵات و وەک شوناسی نەتەوەیی ئەو وڵاتە هەژمار دەکرێ بەڵام لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا، بە تایبەت ئەو کاتەی کە پرسی ناکۆکی ئایینەکان دێتە ئاراوە، شوناسی ئایینی زەق و گرنگ دەبێتەوە. شوناسی ئایینی لە جیهانی ئەمڕۆدا جۆراوجۆرە و لە ئایینە جیهانییەکانەوە بگرە تا ئایینە ناوچەیی و پەراوێزییەکان و جۆرەکانی دیکەی باوەڕی ئایینی لە نێو گرووپە جۆراوجۆرەکان دەگرێتەوە.

ئایین و ئایینزا لە ڕابردووەوە تا ئێستا هۆکاری ئافرێنەری شوناسی تایبەتن بۆ بڕوادارانی خۆیان و لەگەڵ ئەو کەسانە کە بڕوایان بەو ئایینە نەبووە جودایان کردوونەتەوە؛ واتە شوناسی مرۆڤەکان بە ئایین و ئایینزایانەوە دەناسرێت. جوولەکە، خاچپەرست و موسڵمانبوون، شوناسی کەلتووری

مرۆڤە جیاوازەکان پیشان دەدا. بۆیە ئایین و ئایینزا کارکردی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆریان لە ئەستۆ بووە وەک پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەندامانی کۆمەڵگا، کەمکردنەوەی شەڕ و قەرقەشە، پتەوکردن و بەهێزکردنی بەها و بایەخە هاوبەشەکان، یەکپارچەکردنی کۆمەڵگا و پاراستنی سەقامی کۆمەڵایەتی، ڕێکخستنی سەرچاوەکان و بەهێزکردنی چاوەدێریی کۆمەڵایەتی (اشرفی، ١٣٧٧، ٩).

ئێریکسۆن دەفرایەتی ئایینی، لە گەشەکردنی شوناسدا دیتۆتەوە. ناوبراو جەختی کردەوە کە ئایین لایەنێکی گرنگە لە ماتریکسی کۆمەڵایەتی مێژوویی کە شوناس تیایدا ساز دەبێت. هەروەها دەڵێت کە ئایین کۆنترین و دێرینەترین بنکەیەکە هاندەری پێبەندبوون، بەڵێندەربوون و وەفاداری بە ئایدۆلۆژیایە و لەسەر بنەمای ئایین، قەیرانی پێکهاتنی شوناس بەشێوەیەکی سەرکەوتوو چارەسەر دەکرێت. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە، ئایین نەک جیهانبینی بەرز و دەرەوەی سنوورەکان بەدەستەوە دەدات و بنچینەکانی باوەڕ و نۆرمە ئاکارییەکان لە بنەمای ئایدۆلۆژیاییدا دادەنێت،(وەرگیراو لە King, 2003) ئایین لە بنەڕەتدا سەرچاوەگەلی ناسیاری، ئایدلۆلۆژیایی، کۆمەڵناسانە و مەعنەوی بۆ شوناس دابین دەکات (Furrow, King & White 2004, 17–26 وەرگیراو: قنبری برزیان و همتی، ١٣٩٤، ١٢١). سیستەمی واتا ئایینییەکان گۆڕەپانێکی بەربڵاو لە شێوازە ڕێپێدراوەکانی پێوەندی تاک لەگەڵ خۆی، کەسانی دیکە، جیهانی هەستی، خودا یان هەمووی ئەو شتەی کە مرۆڤ وەک حەقیقەت یان ڕاستی ناوی لەسەر دادەنێت، ڕوون دەکاتەوە. هیچ سەرچاوەیەکی کەلتووریی واتابەخشی دیکە لە باری مێژووییەوە نەیتوانیوە بۆ وەڵامدانەوە بە ئەم خواستە مرۆییە واتە شوناسسازی، لەگەڵ ئایین ڕکابەری بکات. لە دەرەنجامدا، ئایین بەگشتی دەکەوێتە ناوەندی شوناسی تاکەکەسی و گرووپی (Seul, 1999, P 556 وەرگیراو لە : قنبری برزیان و همتی، ١٣٩٤، ١٢١).

«ئایین و ئایینزا» هەمیشە وەک یەک لە کاریگەرترین هێمانەکانی نێو هەر کۆمەڵگایەک هەژمار کراون، کە ئەڵبەت ئەم کاریگەریانە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگای دیکە جیاوازە بەڵام بەگشتی دەکرێ ئایین وەک یەک لە بنەما سەرەکییە کۆمەڵایەتییەکان لە هەر کۆمەڵگایەک بەرچاو بگرین کە دەتوانێ هۆکارێکی بەهێز و یەکلاکەرەوە بێت لەنێو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، شێوازی بنکە و بنەماکانی دیکە پێک بێنێ، لەسەر بەها و بایەخەکان کاریگەری دانێت و هەندێ پێوەندی بخاتە ژێر ڕەخنە و کاریگەری خۆی. ساموئیل هانتینگتۆن[1] بڕوای وایە کە: «لە جیهانی نوێدا، ئایین یەک لە هێزە سەرەکییەکان و ڕەنگە تەنیا هێزی سەرەکی بۆ بزووتن و کۆکردنەوەی خەڵک بێت.» (میرزایی و همکاران، ١٣٩٣)

شوناسی ئایینزایی جۆرێکی تایبەتە لە شوناس کە لەگەڵ ئاییندار‌بوون یان پێبەندبوون بە ئایینزایەکەوە بەرامبەر نییە. ئەگەرچی ئەم سێ وشە لایەنی هاوبەشیان هەیە، ئاییندار بوون و پێبەندبوون بە ئایینزایەک ئاماژەیە بۆ بایەخ و گرنگبوونی ئەندامایەتی گرووپی ئایینزایی و هەروەها بەشداری لە ڕووداوە ئایینزاییەکان دەکات، بەڵام شوناسی ئایینزایی بەشێوازی تایبەت باس لە

1. Samuel P. Huntington

ئەندامایەتی لە گرووپی ئایینزایی دەکات جودا لە چالاکی یان بەشداری ئایینزایی (Arweck & Nesbitt, 2010). شوناسی ئایینزایی شوناسێکی بەکۆمەڵە کە بریتییە لە ئەندامایەتی لە گرووپە ئایینزاییەکان، قبووڵکردنی سیستەمە باوەڕییەکانی، پشتڕاستکردنەوەی گرنگبوونی بایەخ و بەها ئایینزاییەکان، پێبەندبوون بە گرووپە ئایینزاییەکان و کردەوە پێوەندیدارەکانی ئایینزاکان. ئەم پێناسە شوناسی ئایینزایی لە شوناسی مەعنەوی جودا دەکاتەوە کە بەشێکە لە شوناسی تاکەکەسی (سئول، ۲۰۱۰). بەستێنی ئایینزایی وەک جۆرەکانی دیکەی پێکهاتنی شوناس، وەک شوناسی ئێتنیکی و کەلتووری، دەتوانێ دیمەنێک بۆ تێگەیشتن لە جیهان، دەرفەتی پێوەندی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکانی نەوە جۆراوجۆرەکان و کۆمەڵێک لە بنەما سەرەکییەکان بۆ ژیان دابین بکات. ئەم بنەماگەلە دەتوانن شوناسی تاک پێک بێنن (King & Boyatzis, 2004).

لە سەردەمی ئێستادا، ئایین بۆتە هۆی پێکهاتنی جۆرێک ناکۆکی و کەلێنێکی بابەتیانە و زەق کراوەتەوە و زۆرترین و بەرچاوترین شوێنهاتی بۆ پێکهاتەی پێوەندییە سیاسییەکانی کۆمەڵگاکان بەدواوە بووە. هەروەها هەبوونی حاکمییەتی ئایینی لە ئێران یەکی دیکە لەو بابەتانەیە کە توێژینەوە لەسەر ڕۆڵی ئاییندار‌بوون لە پێوەندی لەگەڵ شوناسی ئێتنیکی و نەتەوەیی پێویست دەکات، چونکە ئەگەر بەها و بایەخە ئایینی-سیاسییە حاکمەکان لەگەڵ بەها و بایەخەکانی گرووپێکی ئێتنیکی لە یەک ئاراستەدا بن، ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی یان بەها و بایەخگەلێک دەنوێنن کە دەبنە هۆی ئەوەیکە بەها و بایەخەکانی گرووپی ئێتنیکی لە ڕوانگەی تاکەکانی ئەو ئێتنیکەوە گرنگتر بێنە بەرچاو و گەنجانی ئەو گرووپە ئێتنیکییە بتوانن بەشێوازێکی ڕوونتر ئامانج و ئاراستەی خۆیان دیاری بکەن (Driedger, 2006).

ئایین و ئایینزا ڕۆڵێکی کاریگەریان لە پێکهێنانی گرووپە ئێتنیکییەکان و بەتایبەت گرووپە ئێتنیکییەکانی پێش مودێرنیتەدا هەبووە. لەبنەڕەتدا ئێتنیک و عەشیرە سەرەتایی و کۆچەرەکان خاوەنی ئایینێکی ڕێکخراو نەبوون. ئەوان، هێزە سروشتییەکانی وەک هەتاو و ئاو و باران، یان «تووتم»ەکانیان پەرەستووە، یان بڕوایان بە «پاگان» (چەندخودایی) و یان شەمەن بووە. ئایینە ئیبراهیمییەکان یان «خاوەنی کتێب» (جوولەکە، خاچپەرستی و ئیسلام) نزیکەی سێ تا چوار هەزار ساڵە کە سەریان هەڵداوە. خاچپەرستی و ئیسلام (تا ڕادەیەکی زۆر سنووردار‌یش جوولەکە) خۆیان سەروونەتەوەیی و سەرووئێتنیکی هەژمار دەکەن. ڕاستیش هەر ئەوەیە کە حدوود و سنوورە ئێتنیکی و نەتەوەییەکان لە ڕوانگەی ئیسلام و خاچپەرستییەوە گرنگ نین و هەموو کەس دەتوانێ بچێتە سەر ئەو ئایینانە. بەڵام بە کردەوە دەبینین کە ئەم ئایینانەش بەتایبەت پاش تێپەڕاندنی قۆناغی یەکەمی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی خۆیان و پاش ئەوەی کە ڕووبەڕووی هەڵبژاردە سیاسییەکان بوونەتەوە، لە کردەوەدا ناچار کراون ڕاستییە کەلتووری و ئابووری-سیاسییەکان قبووڵ بکەن و بەپێی ئەو ڕاستییانە هەڵسوکەوت بکەن. هەر بۆیە زۆر جار، ئەم یان ئەو ئایین و ئایینزا ئاشکرا یان بەشێوەی ناڕاستەوخۆ دەبنە هەڵگرێک بۆ هەستە ئێتنیکییەکانی ئێتنیک و نەتەوە جۆراوجۆرەکان.

بزوێنێکـی ئـەم دۆخـە لەوەدایە کە هەندێ لـەم ئێتنیکانە تەنانەت نـاوی خۆیان، سـەرهەڵدانی خۆیان و یـان خاوەنداریێتییـان لەسـەر ئـەو وڵاتەی کە بە هی خۆیانـی دەزانن، لەگەڵ ئوسـتوورە ئایینییەکانی خۆیـان تێکـەڵ کـردووە. بـۆ نموونـە لـە ڕوانگـەی جوولەکـەوە، گرنگبوونی ئوسـتوورەی تۆفانی گـەورە و کەشـتی نـووح، کـە بـۆ خـۆی کەوتۆتـە ژێـر کاریگـەری ئوسـتوورە کۆنەکانـی سـوومەر، شـتێکی ڕوون و دیـارە. ئەفسـانەی یۆنانـی «ئوروپـا» و یـان «ئۆرووپـە» کچـی پاشـای دوورگـەی کرت و چیرۆکـی زەواجی لەگـەڵ زێئـۆس کـە وەک مانگایـەک خـۆی دەرخسـتبوو دەکەوێتـە ڕیزی ئەم ئوسـتوورانە. هەر لەسـەر ئـەم ڕەوتـەش، پاشـاکانی سـوومەر خۆیـان وەک نـەوەی خوداکانی شـار هەژمـار دەکرد یان لـە میسر و ئاشـوور، ئایینە خۆماڵییەکانی ئەم ئێتنیکانە لەگەڵ ئوسـتوورە و ئەفسـانە ئێتنیکییەکان گرێ درابوون. لـە ئێرانـی کەونـارا، زمان و ئوسـتوورەی ئێرانییەکان و ناوی شـارەکان و ئاتەشـگاکان پێوەندییەکی چڕ و پڕیـان لەگـەڵ ئایینـی زەردەشـتی هەبـووە. لەبنەڕەتـدا پێدەچـێ کـە لـە سـەردەمی پێـش مودێرنـدا و بەتایبـەت سـەردەمی کەونـارا، کـەم تـا زۆر هـەر ئێتنیکێـک ئاییـن و ئایینزاییێکـی تایبـەت بـە خـۆی هەبـووە. ئێتنیکـە کۆنـەکان هەرچـی قەبارەیـان گـەورەتـر بـووە و دەوڵەتـی بەهێـزی خۆیـان هەبـووە، ئایینەکەشـیان گرنـگتر و دەسـەڵاتدارتر بـووە. زۆرێـک لـە ئایینەکانـی ڕابـردوو و بەتایبـەت ئایینەکانـی ئێتنیکە سـەرەتاییە کۆچەرەکان فەوتاون، بەڵام هەندێکیان نەک تووشـی لەناوچوون نەهاتوون بەڵکوو گەورەتـر و گشـتگرتر بوونەتـەوە و وەک ئایینـە ڕێکخـراوەکان دەرکەوتوون.

بەگشـتی ڕەنگـە بتوانین بوێرانە بانگەشـەی ئـەوە بکەین کە ئێتنیک و نەتـەوە چکۆلە و گەنجەکان، کـە لـە ڕوانگـەی ئێتنیکییەوە کـەم تا زۆر یەکـدەستن، ڕەنگە بتوانن بە جۆرێک پشـت بـە ئایین، ئایینزا یـان ئایینـی تایبەتـی خۆیان ببەسـتن و جەختی لەسـەر بکەنـەوە بێ ئەوەیکـە یەکەمایەتـی ئایینییان دەرەنجامـی ناوخۆیـی گـەورەی هەبـێ. بـەڵام وڵات و نەتـەوە گـەورەکان بەتایبـەت ئەگـەر لـە قۆناغـی پێشـکەوتنی ئابـووری و کارلێکـی کەلتووری و ئایینیشـدا نەبن، لەگـەڵ هەر هەنگاوێک کـە لە ڕێبازی حاکمییەتـی ئاشـکرا و توندڕەوانـەی ئایینـی هەڵـی دەگـرن، لەناوخـۆدا ڕووبـەڕووی کێشـەی جیـددی ببنـەوە. ئەڵبـەت زۆر جـار هـۆکاری ئایین و ئاییـنزا دەبنە بیانوویەک بۆ ناکۆکـی و پێکدادانی خوێنین و درێژخایـەن. وڵاتانـی ڕۆژئاواییـش تا چەند سـەدە پێش، گۆڕەپانی هەندێ قەرقەشـە و تەنانەت شـەڕی ئایینـی بوونـە، کـە «شـەڕە ئایینیەکانـی سـی سـاڵەی ئەورووپـا»[1] لـە نێـوان سـاڵانی ١٦١٨-١٦٤٨ میناکـی هـەرە دیـاری ئـەو ئاڵۆزیانەیە. بەڵام ئەمڕۆ بەگشـتی لە بازنەی شـەڕ و ناکۆکییـە جیددییەکان هاتوونەتـە دەرێ. ئەگـەر چاوێـک لـە دۆخـی ئێسـتای وڵاتانـی ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناویـن و هەنـدێ وڵاتانـی ئاسـیایی و ئەفریقایـی بکەیـن دەبینیـن کـە هۆکاری ئاییـن و ئاییـنزا، بەتایبەت لەم سـاڵانەی دواییـەدا، بیانوویەکـی جیـددی بووە بۆ شـەڕە خوێنینەکانی نێوان گرووپـە جۆراوجۆرەکانی یەک وڵات، کوشـتوبڕ و داڕووخانـە هەژێنـەرەکان، و ناکۆکـی جیـددی نێـوان وڵاتـە جۆراوجـۆرەکان. تەنانـەت لـە ناوچـەی باڵـکان واتە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا هێشـتا خوێنی شـەڕ و ناکۆکییە ئێتنیکییەکانی چەند سـاڵی

1. The European wars of religion

ڕابردوو بەتەواوی خاوێن نەبۆتەوە. دۆخی زمان و ئایینی وڵاتانی یۆگۆسلاڤیای پێشوو نموونەیەکی باشە بۆ ئەم بابەتە. دەزانین کە بێجگە لە مەقدۆنیا و کۆزۆڤۆ و تا ڕادەیەک سلۆڤانیا، زمانی سێربیا و کرۆڤاتیا و بۆسنە تا ڕادەیەکی زۆر یەک زمانە. لە ڕابردوودا ئەم زمانە هاوبەشە ناوی «سێربۆکرۆڤاتی» بوو. پاش دابەشبوونی یۆگۆسلاڤیا و سەربەخۆیی پارچەکانی ئەم وڵاتە کە پێشتر یەکگرتوو بوون، سێربیا بۆ پێناسەکردنی سەربەخۆیی خۆی، ئایینزای زۆرینەی ئاپوورەی خۆی ئۆرتۆدۆکس ڕاگەیاند. کرۆڤاتیاش کە زۆرینەی خەڵکەکەی کاتوولیکن لە ئایینزا بۆ پێناسەی جیاوازی خۆی کەڵکی وەرگرت. هەروەها هەر یەکەیان هەوڵیان دا تا ئەو شوێنەی دەلوێ زمانی خۆیان لە زمانی ئەوانی دیکە جودا بکەنەوە و وەک زمانێکی جودا هەژماری بکەن تا هۆکاری زیاتریان بۆ جیابوونەوە هەبێت. بێ گومان کاتێک کە ئیرادە و خواستی سیاسی دەوڵەت و نەتەوەیەک ئەوە بێ، و دۆخە سیاسییەکە وەها بەردەوام بێ، ڕەنگە جودایی هەمەلایەنەش ڕوو بدات کە دەرەنجامیش هەر ئەوە بوو. لەو سەر و بەیندەدا دۆخی موسڵمانانی بوسنەش وای لێ هات کە تەنیا شتێک کە ئەوانی لە سێربەکان یان کرۆڤاتەکانی یۆگۆسلاڤیا جودا دەکردەوە نەک زمانی هاوبەشیان بەڵکوو ئایینیان واتە ئیسلام بوو کە بووبووە هۆی جیاوازییان، لە حاڵێکدا کە دۆخەکە بەمەشەوە نەوەستا، چونکە لە وڵاتی بۆسنەدا هەم موسڵمانانی سێربۆکرۆڤاتیا زمان دەژین و هەمیش گرووپێکی ئێتنیکی سێربە ئۆرتۆدۆکسەکان و هەمیش گرووپێکی ئێتنیکی کرۆڤاتیە کاتوولیکەکان کە جودا بوونەوە، ئەگەرچی زمان و ڕەچەڵەکیان جیاوازییەکی زۆری نەبوو. نموونە نزیکترەکان عێراق، سووریا، پاکستان و ئەفغانستانن. لەم نموونانەشدا کە ڕەنگدانەوەی ناکۆکییە ئێتنیکی، نەتەوەیی و ناوچەییەکانن، زیاتر و بە ئاسانی هۆکاری ئایین کەڵکی لێ وەرگیراوە کە بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زۆر ئاسانتر و خێراتر لە زۆر ناوچەی دیکە خەڵک هان دەدات دژی یەک بوەستنەوە. لە زۆربەی ئەم نموونانەدا، ئایین و ئایینزا، نە وەک هۆکاری نزیکایەتی و یەکگرتن بەڵکوو وەک ئامرازێک بۆ دووبەرەکی نانەوە و خوێنڕشتن کەڵکی لێ وەرگیراوە و کەڵکی لێ وەر دەگیردرێ. لە دەرەنجامی ئەم قەرقەشانەدا چەندین وڵات و نەتەوە کەوتوونەتە گێژاوی داڕووخان و لەناوچوون. بەڵام لە هەمان کاتدا نموونەی زیاتر و هیوادارکەرەوەش هەیە کە پیشان دەدات ئایینزا جۆراوجۆرەکان، ئەگەرچی لە ڕابردوو و تەنانەت ئێستادا کێشەیان هەبووە، دەتوانن لە ئاشتەوایی، لە وڵاتێکی هاوبەش و لە چوارچێوەی نەتەوەیەکی یەکگرتوودا بژین.

هەرچەندی ئایین و ئایینزاکان بەشێکی کۆن و قووڵ لە پێکهاتەی شوناسی کەلتووری کۆمەڵگاکان پێکدەهێنن، بەڵام ڕۆڵی ئەم هۆکارانە لە بنیاتنانی شوناسی ئێتنیکی و نەتەوەیی کۆمەڵگا جیاوازەکاندا، بەبێ گوێدانە نەریتی یان مۆدێرن بوون و ئاستی گەشەسەندنی کۆمەڵگاکان، بۆ دیاردەیەکی بنەمایی دیکە، واتە ڕادەی هاودەنگی و یەکترپۆشی شوناسی ئایینی لەگەڵ شوناسی ئێتنیکی و نەتەوەیی دەگەڕێتەوە. لە هەندێک کۆمەڵگادا، وەک جوولەکە و ئەرمەنییەکان، ڕادەی یەکدیپۆشی ناسنامەی ئێتنیکی و ئایینی-ئایینزایی تەواو یەکدەگرێتەوە و پێیان دەوترێت

«ئایینـە نەتەوەییـەکان»[1] ، و بـە پێچەوانـەوە هەندێـک ئاییـن، وەک ئیـسلام و مەسـیحییەت، سـەروو ئێتنیکـی و سـەرو نەتەوەیـی ئەژمـار دەکرێـن. بـەڵام لـە نێـو ئـەم ئایینانەشـدا لـە ئاسـتی ئاییـنزا و ڕێبـازە جۆراوجۆرەکانـدا، چەندیـن سـیما و شـێواز بـەدی دەکرێـن کـە بەپێی پێگـەی نەتـەوە و گرووپە ئێتنیکییـەکان لە پێکهاتەی دەسـەڵاتی وڵاتانـدا، پەیوەندییەکی واتادار لە نێوان فۆرمەکانی شوناسـی ئایینـی و ئێتنیکی-نەتەوەیـی سـاز دەبێـت. ئەمە دیاردە بە شـێوەیەکی بەرچاو لە پەیوەندیی سیاسـی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی ئێتنیک و نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا، چ لە ڕەهەندی ناوچەیی و چ لـە ڕەهەنـدی ناوخـۆی وڵاتانـدا، بـەدی دەکرێـت و فاکتەرێکی بنەڕەتییـە لە داڕشـتنی پەیوەندییە ناوچەییەکاندا.

هەڵسـەنگاندنی ڕۆڵـی ئاییـن و ئاییـنزاکان لـە پێکهاتەی شوناسـی ئێتنیکـی و ڕادەی کارتێکەریی ئـەم دوو فۆرمـەی شوناسـی بەکۆمەڵ، لە کۆتاییدا پێویسـتی بـە تێڕوانینێکی داینەمـۆ و فرەڕەهەندە لە پەیوەنـدی نێـوان شوناسـی ئێتنیکی و شوناسـی ئایینی و ئایینزایـی لە نێوان گـرووپ ئێتنیکییەکاندا. ڕادەی یەکدیداپۆشـینی شوناسـی ئێتنیکـی و شوناسـی ئایینی-ئایینزایـی و گرنگـی ئـەم فاکتـەرە لە دیاریکردنی سـنوورەکانی شوناسـی ئێتنیکی، هۆکارێکی بنەڕەتییە بۆ دیاریکردنی ڕۆڵی ئایین لەسـەر پەیوەندییـە ئێتنیکـی و نەتەوەییـەکان، بەتایبەتـی کاتێـک ئـەم شـوناس و تایبەتمەندییـە کەلتوورییـە هەمـوو یـان بەشـێکی گرنگـی داخوازیـی ئێتنیکی لەخـۆ بگرێت و جۆرێک لە یەکسـانیی لە شوناسـی ئایینـی- ئایینزایـی و ئێتنیکی لە ئـارادا بێت.

ئاسـتی گرنگـی و کاریگـەری ئاییـن و ئاییـنزا لـە سیاسـەتە مەزنـەکان و چۆنییەتـی دابەشـکردنی سـامانی وڵاتێکـی فرە ئێتنیکی و ئایینی، فاکتەرێکی کاریگەری دیکەیە بـۆ دیاریکردنی گرنگی ئایین و ئاییـنزا لە ڕێکخسـتنەوەی شوناسـی ئێتنیکـی و ئاراستەکردنی داواکارییەکانیـان، بەجۆرێک کە لەو وڵات و کۆمەڵگایانـەی کـە سیاسـەت لە ژێر کاریگەری ئایین و ئایینزایەکی جیـاواز لە ئایینی هەندێک گرووپـی ئێتنیکیـی دیکەیـە، ئـەم هۆکارە سـەرەڕای ڕەچەڵەکـی نائاینـی داواکارییە ئێتنیکییـەکان، لە پانتایـی کۆمەڵـگادا ڕۆڵێکی لێکترازێنەرانە دەگێڕێت پەیوەندییەکان و هێڵە شوناسـییە جیاکەرەوەکان زەقتر دەکەنـەوە، لـە حاڵێکدا کە دانانی سیاسـەت لەسـەر بنەمای سـیکۆلار (عەلمانـی) و نائایینی، لە کۆمەڵگەیەکـی فـرە ئێتنیکـی - نەتەوەیـی و ئایینیدا، ئەگەر دۆخێکـی لێکنزیکبوونـەوە دابین نەکات ، لانیکـەم ناتوانێـت سـەرچاوەی ململانێ و دوژمنایەتـی بەکۆمەڵ بێت.

- **شوناسی نەتەوەیی و پێوەندیی لەگەڵ شوناسی ئێتنیکیدا**

نەتـەوە[2] چەمکێکـی سـەرەکییە بـۆ تێگەیـشتن لـە شوناسـی نەتەوەیـی[3] ، کـە لـە نێـو پێناسـە زۆر

---

1. Ethnic religion
2. Nation
3. National identity

و جۆراوجۆرەكانیدا، پێناسەی گشتگیری ئانتۆنی سمیت[1] دەتوانرێت بكرێتە بنەمایەكی پتەو. لە ڕوانگەی «سمیت»ەوە، نەتەوە ئاپوورەیەكی مرۆییە خاوەنی نیشتمان، مێژوو، ئەفسانە، ئوستوورە، بیرەوەری، كەلتووری گشتی، ئابووری، یاسا و ئەركە یاساییە هاوبەشەكان[2] (karimli, 2000, 175). شوناسی نەتەوەیی وەك بەرزترین ئاستی شوناسی جەماوەری هەژمار دەكرێ و ئەمڕۆ بەهۆی هەبوونی دەوڵەت- نەتەوەكانەوە، لە ڕووی پلەوپایەوە بەرزترە لە ئاستەكانی دیكەی شوناس. شوناسی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە بۆ هەستكردنی تاك بەوەی كە بەشێكە لە نیشتمان و دەوڵەتێكی نەتەوەیی یان بە واتایەكی دیكە بە وڵاتێكی تایبەت، بە جۆرێك كە لەسەر بوونێتیی گشتی ئەو وڵاتە وشیارە و لە بەرامبەریدا هەست بە وەفاداربوون دەكات (عباسی قادی و خلیلی، ١٣٩٠، ٥٠). لە پێناسەیەكی دیكەدا، شوناسی نەتەوەیی بە واتای هەستی وەفاداربوون بە هێما و توخمە هاوبەشەكان لە كۆمەڵگەیەكی نەتەوەیی و لەنێو سنووره دەستنیشانكراوە سیاسییەكاندا. بەپێی ئەم پێناسەیە، ڕێژەی پێبەندبوون و وەفاداربوونی تاكەكانی نێو كۆمەڵگایەكی نەتەوەیی بە هەر یەكە لە هێمانەكانی نەتەوەییەكانی، نیشتمان، ئایین، داب‌ونەریت، مێژوو، زمان و وێژە و ئەدەبیات، خەڵك و دەوڵەت؛ ئاستی هەستی شوناسی نەتەوەیی تاكەكانی ئەو كۆمەڵگا نەتەوەییە دیاری دەكات. (یوسفی، ١٣٨٠، ١٨) شوناسی نەتەوەیی لە بنەڕەتدا فرەڕەهەندە. هەرگیز ناتوانرێت شوناسی نەتەوەیی لە توخمێكی ناوازە یان پۆلینبەندییەكی تایبەت نەتەوەییدا سنووردار بكرێت و هەروەها مەحاڵە ئەم چەمكە بە خێرایی و ئاسانی و لە ڕێگای داتاشینی ئامرازی دەستكرد لەناو خەڵكدا بچێنرێت. لەسەر ئەم بنەمایە پێناسەیەكی لەو شێوەیە بۆ شوناسی نەتەوەیی، لە چەمكی دەوڵەت جیای دەكاتەوە. دەوڵەت تەنها ئاماژەیە بۆ دامەزراوە گشتیەكان (جیاواز لە دامەزراوە كۆمەڵایەتیەكانی دیكە) كە قۆرخكاری دەرهێنانی سەرچاوە و بەكارهێنانی هێزی زۆرەملێیان لە هەرێمێكی دیاریكراودا هەیە. بەڵام نەتەوە، باس لە پەیوەندی فەرهەنگی و سیاسی دەكات، كە دەبێتە هۆی یەكگرتنی كۆمەڵگەی سیاسی، كە هەموو خەڵكی كۆمەڵگەیەكی لەو جۆرە خاوەنی نیشتمان و كەلتوورێكی مێژوویی هاوبەشن. شیاوی ئاماژەیە كە لە نێوان ئەم دوو چەمكەدا، تا ڕادەیەك لێكچوون و یەكتراپۆشین هەیە، چوونكە هەردووكیان گرنگی بە هەرێمێكی مێژوویی، و لە حكوومەتە دیموكراسیەكاندا، بە سەروەری گەل دەدەن (اسمیت، ١٩٩١، ١٤-١٥). هەندێك لە بیرمەندان شوناسی نەتەوەیی وەك تێپەڕاندنی شوناسە نەریتییەكانی وەكوو: ئایین، ئێتنیك، عەشیرە بۆ شوناسە گشتگرەكان، پێناسە دەكەن (رجایی، ١٣٨٢، ١٢). لەسەر ئەم بنەمایە، شوناسی نەتەوەیی شوناسێكە كە تاكەكان لەباتی ئەوەیكە خۆیان بەپێی پێبەندبوونە ئێتنیكی-

1. Anthony Smith

٢. بۆ زانیاری زیاتر ئەم سەرچاوە ببینن:
Eric Hobsbawim (2012), Nations and Nationalism Since 1780, Cambridge University Press, p. 137; A. Smit (2013), Theories of Nationalism, London: Gellner, A (2006), Nation and Nationalism, Oxford

عەشیرەییەکان پێناسە بکەن، بەپێی پێبەندبوون بە نەتەوەیەکی تایبەت بە جوگرافیا و سیستەمی دەسەڵاتداری و حکوومەتی دیاریکراو، پێناسە دەکەن.

لەگەڵ گەشەکردنی ناسیۆنالیزم و دەسپێکردنی قەرقەشە سیاسی-ئابوورییەکانی پاش شۆڕشی پیشەسازی لەسەر ڕکابەرییە ئەمپریالیستی-داگیرکارییەکان، هەستەکانی بەشێکبوون لە نیشتمان و دەوڵەتی تایبەتیش بەرەو هەڵکشان چوون. سیستەمی وێستفالیش[1] پاش جێگرکردنی سیستەمی دەوڵەت-نەتەوە، یارمەتیدەرێکی گەورە بوو بۆ پتەوبوونەوەی شوناسی نەتەوەیی. بەڵام بەم حاڵەشەوە ناتوانین بڵێین کە شوناسی نەتەوەیی، واتە هەستی بەشێکبوون لە وڵاتێکی گەورەتری خاوەن دەوڵەتێکی تایبەت، دیاردەیەکی ڕەهای سەردەمی نوێ بێت.

شوناسی نەتەوەیی و هەستی پێبەندبوون و بەشێکبوون لەو شوناسە دەگەڕێتەوە بۆ دوو شت: ١. هەبوونی یەکەیەکی نیشتمانی ناسراو؛ ٢. دەوڵەت یان سیستەمێکی سیاسی کە ڕێبەرایەتی ئەم یەکەیەی لە ئەستۆدایە. ئەو کاتەی کە ئەم دوو پارچە لە کۆمەڵگایەکدا هەبن و بە جۆرێک لە نێوان خۆ و غەیردا سنوورێک دانێن، شوناسی نەتەوەییش ساز دەبێت. چونکە لە بنەڕەتدا وەها دیاردەیەک لە ڕابردوودا، لە ڕۆژئاوا کەمتر بەرچاو دەکەوێ و ڕێکخراوە سیاسییە سەرۆک هۆزییەکان وەک ئیمپەراتۆری و یان حکوومەتە ئایینییەکان کۆنترۆڵی ئەو ناوچانەیان بەدەستەوە بووە، شوناسەکان لایەنی ئایینییان هەبوو و ئەویدیسازیش هەر لەسەر ئەم بنەمایە ڕووی دەدا، واتە خاچپەرست لە بەرامبەر ناموسڵمان یان کاتۆلیک لە بەرامبەر ناپرۆتێستان. بەم جۆرە هەبوونی شوناسی نەتەوەیی بە شێوازی ئەمڕۆ لە ڕابردووی ئەورووپادا نەدەبینرا، کە ئەوڕۆ زۆرێک لە ئەزموونەکانی بە شێوەی نەخوازراو لەسەر هەمووی جیهان دەگشتێننەوە. ئەم خاڵە بە تایبەت لەسەر پرسی «بەردەوامبوون» و «دابڕان» گرنگ دەبێتەوە، چونکە لەگەڵ هەڵوەشانەوەی ئیمپەراتۆرییەکان یان حکوومەتە سەرتاسەرییە ئایینییەکان و سەرهەڵدانی یەکە سیاسییە چکۆلەکان لە هەناوییانەوە، هەستی وەفاداری پێیان بەرەبەرە لەناو دەچێت و جێگای خۆی دەداتە هەستی وەفاداربوون بەرامبەر یەکەی سیاسی نوێ، واتە دەوڵەت بە نەتەوە (احمدی، ١٣٩٠، ٦٥). ئێرنێست ڕنانی[2] فەڕەنسەییش بۆ نەتەوە دوو تایبەتمەندی هەبوونی میراتی کەلتووری هاوبەش و کۆدەنگیی سەردەم بە پێویست دەزانێت:




بەڵام ئەگەر «دابڕان» ڕوو نەدات و تەنیا پرسی چکۆلە و گەورەبوونەوەی یەکە سیاسییەکان

---

1. Westphalian sovereignty
2. Ernest Renan

-چ لە شێوازی ئیمپەراتۆری یان بە شێوازی چکۆلەتر- لەئارادا بێت، هەستی بەشێکبوون لەوان و وەفاداربوون پێیان دەمێنێتەوە. بەم جۆرە لە مێژووی مرۆڤدا دەتوانین دوو جۆر شوناس دەستنیشان بکەین: یەکێک شوناسە نەتەوەییە مودێرنەکان، واتە هەستی بەشێکبوون لە دەوڵەتە مودێرنەکان کە لە سەدەکانی پازدەی زایینی بەدواوە لە گۆڕەپانی ئەورووپا و دواتر لە شوێنەکانی دیکەی جیهان سەریان هەڵداوە، و ئەوی دیکە شوناسی نەتەوەیی پێش مودێرن، واتە هەستی بەشێکبوون و وەفاداری بە یەکە سیاسییەکان و نیشتمانە کۆنەکان کە لە سەردەمانی ڕابردووەوە بوونیان هەبووە و بەردەوام ماونەتەوە و ئەمڕۆیش هەر بەو ناوە بوونیان هەیە.

توخمە پێکهێنەرەکانی نەتەوە لە دوو گرووپی سەرەکیدا پێک دێن: گرووپی یەکەم بریتیە لە توخمە زەینییەکان و گرووپی دووهەم بریتی لە توخمە نازەینییەکان. توخمە نیشتمانییەکان دەکەونە ڕیزی گرووپی یەکەم و توخمە ئوستوورەییەکان، یادەوەرییەکان، باوەڕەکان و کەلتوورەکان دەکەونە ڕیزی گرووپی دووهەم. هەروەها دەتوانین بۆ نەتەوە دوو تایبەتمەندی و لایەنی سەرەکی هەژمار بکەین: یەکەم لایەنی ئێتنیکی-کەلتووری و ئەوەیکە نەتەوە لەسەر بنەمای بانگەشەی ڕیشە و ڕەگی هاوبەشیی ئەجدادی، ئەندامەکانی بەردەوام دەبێت، و دووهەم لایەنی مەدەنی کە لەسەر ئەو بنەمایە ڕاوەستاوە کە ئەندامانی نەتەوە هەڤبەندی و بەڵێنی هاوبەشیان هەیە (علمداری، ١٣٨٣، ٢٧ بۆ ٣٠). لەم بوارەدا، ئەحمەد ئەشرەف چەند هۆکار بۆ پێکهاتنی شوناسی نەتەوەیی ئاماژە پێ دەدات (اشرف، ١٣٧٨، ١٣٩ و ١٤٠):

هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شوناسی نەتەوەیی لە ڕوانگەی ئەشرەفەوە:

- دامەزرانی بنکەی ئیمپەراتۆرییە کۆنەکان
- ئایینە جیهانییەکان
- زمان و ئەدەبییاتی هاوبەش
- هۆکارەکانی دیکەی بەرهەمی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی شارەکان؛ پۆل و هاوپیشە شارییەکان، گرووپەکانی گەنجان، دەروێشەکان و تاقمە سۆفییەکان؛ دەستاییننییەکان و گەڕەکە شارییەکان.

وێڕای لێکچوون و جیاوازییەکانی پێناسەی شوناسی نەتەوەیی لە ڕوانگەی تیۆریدانەرانەوە، دەتوانین پارچە بنەڕەتییەکانی شوناسی نەتەوەیی وەک ئەو شرۆڤەی لە درێژەدا هاتۆتەوە ببینین:

١. یەک نیشتمانی مێژوویی واتە وەتەن؛ ٢. ئوستوورە مێژووییەکان و بیرەوەرییە مێژووییە هاوبەشەکان؛ ٣. کەلتووری گشتی کۆمەڵە هاوبەشەکان؛ ٤. دامەزراوە سیاسییەکانی بەڕێوەبەری نیشتمانی ئاماژەپێکراو واتە دەوڵەت؛ ٥. ماف و ئەرکە هاوبەشەکان بۆ هەمووی ئەندامان؛ ٦. ئابووری هاوبەش و چالاکی نیشتمانی بۆ ئەندامان.

لە خشتەی خوارەوەدا، ڕوانگەی چەندین توێژەر و خاوەنڕای ئێرانی سەبارەت بە ئاست و پێکهێنەرەکانی شوناسی نەتەوەیی و هۆی سەرەکیی، بە شێوازی دابەشکراو و بە گوێرەی بوار

توێژینەوەیی ئەم پسپۆڕانە سەبارەت بە شوناسی ئێتنیکی و نەتەوەیی لە ئێراندا هاتووە و ڕێنوێنێکی شیاوە بۆ ئاشنابوون لە گەڵ بۆچوونی لێکۆڵەرانی ئێرانی لەسەر بنەماکانی شوناسی نەتەوەیی.

| نووسەر | ئاستەکان و پارچە پێکهێنەرەکانی شوناسی نەتەوەیی | هۆکاری جەخت لەسەرکراو |
|---|---|---|
| شەیخاوەندی | - هاوولاتیبوون<br>- هاوکاتیبوون(کاتژمێر و ڕۆژژمێری هاوبەش)<br>- ئاڵا و سروودی نیشتمانی<br>- هاوزمانبوون<br>- هاوئایینبوون<br>- هاودەوڵەتیبوون و هاوڕیاسایی<br>- یەک دراو و پارە (یەکگەرایی ئابووری)<br>- ناسنامەی یەکسانی شارومەندان<br>- یەکگرتووبوونی پێوەرەکانی ئەندازەگرتن | هۆکارە پێکهێنەرەکانی هاودەنگی |
| ڕەواسانی | - توخمە ئایینییەکان<br>- توخمە مێژووییەکان<br>- توخمە چینایەتییەکان | ڕەهەندی ئابووری و کەلتووری |
| ئەفرووغ | - ئاستی جیهانبینی و ئایدۆلۆژیا<br>- بەها و بایەخەکان<br>- ئاستی نۆرمەکان<br>- ئاستی هێماکان | ئاستی جیهانبینی و ئایدۆلۆژیا و سیمبۆلیک |
| نادرپوور | - پەیوەندە نیشتمانییەکان<br>- پەیوەندە خوێنییەکان<br>- پەیوەندە کەلتوورییەکان | زمان |

خشتەی ژمارەی ٢-٢: ڕوانگەی چەند نووسەری ئێرانی لەسەر شوناسی نەتەوەیی (رشیدی، ١٣٩٤)

بە گشتی شوناسی نەتەوەیی بریتییە لە تێگەیشتنی نەتەوەیەک لە چییەتی و کێیەتی خۆی بەرامبەر گەلانی دیکە، تاکوو لەو ڕێگایەوە، خۆی لە کەسانی دیکە بناسێتەوە و بەرامبەر بە دارییەکانی خۆی هەستی ئینتیما و خاوەندارێتی بێت. ئەم تێگەیشتنە گشتییە، جەوهەری زۆربەی ئەو پێناسانەیە کە بۆ ئەم چەمکە کراوە (گودرزی، ١٣٨٧، ٢٧ -٢٨).

لێکئاڵابوون و پەیوەندیی دیالیکتیی چەمکەکانی شوناسی نەتەوەیی و شوناسی ئێتنیکی وەک دوو چەمکی تەوەریی توێژینەوە ئێتنیکناسی و نەتەوەناسییەکان، دۆخێکی ڕەخساندووە تاکوو لە سێبەری تێڕوانینە فرەچەشن و جیاوازەکاندا، بارستاییەکی بەربڵاو لە ئەدەبیاتی پڕئاڵنگاریی

چەمکی و تیۆری سەبارەت بە پەیوەندیی ئەم دوو چەمکە و شیکاری و ڕوونکردنەوەی بنەما و شێوازە جۆراوجۆرەکانی بەدی بێت. لەو ڕووەوە کە شوناس دیاردەیەکە کە لە بەستێنی پێکهاتە و ڕەوتی کۆمەڵایەتیدا چێ دەبێت، ئاخێزگەی سەرەکی ڕوانگە جیاوازەکان سەبارەت بە شوناسی ئێتنیکی و نەتەوەیی، بۆ ڕەوتی مێژوویی سەرهەڵدانی ئێتنیکی و نەتەوەیی و ئەزموونی سیاسی و کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر دەگەڕێتەوە، کە بیرمەندانی ئەم بوارە لەو بابەتانە کۆڵیونەتەوە و دەرنجامی توێژینەوەکانیان لە قاڵبی پیناسە چەمکی و تیۆرییەکاندا خستۆتە بەردەست.

گرنگترین هێڵی جیاوازیی چەمکی شوناسی ئێتنیکی و شوناسی نەتەوەیی بۆ ڕەهەندی مێژوویی و ئاخێزگەکەیان دەگەڕێتەوە. بە ڕای زۆربەی توێژەران شوناسی ئێتنیکی جەوهەرێکی مێژوویی و کۆنی هەیە کە پێشینەی بۆ سەردەمی پێش‌مودێرن دەگەڕێتەوە و زۆرتر هەڵگری تایبەتمەندیی کەلتورییە. شوناسی ئێتنیکی پێویستی بە سنوورێکی واتاییە کە بەو پێیە ئەندامانی گرووپی ئێتنیکی وشیارانە خۆیان لە گرووپی دیکە جیاواز دەبینن. ئەم ئاگایی و وشیارییە لە دەوری میراتی کەلتووری، بایەخ و بەهاکان و وێناکان دروست دەبێت و هەستی پابەندبوون و ئینتیما چێ دەکات. سەرچاوەی بەها و هۆگرایەتییە ئێتنیکییەکان زیاتر هێماکانی وەک: زمان، ئایین، دابونەریت، ڕێوڕەسم و شانازییە کولتووریەکانن کە لە مۆدیل و پێوەری ستانداردی پێوانەکردنی شوناسی ئێتنیکیدا (MEIM)[1] بە کار هێنراون و متمانە و جێگرییەکی بەرزیان هەیە (Umana، 2004، 12). بەڵام شوناسی نەتەوەیی، بێجگە لە چەند نموونەیەکی ئاوارتەی ناسراو بە «نەتەوە مێژووییەکان»[2]، شوناسێکی داهێنراو و نوێ ئەژمار دەکرێت کە سەرهەڵدانی لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا بۆ پێداویستیی دامەزراندنی دەولەت - نەتەوەکانی سەردەمی نوێ دەگەڕێتەوە. بە تایبەت لە وڵاتانی خاوەن شوناسی ئێتنیکی، ڕەگەزی و ئایینی فرەچەشن، شوناسی نەتەوەیی زیاتر ڕێککەوتنێکی کۆدەنگیانەس بە ئامانجی کارکردی بە مەبەستی ئافراندنی شێوازێکی نوێ لە یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و یەکپارچەیی نەتەوەیی لەسەر بنەمای کۆمەڵێک لە ماف و ئەرکی کەسی و کۆمەڵایەتی.

لەم ڕوانگەیەوە شوناسی نەتەوەیی تەنها لایەنێکی سروشتی نییە، بەڵکو شتێکی دەستکردە کە بە درێژایی مێژوو لە ڕێگەی گێڕانەوەوە دروست دەبێت و پاشان دەبێتە یادەوەرییەکی بەکۆمەل و پاشانیش جێگیر دەبێت. ئەم پرۆسەیە لە چەقێکی ناوەندیی ئێتنیکییەوە بەرفراوان دەبێت و بە یارمەتیی هێزی خەیاڵ و پرۆسەی گشتاندن، لە شێوازی نەتەوەیەکدا سەقامگیر دەبێ و دواتر فۆرمی شوناسێکی یەکگرتوو و تۆکمە دەگرێت. لە قۆناغی دواییدا، بە یارمەتیی میکانیزمی ئەویدیسازی، جیاوازی لە نێوان خۆی و ئەوانی تردا دادەنێت و لە سیمای خودێکی نوێ یان خودێکی بەکۆمەڵ، لە گەڵ ژینگەی دەوروبەریدا سنووربەندی دروست دەکات. بەم شێوەیە، پرۆسەی چێکردن و درێژەدان بە شوناسی نەتەوەیی تێپەڕ دەبێت. نەریت، مێژوو، زمان، ئایین، دامەزراوە سیاسی-

1. Multi Group Ethnic Identity Measure(MEIM)
2. historic nations

ئابوورییەکان و هۆکارە ژینگەیی و جوگرافییەکان مانا بە ناسنامەی نەتەوەیی دەبەخشن و گێڕانەوەکان ئـەم کۆمەڵەیـە بەیەکەوە دەبەستنەوە. بۆیـە شوناسـی نەتەوەیی لەم کـردار و کاردانەوەیانـەوە لەدایک دەبێـت و تـا ئـەو هۆکارانـە یەکگرتـوو بـن، شوناسـی نەتەوەیـی وەک بابەتێکـی شـیکاری، گرنگیـی خـۆی دەپارێزێـت (احمـدی، ١٣٨٣، ٢٦). بێگومان لەم بازنەی پێناسـەیەدا، شـێوەی تـری پێوەندیی شوناسـی ئێتنیکـی و نەتەوەیـی هەیـە. لـەو وڵاتانەی کـە پێکهاتەیەکـی ئێتنیکی وێکچو و یەکسـانیان هەیـە، شوناسـی نەتەوەیـی بەرزتریـن پلـەی گونجانـی لەگـەڵ شوناسـی ئێتنیکیـدا هەیـە، کـە ڕەگ و ڕیشـەی پتر بـۆ سـەردەمی پێـش مۆدێـرن دەگەڕێتـەوە، هەروەک سـمیت لە ڕیسـاڵەکەیدا، کە لەسـەر بنەمـای چەمکـی ئێتنیسـیتەی بـارس دامـەزراوە، جەخت دەکاتەوە کـە نەتەوەکان لـە ڕێگەی ئێتنیکە پێشترهەبووەکانـەوە (کۆمەڵگـە یـان گرووپەئێتنیکییـەکان) پێکهاتـوون. (Edensor ، ٢٠٠٢، ٨-٩).

لـە ڕوانگـەی پلەبەندیـی شوناسـەوە، شوناسـی ئێتنیکـی ئاسـتێکی نـزمتری لە شوناسـی نەتەوەیی هەیـە و ئێتنیسـیتە یـەک لـە شوناسـە کۆمەڵایەتییـە مودێڕنەکانـە کـە ژێرتاقمـی شوناسـی نەتەوەییـە و شوناسـی نەتەوەیـی گشـتگرترین و بەربڵاوتریـن شوناسـی کۆمەڵایەتییـە و بریتییـە لـە کۆمەڵـەی تایبەتمەندییـەکان، دڵگراوییـەکان و پێوەندییـە جوگرافیایـی، مێژوویـی، کەلتـووری، حەماسـی و ئێتنیکییـەکان، کـە هەڵگـری ژیانـی مرۆڤـن و ئەندامانـی کۆمەڵـگا شانازییان پێـوە دەکـەن. لـە ڕاسـتیدا شوناسـی نەتەوەیـی کۆمەڵێـک ئاسـەوار و تایبەتمەندییـە کە دەبێتـە هۆی جیـاوازی کۆمەڵگا نەتەوەییـەکان لـە یەکـدی.

- **جیهانگیری و شوناسی ئێتنیکی**

توێژەرانـی زانسـتە کۆمەڵایەتییەکان لە سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەمی زایینیدا، شوناسـخوازییە نەژادی، ئێتنیکی و زمانییەکانیان زیاتر وەک جۆرێک پاشقەچوون، کشانەوە و بەلاڕێداچوونی مێژوویی دەستنیشـان دەکـرد کـە لـە بەرامبـەر کۆمۆنیزمـدا چـۆک دادەدات و لەنـاو دەچێ یان لـە چوارچێوەی ڕێکخراوە لیبڕاڵ دیموکراتەکاندا دەتوێتەوە، شـوناس وەک ئاسـەوار و پاشماوەی قۆناغە سەرەتاییەکانی گۆڕانـکاری کۆمەڵـگای مرۆڤایەتـی سـەیر دەکرا کە دێـر یان زوو لەنـاو دەچێت (گل‌محمـدی، ١٣٨٦) و وایـان بیـر دەکـردەوە کـە لەگـەڵ پەرەسـەندنی سیسـتەمی سـەرمایەداری، دامەزرانـی دوڵەتـە نەتەوەییـەکان، زیادکردنـی ئاسـتی پەیوەنـدی و زانیارییـەکان، گەشـەکردنی شارنشـینی، زیادکردنی ئاسـتی خوێنـدەواری و پرۆسـەی جڤاکخوازێتـی، شوناسـخوازییە ئێتنیکییـەکان دەچنـە ئەرشـیڤی مێـژوو. ئـەم ڕوانگەیـە پـاش ئاراسـتەکردنی تیۆرییەکانـی جیهانگیـری، پاڵپشـتی هزریـی بەهێزتریـان بـۆ هاتـە ئـاراوە. واوێدەچـوو کـە پرۆسـەی جیهانگیـری، بەتایبـەت جیهانگیریـی کەلتـوور، دامـەزران و دەسـەڵاتی یـەک کەلتوور لەسـەر جیهانـی لێ دەکەوێتەوە و کەلتـووره خۆماڵییەکان و شـێوازی ژیانی گچکەکەلتـوورە ئێتنیکییـەکان و تەنانـەت زمانیشـیان لەبیـر دەچێتـەوە (توحیدفـام، ١٣٨٢) بـە پێـی ئـەم ڕووانگـە کـە بـە «گشـتیگەرایی» نـاوی لـێ دەبـەن، جیهانگیـری بۆتـە هـۆی زیادبوونـی مەیلـی

مرۆڤـەکان بـۆ جیهان‌وەتەنـی. لەگـەڵ گەشـەکردنی جیهان‌وەتەنـی، چیدی جێگـە و پێگەیەکی ئەوتۆ بـۆ ئێتنیکگەرایـی نەماوەتـەوە (شـولن، ١٣٨٢، ٢٠١). بـەڵام گرووپێکـی دیکـە لەسـەر ئـەو بـاوەڕەن کـە جیهانگیـری نـەک نابێتـە هـۆی لەناوچوونـی ئێتنیکییەتـەکان، بەڵکـوو بـەو ئامـرازەی دەیخاتـە بەردەسـتیان، گەشـەکردنی وشـیاریی ئێتنیکیـی لـێ دەکەوێتـەوە و ئەنجامـی دەبێتـە بەهێزکردنـی بزووتنـەوە ئێتنیکییـەکان. هەر بـەم بۆنەوە بۆ تاوتوێکردنی کاریگەریـی جیهانگیری دەبێ پێکهاتەکانی شوناسـی ئێتنیکـی تاوتـوێ بکرێن. لـەم ڕوانگەدا، کـە دەتوانرێت بـە «تایبەت‌گەرایی» نـاوی بهێنرێت، ڕەوتـی جیهانگیـری بـە واتـای لەبیرکردنـی کەلتـووره خۆماڵـی و جیهانگیـری و ناوچەییـەکان نییـە، بەڵکـوو جیهانگیـری دەبێتـە هـۆی سـەرهەڵدانی چوارچێوەکانـی شوناسـە بەکۆمەڵـە نانەتەوەییـەکان کـە گرنگترینیـان شوناسـە ئێتنیکییەکانـن. لە ڕاسـتیدا کۆمەڵـگای جیهانـی کاتێک هاتۆتە هـەزارەی سـێهەم کـە شوناسـە ئێتنیکـی، نـەژادی و زمانییەکان دووهێنـدە گرنگتر بوونەتـەوە و بوێرانـە دەتوانین بڵێیـن کـە زۆرینـەی وڵاتانی جیهان کێشـەی بزووتنـەوە و ناکۆکییە ئێتنیکییەکانیـان تێدایە (احمدی، ١٣٩٧، ٦٥). ئـەوڕۆ لـە جیهانـدا ٨٠٠٠ ئێتنیـک بـە ٦٧٠٠ زمانـی جۆراوجـۆرەوە دەژیـن. بـەڵام تەنیا ١٩٢ دەوڵـەت ئەندامـی ڕێکخـراوەی نەتـەوە یەکگرتووەکانـن (خوبـروی پـاک، ١٣٨٠).

هەرچەنـد سـەبارەت بـە دەرئەنجامـە کەلتـووری و سیاسـی-کۆمەڵایەتییەکانی جیهانگیـری هیـچ کۆدەنگییـەک نییـە، بـەڵام پەیڕەوانـی هـەر دوو تیـۆری گشـت‌گەرایی و تایبەت‌گەرایـی لـەم بابەتـەدا یەکدەنگن کە جیهانگیری لەلایەن گیدنزەوە وەک پرۆسەیەکی پاڵەپەستۆی کات و فەزا لێکدەدرێتەوە (گیدنـز، ١٣٧٧: ١٥)، کـە ئەگەرێکـی نوێی لە بواری پەیوەندیی ڕاسـتەقینە و مەجازیدا دابین کردووە و ئاسـتی وشیاری و چاوەڕوانیـی گرووپـە جیاوازەکانە بە ئێتنیکەکانیشـەوە بـەرز کردووەتەوە.

بیرۆکەکانـی کاسـتێلز یـەک لـە ناسراوتریـن ڕوانگەکانـە سـەبارەت بـە جیهانگیـری و شـوناس، کە لـە گۆشـەنیگایەکی چەنـد ڕەهەندییـەوە، بێجگـە لـە کاریگەرییـە هاودژەکانـی پێـواژۆی جیهانگیـری، پێوەندییەکانـی هێـز و پێکهاتـەی شـوناس شـی دەکاتـەوە. کاسـتێلز[1] سـەرەڕای بـڕوای بـە پرۆسـەی ناکۆکـی جیهانگیـری و کاریگـەری ئـەم پرۆسـە لەسـەر شوناسـەکان دەڵێـت کـە جیهانگیـری لـە هەمـان کاتـدا کـە لـە ڕێـگای میدیـا ئەلکترۆنیکییەکانـەوە دەبێتـە هـۆی خێرابوونـی ڕەوتـی پێکهاتنـی شوناسـی جیهان‌وەتەنـی، بۆتـە هـۆی پێکهاتنی شوناسـە ناوچەییـەکان لە چوارچێـوەی بونیادخوازی و تایبەتخوازیـی ئێتنیکی، ئایینی و هتددا. کاسـتێلز «شـوناس» وەک سـەرچاوگە و ڕێکخـەری واتا ئاماژە پـێ دەدات. لـە ڕوانگەی ناوبراوەوە، هەڵسـازرانی هەمووی شوناسـەکان پرسـی سـەرەکی نییە، بەڵکوو پرسـی سـەرەکی ئەوەیـە کـە چـۆن، لـە چ شـتێک، لـە ڕێـگای چ کەسـێکەوە، و بـە چ مەبەسـتێک ئـەم هەڵسـازرانە جێبەجـێ دەبێـت. بە بۆچوونی کاسـتێلز، شـوناس بـەردەوام لە بەسـتێنی پێوەندییەکانی

1. Manuel Castells

دەسەڵاتدا هەڵدەسازرێت و سێ جۆری جیاوازی هەیە: «شەرعییەت بەخش»[1]، «خۆڕاگر»[2]، «پلاندار»[3]. گریمانەی کاستێلز بەو جۆرەیە کە شوناس و واتای شوناس دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەیکە لە ڕێگای کام یەک لە جۆرە ئاماژە پێکراوەکانەوە هەڵدەسازرێت. بە بۆچوونی کاستێلز، شوناسە شەرعییەت بەخشەکان لە لایەن بنکە و دامەزراوە زاڵەکانی کۆمەڵگاوە بە مەبەستی گەشەپێدانی دەسەڵاتیان و عەقڵانیکردنی ئەو دەسەڵاتە ساز دەبن. دیارە کە وەها شوناسێک دەبێتە هۆی پێکهاتنی «کۆمەڵگای مەدەنی»[4]. ئەم جۆرە شوناسانە بنکەکانی دەسەڵات ڕەوا و ڕێپێدراو دەنوێنن و یارمەتی زاڵبوونی بەردەوامیان دەدەن. ئەم جۆرە شوناسانە هەڵسازراوی کەسان یان ئەو گرووپانەن کە بەرژەوەندی و دۆخیان گرێدراوە بە بەردەوامبوونی بنکەکانی دەسەڵاتەوە. جۆری دووهەمی شوناسەکان کە کاستێلز ڕوونی دەکاتەوە «شوناسەکانی خۆڕاگری»یە کە لە لایەن ئەو چالاکوانانەوە ساز دەبێت کە بەرەنگاری دامەزراوە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگا دەبنەوە و لە دامەزراوە زاڵەکان و پێوەندییەکانی دەسەڵاتدا بەشداری ناکەن. شوناسە سازکراوەکانی ئەم گرووپە وەک مەتەرێزی بەرخۆدان و مانەوەیە لە بەرامبەر دەسەڵاتدا. ئەم شوناسانە لە لایەن دەسەڵاتەوە بێ بایەخ و ناڕەوا هەژمار دەکرێن ئەگەرچی ڕەنگە ببنە بانگەشەکار بۆ هەندێ پلان و بەرنامە و یان لە درێژەی مێژوو و گۆڕانی گوتاردا لە لایەن بنکەی دەسەڵاتەوە ڕێککەوتنیان لەسەر بکرێ. ئەنجامی ئەم شوناسانە سازبوونی کۆمەڵگا ئێتنیکییەکان و دابەشکارییە چینایەتییەکانە. کاستێلز نەتەوەخوازیی ئێتنیکی و بونیادگەرا[5] وەک جۆرێک لەم شوناسە هەژمار دەکات. سێهەمین جۆری شوناس کە کاستێلز باسی لێوە دەکات شوناسە پلاندارەکانە. ناوبراو کاتی دەرکەوتنی ئەم جۆرە شوناسانە بە کاتێک دەبینێ کە چالاکوانانی کۆمەڵایەتی، بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو ئامراز و کەرەستە کەلتوورییەکانی بەردەستیان، شوناسێکی نوێ ساز دەکەن کە دۆخی ئەوان لە کۆمەڵگادا سەرلەنوێ پێناسە دەکاتەوە و لەم ڕێگایەوە بە دوای گۆڕینی شێوازی پێکهاتەی کۆمەڵایەتین. دەرەنجامی ئەم جۆرە شوناسە سازبوونی سۆبژەیە[6] (کاستلز، ١٣٨٥، ٢٢-٢٧).

- **میدیا، جیهانی مەجازی و شوناسی ئێتنیکی**

ئەمڕۆ جیهانی ڕاستەقینە لەگەڵ جیهانی مەجازی ئەوەندە تێک ئالاون کە جوداکردنەوەیان زۆر ئەستەمە. کات واتای شوێنمەندی ڕابردووی نەماوە. کەلتوورەکان زۆر تێک ئالاون و پەتیبوونی شوێنی و کاتیی ڕابردوویان نەماوە. بۆیە ئاساییە کە شوناس لە بەندی شوێن-کات و کەلتووری

---

1. Legitimizing
2. Resistance
3. Project
4. Society civil
5. Fundamentalism
6. Subject

شوێنمەند و کاتمەند لە ئاقاری نوێدا تووشی قەیران بێت (Praprotnik, 2004, 37).

دوایین شەپۆلی مزگێنیدەرانی لەناوچوونی ئێتنیسیتە، لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە و هاوکات لەگەڵ گەشەکردنی ئەندێشە و پرۆسەی جیهانگیری سەریان هەڵدا. زۆرێک جیهانگیرییان وەک پرۆسەیەکی یەکپارچەکەرەوە و یەکسانکەر دەبینی کە خێرا جیاوازییەکان بە ڕابردوو دەسپێرێت و لە جێگای ئێتنیسیتە چەمکی وەک شوناسی جیهانی، مرۆڤی جیهانی، هاوولاتیی جیهانی، مرۆڤی جیهان وەتەن و جیهانی بێ سنوور دادەنێت. بەڵام زۆری پێ نەچوو کە دەرکەوت کە ئاسیمیلاسیۆنی جیهانگەری پرۆسەیەکی سەرکوتکاریشە و بۆیە چەمکی وەک بزووتنەوەکانی یەکگرتن، شوناسی بەرخۆدان، کەلتووری بەرخۆدان، دانانی ئێتنیسیتە وەک تەوەر، ناوچەگەرایی، خۆماڵیگەرایی و هتد سەریان هەڵدا کە نیشانەی بەردەوامبوونی خواست و دڵگراوییەکانی پێش سەردەمی جیهانگیرین و وەک دژ و قەڵغانی باوەڕەکانی خەڵکی سەرکوتکراو لە دۆخی لووتکەی جیهانگیری بوون، هەلومەرجێک کە تیایدا جیهان و ژیانی ئێمە بە دەستی ڕەوتە دژبەرەکانی جیهانگیری و شوناسەوە لە قاڵب دەدرێت (کاستلز، ١٣٨٩، ١٧). بەم شێوازە، ئێتنیسیتە و شوناسدۆزینەوەی ئێتنیکی وێڕای ئەوەی کە لەو چوار شەپۆلەی وا گومان دەچوو مزگێنی کۆتاییهاتنیان ڕابگەیێنن تێپەڕیون، ئەمڕۆ خۆیان لە فەزای میدیایی و دنیای مەجازی پێوەندییە ئینتەرنێتییەکاندا وەک نوێترین و کاریگەرترین دیاردەی بەجیهانیبوو بەرهەمهێناوەتەوە. تەکنۆلۆژیای زانیاری، ئاقار و مەودای تا ڕادەیەکی زۆر لەناو بردووە. لە سەدەی یەکەمی هەزارەی داهاتوودا، ئێمە شتێک دەبینین کە ناوی «مەرگ یان لاوازبوونی مەودا»یە.

لە جیهانی ئەمڕۆدا میدیا گشتییەکان ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان هەیە لە هەڵسازرانی شوناسە کۆمەڵایەتییەکاندا. لەگەڵ جیهانیبوونی بڵاوکردنەوەی میدیایی بە زمانە جۆراوجۆرەکان و لەدەستچوونی جێگەوپێگەی پێشووی کات و شوێن، تەنانەت دەتوانین باس لە جیهانیبوونی پرۆسەی شوناسسازی بکەین. وێنە میدیاییەکان دەرفەتی زۆر بۆ ئەو هاوشێوەسازییانە دەڕەخسێنن کە بۆ پێکهاتنی شوناسی کۆمەڵایەتی پێویستن. لە لایەکی دیکەوە، وێنەیەک کە لە گرووپە ئێتنیکییەکان پیشان دەدرێت لەسەر ڕوانگەی کەسانی دیکە و پێکهاتنی بۆچوونە چوارچێوەییەکانیان لە گرووپە ئاماژەپێکراوەکاندا کاریگەری هەیە. بۆیە لە تاوتوێکردنی پێوەندییە ئێتنیکییەکاندا ئاوڕدانەوە لەسەر چۆنێتی نواندنی میدیایی لە گرووپە ئێتنیکییەکان، وەک ئەستوونێکی سیاسەتەکانی شوناس و نواندن، گرنگی زۆری دەبێت.

لەگەڵ خولقاندنی کۆمەڵگا مەجازییەکانی خاوەنی بەرژەوەندی و خواستی هاوبەش کە هەندێک وەک کۆمەڵگای هەڵبژاردن یان باڵاپۆشی حەزی و ڕابواردنی ناویان لەسەر داناوە، لە قەراخ گرێکانی پێکهاتەی بێ شوێنیی ئینتەرنێت، سنوورە فیزیکییەکانی گەڕەکەکان و سنوورە دانراوەکان بەهۆی دۆخە پیشەیی و بازرگانییەکان لەناو دەچن (صدوقی، ١٣٨٤، ١٩). ئینتەرنێت بەهۆی تایبەتمەندییە جیهانییەکان و تۆڕیبوونییەوە، سنوورەکانی بەزاندووە و هەمووی خەڵک لە

هەر شوێنێکی جیهانەوە دەتوانن بچنە سەر فەزای مەجازی، زانیاری وەبەر بهێنن کە ئەمەش بۆتە هۆی سڕینەوەی مەوداکان. لەناوچوونی مەودای مەکانی و زیادکردنی بەرچاوی توانای مرۆڤ بۆ ئاڵوگۆڕ و دانوستان لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە کە پاراستن و گەشەکردنی هاوزمانی و هاودڵیی نێوان مرۆڤەکان زیاد دەکات، پرۆسە و ئەنجامی شوناسدۆزینەوەی بەکۆمەڵی تاکەکانی گۆڕیوە و گرووپ و کۆمەڵە مەجازییەکانی دوور لەیەک بەڵام بەردەست و ڕێپێدراوی، هێناوەتە ئاراوە. چییەتی مەکان و ئاقار لە جیهانی دیجیتاڵیدا تەواو گۆڕدراوە (منتظرقائم، ١٣٨١، ٢٣١).

میدیا جڤاکییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییە مەجازییەکان، بە خوڵقاندنی دەرفەتی داماڵینی شوێن و ڕەخساندنی بواری بەشداری بۆ سەرجەم ئەندامانی گرووپ و کۆمەڵگاکان لە بەستێی تازەسەرهەڵداوی جیهانی مەجازیدا، بە دوو شێوازی گشتی کاریگەرییان لەسەر گوتارەکانی شوناسی بەکۆمەڵ هەیە. یەکەم بە سڕینەوەی ڕەهەندی شوێن-مەودا و بە شێوەیەکی ڕێژەییتر کات، هەلومەرجێکی گونجاویان بۆ بڵاوبوونەوەی گوتارە گشتی و مۆدێرنە جیهانوەتەنییەکان ڕەخساندووە، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان دژایەتی گوتارە شوناسییە بچووک و ناوچەییەکانی وەک شوناسی ئێتنیکین و لەوانەیە ببێتە هۆی لاوازکردن و پەراوێزخستنی ئەم گوتارانە. ئەم بابەتە کاتێک گرنگتر دەبێت کە هێز و دەرفەتەکانی میدیایی-مەجازی گوتاری مەزن و باڵادەستە جیهانییەکان بۆ ئەم هاوکێشانە زیاد بکەین. ئەمەش، واتە هێزی وێناکردنەوی میدیایی - مەجازی جگە لە ئاستی جیهانی-خۆجێیی (Global _ Local)، لە ئاستەکانی دیکە و لەوانەش پەیوەندیی گرووپە شوناسییەکانی ناو کۆمەڵگا و وڵاتەکاندا، دەبێتە هۆی دروستبوونی دەرفەتی نایەکسان و توانای وێناکردنەوەی نابەرامبەر، لەم ڕوانگەیەوە، یەکگرتوویی ئێتنیکی و بەهێزیی گوتاری پەیوەستە بە توانای میدیایی و مەجازیی ئێتنیکەکان. ڕەهەندێکی کاریگەری دیکەی جیهانی میدیایی-مەجازی مۆدێرن لەسەر ژیانی جەماوەریی گرووپە نەئێتنیکییەکان، کە لە پێکهێنان و پتەوکردنی ناسنامەی نەتەوەییدا ڕۆڵێکی دیار دەگێڕێت، ڕەخساندنی دەرفەتی وێناکردنەوەیە لە دەرەوەی چوارچێوە فەرمییە ڕێکخراوەیی و حکوومییەکاندا، کە تا دەیەی ڕابردوو بە شێوەیەکی قۆرخکراو لای حکوومەتەکان بوون و ئەوان وەک ئامرازێکی گرنگ و ڕەوتساز لە داڕشتنی ڕای گشتی و هەستی جەماوەری لە ململانێ لەگەڵ بزووتنەوە و چالاکییە ئێتنیکییەکاندا کەڵکیان لێ وەردەگرت، لە کاتێکدا سەردەمی نوێی زانیاری و تەکنەلۆژیا بواری بۆ کشانەوەی ئەم قۆرخکارییە لە دەستی دامودەزگا فەرمی و حکومییەکان دابین کردووە و ئامرازێکی کارامەی خستۆتە بەردەست تۆڕە ئێتنیکییەکان تا بە یارمەتیی دەرفەتەکانی گوتار و دەنگی خۆیان بڵاوبکەنەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی گوتارە ڕکابەرەکان ببنەوە، هەروەها دەرفەتێک بۆ دەرخستن و وێناکردنی خۆیان برەخسێنن. کارامەیەکی دیکەی میدیای گشتی و تۆڕە کۆمەڵایەتییە مەجازییەکان بۆ گرووپ و کۆمەڵگا ئێتنیکییە لێکدابڕاوەکان لە جوگرافییایەکی پەرتەوازەدا، یەکخستنی مەجازی و ئامادەکردنی گۆڕەپانێکی کارلێکی جەماوەرییە لە دەرەوەی جیهانی واقیع، کە بە یارمەتیی پێناسەی هابەرماس پێی دەوترێت «بواری گشتیی مەجازی».

- **فێمێنیزم و شوناسی ئێتنیکی**

لە سەردەمی جیهانگیریدا، لەگەڵ شوناسە ئێتنیکییەکاندا، بابەتی شوناسە ڕەگەزییەکانیش هاتۆنەتە ئاراوە. لە کۆمەڵگا چەندئێتنیکییەکاندا تاکەکان زیاتر دابەش دەبنە سەر دوو گرووپی ئێتنیکی و ڕەگەزیدا ن . ئەم دوو پێناسە شوناسییە لەگەڵ یەک پێوەندی دیاریکراویان دەبێ کە بە ئاسانی لە هەڵسوکەوتەکان و چاوەڕوانییەکاندا نابینرێن و ڕیزبەندی ناکرێن. شوناسە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمایی تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی و کەلتوورییان بەردی بناغەی ئەکتە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێن کە لە جێگای خۆیاندا هەڵبژاردنی ئاراستەی تاکەکان بەرامبەر کەسانی دیکە وەک ئۆبژەی کۆمەڵایەتی و ناسینەوە و دەربڕینی خۆیان وەک سۆبژە لە دانوستانیان پێکەوە و دانوستانیان لەگەڵ کەسانی دیکە دەستنیشان دەکات.

شوناسی کۆمەڵایەتی ڕەگەزێتی لە جێگای خۆی و لە هەڵسوکەوت لەگەڵ شوناسە چەندلایەنیەکانی تاکەکاندا، لەدووبارە پێناسەکردن و جیاوازییاندا کاریگەری دەبێت. شوناس و پێوەندییە ڕەگەزییە ئێتنیکی و چینایەتییەکان لە سنووربەندی بواری گشتی و تایبەتیدا لە نێو کۆمەڵگا کاریگەری دادەنێن. ئەگەرچی دیاریکردنی سنوورەکانی بواری تایبەتی و گشتی پتر لەژێر کاریگەری ڕەگەزدایە، بەڵام ڕەگەز سەربەخۆ و جودا لە دیکەی هۆکارەکان ئیش ناکات. لە وڵاتانی فرەئێتنیکی وەک ئێراندا، بەهۆی پێکهاتەی باوکسالارانەی مێژوویی، هەڵاواردنی ڕەگەزی هۆکارێکی کاریگەرە لە هەمووی بوارە کۆمەڵایەتی، کەلتووری، سیاسی و ئابووریدا و لە هەموو بوارە ئاماژەپێکراوەکاندا جیاوازیی بەرچاو لە نێوان دوو ڕەگەز دەبینرێت. لەم دۆخەدا، شوناسی ڕەگەزیی ژنانە ڕەنگە لە ناوەوەی بواری تایبەتیدا بە شێوازێکی چالاک بەڵام نادیار ئیش بکات و لە پێکهاتنی هەندێ ڕوانگە وەک شوناسی ئێتنیکی دەور بگێرێت (قانعی‌راد و همکاران، ١٣٨٦).

کاروالهۆ و هاوکارانی، لە وتارێکدا کە لە سیمیناری ئەنجومەنی نێودەوڵەتی کۆمەڵناسیی ئەمریکا ئاراستەیان کردووە ڕەگەزیان وەک هۆکارێکی گرنگ بۆ پێکهێنانی ئەزموونی جەماوەری تاوتوێ کردووە. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ڕەگەز لە حوکمی یەک لە ڕەهەندە سەرەکییەکانی وەبەرهێنانی ئەزموونی جیاواز، ئەنجامی دەبێتە سازبوون و سەرهەڵدانی سۆبژە و ئەکتە بەکۆمەڵەکان. هەروەها ئەم ڕوانگەیان ئاراستە کردووە کە سۆبژە بەکۆمەڵەکان بەرهەمی زەبەندبوونی دۆخەکانن نەک تەنیا چینی کۆمەڵایەتی، و پیشان دەدەن کە شوناسە بەکۆمەڵەکان گرێ دراون بە ئەزموونی پێکەوەلکێنراو (وەک بابەتێک کە ئامرازگەرایان لە دەستێوەردانی هێما ئێتنیکییەکاندا ئاراستەی دەکەن). ڕەگەز یەک لەو ڕەهەندانەیە کە لەگەڵ تەمەن، ئێتنیسیتە و چینی کۆمەڵایەتی شێواز و ڕواڵەت دەبەخشێتە ئەم ئەزموونە کۆمەڵایەتییە. (Carvalho, 1994).

لە هەندێ لە لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە ڕەگەز و ئێتنیسیتە، بەهۆی هەبوونی هەندێ ڕوانگەی تایبەت لە نێو گرووپە ئێتنیکییەکاندا، نایەکسانی ژنان بۆتە ناوەندی سەرنج و ئاوڕدانەوە. ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە زیاتر لەوەیکە لەسەر پرسی ڕۆڵی ڕەگەز بۆ زیندووکردنەوەی شوناسی

ئێتنیکی بپەرژێنەوە، نایەکسانییە ڕەگەزییەکان بەپێی دۆخی کەلتووریی گرووپی ئێتنیکی شرۆڤە دەکەن. بەشێکی دیکە لە لێکۆڵینەوەکانی سەر ڕەگەز و ئێتنیسیتە ئەم دوو گۆڕاوەیان وەک هۆکاری دابەشینی داهات و دەرفەتەکان تاوتوێ کردووە. لەم لێکۆڵینەوانەدا، ڕەگەز وەک هۆکاری نایەکسانی لەگەڵ هۆکارەکانی دیکە وەک ئێتنیسیتە دانراوە و لەگەڵ ئەم هۆکارانەش بە یەک شێواز خوێندنەوەی بۆ کراوە و هەڵسەنگێندراوە. لەم توێژینەوانەدا، پێگەی نزمی ژنان وەک پێگەی نزمی گرووپی ئێتنیکی سەیر کراوە. لە ڕاستیدا، ڕەگەز خراوەتە ڕیزی هۆکارەکانی ئێتنیسیتە و چین و هاوشانبوونی ئەم سێ هۆکارە، نەک یەکتربڕینیان مەبەست بووە. ئەم ڕوانگە زیاتر ڕوانگەیەکی وەسفییە و ئاوڕی لەسەر پێوەندی دوو چەمکەکە نەداوەتەوە. ئەم لێکۆڵینەوانە پیشاندەری ئەوەن کە ژنانی گرووپە ئێتنیکییەکان بەهۆی پێبەندییە ئێتنیکییەکانیان، کەوتوونەتە دۆخێکی قورستر و نادادپەروەرانەتر و لەچاو پیاوان و ژنانی گرووپە زاڵەکان، دووهێندە نایەکسانییان لەسەرە.

مەک گوایێر لە لێکۆڵینەوەیەکدا، پێوەندی نێوان ڕەگەز، نەژاد، ئێتنیسیتە و تۆڕەکان تاوتوێ دەکات و میکانیزمە نافەرمییەکان کە بوونەتە هۆی نایەکسانی ڕوون دەکاتەوە. ناوبراو بە دەکارهێنانی تیۆرییەکانی تۆڕ و سازکردنی پێگە، ئەو ڕەوتانەی تاوتوێ کردووە کە لە ڕێگایانەوە ڕەگەز و نەژاد/ئێتنیسیتەی خاوەن پیشەکان لەسەر پێگەی ئەندامانی تۆڕەکەیان کاریگەری دادەنێت. شیکاریی ناوبراو پیشان دەدات کە ژنان و کەسانی ڕەنگین پێست ئەندامی تۆڕگەلێکن کە پێگەی نزمتریان لە چاو پێگەی پیاوان و کەسانی پێست سپی هەیە. بۆیە شوێنی وایان داگیر کردووە کە توانایی بۆ وەرگرتنی هێزی کاری توانا سنووردار دەکاتەوە. لێکۆڵەر دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە تاراندنی پێکهاتەیی، کە بەرهەمی پێکهاتە گشتییە کۆمەڵایەتییەکانە و دەکەوێتە دەرەوەی سنوورەکانی تاک، زیاتر لە تاراندنی تاکەکەسی دەتوانێ جیاوازییە ڕەگەزی و نەژادی/ئێتنیکییەکان لە پێگەی ئەندامانی تۆڕ ڕوون بکاتەوە (McGuire, 2000, 500-523).

نەژاد و ئێتنیسیتە ڕۆڵێکی کاریگەریان بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆڵە ڕەگەزییەکان هەیە. ئەگەرچی لە ڕابردوودا، نەژاد و ئێتنیسیتە لە باری بایۆلۆژیکییەوە تاوتوێ دەکران، ئێستا وەک یەک لە پێکهاتە گرنگە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا سەیر دەکرێن. ئێتنیسیتەش وەک ئایین ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لەسەر ڕوانگەی بەرامبەر ڕۆڵە ڕەگەزییەکان هەیە و وەک گرنگترین هۆکارەکانی دەتوانین ئاماژە بدەینە کەمینەبوونیان، پێکهاتەی تایبەتی کەلتووری، و هاوشێوەبوونی لەڕادەبەدەر. هەر ئەم تایبەتمەندییانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵێکی جیاواز لە ڕوانگە و چاوەڕوانییەکان لە ڕۆڵە جۆراجۆرەکانی نێو ئێتنیکەکان لە ئارادا بێ کە بۆ نموونە لە هەندێ لە ئێتنیکەکاندا، بەشداریی ژنان لە ڕۆڵە پیاوانەکاندا، وەک بەرگری و شەڕ، شتێکی قبووڵکراوە و لە هەندێکی دیکە لە ئێتنیکەکاندا، جوداکردنەوەی تەواویی ڕەگەزی لە ڕۆڵەکاندا هەیە و ژنان تەواو ڕۆڵە نەریتییەکانیان لە ئەستۆیە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە درێژەی سەدەکانی ڕابردوودا، گۆڕانکارییەکانی سەردەمی پیشەسازی کاریگەری زۆریان لەسەر پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵگا

داناوە و بوونەتە هۆی گۆڕانکاری زۆر لە بازاڕی کار و پیشەکاندا و لە ئەنجامیشدا دابەشبوونی ڕۆڵە ڕەگەزییەکانی لێ کەوتۆتەوە. لە ڕوانگەی فێمێنیستیدا، ڕۆڵە ڕەگەزییەکان، دەگەڕێنەوە بۆ نایەکسانی لە دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە و دەرفەتەکان، و کارامەکردن و تواناسازی باشترین شێوازی بەهێزکردنی بەشداریی ژنانە لە کاروبارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا کە ئەنجامی دەبێتە کۆنترۆڵی زیاتری ژنان لەسەر سەرچاوە سنووردارەکان و یەکسانی لە ڕۆڵە ڕەگەزییەکاندا.

- **شوناسی ئێتنیکی لە جیهانی هاوچەرخدا**

شوناس بابەتێکی سروشتی و جێگیر نییە و بەپێچەوانەوە چەمکێکی ناجێگیر و تەوشە، هەر شوناسێک بەرهەمی گوتارێکی تایبەتە و بەم بۆنەوە شوناس دیاردەیەکی ستاتیک و جێگیر نییە، بەڵکوو دەکرێ وەک پێواژۆیەک لێی تێ بگەین و لایەنی مێژوویی و بگۆڕی پێ ببەخشین کە تەمەنی هاوتەریبە لەگەڵ مێژووی مرۆڤدا و شانبەشانی وەرچەرخانی ژیانی مرۆڤایەتی گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینیوە. ئەم دیاردە لە جیهانی ئەوڕۆدا بە شێوازێکی نوێ خۆی نواندووە و وێدەچێ کە ئاستی گرنگبوونی زیادی کردووە و بەرەو هەڵکشانە، بەتایبەت لە نەوەدەکان بەدواوە، دواکارییەکان لەم بوارەدا پەرەی زیاتریان سەندووە.

لە سەردەمی هاوچەرخیشدا و لەگەڵ پرۆسەکانی نۆژەنکردنەوە و دامەزراندنی بنکە و ڕێکخراوە مودێرنەکان، ئەم جۆراوجۆربوونی شوناسییە نەک کەم نەبۆتەوە بەڵکوو بۆتە بابەتێکی جێی گەنگەشە کە لەنێو جیاوازییە شوناسییەکاندا خۆی دەبینێتەوە. هەروەها لە ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمی زایینیدا پرۆسەکانی جیهانگیری، وەک گەشەکردن و بەربڵاوبوونی ڕۆژ لەدوای ڕۆژی میدیاکان و ڕزگاربوونی کۆنترۆڵ و بەڕێوەبەرێتی میدیاکان لە دۆخی پاوانکراوی پێشوو، بوونە هۆی گەشەکردنی وشیارییە شوناسییەکان و ڕێگا بۆ نواندنی دووبارەیان خۆش کرا و بەهەڵکەوت هاوکات لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان، جۆراوجۆربوون و زەبەندیی شوناسی زیاتر کرد و لە تەنیشت سەرچاوە کۆنەکان وەک نەژاد، ئایین، ئایینزا و نەتەوە، شوناسخوازییە نوێکان لەسەر تەوەری ڕەگەز (نێر و مێ)، خواستە ڕەگەزییەکان، شێواز و ستایلی ژیان، ئەو گرووپانەی هاوشێوەی گرووپە ئایینییەکانن، و هۆکارەکانی دیکە، داواکاری ئەوەیان کرد کە بە فەرمی بناسرێن.

پاش کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی، جیهان زیندووبوونەوەی بابەتی ئێتنیکیەکانی وەک کێشەیەکی سیاسی بینیوەتەوە، بابەتێکی گرنگ کە بۆ کۆدەنگیی سیاسی خەڵک کێشەی ساز کردووە و هەروەها سەرچاوەی زۆر لە ناکۆکییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بووە. گرنگیی سیاسی پرسی ئێتنیسیتە نەک تەنیا لە هەرێمی وڵاتە کۆلۆنیالیزەکراوەکانی جیهانی سێهەمدا، بەڵکو لە دیموکراسییە سەرووپیشەسازیە پێشکەوتووەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمریکای باکوور و هەروەها زۆرێک لە نەتەوە کۆمۆنیستەکانی وەک یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، یوگۆسلاڤیا، ئەورووپای ڕۆژهەڵات و کۆماری گەلی چین لە ئارادایە. ئەو هەلومەرجە پێکهاتەییانەی کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی

سیاسـەتی ئێتنیکی-ناوچەیـی و ئـەو هۆکارە دەسـتبەجێیانەی کـە ململانێی ئێتنیکـی خێراتر دەکەن و هەروەهـا ئـەو شـێوازانەی کـە ململانـێ ئێتنیکییـەکان دەیگرنەبەر، لە نێـوان وڵاتان و لە ناو ئەو سـێ جیهانەی باسـکراوەی سـەرەوەدا جیاوازییەکی بەرچاویان هەیە. بەڵام ڕوونە کە کارتێکەریی مۆدێرنیتە لـە هەمـوو ناوچەکانـی جیهانـدا نەیتوانیوە پرسـی ئێتنیکـی وەک سـەرچاوەی ململانێ سیاسـییەکان بێبایـەخ بـکات، تەنانـەت وێدەچێت گرنگیی لە ئەنجامی پەرەسـەندنی مۆدێرنیتە زێدەتـر بووە (دیوید میسـون، ١٣٧٧، ١٢٥-١٢٦).

کاتێـک مـرۆڤ تێـدەگات کە ناهاوچەشـنیی ئێتنیکی لە نێو گەلانـی کۆمەڵگەی جیهانـی ئەمڕۆدا واقیعێکـە، چـیتر نابێـت بەردەوامیی پرسـی ئێتنیکـی وەک فاکتەرێکـی بەهێز لە سیاسـەتی ناوخۆیی وڵاتانـدا بـۆی جێگـەی سەرسـوڕمان بێـت. نزیکـەی بیسـت سـاڵ لەمەوبـەر، واکـر کۆنـر ئاماژەی بەوە کـردووە کـە لـە کـۆی گشـتی ١٣٢ نەتـەوە - وڵاتـی ئـەو کاتـە، تەنیـا دوانزەیـان (٩,١٪) بـە تـەواوی لـە ڕووی ئێتنیکییـەوە یەکسـان بـوون، لـە کاتێکدا کە لە بیسـت و پێنـج حاڵەتدا (١٨,٩٪) یـەک گرووپی ئێتنیکـی پتر لـە ٩٠٪ی دانیشـتوانی وڵاتەکـەی لەخۆگرتبـوو، و لـە ٢٥ حاڵەتـی دیکەشـدا (١٨,٩٪)، گرووپێکـی نەتەوەیـی لـە نێـوان ٧٥ بـۆ ٩٠٪ی دانیشـتوانی پێـک دەهێنـا. بـەڵام لـە ٣١ وڵاتـدا (نزیکـەی ٢٣.٥ لەسـەد)، گەورەتریـن گرووپـی نەتەوەیی تەنها ٥٠ بۆ ٧٤ لەسـەدی دانیشـتووانەکەی لەخۆگرتـووە و لـە ٣٩ حاڵەتـی کۆتاییشـدا (٪ ٢٩.٥)، تاکـە گرووپـی نەتەوەیی گەورە کـەمتر لە نیوەی دانیشـتووانەکەی پێکهێناوە. لە ٥٣ وڵاتدا (٪ ٤٠.٢) دانیشـتووان بەسـەر زیاتر لە پێنج گرووپی گرنگ و گـەورەدا دابـەش ببـوون. بەپێـی ئـەو دیاردەیەی کۆنر ناوی دەنێت «ناتەبایی دیاری سـنووری سیاسـی و ئێتنیکییەکان»، نابێت جێگەی سەرسـووڕمان بێت کە ئێتنیسـیتە وەک توخمی ناوەندیی ڕێکخستن و کێبڕکێی سیاسـی لەسـەر ئاسـتی جیهانیدا بمێنێتەوە (کانر، ١٩٧٢، ٣٢٠). بەڵگەکانی بەردەسـت سـەبارەت بـە ئاسـتی توندوتیـژی ئێتنیکـی بـە تـەواوی داکۆکـی لـە فرەییتـی ئـەو پرسـە ئێتنیکییانـە دەکـەن کـە لـە گۆڕەپانـی سیاسـیدا بەدواداچوونـی بـۆ دەکرێـت. لـە لێکۆڵینەوەکانـی سـەبارەت بـە ململانێکانی ئەفریقا لە نێوان سـاڵانی ١٩٤٦ بۆ ١٩٧٦، سـتیڤن کێنده ١٢٠ ململانێیی بە سـەر سـێ جـۆری: شـەڕی ناوخۆیـی دژ بە ڕژێم، شـەڕی خێڵەکی و شـەرە سـنوورییەکان دابەش کـردووە. (کندە، ١٩٧٨، ٢٣١) ئـەو بـۆی دەرکـەوت کـە ٨٥٪ی ئـەم ململانێیانـە لـە دوو جـۆر ململانێـی ناوخۆیین، کە نـەک هـەر ژمارەیـان زیاتـرە (١٠٢ لـە کـۆی ١٢٠ ململانـێ) بەڵکـو درێژخایەنتریش دەبێت. (لەسـەدا ٩٧.٧ی کـۆی گشـتی شـەڕەکان سـاڵانێک بـەردەوام بـوون). لـە دە سـاڵی کۆتایـی لێکۆڵینەوەکەیـدا (١٩٦٧-٧٦ز) ڕێـژەی هەمـوو شـەڕە ناوخۆییـەکان زیـادی کـرد و شـەڕە ناوخۆییـە خێڵەکییەکانیش لە ژێـر دەسـتێوەردانی وڵاتانـی دەرەکیـدا، لـە ڕیـزی ئـەو ململانێیانـەدان کە بـە خێرایی ژمارەیـان زیادی کـرد. هەمـوو شـەڕە ناوخۆییە خێڵەکییـەکان و زۆربەی شـەڕە ناوخۆییەکانی دژ بە دەسـەڵات، هەڵگری توخمێکـی ئێتنیکـی بوون. (هەمـان سـەرچاوە: ١٢٨-١٢٩)

ئەگەرچـی هەنـدێ کـەس، پێکهاتنـی شوناسـە ئێتنیکییـەکان و زیادبوونـی دڵگـراوی بـە

وردەکەلتوورەکانـی نـزمتر لە شوناسـی نەتەوەیی لە ڕەوتـی جیهانگەریدا بە واتـای لاوازبوونی پێوەندی نیشتمانی و کەلتووری زاڵ ئاماژە پێ دەدەن و لەسەر یەکگرتوویی و تۆکمەبوونی نەتەوەیی و هەروەها ئاسایشـی نەتەوەیـی وەک هەڕەشـەی دەبینـن، لـە بەرامبـەردا، ئـەم بیرۆکەیـە هەیە کـە جۆراوجۆرێتی ئێتنیکی-زمانی لە کۆمەڵگایەکدا پیشـاندەری ڕوانگەی پێکەوەهەڵکردنی هاووڵاتیانێکە کە لە ئاشـتی و تەبایـیدا دەژیـن. لـە کەلتـووری کۆمەڵناسـیدا، شـوناس واتـە تێگەیـشتن و لێکدانەوەی تـا ڕادەیەک بەردەوامـی تـاک لـە ئـەوەی کـە کێیـە و چییـە لـە بەرامبـەر خەڵکـی دیکـە و گرووپەکانـی دیکـە، کـە لـە ڕێگای پێوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـەوە و لـە پرۆسـەی پێگەیشـتنی کۆمەڵایەتیدا سـەر هەڵدەدات (Johnson, 1977) و ئەمـەش لـە درێـژەی مێـژووی مرۆڤایەتیـدا، بۆتـە هـۆی سـەرهەڵدان و دەرکەوتنی ژمارەیەکـی جۆراوجـۆر لـە گرووپە کۆمەڵایەتییـەکان و ئەوڕۆ ئێتنیـک، نەتەوە و ئاسـتە جۆراوجۆرە گچکە و گەورەکانیـان لـە جیهانـدا دەبینین.

کۆمەڵێـک لـە بناغەکانـی سیاسـت و کۆمەڵـگا لـە جیهانـی هاوچەرخـدا، وەک: پێکهێنانـی دەوڵـەت ـ نەتـەوەکان، گۆڕینـی ناسـیۆنالیزم بـۆ پارادایمـی سیاسـەتی جیهانـی، زیادبوونـی دیاردەی کۆچـی بەکۆمـەڵ، دارمانـی پێکهاتـە سیاسـییە کۆنـە سـەروونەتەوەییەکانی وەک ئیمپراتۆریەتـەکان، سـنووربەندیی سیاسـی نـوێ و بونیاتنانی وڵاتانی تازە سـەرهەڵداو کـە هاووڵاتیانی فـرە ئێتنیکـی لـە خـۆ دەگـرن، تێپەڕینـی شوناسـی ئێتنیکـی لـە بابەتێکـی سروشـتی و ناسیاسـی بـۆ دیاردەیەکی سیاسـی کاریگەر لە چارەنووسـی ئێتنیکیدا و ئاگابوونەوە و وشـیاریی ڕوو لە هەڵکشـانی دەرەنجامـی ئـەم دۆخـە، کۆمەڵـە هۆکارێکـن کـە لـە ئاکامیانـدا هەندێـک پێشـبینی پێداگـر لەسـەر کاڵبوونـەوەی مـژاری ئێتنیسـیتە و شوناسـی ئێتنیکـی، نـەک تەنیـا ڕاسـت دەرنەچـووە تەنانـەت پێچەوانـەش بووەتـەوە و ڕەهەنـدی پرسـی ئێتنیکـی و شوناسـی ئێتنیکـی لـە سـەردەم هەنووکەییـدا گەشـەی بەرچـاوی بەخـۆوە بینیـوە.

- **شوناسی ئێتنیکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دەتوانرێـت وەک گرنگتریـن مەڵبەنـدی مێژوویـی سـەرهەڵدانی شوناسـی جەماوەری ناوببرێت، ئەم ناوچەیە کە ئاخێزگەی ئایینە گەورەکان و شـوێنی نیشـتەجێبوونی ئێتنیـک و نەتـەوە جۆراوجـۆرەکان بـووە، هەمیشـە کۆمەڵەیەکـی بەرفـراوان و هەمەچەشـنی شوناسـە جەماوەرییـە ئایینـی، ئایینزایـی، نـەژادی، ئێتنیکـی، نەتەوەیـی، زمانـی و هتـدی لەخـۆ گرتـووە و لـە سـەردەمە جیاوازەکانـدا لـە لایـەک پانتایـی گـرژی و ڕووبەڕووبوونـەوە و پێکـدادان بـووە و لـە لایەکـی دیکەشـەوە شـوێنی پێکـەوە ژیـان و لێبوردەیـی و کارلێککردنـی گرووپـە جیـاوازەکان بـووە. ئـەم تایبەتمەندییـە مێژووییـە لە سـەردەمی هاوچەرخدا، دوابەدوای سـەرهەڵدانی شـێوازی نوێی شوناسـی جەمـاوەری و خۆوشـیاریی گرووپـەکان هەمبەر بە شوناسـی خۆیان، بووەتە هـۆی چالاکبوونی کەلێن و بۆشـاییە شوناسـییەکان و ئاودێوبوونیـان بۆ نێـو گۆڕەپانی پەیوەندییە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکان. ئەو

ململانێیانەی کە لە چەندین دەیەی دوای دارمانی پێکهاتەی سیاسی کۆنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا ئێستا، ناوچەیەکی نائارامی ئاڵۆزاو و تەژی لە شەڕ و ململانێی بێکۆتایی چ لەسەر ئاستی هەرێمایەتی نێوان وڵاتان و چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی زۆربەی وڵاتان و کۆمەڵگاکان بەدیهێناوە، کە لە لوتکەی ئەم ململانێ و گرژییانەدا پرسەکانی تایبەت بە شوناسی ئێتنیکی و داواکارییە ئێتنیکییەکان جێگایان گرتۆتەوە.

بە ئەستەم دەتوانرێت سنووربەندییەکی شوناسیانەی دیاریکراو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بخرێتە ڕوو و بکرێت لە ئاستی شوناسی ژێرنەتەوەیی، نەتەوەیی و سەرونەتەوەییدا پۆلێن بکرێن، بۆ نموونە شوناسخوازیی ئێتنیکی ژێرنەتەوەیی و پان عەرەبیزم، پان تورکیزم و پان ئێرانیزم بە نەتەوەیی و ئیسلامخوازی بە شوناسی سەروونەتەوەیی دابنرێت. چونکە بە پێی ئەم نموونەیە، شوناسخوازی لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی تورک، هەوێنی شوناسی نەتەوەیی تورکیایە، بەڵام ڕەنگە لە ئێراندا ئەم داخوازییە شوناسیە ئێتنیکییە لە ئاستی ژێرنەتەوەییدا پەیڕەو بکرێت. پان عەرەبیزم هەمیشە بناغەی شوناسی نەتەوەیی زۆربەی وڵاتانی عەرەبی بووە، بەڵام لە هەندێک کاتدا وەک گوتارێکی شوناسی ناوچەیی و سەروونەتەوەیی لێهاتووە. سەبارەت بە شوناسخوازیی گەلی کورد، ئەم بابەتە ئاڵۆزترە، هیچ دەوڵەتێکی نەتەوەیی لە ناوچەکەدا سەرهەڵداو و هەڵگری ئەو شوناسە نییە و وڵاتانی ئێران، عێراق، تورکیا و سوریاش لە ئاستی ژێرنەتەوەییدا ڕووبەڕووی ناسیۆنالیزمی کوردی بوونەتەوە. لە هەمان کاتدا ڕەهەندە ناوچەییەکانی ئەو مژارە، لە ئاستی سەروونەتەوەییدا ئەم دەوڵەتانەیان لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کوردی بەرەوڕوو کردووەتەوە (حق‌پناه، ۱۳۹۰، ۹۱-۹۲).

بەرهەمە پێوەندیدارەکان بە توێژینەوە ئێتنیکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نەک هەر کێشەی پێناسەکردنی شوناس و پێوەرە دژبەیەکە یەکلاکەرەوەکانی چییەتی گرووپە ئێتنیکییەکانیان هەیە، بەڵکوو تایبەتمەندییە مێژووییەکانی کۆمەڵگا عەشیرەییەکان و پێوەندییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتیش بەرچاو ناگرن. هۆکاری سەرەکیش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەیکە لە لێکۆڵینەوەکانی سەر ئەم بابەتە، زیاتر قەبیلە و گرووپی ئێتنیکی چەمکەکانیان یەکن و تایبەتمەندییەکانی گرووپی ئێتنیکی لەسەر کۆمەڵگا عەشیرەییەکانیش دادەنرێن. بۆیە گرووپە زمانی و ئایینییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (کە پێشتر ڕێکخستنی خێڵەکییان هەبووە) وەک گرووپی جیاوازی ئێتنیکی چاویان لێ دەکرێ کە بۆ ئەوەیکە ببنە نەتەوە بەردەوام لەگەڵ دەوڵەت کێشەیان هەیە. هەر بەو جۆرەی کە بەسام تەیبی[1] ئاماژەی پێ داوە، وشەکانی خێڵ و گرووپی ئێتنیکی ناکرێ لە چوارچێوەی توێژینەوەکانی سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک دوو وشەی هاوتا و بەرامبەر دەکار بهێنرێن. ئەو بیرمەندانەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان کە لەسەر پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکۆڵنەوە، لەو وڵاتانەی کە کۆمەڵگایەکی ئێتنیکییان نییە، چەمکی شوناسیان وەک ئامرازێکی شیکاری بۆ وێناکردنی دابەشکارییە کۆمەڵایەتییەکان دەکار هێناوە. تەیبی بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە لەبەرچی

---

1. Bassam Tibi

توێژەران لەباتی خێڵ (قەبیلە) باس لە گرووپی ئێتنیکی دەکەن، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مێژوونووسانی ئەورووپی زیاتر ڕیزبەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمانی پێش سەردەمی نوێی مێژووی خۆیان وەک گرووپی ئێتنیکی ئاماژە پێ دەدەن، بەڵام گرووپە هاوشێوەکان لە مێژووی وڵاتانی دیکە بێجگە ئەورووپا وەک خێڵ ئاماژەی پێ دەدەن. بۆیە عەشیرەگەری دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی عەرەبی یان ئەفریقییە، نەک دیاردەیەکی ئەورووپی.

سەرهەڵدانی دەوڵەتی ناوەندگەرای مودێرن یان وەک ئانتۆنی سمیت دەڵێت دەوڵەتی زانستی، پێوەندییەکانی دەوڵەت و خێڵەکانی بەرەو ئاراستەی دژایەتیکردن برد؛ ئەم دیاردەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ساڵەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمی زایینی هاتۆتە ئاراوە. بەم حاڵەشەوە، بەرخۆدانی گرووپە ئێتنیکی-خێڵەکییەکان بەرامبەر بە ئامانجەکانی دەوڵەت، بەپێچەوانەی ئەوەیکە زۆرێک لە توێژەرانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەڵێن، بۆ سەربەخۆیی نەبووە، بەڵکوو شۆڕشێک بووە بۆ مانەوە و بەردەوامبوون. دواتر ئەم شۆڕشانە لەژێر کاریگەری هۆکارە دەرەکەییەکان بە ئاراستەیەکی ئێتنیکیدا ڕۆیشتووە.

## ڕێبازە تیۆرییەکان

لەم بەشە پێداچوونەوە بەسەر بەرچاوترین ڕێدۆز و ڕێبازە تیۆرییەکانی دوو چەمکی سەرەکی توێژینەوەکە، واتا «شوناس» و «ئێتنیسیتە»دا دەکرێت، تاکوو وێڕای ئاشنابوون بە باوترین گێڕانەوە تیۆرییەکان سەبارەت بە ئاخێزگە و ڕەوتی گەشەکردن و پێوەرە وێژمانییەکانی کۆمەڵە تیۆرییەکانی شوناس و ئێتنیسیتە، پێشمەرجە مەعریفیی و تیۆرییە پێویستەکان بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی بابەتی توێژینەوەکە دابین بکرێن.

### خوێندنەوە تیۆرییەکان لەسەر شوناس

لەو ڕووەوە کە لەم لێکۆڵینەوەدا، باس لەسەر شوناس لە چوارچێوەی شوناسی کۆمەڵایەتی (نەتەوەیی، ئێتنیکی و ئایینی) دەرکەوتنی زیاتری هەیە، پێداگری و سەرنجی توێژەر زیاتر لەسەر لایەنە چەمکی و تیۆرییەکانی شوناسی کۆمەڵایەتی دەبێ و لە سێبەری ئەو بابەتەدا، ڕێباز و ڕوانگەی پارادایم، قوتابخانە و بیرمەندانی زانستە مرۆییەکان سەبارەت بە شوناسی کۆمەڵایەتی تاوتوێ دەکرێن.

- **شوناس لە ڕوانگەی نەریت، مۆدێرنیزم و پۆستمۆدێرنیزم**

گۆڕانی بنەما مەعریفیەکانی مرۆڤ لە سەردەمی کۆنەوە تا قۆناغی پاشمۆدێرنیزم بووەتە هۆی پەرەسەندنی شێوازە جۆراوجۆرەکانی بووناسی، مرۆڤناسی و کۆمەڵناسی، کە پرسیار لە کێیەتی و شوناسی مرۆڤ لە ڕووی تاکەکەسی و جەماوەرییەوە، بە یەکێک لە پرسە سەرەکییەکانی دادەنرێت.

پرسیارێک کە لە پەنای گۆڕینی ڕوانگە نەریتی و مۆدێرن و پاشمۆدێرنەکان بە مرۆڤ و کۆمەڵگا، خوێندنەوەی جیاوازی لێ خراوەتە ڕوو.

تێڕوانینی نەریتی سەبارەت بە شوناس پتر ڕوانگەیەکی ستاتیک و نەگۆڕ و جەوهەری بوو کە مرۆڤەکان هیچ جۆرە دەستوەردانێکیان تێدا نەبووە و بە جۆرێک لە چارەنووسی مێژوویی دادەنرا. بەشێوەیەکی گشتی لە دونیای پێشمۆدێرن و سیستەمی مەعریفیی نەریتیدا، کۆمەڵێک تایبەتمەندی وەک: ڕەگەز، ئایین، هۆز، ڕەچەڵەک و ئێتنیک هۆکار بوون لە یەکگرتوویی و بەردەوامبوونی شوناسی مرۆڤەکانی سەر بە گرووپە جیاوازەکان، و وێڕای واتادان بە ژیانیان، پێگەی ئەندامانیان لە بواری ژیانی کۆمەڵایەتیدا دیاری دەکرد. بۆیە لە دونیای نەریتیدا شوناس شتێکی حەتمی و میراتی بوو کە لە سەرەتای لەدایکبوونەوە کۆمەڵگا بۆ تاکی دیاری دەکرد و ژیان و پێگەی کۆمەڵایەتی و دەور و کارکردی تاک لە کۆمەڵگادا بەو پێیە بیچمی دەگرت. لە ڕوانگەی نەریتییەوە، شوناس بە تایبەتمەندییەکی یەکگرتوو و نەگۆڕ و دامەزراو دادەنرا کە خاوەن چۆنییەتی و سروشتێکی جەوهەری بوو. ئەم تایبەتمەندیانە لەو پرەنسیپ و بناغانە بوون کە لە گۆڕینی پارادایمی مەعریفی مرۆڤ لە نەریتەوە بۆ مۆدێرنیتە کەوتنە بەر ئالنگاری و پچڕانێکی بنەڕەتییان لە زانینناسیی جۆرەکانی شوناسی تاک و جەماوەردا دروست کرد.

لە مەعریفەناسیی مۆدێرندا، شوناس لە قاڵبی چەقبەستوو و داخراوی نەریت دەرهێنرا و سروشتی نەگۆڕ و جەوهەریانەی، چەشنێکی بگۆڕ و دانراوی بەخۆوە بینی کە لە ژێر کاریگەری گۆڕانکارییەکانی ژیانی بەکۆمەڵ و دووانەی ئێمە و ئەویدیدا، بەردەوام لە وەرچەرخاندایە. لەم ڕوانگەیەوە شوناس ئیدی تەنها بابەتێکی ڕەپاڵدراو و میراتیانە نییە، بەڵکو سروشتێکی دانراو و هەڵبژێردراوی هەیە.

لە چوارچێوەی زانینناسی مۆدێرن و پۆستمۆدێرندا، شوناس لە ڕوانگەی قوتابخانە و گوتارە جیاوازەکانەوە، دەخوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ کراوە و هەریەکەیان بە پێی پێکهاتە مەعریفیەکانیان وێنەی خوازراویان لە شوناس کێشاوە.

ستوارت هاڵ[1] شەش دابڕانی سەرەکیی لە تیۆری مودێرنی شوناس دیاری کردووە. یەکەمین دابڕان، دابڕانی مارکسیستییە لە هەر جۆرە چەمکێکی بریکاریی تاکەکەسی و گرنگیدان بە بەستێن و پێکهاتەی ئەکتەوە پێک دێت. دووهەمین دابڕان، ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تیۆرییەی فرۆید کە شوناسەکان لەسەر بنەمای پرۆسەکانی بەشی ناوشیاردا ساز دەبن. سێهەمین دابڕان لە چوارچێوەی زمانناسی پێکهاتەیی سووسووردایە[2]. دابڕانی چوارەم و پێنجەم دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەندێشەی فۆکۆ[3] و شیکارییە گوتاری و ڕوانگە فێمێنیستییەکانی ئەم ئەندێشەیە و لە ئەنجامدا،

1. Stuart Hall
2. Ferdinand de Saussure
3. Michel Foucault

ناسینەوەی دابڕانەکانی شوناس دەگاتە تیۆرییە سیاسییەکانی پاش بونیادخوازی و پۆستمۆدێڕن. (هال، ١٣٨٣؛ تاجیک، ١٣٨٣، ١٣٥)

چەمکی شوناس دەکەوێتە چەقی بابەتە پۆست مۆدێڕنەکان؛ وەک ستوارت هاڵ بە باشی ئاشکرای دەکات یەک لە دابڕانە سەرەکییەکانی بابەتی شوناس لە سەدەی ڕابردوودا، لە بابەتەکانی فۆکۆ و ڕوانگەی شیکاریی گوتاری لاکلائۆ[1] و مووفەدا[2] بنچینەیان بۆ دانراوە. ئەگەر لە ڕوانگەی سۆلۆمۆنەوە[3] پێداچوونەوە لەسەر مێژووی فەلسەفەی مودێڕنی ئەورووپی بکەین، لە بابەتە پۆست مودێڕنەکاندا، دابەزینی بنەڕەتی «خۆ» دەبینین و ئامۆژەی مرۆڤتەوەریی سەردەمی مودێڕن لەگەڵ ئامۆژە گرنگەکانی وەک عەقڵانییەتی خۆبنیاتی ڕۆشنبیریی، ڕووبەڕووی پرسیار دەبنەوە (سولومون، ١٣٧٩، ٢٤٤). لە ڕوانگەی پاش پێکهاتەخوازەکان/ پاش مودێڕنەکانەوە، شوناسی سیاسی بەرهەمی دۆخە کۆمەڵایەتییەکانە کە بۆ خۆی تووشی گۆڕانکاری دەبێت. (احمدی، ١٣٧٧، ٧٠).

شیکاریی گوتار، ڕوانگەی سۆبژەتەوەر و جەوهەرگەرا، قبووڵ ناکات. لەم ڕوانگەوە، شوناسی سیاسی لە بەستێنی کۆمەڵایەتی گوتارەکەدا ساز دەبێت. شوناسەکان وەک بەرهەمی هەلومەرجی ناکۆکی و ئەویدیسازی کۆمەڵایەتی دەبینرێن و هەر گوتارێک بۆ ئەو کەسانەی کە بڕوایان پێیەتی، شوناسسازی دەکات. مرۆڤی ئازاد، خودموختار و خاوەنی ئیرادەی سەردەمی ڕۆشنبیری، لە دەرەنجامی ڕەخنە جۆراوجۆرەکانی سەدەی نۆزدەیەم و بیستەمی زایینییەوە بەرەبەرە بەرەو نەمان ڕۆیشت، ڕەخنەکانیش لە لایەن بیرمەندانی وەک فرۆید[4]، مارکس، سووسوور، ویتگێنشتاین و هتد ئاراستە کراون.

1. Ernesto Laclau
2. Chantal Mouffe
3. Robert C. Solomon
4. Sigmund Freud

| ڕوانگە | کات | شوێن و ئاقار | سەرچاوەکانی شوناس | جۆری شوناس | سۆبژە | قوتابخانە هزرییەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نەریتی | ڕابردوو | - شوناسی شوێنمەند<br>- نیشتمانتەوەر<br>- جودانەکردنەوەی فەزا-شوێن | - دابونەریت و ئایین و پێکهاتەکان<br>- پێویستی بە ناسران | - جەوهەری ستاتیک و بەردەوام و پیڕەوی دەسەڵات<br>- لەپێشەوە دیاریکراو<br>- تاکەکەسی ئەزەلیگەرا | - دەرەوەی سنوورەکانی مێژوو<br>- دەرەوەی سنوورەکانی کات<br>- جەوهەری نەگۆڕ | - باوەڕە گشتییەکان<br>- نازانستی<br>- ئایینی و مێتافیزیکی |
| مودێرن | ئێستا | -سەرهەڵدانی دەوڵەت<br>- نەتەوەکان<br>- وڵاتانی خاوەن سنووری فەرمی | - سۆبژە (بکەری ناسێنەر)<br>- عەقڵی بەتەگبیر و دووربین<br>- چاکسازی ئایین<br>- شۆڕشە زانستییەکان | - پێکهاتەدار، پیڕەوی دۆخە کومەڵایەتی، ئابووری، کەلتوورییەکان<br>- شوناسی بەکۆمەڵ (نەتەوەیی و ...) و تاکەکەسی | - کارلێک و دۆزینەوەی واتای سۆبژە لەگەڵ پێکهاتە کۆمەڵای | - کردەوەی دوولایەنە<br>- سەمبۆلیک<br>- پێکهاتەخوازان<br>- مارکسیزم |
| پۆست مودێرن | داهاتوو | - دابرانی شوێن-فەزا | - ئەکتەکان و کەلتوورە چکۆلەکان، خۆماڵی | - شوناسە کراوەکان<br>- هاودژ و تایبەتگەرا<br>- چەندپارچە و بزۆز<br>- جۆراوجۆر و زەبەند<br>- پیڕەوی گوتار | - نواندنەوەی جۆراوجۆر<br>- شرۆڤەی بەردەوام و زەبەند | - پاشپێکهاتەیی<br>- ڕەخنەگرانە<br>- دەروونشیکاری پاشفرۆیدی |

خشتەی ژمارەی ٢-١: چوارچێوەی گشتی سێ ڕوانگە (نەریتی، مودێرن، و پاشمودێرن سەبارەت بە شوناس) (رشیدی، ١٣٩٤)

- **شوناس لە ڕوانگەی سێ پارادایمی پێکهاتەیی، چالاکیگەرایانە و وێکخراو**

لە دابەشکارییەکی گشتیدا دەتوانین تیۆرییەکان لە سێ پارادایمی پێکهاتەیی[1]، چالاکیگەرایانە[2]، وێکخراو یان بریکارێتی-پێکهاتەدا[3] تاوتوێ بکەین.

لە پارادایمی پیکهاتەییدا، یەکەی شیکاری پێکهاتەیە و لە تیۆرییەکەیاندا، پێکهاتە پێگەیەکی

1. Equal structural paradigm entity
2. Pragmatic
3. Structure agency

بەرزتری لە تاک پێدراوە. بەپێی ئەم ڕوانگەیە، ئەگەرچی سیستەمی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵەیەک چالاکوانی تاک پێک هاتووە، بەڵام لە شیکاری کۆتاییدا ئەم چالاکوانانە پشکیان نییە و تەواو بێدەسەڵات و ناکاریگەرن و دۆخی پێکهاتەیی-ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتووری و مێژوویی لەسەریان کاریگەری دادەنێت. لەم ڕوانگەدا چالاکوان خولقێندراوی سیستەمی کۆمەڵایەتییە. بەپێی ئەم ڕوانگە، شوناس وەک ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی[1] دەرهاویشتەی پێکهاتە و دۆخە کۆمەڵایەتییەکانە و تاک دەورێکی کاریگەر لە پێکهاتنی شوناسی خۆی ناگێڕێ. گۆڕانکارییەکانی شوناسیش بۆ خۆیان پێڕەوی گۆڕانکارییە ئاقارییەکانن. تا ئەو کاتەی گۆڕانکارییەک لە ئاقاردا نەیەتە ئاراوە، شوناسیش گۆڕانکاری بەسەردا نایەت (عبداللهی، ١٣٧٥، ١٣١).

ئەگەرچی کۆمەڵناسانی کلاسیک و بەتایبەت کۆمەڵناسانی پێکهاتەخواز بەشێوەی ڕوون لەسەر پڕۆژەی شوناس کاری تیۆریکی تۆکمەیان ئەنجام نەداوە، بەڵام لەنێوان ئەندێشەی کۆمەڵایەتییانەوە دەکرێ بابەتگەلێک دەرکێشین کە دەتوانن پیشاندەری ڕوانگەیان بەرامبەر بەم پرسە بێت. ئێمیل دورکیم[2] پاش دابەشکردنی کۆمەڵگاکان بە سەرەتایی سادە و پیشەسازیی ئاڵۆز، بابەتی دەرکەوتنی دابەشکردنی کار و باوبوونی پسپۆڕایەتی و گەشەکردنی شوناسی تاکەکەسی دێنێتە ئاراوە و لەگەڵ ئەم دیاردانەش باسی سەرهەڵدانی جۆرێک یەکگرتوویی دەکات کە ناوبراو ناوی یەکگرتوویی ئۆرگانیکیی لەسەر دادەنێت و خاڵی بەرامبەر یەکگرتوویی میکانیکییە. ئەم جۆرە یەکگرتووییە لە ڕوانگەی دورکیمەوە دەبێتە هۆی جۆرێک تاکایەتی کۆمەڵایەتی کە دەگەڕێتەوە بۆ قبوولکردنی جیاوازی. ناوبراو لەنێوان ئەم جۆرە تاکایەتییە سازدراوەدا، بەدوای جۆرێک هاودەنگی ئەخلاقییە، هاودەنگییەک کە تاک بەرامبەر بە کۆمەڵگا و دەوڵەت وەفادار دەکات (علاقەبند، ١٣٧٢، ٤١). لە ئەنجامدا، لە وەها کۆمەڵگایەکدا ئاستی شوناسی جەماوەری و بەکۆمەڵ بەرز دەبێتەوە.

ماکس ڤێبەر[3] لە میانەی ئاراستەکردنی ڕوانگەکانی خۆی و پاش هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگا نەریتییەکان لەگەڵ کۆمەڵگا نوێکان، ئاماژە بە گەشەکردنی ئاوەزمەندیی ئامرازی[4] و کردەوە ئاوەزمەندانەکان دەدات کە لەسەر یاسا و ڕێسا عامەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی شوناسی بەکۆمەڵ دانراون. ڤێبەر گەشەکردنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی ئاوەزمەندێتی و بەتایبەت ئاوەزمەندیی ئامرازی وەک تایبەتمەندی بێ وێنەی جیهانی نوێ ئاماژە پێ دەدات کە لە ئەنجامیدا شوناسەکانیش بەرز دەبنەوە و لە دۆخی نەریتی و هەستیارانەوە دێنە ئاستی شوناسە عەقڵانییەکان (عبداللهی، ١٣٧٥، ١٢٣). لەڕاستیدا بەپێی گرنگبوونی ئەم هۆکاری ئاوەزمەندێتییە بەپێی ئەندێشە و تێفکرینی ڤێبەر، لە سەردەمی نوێدا بەپێچەوانەی سەردەمی کۆن کە بنەمای شوناسیی تاکەکان بەپێی تایبەتمەندییە پێدراوەکان بوو و تاک تایبەتمەندییە شوناسییەکانی خۆی لە باپیرانیەوە وەردەگرت، تاکەکان

1. Social fact
2. Émile Durkheim
3. Max Weber
4. Instrumental rationality

بەشێوەی سەربەخۆ دەکەونە پێناسەکردنی شوناسی خۆیان و لەدرێژەی ژیانی خۆیاندا، بەردەوام پێناسەی دووبارەی بۆ دەکەنەوە. هەر بەم بۆنەوە ئەمڕۆ چیدی خۆ و خدە نەریتی و کەلتوورییەکان نین کە شوناسی کەسێک ساز دەکەن، بەڵکوو پرۆسەی نوێخوازی بەستێنی ڕزگاربوونی تاکی لە بازنەی تەنگی ڕێکخراوە و هۆکارە نەریتییەکانی شوناسسازی ئامادە کردووە.

زیمێل[1]، لە کۆمەڵناسیدا چەندین شێواز لە پێوەندی و هەندەسەی کۆمەڵایەتی پێناسە دەکات. ڕێژەی هەندەسییی مەبەستی ئەو، ژمارە و مەوداکانن؛ واتە لە پێوەندییەکانی تاک و کۆمەڵدا، ئاوڕ لە بارستایی و قەبارەی کۆمەڵایەتی و ڕێژەی هاوشێوەبوون و توانای بەراوردکاریی مەودای کۆمەڵایەتی دراوەتەوە. بەپێی ئەم هۆکارانە، تاک لەنێو کۆمەڵدا دەتوێتەوە، بەڵام نیشانەی شوناسێکی بەکۆمەڵ چکۆلەی پێوە دیارە. لە هەمان کاتدا، ئەم هۆکارانە بۆ وەرگیرانی تاک لە کۆمەڵگاکانی دیکە کێشە ساز دەکەن، لە حاڵێکدا کە لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا، لایەنە کەلتووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکان لێک جودا و جیاواز دەبنەوە و تاک وێڕای ئەوەیکە لەگەڵ لایەنە جۆراوجۆرەکان پێوەندی هەیە ناچێتە ژێر دەسەڵاتی هیچ یەکە یان کەرتێکی تایبەت و لایەنە کەسێتییەکانیشی جیاواز و بەربڵاوتر دەبنەوە. بۆیە تاک لەنێو کاروباریدا سەربەخۆیی و تاکایەتی زیاتری هەیە. ئەمانەش دەبنە هۆی ئەوەی کە تاک بتوانێ بەپێی پێوەرەی فەرمی و عەقڵانیی گشتیتر هەڵسوکەوت بکات. هەر بەم بۆنەوە، لەگەڵ زیادکردنی قەبارە و ڕێژەی قبووڵکردنی جیاوازی زیاتری شێوازە کۆمەڵایەتییەکان، یەکگرتوویی نێو گرووپ زیاتر و شوناسی بەکۆمەڵش گشتیتر دەبێت (هەمان، ١٢٥).

بەپێچەوانەی پێکهاتەخوازان، ڕوانگەی چالاکیخوازانە یان کارلێکگەرا گرنگی بە ڕۆڵی کاریگەر و یەکلاکەرەوەی بریکارێتی یان چالاکوانی کۆمەڵایەتی دەدات. بەپێی ئەم تیۆرییە، تاکەکان پێکهاتە پێک دێنن و ئەوانیشن کە گۆڕانکارییەکانی نێو پێکهاتە دێننە ئاراوە. لەم ڕوانگەدا، شوناس وەک دیاردەیەکی خەریکی سازبوون و نوێ بەرچاو دەگیردرێ کە لە هیچ کات و شوێنێکدا ستاتیک و وەستاو نابێ و بەردەوام خەریکی گۆڕان و پێکهاتنە. پرسی بناغەیی لە کارلێکگەرایی هێماییانەدا[2] بەمجۆرەیە کە خەڵک واتا هێمایی و سەمبۆلیکەکان دەدەنە شتەکان، هەڵسوکەوتەکان، خۆیان و کەسانی دیکە و ئەم واتاگەلەش لە میانەی کارلێککردندا، دەگوازرێنەوە و بەربڵاوتر دەبنەوە. تاکەکان نەک لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە نادەرهەستکاریی شتەکان بەڵکوو لەسەر بنەمای ئەو واتایانەی کە شتەکان بۆ تاکەکان هەیانە، هەڵسوکەوت دەکەن (هەمان، ١٣٢). لایەنگرانی ئەم تیۆرییە لەسەر ئەو باوەڕەن کە مرۆڤ لە سەرەتای ژیانی کۆمەڵایەتییەوە کاڵکەیەکی بناغەیی یان ڕێژەیەک لە شوناسی سەرەتاییە کە لە میانەی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و هەڵسوکەوتی لەگەڵ کەسانی دیکە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شوناسی نوێ ساز دەکات. لە ڕوانگەی پێڕەوانی ئەم مەکتەبەوە، شوناس قەت قەت تەواو نییە و هەر ڕۆژە خەریکی سازبوونە. یەکەی شیکاری چالاکیگەراکان تاکە و

1. Georg Simmel
2. Symbolic Interactionism

لە ڕوانگەی ئەوانەوە تاک پێگەیەکی بەرزتر لە کۆمەڵگای پێ دەدرێ (ترنر، ١٩٩٨، ٣٧٥ بۆ ٣٨٢).

یەک لە سەرەتاییترین تیۆرییەکان تیۆرییەکان کە بنەمای تیۆرییەکانی شوناسی کۆمەڵایەتییە، تیۆری «خۆ وەک ئاوێنە»ی[1] «کۆلی»[2] یە کە «جۆرج هێربێرت مید»[3] پەرەی پێداوە. لەم تیۆرییەدا، ڕۆڵی کۆمەڵگا لە پێکهاتنی شوناسی تاکەکان، بەتایبەت میرمندالان، باس کراوە. کۆلی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە مرۆڤ جووڵانەوەکان و ئاماژەکانی کەسانی دیکە بۆ دیتنیان دەکار دێنێت. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە، ئەو دیمەنانەی تاکەکان لە خۆیان هەیانە وەک گەڕانەوەی وێنە لە ئاوێنەدایە. تاکەکان دەکەونە بەر کاردانەوەی کەسانی دیکە بەرامبەر هەڵسوکەوتەکانیان. هەر بەم بۆنەوە مرۆڤەکان بە خوێندنەوەی جووڵانەوە و ئاماژەکانی کەسانی دیکە، خۆیان وەک شتێک دەبینن (اشرفی، ١٣٧٧، ١٦). کۆلی لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە خۆ لە ئەنجامی تێکەوتن لە پرۆسەی کۆمەڵایەتیدا ساز دەبێ و ئەنجامی دیالێکتیکی منی تاکەکەس و منی کۆمەڵایەتییە. منی تاکەکەس و منی کۆمەڵایەتی دووانەیەکی هاوکاتن، کە وەک گۆرڤیچ[4] دەڵێت، هاوبانگهێشتی نێو هەر تاکێکە. خۆ هەمان شوناسی مرۆڤە و کاتێک کە مندال یان جۆری کۆمەڵگای مرۆیی بتوانێ ئەم شوناسە بەدەست بێنێ، دەتوانێ خۆیشی بناسێت. خۆ ئەو کاتەی پێک دێت کە مندال لەنێوان خۆی و ئەو شتانەی هەیەتی لەچاو دەرەوەدا جیاوازی دانێت (تنهایی، ١٣٨٧).

لە ڕوانگەی کۆمەڵناسانی وێکخراوەوە، کۆمەڵگا گۆڕەپانی هاونیشینی بەشە گچکە و گەورەکانە کە نواندنی بەرچاوی دەبێتە مەشرووعییەتدان بە چەندینەبوون و قبووڵکردنی هەبوونی شوناسە بەکۆمەڵە جۆراوجۆرەکانە (توسلی، ١٣٩٨، ١٦). گیدێنز[5] وەک کۆمەڵناسێکی وێکخراو، یەک لە ناسراوترین و گشتگرترین هەوڵەکانی بۆ وێکخستنی بریکارێتی و پێکهاتە ئەنجام داوە و دەیەوێ تیۆری شوناس بەپێی تیۆری پێکهاتەبەندی شرۆڤە بکات. بەو واتایە کە چالاکوان بە شێوازێکی تێفکرینی دووبارە چالاکییەکانی خۆی لە پێکهاتەی کۆمەڵگا هەڵدەسەنگێنێ و کاریگەریدانان و گۆڕانی دۆخە کۆمەڵایەتییەکانی تاکەکان لە بنەڕەتدا ئەنجامی توانابوونیانە لە تێفکرینی دووبارە بەرامبەر بە هەڵسوکەوتی خۆیان (ذکایی، ١٣٨١، ٣).

تاکەکانی مرۆڤ لە هەوڵی ئەوەدان کە خۆیان بەپێی دابونەریت و پێوەرەکانی ئەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژین، پێناسە بکەن. ئەکتی دوولایەنە لەم بوارەوە جەخت لەسەر پێگەی تاک لە کۆمەڵگا دەکاتەوە. بە واتایەکی دیکە، ئەوان بڕوایان بە جۆرێک شوناسی تاکەکەسی هەیە کە لە کۆمەڵگاوە ئاخێزاوە. ئانتۆنی گیدێنز شوناسی تاکەکەسی وەک شتێک کە لە ئەنجامی ئەکتە کۆمەڵایەتییەکانی تاک، پێی سپێردرابێ، پێناسە ناکات، بەڵکوو شوناسی تاکەکەسی بەو شتەی دەزانێ کە بەردەوام و

1. Looking glass self theory
2. Charles Horton Cooley
3. George Herbert Mead
4. Georges Gurvitch
5. Anthony Giddens

ڕۆژانـە سـاز دەبێ و لـە چالاکییە کاردانەوەییەکانی خۆیدا دەپارێزرێ و پاڵپشـتی لێ دەکرێت (گیدنز، ١٣٩٨، ١). ئـەم وتـەی گیدێنـزە وەهای پیشـان دەدات کە شوناسـی هەر تاکێک بڕیار نییە سروشـتی ئـەو تاکـە بێـت. شـوناس ڕۆڵێـک نییـە کـە لەلایـەن کۆمەڵـگاوە بسـپێردرێتە تـاک، بەڵکـوو شـوناس پرۆسـەی واتاسـازییە کـە لە درێـژەی ژیانی ڕۆژانـە و کار و ڕەوتەکانیدا سـاز دەبێ. شـوناس قەت نەگۆڕ و سـتاتیک نییـە، بەڵکـوو دەگۆڕدرێ یان دینامیکـە (الطایـی، ١٣٨٢، ٣٩). گۆڕانکارییەکانی جیهانی نـوێ و دابەشـکردنی کاری نێودەوڵەتـی، کۆتاییهاتنـی شـەڕی سـارد، بەربڵاوبوونـی کۆچکردنـەکان و هۆکارەکانـی دیکـە بوونەتـە هـۆی ئاوڕدانـەوە لەسـەر شوناسـە گرووپییـەکان و تاوتوێکردنـی شوناسـە گرووپـی و کۆمەڵایەتییـەکان یـەک لـە نیگەرانییەکانی زانسـتە کۆمەڵایەتییەکان بووە لەم سـەردەمەی دواییـەدا. بەتایبـەت دەکـرێ ئامـاژە بـە نیگەرانـی پۆسـت مودێرنیسـتەکان بکەیـن لەسـەر لاوازبوونـی کەلتووریـی هاوچەرخ.

لە ڕوانگەی گیدێنزەوە شوناسی تاکەکان بەپێی خۆوشیاری و هەروەها لە ڕێگای دۆخە کۆمەڵایەتییەکان لە کات و شوێندا ساز دەبێت. ناوبراو ڕای وایە کە کارکردە کۆمەڵایەتییەکان، ڕەوتی کاردانەوەییبوونی، عەقڵانییەتی تاک و تێفکرینی دووبارە، شوناسی تاک بەردەوام دەخاتە پرۆسەی سازبوونەوە، بەتایبەت لە سەردەمی نوێدا کە ڕێکخراوەکانی ئەوڕۆش دەستێوەردانیان هەیە. گیدێنز لەسەر ئەو باوەڕیە کە هەر شتێک لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، چ ئەوەی سیستەمە جیهانییەکان لەخۆی دەگرن تا ئەوەی کە وەک دۆخی فیکریی تاکێک هەژمار دەکرێ، لە یەک کردار و ڕێگا و شێوازی کۆمەڵایەتییەوە دێنە ئاراوە. بۆیە گیدێنز ڕای وایە کە شوناسی تاک لە ڕەوتی سازبوونەوە و بەپێی دۆخەکان و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، ئابووری و هەروەها خۆوشیاری ساز دەبێت (گیدنز، ١٣٩٨، ٨١).

کاسـتێلز[1] ڕای وایـە کە شـوناس لەگـەڵ ناوەڕۆک و بەسـتێنە کۆمەڵایەتییەکان پێوەنـدی هەیە کە دەبـێ سیاسـەتە پێوەندیدارەکانـی لـە پێگـەی مێژووییانـەوە تاوتـوێ بکرێـت. لـە ڕوانگـەی ناوبـراوەوە، جیهـان و ژیانـی ئێمـە بـە دەسـتی ڕەوتـە ناکۆکەکانـی جیهانگیـری و شوناسـەوە سـاز دەبن. شۆڕشـی تەکنۆلۆژیکـی زانیارییـەکان و دووبارە سـازبوونەوەی پێکهاتەکانی سـەرمایەداری شـێوازێکی نوێیان لە کۆمەڵـگا، واتـە کۆمەڵگایـی تۆڕییـان بنیات ناوە. ناوبراو شـوناس وەک پرۆسـەی واتاسـازی بەپێی یەک تایبەتمەنـدی کەلتـووری یـان کۆمەڵەیەکی پێکـەوە گرێـدراوی تایبەتمەندییە کەلتوورییەکان پێناسـە دەکات کە یەکەمایەتی دەدرێتە سەرچاوە واتاییەکان و بۆ چالاکوانی بەکۆمەڵ ڕەنگە چەندین شوناس لـە ئـارادا بـێ، بـەڵام ئـەم فراوانبوونـە بـۆ نواندنـی دووبـارەی خـۆ و کـردەوەی کۆمەڵایەتی سـەرچاوەی کێشـە و ناتەباییـە. واتـا بریتیـە لە یەکگرتنـی هێمایانـەی چالاکوانانـی کۆمەڵایەتییە لە گـەڵ ئامانج و مەبەسـتی چالاکـی و کردەوەکانـدا. ناوبـراو تایبەتمەندی جیاواز بـۆ کۆمەڵگای تـۆڕی و زانیاریی ئەوڕۆ دادەنێـت کـە دەبنـە هـۆی شوناسـە جیـاوازەکان لەچاو سـەردەمانی پێشـوو، چونکە لەگـەڵ زیادبوونی پێوەندییـە دوولایەنـەکان لـە ژێـر کاریگەریی جیهانگیـری و لەلایەکی دیکەشـەوە جەختکردن لەسـەر

---

1. Manuel Castells

شوناسە ناوچەییەکان (خۆڕاگری)، ڕەوتی هەڵبژاردنی شوناسی تاکەکان بەستێنی گۆڕدرانی بۆ ئامادە کراوە و بەپێی دانوستانی دیالکتیکی ناوچەیی و جیهانی دووبارە ساز دەبنەوە. چالاکوانانی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای هەستکردن بە دابەزینی مەشرووعییەتی سیستەمی سیاسی خۆیان و هەستکردن بە هەڵاواردنی نادادپەروەرانەی سیاسی و ئابووری یان کۆمەڵایەتی کاردانەوەیان دەبێ و شوناس و کەسێتی خۆیان لەو کۆمەڵانەوە وەردەگرن کە لەگەڵ تایبەتمەندی داکۆکیکەر و یان پلاندار ئامانجیان ئەوەیە کە شوناسی نوێ ئاراستە بکەن و ئەمەش بە دوو شێوازی تایبەتخوازانە و گشتخوازانە دەبێت (کاستلز، ١٣٨٠).

تیۆری شوناسی کۆمەڵایەتی، بەشێوەی دیاریکراو لەلایەن تاجفێل[1] و هاوکارانی بۆ یەکەم جار ئاراستە کرا، بەڵام ڕیشەکانی ئەم تیۆرییە دەگەڕێنەوە بۆ تیۆری «ناتەبایی ڕیئالیسمی» موزەفەر شەریفم[2] کە بەپێی ئەو تیۆرییە، ناتەبایی نێوان گرووپەکان (لە هەبوونی کارلێکدا) زیاتر لەسەر بەرژەوەندییە دەگمەنەکان و شێوازی دابەشکردنیان ڕوو دەدات. بەپێی پێناسەی شەریف، ئەندامانی گرووپ بەپێی ئەو ئامانجە هاوبەشانەی بۆ خۆیان پێناسەی دەکەن، ڕووبەڕووی ئەندامانی دەرەوەی گرووپ دەبنەوە. ناوبراو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە لە دۆخە ئەستەمەکاندا، تاک ڕاکێشی ئەو گرووپانە دەبێ کە پلان و ڕێکاری ئایدۆلۆژیکیان هەیە بۆ جیهانێکی باشتر و دوژمنێک هەیە کە بۆ بەدیهاتنی ئەو ئایدۆلۆژیا دەبێ لەناو بچێ (نظری و پیرانی، ١٣٩٦، ٨٠). تاجفێل شوناسی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەندامایەتی گرووپی گرێ دەدا و سێ بەشی هەستیارانە، مەعریفی و بایەخیی بۆ دادەنێت. لەم ڕوانگەوە، شوناسی کۆمەڵایەتی بریتییە لە شێوازی بیرکردنەوەی تاک لەسەر خۆی لەچاو ناسین و ئاگاداری لەسەر ئەندامایەتی لە گرووپێک لەگەڵ لایەنی بایەخیی و هەستیاریی پێوەندیدار بەو ئەندامایەتییەوە (گل‌محمدی، ١٣٨٦، ٢٣٣). لەم ڕوانگەوە، دەکرێ شوناسی کۆمەڵایەتی وەک جۆرێک خۆناسینی تاک لەپێوەندی لەگەڵ کەسانی دیکە ئاماژە پێ بدەین. ئەم پرۆسە دیاری دەکات کە تاک لەبواری دەروونناسی و کۆمەڵایەتییەوە کێیە و چ جێگە و پێگەیەکی هەیە (تاجیک، ١٣٨٤، ٥٢).

لە ڕوانگەی تاجفێلەوە کۆمەڵگا لە کەسانێک پێکهاتووە کە پێکەوە بەپێی پێگە و دەسەڵاتیان پێوەندییان هەیە و پێکهاتەی ئەم پێوەندییە بۆ شێوازبەندیی شوناس گرنگە. ناوبراو ناوی ڕیزبەندی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەو پرۆسەیەی دادەنێت کە خۆیان ناوخۆی گرووپ لە دەرەوەی گرووپ جودا دەکەنەوە و بڕوای وایە شوناسی کۆمەڵایەتی لە یەکێک لە ئەم پرۆسانەی ناوخۆییکردنی بابەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان دێتە ئاراوە (ایمان و کیذقان، ١٣٨٢، ٨٢). تاجفێل و هاوکارانی بورهان دێننەوە کە ڕیزبەندی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی لایەنگریی گرووپی و هەڵسەنگاندنی ئەرێنی لە ناوخۆی گرووپ و لەئەنجامدا جۆرێک لایەنگری بۆ نموونە لە دابەشکردنی بەرژەوەندییەکان لەئاستی گرووپ

1. Henri Tajfel
2. Muzafer Sherif

دێتە ئاراوە. ئەم تیۆرییە جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوە کە ڕیزبەندی پرۆسەیەکی بەردەوامە و گرێ دراوە بە ناوەرۆک کە لە پێوەندییە بەراوردییەکاندا لە ڕێی دەقێکی دیاریکراوەوە دەستنیشان دەکرێت. لە ڕیزبەندیدا، هەمیشە جیاوازیی نێوان گرووپەکان لە جیاوازیی ناوخۆی گرووپەکان زیاترە (جوادی یگانە و عزیزی، ١٣٨٧، ١٩٦). پۆلێنبەندی ڕکابەریی کۆمەڵایەتی نێوان گرووپی دێنێتە ئاراوە. لەگەڵ بەردەوامبوونی تێڕوانینی ئەرێنی تاکەکان بە گرووپی خۆیان لەچاو گرووپی بێگانە، لاگری لە تێگەیشتن و شێوازی هەڵسوکەوتی هەڵاوێرانە و لە دەرەنجامدا ناکۆکی دێنە ئاراوە (کاتم و دیگران، ١٣٨٦، ٢٣٢ و ٢٣٣)

یەکی دیکە لەو بیرمەندانەی کە لە پارادایمی پێناسەکردنی کۆمەڵایەتی و لەژێر کاریگەری ئەندێشەکانی جۆرج هێربێرت مید، چەمکی شوناسی تاوتوێ کردووە ڕیچارد جێنکینزە. بە بڕوای ناوبراو، شوناسی کۆمەڵایەتی تایبەتمەندی هەموو مرۆڤەکانە وەک بوونەوەری کۆمەڵایەتی و لەم بارەوە، سەرچاوەی واتا و ئەزموون بۆ خەڵکە و دەتوانین دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە شوناس ساز دەبێت. لە ڕوانگەی جێنکینزەوە، شوناسی کۆمەڵایەتی کایەیەکە کە تیایدا «بەرامبەر بە یەکدی کایە دەکرێ». شوناسی کۆمەڵایەتی تێگەیشتنی ئێمە لەو بابەتەیە کە کێین و کەسانی دیکە کێن و لەو لاشەوە تێگەیشتنی کەسانی دیکە لە خۆیان و بەرامبەرەکانیان. بەم بۆنەوە شوناسی کۆمەڵایەتیش وەک واتا، جەوهەری نییە و بەرهەمی ڕێککەوتن یان ڕێکنەکەوتنە و دەکرێ لەسەری مشتومڕ بکرێت (جنکینز، ١٣٨١، ٧ و ٨).

ئەو شتەی کە شوناس دەبەخشێتە گرووپێکی مرۆیی ئەو هاوشێوەبوونەیە کە دەبێتە هۆی جیاوازیی ئەو گرووپە لە گرووپەکانی دیکە. هاوشێوەیی و جیاوازی واتاگەلێکن کە تاکەکان سازیان دەکەن. کەلتووری کۆمەڵگا مرۆییەکان بەرچاوێتی دەبەخشێتە پرۆسەی جیاوازی و هاوشێوەیی. کەرەستە کەلتوورییە شوناسسازەکان دەبنە هۆی پێکهاتنی بابەتە شوناسییەکان لە نێو کۆمەڵگا مرۆییەکان. زمان، ئایین، جلوبەرگ، دڵگراوییە جوانیناسانەکان، ڕابواردنەکان، وەرزش، خۆراک و هتد ئەو بابەتە کەلتوورییانەن کە بۆ ژیان لە هەر گرووپێکدا واتا ساز دەکەن و دەبنە هۆی هاوشێوەیی نێوگرووپی و جیاوازبوون لە دەرەوەی گرووپ. بەم پێیە، یەک گرووپ و یان تەنانەت تاکێک دەتوانێ لە دۆخە جۆراوجۆرەکاندا شوناسی جۆراوجۆر بۆ خۆی ساز بکات و خۆی پێبەندی ئەو شوناسانە بکات. «لە بنەڕەتدا ژیانی کۆمەڵایەتی بەبێ هەبوونی ڕێگایەک بۆ تێگەیشتن لەوەی کە کەسانی دیکە کێن و بەبێ تێگەیشتن لەوەی کە خۆمان کێین شتێکی نەکراوە.»

جێنکینز بۆ پەروەردەکردنی تیۆری شوناسی کۆمەڵایەتی خۆی، لەژێر کاریگەری کەسانێکی وەک هێربێرت مید، ئێروینگ گافمەن[1] و فریدریک بارسی خەڵکناسدا بووە. جێنکینز گیرسانی تیۆری خۆی بەم جۆرە کورت دەکاتەوە: «ئەگەر شوناس مەرجی پێویستە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی، پێچەوانەکەشی ڕاستە. شوناسی تاکەکەسی کە لە خودێکدا دەرکەوتووە بەدەر لە ئاسۆ و ئەزمانی

---

1. Erving Goffman

کۆمەڵایەتی کەسانی دیکە واتای نابێ. شوناسی تاکەکەسی لەسەر جیاوازی و شوناسی بەکۆمەڵ لەسەر هاوشێوەیی جەخت دەکاتەوە. بەڵام شوناسی تاکەکەسی و خۆ بەشێوەی تەواو لە کۆمەڵگادا ساز دەبن، واتە لە پرۆسەکانی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی سەرەتایی و دوابەدوایی و لە پرۆسەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی کە لە چوارچێوەیاندا، تاکەکان لە درێژەی ژیانی خۆیاندا خۆیان و کەسانی دیکە پێناسە و دووبارەناسی دەکەنەوە. ئاخێزگەی ئەم ڕوانگەیە، پراگماتیزمی ئەمریکییە کە لە تیۆرییە کاریگەرەکانی چارلز هۆرتۆن کولی و مید سوودی وەرگرتووە. دەرەنجامی کاری ئەوان دەبێتە تێگەیشتنێک لە «خۆ» وەک تێکەڵێکی وەگەڕ و لە کردەوەدا و هاوکات لەگەڵ پێناسەکردنی خۆ و پێناسەکانی خۆ کە کەسانی دیکە ئاراستەی دەکەن. بۆیە بۆ ئەو نموونە بنەڕەتییە کە کۆی بورهانەکەی من ئاشکرا دەکات، نموونەیەک ساز دەبێت؛ واتە دیالکتیکی ناوخۆیی- دەروونیی دەستنیشانکردن و ناسین وەک پرۆسەیەک کە هەموو شوناسەکان، بریتی لە تاکەکەسی و بەکۆمەڵ، تێکەڵ دەکات.» (هەمان، ٣٥). شوناسی تاکەکەسی[1] بێهاوتا و تایبەتی هەر تاکێکە و بە کۆمەڵێک لە تایبەتمەندییەکان دەگوترێ کە تاک بە هی خۆی دەزانێ و خۆی لە کەسانی دیکە جودا دەکاتەوە و لەو ڕێگەیەوە هەستی بەردەوامبوون و سەربەخۆیی تاکەکەسی دەدۆزێتەوە (احمدی، ١٣٨٦، ٨٦). بەڵام شوناسی بەکۆمەڵ لە ڕێگای هاوشێوەبوون لەگەڵ ئەندامانی گرووپ دێتە ئاراوە و هەڵگری ئەو بەشە لە ژیانی کۆمەڵایەتییە کە تاک بە جێناوی «ئێمە» خۆی وەک بەشێکی دەزانێ و بەڵێنی بەرامبەر دەدات (وەک ئێمەی ئێرانی، ئێمەی ڕۆژهەڵاتی و ...). مرۆڤەکانیش بەپێی ژمارەی دەورگێڕانیان و ئەندامێتیان لە «ئێمە» جۆراوجۆرەکاندا خاوەنی شوناسی کۆمەڵایەتی جیاوازن (رزازی فر، ١٣٧٩، ١٠٢). هەر بەم بۆنەوە شوناسی کۆمەڵایەتی پێوەندی هەیە بە کۆمەڵێک لە هۆگرایەتی و دڵگراوییەکانی تاکێک بەرامبەر بە سیستەمی کۆمەڵایەتی[2] وەک چینی ڕەگەزی، تەمەنی، کۆمەڵایەتی، ئێتنیک، نەتەوە و هتد (گامپرز، ١٩٨٢، ٩٧). بەپێی ئەم شرۆڤانە دەکرێ بڵێین سەرچاوە و کەرەستەکانی شوناسی کۆمەڵایەتی مەیل و دڵگراوی بۆ کەلتووری هاوبەش، نیشتمانی هاوبەش، زمانی هاوبەش و مێژووی هاوبەشن و سەرچاوە و کەرەستەکانی شوناسی تاکەکەسیش بەرزەخۆیی و ئەو بایەخ و حورمەتەن کە کەسێک لەنێو کۆمەڵگادا بۆ خۆی دایدەنێ و ئەو دیمەنەیە کە خۆی تێدا دەبینێتەوە. نابێ ئەو خاڵە لەبیر بکەین کە شوناس، چ تاکەکەسی بێ و چ جەماوەری، چەمکێکی کۆمەڵایەتییە، چونکە تایبەمەندییە تاکەکەسییەکانی وەک ناولێنانی منداڵێکیش لەسەر بنەمای پێشینەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی دادەمەزرێن و چونکە دەمانەوێ بابەتی شوناس لەسەر گرووپ و چینە کۆمەڵایەتییەکان تاوتوێ بکەین، پاشگری کۆمەڵایەتیشمان بەم چەمکە زیاد کردووە.

---

1. Individual identity
2. Social system

- **ڕوانگە تێورییەکانی زانستە مرۆییەکان سەبارەت بە شوناس**

شوناس هەڵگری تایبەتیترین دەرکەوتنی تاکەکەسی تا گشتیترین دەرکەوتنی بەکۆمەڵە. شوناس هەم هەڵگری واتای پۆتانە تایبەتەکانی تاک و جوداکەرەوەی لە کەسانی دیکەیە (Olson, ٢٠٠٢) هەم مانای دیاردەیەکی بەکۆمەڵ دەدات، کە تا ئەو کاتەی کە تێفکرین و کردار بەشێوەی بەکۆمەڵ جێبەجێ نەکرێن ئەویش بەرهەم نایەت (خانیکی، ١٣٨٧، ١٠). هەروەها شوناس واتە هەستی جیاوازیی تاکەکەسی، هەستی بەردەوامبوونی تاکەکەسی، هەستی سەربەخۆیی تاکەکەسی (گل‌محمدی، ١٣٨٠، ١٤) تا جیاوازی تاکەکەسی تاک لە پێوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا (Brown, ١٩٩٦, ٧٨) و چییەتی فکر و وێناکردنەکانی کۆمەڵگایەک لەسەر ژیان (سریع‌القلم، ١٣٨٣، ٤٢)، کە هەر هەموویان وەک ڕەهەندی جۆراوجۆری ئەم دیاردە ئاڵۆزە چەندلایەنە هەژمار دەکرێن.

لەم لێکۆڵینەوەدا، شوناس بە واتای وشیاربوون لەسەر کێیەتی تاکەکەسی و پێبەندبوونە کۆمەڵایەتییەکان دەکار هێنراوە و ئەم وشیاربوونە ئەگەرچی بەرهەمی پرۆسەی تاکایەتی بەخشینە، تەنیا وەک هەستێکی تاکەکەسی و دەروونی نامێنێتەوە و لە ڕێگای پیشاندانی لێکچوون و جیاوازییەکانی تاک لەگەڵ کەسانی دیکە و گرووپەکانی دیکە دەرکەوتنی دەرەکی و بەکۆمەڵ دەبێ و دەبێتە بنەمایەک بۆ پێوەندی و کردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان (Jenkins, ٢٠١٤, ٦-٢٠). بەم جۆرە چەمکی شوناس لایەنی کۆمەڵایەتی بەخۆوە دەگرێ کە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا زۆر باس دەکرێ. لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە، شوناس دوبارەناسینەوەی سنووری نێوان خود و ئەویدیە کە زیاتر لە ڕێگای پێکەوە هەڵسەنگاندن و جوداکردنەوەی نێوگرووپەکان و دەرەوەی گرووپەکانەوە هاتۆتە ئاراوە.

بۆ ناسینی شوناسی کەلتووری، ئاوڕدانەوە لە ڕوانگە جۆراوجۆرەکانی ئەم بوارە یارمەتییەکی گەورەمان پێ دەدات، چونکە هەر یەک لەم ڕێدۆزانە بەشێک لە ڕاستی و حەقیقەتی ئەم واتایەیان دەرخستووە؛ دەروونناسی، کۆمەڵناسی، زانستە سیاسییەکان، مێژوو، خوداناسی، فەلسەفە و ... هەر یەک لە ڕوانگە و گومانی خۆیانەوە سەرنجیان داوەتە ئەم دیاردەیە و پێناسەی جۆراوجۆریان لەسەر ئەو بنەمایە ئاراستە کردووە (آشنا و همکاران، ١٣٨٩، ١٥٨) و هەر بەم بۆنەوە دەتوانین لە پارادایمە جۆراوجۆرەکاندا، کەڵک لە تیۆرییە جۆراوجۆرەکان وەرگرین.

ئێریکسۆن[1] یەکەم جار وشەی شوناسی تاکەکەسی لە ساڵی ١٩٦٨ی زایینیدا دەکار هێنا. ناوبراو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە شوناس هەستێکە کە لە هەڕەتی لاوییەوە، تاک خۆی لە کەسانی دیکە جودا و جیاواز دەبینێ و بۆ خۆی بەردەوامی و یەکگرتوویی دادەنێت و خۆی هاوشێوەی ئەو تێڕوانییە دەبینێ کە کەسانی دیکە بەرامبەری هەیانە. بۆیە کەڵکی چەمکی شوناس و لێکدانەوەی

1. Erik Erikson

تاکەکەسی لەم چەمکە دەبێتە سازکردنی هەماهەنگی لە نێوان لێکدانەوەی تاک لە خۆی وەک کەسێکی خاوەن دامەزراوی و لێکدانەوەی کەسانی دیکە. لە ڕاستیدا ئێریکسۆن گەڕان بەدوای شوناس لە تاکدا دەگەڕێنێتەوە بۆ تەمەنی میرمنداڵی (Erikson, 1994).

بەڵام لۆکمان[1] و بێرگێر[2] لە ڕوانگەیەکی دیکەوە ئاوڕیان لەسەر شوناس داوەتەوە. ئەم دوو بیرمەندە شوناس وەک هەڵگری هەموو ڕۆڵ و خواستەکانی تاک دەبینن کە لە درێژەی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتیدا کردوویەتە بەشێک لە خۆی. بۆیە شوناس لە میانەی ڕەوتی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتیدا پێک دێت، دەمێنێتەوە، دەگۆڕدرێ، و یان تەنانەت سەرلەنوێ ساز دەبێتەوە. بەم ڕوانگەوە دەتوانین شوناس وەک بەرهەمی دیالکتیکی واقیعی زەینی (سۆبژێکتیڤ) و واقیعی بابەتی (ئۆبژەێکتیڤ) ببینین کە لە بەرامبەر پێکهاتە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکاندا کاردانەوەی دەبێت و دەبێتە هۆی پاراستن، گۆڕدران و یان پێکهاتنی دووبارەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان (لوکمان و همکاران، ١٣٩٥). گیدێنز بە دوای واقیعی زەینی (سۆبژێکتیڤ) لە خۆوشیاری و واقیعی بابەتی (ئۆبژەێکتیڤ) لە کردەوەی کۆمەڵایەتیدا دەگەڕێت. بەم پێیە شوناس وەک وشیاری تاک، گرووپ و کۆمەڵگا لەسەر خۆیان دەبینێ کە لە کردەوە کۆمەڵایەتییەکاندا بەرەبەرە پێکدێن (گیدنز، ١٣٩٨، ٨١).

لە لێکۆڵینەوە کەلتوورییەکانی شوناسدا، زۆرینەی بیرمەندان دانیان بەوەدا ناوە کە شوناسە کەلتوورییەکانی کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان ناتوانن لە نێو یەکدا تێکەوەچوونیان هەبێ، بەڵکوو کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان هاوبەشییە کەلتوورییەکانیان هەیە، بەڵام هەر کۆمەڵگایەک خاوەنی شوناسی کەلتووریی تایبەتی خۆیەتی (روح‌الامینی، ١٣٧٩، ١١٠ و ١١١). دورکیم ڕای وایە کە کۆمەڵگا پێکهاتووەکان لەسەر یەکانگیریی مێکانیکی، زیاتر خاوەنی شوناسێکی تایبەتن و هەر یەک لە تاکەکانی کەرتێک، چونکە تەواو لەو کەرتەدا تواونەتەوە، شوناسێکی هاوشێوەی ئەندامانی دیکەی ئەو بەشەیان هەیە. بەڵام لەو کۆمەڵگانەی کە خاوەن یەکانگیریی ئۆرگانیکن، ئێمە جۆرێک شوناسی بەکۆمەڵی گشتیتر دەبینن کە هەڵگری شوناسە تایبەت و چکۆلەکانە. بەو واتایەی کە هەرچی قەبارەی کۆمەڵگاکان گەورەتر دەبێتەوە، چییەتی ویژدانی گشتیی زیاتر دەگۆڕدرێت، چونکە کۆمەڵگاکان ئاستێکی بەربڵاوتریان هەیە، ویژدانی جەماوەرییش بەناچار پەل دەهاوێ و دەچێتە ئەودیوی سنووری جۆراوجۆرێتییە خۆماڵی و ناوچەییەکانەوە (دورکیم، ١٣٧٨، ٧٨).

لە ڕوانگەی «قوتابخانەی دژایەتی»[3]یەوە، مارکس، شوناسی بەکۆمەڵ لە ڕەهەندی چینایەتی و وشیاری چینایەتییەوە تاوتوێ دەکات. ناوبراو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە شوناسی بەکۆمەڵ لە هەر سەردەمێکدا دەگەڕێتەوە بۆ بیر و ئەندێشەی چینی حاکم لەو سەردەمەدا. بیر و فکری چینی حاکم لە هەر سەردەمێک بیر و فکری حاکم لەسەر کۆی کۆمەڵگایە؛ واتە چینێک کە لە باری هێز

1. Thomas Luckmann
2. Peter Berger
3. Conflict school

و دەسەڵاتی مادییەوە لەسەر کۆمەڵگا زاڵە. وشیاریی چینایەتی سەرەکیترین هۆکاری پێکهاتنی شوناسی بەکۆمەڵە و چینێکی کۆمەڵایەتیش لەسەر ئەو بنەمایە خۆی پێناسە دەکات و خۆی دەناسێت؛ دیاردەیەک کە مارکس ناوی وشیاریی چینایەتی لەسەر دادەنێت و بە واتای وشیاریی چینەکان لەسەر شوناس، داواکارییەکان و بەرژوەندییەکانیان دێتەوە. تا ئەو کاتەی کە چینی کۆمەڵایەتی نەگەیشتبێتە وشیاریی چینایەتی، ناتوانێ لە لەخۆ نامۆبوون ڕزگاری بێت و بگاتە شوناسی جەماوەریی خۆی. وشیاریی چینایەتی چینی کرێکار واتە ڕزگاری ئەو چینە لە ئایدۆلۆژیای درۆیین و هەڵبەستراو و دۆزینەوەی شوناسی جەماوەریی ڕەسەنی خۆی و لەگەڵ شوناسدۆزینەوەی ئەم چینە، کۆمەڵگاش دەگاتە شوناسی خۆی. لە ڕێگای ئەم شوناسەوە، کۆمەڵگایەک ڕەسەنە کە تیایدا، حاکمییەتی کۆمەڵایەتی و ئامرازەکانی وەبەرهێنان، دابەشینی یەکسانی سەروەت و سامان، دەسەڵات و ڕێز و حورمەت و ... دێنە دی و لەم ڕێگایەوە هەنگاوە سەرەتاییەکان بۆ لەناوبردنی نایەکسانییەکان هەڵدەگیردرێ و ئایدۆلۆژیا پاساوهێنەرەکان بۆ نایەکسانی –کە هەمان شوناسی جەماوەریی سەرمایەدارییە- لەناو دەچن و پێوەندییە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان جێگای پێوەندییەکانی پێشوو دەگرنەوە و بەرزترین ئاستی شوناسی جەماوەریی گشتی (شوناسی مرۆیی و شوناسی جۆریی) دێنە دی، هەمان دیاردە کە وەک کۆمۆنیزم ئاماژەی پێ دەکەن و بۆتە نیشاندەری تێفکرینی مارکس و مارکسیسم. (اباذری و چاوشیان، ١٣٨١، ٦).

لە ڕوانگەی بیرمەندانی قوتابخانەی «کارلێکی کۆمەڵایەتی»وە[1] ، شوناس وەک دیاردەیەک کە بازنەی هەڵگری تایبەتترین دەرکەوتنەکانی تاک تا گشتیترین بوارەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانە، بەرهەمی دیالکتیکی خۆ و کەسی دیکە بووە کە لە نێو گرووپێک لە تۆڕی واتایی هزر و پێکهاتە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکاندا هاتوچۆ دەکات و لەسەر ئەم بنەمایە، دەگاتە حاندێک لە نێو دوو سەری ئەم گرووپانە؛ حاندێک کە ستاتیک و وەستاو نییە و هەر ساتە ڕەنگە بگۆڕدرێت، گۆڕانکارییەک کە نە تەنیا بەرهەمی خۆی (تۆڕی واتایی) بەڵکوو بەرهەمی غەیر و دیکەشە (پێکهاتەی کۆمەڵایەتی)[2] . پێوندی نێوان کەلتوور و شوناسیش دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم دیالکتیکە تا ئەو جێگایەی کە زۆرینەی بیرمەندان بۆ کەلتوور، لەبەر ڕۆڵی بەرچاو و باڵای لە مەودای نێوان خۆ و دیکەدا، شان و شکۆیەکی سەربەخۆ لە شوناس دادەنێن و شوناسیش وەک دیاردەیەکی کەلتووری هەژمار دەکەن. بەم واتایە شوناسی کەلتووری لەچاو ئاستەکانی دیکەی شوناس گرنگبوونێکی هەڵچووی دەبێ (آشنا و همکاران، ١٣٨٩، ١٥٨).

کردەوەخوازانی هێمایی[3] لەسەر ئەو باوەڕەن کە مرۆڤ لە سەرەتای ژیانی کۆمەڵایەتییەوە خاوەنی کاکڵەیەکی بنەمایی یان شوناسێکی ئاستی سەرەتاییە کە لە ڕەوتی پێگەیشتنی

---

1. Social interaction
2. Social structure
3. interaction

کۆمەڵایەتی و کردەوەی دوولایەنە لەگەڵ کەسانی دیکەدا هەر ڕۆژە شوناسی نوێ ساز دەکات، لە ڕوانگەی شوێنکەوتووانی ئەم مەکتەبەوە، شوناس قەت تەواو نییە و هەموو ڕۆژێک خەریکی سازبوونە. یەکەی شیکاری کردەوەخوازان تاکە و لە تیۆری ئەواندا تاک هەڤیازی و پێگەی باڵاتری لەچاو کۆمەڵگا پێ دەبەخشرێت (Turner, 1998, 375-382).

لە جۆری دیکەی یەکڕیزیی گرووپە لاوەکییەکاندا، کە ئەندامایەتی تاکەکان بەشێوەی ئازاد و لە دەستی خۆیاندایە، لە نێوان ئەندامانی ئەم گرووپانە پێوەندییە هەستیارانەکان بەربڵاوتر و هەڵسوکەوتەکان دەکەونە سنوورێکی گەورەتر لە ئامانجە تایبەت و سنووردارە ئێتنیکی و خێڵەکییەکانەوە و پێبەندبوون و دڵگراوی تاکەکان لە سنوورێکی گەورەتر لە سنوور و بازنە ئێتنیکی و نەتەوەییەکاندا گەشە دەکات و ئەنجامی دەبێتە کۆمەڵگای جیهانی. بۆیە ئاشکرایە کە شوناسی تاکەکان لە گرووپی وەهادا بە شێوەی گشتی و بەربڵاوتر پێک دێت. تاجفێل سەرەڕای ئەوەیکە ئەندامایەتی گرووپی لا گرنگە، دەڵێت کە بە بێ ئاگاداربوون و وشیاری لەسەر ئەندامایەتی لە گرووپ یان گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و بایەخ و بەهایەک کە تاک بۆ وەها ئەندامایەتییەک دایدەنێت، شوناسی بەکۆمەڵ ناتوانێ پێک بێت. (چلبی، ١٣٧٥، ٢٢٦). لە ڕاستیدا «خۆ» بەرامبەر بە ئاقار کاردانەوەی دەبێ و لە یەک دۆخدا ڕەنگە نەتەوایەتی لە پلەی یەکەمدا بێت، بەڵام ڕەنگە لە دۆخێکی دیکەدا ئێتنیسیتە یان نەژاد بکەونە بەر سەرنج و ئاوڕدانەوە. بۆیە چەمکی «خۆ» [1] لەم شوناسە کۆمەڵایەتییانەوە پێک دێت و بەردەوام بەپێی دۆخ و هەلومەرجەکان تووشی گۆڕانکاری دەبێت (Tajfel, 1978).

کۆمەڵناسانی وێکخراو، کۆمەڵگا بە گۆڕەپانی هاونیشینیی توخمە گچکە و گەورەکان دەزانن کە دەرکەوتەی ئاشکرای دەبێتە هۆی شەرعییەتدان بە فرەڕەنگی و قبووڵکردنی شوناسە بەکۆمەڵە جۆراوجۆرەکان (توسلی، ١٣٩٨، ١٦). لە ڕاستیدا ئەم ڕوانگەیە جۆر و ئاستە جیاوازەکانی شوناسە بەکۆمەڵەکان بریتی لە ناوچەیی، نەتەوەیی و جیهانی هاوشانی یەک ئاراستە دەکات، بە جۆرێک کە دەکرێ بەدیهاتنی شوناسی بەکۆمەڵی گشتیی جیهانی هاوشانی پاراستنی جیاوازییەکان و شوناسە بەکۆمەڵە تایبەتەکان ببینین. لەسەر ئەم بنەمایە هەمیشە دەبێ شوناسی خۆمان بەپێی کات، شوێن و ئاقار و لە دۆخە جۆراوجۆرەکاندا ببینین و پێداچوونەوەی لەسەر بکەین. بە گێڕانەوەیەکی دیکە، لەم سەردەمە دواییانەدا، بەستێنی شوناس‌سازی دەگۆڕدرێ و وەک پرۆژەیەکی هەڵگەڕانەوەیی لێ دێت؛ بۆیە هەر ئەندازە نەریتێک دەسەڵاتی خۆی لەدەست دەدات و ژیانی ڕۆژانە بەپێی کارلێکی دیالکتیکی ناوچەیی و جیهانی سەرلەنوێ ساز دەکرێتەوە، تاکەکان بە ناچار دەکەونە مشتومڕ لەسەر هەڵبژاردنی شێوازی ژیانی خۆیان لە نێو هەڵبژادە جۆراوجۆرەکاندا. بۆیە پێویستە شوناسی تاک لە پێوەندی لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی ژیانی کۆمەڵایەتی (بەپێوانەی ناوچەیی و جیهانی) پێک بێت، بگۆڕدرێ و بەشێوەی هەڵگەڕاندنەوەیی پتەو بێتەوە و کەسانی

1. Ego

چالاک لە کۆمەڵگا پان و بەرینەکاندا وێڕای ڕێزدانان بۆ شوناسە چکۆلەکان بەرامبەر بە شوناسە گەورە و گشتییەکان خواست و مەیلی زیاتر بنوێنن.

ڕاڵف دارندۆرف[1] کە چەمکی «مرۆڤی کۆمەڵایەتی» وەک چەقی لێکئاڵانی تاک و کۆمەڵگا دەزانێت، باس لەوە دەکات کە مرۆڤی کۆمەڵایەتی هەڵگری ڕۆڵی کۆمەڵایەتی پێشوەختە چێکراوە. (دارندورف، ١٣٨١، ٣٥). ئەو بە دارشتنی بیرۆکەی مرۆڤی «سەروونیشتمانی» (مرۆڤی بەرز، ئازاد، سەربەخۆ و سەرووتر لە سنوورە جوگرافی و مێژوویی و کولتوورییەکان) لە بەرامبەر مرۆڤی «نیشتمانی» (مرۆڤی سەر بە نیشتمانێکی دیاریکراو و خاوەنی مێژوو و کۆمەڵگا و کولتوورێکی تایبەت)، دەیەوێت بە ناسینی عاقڵانەی مرۆڤی نیشتمانی لە ڕێگای مرۆڤی کۆمەڵایەتییەوە، دەرگایەک بە ڕووی گەشەکردنی مرۆڤی سەروونیشتمانیدا بکاتەوە. دارندۆرف پێی وایە مرۆڤی نیشتمانی لانیکەم نۆ تایبەتمەندی هەیە: ١. پیشە ٢. نەتەوە ٣. ڕەگەزنامە ٤. چین ٥. تایبەتمەندی جوگرافیایی ٦. تایبەتمەندی ڕەگەزی ٧. تایبەتمەندی خۆوشیاری ٨. تایبەتمەندی ناوشیاری ٩.تایبەتمەندی تاکی یان کەسی. لەسەر ئەم بنەمایە، مرۆڤی نیشتمانی کە سنووردار و قەتیسکراوی تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و سیاسی و جوگرافیی دیاریکراو بێت، مرۆڤێکە خاوەنی شوناسێکی تایبەتیانە و دیار، و لە کۆتاییدا، لە چوارچێوەی سنووری جوگرافیایی و سیاسیی وڵاتێک تێناپەڕێت و شوناسی سنووردار و تایبەتە بەو پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەی کە هەیە. بەڵام لە لایەکی ترەوە، مرۆڤی سەروونیشتمانی، بە هۆی بەهرەمەندی لە ورەی ئازادبوون و تایبەتمەندی فەزای چۆڵ بۆ خەیاڵکردن، دەتوانێت پێکهاتە باڵادەستەکان تێپەڕێنێت و چالاکانە بەدوای شوناسێکی گشتگیرتردا بگەڕێت، بەجۆرێک کە توانای مەیلی بۆ گشتگیرترین جۆری شوناس (هاوچەشنویستی) تێیدا سەرهەڵ بدات. بەپێی ئەم ڕوانگە، مرۆڤ لە شوناسی تایبەتخوازانەی مرۆڤی نیشتمانی بەرەو شوناسی گشتخوازانەی سەروو نیشتمانی هەنگاو دەنێت. ئەو ئەم پرۆسەیە بە گشتی لە ڕێگای بەرفراوانبوونی ئازادی و دادپەروەری و ئاشتیدا دەبینێت.

بابەتی شوناسی سیاسی لەو بابەتانەیە کە بەرهەمی جیهانی مودێرنە. بۆیە بە مەبەستی ئاراستەکردنی پێناسەیەکی نوێ لە مرۆڤ و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ، کەوتۆتە ناوەندی بابەتە زانستییەکان. سیفەتی بەرچاوی شوناسی سیاسی لە جیهانی مودێڕندا جەختکردنە لەسەر پلۆراڵیزم، تاکگەرایی و عەقڵانییەتی خۆدامەزراویی مرۆیی. لە وەها بەستێنێکدا لەگەڵ قبووڵکردنی پلۆراڵیزمی سیاسی، تاک بەپێی مافە سروشتییەکانی خۆی، ئازادانە و بەپێی ئیرادە و هزری تاکگەرایانەی خۆی، خەریکی چالاکی لە گۆڕەپانی سیاسیدا دەبوو و هیچ دیاردەیەکی لە پێشەوە دەستنیشانکراو لەسەر شوناسی تاک کاریگەری نەبووە.

کاستێلز «شوناس» وەک سەرچاوگە و ڕێکخەری واتا دەزانێت. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە، هەڵسازرانی هەمووی شوناسەکان پرسی سەرەکی نییە، بەڵکوو پرسی سەرەکی ئەوەیە کە چۆن، لە چ شتێک،

---

1. Ralf Dahrendorf

لە ڕێگای چ کەسێکەوە، و بە چ مەبەستێک ئەم هەڵسازرانە جێبەجێ دەبێت. بە بۆچوونی کاستێلز، شوناس بەردەوام لە بەستێنی پێوەندییەکانی دەسەڵاتدا هەڵدەسازرێت و سێ چەشنی جیاوازی هەیە: «شەرعییەت بەخش»[1] ، «خۆڕاگر»[2]، «پلاندار»[3]. گریمانەی کاستێلز بەو جۆرەیە کە شوناس و واتای شوناس دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەیکە لە ڕێگای کام یەک لە جۆرە ئاماژە پێکراوەکانەوە هەڵدەسازرێت. بە بۆچوونی کاستێلز، شوناسە شەرعییەت بەخشەکان لە لایەن بنکە و دامەزراوە زاڵەکانی کۆمەڵگاوە بە مەبەستی گەشەپێدانی دەسەڵاتیان و عەقڵانیکردنی ئەو دەسەڵاتە ساز دەبن. دیارە کە وەها شوناسێک دەبێتە هۆی پێکهاتنی «کۆمەڵگای مەدەنی»[4]. ئەم جۆرە شوناسانە بنکەکانی دەسەڵات ڕەوا و ڕێپێدراو دەنوێنن و یارمەتی زاڵبوونی بەردەوامیان دەدەن. ئەم جۆرە شوناسانە هەڵسازراوی کەسان یان ئەو گرووپانەن کە بەرژەوەندی و دۆخیان گرێ دراوە بە بەردەوامبوونی بنکەکانی دەسەڵاتەوە. جۆری دووهەمی شوناسەکان کە کاستێلز ڕوونی دەکاتەوە «شوناسەکانی خۆڕاگرییە» کە لە لایەن ئەو چالاکوانانەوە ساز دەبێت کە بەرەنگاری بنکە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگا دەبنەوە و لە بنکە زاڵەکان و پێوەندییەکانی دەسەڵاتدا بەشداری ناکەن. شوناسە سازکراوەکانی ئەم گرووپە وەک مەتەریزی بەرخۆدان و مانەوەیە لە بەرامبەر دەسەڵاتدا. ئەم شوناسانە لە لایەن دەسەڵاتەوە بێبایەخ و ناڕەوا هەژمار دەکرێن ئەگەرچی ڕەنگە ببنە بانگەشەکار بۆ هەندێ پلان و بەرنامە و یان لە درێژەی مێژوو و گۆڕانی گوتاردا لە لایەن بنکەی دەسەڵاتەوە ڕێککەوتنیان لەسەر بکرێ. ئەنجامی ئەم شوناسانە سازبوونی کۆمەڵگا ئێتنیکییەکان و دابەشکارییە چینایەتییەکانە. کاستێلز نەتەوایەتی لەسەر بنەمای ئێتنیک و بونیادخوازی[5] وەک جۆرێک لەم شوناسە هەژمار دەکات. سێهەمین جۆری شوناس کە کاستێلز باسی لێوە دەکات شوناسە پلاندارەکانە. ناوبراو کاتی دەرکەوتنی ئەم جۆرە شوناسانە بە کاتێک دەبینێ کە چالاکوانانی کۆمەڵایەتی، بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو ئامراز و کەرەستە کەلتوورییەکانی بەردەستیان، شوناسێکی نوێ ساز دەکەن کە دۆخی ئەوان لە کۆمەڵگادا سەرلەنوێ پێناسە دەکاتەوە و لەم ڕێگایەوە بە دوای گۆڕینی شێوازی پێکهاتەی کۆمەڵایەتین. دەرەنجامی ئەم جۆرە شوناسە سازبوونی سۆبژەیە (کاستلز، ١٣٨٥، ٢٢ - ٢٧).

- **سیاسەتی شوناس**

یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی بازنەی ئاڵوزاو و چەند ڕەهەندیی سیاسەت و شوناس لە سەردەمی نوێدا، مژاری «سیاسەتی شوناس»ە. «سیاسەتی شوناس» لە چەمکە بزۆز و جێی مشتومڕەکانە کە لە پانتایەکی بەرفراواندا پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە. بەڵام بە گشتی، سیاسەتی شوناس لە

1. Legitimizing
2. Resistance
3. Project
4. Society civil
5. Fundamentalism

لایەنێکەوە وەک کردەوە و خەباتی ئامانجداری گرووپە شوناسییە پەراوێزخراو و سەرهەڵداوەکان لە هەمبەر دەسەڵات پێناسە دەکرێت کە ئامانجی گۆڕینی ئاراستەی سیاسییە، تاکوو لەو ڕێگایەوە وێست و بەرژەوەندییەکانی خۆی دابین بکات. بە پێی پێناسەی ئینسایکلۆپیدیای فەلسەفیی ستانفۆرد، لەم ڕوانگەیەدا، سیاسەتی شوناس ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک کردەی سیاسی و تیۆریزەکردن لەسەر بنەمای ئەزموونە هاوبەشەکانی نادادپەروەری لە نێوان هەندێک گرووپی دیاردا. زۆرجار مەبەست لە پێکهاتنی سیاسەتی شوناس دەستەبەرکردنی ئازادییە سیاسییەکانە بۆ هەندێک تاک و گرووپ کە پەراوێزخراون. لەم ڕوانگەوە سیاسەتی شوناس لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی ڕەفتاری زاڵمانەوە دەست پێدەکات و زۆرجار بەرفراوانیەکەی بزووتنەوە سیاسیەکان دەگرێتەوە (Heyes, ٢٠٢٠) لە پێناسەیەکی جیاواز و تا ڕادەیەک پێچەوانەوە «سیاسەتی شوناس»، باس لە هەڵوێستی فەرمی دەسەڵاتی سیاسی و حکوومەت هەمبەر بە پرسەکانی شوناسی جەماوەری دەکات. لەم ڕێبازەدا سیاسەتی شوناس بوارێکی زانستییە کە لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا هەمیشە ڕوانگەیەکی تایبەتی خۆی (ئێتنیکی، کولتووری، ڕەگەزی) وەک خوێندنەوە و تێڕوانینی فەرمی، سروشتی، هەمەلایەنە و هەمیشەیی بەسەر ڕوانگە و بەدیلەکانی تردا دەسەپێنێت و لە ناسینی بۆچوون و ڕوانگە جیاوازەکانی دی ڕێگری دەکات و بەربەست بۆ گۆڕینی هەڵوێست و ڕوانگە بۆ پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییە جیاوازەکان دروست دەکات. لەسەر ئەم بنەمایە دەکرێ سیاسەتی شوناس وەک هەوڵێک لە لایەن دەسەڵاتدارنەوە بۆ سەرمەشق دانان و ئاساییکردنەوەی ڕوانگەیەکی تایبەت بۆ یەکەیەکی سیاسی دیاریکراو (نەتەوە، وڵات یان ڕێکخراو) سەیر بکرێت. ئەم تێڕوانینە تایبەتە لە ڕێگەی دامەزراوە جۆراوجۆرەکانەوە بە تایبەت دامودەزگای پەروەردە وەک کتێبی دەرسی و بەرنامەی تەلەفزیۆنی منداڵان بەدامەزراوەیی دەکرێت (امیرزادە و بهستانی، ١٣٩٣، ٧٧-٧٨).

سیاسەتی شوناس دەتوانرێت بەسەر دوو پۆل سیاسەتی «لە خوارەوە بۆ سەرەوە» و سیاسەتی «لە سەرەوە بۆ خوارەوە» دابەش بکرێت. پۆلی یەکەم ئاماژەیە بۆ ئەو ڕەوتەی کە مرۆڤەکان لە ڕێگەیەوە ئەو کەلتوور و شوناس و پێکهاتەی دەسەڵات و سامانەی کە بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتییاندا سەپێنراوە تووشی ئالنگاری دەکەن و دەڕووخێنن یان سەبارەت بەوە دانوستاندن دەکەن. لە کاتێکدا پۆلی دووەم بە شێوەیەکی سەرەکی ئاماژەیە بۆ ئەو ڕەوتەی کە قەوارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکان لە سەرەوە هەوڵ دەدەن شوناسە جەماوەرییەکان لەسەر بنەمای ئێتنیک، ڕەگەز، زمان و شوێن بە مەبەستی تێگەیشتن لە چالاکییەکان و جەستەی سەرەکی سیاسەت بە شێوەیەکی تاڕادەیەک جێگیر و سروشتی ئاراستە بکەن (Hill & Wilson, 2003) ئاستی یەکەم زیاتر لە دەوری ئەزموون یان دیدگای تایبەت بە گرووپێکی دیاریکراو ڕێکخراوە کە دیدێکی شوناسییان هەیە و بەدوای دانپێدانان بە خۆیان و کەرامەتیاندا دەگەڕێن (Hekman,1999 ؛ فوکویاما، ١٣٩٧ ؛ کریمی، ١٣٨٦). سیاسەتی شوناس لەم ئاستەدا قەوارەیەکی ستراتیژییە بۆ بەرخۆدان و ئامرازێکە بۆ دژایەتیکردنی گوشارەکانی ئاسیمیلەکردن کە لەسەر دەرخستنی جیاوازییە کۆمەڵایەتی و

کەلتوورییە ئاشکراکان پێداگری دەکات (دان، ٢٠١٥، ٤٢). لە کاتێکدا ئاستی دووەمی سیاسەتی شوناس جۆرێک لە سیاسەتی فەرمی و پێکهاتەیی و گشتی لەخۆدەگرێت کە لە لایەن حکوومەت و حیزب و دامەزراوە هاوبەشەکانەوە لە گۆڕەپانی سیاسی شار و هەرێم و حکوومەتەکاندا جێبەجێ دەکرێت (Hill & Wilson, 2003, 2). لە کۆمەڵگا دیموکراسیەکاندا، سیاسەتی شوناس لەلایەن حکوومەت و کۆمەڵگاوە ڕێککەوتن و ڕەزامەندی لەسەر دراوە، بەڵام لە کۆمەڵگا نادیموکراسیەکاندا، ئەوە شارەزایانن کە جۆر و شێوازەکەی دیاری دەکەن (قهرمانپور، ١٣٨٥، ٤٨).

لەم لێکۆڵینەوەدا مەبەست لە سیاسەتی شوناس بە شێوەیەکی سەرەکی ئاماژەیە بۆ جۆری سیاسەتی «سەرەوە بۆ خوارەوە»، کە لە شێوەی کۆمەڵێک بەرنامە و سیاسەتدانان لە بواری شوناسی جەماوەری و بە ئامانجی دیاریکراو لەلایەن حکوومەتی ناوەندی و دامەزراوەکانی بەڕێوەبەریەوە جێبەجێ دەکرێت.

## خوێندنەوە تیۆرییەکان سەبارەت بە ئێتنیسیتە

سەرهەڵدان و دەرکەوتنی شێوازی جۆراوجۆری پرس و داخوازییە ئێتنیکییەکان لە پانتایی پەیوەندییە ئاڵۆز و بەرفراوانەکانی سەردەمی نوێدا، بوو بە هۆی ئەوەی خوێندنەوە تیۆرییە سەرەتاییەکانی باوەڕمەند بە هەڵوەشانەوە و توانەوەی شوناسی ئێتنیکی لە ژێر کاریگەریی شوناسە جەماوەریە نوێکاندا، جێگای خۆی ببەخشێتە پێویستبوونی تاوتوێکردن و تێڕامانی زانستی و هەمەلایەنەی چەشنە فرەڕەنگەکانی مژار و پرسە ئێتنیکییە تازەسەرهەڵداوەکان لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان و کۆمەڵگاکانی دیکەدا. کەواتە پرسە ئێتنیکییەکان لەسەر زەرورەتی پرسناسانە و شیکردنەوەی فرەڕەهەندیی کۆمەڵناسی، سیاسی، ئابووری، ناسیۆنالیستی، فەرهەنگی، شوناسخوازی، بێبەشیپێوی، میدیایی و هتد، لە ڕوانگەی قوتابخانە و ڕێبازە زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان خرایە بەر لێکۆڵینەوەی تیۆری و مەیدانی فراوان، کە ئەمڕۆ دەستکەوتەکانیان بڕێکی زۆر لە ئەدەبیاتی ئێتنیکناسیی لە چوارچێوەی پێکهاتە تیۆریک و بیردۆزانەکاندا لە خۆ گرتووە و کۆمەڵێک ئامرازی تیۆری کارامەی بۆ ناسین، تێگەیشتن و لێکۆڵینەوەی پرسە ئێتنیکیەکان خستۆتە بەردەست. لە درێژەدا، هەندێک لە گرنگترین تیۆرییە نەتەوەییەکان بەسەر دەکرێنەوە.

### ڕێدۆزە تیۆرییە سەرەکییەکان سەبارەت بە ئێتنیسیتە

پرسیاری تەوەریانەی سەبارەت بە ئاخێزگە و سروشتی ئێتنیک و نەتەوە و ڕەوتی بیچمگرتنی شوناسی ئێتنیکی و نەتەوەیی، لە بەستێنی تیۆری و ڕوانگەی هزریی قوتابخانە جیاوازەکاندا، بووەتە هۆی ئەوەی کە وەڵامی جۆراوجۆر بە ئەم پرسیارە تەوەرییە بدرێتەوە، کە بە شێوەیەکی گشتی بەسەر سێ ڕێدۆزی سەرەکی «دێرینەگەرایی»، «ئامرازگەرایی» و « بونیادگەرایی»دا دابەش کراون.

## • ڕێدۆزی دێرینەگەرایی [1]

ڕێدۆزی یەکەم کە زیاتر وەک ڕێدۆزی دێرینەگەرایی ئاماژەی پێ دەکەن، شوناسی نەتەوەیی وەک دیاردەیەکی سروشتی دەبینێ کە لەسەر توخم و پێکهێنەری ڕیشەداری وەک نەژاد، زمان، ئایین و تایبەتمەندییە کەلتوورییەکانی دیکە بنیات نراوە. ئەم ڕوانگە زیاتر لەگەڵ ناوی ئانتۆنی سمیت گرێ دراوە کە پێی وایە نەتەوەکان خاوەنی کاکڵەی ئێتنیکین و ئێتنیسیتەکان دابەش دەبنە سەر چەندین پارچەی هاوبەش (Barrington, 2006, 13). لەم ڕوانگەیەدا، شوناسی ئێتنیکی لەبنەڕەتدا جۆرێک ئاسیمیلاسیۆنە لەگەڵ گرووپی سەرەتا کە وەک دڵگراوییە بەرامبەر بنەماڵە. بەشێوەی سروشتی، هەستی پێبەندبوونی ئێتنیکی پاش لەدایکبوونی تاک لە گرووپێکی ئێتنیکیدا دێتە ئاراوە. بۆیە شوناسی ئێتنیکی وەک شوناسێکی «دێرین» دەبینرێ کە بەهۆی لەدایکبوونی تاک لە نێو ئێتنیکێکدا دێتە ئاراوە. لەم ڕوانگەدا، خاڵی گرنگ ئەوەیە کە شوناسی ئێتنیکی جەختی لەسەر پەیوەندە خوێنی یان خزمایەتییەکانە. لەم ڕوانگەدا ئەوەندە لەسەر سروشتی و زگماکیبوونی شوناسی ئێتنیکی جەخت کراوەتەوە کە لە بنەڕەتەوە شوناسی ئێتنیکی تاک لە کاتی لەدایکبوونی جێگیر دەبێ و گۆڕانکاری تێدا نابێت. دێرینەگەرایان هەستی پێبەندبوون بە یەک گرووپی ئێتنیکی بە هەستێک دەبینن کە ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو و ڕابردوو، چونکە تەنیا پێوەندییە بنەماڵەییەکانی ئەندامانی گرووپە کە وەها هەستێکیان تێدا ساز دەکات. ئێتنیسیتەی هەر تاکێک بەپێی ئێتنیسیتەی دایک و بابی دیاری دەکرێت. بۆیە، دەبێ هاوشێوەی ڕەگەز یان تەمەن وەک سیفەتێک ببینین کە دراوەتە تاک. ئەڵبەت لەم بارەوە دێرینەگەرایان بیروڕای جیاوازیشیان هەیە. بۆ نموونە لە بەرامبەر ئەو کەسانەدا کە تەواو پێداگری لەسەر ئەوەی دەکەن کە شوناسی ئێتنیکی گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، هەندێ لە دێرینەگەرایانی میانەڕۆتر گۆڕانکاری لە نێو شوناسە ئێتنیکییەکانی تاکەکان لە هەلومەرجی تایبەتدا بە گونجاو و ڕێپێدراو دەبینن. بۆ نموونە تاک لە سەردەمی منداڵیدا لەباری زمانی و کەلتووری ئەو دەفرایەتییەی هەیە کە تەواو لەگەڵ کەلتوورێکی ئێتنیکی دیکە کۆک و سازگار بێت و شوناسێکی ئێتنیکیی نوێ بەدەست بێنێ. بەڵام میانەڕۆترین دێرینەگەرایانیش دیسان لەسەر ئەو باوەڕەن کە دەرفەتە واقیعبینانەکان، بۆ ئەوەیکە تاک بتوانێ شوناسی ئێتنیکیی خۆی بگۆڕێ زۆر کەمن و بەپێی ئەم باوەڕە، گرنگترین هۆکارێک کە دێرینەگەرایان لە تیۆریدانەرانی دیکەی ئێتنیسیتە و نەتەوەگەرایی جودا دەکاتەوە ئەوەیە کە شوناسی ئێتنیکی دەدرێتە تاک نەک ئەوەیکە خۆی بەدەستی بێنێ (.Sandra, 2003, 20 & 21).

لە دێرینەگەرایی مێژووییدا، پەیوەندییە دێرینەکانی نێو ئەندامانی گرووپێکی ئێتنیکی، زیاتر لەوەیکە بگەڕێتەوە بۆ پەیوەندە خوێنییەکان یان میراتی کەلتووری، دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو

1. primordialism

و ئەفسانەی زێد و نیشتمانی هاوبەش لە درێژەی مێژوودا. لە بنەڕەتەوە ئەم ڕوونکردنەوە بەو واتایە دێتەوە کە پارچە و پێکهێنەرە ناسێنەرەکانی شوناسی ئێتنیکی زیندەوەرناسانە نین، بەڵکوو دەروونناسانە و سۆزدارین. دەیڤید میلەر، یەک لە بەناوبانگترین دێرینەگەرا مێژووییەکان، یەکێک لە ڕەهەندە سەرەکییەکانی هەبوونی یەک ئێتنیک یان نەتەوە بەو شوناسەی دەبینێ کە «بەردەوامبوونی مێژوویی دێنێتە پێش چاو»، تەنانەت ئەگەر هەندێ لە بیرەوەرییەکانی ڕابردوو لە تەپوتۆزی زماندا ون کرا بن. لە گێڕانەوەی «سمیت» لەسەر کۆمەڵگا ئێتنیکی و نەتەوەییەکانیش هەبوونی بیرەوەرییەکان، ئوستوورەکان و مێژووی هاوبەش وەک مەرجی هەبوونی شوناسە نەتەوەیی و ئێتنیکییەکان هەژمار دەکرێن (Smith, 1986, 24 & 25) و لە گێڕانەوەی واکێر کانێر، گرنگترین کۆڵەکەی پێناسەکردنی نەتەوەیەک و هەروەها ئێتنیکێک هەبوونی «ئوستوورەیەک لە باب وباپیرانی هاوبەش»ە کە لە درێژەی مێژوودا ساز بووە (کارنر، ١٣٧٩، ٢٤٦).

وەک دەرەنجامێک لەسەر ڕوانگەی دێرینەگەرایی دەبێ بڵێین هەستی بەهێزی پێبەندبوون بە گرووپی ئێتنیکی لە پێشەوە لە مێشکی ئەندامانی گرووپدا ساز بووە و باوەڕ بە نەژاد، زمان، کەلتوور، ئایینی هاوبەش و تەنانەت نیشانە جەستەییە پەیوەندیدارەکان بە نەژاد وەک بنەماکانی ڕێکخستنی ڕیزبەندی تاکن لە تەنیشت ئەزموونە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی گرووپدا. بۆیە بۆ ئەندامانی یەک گرووپی ئێتنیکی تەواو ئاساییە کە بەپێی تایبەتمەندییە زگماکی و لەپێشەوە دیاریکراوەکانی گرووپی خۆیان، هەستێکی بەهێزی پێبەندبوون بە گرووپی ئێتنیکییان هەبێ لە شێوازی نەتەوەگەرایی ئێتنیکیدا.

- **ڕێدۆزی ئامرازگەرا** [1]

دووهەمین ڕێدۆزی هزری بۆ تێگەیشتن لە پێکهاتنی شوناسی ئێتنیکی و نەتەوەیی ئامرازگەراییە. بەپێی ئەم ڕوانگەیە شوناسی ئێتنیکی و نەتەوەیی وەک ئامراز سەیر دەکرێ و لە لایەن نوخبەکانەوە هەندێ گۆڕانکاری تێدا ساز دەبێت. بەپێی ئەم ڕوانگەیە، ئێتنیسیتە سەرچاوەیەکە کە لە ڕێگای نوخبەکانەوە بۆ پێناسەی شوناسی گرووپی، ڕێکخستنی ئەندامایەتی و سنوورەکانی گرووپ، و سازکردنی بانگەشە و دەرکێشانی سەرچاوەکان کەڵکی لێ وەردەگیردرێ (Brown & Langer, 2010, 413).

دابەشکاریی ئەم ڕوانگەیە، بەپێی ڕێژەی چالاکی لە هێنانەدیی میکانیزمی پێکهاتەی ئێتنیکیدا، ڕۆڵی گرووپی نوخبە وەک پێشەنگ دەبینێ و ڕۆڵی گشتیی خەڵک زیاتر جێبەجێکردنی ئەو کردەوەیانەیە کە نوخبەکان بەپێی واتای کردەوە و کارلێکە پەیوەندیدارەکانی ئێتنیسیتە سازیان کردووە. ئانتۆنی سمیت، لە وتاری «ئەفسانەی نەتەوەی مودێرن و ئەفسانەی نەتەوەکان»دا کە

1. instrumentalism

ساڵی ١٩٨٨ دەڵێت کە ئەفسانەی نەتەوەکان، بە تایبەت پاش شەڕی دووهەمی جیهانی، کەوتۆتە بەر سەرنجی لێکۆڵەران بە تایبەت لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا و ئەفسانە نوێیەکان لەژێر ناوی ئامرازگەراییدا ئاراستە کراون کە تایبەتمەندی و جیاوازییە کەلتوورییەکانیان وەک بابەتێک بۆ دەستێوەردانی نوخبەکان و گرووپە بەرژەوەندیدارەکان هەژمار دەکا (Smith, 1988, 2) بێندیکت ئەندرسۆن بە نووسینی کتێبی «کۆمەڵگا خیاڵییەکان» (١٩٨٣) و ئێریک. ج. هۆبسبام بە داڕشتنی پرسی «داهێنانی نەریت» لە سەرەکیترین بیرمەندانی ئەم ڕێدۆزەن.

ڕوانگەی ئامرازگەرا لە نێو گرووپێکی پێکهاتوو لە تیۆریدانەرانی نوخبەگەرا لە لایەکەوە و تیۆریدانەرانی هەڵبژاردنی لۆژیکی لە لایەکی دیکەوە دەبینرێت. ئێتنیسیتە لە ڕوانگەی ئەم پسپۆڕانەوە وەک پاشەکەوتگەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کەلتووری هەژمار دەکرێ کە لە کاتی پێویستدا دەکرێ بۆ کۆکردنەوەی هەستە گرووپییەکان، کۆمەڵێک پارچە و پێکهێنەری لێ بکێشینە دەرەوە و کەڵکی لێ وەرگرین. داڕشتنی بەربڵاوی بابەتە ئێتنیکییەکان و تۆخبوونی شوناسە ئێتنیکییەکان زیاتر ئەو کاتەی دێتە ئاراوە کە نوخبە ئێتنیکییەکان بۆ بەرەوپێشبردنی هەندێ داواکاریی سیاسی بیانەوێ لەم سەرچاوە کەڵک وەرگرن. بۆیە ئێتنیسیتە لە بنەڕەتدا ئامرازێکە بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەندامانی گرووپێکی تایبەت بە مەبەستی دابینکردنی داواکارییە سیاسییە دیاریکراوەکان. لە ڕوانگەی ئامرازگەرادا جەخت لەسەر ئەو ئامانجانەیەکە لە لایەن گرووپە ئێتنیکییەکانەوە، یان باشتر بڵێین لە لایەن ڕێبەران و نوخبەکانی گرووپە ئێتنیکییەکانەوە بەدواداچوونی بۆ دەکرێت و بابەتی سەرهەڵدان و ئاخێزگەی گرووپە ئێتنیکییەکان هێندە جێی سەرنج و ئاوڕدانەوە نییە. بۆیە، شوناسی ئێتنیکی سیفەتێک نییە کە تاک لە سەرەتای لەدایکبوونەوە بەدەستی هێنا بێ و لە درێژەی تەمەنیدا یەکسان مابێتەوە. هەندێ جار بەپێی پێویستییە سیاسی و ئامرازییەکان، ئێتنیسیتە گرنگ دەبێتەوە و لە کاتەکانی دیکەدا ڕەنگە قەت جەخت و ئاوڕی لەسەر نەبێت (سیدامامی، ١٣٨٧).

ئێتنیسیتە لە ڕوانگەی ئامرازگەرایانەوە گرووپبەندییەکی ناکاریگەر و بێ کەڵک لە باری سیاسییەوە نییە و لەم بابەتە بۆ ململانێی دەسەڵات و هەوڵ و تێکۆشانی گرووپەکان بۆ پێشخستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان، کەڵک وەردەگیردرێت. لەم ڕوانگەیەدا بەرژەوەندییە تاکەکەسی یان گرووپییەکان بەردەوام یەک لە بزوێنە گرنگەکانە بۆ هاندانی هەستە ئێتنیکییەکان یان هاوشێوەکردن لەگەڵ شوناسی ئێتنیکی هەژمار دەکرێت. ڕێبەرانی ئێتنیکی لە ڕێگای زەقکردنەوەی جیاوازییە ئێتنیکییەکان و ئەو بێبەشبوونانەی کە دەرەنجامی زاڵبوون یان ململانێی گرووپ یان گرووپەکانی دیکەن، هەستە ئێتنیکییەکان زیاتر هان دەدەن و هەوڵ دەدەن بە کەڵک وەرگرتن لە هێزی کۆمەڵایەتی ئەم ڕەوتە، ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن. کۆمەڵانی خەڵکیش لە ڕێگای هاوشێوەکردنی خۆیان لەگەڵ گرووپی ئێتنیکییاندا، تێدەکۆشن لە ڕێگای هێزی بەکۆمەڵ گرووپ و ئەو بەرژەوەندییانەی کە هیواداران لە میانەی خەباتەکەدا دەستیان کەوێ، بەشێکیان

هەبێت. ئەڵبەت لەم نێوانەدا، ڕێبەرانی گرووپ دەکەونە دۆخێکی باشتر تا بەرژەوەندییەکانی خۆیان پێناسە بکەن و دوویان کەون. بۆیە سەیر نییە کە لە ڕوانگەی ئامرازگەرادا جەختێکی زۆر لەسەر ڕێبەرایەتی گرووپە ئێتنیکییەکان و ڕۆڵیان بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستنی شوناسە ئێتنیکییەکان دەکرێتەوە. ئێتنیسیتە بەردەوام کەرەستەیەکی زۆر باش بووە بۆ کۆکردنەوەی سیاسیی خەڵک و پێشخستنی ئامانجە سیاسییە تایبەتەکان بۆ گرووپ یان نوخبەکان و یان هەردوویان. بۆ زۆرینەی خەڵک، ئێتنیسیتە وەک گرووپێکی ناسیاو و خودی – کە لە هەر حاڵێکدا جۆرەکانی جیاوازیی کەلتووری و زمانیی لەگەڵ گرووپەکانی دیکە هەیە- بە ئاسانی دەستنیشان دەکرێ و تێگەیشتن لێی ئاسانە و دەتوانێ ئامرازێکی بەهێز بێت بۆ هاندانی خەڵک بە مەبەستی جێبەجێکردنی کردەوەی سیاسی (اسمیت، ١٣٨٣؛ احمدی، ١٣٧٨).

شوێنکەوتووانی ڕوانگەی ئامرازگەرا بەرامبەر ئێتنیسیتە بەسەر دوو گرووپدا دابەش دەبن:

١. کۆمەڵێک هاوشێوەسازی لەگەڵ ئێتنیسیتەدا تەنیا وەک دەرکەوتنێک لە ناکۆکییە بنەڕەتییە سیاسی یان ئابوورییەکان دەبینن؛

٢. کۆمەڵێکی دیکە ئێتنیسیتە وەک جۆرێک شوناسی نابنەڕەتی لە نێو ئەندامانی گرووپدا دەبینن کە لە ڕێگای نوخبە دەسەڵاتدارەکان یان تاکێکەوە هان دەدرێت. هەر جۆرە کەڵک وەرگرتنی دەوڵەت لە نەتەوەخوازی دەکەوێتە ئەم بەشی دووهەمەوە.

بە هەموو ئەمانەشەوە، بابەتی شوناسی ئێتنیکی بە ڕوانگەی ئامرازگەراییەوە بە تەواوی شرۆڤەی بۆ ناکرێت. بۆ نموونە ئامرازگەرایان ناتوانن هۆکاری هۆگرییە بەربڵاوە ئێتنیکییەکان لەو کاتانەدا کە ئامانجی گشتیی سیاسی لە نێوان نوخبە ئێتنیکییەکان یان ئەندامانی گرووپ بوونی نییە، شرۆڤە بکەن. هەروەها شرۆڤەیەکی گونجاویان لەسەر ئەم بابەتە نییە کە بۆچی هەست و پەیوەندە ئێتنیکییەکان لە درێژەی کاتدا بەردەوام دەمێننەوە. ئامانج و ڕەوتی کاروباری سیاسی نوخبەکان یان تاکەکان لە ماوەی زەمەنیدا، بەرامبەر بە دۆخە گۆڕدراوە ئابووری و سیاسییەکان گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام پەیوەندە ئێتنیکییەکان لەدرێژەی زەمەندا بەردەوام دەمێننەوە (Jiroman, 2003, 51 & 52).

- **ڕیدۆزی بونیادگەرایی**

سێهەمین ڕێدۆزی تیۆریک، بونیادگەرایی (بونیادخوازی)[1]ە کە پێچەوانەی دێرینەگەراییە. لە سەرەتای هەشتاکانی زایینیەوە، ڕوانگەی بونیادگەرایی بوو بە دەسەڵاتدارترین ڕوانگە لە لێکۆڵینەوەی سەر ئێتنیکییەتەکاندا. بونیادخوازی، بەرامبەر بە دێرینەگەرایی، جەختی لەسەر ئەو پرۆسانە دەکاتەوە کە لە ڕێگایانەوە گرووپە ئێتنیکییەکان سەریان هەڵداوە. هەر بەو جۆرەی کە ڕابێرت بێلز[2] بەڵگە

1. constructivism
2. Robert Bales

دێنێتەوە، ڕوانگەی بونیادگەرایی بەرامبەر ئێتنیسیتە هەڵگری توخمەکانی هەر دوو ڕوانگەی دێرینەگەرا و ئامرازگەراییە (Brown & Langet, 2010, 413). ڕێدۆزی بونیادگەرایی بەڵگە دێنێتەوە کە شوناسی نەتەوەیی وەک شوناسی گرووپەکانی دیکە –بریتی لەوانەی کە دێرینەگەراکان وەک نیشانەکانی شوناسی نەتەوەیی هەژماری دەکەن- پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییە.

جان کامارۆف[1] چەندین ڕێگا بۆ بونیادگەرایی (کەلتووری، سیاسی و ...) ئاماژە پێ دەدات، بەڵام بەم جۆرە بەڵگە دێنێتەوە کە هەموویان بەپێی بیرۆکەیەکی هاوشێوەی ئەم بیرۆکە کە شوناسە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەمی بریکاری مرۆیین، پێکهاتوون (Bairington, 2006, 13). ڕوانگەی بونیادگەرایی لەسەر دوو لێکدانەوەی دیکە تەبایە: یەکەم ئەو کەسانەی کە خاوەنی شوناسە ئێتنیکییە چەندلایەنەکانن؛ دووهەم شوناس لەگەڵ ئەو شتەی کە تاکەکان بەشێوەی جیاواز دەیناسنەوە، بە هەندێ گۆڕاوەی تایبەت پەیوەند دراوە. گۆڕینی بایەخی ئەم گۆڕاوە هۆکاریانە ڕەنگە ببێتە هۆی گۆڕانکاری لە شوناسدۆزینەوەی تاکەکاندا. بۆیە ڕوانگەی بونیادگەرایی پاڵپشتی لەمە دەکات کە تاکەکان شوناسی ئێتنیکی چەندلایەنەیان هەیە و گرووپە ئێتنیکییەکان ساز دەبن و هاوکات لەگەڵ گۆڕانکاری شوناسی تاکەکان دووبارە ساز دەبنەوە (Bayar, 2009, 1642 & 1643).

ئەم شێوازی شیکارییە، کە ڕەچەڵەکی ڕووناکبیرانەی ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ بەرهەمە پێشەنگەکانی ئێرنێست ڕێنان[2] لەسەر ئاخێزگەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم، هەڵگری دوو گریمانەی سەرەکییە: یەکەم ئەوەیکە نەتەوەکان دەستێوەردانی مێژووی خۆیان دەکەن، و دووهەم ئەوەیکە ئەم دەستێوەردانە مەرجی پێویستی ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیستییە. نەتەوە بێ گومان نەک شتێکی کۆنی سۆبژێکتیڤ بەڵکوو هەڵسازراوێکی سیاسی نوێیە (ولی، ١٣٩٧، ٩٣). لەم ڕوانگەیەدا، بەپێچەوانەی دێرینەگەرایان کە ئێتنیسیتە و تواناکانی بۆ هەنگاونان بەرەو نەتەوەخوازی وەک جەوهەر و چییەتییەکی لە پێشەوە دیاریکراو دەبینن، بونیادخوازەکان ناسیۆنالیزم یان ناسیۆنالیزمی ئێتنیکی وەک دیاردەیەکی سازکراو لە پرۆسەیەکی ئاڵوگۆڕی واتا لە نێو ئەندامانـدا دەبینن. مێژووی ناسیۆنالیزم دەریخستووە کە ئەم دیاردەیە مودێڕنە و دەگەڕێتەوە بۆ ئەم چەند سەدەی دواییە و وەک هەڵسازراوێکی کۆمەڵایەتی کە ئامانجە سیاسی و ئایدۆلۆژیکەکانی دابین کردووە، لە لایەن نوخبەکان و دیکەی وتاربێژانی «نەتەوە»وە خولقێندراوە. لە ئەدەبیاتی ناسیۆنالیزمدا، زۆر پەرژاونەتەوە سەر دیاردەی «نەتەوەسازی». بۆ نموونە بنێدیکت ئەندێرسۆن نەتەوە وەک «کۆمەڵێکی خەیاڵی» پێناسە دەکات کە بە یارمەتی هەندێ تەکنۆلۆژیا وەک پیشەسازی چاپ، بە شێوەی نێوانزەینی[3] لە مابەینی کەسانێکدا دێتە ئاراوە کە پێشتر خۆیان وەک بەشێک لە کۆمەڵگا ئێتنیکی، ناوچەیی و ئایینییە جیاوازییەکان بینیوە. لە ڕەوتی دروستبوونی نەتەوەدا، جۆرەکانی ئوستوورە و ئەفسانە بە تایبەت ئەفسانەکانی

---

1. John Kamarav
2. Ernest Renan
3. intersubjectivity

سەبارەت بە سەرچاوە و سەرەتای نەتەوە (ئێتنیک) کەڵکیان لێ وەردەگیرێ (سیدامامی، ١٣٨٧). بەم جۆرە واتابەخشینی کردەوە ئێتنیکییەکان و پێبەندییە ئێتنیکتەوەرەکان بە یارمەتی خەیاڵ جێبەجێ دەکرێ و بەردەوامبوونی کەلتووریی لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزم بەردەوام دەبێت.

هاوشانی گەشەکردنی ڕوانگەی بونیادگەرایی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، شرۆڤەکارانی بابەتە ئێتنیکییەکان لە چەند دەیەی ڕابردوودا، بەردەوام لە بۆچوون و لێکدانەوەکانی ئەم ڕوانگەیە بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ئێتنیسیتە و بزووتنەوە ئێتنیکییەکان کەڵکیان وەرگرتووە. لەم ڕوانگەیەدا، سروشتی شوناسە ئێتنیکییەکان تەوش و ناجێگیر مەزەندە کراوە. ئەم ڕوانگە لە هەندێ بوارەوە لە ڕوانگەی ئامرازگەرا دەچێت، چونکە ڕۆڵی هۆکارە سیاسی و ئابوورییەکان بۆ پێکهاتنی ئێتنیسیتە پشتڕاست دەکاتەوە. بە هەموو ئەمانەشەوە، بونیادگەرایی بۆ هەڵسازرانی ئێتنیسیتە تەنیا جەختی لەسەر بزوێنە ئامرازییەکان نییە و پێوەندی و کارلێکەکانی نێوان ئەندامانی گرووپ وەک هۆکاری سەرەکی چارەسەرکردنی شوناسە ئێتنیکییەکان و هەڵسازرانیان هەژمار دەکات. زمان، ئایین، داب‌ونەریت و ناسە کەلتووری و تەنانەت جەستەییەکانی دیکەی گرووپێک، کۆمەڵەیەک لە سەرچاوە یان پاشەکەوت دەخاتە بەردەست ئەندامانی گرووپ تا لەسەر بنەمای ئەمانە، لەو هەلومەرجەی کە تیایدان، شوناسێکی ئێتنیکی یان نەتەوەیی بۆ خۆیان پێک بێنن. خەڵک لە نێوان ئەو کۆمەڵە پێکهێنەرە شوناسییەی کە لە بەردەستیانە، جاروبار جەخت لەسەر شوناسە ئێتنیکییەکانی خۆیان دەکەنەوە و ئەڵبەت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان لەگەڵ دۆخی سیاسی و ئابووری (هەمان).

بونیادگەرایی کۆمەڵایەتی، بە پێچەوانەی دێرینەگەرایی ئێتنیسیتە سروشتی نابینێ بەڵکوو وەک سازکراوی کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان دەیبینێ و بە پێچەوانەی ئامرازگەرایی، جەختێکی تایبەتی لەسەر ئامانج یان بزوێنە سیاسی و ئابوورییەکان نییە لە ڕەوتی پێکهاتنی شوناسی ئێتنیکیدا. ئەگەرچی هەڵبژاردەی بێ سنوور بۆ شوناس‌سازی بەردەست نییە، بەڵام هەبوونی هەڵبژاردەی جۆراوجۆر لە نێو پارچە و پێکهێنەرە شوناسییەکان بۆ هەڵسازرانی شوناسێکی تایبەت شتێکی حاشاهەڵنەگرە. لە ڕاستیدا لە سەردەمی جیهانگیری و پێوەندییە بەربڵاوەکانی نێوان خەڵکێک کە پێشینەی کەلتووری جۆراوجۆریان هەیە، بازنەی هەڵبژاردنە شوناسییەکان بۆ تاکەکان زۆر بەربڵاو بۆتەوە. هەمووی مێژووی نەتەوەسازی لە ئەورووپا و شوێنەکانی دیکەی جیهان بەڵگە و شایەتحاڵن بۆ ئەم بانگەشە کە چۆن بە یارمەتی چاپەمەنییەکان، سیستەمی پەروەردەی یەکگرتوو و ئامرازەکانی دیکە، یەک زمان وەک «زمانی نەتەوەیی» پەرەی سەندووە و بەرەبەرە شوناسێکی نەتەوەیی لە نێو گرووپە جۆراوجۆرەکاندا کە بە زار و زمانی جۆراوجۆر ئاخاوتنیان دەکرد و دابونەریتی جودایان هەبوو، خولقێندراوە. لە میانەی ڕووخان و دابەشبوونی هەندێ وڵات لە چەند دەیەی ڕابردوودا پێکهاتنی نەتەوەی نوێمان بینیوە کە پێشتر قەت خۆیان وەک نەتەوە نەبینیبوو. بۆ نموونە پاش دابەشبوونی یۆگۆسلاڤیا، موسڵمانانی بۆسنە و هێرزەگۆڤین –کە ڕەچەڵەکی سێربیان هەیە و

بە زمانی سێربی ئاخاوتن دەکەن- جیاوازیی ئایینییان وەک هۆکارێک بۆ سازکردنی شوناسێکی نوێ دانا. ئەم هەوڵە بە تایبەت پاش ئەوەی توندتر بۆتەوە کە سێربە ئۆرتۆدۆکسەکان، سنووریان لە نێوان خۆیان و موسڵمانان دانا و ئەم گرووپەیان وەک دەرکراو و شیاوی کوشتوبڕ پێناسە کرد.

یەک لە لێکدانەوە بەسوودەکانی ڕوانگەی بونیادگەرایی ( کۆنستراکتیڤیزم) ئەوەیە کە ئەگەرچی جیاوازیی زمانی و کەلتووریی ڕیشەدار لە نێو ئێتنیکەکاندا هەیە، بەڵام ئەمڕۆ کۆکردنەوەی گرووپە ئێتنیکییەکان لە هەلومەرجی سیاسی و ئابووری ئێستادا جێبەجێ دەکرێ و دەکەوێتە ژێر کاریگەری و لە وەها هەلومەرجێکدا، تەنانەت بەبێ هاندانی ڕێبەران یان چالاکانی گرووپ، ڕەنگە گرووپێکی نوێ پێک بێت بەڵام لە ئەنجامدا دەبێ بڵێین هەر بەو جۆرەی کە عەباس وەلی (١٣٩٧، ٩٧) دانی پێدا ناوە، ڕوانگە بونیادگەراکان بەرامبەر شوناسی نەتەوەیی بە یەک ئەندازە مێژووگەران، چونکە چەمکسازیی شوناسی نەتەوەیی گوتار بۆ ئاستی هەلومەرجە مێژووییەکانی پێکهێنانی دادەبەزێنێت. ئەم مێژووگەراییە کە گوتاری ناسیۆنالیستی بەبڕشت دەکات، لە مەعریفەناسییە ئەزموونییەکەی جودا ناکرێتەوە و هەر دوو پێکەوە دوو کۆڵەکەی جەوهەرگەرایی بونیادخوازانەن. ئەم ڕوانگە ناتوانێ لە نێوان ناسیۆنالیزم وەک گوتاری ئاخێزگە و ناسیۆنالیزم وەک گوتاری شوناس، جیاوازی دابنێت.

## تیۆرییە کلاسیکەکان

ئەو جۆرەی کە مێژووی بیر و ئەندێشەی کۆمەڵایەتی مرۆڤ پێمان دەڵێت، توێژینەوە لەسەر ئێتنیسیتە و پێوەندییە ئێتنیکییەکان هیچ جێگەوپێگەیەکی لە نێو بیرمەندانی کلاسیکدا نییە. وردبوونەوە لەسەر تیۆرییە کلاسیکەکان بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە لە بنەڕەتدا تاوتوێکردن و توێژینەوە لەسەر ئێتنیسیتە لە نێو کۆمەڵناسە کلاسیکەکاندا دیاردەیەکی زۆر دەگمەنە و ئەگەریش شتێک هەبووە پرسەکە تاک و تەرا خراوەتە بەر باس. ئەگەرچی چوار کۆمەڵناسی کلاسیک واتە مارکس[1]، دورکایم[2]، ڤێبەر[3] و زیمل[4] پێوەندییە ئێتنیکییەکانیان نەکردۆتە خاڵی سەرەکی سەرنج و وردبوونەوەی هزری خۆیان بەڵام زیاتر ڕوانگە یەکدەست و هاوتەریبەکانیان لەم پێوەندییەدا ئاراستە کردووە. نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە هەر ئەم تیۆرییە کلاسیکە دەگمەنانەش بوونەتە هۆی ئەوەیکە بیرمەندانی هاوچەرخ بازنەی تیۆرییە کلاسیەکانی کۆمەڵناسی گەورەتر و بەربڵاوتر بکەنەوە، ئەگەر وەها نەبوایە تیۆرییەکانی ئێتنیسیتە لە نێو مارکسیست و نوێڤێبەریستەدا بە ئاسانی دەشێوێندرا. بەم حاڵەشەوە نوێبوونی دەستەواژەیەک هەمیشە واتای ئەوە نییە کە پێشتر نەبووە و تازە

1. Karl Marx
2. Émile Durkheim
3. Max Weber
4. Georg Simmel

هاتۆتە ئاراوە. پرس و بابەتی وەک جیاوازی کەلتووری، جیاوازی تاقم و گرووپەکان و جیاوازی هەندێ لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان کە سەرهەڵدانیان لەسەر بنەمای ئەم جیاوازییانەیە بێ گومان پرس و بابەتی نوێ نین. هەر بەم بۆنەوە بیرمەندانی کلاسیک لەژێر هەندێ مانشێت وەک پرسە نەتەوەییەکان، جیاوازییە کەلتوورییەکان، نەتەوە، ڕەگەز و هتد بیریان لەم بابەتە کردۆتەوە. لە ڕوانگەیەکی دیکەوە دەنگ و ڕای بیرمەندانی کلاسیکی کۆمەڵناسی تێکەڵی ڕوانگەیەک بووە کە سەرچاوەی دەگەڕێتەوە بۆ پرس و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگا ئەورووپییەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا. ئەگەرچی لە بیر و هزری کلاسیکەکاندا ئاوڕدانەوەی تیۆریکی تایبەت لەسەر پرسی ئێتنیسیتە بوونی نییە بەڵام لە لایەن کلاسیکەکانەوە هەندێ ئاماژە بۆ ئەم پرسە کراوە. مارکس پرسی ئێتنیسیتە لە گەشەپێدانی سەرمایەداری و شۆڕشی چینایەتیدا دەدۆزێتەوە. دەتوانین ڕوونکردنەوەی دورکایم لە بیرۆکەی گواستنەوەی یەکڕیزیی مێکانیکی بۆ یەکڕیزیی ئورگانیک ببینین. زیمل پرسەکە دەگێڕێتەوە بۆ چییەتی کۆمەڵگا و جیاوازی کۆمەڵایەتی و ویبەر ئیرادە و تەیاربوونی سیاسی لەم پرسەدا کردۆتە پێوەر، لە درێژەدا بە کوری ئەم بیرۆکانە شرۆڤە دەکرێن.

مارکس قەت تیۆرییەکی دیاریکراوی لەسەر پێوەندییە ئێتنیکییتەکان ئاراستە نەکردووە، بەڵام کاتێک لەسەر هەندێ لە دەقەکانی ورد دەبینەوە، دەتوانین ببینین کە ناوبراو تا ڕادەیەک یارمەتیدەری گەشەی چەشنێ لە تیۆریی ئێتنیکی بووە. کاکڵەی سەرەکی ئەم بابەتە دەتوانین لە کتێبی «سەبارەت بە پرسی جوولەکە»دا ببینین. مارکس و ئنگێلس بە بەراوردکردنی تیۆری «کۆمەڵگا مێژوویی و نامێژووییەکانی» هێگڵ، لەسەر کۆچەرە ئیرلەندییەکان لە بەریتانیا و گەشەکردنی گرووپە تایبەتە ئێتنیکییەکان لە هەمووی جیهان، بناغەی بەشێک لە تیۆری کلاسیکی ئێتنیسیتەیان داناوە. لە کۆتاییدا دەتوانین سێ بنەمای سەرەکی وەک بنچینەی تیۆری ئێتنیسیتەی مارکس دیاری بکەین:

١. ژێرخانی ئابووری گرنگتر و بنەماییترە لە پێوەندییە کەلتوورییەکان و هەروەها ئێتنیکییەکان
٢. پرسە ئێتنیکییەکان بەربەست و بەرگری پێشکەوتنی جیهانی مرۆیین
٣. وشیاریی مێژوویی چینایەتی، لە شوناسی ئێتنیکی گرنگترە

دورکایم لە تیۆری ئێتنیسیتەی خۆیدا زیاتر سێ بابەتی پێکەوە گرێدراوی کردۆتە خاڵی ناوەندی سەرنجی خۆی کە بریتین لە:

یەکەم) لەناوچوون یان کاڵبوونەوەی ئێتنیسیتە پاش دەرکەوتنی مودێرنیتە؛

دووهەم) سروشتی یەکڕیزیی گرووپی (ئێتنیکی)؛

سێهەم) تێگەیشتن لە گرووپی ئێتنیکی وەک شێوازێک لە کۆمەڵگای ئەخلاقی (Malesevic, 2004).

بە بڕوای دورکایم لە سەردەمی تێپەڕاندنی یەکڕیزیی مێکانیک بۆ یەکڕیزیی ئۆرگانیک، جۆرێک ئاژاوە دەکەوێتەوە، چونکە شێوازە کۆنەکانی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی ئاراستەی کاڵبوونەوەیان

گرتۆتە پێش. پووگی (٢٠٠٠) ناوەرۆکی ئەم لێکدانەوەیە بەم جۆرە دەگێڕێتەوە: شڵەژان و ئاژاوە دەرەنجامی ئەوەیە کە تاکەکان بۆ دیاریکردنی گەرەنتی جێبەجێکردنی گونجاو لە بەرامبەر ئاکارە نەشیاوە تاکەکەسییەکاندا توانا و کارامەییان نییە. تاکەکان وەدەزانن هیچ شتێک گرنگ نییە، وەها لێکدانەوەیەک دەبێتە هۆی لەناوچوونی چوارچێوەی نۆرمەکانی پێشوو کە پێشتر دەیانتوانی ئاکار و هەڵسوکەوتە تاکەکەسییەکان پێبەند بکەنەوە، بۆیە یەکرێزیی و تۆکمەیی کۆمەڵگا تووشی بێ واتایی بۆتەوە (فنتون، ١٣٨٤، ١٥٣). بە بڕوای دورکایم، هاوشانی گەشەی شارەکان و وەرگرتنی کۆچەر لە گوندەکان و شارە چکۆلەکانەوە، ڕەوتی دابەزینی سروشتی یەکڕێزییەکان لە بازنەی چکۆلەدا وەک یەکڕێزییە ئێتنیکییەکان دەست پی دەکات. بۆیە جێی سەرسووڕمان نییە کە ناوبراو سەرچاوە و سەرەتای نەژادی ئێتنیکی وەک هەندێ ڕاستی دەبینی کە بەهۆی دامەزراوەیی نوێی کۆمەڵایەتییەوە خەریکی لەناوچوونن (هەمان، ٩٨).

لە ڕوانگەی ماکس وێبەرەوە، گرووپی ئێتنیکی لە ئازاربەخشترین چەمکەکانە، چونکە پڕاوپڕە لە هەست. دەتوانین بەردی بناغەی تیۆری ئێتنیکیی وێبەر بەم جۆرە شرۆڤە بکەین: ئێتنیسیتە وەک شێوازێک لە پلە و پایەی کۆمەڵایەتی؛ ئەگەرچی ئێتنیسیتە بەپێی پێوەندییە خزمایەتییەکان ڕوون دەبێتەوە، چونکە شوناسێکی تاکەکەسییە، جیاوازە لە خزمایەتی. تەنیا ئەندامایەتی دەتوانێ یارمەتیدەری پیکهاتنی گرووپێک بێت، بەڵام گرووپی ئێتنیکی دوابەدوای ئەوەیکە هاتە گۆڕەپانی کردەوەی کۆمەڵایەتییەوە، وەک جۆرێک لە گرووپێکی پلە و پایەدار دەگۆڕدرێ. لە ڕوانگەی وێبەرەوە، ئێتنیسیتە وەک هەموو گرووپە پلە و پایەییەکان دووژینەیە و خەیاڵی کۆمەڵایەتی و لووتبەرزیی، بۆ سازکردنی ئێتنیسیتە یەکلاکەرەوەن. ئێتنیسیتە لە ئەنجامی پەروەردە، فێرکاری و فاکتەرەکانی دیکەی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی ساز دەبێت (مالشویچ، ١٣٩٠، ٤٨).

ئێتنیسیتە لە شێوازی ژیانی تایبەتدا دەرکەوتنی دەبێ و دەتوانێ سەرکەوتووانە بانگەشەی هەبوونی جۆرێک «ڕێزی کۆمەڵایەتی تایبەت»و «پلە و پایەی تایبەت» بکات. ئەندامایەتی لە گرووپە ئێتنیکییە پلە و پایەدارەکان جۆرێک هەستی لووتبەرزی و دەمارگرژی دەبەخشێتە تاکەکان کە لە پرێستیژ و شانازی کۆمەڵایەتیی بەشێکبوون لە گرووپە ئێتنیکییەکان لە لایەن تاکەکانەوە دەرکەوتنی دەبێ. گرووپی پلە و پایەدار لە نێو ئەو شتەی کە وێبەر وەک «شانازییە ئێتنیکییەکان» ئاماژەی پێ دەکات دێتە دەرەوە و دەرکەوتنی دەبێت. شانازییە ئێتنیکییەکان هەمان باوەڕ بە بەرزتربوونی دابونەریتەکانی ئێتنیکە و هەروەها پێبەندبوون بەو دابونەریتانە. وێبەر «هەستی لووتبەرزی» وەک نموونەکان و داواکاری ئاسایی کۆمەڵایەتی کەسێک پێناسە دەکات کە گرووپە ئێتنیکییەکان بۆ دیاریکردنی شێوازی هەڵسوکەوت و تەریقەتی ئەندامانی خۆیان ئاراستەیان کردووە. بەگشتی ئەگەرچی گرووپە ئێتنیکییەکان بەردەوام کەڵکێکی وەک گرووپە پلە و پایەدارەکانیان هەیە، هەمووی گرووپە ئێتنیکییەکان و لە هەموو سەردەم و هەلومەرجەکان و لە هەمووی ئەندامانی گرووپی ئێتنیکیدا، گرووپی پلە و پایەدار نین (Weber, 1968, 391).

لە ڕوانگەی زیمێلەوە، ئەو گرووپە ئێتنیکییانەی لە دراوسێیەتی فیزیکی یەکدا دەژین، نیشانەی وەک دەمارگرژی بەکۆمەڵ، هەستیاربوون، نائاساییبوون، هەستی نزمتربوون یان بەرزتر بوونیان تێدایە کە لە هەر یەک لە ئەندامانی ئەم کۆمەڵانەدا بەشێوەی تاکەکەسی بوونی هەیە. سێ هەوێنی سەرەکی لە تیۆری پێوەندییە ئێتنیکییەکانی زیمێلدا بوونیان هەیە: ئێتنیسیتە وەک شێوازێک لە پرۆسەی هاوئاکاری، چییەتی کارلێکی کۆمەڵایەتی، و کاڵبوونەوەی ئێتنیسیتە بەهۆی هەبوونی جوداکردنەوەی کۆمەڵایەتی (مالشویچ، ١٣٩٠، ٤٣). سەرەکیترین تیۆریی ئێتنیسیتەی زیمێل چەمکی جوداکردنەوەی کۆمەڵایەتییە. ناوبراو کاری خۆی بەم گریمانەوە دەست پێ دەکات کە لە کۆمەڵگا سونەتی و نوێکاندا ئاست و ڕێژەی جۆراوجۆری جوداکردنەوەی کۆمەڵایەتی بوونیان هەیە. لە بنەڕەتدا ئەم ڕوانگەیە لەسەر بنەمای بڕوا بە گووران[1] ڕاوەستاوە، لە حاڵێکدا کە لە کۆمەڵگای نەریتیدا، بنەماکانی نەژاد و ئێتنیسیتە بۆ پێکهاتنی هاوشێوەیی و لێکچوونی نێو تاکەکان بەسوودن. لەم ڕوانگەوە، کۆمەڵە ئێتنیکییەکان ئاستێکی بەرزی پێوەندیی مێکانیکی و ڕێژەیەکی زۆری یەکگرتوویان تێدایە. کۆمەڵگا نوێکان ڕێژەیەکی زۆرتری جوداکرانەوەی کارکردی دەنوێنن، لە حاڵێکدا کە تایبەتمەندی کۆمەڵگا نوێکان پەیوەنددانی گرووپە لاواز و تاکایەتییە پەرژ و بڵاوەکانە. بۆیە پێبەندبوونەکانی گرووپی ئێتنیکی وەک دیاردەیەک لێک دەدرێنەوە بەهۆی جوداکرانەوەی کۆمەڵایەتی و هەڵچوونی ئاڵۆزیی کۆمەڵگا کاڵ دەبنەوە و بەرەو لەناوچوون دەچن. هەست و هەوێنی تاکایەتی شان بە شانی گەورەبوونی گرووپ زیاد دەکات (هەمان، ٤٤ بۆ ٤٧).

## تیۆری نیۆمارکسیستی

پاش سەدەی نۆزدەیەمی زایینی، یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی تیۆری مارکسیستی ئاراستەکردنی وەڵامێکی گونجاو بوو بۆ ئەم پرسیارە کە لەبەرچی ئێتنیسیتە و نەژاد لە جیهانی هاوچەرخدا، بەراورد بە چین، بەپێچەوانەی پێشبینییەکانی مارکسیزمی کلاسیک، بوونەتە سەرچاوەی زۆر بەهێزتر بۆ یەکڕیزی گرووپی. وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بە دوو جۆر بووە و بۆتە هۆی پەرەسەندنی دوو لقی تەواو جیاواز لە مارکسیزمی نوێ؛ یەک لەم لقانە جەختی خۆی خستۆتە سەر ئابووریی سیاسیی نایەکسانی گرووپە ئێتنیکییەکان و ئەوی دیکە ڕۆشتۆتە لای پێوەندییەکانی نێوان ئایدۆلۆژیا، جیاوازیی کەلتووری و کەلێن و بۆشاییە چینایەتییەکان. ئەم دوو نەریتەی لێکۆڵینەوە هەروەها لەباری شێواز و ئامانجەکانی شیکارییەوە جیاوازییان هەیە؛ هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ئابووریی سیاسی تێدەکۆشێ تا ڕوونکردنەوەیەکی زانستی بۆ تاراندنی کۆمەڵایەتی و نایەکسانیی ئێتنیکی بدۆزێتەوە، ڕوانگەی کەلتووری زیاتر مەیلی لەسەر تاوتوێکردنی ستراتیژ و تاکتیکەکانی خەباتی چینایەتی و ئێتنیکییە. کۆمەڵناسی نیۆمارکسیستی ئەرکی خۆی بۆ گەشەپێدانی شیکارییە

1. evolution

ئاراستەکراوەکانی نێو مارکسیسمی کلاسێک بەو شێوازە دادەنێت کە بە دەکارهێنانی ڕەخنەگرانەی گریمانە سەرەکییەکانی کلاسیکەکان، هەنگاوی بڵیندتر هەڵێنێ و تیۆرییە مارکسیستیەکانی پێوەندییە ئێتنیکییەکان بەسەر مارکسیسمی کلاسیکدا زاڵ بن. بۆیە پاش قبووڵکردنی ڕێژەیەکی دیاریکراو لە مارکسیسمی کلاسیک هەوڵ دەدات تا بە کورتکردنەوەخوازیی چینایەتی کەلتوور بەشێوەی گشتی و پێوەندییە ئێتنیکییەکان بەشێوەی تایبەتی ئۆتۆنۆمی وەک بریکاری مارکسیسمی کلاسیک بۆ پێشبینی پەیوەندییە ئێتنیکییەکان چارەسەر بکات. هەروەها تێدەکۆشن لەم داماوییە ئاشکرایەدا سەرچاوەی دیکە بۆ دژایەتی گرووپی ئێتنیکی لە جیهانی هاوچەرخ بدۆزنەوە. بەڵام هەر دوو نەریتی شیکاری مارکسیستی تا ڕادەیەکی زۆر قەرزداری ئەو بورهان و شیکارییانەن کە لە بنەڕەتدا مارکس و پێرەوانی دایان‌ناوە. کلاسیکەکان لە توێژینەوەکانی خۆیاندا یەکەمایەتییان داوەتە سەرمایەداری و شیکاریی هۆکارە ئابوورییەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کردەوەی کۆمەڵایەتی.

مارکسیسمی نوێ ڕاستییەکانی جیهانی هاوچەرخی قبووڵ کردووە و دان بەوەدا دەنێت کە ئێتنیسیتە بەپێچەوانەی بۆچوونی سەرەتایی مارکسیستەکان دیاردەیەکی زۆر زەق و گەورەیە. لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکانی مارکسیسمی نوێ ئەو کاتەی کە بەشێوەی ئەزموونکراو دارێژەی نایەکسانییە ئێتنیکییەکانی سەر بنەمای چین و پێوەندییان لەگەڵ سیاسەتە تێکەڵ هەڵاواردنەکانی دەوڵەت لە سیستەمی سەرمایەداری ئاشکرا دەکەن و ئەو کاتەی ئاماژە بە ئەو نموونانەی دەکەن کە ئەرک و کردارەکانی دەوڵەت وەک گۆڕەپانێک بۆ وەبەرهێنانی دووبارەی پێوەندییە پێکهاتەمەندە ئێتنیکییەکانن (وەک دەوڵەتی ئەفریقای باشوور و ڕۆڵیان بۆ بەنەریتکردنی سیستەمی ئاپارتاید)، زۆر سەرکەوتوو دەبن. بەم حاڵەشەوە مارکسیسمی نوێ ئێستاش لەو ڕوانگەی مارکسیستە کلاسیکەکاندا هاوبەشە کە هیچ جۆرە کێشەیەک لە پێکدادانە ئێتنیکییەکان یان نەژادپەرستیدا بوونی نییە کە بکرێ جودا لە تایبەتمەندییە پێکهاتەییەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری سەیری بکەین (Solomos, ١٩٨٦, ١٠٧). ئەگەرچی پێوەندییە ئێتنیسیتەییەکان لە باری مێژووییەوە دیاریکراو و تایبەت و هەر بەم شێوازەش تا ڕادەیەک سەربەخۆ دەبینرێن، بەڵام هێشتاش پێویستیان بە ڕوونکردنەوەیەکە کە تەنیا دەکرێ لە ڕێگای شیکاری مێژوویی و بە تەرکیزکردن لەسەر چۆنێتی سەرهەڵدان و گەشەکردنی سەرمایەداری و نایەکسانییە چینایەتییەکان بێتە ئاراوە. مارکسیزمی نوێ ئەگەرچی ئامرازە هزری و لێکۆڵینەوەییەکانی خۆی پاڵاوتووە بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر ئابووری‌باوەڕانەیە و لەسەر تەوەری چینە و بۆیە ناتوانێ تیۆرییەکی هاوسەنگ و گشتگر بۆ ڕوونکردنەوەی پێوەندییە ئێتنیکییەکان ئاراستە بکات کە دەتوانن چەندجۆرە بن و لەشێوازی جۆراوجۆردا دەرکەون.

## تیۆری نوێبوونەوە [1]

یەکێک لە مشتومڕاویترن تیۆرییەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، «تیۆری نوێبوونەوە»یە. نوێبوونەوە (مۆدێرنیزاسیۆن) واتە تێکەڵەیەک لە ڕەوتی پیشەسازی، شارنشینی، زیادبوونی تۆڕەکانی پەیوەندی و گواستنەوە و هتد، کە زۆربەی زانایانی کۆمەڵایەتی باسیان لەسەر کردووە. بەپێی تیۆری نوێبوونەوە، زیادبوونی توخم و پارچە پێکهێنەرەکانی مودێڕنیتە دەبێتە هۆی دابەزینی ناکۆکییە ئێتنیکییەکان و کاڵبوونەوەی ئینتیمای ئێتنیکیی تاکەکان. بۆیە «کاتێک پێوەرەکانی مودێڕنیتە لە وڵاتێکدا بەرەو گەشەکردن بڕۆن، گۆڕانکارییە توندوتیژانەکان کەم دەبنەوە و مرۆڤ وشیارانە لە سەرووی ئێتنیک و قەبیلە و شار، بە دوای شوناسی خۆیدا دەگەڕێت» (نواح و همکاران، ١٣٨٦، ٨٩)

ئەم تیۆرییە لەسەر ئەو تێگەهە بنەڕەتییە دامەزراوە کە ئێتنیک و شوناسی ئێتنیکی دیاردەی پێش مۆدێرنن و بە شێوەیەکی سروشتی زوو یان درەنگ لە پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن و گەشەکردندا دەتوێنەوە. لە نیوەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا شارەزایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان پێیان وابوو لەگەڵ پێشکەوتن و گەشەی پیشەسازی لە کۆمەڵگاکاندا، پێگە و بەرژەوەندی ئابووری وەک شوناسێکی تازە دەرکەوتوو، جێگەی ئێتنیک و دیکەی شێوازە نەریتییەکانی شوناسی جەماوەری دەگرێتەوە. ئێتنیسیتە وەک کۆمەڵەیەکی لێکدراو لە ئەمەگناسیە بەجێماوەکانی قۆناغی سەرەتایی گەشەی کۆمەڵایەتی دادەنرا، کە دەبوو جێگای خۆی ببەخشێتە عەقڵانییەتی ئابووری وەک هێزی سەرەکی بزوێنەری ڕەفتاری مرۆڤەکان (بیرچ، ١٩٨٧، ٣٢٥).

لەم دواییانەدا نووسەرانی وەک پارسۆنز، سمێلسەر، لیپست، ڕۆکان، باتلەر و ستۆکس بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بەرفراوانبوونی بازنەی بازاڕ دەبێتە هۆی لەناوچوونی هۆگرایەتییە ئێتنیکییەکان، چونکە شوناسی ئێتنیکی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ناوەندەکانی فرۆشتن و بازاڕکردنەوە نییە، بەم هۆیەشەوە دەبێت مانای کۆمەڵایەتی خۆیان لەدەست بدەن (لیفر، ١٩٨١، ٢٤-5) جووڵەی بەرفراوانی فەزایی کار، سەرمایە، کاڵا و خزمەتگوزارییەکان دەبێت بە هەمان شێوە گرووپە ئێتنیکییەکان لە چڕبوونەوەی جوگرافی بێهیوا کات و ڕێگە بۆ ئەندامێتیان لە ناو نەزمێکی کۆمەڵایەتی گشتیتردا دابین بکات (هچر و لوی، ١٩٧٩، ٢٦٦).

## تیۆری مەودا-ناوەند [2]

تیۆری مەودا-ناوەند خاڵی پێکگەیشتنی داڕێژە چەمکییە جیهانییەکانی تیۆری سەرەکییە بە تایبەت داڕێژە هزرییەکانی تالکوت پارسونز لەگەڵ بڕیاری ئەزموونکراوی توێژینەوە ڕاستەقینەکان. تیۆری مەودا-ناوەند لەسەر بابەتە ڕاستەقینەکان گشتاندنی ئەبستراکتی زیاتر بەدەستەوە دەدات. لە ڕوانگەی مێرتونەوە، تەنیا پاش کۆکردنەوەی تیۆرییەکانی مەودا-ناوەند دەتوانین

1. modernization theory
2. Middle-range theory

چاوەڕێی سەرهەڵدانی تیۆری ئەنیشتەینی کۆمەڵناسی بین. ئەم ستراتیژە دەبێتە هۆی پێکهاتنی «تیۆرییەکانی ئاستی ناوین» (جلاییپور و دیگران، ١٣٨٨، ١٠٤).

مێرتون لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لە کۆمەڵگادا، گچکەکەلتوور و گچکەگرووپی زۆر بوونیان هەیە کە –ئەو جۆرەی کە پارسۆنز و نوێخوازان و گشتیگەرایان بڕوایان هەبووە- نەیانتوانیوە لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا جێگای خۆیان بکەنەوە و سازگار بن و بۆیە هەر یەک بە جۆرێک لە سیستەمی کۆمەڵایەتی جودا ماونەتەوە. چونکە تاوتوێکردنی ئەم گرووپانە لە چاو سازگاری و هاوڕێیەتی لەگەڵ ڕێگا و ئامانجەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی سەرەکی کۆمەڵگا جێبەجێ دەکرێت، ناتوانن بکەونە هەرێمی کۆمەڵناسیی تاکەوە، ئەگەرچی هەر بەهۆی ئەم جودابوونەوە لە ڕێگا و ئامانجەکانی کۆمەڵگا، ناوکەونە هەرێمی شیکردنەوە گەورە و سەرەکییەکانیش. بۆیە مێرتون لە کۆمەڵناسیی خۆیدا ئاوڕی لە هەرێمێک داوەتەوە لە نێوان دوو هەرێمی گچکە و گەورەدا، ئاوڕێک کە خاڵی دەسپێکی گەشت و جێهێشتنی ناوبراو بووە لە مەکتەبی پێکهاتەخواز-ئەکتگەرای نەریتییەوە (تنهایی، ١٣٩١، ٧٧٣).

ئەگەرچی مێرتون بە شێوەی دیاریکراو لە چوارچێوەی تیۆری خۆیدا باسی بابەتی ئێتنیسیتە و شوناسی ئێتنیکیی نەکردووە، ئەم ڕوانگەیە بۆتە چرای ڕێگای ئەو بیرمەندانەی کە تیۆری ئێتنیسیتەیان لە ئاستی ناوینی یان تێکالاودا (تێکالاوی چکۆلە و سەرەکی) شی کردۆتەوە؛ وەک بیرمەندانی ئەم بوارە دەتوانین ئاماژە بدەینە گیدێنز و بۆردیۆ. بەپێی تیۆری گیدێنز، دەوڵەت-نەتەوەکان هەڵسازراوی مودێرنیتەن کە ناوبراو بەردەوامبوونیان دەگەڕێنێتەوە بۆ سازدانی یەکڕیزی و یەکپارچەیی لە ڕێگای شوناسی هاوشێوەوە. بە بڕوای گیدێنز، ئەو ئێتنیسیتانەی کە دەکەونە دەرەوەی بازنەی شوناسی نەتەوەیی بەردەوام هەڕەشەن بۆ دەوڵەت-نەتەوە. ئەم تیۆرییە لەو ڕووەوە دەتوانین بە مەودا-ناوەند یان ناوەند مەودا دابنێین، چوون ئێتنیکەکان لە چوارچێوەدای وەک بکەرێکی خاوەنهەڵوێست و چالاکی لە هەمبەر پێکهاتەی سەرەکی دەوڵەت-نەتەوە کاردانەوەیان دەبێ و دەست دەدەنە کردەوەی کۆمەڵایەتی.

بۆردیۆ یەک لەو تیۆریدانەرانەیە کە لە بەرهەمەکانی خۆیدا هەوڵی داوە تا تیۆری و کردەوە پێکەوە تێکەڵ بکات. کتێبی جیاوازیی بۆردیۆ بە شێوەی تەواو ئۆپەراسیۆناڵ و بە شێوەی چەندی و چۆنیی تیۆرییەکانی هێناوەتە گۆڕەپانی کردەوە. بەڵام چەمکی خووخدەی[1] بۆردیۆ واتا هابیتۆس، کە بە وەرگێڕانی جیاوازەوە وەک پێکهاتەی زەینی و ڕەوشت و ئاکاریش دەناسرێ، کەمتر لە لایەن کۆمەڵگای زانکۆییی [ئێرانەوە] ئاوڕی لێ دراوەتەوە. بە کەڵک وەرگرتن لەم چەمکەی بۆردیۆ، دەکرێ شیکاری بۆ ئێتنیسیتە و ئێتنیکگەرایی هەندێ لە گرووپەکان بکەین (خندەرو و رضایی، ١٣٩٦).

یەکێک لە تایبەتمەندنییەکانی خووخدە بە واتا بۆردیۆییەکەی ئەوەیە کە بەدی هاتووە و تەنیا لە ڕوانگە زەینی و تێگەهیەکانەوە ساز نابێت. بۆردیۆ دەنووسێت کە خووخدە لە ڕێگای شێوازە

1. Habitus

بەردەوامەکانی وەستان، ئاخاوتن، پیاسەکردن و لە ئەنجامدا، هەستکردن و تێفکرینەوە دەردەبڕدرێت (Bourdieu, 1990, 70).

چەمکی خۆوخدە دەورێکی گرنگی لە کاری پیێر بۆردیۆدا هەیە. بۆ بۆردیۆ ئەم چەمکە پیشاندەری کۆمەڵێک خواست و شێوازی دەستەبەرکراوە لە تێفکرین و کردەوە کە تاکەکان بەرەبەرە و لە درێژەی کاتدا بەربڵاوی دەکەنەوە و گەڕاندنەوەیەکە لە ئەزموونەکانی هەر ڕۆژە و کۆی ڕۆژانەیان لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە لە نێو خۆوخدەدا جودا کراونەتەوە. بۆیە، خۆوخدە بریتییە لە «پێکهاتە دەروونی یان مەعریفییەکان» کە مرۆڤەکان لەو ڕێگایەوە ڕووبەڕووی جیهانی کۆمەڵایەتی دەبنەوە. مرۆڤەکان خاوەنی کۆمەڵێک داڕێژەی دەروونیکراون کە لە ڕێگای ئەم داڕێژانەوە تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی جیهانی کۆمەڵایەتی دەکەن. لە ڕێگای داڕێژەی وەهاوە تاکەکان کارکردەکانیان ساز دەکەن و پاشان لێیان تێدەگەن و هەڵسەنگاندیان بۆ دەکەن. بەم حاڵەشەوە خۆوخدە «جۆرێک ئامادەبوونی کردەوەیی، جۆرێک فێربوونی شاراوە، جۆرێک زانایی، جۆرێک پەروەردەبوونی کۆمەڵایەتی لە چەشنی زەوقە کە بۆ ئەکتەری کۆمەڵایەتی ئەو ڕێگایە خۆش دەکات کە ناخی یاساکان، دابونەریتەکان، ئاراستەکان، ڕەوتەکان، بەها و بایەخەکان و کاروبارەکانی دیکەی بواری تایبەتی خۆی (بوارەکانی زانستی، ئابووری، وەرزشی، هونەری، سیاسی و ...) فام بکات، تیایدا قبووڵ بکرێت، جێگای خۆی بکاتەوە و ببێتە سەرچاوەی کاریگەریدانان» (بوردیو، ١٣٨٠).

لەسەر پێوەندی بابەتی ئەم لێکۆڵینەوە و ئەم چەمکانەی بۆردیۆ دەتوانین ئاماژە بە خۆوخدەی ئێتنیکی بدەین. چەمکی خۆوخدەی ئێتنیکی چوارچێوەیەکی چەمکیانەی زۆر بەکەڵک بۆ تێگەیشتن لە چۆنایەتی بەدەستهێنانی شوناسەکان و لێکدانەوە ئێتنیکییەکانی تاکەکان و ئەوەیکە تاکەکان چ چییەتی و شێوازێک دەگرنە خۆ، دابین دەکات. وەک جەختکردن لەسەر گرنگبوونی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، خۆوخدەی ئێتنیکی بەردەوام وەبیرمان دێنێتەوە کە پێویستمان بە تێگەیشتنی شوناسەکان و لێکدانەوە ئێتنیکییە سەرهەڵدراوەکانی نێو تاکەکان هەیە کە وەک ئەنجامی تێکەڵاوبوونی چالاکانەیانە لە کۆمەڵەیەکی تایبەتی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها کارلێک و دانوستانیان لەگەڵ ئاقارە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان (وەک ماڵ و دراوسێکان). وێڕای ئەمەش، چەمکی خۆوخدەی ئێتنیکی هانمان دەدات تا شێوازە ئاڵۆزەکان بخوێنینەوە کە تیایاندا باسی ئێتنیسیتە کراوە، لەلایەن تاکەکانەوە بەدەست هێنراوە و لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە دەربڕینی هەبووە تا بەپێی ئەو ئێتنیسیتە قسە بکەن، هەست بکەن و هەڵسوکەوتیان هەبێ. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە وتەی هیووز بکەین لە سەرەتای ئەم وتارەدا. لەم واتایەدا خۆوخدەی ئێتنیکی دەتوانێ وەک پیشاندانی کۆی کردەوە کۆمەڵایەتی و خواستە کەلتوورییەکان پێناسە بکرێت کە زیاتر لە لایەن گرووپی ئێتنیکی وەبەرهێنەرەوە بەرهەمهێنراوە کە تاک بەشێکیەتی (Connollya, Kelly, Smith, 2009, 220 & 221). چەمکە زانستییەکان وێڕای داڕێژەی هزری دەبێ توانای هەڵسەنگاندنیشیان هەبێت. بە واتایەکی دیکە، بۆ جێبەجێکردنی لەنێو مرۆڤەکان و کۆمەڵگا

مرۆییەکان پێویستە هەر لە ڕێگای خۆیەوە، بابەتێتیە کۆمەڵایەتیەکان تاوتوێ بکرێن. کۆنۆلی و هاوکارانی بۆ هەڵسەنگاندنی خۆوخدەی ئێتنیکی چوار پێکهێنەریان ئاماژە پێداوە: ئەولەوییات و پەسندکراوە ئێتنیکییەکان، وشیاریی ئێتنیکی، شوناسە ئێتنیکییەکان، و دەمارگرژییە ئێتنیکییەکان کە بۆ ئەم ڕەهەندانە دەکرێ پێوەری هەڵسەنگێندرانی گونجاو ساز بکرێت (Ibid, 222 & 223).

خۆوخدەی ئێتنیکی لەژێر کاریگەری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێکی تاک لەگەڵ ئەو ئاقارەیدان کە تیایدا دەژیت. هەرچی تاک زیاتر پێوە خەریک بێ و چالاکی زیاتری لە ئاقارێکی ئێتنیکیدا هەبێت، لێکدانەوە و ڕوانگەی ئێتنیکیی زیاتر وەک یەک خۆوخدەی ئێتنیکی بەدەست دێن و بە پێچەوانەوە کارلێکی کەمتر لەگەڵ ئاقارە ئێتنیکییەکان خۆوخدە ئێتنیکییەکانی تاک لاواز دەکاتەوە.

### تیۆری بێبەشبوونی ڕێژەیی[1]

تیۆری بێبەشبوونی ڕێژەیی، لە شیکردنەوەی هۆکار و بۆنەکانی ململانێ و گرژییە ئێتنیکییەکاندا زۆر کارامەیە. لەسەر بنەمای ئەم تیۆرییە، شۆڕش و قەیرانی سیاسی کاتێک ڕوو دەدات کە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، لەوانەش ئێتنیکەکان، بە بەرکەوتەکانیان نارازین، چونکە باوەڕیان وایە بە مافی شایستەی خۆیان نەگەیشتوون. ئەمەش لە لایەکەوە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم دۆخە ڕەهەندێکی شوناسی لەخۆ بگرێت، لە لایەکی دیکەوە، گرووپە ئێتنیکییەکان لە وەڵامی بێبەشکردنی سەپێنراو و بە مەبەستی بەدەستهێنانی ماف و بەرژەوەندی زیاتر، پەنا دەبەنە بەر کۆمەڵێک ڕەفتاری هەمەچەشنی ناڕەزایەتیی مەدەنی و توندوتیژی.

کاریگەری گۆڕاوەی هەستی بێبەشبوونی ڕێژەیی لەسەر شوناسی نەتەوەیی و ئێتنیکی لە لایەن زۆرێک لە بیرمەندانەوە ئاوڕی لێ دراوەتەوە. لە بابەتەکانی ئێریکسۆن لەسەر شێوازی پێکهاتنی شوناس، گۆڕاوەی هەستی بێبەشیی زۆر زەقە، و لە سازبوون و گەشەکردنی مودێلەکانی کراس (١٩٩١) و فینیدا (١٩٨٩) ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەیە. بیرمەندانی دیکەی وەک تاجفێل، تێرنێر و برانسکام (١٩٩٩) لەسەر ڕۆڵی هەستی بێبەشیی لە زەقکردنەوەی شوناسی ئێتنیکی و لاوازکردنی شوناسی نەتەوەیی و پەیوەندی شوناسی نەتەوەیی و ئێتنیکی جەختیان کردۆتەوە (Buurih, 1997, ٥٨٩). ڕابێرت گار، یەک لە تیۆریدانەرانی ڕێدۆزی بێبەشیی ڕێژەیی، هەستی بێبەشیی ڕێژەیی وەک بەرهەمی هەستی هەبوونی مەودا و کەلێنی لە رادە بەدەری نێوان چاوەڕوانییە بایەخی و توانا بایەخییەکان دەبینێ کە بەپێی ئاستی پێبەندبوون بە بەها و بایەخەکە، بە شەرعی بینینی بێبەشی، دەرفەتە جێگرەوە قەدەغەکراوەکان و ئەژماری بێبەشی، دەبێتە هۆی ناڕەزامەندی و تووڕەیی (مقصودی، ١٣٨٠، ٢٠٤). یەک لە بەرهەم و دەرکەوتەکانی هەستی بێبەشبوونی ڕێژەیی هەستی

1. relative deprivation theory

هەڵاواردنە. ڕابێرت گار ئاماژە بە سێ جۆر هەڵاواردن دەکات: ١. هەڵاواردنی ئابووری، هەڵاواردنی سیاسی، و هەڵاواردنی کەلتووری (قاسمی، ١٣٨١، ١٢٩). گریمانەی سەرەکی ڕابێرت گار ئەوەیە کە هەستی بێبەشیی ڕێژەیی مەرجی پێشەکی قەرقەشە ناوخۆییە توندوتیژانەکانە. بیرمەندانی دیکەش جەختیان کردۆتەوە کە هەرچی ڕێژەی هەستی بێبەشی لە ئێتنیکێکدا زیاتر بێت و ئەو ئێتنیکە هەست بکات کە کەلتوور، زمان و بەها و بایەخەکانی کەوتوونەتە بەر هەڵاواردن و توانەوە، مەیل و خواست بۆ پاراستنی کەلتوور و داب و نەریتە ئێتنیکییەکان لەو ئێتنیکەدا زیاتر دەبێ کە لە دۆخی ڕادیکاڵی خۆیدا بەشێوەی ڕەگەزپەرستی دەرکەوتنی دەبێت (قیم، ١٣٨٠، ٢١٢).

## تیۆری داگیرکاریی ناوخۆیی

تیۆردانەرانی داگیرکاریی ناوخۆیی[1] لە تیۆریسازی بابەتەکان و هەروەها گشتاندنی پێوەندییە نایەکسانەکانی نێوان داگیرکەران و داگیرکراوان لە پێوەندییە ناوخۆییەکاندا، قەرزداری وشەی «کۆلۆنیالیزم»ە بە واتای گشتی و کلاسیکی ئەم وشەیە. داگیرکاری لە واتای کلاسیکدا دەگەڕێتەوە سەر داگیرکاریی دەرەکی یان زێدەخوازییەکان لە وڵاتە ئاسیایی، ئەفریقی و ئەمریکییەکان کە لە سەدەی پازدەیەمی زایینییەوە دەستی پێکردووە و بە کردەوە، ئابووری و سیاسەتی جیهانیی داوەتە بەر کاریگەری خۆی (Gegain, ١٩٧٨, ٣٧). داگیرکارانی ئەورووپی بریتی لە پورتوگالی، ئەسپانیایی، بەلجیکی، هۆڵەندی، بەریتانی و فەڕەنسی لە ڕێگای زۆر و توندوتیژییەوە و پاش سەرسپاردەکردنی خەڵکی خۆماڵی، سنووردارکردنی جووڵانەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سووکایەتیکردن بە خەڵکی خۆماڵی، و دامەزراندنی پێوەندی گەورە-گچکەیی، خەڵکی خۆماڵی ناوچە ئاماژەپێکراوەکانیان چەوساندۆتەوە و کەرەستە خاوکانی ئەو وڵاتانەیان بە تاڵان بردووە و لەگەڵ داگیرکردنی بازاڕە ناوچەییەکان، ڕەوتی شۆڕشی پیشەسازی و گەشەکردنی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییان لە وڵاتانی خۆیاندا خێراتر کردۆتەوە (Cashmore, 1996, 178).

تیۆری داگیرکاریی ناوخۆیی لەگەڵ گشتاندنی ئەم پێوەندییانە بۆ ناوخۆی وڵاتان جەخت لەسەر هەبوونی نایەکسانیی کەلتووری دەکاتەوە لە نێوان کەلتووری دەسەڵاتخواز و کەلتوورە بندەستەکانی نێو کۆمەڵگاکان. ئەم بابەتانە سەرەتا لە بەرهەمی مارکسیستەکانی وەک لێنین و گرامشی باس کراون و پاشان لە لایەن غەیرەمارکسیستەکانی وەک ڕۆبێرت بلۆنەر و مایکێل هێکتەر دەکار هێنراون و پەرەیان پێدراوە (Muir, 1997, 201).

لە پرۆسەی سەرهەڵدانی چەمکی داگیرکاریی ناوخۆیی لە شێوازی ئەم دواییانەی خۆیدا (لە کۆتایی شەستەکانەوە تا سەرەتای حەفتاکان) دوو ڕەوتی سەرەکی هاوشانی یەک زۆرترین کاریگەرییان هەبووە: یەکەم هەلومەرجی ئاڵۆزی کەمینە ئێتنیکی و نەژادییەکان لە ویلایەتە

1. internal colonialism theory

یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕانەکێشران، تێکەڵنەبوون و نەتاویانەوەی تەواویان لە چوارچێوەی بەها و بایەخە ئانگلۆساکسۆنییەکاندا، و دووهەم بەردەوامبوونی دۆخی نالەباری خەڵکی خۆماڵیی ئەفریقا پاش دەرچوونی داگیرکەران لەم کیشوەرە.

تیۆریدانانە نەریتییەکان لەسەر پێوەندییە نەژادی و ئێتنیکییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جەختیان لەسەر «تێکەڵاوکردن و ڕاکێشان» بووە. نموونەی بەرچاوی ئەم جۆرە ڕوانگەیە تیۆری «ئاسیمیلاسیۆنە» کە یەکسانکردن و هاوشێوەکردنی گرووپە ئێتنیکی و نەژادییە جۆراوجۆرەکانی لە ئەمریکا و لە چوارچێوەی کەلتوور و بەها و بایەخەکانی گرووپی ناوەندیی (ئانگلۆساکسۆنەکان) وەک گرنگترین هۆکاری ئەم پێوەندییانە هەژمار دەکرێ. (Feagin, 1978, 27).

دووهەمین هۆکار کە لە خۆگرتن و پەرەسەندنی تیۆری داگیرکاریی ناوخۆییدا کاریگەری بەرچاوی هەبووە هەلومەرجی ئاڵۆزی خەڵکی کیشوەری ئەفریقا بووە پاش دەرچوونی داگیرکەران. لە داگیرکاریی کلاسیکدا، هۆکاری دواکەوتنی کیشوەری ئەفریقا دەگەڕایەوە بۆ سیاسەتەکانی داگیرکاری. بۆیە زۆرێک لە بیرمەندان، سیاسەتوانان و خەباتگێڕانی ڕێگای ڕزگاری چارەسەری کێشەکانیان لە دەرچوونی تەواوی داگیرکەران لە ناوچە داگیرکراوەکاندا دەبینییەوە بەڵام پاش ڕزگاربوونی وڵاتانی داگیرکراو، ئەم کۆمەڵگانە نەک بەرەو پێشکەوتن و قەرەبووکردنەوەی دواکەوتنەکان نەچوون، بەڵکوو زۆرێک لە وڵاتانی ئەفریقی کەوتنە گێژاوی قووڵتری کێشە و تەنگ و چەڵەمە و دواکەوتنەکان (مقصودی، ١٣٧٨).

بۆ تێگەیشتنی چییەتی و هۆکارەکانی بەردەوامبوونی قەیرانەکە، هەندێ لە لێکۆڵەران لە باتی سەرنجدانەوە بە داگیرکاریی دەرەکی سەرنجیان داوەتە داگیرکاریی ناوخۆیی، دەوڵەتیان وەک ئامرازی دەستی لایەنە دواکەوتنخواز، ناکارامە، گەندەڵ و ژێردەستی چینە دەسەڵاتخوازەکان ئاماژە پێداوە کە بە کەڵک وەرگرتن لە پێکهاتەکان، ڕێکخراوەکان و ئامرازە دەوڵەتییەکان دەستیان داوەتە کۆکردنەوەی سەرمایەی تاکەکەسی، دواکەوتن، چەوساندنەوە، دەست بەسەرداگرتن و پەراوێزخستنی گشتیی خەڵک. هەر لەم ئاراستەیەدا، ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتە ئەفریقییەکان ئامرازی سیاسیی پتەوکردنەوە، جێگیرکردن و چەوساندنەوەی هەندێ لە گرووپە ئێتنیکییەکان لە بەرامبەر گرووپەکانی دیکە و ڕەنگە گرووپە ڕکابەرەکان بوون. وەک بەرپەرچدانەوەی توندوتیژی، سەرکوتکردن و سروشتی چەوسێنەرانەی دەوڵەت، خەڵکیش لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ شوناسە ئێتنیکی و ئایینییەکانی خۆیان و بە تەیارکردنی خۆیان و کۆکردنەوەی پێداویستییەکان و هەروەها داواکردنی یارمەتییە مرۆڤدۆستانەکان، لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە وەک شەڕە ئێتنیکییەکان بەرەنگاری ئەم ڕەوتە بوونەتەوە.

مایکڵ هەکتەر، لە پێشەنگانی تیۆری داگیرکاریی ناوخۆیی، لە کتێبی «داگیرکاریی ناوخۆی»دا دەڵێت: فراوانبوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان ئێتنیکەکان لە پرۆسەی نوێبوونەوە و گەشەکردندا، مەرج نییە ببێتە هۆی دروستبوونی یەکێتی نەتەوەیی و سڕینەوەی پەیوەندییە ئێتنیکییە پارچە

پارچەکان، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەتوانێت ببێتە هۆی ململانێی ئێتنیکی. هەکتەر بنەمای ئەم ململانێ لە نابەرابەری و دابەشکردنی نایەکسانی سەرچاوەکان لە نێوان ناوچە جیاوازەکانی یەکەیەکی نیشتمانی فرە ئێتنیکی و فرە کەلتووریدا دەبینێت. لەسەر ئەم بنەمایە، بەردەوامبوونی یەکگرتوویی ئێتنیکی لە کۆمەڵگا مودێرنەکاندا لە چوارچێوەی مۆدێلی «ئێتنیسیتە-کاردانەوە» یان «ئێتنیسیتەی کاردانەوەیی»دا شرۆڤە دەکات. لەم ڕوانگەیەوە، یەکگرتوویی و ئالنگارییەکان پەرچەکردارێکن کە لەلایەن گرووپێکی پەراوێزیی لە ڕووی کەلتوورییەوە جیاواز، دژ بە داگیرکاری، واتا کۆلۆنیالیزمی ناوەندی پێکدێت (Nielsen, 1985, 134). هەکتەر شوناسخوازیی ئێتنیکی و سیاسیبوونی ئێتنیسیتە لە پەیوەندیی دەگەڵ «داگیرکاریی ناوخۆیی» و «دابەشکردنی کاری کەلتووریدا» تاوتوێ کردووە (Hechter, 1975,14-15).

بە پێی ڕای هەکتەر، شەپۆلی ناهاوسەنگی مۆدێرنیزاسیۆن لە کۆمەڵگادا دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەرچاوەکانی هێز لە نێوان گرووپ و تاقمەکانی کۆمەڵگادا بە نایەکسانی دابەش ببن، بە شێوازێک کە لە دەرهاویشتەی کۆتاییدا کەمینەیەک بە شێوازێکی بەرچاو و زۆر لەو سەرچاوانە پشک وەردەگرن و زۆربەی خەڵکیش ڕێژەیەکی کەمیان بەر دەکەوێت. ئەگەر جیاوازییە کەلتوورییەکان تێکەڵ بە نایەکسانی ئابووری بکرێن، دابەشکردنی ئیشی کەلتووری دروست دەبێت و لە ئەنجامیدا، وەرگرتن و تێکەڵبوونی سیاسی پێکهاتە پەراوێزخراوەکان لە کۆمەڵگەی نەتەوەییدا دەگاتە کەمترین ئاستی ڕێگەپێدراو. ئەم پێکهاتەی توێژبەندیە ڕەنگە لە ڕووی یاساییەوە گەرەنتی بکرێت و دەوڵەت لە ڕێگای سیاسەتی هەڵاواردنەوە، واتە دەستڕاگەیشتنێکی جیاواز بە دامەزراوە پەروەردەیی و ئاینییەکان، دەورە کۆمەڵایەتییە بەنرخەکان بۆ گرووپ و توێژە بێبەشکراوەکان تەرخان نەکات. پێگەی گرووپی لە دابەشکردنی کەلتووریی کاردا کاریگەری لەسەر هەل و دەرفەتی ژیانی ئەندامانی گرووپەکە دەبێت و دەبێتە هۆی نزمی چۆنایەتی ژیان، هەستکردن بە بێبەشیی تەواو، هەڵاواردن لەسەر بنەمای زمان و ئایین و تایبەتمەندییە کەلتوورییەکانی دیکە. دابەشکردنی کەلتووریی کار، سیمایەکی واقیعی و سیاسی دەبەخشێتە جیاوازییە کەلتوورییەکان. بە بڕوای مایکل هەکتەر، کاتێک دانیشتوانی هەرێمێکی خاوەن کەلتووری جیاواز، بەرەنگاری توانەوەیان لە نێو دەوڵەتێکی ناوەندیدا دەبنەوە و هەوڵی پاراستنی تایبەتمەندییە شوناسییەکانی خۆیان دەدەن، ناسیۆنالیزمی پەراوێزخراو سەرهەڵدەدات و لە سێبەریدا، هێما شوناسی و کەلتووریەکانی گرووپە ئێتنیکی و نەژادییەکان ڕەنگی سیاسی لەخۆ دەگرن (Ibid, 2005, 39-60).

## تێڕامانێکی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە ڕوانگە باوەکان لە توێژینەوە ئێتنیکناسییەکانی ئێراندا

دەرکەوتنی تێڕوانینی مۆدێرن بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگا و بیچمگرتنی بیرۆکەی دەوڵەت - نەتەوە وەک فۆرمێکی نوێی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، زەمینەی بۆ دووبارە بیرکردنەوە و پێناسەکردنەوەی فۆرمە جۆراوجۆرەکانی شوناسی گشتیی مرۆڤ دابین کرد. لەم ئاسۆ نوێیەدا، تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ کێیەتیی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی خۆی لە بنەڕەتەوە گۆڕانی بەسەردا هات و فاکتەرە شوناسییەکانی ئیتر توخمە چارەنووسساز و سروشتییە پاسیڤ و بێکاریگەرەکان نەبوون، بەڵکوو بە وەدیهاتنی ئەندێشە ئۆمانیستییەکان، مرۆڤ و لایەنە تاکەکەسی و لایەنە گشتییەکانی ژیانی ئەو، بوون بە چەقی گەردوون. تێکەڵبوونی ئەم گۆڕانکارییە مەعریفییە لەگەڵ پێداویستییەکانی ژینی سیاسی- کۆمەڵایەتیی مرۆڤی نوێ، لە بەرەبەرەی سەردەمی مۆدێرندا، بەستێنێکی لەباری بۆ سەرهەڵدان و فۆڕمگرتنی بیری دەوڵەت – نەتەوە خۆش کرد، کە لە سەر بنەمای ئەوە مرۆڤێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نوێ لەدایک بوو. پێگەی پاراداییمی بیرۆکەی دەوڵەت – نەتەوە و پێناسەکردنەوەی هەموو بەرژەوەندییە تاکەکەسی و گشتییە ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان لە سەر تەوەری شوناسی نەتەوەیی بووە هۆی ئەوەی کە فۆرمەکانی دیکەی شوناسی گشتی پێگە و ڕۆڵ و پرەنسیپی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ شوناسی نەتەوەیی وەک شوناسێکی تەوەری و ناوەندیی سەردەمی مۆدێرن و پێداویستییەکانی جیهانی نوێ پێناسە و وێنا بکەن.

ئێتنیک و شوناسی ئێتنیکی یەکێک لە فۆرمە پێش مۆدێڕنەکانی شوناسی گشتی بوو، کە لە مەیدانی پێشهاتانەکانی سەردەمی نوێدا ڕواڵەتێکی نوێی بە خۆوە بینی. تێکەڵبوونی توخمەکانی شوناسی ئێتنیکی لەگەڵ شوناسی نەتەوەیی و ڕۆڵی تەوەریی ئەم فۆرمەی شوناسی گشتی لە بنیاتنانی شوناسە نەتەوەییەکان، لەو فاکتەرانەن کە بوونە هۆی ئەوەی شوناسی ئێتنیکی بە پێچەوانەی زۆرێک لە شوناسە نەریتییەکان، هەڵنەوەشێتەوە و لە ناو نەچێ، بەڵکوو لە شانۆی پەیوەندییە سیاسی – کۆمەڵایەتییەکانی جیهانی مۆدێرندا ببێتە توخمێکی چالاک.

لە دنیای مۆدێرندا، ئێتنیک و شوناسی ئێتنیکی لە بابەتێکی کۆمەڵایەتیی بێلایەن و پەسیڤ یان بە واتایەکی دیکە «لە خۆ»[1] بۆ فۆرمێکی نوێی وشیاریی گشتیی گرێدراو بە بەرژەوەندییە گرووپییەکان و بە واتایەکی دیکە «بۆ خۆ»[2]، کە پێی دەوترێ «ئێتنیسیتە» گۆڕانی بە سەردا هات. ئەم گۆڕانکارییە بنەڕەتییە و لە هێزەکییەوە بۆ کردەکیکردنی تایبەتمەندییە ئێتنیکییەکانی شوناسی گشتی و گرووپی، سروشتە ئاڵنگارییەکەی و گرنگییەکەی لە سەر ئاستی جیهانی و ناوچەیی، بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە پێکهاتەی ئێتنیکیی نایەکسان و هەمەچەشنیان هەیە، بێگومان پرسی ئێتنیکی کرد بە یەکێک لە گرنگترین و سەرنجڕاکێشترین زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان. پێویستیی مەعریفەناسیی زانستیی ئێتنیسیتە، شوناسی ئێتنیکی و پرسە پەیوەندیدارەکانی لە ڕوانگەی

1. In Itself
2. For Itself

مرۆڤناسی، کۆمەڵناسی، سیاسی، فەرهەنگی و هتد، بوارێکی تایبەت و ئەکادیمیی لێکۆڵینەوەیان لە سەر تەوەری پرسە ئێتنیکی و ئێتنیکییەکان ڕێک خست، کە لە ژێر ناوی توێژینەوەی ئێتنیکی[1] یان لێکۆڵینەوەی ئێتنیکناسی[2] ناسراوە .

ئێران بە مێژوویەکی هەزاران ساڵە و کەلەپوورێکی مێژوویی دەوڵەمەندی تێکەڵبوونی ئێتنیکەکان و ژیانی ئێتنیکی، وڵاتێکە کە ئەمڕۆ لە ڕووی فرەچەشنیی ئێتنیکی و زمانییەوە لە ڕیزبەندی ١٠ وڵاتی سەرەکی جیهاندایە (میرحیدر، ١٣٩٤، ١٣٢). ئەم تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییە، لە بەستێنی گۆڕانکارییەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێران و لە چوارچێوەی پرۆسەکانی مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمەڵگا و سیاسەت لە ئێراندا، گەیشتووەتە خاڵی خۆئاگایی گشتی و بەدیهاتنی سیاسی و لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی هاوچەرخدا لە ئێران، هەمیشە لە چوارچێوەی پەیوەندییە سیاسی، ئابووری و فەرهەنگییەکانی ئەم خاکەدا فاکتەری دیاریکەرەوە بووە و لایەنێکی بەرفراوان و چارەنووسسازی لە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ئەم قۆناغەی دیاری کردووە. گواستنەوە لە ئێتنیکەوە بۆ ئێتنیسیتە، و لە بابەتی ئێتنیکییەوە بۆ پرسی ئێتنیکی، وەرچەرخانێک بوو کە زەروورەتی شیکردنەوەی زانستیی بۆ پرسە ئێتنیکییەکان خستە ڕوو، هەر بۆیە لە بواری لێکۆڵینەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێراندا، پرس و کێشە ئێتنیکییەکان بوونە چەقی سەرنج و گەلێ بەرهەمی توێژینەوەیی و وەسفی لەبارەی مێژووی ئێتنیکییەکان، بزووتنەوە و ڕاپەڕینە ئێتنیکییەکان، ڕەهەند و فۆرمەکانی پرسە ئێتنیکییەکان، و خەسارناسیی بابەتە ئێتنیکییەکان لە ئێراندا نووسراون، کۆمەڵەی ئەم بەرهەم و گوتارە لێکۆڵینەوەییانە ئەمڕۆ لە ژێر ناوی لێکۆڵینەوە ئێتنیکناسییەکان لە ئێراندا دەناسرێن.

لە زەروورەتی لێکۆڵینەوە ئێتنیکناسییەکان لە ئێراندا پێویستە دان بەوەدا بنێین کە نەبوونی مەعریفەی زانستی و نەبوونی ئاراستەی پرسناسی بۆ ئێتنیسیتە و بابەتە ئێتنیکییەکان، زەمینە بۆ گرتنەبەری هەڵوێستی بێبنەما و کەیفخوازانە دەڕەخسێنێ و ئەمەش بە شێوەیەکی سروشتی پرسە ئێتنیکییەکان ئاڵۆز و لەگەڵ ئەوەشدا کێشە و ئاریشەکان پڕ لە قەیران دەکا و دەبێتە هۆی ناکارامەبوونی دامەزراوەی زانست لە ئاست ناسینی وردبینانە و بنەمادارانەی پرسە ئێتنیکییەکان و دیاریکردنی پێشنیارێکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنیان.

لایەنە گرنگ و کاریگەرەکانی دیکەی توێژینەوەی ئێتنیکی ئەو دەرهاویشتانەیە کە ڕاستەوخۆ لە سەر ژین-جیهانی ئێتنیکی کاریگەری دادەنێن. توێژینەوە ئێتنیکناسییەکان تەنیا هەڵوێستێکی مەعریفی و خەسارناسی بۆ واقیعە ئێتنیکییەکان نین، کە بازنەی کاریگەرییەکانیان لە بواری بیرکردنەوە و باسە تیۆرییەکاندا سنووردار بووبێتەوە، بەڵکوو کارکردی پێشنیاری و جێبەجێکردنی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە یان ناڕاستەوخۆ و لاوەکییانە ببنە بنەمای کاری سیاسی و داڕشتنی سیاسەتی شوناسی و ئێتنیکی.

---

1. Ethnic Studies
2. Ethnology & Ethnology Studies

بۆیە هەر جۆرە هەڵوێستێکی مەعریفی و ئاڕاستەیەکی تیۆری سەبارەت بە ئێتنیسیتە و مەسەلەی ئێتنیکی، لە بواری کایە ئێتنیکییەکاندا دەرەنجامی ئاشکرا و کاریگەری لێ دەبێتەوە. هەندێ ئەنجام و هەڵوێستی تیۆری و مەعریفی سەبارەت بە سروشت و پرسی ئێتنیکی لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا کاریگەرییەکی بەرچاویان لە سەر ئاراستەکردنی بیروڕای گشتی و عەقڵییەتی سیاسیی کاربەدەستانی ئێران لەمەڕ ئەو پرسانە هەبووە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بابەتە گرنگە، لە درێژەدا بە گرتنەبەری ڕێبازێکی ڕەخنەگرانە، دیدگا و تیۆرییە باو و ناسراوەکان لە توێژینەوە ئێتنیکناسییەکانی ئێراندا تاوتوێ دەکرێن بۆ ئەوەی وێڕای ئاشنابوون بە پێکهاتە تیۆری و گوتارییەکانیان، کەموکوڕییە مەعریفییەکان و لێکەوتە تیۆری و کردەییەکانیان لە بواری پێوەندییە ئێتنیکییەکاندا دەستنیشان بکرێن.

ناسیۆنالیزم و ئیتنیک لە ئێراندا دوو وتەزای پێکەوە گرێدراون کە هەر چەشنە هەڵوێستێکی وەسفی -شیکاری و تیۆری بەرامبەر بە یەکێکیان و توخم و پێکهاتەکانی، گرتنە بەری ناچارانەی هەڵوێستێک بەرامبەر بە ئەویدییە و تێگەیشتن لە یەکێکیان پەیوەستە بە تێگەیشتن لەوی دیکەیان. کەواتە تێڕامان لەمەڕ ناسیۆنالیزمی ئێرانی پێشمەرج و ژێرخانی مەعریفیی تێگەیشتن لە ئێتنیسیتە و لەوەش گرنگتر فاکتەری سەرەکیی ئەو خوێندنەوە باو و زاڵە ئێتنیکییەیە کە لە بواری لێکۆڵینەوە ئێتنیکییە ئێرانییەکاندا دەبینرێت. ئاراستەی زاڵی لێکۆڵینەوەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، پتر لە ژێر کاریگەریی پارادایمەکانی ئەزەلیگەرایی، کۆمەڵناسیی مێژوویی، مۆدێرنیستی، ڕەمزبەخشینی ئێتنیکی، ئامرازگەرایی و پۆستمۆدێرنیزمدا، ڕا و بۆچوونەکانی خۆیانیان سەبارەت بە چییەتیی نەتەوە لە ئێران ڕێک خستووە، کە لە نێوانیاندا سێ ئاراستەی سەرەکیی مۆدێرنیستی، ئەزەلیگەرایی و کۆمەڵناسیی مێژوویی ڕۆڵێکی تەوەرییان هەیە و لە ڕیزی ئەو تیۆرییانەن کە هەڵوێستێکی ئەرێنی و ئیجابییان بۆ شوناسی نەتەوەیی و نەتەوەبوونی ئێران هەیە. لە بەرامبەردا ئاراستە ڕەخنەییە پۆستمۆدێرنەکان، بیروباوەڕەکانی شوناسی نەتەوەیی و نەتەوەی ئێرانیان بەرەو ڕووی ڕەخنە و ئاڵنگاری کردۆتەوە. نیشانەکانی پەیڕەوکردنی وشیارانە یان ناوشیارانە لەم سێ ڕەوتە دەتوانین لە بەرهەمی کۆمەڵناسان، ئێرانناسان و شارەزایانی ئێرانی و نائێرانی کە لە سەر پرسی ئێتنیک لە ئێران بۆچوونیان هەیە، بەدی بکەین (شیرازی، ١٣٩٦، ٣١). لە بەرامبەر ئەم ئاراستە ئەرێنییانەدا، هەندێک ئاراستەی ڕەخنەیی و نەرێنیی دواتر خراوەتە ڕوو، کە زیاتر پارادایمی ڕەخنەیی پۆستمۆدێرن و ئامرازگەرایی پەیڕەو دەکەن. لە درێژەدا، گرنگترینی ئەو ڕا و بۆچوونانە لە ڕووی پارادایمی باڵادەستەوە و بە تێفکرین لە سەر تێگەیشتنی ئەوان لە ڕۆڵ و پێگەی ئێتنیکەکان لە بنیاتنانی شوناسی نەتەوەیی شی کراونەتەوە.

### ئانتۆنی سمیس و بناغە نەریتییەکانی شوناسی نەتەوەی ئێران

ئانتۆنی دی. سمیس[1] لە بیرمەند و لێکۆڵەرە دیارەکانی توێژینەوەی نەتەوەیی و ئێتنیکی و یەکێک لە دامەزرێنەرانی بواری نێوانزانستیی توێژینەوەی ناسیۆنالیزم و ڕێبازی کۆمەڵناسیی مێژوویی نەتەوەیە. سمیس وێڕای ڕەتکردنەوەی تێڕوانینە کۆنەگەرا و نوێخوازەکان لەمەڕ نەتەوە، پێی وایە کە نەتەوە حەقیقەتێکی مێژووییە و دەبێ لە سەردەمانی زۆر دووردا بۆ سەرچاوە سەرەکییەکانی نەتەوە و گێڕانەوە نەتەوەییەکانیان بگەڕێین (اسمیت، ١٣٨٣، ١٣٥). بە گوێرەی پێناسەی سمیس «شوناسی نەتەوەیی پێناسە و شرۆڤەکردنەوەی سەرچەشنی ئەو بەها، هێما، بیرەوەری، ئوستوورە و نەریتانەیە کە کەلەپوور و میراتی جیاوازیی نەتەوەکان پێک دەهێنن» (اسمیت، ١٣٨٣، ٣٠) و ناسیۆنالیزم بزووتنەوەیەکی ئایدیۆلۆژییە بۆ بەدەستهێنان و پاراستنی سەربەخۆیی و یەکڕیزی و شوناس، بۆ ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە پێکهێنانی نەتەوەیەکی هێزەکی و کردەکییە (اسمیت، ١٣٨٣، ٢٠).

سمیس یەکێک لەو شارەزایانەیە کە ئێرانی بە یەکێک لە وڵاتانی پێش ناسیۆنالیسم زانیوە و پێی وایە نەتەوە (میللەت) لەم سەرزەوینەدا بناغەیەکی مێژوویی پێش‌مۆدێرن و دێرینی هەیە و ناکرێ بە بەرهەمی کایەی سەرمایەداری و سەردەمی مۆدێرن هەژماری بکەین. ناوبراو بە شێوەیەکی ڕەمزی بۆ بەرگی کتێبە بەناوبانگەکەی لە ژێر ناوی « ڕەگە ئێتنیکییەکانی نەتەوەکان» وێنەیەکی تەختی جەمشیدی هەڵبژاردووە (Smith, 2009) . یەکێک لەو خاڵانەی کە ڕوانگەی سمیس لەوانی دیکە جیا دەکاتەوە، جەختکردنەوەیە لە سەر چەمکی ئێتنیسیتە لەمەڕ وڵاتانی پێش ناسیۆنالیزمی وەکوو ئێران، یۆنان و ڕۆم، کە پێی وایە پشتبەستن بە توخمی ئێتنیسیتە، دێرینی و مێژوویی‌بوونی نەتەوە لەم وڵاتانە دەردەخات (اسمیت، ١٣٩١، ٩٦). سمیس بۆچوونی خۆی سەبارەت بە پێشینەی نەتەوە لە ئێراندا بە پشتبەستن بە ئێرانناسەکان دروست کردووە. ناوبراو بە شێوەی دیاریکراو کەڵکی لە بەرهەمی ئێرانناسانی وەکوو فرای و مەکنیل وەرگرت. بۆچوونی لەم بارەوە لە سێ کتێبەکەیدا بە ناوی «مێژینەی نەتەوەکان» (Smith, 2004)، «ڕەگ و ڕیشە ئێتنیکییەکانی نەتەوەکان» (Smith, 2009) و «شوناسی نەتەوەیی» (Smith, 1991) بڵاو بووەتەوە. سمیس ئێران بە وڵاتێک دەزانێ کە تێیدا دروستبوونی جۆرێک لە هاوپەیوەندیی ئێتنیکیی ئێرانی لە مێژووی کۆن و ئیسلامیی خۆیدا پێشینەیەکی بە جێ هێشتووە. سمیس لەم ڕووەوە سەردەمی ساسانیەکان بە لوتکەی چاخی کۆن دەزانێ، سەرەڕای ئەمە، وشیاریی هاوپەیوەندیی ئێتنیکیی ئێرانی لە سەردەمی ساسانییەکاندا، ڕووکەشیانە و سنووردار دەزانێ کە لە بازنەی چینە وجاغزادەکاندا (کۆشک‌نشینان و کارگێڕان و زانایانی ئایینی) قەتیس بووە. بە پێچەوانەی زۆرێک لە لێکدانەوە ناسیۆنالیستییە دژەئیسلامییەکان، سمیس لەو بۆچوونەدایە کە هەستی تایبەتی ئێتنیسیتەی ئێرانی لە ژێر ناوی ئیسلامدا مایەوە و تەنانەت ئیسلام بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕێنێسانسی ئێرانی. ناوبراو لە درێژەدا لە سەر بووژانەوەی شوناسی ئێتنیکیی ئێرانی لە سەردەمی سەفەوییە دەدوێت. بە گشتی لەو

1. Anthony D. Smith

بۆچوونەدایە کە دەرکەوتنی هەستی ئێتنیسیتەی ئێرانی لە سەردەمی ئیسلامیدا ئەوەندە قووڵ نەبووە کە هەر گوندنشینێکی ئێرانی لەگەڵ فیردۆسی ئاشنا بێ یان وای لێ بکا یاسای دەوڵەتی بە هی خۆی بزانێت. بەڵام هەتا ڕادەیەک بوو کە شوناسی ئێرانی لە زۆر بواردا لە پەیوەندیی هاونیشتمانیبوون، خزمایەتی و موسڵمانبووندا فراوانتر بکات (شیرازی، ١٣٩٦، ٣٩-٤١).

سمیس و زۆرێک لە شارەزایانی تری ڕۆژاوایی بواری لێکۆڵینەوەی نەتەوەیی و ئێتنیسیتە، بەو پێیەی کە لێکۆڵینەوەکانیان سەبارەت بە ئێران زۆر جار پشت بە سەرچاوەکانی ئێرانناسی و گێڕانەوەی مێژوونووسیی باڵادەستی ئێرانی دەبەستن، بێگومان بۆچوونەکانیان سەبارەت بە ئێتنیک و نەتەوە لە ئێراندا لە سەر بنەمای ئەو ڕا و گریمانانەیە کە لەم بەرهەمانەدا خراونەتە ڕوو. هەر بۆیە زۆربەی ئەم بەرهەمانە هیچ ئاورێک لە واقیعی مێژوویی فرەچەشنیی ئێتنیکیی کۆمەڵگای ئێران و پێگە و ڕۆڵی ئەم ئێتنیکانە لە سروشتی شوناسی مێژوویی کەلانی ئەم سەرزەوینە نادەنەوە، و لە گێڕانەوەکاندا پشتگوێی دەخەن. ڕوانگەی سمیس یەکێک لە نموونە ئایدیالەکانی ئەم جۆرە تێڕامانەیە کە سەرەڕای بناغەی تیۆریکیی پتەو و پێداچوونەوە وردەکانی، ڕووبەڕووی بۆشاییەکی بنەڕەتی بۆتەوە.

## خوێندنەوەی ناتەواو لە تیۆریی نەتەوە مێژووییەکانی هۆبسباوم

لە بواری ئەدەبیاتی ئێرانناسی و لێکۆڵینەوە نەتەوەییەکان لە ئێراندا، کەمتر وا هەڵدەکەوێ کە لێدوان و ڕایەک بدۆزینەوە کە بە قەد ئەم کورتە وتەی هۆبسباوم کە تێیدا باسی ئێرانی کردووە، پشتی پێ ببەستین و لە چەندین بەرهەمدا وەک بۆچوونی هۆبسباوم سەبارەت بە مێژووییبوونی نەتەوەی ئێران ڕەنگی داوەتەوە. ئەم بۆچوونە ئاماژە بە دێڕێکی کورتی هۆبسباوم دەکا کە لە کتێبی «نەتەوەکان و ناسیۆنالیزم لە دوای ساڵی ١٧٨٠؛ بەرنامە، ئەفسانە، واقیعییەت» (اریک هابسبام، ١٤٠٠) کە هۆبسباوم تێیدا وێڕای هەژمارکردنی ئەو نەتەوانەی کە ناوی «نەتەوە مێژووییەکان»[1]یان لێ دەنێ، باسی ئێرانیش دەکات. بەڵام ئەم دێرە زۆر زووتر لەوەی کە ئەم بەرهەمە (٣٠ ساڵ دوای نووسینی) بێتە ناو زمانی فارسییەوە، (Hobsbawm, 1992) لە ڕێگەی بەرهەم و سەرچاوە بێژمارەکانی لێکۆڵەرە ئێرانییەکانەوە ڕێی بردە ناو بواری توێژینەوەی ناسیۆنالیزمی ئێرانیی، هەر وەک ئەحمەد ئەشرەف وێڕای ئاماژەدان بەم وتەی هۆبسبام دەنووسێ: «هەرچەندە هۆبسباوم یەکێک لە ڕەخنەگرانی ناسیۆنالیزمی ڕۆمانسی و دەمارگرژیی نەتەوەییە و پێی وایە شوناسی نەتەوەیی زۆرێک لە نەتەوە و ئێتنیکەکانی ئەمڕۆ هیچ بنەمایەکی مێژوویی نییە و مێژینەی دروستبوونی نەتەوەکەیان زۆر کۆن نییە، لەو باوەڕەدایە کە جگە لە وڵاتانی چین، کۆریا، ڤێتنام، ئێران و میسر، کە تا ڕادەیەک بوونێکی سیاسیی هەمیشەیی و کۆنیان هەبووە و ئەگەر لە ئەورووپادا هەڵکەوتبایەن، وەک «نەتەوە

---

1. historic nations

مێژووییـەکان» لـە هەژمـار دەهاتـن. زۆرێـک لـە نەتـەوەکان کـە تەمەنیـان لـە کاتـی سـەربەخۆییدا لە چەنـد دەیەیـەک زیاتـر بـڕی نەکردووە، یـان بەرهەمـی داگیرکاریـی ئیمپراتۆریەتـە ڕۆژاواییەکانـن یان نوێنـەری ناوچـە «ئایینـی - فەرهەنگییـەکان» بـوون و بوونێکیـان نەبـووە کـە بتوانین بە گوێـرەی پێوەرە نوێکانـی پێناسـەی نەتـەوە، ناوی نەتەوەیـان لێ بنێیـن (اشرف، ١٣٩٥، ٣١).

ئـەو ڕەخنانـەی ئاراسـتەی بەڵگەهێنانـەوە جۆراوجۆرەکانـی ئـەم وتەزایە دەکرێ، ئاماژەیەکـی هەڵبژێـردراو و پچڕپچـڕە بـە بۆچوونـی هۆبسـباوم، بـە جۆرێـک کـە پەراوێـز و بنەماکانی ئـەم بۆچوونە بە وردی لەبـەر چـاو نەگیـراوە و فـام نەکـراوە. وەرگێڕانـی ئەحمـەد ئـەشرەف بەبـێ ئامـاژەدان بـە وتەکەی هۆبسـباوم بژاردەیەکـی باشـە کـە بـە ڕوونـی هەندێـک لێکدژیـی لـە نێـوان وتـە ڕەسـەنەکە و گێڕانـەوە بەناوبانگەکـەی لـە بـواری لێکۆڵینـەوەی ئێرانـی و زمانـی فارسـیدا پیشـان دەدات. «گواسـتنەوەی ناوەڕۆکیانـە»ی ئەحمـەد ئـەشرەف لـە هۆبسـباوم سـێ هەڵەی تێدایـە کە بە تـەواوی مانـای دەقەکەی گۆڕیـوە و مانایەکـی گەیانـدووە کە شـتێکی بەدەر لە مەبەسـتی هۆبسـباومە. بۆ باسـکردنی هەڵەکان، بـاشترە سـەرەتا نووسـینە ڕەسـەنەکەی هۆبسـباوم بهێنینەوە، کە دەڵێـت: « جگە لە بوونێتیە سیاسـییە هەمیشـەییەکانی وەکـوو چیـن، کۆریـا، ڤێتنـام و ڕەنگـە ئێـران و مـیسر، کـە ئەگـەر لـە ئەورووپا بوونایـە بـە «نەتـەوە مێژووییـەکان» دەنـاسران، ئـەو یەکـە نیشـتمانیانەی کـە بزووتنـەوە بەنـاو نەتەوەییـەکان خوازیـاری سـەربەخۆییان بـوون کە تـا ڕادەیەکـی زۆر، دەسـتکردی هەژموونیی ئیمپریالیسـتی هەژمار دەکـران و زۆربەیـان تەمەنیـان لـە چەنـد دەیـە پتر ناخایێنـێ یـان بـە شـێوەیەکی تـر، زیاتـر دەرخەری ناوچـە ئایینـی - فەرهەنگییـەکان بـوون نەک ئەو شـتەی کـە دەیتوانی لە ئەورووپادا بە «نەتـەوە» ناوزەد بکرێـت» (اریک هابسـبام، ١٤٠٠، ١٦٤). هەڵـەی یەکـەم: ئـەوەی کـە هۆبسـباوم لـە هەڵاواردنـی ئێـران و مـیسردا بـە وشـەی «ڕەنگـە» کەمێـک شـک و گومانـی دەربڕیـوە. لە کاتێـکدا لـە خوێندنەوەی ئەشرەفـدا، تێبینییەکـی لـەو شـێوەیە نابینین و هەر پێنج بوونە سیاسـییەکە بە هەمـان دڵنیاییەوە جیا دەکرێنـەوە. دووەم: هۆبسـباوم بـاس لـە «ئەو یەکە نیشـتمانیانە کـە بزووتنەوە نەتەوەییـەکان خوازیاری سـەربەخۆییان بـوون [و] تـا ڕادەیەکـی زۆر، دەسـکردی هەژموونیـی ئیمپریالیسـتی هەژمـار دەکران و زۆربەیـان تەمەنیـان لـە چەنـد دەیـە پتر ناخایێنێت» دەکات. لـە حاڵێکدا ئەشرەف باسـی «نەتەوەکانی دیکـە کـە لـە کاتـی سـەربەخۆییدا تەمەنیـان لـە چەنـد دەیەیـەک زیاتر بـڕی نەدەکرد، یـان بەرهەمی داگیرکردنـی ئیمپراتۆرییـە ڕۆژئاواییەکان بوون» کردووە. سـێیەم: بۆ تێگەیشـتنێکی ورد لەمەڕ وتەکەی هۆبسـباوم پێویسـتە دەقەکـە لـە نـاو ئـەو داڕشـتەدا تاوتـوێ بکـرێ کە لـەو چوارچێـوەدا گەڵاڵە کـراوە. ئـەم ڕسـتانە لـە لاپەڕەکانـی یەکەمـی بەشـی پێنجەمـی کتێبەکـەدا بە نـاوی «لووتکـەی ناسـیۆنالیزم، ١٩١٨-١٩٥٠» ئاماژەیـان پێکـراوە و نووسـەر هـەوڵ دەدا لـە قۆناغی کۆتایی جەنگـی جیهانیی یەکەم تـا چەنـد سـاڵێک دوای جەنگـی جیهانیی دووەم لـە دۆخی ناسـیۆنالیزم بکۆڵێتەوە. بەشـەکە هەتا ئەو شـوێنەی کـە پەیوەنـدی بە باسـەکەمانەوە هەیـە، بابەتەکە بـە دۆخی ئەورووپا لە سـەروبەندی پەیمانی ڤێرسـایدا دەسـت پێـدەکات. داڕمانـی ئیمپراتۆریەتـە فرەنەتەوەکانـی عوسمانـی، ئەڵمانـی، ڕووسیا

و نەمسا –پۆڵندا لە ئەوروپا، لە پاڵ بنەمای مافی چارەی خۆنووسین لە لایەن سەرۆک کۆماری ئەمریکا ڤۆدرۆ ویڵسۆن، زەمینە بۆ دووبارە کێشانەوەی نەخشەی ئەوروپا لە سەر بنەمای نەتەوە ئامادە دەکات. پاشان هۆبسباوم ئاڵنگاری دەخاتە بەردەم ئەم دووبارە کێشانەوەی نەخشەی ئەوروپا، وەکوو نایەکسانیی نێوان ئینتیما ئێتنیکی و زمانییەکان لە هەندێ ناوچە و پێویستیی دەرکردن یان کۆمەڵکووژیی کەمینەکان بەو تێگەیشتنەی کە ویڵسن لە نەتەوە هەیەتی، یەکەیەک کە لە ڕووی زمانی و ئێتنیکییەوە یەکسانن. پاشان باس لە کێشە و ئاڵنگاری بڵاوبوونەوەی گوتار و داخوازییە نەتەوەییەکان، بە پێی دەرەنجامی بنەماکانی ویڵسنن بۆ دەرەوەی جوگرافیای ئەورووپا و گرفت و ئاکامە نەرێنییەکانی دەکات، کە لە ڕووی باسەکەمانەوە زۆر گرنگە و ئەو ڕستانەی کە لەم دەقەدا بابەتی لێکۆڵینەوە بوون، تەنیا لە پەیوەندی لەگەڵ ئەودا مانای دروست پەیدا دەکەن ... لە ڕاستیدا ئەوەی هۆبسباوم وتی، بە پێچەوانەی هەڵێنجاندن و فامکردنی ئەشرەف، ئەوە نییە کە کۆریا و چین و ڤێتنام و ئێران و میسر بە پێچەوانەی نەتەوەکانی دیکە کە تازەن و نەریتی مێژوویییان نییە، نەتەوە –وڵاتانێکن لە سەر ئاستی جیهاندا کە خاوەن مێژووی درێژخایەن و ناوازەن؛ بەڵکوو تەنیا ئەم خاڵە دەگەیێنێ کە ئەگەر ئەو بوونێتیە سیاسییانە بەختی ئەورووپی بوونیان هەبوایە (کە نەیانبوو)، بە پێچەوانەی یەکە داگیرکراو و نیمچەداگیرکراوەکان، ئیدیعای «بزووتنەوە بە ناو نەتەوەییەکان»ـیان بۆ سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنووسین، وەکوو زۆر ئێتنیک و نەتەوەی تازەبەدیهاتوو کە لە ئەوروپا بە یارمەتیی پەیمانی ڤێرسای سەربەخۆییان بەدەست هێنابوو، دانیان پێدا دەنرا. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە هۆبسباوم لە ساڵی ۱۹۱۸دا باس لە قبووڵکردنی ئەم ئیدیعایانە دەکا، نەک ئەوەی کە بیهەوێ بیروباوەڕەکەی ڕوون بکاتەوە. چونکە وەک خۆی دەڵێ، یەکەیەکی نیشتمانی دەتوانێ لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی نیشتمانی سەربەخۆیی خۆی بەدەست بهێنێ، و بە فەرمی وەک نەتەوەیەک بناسرێ؛ تەنانەت ئەگەر هۆبسباوم نەتەوەبوونەکەی قبووڵ نەکات. بۆیە ئەم بۆچوونە لە بنەڕەتدا باوەڕی نووسەر سەبارەت بە ئێران ئاشکرا ناکات (عمرانیان، ۱٤٠١).

## ئەحمەد ئەشرەف و ڕوانگەی مێژوویی سەبارەت بە شوناسی ئێرانی

ئەحمەد ئەشرەف یەکێک لە لێکۆڵەرە پێشەنگەکان و تیۆریستەکانی شوناسی ئێرانە، کە پرسەکانی شوناسی نەتەوەیی و مێژوویی ئێران تەوەری سەرەکیی بەرهەم و بۆچوونەکانیەتی. ئەشرەف کۆمەڵناسێکە کە بە ئاراستەیەکی مێژوویی پرسی شوناسی ئێرانی تاوتوێ دەکا و ڕوانگەی کۆمەڵناسیی مێژوویی بۆ شوناسی ئێرانی، تایبەتمەندیی بەرهەمەکانیەتی. تێڕوانینی ئەحمەد ئەشرەف بۆ شوناسی ئێرانی لە چەند بەرهەمێکیدا لەوانە: پاژەکانی سەروشەی «شوناسی ئێرانی»

لە ئینسایکلۆپیدیای ئیرانیکا[1] و کتێبی « شوناسی ئێرانی لە چاخی کۆنەوە تا کۆتایی پەهلەوی»[2] ، بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە.

ئەحمەد ئەشرەف، لە لێکۆڵینەوەیەکدا بە ناونیشانی «شوناسی ئێرانی لە سێ گێڕانەوەدا»[3] (اشرف، ١٣٩٥، ٢٥ -٤٧)» سێ گێڕانەوەی سەرەکی نەتەوەپەرستانە، مۆدێرن و پۆستمۆدێرن و مێژوویی‌بین سەبارەت بە شوناسی ئێرانی دەناسێنێ و ڕەخنەیان لێدەگرێ و وێڕای ئەوەی ئاراستەی نەتەوەپەرستانەی ڕۆمانسی بە توندڕەو و ئاراستەی مۆدێرن و پۆستمۆدێرن بە کورتبین دەناسێنێت کە یەکەمیان مزگێنی‌بەخشی دەمارگرژیی نەتەوەیی و ئەوی دیکەیان مژدەدەری دەمارگرژیی نانەتەوەییە، گێڕانەوەی مێژوویی بە ڕێگەچارەی خۆ بە دوورگرتن لەم توندڕەوی و کەمتەرخەمییە دەزانێ و لەم بارەوە دەنووسێ: «گێڕانەوەی مێژوویی، وێڕای دوورکەوتنەوە لە توندڕەوی و کەمتەرخەمی ئەم دوو گێڕانەوە، چارەسەرێکی مامناوەندی بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی «شوناسی ئێرانی» هەڵبژاردووە. لە ڕاستیدا ئەمە ئاراستەیەکە کە ئەشرەف خۆی بە ناسراوترین کەسایەتییەکەی دادەنرێت. یەکێک لە دیارترین دەستکەوتە تیۆرییەکانی ئەشرەف لە ڕوونکردنەوەی شوناسی ئێرانی، جیاوازییەکی شیکارانە و هەبووناسانەیە کە لە نێوان «شوناسی ئێرانی» و «شوناسی نەتەوەیی ئێرانی» جیاوازی دادەنێت. وەک خۆی لە ناساندنیدا دەڵێ: « ئەم گێڕانەوە هاوکات لەگەڵ ئەوەی شوناسی نەتەوەیی بە وتەزایەک دەزانێ کە هی سەردەمی نوێیە و هیچ پێش‌زەمینەیەک بۆ شوناسی نەتەوەیی قبووڵ ناکا، شوناسی فەرهەنگیی ئێرانی بە وتەزایەکی مێژوویی دەزانێ کە لە سەردەمی پێش ئیسلامەوە هەتا ئەمڕۆ بە شێوازی جۆراوجۆر ساز کراوەتەوە. بەم شێوە چەمکی مێژوویی شوناسی ئێرانی کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا ساز کراوەتەوە، لە سەردەمی ئیسلامیدا بە هۆی هەوراز و نشێوەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لە سەردەمی سەفەویدا سەر لە نوێ لەدایک بووەوە و لە سەردەمی نوێشدا وەک شوناسی نەتەوەیی ئێرانی ساز کراوەتەوە.» ئەحمەد ئەشرەف بە پشت بەستن بەم گریمانانە بابەتی شوناسی نەتەوەیی چەند هەزار ساڵە بە لاف و گەزاف دەزانێ و لە هەمان کاتدا باس لە تازە بەدیهاتوو و لاسایی بوونی شوناسی ئێرانی بە پیلانیکی داگیرکەرانە ناو دەبات (اشرف، ١٣٧٧، ٥٣٠). خاڵێکی دیکەی جێی سەرنج لە بەرهەمەکانیدا ئەوەیە کە گرنگییەکی زۆری بە ڕەهەندی مێژوویی چەمک و وشەکان دەدا، ئەشرەف لە میانەی لێکۆڵینەوەکانیدا هەمیشە سەبارەت بە پەرەپێدانی مانایی و چەمکیی ئێرانی ئێستا بە نموونە مێژووییەکانی ئێران هۆشداری دەدا و جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە سەرنج بپرژێنینە

1. Ashraf, Ahmad (2006), Encyclopaedia Iranica, Perspectives on Iranian identity, Vol. XIII, Fasc. 5, pp. 501-504. & Ashraf, Ahmad (2006), Encyclopaedia Iranica, Medieval Islamic period, Vol. XIII, Fasc. 5, pp. 507-522. & & Ashraf, Ahmad (2006), Encyclopaedia Iranica, In the 19th and 20th centuries, Vol. XIII, Fasc. 5, pp. 522-530.

٢. هویت ایرانی از دوران باستان تا پایان پهلوی

٣. هویت ایرانی به سه روایت

سەر تێگەیشتنی ڕابردوومان سەبارەت بەم وشانە. ئەو پێی وایە ئیحسان یارشاتر، فەرەیدوون ئادەمییەت، محەمەد تەوەکوللی تەرقی، شاهڕوخ مسکووب، گراردۆ نیۆلی، ئێن لامبۆن، ئەلیساندرۆ بووسانی و هتد بیرمەندانێکن کە باوەڕیان بە ئاراستەی مێژوویی بۆ شوناسی ئێرانییە (اشرف، ١٣٩٥، ٣٩-٤٠). پۆلێنبەندیی هەموو ئەم بۆچوونانە لە ناو ئاراستە و شرۆڤەیەکدا کە هەندێک جار بۆچوونی لێکدژ لە ناویاندا دەبینرێ، جۆرێک لە سادەکردنەوە و بەڵگاندنی لەرزۆک ئەژمار دەکرێت.

ئەشرەف لە وتاری «قەیرانی شوناسی نەتەوەیی و ئێتنیکی لە ئێراندا»[1] (اشرف، ١٣٨٣، ١٣٣-١٧٠)، پەیوەندیی نێوان شوناسی نەتەوەیی و ئێتنیکی لە ئێرانی هاوچەرخدا هەر وەک لە ناونیشانی وتارەکەدا دیارە بە قەیراناوی وەسف دەکات. ناوبراو لەم بارەوە دەڵێت: ڕاست هەر لەو کاتەدا کە شوناسی ئێرانی، وەک جۆرێک لە ناسیۆنالیزمی سەرەتایی، بۆ چەمکی شوناسی نەتەوەیی ئێرانی بە مانا ئەورۆپییەکەی پەرەی سەند، تۆوی قەیرانی شوناس لە نێو ئێتنیکەکانی ئێراندا دروست بوو و لەگەڵ تێپەڕینی کات بوو بە نەخۆشییەکی درێژخایەن. قەیرانی شوناس لەم سەردەمەدا بە دوو ڕەهەندی جیاوازەوە دەرکەوت. یەکیان سەرهەڵدانی شوناسی ئێتنیکی بە ئاراستەی سەربەخۆیی نەتەوەیی ... دووەمیان دەرکەوتنی چەمکی جۆراوجۆری شوناسی نەتەوەیی لە سەر بنەمای تێڕوانینی جیاواز لەمەڕ حکوومەتی نەتەوەیی و کۆمەڵگەی مەدەنی و گرووپە ئێتنیکییەکان و پەیوەندیی نێوان نەتەوە و ئایین (اشرف، ١٣٨٣، ١٥٨-١٥٩). ئەشرەف لە درێژەدا بە بۆچوونی خۆی بۆ ئەوەی خەسارناسیی ئەم دۆخە قەیراناوییە بکا، سەرهەڵدانی شوناسە ئێتنیکی و زمانییەکان لە سەردەمی هاوچەرخدا تاوتوێ دەکا و وێڕای وەبیرهێنانەوەی هەندێک چیرۆک و خاڵی کلێشەای سەبارەت بە ئینتیمای ئێرانی و ئێراندۆستی لە ناو ئێتنیکەکاندا، پێی وایە ئەو دۆخەی کە هاتۆتە گۆڕێ زیاتر دەرهاویشتەی فاکتەرێکی دەرەکییە. لە ڕاستیدا ئەشرەف لەم بابەتەدا بە بێ ئەوەی هیچ ڕەخنەیەک ئاراستەی هەیکەلبەندیی شوناسی نەتەوەیی ئێرانی و ڕۆڵ و پشکی لە سەرهەڵدانی قەیرانەکەدا بکا، بە دابەزاندنێکی تەواو، شوناسی ئێتنیکی بە هۆکاری قەیران دەزانێ، بە بێ ئەوەی تەنانەت بەڵگەیەکی بۆ بێنێتەوە و ئاخێزگە و هۆکار و هەلومەرجەکانی تاوتوێ بکات.

ئەشرەف وەک کۆمەڵناسێکی مێژوویی، گرنگییەکی ئەوتۆ بە ڕوانگەی ورد و مامناوەند سەبارەت بە دیاردەی شوناسی مێژوویی کە یەکێک لە پێویستییەکانی ئەم ئاراستە لێکۆڵینەوەییەیە نادات و هەر دوو ئاستی شیکردنەوەی پرۆسەی مێژوویی و ڕوونکردنەوەی دۆخی هاوچەرخی شوناسە ئێتنیکییەکان لە دەقی تیۆرییەکانیدا بە تەواوەتی پشتگوێ خراون.

ڕەخنەیەکی دیکە لە بۆچوونەکانی ئەحمەد ئەشرەف ئەوەیە کە بە پێچەوانەی بۆچوونی ڕاشکاوانەی خۆی، لە چەند بڕگەیەکی نووسینەکانیدا کاتی باسکردن لە شوناسی پێشمۆدێرن

---

١. بحران هویت ملی و قومی در ایران

کەڵک لە چەمکی شوناسی نەتەوەیی وەردەگرێ و لەگەڵ ئەوەشدا لەو پرسانەی کە پەیوەست بە گوتاری شوناسی نەتەوەییە، پێی وایە بە هۆی سروشتی ئەم جۆرە باسانەوە ئەمانە هی مەعریفەی ڕۆشنبیران و چینێکی تایبەت و کۆمەڵێکی سنوورداری چینی خوێندەوار و مامناوەندە. بەڵام لە هەندێ جێی بەرهەمەکانیدا باس لە شوناسی نەتەوەیی کۆمەڵگا دەکا و وەک پرسێکی کۆمەڵایەتیی گشتگیر لێی دەڕوانێت.

## جەواد تەباتەبایی و بیرۆکەی ئەزەلیگەرایی ئێرانشاری

جەواد تەباتەبایی ناسراو بە فەیلەسووفی ئێرانشار، لێکۆڵەرێکە کە بۆچوون و بیرۆکەکانی بۆ زیاتر لە سێ دەیە دەچێ کە باڵی بە سەر گوتاری شوناسی نەتەوەیی ئێراندا کێشاوە. ئەو کە خۆی بە قەرزاری ئاراستەی هێگێلی دەزانێ کە لە سەر بنەمای ئەندێشەتەوەریی مێژووە و بەو گریمانەی کە هزری فەلسەفی بناغە و جەوهەری هەر کۆمەڵگایەکی سیاسییە و هەروەها بنەمای هەر شیکارییەکی ڕەخنەییانەی کۆمەڵگایە، خوێندنەوەی مێژوو لە ڕوانگەیەکی فەلسەفییەوە لە پێشینەی کارەکانی خۆی دادەنێت (طباطبایی، ١٣٧٥، ٨). تەباتەبایی کە بیرمەندێکی ناسیۆنالیستە، بە گرتنەبەری ئەم ئاراستە، پەرەی بە بیری «ئایدیای ئێرانشاری» دا، کە بنەماکەی «بەردەوامیی ئێران لە ڕووی مێژوویی و مێژووی ئەندێشە»یە (طباطبایی، ١٣٩٣، ٩). بە بڕوای ئەو، هزری سیاسیی ئێرانشاری کەلەپوور و میراتێکی فکری و فەلسەفیی بەنرخە، کە وەک تەزوویەکی نەبینراو، قۆناغە کۆن و ئیسلامییەکانی مێژووی ئێران هەتا سەرەتاکانی بزووتنەوەی مەشرووتییەتی پێکەوە گرێ داوە و لە سەر ئەم بنەمایە بەردەوامیی ئێران مومکین بووە (طباطبایی، ١٣٩٢، ٨٢-٨٤) کەواتە پێویستە ببێتە چەقی بیرکردنەوە و خوێندنەوە و سەرنج.

بەو پێیەی پڕۆژەی فیکریی تەباتەبایی لە سەر بناغەی ئەندێشەی ئێرانشاری دامەزراوە، مێژوو بە شوێنی وشیاریی نەتەوەیی دەزانێ و باوەڕی بە ڕوانگەیەکی فەلسەفی بۆ مێژووی ئێرانە بۆ ئەوەی بتوانێ وتەزا و چەمکەکانی مێژووی ئێران کۆ بکاتەوە. تەباتەبایی لە دووبارەخوێندنەوەی مێژووی ئێراندا، هەژموونیی عەرەب، باڵادەستیی تورک و لەشکرکێشیی مەغۆلەکان بە سێ هۆکاری داکشانی ئێران و لەناوچوونی ئەندێشە و شارستانییەتی ئێران دەزانێ، بەڵام لە هەمان کاتدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەم داگیرکارییانە و ئەو کەلێنانەی کە لێیان کەوتەوە ڕێگریان لە بەردەوامیی فەرهەنگیی ئێران نەکردووە (طباطبایی، ١٣٩٢، ١٢). ناوبراو بەپێچەوانەی زۆرێک لە هەوڵە فیکری و تیۆرییەکانی بەر لە خۆی، بەتایبەت توێژەرانی مێژوو و مێژوونووسە ناسیۆنالیستەکان، کە هەوڵیان دەدا بە خستنەڕووی گێڕانەوەی هەڵبژێردراو و لێکدانەوە و پاساوی مێژوویی جۆراوجۆر، خوێندنەوەیەک بۆ بەردەوامیی سیاسی، نیشتمانی و سەرکردایەتیی ئێران دابین بکەن، وێڕای ددان نان بە کەلێن و پچڕانە قووڵەکانی ڕەوتی مێژووی سیاسیی ئێران؛ هەر وەک لە ناونیشانی کتێبی

«خاجە نیزامولمولک: وتارێک لە سەر بەردەوامیی فەرهەنگی ئێران»دا[١] هاتووە، گێڕانەوەیەکی نوێی لە سەر بنەمای بەردەوامیی کەلەپوور و میراتی فیکری و فەرهەنگی خستە ڕوو. لەبەر ئەمەشە کە کتێبی «سیاسەتنامە»ی خاجە نیزامولمولک بە بنچینەییترین دەق بۆ گواستنەوەی ئەندێشەی سیاسیی ئێرانشاری بۆ سەردەمی ئیسلامی دەزانێت (طباطبایی، ١٣٩٢، ٩٧). تەباتەبایی، بە وردبینی و وشیارییەکی تەواوەوە، هەمیشە لە کاتی قسەکردن لە سەر وەرچەرخانی ئەندێشە لە مێژووی ئێراندا، باس لە وشیاریی نەتەوەیی دەکا، وەک چۆن لە ئاماژەدان بە مێژوونووسی سەردەمی زێڕینی فەرهەنگی ئێران دەنووسێ: مێژوونووسی سروشتێکی ئاوەزمەندی بەدەست هێنا و بوو بە شوێنی فۆڕمگرتنی وشیاریی نەتەوەیی. ناوبراو ئامانجی خۆی بۆ نووسینی جۆرێک لە مێژووی فەلسەفیی نەتەوەیی ئێران دەردەبڕێ کە مێژووی دەرکەوتنی وشیاریی نەتەوەیی ئێرانییەکانە (طباطبایی، ١٣٨٣، ٣٥٣-٣٥٤). تەباتەبایی وەک زۆرێک لە بیرمەندە ناسیۆنالیستەکان، جەخت لە سەر ڕۆڵی تەوەریی زمانی فارسی لە بەردەوامیی فیکریی ئێران و هزری ئێرانشاری دەکاتەوە و زمانی فارسی بە زمانی نەتەوەیی دەزانێت (طباطبایی، ١٣٩٢، ٨٤).

پاشای بەئاوەز و بەهێز و بەفەڕ کە کۆڵەکەی بینای ئێرانشارییە، یەکێکی دی لە پایەکانی ئەندێشەی نەتەوەیی تەباتەباییە کە لە وەسفی پێگەیدا دەنووسێ: «خاکی ئێران یان ئێرانی مەزن وڵاتێک بوو بە ئێتنیکی جۆراوجۆرەوە کە تێیدا لە ڕوانگەی مێژوویی و سیاسییەوە و هەروەها بە پێی پڕەنسیپەکانی ئێرانشاری، کەسایەتیی پاشا، خوداوەندی سەر زەوی و هۆکاری یەکێتیی سەرەڕای زۆروزەبەندیی ئێتنیکەکان بوو و بەم شێوە پاشا ئەگەر تاقە دامەزراوەش نەبێ، پتەوترین دامەزراوەی ئەم سیستەمە سیاسییەیە. تەباتەبایی پێی وایە کە بناغەی نیشتمانیی ئێران لە سەر بنەمای ڕێوڕەسم و سیستەمی فەرهەنگی ڕاوەستاوە و تەنانەت لە هەندێک قۆناغدا سیستەمی سیاسیی وڵات لە سەر ئەم بنەما چێ دەکرا و شەرعییەتی دامەزراوەی شایانەی دەڕەخساند (طباطبایی، ١٣٨٢، ١١٥). لە سەر ئەم بنەمایە، تەباتەبایی پێی وایە کە پێکهاتەی ڕەوای حوکمڕانیی خاکی ئێران شایەنشایی (شاهەنشاهی) بووە و پاشا لە ئەندێشەی سیاسیی ئێرانشاریدا بەر لەوەی «سامانبەخش» (ڕێکخەر و سەقامبەخش) بێ، خودی «سامان» (سەقام و تەکووزی)ـە (طباطبایی، ١٣٨٢، ١٣٩). تەباتەبایی بەم شێوە باس لە شایەنشایی و ڕۆڵی یەکگرتووییبەخشی (وەحدەتبەخش) شا دەکا: «شاەنشایی ئێران شێوازی حوکمڕانی لە سەر خاکێکی بەرفراوان بە ئێتنیکگەلێکی خاوەن زمان و داب و نەریتی جیاواز بوو کە وردە وردە وێڕای پاراستنی فرەچەشنیی و فرەیی خۆیان، نەتەوەیەکی یەکدەستیان پێک هێنا ... پاشا لە ئەندێشەی ئێرانشاریدا، هێمای یەکدەستی لە فرەچەشنیی هەموو ئێتنیکەکانی «نەتەوە» لە قەڵەم دەدرێ و هەر ئەویش بە فەرمانڕەواییەکی «دادپەروەرانە»»، هاوسەنگیی سەقامگیری ئەو ئێتنیکانەی دەکرد بە سەقامگیریی «نەتەوە». تەباتابایی لە

١. خواجه نظام الملک: گفتاری در تداوم فرهنگی ایران زمین

وەسفکردنی سیستەمی شایەنشاییدا ئاماژە بەوە دەکا کە دەسەڵاتی ڕەهای شایەنشایی لەگەڵ ئەو سیستەمەی کە نووسەرانی وەکوو کارڵ ویتفۆگێل بە «دیکتاتۆریی ڕۆژهەڵاتی» ناویان دەبەن، یەک نییە، چونکە بە بڕوای ئەو، هەرچەندە دەسەڵاتی سیستەمی شایەنشایی ڕەها بوو، بەڵام بە مانا وشەییەکەی وەک ئەوەی دواتر بوو بە تیۆریی پاشایەتی (سەلتەنەت)، پاشایەکی تاکڕەو و خۆسەپێن نەبوو (طباطبایی، ١٣٨٣، ١٥٠-١٣٩). تەباتەبایی بە هەندێ دەستەبەری لە وتارەکەی هێگێڵ سەبارەت بە مێژووی دەوڵەت لە ئێران، قسەکردن لە سەر نیزامی شاهەنشاهی لە هەمان ئاستی ئەبستراکتدا دەهێڵێتەوە و هەروەها کاتی قسەکردن لە سەر شای ئێرانی کۆن کە بە بۆچوونی ئەو سازێنەرانی یۆتۆپیاکانی سەردەمی خۆیان بوون، بەم بۆچوونەوە کە مەیدانی باسەکانی ئەو فیکری - فەلسەفیین، گرنگییەکی ئەوتۆ بە مێژووی ئەم پاشایانە و ئەو ڕاپۆرتە مێژوویيانەی کە لەبارەی ئەوان و شانشینیەکانیانەوە هەیە، نادات.

تەباتەبایی وێڕای دانانن بە واقیعی فرەیی و پرژ و بڵاویی پەیکەری کۆمەڵایەتی، زمانی و ئایینیی ئێران بە درێژایی مێژوو، یەکگرتوویی ئێتنیکیی لە سای ئەندێشەی «یەکبوون لە فرەییدا» بەم شێوە ڕوون دەکاتەوە: خاکی ئێران یان ئێرانی مەزن وڵاتێک بوو خاوەن ئێتنیکی جۆراوجۆر، کە تیایدا بە پێی بنەماکانی فیکری ئێرانشاری، «کەس»ی پاشا، خودای سەر زەوی، هۆکاری یەکگرتوویی (وەحدەت) لە بەرامبەر فرەیی (کیسرەت)ـی ئەو گەلانە بوو و لە پاڵ ئەم دامەزراوەدا، فاکتەری یەکگرتوویی دیکەی وەکوو فەرهەنگی ئێرانی .... توانیان بەردەوامیی مێژوویی، دابونەریت و هزریی ئێرانییەکان لە ماوەی سەدە دوور و درێژکاندا مسۆگەر بکەن. فەرهەنگی ئێرانی کە ئەندێشەی ئێرانشاری کاکڵەکەیەتی و لە سەردەمی ئیسلامیدا تێکەڵ بە شیعر و ئەدەبیاتی فارسی بوو، تێکڕای دامەزراوەی شایانە وەک کۆڵەکەی دووهەمی مانەوەی ئێران دادەنرا (طباطبایی، ١٣٨٢، ١١٥-١١٦).

ئەوەی ڕەنگێکی ناوازەی بە تێڕوانین و بیرۆکەکانی تەباتەبایی بەخشیوە زیاتر لە ژێر کاریگەریی ئاراستە فەلسەفییەکەی و ئەو چەمکسازییانەدایە کە لەبارەی دیاردە فیکرییەکانی مێژووی ئێرانەوە کردوویەتی دەنا لە ڕووی ئەو لێکدانەوەی کە بۆ شوناسی نیشتمانی و مێژوویی دەیخاتە ڕوو، ئەویش لە ڕیزی لێکۆڵەرە ئەزەلیگەراکاندایە، کە بە لێکدانەوەیەکی فەرهەنگی و ئەندێشەتەوەرانە هەوڵ دەدا، شەرعییەت بە نەتەوەخوازییەکی پشتبەستوو بە شایەنشایی و زمانی فارسی بدات. تەنانەت تەباتەبایی بە تێڕوانینێکی بچووککەرەوە و سووکایەتیئامێزەوە سەیری وتەزا ئێتنیکییەکان دەکا و دەڵێ ئەوان لە ڕووی زمان، فەرهەنگ، هونەر و مۆسیقا، جل و بەرگ و .... دیاردەیەکی ناوچەیین کە هیچ توانای گەشەکردن و گوورانیان نییە. هەر وەک لە ڕەخنەیەکی توندا دژ بە پرۆژەی دەوڵەتیی فێرکردنی زمانی دایکی لە ئازەربایجان دەنووسێ: «لە ڕووی مێژووی زمانەوە، ئێران بە پێچەوانەی زۆرێک لە وڵاتانی دیکەوە، مێژوویەکی جیاوازی هەیە. زمانی فارسی، وەک زمانی «نەتەوەیی» هەموو گەلی ئێرانی گەورە، مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە. ئەم زمانە گرنگترین بەڵگەنامەی بەردەوامیی مێژوو و مێژوویی فەرهەنگی ئێرانە. ئێران تاکە وڵاتێکی گرنگە کە گەلەکەی، بە پاراستنی

زمانی فارسی، بە پێچەوانەی زۆرێک لە وڵاتانی دیکە کە بوون بە عەرەب، بە ئێرانی ماونەتەوە. ئەم بارودۆخە دژبەرەی مێژووی ئێران، دەرەنجامگەلی گرنگی هەیە کە بەرنامەداڕێژانی وەزارەتی زانست، فەرهەنگ و پەروەردە ناتوانن لە داڕشتنی بەرنامە بۆ سیستەمی خوێندن و خوێندنی باڵای وڵات بەامبەریان کەمتەرخەم بن. فارسیی نوێ، ئەو زمانەی کە لە چواردە سەدە لەمەوبەرەوە تاکە زمانی نەتەوەیی وڵات [ئێران] بووە - هاوشێوەی فارسی ناوەڕاست و زمانە کۆنەکانی دیکەی ئێران- لە سەرەتای سەردەمی ئیسلامییەوە تاکە زمانی زانستی و ستانداردی ئێرانی گەورە بووە و هێشتاش هەر وا دەمێنێتەوە. ئەم زمانە بناغەی نەتەوە و شوناسی هەموو ئێرانییەکانیشە، واتە ئەگەر زمانی فارسی نەبا ئێرانیش وەکوو وڵاتانی هیندستان و پاکستانی ئێستا و ئەفریقا و .... کە زمانە گشتییەکانی خەڵکەکەیان نەیانتوانی زمانێکی نەتەوەیی ستاندارد دروست بکەن، ناچار بوون بە یەکێک لە زمانە ستانداردەکان - کە لە سەردەمی ئیسلامی زمانی عەرەبی لە سەرووی هەمووانەوە بوو - ئاخافتن بکەن. هۆکاری ئەوەی کە ئێران، هەر لەم قۆناغە ئیسلامییەدا، سەرەڕای ئەو زمانە زۆرانەی دیکە کە خەڵکەکەی لە قۆناغە جیاوازەکاندا قسەیان پێدەکرد، زمانێکی نەتەوەیی بۆ خۆی پەیدا کردووە، لەبەر ئەوەیە کە تەنیا ئەم زمانە زمانی زانست و فەرهەنگ و هەروەها زمانی ستاندارد بووە و توانیویەتی دەوری زمانێکی ئاوەها ببینێت. بە پێچەوانەی پڕوپاگەندەی لایەنگرانی ئایدۆلۆژیای پان ...ـەکانی ئێستا هیچ پەیوەندییەکی بە دەستبەسەرداگرتن و کۆلۆنیالیزمەوە نییە، بەڵکوو مێژوویەکی هەیە کە ئایدۆلۆژیاکانیان ناهێڵن کە بیزانن. زمانی فارسی، وەکوو هەموو زمانە نەتەوەییەکانی دیکە، جگە لە زمانی فەرهەنگ و زانست، زمانی دەسەڵاتی سیاسیشە. هەر لە سەرەتای سەردەمی ئیسلامییەوە زمانی «فارسیی دەری» زمانی کۆشک، شوێنی دەسەڵات، بووە ... هیچ شک و گومانی تێدا نییە سوڵتان مەحموود لە زۆرێک لە «تورکەکانی ئێستا» تورکتر بووە، بەڵام ئەوەندە لە سیاسەت دەگەیشت و بیرتیژ بوو کە بزانێت «زمانی دایکی» بە تەنها بۆ حوکمڕانییەکەی بەس نییە (طباطبایی، ١٣٩٥، ٥-١٥).

پێکهاتەی فیکریی تەباتەبایی لەمەڕ شوناسی نەتەوەیی و مێژوویی ئێران، جیا لە پەراوێزە پڕ لە ژاوەژاوەکانی لە بواری مشتومڕە سیاسی و ڕۆژنامەوانییەکاندا، زیاتر بەدەست کەموکوڕییەکی بنەڕەتی بۆ کێشانەوە و دیاریکردنی بناغە مێژووییەکانی دەناڵێنێ، بۆشاییەک کە تەباتەبایی لێزانانە تێدەکۆشێ لە ژێر دەستەواژە و شیکاریی فەلسەفیی و مێژووی ئەندێشە تا ڕادەیەک بیشارێتەوە و سیستەمی تیۆرییەکەی بە گشتیبێژییەک کە لە سەر بنەمای لێکدانەوەی ئەندێشەتەوەرانەیە لە بەر تیغی ڕەخنەی بێبەڵگەیی و یان کەمیی هۆکار و بەڵگەنامە مێژووییەکان دەرباز بکات.

ئەندێشەی تەباتەبایی، سەرەڕای هەموو ڕەخنە توندەکان و پێداهەڵگوتنە زێدەڕۆییەکانی لە کایەی مێژووی لێکۆڵینەوەکانی ئێراندا، میراتێکی فیکری و تیۆریی تۆکمەیە کە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکانی مێژووی ئێران و ناسیۆنالیزم و ئێتنیکناسی لە ئێراندا بۆ چەندین دەیەی یەک لە دوای یەک وەک دەزگایەکی فیکریی سەرەکی و کاریگەر بەردەوام دەبێت.

### حەمید ئەحمەدی و نکۆڵیکردن لە ئێتنیک گەرایی لە ئێران

حەمید ئەحمەدی یەکێک لە کەسایەتییە ئەکادیمییە بەناوبانگ و چالاکەکانی بواری توێژینەوەی شوناسی نەتەوەیی و ئێتنیکی لە ئێرانە، کە بۆچوون و تێڕوانینەکانی لەبارەی نەتەوە و ئێتنیک لە ئێراندا هەمیشە جێی مشتومڕی جیددی بووە. تێڕوانین و بیروڕاکانی سەبارەت بە نەتەوە و ئێتنیک لە زنجیرەیەک کتێب و بابەتی فارسی و ئینگلیزیدا بڵاو کراوەتەوە کە ناسراوترینیان بریتین لە: «ئێتنیسیتە و ئێتنیکخوازی ئێراندا: ئەفسانەو واقیعییەت»، «بنەماکانی شوناسی نەتەوەیی ئێرانی»، «ئێران: شوناس، نەتەوە و ئێتنیسیتە»[1] (بەرهەمی هاوبەش لە گەڵ کۆمەڵێ نووسەردا).

خاڵی جووڵەی فیکریی ئەحمەدی بەرەو پرسە ئێتنیکییەکان لە ئێراندا، دانانی جیاوازیی جەوهەرییە لە نێوان دیاردەی ئێتنیسیتە لە ڕۆژاوا و ئێتنیک و ئێتنیسیتە لە ئێراندا، وەک لە تێزی دوکتۆراکەی بە ناونیشانی «ئێتنیسیتە و ئێتنیکخوازی لە ئێران: ئەفسانە و واقیعییەت» دیارە، بە هێنانی دێڕی «ئەفسانە و واقیعییەتی ئێتنیک گەرایی»، لە باسکردنی ئێتنیک گەراییدا، پێناسەی ئەفسانە دەخاتە پێشەوە. ئەحمەدی ئێتنیسیتە و ئێتنیکخوازی بە دەرەنجامی بەرژەوەندیخوازیی بلیمەتە ناوچەیی و ناناوچەییەکان، دەستێوەردانی وڵاتانی کۆلۆنیالیست و دراوسێ و کاردانەوەی ئێتنیکەکان بەرامبەر بە پاوانخوازیی حکوومەتی نەتەوەیی دەزانێت. ئەو پێی وایە ئێتنیسیتە و ئێتنیکخوازی چەمکگەلێکی نوێن کە لە مێژووی ئێراندا پێشینەی نەبووە. لە سەردەمی قاجار و پێش ئەویش بەشێکی زۆری ئێران لە عەشیرەت و تایفە پێک هاتبوو کە زۆر جار لەگەڵ یەکتردا لە ململانێدا بوون و هەندێک جاریش بە هۆی پێداویستییەکانی سەردەم، کۆنفیدڕاسیۆنی عەشیرەییان پێک دەهێنا. ئەوان هەرگیز لە ژێر ئاڵای چەمکێکی کەلان و بەرفراوانتردا واتە ئێتنیک یەکگرتوو نەبوون. بە ئەزەلیزانینی ئێتنیسیتە ئەفسانەیەکە کە لە مێژووی هاوچەرخدا دروست بووە و لە ڕووی مێژووییەوە هیچ نموونەیەکی بۆ نادۆزرێتەوە (احمدی، ١٣٨٢، ٢٣٨-٢٣٩).

ئەحمەدی ڕەخنەی توند لە گشتگیریی جیهانیی چەمکەکانی ئەدەبیاتی ئێتنیکی و تێڕوانینە نامێژووییەکانی دەگرێ و خۆی بە قەرزاری ڕوانگەی مێژوویی یان با وردتر بێژین خۆی بە قەرزداری ئاراستەی کۆمەڵناسیی مێژوویی بۆ دیاردەی شوناسی مێژوویی، نەتەوەیی و ئێتنیکی لە ئێراندا دەزانێت (احمدی، ١٣٨٢، ١٧-١٨). هەر بۆیە بە لێبڕاوانە و هەندێک جاریش بە ئەدەبیاتێکی توند و دوژمنکارانەوە، ڕەخنە لەو ئاراستە مۆدێرنیستی و پۆستمۆدێرنیستییانە دەگرێ وا سەبارەت بە نەتەوە و ئێتنیک لە ئێراندا بەرهەم هێنراون و ڕەتیان دەکاتەوە و هەڵوێستەکانیان یان بە لاسایی و دەرەنجامی تێگەیشتنێکی نادروست لە ناوەڕۆکی ئەم پرسانە لە ئێران دەزانێ یان وەک بەرهەمی بەرنامەی دژەئێرانی و کۆلۆنیالیزم لێیان دەڕوانێت.

حەمید ئەحمەدی فۆڕمگرتنی شوناسی ئێرانی لە مێژوودا بە دەرەنجامی تێکەڵبوونی چوار

---

١. «قومیت و قوم‌گرایی در ایران، افسانه و واقعیت»، «بنیادهای هویت ملی ایرانی»، «ایران: هویت، ملیت و قومیت»

توخمـی گرنگـی خاک، مێژوو، میراتی سیاسـی و کەلەپـوور و میراتی فەرهەنگیی هاوبـەش دەزانـێ کە لـە تێکەڵبوونی ئەمانە «ناوکێکی ڕەق» دروست بووە کـە قەیران و گۆڕانکارییە مێژووییەکان نەیانتوانیوە بیشـکێنێن (احمـدی، ١٣٨٨، فەسـڵی ١١) و بـە فامکردنـی زۆر باشـی جیاوازیـی نێـوان «شوناسـی ئێرانـی» و «شوناسـی نەتەوەیـی ئێـران» پێـی وایـە کـە هـەر دووکیـان لـە قۆناغـە جیاوازەکانـی مێژووی ئێرانـدا بوونیـان هەبووە و ناشـێ نکۆڵی لە شوناسـی ئێرانـی و هاوپەیوەندی و هاوپشـتیی نەتەوەیی لە سـەردەمی کـۆن بکەین و ڕاشـکاوانە دەنووسـێ: «دیاردەی نەتەوە لـە ئێران لە ڕەوتی ڕووداو و پێشـهاتە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانـی پێـش ئیسلامـدا سـەری هەڵـدا و لـە سـەردەمی ئیسلامیـدا درێـژەی بە ژیانـی خـۆی داوە» (احمـدی، ١٣٨٨، ١١٠، ١١٢، ١٤٣). بۆیـە بـە پێچەوانەی بۆچوونی مۆدێرنیست و پۆستمۆدێرنیستەکان بـە بـڕوای ئـەو نەتـەوە لـە ئێرانـدا دیاردەیەکـی کـۆن و پێش مۆدێرنە. لە سـەر بنەمـای ئەمـەش دیـاردەی ناسـیۆنالیزم بـۆ پێـش سـەردەمی مۆدێـرن درێژ دەکاتـەوە و پێـی وایە: هەر وەک چـۆن لـە ئێرانـی ڕابـردوودا جۆرێـک لـە نەتـەوە بوونـی هەبـووە، ناسـیۆنالیزمی ئـەو سـەردەمەش جۆرێـک لـە ناسـیۆنالیزم بـووە، هـەر دووکیان پێـش مۆدێرن بـوون (احمـدی، ١٣٨٨، ٣٢٣).

حەمیـد ئەحمـەدی کـە بۆچوونەکانـی لەبـارەی شوناسـی نەتەوەیـی و ئێتنیکـی، زیاتـر لـەوەی کـە بۆچـوون و هەڵوێسـتێکی لێکۆڵینەوەیـی و ئەکادیمیـک بـێ، لـە ڕوانگەیەکـی توندڕەوانـە دەچـن. ڕوانگەکانـی پێـش هەموو شـتێک لە ڕووی مێژووی چەمـک و دیاردەکانەوە ڕەخنەیان لە سـەرە، چونکە ئـەو بـۆ سـەردەمی پێشمۆدێـرن و چاخـی کـۆن چەمکەکانی نەتـەوە و بەتایبـەت ناسـیۆنالیزمی بە کار هێنـاوە کە هەڵەیەکی ئاناکرونیسـتی (کاتشـێواو)[1] ی لـێ کەوتۆتەوە. ناوبراو لـە بەڵگەهێنانەوەیەکی جەوهەرگەرایانـەدا سـەبارەت بـە شوناسـی نەتەوەیـی، هەمـوو جـۆرە فرەییـەک لـە ژێرلقـی شوناسـی کۆمەڵایەتیـدا، وەکـوو: چیـن و توێـژەکان، گرووپـە ئایینـی و سیاسـییەکان، ئێتنیـک و خێڵـەکان بـە ئەندامانـی کۆمەڵـگا دەزانـێ نـەک بەشـێک لـە نەتـەوە، هـەر بۆیـە قسـە کـردن لـە سـەر شوناسـی مۆزاییکی لە سـەر ئاسـتی کۆمەڵگا بە ڕەوا دەزانێ نەک لە سـەر ئاسـتی نەتەوەیی. بەم شـێوە شوناسی نەتەوەیـی و بنەماکانـی ئـەم شوناسـە دەرەنجامـی کەڵەکەبوونـی هاوبەشـی تایبەتمەندییـە مێژووییـە گشـتییەکانی چیـن و توێـژەکان، گـرووپ و ئێتنیـک و ئایینـەکان و هتد نییـە، بەڵکوو بـە جەوهەرێکی بەرزتـر لـەم توخمـە ناوچەیـی و پەراوێزییانـەی دەزانـێ، بـە بـێ ئەوەی لـەم بـارەوە ڕوونکردنـەوە بدا کە توخم و پارچەکانـی شوناسـی نەتەوەیـی کـەی و لـە کـوێ و چـۆن بـەدی هاتـوون.

لێکدژییەکـی ئاشـکرای دیکـە کـە لـە ڕوانگـەی ئەحمەدیـدا هەیە ئەوەیە کـە نکۆڵی لـە ئێتنیک لە مێـژووی ئێرانـدا و هـاوکات بەکارهێنانـی ئـەم نازناوە بـۆ ئاماژەکردن بە کـورد، ئازەری، بەلـووچ و...هتد دەکات و بـۆ ئـەوەی خـۆی لـەم لێکدژییـە بدزێتـەوە، نازنـاوی ئێتنیکـە پێشمۆدێرنەکان سـاختە دەکا، کـە بـە پێـی پێناسـەی خـۆی، بـە هـۆی ناکۆکییەکانـی نـاو خۆیـان نەیانتوانیـوە بـە مانا ئەوڕۆییەکەی وەک ئێتنیـک دەربکـەون (احمـدی، ١٣٨٨، ١١٩). شـیکردنەوەی ئـەم بەڵگەهێنانـەوە و نەبوونـی

---

1. Anachronisme

تەکووزی لە ناو پاژەکانی ڕوانگەکەی ئەودا ئەمە بە ڕوونی دەردەخا، چونکە ناوبراو لە کاتێکدا حاشا لەو ئاستی هاوپشتیی کۆمەڵایەتی و یەکگرتوویی ناو گرووپ دەکا کە زەمینەی لێکنزیکبوونەوەی ئێتنیکی و دەرکەوتنی ئێتنیکی ڕەخساندووە، لە هەمان کاتدا باس لە شوناسێکی نەتەوەیی تۆکمە و کۆمەڵگەی نەتەوەیی مێژوویی ئەویش بە هێما ناسیۆنالیزمەکانیەوە دەکا، بێگومان ئەم بەڵگەهێنانەوە نەک تەنیا لاوازییەکی تێگەیشتنی و زانستی یان ناڕوونیی لە دەربڕین و گەلاڵەکردنی بابەت نییە، بەڵکوو بە شێوازێکی باشتر لێکدژییە قووڵەکانی ئایدیای شوناسی نەتەوەیی کۆن و ڕوانگەی زێدەڕۆیانەی ئەزەلیگەرای حەمید ئەحمەدی لەقاو دەدا کە لە نێوان دووانەی ڕاستییەکان و حەقیقەتە مێژووییەکان و پێداویستییە ئایدیۆلۆژییەکانی خۆیاندا، بە ناچاری دەکەونە ناو تەڵەی خۆسازکراوی هەندێک بەڵگە و گەلاڵەی لێکدژ.

لە ڕاستیدا یەکێک لەو گریمانە بنەڕەتییانەی گوتاری بەئەزەلی و دێرینزانینی مێژوویی شوناسی نەتەوەیی و ئێرانی کە ڕەخنەی فرەی لە سەرە، پرسی شوناسی نەتەوەیی پێشمۆدێرنی ئێرانی، یان بە واتایەکی دیکە شوناسی کۆنی مێژوویی ئێرانییە. ئەوەی بە شێوەی دیاریکراو هەوێنی ڕەخنە و جێگای مشتومڕە، خوێندنەوە ئایدۆلۆژییەکانی مێژووی ئێرانە. هیچ گومانی تێدا نییە کە مێژووی ئێران بە هەموو پچڕان و بەردەوامییەکانییەوە هەڵگری کۆمەڵێک ئەزموونی مێژوویی و توخمی فەرهەنگی و ژیانی و تێگەیشتن و بیروباوەڕە هاوبەشەکانی زۆربەی ئەو ئێتنیکانەیە کە لە سەر ئەم خاکەدا ژیاون. بەڵام ئەوەی کە بتوانن ئەم خاڵە هاوبەشانە وەک شوناسێکی نەتەوەیی کۆن بە مێژینەیەکی هەزارانساڵەوە چاو لێ بکەین، بابەتێکی جێی مشتومڕ و ڕەخنەهەڵگرە کە باسێکی زۆر هەڵدەگرێت. یەکەم ڕەخنەیەک کە ئاراستەی بناغەکانی ئەم بەڵگانە کراوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گریمانانەی کە ئەم بۆچوونە لە سەریان دامەزراوە. چونکە ئەوەی لە دەرەنجامی بەڵگە و بەڵگەنامە ئاماژەپێکراوەکانی ئەم لایەنە فیکرییە دەردەکەوێ، لە باشترین حاڵەتدا وەک جوگرافیایەکی فەرهەنگی باس لە ئێران دەکا کە ژینگەی فەرهەنگ و ئایین و ئایینزا و ئێتنیک و نیژادە جیاوازەکان بووە، کە سەرەڕای هاوبەشییەکی بەرچاو خاڵی جیاوازیی زۆر قووڵ و نایەکانگیریان هەیە.

### مستەفا وەزیری و نەتەوەی خەیاڵیی ئێران

مستەفا وەزیری، نووسەری کتێبی «ئێران وەک نەتەوەیەکی خەیاڵی»[١]، لە یەکەم کەسانێکە کە نزیکەی سی ساڵ لەمەوبەر بە داڕشتنی تیۆریی «ئێران وەک نەتەوەیەکی خەیاڵی»[٢]، یەکێک لە جیددیترین ڕەخنەکانی ئاراستەی ڕەوتی ئەزەلیگەرایی و بانگەشەکارانی ئایدیای نەتەوەی مێژوویی ئێران کرد. وەزیری کە یەکێک لە توێژەرە ڕەخنەگرە پۆستمۆدێرنەکانە، بە ڕەخنەگرتن لە ئامۆژە ناسیۆنالیستی، نەژادپەرستی و ئارییایی‌گەراییەکانی زمانناسان، ڕۆژهەڵاتناسان و ئێراننناسانی ڕۆژاوایی

١. ایران به مثابه ملتی خیالی

2. Iran as Imagined Nation

سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمی زایینی دەست پێدەکا و پێی وایە سەرهەڵدانی ئەو هەڵوێستانە لە ناو ڕۆشنبیران و دەوڵەتمەدارانی ئێران لە ژێر کاریگەریی پەروەردەکانی ئەواندا بووە (شیرازی، ١٣٩٥، ٨٨-٨٩). وەزیری مێژووی نەتەوەیی ئێران و بەو پێیەش شوناسی نەتەوەیی بە ساختەکارییەکی نوێ دەزانێ کە هیچ پەیوەندییەکی بە سروشتی ڕاستەقینە و حەقیقەتی مێژووی ئێرانەوە نییە، بەڵکوو دەرەنجامی کۆمەڵێک ئایدیا و بیروباوەڕی دەرهاویشتەی ڕۆژهەڵاتناسی، ئایدیای نەژادی ئاریایی و پۆلێنبەندییە زمانییەکانن (وەکوو زمانە هیندۆئەورووپییەکان یان زمانە ئێرانییەکان).

وەزیری سەبارەت بە ئێران و شوناسە نەتەوەیی و سەرزەوینییەکەی، لەو باوەڕەدایە کە وشەی ئێران هەتا سەردەمی سەفەوی و بە مانایەکی وردتر هەتا سەردەمی مۆدێرن، ناونیشانێک بووە کە ئەگەر لە هەر شوێنێک بەکار بهێنرابا، مانایەکی تەنیا سەرزەمینی (نیشتمانی) هەبووە. بۆیە نە دەرخەری حکوومەت بووە، نە وڵات و نە وەک ئاماژە بە دانیشتوانی ئەم خاکە بەکار هێنراوە ... کەواتە بەکارهێنانی ناوی نەتەوە بۆ دانیشتوانی ئەم خاکە و ئاریایی یان بە ئێرانی زانینیان فانتازیای ڕۆژهەڵاتناسەکان و لاساییکەرەکانیان لە ئێرانە (Vaziri, 1993, 1-3). وەزیری لەوەش زیاتر دەڕوا و بەکارهێنانی وشەی «ئێران» بە مانای سەرزەوین لە سەردەمی ئیسلامیدا زۆر بە باو نازانێ و دەنووسێ: لە ئەدەبیاتی سەردەمی ئیلخانەکان و دوای ئەو بوو کە وشەی ئێران وەک یەکەم ناونیشانی ئەم خاکە بەکار هێنرا (Vaziri, 1993, 92). سەبارەت بە هۆکاری ئەوەی کە ئێران جگە لە سەرزەوین دەلالەتێکی مانایی دیکەی نییە، وەزیری ئاماژە بە پێکهاتەی ناتەبا و هەمەچەشن و تەنانەت نایەکسانی دانیشتوانی ئەم خاکە دەکا و پێی وایە ئەم فرەچەشنییە بەڵگەیەکی ڕوونی نامومکینبوونی بەکارهێنانی ناوی یەکەی «ئێرانی»ـە. بە باوەڕی ئەو، لە نێوان ئەو ئێتنیکانەی کە لە سەر ئەم خاکەدا دەژین وروژانی هەستی هاوبەشی ئێتنیکی مومکین نەبووە، کەواتە چۆن دەکرێ باس لە هەستێکی هاوبەشی نەتەوەیی یان ئینتیما بۆ نیشتمانێکی هاوبەش بکەین (Vaziri, 1993, 65-79). وەزیری بە پرسیار بابەتەکەی دەخاتە ڕوو: کەس ڕوونی نەکردۆتەوە ئێرانی کێیە؟ کوا خاڵی هاوبەشی کوردێک و گیلەکێک کە زمان و مێژوویان تەواو جیاوازە؟ بە بڕوای ئەو، نە کورد و نە گیلەکی هەرگیز لە نەریتی خۆیاندا دەستەواژەی ئێرانییان بەکار نەهێناوە (Vaziri, 1993, 5). وەزیری لە پەیوەندی لەگەڵ ڕەتکردنەوەی ئیمکانی شوناسی نەتەوەیی سەرزەمینی بە زمانی فارسی و مەحاڵبوونی فاکتەری هاوپەیوەندیی نەتەوەیی و هاوبەشبوونی زمانی فارسی، پەرە بە بۆچوونەکەی دەدا (Vaziri, 1993, 214) و بەم شێوە یەکێک لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی گوتاری شوناسی نەتەوەیی دەخاتە بەر ئاڵنگاری. وەزیری پاشان لە درێژەدان بە بەرفراوانترکردنی تیۆرەکەی، ڕەخنەبارانی ئەو کۆڵەکە و سیمبۆڵە فەرهەنگی و سیاسی و تەنانەت هونەرییانە دەکا کە باوەڕمەندانی شوناسی نەتەوەیی بەڵگەی بۆ دەهێننەوە وەکوو: بیناسازی، هونەر، شێعر، زنجیرە حکوومەتەکانی سەر ئێران و .... نەتەوەییبوونی ئەوانە بە تێڕوانینێکی خەیاڵی دەزانێت. وەزیری بە داڕشتن و شیکردنەوەی بەڵگەی زۆر و ڕەخنەگرانە لە بەرهەمەکەیدا دواجار دەگاتە ئەو ئەنجامەی

کە کۆکردنەوەی خەڵک و جەماوەرێکی جیاواز و لێکدابڕاوی فەرهەنگی و ئێتنیکی و زمانی و ئایینی – ئایینزایی لە ژێر چەتری یەک نەتەوە و نەژاددا نامومکینە و ئەمە بە کارێکی «خەیاڵی» دەزانێ، و هەموو ئەو ڕا و بۆچوونانەی کە باوەڕیان بە نەتەوەی ئێرانە بە سیفەتی «خەیاڵی» ناو دەبات.

لەو هەڵوێستانەی وەزیری کە شیاوی ڕەخنە لێگرتنن، دەتوانین ئاماژە بە بچووککردنەوەی ئێران بۆ چەمکێکی جوگرافی و لەبەرچاونەگرتنی هیچ شوناسێکی فەرهەنگی، سیاسی و گشتی بۆ ئێران بکەین کە لەگەڵ ڕێژەیەکی زۆری بەڵگەنامە و دۆزراوە مێژووییەکان ناتەبایە. بەڵام داهێنانی وەزیری لە بەرەو ڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو ڕوانگە شوناسییانەی کە ڕۆژگارێک بە شتێکی ئاسایی دادەنران و هەر جۆرە ڕەخنە و ڕووبەڕووبوونەوەیەک دژ بەم ڕوانگانە بە توندترین شێوە بەرهەڵستی دەکرا، زۆر گرینگە. هەرچەندە وەزیری و بەرهەمە ڕەخنەیی و لێکۆڵینەوەییەکانی بە ئەنقەست ڕەت کرانەوە و ئەو گوتارە هەژموونگەرییانەی کە بواری لێکۆڵینەوە ئێرانی و ئێرانناسییەکانیان قۆرخ کردووە بەتایبەت پانئێرانییەکان تا ئەو جێگای بۆیان لوا نەیانهێشت دەربکەوێ، بەڵام لە کۆتاییدا ڕێگەیەکی بۆ خۆی دۆزییەوە کە لە درێژەیدا و بە دەرکەوتنی ڕوخساری نوێی زانکۆیی، هەلی خستنەڕووی گێڕانەوەی نوێ لە سەر بنەمای ڕوانگەی مۆدێرن و پۆستمۆدێرن سەبارەت بە «شوناس لە ئێران» دابین کرا.

## ڕەزا زیائیبراهیمی، ناسیۆنالیزمی بێشوێنساز و مێژووشێوێن

ناسیۆنالیزمی بێشوێنساز، ناونیشانی تیۆرییەکە کە ڕەزا زیائیبراهیمی لە بەرهەمێکی لێکۆڵینەوەییدا لە ژێر ناوی «دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی ئێرانی: نەژاد و سیاسەتی بێشوێنسازی»[١] بە مەبەستی لێکدانەوەی ڕەخنەگرانەی لایەنی باڵادەستی ناسیۆنالیزمی ئێرانی نووسیویەتی. لە پێشەکیی کتێبەکەدا نووسەر باسەکەی خۆی ئاوا دەخاتە ڕوو: «حەسرەتی شان و شکۆی بەر لە ئیسلامی ئێران، لە ناو هەموو ئێرانییەکاندا بەدی دەکرێ، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئێرانییەکان پڕە لە نەخش و نیگاری کۆن. هەندێک لە ئێرانییەکان مێژووی ئێرانی ئیسلامی بە قۆناغێکی درێژخایەنی ڕوو لە کزبوونەوە دەبینن و بە بۆچونی ئەوان هاتنی ئیسلام بۆ ناو ئێران ڕەنگی نەژادی بە خۆوە دەگرێ و پێی دەوترێ لەشکرکێشیی عەرەب، و بە شانازییەوە کەڕەنای ئارياییبوونی نیژادبوونی ئێرانییەکان لێ دەدەن» پاشان ناوبراو دەڵێ: «ئەم کتێبە باس لەم بیرکردنەوانە دەکا، بەڵام نەک وەک توخمە عەقڵانییە نامێژووییەکانی ڕۆحی بەکۆمەڵی ئێرانییەکان، بەڵکوو وەک وتەزاگەلێکی مێژوویی کە پێویستیان بە لێکدانەوەی ڕەخنەگرانەیە. من ئەم بیر و ئەندێشانە بە پاژەکانی ئایدۆلۆژیایەکی ناسیۆنالیستی دەزانم، کە من پێی دەڵێم «ناسیۆنالیزمی بێشوێنساز». بەو ڕوونکردنەوەی کە من دەستەواژەی بێشوێنسازی بەو مانایە کە لە توێژینەوەکانی ڕەوەندا هەیە، واتە ئەو جێگۆڕکێ

---

١. پیدایش ناسیونالیسم ایرانی: نژاد و سیاست بی‌جاسازی

جوگرافییـەی کـە بـۆ نموونە کۆچبـەران یان پەنابـەران بەئەزموونی دەکـەن، بەکار ناهێنم. هەڵەسـازی لـەم بەرهەمـەدا بـە کردارێک دەوتـرێ کە لە خەیاڵدا ڕوو دەدات» (ضیا ابراهیمـی، ١٣٩٦، ١٢). ئینجا چەمکـی « بێشوێنسـازی « بـەم شـێوە ڕوون دەکاتـەوە: بێشـوێنسـازی لـەم بەرهەمـەدا بـە کردارێـک دەوتـرێ کـە لـە خەیاڵـدا ڕوو دەدا، کردارێـک کـە نەتـەوەی ئێـران لـە واقیعـی ئەزموونیـی خـۆی وەک کۆمەڵگایەکـی بـە زۆرینەی موسـڵمان لـە «ڕۆژهـەڵات» دوور دەخاتـەوە. ئێرانی «ئاریایـی» وەک ئەوەی بـە ڕێکـەوت لـە ئارییەکانـی دیکـە (واتـە ئەوروپییـەکان) دابـڕاوە. تەنیـا هەیکەلبەندیـی جیاکردنـەوە و دژایەتیـی نێـوان ئێرانـی و عـەرەب دەتوانـێ خوێندنەوەیەکی ناسیۆنالیسـتیی بێشوێنسـاز بۆ مێژووی ئێـران و دابڕانـی ئێـران لـە ئیـسلام کـە لـە نـاو دڵـی مێـژووی ئێراندایـە، مومکیـن بـکات. من پێـم وایە بێشوێنسـازی ڕێـکار و ستراتیژییەکـی فیکـری بـۆ کەمکردنـەوەی ئـازاری ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ ئەوروپییە بە ڕواڵەت پێشکەوتووترەکان بوو. بێشوێنسازی وەڵامێکی گوتاری بۆ ئاڵنگاریی مۆدێرنیتەی ئەوروپی و پێویسـتیی ڕاهاتن لەگەڵ هەسـتی خۆبەکەمزانینە. هەر بۆیە من ناسیۆنالیزمی بێشوێنساز بـە «گوتار»ێک دەزانـم کـە چارەسـەرەکەی بۆ ئـازاری بینینـی مۆدێرنیتـە (ئەوروپایی) لە شـێوەی یەک دانـە گوتـارە، بەتایبـەت لـە شـێوەی گێڕانـەوەی بەمێژووکـراوی گـەورەیـی و شـکۆی ڕابردووی ئێـران لە نـاو گەلانـی جیهانـدا. بـە واتایەکی تر ناسـیۆنالیزمی بێشوێنسـاز، وەک ڕەچەتەیەک بۆ چاکسـازی لە کاروبارەکانـدا ناخرێتـە ڕوو؛ کـەم تـا زۆر لە کارکردی خەیاڵیی هەڵەسـازیدا کورت دەکرێتـەوە؛ و ئەگەر دەسـتەبەری چاکسـازییەکیش بـێ، دڵـی بـە پـڕۆژەی گەڕانـەوەی ئێـران بـۆ ڕابـردووی پێـش ئیـسلام خۆشـە کـە بە سـەردەمی پاکیی نیـژادی لێـی دەڕوانێـت (ضیاءابراهیمـی، ١٣٩٦، ١٢-١٣).

ئـەم توێـژەرە لەبـارەی ناسـیۆنالیزم لـە ئێرانـی هاوچـەرخ و پێویسـتیی تاوتوێکردنـی ئـەم ڕەوتـە تایبەتـەی ناسـیۆنالیزم دەنووسـێ: مـن ئیدعای ئەوە ناکەم کە ناسـیۆنالیزمی بێشوێنسـاز تاکە فۆرمی ناسـیۆنالیزم لـە ئێرانـە. بەپێچەوانـەوە ئـەم کتێبە ئیدعای ئـەوە دەکا کـە نەتەوەیەکی یەکدەسـت، واتە بـە یـەک خاک و یـەک حەشـیمەتەوە، دەتوانێ چەندیـن ناسـیۆنالیزمی هەبێت. لە ئێرانـدا جۆرەکانی تـری ناسـیۆنالیزم هـەن و مـن لە شـوێنی خۆیـدا باسـی هەندێکیـان دەکەم. بـۆ نموونە ناسـیۆنالیزمی شۆڕشـی مەشرووتـە (١٩٠٦-١٩١١زایینـی/ ١٢٨٥-١٢٩٠ هەتاوی)، ناسـیۆنالیزمی دوکتۆر محەمەد موسـەدیق (١٨٨٢-١٩٦٧زایینـی/ ١٣٤٥-١٢٦١زایینـی) و بزووتنـەوەی نەتەوەییکردنـی نـەوت و هەروەها ناسـیۆنالیزمی کۆماری ئیسلامی (کە پێویسـتی بە لێکدانەوەی زیاتری مێژوویی و زانستییە). ناسـیۆنالیزمەکان یـەک لـە دوای یـەک سـەر هەڵنـادەن، بەڵکوو پێکـەوە دەژیـن، بـەڵام مـن پێموایـە هیـچ کام لـە ناسـیۆنالیزمە ئێرانییەکان هێندەی ناسـیۆنالیزمی بێشوێنسـاز، لـە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە گەشـەیان نەکـردووە. ئەم ناسـیۆنالیزمە بە ڕوونی لـە دەقە ئایدیۆلۆژییەکانـدا دەردەکەوت و حکوومەتی پەهلـەوی بـە هەمـوو تواناییـەوە پـەرەی بـە بنەمـا و پرەنسـیپەکانی دەدا. ئێسـتاش ئایدۆلۆژیـای ناسیۆنالیسـتی لـە ئێراندا باڵادەستە. ناسـیۆنالیزمی بێشوێنسـاز ئەمڕۆ ئایدۆلۆژیایەکی زینـدووە و لە ١٩٦٠ زایینـی / ١٣٦٠ هەتـاوی بووەتـە باوترین شـێوەی بەرهەڵسـتیی نواندن بەرامبـەر بـە کۆماری

ئیسلامی. تەنانەت هەندێک لە سیاسەتمەدارەکانی کۆماری ئیسلامیش لەم حاڵەتە بێبەری نین و حەسرەتی بۆ دەخۆن و زۆر جار بۆ سەلماندنی نیشتمانپەروەریی خۆیان کەڵک لە هێماکانی وەردەگرن. ئەوەی کە ڕەگەیەکی ناسیۆنالیزمی بێشوێنساز لە هەر دوو لایەنە سیاسییەکەدا هەیە تەنیا یەک شت دەردەخا کە ئەویش هەژموونیی ئەم ئایدۆلۆژیایە لە ئێرانی هاوچەرخە (ضیاءابراهیمی، ١٣٩٦، ١٠-١١).

زیا ئیبراهیمی توخم و پاژەکانی ئەم ناسیۆنالیزمە نۆستالۆژیک و خەیاڵییە بەم شێوە وەسف دەکات: بیری نەژادی باشتری ئارییایی، ستایشکردنی سەردەمی کۆن، ئیدانەکردنی ئیسلام و سەردەمی ئیسلامی، پاراستنی هێما کۆنەکان، ٢٥٠٠ ساڵ حکوومەتی شایەنشایی و هتد پێکهاتەکانی «ناسیۆنالیزمی بێشوێنساز»ن، کە هەندێک بیروباوەڕی سەرەکی هەیە. یەکەم: کە ئێران هەمیشە بوونی هەبووە و تەمەنی بەردەوامی دەگاتە ٢٥٠٠ ساڵ (و زۆر جار ئەم ژمارەیە بۆ ٥٠٠٠ ساڵ، یان زیاتریش زیاد دەکرێت). دووەم: جەوهەری ئێران و گەورەیی ئێران دەبێ لە سەردەمی زێڕینی پێش ئیسلامدا بدۆزرێتەوە. سێیەم: ئیدعای ئەوە دەکرێ کە بەرپرسیارێتی کێشە و دارمانی ئێران، ئەو ئیسلامەیە کە عەرەبەکان بە زەبری شمشێر سەپاندیان و چوارەم: ئێرانییەکان لە نەژادی ئارییین و کەواتە خزمایەتییان لەگەڵ ئەورووپییەکان هەیە و لە ڕووی نەژادییەوە لە عەرەب بێبەرین. من ئەوە تاوتوێ دەکەم کە ناسیۆنالیزمی بێشوێنساز پەیکەرێکی فیکریی جێی ناسینەوەیە بە سیستەمێکی ئایدیۆلۆژیکیی ئاڵۆز لە سەر بنەمای دەقە عەقیدەیی و دۆگماتییە چەسپاوەکان کە لە لایەن ئایدۆلۆگە ئاشناکانەوە بەدی هاتووە (ضیا ابراهیمی، ٢٠١٦، ٩).

ئەم بەرهەمە سەبارەت بە ئاخێزگەی پڕەنسیپە سەرەکییەکانی ناسیۆنالیزمی بێشوێنساز، ئیدعای ئەوە دەکا کە بەرزکردنەوەی ڕابردووی پێشئیسلامی ئێران بۆ ئاستی هێمای جەوهەری ئێرانی، ڕۆڵی تەوەریی ڕووبەڕووبوونەوەی ئێرانی/ئارییایی لەگەڵ عەرەب/سامی، و نەژادسازی مێژووی ئێران لە نەریت یان گێڕانەوە ناوچەییەکاندا نییە، بەڵکوو دەبێ لە ڕۆژهەڵاتناسی و توێژینەوەنەژادییەکانی سەدەی نۆزدەهەمی ئەورووپادا بۆی بگەڕێین. بێگومان ئەوە نەبێ ئەم بیروباوەڕانە لە ئەورووپاوە هاوردە کرابێتن. ڕەوتێکی ئاڵۆزی هەڵبژاردن و خۆجێیکردن ڕووی دا و بیرمەندانی ئێرانی، بە گوێرەی پێداویستییە ئایدۆلۆژییەکانیان، نموونەگەلێک لە خزمایەتییان لە ڕا و بۆچوونی ئەورووپاییەکانیان بەرهەم هێنا. ئەوەی هەتا ئێستا پشتگوێ خراوە ڕەهەندەکانی ئەم خۆجێیکردن/پەیوەنددانەیە (ضیاءابراهیمی، ١٣٩٦، ١٠).

یەکێک لەو تەوەرە زۆر گرنگ و بنەڕەتیانەی کە لەم لێکۆڵینەوەدا باسی لێ کراوە، ڕۆڵی «ناسیۆنالیزمی بێشوێنساز»ە لە سەر سەرهەڵدانی مێژوونووسیی نوێی ئێرانی و ڕۆڵی مێژوونووسی لە دامەزراندنی بناغە مێژووییەکانی ئەم ئایدۆلۆژیایە و پەیوەندیی کارلێککارانەی ئەمانە لەگەڵ یەکترە. لە ڕاستیدا زیائیبراهیمی بە دروستی دەیسەلمێنێ کە مێژوونووسیی نوێی ئێرانی نە تەنیا سەرچاوەی سەرەکیی ژیاندنەوەی ئەم بیر و بۆچوونانەیە و داتا خوازراوەکەیانیان پێ

دەدا، بەڵکوو لەوە زیاتریش مێژوونووسی خۆی ڕۆڵێکی چارەنووسسازی لە ئاراستەکردنی گوتارە شوناسییەکان و لێکۆڵینەوەکانی شوناسی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا دەگێڕێ و سەبارەت بە مێژوونووس و ئایدۆلۆژیای بێشوێنساز دەڵێ: ئەم ئایدۆلۆژیایە ژێرخانێکی مێژوویی هەیە و لە ڕاستیدا جۆری باڵادەستی مێژوونووسی ئێرانی لە لایەن شوێنکەوتوانی ئەم ئایدۆلۆژیایەوە بەدی هاتووە. ناسیۆنالیزمی بێشوێنساز ئایدۆلۆژیایەکی نوێیە کە هەتا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم هیچ پاشخانێکی نییە و لە کۆتایی سەردەمی قاجار لە نێوان ساڵانی ١٨٦٠ بۆ ١٨٩٠ سەری هەڵدا و دواتر لە ئایدۆلۆژیای فەرمیی حکوومەتی پەهلەوی (١٩٧٩-١٩٢٥زایینی/١٣٠٤-١٣٥٧ هەتاوی)دا تێکەڵ بوو. بەم جۆرە هەتا چەند دەیەی دواتر بەشێکی دانەبڕاوی پەروەردەی مێژوو لە قوتابخانەکان بوو و ڕۆڵێکی گەورەی لە تێگەیشتنی ئێرانییەکان لە مێژوو، نەتەوە و ئێتنیکدا هەبوو. کەواتە ڕەگی داکوتا و کاریگەرییەکانی لە سەر شوناسی ئێرانی و خۆناسینی ئێرانییەکان لە ئایندەیەکی نزیکدا نەسڕدراو دەبێت (ضیا ابراهیمی، ١٣٩٦، ٩).

ئەو ڕەخنەی کە ڕەزا زیا ئیبراهیمی لە ژێر ناونیشانی ناسیۆنالیزمی بێشوێنساز ئاراستەی گوتاری ناسیۆنالیستی نەژادتەوەر و کەونینەخواز دەکا، جەخت لە سەر هێمای ناوەندیی ئەم گوتارە دەکاتەوە کە بە پشتبەستن بە بنەمای ڕەخنەکانی، دەتوانین بڵێین لە بنەڕەتەوە ئەم ڕەوتە ناسیۆنالیستییە گوتارێکی مێژووشێوێنە، کە بە ڕوانگەیەکی نۆستالژیکەوە جیهانێکی ئایدیاڵ چێ دەکا کە نەک هەر پەیوەندییەکی ئەوتۆی لەگەڵ شوێنمەندیی مێژووی ئێراندا نییە، بەڵکوو تەنانەت سەرەتاییترین لایەنی مێژوو و گێڕانەوەی مێژوویی واتە ڕەهەندی کات و کاتمەندی وەلا دەنێت. ئەم گوتارە، وەک زیائیبراهیمی بە دروستی ئاماژەی پێدەکا، دەرەنجامی ڕێکخستنەوەی هەندێک گێڕانەوەی ڕۆژهەڵاتناسەکان سەبارەت بە مێژووی ئێرانە. هەژاریی زۆری بناغە مێژووییەکان، کەلێنە قووڵەکانی کاتمەندی و شوێنمەندیی زنجیرە گێڕانەوەکان و لایەنە بێبەڵگە، خەیاڵی، نۆستالژیک و سۆزدارانەی هەندێک گریمانە و گەڵاڵەی گێڕانەوە، لە تایبەتمەندییە مەعریفییەکانی ئەم ڕەوتە ناسیۆنالیستییەن. بەم پێناسانە و سەرباری هەموو ئەو ڕەخنە ورد و درشتانەی کە لە سەری گیراوە، ئەم گێڕانەوە هێشتا لە بواری شوناسی نەتەوەیی و مێژوویی ئێراندا گرنگییەکی فراوانی هەیە، چونکە گێڕانەوەی باڵادەستی نەتەوە لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا هی ئەم گوتارە بووە و هەتا شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ جگە لە چەند قۆناغێکی کورت و پچڕپچڕ نەبێ، گوتارەکانی تر لە بنەڕەتەوە نەیانتوانیوە خۆیان دەربخەن، لە کاتێکدا ئەم گوتارە بۆ ماوەی پتر لە ٥٠ ساڵ ئایدۆلۆژیای فەرمیی حکوومەتی پەهلەوی بوو، هەموو ئیمکانیاتی دامەزراوەیی بۆ بوارەکانی فەرهەنگ، پەروەردە، چاپەمەنی، میدیای نیشتمانی و هتد بۆ پاساودان و بانگەشەکردن بۆ توخمە شوناسییەکانی خۆی بە کار هێنا.

بۆیە بەدەر لە کاریگەرییەکانی ئەم لێکۆڵینەوە لە سەر بواری پسپۆڕیی توێژینەوەی نەتەوەیی و ئێتنیکی لە ئێراندا، نابێ گرنگی و بایەخەکەی لە بواری گشتیدا پشتگوێ بخەین. لە دنیای ئەمڕۆدا،

لە سایەی میدیای گشتی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، «گوتاری ناسیۆنالیزمی بێشوێنساز» یەکێک لەو ڕەوتە بەهێزانەیە کە بە هۆی دروشمی نۆستالژیک و ڕیکلامی بەرفراوانی میدیایی، بوونێکی بەهێزی لە فەزای گشتی ئێراندا هەیە، و لە سای فێرکارییە ئایدیۆلۆژیکییەکان و زەقکردنەوەی شکۆمەندی و شانازیی کۆنی ئێرانی، لە ئامادەکردنی بیروڕای گشتیدا کاریگەر بووە، هەر بۆیە وشیارکردنەوە لە بوارە گشتییەکان و ڕۆشنکردنەوەی بیروڕای گشتی دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵک باشتر لە ئایدۆلۆژیا ئایدیالیستەکان تێبگەن و بتوانن تێگەیشتنێکی ورد و خەسارناسانەیان لەو ئایدۆلۆژیایە هەبێت.

زیائەدین سەدرولئەشرافی، عەلی ئەلتایی، ئەفشین مەتین عەسگەری، مێهرزاد بروجێردی، مەیسەم بادامچی، زەکەریا قادری و هتد لە نووسەر و توێژەرانی دیکەی بواری توێژینەوەی نەتەوەیی و ئێتنیکی لە ئێرانن کە بە هەڵوێستگرتنێکی ڕەخنەگرانە و ئاراستەیەکی مۆدێرن و پۆستمۆدێرنانە، هەوڵدەدای ڕەخنەگرتنێکی جددی و ڕاشکاوانە لەو بیرە ئەزەلیگەرا و مێژووییانەن کە باوەڕیان بە شوناسی مێژوویی نەتەوەی ئێرانی و دیکەی پێکهاتە بنەڕەتییەکانی گوتاری ئێرانگەراییە و لە میانەی بەرهەمە شیکاری و ڕەخنەییەکانیاندا، بنەما و گریمانەکانی ئەم گوتارە بەرەو ڕووی ئاڵنگاریی مەعریفی و مێژوویی جددی دەکەنەوە.

لە هەڵسەنگاندنێکی گشتی و هەمەلایەنەدا لەمەڕ ئەو ئاراستە و تیۆرییە زاڵانەی بواری توێژینەوە ناسیونالیزم و ئێتنیکییەکانی ئێران هەتا پێش سەرهەڵدانی ئاراستە ڕەخنەییەکانی کە زۆرینەیان پۆستمۆدێرنن، دەتوانین بڵێین زۆربەی تیۆری و تێڕوانینە باوەکانی ئەم بوارە هەتا دوو دەیەی ڕابردوو بە چاوپۆشی کردن لە سروشتی هەمەچەشنی ئێتنیکی، زمانی، ئایینی و تەنانەت نەژادی لە ئێران، هاوتەریب لەگەڵ مێژوونووسیی باو و زانکۆیی ئێرانی، هەوڵیان دەدا هەمەچەشنیی ئێتنیکی، زمانی و ئایینی فەرامۆش بکەن و پرسە ئێتنیکییەکان وەک پیلانگێڕییەکی دەرەکی پیشان دەدا کە بۆتە کۆسپ و تەگەرەی بەر دەم گەشەکردن و پێشکەوتنی ئێرانی، بەم شێوە بە سڕینەوە و پەراوێزخستنی ئەسڵی پرسەکە، خۆیان لە هەر جۆرە گەلاڵەکردن و خەسارناسییەکی ڕیشەیی بەدوور دەگرت. ئەم بەرکەوتنە لە کۆتاییدا زەمینەی بۆ خوێندنەوە و مامەڵەکردنێکی ئەمنی دابین دەکا و لە ئەنجامدا دۆخە قەیراناوییەکە قووڵتر دەکاتەوە. بە واتایەکی تر زۆرێک لە بۆچوون و تێڕوانینە لابەر و نکۆڵیکارەکان بە بەزاندنی سنوورەکانی جیهانی تیۆری و توێژینەوە و بە چوونە ناو بەستێنە گشتییەکان و فەزا گشتییە ئێتنیکییەکان، لە لایەک ناکۆکیی ئێتنیکی و بەرهەمهاتنەوە و تەشەنەسەندنی توندوتیژی بە هۆی تێکهەڵچوونی ئێتنیکی لێ دەکەوێتەوە و لە لایەکی دیکەوە، لە زۆر حاڵەتدا بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەبنە سەرچەشنی و مۆدێلی ئاشکرا و شاراوەی سیاسەتی ئێتنیکی و لە گۆڕەپانی دەسەڵاتدا دەبنە هۆی قووڵبوونەوەی نایەکسانی و هەڵاواردن و ململانێی ئێتنیکی.

## ئاشتیی بەردەوام

بە درێژایی دوو سەدەی ڕابردوو، سەبارەت بە پێناسەی و چۆنیەتی تێڕوانین لە ئاشتی قوتابخانە و تیۆری جۆراوجۆر سەریان هەڵداوە. لە وردترین ئاستدا، ئاشتی هاوتایە لەگەڵ ئاسایش لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات یان نەبوونی توندوتیژییەکی ئاشکرا، بەڵام لە ڕوانگەی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و بە جەختکردنەوە لەسەر پرسە مەعریفەناسانەکان، ئاشتی بە ئەگەرێک بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە ئاستێکی فراواندا دادەنرێت . تێڕوانین بۆ ئاشتی لە سەردەمی شەڕی سارددا، نەبوونی ململانێی سەربازی ڕاستەوخۆ بوو لە نێوان زلهێزەکان. (برترتن، ١٣٨٠، ٥٨).

ئاشتیی بەردەوام و سەقامگیر بە هەلومەرجێک دەڵێن کە ئاشتی بۆ هەمیشە لە ناوچەیەکدا جێگیر کرابێت. ئاشتیی بەردەوام لەسەر تەوەری دادپەروەری هەمان ئاشتیی دادپەروەرانەیە و بۆیە بۆ بەدیهاتنی دەبێ لە ڕێگای دیپلۆماسییەوە، شێوازە دادپەروەرانەکان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان بدۆزرێنەوە و جەخت لەسەر جێبەجێکردنیان بکرێتەوە. چەمکی ئاشتیی بەردەوام یەکەم جار، لە سەدەی هەژدەی زایینیدا و لە وتارێکدا لە ژێر ناوی «گەڵاڵەیەک بۆ ئاشتیی بەردەوام» باس کراوە. ناوی نووسەری ئەم وتارە دیار نەبووە و بەم حاڵەشەوە تا کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەی زایینی ئاوڕیان لێ نەداوەتەوە. دەستەواژەی ئاشتیی بەردەوام پاش چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی «ئاشتیی بەردەوامی» ئیمانوئێل کانت[1] لە ئەورووپادا ناسراوە.

ئاشتیی بەردەوام دەستەواژەیەکە کە نزیک بە سێ سەدە پێش ئێستا ئیمانوئێل کانت، فەیلەسووفی ئەڵمانی، لە کتێبێکدا هەر بەم ناوە باسی کردووە و مەرجەکانی وەدیهاتنی ئاماژە پێداوە کە بریتی بوون لە دەستێوەرنەدانی وڵاتانی دیکە و ڕێگریکردنی لە بەکارهێنانی زەبر و زۆر. ئەم دەستەواژە دواتر دووپات کرایەوە و وەک یەکێک لە دروشمە ئاراستەکراوەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان کەڵک یان کەڵکاوەژۆی لێ وەرگیراوە. بەپێی ئەم تیۆرییە، ئاشتیی بەردەوام دەبێ لەگەڵ دادپەروەری بێت و ئاشتیی بەبێ دادپەروەری ڕێگای ئەوەی نابێت کە بەردەوام بێت و چارەسەری قەیرانەکانی ئێستا بکات. ئەمڕۆ جیهان زیاتر لە ڕابردوو پێویستی بە بەدیهاتنی ئاشتیی دادپەروەرانە و بە واتایەکی دیکە ئاشتییەکە لەسەر بنەمای دادپەروەری. ئاشتیی دادپەروەرانە بەشێوەی ئەندێشەیەکی پێکهاتوو، لە ڕێگای نوخبەکانەوە دەتوانێ بکرێتە گوتارێک و بێتە نێو ئاستی کۆمەڵگا و بکرێتە ئاکار یان کردارێکی نێودەوڵەتی.

کانت لە کتێبی چکۆلە بەڵام زۆر گرنگی ئاشتیی بەردەوامدا، مەبەستی ئەوەیە پلانێکی هەرمان بۆ یەکڕیزی نەتەوەکان و بە مەبەستی پێکهێنان و پاراستنی ئاشتی لە جیهاندا و لە ئەنجامدا گۆڕینی ئاراستەی کۆمەڵگای جیهانی بەرەو کۆمارێکی جیهانی دابڕێژێت. کانت لە بنەمادا شەڕ وەک گەورەترین خراپە دەبینێ کە ڕەنگە مرۆڤایەتی تووشی بێت. بۆیە لەم بەرهەمەدا هەوڵی

1. Perpetual Peace: A Philosophical Sketch

داوە تا پلانێک ئاراستە بکات کە ببێتە هۆی لەناوچوونی ئەم خراپە گەورەیە. کانت لە مەرجە سەرەتاییەکاندا ڕاگرتن و نەهێشتنی زیاتری شەڕ و ناکۆکییەکان شوێنگری دەکات، بەڵام چونکە ڕاگرتنی شەڕ بە تەنیا بەردەوامبوونی ئاشتی مسۆگەر ناکات، لە درێژەدا کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئاشتی ئاماژە پێ دەدات کە بەدیهاتنیان دەبێتە هۆی دامەزرانی ئاشتی.

لە ڕوانگەی کانتەوە، دامەزرانی ئاشتیی بەردەوام شەش مەرجی سەرەتایی هەیە (براتعلیپور، ١٣٩٤، ی ٤١ و ٤٢) کە بریتین لە:

١. بۆ پاراستنی ئاشتیی ڕاستەقینە، هیچ پەیمانێکی ئاشتی کە تیایدا بە شێوەی شاراوە بیانوویەکی بۆ شەڕ لە داهاتوودا هەبێت باوەڕپێکراو نییە؛

٢. هیچ وڵاتێک نابێت لە ڕێگای میراتیانە و هاوشێوەی ئەم شێوازەوە ببێتە بەشێک لە وڵاتێکی دیکە و سەربەخۆیی و حاکیمییەتی هیچ وڵاتێک نابێت لەناو ببرێت؛

٣. سوپا نەگۆڕەکان و هێزی چەکداری ژێر ئاڵا دەبێ بەرەبەرە نەمێنێن. بە واتایەکی دیکە ململانێ چەکدارییەکان قەدەغەکراون؛

٤. قەرزدارکردنی دەوڵەتێک بە بۆنەی دەوڵەمەندکردنی دەوڵەتێکی دیکەوە قەدەغەکراوە؛

٥. هیچ وڵاتێک مافی دەستێوەردانی توندوتیژانەی لە کاروباری وڵاتانی دیکەی نییە؛

٦. لە کاتی شەڕدا، هەڵسوکەوتی وەک پەیمان شکاندن و هاندانی خەڵک کە دۆخی ئاشتی ئەستەم و ڕێپێنەدراو دەکەن، قەدەغەن.

مەرجی سەرەتایی بەرچاوگرتنی ئەم شەش خاڵە ئەوەیە کە بەگشتی لانی کەم مەبەست و خواستی دەوڵەتەکان لەسەر بنەمای خواستیی ئەخلاقی بێت. شیاوی باسە کە لە نێو ئەم مەرجە سەرەتاییانەدا هیچ جۆرە تیۆری یان پلانێکی ئابووری کە ببێتە هۆی دامەزراوێتی ئابووری و لە ئەنجامدا ئەمنییەت و دادپەروەریی ئابووری مسۆگەر بکات نابینرێت. ڕەنگە هەر ئەمەش کێشە و کەموکووڕیی گشتیی پلانی ئاشتیی بەردەوامی کانت بێت کە لە باتی پلانێکی ژێرخانی پلانێکی سەرخانییە.

لە درێژەدا کانت (١٣٨٠) سێ کۆڵەکە و یاسای بنچینەیی دیکە بۆ بەدیهێنانی ئاشتیی بەردەوام زیاد دەکاتە ئەم مەرجە سەرەتاییانە کە بریتین لە:

١. دەستووریی بنچینەیی هاووڵاتیبوون لە هەر وڵاتێکدا دەبێ کۆماری بێت؛

٢. مافی نەتەوەکان دەبێ لەسەر بنچینەی فیدێراڵیزمیی لە دەوڵەتە ئازادەکاندا دابنرێت؛

٣. مافی جیهانشاریی سنووردار بکرێتەوە بۆ هەلومەرجی میوانداریی جیهانی (هەمان، ٤٢).

لە ڕوانگەی کانتەوە، «حکوومەتی کۆماری» جۆرە حکوومەتێکە کە تیایدا، یاسا تەوەری ژیانی مرۆڤەکانە. ئەم جۆرەی حکوومەت، ئاشتیی بەردەوامیی جیهانی مسۆگەر دەکات. پێکهێنانی حکوومەتی کۆماری لەسەر بنەمای دەستوورێکی بنچینەیی پیشاندەری ئەوەیە کە تاکەکان بە حوکمی بیر و عەقڵی کردەوەیی خۆیان، گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییان قبووڵ کردووە. ئەم سیستەمە

ڕەنگدانـەوەی ئیـرادەی گشـتیی هەمووانـە. کۆمـار لەسـەر سـێ بنەما دامـەزراوە:

١. بنەمای ئازادیی بۆ هەمووی ئەندامانی کۆمەڵگا وەک مرۆڤ؛
٢. پێبەندبوونی هەمووان بە یاسایەکی تاقانە وەک خەڵکی ئەو وڵاتە؛
٣. بنەمای یەکسانیی یاسایی بۆ هەر تاکێک وەک هاووڵاتی.

بۆیـە بەرچاوگرتنـی مافـی مرۆڤ و مافەکانی هاووڵاتیبوون لەسـەر بنەمای پێبەندبوونی سیاسـی بە دەوڵـەت، هەردووکیان وەک ژێرخانەکانی سیسـتەمی کۆماری هەژمـار دەکرێن (میرمحمدی، ١٣٩٠، ١٢٣).

ئاشـتیی بـەردەوام بەبـێ دامەزراندنـی سیسـتەمی کۆمـاری، کە تیایدا سـێ هێـزی جێبەجێکردن و یاسـادانان و داد، خاوەنـی سـەربەخۆیین، بـەدی نایـەت، بـەڵام پێکهێنانـی وەهـا سیسـتەمێک بـۆ خـۆی گـرێ دراوە بـە عەقڵانییـەت، دادپـەروەری وەک تـەوەر، پێگەیشـتنی هـزری، ئـاکاری ئەخلاقـی و دەسـەڵاتداری بەپێـی یاسـا. بـە وتـەی کانـت ئاشـتیی بـەردەوام وەک منداڵێکـە کـە لـە یەک سـاتدا لەدایـک دەبـێ بـەڵام چەندیـن سـاڵی پـێ دەچێـت تـا ئـەم منداڵـە بەهـۆی پـاراستن و پـەروەردەوە پێبگات.

ئـەو پلـە و پایانـەی کـە کانـت لەسـەر ئاراسـتەکردنی کۆڵەکە پێویسـتەکان بـۆ بەدیهاتنی ئاشـتیی بەردەوام باسـیان دەکات پیشـاندەری ئەوەن کە ناوبراو ئاشـتی سـەرەتا لە «ماڵدا» و دواتر لە «دەرەوەی سـنوورەکاندا» شـوێنگری دەکات. کانـت مانـەوەی دەوڵەتـەکان لـە دۆخـی ئاسـایی و سروشـتی، بـێ یاسایی و ناکۆکبوونی بەرژەوەندییەکان وەک هۆکارەکانی شەڕ ئاماژە پێ دەدات. ڕێگای چارەسەریش وەک پێکهێنـان و بـوون بە بەشـێک لە فیدراسـیۆنێکی جیهانی دەبینێـت (همان، ١٢٤).

بەگشـتی مەبەسـت لە ئاشـتیی بەردەوام و سـەقامگیر لەم لێکۆڵینەوەدا، دۆخێکی بزۆز و بەردەوامە کە بە پشـتبەستن بە میکانیزمە یاسـایی و سیاسـی و کولتوورییەکانی وەک: یەکسـانی و دادپەروەری، بەها دیموکراسیەکان، لێبوردەیی و دیالۆگ و ئاسانگیری، کەشێکی دوور لە توندوتیژی و دوژمنایەتی و پێکـدادان لـە نێـوان چیـن و گرووپـە جیـاوازە خـاوەن بەرژەوەندییـە فرەچەشـنەکانی کۆمەڵـگادا دەرەخسـێنێت.جێی ئاماژەیـە کـە مەبەسـت لـە ئاشـتیی بـەردەوام بە مانـای گەیشتن بـە هەلومەرجی دوور لـە ئالـنگاری و دژبـەری و ناکۆکـی نییـە، چونکە ئـەم تێڕوانینـە ئەبستراکتە لە بەسـتێنی تەژی لە کێبەرکێ و ململانێی فەزای گشتیدا، چ لە ئاستی ناوخۆی کۆمەڵگاکان و چ لە ئاستی نێوان کۆمەڵگا و نەتـەوە جیاوازەکانـدا، ڕێ ناباتـە تێگەیـشتن لـە واقیـع، بەڵکوو ئامانـج دابینکردنـی میکانیزمێکە کە بـە شـێوازێکی شارسـتانیانە و دوور لـە توندوتیژی دەرفـەت و ئیمکانێک بۆ چارەسـەرکردنی ناکۆکیی و دژایەتییەکانبخاتەبەردەست.

فەسڵی دووەم

# ڕۆڵ و پێگەی ئێتنیکەکان لە مێژووی ئێراندا

## پێشەکی

وڵاتـی ئێـران لە قۆناغـە جیاجیاکانی مێژووی خۆیـدا، لە چاخی کۆنەوە هەتا سـەردەمی هاوچەرخ، نیشـتمانی کۆمەڵێکـی زۆر لـە گرووپـە مرۆییـەکان بـووە کـە لـە ڕووی ئێتنیکـی و فەرهەنگـی، زمانـی، ئایینـی و کۆمەڵایەتییـەوە فرەچەشـن بـوون، بـە جۆرێـک کـە بـە نازناوگەلـی جۆراوجـۆری وەکـوو: « وڵاتـی فرەئێتنیـک»، « مەملەکەتـی فرەنەتـەوە»، « کۆمەڵـگای فرەئێتنیـک» (مقصـودی، ١٣٨٢، ٤٥)، نیشـتمانێک بـە «پێکهاتـەی مووزاییکـی» (آبراهامیـان، ١٣٨٤، ٢٥) و نیشـتمانی کۆڵکەزێرینەیـی (خسروانی مجد، ١٤٠٠) ناوی هاتووە. کە هەموویان گوزارشـت لە فرەچەشـنی و فرەڕەنگیی سـامانی کۆمەڵایەتیـی ئـەم نیشـتمانە دەکـەن. هـەر بۆیـە توخمـی ئێتنیـک و ئێتنیکـەکان لـە مێـژووی دوور و نزیکـی ئێراندا تەنیا خەسـڵەتێکی ئاسـایی نییـەن، بەڵکـوو تایبەتمەندیەکی بنەڕەتین کە لـە ڕوانگەی مێـژووی فەرهەنگـی و هونـەری، مێـژووی کۆمەڵایەتـی، مێـژووی پێکهاتـن و گەشەسـەندنی شوناسـی گشـتی، سیاسـەت و دەسـەڵات، و پەیوەندییـە ئایینـی- ئایینزاییەکانـەوە دەتوانیـن ڕۆڵ و کارکـردە مێژووییەکـەی تاوتوێـی بکەیـن و خوێندنـەوەی لـە سـەر بکەین.

ئـەم بەشـە وێـڕای لێکۆڵینـەوە لە سـەر ڕۆڵ و پێگـەی ئێتنیکـەکان لە مێـژووی ئێراندا، هـەوڵ دەدا بواری ناسـینێکی بنەڕەتی و هەمەلایەنەی بابەتی سـەرەکیی ئەم توێژینەوە دابین بکات. شیکردنەوەی پەیوەندیـی نێـوان ئێتنیکـەکان و شوناسـی مێژوویـی ئێـران؛ ڕەچەڵەکناسـیی مێژوویـی، لێکبڵاویـی جوگرافـی و تایبەتمەندییـە فەرهەنگـی و ئابوورییەکانـی ئێتنیکـەکان لـە ئێـران؛ سـەرهەڵدانی پرسـی ئێتنیکـی و بزووتنـەوە و هەڵمەتـە ئێتنیکییـەکان لـە ئێرانی هاوچەرخـدا و خوێندنـەوەی ڕەخنەگرانەی ڕوانگـە باوەکانـی لێکۆڵینەوەی ئێتنیکناسـیی لـە ئێراندا، ئەو بابەتانەن کە لە پەنایاندا ئەم پێشـەکییە ڕێـک دەخرێن.

بەکارهێنانـی نـاوی ئێتنیـک (لـە فارسـیدا قـەوم) بـۆ عـەرەب و تـورک و کـورد و بەلـووچ و فـارس لـەم لێکۆڵینـەوەدا کۆمەڵێـک تێبینـی لەگەڵدایـە، پێویسـتە چەنـد خاڵێـک لـەو بـارەوە بـاس بکرێـت. لێکۆڵینەوە ئێتنیکییەکان لەگەڵ ئەوەی بۆ پێناسـەکردن و بەکارهێنانی زاراوە و چەمکە زانسـتییەکان

پێویستیان بە ستانداردە ئەکادیمییەکانە، یەکێک لە بوارەکانی زانستی کۆمەڵایەتین کە ئەنجام و ناوەڕۆکەکەیان لە گۆڕەپانی گشتیدا بەتایبەت لە ناو کۆمەڵگە ئێتنیکییەکاندا کاردانەوەی لێ دەکەوێتەوە. یەکێک لەو بابەتانەی کە لە لێکۆڵینەوە ئێتنیکییەکانی ئێراندا کاردانەوەی زۆری لێ دەکەوێتەوە و مشتومڕی زۆری لە سەرە، بەکارهێنانی چەمکی ئێتنیک (قەوم) بۆ عەرەب، تورک، کورد، بەلووچ، تورکمان و هتدە، چونکە بەشێک لە توێژەران و ڕێژەیەکی بەرفراوانی ئەندامانی سەر بەم گرووپە شوناسییانە، پێیان وایە کە یەکەی کەڵان و بەرفراوانی گشتیی ئەوان «نەتەوە»یە نەک «ئێتنیک»، بۆیە لە ڕوانگەی ئەوانەوە بەکارهێنانی ناوی ئێتنیک، چەشنێک لە بچووککردنەوە دێتە ئەژمار، کە بە چاوداخستن هەمبەر بە پاشخانی مێژوویی، سیستەمی فەرهەنگی و زمانی، ئەزموونە گرووپی و پێوەرە نەژادی و نیشتمانییەکان؛ هەوڵ دەدا شوناسی جەماوەرییان لە چوارچێوەی شوناسی ئێرانی و نەتەوەی ئێراندا قەتیس و یەکپارچە بکا، کە ئەنجامەکەی دەبێتە هۆی لاوازبوونی مافە نەتەوەییەکانیان و پێگەی ڕاستەقینەی ئەوان.

بۆیە بە تێڕوانین لە سەر چەمکی دووانەی «ئێتنیک/نەتەوە» لە ڕوانگەی ئاماژەپێکراوەوە، زۆر جار هەڵوێستگرتن و کاردانەوەیەکی توند و ڕەخنەئامێزانەی لێ دەکەوێتەوە. ئەم توێژینەوە وێڕای دانان بە گرنگیی پێوەرە زانستییەکان و ڕەچاوکردنی بیروڕای گشتیی ئێتنیکی سەبارەت بە بەکارهێنانی چەمکەکانی ئێتنیک و نەتەوە، پێی وایە کە عەرەب، تورک، کورد، بەلووچ، تورکمان و هتد، لە ڕووی هێما شوناسییەکانی وەکوو زمان، فەرهەنگ، پاشخانی مێژوویی، یادەوەرییە هاوبەشەکان و بە شێوەی هێزەکی هەموو هێما نەتەوەییەکانیان هەیە و تاکە توخمی ونبووی نەتەوە لە جەوهەری شوناسییاندا وڵاتێکی فەرمی، حکوومەت و سەروەریی نەتەوەییە. کەواتە لەم لێکۆڵینەوەدا بەکارنەهێنانی ناوی نەتەوە بۆ عەرەب و تورک و کورد و بەلووچ و تورکمان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئەو توخمە سیاسی - سەروەرییەی کە پشتڕاستکەرەوەی نەتەوەیە واتە حکوومەت و سەروەریی نەتەوەیی. خاڵێکی گرنگی تر دەگەڕێتەوە بۆ ئەدەبیاتی ئێتنۆگرافی و لێکۆڵینەوەی ئێتنیکی سەبارەت بە ئێران، کە تیایدا بەکارهێنانی وشەی «ئێتنیک» (بە دیاریکراوی مەبەست وشەی قەومە لە زمانی فارسیدا) بۆ عەرەب، تورک، کورد، بەلووچ، تورکمان و هتد، پێگەیەکی تا ڕادەیەک چەسپاوی هەیە و بێگومان هەر جۆرە داهێنان و نوێگەرێتییەکی چەمکی لەم بوارەدا، لە پێشدا پێویستی بە کۆمەڵێک ڕێوشوێنی تیۆری و چەمکناسییەوە هەیە بۆ ئەوەی لەم حاڵەتانەدا ڕێگری لە سەرلێشێواویی نموونەیی و چەمکی بگیرێت.

جگە لەمانەش، بە پێچەوانەی ئەو گۆشە نیگایە و ئەو ڕوانگەی کە بە سووکایەتییەوە لە ئێتنیک دەڕوانێ، چەمکی ئێتنیک لە ڕووی ماناوە چەمکێکە کە لە نەتەوە (میللەت) مێژوویی‌تر و ڕەسەنترە، لەبەر ئەوەی نەتەوە لە هەندێک لە بیچم و فۆرمەکانیدا، جیا لە یەکەیەکی نیشتمانی کە سنوورێکی فەرمی هەیە و سیستەمێکی حکوومەتی کە بەڕێوەی دەبا، لە زۆرێک لە هێما شوناسییە نەتەوەییەکان بێبەرییە. لەم توێژینەوەدا هێمای جوگرافیای فەرمیی نیشتمانی و ئەو سیستەمەی

کە دەتوانێ بەڕێوەی ببا، هێڵی جیاکەرەوەی چەمکەکانی «ئێتنیک» و «نەتەوە»یە و بەم پێیەش عەرەب، تورک، کورد، بەلووچ و تورکمان لە ئێراندا بە ئێتنیک دادەنرێن، لە کاتێکدا کە زۆربەی ئەم شوناسانە، لە ئاستی جیهانیدا یەکەی نیشتمانیی (دەوڵەت -نەتەوە)یان هەیە و بە نەتەوە هەژمار دەکرێن.

## ئێتنیکەکان و شوناسی مێژوویی ئێران

توێژینەوەکانی شوناسی جەماوەری، یەکێک لە پڕئالنگاریترین بابەتەکانی بواری توێژینەوە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانە، کە پێناسەکردن و سنووردارکردنەوەی بازنەی ئەم چەمکە و لقەکانی تەنانەت لە جیاوازترین و بێلایەنترین حاڵەتەکاندا، ڕووبەڕووی ئالنگاری و تێبینیی جددی بووەتەوە. ئەم بابەتە بە گشتی ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ دوو فاکتەری زۆر گرنگ و بنەڕەتی؛ فاکتەری یەکەم هەڵدەگەڕێتەوە بۆ سروشتی بزۆز و چالاکی شوناسی گشتی و نموونە زۆر و فرەچەشنەکانی لە ناو کۆمەڵگا مرۆییەکاندا، تایبەتمەندییەک کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە خستنە ڕووی پێناسە و پیشاندانی وێنەیەکی ڕوون کە هەڵگری هەموو لایەن و نموونەکان بێ، لە ئەنجامدا ڕووبەڕووی ڕەخنە و ئالنگاری ببێتەوە. فاکتەری دووەم ئەوەیە کە ئەنجامی لێکۆڵینەوە شوناسییەکان کە زۆر جار پڕ لە مشتومڕە، کاریگەریی لە سەر هزر و زەینی ئەو کەسانە دادەنێ کە سەر بەو گرووپانەن کە لێکۆڵینەوەیان لە سەر کراوە. کەواتە هەر جۆرە لێکۆڵینەوەیەک لەم بوارەدا پێویستی بە ڕەچاوکردنی کۆمەڵێک بنەمای زانستی و شێوازناسییە تێکڕای لە بەرچاوگرتنی بەستێنی گشتی.

کاتێک شرۆڤەکردنەوەی شوناسی گشتیی کەلان و پەیوەندییەکەی لەگەڵ شوناسە ئێتنیکییەکان لە مێژووی سێ هەزار ساڵەی پڕ لە هەوراز و نشێوی خاکی ئێران دەبێتە بابەتی لێکۆڵینەوە، ئەویش لە ئێستادا کە شایەتحاڵی زیاتر تەشەنەسەندنی ململانێی شوناسە گشتی و گرووپییەکان لە سەر ئاستە جیاجیاکاندایین، کە نموونەکەی ململانێی شوناسە ئێتنیکی - نەتەوەییەکانە، گرنگی و هەستیاریی پرسەکە تا دێ تۆختر دەبێت. هەر بۆیە لەم بەشەدا وێڕای ئاماژەکردن بەو مشتومڕە تیۆرییانەی کە سەبارەت بە شوناس و ئێتنیک لە مێژووی ئێراندا هەیە، هەوڵ دەدەین بە شێوەی بژاردەیی و گشتگیر خوێندنەوەیەکی وەسفی - مێژوویی بۆ بابەتەکە بخەینە ڕوو. ئامانجی سەرەکی ئەوەیە کە وێنەیەکی چالاک و ڕوون لە ڕەوتی بیچمگرتن و پەرەسەندنی شوناسی مێژوویی ئێران و ڕۆڵ و پێگەی شوناسی ئێتنیکی لەم پرۆسەدا بخرێتە ڕوو.

### چاخی کۆن، دروستبوونی یەکەم سیمای شوناسی ئێرانی

مێژووی خاکی ئێران، لە چاخی کۆنەوە هەتا سەردەمی هاوچەرخ، مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی ژیانی بەکۆمەڵی زۆرێک لە ئێتنیکەکانە، کە لە گەشەکردن و گۆڕانی شوناسی مێژوویی ئێران لە قۆناغە جیاجیاکاندا ڕۆڵێکی تەوەرییان هەبووە. بە پێی گێڕانەوە باوە مێژووییەکان، هاتنی

هـۆزە کۆچبـەرە ئاریەکان لە ناوچەی سـیبیریا و سـتێپەکانی قەوقازی باکوورەوە بـۆ فەلاتی ئێران خاڵی وەرچەرخانـی دروسـتبوونی شـوناس لە مێژووی کۆنی ئێـران بووە؛ کۆچبەرە کۆچەرییـەکان کە بە هۆی بارودۆخـی نالەبـاری ژینگەکەیـان بە دوای کەشوهەوایەکی گونجاوتردا زێدی ڕەسـەنیان بەجێهێشـت بـۆ ئـەوەی درێـژە بـە ژیانـی گشـتییان بـدەن و لـە درێـژەی کۆچـی بەلێشـاو و دوور و درێژیانـدا، وردە وردە هاتنـە نـاو هەنـدێ ناوچـەی فەلاتـی ئێـران و هیندسـتان و هەنـدێ ناوچـەی ئەوروپـای ئێسـتا. وەکـوو زۆربـەی کۆچـە مێژووییـە بەرفـراوان و بەردەوامـەکان، هاتنی گەلانـی ئاریایی بۆ ناوچـە ئاوەدان و شـیاوی نیشـتەجێبوونی فەلاتـی ئێـران کـە خۆی زێـد و ئاخێزگـەی شارسـتانییەتە کۆنەکانـی وەکوو میتانی، لۆلۆبی، گۆتی، کاسـی و شارسـتانییەتی ئیلامی بوو، لە پێشـدا کۆچەکەیان بە شێوەی تاقمی بچـووک و پەرشـوبڵاو بـووە و زۆربەی کۆچـەرەکان لە ناو کۆمەڵگای خانەخوێـدا دەتوانەوە، بەڵام لەگەڵ زیادبوونـی ڕێـژەی کۆچکـردن، کـە هەندێـک جار تێکەڵ بـە لەشکرکێشـی و خوێنڕشتن و لـە کۆتاییدا زاڵبـوون بـە سـەر دانیشـتوانی ڕەسـەنی ئـەم ناوچانـەدا دەبـوو، هەنـدێ لـە ناوچەکانـی فەلاتـی ئێران بوونـە شـوێنی ئێتنیکـە تازەهاتـووەکان (بیانـی، ١٣٩١، ٢٥-٢٧) کـە ناویـان نـا «ئێـران ویـج» (رضایی بـاغ بیـدی، ١٣٨٨، ٩) کـە بـە واتای خاکی ئارییەکانە و بناغەی ژیانی گشـتیی خۆیانیان لە سـەر ئەم خاکـەدا دامەزراند.

نیشـتەجێبوونی گەلانـی ئاریایـی لـە ناوچەکانـی فەلاتـی ئێـران کە بەشـێک لە جوگرافیـای وڵاتی ئەمـڕۆی ئێـران لـە خـۆ دەگرێ و دەسـتپێکردنی ژیانی ئاسـایی و فەرهەنگیی ئەم گەلـە تازەهاتووانە لە زێدی نوێی خۆیانە، سـەرەتای گێڕانەوەی مێژوویی بەشـی سـەرەکیی مێژووی ئێرانی کۆنە (٧٠٥ پ.ز - ٦٥١ز)، کـە لـە ڕووی سیاسـییەوە دامەزرانـی حکوومەتـی مـاد، ئیمپراتۆریەتـی هەخامەنیشـیەکان، زنجیـرە حکوومەتی سـلوکی و ئەشـکانی و ئیمپراتۆریەتی ساسـانی خاڵەکانـی وەرچەرخانیەتی.

گرنگتریـن هـۆزە ئاریاییەکانی نیشـتەجێی فەلاتی ئێران، مادەکان و پارسـەکان بـوون، کە لە ڕووی فەرهەنـگ و زمانـەوە نزیکایەتییەکـی یەکجـار پێکـەوە زۆریـان هەبـوو و ڕۆڵێکـی مێژوویـی کاریگەریان لـە سـەر بنیاتنانـی حوکمڕانـی و تەکووزیـی فەرهەنگـی - کۆمەڵایەتیی ئێـران لە چاخی کۆنـدا هەبوو. لـە نـاو گەلانـی ئاریاییـدا، مادەکان دوای دروسـتکردنی یەکێتییەکـی ناوخۆیی لە نێوان هـۆز و گرووپە جیاوازەکانیـان، کـە بە شـێوەیەکی سـەرەکی لـە ناوچەکانـی ڕۆژاوا و باکـووری ڕۆژاوای ئێـران لە بناری زاگـرۆس نیشـتەجێ ببوون، لـە دامەزراندنی یەکەمیـن حکوومەتی ئاریایی لە دەوروبەری سـاڵی ٧٠٥ پێـش زاییـن پێشـەنگ بـوون و هەتـا سـاڵی ٥٥٠ پێـش زاییـن فەرمانڕەواییـان کـردووە. دروسـتبوونی حکوومەتـی مـاد یەکێـک لـە خاڵـە وەرچەرخانەکانـی مێـژووی ئێرانـە کـە مژدەبەخشـی سـەرهەڵدانی ئارییـەکان بـەرەو دەسـەڵاتێکی زنجیرەیـی بـوو. جووڵەیـەک کـە دوای ئەویـش بـەردەوام بـوو و فـۆڕم و بیچمی بە ژیانی سیاسـی و فەرهەنگی لە فەلاتی ئێران و ناوچە و سـەرزەمینەکانی دیکەی بندەستیان دا (Yarshater, 2010, 225).

کوورشـی هەخامەنیشـی، دوای ئەوەی سـەرکردایەتیی پارسـەکانی گرتە دەست کە لە ناوچەکانی

باشووری ڕۆژاوای ئێراندا دەژیان، لە ساڵی ٥٥٠ پێش زایین کۆتایی بە دەسەڵاتی ماد هێنا و ئیمپراتۆریەتی هەخامەنیشی پێک هێنا، کە پاش دەستبەسەرداگرتنی پەیتا پەیتای چەندین ناوچە، لە سەردەمی کوورش و پاشاکانی دیکەی ئەم حکوومەتە بەتایبەت داریووشی گەورە و خەشایارشا، بووە هۆی دامەزراندنی گەورەترین ئیمپراتۆریەت لە جیهانی کۆندا، کە بەرفراوانیی خاکەکەی لەوپەڕی دەسەڵاتدا لە بەری ڕۆژاواوە باڵکان و ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی و لە لای ڕۆژهەڵاتەوە هەتا دۆڵی سیندی لە خۆ گرتبوو (Taagepera, 1979). لە ساڵی ٣٣٠ پێش زایین بە هێرشی ئەسکەندەری مەکدوونی و شکستهێنانی داریووشی سێیەم کە دوا پاشای هەخامەنیشیەکان بوو، ئیمپراتۆریەتی مەزنی هەخامەنیشیەکان هەڵپێچرا و لەگەڵ داگیرکەرانی ئێران لە لایەن ئەسکەندەر و جێنشینەکانیەوە، هەتا دەوروبەری ساڵی ٢٥٠ پێش زایین دەسەڵاتدارانی سلووکی بە فەرهەنگی هێلێنیستییەوە حوکمڕانیی ئێرانیان کرد (Yarshater, 2010, 212-224). بە دەسەڵات گەیشتنی پارتەکان، کە لە ئێتنیکە ئارییە نیشتەجێکانی ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران بوون، لاپەڕەیەکی دیکەی دەرکەوتنی دەسەڵاتی زنجیرەی گەلی ئاری لە چاخی کۆنە، کە بووە هۆی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی ئەشکانی و داڕمانی ئیمپراتۆریەتی سلووکییەکان. ئەشکانیان نزیکەی ٤٧١ ساڵ (٢٤٧ پێش زایین هەتا ٢٢٤ زایینی) فەرمانڕەواییان کردووە و لە لوتکەی دەسەڵاتیاندا فەرمانڕەوایی بەشێکی زۆری ڕۆژاوای ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاستیان کردووە (Dąbrowa, ٢٠١٦). دوایین زنجیرەی پاشایەتیی ئێرانی کۆن، حکوومەتی ساسانییەکان بوو کە لە ساڵی ٢٢٤ی زایینی دوای شکستدانی پارتییەکان هاتنە سەر دەسەڵات و هەتا ساڵی ٦٥١ی زایینی کە بە هۆی فەتحی ئیسلامییەکانەوە ڕووخا، بۆ ماوەی ٤٢٧ ساڵ ئیمپراتۆریەتیکی تا ڕادەیەک یەکگرتوو و تەکووزیان دامەزراند کە بە سەر جوگرافیایەکی فراوانی ڕۆژاوای ئاسیادا زاڵ بوون و لە پاڵ ئیمپراتۆریەتی ڕۆم - بیزەنتین بە یەکێک لە زلهێزە گەورەکانی سەردەمی خۆیان دادەنرێن.

ساسانیەکان کە لە هۆزە ئارییەکانی خاکی پارسەوە هاتبوون، جگە لە دەستگرتن بە سەر دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی، سیستەمێکی سیاسی و فەرهەنگی - شارستانییان دامەزراند، کە دیارترین تایبەتمەندییەکانی بریتی بوون لە بەدامەزراوەییکردنی قەوارەی سیاسی و هێزەکانی حکوومەت، و دروستکردنی سیستەمی فەرهەنگیی خوازراوی خۆیان لە ڕێگەی بە فەرمیکردنی ئایینی مەزدیسنا و زمانی فارسیی ناوەڕاست (پاڵەوی) (کریستنسن، ١٣٦٧ هەتاوی، ٦٩).

نزیکەی ١٤ سەدە مێژووی دێرینی خاکی ئێران (لە ٧٠٥ پ.ز هەتا ٦٥١ ز)، جگە لە سەردەمی باڵادەستیی سلووکییەکان نەبێ، ئێران گۆڕەپانی حوکمڕانیی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە نێوان دەسەلاتدارە ئارییەکان بوو کە لە فۆڕمی جۆراوجۆری وەکوو دەسەڵاتی خانخانی (مولوکوتەوایفی)یەوە بگرە هەتا دەگاتە دەسەڵاتی پاشایەتی و ئیمپراتۆریەتەکان نەک تەنها حوکمی ئێران بەڵکوو فەرمانڕەوایی هەندێک لە وڵاتانی نزیک و دووریشیان دەکرد. سەبارەت بە فەرهەنگ و شارستانییەتی باڵادەستی ئەم سەردەمە، دەتوانین ئاماژە بکەین بە چەندین هێمای پتەوی وەکوو:

ئایین و بیروباوەڕی مەزداپەرستی و زەردەشتی (یامائوچی، ١٣٩٠ هەتاوی)، زمانە بە ڕەچەڵەک ئێرانییەکان کە یەکێک لە لقەکانی هیندوئێرانییە، ئاسەوارە بیناسازییەکان و هەندێک بنەمای حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی قەڵەمڕەوە تا ڕادەیەک گەورەکان. لە ئەدەبیاتی مێژووی کۆنی ئێراندا ئارییاییەکان وەک گەلی ئاری و گەلانی ئاری ناو دەبرێن، کە بە پێی تایبەتمەندیی ژیانی بەکۆمەڵ و زێدی سەرەکیی ئارییەکان، شێوازی ژیانی کۆچەری، حەشیمەتێکی تا ڕادەیەک گەورە و نیشتەجێبوون لە ناوچەگەلێک بە جوگرافیایەکی فراوان و لێکبڵاوەوە ... بەکارهێنانی ناوی ئێتنیک بۆ ئەوان لە پێناسە زۆر سەرەتاییەکانیدا کە بە مانای ئەو گرووپە مرۆییانەیە کە خاوەن شێوازی ژیان و ئاخێزگەی زمانیی هاوبەشن، جێی قبووڵکردنە.

خێڵ و لقە جیاوازەکانی گەلی ئاری کە لە فەلاتی ئێراندا نیشتەجێ بوون، لە پاڵ ئێتنیکە کۆنترەکانی وەکوو گوتی، لۆلۆبی، میتانی و کاسییەکان لە قۆناغی یەکەمی چاخی کۆندا دانیشتووی خاکی ئێران بوون و ئەم پێکهاتە ئێتنیکییەش لە ژێر کاریگەریی دوو فاکتەری گرینگ هەمیشە گۆڕانیان بە سەردا هاتووە: یەکەم، جوگرافیای ئێران کە بە درێژایی مێژوو چوارڕیانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا و ناوچەکانی باکوور و باشوور بووە و هەمیشە لە بیچمی کۆچی بەکۆمەڵ، هێرشبردن، پەنابردن و هتد، ئێتنیک و گرووپی مرۆیی هەمەجۆر ڕوویان تێکردووە. دووەم: حکوومەتەکان هەمیشە لە ڕێگەی پەرەدان بە هەرێم و بازنەی دەسەڵاتیان، بە گۆڕانکاری و تێکەڵکردن و جێگۆڕکێی ئێتنیکی و گرووپییەوە فاکتەرێکی کاریگەر بوون. هەر بۆیە لە قۆناغە کۆنەکانی مێژووی ئێراندا، لە پاڵ زاڵبوونی ڕێژەیی سیاسی و فەرهەنگیی گەلانی ئارییایی، ژیانی گەلانی دیکە و گرووپە مرۆییەکانیش بەردەوام بووە، هاوکات لەگەڵ ئایینی پیرۆزی زەردەشتی و مەزداپەرستی، بیروباوەڕە ئەفسانەییەکان و ئایین و ئایینزاگەلی وەکوو جوولەکە، ئایینی میترایزم، ئایینی بودا، ئایینی مەسیحی، ئایینی مانەوی، ئایینی مەزدەک و زەروانیزمیش شوێنکەوتوویان هەبووە (قدیانی، ١٣٨١، ٩٢-١٠٤)، لە ڕووی زمانیشەوە، لەگەڵ زمانە ڕەچەڵەئێرانییەکانی سەر بە لقی هیندوئەورووپی، سەکایی، ئیلامی، یۆنانی، ئارامی، پاڵەویی ئەشکانی، ئاڤێستایی، بابلی و هتد باو بوون.

لە چاخی کۆنی ئێراندا، بەدەر لە قۆناغی باوبوونی شارستانیەتی هێلینیستی کە بە هۆی دەسەڵاتی سەد ساڵەی سلوکییەکانەوە بووە، کە باڵادەستی و بڵاوبوونەوەی توخمە فەرهەنگی، زمانەوانی و تەلارسازییە هێلینیستی و یۆنانییەکانی لێ کەوتەوە، لە قۆناغەکانی دیکەدا فۆرمەکانی فەرهەنگ و زمانی ئارییەکان زاڵ بووە، کە بە تێکەڵاوبوون لەگەڵ جوگرافیای خاکی ئێران و ئەزموونە مێژووییە هاوبەشەکانی ئەم گەلانە لە ژێر دەسەڵاتی ئەو حکوومەتانەی کە زۆربەیان سەر بە دەسەڵاتە ئارییەکان بوون وردە وردە پێکهاتەی جیاوازی گرتە خۆی کە لە مێژوونووسیی باودا لە ژێر ناونیشانی شوناسی کۆنی ئێراندا پێناسە و پۆلێنبەندی کراوە. شکی تێدا نییە کە نابێ چاوپۆشی لەوە بکرێ کە فەرهەنگ و زمانی ئێرانی کۆن کە بە ئارییایی ناسراوە، نابێ جۆرە تێڕوانینێکی نامێژووییمان تێدا دروست بکا

کە وا بزانین فەرهەنگ و زمانێکی گشتگیر و هاوبەشی نیشتمانی بوونی هەبووە، کە لە بنەڕەتدا لە وەها دۆخێکی مێژووییدا ئەم شتە نامومکینە، بەڵام ئەم بابەتە زیاتر دەلالەت لە سەر هەندێک هێڵە گشتییە هاوبەشە زمانی و فەرهەنگییەکان دەکا، کە ئەویش زۆر جار بەردەوام نەبووە، چونکە گۆڕانی حکوومەتەکان، کە تێکەڵ بە دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی ناوخۆیی لە ناو خانەدانەکان و ئێتنیکە دەسەڵاتدارەکان بووە، دەبووە هۆی ئەوەی کە گرووپە دەسەڵاتدارە نوێکان زیاترین هەوڵی خۆیان لە پێناو سڕینەوەی دەستکەوتە فەرهەنگی و شارستانییەکانی دەسەڵاتدارانی پێشوو چڕ بکەنەوە. ئەمەش لە گۆڕینی دەسەڵاتی ئەشکانییەکان بۆ دەسەڵاتی ساسانییەکاندا بەدی دەکرێ، چونکە ساسانییەکان هەموو هەوڵێکی خۆیان خستە گەڕ بۆ ئەوەی میراتی ئەشکانیان لە خاکی ئێراندا پاک بکەنەوە. (مەحمودآبادی، ١٣٧٩، ١٨٧-٢٠٤).

لە مێژووی کۆنی ئێراندا، ڕوونترین و تەکووزترین پێکهاتەی شوناسی ئێرانی لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ساسانیدا سەری هەڵدا. ساسانییەکان پاش چەسپاندنی بنەماکانی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی، بە دانانی سنووری خاکەکەیان لە ژێر ناوی ئێرانشار، بەرەو دامەزراندنی سیستمێکی فەرهەنگی و شارستانی لە سەر بنەمای ئایینی فەرمیی زەردەشت، خەتی پەهلەوی و جوگرافیایەکی سیاسی تا ڕادەیەک دیاریکراو، هەنگاویان نا؛ بە بڕوای ئەحمەد ئەشرەف، چەمکی «شوناسی ئێرانی» بە مانای ڕاستەقینەی لە سەدەی سێیەمی زایینی لە سەردەمی ساسانییەکاندا هاتە ئاراوە (اشرف، ١٣٨٣، ١٥). بۆیە دەتوانین سەردەمی کۆن بە سەردەمی دروستبوونی بناغەکانی شوناسی ئێرانی و دەرکەوتنی یەکەم سیمای ئەم شوناسە ناو بنێین.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بەڵگەنامە و لێکدانەوە مێژووییانەی کە سەبارەت بە مێژووی کۆنی ئێرانە، دەتوانین بەوەندە ڕازی بین کە پەیوەندیی نێوان شوناسی ئێتنیکی و شوناسی مێژوویی لە قۆناغە کۆنەکانی مێژووی ئێراندا پەیوەندییەکی فرەلایەن و بزۆز و بە هۆی کەمیی سەرچاوە و بەڵگەنامەی سەبارەت بە مێژووی کۆمەڵایەتی، تا ڕادەیەک ئاڵۆز و ناڕوونە، کە بە پێچەوانەی هەندێک لە لێکدانەوە تاکڕەهەند و ئایدیۆلۆژیکییەکان، نە دەرەنجامی کەڵەکەبوونی وردە وردە و بەردەوامی بەشداریی هەموو توخمە نەتەوەیی و گرووپییەکانە، و نە بەرهەمی کردەوەی وشیارانەی گشتییە. بەڵکوو دەرەنجامی ململانێ، دوژمنایەتی، شەڕ، کۆچ، گۆڕانکاری، سڕینەوە و ئاسیمیلەبوون، سازش و ئاشتی، و تێکەڵکردن و ئاوێتەبوونی هەموو ئەو توخمە مادی و مەعنەویانەیە کە لە ژێر کاریگەریی ژیانی بەکۆمەڵی هەموو گرووپە مرۆییەکانی دانیشتووی ئەم خاکەدان. بۆیە مێژووی ئێرانی کۆن، مادەی لێکدانەوەی خوێندنەوە و گێڕانەوە بێژمار و هەندێک جار لێکدژەکانە کە لە ڕەوتی دروستبوونی شوناسی ئێرانی و ڕۆڵ و پێگەی ئێتنیکەکان دەخرێنە ڕوو. ئەو گێڕانەوە پڕ لە مشتومڕانەی کە لە چوارچێوەی کۆمەڵێکی بەرفراوانی ئەو دیدگایانەدا دەخرێتە ڕوو کە هەندێکیان باوەڕیان بە شوناسی نیشتمانی و وڵاتیکی کۆن و دێرینە و هەندێک لەم دیدگایانەش باوەڕیان بە ڕەتکردنەوە و نکۆڵیکردنی هەموو ئەمانەیە کە خراونەتە ڕوو. ئەم ڕوانگانە بە گشتی لە هەندێک لە

مشتومڕ و دەمەقاڵە گوتارییەکانی هاوچەرخدا سەبارەت بە شوناسی نیشتمانی و ئێتنیکی لە ئێراندا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن.

## سەرهەڵدانی شوناسی ئێرانی- ئیسلامی و تێکەڵبوونی ئاسۆ شوناسییەکان

ڕووخانی ئیمپراتۆریەتیی ساسانی لە سەر دەستی موسڵمانان و هەڵکەوتنی ئێران لە ناو جوگرافیای تازە دامەزراوی خەلافەتی ئیسلامی لە ساڵی ٣١ی کۆچی مانگی، کۆتایی بە چاخی کۆن هێنا و سەردەمێکی نوێ بە ناوی «ئێران لە سەردەمی ئیسلامیدا» سەری هەڵدا. ئەم سەردەمە نوێیە کە لە ئەنجامی فەتحەکانی عەرەبە موسڵمانەکان و زاڵبوونیان بە سەر خاکی ئێران دەستی پێکرد، نەک هەر کاروباری دەسەڵات و سیستەمی حوکمڕانی گۆڕی، بەڵکوو کایەیەکی نوێی لە سەر ئاستی هەموو ڕەهەندە تاکایەتی و کۆمەڵایەتی و بواری مادی و ڕۆحییەکانی خەڵکی ئەم خاکە واتە ئێران بەدی هێنا.

ئایینی تازەهاتووی ئیسلام بە خستنە ڕووی بەرنامەیەکی فراوان و تەواو و گشتگیر بۆ هەموو کاروباری دنیا و قیامەت و ئیدعای ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی، بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی گشتگیر لە ژێر ناوی «ئوممەی ئیسلامی» (قورئان، سورەتی ئال عیمران، ئایەتی ١١٠) هەنگاوی نا، کە سەرەڕای پێشکەوتن و باڵادەستیی عەرەبە موسڵمانەکان، لە خەڵکانێک پێک هاتبوو کە هی خاک، نەژاد و فەرهەنگ و زمانە جۆراوجۆرەکان بوون کە یان لە ئەنجامی داگیرکاریی سەربازی و فەتحە ئیسلامییەکان بە هێزی سەربازی یان بە بانگهێشت و شێوازی ئاشتی و سازش ببوون بە بەشێک لە جوگرافیای خەلافەتی ئیسلامی.

بەم شێوە، باڵادەستیی ئایینی ئیسلامی و سیستەمی خەلافەتی ئیسلامی، بەو گۆڕانکارییەی کە لە بنەماکانی حوکمڕانی، ئایین و بیروباوەڕی جەماوەری، پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکان، زمان و هێما فەرهەنگی و شوێنەوارە مادییەکانی ژیانی گشتیدا بەدی هێنابوو، پایەکانی فەرهەنگ و شارستانیەتی ئێرانی ڕووبەڕووی ئالنگاری جیددی کردەوە، بناغەی یەکگرتوویی شوناسی ئێرانی لاواز کرد و یەکپارچەییەکەی تێک دا (کبیری، ١٣٨٩، ٧٧). چونکە لەگەڵ زاڵبوونی ئیسلام و خەلافەتی ئیسلامی، گرنگترین هێماکانی شوناسی مێژوویی ئێران لەو سەردەمەدا، لەوانە: یەکپارچەیی وڵات، ئایینی زەردەشت و زمانی فارسی ڕووبەڕووی لەناوچوون و فەوتان بوونەوە. سنوورەکانی خاکی ئێران لەگەڵ تێکەڵبوون بە جوگرافیای جیهانی ئیسلامی لێک ترازا و ئێران بوو بە بەشێک لە قەڵەمڕەوی خەلافەتی ئیسلامی کە لە لایەن ئەو فەرمانڕەوایانەی کە لە لایەن خەلافەتەوە دیاری کرابوون بەڕێوە دەبرا. ئایینی زەردەشتی وەک یەکێک لە کۆڵەکەکانی شوناسی ئێرانی کۆن لەگەڵ زاڵبوونی ئایینی ئیسلام بەرەو کزبوونەوە چوو و شوێنکەوتووانی ئەم ئایینە بە هۆکاری وەکوو: کاریگەریی ئامۆژە ئیسلامییەکان بە ئیدعای نەهێشتنی هەڵاواردن و تەقواتەوەری و سەروونەژادیبوون (آرنولد، ١٣٥٨ هەتاوی، ٢٩٩ و ١٥٢) و قبووڵکردنی ئایینی ئیسلام بە هۆی

خۆ بەدەستەوەدان لە جەنگ، یان خۆقوتاردان لە لێکەوتە قورسەکانی قبووڵنەکردنی ئایینی ئیسلام وەکوو پێدانی جزییە و زەختە کۆمەڵایەتییەکانی ناموسڵمانبوون، وردە وردە ئایینی ئیسلامیان قبووڵ کرد. (مفتخري و زماني، ١٣٩٠، ٥٣). ئەگەرچی ئیسلام ئایینی زەردەشتی لە ڕیزی ئەهلی کتێب لە قەڵەم دا، بەڵام پرۆسەی داکشان و پەراوێزخستنی ئایینی زەردەشتی وەها تاوی سەند کە لە سەدەکانی یەکەمی کۆچیدا، پەیڕەوانی ئایینی زەردەشتی بوونە کەمینەیەکی بچووک و سنووردار. زمانی فارسی کە بە یەکێک لە بناغەکانی شوناسی کۆنی ئێران دادەنرا، لە بەرامبەر زمانی عەرەبی کە زمانی وەحی و قورئان و عیبادەت لە ئیسلام بوو، ڕووبەڕووی ئالنگاریی قورس بووەوە.

تێهەڵکێشبوونی ئیسلام بە شوناسی خەڵک و سروشتی مێژووی نیشتمانیی ئێران، دەستپێکی ڕەوتێکی لێکنەپساو بوو کە هەتا سەردەمی ئێستاش بەردەوامە. ئیسلام لە ١٤ سەدەی ڕابردوودا گۆڕانکاریی قووڵی لە سەر پێکهاتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئێراندا دروست کردووە و دوای جێگیربوون، مۆر و نیشانەی خۆی بە قووڵی لە سەر مێژوو و شوناسی مێژوویی ئەم خاکەدا بەجێهێشت (کبیری، ١٣٨٩، ٧٨) و شوناسی گشتیی ئێرانییەکان و جۆری ڕوانینیان بەرامبەر بە جیهان و ڕەفتار و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسییانی ئاراستە کرد. بە شێوەیەک کە بەشێکی گرنگی توخمە شوناس‌سازەکانی ئێرانییەکان لە ئیسلامەوە سەرچاوە دەگرێت. ئیسلام لە چەند ڕەهەندەوە کاریگەری لە سەر شوناسی ئێرانی دانا و زەمینەی بۆ گۆڕینی بناغەکانی خۆش کرد. لایەنی یەکەم گۆڕانی بناغە ئایدۆلۆژیکی و فەرهەنگییەکان بوو، کە بە گشتی بووە هۆی لەناوچوونی بەشێکی زۆر لە فەرهەنگی کۆنی ئێران. ڕەهەندی دووەم گۆڕانکارییە جوگرافییەکان و تێکەڵبوونی ئێران بە گشتێتییەک بە ناوی قەڵەمڕەوی خەلافەتی ئیسلامی بوو. لە ڕەهەندە هەرە گرنگەکانی دیکە هەژموونی توخمی عەرەبی بە سەر کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا بوو. عەرەبەکان بە گرتنی وڵاتانی نوێ بە زەبری هێزی سەربازی – سیاسی و هەروەها ئیدعای نزیکایەتیی ئیسلام لەگەڵ ئاخێزگەی عەرەبی و زمانی عەرەبی، جۆرێک هەستیان بە سەرتری و لووتبەرزی دەکرد. هەروەها کرانەوەی دەروازەکانی ناوچە ئێرانییەکان بە ڕووی عەرەبەکان کە هاوکات لەگەڵ فەتحکردنەکان کە بە مەبەستی ئامانجی ئەمنی- سەربازی، خۆشگوزەرانی و بەدەستهێنانی ئیمکاناتی ژیانێکی لەبارتر و وەرگرتنی ئیقتاع[1] (لمبتون، ١٣٦٢، ١١٥)، پەنابەری و دەربازبوون لە ململانێ ناوخۆییەکان ئەنجام دەدرا، بووە هۆی ئەوەی کە هەندێک لە هۆزە عەرەبەکان بەرەو شوێنە دوور و نزیکەکانی ئێران لە کووفەوە هەتا خوراسان کۆچ بکەن. هەر چەندە بە پێی بەڵگە مێژووییەکان، ئەم کۆچکردنانە لە ڕووی چەندایەتییەوە ئەوەندە زۆر نەبوون کە پێکهاتەی دیمۆگرافیی ئێران بە شێوەی بەرچاو بگۆڕن، بەڵام لە پاڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کە بە هۆی بڵاوبوونەوەی ئیسلام و زمانی عەرەبییەوە بوو، توخمێکی ئێتنیکیی نوێ و بەهێز هاتە ناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی- سیاسییەکانی ئێرانەوە، کە

١. سیستەمی «ئیقتاع» بریتی بوو لە بەخشینی زەوی بە سەربازان و فەرماندەکان لە بەرامبەر خزمەتی سەربازیدا.

سەرەڕای تووانەوە و ئاسیمیلەبوون لە ناو کۆمەڵگای ئێراندا کاریگەرییەکانی خۆیان لە سەر ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێران بەجێهێشت (دهقانپور و بیات، ١٣٩١)، و وای کرد عەرەبەکان، کە لە سەردەمانی کۆنەوە پێشینەی ژیانکردنیان لە سەر خاکی ئێراندا هەبوو، بوونە توخمێکی کۆمەڵایەتیی بەهێزتر. لێکەوتەیەکی دیکەی ئەم بارودۆخە نوێیە، کرانەوەی مەرز و سنوورەکانی خاکی ئێران بەرەو ڕووی کۆچبەرانی ناوچە جیاجیاکان بوو کە هەتا بەر لەو کاتە بە هۆی پاراستنی توندوتۆڵی مەرز و سنوورەکانەوە وەها هەلێک یان بۆیان نەدەڕەخسا یان بە دژواری بۆیان مومکین دەبوو. ئەگەرێک کە دەرەنجامەکانی لە قۆناغەکانی دواتردا بووە هۆی گۆڕانکارییەکی قووڵتر لە سەر سیمای پێکهاتەی دیمۆگرافیی دانیشتوانی ئێران و گۆڕینی شوناسی ئێران.

بەم شێوە هاتنی ئیسلام بۆ ئێران لە ڕێگەی دابینکردنی بواری کۆچکردن بۆ عەرەبەکان و کۆتایی هێنان بە سیستەمی چینایەتیی سەردەمی ساسانی، جۆرێک جووڵەی کۆمەڵایەتی لە ئێراندا بەدی هێنا. کۆچبەرە عەرەبەکان لە ئێراندا، لە ئاڵوگۆڕە فەرهەنگییەکاندا، وردە وردە هەندێک لە تایبەتمەندییە فەرهەنگییەکانی ئێرانیان قبووڵ کرد (ابن حوقل، ١٣٦٦، ١١٣). هەڵبەت پرۆسەی فەرهەنگوەرگری، یەکلایەنە نەبووە و خەڵکی خاکە داگیرکراوەکانیش سوودیان لە هەندێک لە توخمە فەرهەنگییەکانی عەرەبە موسڵمانەکان وەرگرتبوو، لەوانەش زمانی عەرەبی و بەتایبەتی توخمی ئایین، کە عەرەبە کۆچبەرەکان لەگەڵ خۆیان هێنابوویان. تەنانەت کارتێکراویی هەندێک لە نۆموسڵمانەکان ئەوەندە بەهێز بوو کە نەک هەر وازیان لە ئایینی باب و باپیرانیان هێنا، بەڵکوو هەندێکیان وەها لەگەڵ ڕابردوویان بوون بە دوژمن کە بەدگۆییان دەکرد، تەنانەت ناو و ڕەچەڵەکیشیان گۆڕی و هەندێکیشیان ڕەچەڵەکی خۆیان بۆ عەرەبەکان، بۆ نموونە ئیسحاق ئیبنی ئیبراهیم، دەگەڕاندەوە (مسعودی، ١٣٦٥، ١٠١). لێکەوتەیەکی دیکەی کۆچی عەرەبەکان بۆ ناو خاکی ئێران، بڵاوبوونەوەی شێوازی ژیانی کۆچەری و شوانکارەیی بوو کە هەتا ئەوسا ئەم شێوازی ژیانە بە هۆی ئەوەی کە ژیانی یەکجێنشینی کە لە سەر بنەمای ژیانی کشتوکاڵییە لە زۆربەی ناوچەکانی ئێراندا دەبینرا، تا ڕادەیەک پەراوێز خرابوو، لەگەڵ هاتنی عەرەبەکان کە کۆچەری و شوانکارەییان بە مایەی سەربەرزی و شانازی دەزانی، دیسان بەرەوی سەندەوە، هەرچەندە دواتر کۆچبەرە عەرەبەکان بە لای شێوازی ژیانی یەکجێنشینیدا شکانەوە.

بەم جۆرە مێژووی ئێران لە دوو سەدەی یەکەمی کۆچیدا لە لایەن زانایانی مێژوو و ئێرانناسەکانەوە کەوتۆتە بەر لێکدانەوە جیاواز و هەندێک جار لێکدژەکان؛ بە جۆرێک کە هەندێک لە ژێر ناوی سەردەمی دارمان و بێهێزی و بێدەنگی ناوزەدیان کردووە و هەندێکی تریش ئەوە بە سەردەمی ڕزگاربوون لە سیستەمی سیاسی - کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی داخراو و بەرتەسکی ساسانییەکان دەزانن کە بووە هۆی بووژانەوە و گەشانەوەی ئێران و بەشداریی مەزن و پڕڕەنگی لە دامەزراندن و بەهێزکردنی فەرهەنگ و شارستانییەتی ئیسلامیدا . بەڵام ئەوەی لە سۆنگەی پەیوەندییە ئێتنیکییەکان و شوناسی مێژوویی ئێرانەوە گرنگە، هاتنی بەهێزی توخمی عەرەب بۆ ناو کایەکانی

ژیانی بەکۆمەڵی ئێران بوو بە دوو تایبەتمەندیی شێوازی ژیانی کۆچەری و زمانی عەرەبییەوە، کە ئیتر لەوساوە بوو بە زمانی ئایین و ئایدۆلۆژیای کۆمەڵگەی ئێران و هەروەها ئەوەی کە ئێران لە سۆنگەی سیاسییەوە هەتا چەندین سەدەی یەک لە دوای یەک حکوومەتێکی یەکدەستی نەبووە بەڵکوو مەیدانی حوکمڕانیی هاوکاتی چەند حکوومەتێک بوو، کە بە بڕوای ئەحمەد ئەشرەف، نزیکەی ٩ سەدە، واتە لە هاتنی ئیسلامەوە هەتا سەرهەڵدانی سەفەوییەکان، ئێران لە یەکگرتوویی سیاسی و ئێتنیکی بێبەش بوو (اشرف، ١٣٧٣، ٥٣٥).

ئێران لە قۆناغی زەمەنیی سەدەی دووهەم هەتا سەدەی پێنجەم شایەتحاڵی سەرهەڵدانی حکوومەتە خۆجێیەکانی ئێران بووە وەکوو: تاهیرییان، سامانییان، سەفارییان، و بزووتنەوە ئێرانییەکانی وەکوو ڕاپەڕینەکانی ئەبوو موسلیم خوراسانی، بێهئافەرید، سەنبادی مەجووس، ئوستادسیس، بابەک و هتد لە ژێر ناوی شعووبییە (ممتحن، ١٣٩٦) بووە کە پاراستن و نۆژەنکردنەوەی شوناسی مێژوویی ئێران، بووژاندنەوەی زمانی دەری و چاکسازیی ئایینیان کردبوو بە بەشێک لە ئامانجەکانیان. سەرنجێکی خێرا بەم ڕاپەڕینانە و ڕۆڵی ئێرانییەکان لە ڕووخاندنی خەلافەتی ئومەویدا کە ئیدعای گەڕاندنەوەی حکوومەتی ئیسلامی بۆ خانەدانی پێغەمبەریان دەکرد، پیشان دەدا کە ئەمانە تێدەکۆشان کە شوناسێکی ئێرانی - ئیسلامی لای ئێرانییەکان بچەسپێنن بۆ ئەوەی بەرهەڵستیی دەسەڵاتی عەرەبی بکەن (اشرف، ١٣٩٥، ٣١-٨٠؛ & گودرزی، ١٣٨٧، ٣٦). ئەم سەردەمە کە لە مێژوونووسیی ئێراندا بە «ڕێنێسانسی ئێران» و «سەردەمی زێڕین» ناو دەبرێ، دەستکەوتی ئەدەبی و فەرهەنگی بەرچاوی هەبووە کە ڕۆڵێکی کاریگەریان لە دامەزراندنی و چەسپاندنی بناغە نوێکانی فەرهەنگی ئێراندا هەبووە .

## شوناسی مێژوویی ئێران لە سەردەمی دەسەڵاتی تورکاندا

قۆناغی حوکمڕانیی حکوومەتە خۆجێیە ئێرانییەکان کە مینۆرسکی ناوی لێنا بوو «ناوبڕی ئێرانی» (رشتیانی، ١٣٩٥، ١٢٥)، قۆناغێکی تا ڕادەیەک کورت بوو کە بە باڵادەستیی هۆز و حکوومەتە تورکەکان بە سەر جوگرافیای ئێراندا کۆتایی هات و چووە سەردەمێکی دیکە. بەدەسەڵات گەیشتنی هۆزە تورکەکانی غەزنەوی، سەلجووقی، و خارەزمشایی (٩٧٧-١٢١٩ز) لە ئێران و زۆرێک لە وڵاتانی دیکە، لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بگرە هەتا دەگاتە ئەنادۆڵ، کە لە هەندێک بڕگەی مێژووییدا دامەزرانی ئیمپراتۆریەتی گەورە و بەهێزی لێ کەوتۆتەوە، ڕەگ و ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ کۆچی بە لێشاوی هۆزە تورکەکان لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو فەلاتی ئێران و سەرزەمینە نوێیەکانی دیکە و ئەو ڕۆڵە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە لە چوارچێوەی یەکێتیی هۆزەکاندا لەم قەڵەمڕەوە نوێیەدا بوویانە. بە جۆرێک کە سەلجووقییەکان لە شەڕی مەلازگەرد بە شکستدانی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتین، بازنەی دەسەڵات و سنووره ئێتنیکییەکانی خۆیان هەتا ئەنادۆڵ و شامات پەرە پێ دا (امامی‌خویی، ١٣٨٤).

حوکمڕانیی هۆزە تورکە سوننە مەزهەبەکان کە بۆ سەرخستنی خۆیان شارەزایانە کەڵکیان لە وەدەستهێنانی شەرعییەتی سیستەمی خەلافەت وەردەگرت، جیا لە بواری دەسەڵات و سیاسەت، لە مەیدانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیشدا لاپەڕی سەردەمێکی نوێیان هەڵداوە کە لە ڕووی گۆڕانکارییە شوناسییەکانەوە زۆر گرنگن. یەکەم: تورک و تایبەتمەندییە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانیان وەکوو شێوازی ژیانی کۆچەری و زمانی تورکی، لە خاکی ئێراندا بوون بە توخمێکی کاریگەر. بێگومان هەژموون و زاڵبوونی هۆزە تورکەکان لەم قۆناغەدا، سەرەڕای ئەوەی پشتبەستنیان بە باڵادەستیی سەربازی - هێز، لە قۆناغەکانی دواتردا هەنگاویان بەرەو سازان و پێکەوە ژیان لەگەڵ هۆز و گەلانی ڕەسەنی دیکەدا هەڵێنا، کە ئەم تایبەتمەندییە لە جۆری حوکمڕانیی هۆزە تورکەکان لە ئێرانیشدا زیاتر خۆی دەرخست، بە جۆرێک کە لە سای حکوومەتی ئەواندا ئێران شاهیدی قۆناغی درەوشاوەی فەرهەنگی و زمانی بوو، مێژووی ئەدەب و فەرهەنگی ئێران لەم قۆناغەدا پڕە لە کەسایەتیی ئەدەبی، زانستی، فەلسەفی و شاعیر و حەکیم کە بە پێشەنگی مێژووی ئێران و زمانی فارسی لە هەموو سەدەکاندا دەناسرێن. هاوکات لەگەڵ بەردەوامی و گەشەی زمانی فارسیی دەری لەم سەردەمەدا، جگە لە کاریگەری و کارتێکراویی زمانی کۆچبەرە تازە هاتووەکان لەگەڵ دانیشتووانی ناوچە جیاجیاکان، یەکێک لەو گۆڕانکارییە بەرچاوەی کە لە بواری زماندا ڕووی دا ئەوە بوو کە زمانی تورکی لە بواری سەربازیدا بوو بە زمانی باڵادەست، چونکە کاروباری سەربازی لە بەردەستی تورکە شێر بەدەستەکان بوو و هەر بۆیەش وشەسازی و ئەدەبیاتیان لە حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکاندا وەک زمانی بواری سەربازیی ئێران برەوی سەند (غازی اوزگونلی، ١٣٩٦، ٣٨). ئەسپاردنی کاروباری ئیداریی وڵات بە وەزیر و دیوانسالارە پێشەنگەکانی وەکوو خواجە نیزامولمولکیش بووە هۆی ئەوەی کە مێژووی ئێران شایەتحاڵی یەکێک لە سەردەمە هەرە شکۆمەندەکانی دیوانسالاری و ڕێکخستنی یەکدەستی ئیداری بێت.

بوونی تورک لە ناو پێکهاتەی دیمۆگرافی و ئێتنیکیی ئێراندا، لە ڕەوتی وەرچەرخانەکانی شوناسی مێژوویی ئێراندا گۆڕانکارییەکی دیکەی بەدی هێنا کە دەرەنجامەکانی لە ئاوێتەیی نیژادی و لێکبڵاویی زمانیی ئێراندا چەسپاوە. ئەم دوو بەیتەی خوارەوە لە شاهنامەکەی فیردەوسی ئەم دۆخە مێژووییە بە باشی وێنا دەکا:

لە ئێران و لە تورک و لە تازیەکان نەژادێک دەکەوێتە کایە و نێوان

نە دیهقان، نە تورک و نە تازی دەبێ پەیڤەکان چەشنی یاری[1] دەبێ (فردوسی، ١٩٦٠، ٣١٩).

---

١. ز ایران و از تُرک و از تازیان نژادی پدید آید اندر میان

نه دهقان، نه تُرک و نه تازی بود سخنها به کردار بازی بود

## داگیرکارییەکانی مەغۆل و کاولکردنی بناغەکانی شوناسی مێژوویی

سەردەمی حکوومەتی تورکەکان لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمی کۆچی (١٢١٩-١٢٥٦ز) هەڵپێچرا و پاش ڕووخانی خارەزمشاکان لە سەر دەستی جەنگیز و نەوەکانی و دوابەدوای هێرشە وێرانکەرەکانی مەغۆلەکان لە ساڵی ٦١٦-٦٥٤ کۆچی (١٢١٩-١٢٥٦ز)، یەکێک لە سەختترین و دژوارترین قۆناغەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە زۆربەی ناوچەکانی ئێران و زۆرێک لە ناوچەکانی دیکەی دراوسێ دەستی پێکرد، قۆناغێک کە گیان و ماڵی خەڵک هیچی نەما و زۆربەی ژێرخانە فەرهەنگی و شارستانییەتەکان لەناو چوون.

ئەو نەهامەتی و بەڵا گەورەی کە لە لایەن ئێلغاری مەغۆلەکانەوە بەسەر خەڵکی ناوچە داگیرکراوەکاندا هات، گێڕانەوەی زۆربەی سەرچاوە و بەڵگەنامە مێژووییەکانی ئەو سەردەمەیە، هەر وەکوو چۆن مێژوونووسی بارەگای مەغۆلەکان، عەتامەلەک جوڤەینی، لە سەر ئەم بابەتە دەنووسێ: «... بەتایبەت، بیلادی ئیسلام لە سەر مەرزەکانی تورکستانەوە هەتا نوقتە نوقتەی شام هەر جێیەک پاتشایەک بوو یا خاوەن گۆشەیەک یان ئەمینداری شارێک کە خیلافی باو لەگەڵ خانەوادە، دۆست و خزم و بێگانەکان قەلاچۆیان کردن، تا ئەو ئەندازەی کە لە هەر شوێنێک سەد هەزار کەس هەبووایە، سەد کەسیشی لێ نەما و شەرحی ئەحواڵی شارەکان ئەم قسەی من تەسدیق دەکا (عطاملک جوینی، ١٣٨٢، ١٧). لەگەڵ لەشکرکێشی مەغۆلەکان و دەستگرتنی بەردەوامیان بە سەر هەموو بەشەکانی ئێراندا، سەردەمێکی دارمان دەستی پێکرد، بە جۆرێک کە هەموو لایەنەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵ و کاروباری مادی و مەعنەویی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگای ڕووخاند و شوناسی گشتیی ئێرانی تووشی قەیرانی بنیاتی کردەوە.

ئەم هێرشانە لە پلەی یەکەمدا بووە هۆی قەیرانێکی حەشیمەتناسیی، کە ئەمەش بە هۆی کوشتن و بەدیلگرتن و ڕاگواستن و هەڵاتن و کۆچکردنی خۆخوازانە و زۆرەملێی دانیشتوانی شار و ناوچە پەلاماردراوەکان بوو، بە جۆرێک کە هەندێک لە ڕاپۆرتە مێژووییەکان گوزارشت لە وێرانکردنی تەواو و چۆڵبوونی هەندێک لە شارەکان و ناوەندە فەرهەنگییەکان دەکەن. لە سەرچاوە مێژووییەکاندا باس لە کۆمەڵکوژیی لە چەند هەزار کەسەوە هەتا کۆمەڵکوژیی ملیۆنان کەس لە شارەکانی ئێران بە تایبەت خوراسان دەکەن (عباسی و یارمحمدی، ١٣٩١، ١٢١ & اقبال آشتیانی، ١٣٨٨، ٥٣، ٦٥، ٨٢، ١٣٨، ١٥٧)

ڕاگواستنی گەورەی حەشیمەت بە هۆی هاتنی هۆزەکانی مەغۆل و کۆچکردنی زۆرەملێی دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە کە لە لایەک ڕوویان لە نیمچە کیشوەری هیندستان و چین کرد و لە لایەکی دیکەشەوە ڕێگەی ئاسیای بچووک و قەوقاز و شام و تەنانەت میسریشیان گرتە بەر (عباسی و یارمحمدی، ١٣٩١، ١٢٤)، کە ئەمە یەکێکی دیکە لە لێکەوتە ئاشکراکانی ئەم هێرشە بوو. ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە سەر بنەمای بەڵگەنامە مێژووییەکانن ئەم دۆخەیان بە باشی پیشان داوە، بۆ نموونە پەلاماری مەغۆل گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە سەر پێکهاتەی دیمۆگرافیای خوراسان

دروست کرد و بناغەی بەشێکی گرنگ لە پێکهاتەی دیمۆگرافیای دواتری ئەم ناوچە لەم قۆناغەدا دانرا (عباسی و یارمحمدی، ١٣٩١،١٣٤).

ئەوەی دوای خاپوورکردنەکانی مەغۆلەکان بە جێ ما ئەمانە بوون: ژێرخانە ئابوورییەکان ڕووخان، ئاستی زانست دابەزی، ژیانی مەدەنی چەقی بەست، هزرمەندی بەرەو کزبوونەوە چوو، هۆگری بۆ سۆفیگەری و تۆبەکاری ڕووی لە زیادبوون کرد، ئاسایش و ئارامی تەنگی پێ هەڵچنرا (بویل، ١٣٩٨ هەتاوی، ١٧٤-١٨٠) و بە گشتی کۆمەڵگا لەبەر یەک هەڵوەشاوە کە وێناکردنی کارێکی زۆر ئەستەمە.

دیارترین سیمای شوناسی مێژوویی خەڵکی ئەو سەردەمە، ئەو گۆڕانکارییە چەندایەتییەی کە لە ئەنجامی کوشتن و دیلبوون و کۆچی زۆرەملێی دانیشتوانی ڕەسەن و نیشتەجێکردنی هۆزە مەغۆلییەکان سەری هەڵدا، گۆڕانکارییەکی خەڵکناسی و زیندەوەرناسی لە سەر زۆرێک لە ناوچەکان دانا، هەروەها ئەوەی کە هاتنی کۆچەرە مەغۆلەکان بووە هۆی بڵاوبوونەوەی شێوازی ژیانی ئاژەڵداری و کۆچەری (عباسی و یارمحمدی، ١٣٩١ ، ١٣١). ئەم بابەتانە تێکڕای کاریگەریی ئەو گرووپانەی کە بە ئامانجی سەربازی و هتد لە شارە سەرسەوزەکان و ئەو شارانەی کە پێگەی دەستراگەیشتنیان باش بوو نیشتەجێ ببوون (عباسی و یارمحمدی، ١٣٩١ ، ١٣١) و هەروەها چینێکی فەرمانڕەوا کە حکوومەتی ئیلخانییان دامەزراند، پێکەوە بوونە هۆی ئەوەی زمان و هەندێک لە هێما فەرهەنگییەکانیان وردە وردە بڵاو ببێتەوە و کاریگەرییەکی دیاریان لە سەر فەرهەنگ و زمانی گشتیی گەلی ئێران دانا، لەوانەش بازنەی وشەی زمانی فارسی. ئەو وشانەی کە دزەیان کردە ناو کتێبە مێژوونوسییەکانی سەردەمی مەغۆلەکان، شێعر و بەرهەمە ئەدەبییەکان، هەروەها ناونیشان و نازناوی کاربەدەستانی سەردەمی ئیلخانی نموونەی ئاشکرای ئەم کاریگەرییە زمانییەیە (انصاری‌احمدسرایی، ١٣٩٨ ، ١٠ و باقری میشنی، ١٣٧٨ ، ٤٠-٤٢).

ڕەهەندێکی تری گۆڕانی شوناسی ئەم دۆخە بریتییە لە کۆچی گرووپ و جەماعەتی ناوچە جیاجیاکان لە ئێرانەوە بەرەو وڵاتانی دراوسێ لە هیندستانەوە بگرە هەتا شام کە بووە هۆی تێکەڵاوبوون و پێکەوەژیان و گۆڕانی شوناس لەگەڵ کۆمەڵگا خانەخوێکان و لە ئەنجامدا فەرهەنگ، زمان و تایبەتمەندیی نەژادییان لەگەڵ خۆیاندا گواستەوە و زەمینە بۆ بڵاوبوونەوەکردنیان خۆش کرد، بۆ نموونە؛ ڕێژەی بوونی خوراسانییەکان لە ناوچەکانی دیکەی ئێران و تەنانەت لە دەرەوەی ئێران لە سەردەمی مەغۆلەکاندا بە ڕادەیەک بوو کە لە هەندێک لە شار و ناوچەکانی وەکوو بەغدا و ئاسیای بچووک و هیندستان نازناوی وەکوو «خوراسانی» یان «خوراسانیان» بۆ ناساندنی تاک و گرووپەکان بەکار دەهێنا (عباسی و یارمحمدی، ١٣٩١ ، ١٣١).

کەوتنی خەلافەتی بەغدا لە سەر دەستی هۆلاکۆخانی مەغۆل کە بە ناوەند و میحوەری دارولئیسلام دادەنرا، لە ڕاستیدا بەو مانا بوو کە چیتر پێویست ناکا حکوومەتە ئیسلامییەکان لە لایەن خەلیفەکانەوە شەرعیەتی سیاسییان پێ بدرێت. بەم شێوە مەغۆلەکان نەک هەر بۆ

ماوەی چەند دەیە ئایینی ئیسلامیان وەک ئایینی فەرمیی قەڵەمڕەوی خۆیان نەناساند، بەڵکوو لە سەرەتاشدا هەوڵیان دا کە ئاییني مەسیحی لە ئێراندا بڵاو بکەنەوە. ئەمانە هەموو نیشاندەری ئەوە بوو کە گۆڕانێکی بنەڕەتی لە بناغەکانی شەرعییەتی سیستەمی سیاسی لە سەردەمی سەلجووقەوە بۆ سەردەمی ئیلخانی بەدی هات (اشرف، ١٣٩٥، ١٢٧). لە ڕاستیدا ڕووخانی خەلافەتی عەباسی لە سەر دەستی مەغۆلەکان و هەڵوەشاندنەوەی میکانیزمی شەرعییەتدانی سیستەمی خەلافەت بە فەرمانڕەواکانی وڵاتانی ئیسلامی، هەرچەندە زەمینە بۆ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە پەیوەندییە سیاسی و فەرهەنگییەکانی وڵاتانی کۆمەڵگا سیاسییە موسڵمانەکان لەوانەش ئێران ڕەخسا و وەک هەلێکی نوێ بۆ پرۆسەی شوناسدۆزی نیشتمانی لە قەڵەم دەدرا، بەڵام ئەم دەرفەتە نوێیە بە هۆی دەرهاویشتەکانی هێرشی مەغۆلەکان و لەناوچوونی کارگوزاران و پێکهاتە شوناسسازەکان ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە بووەوە.

دەتوانین بڵێین کە گۆڕانکاری لە مانای جوگرافیایی ئێران یەکێک لە دیاردە شوناسییە گرینگەکان لە مێژوونووسی و ئاسەواری جوگرافیای مێژوویی سەردەمی ئیلخانان بووە. لە سەردەمی ئیلخاناتدا چەمکی جوگرافیای خاکی ئێران دوای لەشکرکێشیی عەرەبەکان بۆ یەکەم جار بووەوە بەو ئەو چەمکەی کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا دروست کرابوو، هۆکاری سەرەکیی ئەم گۆڕانکارییە یەک: کۆبوونەوەی ویلایەتە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە ناو قەڵەمڕەوی ئیلخانان و ئەوی تر کەمبوونەوەی دەمارگرژیی سوننەگەرایی تورکانی غەزنەوی و سەلجوقییە کە چاوی بە شوناسی ئێرانی هەڵنەدەهات. هەر لەبەر ئەم هۆکارە لە دەقە مێژوویی و جوگرافییەکانی پێش ئیلخانەکان، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئاماژە بە ئییالەت و ویلایەتەکانی جیهانی ئیسلام کراوە، لە حاڵێکدا لە سەردەمی ئیلخانەکان و دوای ئەوە، بە ئیالەت و ویلایاتی ئێران ئاماژەیان پێ کراوە (اشرف، ١٣٩٥، ١٣٥).

### حکوومەتە خانخانییەکان و پەرتەوازەیی لە شوناسی نیشتمانیدا

هاتنی کۆچبەران و داگیرکەران لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە و لێکەوتە شوناسییەکانی، ڕەوتێک نەبوو کە بە دامەزراندنی دەسەڵاتی حکوومەتی ئیلخانانی مەغۆل کۆتایی پێ بێت، بەڵکوو لە قۆناغەکانی دواتردا وەک فاکتەرێکی بنەڕەتی لە ناو وەرچەرخانە سیاسی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مێژووی ئێراندا مایەوە و ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لە گۆڕانکارییەکانی شوناسی مێژوویی ئێراندا گێڕا. کۆتایی هاتنی ئیمپراتۆریەتی ئیلخانی لەساڵی ٧٥٠ کۆچی دارمانێکی لێ کەوتەوە کە لە غیابی هێزێکی ڕکابەر و بەدیلێکی بەهێزدا، قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکەیان پارچەپارچە بوو و نزیکەی بیست ڕکابەری ناوخۆیی و بچووک بە نیازی سەپاندنی دەسەڵات چوونە ناو مەیدانەوە کە لە مێژووی ئێراندا بە «حکوومەتە مولوکوتەوایفی» واتا خانخانییەکان ناسراون. ڕکابەرە بەشداربووەکانی ئەم ململانێیە بە سەر سێ تاقمدا ساغ دەبوونەوە: دیارترینیان فەرمانڕەوا زۆرەکانی بنەماڵەی جەنگیزخان بوون، کە هەوڵیان دەدا دەسەڵاتی ناوەندیی مەغۆلەکان بگەڕێننەوە.

گرووپـی دووەم نوێنـەری دەسـەڵاتە خۆجێییـەکان یـان بنەماڵە پلە بـاڵاکان بوون کە وەک سـەردار یان خزمەتکارانـی پلـە بـاڵای دەوڵـەت لـە خزمەتـی ئیلخانییـەکان بـوون و هەروەهـا سـەرکردەی یەکێتییە بەهێـزە خێڵەکییـەکان و دواجـار گرووپەکانـی تـر کە بە لایانـەوە گرنگ بوو کە شـوێنکەوتەی ئایینی لە بزووتنـەوە شـیعەکان یـان توندڕەوەکان بکەن و هیـچ خانەدان یان وجاغزادەیان بـە هەند وەرنەدەگرت. بەربەرەکانێـی دەسـەڵات لـە نێـوان ئـەو گرووپانـەدا بـۆ مـاوەی نیـو سـەدە بـەردەوام بـوو و پرسـێک بـە نـاو یەکڕیزیـی نیشـتمانی بـۆ ئەوان بوونـی دەرەکی نەبـوو و لەم بـوارەدا هـاوکاری و تەبایـی نەدەبینرا. بناغـەی زۆربـەی ئـەم حکوومەتانـە لـە سـەر بنەمـای پەیوەنـدی و هاوپەیمانیـی ناوچەیـی و خێڵەکـی تۆکمـە بـوو و نوێنەرایەتیـی بەرژەوەندیـی ئـەو گرووپانەیـان دەکـرد و دەرفەتێکیـان بـۆ هەندێـک لـە دەسـەڵاتە ناوچەییـەکان ڕەخسـاند بـۆ ئەوەی بە پشـتبەسـتن بـە نەریت و زمـان و فەرهەنگـی ناوچەیی خۆیـان پەیوەندییـە حوکمڕانـی و دیوانسـالارییەکان بەڕێـوە ببەن.

لـەو مـاوەدا کۆمەڵـگای ئێرانیـش بـە هـۆی شـەڕی بەردەوامـی دەسـەڵاتە خۆجێییەکانەوە تووشـی زیان و زەرەرێکی زۆر هاتبوو. ئەم بارودۆخە هەتا سـەرهەڵدانی دەسـەڵاتێکی تر لە ئاسیای ناوەڕاست بـە نـاوی تەیمـوور گوورکانـی و هاتنـی بۆ نـاو ئێران بـەردەوام بـوو، هەتا ئەوەی کـە زۆربـەی خوازیارانی دەسـەڵات تەسـلیمی دەسـەڵاتەکەی بوون و ئێـران دوای زنجیرەیەک لە هێرش و پەلامـاری کاولکارانە




وێنەی ژمارە ٢-١: ئێران لە سەردەمی مولوکوتەوایفی دوای ئیلخانییەکان

و قەڵاچۆکردنی بەرفراوان، جارێکی دیکە بووەوە بە بەشێک لە قەڵەمڕەوی حکوومەتی تورکی – مەغۆلی (تاریخ کمبریج تیموریان، ١٣٧٩، ١١-١٢)، کە لە ساڵانی ٧٧١ تا ٩١٣ی کۆچی مانگی (١٥٠٧-١٣٧٠ ز) لە ئێراندا حوکمڕان بوون و دوا بە دوای حکوومەتە تورکی - مەغۆلییەکان کاریگەرییان لە سەر پێکهاتەی فەرهەنگی - شارستانی و سیستەمی کۆمەڵایەتی و ژیانی خەڵکی ڕەسەن دانا، تا ئەو ڕادەی کە هەندێک لە شارەزایان باسی جۆرێک لە فەرهەنگ و نەریتی تورکی - ئێرانی بۆ ناونانی ئەم ئاوێتە مێژووییە دەکەن. (Canfield, 2002).

بەگشتی سەقامگیربوونی دەوڵەتە گەورەکانی سەلجووقی و ئیلخانە مەغۆلەکان و تەیمووریان و تورکمانەکانی ئاق‌قویونلو، ئاماژە بۆ هەژموون و باڵادەستیی سیاسی ئەو خێڵانە بە سەر خاکی ئێراندا دەکەن، بە باوەڕی ئەحمەد ئەشرەف لەم سەردەمەدا سەرباری سستی و بێهێزیی سیاسی و نەتەوەیی چەند شتێک مابوونەوە. یەکێکیان ئێتنیکە ئێرانییەکانە کە وەک عەجەم لە هەمبەر عەرەب، و تاجیکەکان بەرامبەر بە تورک دەناسرێن و شوناسێکی تایبەت بۆ ئێرانییەکان دیاری دەکات، ئەوی دیکەیان خاکی ئێرانە کە لە چەمکی جوگرافیای خۆیدا وەک ناوەندی جیهان بەردەوام دەبێت. سێیەمیشیان بریتییە لە ئوستوورەکانی ئافراندنی مرۆڤ و دەرکەوتنی گەلانی ئێرانە کە تێکەڵ بە ئەفسانە ئیسلامییەکان دەبێ و سەقامگیری دەبێ و یارمەتیی بەردەوامیی شوناسی ئێرانی دەدەن و لە سەرووی هەمووشیانەوە زمانی دەری دەگەشێتەوە کە هەڵگر و پارێزەری فەرهەنگی دەوڵەمەند و شوناسی ئێرانی دەبێت (اشرف، ١٣٩٣، ٥٣٦).

## سەفەوییەکان، دامەزرێنەرانی شوناسی نوێی ئێرانی

لەگەڵ کزبوونەوەی دەسەڵاتی تەیموورییەکان، ئێران جارێکی تر بوو بە گۆڕەپانی پێکدادانی خانخانی و ڕەمبازگەی هێرشی هۆزە تورکمانەکان کە ئەوە بە شەپۆلی سێیەمی لەشکرکێشیی تورکمانەکان بۆ سەر ئێران لە قەڵەم دەدەن. لەو نێوەندەدا ئاق‌قویونلووەکان ویلایەتە پەرشوبڵاوەکانی ئێرانیان یەک خستەوە و بە جۆرێک ڕێگەیان بۆ دامەزراندنی حکوومەتی سەفەوی خۆش کرد. هەر بەم ئامادەکارییانە بوو کە شاسماعیلی سەفەوی بە سەرکوتکردنی ئاق‌قویونلووەکان و ڕکابەرەکانی دیکەی، حکوومەتی سەفەوییەی دامەزراند و هەنگاوی بەرەو گەڕاندنەوەی شوناسی مێژوویی ئێران نا (اشرف، ١٣٩٥، ١٤٣). لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی سەفەوییەکان، سەردەمێکی نوێ لە بیچمگرتنی شوناسی مێژوویی ئێران دەستی پێکرد، کە وێڕای گێڕانەوە مێژووییەکان و خوێندنەوە تیۆرییە جۆراوجۆرەکان کە لەبارەیەوە خراوەتە ڕوو، پڕکاریگەرترین وەرچەرخانی شوناسیی پێش‌مۆدێرنی مێژووی ئێران بوو کە دەرکەوتنی شوناسی نوێی نیشتمانیی لە ئێرانی هاوچەرخی لێ کەوتەوە. بە واتایەکی تر لە سەردەمی سەفەوییەدا کە زۆر جار بە سەرەتای مێژووی نوێی ئێرانی دادەنێن (Matthee, 2014)، لەگەڵ دامەزرانی حکوومەتی ناوەندی، چەمکی ئێران، دوای نۆسەد ساڵ سستی و بێهێزی، ڕەنگ و ڕووی سیاسی و ئایینی بە خۆوە گرت و بوو بە هەوێنی وەرچەرخان

و گوورانـی شوناسـی نەتەوەیـی لـە سـەردەمی نوێدا (اشرف، ١٣٩٣، ١٤٣).

سـەفەوییەکان بـە دروسـتکردنی یەکڕیزیـی نیشـتمانی لـە بەشـە پارچـە پارچەکراوەکانـی فەلاتـی ئێـران و هەندێـک ناوچـەی دراوسـێ و بـە فەرمیکردنـی ئایینـی شـیعە و زمانـی فارسـی و پتەوکردنـی بناغەکانـی حکوومـەت، سـەرکەوتووانە کۆتاییـان بـە چەنـد سـەدە پارچەپارچەبوونـی وڵاتـی ئێـران و لاوازبوونـی توخمـە شوناسـییەکانی مێـژووی ئێـران هێنـا و بـە تێکەڵکردنـی چەمکـە کۆنەکانـی ئێـران واتـە «ئێـران زەمیـن و شاهەنشـاهی»ی سـەردەمی ساسـانییەکان لەگـەڵ ئامۆژەکانـی ئاییـنـزای شـیعە، و بیروبـاوەڕی سـۆفیەگەرێتی لەگـەڵ فەرهەنگـی مێژوویـی ئێـران و هەندێـک نەریتـی تورکـی، توانیـان پەیکەرێکـی سیاسـی، فەرهەنگـی و شارسـتانیی نـوێ دابمەزرێنـن و لـە ڕێگەی ئـەوەوە، جگە لـە گەڕاندنـەوەی شوناسـی مێژوویـی ئێـران، بـە دان بـە خۆداگرتـن لـە هەمبـەر ئەویترییەکـی دیکـە یانـی ئیمپڕاتۆرییەتـی سـوننە مەزەبـی عوسمانـی جیاوازییەکـی تایبـەت بۆ خۆیان دروست بکـەن. لە سـەردەمی سـەفەویدا، هـاوکات لـە پـاڵ بووژاندنـەوەی چەمکـی ئێـران زەمیـن، بـۆ یەکـەم جـار و لـە پـاش سـەردەمی ساسـانییەکان، بنەمایەکـی ئایینییان بۆ دروسـت کـرد و هەر پێنج بناغـەی مێژوویی، جوگرافیایی، سیاسـی، فەرهەنگی و ئایینی کە لە سـەردەمی ساسـانیاندا بیچمی گرتبوو و چەسـپابوو، بـۆی دابیـن کـرد. هەڵبژاردنـی شـیعە وەک ئاییـنـی فەرمیی ئێـران کە لەگـەڵ گەشـەی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامیـی گـەورەی سـوننە لـە ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات و باشـووری ڕۆژهەڵاتی ئێران هاوکات بـوو، بووە هۆی ئـەوەی کـە شـیعیگەری وەک یەکێـک لـە فاکتەرە تایبەتەکانی شوناسـی ئێرانی لـە جیهانی ئیسلامیدا بناسرێـت. (اشرف، ١٣٩٥، ١٤٤).

داکۆکیکارانـی گوتـاری بەردەوامیـی شوناسـی مێژوویـی ئێرانـی و تەنانـەت لـە هەندێـک لـە خوێندنەوەکانـدا، شوناسـی نەتەوەیـی ئێرانـی پێیـان وایـە کـە شوناسـی ئێرانی بـە مانـای یەکپارچەی سیاسـی، ئێتنیکـی، ئایینـی، زمانـی، کاتـی و شـوێنییەکەی کـە هەنـدێ لێکچوونـی لەگـەڵ چەمکی شوناسـی نەتەوەیـی سـەردەمی نـوێ هەیـە، لـە سـەدەی سـێیەمی زایینیـدا لـە لایـەن پاشـاکانی ساسـانییەوە هاتـە نـاو مێـژووی ئێرانـەوە و دوای مـاوەی نۆ سـەدە سسـتی و بێهێـزی، ئەم شوناسـە، بە هەوڵـی پاتشـاکانی سـەفەوی و بـە هاوکاریـی ئاییـنـزای شـێعە و بـە زەبری شمشـێری هۆزە جەنـگاوەرە تورکمانـەکان سـەر لـە نـوێ لـە یەکپارچەیـی سیاسـی، ئایینـی و فەرهەنگیـی خۆیـدا بـووژاوە (اشرف، ١٣٧٣، ٥٣٠-٥٣١)، ئـەم ئیدعایـە لـە دوو سـۆنگەوە شـیاوی بـاس و ڕەخنەلێگرتنە: یەکـەم ئەوەی کە هەڵوێسـتی دەسـەڵاتدارەکان و ڕادەی نزیکبوونەوە و جیابوونەوەی بنەما سیاسـییەکانیان لە شوناسـی مێژوویـی ئێـران، هەمیشـە بـە مانای سـەرکەوتنی ئـەو سیاسـەتانە و گەیشتن بـە ئامانجەکانیـان نییە. وەک زۆرێـک لـە توێژەران و مێژوونووسـانی سـەردەمی سـەفەوی باسـیان کردووە حکوومەتی سـەفەوی سـەرەڕای ئـەو پێگـە تایبەتـەی کـە لـە بووژاندنـەوەی یەکڕیزیـی نیشـتمانیی هەرێمـە پارێزراوەکانـی ئێـران (ممالـک محروسـە ایـران) و بیچمگرتنـی سـیمای مومتازی شوناسـیدا هەیەتی، لـە کۆتاییدا ئەم سـەرکەوتنە نـەک هـەر زۆری نەخایانـد، بەڵکـوو وەک خۆیـان ئیدیعـای دەکـەن، گشـتگیر و هەمەکـی

نەبوو. ڕودی مەتی لەم بارەوە دەڵێ: حکوومەتی سەفەوی توانی ڕێکخراوێکی ناوەندی وەدەست بێنێ، بەڵام نەیتوانی ناکۆکیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی کۆمەڵگا چارەسەر بکات. هەتا سەدەی بیستەم، چڕبوونەوەی دەسەڵات ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە بووەوە و لە پلەی یەکەمدا ژینگەی سروشتی پەیوەندییەکانی خاو و سەخت دەکرد ... لە سەرەتای سەدەی ١٨دا یەک لە سەر سێی هاووڵاتیانی سەفەوی سوننە بوون. ئێران وڵاتێکی فرەزمان بوو و هەیە؛ و ئەوساش وەکوو ئێستا خەڵک بە چەند زمانی قسەیان دەکرد، لە فارسی و کوردییەوە بگرە هەتا دەگاتە تورکی و عەرەبی، ئەوە لە حاڵێکدایە پاشاکانی سەفەوی زۆربەیان بە تورکیی ئازەری ئاخافتنیان دەکرد، زمانی فارسی زمانی دایکیی بلیمەتە شارییەکان و زمانی فەرمیی ئیداری و سیاسیی سەرتاسەری وڵات بوو. سەفەوییەکان بەو کارەی کە وەک گەورەترین دەستکەوتی سیاسییان لە قەڵەم دەدرێ بە بڵاوکردنەوەی ئایینزای شێعەی دوانزە ئیمامی بۆ سەرتاسەری قەڵەمڕەوەکەیان ئایین و نیشتمانییان بە یەکەوە گرێ دا. شیعە کە ئایینزای کەمینەیەکی موسڵمان بوو، بە دروستکردنی جیاوازییەک بۆ حکوومەتی ئێران، یەکێتیی ناوخۆیی ئێرانی بەهێزتر کرد. سەرەڕای ئەوەی کە ئەم یەکێتییە هەرگیز کامڵ نەبووە (متی، ١٣٩٩، ٢٣-٤٧).

لە لایەکی دیکەوە شوناسی نەتەوەیی وەک پێکهاتەیەکی شوناسیی وشیارانە و تەنانەت ناوشیارانە کۆمەڵێکی بەرفراوانی تاکەکانی کۆمەڵگا، دیاردەیەکی مۆدێرنە، هەرچەندە شوناسی بەکۆمەڵ و جەماوەریی نیشتمانی و فەرهەنگیی هەلێکی مێژووییە کە دەتوانین بۆ هەندێ لە قۆناغەکانی مێژووی ئێران بە کاری بێنین. ڕۆدی مەتی لە سۆنگەیەکی ڕەخنەییەوە سەبارەت بە هەندێک لە خوێندنەوە مۆدێرنەکانی شوناس لە سەردەمی سەفەویدا دەنووسێ: ئەوەی کە سەردەمی سەفەوییە قۆناغێکی گرنگی مێژووی ئێرانە بابەتێکە و ئەوەی کە وەک بەشێک لە چارەنووسی ئامانجگەرایانەی گێڕانەوەیەکی حیماسی - نەتەوەخوازی لێی بڕوانین بابەتێکی ترە (متی، ١٣٩٩، ٦). بێشک قسەکردن لە سەر حکوومەتی نەتەوەیی بۆ ئێران لە سەرەتای سەردەمی مۆدێرن بە واتای ئەمڕۆیی ئەم دەستەواژە، نابەجێیە، چونکە هاودەنگی و وەفاداریی بۆ بنەماڵە و هۆز و ئایین بووە، نەک بۆ چەمکێکی سیاسیی پەتی. پەیوەندیی سیاسی دەروەستی خێڵ و ڕەچەڵەک بوو و بە دەگمەن لە زێد و نیشتمان ئەولاتر دەچوو. سەرەڕای ئەمە ئێران لە کۆتاییەکانی سەردەمی سەفەویدا خاکێکی یەکدەست بوو، یان لانیکەم ناوەندێکی سەرزەوینیی تەواو دیاریکراوی هەبوو. (متی، ١٣٩٩،٦).

سیستەمی شوناسیی نوێی سەردەمی سەفەوی کە لە دژی ئەویتر، واتە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بیچمی گرت و بە ناچاری ئایینزای شێعەی لە بەرامبەر ئایینزای سوننە وەک یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی بناغەی شوناسی خۆی دامەزراند، سیاسەتێک بوو کە بە هۆی لێکبڵاویی ئایینزایی کۆمەڵگای ئێران لە سەردەمی سەفەویدا و ئەوەی کە سەرەڕای هەوڵەکانی حکوومەت، هێشتا نزیکەی یەک لە سەر سێی خەڵکی ئێران و قەڵەمڕەوی سەفەوییەکان بە سوننەیی مانەوە، لە خۆیدا جۆرێک لە لێکترازانی شوناسی لێکەوتەوە کە لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا لە کایە

سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانـدا لێکەوتـەی جددی بە دواوە بوو. ئەم سیاسـەتە لە سـەردەمی سـەفەویدا سـەرەڕای ڕووبەڕووبوونـەوەی جیددیـی سـەفەوی لەگـەڵ عوسمانـی و ئۆزبەکەکانـدا دوا جـار بـوو بـە هـۆی ئـەوەی ئەفغانییـە سوننەکان ڕاپـەڕن و حکوومەتـی سـەفەوی بڕووخێنـن. پشـتیوانی نەکردنـی کوردانـی سـوننە مەزهـەب لە حکوومەتی سـەفەوی لە هەندێک لە ململانێکانـدا لایەنێکی دیکەی ئەم سیاسـەتە ئایینزاییـە بـوو. لـە قۆناغـە مێژووییەکانـی دواتـر و بەتایبەت سـەردەمی هاوچـەرخ، ململانێ ئایینییـەکان بەتایبـەت ململانێـی شـیعە و سـوننە بووەتـە یەکێـک لـە بـوارە سـەرەکییەکانی ئالنگاری بـەردەم شـوناس لـە ئێـران، کـە لـە هەندێک حاڵەتـدا لـە ئەنجامـی لێکنزیکبوونـەوە لەگەڵ شوناسـی ئێتنیکـی، وای کـردووە کـە قەیرانەکانـی شوناسـی نەتەوەیـی لە ئێـران قـووڵتر ببێتەوە.

### لە سەفەوییەوە تا قاجار، سەردەمی ناسەقامگیریی سیاسی و ئاڵوزاویی شوناس

کاتێـک سـەفەوییەکان لـە سـەر دەسـتی یاخییـە ئەفغانییـەکان ڕووخـا، دیسـان قۆناغێـک لـە نائارامیـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی باڵـی بـە قەڵەمـڕەوی ژێـر دەسـەڵاتی ئـەوان داگرت و بـە بلیمەتیی نادرشـای ئەفشـار و بـە سـەرکردایەتیی ئـەو، یەکێتیـی نیشـتمانی دیسـانەوە لـە ڕووبەرێکـی تەنانـەت بەرفـراوانتر لـە قەڵەمـڕەوی سـەفەوییەش سـەروەری خۆی وەدەسـت هێنـاوە، بەڵام ئەم سـەرکەوتنە کە تەنها پشتئەسـتوور بە بلیمەتی و بەهرەی سـەربازیی باڵای نادرشـای ئەفشـار بوو، بوو بە حکوومەتێکی کورتخایـەن، کـە زۆری نەخایانـد جێگـەی خـۆی بە دۆخێکـی ناسـەقامگیر و پڕململانێی دەسـەڵاتدا دۆڕانـد کـە بە هـۆی نەبوونـی ڕکابەرێکی بەهێـز لە نێـوان خوازیارانی دەسـەڵاتی ئەفشـارییە (١١٤٨-١٢١٠ کۆچـی / ١٧٩٦-١٧٣٦ ز) و دوای ئـەوە، زەندییـە دابـەش کـرا و حکوومەتـی مولوکوتەوایەفی و خانخانـی باڵـی بـە سـەر وڵاتـدا گرت کـە هەتا هاتنـە سـەر کاری قەجـەر بـەردەوام بوو.

یەکێک لە خاڵە هەرەگرنگەکانی سیاسـەتەکانی نادر سـەبارەت بە مەسـەلەی شـوناس، سیاسـەتە ئایینییەکەیەتـی کـە ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی کـە وەک ئایینێکـی فەرمـی پشـتیوانی لـە ئایینـزای شـیعە نـەکا، چونکـە پێـی وابوو شـیعیگەری دەبێتە هۆی ناکۆکیی نێـوان ئێران و دەوڵەتـی عوسمانی و سوپاکەشـی لە هێزە سـوننە و شـیعە پێـک هاتبـوون (Ward, 2014,52) هەروەها لە پـاڵ چوار ئایینزای سـوننە ئایینـزای جەعفەریشـی وەک پێنجەمیـن ئایینی ئیسلامی بە فەرمـی ناسـاند(-Avery,199, 35 36) . تەنانـەت هەندێـک لـە گێڕانـەوەکان باس لە سـوننەبوونی ناوبراو دەکەن (هنـوی، ١٣٨٣، ٦٩). نادرشـا بە خۆدوورگرتن لە جیاوازییە ئایدۆلۆژییەکان و هەڵبژاردنی سیاسـەتی دانوسـتان و لێبوردەیی ئایینـی ویسـتی ئاسـتی دوژمنایەتـی لەگـەڵ دەوڵەتـی عوسمانـی کـەم بکاتـەوە و بـە ئاسـوودەییەوە درێـژە بـە فەتحکـردن و سیاسـەتە ناوخۆییەکانـی خـۆی بـدات. بـە وتـەی لێکهـارت، دۆخـی خەڵکـی ئێـران لـە سـەردەمی دەسـەڵاتداری ئەفشـارییەدا بـە هـۆی شـەڕ و ئـاژاوە، قاتـی و برسـێتی، تاعـوون و وێرانبوونـی مـاڵ و بژێویـی ژیانـەوە لـە ئاسـتێکی ترسـناکدا بـووە. مالکۆم لـە سـاڵی ١٨١٥ی زایینیدا نووسـیویەتی: نزیکـەی یـەک ملیۆن کـەس لەبەر هێرشـی ئەفغانییەکان گیانیان لە دەسـت دا، بە پێی

خەمڵاندنەکان حەشیمەتی ئێران لەو کاتەدا لە نێوان ٦ بۆ ١٠ ملیۆن کەس بووە. لەم نێوەندەدا دانیشتوانی شارەکان زۆرترین زیانیان بەرکەوت و کەڵەشارەکانی ئێران دوو لە سەر سێ و تەنانەت زیاتر لە دوو لە سەر سێی دانیشتووانی خۆیانیان لەدەست دا (فوران، ١٣٩٢، ١٢٦-١٢٧).

دوای مردنی نادرشا، نەک هەر شوناس بەڵکوو یەکپارچەیی نیشتمانیی لەق و لەرزۆک بوو، ئیمپراتۆریەتە بەرفراوانەکەی لە دەوری تەوەرە ئێتنیکی و هۆزییەکان لەبەر یەک هەڵوەشاوە و سوپا ڕەنگاوڕەنگەکەی هەڵپێچرا و خەڵکەکەی گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان یان هەوڵیان دا ژینگەیەکی گونجاو لە سووچێکی قەڵەمڕەوەکەی پێشوو بدۆزنەوە. هەروەها دەسەڵاتی سیاسیی ئێران ناوەندێتیی خۆی لەدەست دا. لە ناوچە سەرسنوورییەکاندا هەرێمی سەربەخۆ دروست بوو (فوران، ١٣٩٢، ١٣٦-١٣٧). ئێران بوو بە گۆڕەپانی شەڕ و پێکدادانی نێوان خانەکان. ململانێی عەلیمەردان خان و کەریم خان و فەتحعەلی خان و ئاغا محەمەدخان و دەیان خانی تر کە هەر یەکەیان سەر بە هۆز و خێڵێک بوون وەها خوێنی یەکتریان دەڕشت کە هەر دەتکوت لە سەر یەک خاکیش ناژین (امینی، ١٤٠٠).

سەردەمی زەندییە (١١٦٣-١٢٠٩ کۆچی) سەردەمێکی دیکەی ناسەقامگیریی سیاسی و درێژەکێشانی بەربەرەکانێی فرەلایەنەی دەسەڵاتە، کە لە ئەنجامی زۆربوونی قەیرانەکان کە دەرهاویشتەی نائەمنی و خراپتربوونی باری بژێویی خەڵک و ژیانی ئابووری – فەرهەنگیی خەڵکی ئێران بوو، لە سەردەمی دوای ڕووخانی حکوومەتی سەفەوییەدا، شوناسی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی و سەرزەوینیش کەوتە بەر کاریگەریی ئەم بارودۆخە شپرز و ناسەقامگیرە، کە گرینگترین دەرکەوتەکەی پەراوێزخرانی گێڕانەوەی شوناسی ئێرانی بوو کە لە سیستەمی دەسەڵاتی سەفەویدا بەرساز کرا و برەوی پێ درابوو. یەکێک لە دەرکەوتە دیارەکانی ململانێی سەردەمی ئەفشارییە و زەندییە دەرکەوتنی خوازیارانی خۆجێییە کە ئاخێزگەی ناوچەیی و ئێتنیکیی جیاوازیان هەبوو و بە پێی پێویستیی ڕێکخستنی فەزای سەرزەوینی و نیشتمانی، ئەوان زیاتر پشتیان بە توخمەکانی دەسەڵاتی ناوچەیی و ئێتنیکیی خۆیان بەستبوو هەر چەندە نابێ ئەم پرەنسیپە گرنگە پشتگوێ بخەین کە لە سەردەمی پێش مۆدێرن، بنەمای سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئێران لە سەر بنەمای توخمە عەشیرەیی - خێڵەکییەکان بووە و بابەتی ئێتنیک زیاتر تایبەتمەندییەکی لاوەکی بوو کە لەوانە بوو لە هەندێ قۆناغی مێژووییدا لەگەڵ ئەو بۆنە و پەیوەندییانەی کە لە سیستەمی خێڵەکی – عەشیرەییەوە سەرهەڵدەدەن زیاتر بگونجابایە. دابەشکاریی مالکوم لە «خۆ و ئەویتر»ی ناو خانەدانی زەندییە، نموونەیەکی باشی ئەم دۆخە بزۆز و ناجێگیرەیە؛ مەڵکم بە وەسفکردنی بارودۆخی شپرزەی ئێران کاتێک کەریم خان هاتە سەر دەسەڵات، «ئەویتری»ی ناو خانەدانی زەندییەی بۆ سەر چوار تاقم دابەش کردووە، کە بریتین لە: تاقمی یەکەم: خێڵە ئێرانییەکان کە لە ناو خێوەتەکاندا دەژیان و لەگەڵ گۆڕانی وەرزەکان هەوارەو هەواریان دەکرد و خۆوخدەی سەربازی و بیاوانگەڕییان هەبوو و هەمیشە جێی ترس و نیگەرانیی سوڵتانەکان بوون؛ تاقمی دووەم:

خێڵەکانی تەتار و تورک و تورکمانەکانن کە لە سەر هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ناو زنجیرەی دەسەڵاتدارەکانی ئێران ڕووی دەدا، ڕێک دەکەوتن؛ تاقمی سێیەم: خەڵکی شار و وەرزێرەکان بوون کە شەڕخواز نەبوون، بەڵام لە کاتی پێویستیدا، بۆ بەرگریکردن لە شار و شەرەفیان چەکیان هەڵدەگرت؛ تاقمی چوارەم: عەشیرەت و خێڵە عەرەبەکانن کە نێوان شاخەکان و کەناراوەکانی کەنداوی فارسیان داگیرکردبوو (ملکم، ١٣٧٩، ٥١٦-٥١٩).

لە سەردەمی زەندییەدا پێوەری دیاریکردنی شوناس تەنیا لە سەر بنەمای هەڵوێست و ئاڕاستەی خێڵ، ئێتنیک، و گرووپ و هێزەکان بەرامبەر بە کەریم خان و کاکڵی دەسەڵاتی زەندییە دیاری دەکرێت. بە جۆرێک کە زۆرێک لە هێزە ناوخۆییەکان چوونە ناو ڕیزی نەیارانەوە. کە زۆر نموونەی لە مێژوونووسیی سەردەمی زەندییەدا ڕەنگی داوەتەوە. وەکوو چۆن کە نامی ئیسفەهانی مێژوونووسی «تاریخی گیتی گوشا» بەشێک لە ئەندامانی خانەدانی زەندییە کە بوونە هۆی بشێوی و نابەسامانیی ناوخۆیی وەک نەیاری سیاسی و ناوخۆیی جنێویان پێ دەدا. نامی ئەسفەهانی بە ناوناتۆرە و لەقەمی ناشیرین ناوی ئێتنیکە جیاوازەکانی ئێران دێنێ؛ تورکەمەنەکان بە نازناوی وەحشی سیفەتان، وەحشی خۆوەکان، حەیوان خۆوەکان، و وەک تاقمی ئاژەڵان باسیان دەکات. هەروەها لوڕەکانی کەهگیلویە بە دڕندە سیفەتی چوارپێ خۆو، و ڕێویی و کەڵەکباز ناودێر دەکا کە لە لایەن کەریم خانەوە تەمبێ کراون. ناوبراو لە وەسفکردنی خەڵکی تەبەریاندا زۆر جیگا بە چوارپێی شوبهاندوون. خەڵکی ورمێی بە مێرووی بیابان و کەژ و کێو هاوڕێیانی مەزاهیبی موختەلیفە ناو دەبا و تەنانەت ئەو کەسانە بە عەشیرەتی شوومیە و خەڵکی نەفرەتلێکراو ناو دەبات. نامی ئەسفەهانی ئاماژە بە ئەفغانییەکان دەکا کە سوننە بوون و بە «ئەویتریی ئایینی» باس و بەلەحنەتیان دەکات. ناوبراو شەڕی ئێران لەگەڵ ئەفغانییەکان بە شەڕی نێوان ئیسلام و کفر دەزانێت. ناوبراو شەڕکردن لەگەڵ ئەفغانییەکان بە جیهاد لە دژی کافرەکان دەزانێ و کوژرانیش لە سەر دەستی ئەفغانییەکان بە شەهیدبوون لە قەڵەم دەدات. نووسەر هێزەکانی ئێران لە هەمبەر ئەفغانییەکان بە غازی ناو دەبا و ئەفغانییەکان بە کافر و «شەجەرهی خەبیسە» واتا ڕەگەز ناپاک دەزانێت. (نامی اصفهانی، ١٣٦٣، ٢٨-٢٩، ٥٨، ٧١، ١٠٥، ٤٤) لە سەردەمی زەندییەدا، «خود» لە ژێر کاریگەریی بنیاتی هۆز، ئێتنیک، زمان و وردەفەرهەنگە جیاوازەکان بووە. هەروەها چەمکی «ئەویتری» لە ڕێگەی پرۆسەی بەدەرەکیکردن و بەدوژمنزانینی ڕاپەڕێنەرانی ئەکتەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکانەوە کە لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا بوونیان هەیە بەپێی ئەو پێکهاتە بەها و ئایینی و سیاسیانەی کە حوکمڕانی ئەو سەردەمە دەکەن پێناسە دەکرێت (ئەمینی، ١٤٠٠، ٤٨).

لە سەردەمی دەسەڵاتی کەریم خاندا خوراسان ڕادەستی خانەدانی ئەفشارییە کرا و قەوقازیش دەتوانین بڵێین پشتگوێ خرا و بە کردەوە خاکی ئێران تەنیا لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری ئێراندا سنووردار بووەوە کە لەم ناوچانەشدا خوازیارانی دەسەڵات بەردەوام خەریکی ناکۆکی بوون. قاجارەکان لە باکوور، ئەفغانییەکان لە ڕۆژهەڵات، ئەفشارەکان لە ڕۆژاوا و ناوەند و لە بەشەکانی

دیکەی ئێران، بەردەوام هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵاتیان هەبوو و ئێران دۆخێکی ئاڵۆزتری بە خۆوە گرت (هدایتی، ١٣٣٤، ٦-٧). پارچەپارچەبوونی هەرێمی و چەندبەشبوونی قەڵەمڕەوەکانی دەسەڵات، ململانێی بێکۆتایی و زاڵبوونی هێزە خێڵەکییە کۆچەرییەکان بە سەر بازاڕیان و گرووپە شارییەکان، داتەپینی دۆخی ئابووری و خراپبوونی ئاستی ژیان و بژێویی خەڵک، لە سەردەمی مولوکوتەوایفیدا لە نێوان ڕووخانی حکوومەتی سەفەوییە و هاتنە سەر کاری قەجەر، لە ڕووی گۆڕانی شوناسی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی بووە هۆی ئەوەی کە بینای شوناسی تازەبنیاتنراوی سەردەمی سەفەوییە تێک و مەکان بدرێ، زۆربەی ئێتنیک و گرووپە نیژادییەکان لە تێکەڵبوونی هێزە خێڵەکی و عەشیرەتییەکاندا هەلی ململانێ لە پێناو دەسەڵاتیان بۆ ڕەخسا. گۆڕانکاری لە پێکهاتەی هێزە خێڵەکییەکانی ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان یەکێکی دیکە لە لێکەوتەکانی دوای سەردەمی سەفەوییە بوو کە هەلێکی بۆ خۆدەرخستنی هەندێ لە خێڵ و عەشیرەتە پەراوێزخراوەکان ڕەخساند. پشتیوانانی سەرەکیی کەریم خان کە کورد و لوڕەکانی ئێران بوون، لە ڕیزی سوپای هەمیشەیی دامەزران و ئیدارەی ناوچەکانی خۆیانان پێ سپێردرا. ئەو عەشیرەتانەی کە جێی سەرنج نەبوون لە سەر داوای حکوومەت دەسەڵاتیان کەم کراوە، بەشێکیشیان لە ناوچەی خۆیاندا سەربەخۆییان بەدەست هێنا چونکە ئامرازەکانی سەرکوتی حکوومەتی ناوەندی لە ڕادەی پێویست نەبوو یان حکوومەتی ناوەندی زۆر سەربەخۆییخوازیی ئەوانی بە هەند وەرنەدەگرت (Perry, 1979, 228-9, 235-6 & Lambton, 1977, 12 بە نقل: از فوران، ١٣٩٢، ١٤٠).

## سەردەمی قاجاڕ، قۆناغی گواستنەوە لە شوناسی نەریتییەوە بۆ شوناسی مۆدێرن

لە ململانێی دەسەڵاتی دواساڵانی سەردەمی زەندییە، قاجارەکان توانیان بە دامەزراندنی تۆڕێکی یەکگرتوو لە هۆزەکان و دەستگرتن بە سەر ناوچە سەربازییەکان بە سەر هەموو هۆزەکاندا زاڵ بین و بە سەرکردایەتیی ئاغا محەمەدخان، وێڕای کۆتاییهێنان بە سەردەمی خانخانی و دامەزراندنی حکوومەتی قاجاڕ، جارێکی دیکە دەسەڵاتێکی یەکپارچە باڵی بە سەر هەموو قەڵەمڕەوەکانی ئێراندا کێشا. بە گوێرەی زۆرینەی کەسانی پێش خۆیان، ئاخێزگە و سروشتی حکوومەتی قاجاڕ لە سەر بنەمای سیستمی عەشیرەتی و پەیوەندیی خێڵەکان بووە و شێوازی حوکمڕانییەکەشیان لە سەر ئەو بنەمایە دروست بوو. وەک ئەحمەد ئەشرەف وەبیرمان دەخاتەوە؛ هەتا کۆتایی سەردەمی قاجاڕ کە حکوومەتی ناوەندی بە شێوەی ئیمپراتۆری بەڕێوە دەبرا و زۆر دەستوەردانی لە کاروباری ناوخۆی ئەیالات و ویلایەتەکان نەدەکرد، هەمان ئەو شوناسە نەریتییە ئێرانییە لە نێو گەلانی ئێراندا بابەتێکی پەسەندکراو بوو. لە زۆربەی ناوچەکاندا ژمارەیەکی کەمی بەرپرسانی حکوومەتی ناوەندی لە شوێنی کار بوون و زۆربەی کاروباری ناوچەیی لە لایەن دەستڕۆیشتووانی ئەو ناوچە بەڕێوە دەبرا (اشرف، ١٣٧٣، ٥٤٠). یەرڤاند ئابراهامیان سەبارەت بە ڕادەی سەربەخۆیی و دەسەڵاتی سەرۆک هۆز و ئیلخانەکان لە سەردەمی قاجاردا دەنووسێ: « ئەوان لە ناو عەشیرەتەکانیاندا پاشای ڕاستەقینە بوون، بە بێ

دەستێوەردانی دەسەڵاتدارانی دەرەکی، حوکم و یاسا تایبەتەکانی خۆیانیان جێبەجێ دەکرد. ئەوان باجی تایبەتیان بۆ خۆیان کۆ دەکردەوە و تەنیا بە ناو و بە ڕواڵەت سەر بە حکوومەتی ناوەندی بوون. هەندێک جار ئەم ملکەچبوونە بۆ حکوومەت تەنیا لە ناردنی پشکێکی کەم بۆ خەزێنەی شاهانە خۆی دەردەخست» (Abrahamian, 1974, 2). لە ڕووی پەیوەندییە ئێتنیکییەکانیشەوە، ئێتنیکە ئێرانییەکان کە لە شێوەی خێڵەکی – عەشیرەتیدا پێک هاتبوون، هەر وەکوو قۆناغەکانی پێشوو درێژەیان بە ژیانی خۆیان دەدا (فوران، ١٣٩٢، ٢١١) و بە پێی بارودۆخی سەردەم لە چوارچێوەی ژیانی فەرهەنگی و ئابووریی داخراوی ناوچەییدا بە بێ ئەوەی گرێدراوییێکی ئەوتۆیان بە حکوومەتی ناوەندی و تەنانەت ناوچەکانی دەوروبەریش هەبێ، ژیانی خۆیانیان بەڕێ دەکرد.

گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە سامانی هۆزەکی، تایبەت بە شێوازی ژیانی شوانکارەیی نەبوو، بەڵکوو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی گوندەکان و تەنانەت شارەکانیش هاوشێوەی ڕێکخراوە هۆزەکییەکان بوون. دانیشتووانی هەندێ لە دێهاتەکان بەتایبەت لە ناوچەکانی کوردستان، لۆرستان و بەلووچستان، گرووپە کۆچەرەکانی جاران بوون کە سەرەڕای وازهێنان لە شێوازی ژیانی کۆچەری، تۆڕە هۆزەکییەکانی جارانیان پاراستبوو. بۆ نموونە کوردەکانی ئازەربایجانی ڕۆژاوا بە سەر پانزە هۆز و حەفتا و پێنج خێڵ و نۆسەد تیرەدا دابەش دەبوون. بۆیە دانیشتوانی ئەو گوندانە هاوشێوەی گرووپە کۆچەرییەکان بوون و زەوییە گوندییەکانیان هێشتا وەک زەوی گرووپە هۆزەکییەکان لە قەڵەم دەدرا (آبراهامیان، ١٣٨٤، ٢٧ و ٢٩). سەبارەت بە پێکهاتەی دیمۆگرافیای دانیشتوانی ئێران دەبێ بڵێین، لە نیوەی یەکەمی دەسەڵاتی قاجاڕدا، لێکدانەوەیەکی ساڵی ١٨٥٠، لێکبڵاویی و پێکهاتەی دانیشتووانی دە ملیۆن کەسیی ئێران بە سەر ٤ گرووپی گەورەی ئێتنیکی بەم شێوازە دابەش دەکا: ئێرانییەکان (فارس، کورد، بەلووچ، مازەندەرانی، گیلەک، بەختیاری، لوڕ، تاڵشی، هەزارە، ئەفغانی و ئەوانی تر)؛ تورکەکان (ئازەری، قەشقایی، شاهسەوەن، تورکمان، تەیمووری، ئەفشار، جەمشیدی، قاجاڕ، بەیات و هتد)؛ عەرەب و ناموسڵمانان (ئاشووری، ئەرمەنی، جوولەکە، زەردەشتی و بەهایی)، بە پێی تاوتوێکردنی لێکبڵاویی فرەیی گرووپە چوار ئێتنیکییەکان ئەمە دەردەکەوێ کە ئێرانییەکان ٦٤ لە سەد و تورکەکان ٢٩ لە سەد و عەرەبەکان ٤ لە سەد و ناموسڵمانان ٣ لە سەدی کۆی دانیشتوانی وڵاتی ئێران پێک دێنن (آبراهامیان، ١٣٨٤، ١٦)، کە زۆربەی ئەم دانیشتوانە بە کۆچەر و یەکجێنشینەوە لە شێوەی هۆز و عەشیرەتدا خۆیان ڕێک خستبوو. زۆربەی توێژەران هۆز و عەشیرەتەکانی ئەم سەردەمە بۆ پێنج گرووپی گەورە بە ڕیز دابەش دەکەن: ١- گرووپی کورد و لوڕ ٢- خێڵ و هۆزە تورک زمانەکان ٣- هۆز و عەشیرەتەکانی سیستان و بەلووچستان ٤- گرووپە تورکمانەکانی دەشتی گورگان ٥- گرووپە عەشایەرە عەرەب زمانەکان (طیبی، ١٣٧٨، ٣١٦-٣٥٥)، کە بە پێی گرووپبەندی و لێکبڵاویی ئێتنیکییەوە، دەتوانین بڵێین کە هۆز و کۆچەرەکان ڕەچەڵەکی دیاریکراو و پێگەیەکی جوگرافی تایبەتیان لە خاکی ئێراندا هەبووە (اکبری، ١٣٨٤، ١٤).

جوگرافیای فرەنگی زمانی لەم قۆناغەدا، بەڵگەیەکی دیکەی فرەچەشنی و پێکهاتەی مۆزاییکیی

کۆمەڵگای ئێرانە، بە پێی ڕاپۆرتی کورت و گشتیی کتێبی «بوستانولسیاحە» (بستان السیاحە) لە ساڵی ١٢٤٧ی کۆچیدا، دابەشبوونی جوگرافیای زمانیی ئێران بەم شێوە بووە: «خەڵکی عێراق، فارس، خوراسان، کرمان و خوزستان بە گشتی فارسی زمانن، خەڵکی شیروان، ئاران، ئەرمەنستان، و ئازەربایجان تورک زمانن و دانیشتوانی عێراق و ناوچەکانی بە زمانی عەرەبی قسە دەکەن، دانیشتوانی مازەندەران و گیلانیش هەر یەکەیان زمانی خۆیان هەیە و خەڵکی کوردستان و لوڕستان هەر یەکەیان بە زمانێکی جیاواز قسە دەکەن و خەڵکی گورجستان و بەلووچستان و هۆزی ئەفغانی و چیای کاشان و قەرەی ئیسفەهان هەر یەکەیان وشەیەکی تایبەت و زمانێکی جیاوازیان هەیە» (شیروانی، بی‌تا، ١٥٥). بە پێی هەمەچەشنیی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، شێوازی بژێوی، ئایین و فەرهەنگی - زمانیی کۆمەڵگای ئێران لەم قۆناغەدا، ئەو شوناسە گشتی و گرووپییانە کە بە هۆی ئەم هەمەچەشنییەوە دروست دەبێ بە شێوەیەکی سەرەکی لە ناو تۆڕێک لە شوناسە خێڵەکی، ئێتنیکی، ئایینی- ئایینزایی و ناوچەییەکاندا خۆیان دەردەخست، کە نەبوونی شوناسی گشتیی بەکۆمەڵ یان شوناسی تاک واتا نەتەوەیی، یەک لە تایبەتمەندییە ئاشکراکانی بوو. پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە نەبوونی شوناسی گشتیی بەکۆمەڵ لەناو کۆمەڵگایەکدا تەنیا لەبەر بوونی ناوەندی بێژماری شوناسی جەماوەری نییە. چونکە فرەچەشنبوونی شوناس شتێکی حاشاهەڵنەگرە کە ناتوانین وەک دیاردەیەکی تایبەتی کۆمەڵگایەک لە قەڵەمی بدەین، بەڵکوو ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ فرەچەشنیی ئەو شوناسانەی کە لەگەڵ یەکتردا ناکۆک بوون و بە کردەوە نەیاندەهێشت تاک لە یەک کاتدا ئەندامی چەند گرووپێکی کۆمەڵایەتی بێ و هەلی دروستبوونی کۆمەڵگایەکی گەورەی نەتەوەیی نامومکین دەکرد (اکبری، ١٣٨٤، ٣٦). ئێران لە نیوەی یەکەمی سەردەمی قاجارڕ پڕ بوو لە ململانێ و کەلێنی شوناسی، کە لە پاڵ کۆسپ و بەربەستە پێکهاتەییە ئابووری و پەیوەندییەکان لە سەر ئاستی کەلاندا شوناسێکی لێکترازاو و لەبەر یەک هەڵوەشاویان دەخوڵقاند.

هەرچەندە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، لێکبڵاویی نیشتمانیی هۆز و ئێتنیکەکان، فرەچەشنی و جیاوازیی فەرهەنگی – زمانی و بە گشتی هێماکانی شوناسی ئێرانی لە دەیەکانی سەرەتای سەردەمی قاجارڕدا، بە کەمێک گۆڕانکارییەوە درێژەی قۆناغە مێژووییەکانی جاران بوو، نابێ ئەو بابەتە گرنگەش لەبەرچاو نەگرین کە ئەم سەردەمە، سەردەمی سەرهەڵدان و گەڵاڵەکردن و تەنانەت دیاریکردنی ئاراستەی گرنگترین بابەتی شوناس لە مێژووی هاوچەرخی ئێران واتە شوناسی نەتەوەیی ئێرانییە. لە ڕاستیدا سەرەڕای ئەوەی کە قاجارەکان وەک زۆربەی خانەدانە حوکمڕانەکانی سەردەمی پێش‌مۆدێرنی مێژووی ئێران، لە ئەنجامی سەرکەوتنی دەسەڵاتی هۆزەکاندا دەسەڵاتیان لە ئێراندا گرتە دەست، بەڵام زۆر زوو و لە کاتێکدا کە سەقامگیربوونی دەسەڵاتەکەیان و ماوەی حکوومەتەکەیان زۆری نەخایاندبوو، بە هۆی جەنگەکانی نێوان ئێران و ڕووسیا خۆیان و وڵاتی ژێردەستی خۆیان لە دۆخێکی نوێدا بینیەوە، کە تەگبیر و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گیر و گرفتەکانیان دەسەڵاتداران و سیاسەتڤانان و بیرمەندان، بەتایبەتی کاربەدەستان و ڕۆشنبیرانی ئێرانی ناچار

کرد کە بیر لە دۆزینەوەی چارەسەرێک بکەنەوە. لە ماوەی ئەم دۆخە نوێیەدا کە دەرهاویشتەی تێوەگلانی ئێران لە نێوان پەیوەندییە شارستانییەتە نوێکانی ڕۆژاوا بوو کە ئەمە بیرکردنەوە و هەڵبژاردنی ڕێوشوێنی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی گونجاوی لەگەڵ سەردەمی نوێ لە سیستەمی حکوومەتی نوێی دەویست، دوبارەبیرکردنەوە سەبارەت بە شوناسی نیشتمانی و بنیاتنانی شوناسی نوێی ئێران لە ئامانجە بنەڕەتی و ژێرخانییەکاندا جێگیر کرا. بۆیە هاوکات لەگەڵ داپەڕ و ڕێوشوێنی ڕیفۆڕمخوازانە و نۆژەنکردنەوە لە بوارە جیاوازەکانی سیاسەت و فەرهەنگ و ئابووری؛ شوناسی نوێی ئێرانی وردە وردە لە گوتارە فیکری، ڕۆشنبیری و سیاسییەکانی ئێران بوو بە بگۆڕێکی گرنگ.

گەشتیاران و یەکەمین دەستەی باڵوێز و خوێندکارانی ئێرانی کە لە سەردەمی قاجاڕدا ڕەوانەی فەرەنگ و وڵاتانی ئەوروپی کرابوون، یەکەم مزگێنیدەرانی سێکوچکەی حکوومەت، وڵات و نەتەوە بوون. میرزا عەبدوللەتیف شووشتری لە ڕاپۆرتەکانیدا سەبارەت بە مافەکانی خەڵکی ئاسایی لە کۆمەڵگاکانی فەرەنگدا دەنووسێ: «کەس ئاغای کەس نییە، ئەگەر پاشا یان دەسەڵاتدارەکان گەرەکیان بێ سووکایەتی بە ژێردەستەکانیان بکەن، ئەوا ئەو کەسە بۆی هەیە لە دادگا سکاڵا بکات» (شوشتری، ١٣٦٣ ، ٢٧٥). ئەم چەشنە ئاگاداری و وشیارییانە کە زۆر لە ئاستێکی قووڵیشدا نەبوون، بنەمایەکی مەعریفی بۆ تێگەیشتن لە جیاوازیی نێوان ڕایەت و نەتەوە بوون، و تۆوی ئەندێشەی گۆڕانخوازییان چاند. موستەشارولدەولە لە نامیلکەی «یەک کەلیمە»دا، وشەی گەل بە وشەیەکی جیاواز لە ڕایەت باس دەکا و دەسەڵات و قبووڵکردنی گەل بە بنەمای هەموو ڕا و تەگبیرەکانی حکوومەت دەزانێت. بە گوێرەی پێناسەی ناوبراو گەل بە کۆمەڵێ کەس دەوترێ کە خاوەن مافی سروشتیی وەکوو: ئازادیی تاکەکەسی، ئاسایشی گیان و ماڵ، و مافی هەڵبژاردنی نوێنەر لە بەردەم دادگای دەوڵەتە (مستشارالدوله، بی‌تا، ٢٨-٥٠). بەرهەمەکانی عەبدولڕەحیم تالبۆف لە بەرهەمە ڕۆشنبیرییەکانی دیکەی ئەم قۆناغەیە کە وشەگەلی وەکوو گەل، پێشکەوتنی نەتەوەیی، جەستەی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری لەواندا ڕەنگ دەداتەوە. سەبارەت بە جیاوازیی مانایی نیشتمان لە ئەدەبیاتی کۆن و نوێدا دەنووسێت: «ئێمەی ئێرانی لە ناو هەزاران نەهامەتیی دیکەدا لە خۆشەویستنی پیرۆزی نیشتمانمان نامۆ بووین. سەردەمی فەلسەفیی کۆن تێپەڕی کە دەیانوت ئەم نیشتمانە میسر و عێراق و شام نییە، ئەم نیشتمانە شارێکی بێ‌ناوە. دەشێ بزانین ئەم نیشتمانە کە دەبێ بۆ پاراستن و پێشکەوتنی لە هیچ فیداکاری و گیانبازییەک درێغی نەنوێنین، ئێرانە. (طالبوف، ١٣٥٦، ٩٣).

دوابەدوای بیچمگرتنی ئەم وەرچەرخانە زانستی و هزرییانە، بڵاوبوونەوەیان لە ناو چاپەمەنی و ڕۆژنامەکان و ڕەنگدانەوەیان لە ناو ڕۆشنبیران و سیاسەتمەداران و حکوومەت، چین و توێژە خوێندەوارەکان و هەندێ لە گرووپەکانی چینی مامناوەند لە شارە گەورەکاندا، وردە وردە ئامادەکاری بۆ دەرکەوتنی گوتاری ناسیۆنالیزم و دەوڵەت – میللەت ڕەخسا. پێویستە ئەو خاڵە ڕوون بکەینەوە

کە هەموو خوێندنەوە پێش‌مەشرووتەکان سەبارەت بە نەتەوە و ناسیۆنالیزم، وەکوو یەک نەبوون و لە سەر یەک بناغەی فیکری دانەمەزرابوون، بەڵکوو ئەم بیرۆکانە لە نێوان کۆمەڵێک گوتاری ئێرانیزمی ئایینگەرا، ئێرانیزمی نەتەوەخواز هەتا دەگاتە ئێرانیزمی سکۆلار و دیرۆک‌خواز بوونی هەبوو.

## مەشرووتە و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی شوناسی نەتەوەیی

ڕۆشنبیرانی سەردەمی مەشرووتە پێیان وابوو بۆ ئەوەی ئێران بە پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆندا تێپەڕێ، دەبێ قەیرانە جۆراوجۆرەکان چارەسەر بکات و تێیانپەڕێنێ. قەیرانی گواستنەوە لە شوناسە خوارنەتەوەییەکان بۆ شوناسە نەتەوەییەکان یەکێک لەو قەیرانە بنەڕەتییانەیە. بۆیە بەشێک لە پلانەکانی گەشەپێدان و هەروەها ستراتیژییە کەلانەکانی دەوڵەتداری لە وڵاتی ئێراندا دەبا بە لای وتەزای دروستکردنی شوناسی نەتەوەییدا بشکابایەتەوە (قهرمانپور، ١٣٩٢، ٤٢). هەر بۆیە حکوومەتی مەشرووتە هەوڵێک بوو لە لایەن نوخبە و بلیمەتەکانەوە بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی مۆدێرن لە ئێراندا دابمەزرێنن، ئەو گوتارەی کە ئەم بزووتنەوەی ڕێک خستبوو، هەوڵی دەدا کە پێناسەیەکی نوێ بۆ کۆی هاووڵاتیانی وڵاتێک وەک نەتەوەیەک لە هەمبەر دام و دەزگایەک بە ناوی دەوڵەت دروست بکات (اکبری، ١٣٨٣، ٨٧). پێناسە و سنووری دەسەڵات و مافی گەل لە زۆرترین وشە و دێڕەکانی ئەدەبیاتی سیاسیی سەردەمی مەشرووتەن کە بریتین لە نامیلکەی سیاسی، شەونامە، ڕۆژنامە و پەیڕەونامەی حزب و بزووتنەوەکان. لە پەیڕەونامەی دوو ئەنجومەنی زۆر گرینگی مەشرووتییەت واتە ئەنجومەنی نەتەوەیی و ئەنجومەنی نهێنی‌دا هاتووە کە ئامانجی خەبات، ڕزگارکردنی نیشتمان و خۆشبەختیی گەلە (ملکزاده، بی‌تا، ٢٣٩-٢٤١) و تەنانەت یاسای بنەڕەتیی مەشرووتە و هەموارەکەیان بە «پەیڕەونامەی مافەکانی نەتەوە» لە قەڵەم دەدا (براون، ١٣٨٠، ١٣٢). مادەکانی ٨ تا ٢٣ی هەمواری یاسای بنەڕەتیی مەشرووتییەت کە بە گرنگترین بەڵگەنامە و بنەمای یاسایی بۆ پرۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتی نوێ لە قەڵەم دەدرێ، تەرخانی پێناسەکردنی گەل و ماف و ئەرکەکانی کراوە (متمم قانون اساسی مشروطه، ١٣٥٨، اصول ٨-٢٣). بەم شێوە تێهەڵکێشییەکی دانەبڕاوی نێوان مەشرووتە و گەل و ئیرادەی مەشرووتە بە دامەزراندنی سیستەمی نەتەوەیی و بەرسازکردنی شوناسێکی نوێی ئێرانی بەدی هات.

هەرچەندە لە پەیڕەونامەی یاسایی و پەسەندکراوەکانی سیستمی سیاسیی سەردەمی مەشرووتییەتدا، سیاسەتی ئێتنیکی بە مانا ڕاشکاو و تەکووزەکەی هیچ ئاوڕێکی لێ نەدرایەوە، بەڵام بە پێی ئەو بڕیار و سیاسەتانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندییان بە ژیانی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئێتنیکەکان و ناوچە ئێتنیکییەکانەوە هەیە؛ بۆ وێنە بەشێک لە مادەکانی یاسای بنەڕەتی و هەموارەکانی کە باس لە یەکسانیی مافەکانی هەموو هاووڵاتیان دەکەن (متمم قانون اساسی مشروطه، ١٣٥٨، اصل ٨)، شێوازی لامەرکەزیی بەڕێوەبردنی وڵات لە ژێر چاودێریی ئەنجوومەنی ئەیالات و ویلایەتەکان (متمم قانون اساسی مشروطه، ١٣٥٨،

اصل ٩١-٩٣)، و بە گشتی پشتبەستنی سیستەمی مەشرووتییەت بە ڕێساکانی ئازادیخوازی، فرەییخوازی و بنەماکانی دیموکراسی، دەتوانین نزیکبوونەوەی ناڕاستەوخۆی ئەم سیستەمە بە ئێتنیک و مەسەلە ئێتنیکییەکان بە واتای قبووڵکردن و پاراستنی فرەچەشنیی ئێتنیکی کۆمەڵگەی ئێران و مافە ئێتنیکییەکانی بزانین. ڕۆژنامەی «تەمەدون» (تمدن) لە سەروتاری خۆیدا لە ١١ی جەمادیولئەوەڵی ١٣٢٦ی مانگیدا، سەبارەت بە ماف و ئەرکی یەکسانی هەموو چین و توێژ و تاکەکان دەنووسێت: «ئێرانماڵێکە کە هی هەموو ئەو خەڵکەیە وا پێیان دەڵێن ئێرانی کە پتر لە ٢٥ گرووپی تێدایە. یەک بە یەکی ئەندامانی ئەم ماڵە دەبێ بە شێوەی یەکسان خاوەنێکی سەربەخۆ بن. لە یاساکانی وڵات و لە چاوی میلییەتدا، شا و سواڵکەر، هەژار و دەوڵەمەند، پێکەوە یەکسانن. کەس مافی ئەوەی نییە کارێکی وا بکا کە ئەم خێزانە لە ناو ببات". (روزنامە تمدن، ش ١٤، ١).

ژیانی ئێتنیکی و مەسەلەی شوناس و ئێتنیک لە سەردەمی قاجاردا بە گشتی بە دوو قۆناغدا تێپەڕیون، هەتا دەیەکانی کۆتایی سەردەمی قاجار، ژیانی ئێتنیکی درێژەی هەمان ژیانی کۆن و نەریتی بوو، کە بە هێما فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە تایبەتەکانیەوە لە ناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی هۆزەکی – عەشیرەییدا بەردەوام بوو. بەڵام لە دەیەکانی کۆتایی سەردەمی قاجاردا، بەتایبەت لەگەڵ ڕەخسانی ئامادەکاریی بۆ مەشرووتییەت، ئێتنیکەکان کە زیاتر لە شێوەی هۆز و عەشیرەتدا ڕۆڵی کۆمەڵایەتیان دەگێڕا، لە پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا ئەرکی نوێیان هەبوو. ڕۆڵی ئێتنیک و کەسایەتییە گرنگ و کاریگەرەکان لە ڕووداوەکانی مەشرووتەدا یەکێک لە نموونە ڕوونەکانی ئەم وەرچەرخانەیە. ئازەربایجان و بەتایبەت شاری تەورێز، لە پێگەی دارولسەلتەنە و ئاخێزگەی چاکسازییە سیاسییەکانی سەردەمی قاجار و ناوەندی سەرەکی مەشرووتەگەرایی، یەکێک لە ناوەندە سەرەکییەکانی ئێتنیکی تورک/ ئازەرییە، کە زیاترین کەسایەتییەکانی شۆڕشی مەشرووتە لەوێوە سەریان هەڵداوە. هەروەها گرووپە ئێتنیکییەکان لە دەڤەر و ناوچەکانی دیکەی ئێران، بە پێی بارودۆخ و بەرژەوەندییە هۆزەکی و ناوچەیی و هۆگرییە سیاسییەکانی ڕێبەرانی ناوچەیی لە ململانێی مەشرووتە و دژەمەشرووتەدا، بەتایبەت لە سەروبەندیی دیکتاتۆریی سەغیر (گچکە) و گەڕاندنەوەی مەشرووتەگەرایی، ڕۆڵێکی باشیان نواند. مێژووی مەشرووتە لە کوردستان، کرماشان، بەلووچستان و خوزستان، گوزارشت لەوە دەکەن کە یەکەم بزووتنەوەکانی ناوچە ئێتنیکییەکان لە میانەی بزووتنەوەیەکی سەرتاسەریدا ڕوویان دا، هەرچەندە لە هەندێک حاڵەتدا ئەو بزووتنەوانە زۆریش کاریگەر نەبوون. ماکداڤێل لەبارەی بزووتنەوەی مەشرووتە لە ناوچەی کوردستاندا دەنووسێ: سەرۆک هۆزە کوردەکان بە گشتی وەک بەشێک لە دەسەڵاتی پاشایەتی و سیستەمی حوکمڕانی دادەنران و خۆیان بەشێک لەو سیستەمە حکوومەتییە بوون و بوون بە دوژمنی بزووتنەوەی مەشرووتە. بە بڕوای ئەوان شەرعیەت لە کەسەکەدایە نەک لەو دەزگایەی کە لە سەر بنەمای ئەندێشەی بیانییەکان دروست بوویێت. بەڵام هەر ئەو سەرۆکانە خۆیان لە زیادبوونی

هەموو ڕۆژەی دەستێوەردانەکانی ڕژێمی قاجار لە ناو کاروباری ویلایەتەکاندا ناڕازی بوون و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش کاردانەوەکەیان «دووفاقە» بوو. ئەم کەسانە لایەنگری سەربەخۆیی خۆجێی بوون. بەڵام چالاکییە سیاسییەکانی خەڵکی شاریان بەدڵ نەبوو. وەلێ سەرۆکەکان وەک چینێک مامەڵەیان نەدەکرد و هەر یەکەیان بە دوای بەرژەوەندیی تەسکی خۆیاندا دەگەڕان. بەڵام ناوەندی شارە کوردستانییەکان وەکوو مەهاباد، ورمێ، سەقز، سنە و کرماشان، پێیان خۆش بوو کە شوناسی خۆیان لەگەڵ بزووتنەوەی مەشرووتە بگونجێنن. ڕەنگە زۆرێک لە لادێییەکانیش هەر بەو شێوە بووبن، و بەم شێوە لە زۆرێک لە شار و شارۆچکەکاندا «ئەنجومەن» دامەزرا (مک داول، ١٣٨٣، ١٥٤-١٥٥). پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە بۆچوونەکانی مەک داوێل سەبارەت بە هۆگریی ڕێبەرانی هۆزەکانی کوردستان بە پێی بارودۆخەکە جیاواز بوو، چونکە بەشێک لە سەرۆکەکانی کورد، وەک یار محەمەدخانی کرماشانی و هاوەڵانی دیکەی لە کرماشان، لە بەرەی مەشرووتییەتدا خۆڕاگریان نواند و تەنانەت ژیانی خۆیان لە پێناو بەرگریکردن لە مەشرووتە بەخشی (گودرزی، ١٣٨١ و کشاورز، ١٣٧٧). بەلووچستان کە بە هۆی هەڵکەوتە جوگرافییەکەی و دووری لە ناوەندەکانی مەشرووتەخوازی خۆیان لە گۆڕانکارییە فیکری و سیاسییەکانی مەشرووتە، تێنەگەیاندبوو، هاوکات لەگەڵ مەشرووتییەت چەندین شۆڕش وەک نارەزاییەتییەک بەرامبەر بە بارودۆخی ئابووری و ژیانی نابەسامان و ناجێگیری خەڵک بەدی دەکەین (سپاهی، ١٣٨٤). ئەم دۆخە کەم تا زۆر باڵی بە سەر ناوچەکانی دیکەشدا کێشابوو.

ڕەهەندێکی دیکەی وەرچەرخانە شوناسییەکانی سەردەمی قاجار، بازدان لە شوناسی نەریتی بۆ شوناسی نوێیە. هەنگاونان بەرەو بنیاتنانی شوناسێکی نوێی هاوبەش بۆ هەموو دانیشتووانی ئێران لە ژێر ناوی گەل داپەڕ و ڕێوشوێنێک بوو کە لە ڕێگەی شۆڕشی مەشرووتییەتەوە بناغە سیاسی و یاساییەکانی دانرا و وەک گوتارێک لە پەیوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگای ئێراندا بڵاو بووەوە. بەڵام ئەم بازدانە نە یەکدەست و تەواو بوو و نە دەرەنجامێکی لەباریشی لێ کەوتەوە. ڕەنگدانەوە و کاریگەریی پرس و سیاسەتەکانی شوناسی نوێی نەتەوەیی، لە ناو دڵی کۆمەڵگادا سنووردار و کەم بوو؛ یەکەم: زۆرینەی بەردەنگەکانی ئەم گوتارە لایەنێکی کەمی چینی مامناوەند و چینە خوێندەوارەکان بوون کە لانیکەمی خوێندەوارییان هەبوو و دووەم ئەوەی کە بازنەی جوگرافیای کاریگەرییەکانی تەنیا شارە گەورەکان و ناوەندەکانی مەشرووتەخوازی لە خۆ گرتبوو و زۆرینەی گوندنشینان و عەشایەر و تەنانەت شارە گەورە و بچووکەکانی ناوچە دوور لە ناوەندەکانی نەدەگرتەوە. بە جۆرێک کە ڕۆژنامەی تەمەدون ماوەیەک دوای دامەزراندنی حکوومەتی مەشرووتە، لە بارەی وشیاریی گشتیی خەڵک سەبارەت بە مەشرووتییەت نووسیویەتی: «لەسەدا نەوەد و نۆی خەڵکی ئێران هیچ لەبارەی مانای مەشرووتییەت و قازانجەکەی نازانن ... تێناگەن سوودی ئەنجومەنی شوڕا لە چیدایە؟» (روزنامەی تمدن، ١٣٢٥، ١)

بە گشتی پرۆسەی دامەزراندنی شوناسی نەتەوەیی، لاپەڕەیەک لە پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن و

چاکسازییەکانی سەردەمی قاجار بوو کە دواجار لە مەشرووتییەتدا بەدامەزراوەیی و یاسایی کرا و دوای ئەوەی دامەزراوەی مەشرووتییەت کەوتە ناو گێژاوی زنجیرەیەک قەیرانەوە و نەیتوانی بە شێوەیەکی دیموکراسیانە سیاسەت و کۆمەڵگا لە ئێراندا مۆدێرن بکاتەوە، و کۆڵەکەکانی وردە وردە دارما، پرۆژەی بنیاتنانی شوناسی نەتەوەیی و جۆرێک لە سیاسەتی ئێتنیکی کە دەکرا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە دڵی ئەم گوتارەدا سەر هەڵبدا و هەتا ڕادەیەک دەستەبەری ئازادییەکان، مافەکان و داخوازییەکانی ئێتنیکەکان بکا، فەرامۆش کرا و بە هۆی گۆڕانکارییەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێرانەوە ئەم ئاراستە لە حکوومەتی پاوانگەرا و ڕەهاخوازی پەهلەویی یەکەمدا کە لە هەناوی شکستەکانی مەشرووتەدا هاتبووە دەرەوە، بە لای سیاسەتی ئێتنیکخوازانە، ناوەندگەرایی، ئاسیمیلەکردن و نادیموکراسیدا بای داوە. ئەو وەرچەرخانەی کە شوناسی نوێی ئێرانی لە ڕەوتی بزاڤە سیاسی و فیکرییەکانی سەردەمی قاجاردا تێپەڕاندبوو، هاوشێوەی زۆر بابەتی ژێرخانیی دیکە، لەوانەش سروشتی دەوڵەتی نوێ لە ئێران، ڕۆڵێکی سەرەکیی لە داهاتووی پرسی شوناسی نەتەوەییدا هەبوو.

وەک باس کرا زەمینەکانی سەرهەڵدان و خستنەڕووی پرسی شوناسی نەتەوەیی لە سەردەمی قاجاردا هاتە ئاراوە، هاتە ناو کایەی ئەندێشە و سیاسەتەوە و لە شۆڕشی مەشرووتییەتدا پێگەی سیاسی- یاسایی وەدەست هێنا. لەم قۆناغەدا پرسی شوناسی نەتەوەیی بە هەموو ئەو کەموکوڕی و ناتەواویانەی کە لە داڕشتن و گەڵاڵەکردنیدا هەبوو، بە گشتی لە ناو گوتارێکی تا ڕادەیەک دێموکراتیک و پابەند بە فرەچەشنیی ئێتنیکی - ئایینیی ئێراندا بەدواداچوونی بۆ کرا، بەڵام دوابەدوای قەیرانە یەک لە دوای یەکەکانی دواساڵانی سەردەمی قاجار و داڕمانی بینای تازەبنیاتنراوی مەشرووتییەت، دواجار لە چوارچێوەی گوتاری ناوەندگەرایی و نادیموکراسیی پەهلەویی یەکەمدا ڕێگایەکی جیاوازی گرتە بەر. بێگومان پێویستە دان بەوەشدا بنرێ کە ئەو سیاسەتی مۆدێرنیزاسیۆنە دەستووردەرانەی کە لە سەردەمی پەهلەویی یەکەمدا هاتە ئاراوە و دەرەنجامەکانی لەگەڵ بەرنامەکانی بنیاتنانی شوناسی نەتەوەیی و سیاسەتی شوناسی و ئێتنیکی فەرقی هەبوو، و بەرهەمی گوتارێک بوو کە ساڵانێک بەر لە هاتنە سەر دەسەڵاتی ڕەزاخان لە ناخی ئەزموونی سەرنەکوتوو و دۆڕاوی مەشرووتییەتەوە هاتە دەرەوە، بە واتایەکی دیکە لە ناو ژینگەی سیاسی - کۆمەڵایەتیی دوای شۆڕشی مەشرووتە، بە لەبەرچاوگرتنی دەرهاویشتەکانی شکستی مەشرووتەگەرایی و ڕووداوە پڕ لە قەیرانەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و داگیرکرانی ئێران، ڕووخانی حکوومەتی ناوەندی، هەڵگیرسانی بزووتنەوە و شۆڕشە ئێتنیکی و ناوچەییەکان لە خوزستانەوە هەتا ئازەربایجان ، بارودۆخی سەختی ژیان و ئابوورییەکی تێکەڵ بە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و قاتی و قڕی، نەبوونی ئاسایش و ڕێککەوتنی پشتیوانیکردنی ساڵی ١٩١٩؛ لە ڕووی مێژوویی و پێکهاتەییەوە، بیرۆکەی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران و وجوودییەتی سیاسیی ئێرانیان کردە ئەولەوییەتێکی حەتمیی لە بواری ئەندێشە و کرداری سیاسی لە ئێراندا. مشوورخواردن بۆ دەرچوون لەم دۆخە قەیراناوییە،

ڕێگەی بۆ خوێندنەوەیەکی نادیموکراتیک، بەهێز و ناوەندگەرا بۆ دەوڵەتێکی مۆدێرن خۆش کرد، کە لە دەزگای ڕۆشنبیری و سیاسەت‌ئەندێشیی ساڵانی کۆتایی سەردەمی قاجاردا بنەما تیۆری و ئایدۆلۆژیکییەکانی بەرهەم هێنرا و بانگەشەی بۆ کرا و لەگەڵ کودەتاکەی ساڵی ١٢٩٩ی هەتاوی ڕەزاخان ئامادەکاریی سەربازی و سیاسەتە کردەییەکانی ڕەخسا و دواجار لە ساڵی ١٣٠٤ هەتاوی لەگەڵ پێکهێنانی سەڵتەنەتی پەهلەوی کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە.

## حکوومەتی پەهلەوی و پاکتاویی ئێتنیکی لە پەنای ناسیۆنالیزمی یەکسانسازدا

گوتاری زاڵ بە سەر ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکانی دوایین ساڵانی سەردەمی قاجار وەکوو: ئیرانی ئازاد، کاوە، ئاینده، ئیرانشهر، نامەی فەرەنگستان، ڕەستاخیز، نەوبهار، مەردی ئازاد، شەفقی سورخ و هتد ... کە تریبۆنی کەسایەتی و ڕەوتە سیاسی و ڕووناکبیرییەکانی ئەوسەردەمە، بە تایبەت «ڕۆشنبیرانی بازنەی بەرلین» بوون (بهنام، ١٣٨٨)، بەڵگەی تەواو و ڕاشکاوی پەرەدان بە گوتاری چاکسازیی تاکڕەوانە و مۆدێرنیزاسیۆنی خۆسەپێنەرانەی ئەو قۆناغەن.» ڕۆژنامەی شەفەقی سورخ لەبارەی پێویستیی ڕازیبوون بە پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن لە سەرەوە و لە لایەن کەسێکی بەهێز و چاکسازیخوازەوە دەنووسێ: «مرۆڤێکی چاکسازیخواز و مێشکێکی ڕۆشنگەر و عەقڵێکی کراوەمان پێویستە بۆ ئەوەی هەموو بەیانییەک بە زەبری هێز بەر دەرگای ماڵان گسک بدا، گڵۆپی کۆڵانەکانمان بە زەبر هەڵگیرسێنێ و بە زەبر و زۆر جلەکانمان یەکدەست و تەکووز بکات. تەنها مێشکێکی جیدی و چالاک و عەقڵێکی ڕوونی چاکسازیخواز لە دەستی دێ ئەم ڕێبازە نەریتییە وەلا بنێ و بە زۆرەملێ و توندوتیژی، بەسەر خووە ناسروشتییەکانماندا زاڵ ببێ و جگە لەوەش، لە ئێرانی ئەمڕۆدا، بەم دۆخەی ئێستاوە، جگە لەوە هیچ چارەیەکی ترمان نییە» (روزنامه شفق سرخ، ١٣٠٢، ٤). بەم پێیە بارودۆخی مێژوویی و گوتاری سیاسی - فکریی دەیەی کۆتایی سەردەمی قاجار، زەمینەی بۆ وەرچەرخانە بنەڕەتییەکانی پڕۆژەی بنیاتنانی شوناسی ئێرانی لەبار کرد کە لە حکوومەتی ڕەهاخوازی پەهلەویی یەکەمدا وەدی هات. ئەو ئەندێشە و ئایدۆلۆژیایانەی کە دواتر لە چوارچێوەی بەرنامە سیاسییەکانی ڕژێمی پەهلەویی یەکەمدا دەرکەوتن، بەرهەمی تێڕامانی نووسەران و ڕۆشنبیرانێکی وەکوو تەقی‌زادە، جەماڵ‌زادە، کازمزادە، قەزوینی، پووورداوود، عەلی دەشتی، داوەر و ئەفشار بوون کە لە ڕێگەی لێکدانەوەی ڕەخنەیی، سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای ئێران، دەستیان کرد بە دروستکردنی ستراتیژ و ڕێبازی نوێی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئابووری و بە گۆڕینی بۆ ڕەوتێکی هزریی بەهێز، بوون بە دامەزرێنەران و ڕێبەرانی فیکریی چاکسازی و مۆدێرنیزاسیۆنی سەردەمی ڕەزاشا و ئایدۆلۆژییەکانی حکوومەتی پەهلەویی یەکەم (سلیمی، ١٣٩٠، ١٣٠).

لەگەڵ گۆڕانی دەسەڵاتی پاشایەتی لە قاجارەوە بۆ پەهلەوی و هاتنە سەر دەسەڵاتی ڕەزاشا لە مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٠٤ی هەتاوی، حکوومەتێک لە سەر بنەمای ئایدیالەکانی گەڕاندنەوەی

ئاسایش و یەکپارچەیی خاکی وڵات (ئێران)، وەدیهێنانی بیرۆکەی یەک نەتەوە، پێشکەوتنی ئابووری، مۆدێرنیزاسیۆنی فەرهەنگی، گەڕانەوە بۆ مەزنایەتیی دیرۆکیی ئێران و ئارییایی‌گەرایی دامەزرا کە پێش هەموو شتێک، دەبێ بناغەکانی شەرعیەتی گوتار و کردارەکانی بە دڵی جەماوەر بێ، لێرەوە هاوتەریبیی پێکهێنانی حکوومەتی پەهلەوی لە سەر بنەمای ئەو پێشەکییانەی کە لە گوتارە فیکری و سیاسییەکانی دوایین ساڵانی حکوومەتی قاجاردا باو بوو، زەمینەکانی گوتاری ئایدۆلۆژیک هاتە ئاراوە و بە مەبەستی پێکهێنان و برەودان بە هێماکانی ڕێوشوێنی بەرفراوان گیرایە بەر.

مێژوو و مێژوونووسی کە سەرچاوەی یادەوەری و ڕۆحی جەماوەرییە، ئەو بوارە کاریگەرە بوو کە سەرنجی پێ درا بۆ ئەوەی بە دروستکردنی گێڕانەوەیەکی هاوتەریب لەگەڵ گوتاری زاڵ، لە لایەک شەرعییەت بەم سیستەمە ببەخشێ و لە لایەکی دیکەشەوە کۆڵەکەکانی دروستکردنی شوناسی نوێی نەتەوەی ئێران دابمەزرێنێت. لە قۆناغی یەکەمی ڕژێمی پەهلەویدا، چاپی بەرهەمە مێژووییە زانستییەکانی وەکوو: «تاریخ باستان» (مێژووی کەونینەی)ی حەسەن پیرنیا، «ئیران ئەز زوهوور ئیسلام تا پایان قاجار» (ئێران لە دەرکەوتنی ئیسلام تا کۆتایی قاجار) لە نووسینی عەباس ئیقباڵ و بەرهەمی توێژەران و ئێرانناسانی ڕۆژاوایی لەوانە هێرتزفێڵد، گۆڵدزیهێر، مینۆرسکی، شپۆلەر و هتد خرایە بەرنامەی کارەوە. بیرۆکەی هێرتزفێڵد سەبارەت بە ئێرانی هەخامەنیشی وەک چەمکێکی ژیۆپۆلیتیکی و «ئیمپراتۆریەتی ئارییەکان» و هەروەها ئەو بیرۆکەی کە «نەتەوەی ئێران» بە پێی لێکدانەوە جوگرافی و سیاسییەکانی ئەو لە سەردەمی هەخامەنیشیەکاندا سەریان هەڵداوە، وەک چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای فەرمیی لە سەردەمی پەهلەوی یەکەمدا هەڵبژێردرا. ئەم ئەندێشانە بنچینەی ئەو دیاردەی پێک هێنا کە ئەلساندرۆ بووسانی بە «ناسیۆنالیزمی ئاریایی و نوێ‌هەخامەنیشی» ناوی لێ دەبات. دیاردەیەک کە بە پێداگریی لە سەر ٢٥٠٠ ساڵ ئیمپراتۆریەتی ئێران، لێکدانەوەیەکی بۆ شوناسی ئێران و ئێرانی لە سەر بنەمای سیستەمی ئیمپراتۆری (شاهەنشایی) و بە ناوەندێتیی شا ئامادە کرد (اشرف، ١٣٩٥، ٢١١-٢١٣). بە واتایەکی تر شوناسی نەتەوەیی لەسەر بنەمای سیستەمی پاشایەتی بنیات دەنرێت، نە لە سەر بنەمای ئازادیی هاووڵاتی (اشرف، ١٣٧٣، ٥٤٤).

لە سەردەمی سەرهەڵدانی دەوڵەتە مۆدێرنەکاندا، بنیاتنانی نەتەوە و بنیاتنانی شوناسی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی میکانیزمە دامەزراوەییەکانی دەوڵەتی مۆدێرن و ئامرازەکانیانەوە جێبەجێ دەکرێ یان وردتر بڵێین دەوڵەتە مۆدێرنەکان بە پێی ئەرکە سەرەکییە تایبەتەکانیان شوناسی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن. بەم شێوە بەستێنی ژیانی کۆمەڵایەتی، بە مانای گشتگیری وشە، مەیدانی بەشداری و کاری دەسەڵاتی سیاسییە. (اکبری، ١٣٨٢، ٢٢٥-٢٢٦). حکوومەتە ڕەهاخوازەکەی ڕەزاشا، وەک دەوڵەتێکی مۆدێرن، بە ناچاری دەبا جگە لە بنیاتنانی پێکهاتەیەکی سیاسیی مۆدێرن لە ئێراندا، نەتەوەیەکی نوێی ئێرانیش بخولقێنێت. ئاشکرایە کە حکوومەتی ڕەهاخوازی ڕەزاشا دەیویست ئێران بە شێوەیەک بسازێنێ کە لەگەڵ پرۆژەی حکوومەتی ڕەهاخواز

و ستراتیژییەکانی ئەم حکوومەتە بۆ نوێکردنەوەی ئێران هاوتەریب و هاوئاراستە بێ و لەگەڵیدا هەست بە یەکگرتوویی و هاوچەشنی بکات. بەرنامەی نوێگەرایی و مۆدێرنیزاسیۆنی سەردەمی پەهلەویی یەکەم بە پەیڕەوکردنی مۆدێلی مۆدێرنیزاسیۆنی دەوڵەتتەوەریی تاکڕەوانە و لە سەرەوە بۆ خوار، لە سەر بنەماکانی دەوڵەتگەرایی ، لاسایی فەرەنگ (ئەرووپا)، و سکۆلاریزم بیچمی گرت و لە سەر بنەمای بیرۆکەی پەهلەوییزم کە لە دوو بژێرەی ئێرانیزم و پاشاپەرستی پێک هاتبوو، بنیاتی شوناسێکی نوێی ئێرانی دامەزراند.

لە پرۆژەی مۆدێرنیزاسیۆنی سەردەمی پەهلەویی یەکەمدا، سووژەی ئێرانی بە پشتبەستن بە توخمەکانی زمانی فارسی، نەژادی ئاریایی، پێشینەی مێژوویی هاوبەش، نیشتمانپەروەری و پاشاپەرستی و کەڵک وەرگرتن لە یەکسانسازی (ئاسمیلەکردن) و ئاسایکردنەوە دروست ببوو. پیشەسازیی یەکسانسازی و تواندنەوە، ئەرکی سڕینەوەی جیاوازییە زمانی، نەژادی، ئێتنیک و فەرهەنگییەکان و جێگیرکردنی زمان و فەرهەنگ و ئەدەب و هونەر و نەتەوە و نەژادێکی بژاردە و یەکدەستی لە ئەستۆ گرت و پیشەسازیی ئاساییکردنەوە[1] بەرپرسیاری دروستکردنی میکانیزنی تایبەت بوو بۆ بەدەروونیکردنی نۆرمە نوێکان (اکبری، ١٣٨٢، ٢٢٧-٢٥٠). لە پێوەندی لەگەڵ پێگەی زمان لە پرۆژەی مۆدێرنیزاسیۆندا، لە یەکێک لە ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی دەرەوە بۆ وەزارەتی مەعاریف ڕاشکاوانە هاتووە کە «لە سەردەمی ئێستادا میللەت تەنیا ئاماژە بە کۆمەڵێ کەسی هاوزمان دەکا و شاراوە نییە کە گەورەترین پەیوەندیی نەتەوەیی و بەهێزترین ئامرازی ئێتنیکیی نەتەوەیەک، یەکگرتوویی و یەکبوونی زمانی ئەو نەتەوەیە» (نامە وزارت امور خارجە بە وزارت معارف، ١٣٠۴، شمارە ۵٧٠٠٣) و لە کتێبەکانی خوێندندا زمانی فارسی وەک زمانی نیشتمان و زمانی دایکیی ئێرانییەکان باس کراوە ( نامە ایران باستان، ١٣١١، ٣). بە بێ گوێدانە ئاراستەی سڕینەوەی زمانەکانی دیکە، یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی سیاسەتی زمان لە سەردەمی پەهلەویی یەکەمدا دژایەتیکردنی زمانی عەرەبی و تا ڕادەیەک زمانی تورکییە کە لە پێگەی «ئەویدی» لێی دەڕوانی و بە دامەزراندنی ئەکادیمیای زمانی فارسی (طرفداری، ١٣٨٩) و بەرنامەی هەڵبژاردنی وشە لە ئاستە جیاوازەکاندا، جگە لە گۆڕینی ناوەکان بە ناوی شارەکانیشەوە، هەوڵی دەدا شوێنەواری زمانەکانی دیکە لە سەر زمانی فارسی بسڕێتەوە، لە گۆڕینی ناوی شارەکان لە ساڵانی سەرەتای دەسەڵاتی پەهلەویدا، زیاتر ناوی پەهلەویی شا و شاپوور بۆ شارەکان بەکار دەهێنرا. یەکەم گۆڕینی ناو بە فەرمانی ڕەزاشا دەگەڕێتەوە بۆ مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٠٤ هەتاوی کە بە پێی ئەو ناوە ناوی شاری «ئاق قەڵا» کرا بە «پەهلەوی دژ». ئەم گۆڕانکارییە لە سەر داوای فەرماندەی تیپی سەربەخۆی باکور و ڕەزامەندیی ڕەزاشا و بە ئاگادارکردنەوەی وەزارەتی پەروەردە و ئەوقاف لەلایەن وەزارەتی جەنگ ئەنجام دراوە. هەر لەو ساڵەدا، وا دیارە بە پێی داواکاریی بەشێک لە دانیشتوانی «ئەنزەلی» و پێشنیاری حکوومەتی گێلان و پەسەندکردنی کابینەی وەزیران، ناوی

1. normalization

شاری ئەنزەلی بۆ «بەندەر پەهلەوی» گۆڕدرا. ساڵی ١٣٠٥ هەتاوی بە پێی داواکاریی بەشێک لە دانیشتوانی قومشە و ڕەزامەندیی ڕەزاشا، ناوی «قومشە» بۆ «شەهرەزا» گۆڕدرا (ساکما ، ٢٩٧٠٠٥١٥٨-٢٩١٠٠٠٢٧٩-٢٤٠٠١٣٨٥٣ بە نقل از: نوروزی و دیگران، ١٤٠١). سیاسەتی ئاسمیلەکردنی زمانی لە سەر تەوەری زمانی فارسی و قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانەکانی دیکە لە کاروباری پەروەردەیی، ئیداری و تەنانەت ڕۆژنامەوانیدا، جگە لە دەرهاویشتە کورتخایەنەکانی، دەرهاویشتە و زیانی درێژخایەنیشی هەبوو، مەبەست ئەو زویری و ناخۆشییە بوو کە ئەو سیاسەتە لە زەینی خەڵکانی غەیریفارسدا دروستی کرد و پەیوەندیی ئێتنیکە نافارسەکانی لەگەڵ ئێتنیکی فارس کاڵ کردەوە (شیرازی، ١٣٩٦، ٦٨٠).

یەکگرتوویی و باڵادەستیی نەژادی، لە ژێر ناوی «نەژادی ئارایی» یان «ئاریانیزم» هێمایێکی دیکەی گوتاری شوناسی سەردەمی پەهلەویی یەکەم بوو. لە کتێبی مێژووی ساڵی سێیەمی قۆناغی ئامادەیی لە سەردەمی پەهلەویی یەکەمدا، وێڕای ڕیزبەندیکردنی نەژادەکان و بە هیچۆکەکردن و بە شاخستانی زانینی نەژادە غەیرە سپی پێستەکان، بە نەژادی سپی لەقەڵەمدانی ئێرانییەکان، دەڵێ: «دەتوانین بڵێین مێژوو هی نەژادی سپییەکانە. نەژادی سپی پێستەکان خۆیان دەبن بە چەند لقەوە کە لقی ئارایی لە هەموویان سەرترە.» (کتاب تاریخ سال سوم دبیرستان، دوره پهلوی اول، ٣-٤ وەرگیراو لە: اکبری، ١٣٨٤).

دروستکردنەوەی مێژوو و یەکدەست و سافکردنی جادە نارێکەکەی وەک ئەوەی ئایدۆلۆژیای باڵادەست دەیەوێت، یەکێک لە بناغە زۆر گرنگەکانی پرۆژەی مۆدێرنیزاسیۆن بوو. لە سەر «تەختی پرۆکرۆستس»[1] ی گوتاری ئایدیۆلۆژی یەکدەستساز، شتە بێبایەخەکان، ناهاوچەشنەکان و پچڕانەکانی مێژوو لا دەبرێن و گێڕانەوەیەکی یەکدست و باش داتاشراو لە ژێر ناوی ٢٥٠٠ ساڵ حوکمڕانیی نەمری شاهەنشاهی لێ دەخرێتە ڕوو. گێڕانەوەیەک کە بتوانێ لە سەر بنەمای دیرۆکگەرایی، کە سەرچاوەی سیستەمی شاهەنشاهی و ئاریاییزمە، لە ئاستی شان و شکۆی ئێرانییەکان بێ و ڕاگری ئەستوونی مێژووی ئێران واتە حکوومەتی شاهەنشاهی بێت. لەم گێڕانەوە مێژووییەدا، عەرەب و ئیسلام وەک فاکتەرەکانی نەمانی سەردەمی کۆن و سیستەمی شاهەنشاهی، کە هۆکاری لەناوچوونی فەرهەنگ و شارستانیەتی کۆن و شکۆمەندی ئێران بوون، لە پێگەی ئەویدیدا جێگیر کران. لە قۆناغەکانی دواتردا تورکەکان و بەتایبەت مەغۆلەکان وەک تێکدەرانی شارستانیەتی ئێران خرانە بازنەی «ئەویدی»ەکانی ئێرانییەوە.

---

١. پرۆکرۆستس، (بە واتای ڕاکێشەر)، لە ئەفسانەی یۆنانیدا، ڕێگرێکی زەبەلاحە کە لە لای ڕێگای ئێلیوسیس بۆ ئەسینا دەژیا، بە بیانووی میوانداری ڕێبوارەکانی دەبردە ماڵەکەی و لەسەر تەختێک دەیخەواندن و ئەگەر لە درێژیی تەختەکەی کورتتر بوونایە، دەیانکێشا یان هێندە بە چەکوش لە سەر سندانێک دەیانیکوتا تاکوو ڕێکی تەختەکە دەبوون، ئەگەریش لە تەختەکە باڵایان بەرزتر بووایەت، هێندە قاچەکانیانی دەبڕی بۆ ئەوەی قەبارەیان بگاتە قەبارەی تەختەکە. بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەم سەرچاوە بکەن: مایکل گرانت، جان هیزل، فرهنگ اساطیر کلاسیک، یونان و روم، ترجمه رضا رضایی، تهران: نشر ماهی.

شاپەرستی و نیشتمانپەروەری کۆڵەکەیەکی دیکەی گوتاری شوناسی سەردەمی پەهلەویی یەکەم بوو، کە بە شێوەیەکی مانادار دوو توخمەکەی شا و نیشتمانی لە ئاوێتەیەکی یەکدەستدا وەک ئەسڵ و پرەنسیپێک پێناسە کرد بۆ ئەوەی وێڕای چێکردنی پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان پاشا و سیستەمی شاهەنشاهی لەگەڵ توخمی نەمری خاک و نیشتماندا، پاتشاپەرستی ببێتە ڕەهەندی دانەبڕاوی نیشتمانپەروەری. ئەمەش لە دروشمی «خودا، شا، نیشتمان»[1] دا بە ڕوونی دیارە. دروشمێک کە ئاشکرا ئاماژە بە نێوەندگیریی پاشا لە نێوان جیهانی خودایی و مرۆڤایەتیدا دەکا، پاشایەک کە هێمای نیعمەتی ئیلاهی و فەڕی ئیزەدییە و نیشتمان لە نەبوونی وجوودی پڕفەڕی ئەودا وێرانەیەکە، نەک هیچی تر. بە مەبەستی چاندنی ئەو بیرۆکە و پێشنیارانە لە سەردەمی پەهلەویی یەکەمدا بڕێکی زۆر ئەدەبیات بەرهەم هات و خرایە ڕوو. حسێن موعتەمیدی، لە وتاربێژانی ڕێکخراوی «پەروەرشی ئەفکار» (واتا ڕاهێنانی فیکرەکان) لەم بارەوە ئێژێ: «پاشاپەرستی باڵاترین و پیرۆزترین هەستە کە پاڵپشت و پاڵگەی گەورەیی و سەربەخۆیی هەر وڵاتێکە». باب‌وباپیرانمان خوداپەرستی و پاشاپەرستی و نیشتمانپەروەرییان بە گەورەترین ئەرکی خۆیان دەزانی. (ساکما، سند شماره ۱۰۲/۲۹۱۰۰۳۵۷۳غ۲آآ، ۱).» بە لێکچوواندنی بەهاکانی پاشا و نیشتمان و خودا، ئەویتریسازیش ئاراستە و تەوەرێکی تایبەتی بە خۆوە گرت. نەیارانی شا چیتر نەک هەر بە ئەویتریی شا لە قەڵەم دەدران، بەڵکوو بە نانیشتمانپەروەر و خودانەویست هەژمار کران و هەر بۆیەش ئێرانی بەو سیفەتانە وەسف کرا کە لە سەر بنەمای شاپەرستی بوو. (اکبری، ۱۳۸٤، ۲٦٤).

ڕەزا زیا ئیبراهیمی، ئەم ئایدۆلۆژیا نەتەوەخوازییەی بە «ناسیونالیزمی بێ‌شوێن‌ساز» ناو دەبات و لە دەستنیشانکردنەوەی هێما و بیرۆکەکانیدا، دەڵێ: بیری نەژادی بەرزی ئارىایی، ستایشکردنی سەردەمی کۆن، ئیدانەکردنی ئیسلام و سەردەمی ئیسلامی، پاراستنی هێما کۆنەکان، ۲۵۰۰ ساڵ دەسەڵاتی شاهەنشاهی و ... بە سیمبۆلەکانی ئایدۆلۆژیایەکی ناسیۆنالیستی دەزانم کە من پێی دەڵێم «ناسیۆنالیزمی بێ‌شوێن‌ساز». ئەم ئایدۆلۆژیا چەندین بیروباوەڕی سەرەکی هەیە. یەکەم ئەوەی کە ئێران هەمیشە بوونی هەبووە و مێژووە بەردەوامەکەی دەگاتە ۲۵۰۰ ساڵ (و زۆر جار ئەم ژمارە بۆ ماوەی ۵۰۰۰ ساڵ، و تەنانەت زیاتریش درێژی دەکەنەوە). دووەم، جەوهەری ئێرانی و گەورەیی ئێران دەبێ لە سەردەمی زێڕینی پێش ئیسلامدا لە دووی بگەڕێیت. سێیەم، ئیدعای ئەوە دەکرێ کە سەرچاوەی گرفت و ڕووخانی ئێران ئیسلامێکە کە عەرەب بە زەبری شمشێر سەپاندوویانە، و چوارەم، ئێرانییەکان لە نەژادی ئارییین و هەر بۆیە پەیوەندیی خزمایەتییان لەگەڵ ئەورووپییەکان هەیە و لە ڕووی نەژادییەوە پاکن و لە عەرەب بێبەرین (ضیا ابراهیمی، ۱۳۹٦، ۹). لە وەها بەستێنێکی تیۆری و گوتاریدا، جگە لە نەتەوەی هەڵبژێردراو، هەر نەتەوەیەکی تر بە هەموو میراتە ماددی و مەعنەوییەکانیەوە دیاردەیەکی ناتەبا و زیادی و کۆن و بێبایەخە کە پێویستە لە

---

[1]. خدا، شاه، میهن

پرۆسەی شکۆمەندی دروستکردنی نەتەوەیەکی نوێدا ئاسەواری نەمێنێت.

دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرن وەک تاکە سەرچاوەی کارامە بۆ یاسادانان و قۆرخکاریی دەسەڵاتی سیاسی لە ناو وڵاتدا، دژی هەبوون و مانەوەی هەر ناوەندێکی تری دەسەڵات بەو کارامەیی و لێهاتوویبە بوو و پێکهێنانی وەها سیستەمێکی سیاسی لەو شێوە پێویستی بە سڕینەوەی توخمە ناهاوچەشن و ڕکابەرەکانی بواری دەسەڵاتی سیاسی بوو، بە گوتەی ساموئل هەنتینگتۆن: «لە کۆمەڵگا نەریتییەکانیدا کە مۆدێرنیزاسیۆنیان بەسەردا دێ ... زۆر جار یەکەم پرسێ کە مۆدێرنیزاسیۆنی سیاسی دەیخاتە بەر دەم سیستەمێکی نەریتی دەرەبەگی و شپرزە و ناڕێکخراو ئەوەیە کە بۆ هێنانەدیی گۆڕانکاری لە سەر ئاستی کۆمەڵگا و ئابووریی نەریتی، چڕکردنەوەی دەسەڵاتە لە ناوەندێکدا، بۆیە مۆدێرنیزاسیۆن لەم کۆمەڵگایانەدا بە تێکڕووخانی ناوەندە ناوچەییەکانی دەسەڵاتی ئایینی و ئێتنیکی و چڕبوونەوەی دەسەڵات لە ناو دامەزراوە سیاسییە نیشتمانییەکاندا، لە بنەڕەتەوە دابەشکردنی دەسەڵات لە ناو چوارچێوەی ئەو سیستەمە سیاسییەدا نوێ دەکاتەوە (هانتیگتون، ١٣٧٠، ٢١٣ و ٢٠٨). لە سەر ئەم بنەما، هەنگاوی سەرەتایی حکوومەتی پەهلەویی یەکەم، کە دەکرێ لە ژێر ناونیشانی سیاسەتی ئێتنیکی خوێندنەوەی بۆ بکرێ، کۆتاییهێنان بە ناوەندە خۆجێیی و ناوچەییەکانی دەسەڵات و لە سەرووی ئەوانیشەوە عەشیرەت و هۆزەکان بوون، کە زۆر جار لەگەڵ جوگرافیای پەرتەوازەی ئێنیکەکان سەریەککەوتنیان هەبوو و تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا، وەک بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی دەهاتنە هەژمار. ڕەزاخان بە لەبەرچاوگرتنی ئەولەوییەتەکانی لەم بوارەدا، لە نێوان ساڵانی کودەتا و هەتا هاتنە سەر تەختی پاشایەتی (١٣٠٤-١٢٩٩ هەتاوی) کۆمەڵێک ئۆپەراسیۆنی هەستیاری بۆ لێدانی ئەم ناوەندانەی دەسەڵات ئەنجام دا و بەم شێوە لە زنجیرەیەک ئۆپەراسیۆنی ژێر فەرماندەیی کەسانی وەکوو سەرتیپ ئەمانوڵا جەهانبانی، حسێن ئاغاخان خەزاعی، سەرلەشکر ئەمیرئەحمەدی فەرماندەی سوپای ڕۆژاوا، ئەمیر لەشکر عەبدوڵاخان ئەمیرتاماسبی فەرماندەی سوپای ئازەربایجان، سەرتیپ محەمەدخان شابەختی فەرماندەی تیپی شیراز، سەرتیپ فەزلوڵا زاهیدی فەرماندەی هێزە ئەمنییەکان و سەرتیپ ئەحمەد نەخجەڤان فەرماندەی هێزی ئاسمانی و سەرتیپ حەبیبەڵا شەیبانی فەرماندەی هێزە فارسەکان بۆ ئەوەی ناوەندەکانی دەسەڵات و خۆڕاگری نواندنیان لە زۆربەی ناوچەکانی ئێران لە باکوورەوە هەتا باشوور و لە ڕۆژاواوە هەتا ڕۆژهەڵات سەرکوت بکەن و هەڵیبووەشێننەوە. سەردار ڕەشید کوردستانی لە کوردستان، محەمەد تەقیخان پێسیان لە خوراسان، ئەمیر موئییەد سەوادکووهی لە باکوور، بزووتنەوەی جەنگەڵ، ڕاپەڕینی سەرداری و لاهوتی لە ئازەربایجان، شێخ خەزعەل لە باشوور، سماعیل ئاغای سمکۆ ڕێبەری کوردان لە شاری ورمێ ، دووستمحەمەدخانی بەلووچ لە بەلووچستان، سەوڵەتودەولە سماعیل خانی قەشقایی، یاخیبووانی تورکمان، ئیقباڵولسەڵتەنەی ماکۆیی و هۆز و عەشیرەتەکانی ئازەربایجان، خوراسان، کەهگیلویە و بۆیەر ئەحمەد، بەختیاری و فارس لە ناوەندەکانی دەسەڵات بوون کە یەک لە دوای یەکێک هەڵپێچرانەوە و لە ئۆپەراسیۆنێکی

گشتگیردا زۆربەی سەرکردەکانی هۆز و عەشیرەتەکان دەستگیر و ڕەوانەی زیندان کران. وەک لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٠٩ و سەرەتای ساڵی ١٣١٠ هەتاوی، سەرلەشکر ئەمیر ئەحمەدی لە یەک ئۆپەراسیۆندا ٢٥٠ سەرکردەی لە خێڵەکانی کورد دەستگیر و ڕەوانەی زیندان کرد، کە هەتا ساڵی ١٣٢٠ لە زینداندا مانەوە (امیر احمدی، ١٣٧٣، ٣٩٨-٣٩٩). ئاستی بەرزی توندوتیژی و بەکارهێنانی سیاسەتی فێڵ و بەرتیل یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ئەو ئۆپەراسیۆنانە بوو کە جۆرە هەستێکی نائەمنی و ترسی بۆ خەڵکی کۆمەڵگا خۆجێی و دەوروبەرییەکان دروست کرد. ئەو ئۆپەراسیۆن و سەرکوتکردنانەی کە لە لایەن ئەمیر ئەحمەدی و سوپاکەی لە لوڕستان ئەنجام درا ئەوەندە توندوتیژ بوو کە لە یادەوەریی جەماوەردا لایەنێکی ئەفسانەیی بە خۆوە گرتووە و هەر لەبەر ئەوەش ئەمیر ئەحمەدی بە «قەسابی لوڕستان» ناوی دەرکرد (کاتوزیان، ١٣٨٠، ٣٧١). محەمەد تەقی بەهار نموونەی سەرکوتکردنی تورکمانەکانی خوراسانی هێناوەتەوە کە «بە خوێناویترین و دڕندەترین ڕووداو کۆتایی پێ هات» و لەناوبردنی هەزاران بنەماڵەی لوڕستان کە دەکرا بە سۆز و میهرەبانییەوە دەستەمۆ بکرێن بەڵام نیشتەجێی کردن؛ کردەوەی توندوتیژیی لە ڕادەبەدەر کە نەک هەر پێویست نەبوو بەڵکوو بە ڕەفتاری نائەخلاقی و نادادپەروەرانە ناوی دەبا و پێی وایە ئەوە هۆکاری بنەڕەتی زیاتربوونی نارەزایەتیی و بێمتمانەیی لە ناو یەک بە یەکی خەڵک بەتایبەت دانیشتوانی ناوچە چەوساوەکانە (بهار، ١٣٦٣، ٢٣٣). کۆی ئۆپەراسیۆنەکانی سەرکوتکردن و ملکەچکردن کە بۆ ماوەی دە ساڵ لە نێوان ساڵانی ١٣٠٠ هەتا ١٣١٠ی هەتاوی درێژەی کێشا، بووە هۆی ئەوەی کە لە لایەک پێکهاتەی لامەرکەزیی نەریتیی دەسەڵات لە ئێران و ناوەندەکانی لە ناو بچێ و دانیشتووانەکەی وێڕای ملکەجیی ڕاستەوخۆ بۆ دەسەڵاتی ناوەندی ناچار بە پێدانی باج و جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانە بن کە لە لایەن حکوومەتەوە دیاری دەکرا.

هەنگاوی دواتری حکوومەتی پەهلەوی لەم ئاراستەدا، سیاسەتی نیشتەجێکردنی عەشایەرەکان بوو کە بە «سیاسەتی تەختەقاپووی عەشایەرەکان» ناو دەبرێت. ئەم سیاسەتە کە لە نێوان ساڵانی ١٣١٢ بۆ ١٣١٦ی هەتاوی جێبەجێ کرا، سەرەڕای نەهێشتنی مەترسییە سەربازییە ئەگەرییەکانی هێزە خێڵەکی و عەشایەرەکان، وەک پێشمەرجێک بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی مۆدێرن و ئابوورییەکی بەرهەمدار لە قەڵەم دەدرا. ڕەزاشا هەر لە یەکەم ساتەکانی بەدەستهێنانی دەسەڵاتەوە گرنگییەکی جددی بەم بابەتە دا، ناوبراو لە یادداشتەکانیدا بە ڕوونی ئاماژەی بە پێویستیی هەڵوەشاندنەوەی ژیانی هۆزەکی و عەشایەری داوە و نووسیویەتی: «بڕیاری کۆتاییم دابوو کە کۆشک و بناغەکانی مولوکوتەوایفی بنبڕ بکەم و سەرۆکی ناوچە و هۆزەکان سەرکوت بکەم و بۆ هەمیشە لە جێی خۆیاندا دایانیشێنم، لە بەرامبەر ئەمەدا مەملەکەتێکی یەکدەست و یەک حاکم، و یەک جێبەجێکاری یاسا بەدی بێنم.» (پهلوی، ١٣٤٥، ٥٤). بۆیە بە پێی پێشبینییەکانی سەید حەسەن مودەرس، کە وتوویەتی: «لەو دانوستانانەی کە لەگەڵ سەردار سپەهـ بوومە، لێم ڕوون بووەتەوە کە لە ڕژێمی داهاتوودا، بناغەی ژیانی عەشایەری هەڵدەپێچرێتەوە» (زادە صفوی، ١٣٦٨،

١٩٧٩). ئەمەش بوو بە یەکێک لە سیاسەتە حەتمی و نەگەڕاوەکانی ڕەزاخان و حکوومەتەکەی. لەم پێوەندییەدا، جگە لەو پلان و بەرنامانەی کە هێزە سەربازییەکان و فەرماندەکانی ئەرتەش وەک دەسەڵاتدارانی نوێی ناوچە جیاجیاکانی ئێران جێبەجێیان کرد، پەرلەمانیش (مەجلیسی شەواری میللی) لەم بوارەدا پرۆژەیاسای ئاسانکاری بۆ نیشتەجێکردنی عەشایەرەکان پەسەند کرد. بە جۆرێک کە لە خولی نۆیەمی مەجلیسدا ڕێگە بە وەزارەتی دارایی درا کە «بڕی ٣٠٠ هەزار ڕیاڵ بۆ خەرجییەکانی تاران و نیشتەجێکردنی عەشایەرەکان خەرج بکا، ئەمە جگە لەو قەرزەیە کە لە یەدەگی نیشتمانی لەو ساڵەدا دیاری کرابوو (قوانین و مصوبات دور نهم قانونگذاري، ١٣٢٠، ٤٣٨). فرۆشتنی مڵک و ماڵ و پێدانی لەوەڕگە و زەوییە حکومییەکان یەکێکی دیکە لەو داپەڕانەی مەجلیس بوون بۆ ئەوەی عەشایەرەکان بۆ ژیانی یەکجێنیشینی دنە بدەن. ئەم داپەڕانە دواجار بە «پەیڕەوی تەختەقاپووی عەشایەرەکان» تەواو بوون کە لە ساڵی ١٣١٢ هەتاوی لە کۆی ١١ مادەدا پەسەند کرا.

سیاسەتی سەرکوتکردن و لێدانی عەشایەرەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی جۆراوجۆری لە سەر سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئێران دانا، کە پێش هەموو شتێک بە پەراوێزخستنی ژیانی عەشایەری و کۆچەری، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێراندا بەدی هێنا، ئەو پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەی کە لە بنیاتی کۆمەڵایەتییەوە سەری هەڵدابوو گۆڕانی بە سەردا هات. دەرەنجامە گرینگەکەی لە بواری دەسەڵاتی سیاسی و گۆڕانکارییەکانی پێکهاتەی دەسەڵات، دەستکەوتی خێرای لابردن و لاوازکردنی دەسەڵاتە خۆجێی و خێڵەکییەکان بوو، کە یەکسەر ڕووخساری خۆی ئاشکرا کرد، لە ڕاستیدا لە ئەنجامی ئەم وەرچەرخانەدا هۆز و عەشاییرەکان و سەرکردە و ڕابەرانی خێڵەکی و ناوچەیی وەک گرنگترین یاریزانانی مێژووی سیاسیی ئێران پێگەی هەزار ساڵەی خۆیان لەدەست دا و بۆ یەکەم جار پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی نوێ بە دوور لە کاریگەری و دزەکردنی توخمە خێڵەکی و هۆزییەکان، کە بە هۆکاری سەرەکیی پەرتەوازەیی و پچرانی پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی دادەنران، بیچمی گرت. بەڵام گرتنەبەری ئاراستەی توندوتیژی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم شێوازی ژیانە هەزار ساڵەی مێژووی ئێران دەرهاویشتەی زۆر زیانبەخشی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئاسایشی لێکەوتەوە. دەرەنجامی جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە لە سەر بنەمای زۆرەملێ و قەڵاچۆکردن و کوشتن، کە پلانێکی تۆکمە و ئامادەکاریی پێویستی نەبوو، نەیتوانی ژیانێکی باشتر بۆ خەڵکی عەشایەر و کۆچەر دابین بکا، و بووە هۆی فەوتانی بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی کۆچەریی ئێران و ڕێژەیەکی زۆری ئاژەڵەکانیان (بهار، ١٣٦٣، ٣٥٢ و قاقی، ١٣٧٢، ١٧٦). جێبەجێکردنی بێوچانی سیاسەتی سەرکوت و جێگیرکردن بە زەبری توندوتیژی و سەرکوتکردنی جەماوەری و تۆقاندن و فشار لە کورتخایەندا، لە هەندێک حاڵەتدا خۆڕاگری و یاخیبوونی ئەو خێڵ و تایفانەی لێ دەکەوتەوە کە لە دەیەی یەکەمدا ئارام بوون( لمبتن، ١٣٣٩، ٥٠٠) و لە درێژخایەندا بووە هۆی ئەوەی کە ڕق و دوژمنایەتی و نافەرمانی و بێمتمانە بەرامبەر

بە حکوومەتی ناوەندی دروست ببێ کە لە ئەنجامدا ناوەند و پەراوێز زیاتر لێک جیا بوونەوە و دەرهاویشتەکانی بە درێژایی مێژووی هاوچەرخەوە دیارە.

ئاسیمیلەکردن و یەکدەستکردنەوەی زمانی، فەرهەنگی، نەتەوەیی، ئایینی و تەنانەت شێوازی ژیانیش یەکێک لە فۆرمە بنەڕەتییەکانی سیاسەتی شوناسی سەردەمی پەهلەویی یەکەم بوو، کە بەبێ گوێدانە پێشینەی مێژوویی، فرەچەشنی و فرەڕەنگیی ناو کۆمەڵگەی هەزار و یەک ڕەنگی ئێران و لەگەڵ ئەوەشدا خەمساردی بەرامبەر بە مافە ئێتنیکی و زمانی، فەرهەنگی و ئایینییەکان لە لایەن داڕێژەرانی بیری نوێگەرێتیی سەردەمی پەهلەویی یەکەمەوە داڕێژرا و لە سیستەمی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ڕەزاشادا نەخشەڕێگا بۆ دامەزراندنی ئێرانێکی نوێ دروست کرا. مەحموود ئەفشار، بەڕێوەبەری گۆڤاری ئایندە و یەکێک لە بانگەشەکارانی ناسیۆنالیزم و یەکڕیزیی نەتەوەیی، وەک گرینگترین ئامانج و توخمی تەوەری پێی وا بوو کە بنەڕەتیترین کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئێراندا لاوازیی یەکڕیزیی نەتەوەییە، کە لە ژمارەی یەکەمی گۆڤاری ئایندە لە ژێر وتارێکدا بە ناونیشانی «ئارمانی ئێمە: یەکڕیزیی نەتەوەیی ئێران» بە وردی و تێروتەسەلییەوە باس لەم بابەتە دەکات: «ئایدیاڵ یان دڵخوازی کۆمەڵایەتیی ئێمە پاراستن و تەواوکردنی یەکڕیزیی نەتەوەیی ئێرانە ... «مەبەستی ئێمە لە یەکڕیزیی نەتەوەیی ئێران؛ یەکڕیزیی سیاسی، ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیی ئەو خەڵکەیە کە هێشتا لە ناوخۆی مەرزەکانی ئێرانی ئەمڕۆدا نیشتەجێن ... بەڵام مانای تەواوکردنی یەکڕیزیی نەتەوەیی ئەوەیە کە لە سەرانسەری وڵاتدا زمانی فارسی بگشتێنرێ، جیاوازییە ناوچەییەکانی وەکوو جیاوازیی جلوبەرگ و هتد نەمێنێ و ... مولوکوتەوایفی بە یەکجاری ئاسەواری نەمێنێت. کورد و لوڕ و قەشقایی و عەرەب و تورک و تورکمان و هتد لێک جیاواز نەبن، هەر کامیان جلوبەرگی خۆیان لەبەر نەکەن و بە زمانی خۆیان نەدوێن ... بە بۆچوونی ئێمە هەتا لە ئێراندا یەکڕیزیی نەتەوەیی لە ڕووی زمان، ئەخلاق، جلوبەرگ و هتد نەیەتە ئاراوە، هەر سات ئەگەری مەترسیی بۆ سەر سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکمان لە ئارادایە. ئەگەر ئێمە نەتوانین هەموو ناوچە و تایفەکان کە لە ئێراندا دەژین یەکدەست بکەین، واتە هەموویان بکەین بە ئێرانی، ئەوە داهاتوومان تاریکە.» (مجله آینده، ١٣٠٤، ٥). ئەفشار لە پێویستی و زەرورەتی گەیشتن بە یەکڕیزییە نەتەوەییە خوازراوەکەی لە پەنابردن بۆ هیچ ئامرازێک سڵ ناکاتەوە و تەنانەت هەتا سنووری هێزی زەبر و بەکارهێنانی هێزی زۆرەملێ بۆ دامەزراندنی یەکڕیزیی نەتەوەیی لە ڕێگەی گشتاندن و فراوانکردنی زمانی فارسی دەچێ و تەنانەت هەوڵ بۆ پێشنیار و گەڵاڵەکردنی ڕێگەچارەی زۆرەملێ بۆ یەکدەستکردنەوەی فەرهەنگی دەدا و باس لە کۆچی زۆرەملێ دەکات (مجله آینده، ١٣٠٦، ٣). ئەو پێشنیاز و بیرۆکانە دواتر بوونە بەشێک لە پرەنسیپ و پێوەرەکانی بەرنامە و سیاسەتە فەرهەنگی و پلانە سیاسییەکانی حکوومەتی پەهلەویی یەکەم.

یاسای جلوبەرگی یەکدەست داپەڕێکی دیکە بوو کە بە هۆی ئەو فرەچەشنییە فەرهەنگییەی کە باڵی بە سەر کۆمەڵگاکانی ئێراندا کێشاوە و گرنگیی سیمبۆلیک و ڕەمزیی جلوبەرگ لە ناو

ئێتنیکەکاندا، بەتایبەت بە هۆی هەندێک تێبینیی ئایینی و ئایینزاییەوە، بە شێوەی ناچاری دەبەستراوە بە سیاسەتی ئێتنیکییەوە. لە ڕاستیدا ئەم کارە بۆ دوو مەبەست جێبەجێ کرا: یەکەم، نەهێشتنی ئەو جیاوازیانەی کە دەگەڕێتەوە بۆ دەروەستییە ئێتنیکی، پیشەیی و ناوچەییەکانی ناو گرووپە جیاوازەکانی خەڵک، وەک لە جلوبەرگ و کڵاوەکانیاندا دەبینرا؛ و یەکێکی تر ئەوەی کە لێکچوواندنی خەڵکی ئێران لە ڕێگەی بەئەوروپیکردنی جلوبەرگ و کڵاوەکانیان (شیرازی، ١٣٩٦، ٦٩٠). دوای سەردانەکەی ڕەزاشا بۆ تورکیا لە ساڵی ١٣١٤هەتاوی، یەکەم جار ئەم فەرمانە بۆ فەرمانبەرانی حکوومەت دەرچوو، بەڵام زۆری نەخایاند شا بەم کارە نەوەستا و فەرمانی بە ناچاریکردنی کڵاوی شاپۆ و جلوبەرگی ئەوروپی بۆ خەڵک دەرکرد (مکی، ١٣٧٤، ٢٢٧-٢٢٨). ئەمە بە چوونە ناو بواری جلوبەرگی ژنان و زۆرەملێکردنی جلوبەرگی ئەوروووپی بۆ ژنان و کچان کە بە «کەشفی حیجاب» (دەرخستنی حیجاب) ناسراوە، بوو بە یەکێک لە پڕلێکەوتەترین داپەڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم قۆناغە کە بە هۆی تێبینییە عورفی، ئایینی و ئێتنیکییەکانەوە لە سەرانسەری وڵاتی ئێراندا کاردانەوەی ناڕەزایەتی و ناڕەزامەندی و خۆپیشاندانی لێکەوتەوە (سانا سریان، ١٣٨٤). ڕووداوی مزگەوتی گەوهەرشاد لە شاری مەشهەد و فتوای بەشێک لە زانایانی ئایینی لە بە حەرامزانینی ئەم فەرمانە، نموونەی کاردانەوەی دژ بەم سیاسەتەیە بوون، تەنانەت لە هەندێک لە ناوچە ئێتنیکییەکاندا بە کوردستانیشەوە جموجۆڵی ناڕەزاییەتیی توند ڕووی دا، وەکوو ڕاپەڕینی چەکداریی مەلا خەلیل مەنگووڕ، لە دەوروبەری مەهاباد (سلیمانیان، مسلم و هاوکاران، ١٣٩٩). ئەزموونە تاڵەکانی قەدەغەکردنی حیجاب لە سەردەمی پەهلەویی یەکەمدا، بۆ ماوەی چەندین دەیە، چیرۆکێکی بەردەوام بوو کە لە یادگەی گشتیی خەڵکی ناوچە جیاجیاکان، بەتایبەت ژنان، کە نەوە بە نەوە دەیانگێڕاوە و بەردەوام بێزاری و ڕق و کینەی خۆیان دژ بەم قەدەغەکردنی حیجابە بەرهەم دەهێناوە.

دابەشکاریی نوێی جوگرافیای وڵات، یەکێکی دیکە لە داپەڕەکانی حکوومەتی پەهلەوی بوو کە بە مەبەستی پتەوکردنی دەسەڵات و باڵادەستیی حکوومەتی ناوەندی بە سەر ناوچە پەراوێزییەکان و تێکدانی سنووربەندییە ئێتنیکییەکان جێبەجێ کرا. لە سەر بنەمای ئەو دابەشکارییانە، وڵاتی ئێران بە سەر شەش پارێزگا و پەنجا شار و بەشی لاوەکیدا دابەش کرا. پارێزگاکانی ئێران بە پێی هەڵکەوتەی جوگرافیای خۆیان بە چوار ئاراستەی جوگرافیایی ناو نراون کە بریتین لە پارێزگاکانی ڕۆژاوا، باکوور، باشوور، باکووری ڕۆژاوا، باکووری ڕۆژهەڵات و موکران. لە مانگی بەفرانباری ساڵی ١٣١٦دا، بە هەموارکردنەوەی یاسای دابەشکردنی وڵات، ئێران بە سەر دە پارێزگادا دابەش کرا، لە هەموارکردنەکەدا بە پێی ڕیزبەندی لە پارێزگای ژمارە یەکەوە هەتا ژمارە دە ناو نران. ناتەبایی لە دابەشکردنی فەزایی ئەو پارێزگایانەی کە پێکهاتەی ئێتنیکییان تێدا بوو و هەروەها ناونانی پارێزگاکان بە بێ گوێدانە پێشینە مێژوویی و پێکهاتە ئێتنیکییەکەی بەڵگەی ڕوون و ئاشکرای سیاسەتی پەرتەوازەکردن و دابەشکردنی ئێتنیکەکان و ئێتنیکسڕینەوە لە جوگرافیای نیشتمانی

بوو. (مجموعه قوانين سال ١٣١٦، وزارت دادگستري، نشريه روزنامه رسمي: ٦٢-٦٧).

پرسە ئێتنیکییەکان جیا لە پەیوەندییە ناوخۆییەکانی ئێران، تەنانەت لە پەیوەندییە دەرەکی و ناوچەییەکانی سەردەمی پەهلەویی یەکەمدا ڕەنگدانەوەی هەبوو. لە پەیمانی سەعداباد کە لە ساڵی ١٣١٦ (١٩٣٧ی زایینی) لە کۆشکی سەعداباد لە تاران، لە نێوان هەر چوار وڵاتی ئێران (ڕەزاشا پەهلەوی)، عێراق (مەلەک غازیی یەکەم)، ئەفغانستان (محەمەد زاهیر شا) و تورکیا (مستەفا کەمال ئەتاتورک) واژۆ کرا. واژۆکارانی ئەم پەیماننامە بەڵێنیان دا کە خۆیان لە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆیی یەکتر بەدوور بگرن و ڕێز لە سنوورە هاوبەشەکان بگرن. هەروەها پێویستە خۆیان لە هەر چەشنە دەستدرێژییەک بۆ سەر هێڵە سنوورییەکانی یەکتر بەدوور بگرن و ڕێگری بکەن لە دروستبوونی ئەو کۆمەڵە و گرووپانە کە ئامانجیان تێکدانی ئاشتیی نێوان وڵاتانی دراوسێ و هاوپەیمانە (بیگدلی، ١٣٨٠، ١٦٩-١٧٠). وەک لە بڕگەکانی ئەم پەیماننامەیەدا دیارە، مەسەلە ئێتنیکییەکان و بەتایبەت بزووتنەوە کوردییەکان لە بڕگە سەرەکییەکانن.

گواستنەوەیەکی سەرکەوتوو بەرەو کۆمەڵگایەکی مۆدێرن لە ڕێگەی نۆژەنکردنەوە و نوێگەرێتییەوە پێویستی بە بەرنامەیەکی هەمەلایەنە و گشتگیر هەیە، کە پێویستە لەگەڵ نەهێشتنی لەمپەڕ و لابردنی ئاستەنگەکان، بەرامبەر بە ڕەهەندی ئەرێنی و بناغەیی دەبێ هەستیار و وردبین بێت. لە ڕاستیدا گۆڕانکارییەکی سەرکەوتوو لە سای ئامادەکردنی بوارە پێویست و گونجاوەکاندا دروست دەبێ و مۆدێرنیتە وەرچەرخانێک نییە کە لە ڕێگەی سەپاندنی هێز و دەسەڵات، بە ئامرازی هەڕەشە و زۆرەملێ بەدی بێت. حکوومەتی پەهلەویی یەکەم لە کاتێکدا زۆرینەی کۆمەڵگای ئێرانی ناچار بە نیشتەجێکردن، بێدەنگی و گوێڕایەڵی و ملکەجیی بێ مەرجی فەرمانەکانی دەکرد، کە هیچ ئیمکان و ئامرازێکی نوێی نەخستە بەر دەم ئەم پێکهاتە و سەرکردە و بلیمەتەکانیان کە بتوانن لە بەستێنی سیاسی، و تەنانەت بەستێنە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانیان بەشداری بنوێنن، بەڵکوو تەنانەت لە چین و توێژە دەسترۆیشتووەکان و هەروەها چینی خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی وەکوو زانایانی ئایینی و وجاغزادەکانی بێدەسەڵات کرد و هەلی هەر چەشنە چالاکییەکی حزبی و بازاڕی و گرووپی قەدەغە کرد. ئەو قەدەغەی کە ڕەزاشا بە سەر «تاقم» و «کۆمەڵگە و ئەنجومەن»ـەکاندا سەپاندبووی، تەنیا کۆمەڵە و ناوەند و سەندیکا و یانە ناحکومییەکانی نەگرتەوە، بەڵکوو ئەو ناوەندانەشی لە خۆ گرت کە لایەنگرەکانی پێکیان هێنابوون (کاتوزیان، ١٣٨٠، ٤٣١). هەر وەک چۆن سەبارەت بە حزبەکان بە پەرلەمانتارانی وت: «وا مەزانن کە ئێوە حیزبتان نییە، من و ئەم دوو فراکسیۆنە حزبی ئێوەین» (بهبودی، ١٣٧٢، ٣١٣). دامەزرێنەران و داڕێژەرانی ئەم جۆرە باروودۆخانە لە کۆتاییدا بوونە هۆی دروستبوونی کەشێکی پڕ لە ناکۆکی کە لە لایەک کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و شارستانییان دەویست و لە لایەکی ترەوە هیچ مافێکیان بۆ ئەم کۆمەڵگایە ڕەچاو نەکرد. ئەم بابەتە لە بواری سیاسەتی ئێتنیکی و لە پەیوەندیی لەگەڵ ئێتنیکەکان دوو هێندە گرینگ بووە، چونکە جگە لە مافە مەدەنییەکان پێویستیان بە گرنگیدان بە مافە ئێتنیکی، زمانی و ئایینییەکان بوو، ئەوە لە

حاڵێکدایە کە دەوڵەت لە ستراتیژە و ڕێکارە بەرفراوانەکەی خۆیدا سیاسەتی کوشتار و قەڵاچۆکردنی گرتە بەر و ئەنجامی حەتمی ئەم دۆخە لە پلەی یەکەمدا نارەزایەتی و ململانێ و دژایەتی بوو و لە هەنگاوەکانی دواتردا دوژمنایەتی و ڕووبەڕووبوونەوەی لێ کەوتەوە.

هەندێک کەس لە شیکردنەوەی ناسیۆنالیزمی سەردەمی پەهلەویی یەکەم کە وەک سەرچەشن و مۆدێلی نەتەوەخوازی و ناسیۆنالیزمی هاوچەرخ دادەنرێ، پێیان وایە کە بۆ گەیشتن بە نەتەوە و کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی، سیاسەتی ئاسیمیلەکردن و دژەفرەیی پێویستی بوو، وەک دەوترێ: ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە یەکرێزیتەوەرە، هەوڵی دەدا شوناسە ڕەسەن و پێشوەختەکانی ناو کۆمەڵگای ئێران کە لە فۆرمەکانی وەکوو شوناسی بنەماڵەیی، خێڵەکی، هۆزەکی و تایفەییدا خۆی دەنواند بۆ ئاستێکی هەمەلایەنەتر واتە لە چوارچێوەیەکی نیشتمانیدا بگۆڕێت؛ چونکە ئەوەی لەو قۆناغەدا بە توخمی تەوەری دادەنرا، ئەندێشەی حکوومەتی یاسا یان حوکمڕانیی گەل نەبوو، بەڵکوو گەیشتن بە جۆرێک لە یەکپارچەیی نەتەوەیی بوو بۆ ئەوەی لە ژێر ڕۆشنایی ئەو یەکپارچەییەدا گێژاو و گرژیی بناغە شوناسییەکان سارێژ بکاتەوە (Amuzgar, 1991, 140). ئەم بۆچوونانە پشت بەو پێشگریمانە دەبەستن کە فۆرمە ناوچەییەکانی شوناسی گشتی دژی شوناسی نیشتمانی و نەتەوەییە، لە حاڵێکدا لێکدژییەکی سروشتی لە نێوان شوناسە گشتییە ناوچەییەکان (ژێرنەتەوەیی) لەگەڵ شوناسی نەتەوەیی بە مانا گشتییەکەی بوونی نییە، بەڵکوو ئەوەی زیاتر دەبێتە هۆی ناکۆکی و ناتەبایی لە نێوان شوناسە نەتەوەییەکان و شوناسە گشتییە ژێرنەتەوەییەکان، نموونەیەک لە شوناسی نەتەوەییە کە توخمەکانی لە سەر بنەمای سڕینەوە و پەراوێزخستنی هەموو شوناسە گشتی، زمانی، ئێتنیکی، ئایینییەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە بنیات نرابێتن.

بەم شێوە پرۆژەی مۆدێرنیزاسیۆنی سەردەمی پەهلەویی یەکەم بووە هۆی وەرچەرخانێکی بنەڕەتی لە گوتاری ناسیۆنالیزمی مەشرووتییەتدا و بە خستنە ڕووی گێڕانەوەیەکی دیاریکراو لە مێژوو، فەرهەنگ، نەژاد، زمان، نیشتمان و کەلەپوورە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران گوتارێکی نوێی خوڵقاند کە بە شێوەی ناچاری هەندێک لە ئێتنیک و هێماکانی شوناسی ئێتنیکیی ئێران چوونە ناو بازنەی «ئەویدی»ـیەوە. ئاراستەی ئەم سیاسەتی ئێتنیکی و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ئێتنیکەکان بووە هۆی دەرکەوتنی جۆرێک سیاسەت و بەرنامەی پاوانخوازانە و توندوتیژانە و پاکتاوانە لە پێناو سیاسەتی یەکدەستکردنەوە و ئاسیمیلاسیۆنی فەرهەنگی و زمانی و کۆمەڵایەتی کە بە پشتبەستن بە پیشەسازیی یەکدەستکردنەوەی دامەزراوەی حکوومەت چووە بواری جێبەجێکردنەوە، کە لە بەستێنی کۆمەڵایەتیدا، نارەزایەتیی ئێتنیکی و جەماوەری و هەندێک خۆڕاگریی پەرشوبڵاو بە دوای خۆیدا هێنا، بەڵام بە بێ گوێدانە دەرهاویشتەکانی دەسەڵاتی پەهلەویی یەکەم لە ماوەی ١٦ ساڵدا، کە بە هۆی سیستەمی سەرکوتکاری حکوومەتەوە، فەزای زۆر بۆ جموجۆڵی نارەزایەتیی گشتیی ئامانجدار و سیستەماتیک هەڵنەدەکەوت، دوابەدوای لابرانی ڕەزاشا و دەرکەوتنی فەزای سیاسیی کراوە لە ئێراندا، بزووتنەوەی ئێتنیکیی دیار بە پلان و ئامانجی تایبەتەوە سەریان هەڵدا،

کە بێگومان کاریگەریی ئەزموونە سیاسییەکانی سەردەمی پەهلەویی یەکەم ڕێخۆشکەری ئەم ئامادەکارییانە بوو.

گوتاری شوناسی نەتەوەیی لە سەردەمی پەهلەویی یەکەمدا، لە درێژەی ٣٧ ساڵی پاشایەتیی پەهلەویی دووهەمیشدا، بە هەند ێک گۆڕانکاری لە ڕێکار و ئاراستەکاندا، سەرچەشن و نەخشەڕێگای بەرنامە و سیاسەتە شوناسییەکان بوو. زۆربەی ئەم سیاسەتانە، بە هۆی نەبوونی ژێرخانەکان، نەبوونی پێداویستی و ئیمکانیات، سنوورداربوونی پەیوەندیگرتن و کۆنترۆڵکردن، لاوازیی سەرچاوە مرۆییەکان و هتد، لە سەردەمی ڕەزاشادا لە ڕووی میکانیزم و جێبەجێکردنەوە سەرکەوتنێکی ئەوتۆی وەدەست نەهێنا و بەدامەزراوەیی نەبوون. بەڵام نموونە و مۆدێلێکان بۆ سەردەمی دوای خۆیان پێناسە کرد کە لە سەردەمی پەهلەویی دووەمدا بوونە بنەمای هەنگاوی دووەمی مۆدێرنیزاسیۆنی دەستووردەرانەی سەردەمی پەهلەوی.

تایبەتمەندیی زۆر گرنگی ئەم سیستەمە گوتارییە دەگەڕێتەوە بۆ گەڵاڵەکردنی پرسی ئێتنیکی لە ناوەڕۆکەکەیدا. مەسەلەی ئێتنیک لە ناو سیستەمی سیاسیی سەردەمی پەهلەویی یەکەمدا بە هۆکاری دووبەرەکی و ناتەبایی و ململانێ و باڵباڵێن و توخمێکی نەخوازراو پێناسە و شرۆڤە کرا کە یەکڕیزی و یەکپارچەیی نەتەوەیی پێشێل دەکا و هەڕەشەیەکی جیددی بۆ سەر یەکپارچەیی سەرزەوینییە، هەر بۆیە دەبێ بە هەر شێوەیەک بێ بەرپەرچ بدرێتەوە. ئەم گریمانە بنچینەییە بووە هۆی ئەوەی واقیعییەتێکی بنەڕەتی و گشتگیر، بە هەموو ئاڵۆزییە مێژوویی، فەرهەنگی، سیاسی و یاساییەکانییەوە، لە ڕووبەڕووبوونەویەکی نەسازانە، تاکڕەهەندانە، زۆرەملێیانە و بە بێ بەدەستهێنانی زانیارییەکی هەمەلایەنە و فرەلایەنە لە بارەیەوە؛ لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتیی پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆندا پێناسە بکرێت. ئەم ئەزموونە بە هۆی نەبوونی ناسیاری و تێوەگلانی ڕووکەشانە، دواجار بووە هۆی ئەوەی کە پرسی ئێتنیکی ناڕوونتر ببێتەوە و یەکێک لە دەرەنجامە ئاشکراکانی ئەوە بوو کە هەرچی زیاتر شوناسی نیشتمانی و شوناسی ئێتنیکی لێک بترازێن.

سەردەمی پاشایەتیی حەمەڕەزاشای پەهلەوی (١٣٢٠- ١٣٥٧ی کۆچی هەتاوی)، کە بە سەردەمی پەهلەویی دووهەم ناسراوە، لە ڕووی پرۆسەی گۆڕانکاری و ڕووداوە سیاسییەکان، چالاکیی حیزب و ڕەوتەکان، گۆڕانکاریی بەرفراوان و قووڵ لە بناغە ئابوورییەکان، گۆڕانکارییە حەشیمەتییەکان و دیاردەی کۆچ، پەرەسەندنی شارنشینی، پەیوەندیی هەرچی زیاتری ئێران لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژاوا، گەشەی ڕاگەیاندنە جەماوەرییەکان و بە گشتی هەوراز و نشێوەکانی سیاسەت و کۆمەڵگا لە ئێراندا، بەتایبەت ئاڵنگاری و قەیرانەکانی ناو کۆشک و حکوومەت لە ساتەوەختە ناسکەکاندا، سەردەمێکی تەواو جیاواز لە سەردەمی پەهلەویی یەکەم بوو. سەردەمی ٣٧ ساڵەی دەسەڵاتی محەمەدڕەزاشای پەهلەوی بە سەر چەند قۆناغی مێژوویی وەکوو فەزای کراوەی سیاسی لە نێوان ساڵانی ١٣٢٠ بۆ ١٣٣٢هەتاوی و بزووتنەوە ئێنیکییەکانی نیوەی یەکەمی دەیەی ١٣٢٠ی هەتاوی، تیرۆری ناسەرکەوتووی شا لە ساڵی ١٣٢٧ی کۆچی هەتاوی، کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢

هەتاوی، شۆڕشی سپی (١٣٤١) و چەندین ڕووداوی گەورە و بچووکی دیکە دابەش بوو. بۆیە خوێندنەوەی هەر دیاردە و بابەتێک پێویستی بە ڕەچاوکردنی پێوەرەکانی هەر یەک لەم قۆناغە تا ڕادەیەک جیاوازانەیە.

بە گشتی سەردەمی پەهلەویی دووهەم لە ڕووی پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆنەوە و بەو پێیەش سیاسەتەکانی نوێکردنەوەی شوناسی و ئێتنیکی بە سەر دوو قۆناغی جیاوازدا دابەش دەکرێ؛ قۆناغی یەکەم ماوەی سالانی ١٣٢٠ هەتا ١٣٤٠ی هەتاوی دەگرێتەوە، لە سایەی ناسەقامگیری و فەزای کراوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە بەرهەمی لاوازیی دەسەڵاتی کۆشک و حکوومەت بوو، ئاڵنگارییەکانی دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ و هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی لاوازبووی شا، سیاسەتی مۆدێرنیزاسیۆن لە حاڵەتی هەڵپەسێراو بوو و پرۆژە وەدیهاتووەکانی مۆدێرنیزاسیۆن لە سەردەمی پەهلەویی یەکەم لە سەر بەستێنێکی چەسپاودا تا ڕادەیەک بەردەوام بوو. هەڵبەت هەندێک لەو سیاسەتانەی کە لە سەر بنەمای باڵادەستی و تۆقاندن بوون و ڕەخنەیان لێ دەگیرا وەکوو قەدەغەکردنی حیجاب و نیشتەجێکردنی عەشایەر و کۆچەرییەکان، دوای ئەوەی محەمەدڕەزا شا لە سەر تەختی پاشایەتی دانیشت، یان هەموار کرانەوە یان کۆتاییان پێ هات. قۆناغی دووەم ١٧ ساڵ لە خۆ دەگرێ، واتە ١٣٤٠ تا ١٣٥٧ی کۆچی هەتاوی. لەم قۆناغەدا، قۆناغی دووەمی بەنوێکردن و مۆدێرنیزاسیۆنی سەردەمی پەهلەوی (١٣٤٠-١٣٥٧ هەتاوی) لە چوارچێوەی بەرنامە و گەڵاڵەی هەمەلایەنەی وەکوو: شۆڕشی سپی، دابەشکردنی زەوی، گەڵاڵەی دامەزراندنی شارستانیەتی گەورە و پلانە ئاوەدانییەکانی سێیەم هەتا پێنجەمی گەشە دەستی پێکردەوە. لەم پرۆسەدا سیستەمی سیاسەت، ئابووری، فەرهەنگ و کۆمەڵگای ئێران جارێکی دیکە وەبەر شەپۆلێکی نوێی مۆدێرنیزاسیۆنی سەپێنەرانە و پاوانخوازانە کەوتەوە، کە جێبەجێکارەکانی بە پشتبەستن بە تیۆری - ئایدیۆلۆژیکی، ئیمکانات و توانا مادییەکان و ئامرازەکانی زاڵبوون بە سەر کۆمەڵگادا، بە نیاز بوون کە وێڕای جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی بەرفراوان و هەمەلایەنە لە بوارە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگییەکاندا زەمینە بۆ کۆتاگواستنەوەی کۆمەڵگای ئێران لە وڵاتێکی گەشەنەسەندوو و جیهانی سێیەمەوە بۆ ئاستی وڵاتانی پێشکەوتوو بڕەخسێنن و گەڵاڵەی بنیاتنانی شارستانییەتێکی نوێی ئێران و دروستکردنی شوناسێکی نەتەوەیی یەکپارچە و هەمەلایەنەی ئێرانی بەدی بهێنن. لە ژێر سیاسەتی گشتگیری شوناسی، سیاسەتی ئێتنیکیش گرنگی و پێگەی ناوازەی خۆی دۆزییەوە. هەر بۆیە جارێکی دیکە ئێتنیکەکان بوونەوە بە پرسی داڕشتنی سیاسەت، و حکوومەتی پەهلەویی دووهەم هەوڵی دا لە درێژەی داپەڕەکانی سەردەمی پەهلەویی یەکەم، پرسی ئێتنیکەکان وەک ئاڵنگاری و کێشەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی زۆر گرنگ و ژێرخانی چارەسەر بکات.

لە ڕووی وەرچەرخانە سیاسی و ڕووداوە ئێتنیکییەکانەوە دەتوانین قۆناغی ٣٧ ساڵەی حکوومەتی پەهلەویی دووهەم بۆ سەر چوار بڕگە دابەش بکەین: ١- ساڵی ١٣٢٠ تا ١٣٢٦ هەتاوی: ئەم قۆناغە بە دەستلەکارکێشانەوەی ڕەزاشا دەست پێدەکا و بە داڕمانی کۆمارە خۆسەرەکانی کوردستان

و ئازەربایجان کۆتایی دێت. ٢- ساڵی ١٣٢٦ تا ١٣٣٢ هەتاوی: ئەم قۆناغە شایەتی باڵادەستیی ڕێژەیی حکوومەتی ناوەندی بە سەر ناوچە ئێتنیکییەکانە، داواکارییە ئێتنیکییەکانیان زیاتر لە کەشێکی سیاسیی گشتیدا و وەک داخوازییەکی گشتی و بە دوور لە مۆرکی ئێتنیکی دەخرانە ڕوو. ٣- ساڵی ١٣٣٢-١٣٤١ی هەتاوی: ئەم قۆناغە دەیەی دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ دەگرێتەوە و باڵادەستیی سەربازی و فراوانبوونی دەسەڵاتی ناوەند و نامومکینبوونی هەر جۆرە چالاکییەکی سیاسیی حزبی و ئێنیکی لە تایبەتمەندییە دیارەکانیەتی. ٤- ساڵی ١٣٤١-١٣٥٧ی هەتاوی: ئەم قۆناغە بە شۆڕشی سپی و دەستپێکردنەوەی پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن دەست پێ دەکا و بە شۆڕشی ١٣٥٧ و دارمانی حکوومەتی پەهلەوی کۆتایی دێت.

هاتنە سەر دەسەڵاتی حەمەڕەزاشای گەنج و کەمئەزموون لە ڕۆژە پڕ لە گێژاوەکانی دوای مانگی خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاوی، لە وڵاتێکی بندەستی هاوپەیمانان، نەبوونی باوکێک کە لە تەختی پاشایەتی لا براوە و دوور خراوەتەوە، سووپایەتی لێکترازاو، حکوومەتێکی شپرزە و ناڕێکخراو، ئابوورییەکی لاواز و قەیراناوی، زیاتر لەوەی هێمای سەرهەڵدانی دەسەڵاتێکی گەنج و چالاک لە ناو کایەی سیاسەت و وڵاتداریدا بێ، هەڵبژاردنێکی ناچاری و زۆرەملێ بوو کە لە هەنگاوی یەکەمدا لایەنێکی سیمبۆلی و تەشریفاتی جێنشینیی دەسەڵاتی هەبوو چونکە بەشێکی زۆری دەسەڵاتە تۆکمەکەی سەردەمی ڕەزاشا لەگەڵ لابرانی دارما و لەگەڵ لاوازبوونی دامەزراوەی دەوڵەت و قۆڵی کۆنترۆڵی سەربازی و ئیدارییەکەی، فەزایەکی سیاسیی کراوە باڵی بە سەر وڵاتدا کێشا کە لە سایەی ئەودا وێڕای هەڵوەشاندنەوە یان پشتگوێخستنی هەندێک یاسا و ڕێسای سەبارەت بە سنووردارکردن و قەدەغەکردنی چالاکییە سیاسییەکان، هەلی دەستپێکردنەوەی چالاکییە سیاسییەکان بۆ حیزب و بزووتنەوە و ئێتنیکەکان دابین کرا و وردە وردە کەشوهەوای سیاسی ئێران سەرەڕای پشێوی و نائارامییەکانی، دیسان شاهیدی بزووتنەوە و خەباتی سیاسیی حزبی و ئێتنیکی بووەوە.

بەم شێوە ماوەی نێوان ساڵانی ١٣٢٠ تا ١٣٣٢ و کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ، لە لایەکەوە بە هۆی کەمبوونەوەی دەسەڵاتی بێسنووری کۆشک و شا و پابەندبوونی حکوومەت بە هەندێک مادەی یاسای بنەڕەتی و گەڕاندنەوەی ڕێژەیی سەربەخۆیی بۆ مەجلیسی ئەنجومەنی میللی و کاریگەریدانان لە سەر بڕیار و داپەڕ و کرداره سیاسییەکان و لە لایەکی ترەوە بەدەستهێنانی بنکە و دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە لایەن حیزب و ڕەوتە سیاسییەکان بەرامبەر بە دەزگای دەسەڵاتی فەرمی، بە گشتی بارودۆخێک هاتە ئاراوە کە بە یەکێک لە قۆناغە گرنگەکانی ئازادیی سیاسی لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا دادەنرێت. لە سایەی ئەو هەلومەرجەی کە هاتە کایەوە، یەکێک لەو پرسە سیاسیانەی کە لەناو کۆمەڵگادا هاتە ئاراوە، ئەو داخوازی و داواکارییە ئێتنیکییانە بوو کە لە شێوەی چالاکیی حیزبی و بزووتنەوەی ئۆتۆنۆمیدا سەریان هەڵدا. بەتایبەت کورد و تورک/ ئازەری لەم قۆناغەدا لە ناوەندی چالاکییە ئێتنیکییەکاندا بوون. لە ساڵی ١٣٢٤ی کۆچی هەتاوی دوو کۆماری خۆسەر و ئۆتۆنۆم لە کوردستان بە سەرکردایەتیی قازی محەمەد بە

ناوەندێتیی مەهاباد و ئازەربایجان بە سەرکردایەتیی سەید جەعفەر پیشەوەری بە ناوەندێتیی تەورێز لە ژێر ناوی کۆماری کوردستان و کۆماری نیشتمانیی ئازەربایجان بە هاوکاری یەکێتیی سۆڤیەت دروست بوون. ئەم دوو حکوومەتە پاش نزیکەی ساڵێک دوای کشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە ئێران، گۆڕانی هاوکێشە سیاسی و ئەمنییەکانی ناوچەکە، بە هاتنی سوپا بۆ ناو مەهاباد و تەورێز هەڵوەشانەوە. لە ناوچەکانی تری ئێرانیشدا، بەتایبەت لە نێوان عەشایەر و کۆچەرەکانی باشور و هێزەکانی حکوومەتدا گرژەی و تەنانەت پێکدادانی خوێناوی ڕووی دا، کە گرنگترینیان شەڕی نێوان خانەکانی قەشقایی و حکوومەتی ناوەندی بوو کە بە «جەنگی سەمیروم» بە ناوبانگە.

فەزای سیاسیی کراوە لەو قۆناغەدا بوو بە بەسێتنێک بۆ ئەوەی چالاکیی حزبی و ڕێکخراوەیی لەوانە: حیزب و کۆمەڵەکان و ڕەوتە سەرتاسەری و ئێتنیکییەکان داواکارییە ئێتنیکییەکانی خۆیان بخەنە ڕوو. لاوازیی لە ڕادەبەدەری حکوومەتی ناوەندی لە کۆنترۆڵکردن و سەپاندنی دەسەڵات بە سەر ناوچە و دەڤەرە جیاوازەکانی وڵاتی ئێران، بەتایبەت ئەو هۆز و عەشیرەتانەی کە سەریان هەڵداوە، وای کرد پەنا بۆ سیاسەتە کۆنەکانی «دووبەرەکی بنێوە و حکوومەت بکە»[1] ببەن. یەرڤان ئەبراهامیان بە ئاماژەدان بەم دۆخە دەنووسێت: باڵوێزی بەریتانیا لە تاران پێی وابوو کە حکوومەتی ناوەندی تەنیا بە سیاسەتی کۆنی هاندانی هۆزێک لە دژی هۆز و عەشیرەتێکی دیکە و درێژەدان بە ململانێ عەشیرەییەکان دەتوانێ حکوومەتی خۆی لەم ناوچانەدا بپارێزێت. باڵیۆزەکە بەم شێوە بارودۆخەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێ: «تەواو ڕوونە کە سیاسەتی هاندانی عەشیرەتێک لە دژی عەشیرەتێکی دیکە هەرگیز ئاشتییەکی بەردەوامی لێ ناکەوێتەوە. بەڵام لە ئێستادا پاراستنی هاوسەنگیی هێز لە هەندێک ناوچەی دیاریکراودا، تاکە چارەسەری حکوومەت بۆ پاراستنی ئاشتی و ئارامیی کاتییە» (آبراهامیان، ١٣٨٤ هەتاوی، ٢١٣). لە ماوەی ئەم دۆخە چالاک و پشێو و ناسەقامگیرەدا، حکوومەتی پەهلەوی وردە وردە ژێرخانی دەسەڵاتی خۆی پتەو دەکردەوە و تا دەهات زیاتر فەزای سیاسی کۆنترۆڵ دەکرد، پرۆسەیەک کە دواجار لە کودەتای ٢٨ی گەلاوێژدا بە تەواوەتی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی لە لایەن کۆشک و حکوومەتی پەهلەوی دەستی بە سەردا گیرا. ئەوەی لەم قۆناغە زەمەنییەدا لە شێوەی بڕیار و کارکردەکانی حکوومەت لە هەمبەر ئێتنیکەکاندا دەبینرێ، جۆرێک لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی بە پێی هەلومەرج و ڕووداوەکانە و زۆرتر لایەنی کاردانەوەیی هەیە، بۆیە سەبارەت بە ناونانی «سیاسەتی ئێتنیکی» دەبێ دۆخەکە لەبەرچاو بگیرێت.

لەم قۆناغەدا دەرفەتێک بۆ ئێتنیکەکان ڕەخسێندرا کە وێڕای ڕێکخستنەوەی دووبارەی کۆمەڵایەتی – ئابووریی خۆیان، بیر لە شوناسی خۆیان بکەنەوە و بە پێی ئەزموونی وەرچەرخانەکانی سەردەمی پەهلەویی یەکەم، لە کەشێکی سیاسیی ئازاددا، داواکارییە ئێتنیکییەکانی خۆیان بە

---

١. تفرقه بیانداز و حکومت کن!

شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەربڕن و شێوازی دەربڕین کە لە گرنگترین داواکارییەکانی سەرکردە و ڕێکخراوە ئێتنیکی و خۆجێییەکان پێکهێنانی ئەنجومەنی ئیالەتی و ویلایەتی بوو. حیزب و ڕەوتە چەپەکان و بەتایبەت حیزبی توودە، لەو حیزبە سەرتاسەرییانە بوون کە بە پشتبەستن بە پرەنسیپ و بیروباوەڕی خۆیان گرنگییەکی ناوازەیان بە مافە ئێتنیکییەکان دەدا. لە مانیفێستی (مەرامنامە) حیزبی توودەدا وێڕای بە «نەتەوە» ناوزەدکردنی ئێتنیکەکان سەبارەت بە پێویستیی پاراستنی مافەکانیان هاتووە: «ئێران دەوڵەتێکە کە لە چەندین نەتەوە پێک هاتووە. بێگومان بە هۆی چەند تایبەتمەندیی هاوبەشەوە یەک دەگرنەوە. ئەوان ماوەی چەندین سەدە چارەنووسێکی هاوبەشیان بووە. ئەوان پێکەوە کاریان کردووە بۆ ئەوەی فەرهەنگێکی دەوڵەمەند و شایستە دروست بکەن. هەروەها بۆ پاراستنی سەربەخۆیی و ئازادیی ئێرانیش شان بە شانی یەکتر خەباتیان کردووە. سەرەڕای ئەم تایبەتمەندییە هاوبەشانە، هەندێکیان لە مافە نەتەوەییەکانیان بێبەش کراون. ئەم فاکتەرە یەکپارچەیی ئێرانی لاواز کردووە و ئاستەنگی بۆ گەشەسەندنی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگیی سەرتاسەری  وڵاتی ئێران دروست کردووە. حیزبی توودە پێی خۆشە ئەم پێوەندییانەی نێوان نەتەوەکان پتەو بکات. لە ڕوانگەی ئەم حیزبەوە، یەکڕیزیی ڕاستەقینە و بنچینەیی کاتێک بەدی دێ کە یەکسانی لە نێوان گەلە جیاجیاکانی ئێراندا بەرقەرار ببێ و هەر جۆرە چەوساندنەوەیەکی نەتەوەیی نەمێنێت. بۆیە حیزبی توودە پێی وایە کە حکوومەتێکی دێموکراتیک دەبێ ئەم کێشە نەتەوەییە بەم شێوازانەی ژێرەوە چارەسەر بکات: ئەلف- دانان بە مافی خۆبەڕێوەبەریی خۆجێیی؛ ب- پێدانی مافی تەواوی کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی و نەتەوەیی بە هەموو کەمینە نەتەوەییەکانی ئێران (حزب توده، ١٣٤٩، ٧-٨).

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە لە نێوان ساڵانی ١٣٢٨ بۆ ١٣٣٢ی کۆچی هەتاوی لە ژێر کاریگەریی چالاکییەکانی بەرەی نیشتمانی (جبهه ملی) کە بە سەرکردایەتیی دکتۆر محەمەد موسەدیق بەڕێوەدەچوو، جۆرێک لە بزووتنەوەی مەدەنی - سیاسی بە نیازی گەڕاندنەوەی پایەکانی مەشرووتییەت و مافە مەدەنییەکان پێک هات، کە گوتاری ناسیۆنالیستی دیموکراسی و مەدەنی لەوەوە سەری هەڵدا و توانی پاڵپشتیی زۆرێک لە چین و گرووپە ئازادیخوازەکان و بەرگریکارانی مافە مەدەنییەکان بەرەو لای خۆی ڕابکێشێت (بیل و لوئیس، ١٣٦٨). ئەم بزووتنەوە ناسیۆنالیستییە، کە ڕیچارد کاتم بە «ناسیۆنالیزمی لیبراڵ» ناوی دەبا، بە هۆی ئایدیاڵەکانی ناسیۆنالیزمی مەشرووتەخواز و مەدەنییەوە، سەرنج و پشتیوانیی هەندێک لە گرووپە ئێتنیکییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، بەڵام ئەم بزووتنەوە ناسیۆنالیستییە، بە پێی لێکدانەوەی کاتم، «سەرکەوتنێکی کورتخایەن» بوو (کاتم، ١٣٩٦، ٣٢٩) کە بە هۆی کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ و لابردنی موسەدیق و بزووتنەوەی بەرەی نیشتمانی پەراوێز خرا.

پاش کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ و سەرکوتکردنی توندی حیزب و گرووپە سیاسییەکان و دروستکردنی کەشی زەبر و زەنگ و تۆقاندن بەر سەر وڵاتدا، شای خاوەن هەیمەنە و دیکتاتۆر دیسان

دەسـەڵات و توانای خۆی بە دەسـت هێناوە و بە گرتنە دەسـتی دەسـەڵاتی تەواو توانی ناوەند و ناوچە لامەرکەزییـەکان کۆنتـڕۆڵ بـکات. چالاکیـی حیزبـەکان و ڕۆژنامـەکان و هەموو هێماکانی بەشـداریی سیاسـی و مەدەنـی داخـران و زۆربـەی سـەرکردە سیاسـییەکان و چالاکوانـان لـە چـەپ و تـوودەوە بگـرە هەتـا ناسیونالیسـتەکان دەستبەسـەر و زیندانـی کـران. وەک ئەبراهامیـان وەبیرمـان دەخاتەوە: پەردەیەکی ئاسـنین چواردەوری مەیدانی سیاسـەتی ئێرانی دەورە دابوو. سـەرکردە بەرهەڵستکارەکان لە شـوێنکەوتووانی خۆیان، خەباتکاران لە خەڵک و حیزبە سیاسـییەکان لە بنکە کۆمەڵایەتییەکانیان دابـڕان (آبراهامیان، ١٣٨٤، ٥٥٤). کاتووزیان سـەبارەت بە گۆڕانی هەلومەرجی دەسـەڵاتی سیاسـی لـەم قۆناغـەدا دەنووسـێ: لە نێوان سـاڵانی ١٣٣٢ بۆ ١٣٣٩ی کۆچی هەتاوی، ڕژێمی دەسـەڵاتداری ئێـران وردە وردە لـە حکوومەتێکـی کۆنەپەرسـتی سـەرمایەدارییەوە بـۆ دیکتاتۆرییەکـی تاکەکەسـی گـۆڕا (کاتوزیـان، ١٣٧٤، ٢٣٨). یـان وەک کاتـم دەڵـێ: لە سـاڵی ١٣٣٢ بۆ ١٣٣٩ هەتـاوی، ڕژێمی ئێران لـە سیسـتەمێکی پاوانخـوازی نـە زۆر تونـدەوە، بـۆ سیسـتەمێکی دیکتاتۆریـی ڕەها گـۆڕا (کاتم، ١٣٩٦، ٣٦). لـەو مـاوەدا حکوومـەت هەوڵی دا بە جێبەجێکردنی هەندێ گەڵاڵـەی ئابووری و پڕۆژەی ئاوەدانـی، لـە چوارچێـوەی بەرنامـەی حـەوت سـاڵەی دووهەمـی ئاوەدانیـی وڵات (١٣٣٤-١٣٤١ هەتاوی)، ڕوانگەی خەڵک لە بەسـتێنی سیاسـەتەوە کە تووشـی مەندی و سـنووردارێتی هاتبوو بەرەو پرسـە ئابـووری و ئاوەدانییـەکان بگوازێتـەوە و تەنانـەت لـە زەیـن و مێشـکی خەڵکـدا وای بچەسـپێنێ کـە ئازادیی سیاسـی هـۆکاری تێکچوونی ئاسـوودەیی و خۆشـگوزەرانییە (قانون برنامه هفت‌سـاله دوم عمـراني کشـور، ١٣٣٤). وەک شـا بـە ئامادەبوونـی نوێنەرانـی ئەنجومەنی پیـران و ئەنجومەنی میللی وت: ناسـیۆنالیزم بریتییـە لـە پاراسـتنی بەرژەوەندییـە نەتەوەییـەکان و بەرژەوەندییـە نەتەوەییـەکان کاتێـک دەپارێـزرێ کـە وڵات ئاوەدان و ڕازاوە بێت. (برگزیدە سـخنان و نوشـته‌های شاهنشـاه آریامهر، بی‌تـا، ٩. بـە نقـل از: مقصـودی، ١٣٨٢، ٢٢٤).

بـە تۆکمەبوونـی بناغەکانـی دەسـەڵاتی سیاسـیی شـا و حکوومەتـی ژێرفەرمانـی ئـەو، زەمینـە بـۆ شـەپۆلێکی نوێی مۆدێرنیزاسـیۆنی پاوانخوازانـە ئامادە کرا بۆ ئەوەی پـڕۆژەی بنیاتنانی ئێرانی نوێ، کە لـە سـاڵی ١٣٢٠دا وەسـتێنرابوو، ئەمجارەیـان بـە هێـزی دارایی و پشـتیوانیی ئابووریـی دەوڵەمەندتر، سـەرچاوە مرۆییە بەئەزموونترەکان، ڕێکخراوی بیرۆکراتی و ڕێکخراوێکی مۆدێرنتر، دەزگای سـەربازی و پۆلیسـیی تەیارتر، ئاراسـتەی بەنوێکردن و مۆدێرنیزاسـیۆنی ئاڵۆزتر، لە سایەی بیرۆکەی «شارستانیەتی مـەزن» و ئایدۆلۆژیـای زیندووکراوی پەهلەویزم، دەسـت پێبکاتەوە. حکوومەتێک کـە پێش ئەم قۆناغە، سـەرقاڵی چارەسـەرکردنی کێشـە و گیـر و گرفتـی بـوارە جۆراوجـۆرەکان بـوو و بە دەربڕینێکـی دیکە لە سـەر ئاسـتی کەڵاندا کاروباری سیاسـی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەڕێوە دەبرد، لە سـایەی ئـەو ئارامییـەی کـە دەرهاویشـتەی سیاسـەتی سـەرکوتکردن، سـڕینەوە، دابینکردنـی خۆشـگوزەرانیی ڕێژەیـی (کـە لـە ئەنجامی پیشەسـازی و دەرەنجامەکانی شـۆڕشـی سـپییەوە هاتبووە ئـاراوە)، وردە وردە بەرنامـەی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتـی، سیاسـی، فەرهەنگـی و ئابـووری خسـتە نـاو بەرنامـەی کاریـی

خۆیەوە. بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئێران لە دواسالانی دەیەی ١٣٣٠ی کۆچی هەتاوی و ئەوەی نارەزایەتییەکانی خەڵک بەرامبەر بە حکوومەت لە سەر یەک کەڵەکە ببوو، حکوومەتی پەهلەوی خۆی لە ناو زوقمی قەیرانی مەشرووعییەتدا بینیەوە هەر بۆیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە و گونجاندنی بەرنامەکانی حکوومەت لەگەڵ هەلومەرج و پێویستییە نوێیەکان دەستی کرد بە دروستکردنی ئایدۆلۆژیایەک کە بە «پەهلەویزم» ناسرا (هنرمند، ١٣٤٩، ٣٩) و لە کۆتاییەکانی سالانی ١٣٣٠دا، حەمەڕەزا شا وردە وردە وەک داهێنەری «شۆڕشی شا و خەڵک» لە سەر کورسیی گرنگترین ئایدیۆلۆژیای خۆی دانیشت.

سەرەڕای جیاوازیی بنەڕەتی لە چارەنووسی سیاسیی سەردەمی دەسەڵاتداریی پەهلەویی یەکەم و دووهەم، لە بواری گوتاری بالادەستی بیرۆکەی دەوڵەت – نەتەوە و ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا سەردەمی پەهلەویی دووەم درێژەپێدەری مێژوویی سەردەمی پەهلەویی یەکەمە. دیارە لە هەندێ بەشە لاوەکییەکانی گوتاری ناسیۆنالیزمی سەردەمی پەهلەویی دووهەمدا، لەوانەش ستراتیژەکانی هەڵسوکەوتکردن و میکانیزمەکانی جێبەجێکردن، لەگەڵ سەردەمی ڕەزاشادا جیاوازی هەبوو، بەڵام ئەم گوتارە پشت بە هەمان بنەما و پێکهاتەکانی سەردەمی پەهلەویی یەکەم دەبەست و لە بنەڕەتەوە هەوڵێک بوو بۆ چەسپاندن و تۆکمەکردنی بناغەکانی. لەم ڕوانگەوە، هەموو ئەو جۆرە سیاسەتانەی کە پەیوەست بە شوناس و مەسەلەی نەتەوەیی بوون لەوانەش سیاسەتی ئێتنیکی، بە کەمێک گۆڕانکاریی لە شێوازی هەڵسوکەوت و جۆرەکانی بەرپەرچدانەوە، لە ڕووی ڕوانگە و ڕێکارەوە هەمان مۆدێل و سەرچەشنی سیاسەتی نەتەوەیی سەردەمی پەهلەویی یەکەمیان پەیڕەو دەکرد. بەم شێوە گوتاری نوێگەرێتی و مۆدێرنیزاسیۆنی پەهلەویی دووەم پشتی بە بناغە هزرییەکانی سەردەمی پەهلەویی یەکەم بەست و لە ژێر سایەی دەرفەت و ئیمکانات و داهاتە باشەکانی نەوت، بوو بە پرۆژەیەکی کەلانی گشتگیر بۆ بنیاتنانی ئێران و بە خەیاڵی خۆی ئێرانییەکی مۆدێرن، و بە گوێرەی ئەم ئامانجە، پلانی پێویست بۆ ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دارێژرا.

فرەڕەنگیی ئێتنیکی لە ئێران بە هەموو پێوەرە فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، زمانی و ئایینییەکانیەوە وەک ئاڵنگاری و کێشەیەکی بنەڕەتی لە بەردەم دامەزراندنی سیستەمی شوناسی و نەتەوەیی نوێ سەیر دەکرا کە بە هۆی ئەزموونە زیانبەخش و تا ڕادەیەک ناسەرکەوتووەکانی سەردەمی پەهلەویی یەکەمەوە لە هەڵسوکەوت و مامەڵەکردن لەگەڵ ئێتنیکیەکاندا، سیاسەتێکی وردتر و ژیرانەتری دەویست، بەڵام هەژموونیی ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیکی و ناوەندگەرا ڕێگەی نەدا بنەمای ئەم ڕاستییانەی کە باڵی بە سەر ژیانی ئێتنیکیدا کێشاوە فام بکرێ و بە شێوازی دروست مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. بۆیە جیاوازیی ستراتیژ و جێبەجێکردنی سیاسەتی ئێتنیکیی سەردەمی پەهلەویی یەکەم و دووهەم، لە پلەی یەکەمدا ئەوەیە کە لە سیستەمی دارشتنی سیاسەتدا دابڕان کەوتە نێوان توخمی فەرهەنگی و شارستانییەتی ئێتنیکی و سیاسەتی ئێتنیکی لە سەر ئەم بنەمایە دارێژراوە. ئەگەرچی لە سەردەمی پەهلەویی یەکەمدا بە هۆی لاوازیی سیستەمی ئیداری و تۆڕی پەیوەندییەکانەوە،

حکوومـەت نەیتوانـی سیاسـەتەکانی بەتایبـەت لەو ناوچانەی کە لـە ناوەندەوە دوورن بسـەپێنێ، بەڵام سیاسـەتی ئێتنیکیـی خـۆی لـە سـەر بنەمـای نکۆڵیکـردن لـە شوناسـی ئێتنیکـی بنیـات نا، ئـەمما لە سـەردەمی پەهلەویـی دووهەمدا توخمەکانی شوناسـی ئیتنیکی و داخوازییە ئێتنیکییـەکان وەبەر دوو ڕەهەنـدی سیاسـەتدانان کەوتـن، هەنـدێ توخمـی فەرهەنگـی وەکـوو جلوبـەرگ، پیشـەی دەسـکرد، مۆسـیقا و هتد، کە لایەنی فۆلکلۆر و هونەرییان هەبوو و بە خەیاڵی سیاسـەتمەدارەکان هەڕەشـەئامێز نەبـوون، کەوتنـە بـەر سـەرنج و لـە پـڕۆژە فەرهەنگـی و هونەرییەکانـدا وەک هێماکانـی هونـەری کـۆن و ڕەسـەنی ئێرانـی کـە لەگـەڵ گوتـاری پەهلەویـزم هاوتـا بـوون، جێگیـر کـران. بوونی ئێتنیکـەکان لە مێهرەجانـە ڕۆشـنبیری و هونەرییـەکان و کەرنەڤاڵەکانـی مۆسـیقا و ئەنجامدانـی پـڕۆژەی فەرهەنگـی لـە نـاو ئێتنیکەکانـدا (Daftari & Diba, 2013, 87-90) دەرەنجامـی ئـەو جـۆرە سیاسـەتانە بـوون. لـە لایەکـی تـرەوە ئەم سیاسـەتە ڕەگ و ڕیشـەی لـە ناوچەگەرایـی و نەریتخوازیی دڵخوازی ئەو ڕۆشـنبیرە فەرهەنگییانەیە کە سـەر بە کۆشـک و بەتایبەت سـەر بە «بازنەی هاوەڵانی فەرەح» بوون (یزدانی مقدم و بیگدلـی، ١٣٩٨، ١٥٧)، کـە هانـی گەڕانـەوە بۆ فەرهەنگی نەریتی و ڕەسـەنیان دەدا و بانگەشـەیان بـۆ دەکرد. محەمەدڕەزا شـا بۆ ئەوەی خـۆی لە قەیرانـە کۆمەڵایەتییەکانی دەرەنجامی گەشەسـەندنی ناهاوسـەنگ دەربـاز بـکا، سـوودی لە بیـری نەوەی سـێهەمی ڕۆشـنبیران وەرگرت (عبدی زادە سـارمی و شـاهروخی، ١٣٨٢ هەتـاوی، ١٩٩٨). ئـەم ئەرکـە سـپێردرا بـە ناوەنـدە تازەبنیاتنراوەکانـی ئیدارەی گشـتیی چـاپ و بانگەشـە (ادارە کل انتشـارات و تبلیغـات)، ئیـدارەی هونـەرە جوانـەکان، بنیاتـی شاهەنشاهیی فەرهەنگستان و ڕێکخراوە فەرهەنگییەکانی کۆشـک (اکبری، ١٣٨٢، ١٤٢). ڕەهەندی دووەمـی سیاسـەتی ئێتنیکـی ئـەوە بـوو کـە هەسـتا بـە سـڕینەوە و نکۆڵیکـردن لـەو توخمـە شوناسـە ئێتنیکییانـەی کـە بە جۆرێک لە جۆرەکان لەگەڵ سیسـتەمی گوتاری ئێرانی مۆدێـرن یەکی نەدەگرت یـان دژی هێماکانـی بـوو. هـەر بۆیـە فێرکردنی زمانـە ئێتنیکییـەکان و تەنانەت چاپ و بڵاوکردنەوەش بـەم زمانانـە قەدەغـە کـرا. قەدەغەکردنی هـەر جۆرە چالاکییەکی سیاسـی یـان تەنانـەت فەرهەنگی و جەمـاوەری کە لـە دەرەوەی چاودێریی حکوومـەت بایەن دەچوونە ڕیزی چالاکییـە قەدەغەکراوەکانەوە و کە سـزایان بەسـەردا دەسـەپێنرا. لایەنی دووەمی جیاوازییەکە پەیوەندی بە شـێوازی جێبەجێکردنی سیاسـەتەکانەوە هەبـوو، بـە پێچەوانـەی سـەردەمی پەهلەویـی یەکـەم کـە زۆربـەی سیاسـەتەکان بـە توندوتیـژی و هەڕەشـە و تۆقانـدن جێبەجـێ دەکـران، لـە سـەردەمی پەهلەویـی دووهـەم ڕەهەنـدی جێبەجێکـردن و سـەپاندنی سیاسـەتەکان بـە سـازوکار و میکانیزمێکـی نـەرمترەوە جێبەجـێ دەکران. دامەزراندنـی ناوەنـدە ڕادیۆییەکانـی تایبـەت بـە زمانـە ئێتنیکییـەکان وەکـوو ڕادیـۆی کوردیی تـاران و ڕادیـۆی کوردیی کرماشـان (کاکایی، ١٣٩٠ هەتاوی)، ڕادیۆی بەلووچیی زاهیدان (دامەزراو لە سـاڵی ١٣٣٨)، ڕادیـۆی ئـازەری و هتـد، لە داهێنانەکانی بواری ڕاگەیاندن و فەرهەنگ بوون کە بە مەبەسـتی گواسـتنەوە و پێشخسـتنی پەیـام و گوتاری حکوومەتـی ناوەندی لە نێوان ئێتنیکەکانـدا ئەنجام درا، بە شـێوەیەک کـە سـاواک چاودێرییەکـی توندی بە سـەر چالاکییەکانیانـدا هەبوو، هەرچەنـدە لە هەمان

کاتـدا دەرفەتێـک بـۆ زمانە ئێتنیکییەکان بوو بۆ ئەوەی دوای سـاڵانێک گۆشـەگیری و بێبەشـبوون ئەو دەرفەتـە سـنووردار و هەڵبژێـردراوە بـۆ زیندووکردنەوەی خۆیان بـەکار بهێنن.

هامبلـی سـەبارەت بـە ئایدۆلۆژیـای حکوومەتـی پەهلـەوی دەنووسـێت: «حکوومـەت وەک ئایدۆلۆژیایـەک بـرەوی بـە هـێما دڵخۆشـکەر و شادیبەخشـە ناسیۆنالیسـتییەکان دەدا کـە تێیـدا سـەدە ئیسلامییـەکان کەوتـە ژێـر تیشـکی ئـەو شـکۆمەندییەی کـە لـە سـەردەمی هەخامەنیشـی و ساسـانییەکانەوە بەجێمابوو، و مزگێنی داهاتوویەکی شـکۆمەند و بەرەکەتدارتری لە سـای حکوومەتی بە خەیاڵی خۆی پڕبەزەیی شاهەنشـاهی دەدا» (هامبلی، ١٣٨٧، ١٩٩٤)، پاشـایەک کە لە سەرەتای سـاڵانی ١٣٥٠ی هەتاویـدا تـا ڕادەیـەک گەیشـتە ئـەو بـاوەڕەی کـە بناغـەی پاشـایەتییەکەی ئەوەندە بەهێـزە کـە دەیـان سـاڵی دیکـەش دەخایێنـێ و لـە ژێر سـایەی ئـەم بـاوەڕەدا، ئـاڵای پێشـەنگایەتیی بزاڤـی «بەرەو شارسـتانیەتی مەزن»ی ڕاشـەکاندبوو، بە دەسـتپێکی نیـوەی دووەمی دەیـەی ١٣٥٠ی کۆچـی هەتـاوی، دوو قەیرانی ئابووریی چاوەڕواننەکراو کە دەرهاویشـتەی هەڵاوسـانی توند، و قەیرانی ئیـداری کـە لێکەوتـەی زەختـە دەرەکییەکان بوو کـە مەبەسـتیان ناچارکردنی ڕێژیم بـۆ کەمکردنەوەی کۆنترۆڵـی پۆلیسـیی مافەکانی مرۆڤ بەتایبەت مافی بەرهەڵسـتکارانی سیاسـی لە ئێـران بوو کە ئەمە حیسـابات و پێشـبینییە ئایدیالیسـتی و بەرزەفڕەکانـی شـای بـە تـەواوی بێبایـەخ کـرد (آبراهامیـان، ١٣٨٤، ٦١٣). لـە هەلومەرجێکـی وادا کـە هـاواری نارەزایەتـی و دژایەتـی تـا دەهـات بەرزتـر دەبۆوە و لـە نەبوونـی کەشـێکی گونجـاو بـۆ نارەزایەتـی لە نـاو وڵاتی ئێرانـدا، خۆپێشـاندەران لـە دەرەوەی وڵات خەریکـی ئامادەکردنـی خۆپیشـاندان و ڕاگەیاندنـی دژایەتیـی خۆیـان بەرامبەر بە سیاسـەتەکانی شـا و ڕژێمەکـەی بـوون، و شـا هێشـتاش بەرهەڵسـتکارەکانی بـە تاقمێـک نیهیلیسـت و ئەنارشیسـت و کۆمۆنیسـت دەزانـی (مجلە خواندنیها، ١٣٥٤، ١. بـە نقـل از: آبراهامیان، ١٣٨٤). بەم شـێوە شـای مەسـت و سەرخۆشـی سـەمفۆنیای «شارسـتانییەتی مـەزن» کاتێـک «هاواری شۆڕشـی گـەل»ی ژنەفت کـە ئـیتر کـەس دەنگـی ئـەوی نەبیسـت و لـە کۆتاییدا بـە هـۆی توندتربوونەی ڕەوتـی شۆڕشـەوە ناچار وڵاتی بەجێهێشـت، و لە مانگی بەفرانباری سـاڵی ١٣٥٧ی کۆچی هەتاوی، بە سـەرکەوتنی شۆڕشـی گەلانـی ئێـران، دەسـەڵاتی پەهلـەوی لە ئێـران کۆتایـی پێهات.

لـە شـیکردنەوەی ئـەم دۆخـەدا دەکـرێ بڵێیـن: ئایدۆلۆژیـای حکوومەتـی پەهلـەوی، سـەرەڕای نوێگەرێتـی و مۆدێرنیزاسـیۆن لـە هەندێـک بناغـە ئیـداری، ئابـووری و خۆشـگوزەرانییەکاندا ئەوەنـدە چەقبەسـتوو و یەکلایەنـە بـوو کـە نەیدەتوانـی لـە پێداویسـتییە مۆدێرنەکانـی کۆمەڵـگا کـە لـە زۆر حاڵەتدا لە گۆڕانی نەوەکاندا خۆی دەردەخست، تێبگا و تەنانەت یۆتۆپیاکانی ئێرانیشـی بە نائاسـایی و دژەبەهـا دەزانـی؛ ئەمـە لـە کاتێـکدا بـوو کـە بەشـێک لـە یۆتۆپیـا ئێرانییـەکان وێـڕای خۆڕاگـری لـە بەرامبـەر سـەرکوتی ئایدۆلۆژیـای دەوڵەتـی بـە هاتنـە سـەر شـەقام تێدەکۆشـان پـرس و گۆڕانکارییـە کۆمەڵایەتییەکانیـان بەرهـەم بهێننـەوە. هەرچەنـدە خـودی ئایدۆلۆژیـای پەهلـەوی لـە یۆتۆپیاکانـی ڕۆشـنبیرانی مەشرووتییەتـەوە سـەرچاوەی گرتبـوو و لـە ژێـر کاریگەریـی هەلومەرجـی تایبەتـی ئێراندا

لە ماوەی ساڵانی کۆتایی ساڵی ١٢٩٠ی هەتاویدا سەریهەڵدابوو، کە پێشکەوتنی وڵاتی لە حکوومەتێکی وەکوو ڕژێمی پەهلەویدا پێشبینی کردبوو، بەڵام ئایدیۆلۆژیای پەهلەوی تەنیا توانیبووی دوو یۆتۆپیای ئاسایش و مۆدێرنیتە لە شێوەی هەندێک لە هێماکانی شارستانییەت وەکوو هێڵی ئاسنی، کارگەی پیشەسازی و زانکۆکان بباتە بواری جێبەجێکردن و نەیانتوانی وەڵامی یۆتۆپیاکانی ئازادی، دادپەروەری، دادخوازی بداتەوە کە ڕۆژ بە ڕۆژ بە هەوڵی ڕۆشنبیران و زانایانی ئایینیی شێعە ڕادیکاڵتر دەبوون. لە ڕاستیدا ناهاواهەنگیی نێوان ئایدۆلۆژیا و یۆتۆپیا لەم سەردەمەدا و هەروەها وەرچەرخان و گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بوونە هۆی ئەوەی حکوومەتی پەهلەوی تووشی ناکۆکی لەگەڵ داواکارییە کۆمەڵایەتییەکان ببێتەوە و ئەمەش بەرهەڵستیی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوتەوە. لە سەر بنەمای ئەمەش نەک هەر سەرچەشنی هاوتەبایی و لێکتێگەیشتن لە نێوان ئایدۆلۆژیای دەوڵەت و ئایدیاڵە کۆمەڵایەتییەکان بەدی نەهات، بەڵکوو لە حاڵەتی کارلێک و ڕووبەڕووبوونەوەوە، گەیشتە ململانێ و بێدەرەتانی و شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی (بەهمەنی ساڵی ١٣٥٧) و بەم شێوە، ئایدیۆلۆژیای حکوومەتی مۆدێرنی پەهلەوی جێگەی خۆی دا بە ئایدیۆلۆژیای یۆتۆپیا ئیسلامییەکان (شریعتی و عباسی، ٢٠١٨، ٩٦-٩٧).

### کۆماری ئیسلامیی ئێران و سەروەریی گوتاری نەریتگەرایی ئیسلامی

لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ و دەستپێکردنی حکوومەت لە سەر بنەمای ئیسلامی سیاسی - شێعی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، وەرچەرخانێکی قووڵ لە گوتاری شوناسی نەتەوەیی و مێژووییدا ڕووی دا کە لە پرۆسەی بنیاتنانەکەیدا، ژیانی مێژوویی ئێران و ئێرانییەکان لە گۆشە نیگایەکی دیکەوە خوێنرایەوە و شوناسێکی دیکەی بە خۆوە گرت. لەم بەرسازە نوێیەی کە بۆ ئێران و ئێرانی دروست کرا، هەموو توخم و پێکهاتەکانی شوناسی مێژوویی و نەتەوەیی سەر لە نوێ خوێندنەوەیان بۆ کرا و لە سای خوێندنەوەی نەریتگەرایی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی، بە مانای نوێ و دەلالەتی نوێوە دەرکەوتن. گوتاری نەریتگەرایی (نەریتخوازی) ئایدۆلۆژیای ئیسلامی - شێعی کە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا فۆرمێکی باڵادەست و حکوومەتی بە خۆوە گرت، یەکێک لە گوتارە نەیار و ڕکابەرەکانی گوتاری شوناسی پەهلەوی بوو کە لە سەردەمی خەباتی سیاسی و فەرهەنگی - ئایینیی سەردەمی پەهلەویدا لە ڕێگەی تووشی ئاڵنگاریکردنی هێماکانی گوتاری پەهلەوی، وردە وردە بناغە و سیمبۆلەکانی خۆی لە ناو بەستێنی کۆمەڵایەتیدا جێگیر و پتەو کرد. ئایەتوڵڵا خومەینی وەک دامەزرێنەر و ئایدیۆلۆگی کۆماری ئیسلامی، یەکێک لەو خاڵە گرینگانەی کە بە درێژایی خەباتە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکانی بەردەوام پێ داگری لە سەر دەکرد و لەو ڕوانگەشەوە توندترین ڕەخنەی ئاراستەی ڕژێمی پەهلەوی دەکرد، بە باوەڕی ئەو سیاسەتە ڕۆژاوایی و دژە ئیسلامییەکانی پەهلەوی بوو کە وای کرد بنەمای ئیسلام و ئێرانیبوونی شوناسی نەتەوەیی تووشی چەواشە و وێرانی ببێت. لە زۆربەی وتار و بەرهەمە نووسراوەکانی ئایەتوڵا خومەینیدا ئەم پرسە ڕەنگدانەوەیەکی

تایبەتی هەبوو. یەکێک لە لێکۆڵەرەکان سەبارەت بە گرنگیی شوناس لە کتێبی «کەشفولئەسرار»، کە یەکەمین بەرهەمی ئایەتوڵڵا خومەینییە، دەنووسێت: «یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی کتێبی کەشفولئەسرار، بانگەوازی ئیمام بۆ گەڕانەوە بۆ شوناسی ئیسلامییە کە ساڵانێکی زۆر بە هۆکاری جۆراوجۆرەوە لەوانەش پاوانخوازیی فەرمانڕەواکان و کەمتەرخەمیی زانایانی ئایینی و بێئاگایی کۆمەڵانی خەڵک فەرامۆش کراوە» (اخوان کاظمی، ١٣٧٧ هەتاوی، ٦٥). ئایەتوڵڵا خومەینی باوەڕی بە گواستنەوە لە میراتی شوناسیی سەردەمی پەهلەوییەوە بۆ بنیاتنانەوەی کاملی شوناس لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا بوو. هەر لەو پێوەندییەدا ناوبراو وەبیری دەخاتەوە: «هەموو ئەو چوارچێوە ڕزیو و بێمانایانەی کە لە ماوەی ئەم پەنجا ساڵەدا خەڵکی بەرەو ڕۆژاوایی‌بوون پەلکێش کردووە، دەڕوخێنین و حکوومەتێک لە سەر بنەمای دادپەروەری و عەدالەت بۆ چین و توێژەکانی نیشتمان بنیات دەنێین و داوا لە خەڵک دەکەین کە پشت بە بناغە ئیسلامییەکانیان ببەستن و پشت لە ڕۆژاوا و ڕۆژاوایییەکان بکەن کە فەرهەنگەکەیانی لە ناو بردووە ... دەبێ لە سفرەوە دەست پێ بکەین» (خمینی، ١٣٧٨، ج ٥، ١٣٣). لەم بنیاتنانەوەدا ئیسلام بە یەکەمایەتی و ئەولەوییەت دەزانێ: «ئێمە نەتەوایەتی لە ژێر سایەی ئامۆژە ئیسلامییەکاندا قبووڵ دەکەین ... گەل گەلی ئێرانە، هەموو جۆرە قوربانییەک بۆ گەل و نەتەوەی ئێران دەدەین، بەڵام لە ژێر سێبەری ئیسلام، نەک ئەوەی کە هەموو شتێک ببێ بە نەتەوایەتی و گاورایەتی! نەتەوایەتی مەرز و سنوورەکەی ئیسلامە و هەر ئیسلامیش داکۆکی لە سەر دەکا، مەملەکەتە ئیسلامییەکان دەبێ بپارێزرێن، بەرگریکردن لە وڵاتانی ئیسلامی یەکێک لە ئەرکە واجبەکانە، بەڵام نەک ئەوەی ئیسلام وەلا بنێین و دانیشین هاوار بۆ نەتەوایەتی بکەین. (خمینی، ١٣٧٨، ج٥، ١٣٣).

بەم شێوە بە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بوار بۆ چەسپاندنی گێڕانەوەیەک لە شوناسی نەتەوەیی ئامادە کرا، کە هاوکات لەگەڵ یەکەم مشتومڕەکانی شوناسی مۆدێرن لە ئێرانی هاوچەرخدا سەریهەڵدا و بۆ دەیان ساڵ لە شێوەی گوتارێکی پەراوێزخراو لە بەستێنی کێشمەکێشی شوناسی کۆمەڵگایی و نەتەوەییدا بوونی هەبوو. توخمە بنچینەییەکانی ئەم گوتارە بریتین لە: ئیسلامگەرایی لە سەر بنەمای ئامۆژەکانی ئایینزای شیعە، دووبارە لێکدانەوەی ئێرانێتی و نەتەوایەتی لە ژێر ڕۆشنایی ئیسلام، دژایەتیکردنی هێما و توخمە ڕۆژاواییەکان، نکۆڵیکردن لە دیرۆکگەرایی و توخمە پێش ئیسلامییەکانی مێژووی ئێران، و نکۆڵیکردن لە مۆدێرنیتە. بە بڕوای حسەین بەشیریە، جەوهەری دامەزراندنی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بە مانا شیعەییەکەی، واتە بە پێی تیۆریی سیاسیی شیعە، گریمانەی یەکگرتوویی و یەکڕیزی لە شوناسی ئیسلامی و نکۆڵیکردن و ڕەتکردنەوەی شوناسەکانی دیکەی مسۆگەر دەکات. بەم شێوە ئەو کارەی وا گوتاری توندڕەوی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنیستانەی هەندێک لە ڕۆشنبیرانی سەردەمی مەشرووتییەت و پەهلەوی لەگەڵ شوناسی کۆمەڵایەتی کردیان، ئێستا گوتاری نەریت و نەریتگەرایی بە شێوازێکی دیکە دەیکات. جگە لەوەش، دوای ئەوەی نەریتگەرایی (سونەتگەرایی) ئایدیۆلۆژیکی، وەک گوتاری باڵادەست،

دەسەڵاتی دەوڵەتی بە شێوەیەکی سەرتاسەری گرتە دەست، بە کەڵکوەرگرتن لە ئامرازەکانی دەسەڵات و دەزگا ئایدیۆلۆژییەکانی خۆی سیاسەت و ڕێوشوێنی جۆراوجۆری بۆ بەئیسلامیکردنی هەموو کۆمەڵگا، پاڵاوتنی ئەخلاقی و فەرهەنگی، ڕێکخستنی شێوازی ژیانی گشتی و تایبەتی بە پێی بەها ئایدیۆلۆژییەکانی خۆی و پەرەپێدانی شوناسی ئیسلامی لە بوارە جیاوازەکانی فەرهەنگ و کۆمەڵگادا گرتە بەر. گوتاری نەریتخوازیی ئایدیۆلۆژیکی هەوڵی داوە مرۆڤ و کۆمەڵگا بە شێوەیەکی دژەلیبراڵ لە سەر بنەمای بەها سونەتی و ئایینییەکان پێناسە بکا و بنیاتی بنێتەوە. داپەڕ و ڕێوشوێنی جۆراوجۆری وەکوو ناچاریکردنی باڵاپۆشی بۆ ژنان، چاودێری و کۆنترۆڵکردنی قوتابخانە و دامەزراوە پەروەردەییەکان، هەڵبژاردنی ئایدیۆلۆژیکانەی بریکار و فەرمانبەرانی گشتی، دووبارە خوێندنەوەی مێژوو بە پێی بەرژەوەندیی ئایدیۆلۆژیکی، نکوڵیکردن و قەدەغەکردنی ئایدۆلۆژیا و ڕێبازە نائیسلامییەکان و ... ئەمانە هەمووی کۆششی هەمەجۆری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پێناو یەکدەستکردنی شوناسی کۆمەڵایەتیی سەرتاسەری لە قاڵبی ئایدۆلۆژیا و ڕەتکردنەوە و نکوڵیکردن لە فرەچەشنیی شوناسەکانی ناو ئێرانە. بە پێی ئایدۆلۆژیای ئینقلابی، شوناسی ئیسلامی لە بەرامبەر «ئەویدی»ـی خۆی واتە ڕۆژاوا چارەنووسی تایبەت بە خۆی دەدۆزێتەوە. هەر بۆیە درێژەدان بە ململانێی تیۆریی لەگەڵ ڕۆژاوا یان دژەڕۆژاوایەتی بۆ درێژەدان بە شوناس لە سەر بنەمای ئایدۆلۆژیای شۆڕشی ئیسلامی پێویست بووە. (احمدی، ١٣٨٣، ١٢٧-١٢٦).

دوابەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی (ئینقلاب) کۆماری ئیسلامی و زاڵبوونی گوتاری کۆماری ئیسلامی لە سەر فەزای شوناسی گشتیی ئێران، شوناسی ئێتنیکی و توخمە ماددی و مەعنەوییەکانی بە ناچاری کەوتنە ژێر کاریگەریی ناساندنەوە و پێناسەکردنەوەی ئەم گێڕانەوە باڵادەستە. ئەم وەرچەرخانە تیۆری و گوتارییانە لە ناو دڵی فەزایەکدا ڕوویان دەدا، کە لە دیوەکەی دیکەیدا شەقام و مەیدانی کۆمەڵگا شوێنی چالاکییە سیاسی و حزبی و گرووپیی لایەنە بەربڵاوەکان بوو کە تێدەکۆشان لە پرۆسەی ڕێکخستنەوەی شوناسی کەلانی ئێرانیدا بنکە و پێگەیەکی شیاو بۆ خۆیان بدۆزنەوە. ئێتنیکە ئێرانییەکان لە بزووتنەوە چالاکەکانی ساڵانی سەرەتای شۆڕش بوون کە بە مەبەستی دووبارە پێناسەکردنەوەی شوناسی ئێتنیکی و پێگەی خۆیان لە ئێرانی دوای شۆڕشی کۆماری ئیسلامی هەوڵی دووقاتیان دەدا. گوتاری باڵادەستیش هەوڵی دەدا کە بە پێی بنەما ئایدۆلۆژییەکانی خۆی، شوناسی ئێتنیکیی ئەوان لێک بداتەوە و پێناسەی بکاتەوە. ئەم دۆخە لە هەر دوو دیوی بابەتەکەدا سیاسەتێکی ئێتنیکی لێ کەوتەوە کە دەسەڵاتی فەرمی ئێتنیکەکانی لەبەرچاو نەدەگرت و لە بەرەی ئێتنیکەکانیشدا بزووتنەوە و هەڵمەتی ئێتنیکی دژی ئەم ئاراستەی دەسەڵاتە سەریان هەڵدا؛ ئەم پەیوەندییە دژبەیەکە لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا یەکێک لەو ڕووداوە گرنگانە بوو کە کاریگەری لە سەر ڕەوتی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان هەبوو.

سەبارەت بە سیاسەتی ئێتنیکی لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، پێویستە دوو تێڕوانینی بنچینەیی لەبەرچاو بگیرێت: یەکەم، بنەماکانی مافە ئێتنیکییەکان کە لە یاسای بنەڕەتیدا دیاری

کراون و وەک پەیمانێکی نەتەوەیی، بوون بە بناغەی پێکهێنان و ڕێکخستنی سیاسەتە کەڵانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەوانەش سیاسەتە ئێتنیکی و ئایینییەکان، هەرچەندە هەندێ لە بەشەکان دوای نزیکەی نیو سەدە لە تەمەنی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران هێشتا جێبەجێ نەکراوە. دووەم: ئەوەی کە سیاسەتی ئێتنیکی لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا سەرەڕای هەبوونی هەندێ سیاسەتی جێگیر، کارتێکراوی گۆڕانکارییە نێوخۆییەکانی سیستەمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤ دەیەی ڕابردوو و گۆڕانکارییە گوتارییەکانی ناو خودی ئەم حکوومەتەیە.

بە پێی دەستوور کەمینە ئێتنیکییەکان بۆ سەر سێ گرووپ دابەش دەبن: ئەلف) ئەو ئێتنیکانەی کە تەنیا لە ڕووی ئێتنیکییەوە گرووپێکی تایبەت پێک دەهێنن و هەڵگری ئایینزای فەرمیی ڕژێمن وەکوو تورکە ئازەرییەکان؛ ب) کەمینە ئێتنیکی - ئایینییەکان، وەکوو بەلووچ و کورد؛ کە هەڵگری ئێتنیک و ئایینزای جیاوازن ج) کەمینە ئایینییەکانی وەکوو ئەرمەنییەکان و هتد، کە جگە لە ئێتنیکەکەیان، هەڵگری ئایینی جیاوازیشن. (موسوی دالینی، ١٣٨٩، ٥٧).

سەبارەت بە شوناسی ئێتنیکی و یەکسانیی ئێتنیکەکان لە دەستووردا، لە مادەی نۆزدەهەمیدەستووردا بە ڕوونی هاتووە: «خەڵکی ئێران بەبێ گوێدانە ئێتنیک و هۆز، مافی یەکسانیان هەیە و ڕەنگ و نەژاد و زمان و زۆر شتی لەم حاڵەتە نابێ ببێتە هۆی ئیمتیاز و هەڤیازی.» کەواتە بە پێی ئەم مادە، نابێ لە هیچ بابەتێکدا لە نێوان فارس، تورک، کورد، لوڕ، بەلووچ، عەرەب، تورکمان، و ئێتنیکەکانی دیکەدا فەرق و جیاوازی دابنرێ و گرووپە ئێتنیکی و زمانییە جیاوازەکان لەم بوارەدا دەبێ مافی یەکسانیان هەبێت. هەروەها لە ڕووی ئایینییەوە لە مادەی دوانزەی دەستووردا، ئیسلام و ئایینزای شیعەی دوانزە ئیمامی وەک ئایین و ئایینزای فەرمیی وڵاتی ئێران هەڵبژێردراوە: «ئایینی فەرمیی ئێران ئیسلام و ئایینزای جەعفەریی دوازدە ئیمامییە و ئەم بنەمایە هەرگیزاوهەرگیز ناگۆڕدرێت». بەڵام لە دەستووردا، هەندێ بڕگە بۆ ئەو ئایین و ئایینزایانەی دیکە دانراوە کە لە ناو چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا دەژین. هەر لەم مادەدا سەبارەت بە ئایینزاکانی دیکەی ئیسلام هاتووە: «ئایینزاکانی تری ئیسلامی لەوانە حەنەفی و شافیعی و مالیکی و حەنبەلی و زەیدی، ڕێزی تەواویان هەیە و پەیڕەوانی ئەو ئایینزایانە لە ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی ئایینی بە پێی فیقهی خۆیان ئازادن؛ پەروەردەی ئایینی و باری کەسێتی (هاوسەرگیری، تەڵاق و جیابوونەوە، میرات، و وەسیەتنامە) و داوای یاسایی پەیوەندیدار بەم بابەتانە لە دادگاکاندا شتێکی فەرمییە و لە هەر ناوچەیەکدا کە شوێنکەوتوانی هەر یەک لەم ئایینزایانە زۆرینە بن ئەوا ڕێسا ناوچەییەکانی ئەنجوومەنەکان بە پێی ئەو ئایینزایە دەبێ، لە هەمان کاتدا دەبێ مافی شوێنکەوتووانی ئایینەکانی دیکەش بپارێزرێت (قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، ١٣٩٧، ١٩). لە ئەنجامدا، لە سەر بنەمای ئەم مادە یاساییە، دەتوانین بڵێین کە جگە لە قبووڵکردنی شوناسی ئایینزایی کەمینە ئایینزاییە ئیسلامییەکان لە وڵاتی ئێراندا، هەموو جۆرە مافێکیان بۆ لە بەرچاو گیراوە. بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە بە پێی مادەکانی ١١٠ و ١١٥ی یاسای بنەڕەتیی ئێران، ڕێبەر دەبێ فەقیه

و یەکێک لە زانایانی پلە باڵای ئایینزای فەرمی بێ و هەروەها سەرۆک کۆماریش دەبێ پابەند بە ئایینزای فەرمی بێ واتە سەر بە ئایینزای دوانزە ئیمامیی شیعە بێت (قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، ١٣٩٧، ٤١ و ٤٤) و ئەم مەرجانە بە واتای سڕینەوەی سیستماتیکی کەمینە ئایینی و ئایینزاییەکان لە چینە جیاوازەکانی دەسەڵات لە ئێرانە.

بە هەمان شێوە مادەی ١٣ی دەستوور، جگە لە قبووڵکردنی شوناسی ئایینی و کەمینە ئایینییە زەردەشتی و جوولەکە و مەسیحییەکان، گرنگی بە یەکسانیی مافەکانیان داوە. بەڵام جیا لە پەیڕەوانی ئەو سێ ئایینە یەکتاپەرستە، بە پێی مادەی چواردەهەمی یاسای بنەڕەتی، «حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و موسڵمانان بەرامبەر بە ناموسڵمانەکان دەبێ پابەند بە ئەخلاقی باش و دادپەروەریی ئیسلامی بن و ڕێز لە مافە مرۆییەکانیان بگرن». ئەم مادە یاساییە بۆ ئەو کەسانە دروستە کە پیلان و مامەڵەیەک دژی ئیسلام و کۆماری ئیسلامی ئێران نەکەن.» خاڵێکی سەرنجڕاکێش لە مادەی یاسایی چواردەهەمدا ئەوەیە کە هەر چەندە پەیڕەوانی ئایینەکانی دیکە، وەکوو ئایینی بوودایی، هیندۆسی و یارسان، ناتوانن بە هیچ شێوەیەک بە فەرمی ڕێوڕەسمە ئایینییەکانیان ئەنجام بدەن - بۆ نموونە پەرستگایەک دروست بکەن یان بە پێی شەریعەتەکەیان هاوسەرگیری بکەن - بەڵام مافی ئەوەیان هەیە لەم وڵاتدا بژین و هەتا ئەو کاتەی پیلانگێڕی دژی ئیسلام نەکەن، کەس نابێ ئازاریان بدات. لە کۆتاییدا مادەی پازدەهەمی یاسای بنەڕەتی وێڕای دانانی بە فرەچەشنیی شوناسی ئێتنیکی و زمانی لە ناو وڵاتی ئێراندا، جەخت لە سەر ئیمکانی بەکارهێنانی زمانە ناوچەیی و ئێتنیکییەکان لە ناو چاپەمەنی و ڕاگەیاندنە گشتییەکان و فێرکردنی ئەدەبیاتی ئێتنیکی لە قوتابخانەکاندا لە پاڵ زمانی فارسی کراوە. ئەم مادە یاساییە دوای ڕاگەیاندن و دیاریکردنی زمانی فەرمی و ئاماژەکردن بەو بابەتەی کە «بەڵگە و نامەنووسی فەرمی و ئیداری، دەق و کتێبی دەرسی فەرمی دەبێ بە ڕێنووسی و زمانی فارسی بنووسرێت»، بۆ بەکارهێنانی زمانە ناوچەیی و ئێتنیکییەکان باس لە ئازادییە جۆراوجۆرەکان دەکا کە بریتین لە: ئازادی لە بەکارهێنانی ئەم زمانانە لە چاپەمەنی و ڕاگەیاندنە گشتییەکان و فێرکردنی ئەدەبی ئێتنیکی لە قوتابخانەکاندا لە پاڵ زمانی فارسی کراوە (قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، ١٣٩٧، ١٧ و ١٨) ئەم مافانە بە ڕواڵەت ئەگەری پاراستنی شوناس و بەردەوامیی فەرهەنگی بۆ ئێتنیکەکان دابین دەکات.

لە لایەکی دیکەوە لە دەستووردا وەک بنەمای تەکووزی و نەزمی کۆمەڵایەتی و بناغەی ڕەفتاری شوناسە کۆمەڵایەتی و ئێتنیکییەکان، جگە لەو مادە یاساییانەی کە ئاماژەیان پێ درا مادە یاساییەکانی حەوتەم، شەست و چوار هەتا سەد و شەشەم بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئاماژەیان بە مافەکانی ئێتنیکەکان و کەمینەکان کردووە (قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، ١٣٩٧، ٢٩-٣٩). سەبارەت بە ئازادییە مەدەنییەکان، بەتایبەت لە ڕووی بیروباوەڕ و ئازادییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە، لە دەستووردا ئاماژە بە کەمینە ئایینییەکان کراوە. بەڵام لە بارەی ئێتنیکەکان هەمان ئەو ڕێسایانەیە وا بۆ زۆرینە هاتووە و سەبارەت بە هەبوونی نوێنەر یان نوێنەرانی

تایبەتـی ئەهلـی سـوننە یان نوێنـەری تایبەتی ئێتنیکەکان، وەکـوو کەمینە ئایینییەکان کورسـییەکی تایبـەت بـۆ ئـەوان ڕەچاو نەکـراوە. دیارترین حاڵەت کە تێیـدا باس لە مافە ئێتنیکییەکان دەکا، پرسـی ئـازادی فەرهەنـگ و زمانـی ئێتنیکییە کە لەم بارەوە دەتوانین ئاماژە بـە مادەکانی پانزەهەم، نۆزدەهەم، بیسـت، بیسـت و چـوار و بیسـت و شەشـەم بکەین. لـە مادەکانی بیسـتوچوار و بیستوشەشـدا باس لـە ئازادیـی پێکهێنانـی «حیـزب و کۆمەڵـەکان» و ئازادیـی بڵاڤـۆک و چاپەمەنییـەکان کـراوە، بابەتێک کـە ئازادیـی ئێتنیکیش بـە گرووپـە ئێتنیکییـەکان دەدات. ئـەوەی کە ئایا حزبـەکان دەتوانـن بناغە و بنەمایەکـی ئێتنیکییـان هەبێ یان نا، لە یاسـادا سـڕ کـراوە. بەڵام لە دەقی یاسـاکەدا ڕوونە کە قەدەغە نییـە و لێکدانەوەکـەی لـە ئەسـتۆی دامـەزراوە بەرپرسـەکانە. هەرچەنـدە وشـەی «کۆمەڵـە» کەمێـک نـاڕوون دەردەکـەوێ، بـەڵام دەتوانـێ ئامـاژە بـە کۆمەڵێکـی بەرفراوانـی ڕێکخـراو بـکا کە لـەو حاڵەتەدا دەتوانـێ ئەنجومـەن و کۆمەڵـە فەرهەنگـی و کۆمەڵایەتـی و خێرخـوازی و کەمینـە ئێتنیکییەکانیـش بگرێتەوە.

ئـەوەی ئاشـکرایە ئەوەیـە کـە مـادە یاسـاییەکانی دەسـتوور بـە پێـی یاسـای گشـتی و بنەڕەتـی، هەمەلایەنە و گشتگیرن و هەر لەبەر ئەوەش کاتی جێبەجێکردن و ئامادەکردنی پەیڕەونامە خاڵە ناسک و ناڕوونەکانیـش دێتـە ئـاراوە. لە لایەکی دیکەوە، ئـەو بزووتنەوە ئێتنیکی و قەیرانانەی کە لە سـەرەتای شۆڕشـی ئیسلامیـدا لـە ناوچە و قەڵەمڕەوی ئێتنیکییەکانی ئێرانـدا بە هۆی کەلێنـە ئایینزایی و زمانی و ئێتنیکییەکانـدا ڕوویـان دا، بووەتـە هـۆی ئەوەی کە لە پڕۆسـەی داڕشـتنی سیاسـەتە ئێتنیکییەکاندا بێتـە ئـاراوە و پاراسـتنی یەکێتـی و یەکڕیزیـی نیشـتمانی و یەکپارچەیـی وڵات پێداگریـی لەسـەر بکرێـت. بۆیە لە پڕۆسـەی داڕشـتنی یاسـا و پەسـەندکردنی پـڕۆژە یاسـاکان و ڕێنماییەکان، پاراسـتنی هاوسـەنگی و تەبایـی کۆمەڵایەتـی و گرنگیـدان بە ناسیۆنالیزم و فاکتەر و توخمـە یەکڕیزیهێنەکان و لایەنـە هاوبەشـە ئێتنیکـی و نەتەوەییـەکان بوونـە جێگای سـەرنج و تێبینیی یاسـادانەر و لە داڕشـتنی یاسـاکاندا بـوو بـە گوتـاری زاڵ کـە لـەم ڕووەوە دەتوانیـن ئاماژە بـە مادەکانی یەکەم، سـێیەم، پێنجەم، شەشـەم، حەوتـەم، نۆیـەم، یازدەهـەم، دوانزەهـەم، سـێزدەهەم، پانزەهـەم، شـانزەهەم، نۆزدەهـەم، بیسـت، بیسـت و دووەم، بیسـت و سـێیەم، بیسـت و چوارەم، بیسـت و شەشـەم، سـی و حەوتەم، سـی و هەشـتەمی یاسـای بنەڕەتـی بکەیـن کـە بێگومـان زۆربەی ئەم یاسـایانە لـە کاتـی جێبەجێکردندا بە خوێندنەوەیەکـی لاگیرانـە و لێکدانەوەی لایەنگرانـە چەندین ناکۆکی و قەیرانیان لـێ کەوتووەتەوە، بە جۆرێک کە جێبەجێکردنی هەمان یاسـای بنەڕەتی لە هەلومەرجی ئەمڕۆی ئێراندا بە واتای ڕوخاندنی چینـی دەسـەڵاتدار دادەنرێـت! لـە ڕووەوە سـەبارەت بـەم بڕگە دەسـتوورییانە کـە دەربـارەی ئێتنیـک و ئایینزاکانـن، چەندیـن تێبینیـی بنەڕەتـی ڕەچاو دەکـرێ؛ یەکەم: پێشـێلکردنی ئامانجداری هەندێک لـە مـادە جەخـت لە سـەرکراوەکان لـە بڕگەکانی دیکە یـان تێبینییـە زیادکراوەکاندا، بە شـێوەیەک کە ناوەرۆکەکـەی بـە تەواوەتـی کـەم دەکەنـەوە. شـتێکی تـر ئەوەیە کـە زۆرێک لەو مـادە و بڕگە یاسـاییانە سـەرەڕای ئـەوەی کـە نزیکەی نیو سـەدە لە تەمەنـی حکوومەتی کۆماریی ئیسلامـی تێدەپەڕێت، بەڵام

هێشتا جێبەجێ نەکراون و هیچ گەرەنتییەک بۆ جێبەجێکردنیان نییە و جێبەجێکردنی بەشێک لەو مادە یاساییانە ئەویش بە شێوەی ناتەواو بەندە بە هەلومەرجی سیاسی و گۆڕانکارییەکانی ناو سیستەمی کۆماری ئیسلامی، بۆیە لەگەڵ گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی فەزای سیاسیی وڵاتی ئێران، بەشێکیان دەبنە بناغەی کاری دەوڵەت و دوای کۆتاییهاتنی ئەو دەوڵەتە دیسان سڕ دەکرێنەوە. لە ڕاستیدا لە فەرهەنگی ڕەفتاری سیاسی و شێوازی حوکمڕانیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا لە پاڵ دەستوور و جاڕنامەی مافی نەتەوەیی – ئێتنیکی و هاووڵاتی، هەندێ بنەمای نەنووسراو هەن کە دەرهاویشتەی گوتاری ئەمنییەتی و ناوەندگەرایی حکوومەتن کە لە بنەڕەتەوە ئێتنیک و ئێتنیکایەتی وەک هەڕەشەیەک دەزانن و تێدەکۆشن لە ڕێگەی توندوتیژی و کۆنترۆڵکردنەوە بەرێوەی ببەن. ئەم ئاراستە هەر خۆی ناهێڵێ لانیکەمی پوتانسێڵەکانی ناو دەستوور بۆ دابینکردنی مافی ئێتنیکەکان بەدی بێت.

جگە لە هێڵە گشتییەکان و بنەما چەسپاوەکانی سیاسەت و داڕشتنی سیاسەت لە سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا، پرۆسەی سیاسەتی ئێتنیکی و هەوراز و نشێوەکانیشی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی گۆڕانی گوتار لە ناو چوارچێوەی سیستەم و قۆناغبەندییەکانی دەرەنجامی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتی – ئابوورییەکان، کە لە ڕوانگەیەکی گشتیدا دەتوانین بە سەر ئەم قۆناغە گوتارییانەی خوارەوەدا دابەشی بکەین:

قۆناغی یەکەم - سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی و دامەزراندنی سیستەمی کۆماری ئیسلامی (١٣٥٧-١٣٦٠ هەتاوی): لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا، یەکەم بابەتی پەیوەست بە پرس و مافی ئێتنیکەکان داڕشتنی دەستوور بوو، کە بە هۆی دۆخی پشێو و شپرزەی شۆڕش، ڕەچاوکردنە سیاسی - ئەمنییەتییە دەرهاویشتەکانی و ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و زانایانی شێعە کە دەسەڵاتی مەجلیسی یاسادانانیان بە دەستەوە بوو، لە ڕووی بەرژەوەندییەکانی ڕژێم و بە بێ گرینگیدان بە خواست و ڕوانگەی ئێتنیکەکان و نوێنەرەکانیان بە شێوەی تاکلایەنە داڕێژرا. دووهەمین بابەتی گرنگ لە ماوەی سێ ساڵی یەکەمی شۆڕشدا کەوتنەوەی نائارامی و شەڕ و ململانێ زیاتر لە ناوچە ئێتنیکییەکان بوو. داواکاری حیزب و بزووتنەوە ئێتنیکییەکان لە کوردستان، تورکەمەن سەحرا، بەلووچستان و خوزستان لە گرنگترین داواکارییە گشتییەکانی دوارۆژی شۆڕش بوو کە دوای ئەوەی نوێنەرانی گرووپە ئێتنیکییەکان لە گفتوگۆ و دانوستانەکانیان لەگەڵ نوێنەرانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بە ڕێککەوتن نەگەیشتن، حکوومەتی ناوەندی چالاکیی زۆرێک لەو حیزبانە لە ڕووی یاساییەوە قەدەغە کرد و وەک نەیاری حکوومەت لە قەڵەمی دان . لەگەڵ تووندتربوونی کەشەکە، ڕژێم لە دژی بزووتنەوەی ئێتنیکەکان توندوتیژی نواند و شێوازی سەربازی گرتە بەر و هەستا بە کوشتارێکی زۆر و ئێعدامێکی بەرفراوان. لەم سەروبەندەدا حکوومەت بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ئاسایش و گەڕاندنەوەی سەروەری، داپەڕی شۆڕشیی توندوتیژ و سەرکوتگەرانەی کرد بە بەشێک لە سیاسەتەکانی.

گوتاری تازەپێگەیشتووی کۆماری ئیسلامی، لە بەرامبەر داخوازی و هەڵوێستی ئێتنیک و حیزبەکان، بە جەختکردنە سەر دکتۆرینی یەکگرتوویی ئوممەی ئیسلامی هەموو چین و توێژ و ئێتنیکەکانی بەرەو یەکگرتوویی ئایینی بانگهێشت دەکرد. ئایەتوڵڵا خومەینی، وەک دامەزرێنەری شۆڕشی کۆماری ئیسلامی و گەورەترین ئایدۆلۆژیستی ڕێژیم، لەم بارەوە دەڵێ: ئیسلام هاتووە بۆ ئەوەی هەموو گەلانی جیهان، عەرەب، عەجەم، تورک، فارس هەمووان یەک بخا و ئوممەیەکی گەورە بە ناوی ئوممەی ئیسلام لە سەرتاسەری دنیا دروست بکا بۆ ئەوەی ئەوانەی دەیانهەوێ بە سەر ئەم دەوڵەت و ناوەندە ئیسلامیانەدا زاڵ بن بە هۆی ئەو جەماوەرە گەورەی موسڵمانانەوە هەر یەک لە هۆزێکەوە هیچیان بۆ نەچێتە سەر. پلانی زلهێزەکان و دەست و دایەرەکانیان لە وڵاتانی ئیسلامیدا ئەوەیە کە چین و توێژەکانی موسڵمانان، کە خوای تەبارەک و تەعالا برایەتی لە ناویاندا دروست کردووە و ئیماندارانی بە برا ناو بردووە، لێک هەڵبڕێ و بە ناوی گەلی تورک، گەلی کورد، گەلی عەرەب، گەلی فارس لێکیان جیا بکەنەوە، کە ببنە دوژمنی یەکتر و ئەمە ڕێک پێچەوانەی ڕێبازی ئیسلام و ڕێبازی قورئانی پیرۆزە. هەموو موسڵمانان پێکەوە برا و یەکسانن و هیچیان لەوی تر جیا نییە و دەبێ هەموویان لە ژێر بەیداخی ئیسلام و ئاڵای یەکتاپەرستیدا یەکڕیز بن. ئەوانەی کە بە ناوی نەتەوە و گرووپخوازییەوە ناکۆکی دەخەنە ناو موسڵمانان، ئەمانە هێزی شەیتان و هاوکاری زلهێزەکان و نەیارانی قورئانی پیرۆزن (خمینی، ١٣٧٨، ج١٣، ٤٤٣-٤٤٦). بەم شێوە قسەکردن لە سەر ئێتنیک و مافەکانی ئێتنیکەکان یان جیاوازییە زمانی و فەرهەنگییەکان لەم ڕوانگە ئایدیۆلۆژییەوە نەک هەر کارێکی ناشیرین و ناپەسەند بوو، بەڵکوو بە پێچەوانەی ڕێبازی ئیسلام و قورئان و نموونەی ڕوونی ناکۆکینانەوە و سەربەخۆییخوازی لە قەڵەم دەدرا، لە هەمان کاتدا هەر ئەم بانگخوازانەی دکتۆرینی یەکگرتوویی، لە دەستووری وڵاتدا ئایینزای دوانزە ئیمامیان وەک ئایینزای فەرمی ڕاگەیاند. هیچ شکی تێدا نییە کە ئەم جۆرە دکتۆرین و بنەمایانە لە سەرەتای شۆڕشدا، جیا لە ڕەوتی وەرچەرخانە مەیدانییەکان، نیشانەیەکی ڕوونی داخرانی هەموو درگاکانی دیموکراسی و گفتوگۆکانی گەیشتن بە بنەمایەکی هاوبەش بوو کە دواجار پرسە ئێتنیکییەکانی بەرەو گۆڕەپانی جەنگ و قەڵاچۆکردن و کوشتار و لەسێدارەدان پەلکێش کرد.

قۆناغی دووەم - ماوەی هەشت ساڵەی جەنگی نێوان ئێران و عێراق (١٣٦٠-١٣٦٨ هەتاوی): لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی ئێران - عێراق، کە ناوچە ئێتنیکییەکانی سەر سنووری ئێران لە هێڵی پێشەوە بوون، پرسی ئێتنیکەکان بە هۆی بەردەوامیی نارەزایەتییەکانەوە زیاتر کەوتە ژێر کاریگەریی جەنگەوە. بۆیە فەزایەکی پتر ئەمنییەتی و جەنگی باڵی بە سەر ئەم ناوچانەدا کێشا و هەر جۆرە بزووتنەوەیەکی ئێتنیکی بە دژایەتیکردنی ئینقلاب و ڕژێم و هاودەستی لەگەڵ دوژمنی دەرەکی دادەنرا و لە پێناو کۆنترۆڵکردنی ئەم دۆخە، بەڕێوەبردنی ئەم ناوچانە زیاتر درا بە دامەزراوە ئەمنی و سەربازییەکان و لە سەروویانەوە سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی. بە درێژایی ئەم ماوە سیاسەتی لێدان و نەهێشتنی گرووپە ئێتنیکخوازەکان بە جیدییەتەوە پەیڕەو دەکرا. ئەم کارە

پڕتێچوو و حاشاهەڵنەگرە کاریگەرییەکی درێژخایەنی وەکوو هەزاران کوژراو، زیندانی، تەسلیمکراو و هەڵهاتوو و خێزانەکانیانی لێ کەوتەوە (حق پناه، ٢٠١٥، ٧٤). دیارە لەم قۆناغەدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە پشتبەستن بە شێوازە جۆراوجۆرەکانی پڕوپاگەندە و دزەکردن و پێدانی ئیمتیازاتی دارایی و پلەی ئیداری بە کۆمەڵێک کەس و گرووپ و چین و توێژ، هەوڵی دا تا ئەو جێگایەی بۆی دەکرێ بتوانێ پشتیوانیی کۆمەڵایەتیی هەندێ لایەنی ئێتنیکەکان بەدەست بهێنێت. دروستکردنی «ڕێکخراوی پێشمەرگەی کوردی موسڵمان» لە بەشێک لە شارەکانی کوردستان و وەرگرتنی هێزی خۆجێیی بۆ ناو ئەم ڕێکخراوە میلیشیایەی سەر بە سپای پاسداران و دامەزراندنی ئەندامانی سپای پاسداران لە ناو هێزی جەماوەری و خۆجێیی یەکێک لەم هەڵمەتانە بوو (رنجبران, ١٣٩٤). ڕاکێشانی پشتیوانیی بەشێک لە کەسایەتییە ئێتنیکی - ئایینییەکان بە پێداگریکردنی لە سەر سیاسەتی یەکگرتوویی ئوممەتی ئیسلامی و برایەتیی شێعە و سوننە، لەوانەش بیرۆکەی «حەوتەی وەحدەت» کە لە سەر پێشنیاری ئایەتوڵلا مونتەزیری و فەرمانی ئایەتوڵلا خومەینی بە فەرمی کرا (از پیشنهاد آیت‌الله منتظری تا حرمت سب صحابه، ١٣٩٣)، یەکێک لەو کارانە بوو کە لە ناو هەندێ لە زانایانی ئایینیی ئەهلی سوننە و کۆمەڵگەی ئایینیدا ئەنجام درا. دزەکردنە ناو چینە کەمدەرامەت و هەژارەکانی ناو کۆمەڵگە ئێتنیکییەکان کە لە ڕیزی بێبەشترین چین و توێژەکانی وڵات بوون و دروستکردنی بنکەیەکی کۆمەڵایەتی لە ناوانیاندا، لەو داپەڕانە بوون کە لە ڕێگەی ڕێکخراو و دامەزراوە پاڵپشتییەکانی وەکوو «کومیتەی ئیمدادی ئیمام خومەینی»، «جیهادی سازەندەگی» و «تەعاونیی لادێیی و عەشایەری» کاریان لە سەر کرا.

لە ڕووی گوتارناسییەوە، گوتاری زاڵ لە هەر دوو قۆناغی سەرەتایی کۆماری ئیسلامیدا، لە شۆڕشەوە هەتا کۆتاییهاتنی جەنگی ئێران و عێراق، گوتارێکی ڕادیکاڵ، پاوانخواز و ئەمنی بوو کە باوەڕی بە کەڵکوەرگرتن لە دەسەڵاتی ئاشکرا و سەرکوت و سڕینەوە هەبوو، کە بە لۆژیکی زەبر و توندوتیژیی ئاشکرا کە بە فتوا و بیروباوەڕی ئایدیۆلۆژیکیی شێعەوە تێکەڵ کرابوو هەوڵی چارەسەرکردن یان وردتر بڵێین هەوڵی سڕینەوەی کێشەکانی دەدا. زیندانیکردن و تیرۆرکردن و گوشار خستنە سەر ڕێبەرانی ئێتنیکی و ئێتنیکی - ئایینی، سیاسەتێکی ڕانەگەیەندراوی دیکە بوو کە ڕێژیم گرتبوویە بەر بۆ ئەوەی قەیرانی سەرکردایەتی لە ناو حیزبەکانی ئێتنیکە بەرهەڵستکارەکاندا دروست بکا و لە ئەنجامی ئەمەدا بەشێک لە گرنگترین سەرکردە ئێتنیکی و ئایینییەکان تیرۆر کران. دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئایەتوڵلا شەریعەتمەداری ڕێبەری حیزبی کۆماریی گەلی موسڵمان لە ئازەربایجان، ئەحمەد موفتی زادە دامەزرێنەری مەکتەبی قورئانی کوردستان، ڕێبەرانی فەرهەنگی و سیاسیی گەلی تورکمان و هتد، چەند نموونەیەک لەو سەرکردانە بوون.

قۆناغی سێهەم - سەردەمی دەوڵەتی سازەندەگی: سەردەمی سازەندەگی (بنیاتنان) ئاماژە بۆ هەر دوو خولی سەرۆک کۆماریی عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی دەکا کە دەوڵەتەکانی پێنجەم

و شەشەمی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دەستەوە بوو کە لە ١٢ی گەلاوێژی ١٣٦٨ی هەتاوی دەستی پێکرد و لە ١٢ی گەلاوێژی ١٣٧٦ کۆتایی پێهات. گرنگترین ڕووداوی سیاسی ئەم قۆناغە، کۆچی دوایی ئایەتوڵڵا خومەینی و بە ڕیبەرایەتی گەیشتنی عەلی خامنەییە. هاشمی ڕەفسەنجانی دوای هاتنە سەر کورسیی سەرۆک کۆماری و گرتنە دەستی کاروباری حکوومەت، خەمی سەرەکیی دەوڵەتەکەی ئاوەدانکردنەوەی وڵات لە دوای جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق بوو، هەر بۆیە سیاسەتەکانی ئاوەدانکردنەوە و ئاراستەی تەکنۆکراتیکی بۆ بەڕێوەبردنی وڵات خستە پێشەوەی پلانەکانی دەوڵەتەکەی، و یەکەم پلانی ٥ ساڵەی گەشەپێدان دوای شۆڕشی کۆماری ئیسلامی و بەشێک لە پلانی دووهەمی گەشەپێدان لەم حکوومەتەدا ئەنجام درا (اندیشکده برهان، ١٣٩٨).

لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی ئێران و عێراق، ئاسایشێکی ڕێژەیی باڵی بە سەر ناوچە ئێتنیکییەکاندا کێشا، لە حاڵێکدا بە هۆی شەڕەوە زیاترین زەرەر و زیانیان بەرکەوتبوو و لە ڕووی بێکاری و هەژاری و کەمیی گەشەسەندنەوە لە سەر ئاستی ئێراندا بێبەشترین ناوچە بوون. سەرەڕای ئەمانە وێڕای دروشمی هەوڵدان بۆ سڕینەوەی بێبەشی لە پلانەکانی گەشەپێداندا ، هیچ گرنگییەکی تایبەت بەو ناوچە جەنگبەرکەوتووانە نەدرا، بەڵکوو لە چوارچێوەی سیاسەتی کەلاندا، ئەو ناوچانە لە هەندێک خێروبێری پلانەکانی گەشەپێدان کە زۆربەیان لایەنی ئاوەدانییان هەبوو سوودمەند بوون. بەڵام بە هۆی بەردەوامیی ڕوانگەی ئەمنییەتییەوە، هیچ هەنگاوێک سەبارەت بە دامەزراندنی پیشەسازیی قورس و کارگە لە ناوچە ئێتنیکییەکاندا نەنرا. وەکوو چۆن داڕێژەرانی پلانی یەکەمی گەشەپێدان دواتر خۆیان دانیان بەوەدا نا کە ئامادەکردنی پلانە پارێزگاییەکان بە پێی تایبەتمەندییە ئێتنیکی، و ئایینی و زمانییەکانی هەر یەکێک لەو ناوچانە، لە ئەنجامدا خرایە پەراوێزەوە (مستندات برنامه سوم توسعه، ١٣٧٨، ٧١)، لە بەرنامەی دووهەمی گەشەپێدانیشدا کە لە ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی دەستی پێکرد، خاڵی جێگەی سەرنجی حکوومەت سەقامگیریی ئابووری بوو. تەشەنەسەندنی کاریگەرییەکانی کەمکردنەوەی هەڵاوسانی پلانی یەکەم کە هەموو ناوچەکانی ئێرانی گرتەوە، بووە هۆی ئەوەی پلانەکانی حکوومەت زیاتر سەرنجیان لە سەر چاکسازییە ئابوورییەکان بێ و لە بوارەکانی دیکەدا هیچ ڕێوشوێنێکی تایبەت نەگیرێتە بەر (حق‌پناه، ١٣٩٤، ٧٧).

لەم قۆناغەدا لە لایەک سیاسەتی ئەمنییەتی و ئاراستەی توندوتیژی لە هەمبەر ئێتنیکەکان وەکوو خۆی مایەوە، بە جۆرێک کە لە ژێر چاودێریی ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانیدا دوو دامەزراوەی ئەمنیی تایبەت لە پارێزگا سنوورییەکانی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتی ئێران چالاک بوون. ئەم دوو دەزگایە بریتین لە: ١- ئەنجومەنی ئاسایشی تایبەت بە ڕۆژاوای ئێران کە لە پارێزگارانی کوردستان، ئازەربایجانی ڕۆژاوا و کرماشان، بەڕێوەبەرە گشتییەکانی ئیتلاعات، فەرماندەکانی سپای پاسداران و پۆلیسی ئەم سێ پارێزگایە، کاروباری ئەمنیی وەزارەتی ناوخۆ و جێگری ئاسایشی ناوخۆی وەزارەتی

ئیتلاعات پێک هاتبوو ٢- ئەنجومەنی دابینکردنی تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ئێران کە لە پارێزگارانی سیستان و بەلووچستان، کرمان و خوراسان، بەڕێوەبەرە گشتییەکانی ئیتلاعات، فەرماندەکانی سپای پاسداران و پۆلیسی هەر سێ پارێزگاکە، لەگەڵ جێگیر ئاسایشی وەزارەتی ناوخۆ و جێگری ئاسایشی ناوخۆی وەزارەتی ئیتلاعات پێک هاتبوو (حق‌پناه، ١٣٩٤، ٨٢)؛ و لە لایەکی ترەوە بۆ تێپەڕاندنی قەیرانی دزەکردن، هەندێک ڕێوشوێنی فەرهەنگی و میدیایی پەیوەست بە ئێتنیکەکان خرانە ناو بەرنامەی کارەوە. بەهێزکردنی ناوچەگەرێتی لە ناوەندی دەنگ و ڕەنگ لە ڕێگەی دامەزراندنی تۆڕی ڕادیۆ و کاناڵە پارێزگاییەکان بە زمانی ئێتنیکەکان، مۆڵەتی چاپکردنی بڵاوکراوە و چاپەمەنی بە زمانە ئێتنیکییەکان بە شێوەی سنووردار، دامەزراندنی زیاتری هێزی ناوچەیی و ڕەسەن لە دامەزراوە پەروەردەییەکانی وەکوو پەروەردە و ڕاهێنان، ... کۆمەڵێ لەم ڕێوشوێنانە بوون.

هەوڵدان بۆ گەیشتن بە زۆرترین ئاستی یەکڕیزیی نەتەوەیی بە پێداگریکردن لە سەر یەکگرتوویی ئایینی، تایبەتمەندییە ئێتنیکی - ئایینییەکان، لابردنی بەربەستەکانی بەردەم یەکگرتوویی، پتەوکردن و بەرەودانی زمانی فارسی، ناساندنی شوناسی ڕەسەنی ئایینی و نەتەوەیی، سەربەخۆیی فەرهەنگی، بانگەشە بۆ فەزیلەتە ئەخلاقییەکان و هتد، بەشێک لە ناوەڕۆکی بەڵگەنامەی «بنەماکانی سیاسەتی فەرهەنگیی وڵات» (شورای عالی انقلاب فرهنگی، ١٣٧١) لەم قۆناغەدان کە وێڕای جەختکردنەوە لە سەر یەکگرتوویی و ئاماژەکردن بە تایبەتمەندییە ئێتنیکییەکان، واتا نهێنییەکانی بە ڕوونی ئاماژە بۆ سیاسەتی فەرهەنگیی جیاکارانە لە پێوەندی لەگەڵ فەرهەنگ و شوناسی ئێتنیکی دەکەن. باڵادەستیی زمانی فارسی، ناڕوونی و گشتبێژیی لە ناونیشانی «تایبەتمەندییە ئێتنیکییەکان»دا، بە بێ گرنگیدانێکی ورد و جیددی بە پرسی ئێتنیک، پیشان دەدا کە تا چەندە لە گوتاری ئاماژەپێکراودا ئەم وتەزایانە کەمبایەخن.

بە گشتی ڕوانگەی زاڵ و ڕۆحی باڵادەست بە سەر سیاسەتی ئێتنیکی لە ماوەی ساڵانی ١٣٦٨ تا ١٣٧٨دا، شتێکی ئامرازی و لە سەر بنەمای مۆدێرنیزاسیۆن دامەزراوە. بە پێی گریمانەکان وێدەچوو کە بە خێراکردنەوەی پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، گرنگیی پرسە ئێتنیکییەکان کەم ببێتەوە و ڕۆڵی شوناسی ئێتنیکی زیاتر بەرەو کاڵبوونەوە بچێت. سیاسەتی مۆدێرنیزاسیۆن کە لەم قۆناغەدا بوو بە تەوەر و بناغەی پرۆژەکانی گەشەپێدانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ئێران، سەبارەت بە پرسی ئێتنیکەکان دەرەنجامی هاوشێوەی دەرەنجامەکان لەسەر ئاستی کەلانی ئێرانی لێ کەوتەوە. بەو مانایەی کە وێڕای بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە هەندێک بواری ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، لە بوارەکانی دیکەدا ئەنجامی خوازراو و چاوەڕوانکراوی لێ نەکەوتەوە. کارکردن لە سەر بنەمای وەها ڕوانگەیەک نەک هەر یەکگرتن و یەکڕیزیی نەتەوەیی نەهێنایە ئاراوە، بەڵکوو لە ڕووی زیادکردنی ئاستی خۆئاگاداریی ئێتنیکی و زیادبوونی ڕێژەی داواکارییەکانیان لە حکوومەتی ناوەند، ئەنجامی پێچەوانەی بە دوای خۆیدا هێنا (حق‌پناه، ١٣٧٧).

قۆناغی چوارەم - سەردەمی چاکسازییەکان (١٣٧٦-١٣٨٤ی هەتاوی): بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازی دەرەنجامی پێداچوونەوەی بەشێک لە هێزەکانی باڵی چەپی شۆڕشی لە مەڕ شیکردنەوەی بارودۆخی ئێستا و داهاتووی ئێران لە ساڵانی دوای جەنگی ئێران و عێراق بوو کە لە سەردەمی سازندەگیدا بە کەڵکوەرگرتن لە ژینگەی سیاسی و میدیایی، وردە وردە گوتارێکیان لە ئاسۆی سیاسیی ئێراندا بەدی هێنا کە لەسەر پێویستیی گەشەسەندنی سیاسی، کۆمەڵگەی مەدەنی، ئازادیی ڕادەربڕین، فراوانبوونی ئازادیی تاک و کۆمەڵ، پابەندبوون بە سازوکارە دیموکراسییەکان و کەمکردنەوەی ناوەندگەرایی لە دەسەڵات و بەڕێوەبردندا دامەزرا بوو. ئەم گوتارە لە هەڵبژاردنی دەوڵەتی حەوتەمدا لە ٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی لە لایەن خەڵکی ئێرانەوە پێشوازی لێ کرا و سەید محەمەد خاتەمی وەک کاندیدی ڕیفۆرمخوازان بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار هەڵبژێردرا. سەردەمی چاکسازییەکان دو خولی (٨ ساڵ) سەرۆکایەتیی کۆماری سەید محەمەد خاتەمی لەخۆ دەگرێت، کە سەردەمی هاتنە ناوەوەی گوتاری ڕیفۆرمخوازی بۆ ناو سیستەمی بەڕێوەبردنی سیاسی لە ئێران بوو.

لە هەیکەلی گوتاریی ڕەوتی چاکسازی لە ئێران و ژین‌جیهانی ئێرانی، ئێتنیک و شوناسی ئێتنیکی تا ڕادەیەک لە ڕووی بنەما دیموکراتیکییەکان و مافە مەدەنییەکان و پێداویستییەکانی گەشەسەندنی بەردەوام پێداچوونەوەیان بەسەردا کرا. ڕوانگەی دەوڵەتی چاکسازی سەبارەت بە پرسی ئێتنیکەکان و سیاسەتە ئێتنیکییەکان پتر لە بیرۆکە و چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنیدا دەرکەوت. لە سەر بنەمای ئەم ئاراستە، پرسی ئێتنیکەکان لە ڕوانگەی فەرهەنگی و سیاسییەوە بەهێزتر کرا و لە ئەنجامدا داخوازییە فەرهەنگییەکان و بەشداریی سیاسیی ئێتنیکەکان لە پێشەنگی سیاسەتە ئێتنیکییەکانیاندا جێی گرت. بە گشتی گوتاری چاکسازی، ڕوانگەیان بەرامبەر بە ئێتنیکییەکان لە کێشە و هەڕەشەوە گۆڕی بۆ دەرفەت و کەڵکیان لە پوتانسیێلی ئێتنیکی وەرگرت بۆ ئەوەی هەڵاواردنی سیاسی - ئابووری نەمێنێ و بۆ ئەم مەبەستە گەیشتن بە گەشەی بەردەوامی خستە پەیڕەوی کاری خۆیەوە. دەتوانین چوارچێوە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئێتنیکیی دەوڵەتی ڕیفۆرمخواز لەم سیاسەتە پەسەندکراوانەدا بەدی بکەین، کە وەک پاشکۆی بەرنامەی سێیەمی گەشەپێدان لەو قۆناغەدا جێبەجێ کرا: ١- خۆجێیی‌گەرایی لە ڕێگەی دامەزراندنی بەڕێوەبەران و بەرپرسانی خۆجێیی و پێدانی ئیمتیازی زیاتر و دەسەڵاتی بڕیاردانی زیاتر؛ ٢- ڕێزگرتن لە فەرهەنگ و زمانی ئێتنیکی و ڕەخساندنی دەرفەتی سنووردار و کۆنترۆڵکراو بۆ چالاکییە ناحکومییەکان لەو بوارانەدا، وەکوو بڵاوکردنەوەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە بە زمانی ئێتنیکی، پێکهێنانی کۆمەڵە و ڕێکخراوی جەماوەریی (NGO) چالاک سەبارەت بە پرسە ئێتنیکییەکان و هتد؛ ٣- بەرنامەی سنووورداری لامەرکەزی و ڕادەستکردنی هەندێک دەسەڵات بە بەڕێوەبەر و بەرپرسانی ناوچەیی و خۆجێیی، کە ئەنجومەنەکانی شارەوانی نموونەی ئەوانەن. ٤- جەختکردن لە سەر بنەمای هاووڵاتیبوون و یەکسانیی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا بە بێ گوێدانە جیاوازییە ئێتنیکی و ئایینییەکان؛ ٥-

گەشـەپێدانی ئابووریـی ناوچـە ئێتنیکییەکان بە پێـی توانا ناوچەیی و خۆجێییەکان (مسـتندات برنامه سـوم توسـعه، ١٣٧٨، ٢٩).

بـەو پێیـەی کـە لە گوتاری دەوڵەتی چاکسـازیدا گەشـەی سیاسـی لە گەشـەی ئابـووری گرینگتر بـوو، دەسـتکەوتەکانی ئـەم دەوڵەتـە زیاتـر لـە بـوارە سیاسـی و فەرهەنگییەکانـدا خـۆی دەنوێنێـت. دوابـەدوای زاڵبوونـی ئـەم ڕەوتە بە سـەر سیاسـەت و ئیـدارەی وڵاتـی ئێرانـدا، هـەر زوو لێکەوتەکانی لە سەرانسـەری ئێرانـدا بەتایبـەت لـە ناوچـە ئێتنیکییـەکان بە ئاشکرا خۆی دەرخسـت. لـە بەرامبەر ئەم کرانـەوە سیاسـی و فەرهەنگییـەدا، کۆمەڵگە ئێتنیکییەکانیـش یەکگرتوویی زیاتریان لە سـەر ئاسـتی نیشـتمانی و هاوکاریکردنـی دەوڵـەت لـە خۆیـان نیشـان دا. بەشـداریی زۆری ناوچـە ئێتنیکییەکان لە هەڵبژاردنەکانـی ئـەو خولانـەدا، ئامادەبوونـی بەرچـاوی بلیمـەت و ڕۆشـنبیرانی ئێتنیکی لـە چالاکییە سیاسـی و فەرهەنگیـەکان نموونـەی ڕوون و ئاشـکرای ئـەو هەلومەرجـە نوێیە بوون. بەڵام ئەم ڕەوشـی ڕوو لـە باشـییە هەمیشـەیی نەبـوو، بەڵکوو کەشـێکی گـرژ و پڕئاڵنگاری و جـار نە جارێ نامۆ بـوو کە لە زۆر حاڵەتـدا بـە هۆی کارشـکێنیی دامـەزراوە هاوتەریبەکانـەوە، دەوڵەت نەیدەتوانـی ئەرکەکانی خۆی جێبەجـێ بکات.

لە ڕووی شوناس و ئێتنیکەوە، گوتاری چاکسازی توانی لە ئێتنیک و داخوازی و چاوەڕوانییەکانیان تێبـگا و ئـەم تێگەیشـتنە بکاتـە پێـوەری سیاسـەت و کردارەکـەی، بـۆ ئـەوەی لـەم قۆناغـەدا ڕادەیـەک لـە یەکڕیزیـی نێـوان ئێتنیـک و شوناسـی نەتەوەیـی بـەدی بـێ، یـان لانیکـەم هەلێـک بـۆ دانوسـتان و دیالـۆگ بڕەخسـێت. بـەڵام کزبوونـەوە و پاشەکشـەی گوتـاری چاکسـازی ڕێگـەی لەبـەر دەم ئـەم دەرفەتـە مێژووییـە داخسـت. ئەزموونـی ڕیفۆڕمخـوازان سـەرەڕای ئـەو وەرچەرخانە گرینگـە گوتارییەی کـە هێنایـە ئـاراوە و توانـی گۆڕانکارییەکـی بەرچـاو و مانـادار لـە ئاسـۆی ڕوانگـەی ئێرانـی، بەرامبەر بە سیاسـەت و کۆمەڵگا دروست بکا، سـەرەڕای هەشـت سـاڵ حوکمڕانیـی دەوڵەت و توانـای بڕیاردان لە بـواری جێبەجێکردنـدا، بـە هـۆی زنجیرەیـەک هۆکاری وەکـوو لاوازیی گوتـاری و کارکـردی، ئاڵنگاری و لێکدژیـی گوتـارەکان و ڕەوتـە ڕکابـەرەکان نەیتوانـی بناغەیەکی پتـەو و جێگیر دروسـت بکا کە ببێتە هـۆی بەردەوامبوونـی هەژموونیـی ئـەم گوتـارە، هەر بۆیـە زۆری نەخایاند کە لە گۆڕەپانـی پڕ لە ناکۆکیی دەسـەڵاتی سیاسـیدا بـوو بـە گوتارێکـی پەراوێزخـراو و زۆربـەی دەسـتکەوتەکانی لەگـەڵ گۆڕینـی دەوڵـەت و هاتنـە سـەر کاری گوتـاری بناژۆخـوازی مەحمـوود ئەحمـەدی نـژاد لابـران و لەناوچوون.

لەگـەڵ کۆتاییهاتنـی سـەردەمی چاکسـازییەکان، و دووبارە هاتنەوە سـەر دەسـەڵات و حکوومەتی ڕەوتـە کۆنەپەرسـت و موحافیـزەکارەکان، گوتارێکـی دیکـە هاتـە نـاو گۆڕەپانـی حوکمڕانیـی وڵاتەوە کە یەکێـک لـە دەرکەوتـە بەهێزەکانـی ئـەو گوتـارە دژایەتیکردنـی چەمکـە لیبراڵیسـتییەکان، بنەماکانی دیموکراسـی و مافـە مەدەنییـەکان، و بەرفراوانکردنـی ئایدیۆلۆژیـای دادپـەروەری و ئایدیالی جیهانیی حکوومەتی پیاوچاکان بوو. سـەرهەڵدانی ئەم گوتارە و حوکمڕانیی هەشـت سـاڵەی بە سـەر سیاسـەت و کۆمەڵـگای ئێرانـدا، لـە هـەر دوو ڕەهەنـدی ناوخۆیـی و نێودەوڵەتیـدا، هەڵدانـەوەی لاپەڕەیەکی نوێ

لە ژین-جیهانی ئێرانیدا بوو کە دەرهاویشتەکانی لە سەر هەر دوو ئاستی ناوخۆیی و جیهانیدا بوارێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی و مێژوویی دابین کرد، کە ئەنجامەکانی کۆمەڵێک نارەزایەتی و نارەزامەندیی کورتخایەن و درێژخایەنی لێ بەرهەم هات. ئەم قۆناغە و قۆناغەکانی دواتر، وەک پێشەکییەک بۆ سەرهەڵدانی هەلومەرجی گشتیی ئێران لە دەیەی کۆتایی سەدەی ١٤ و ساڵانی سەرەتایی سەدەی ١٥ی کۆچی هەتاوی دەبینرێ کە ئێران بوو بە گۆڕەپانی سەرهەڵدانی خۆپیشاندان و بزووتنەوە نارەزایەتییەکان، بابەتێک کە لە بەشی کۆتایی ئەم کتێبەدا لە ژێر ناونیشانی: «فەسڵی پەیوەست: وێنەی شوناسی و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەی ئێران لە ئاستانەی سەدەی ١٥ی کۆچی هەتاویدا» لێکۆڵینەوەیان لە سەر کراوە.

## ڕەچەڵەکناسیی مێژوویی، لێکبڵاویی جوگرافی و تایبەتمەندیی فەرهەنگی و ئابووریی ئێتنیکەکان لە ئێراندا

لە ڕوانگەی سیاسییەوە ئێران وڵاتێکە بە ناوی فەرمیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە دەکەوێتە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناقین و ڕۆژئاوای ئاسیا. ئەم وڵاتە لە باکووری ڕۆژاواوە لەگەڵ تورکیا، ئەرمینیا و کۆماری ئازەربایجان هاوسنوورە، لە باکوورەوە لەگەڵ دەریای خەزەر و لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە سنووری هاوبەشی لەگەڵ ئەفغانستان هەیە و لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ پاکستان و دەریای عومان مەرزی هاوبەشی هەیە، لە باشوورەوە لەگەڵ کەنداوی فارس و گەرووی هورمز و لە ڕۆژاواوە لەگەڵ عێراق خاوەن سنووری هاوبەشە. ڕووبەری وڵاتی ئێران ١,٦٤٨,١٩٥ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و دووەمین وڵاتی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناقین و ١٨هەمین وڵاتی جیهانە. ژمارەی دانیشتووانی ئێران نزیکەی ٩٠ میلیۆن کەسە و بە هۆی زۆرترین ژمارەی دانیشتووانییەوە لە ڕیزبەندیی وڵاتاندا پلەی ١٧ی هەیە (ایران، بی‌تا، ویکیپیدیا). ئێران بە سەر ٣١ پارێزگادا دابەش کراوە. لەم وڵاتەدا زمانی فارسی و ئایینزای شیعەی دوانزە ئیمامی فەرمین. لە ڕوانگەی جوگرافیاوە ناوی ئێران ڕووبەرێکی فراوانتر لە وڵاتی ئێران دەگرێتەوە و تەواوی فەلاتی ئێران لە خۆ دەگرێت. لە ڕوانگەی هەندێک لەو خوێندنەوە فەرهەنگ‌تەوەرانەی کە بە پشت بە نزیکایەتیی زمانی و هێما فەرهەنگییەکان دەبەستن، ئێران هەڵگری هەموو ئەو کەسانەیە کە لە سەر بنەمای ڕێورەسمەکانی ئێران دەژین و بە زمانە ئێرانییەکانی وەکوو فارسی، کوردی، لوڕی، بەلووچی، خوراسانی، گیلەکی، ئازەری، دەری، مازەندەرانی، و زمانەکانی تر قسە دەکەن (مجتهدزاده،١٣٨٦ ، ١٥٥)».

ئێران بە یەکێک لە ناوەندە فەرهەنگی و شارستانییە دێرینەکانی ئاسیا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێ، کە بە پێی تایبەتمەندییە جوگرافییەکان و پێگەی ژیۆپۆلیتیکی، خاوەن مێژوویەکی پڕ لە بەسەرهاتی هاتوچۆ و نیشتەجێبوون و کۆچکردنی ئێتنیک و گرووپە جیاوازەکانە؛ مێژووی ئەم خاکە، لە سۆنگەی گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکان، وەرچەرخانە کۆمەڵایەتی و ئاڵوگۆڕە سیاسی و فەرهەنگییە بەرهەمهاتووەکانی، مێژووی بەردەوامی سازان و نەسازانی نێوان توخمەکانی

سەر بە گرووپە ئێتنیکییەکانە. لەگەڵ هاتنی گەلانی ئاریایی کە خاڵی دەرکەوتنی شوناسی مێژوویی ئێرانن، هەتا دەگاتە هەژموونیی سیاسی ماد و فارس و پارتەکان لە سەردەمی کۆن و هاتنی عەرەب و تورک لە سەردەمی ئیسلامیدا؛ مێژووی ئێران گۆڕەپانی دەرکەوتن و ناوەندی دەسەڵاتنوێنیی ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان بووە. هەر بۆیە دەتوانین مێژووی ئێران ناوی بنێین مێژووی گەلان و ئێتنیکەکان.




وێنەی ٢-٢: نەخشەی لێکبڵاویی ئێتنیکی و ئایینی لە ئێران

تێڕامان لە سەر مێژووی ئێران لە ڕوانگەی ئێتنیکییەوە، پێویستی بە سەرنج و گرینگیدان بەم ڕاستییەیە کە ئێتنیک و شوناسی ئێتنیکی لە مێژووی پێش مۆدێرن و پێش سەردەمی هاوچەرخ مانا و چەمکێکی سنووردار و تەسکی هەبووە، کە لەبەرچاوگرتنی لە خوێندنەوە مێژووییەکاندا زۆر پێویستە و ڕێگری لە تێگەیشتنی نادادپەروەرانە و مێژووشێوێنی بابەتی ئێتنیکی دەکات. ئێتنیک و شوناسی ئێتنیکی لە سەردەمە کۆنەکاندا زیاتر خەسڵەتێکی گشتیی خەڵکناسی و زۆر جار ناسیاسی بووە، کە لە هاوکێشەکانی دەسەڵاتی سیاسیدا زۆر جار بنەمای ڕەفتار و کارلێکی تاکەکەسی و گرووپی نەبووە. چونکە لە سەردەمی پێش مۆدێرندا، لە بنەڕەتدا مۆدێلی سیستەمی خێڵەکی - عەشیرەیی، لە سەر بنەمای پەیوەندیی خزمایەتی - خوێنی و پەیوەندییە فەرهەنگی و ڕەچەڵەکییەکان تێکڕای

ئەزموونی شێوازی ژیانی یەکسان کە توخمی دەمارگیری فاکتەری سەرەکیی چەسپاندن و بەردەوامبوونی ئەم مۆدێلی ژیانە بووە (تری، ١٣٦٢، ٢٨)، تەوەری سەرەکیی پەیوەندییە سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتییەکان بووە. لەم ڕوانگەوە ئەوەی لە ڕوونکردنەوەی پەیوەندیی نێوان خێڵ و ئێتنیکیدا شتێکی ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەم دووانە زۆر لێک نزیکن، بەڵام جیاوازییەکی ماناداریشیان پێکەوە هەیە. خێڵ یان عەشیرەت بەرزترین ئاستی بەدیکراوی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی گرووپە ئێتنیکییەکانە و لەم ڕوانگەشەوە ئێتنیک ئاستی دەرهەستی پەیوەندیی خێڵ و هۆزە. بە واتایەکی تر ئاستی پەیوەندییە ڕەچەڵەکی و فەرهەنگییەکان هەتا ئاستی هۆز ڕوون و ئۆبژەیی و سەلمێنراوە (گودرزی، ١٣٨٥، ٦٦). بێگومان لە هەندێ ساتەوەختە مێژوویی و ڕووداوە مێژووسازەکاندا، کارکردی سیاسیی هۆز – عەشیرەیی پەیوەندییەکی زیاتری لەگەڵ شوناسی ئێتنیکی ساز کردووە. هاتنە ناوەوەی ئاریەکان و ئیسلام و تورکەکان بۆ ناو ئێران لە ڕووی ئێتنیکییەوە وەک وەرچەرخانێکی بنەڕەتی لە مێژووی ئێراندا لە قەڵەم دەدرێ کە دەرکەوتنی توخمی ئێتنیکی لە هەموویاندا دیارە و دەرەنجامە ئێتنیکییەکانیشی لە هەموو ڕەهەندەکاندا حاشاهەڵنەگرن، بەڵام بناغەی ئەو بۆچوونە کە دەڵێ ئێتنیک و شوناسی ئێتنیکی لەم ڕووداوە مێژووییانەدا تەوەری نین، دەگەڕێتەوە بۆ کارلێکە گشتی و جەماوەرییەکان؛ واتە هۆکاری ئەنجامدانی ئەو ڕەفتارە بەکۆمەڵانەی کە باس کران جا چ کۆچکردن بێ، چ هێرش یا داگیرکاری بێ سەرچاوەی ئێتنیکی نییە، بەڵکوو ئەنجامی پێداویستییە ژینگەیی - ژیانی و ڕێوڕەسمی - ئایینییەکانە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لە مێژوونووسییە نەریتییەکاندا مێژووی گرووپە ئێتنیکییەکان کەمتر گرنگیان پێ بدرێ و زۆربەی زانیارییە مێژووییەکانیش کە لەم بارەوە هەن لە دەیتا خەڵکناسییەکانی ئاسەواری جوگرافیایی و مێژوویی و سەفەرنامەکانەوە سەرچاوە دەگرن.

تایبەتمەندییەکی دیکەی مێژووی ئێتنیکەکان لە ئێران، ڕەوتی هێور و قۆناغ بە قۆناغی بیچمگرتنی پێکهاتەی ئێتنیکییە کە ڕۆڵێکی گرنگ لە دارشتنی شوناسی مێژوویی ئێراندا دەگێڕێت. بەم پێیە، پێکهاتەی هەنووکەیی ئێتنیکەکان لە ئێراندا، ئەنجامی زیاتر لە سێ هەزار ساڵ مێژووی گۆڕانکارییە ئێتنیکییەکانە کە لە هەر سەردەمێکدا، بە پێی بزووتنەوە و جێگۆڕکێی ئێتنیکەکان و هاتنیان بۆ ناو خاکی ئێران و دەرچوونیان لە خاکی ئێران، سیمای ئێتنیکیی ئێران ڕووخسارێکی نوێی بە خۆوە گرتووە. ڕەچەڵەکی بەشێک لە ئێتنیکەکانی ئێستای ئێران دەگەڕێتەوە بۆ ئێتنیکە هەرە کۆنەکان کە بە گوێرەی گێڕانەوە مێژووییەکان و بەڵگەنامەکان کە زۆربەیان زمانناسین، زۆرینەیان بە ڕەچەڵەک ئاریایی لە قەڵەم دەدرێن (Harmatta, 1999, 357)، وەکوو کورد (مینۆرسکی، ٢٠١٨ )، بەلووچ و فارس.

هاتنی ئیسلام و کۆچی عەرەب بۆ ناو خاکی ئێران، لاپەڕەیەکی دیکەی ئەو گۆڕانکارییە ئێتنیکییانە بوو، کە لە ئەنجامدا توخمی ئێتنیکیی عەرەبیش بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئەم خاکە زیاد کرا. بێگومان پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە بوونی عەرەب لە ئێران مێژووەکەی دەگەڕێتەوە

بۆ بەر لە هاتنی ئیسلام و سەرەتاکانی سەردەمی ساسانییەکان (فرای، ١٣٦٣، ١٠)، بەڵام بوونی دیار و کاریگەریان بەتایبەت لە ڕووی فەرهەنگی و زمانییەوە بە فتووحاتی ئیسلامییەوە دەستی پێکرد. هاتنی بە لێشاوی ئێتنیکەکانی تورک و مەغۆل، بە دوو تایبەتمەندیی حەشیمەتی زۆر و هێزی سەربازیی ڕانەگیراو کە پشتبەستوو بە هێزە خێڵەکییە کۆچەرییەکان بوون، گۆڕانکارییەکی تری ئێتنیکی - حەشیمەتی بوو کە لە سەدەکانی ناوەڕاستی سەردەمی ئیسلامیدا ڕووی دا و پێکهاتەی فەرهەنگ و شارستانیەتی ئێرانیان لە بنەڕەتەوە گۆڕی. لێکەوتە حەشیمەتی - ژینگەیی و فەرهەنگییەکانی هاتنی تورکەکان بۆ ناو خاکی ئێران تەنیا لە سنوورەکانی خاکی ئێراندا قەتیس نەبووەوە، بەڵکوو ئەوان هاتنە ناو هەموو قەڵەمڕەوە ئیسلامییەکانی دیکە، بەتایبەت ئەنادۆڵی و کاریگەرییان لە سەر هاوکێشە گشتییە حەشیمەتی و ئێتنیکییەکانی ناوچەکە دانا (شعبانی و فخاری، ١٣٩١).

بیچمگرتنی مێژوویی پێکهاتنی ئێتنیکی لە ئێراندا تەنیا بە هاتنی توخمە ئێتنیکییە بیانییەکان سنووردار نابێتەوە، بەڵکوو لە هەندێک قۆناغدا گۆڕانکارییەکانی ناو سنوور کە بە هۆی کۆچ و داگیرکردنی زۆرەملێی قەڵەمڕەو و خاکی عەشیرەیی - ئێتنیکی لە لایەن ئێتنیکەکانی دیکەوە، جەنگ و هەڵاتن و ڕاگواستنی زۆرەملێ هۆکاری گۆڕینی پێکهاتەی ئێتنیکی بوو. قەڵەمڕەوی سیاسی و نیشتمانیی حوکمڕانە دەسەڵاتدارەکانی ئێران کە بەردەوام گۆڕانیان بەسەردا دەهات، ڕۆڵێکی کاریگەریان لە گۆڕینی پێکهاتە ئێتنیکەکاندا گێڕاوە، چونکە لەگەڵ فراوانبوونی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتداریدا زەمینەیەکی گونجاو بۆ پەیوەندیی ئێتنیکەکان و جموجۆڵەکانیان ڕەخسا و هەر ئەمەش خۆی ڕێخۆشکەری گۆڕانکاری لە پێکهاتەی ئێتنیکی بووە.

ئاڵوگۆڕ و نۆژەنکردنەوەی ئێرانی هاوچەرخ، لەگەڵ ئەو گۆڕانکاری و وەرچەرخانانەی کە پێشتر باسیان لێ کرا، ئەو فاکتەرانە بوون کە قۆناغی کۆتایی بنیاتنانی پێکهاتەی ئێتنیکیی ئێرانیان لە ئێستادا بەدی هێنا. هەر بۆیە بوون و ڕۆڵی ئەم ئێتنیکانەی کە ئێستا لە ئێراندا نیشتەجێن، وەکوو: لوڕ، بەلووچ، تورکمان، تورکی ئازاری، تەبەری (مازەندەرانی)، گیلەک، تاڵش، عەرەب، کورد و فارس، لە سەر ئاستی پەیوەندییەکانی مێژووی ئێراندا، لە ڕووی پێکهاتنەوە، پێشینە و پاشینەی مێژووییان هەیە و لە ڕووی ئێتنیکی و شوناسی ئێتنیکییەوە دەرکەوتنێکی هاوشێوەیان نییە و سروشتێکی جیاوازیان هەیە. لە نێو بەشێک لەو گرووپانەدا، ئێتنیک تەنیا تایبەتمەندییەکی خەڵکناسی و بێ لایەنە، کەواتە ئێتنیک بە مانای تێگەیشتنێکی تێکەڵ بە پابەندی و کارلێکی ئێتنیکی، لە چوارچێوەی فەرهەنگی ئێتنیکیی ئەواندا دروست نەبووە، بەڵام لە ناو هەندێکی دیکەدا، ئێتنیک و شوناسی ئێتنیکی چەقی ئامانج و بەرنامەکانە و ئێتنیسیتە وەک دیاردەیەکی بیچم گرتوو و تەوەری سەیر دەکرێ، هەر بۆیە ئێتنیسیتە بۆ ناسینەوەی ئێتنیک و سروشت و شوناسیان پێوەرێکی بنەڕەتییە. لە درێژەدا ئێتنیکە سەرەکییەکانی ئێران واتە هەر پێنج ئێتنیکی فارس، تورک، کورد، عەرەب، بەلووچ لە ڕووی ڕەچەڵەکناسیی مێژوویی و لێکبڵاویی جوگرافی و تایبەتمەندیی فەرهەنگی

و ئابوورییـەوە دەناسـێنرێن و شـیکارییان بـۆ دەکرێت.

پێـش ئەوەی باسـی ئەم ئێتنیکانە بکەین، پێویسـتە ئـەوە ڕوون بکەینەوە کـە توێژینەوەی ئێتنیکی لـە ئێـران هەمیشـە بـە دەسـت نەبوونی داتـای ئاماری و سـەرچاوەی فەرمی سـەبارەت بە حەشـیمەتی ئێتنیکەکان، ئابووریی ئێتنیکەکان، جوگرافیای ئێتنیکەکان، داهاتی سـاڵانەی ئێتنیکەکان و پشـکی گرووپـە ئێتنیکییـەکان لـە بودجـە و سـەرچاوە نیشـتمانییەکان دەناڵێنێـت. ئـەم ستراتیـژە ئامـاری و زانیارییە ئامانجدارە کە بێگومان لە ئارستەی ئێتنیکسڕینەوەی ڕژێمە دەسەڵاتدارەکانەوە سەرچاوەی گرتـووە، دیاردەیەکـی بەردەوامـە کـە لـە سـەردەمی پەهلەویی یەکەمەوە هەتـا هەنووکە درێـژەی هەیە، هـەر بۆیـە لـە مێـژووی سـەرژمێرییەکانی ئێرانـدا لـە سـاڵی ١٣١٩ی کۆچـی هەتاوییەوە هەتـا دوایین سـەرژمێری سـاڵی ١٣٩٥ هیـچ داتایەکـی ئامـاری نییـە کـە سـەبارەت بـە گرووپـە ئێتنیکییـەکان و پێکهاتـەی ئێتنیکییـەوە بـێ، بۆیـە زۆربـەی داتا ئامارییەکان لە سـەر بنەمـای شـیکاری و تێکەڵکردنی داتاکانـی دیکـە دروسـت دەکرێن و شـی دەکرێنەوە.

جیـا لـە گرینگـی نـەدان بـە پێـوەرە ئێتنیکییـەکان لـە سیسـتەمی داتاتوێـژی و ئامارییـ ئێرانـدا، زۆربـەی ڕژێمـەکان بـە داڕشتن و جێبەجێکردنـی بەرنامـەی تایبـەت هەوڵیـان داوە ئەوەنـدەی بۆیـان دەلـوێ هێما و سیمبۆلە ئێتنیکییـەکان لـە سـەر دیمەنـی فەرهەنگـی و جوگرافیـای ئێـران بسـڕنەوە. گۆڕینـی جوگرافیـای پارێزگاکانـی ئێران بە بـێ گوێدانە پێکهاتـەی ئێتنیکی و تەنانەت لـەوە زیاتریش بـە مەبەسـتی تێکدانـی ئـەم پێکهاتـە، داپەڕێکـی ئاشـکرا و ڕوون بـوو کـە لـە سـەرەتای پەهلەویـی یەکەمـەوە دەسـتی پێکـرد و هەتـا ئێسـتاش کە نزیکەی نیو سـەدە بە سەر ڕژێمی کۆمـاری ئیسلامیدا تێپەڕیـوە، بەردەوامـە، کە ئەم بابەتە جیا لەوەی کە دەرهاویشـتەکانی دەیتا ئێتنیکییەکانی شـێواندووە و ناهێڵـێ هەڵسـەنگاندنێکی دروسـت بـۆ دۆخـی لێکبڵاویـی ئێتنیکـی لـە ئێرانـدا بکرێ؛ بەڵکـوو هەر خـۆی یەکێـک لـە هۆکارەکانـی تەشەنەسـەندنی گـرژی و ناکۆکییەکانـی نێـوان ئێتنیکـەکان لە سـەر ئاسـتی وڵاتـی ئێرانە.

بـە گشـتی لە ڕووی لێکبڵاویـی جوگرافیاییەوە، ئێتنیـک و ئایین و ئایینزا جۆراوجـۆرەکان لە ئێراندا لێکبڵاوی و دابەشـبوونی جوگرافیایـی جیاوازیـان هەیـە، بـە جۆرێـک کە ئێتنیـک بە ئاییـن و ئایینزای جیـاوازەوە لـە چـوار گۆشـەی ئێرانـدا دەژیـن؛ لـە باکـووری ڕۆژاوا ئازەرییـەکان بـە مەزهەبـی شـێعە، لە باکووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای ئێران، کورد بە ئایینزا (مەزهەب)ی سـوننە و شـیعە، لە باشـووری ڕۆژاوای ئێـران، عـەرەب بە ئایینزای شـێعە، لە باکـوور و باکووری ڕۆژهەڵات، گەلی تورکمان بە ئایینزای سـوننە، لـە باشـووری ڕۆژهـەڵات و باشـوور، خەڵکـی بەلـووچ بـە ئاییـنـزای سـوننە، و لە بەشـەکانی ناوەڕاسـت و باکـووری ئێرانـدا فارس، لوڕ، گیلەکی، مازەنی و تاڵەشـی ئایینزای شـێعەیان هەیـە. پێکهاتەی فەزایی - جوگرافیایـی گەلـی ئێـران لـە دوو بەشـی ناوەنـدی و پەراوێـز بـەدی هاتـووە. لـە بەشـی ناوەندیـدا، خەڵکـی ئـەم بەشـە لـە ڕووی تایبەتمەندیـی ئێتنیکـی و زمانـی و فەرهەنگـی و ئایینـی و فەزاییـەوە یەکگرتـوو و هاوشـێوەن و لـە هەیکەلـی نەتـەوەدا وەک پێکهاتـەی سـەرەکی لـە قەڵـەم دەدرێـن و لـە

ڕووی ئەو فاکتەرانەی باس کران، هاوچەشنی و پڕاییەکی یەکپارچەیان هەیە. لە بەشی پەراوێزدا کە لە دەشت و ناوچە بەرزەکانی دەوروبەری جوگرافیای ئێران نیشتەجێن، بە پێچەوانەی بەشی ناوەندی کە چڕ و یەکدەستە، پارچە پارچەیە و کۆمەڵەیەکی هەمەچەشنی لە گرووپە فەرهەنگی و ئێتنیکییەکان لە خۆ دەگرێت. خەڵکی بەشی پەراوێزی ئێران لە هەندێک لە بگۆڕەکاندا و بەتایبەت لە زمان و زاراوە، ئایین و وردەفەرهەنگی ناوچەییدا لەگەڵ بەشی ناوەندی و لەگەڵ یەکتر فەرقیان هەیە (حافظنیا، ١٣٨١). لە ڕووی حەشیمەتناسییەوە ژمارەی دانیشتوانی ئێران لە ناوەڕاستەکانی ساڵی ١٤٠٢ زیاتر لە ٨٥ میلیۆن کەسە، کە فرەیی دابەشبوونیان بەم شێوەیە: فارس زمانەکان ٦١ لە سەد، ئازەری ١٦ لە سەد، کورد ١٠ لە سەد، بەلووچ ٢ لە سەد، لوڕ ٦ لە سەد، عەرەب ٢ لە سەد تورکمان ٢ لە سەد و ئەوانی تر ١ لە سەد (Iran, 2024).




وێنەی ٢-٣: لێکبڵاویی ئێتنیکی لە ئێران

لە تاوتوێکردنی هەر ئێتنیکێک لە ڕووی دابەشبوونی جوگرافی و تایبەتمەندیی فەرهەنگی و ئابووریی ئێتنیکەکان لە ئێراندا، سەرەتا لە سەر ئاستی ناوچەییدا هەر کام لەم ئێتنیکانە پێناسە دەکرێن. مەبەست لە سەر ئاستی ناوچەیی ئەو سنوورە جوگرافییەیە کە ئەم ئێتنیکانە (بەدەر لە سنوورە سیاسییەکانی وڵاتان) تێیدا دەژین. بۆ نموونە سەبارەت بە گەلی بەلووچ، ئاستی ناوچەیی بریتییە لە هەندێ ناوچەی ئێران و پاکستان و ئەفغانستان کە ئەم گەلە تێیدا دەژین. لە لێکۆڵینەوەی شوناسی ئێتنیکی لە سەر ئاستی ناوچەییدا، باس لە فاکتەر و بوارەکانی بەهێزکردن یان لاوازکردنی شوناسی ئێتنیکی لە سەر ئاستی ناوچەیی دەکرێت، ئەوەی کە پەیوەندی و

کارلێکـی ئەندامانـی گرووپێکـی ئێتنیکی لـە دەرەوەی چوارچێـوەی نەتەوەیی و جوگرافیای سیاسـی سـنوورەکان لەگـەڵ یـەکتر، تـا چەنـدە هەسـتی شوناسـی ئێتنیکـی بەهێـز یـان لاواز دەکات. ئێسـتا ڕەنگـە ئـەم پەیوەندییـە لـە چوارچێـوەی پەیوەندیـی مەجـازی و میدیایـی یـان پەیوەندیی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆدا بێت.

## ئێتنیکی بەلووچ

بەلووچەکانـی ئێـران حەشـیمەتیان لـە نێوان یـەک ملیۆن و نیو بـۆ دوو ملیۆن کەسـە، ئەم ئێتنیکە لـە ناوچەکانـی باشـووری ڕۆژهەڵاتـی ئێـران دەژیـن و زێـدی سـەرەکییان ناوچـەی بەلووچسـتان لـە پارێـزگای سیسـتان و بەلووچسـتانی ئێسـتایە و بەشێکیشـیان لـە ناوچەکانـی دیکـەی ئێرانـدا بڵاو بوونەتـەوە. گەلـی بەلـووچ یەکێـک لـە ئێتنیکـە نیشـتەجێکانی ئێرانـن و حەشـیمەتی گـەورەی ئێتنیکییـان لـە نێـوان وڵاتانـی دراوسـێ و وڵاتانـی دیکـەدا دابەش بـووە. بـە گوێـرەی خەمڵاندنەکان، کـۆی ژمـارەی حەشـیمەتی خەڵکـی بەلـووچ نزیکـەی ١٥ بـۆ ١٧ ملیـۆن کەسـە و سـەر بـە ناوچـەی جوگرافـی - مێژوویـی نـاسراو بـە بەلووچسـتانن، نیشـتمانەکەیان لـە نێوان هەر سـێ وڵاتی پاکسـتان، ئێران، و ئەفغانسـتاندا دابەش کراوە. بە گوێرەی بۆچوونی بەلووچەکان و دراوسـێکانیان، بەلووچسـتان ناوچەیەکـە کـە بـە گشـتی لـە ڕووبەرێکـی زیاتر لە نیـو ملیـۆن کیلۆمەتری چوارگۆشـە پێک هاتـووە کە دەکەوێتـە بەشـی باشـووری ڕۆژهەڵاتـی فەلاتـی ئێـران و باشـووری بیابانەکانـی ناوەڕاسـت و ڕووبـاری هیرمەنـد و لـە ناوچە نزمەکانـی کەناراوەکانی نێوان فەلاتی ئێران و کەنداوی عومـان. دیارە بە درێژایی مێـژوو بەرزاییەکانـی لـە ژێردەسـت ئێـران و ناوچە نزمەکانی لە بندەسـتی هیندسـتان بووە و لە سـاڵی ١٨٧٠ زایینی/١٢٨٧ هەتـاوی بـە فەرمـی لـە نێـوان سـێ وڵاتـی ئەفغانسـتان و ئێـران و هیندسـتاندا (دواتر پاکسـتان) دابەش بووە (عبداللهی و حسـین بر، ١٣٨١، ١٠٤). حەشـیمەتی گەلی بەلووچ بە نزیکـەی ١٣ ملیـۆن کـەس لـە پاکسـتان، ٢ ملیۆن کـەس لە ئێـران، ٢ ملیۆن کەس لە ئەفغانسـتان، و نزیکـەی ٢ بـۆ ٢.٥ ملیۆن کەس لە هیندسـتان، عومـان، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، تورکمانسـتان و هتـد بـەراورد کـراوە (Ethnic Diversity, 2013 :Iran Minorities٢).

- **ڕەچەڵەکناسیی مێژوویی و ئێتنیکی**

ڕیشـەی وشـەی بەلـووچ و ماناکـەی بـە وردی نازانرێ و بۆچوونـی جۆراوجۆر لە سـەری خراوەتە ڕوو. هێرتزفێڵـد بـە وەرگیراوی فۆڕمی مادی وشـەی «brza.vačiya» بە مانـای «هاوارێکی بەرز»ی دەزانێ کە لـە زمانـی فارسـیی کۆنـدا هاوشـێوەی ئـەوە هاتـووە. بە بڕوای مۆکلێر ئەم وشـە لە وشـەی گێدرۆسـیای یۆنانیـی کـۆن وەرگیـراوە. گیلبێرتسـن پێـی وایـە وشـەی بەلـووچ لـە «بالیچـە» یەکێـک لـە خانەدانـە چوهـان ڕاجپـووت لـە هیندسـتان وەرگیـراوە، هەندێکـی دیکەش بـە وەرگیراو لە وشـەی سانسـکریتی «مەلیچـە» بـە واتـای «بەربـەری» یـان «نائاییینـی» دەزانن. هەندێک وشـەی بەلـووچ بە لێکـدراوی «بڵ»

یان «پەهل»ــی فارسی بە واتای جەنگاوەر و سانسکریتی «ئووچ» کە بە مانای «ئووز»ی ئاڤێستایی بە واتـای بـەرز و بە گشـتی بە واتـای «جەنگاوەری بەرز و باڵابـەرز»ە و دەڵێن گەلی جـەت (= جات، زۆت) کە لە سـەردەمی ساسـانییەکان و پێش لە بەلووچەکان هاتوونەتە سـەر خاکی ئێسـتای بەلووچسـتان، تازەهاتـووان بـە «بەلـووچ» نـاو دەبەن کە بە باڵابەرزتـر و بەهێزتر لە خۆیان دەزانی (بلوکباشـی، ١٣٨٣، ٥٠٣ ). سـەرچاوە مێژووییـەکان بـاس لـە بەکارهێنانـی وشـەی بەلـووچ لـە کاتـی هاتنـی موسـڵمانە عەرەبەکانـدا دەکـەن و بـە گشـتی لـە بەرهەمـە ئیسلامییەکانـەوە وا دەردەکـەوێ کە وشـەی بەلووچ لە کاتـی هێرشـی موسـڵمانان بـۆ خەڵکـی ناوچەکـە بـەکار هاتـووە. موسـڵمانە عەرەبـەکان کـە لە سـاڵی ٢٣ی کۆچیـدا چوونەتـە نـاو مەکرانـەوە وتیـان لـە شـاخەکانی کرمـان تووشـی گەلێک هاتین بـە ناوی کـۆچ یـان قۆفـس یـان بەلـووچ یـان بەلـووش (بلـوچ، ١٤٠٢، ١٩) بـە گوێـرەی بەڵگـە مێژووییـەکان لەوانەیـە بەکارهێنانـی وشـەی بەلووچ لـە ناوەڕاسـت و کۆتاییەکانی سـەردەمی ساسـانییەکاندا پەرەی سـەندبێ، هێشـتا زۆر ڕوون نییـە کـە ئـەم کەسـانە بۆچی بـە بەلـووچ نـاسراون و سـەرچاوەکان باس لە هـۆکاری جۆراوجـۆری وەکـوو کۆچـی گەلانـی دیکە دەکـەن. هەر لـەو پێوەندییەدا ناسر دەشـتی باس لـە ئەگـەری کۆچـی زۆرەملێی کەسـانێک بە نـاوی «باڵاچەگان» دەکا کـە لە لایەن ساسـانییەکانەوە بۆ ئـەم ناوچە ڕاگوێـزراون (دشـتی، ١٣٩٤، ٤٩).

لـە بەرهەمـە مێژووییەکانـدا وێنـەی جیـاواز و دژبەیـەک لـە خەڵکـی بەلـووچ وێنـا کراوە، نووسـەری کتێبـی حـدود العـالم لـە سـەر خـوو و ڕفتـار و ژیانی گەلـی بەلـووچ دەنووسـێ: خەڵکانێکن لە نـاو ئەم شـارانەدا [جیرۆفت و بـەم]، ئـەوان بەلووچن، لە بیابانەکانـدا دەژین و چەتە و خوێنمـژن و ئاژەڵدارن و زۆریشـن، کـەسرا (نەوشـیروان) هەوڵـی دا بە شـێوازی جیاواز قڕیان بـکات (ناشـناس، ١٩٩٩، ١٠٠). بـەڵام یاقـووت حەمـەوی لـە ڕوانگەیەکـی جیـاوازەوە سـەبارەت بـە شارسـتانیەتی بەلـووچ دەدوێ و دەڵێـت: «تایفەیەکـن لـە کوردان دەچـن و وڵاتێکی گەورەیـان هەیە لە نێوان فارس و کرمـان لە لێواری چیـای قۆفـس (کـۆچ)، و ئـەوان زۆر خـاوەن شـان و شـکۆ و حەشـیمەتن و خەڵکـی قۆفـس (کـۆچ) کـە هۆزێکـی جیـاوازن، جگـە لە بەلووچ نەبێ لە کەس ناترسـن. و بەلووچەکان خـاوەن نیعمەت و خێوەتی تووکـن و خەڵکەکـەش لـە بەلووچـەکان بێـوەی و سـەلامەتن، چەتەگـەری ناکـەن، خەڵـک ناکوژن و زەڕیـان بـۆ کـەس نییـە، بـە پێچەوانـەی قۆفـس» (حمـوی، ١٩٩٣، ٤٩٢). لە شـانامەی فیردەوسـیدا، لـە سـەردەمی دەسـەڵاتداریی شەسـت ساڵەی کەیخـەسرەودا، دوای ناوهێنانی شـای مەکران باسـی بەلـووچ و کۆچـەکان دەکا کـە دانیشـتوانی مەکرانن:

سپاهی ز گوردان کۆچ و بەلووچ (سوپایەک لە پاڵەوانانی کۆچ و بەلووچ) // سگالیده جنگ و برآورده خووچ ( لە تەگبیری جەنگدا و کڵاوی شەڕ لەسەر) (شاهنامه فردوسی، ذیل پادشاهی کیخسرو)

جوگرافینووسـانی سـەدەی چوارەمـی زایینـی لـە کرمـان بـاس لـە دوو کۆمەڵـە شاخنشـین بـە ناوەکانـی کـۆچ و بەلـووچ (قوفـس و بەلـووس) و لـە نێوانیانـدا بەلـووچ بـە مرۆڤـی ئـازا و دڵـڕەق و هۆگـری هێـرش و پەلامـاردان دەناسـن (ابـن حوقـل، ١٩٧٩، ٢٦٩ و مقدسـی، ١٩٠٦، ٤٧٠-٤٧١).

مێژوونووسان و لێکۆڵەرانی مێژوویی گەلی بەلووچ سەبارەت بە زێد و بنەچەی مێژوویی و ئێتنیکیی ئەو کەسانە بۆچوونی جیاوازیان دەربڕیوە؛ هەندێکیان بە بابلی و کۆنیان دەزانن. تاقمێک پشت بە تایبەتمەندیی زمانەوانی دەبەستن و بەلووچ بە ئێرانی و ئاریایی ناو دەبەن و بەشێک لە خەڵکی بەلووچ خۆیان پێیان وایە کە ئەوان نەوەی عەرەبی سوری یان حیجازین و لە خانەدانی ئەهلی بەیتن (غراب، ١٣٦٤، ١٩). یەکێک لە مێژوونووسانی بەلووچ تێدەکۆشێ بە ئاماژەکردن بە سێ زێدی ئەم گەلە هەموو جیاوازییە بیروڕاکانی سەبارەت بە بنەچەی جوگرافیایی بەلووچ نەهێڵێت. ئەو دەستەیەک لە بەلووچەکان بە خەڵکی حەلەب، گرووپێکی دیکە بە خەڵکی چیای ئەلبورز لە باکووری ئێران و گرووپی سێیەمیش بە خەڵکی ڕەسەنی خاکی ئێستای بەلووچستان دەزانێت (بلوکباشی، ١٣٨٣).

لێکۆڵینەوەکان لە بواری خەڵکناسیی جەستەیی بەلووچدا دەریدەخەن کە بەلووچەکان لە ڕووی شێوە، قەبارەی کەلەسەر، گۆنا، ڕەنگی چاو و قژەوە پەیوەندییان بە جۆری هیندستانی و ئێرانی خەڵکی فەلاتی ئێرانەوە هەیە. ئیڤانۆف بە ڕاشکاوی ئاخێزگە و ڕەچەڵەکی بەلووچە کۆچەرەکان بە ئێرانی دەزانێ، بەڵام لە ڕووی تایبەتمەندیی جەستەییەوە لە ئێرانی و کوردی بە جیاواز دەزانێت. هەروەها لێکۆڵینەوە زمانناسییەکان سەبارەت بە زمانی بەلووچ پەیوەندیی ئەم گەلە بە ئێرانی و تاجیکەکان پشتڕاست دەکەنەوە. زۆرێک لە توێژەرانی وەکوو کورزۆن، بەلووچەکان بە ئێرانی و زمانەکەیان بە لقی ئێرانی و بنەماڵەی زمانە هیندۆئەورووپییەکان دەزانن و لە ڕووی پەیوەندیی زمانەوانییەوە، بەلووچی لە ڕیزی زمانە ئێرانییە ڕۆژاواییەکان دادەنێن کە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ زمانە سەرەکییەکانی ئێرانی ناوەڕاست و پارتی هەیە (بلوکباشی، ١٣٨٣).

گۆڕانی نەژادیی گەلی بەلووچ لە سەردەمی کۆنەوە هەتا سەردەمی ئێستا ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە بەلووچستان ئاخێزگەی ڕەسەنی چەند هەزار ساڵەی خەڵکی خاوەن خێڵە جیاوازەکان بووە کە بەکۆمەڵ پێیان دەگوترا مەکە یان ماکا و ناوی مەکران لەوانەوە وەرگیراوە. لەو خێڵە کۆنانەی کە دەتوانین ئاماژەیان پێ بکەین میدەکان و هوتەکانن، ئەم هۆزانە بە زمانێک ئاخافتنیان دەکرد کە ئەمڕۆ پێی دەوترێت «دراڤیدی». لە ڕاستیدا ئەم هۆزانە لە هەزارەی نۆیەمی بەر لە زایین یەکەمین کەسانی دانیشتووی بەلووچستان بوون و خاوەنی شارستانییەتەکانی ئەو قۆناغە بوون. دوای ئەوە، لە سەدەی حەوتەمی پێش زایین، پارتییەکان وەک یەکێک لە حەوت هۆزەکەی یەکێتیی ماد، یەکەم گرووپی گەورەی هێرشبەرەکان بوون کە هاتنە ناو ئەم خاکە و بەو پێیەی ئەم کۆچبەرانە وەک کۆچبەر و دانیشتوویەکی ئاسایی مامەڵەیان نەکرد، لە پێگەی سەرکەوتووانی جەنگ و پاشان فەرمانڕەواکانی بەلووچستان بوون هەر بۆیە کاریگەرییەکی بەرچاویان لە سەر زمان و فەرهەنگی خەڵکی ڕەسەنی بەلووچستان دانا. پاشان «سەکا»کان وەک دووەم گرووپی گەورەی کۆچبەران هاتنە بەلووچستان و دوای هاتنە ناو بەلووچستانی ئێستا کە بریتی بوو لە سەکستان و توووران و مەکران و سەرهەڵدانی حکوومەتی بەهێز لە باکووری ناوچەکە، دواجار لە ناو بەلووچەکاندا

تووانەوە و ئاسیمیلە بوون، بەڵام کاریگەریشیان لە پاش خۆیان بەجێهێشت. لە سەردەمێکدا بە ناوی کووچ و بەلووچ ناوبانگیان هەبوو و دواجار لە قۆناغی ئێستادا هەموو ئەو چین و گرووپانە بە «بەلووچ» ناسراون و نەژادی ئێستای بەلووچستانیان پێک هێنا. ئەمەش بەو مانایە کە خەڵکی ئێستای بەلووچستان خاوەنی مێژوویەکی زیاتر لە ٩ هەزار ساڵەن، کە لە درێژەی ئەم ساڵانەدا شاهیدی گۆڕانکاریی زۆر بوون، بەڵام لە کۆتاییدا بە پاراستنی زۆر ناوی مێژوویی وەکوو «مەکران» لە سەدەکانی دواییدا، هەموو هۆزەکان هاتنە ژێر ناوی بەلووچ (بلوچ، ١٤٠٢، ١٤٦-١٤٧).

- **لێکبڵاویی جوگرافیایی**

ئەو خاکەی کە ئەمڕۆ ناوی بەلووچستانە، لە دەق و بەڵگەنامە و سەرچاوە مێژووییەکاندا بە پازدە ناوی جیاواز باسی لێ کراوە کە بریتین لە: ماکا و مەکیان (یەغمایی)؛ مەکیا و میکیان (هێرۆدۆت و عەباس موخبر)؛ پاریکانیان (دیاکۆنۆف)؛ کێدرۆسیا و کێدرۆزیا (بارتۆڵد، ئاریان هێرۆدۆت، سایکس، پیرنیا و کورزۆن)؛ ئیکتۆفاحی و ئیکتیۆفاحی (بارتۆڵد، سایکس و هێلدیچ)؛ خاکی ماسیخۆرەکان (بارتۆڵد و هێلدیچ)؛ کۆسۆن (سایکس)؛ ئەرباهـ (نیارک و ڕەعین)؛ جاردۆس و جێدرۆس (باستانی پاریزی)؛ وڵاتی تاڵاوەکان (یەغمایی)؛ ماکارهنە (ستیڤن بیزانسی و بارتۆڵد)؛ کاسماکووران (مارکۆپۆلۆ) و مەکوران و مەکران (سایکس، مستۆفی، موخبر، پیرنیا، مەقدەسی، کەیهان، ئیبنی حوقەل، یاقووبی و ئەبولغەدە) (میرمحمدی، ١٣٧٤: ٨٨)، لە نێویاندا «مەکران» ئاشناترین و بەکارهێنراوترین ناوێکی مێژووییە کە بۆ بەلووچستان بەکار هێنراوە. مەکران لە بێژەکردنی بەلووچی (Makkora) و لە بێژەکردنی کۆندا « Makran» و «Maka» یەکێک لە ناوچە کۆنەکانی جیهان کە ناوەکەی لە کۆنترین کتێبە مێژووییەکاندا هاتووە. هێرۆدۆت، مێژوونووسی کۆنی یۆنانی و باوکی زانستی مێژوونووسی، لە کتێبی «مێژووی هێرۆدۆت»دا، مەکرانی بە زێدی خەڵکی «مەکی» یان «ماکا» ناو بردووە (هرودوت، ١٣٨٩، ١١٩). یاقووت حەمەوی (٥٧٤-٦٢٦ کۆچی مانگی) لە بارەی هۆکاری ناونانی مەکران دەنووسێ: وەک باس کرا، ژیاننامەنووسان دەڵێن کە مەکران بە ناوی مەکرانی کوڕی فەرەک کوڕی سام کوڕی نووح، سەلامی خوای لەسەر بێ، ناو نراوە چونکە ئەو هاتە ئەم ناوچە و لەوێ نیشتەجێ بووە (حموی، ١٩٩٣، ١٨٠). مەکران لە ناوی دانیشتوانی ڕەسەنی خۆیەوە کە هەمان ناویان هەبووە وەرگیراوە (بلوچ، ١٤٠٢، ١٥). وەک مێژوونووسی بەناوبانگی ڕووسی بارتۆڵد سەبارەت بە ناوی مەکران دەنووسێ: «مەکران لە ناوی گەلێکی دراڤیدییەوە وەرگیراوە کە یۆنانیەکان پێیان دەگوتن ماکای یان مۆکای». کەواتە مەکران ناوێک نییە کە لە ئارياییەوە وەرگیرابێت» (بارتولد، ١٣٠٧،٢٠٣) هەروەها عەلی بلووکباشی جەخت لەوە دەکاتەوە کە ناوی ئەم ناوچە بە ناوی دانیشتوانەکەیەوە ناو نراوە، چونکە وشەی کۆش و کۆس لە سەردەمی ساسانییەکاندا بۆ ئەم ناوچە بەکار هاتووە و بە گشتی بەم ناوچە دەڵێن « کۆسون» (بلوکباشی، ١٣٨٣). کە ڕەنگە ناوی (کۆچ) لە ناوی هۆزێک لە ڕۆژهەڵات وەرگیرابێ و پێش

بەلووچەکان لەم ناوچەدا ژیابێتن. بە گشتی لە بەڵگەنامە مێژووییە جۆراوجۆرەکانەوە وا دەردەکەوێ کە مەکران ناوێکی کۆنە و ئاشکرا دەبێتەوە کە ئەم ناوە مێژووییە لە دانیشتوانی کۆنی ناوچەکەوە وەرگیراوە و هەروەها ناوی مەکران پێش کۆچی ئاری زمانەکان بۆ ناوچەکە بوونی هەبووە و ڕەگ و ڕیشەی ئاریی نییە (بلوچ، ١٤٠٢، ١٦).

یەکەم زانیاریی مێژوویی سەبارەت بەم خاکە و خەڵکەکەی پەیوەندی بە سەردەمی هەخامەنیشیەکان و دەقە یۆنانیەکانەوە هەیە. لە نووسینە بزمارییە کۆنەکانی فارسی سەردەمی داریۆش لە بێستوون و تەختی جەمشێددا، ئەم خاکە (بەلووچستانی ئێستا) بە «مەکە» بە بێژەکردنی ئێتنیکی «مەچیە» باس کراوە. کیسلینگ لە وتارێکدا کە بە بۆچوونی فرای، پێدەچێ باشترین مێژووی ئەم ناوچە هەتا سەردەمی فەتحی موسڵمانان بێ، دەنووسێ یەکەم دانیشتوانی بەلووچستان «مەککە» دراڤیدییەکان و «پاریکانیۆسەکان» بوون کە ماوەیەک پێش داگیرکارییەکانی ئەسکەندەر لە لایەن گێدرۆسییەکانی ئێرانەوە داگیر کران. دواتر بەشێک لە مەککەکان چوونە کەنار دەریا، لە کەنداوی فارسەوە هەتا عەرەبستان و بەشێکی دیکەش لە بەلووچستان، لە دەوری ماشکیدی ئێستا مانەوە. لە سەردەمی ساسانییەکاندا، لەگەڵ نەمانی ناوی گێدرۆسیا، ناوی مەکە وەکوو مەکۆران دەرکەوت و بوو بە باو (Frye, 1961, 44-45). سایکس پێی وایە کە مەکران لێکدراوی هەر دوو وشەی مەکە + ئێرنیە یان ئیرینە کە بە واتای «زەوی بێ بەرهەم» یان «تاڵاو» دێ، و بە زمانی سندی مەکرانە (Sykes, 1941, 91).

بە گوێرەی سەرچاوە یۆنانییەکان، ئەو ناوچەی کە ئێستا بە بەلووچستان ناسراوە، لە ڕووباری ئیندوسەوە واتە ڕووباری سیند هەتا کارمانیا (کرمان)، لە گەرووی هورمزەوە هەتا شاری بەندەری کەراچی و لە باکوورەوە هەتا ئاراخووزیا (کەندەهار) و دەرەنگیانە (زەرەنگ سیستان) لە باشووری دەریای مەکرانەوە پێشتر لە مێژوودا بە ناوی سنووری جوگرافیایی مەکرانەوە دەناسرا. بە وتەی هێرۆدۆت، لە ناوەڕاستی سەردەمی هەخامەنیشیەکاندا، کە ئەم ناوچە کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەوان، لەم خاکەدا کە چواردەهەمین ساتراپی هەخامەنییەکان بوو، جگە لە دانیشتوانی بەلووچستانی ئێستا، زەرەنگییەکانیش دەژیان، واتە هەر دوو سەرزەوینی هەنووکە واتە مەکران و سیستان (باشووری ڕۆژاوای ئەفغانستانی ئێستا) ناوچەیەکی هاوبەش بوون ئەم پرسە خۆی هاونەژادی و نزیکایەتی مێژوویی ئەم دوو ناوچە دەردەخا کە دواتر بە گشتی بە بەلووچستان ناسرا (بلوچ، ١٤٠٢، ١٧-١٩).

بەشی ئێرانیی ناوچەی مێژوویی بەلووچستان (مەکران) ئەمڕۆ لە پارێزگای سیستان و بەلووچستانی ئێران هەڵکەوتووە. ئەم پارێزگایە گەورەترین پارێزگای وڵاتە کە لە ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران هەڵکەوتووە و بە پێی سەرژمێریی ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی (٢٠١٥) ژمارەی دانیشتووانەکەی دوو ملیۆن و ٧٧٥ هەزار و ١٤ کەسە، ڕووبەری پارێزگاکە ١٨١ هەزار و ٧٨٥ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، و بە حسێبکردنی ڕووبەرە ئاوییەکان، بەلووچستان ١٨٧ هەزار و ٥٠٢

کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، کە ١١,٥ لە سەدی قەبارەی ئێران دەگرێتەوە. ئەم پارێزگایە هەزار و ٢١٠ کیلۆمەتر سنووری وشکانیی لەگەڵ هەر دوو وڵاتی پاکستان و ئەفغانستان، و لەگەڵ کەنارەکانی باکووری دەریای عومان ٣٧٠ کیلۆمەتر سنووری ئاوی هاوبەشی هەیە و لە باکوورەوە هەتا پارێزگای خوراسانی باشووری، لە باشوورەوە بۆ دەریای عومان، لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ وڵاتانی پاکستان و ئەفغانستان، و لە ڕۆژاواوە بۆ پارێزگاکانی هۆرمۆزگان و کرمان سنووردار بۆتەوە. کۆی سنوورەکانی ئەم پارێزگایە نزیکەی ١٥٨٠/٢ کیلۆمەترە واتە یەک لە سەر شەشی سنوورەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. هەروەها درێژیی سنوورەکانی ئەو پارێزگایە لەگەڵ ئەفغانستان ٢٨٨,٥ کیلۆمەترە واتە یەک لە سەر سێی کۆی سنوورەکانی ئێران لەگەڵ ئەفغانستان و درێژیی سنوورە هاوبەشەکانی ئەو پارێزگا لەگەڵ وڵاتی پاکستان ٩٢١,٧ کیلۆمەترە کە تەواوی سنووری نێوان ئێران و پاکستان پێک دەهێنێت. درێژیی سنوورە ئاوییەکانی ئەم پارێزگا لەگەڵ کەناراوەکانی دەریای عومان ٣٧٠ کیلۆمەترە. پارێزگای سیستان و بەلووچستان لە دوو ناوچەی باکوور و باشوور پێک دێ: باکووری پارێزگاکە ناوچەیەکە کە بە هۆی چەوماڵەکانی ڕووباری هیرمەندەوە بەرز بۆتەوە، کە گەورەترین دەریاچەی ئاوی شیرینی جیهان لە خۆ دەگرێت. سەرچاوەی ژیانی ناوچەکە واتە ئاستی ئاوی هیرمەند، ساڵانە هەڵکشان و داکشانی زۆر بە خۆوە دەبینێت. بای ١٢٠ ڕۆژە کە لە کۆتایی بەهارەوە هەتا کۆتایی هاوین هەڵدەکا کاریگەری لە سەر وشککردنەوەی ژینگەی ئەو پارێزگایەدا دادەنێت. ناوچەی باکووریی پارێزگاکە شارەکانی زاهیدان، میرجاوە، زابول، زەحەک، نەمرۆز، هامۆن و هیرمەند لە خۆ دەگرێت. باشووری پارێزگاکە فرەچەشنیی کەشوهەواکەی بە هۆی دەریای عومانەوەیە. ئەم دەڤەرە سروشتێکی شاخاوی هەیە. ناوچە باشوورییەکانی ئەم پارێزگا بە هۆی نزیکیی لە دەریای عومان و سوودمەندبوون لە وەرزەبای ناوچەیی کەشوهەوایەکی جیاوازی هەیە. بەرزبوونی پلەی گەرما و کەمیی هەڵەکشان و داکشانی یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی کەشوهەوای ناوچەکەیە. بە هۆی کەمیی بارین و نەبوونی بەفراوی کوێستانەکان زۆربەی لێشاوی ڕووبارەکان کاتی و وەرزین و لە بەشێکی زۆری پارێزگاکەدا سەرچاوە کەمی ئاوی ژێر زەوی تاکە سەرچاوەی دابینکردنی ئاوە. بوونی قوچکەی گڕکانی تافتان بە بەرزیی سێ هەزار ٩٤١ مەتر لە باکووری بەلووچستانی ناوەندی، کەشوهەوایەکی خۆش و سەرنجڕاکێشی دروست کردووە. ناوچەی باشووری پارێزگا لە شارەکانی خاش، سەراوان، سێو و سۆران، مێهرستان، ئێرانشار، بامپور، سەرباز، دەلگان، نیکشار، قەسرقاند، فەنوج، چابەهار و کەنارەک پێک دێت (جغرافیای استان، ١٣٩٩).

- **تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی**

کۆمەڵگای بەلووچ کۆمەڵگایەکی چینایەتی بووە کە چوار چینی کۆمەڵایەتیی جیاوازی تێدایە: حاکومزات، بەلووچ، شەهری و غوڵام کە بە لێکدانەوەیەکی سادەتر هاوتای چینی وجاغزادە، کۆچەر و جووتیار و کۆیلە بوون. هەر یەکێک لەم چینانە، تایبەتمەندیی بۆماوەیی خۆیان هەبوو.

هەر سێ چینی حاکومزات و بەلووچ و شەهری هەر یەکەیان ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیی تایبەت و گرووپی ناوچەیی و قەڵەمڕەوی تایبەتییان هەبوو. چینی حاکومزات گرنگییان بە خانەدان و پەیوەندییە سەبەبییەکان، و چینی بەلووچ گرنگیان بە پەیوەندییە نەسەبییەکان دەدا و چینی شارییەکان گرینگیان بە پەیوەندییە لاوەکییەکان دەدا. جەماوەری گەورەی بەلووچ (کۆچەرەکان) و شارییەکان (جوتیاران) ملکەچی دەسەڵاتی حاکومزاتەکان بوون. حاکوم بەلووچیکراوی حاکمە و یەکێک لە زاراوە باوەکانی سەردەمی قاجارە. حاکومزاتەکان بە سەردارانی ئەو هۆزانە دەوترا کە دەیانتوانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ حاکمی بەلووچستان لە بامپور پەیوەندی ساز بکەن. بەلووچەکان گرووپێکی گەورەی کۆچەری بوون کە ناوی بەلووچ و زمانی بەلووچیان لەگەڵ خۆیان هێنا بۆ ئەم ناوچەی کە پێی دەوترێ بەلووچستان. ئەم گرووپە کۆچەرە هەموو بەها شوناسییەکانی خۆیان لە ژیانیاندا پاراستووە. شاری، بە کۆمەڵێک جووتیاری گوندنشین دەگوترا. شارییەکان ڕەنگە نەوەی خاوەن زەوییە نابەلووچەکان و لە گرووپی جووتیارەکان بن. غوڵام ئەو کۆیلانە بوون کە لە شوێنی جۆراوجۆرەوە دەهێنرانە بەلووچستانی ناوەندی و باشووری. هەروەها هەندێک لەو کۆیلانەی کە ڕەشپێست بوون «نەقیب»یشیان پێ دەوترا (Pastner, 1984, 93).

لە ڕووی چینبەندیی کۆمەڵایەتییەوە، فۆرمێکی تایبەتی چینایەتی لە ناوچە گوندنشین و عەشیرەییەکانی کۆمەڵگەی بەلووچدا هەبوو، کە هەندێک لە توێژەران ئاماژەیان پێکردووە: بۆ نموونە لە ناوچەی جوگرافیایی بێنت لە بەلووچستان، شەش زات لە کۆمەڵگەی لادێیی و پێنج زات لە کۆمەڵگەی خێڵەکیدا دەستنیشان کران کە هەر زاتێک چینێکی کۆمەڵایەتی پێک دەهێنا. لە کۆمەڵگای لادێدا، خان (گرووپی دەسەڵاتدار و کەسوکاریان)، کوێخا (خاوەن زەوی یان خاوەن زەوییە گەورەکان)، ئەرباب (خاوەن زەویی بچووک)، ئوستاد (پیشەسازەکان لەوانەش زێڕنگەر، ئاسنگەر و دارتاش)، دەرزادە (پاڵەی بێ ئاو و زەوی = هێزی بەرهەمهێنەری کۆمەڵگا) و غوڵام (کۆیلە، نۆکەر)، و لە کۆمەڵگەی کۆچەریدا، هوت، کەرەنکش، بەلووچ (هەر کام لەمانە ناوی زات یان تایفەیەکی کۆچەرین)، جەت (سارەوانان) و تییە (کۆیلە) بە پێی ڕیزبەندی خاوەنی شان و شکۆ و پێگەی کۆمەڵایەتی بوون. ئەندامانی چینی دەرزادە و غوڵام لە کۆمەڵگەی لادێیی، و چینەکانی جات و تییە لە کۆمەڵگەی عەشیرەییدا لە چینە پلە نزمەکانی کۆمەڵگای بێنت بوون و مافی کۆمەڵایەتییان نەبووە (برقعی، ١٣٥٦، ٦٦-٧٢).

پێکهاتەی سیاسیی کۆمەڵگای بەلووچ، پەیڕەوی لە پێکهاتەی سیستەمی خێڵەکی – عەشیرەیی دەکرد. هەر هۆزێکی بەلووچ سەرکردەیەکی هەبوو بە ناوی «سەردار»، و لە هەندێک لە هۆزەکاندا پێیان دەوت «میر». سەردارەکان لەگەڵ بنەماڵەکانیان و ئەندامانی خانەدانەکانیان لە قەڵاکانی ناوچە ئاوەدانەکانی بەلووچستاندا دەژیان و کەس و کاری لێدانەبڕاویان، خێڵ و کۆیلەکانیان لە خانووی قوڕ یان کەپر و چادرەکانی دەوروبەری قەڵاکاندا دەژیان. ئەم کەمپانە کێڵگە، و نەخڵستان و باخی میوەیان هەبووە، بەڵام هیچ بازاڕ و چالاکییەکی بازرگانی لە ناویاندا بوونی نەبووە. ئەگەر

کڕیـن و فرۆشـتنیان هەبووایـە لـە لایـەن کەسـانی نابەلووچـەوە ئەنجـام دەدرا. هـۆکاری گرینگـی هەڵبژاردنـی ئـەم قەڵایانـە ئـەوە بـووە کە ئـەم قەڵایانە سـەردارەکان دەپارێزێت. کەمپی سەردارنشـین بۆتە ناوەندی ناوچەکانی بەلووچسـتان وەکوو قەڵای سـەرباز، ناوەندی قەزای سـەربازە و قەڵای زابولی ناوەنـدی قـەزای زابولـە. شـێوازی نەریتیـی هەڵبژاردنی سـەردارەکان بەندە بە کەسـایەتی و ڕەچەڵەک و پەیوەندییـە هاوسـەرگیرییەکانیانەوە. خەڵکـی هەر هۆزێک بە پێی شـیاوی و ڕێککەوتنەوە سـەرداری خێـڵ یـان یەکێتیـی هۆزەکانیـان - کـە بـە حاکمـی بەلووچسـتان دادەنـرا - هەڵدەبـژارد. بەلووچەکان ناکۆکیەکانیـان دەبـردە لای سـەرداری گـەورە و ناوبژیوانییەکەیان قبووڵ دەکرد و لە بەرامبەر سـەرۆک خێڵـی هاوپەیمانـەکان پشـتگیریان لـێ دەکـرد. سـەردارانی تایفـەکان بەشـێک لـە داهاتـی مڵکـی قەڵەمڕەوەکانیـان وەک بـاج دەدا بـەو و ئـەوی دیکەیـان بـۆ خۆیانـی خـەرج دەکـرد. لـە نـاو کۆمەڵگای لادێییدا، سـەرداری تایفە، بەرپرسـانی گوندی، لەوانە کوێخاکانی هەڵدەبژارد و بە خەڵکی پێشـنیاری دەدا (بلوکباشـی، ١٣٨٣).

دوای دەسـتبردنی حکوومەتی ناوەندی بۆ ناو بەلووچسـتان و سـازکردنی ئاشـتی لە ناو تایفەکانی بەلـووچ (١٣٠٧-١٣١٤ هەتـاوی)، دەسـەڵاتی سـەرۆک عەشـیرەتەکان لـە بەلووچسـتان سـنووردار بـووەوە و بـە گۆڕینـی ڕۆڵـی سـەرۆکی مـەزن کـە ناوبژیوانـی نێـوان یەکێتیـی تایفـەکان و نوێنەرانـی حکوومـەت بـوو، گۆڕانکارییەکـی قـووڵ لـە کۆمەڵگـەی بەلووچـدا ڕووی دا (رزم آرا، ١٣٢٠، ٤٤). گۆڕانکارییـە کۆمەڵایەتـی و ئابووری و سیاسـییەکانی نیـو سـەدەی ڕابـردوو لـە بەلووچسـتانی ئێـران، گۆڕانکارییەکـی بنەڕەتـی لە فۆرمی چینە کۆمەڵایەتییەکانـی کۆمەڵگەی بەلووچ و چینایەتیی نەریتیی کۆمەڵـگای لادێیـی و عەشـیرەیی بـەدی هێنـا. لەگـەڵ دارمانـی سیسـتەمی ناوەندیـی دەسـەڵاتی سـەرکردایەتی لـە نـاو پێکهاتـەی سیاسـیی کۆمەڵـگادا، پێگـە و دەسـەڵاتی دەزگای سـەرکردایەتی و شـان و شـکۆی حاکومـزات و سـەردارەکان و خانەکان تێک و مـەکان درا. ئەمڕۆ لەگـەڵ گۆڕانی جۆری بۆنـە و پەیوەندییـە کۆمەڵایەتـی - ئابوورییەکانی نێوان چینی باڵادەسـت و بندەسـتی کۆمەڵگا، پێگەی کۆمەڵایەتـی و ئابووریـی چینـە پلـە نزمـەکان، واتـە گرووپـە بەرهەمهێنـەرە سـەرەکییەکانی کۆمەڵگـە خێڵەکی و لادێنشـینییەکانی بەلووچسـتان، گۆڕانی بە سـەردا هاتووە و گەشەی سەندووە و جیاوازییە چینایەتییەکانـی نێوانیـان نەمـاوە (بلوکباشـی، ١٣٨٣).

بیروباوەڕی ئایینیی بەلووچەکان لە سەرەتای سەردەمی ئیسلامی و پێش ئەویش زۆر ڕوون نییە. هەندێک لە لێکۆڵەرە موسڵمانەکان، وەکوو جان محەمەد لە کتێبی «میراتی فەرهەنگیی بەلووچ»دا[1] ، بەلووچە سەرەتاییەکان بە شوێنکەوتوو و باوەڕمەند بە ئایینی زەردەشتی و گاور یان مەجووسی دەزانێت (احمدی، ١٣٧٨، ١٠٨). بەلووچەکان هەر ئایین و ئایینزایەکیشیان بووبێ، ڕەنگە یەکێک لە یەکەم گەلانی دەرەوەی نیمچە دوورگەی عەرەبی بن کە دوای یەکەم فەتحی ئیسلامی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی

١. میراث فرهنگی بلوچ

ئێران یان بە پێی گێڕانەوەیەک لە سەردەمی عەباسییەکاندا بوونەتە موسڵمان (ابن حوقل، ٢٧٠). بەلووچەکانی ئێستا زۆربەیان سوننەی حەنەفی و هەندێکیان وەکوو شێروانییەکان و بامەرییەکان و هەندێک بەلووچی کۆچبەری خوراسان و کرمان شیعەن. ئەو بەلووچانەی کە کۆچیان بۆ وڵاتانی عەرەبی و شێخنشینەکانی کەنداوی فارس کردووە زۆربەیان چوونەتە سەر ئایینزای حەنبەلی (بلوکباشی، ١٣٨٣). بەڕێوەبردنی کاروباری ئایینی و شەرعیی بەلووچەکان لە ئەستۆی ئەو مەلا و مەولەوییانەیە کە زۆرتر لە قوتابخانە ئایینییەکانی پاکستان خوێندوویانە. مەولەوییەکان لە ناو کۆمەڵگای بەلووچدا شکۆ و کاریگەرییەکی زۆریان هەیە و زۆر جار لە ڕووی شان و شکۆ و پێگەوە کێبڕکێ لەگەڵ سەردارەکان دەکەن. باس لەوە کراوە کە لە دارولعولووم دیوبەندیی هیندستان، ڕیزبەندیی مەولەوییەکان بەم شێوەیە: ١- مەولەوی عالم، هاوئاستی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە. ٢- مەولەوی فازڵ، هاوتای بڕوانامەی ماستەرە. ٣- مەولەویی کامڵ هاوئاستی بڕوانامەی دکتۆرایە. لە دوای بەرقەراربوونی ئارامی بە سەر بەلووچستاندا (١٣٤٠ هەتاوی)، گرنگیدان بە جێبەجێکردنی ڕێسا و ئەرکە ئایینییەکان و بەشداریکردن لە چالاکییە ئایینییەکان لە ناو موسڵمانانی بەلووچی سوننەدا، کە هەندێک جار جۆرێک ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ شێعە بوو، زیادی کردووە. زۆرێک لە خێڵە کۆچەرییەکان پەروەردەی ئایینیان وەرگرتووە و بوونەتە مەلا. مەلاکان تا دێ دەسترۆیشتووتر دەبن و لە ڕێنوێنیکردنی خەڵک و چاودێریکردنی کاروبار و ڕێورەسمە ئایینییەکانی خەڵک چالاکتر بوون. خەڵک لە ڕۆژانی پشوودا (بەتایبەت ڕۆژانی هەینی) کە بۆ نوێژکردن و بەندایەتی کۆ دەبنەوە، خەریکی چالاکیی پەروەردەیی و پڕوپاگەندەی سیاسیش دەبن (Salzman,1992, 52-53). لە چەند دەیەی ڕابردوودا دەسەڵاتی دەوڵەتە ناوەندییەکان لە سەرتاسەری بەلووچستانی ئێران و پاکستان پەرەی سەندووە کە ئەمەش دەسەڵاتی سەردارەکانی کەم کردووەتەوە و دەسەڵاتی مەولەوییە دەرچووەکانی خوێندنگەکانی هیندستان و پاکستان لە ناو بەلووچەکاندا بەتایبەت بەلووچەکانی ئێران زیادی کردووە. مەولەوییەکان لە لایەن بەلووچە ئەهلی سوننەکانەوە نوێنەرایەتیی کاروباری سیاسیی کۆمەڵگایان پێ سپێردراوە و دەسەڵاتە ئایینییەکەیان بووە بەدیلی دەسەڵاتی سەردارەکان لە ناوچەکەدا، کە ئەمە هۆکاری بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاریی ئیسلامیی بەلووچەکان و گرنگیدانی زیاتریان بە کاروباری ئایینی بووە (BALUCHISTAN i, 1988).

ڕێکخستنی ئامانجدارانەی کاروباری ئایینی و ئایینزایی و بانگەشە بۆ ئایین لە ناو کۆمەڵگەی بەلووچدا لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا هۆگربوونی زیاتری گەلی بەلووچ بە ئایین و ئایینزای لێ کەوتۆتەوە و ئەگەر نەڵێین شوناسی ئایینزایی بەلووچەکان بە سەر شوناسی ئێتنیکییاندا زاڵ بووە، دەتوانین ئیدعای ئەوە بکەین کە ڕەنگ و بۆنی ئایین و بیر و باوەڕی ئایینیی بە شوناسە ئێتنیکییەکەیان بەخشیوە، لە ئێستادا لە ڕوانگەی ڕای گشتییەوە، دیارترین تایبەتمەندیی شوناسیی بەلووچەکان سیما ئایینییەکەیانە. ئەم گۆڕانی شوناسە بەرهەمی هەڵمەتێکە کە تێیدا خوێندنەوەیەکی ڕێکخراو و دامەزراوەیی بۆ ئایین دەخەنە بەرنامەی کارەوە. زانایانی ئایینی، بارودۆخ و مەلا کۆنەکانیان بە تاوانبار دەزانی و بەوە تۆمەتباریان دەکردن کە هیچیان لە ئامۆژە

ئایینییەکان نەزانیوە و خوێندەواریی تەواویان نەبووە، هەوڵیان دەدا نەزمێکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی تایبەت لە ناوچەکەدا پێک بهێنن و بە قسەی خۆیان خەڵکی بەلووچ دیسان بەرەو ئیمانهێنانەوەی دووبارە بە ئایینی ئیسلامی ڕاستەقینە واتە ئەو جۆرەی کە لە دەقی سەرەکی و بنەڕەتیی ئیسلامدا هاتووە، بانگهێشت بکەنەوە. مەولەوی حسێن پوور (بەڕێوەبەری مەدرەسەی عەینەلعولووم لە گۆشت سەراوان و یەکێک لە زانایانی کۆن و دیار و خوێندەواری بەلووچستان) لەو بارەوە دەڵێ: «حەزرەتی ساحێب و کەسایەتییەکانی وەکوو مەولانا شەهداد، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو جۆرە هەلومەرجانە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم گەندەڵییانە و هەروەها چاکسازی لە بیدعە و دابونەریتە بێبنەماکاندا ڕاپەڕین. ئەگەر کەسێک مێژووی ئەوسا بە هەموو وردەکارییەکانیەوە بۆمان بگێڕێتەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ بارودۆخی مەککەی پێش ئیسلام نەبووە. تەنیا جیاوازی ئەوە بوو کە خەڵکی مەککە هەتا ئەوسا ئیسلامیان نەدەناسی، بەڵام خەڵکی ئەم ناوچە سەرەڕای ئەوەی ئیدعای موسڵمانێتیان دەکرد، هێشتا خۆیان لە زۆر داب و نەریتی سەردەمی جاهیلییەت ڕزگار نەکردبوو» (حسین پور، ١٣٩٠، ٥٥ -٦١) لە ڕوانگەی مێژووییەوە، فاکتەرە پێکهاتەییە پێویستەکان بۆ پەرەسەندنی بنەڕەتیی بونیادگەرایی ئایینی لە بەلووچستانی ئێراندا لە دوای شۆڕشی ئیسلامییەوە دابین بووە. بەڵام هەتا نیوەی دووەمی شەستەکان (هەتاوی)، بناژۆخوازیی (یان بونیادگەرایی) ئایینی لە هەوڵی خۆدۆزینەوە و ڕێکخستن و پەرەسەندن بووە. لە نیوەی دووەمی سالانی شەستەکانەوە، بناژۆخوازانی ئایینی، کاتێک هەلی پێویستیان بۆ ڕەخسا هەستان بە بەرفراوانکردنی کۆمەڵایەتیی گوتارەکانیان. لە ڕاستیدا بۆ ئەوەی پشتیوانیی کۆمەڵایەتیی خەڵک بەدەست بهێنن بە پێی ئامۆژە و فێرکارییەکانیان خەڵکیان پەروەردە دەکرد. ئەوان بۆ ئەم مەبەستە لە پاڵ بەرنامەی پەروەردەیی سیستماتیک، داوا لە خەڵک دەکەن کە لە پێناو بەختەوەریی ئەم دنیا و ئەو دنیایان دەبێ ژیانی ڕۆژانەیان بە پێی فێرکاری و ئامۆژەکانی ئەوان ڕێک بخەن. بەم شێوە، وردە وردە گوتاری بناژۆخوازی ئایینی، گوتارە ڕکابەرەکانی دیکەی ناچالاک کردووە و بە تێکەڵکردنیان لەگەڵ کۆمەڵگەی بەلووچدا، بۆتە گوتاری زاڵ بە سەر شوناسی کۆمەڵگادا. هەر بۆیە باوی ڕۆژگار ئەوەیە کە بیچمگرتنی ڕەوتی گشتیی ئایینیبوونی ژیانی ڕۆژانەی بەلووچەکان بە بەشداریی لایەنە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگایە.[١]

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییە فەرهەنگی و شوناسییەکانی گەلی بەلووچ، زمانی بەلووچییە کە پاشخانێکی مێژوویی کۆنی هەیە. هەر چەند زمانی بەلووچی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێراندا باو بووە، بەڵام بە پێی پێوەرە زمانەوانییەکان بە یەکێک لە زمانە نوێکانی باکووری ڕۆژاوای ئێران دادەنرێ، کە ئاخێوەرانی زمانی بەلووچی لە بەلووچستانی پاکستان، ئێران و ئەفغانستان و

---

١. بۆ خوێندنەوەی زیاتر سەبارەت بەم بابەتە: جهان‌تیغ، حسین، خواجه، اکبر، و جهان تیغ، زهرا. (١٤٠٠). تقدم مذهب بر قومیت: سازمان‌ها و نهادهای اسلامی حنفی‌مذهبان بلوچستان ایران. پژوهشنامه مذاهب اسلامی، ٨(١٥)، ٣١٧-٣٣٥.

بەلووچە کۆچبەرەکان لە وڵاتانی دیکە قسەی پێدەکەن. ئەم زمانە زۆر لە زمانەکانی تاتی، کوردی، مازەندەرانی (تەبەری)، گیلەکی و تاڵشی نزیکە. زمانی بەلووچی هەندێ تایبەتمەندی هەیە کە وا دەکا لەگەڵ هەندێک زمانی ئێرانیی ناوەڕاستدا نزیکایەتی هەبێ، لەوانەش زمانی پارتی. لە هەمان کاتدا ئەم زمانە تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کە بە هۆی ئەو تایبەتمەندییانەوە لە هەموو زمانە ئێرانییە ناوەڕاستەکان بۆ نموونە زمانی پارتی جیای دەکاتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە دەکرێ بڵێین کە لە ڕاستیدا زمانی بەلووچی پاشماوەی هیچ کام لە زمانە ئێرانییە ناوەڕاستەکان نییە و زمانێکی سەربەخۆیە کە ئێمە تەنیا بەرهەمی سەردەمی نوێی ئەم زمانەمان لەبەر دەستە. بەو پێیەی زمانی بەلووچی لە وڵاتانی جیاجیادا باوە، هەر لە سەرەتای پۆلێنکردنی ئەم زمانە، هیچ کۆدەنگییەک لە نێوان زمانناساندا دروست نەبووە. کەواتە پۆلێنبەندیی جیاوازیان بۆ زمانی بەلووچی هەیە. بۆ نموونە هەندێک وەک ئەفشار سیستانی و بەهرام فەرەهوەشی وتوویانە: «بەلووچیی باکووری و بەلووچیی باشووری» و هەندێکی دیکەش لەوانە گریرسۆن وتوویانە: «بەلووچیی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوایی» و لێکۆڵەرانی وەک سێر جۆرج گریرسۆن - کە لەم دواییانەدا ئەم بۆچوونەی وروژاندووە - دەڵێن بەلووچی بە سەر سێ پۆلی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژاوایی و باشووریدا دابەش دەکرێت. بەڵام ئەگەر بمانهەوێ ئەم دابەشبوونە کەمێک ئاڵۆزە وەلا بنێین و ئاماژە بە گرنگترین و لە ڕاستیدا ناسراوترین شێوەزارە بەلووچییەکان بکەین، پێویستە ئاماژە بە شێوەزاری ڕەخشانی بکەین کە یەکێک لە زاراوە بەلووچییە پڕئاخێوەرەکانە و لە ئێران، پاکستان، ئەفغانستان، و تورکمانستان ئاخێوەری هەیە و قسەی پێدەکرێت (طامه، ١٣٩٦؛ رضایی باغ بیدی، ١٣٨٢؛ بلوچی، دائرەالمعارف بزرگ اسلامی). نزیکەی یەک لە سەر سێی وشە بەلووچییەکان وشەی بیانیی فارسی – عەرەبین، هەروەها زمانی بەلووچی لە زمانە هیندییەکان - بەتایبەت زمانەکانی سندی و لەهندا و لەم دواییانەدا ئۆردو وشەی وەرگرتووە. وشەی براهۆیی لە زمانی بەلووچیدا زۆر کەمن. لەم حاڵەتەدا کاریگەریی بەلووچی بە سەر براهۆییدا زیاتر بووە، بە جۆرێک کە نزیکەی ٢٠ لە سەدی وشەکانی براهۆیی سەرچاوەی بەلۆچییان هەیە (Elfenbein, 1989, 358-6).

- **بارودۆخی ئابووری**

لە سەردەمی پێش مۆدێرن، کۆمەڵگەی بەلووچ ئابوورییەکی فرە سەرچاوەی هەبوو و بە کۆمەڵێک تەکنیکی جۆراوجۆر داهاتیان وەدەست دەهێنا. چالاکییە بەرهەمهێنانە نەریتییەکانی گەلی بەلووچ بریتی بوون لە بەخێوکردنی مەڕ و بزن و حوشتر، کشتوکاڵی ئاودێری و دێمەکاریی دەغڵ و دان، چاندنی خورما، ڕاوکردنی ئاژەڵ و کۆکردنەوەی خۆراک و مادەی خاو و سروشتی. ئێستا هەموو ئەم چالاکییانە وەکوو خۆی ماوەتەوە و کاری حەقدەستی و قاچاخچێتی کەل و پەلیشی پێ زیاد بووە (سالزمن، ١٣٧٥، ٥٢). لە سووڕی ژیانی ئابووریی ساڵانەی بەلووچەکاندا، دوو یان سێ چالاکیی بەرهەمهێنانی جیاواز پێکەوە هەبوون. بەلووچ لە هەر کاتێکدا دەبوو لانیکەم

دوو کار لە دوو شوێنی جیاوازدا بکات. ئەم مەسەلە جۆرێک لە دابەشکردنی ئیش و دیاریکردنی ئەرکەکانی لە ناو بنەماڵە بەلووچەکاندا دروست کردبوو، بەو پێیەی کە هەر کەسێک دەیتوانی بۆ کارکردن و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان لە یەک کاتدا لە چەند جێگا بێت. کۆچکردن گرنگترین شێوەی بەدەستهێنانی سامانی سروشتی لە ناو عەشایەرە بەلووچەکانە، بەلووچەکان دوو جۆر کۆچیان هەبووە: کۆچی شوانکارەیی لە سنوورەکان، و کۆچی فرەسەرچاوە لە ناوچە شوانکارەییەکانی سەر سنوور هەتا ناوچەکانی چاندنی خورما لە مەشکیل (= ناوچەی مەشکید). ئەم دوو جۆر کۆچ و ئەو بەرهەمانەی لێیانەوە بەدەست هاتوون تەواوکەری یەکتر و تا ڕادەیەک وابەستەی یەکتر بوون و لەگەڵ سەرچاوە ئابوورییەکانی دیکە، نەزمی ئابووریی کۆمەڵگای بەلووچیان پێک هێنا.

کشتوکاڵ لە بەلووچستان پشت بە بارانبارینی وەرزی دەبەستێت. چاندنی گەنم بە تەواوی پێویستی بە ئاوی بارانە. دوو بارینی باش لە سەرەتای بەهاردا، جووتیارانی بەلووچ بۆ دروێنەکردنی بەرهەمێکی باش دڵنیا دەکاتەوە. هەندێک لە کێڵگە ئاودێرییەکان بە ئاوی ڕووبارەکان و هەندێکی تریش بە ئاوی کارێز ئاودێری دەکرێن. بەلووچ ئاشنا بە ئاوی کارێز و هەڵکەندنی نەبووە و بەو کەناڵانەی کە بە ڕووبارە هەمیشەییەکانەوە دەبەسترانەوە دەیانوت کارێز. بەرهەمی کشتوکاڵی بەلووچەکان بریتین لە خورما، گەنم، برنج و گەنمەشامی. خورما و گەنم گرنگترین بەرهەمی ئەم ناوچەن. خورما بەشێکی گرنگی خۆراکی خەڵکی ئاساییە و زیادەکەشی یەکێک لە چەند جۆر بەرهەمی هەناردەکردنی ساڵانەی بەلووچستانە (Spooner, 1946, 57-58).

بەلووچەکان کە لە کەناراوەکانی دەریای عوماندا دەژین، زۆربەیان لە ڕێگەی ماسیگرتنەوە بژێویی ژیانیان دەست دەخەن. ئەم ماسیگرانە کە پێیان دەوترێ «مید»، زۆربەیان نیشتەجێی بەندەرەکانی چابەهار، کەنارەک و تیس (یان تیز) بوون. میدەکان جگە لە ڕاوکردنی ماسی، سەرقاڵی بەلەم سواری و کەشتیوانی و خوێگرتن لە گۆمەکان بوون. ماسیگرانی بەلووچ ماسییە زیادەکانیان لە خوێ دەگرت و بە دانەوێڵە و فاسۆلیا کە لە ناوخۆی بەلووچستانەوە بۆیان دەهات، دەیانگۆڕینەوە (بلوکباشی، ١٣٤٨).

لە ڕووی ڕەوشی ئابورییەوە لە قۆناغی ئێستادا، نزیکیی ئەم پارێزگایە لە هەر دوو وڵاتی ئەفغانستان و پاکستان، سەرەڕای بوونی بازاڕی بێ ڕکابەر لە لایەک و ئەو هەلومەرجەی کە باڵی بە سەر ئەو وڵاتانەدا کێشاوە لە لایەکی دیکەوە، وای کردووە کە ئەم پارێزگایە گرنگییەکی زۆر تایبەتی هەبێت. لە لایەکی دیکەوە لە ئێستادا ناوچەی سیستان بە هۆی وشکەساڵیی یەک لە دوای یەک و گرتنەوەی ئاوی هیرمەند بە هۆی پابەندنەبوونی وڵاتی بەرامبەر بە ڕێککەوتنە دوو قۆڵییەکان و ڕەچاونەکردنی نۆرەئاوی کۆماری ئیسلامیی ئێران، تووشی کێشە و ئاڵنگاریی لە بەشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی بۆتەوە. ئەم پارێزگایە بە هۆی هەڵکەوتنی لە پشتێنەی کانگایی کە لە ئەورووپاوە دەست پێدەکا و دوای تێپەڕین بە میناب و بەرزاییەکانی جازمووریان بەرەو خاش و زاهدان بەردەوام دەبێ، یەکێک لە سامانە کانگاییە دەوڵەمەندەکانی بواری کانزا و ناکانزایە. توێژینەوە

ئەنجامدراوەکان دەریدەخەن کە پوتانسێڵە کانگاییەکان لە پوتانسێڵە گرنگەکانی گەشەپێدانی پارێزگاکەن و زۆرێک لە کانزا و ناکانزا ناسراوەکان، پتانسێڵی ئەوەیان هەیە کە ببنە بنچینەی پیشەسازیی گەورەی کانزایی. پوتانسێڵە گرینگە کانزاییەکانی ئەم پارێزگا بریتییە لە ڕێژەیەکی زۆری گرانایت (١٩٩,٤٢٣ هەزار تەن)، مس (٣٦,٠٥٤ هەزار تەن)، کرۆمیت (٣٤٠ هەزار تەن)، تیتانیۆم (٢٢,٧١٤ هەزار تەن)، ئاسن (١٩٣,٠٠٠ هەزار تەن)، زێڕ (٣,٦٦٩ هەزار تەن)، ئەنتیمۆن (١٦٠ هەزار تەن)، مەڕمەڕ (١١١٧٧ هەزار تەن)، بەردی ئاسن (٢١٠٨٦٩ هەزار تەن). بە گشتی یەدەگی دەستنیشانکراوی پارێزگاکە ١,١٠٠,٠٠٠ هەزار تەن و لە پلەی ٩ی ئێران و هەروەها کۆی مۆڵەتی بەکارهێنانی پارێزگاکە ٢٠٠ فەقەرەیە کە لە سەر ئاستی ئێراندا پلەی ١٨ی هەیە (سیمای عمومی استان، ١٣٩٩).

پارێزگای سیستان و بەلووچستان کەشوهەوایەکی گونجاوی بۆ چاندنی بەرهەمی بەسوودی هەناردەیی بەتایبەت میوە ئوستووایی و گەرمێنەکانی وەکوو خورما، مۆز، مزرەمەنییەکان (وەکوو پرتەقاڵ و لیمۆ و ...)، ئەنبە، پاپایا، چیکۆ، فستق و ترێی یاقووتی هەیە کە هی ناوچە گەرمێن و نیوەگەرمێنەکانی سیستان و بەلووچستانن. گرنگترین بەرهەمی کشتوکاڵیی ناوچەی سیستان و بەلووچستان گەنمە. لە ڕووی بەخێوکردنی ئاژەڵەوە، ئەم پارێزگا سێ ملیۆن و ٤٠٠ هەزار سەر ئاژەڵی هەیە. لە بەلووچستان، ئاژەڵداریی بەرفراوان وەکوو عەشایەرەکانی دیکەی ئێران و هەوارنشینی نییە و بە دەگمەن دەبینرێت. بەڵام بەخێوکردنی حوشتر لە ناو عەشایەرەکانی ئەم هەرێمەدا ڕەونەقی زیاترە و زیاتر بۆ گۆشت و شیر ڕاپاندەگرن، ڕەنگە بۆ بارکێشی و ڕەنگە قاچاخێتیش بەکاریان بێنن. هەروەها هەڵکەوتەی پارێزگاکە لە دەوروبەری ئاوە گەرمەکانی دەریای عومان و ئوقیانووسی هیند وای کردووە کە ئەم پارێزگا سامانی دەوڵەمەندی دەریایی و ئاوی و زەوی و کەشوهەوای گونجاو لە کەناراوە باشوورییەکان بۆ پەرەپێدانی چالاکیی ماسیگرتن و ڕاوکردن و پیشەسازییەکانی پەیوەست بە ماسیگرتن هەبێت (ابراهیمزاده، ١٣٨٠، ١٧١). بەشە باشوورییەکانی پارێزگای سیستان و بەلووچستان لە پاڵ یەکێک لە گەورەترین سەرچاوە ئاوییەکانی وڵاتی ئێران واتە دەریای عومانە. ئەم نزیکایەتییە پێگەیەکی تایبەتی بۆ چالاکییە گەشتیاری و کات بەسەربردنەکان و هەموو جۆرە وەرزشێکی ئاوی لە کەناراوەکانی دەریای عومانەوە بە تایبەت لە وەرزی زستاندا دابین کردووە (نگارش، ١٣٨٥، ٦٢ -٨١؛ بیکمحمدی، ١٣٧٥، ١١ -١٣).

ئەنجامی ئامارە ناوچەییەکان لە ساڵی ١٣٨١ی هەتاویدا، بەرهەمی ناپوختی ناوخۆی ئەم پارێزگا بە یازدە هەزار و ٧٣ ملیارد ڕیاڵ ڕاگەیێنراوە کە دەکاتە نزیکەی ١/١٢ لە سەدی بەرهەمی ناوخۆیی گشتی. بەراوردکردنی پشکی ئەم پارێزگا لە بەرهەمی ناپوختی گشتیی ناوخۆی ئێران (١/١٢ لەسەد) لەگەڵ پشکی پارێزگاکە لە کۆی دانیشتوانی ئێران (٣/٤ لەسەد) ئاستی لاوازیی پێکهاتەی ئابووری بەتایبەت ئابووریی فەرمی و بەشدارینەکردنی بەهێزی ئەم پارێزگایە لە بەرهەمهێنانی نیشتمانی دەردەخات. لە پێوەرەکانی دابەشکردنی داهاتیشدا (ڕێژەی جینی)، ئەم

ڕێژە لە ناوچە ڕۆژهەڵاتییەکانی پارێزگاکەدا ٠٫٤٥ لە سەد لە ساڵی ١٣٧٨ هەتاوی بۆ ١٫٠٣ لە سەد لە ساڵی ١٣٩٠ هەتاوی بەرز بۆتەوە و لە ناوچە لادێییەکان لە ٠٫٤٥ لە سەد لە ساڵی ١٣٧٨ بۆ ١٫٠١ لە سەد لە ساڵی ١٣٨٢ هەتاوی بەرزبوونەوەی بە خۆوە بینوە. کە ئەمە نایەکسانیی دابەشکردنی ئیمکانیات لە سەر ئاستی پارێزگا پیشان دەدا (کیانی و طاهری، ١٤٠١، ٣٤). پرسی گەشەنەکردنی بەلووچستان زیاتر پرسێکی سیاسییە تا ئابووری، و دەرەنجامی سیاسەتی هەڵاواردنی ئێتنیکییە، کە بە شێوەی ئامانجدار ناهێڵێ هیچ جۆرە دەرفەتێکی سیاسی و ئابووری بۆ ناوچە پەراوێزییەکانی دەوروبەری دروست ببێت.

ئابووریی بژێوی خەڵکی ئێران هەمیشە لە ژێر کاریگەریی گۆڕانکاریی سیاسیدایە. هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە پێوەرەکانی ئابووریی خەڵکدا. جگە لە گۆڕانکارییەکانی ژیانی خەڵک، ئاڵنگارییەکی دیکەی بەردەم ئابووریی ئێران، لێکبڵاوی و دابەشکردنەوەی سەرمایە لە نێوان ناوچە جیاجیاکانی ئێرانە. بەشی سەرەکیی داخوازیی سیاسیی ئێتنیکە ئێرانییەکان کە هەندێک جار توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە، ڕەگ و ڕیشەی دەچێتەوە سەر ئەم بابەتە. سیاسەتە ئابوورییە مەرکەزییەکان دروستبوونی پەراوێزی لێ کەوتۆتەوە و هەرچی ناوچەکان لە ناوەند دوور دەکەونەوە و لە سنوور نزیک دەبنەوە بۆشایی ئابووری و بژێویی ژیان زیاتر دەردەکەوێت. هەرچەندە هەندێک لە سیاسەتە ئابوورییەکان ڕەگ و ڕیشەیان دەچێتەوە سەر چۆنیەتیی ڕوانینی ناوەند بۆ دانیشتوانی پەراوێزی ئێران (ئێتنیکە ئێرانییەکان)، ناتوانین بە وردی سنووری بژێوی و داهات لەسەر بنەمای ئێتنیک دیاری بکەین.

بەڵگەکانی سەد ساڵی ڕابردوو لە ئێراندا، پیشاندەری نایەکسانیی دابەشکردنی دەرفەت و ئیمکاناتی کۆمەڵگان. لە کۆمەڵگایەکدا کە دادپەروەری هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی نەگرێتەوە یان هەستی مرۆڤەکان دەلالەت لە سەر نەبوونی دادپەروەری بکا، شوناسی نەتەوەیی بە هەموو پێکهاتەکانییەوە تووشی قەیران و ناسەقامگیری دەبێ، چونکە پێکهێنانی شوناسی نەتەوەیی لە سەر بنەمای پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی نەتەوەییە. کۆمەڵگایەک کە ئەندامەکانی خۆیان بە ئەندام و بە جۆرێک «هاووڵاتی»ی ئەو کۆمەڵگایە بزانن. هاووڵاتیبوون خۆی بە واتای بەرپرسیارێتی، دەروەستی، سۆز و باوەڕ و لە لایەکی دیکەوە هەڵگری ماف و ئەرکەکانە. لە لایەکی دیکەوە ئەندامان یان شارۆمەندان خۆیان لەگەڵ یەکتر بەراورد دەکەن و لە بەکارهێنانی ئیمکانیات، و سەرچاوە و ئیمتیازە دیاریکراوەکانی ناو کۆمەڵگا، خۆیان بە شیاوی وەرگرتنی ئەو مافانە دەزانن و داوای بەرقەرارکردنی دادپەروەری لە هەموو ڕەهەندە جیاوازەکاندا دەکەن. ئاشکرایە کە بەشی سەرەکیی بەڕێوەبردنی دادپەروەری لە ئەستۆی حکوومەت یان سیستەمی سیاسیی کۆمەڵگایە. ئەگەر مرۆڤەکان باوەڕیان بە ڕەچاوکردنی دادپەروەری نەبێ، ئەوا شوناسی هاووڵاتی و باوەڕ و پابەندبوون و بەرپرسیارێتی و سۆزیان - کە هەموویان دەرکەوتەی شوناسی نەتەوەیی ئەوانە - زیانی پێدەگات. ئەم پرسە دەبێتە هۆی نامۆبوونی کۆمەڵایەتی و دابڕانی کۆمەڵایەتی و

لە کۆتاییدا لەبەر یەک هەڵوەشاندنەوەی یەکگرتوویی و یەکڕیزیی کۆمەڵایەتی، کە بەردەوامیی ژیانی هەر کۆمەڵگایەک دەستەبەر دەکات. هەر بۆیە بەهێزکردنی گەشەی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی - ئابووری و باشترکردنی پێوەرەکانی بارودۆخی ژیانی هاووڵاتیان و دابەشکردنی دروستی ئیمکانیات و دادپەروەریی فەزایی لە پێویستییەکانی گەشەپێدانی بەردەوامن و پاراستنی ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەکات.

## ئێتنیکی ئازەری (تورکە ئازەرییەکان)

تورکە ئازەرییەکانی ئێران کە زیاتر لە ٨٥ لە سەدی دانیشتوانی تورک یان تورکزمانی ئێران پێک دێنن و ژمارەی حەشیمەتیان نزیکەی ١٥ ملیۆن کەسە کە دوای فارسی زمانەکان دووەم ئێتنیکی گەورەی ئێرانن (Azerbaijani people, Britannica). و زیاتر لە پارێزگاکانی ئەردەبیل، ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، هەندێ بەشی ئازەربایجانی ڕۆژاوا، زەنجان، قەزوێن و هەندێ بەشی هەمەدان دەژین. جگە لەو ناوچانە، ژمارەیەکی زۆریان لە شارەکانی دیکەی وەکوو ئەراک، کەرەج، قوم و تارانیش دەژین، هەندێک لە ئامارەکان ژمارەی دانیشتوانی تورک و ئازەریی شاری تاران بە سەرووی ٢٥ لە سەد دەخەمڵێنن (Tehran,Looklex Encyclopaedia). ئازەرییەکان وەکوو زۆرێک لە ئێتنیکەکانی دیکە، ناوەکەیان لە بنەچەی مێژوویی خۆیانەوە وەرگیراوە، ناوچەی ئازەربایجان، خاکێکە لە نێوان هەر دوو وڵاتی ئێران و کۆماری ئازەربایجاندا دابەش کراوە و لە ئەدەبیاتی ئێتنیکیی ئازەرییەکاندا پێیان دەوترێ ئازەربایجانی باکووری و باشووری.
ئازەرییەکان، کە بە ناوەکانی وەکوو: ئازەری، تورکیی ئازەری، ئازەریی تورک زمان و هتد ناسراون کە ژمارەی دانیشتووانیان لە سەر ئاستی جیهاندا نزیکەی ٣٠ بۆ ٣٥ ملیۆن کەسە، جگە لە ئێران، لە وڵاتانی کۆماری ئازەربایجان، تورکیا، گورجستان و داغستانی ڕووسیا ژیان بە سەر دەبەن (Sela, ١٩٧,٢٠٠٢).

- **ڕەچەڵەکناسیی مێژوویی و ئێتنیکی**

لە ناو ئێتنیکە ئێرانییەکاندا، زێدی ئێتنیکی و ڕەچەڵەکی مێژوویی تورکە ئازەرییەکان جێی مشتومڕ و خوێندنەوەی جیاوازە و لە بواری لێکۆڵینەوەی مێژوویی و ئێتنیکناسیدا دوو ڕوانگەی جیاواز و دژ بە یەکی لێکەوتۆتەوە. ڕوانگەی یەکەم کە گوتاری شوناسی نەتەوەیی ئێرانی بە سەردا زاڵە، پێی وایە کە ئازەرییەکان، هەم دانیشتووانی ئێستای ئێران و هەم خەڵکی کۆماری ئازەربایجان؛ لە ئێتنیکە ڕەسەنە ئێرانییەکانن و لە ڕووی نەژادی و ئێتنیکییەوە هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئێتنیکە تورکەکاندا نییە، بەڵکوو دوای کۆچ و لەشکرکێشیی هۆزە تورکەکان بۆ ناوچە جیاجیاکانی فەلاتی ئێران و داگیرکردنی ئازەربایجان زمانی گەلی ئازەری ڕووی لە تورکی کرد و لە ئەنجامدا زمانی ئازەری کە سەر بە زمانە ئێرانییەکانە لەناو چوو. لەم ڕوانگەوە کۆماری

ئازەربایجـان بەشـێکی دابـڕاوی خاکـی ئێرانە و لە سـنووری شارسـتانییەتی ئەم وڵاتەیە کـە پەیوەندیی مێژوویـی، فەرهەنگـی و ئایینی لەگەڵ نیشـتمانی دایکیـی خۆیدا هەیە (جـوادی ارجمند و همکاران، ١٣٩٤، ٢٢٠). ڕوانگـەی دووهـەم، لـە خوێندنەوەیەکـی تـەواو جیاوازدا، شوناسـی ئێتنیکیـی تورک لە ڕووی زمـان و فەرهەنـگ و نـەژادەوە بـە تـەواوی بـە تورکـی دەزانـێ و پێـی وایـە کـە نازنـاوی «ئـازەری» سـاختەکاری و شـێواندنە کـە پانئێرانییـەکان بـە مەبەسـتی دابڕاندنـی کۆمەڵگـەی ئـازەری لـە گەڵی تـورک دروسـتیان کـردووە و تـورک لـە ئێـران مێژوویەکـی کۆنـی هەیـە. هـەر وەک لـە دیوەکـەی تـری ئـەم ململانێـی گوتارییـەدا، پانئێرانییەکانیـش پێیـان وایـە دیـدگای تورکبوونـی ئازەرییـەکان لـە ژێـر کاریگەریـی ئەندێشـە پانتورکەکانـە و ئیدعـای ئـەوە دەکەن کە بزووتنـەوە شوناسـخوازەکان لە فۆرمی پانتورکیزمـدا هـەوڵ دەدەن شوناسـی ئازەربایجانـی لـە فۆرمـی شوناسـی تورکیـدا پێناسـە بکەنـەوە. پانتورکیـزم جۆرێـک گوتـاری شوناسـخوازییە کـە تایبەتمەندیـی خۆی هەیە. لـە گوتـاری پانتورکیزمدا، نیشـانە و چەمکـە دژەئیسلامییـەکان، جوداخـوازی، دژەئێرانیـزم، دژایەتیکردنـی ئێتنیکەکانـی دیکـە، چەواشـەکردنی مێـژوو و خـاک، هێماسـازی و فێمینیـزم، شانبەشـانی چەمکـی ناوەندیـی «یەکڕیزیـی نـەژادی تـورک» لێـک دەدرێتـەوە» (ابراهیمـی و همـکاران، ١٣٩٤، ٨).

بـە پێـی ئـەو گێڕانـەوە مێژووییـەی کـە بـاوەڕی بـە مێـژووی کۆنـی تـورک لـە ئێرانـە؛ یەکـەم کۆچـی گەلانـی تـورک بـۆ ئازەربایجـان لـە سـەدەی حەوتەمـی پێـش زاییـن، بـە کۆچـی سـەکاکان دەسـتی پێکـردووە. کۆچەکانـی دواتـر لـە سـەدەی پێنجەمـی زایینـی لەگـەڵ هاتنـی هوونـەکان ڕووی دا. لـەو مـاوەدا تورکـە کۆنەکان (بولگارییـەکان، خەزەرەکان، ئاغاچەرییەکان و سـابیرەکان) کە بەرەو ئەورووپای ڕۆژهەڵاتـی کۆچیـان کـردووە، هاتوونەتـە ئازەربایجـان و لێرە نیشـتەجێ بوون (هیئـت، ١٣٦٦، ١٦٩). ئـەم ڕوانگـەی کـە بـاس لە بوونـی زۆری تورکـەکان لـە ئازەربایجانی بەر لە سـەردەمی ئیـسلام دەکەن، ئامـاژە بـە هەنـدێ بەڵگەنامـە مێژووییەکانـی سـەردەمی فتووحاتـی ئیسلامـی وەکـوو مێـژووی تەبەری و دیوانـی لوغاتئەلتـورک و بیدایەتولنیهایـەت لـە نووسـینی ئیبنـی کەسـیر دەکـەن. تەبـەری لـە بەرگـی یەکەمـی مێـژووی خۆیـدا ئاوا باسـی شـاکانی یەمـەن دەکا: تەبەع پاشـای یەمـەن هاوچەرخی بەشتاسـب بـووە و هەروەهـا ئەردەشـیر بەهمـەن کوڕی ئەسـفەندیار کوڕی بەشتاسـب بـوو ... دەچێتە ئەنبـار و پاشـان موسـڵ و لەوێـوە دەچێتـە ئازەربایجـان لـەوێ تورکەکانـی بینی و شکسـتی پێ هێنان (طبری، ج١، ٤٠٤) هەروەها تەبەری لە سـەر ڕووداوەکانی سـاڵی ٩٠ کۆچی دەنووسـێ: لەم سـاڵەدا (٩٠ هیجـری) موسـەیلەمەی کـوڕی عەبدولمەلیـک لەگەڵ تورکەکان شـەڕی کرد و گەیشـتە ناوچەی بابولئەبـواب (دەربەنـد) لـە ئازەربایجـان و لـەوێ شـار و قەڵاکانـی داگیرکـرد» (طبری، ج ٥، ٢٢٦). پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بکەیـن کـە کاریگەرییـە واتاییەکانی ئەم دەقانـە، بە هـۆی وەرگێڕانی جیـاوازەوە، بووەتـە خاڵی ناکۆکی سـەبارەت بە ڕاسـتی و دروسـتی پێشـینەی مێژوویـی تورکەکان لـە ئازەربایجان، بـەو پێیـەی کـە هەندێک لـە زانایانی مێژوویی ئێران ئەم بۆچوونانە بـە کارتێکراوی وەرگێڕانـی ناتەواو و تێگەیشـتنی هەڵـە و چەواشـەکردنی ڕاسـتییە مێژووییـەکان دەزانن .

جگە لەو مشتومڕە مێژووییانەی کە سەبارەت بە مێژووی تورک لە ئازەربایجان هەیە، کۆچی بەکۆمەڵی تورکەکان بۆ ئێران و بەتایبەت بۆ ئازەربایجان لە سەردەمی سەلجوقییەکاندا ڕووی دا. لە سەردەمی مەلەکشادا تورکمانەکان هاتنە ئازەربایجان و زۆری نەخایاند کە شارەکانی وەکوو: گەنجە، خۆی، ورمێ و هەمەدان پڕ بوون لە تورکمان و شاری خۆی بە تورکستانی ئێران ناوزەد کرا. جگە لە ئۆغوزەکان، تورکەکانی قبچاقیش هاتن بۆ ئازەربایجان و بەشێکی گرنگی خێڵە قبچاقەکانیش لە باکووری دەریای خەزەرەوە هاتن بۆ قەوقاز، بەشەکەی تری هاتنە سەر ئایینی مەسیحی و لە ناو گورجییەکاندا تووانەوە. لە پێکهاتەی خەڵکی تەورێزدا، قبچاقەکان دەورێکی گرنگیان هەیە (هیئت، ١٣٦٦، ١٧٠). کۆچی تورکە ئۆغوزەکان لە تورکمانستانەوە هەتا سەردەمی مەغۆلەکان بەردەوام بوو، بە جۆرێک کە زۆرێک لە هێزەکانی ئیلخانات تورک بوون و ئەمەش یەکێک بوو لە هۆکارە سەرەکییەکانی تورکی بوونی زمانی ئازەربایجان. لە سەردەمی سەفەوییەدا تورکیکردنی ئازەربایجان بە هۆی کاریگەریی قزڵباشەکان زیاتر پەرەی سەند. وشەی «ئازەربایجان» لە وشەی کۆنی ویلایەتی «ئاتورپاتکان» وەرگیراوە و پیشاندەری ئەوەیە کە لەگەڵ گۆڕینی زمان، ناوی ناوچەکان بە کەمێک گۆڕانەوە تورکیزە نەبووە (Yarshater, ١٩٨٨). بەم شێوە لەگەڵ هاتنی بە لێشاوی تورکەکان بۆ ئێران بە هۆی کەشوهەوای گونجاو، لەوەڕگەی بەپیت، ئازەربایجان بوو بە یەکێک لە ناوەندە سەرەکییەکانی کۆبوونەوەی تورکەکان و لە قۆناغەکانی دواتردا ئەم بنکە بەهێزتر بوو. لەگەڵ بەدەسەڵات گەیشتنی خانەدانە تورکەکانی ئاق‌قویونلو و قەرەقویونلو لەم ناوچەدا پێگەی تورکەکان بەهێزتر بوو و لەگەڵ سەرهەڵدانی سەفەوییەکان کە لە بنەماڵە تورکەکانی ئازەربایجان بوون، ئازەربایجان سیمایەکی تەواو تورکی گرتە خۆی، تەنانەت ئەمە گۆڕینی ناو و ناوچەکانیشی لێ کەوتەوە.

پێگەی سەرەکیی ئازەربایجان بە ناوەندێتی تەورێز لە گۆڕانکارییە هاوچەرخەکانی ئێراندا، خاڵی یەکلاکەرەوەیە لە دیاریکردنی پێگەی ئێتنیکی ئازەری لە ئێرانی هاوچەرخدا، کە بە بەراورد لەگەڵ ئێتنیکەکانی دیکە جیاوازییەکی تایبەتی بە هەلومەرجی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگیی ئەوان بەخشیوە. لەگەڵ دەسپێکی سەردەمی قاجاردا، تەورێز بە نازناوی دارولسەلتەنە بوو بە شازادەنشینی ئێران و هەمیشە لەگەڵ شازادەی جێنشینی قاجاریش کۆمەڵێکی بەرفراوان لە دیوانسالارە گەورەکانی ئێران لەم شارە دەمانەوە و بە هۆی بەردەوامیی پەیوەندی لەگەڵ ڕووسیا و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ئەم ناوچە دەروازەی دزەکردنی ئەندێشە و دەستکەوتە نوێکانی ڕۆژاوا بۆ ناو ئێران بوو. بۆیە تەورێز و ئازەربایجان پێگەی پێشەنگیان لە پرۆسەی چوونی ئێران بۆ ناو سەردەمی مۆدێرن هەیە. ئازەرییەکان بەتایبەت لەگەڵ دەستپێکردنی بزووتنەوەی مەشروتییەت لە یەکەم دامەزرێنەرانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی بوون. ئەم پێگە ژیۆپۆلیتیکە بووە هۆی ئەوەی ئازەرییەکان وەک ئێتنیکێکی پەراوێزی، پەیوەندییەکی جیاوازیان لەگەڵ ناوەندا هەبێ و ئەمەش هاوکات لەگەڵ شیعەبوونی ئازەرییەکان، ڕەوتێکی تایبەتتری لە پێکهاتنی ئێتنیکی ئازەریدا دروست کرد کە

سەرەڕای تورکبوون یان بە واتایەکی تر تورکزمان بوونیان و هەندێک فاکتەری ڕەتکەرەوەی دیکە هەتا ئێستاش وەک بەشێک لە سیستەمی ناسیۆنالیزمی ئێران ڕۆڵ دەبینن کە دەرەنجامەکانی لە هەموو بوارەکاندا بەتایبەت بواری ئابووریدا دیار و بەرچاوە.

- **لێکبڵاویی جوگرافی**

بە گوێرەی پێناسەی مێژوونووسان و جوگرافیاناسان، خاکی ئازەربایجان لە باکوور لەگەڵ ڕووباری ئاراس، کۆماری ئازەربایجان و ئەرمینیا، لە باشوورەوە لەگەڵ پارێزگاکانی کوردستان و زەنجان، و لە بەری ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ پارێزگای گیلان و دەریای خەزەر و هەروەها لە لای ڕۆژاواوە لەگەڵ تورکیا و عێراق سنووری هاوبەشی هەیە و هەر سێ پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، ئەردەبیل و بەشێک لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا لە خۆ دەگرێت. لە ڕابردوودا ئازەربایجان بە دەڤەرێک دەوترا کە لە بەری باکوورەوە بە ئەڕان و لە بەری باشووری ڕۆژاواوە بە ئاشوور و لە لای ڕۆژاواوە بە ئەرمینیا و لە بەری ڕۆژهەڵاتەوە بە دەشتی مۆغان و گیلان سنووردار دەبێتەوە و پایەتەختەکەی شاری «گەنجەک» (تەختی سولەیمانی ئێستا) لە نزیک شاری تکاو بووە (Zandjan, 2002, 446). ئازەربایجان دەکەوێتە باکووری ڕۆژاوای ئێران و لە یەکتربڕینی زنجیرە چیای ئەلبەرز و زاگرۆس و قەوقاز، و وڵاتێکی شاخاوییە. ڕووبارەکانی ئازەربایجان زیاتر دەڕژێنە ناو دەریاچەی ورمێ و دەریای خەزەر. کەش و هەوای زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژاوا و باکووری ڕۆژاوای ئازەربایجان شێداری مەدیتەرانەیی و لە ناوچەی باشووریش کەش و هەوایەکی مەدیتەرانەیی هەیە کە هاوینەکەی گەرمە (هویدا، ١٣٥٢).

سەبارەت بە ناونانی ئەم ناوچە بیروڕای جۆراوجۆر باس کراوە: ئەلف) هەندێ کەس سەرچاوەی ئەم ناوە بە هۆی بوونی ئاگر و ئاتەشگا لەم ناوچە دەزانن و ئازەربایجانیش بە واتای ئاگرپارێز (ئازەر + بایجان) مانا دەکەنەوە. تەبەری نووسەری مێژووی تەبەری، یاقووت حەمەوی، نووسەری کتێبی موعجەمولبولدان، چارڵ لێبۆی فەرەنسی، ویلیام جاکسۆنی ئەمریکی، بەهرام فەرەهوەشی و هتد هەمان بۆچوونیان هەیە. ب) هەندێک کەس ناوی ئازەربایجان بە وەرگیراو لە ناوی کەسێک بە ناوی «ئاتورپات»ـی پەهلەوی یان «ئازەرباد»ی فارسی دەزانن. ئیبنی موقەفەع، مەقدەسی، حەمدوڵڵا موستەوفی، نۆلدکە، بارتۆڵد، هێرتزفێڵد، گێرشمەن، مینۆرسکی، دیاکۆنۆڤ، ئێدوین ڕایت، پیرنیا و هتد داکۆکی لەم دیدگایە دەکەن. ج) دوو بۆچوونەکەی پێشوو وشەی ئازەربایجان بە پێی ڕەگ و ڕیشەی فارسی مانا دەکەنەوە، بۆچوونەکەی تریش ئەم وشە بە وشەیەکی لێکدراوی تورکی دەزانن. ئەکادیمیین ماد پێی وایە کە ئاتۆرپات پێش دەسەڵاتی ئاتۆرپات بوونی هەبووە و ناوی یەکێک لە هۆزە گەورەکانی ئازەربایجان بووە (صالحی امیری، ٢٠٤٨، ٢٠٤). محەمەد حسێن خەڵەف تەبریزی، نووسەری «بورهان قاتع» ئازەربایجان بەم شێوە مانا دەکاتەوە: «ئازەر بە تورکی بە واتای بەرز و «بایگان» بە واتای گەورەکان و پیاوماقوولان دێت (خلف تبریزی، ١٣٦١، ٢٤٩).

لە ڕووی جوگرافی و مێژووییەوە، ئەو خاکەی کە ئەمڕۆ پێی دەوترێ ئازەربایجان، هەروەها

بەرزەخی مادیشی پێ دەوترێ هەتا ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆیەمی زایینی ناوی تایبەتی خۆی نەبوو. لەگەڵ هاتنی هۆزە ئارییەکانی ماد بۆ فەلاتی ئێران، هۆزەکانی ماد لە هاوپەیمانییەکدا حکوومەتی میدیایان پێک هێنا. قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریی مادەکان لە دوو بەشی مادی بچووک و مادی گەورە پێک هاتبوو و «مادی بچووک» ئەو ناوەیە کە بۆ ئازەربایجانی ئێستا بەکار هاتووە (دیاکۆنۆف، ١٣٤٥، ١٨-١٨). داریۆشی یەکەم لە بەردنووسەکانیدا ئەم وڵاتەی بە «ماد» ناو بردووە، کە ئەم ناوە لە سەردەمی ساسانییەکاندا بۆ «مادی» و لە سەردەمی ئیسلامیدا بۆ «ماهی» گۆڕدراوە. جوگرافیناسانی پەیمانی کۆن باوەڕیان بە دوو ماد هەیە. «مادی گەورە» کە پێشتر بە عێراقی عەجەم ناسرابوو و بریتی بووە لە: هەمەدان، گەڕووس، کرماشان، قەزڤین، ئاران (ئەراک)، نەهاوەند و ڕەی کە بە دەریای خەزەر کە مادی لە پارت جیا دەکردەوە، سنووردار دەبۆوە؛ و «مادی بچووک» کە تەنها بە ئازەربایجان دەوترا. ناوی ئازەربادگان یان ئازەربایگان کە عەرەبیکراوەکەی ئازەربایجانە لە ناوی پەرستگای ئاگرەوە (ئاتەشگا) وەرگیراوە کە مۆغەکان لە تەوریزی ئێستا دروستیان کردبوو (وکیلی، ١٣٦٢، ٩).

لە سەردەمی هەخامەنیشیەکاندا ئازەربایجان بە یەکێک لە گرنگترین و گەورەترین ساتراپەکانی ئێران دادەنرا (طاهری، ١٣٧٤، ٢٣). لە سەردەمی سلووکییەکاندا، بووەتە ساتراپێکی سەربەخۆ و بە هۆی ناوی «ئەترۆپاتان»، فەرمانڕەوای ئەم ناوچە، ناویان ناوە «ئەترۆپاتگان» یان «ئازەربایگان» بووە (دیباج، ١٣٤٦، ١). لە کتێبی «جەنگهای ئیران» لە نووسینی پرۆکۆپیۆس، مێژوونووسی بیزەنتینی سەدەی شەشەمی زایینی ناوی ئەم ناوچە دوو جار بە شێوەی «ئادەربەیگانۆن» هاتووە. لە کۆتایی سەدەی چوارەمدا، فاوستۆسی بیزەنتی، مێژوونووسی ئەرمەنی، ئەم ناوەی بە «ئەتراپاتکان» و «ئەتراپایکان» بەکار هێناوە (زریاب خویی و گنجی، ١٣٩٨ هەتاوی). هەندێک پێیان وایە مانای ناوی ئەترۆپات ڕەگ و ڕیشەی خۆی لە ئایینی زەردەشتیەوە وەرگرتووە و بە واتای «ئازەربۆد» یان «پاسەوانی ئاگر» یان «ئاگرپارێزراو»ە (CHAUMONT, 1987) لە سەردەمی ساسانییەکاندا ئازەربایجان گرنگیی تایبەتی هەبوو. یەکێک لە سێ ئاتەشگا گرنگەکەی سەردەمی ساسانییە. ئاتەشگای ئازەرگوشنەسب لە شاری شیز لە ئازەربایجان بووە. پاشاکانی ساسانی لە کاتە سەختەکاندا سەردانیان دەکرد و چەندین دیارییان پێشکەش دەکرد. ئەم ئاتەشگا هێمای یەکگرتنی ئایین و حکوومەت بوو و بە هێمای حکوومەتی ساسانی دادەنرا. لە ڕووی دابەشبوونی وڵاتیشەوە ئیمپراتۆرییەتی ساسانی لە ٤ کۆست (بەشی گەورە) پێک هاتبوو کە ئادورباگان بریتی بووە لە: ئازەربایجان، ئەرمینیا، گورجستان، ئەڕان، دەیلەم، ڕۆیان، تەپورستان، و ڕەی کە ناوچەکانی باکوور و باکووری ڕۆژاوای دەڤەری ساسانی یەکێک لەوان بوو کە ناوی خۆیان لە نیشتمانی سەرەکیی خۆیان واتە ئازەربایجان وەرگرتووە (نولدکە، ١٣٧٨ ، ١٨٥).

لە سەردەمی دوای ئیسلامیشدا، سەبارەت بە سنووری ئازەربایجان جیاوازی بیروڕا هەیە و ئەم جیاوازیی بۆچوونە زیاتر تایبەت بە سنوورەکانی باکوورە. دوو بۆچوونی گشتی سەبارەت بە

پەیوەندیی نێوان ئەڕان و ئازەربایجان خراوەتە ڕوو. کەسانی وەکوو «ئیبنی خوردادبێهـ» نووسەری کتێبی ئەلمەسالیک وەلمەمالیک (المسالک و الممالک) لە سەدەی سێهەم، «ئیستەخری» نووسەری کتێبی ئەلمەسالیک وەلمەمالیک (المسالک و الممالک) لە سەدەی چوارەم و «ئیبنی ڕەشید» نووسەری کتێبی ئەعلاقولنەفسییە (اعلاق النفسیه) لە سەدەی چوارەمدا، لەو کەسانەن کە ئەڕان بە جیا لە ئازەربایجان دەزانن و ڕووباری ئاراسیان بە لاوە مەرز و سنووری نێوان ئەو دوو وڵاتەیە. بەڵام کەسانی وەکوو یاقووبی، بەلعەمی، مەسعوودی، ئیبن ئەسیر و خەلەفی تەورێزی کە بەرهەمەکانیان بە ڕیز لە سەدەی سێهەم، چوارەم، حەوتەم و یازدەهەمدا نووسراون، ئەڕان بە بەشێک لە پارێزگایەکی ئازەربایجان دەزانن و سنوورەکانی ئازەربایجان هەتا دەربەند و قەوقاز درێژ دەکەنەوە (رئیس‌نیا، ١٣٧٠، ٧٨-٧٩).

ئەم پرسە لەو ڕووەوە کە لە پرسی ئیتنیکی و سەرزەوینیدا فرە گرنگە زۆر مشتومڕی لە سەرە و هەر ڕوانگەیەک بە پشتبەستن بە سەرچاوەکان و بە شێوەیەکی هەڵبژێردراو هەوڵ دەدا بەڵگەیەک بخاتە ڕوو کە پشتڕاستکەرەوەی بۆچوونەکەی بێت. هەر وەکوو چۆن گرووپێک بە جەختکردنە سەر جیابوونی ئەم دوو ناوچە دەڵێن: بەشێک لە ناوچەی باکووری ئاراس کە ئەمڕۆ پێی دەوترێ ئازەربایجان لە سەردەمانی کۆندا ناوی «ئەلبان» و «ئەڕان» بووە. ئەحمەد کەسرەوی لە سەر ئەم بابەتە دەنووسێت: لە پەیماننامەی تورکمانچای و گوڵستاندا بەشی باکووریی ڕووباری ئاراس ناوی ئازەربایجانی پێ نەوتراوە. تەنیا لە سەدەی بیستەمدایە کە ناوی ئازەربایجان و ئازەربایجانی سروشتێکی ئێتنیکی بە خۆ دەگرێت. (احمد کسروی، ١٣٥٧ هەتاوی، ٢٥٥-٢٥٧) ناوی ئازەربایجان لە ساڵی ١٩١٨ و لە درێژەی کۆنگرەی حیزبی موساوات دەبێتە بەدیلی ناوی ڕەسەن و مێژوویی قەوقاز، ئەڕان و ئەلبانی. ئەم ناولێنانە بە ئامانجی جیاکردنەوەی ئازەربایجان لە ئێران ئەنجام دراوە.

بە گشتی ئازەربایجانی باکووریی ئێستا کە دەکەوێتە باکووری ڕووباری ئاراس کە ئەمڕۆ بە کۆماری ئازەربایجان ناسراوە، هەتا سەدەی سێیەمی کۆچی بە ناوچەیەکی جیا لە ئازەربایجان دادەنرا. بەڵام دوای سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی بابەکی خوڕەمدین و حوکمڕانیی تەواوی خەلافەتی عەباسی بەسەر باکوور و باشووری ئاراس، ئەڕان لە ڕووی ئیدارییەوە بوو بە بەشێک لە ئازەربایجان (ابن حوقل، ١٣٦٦، ٨١). سەرەڕای ئەوەی لە سەردەمی ئیسلامیدا ئەڕان و هەندێک جار ئەرمینیا لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە ئازەربایجان بوون، هەتا بەر لە هاتنی سەلجووقییەکان ڕووباری ئاراس بە سنووری باکووریی ئازەربایجان دادەنرا. بەڵام لە دوای کۆچ و زاڵبوونی سەلجووقییەکان بە سەر ناوچەکەدا، باکوور و باشووری ئاراس لە ڕووی زمانی و ئایینی و فەرهەنگییەوە و هەتا ڕادەیەک لە ڕووی سیاسییەوە وەکوو یەکیان لێ هات (طالعی، ١٣٩٠). لەم سەردەمەوە بە پێی نووسینی بارتۆڵد: «ئەڕان ڕاستەوخۆ بوو بە بەشێک لە ئازەربایجان» (بارتولد، ١٣٥٨، ٦٧) تا ئەو ڕادەی کە ناوی ئەڕان کەوتە ژێر کاریگەریی ناوی ئازەربایجانەوە و بە دەگمەن لە نووسینەکاندا لەگەڵ قەرەباغ و شێروان بەکار هێنرا. بۆ نموونە بڵاوبوونەوەی وشەی «قەرەباخی ئازەربایجان» لە بری «

قەرەباخـی ئـەڕان» (حیـدر میـرزا دوغلات، ١٣٨٣، ٧٢٠). هـەر لـەو پێوەندییەدا، هەندێ سـەرچاوەی سـەردەمی زەندییـەکان ئاماژەیان بە تێپەڕبوونـی ڕووباری ئاراس بە «ناوەڕاسـتی ئازەربایجان»دا کردووە (نامـی اصفهانـی، ١٣٦٣، ١١٠) و هەندێک سـەرچاوەی سـەردەمی قاجاریـش ئاماژەیان بە جیابوونی «حەڤدە شاری ئازەربایجـان» لـە ئێران کـردووە (فضـل الملـک، ١٣٦١، ٣٠٠).

- **تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی**

ئەگـەر گەلـی ئازەری بە میراتگـری فەرهەنگی جۆری ژیانی کۆمەڵگا تورکییـەکان لە قەڵەم بدەین، دەبێ ئـەوان وەک میراتگـری شـێوازی ژیـان و پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـە عەشـیرەیی و خێڵەکییەکان هەژمـار بکەیـن کە لە سـەر بنەمـای شـوانکارەیی و ژیانی کۆچەری دامەزراوە. ڕەوشـی کـەش و هەوای گونجـاو و جوگرافیـای سەرسـەوز بـە لەوەڕگـەی بەپیـت و ڕووبـاری پڕئـاو هەلومەرجێکـی وەهـای بـۆ ئازەربایجـان ڕەخسـاند کـە ببێتە ناوەندی ژیانی ئەو خێڵە گـەورە و بەهێزانەی کە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە مێـژووی ئێرانـدا هەبـووە. لە ناو عەشـیرەت و هۆزە گەورەکانـی ئازەربایجان دەتوانین ئامـاژە بە تورکمان و شاهسـەوەن و ئەفشـار و قەشـقایی و خەمسـە و خەلەج و شـوقاقی بکەین کە جگە لە ئازەربایجان لە خوراسـان و فارس و مازەندەران و گوڵسـتان و هەندێک ناوچەی تر نیشـتەجێن (راوندی، ١٣٥٤، ٢).

ڕێکخسـتنی خێڵەکیـی زۆربەی خێڵەکان بە پێی مۆدێلێکی هاوشـێوەی پلەبەنـدی و پۆلێنبەندیی پێناسـەکراو بـووە و شـێوازێکی تایبەتـی بەرهەمهێنانـی هەبـوو، کـە ڕەچاوکردنـی ئەم شـێوازە مانەوەی خێڵەکانـی دەسـتەبەر دەکـرد. بـۆ نموونـە ڕێکخسـتنی ئێلـی و بنەمـای ئابووریـی شاهسـەوەنەکان کە یەکێـک لـە هـۆزە بەناوبانگەکانـی ئازەربایجان بوون، بەم شـێوە بـوو: خێڵەکانی شاهسـەوەن لە زنجیرە پلـە و پایەیـەک پێـک هاتبوون کـە خانەدانەکانی ئێلبـەگ و ژمارەیەکـی دیکە ڕەچەڵەکی هاوبەشـیان دەگەڕانـدەوە بـۆ یەنسـور پاشـا، باپیـرەی بەدرخـان و خۆیـان بـە خێڵـی «بەگـزادە» نـاو دەبـرد. خێڵـە خزمەتکارەکانـی تـر پێیـان دەگوتـرا «هامپا» یان «هەمپـا». هەروەها هەر خێڵێکی بەگـزادە لە دوو چین پێـک دەهـات. ئەندامانـی بنەماڵـەی دەسـەڵاتدار ناوکـی ناوەندیـی خێڵەکـە بـوون. ئـەم چینـە نـاوی باپیـرەی خێڵیـان لـە خۆیـان دەنـا. دانـران لـە لایـەن حکوومـەت و خاوەندارێتیـی لەوەڕگـە و سـەر بـە باپیـرەی گـەورەی خێـڵ ئامرازی دەسـەڵاتی ئـەم چینە بـوو. چینـی بەگـزادە هەندێ نۆکەریـان هەبوو. چینـی بەگـزادە باجیـان نـەدەدا و ملیـان بـە کار نـەدەدا و خاوەنـی هەمـوو شـتێک بوون. لـە هەندێک خێڵـدا ژمـارەی ئـەم چینـە زیاتـر لە نیوەی حەشـیمەتی خێڵـەکان بـوو (تاپـر، ١٣٨٤، ١٤٧). هەرەمی ڕێکخـراوەی بەرهەمهێنانی ئێڵی شاهسـەوەن لە خێزانەوە دەسـتی پێ دەکـرد و بە تیرە و تایفە کۆتایی پـێ دەهـات. لـە ڕابـردوودا ئێڵـەکان لە لایـەن خانەکانـەوە سـەرۆکایەتی دەکـران کە خاوەنـی سـوودی کۆمەڵایەتی - ئابووری و سیاسـیی گـەورە بوون. سـەرکردەکانی شاهسـەوەن زۆر لە خانەکانی ئێڵەکانی وەکـوو ئێڵـی قەشـقایی بەدەسـەڵاتدارتر بوون. لە سـەرووی هـەر پلەیەکـی بچووکدا کەسـێکی بەرپرس هەبـوو کـە پێـی دەوترا ئاقسـەقەل [ڕیش سـپی]. لەگەڵ فراوانبوونی شارنشـینی و یەکجێنشـینبوونی

زۆربـەی عەشـایەرەکانی ئێـران، ئەندامانـی ئەم ئێڵەش لـە ناوچە جیاجیاکانی ئێراندا نیشـتەجێ بوون و پێکهاتـە ئێڵیاتییەکەیان نەما.

مـاوەی بەردەوامیـی پێکهاتـەی خێڵەکـی لـە ئازەربایجانـی ئێرانـدا لـە چـاو ناوچـە باکوورییەکانـی ئاراس [ئازەربایجانی باکووری] زیاتر بوو و بەو پێیەی کە حکوومەتە گرنگەکانی ئێران وەکوو سـەفەوی و قاجـار لە بنەڕەتدا لە ئازەربایجانەوە سـەریان هەڵدا، و شـیعە بوون، خێڵـە ئازەرییەکان پەیوەندییەکی زۆر دۆسـتانەتریان لەگـەڵ حکوومەتـە ناوەندییەکانـی ئێـران هەبـوو و بە بـەراورد لەگـەڵ ئێتنیکەکانی دیکـە، ئازەربایجـان ڕۆڵێکـی سیاسـیی چـالاکتری لـە مێـژووی ئێرانـدا گێـڕاوە. عـورووج بەیگـی بەیات پێڕسـتی ٣٢ خێڵ لە نێویاندا قاجار و ئەفشـاری وەک لایەنگرانی سـەرەتایی دەسەڵاتی سەفەوییەکان دەخاتـە ڕوو (بیـات، ١٣٣٨، ٦٧-٦٨). تەنانەت حکوومەتی سـەفەویش بۆ دروسـتکردن و بەهێزکردنی ئێڵەکانـی ئـەم ناوچـە هەنـگاوی ناوە کـە نموونەکـەی ئێڵی گـەورەی شاهسـەوەنە کە شـاعەباس وەک ڕێگرییـەک لـە دژی قەزڵباشـانەکان دروسـتی کرد. سـەرۆک ئێڵـەکان وەک هاوپەیمانانـی حکوومەتی ناوەنـدی و پاشـا، سـەربەخۆیی و دەسـەڵاتی سیاسـیی زۆریـان لـە ناوچەکـەدا هەبـوو و بـە کـردەوە تـەواوی ناوچـە ناشـارییەکانی ئازەربایجانیـان کـۆنترۆڵ کـرد. تاقمـە ئێڵەکانـی وەکـوو شاهسـەوەن تـا سـەرهەڵدانی ڕەزاشـا ناوچەکانـی باکـووری ڕۆژهەڵاتـی ئازەربایجانیـان بـە دەسـتەوە بـوو (احمدی، ١٣٨٢، ٢٠٦-٢٠٨).

لـە نـاو هێما فەرهەنگـی و کۆمەڵایەتییەکانـی گەلـی ئازەریـدا، زمانـی گەلـی ئازەربایجـان بـە مشـتومڕاویترین توخـم دادەنـرێ و هەتـا ئێسـتا هیـچ کۆدەنگییەک سـەبارەت بە پرۆسـەی گۆڕانەکەی لـە ئـارادا نییـە. بە پێی هەندێک دەسـکەوتی زمانناسـیی مێژوویـی، زمانی کۆنی خەڵکی ئازەربایجان ئـازەری بـووە کـە لـە زمانـە ئێرانییەکانـە و لەگـەڵ هاتنـی تورکـەکان زمانـی تورکیـی ئازەربایجانـی کـە یەکێـک لـە لقەکانـی زمانـی ئۆغـوزە کـە باڵـی بـە سـەر زمانـی ناوچەکـەدا کێشـاوە و لـە نێـو ئێرانییـە ئازەرییەکانـدا بـەکار دەهێـنرا. ئـەم زمانە چەندین شـێوەزاری وەکوو تورکیی ئەفشـاری، شاهسـەوەنی، سـونقوری و ئاینالـوو لـە خـۆ دەگرێـت (Knüppel, 2000). هـەر وەک بـاس کـرا، بنەچـەی زمانـی ئازەرییەکان سـەرەکیترین خاڵی مشـتومڕبزوێنە بۆ ناسـینەوەی زێدی ئێتنیکی ئازەرییەکانە و بەڵگەی لایەنگـر و دژبـەری، بنەمـای ئـەو مشـتومڕە بەرفراوانـەن کـە لەبـارەی شوناسـی ئێتنیکیـی ئەوانـەوە خراوەتـە ڕوو. مێهـرداد ئـازەری سـەبارەت بـە زمانـی ئازەرییـەکان دەڵـێ: زمانـی تورکـی کـە خەڵکـی ئازەربایجـان قسـەی پێدەکـەن، زمانی سـەرەکی و ڕەسـەنی خەڵکی ئـەم خاکە نییـە و هەندێک کەس بـە هەڵـە یـان بـە خراپەکارانە بـە زمانی ئازەری نـاوی دەبـەن. زمانی ئـازەری کە زمانی ڕەسـەن و کۆنی خەڵکـی ئازەربایجانـە، یەکێـک لـە لقەکانـی زمانـی پەهلـەوی و بـە بـڕوای زۆرێـک لـە مێژوونووسـان زمانـی ئاڤێسـتایە (آذری، ١٣٦١، ٥٣). هەروەهـا تـورەج ئەتابەکـی لـەو بۆچوونەدایە کـە زمانی تورکی دوای کۆچـە بەرفراوانەکـەی تورکـەکان بـۆ ئاسـیای بچـووک لـە سـەدەی ١١ی زایینـی (٥ هیجـری) هاتۆتـە ناوچـەی ئازەربایجـان (اتابکـی، ١٣٧٤، ٢٢). ئەحمـەد کـەسرەوی یەکێـک لـە مێژوونووسـە

بەناوبانگەکانە کە پێی وایە تورکی ئازەربایجان لە سەردەمی سەلجووقییەکاندا هاتوونەتە ناو ئەم سنووره و لەو سەردەمەشەوە زمانی تورکی لە ئازەربایجاندا پەرەی سەندووه. پێش ئەم قۆناغه زمانی باوی ئازەربایجان زمانی ئازەری بووه کە لقێک لە زمانی فارسییه (کسروی، ١٣٧٩).

ڕەزا ساڵحی ئەمیری دەربارەی گۆڕانی زمانی ئازەربایجان دەنووسێ: لە ناوچەی ئازەربایجان زمانی جۆراوجۆر هەبووه، هەندێک پێیان وایە لەبەر ئەوەی ئاڤێستا لە ئازەربایجان لەدایک بووه و شوێنی لەدایکبوونی زەردەشت بووه، بۆیە زمانی دێرینی خەڵکی ئازەربایجانیان بە ئاڤێستا لە قەڵەم داوه. ئیستەخری لە کتێبی «ئەلمەسالیک و مەمالیک»دا باسی زمانی ئەو کەسانە دەکا کە زمانەکەیان تێکەڵێک لە تازی و فارسییه. هەندێکی دیکەش، لەوانە ئیبنی حوقەل، یاقووت حەمەوی، حەمدوڵلا موستەوفی، خاڕەزمی، مەسعوودی، مەقدەسی، کەسرەوی، ئیبنی نەدیم، یاقووبی، مارکوارت و ئەوانی تر زمانی خەڵکی ئازەربایجان لە سەدەکانی ڕابردوودا بە «ئازەریی پەهلەوی» کە لقێک بووه لە زمانی فارسی باس دەکەن. لە کۆی لێدوان و گێڕانەوەکان دەتوانین بڵێین زمانی کۆنی خەڵکی ئازەربایجان ئازەری بووه کە زۆرێک لە نووسەرانی سەردەمی ئیسلامی لە ژێر ناوی «پەهلەوی»دا باسیان کردووه. بەڵام دەبێ بگوترێ کە چ زمانی خەڵکی ئازەربایجان بە ئازەری بزانین یان بە پەهلەوی ناوی بنێین، هەر دوو ئەم زمانە شێوەزار یان بە لقێک لە زمانی فارسی ناو دەبرێن و ئەم دوو لقە دەبێ لە ڕیزی زمانە فارسییەکاندا هەژمار بکرێن. ئەمڕۆ هەندێک کەس بە هەڵە زمانی ئێستای خەڵکی ئازەربایجان کە تورکییە بە «تورکیی ئازەری» ناو دەبەن. زمانی ئازەری یەکێک لە زمانە ئێرانییەکانە و هیچ پەیوەندییەکی بە زمانی تورکییەوە نییە و هەرگیز نەبووه (صالحی امیری، ١٣٨٨، ١٩٩-٢٠٠).

ڕەوتی بڵاوبوونەوەی زمانی تورکی لە ئازەربایجان لە سەردەمی سەلجووقییەکانەوە و بەتایبەت لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەتابەکەکانی ئازەربایجان (سەدەی ١٢) و دامەزراندنی دەسەڵاتەکەیان لە ئەردەبیل و تەورێز (بارتولد، ١٣٧٥، ١٦٦) دەستی پێکرد. ورده ورده داماڵینی زمانی ئازەری، وەک یەکێک لە زمانە ئێرانییەکان لە ئازەربایجان، دوای لەشکرکێشیی مەغۆڵەکان لە سەدەی ١٣ی زایینیدا، بە هۆی کۆچی بەربڵاوی گەلانی تورک زمان بۆ ئەم ناوچە و دامەزراندنی پایەتەختی ئیلخانەکان لە شارەکانی مەراغە و تەورێز و سوڵتانییە گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. ئەم پرۆسە لەگەڵ هەڵبژاردنی تەورێز وەک پایەتەخت لە لایەن حکوومەتەکانی چۆپانیان و جەلایەرییەکان و قەرەقویونلوو و ئاققویونلووەکان و لە ماوەی سەدەی چوارده و پازدەدا بەردەوام بوو. لە کۆتاییدا زمانی تورکیی ئازەربایجانی بە ڕێزمانی تورکی و بەڵام وشەی ئازەری و عەرەبی لە خۆ گرتبوو، لە کۆتایی سەدەی ١٦دا و هاوکات لەگەڵ سەردەمی سەفەویدا، لە ناوەندە گرنگەکانی ئازەربایجاندا زمانی تورکی تەواو برەوی سەندبوو؛ بەڵام لە سەرەتای سەدەی شازدەدا واتە سەرەتای سەردەمی سەفەوی، زمانی تورکی بە تەواوەتی زاڵ نەببوو. (آژند، ١٣٨٠، ٥٣٦).

دامەزراندنی حکوومەتی یەکگرتووی سەفەوی لە لایەن شا سماعیل و ڕێکاره ئابووری و

سیاسییەکانی بۆ بەرقەرارکردنی ئاسایش و خۆشگوزەرانی، دۆخی کۆمەڵایەتیی ئەم ناوچەی گۆڕی و زەمینەی بۆ گەشەی فەرهەنگ و ئەدەبیات ڕەخساند. لە سەردەمی شا سماعیلدا زمانی تورکیی ئازەربایجانی هاوشان لەگەڵ زمانی فارسی برەوی سەند، هەروەها زمانی تورکیی ئەدەبی لە ئیدارە و دادگا و دامەزراوە سەربازییەکاندا بە فەرمی بە کار دەهێنرا و لە قوتابخانەکاندا هاوکات لەگەڵ زمانی عەرەبی و فارسی دەوترانەوە (هیئت، ١٣٦٦، ٢٠٤ - ٢٠٥). لە سەدەی ١٠ی کۆچیدا، ئازەربایجان گۆڕەپانی جەنگی نێوان حکوومەتی سەفەوی و عوسمانی بوو. سەرەڕای لەشکرکێشییە پەیتا پەیتاکانی سوڵتانەکانی عوسمانی و مانەوەی درێژخایەنیان لە تەورێز، لە کۆتایی سەدەی ١٠ و سەرەتاکانی سەدەی ١١دا نەیانتوانی بەسەر ئازەربایجاندا زاڵ بن. سیاسەتە باشەکانی شا تاماسب و شاعەباسی یەکەم و لەوەش گرنگتر سەرهەڵدانی شێعەگەری لە ئازەربایجان بووە هۆی ئەوەی خەڵکی ئازەربایجان گوێڕایەڵی عوسمانییەکان نەبن، بەڵام لە سەردەمی سەفەویدا پرسی بەتورکیکردنی زمانی خەڵکی ئازەربایجان زیاتر جێبەجێ کرا (زریاب خویی و گنجی، ١٣٩٨).
ژان شاردین گەڕۆکی فەرەنسی لە کۆتایی سەدەی ١٧ی زایینی، سەبارەت بە بەکارهێنانی زمانە تورکییەکان لە ئێرانی سەفەوی و پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئازەربایجان دەڵێ: ئێرانییەکان زیاتر بە یەکێک لەم سێ زمان قسە دەکەن: فارسی ، تورکی و عەرەبی. ئەوان پێیان وایە زمانی فارسی زمانی سروشتی و نەتەوەیی ئێرانییەکانە ... ئەندامانی کۆشک و سەرباز و پیاوماقووڵ و ژنی وجاغزادەکان هەموویان لەماڵەوە بە زمانی تورکی ئاخافتن دەکەن. چونکە شا و ئەندامانی بنەماڵەی شاهانە لە ئازەربایجانەوە هاتوون، کە زمانی ئەو ناوچە تورکییە (شاردن، ١٣٧٢، ٩٤٦).

سەرەڕای چەندین هەوراز و نشێوی مێژوویی، لە ئێستادا ئەوەی تورکە ئازەربایجانییەکان لە دیکەی ئێتنیکەکانی ئێران جیا دەکاتەوە، جیاوازییە ڕەمزییەکان بەتایبەت جیاوازیی زمانە. تورکەکانی ئازەربایجان بە زمانی تورکی قسە دەکەن کە لقێک لە زمانە ئۆرال - ئاڵتاییکەکانە و تایبەتمەندیی سەرەکیی زمانناسانەی تیکەڵاویبوونییە (هیئت، ١٣٦٦، ٢١٩).

زۆربەی خەڵکی ئازەربایجان لە ئێران و لە وڵاتی ئازەربایجان موسڵمان و شوێنکەوتووی شێعەن. هەرچەندە لە هەندێک ناوچەی ئازەربایجان و بە شێوەی پەرش و بڵاو لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا لە ئێران، ئازەریی سوننە مەزهەب (کە پێیان دەوترێت کوێرەسوننی) هەن، بەڵام ئەمانە بە ڕەچەڵەک دانیشتووی تورکیا بوون کە لە قۆناغە جیاوازەکاندا بەرەو ئێران کۆچیان کردووە.

زۆربەی کوردەکانی ئازەربایجانیش موسڵمانی سوننەن و پەیڕەوی لە فیقهی شافیعی دەکەن (Kurdish Religions, The Kurdish Project) ئەرمەنەکان، نەستوورییەکان و ئاشوورییەکان، دانیشتووە مێژووییەکانی دیکەی ناوچەی ئازەربایجان بوون، کە بە هۆی گۆڕانی حەشیمەتییەوە ژمارەیان وردە وردە ڕووی لە کەمی کردووە و ئەمڕۆ تەنیا کەمینەیەکی بچووکی ئەرمەنییەکان لە تەورێز و ورمێ دەژین. لە ساڵی ١٨٩٢ جۆرج کورزۆن ژمارەی دانیشتوانی نەستوورییەکان (ئاشوورییەکان) لە ئازەربایجان بە ٤٤ هەزار و کۆی ژمارەی ئەرمەنییەکان بە ٢٨ هەزار و ٨٩٠ کەس خەمڵاندووە

(کرزن، ١٣٧٣، ٦٩٣-٦٩٥). دوای پەیماننامەکانی گوڵستان و تورکمانچای، فەرمانڕەواکانی ڕووسیا هانی موسڵمانانیان دا کە لە باکووری ئاراسەوە بۆ باشوور کۆچ بکەن و مەسیحییەکانیان هان دا کە لە باشووری ئاراسەوە (کە زۆربەیان ئەرمەنی بوون) بەرەو باکوور کۆچ بکەن. ئەم سیاسەتە هێندە بە جیددی لە لایەن ڕووسیاوە جێبەجێ کرا کە دواجار نارەزایەتیی حکوومەتی قاجاڕی لێکەوتەوە و گەیشتە ئاستێک کە حکوومەتی ڕووسیا بەڵێنی دا کە لە ڕێگەی گرێبەستێکەوە دەستبەرداری ئەو سیاسەتە بێت؛ بەڵام بە کردەوە وازی لێ نەهێنا و لە کۆتاییدا پێکهاتەی دیمۆگرافی و ئایینیی جوگرافیای ئازەربایجانی گۆڕی (حسینی، ١٣٩٤).

ئازەرییەکان لە ڕووی زمان و ئێتنیکەوە لەگەڵ فارسەکان جیاوازییان هەیە؛ بەڵام لە ڕووی ئایین و ئایینزاوە (شیعە) و هەروەها قسەکردن بە زمانی فەرمیی ئێران واتە زمانی فارسی، لەگەڵ زۆرینەی گەلدا هاوبەشن و بەشێک لە بلیمەتەکانیان لە ناوخۆی ئێران و دەرەوەی ئێران ڕابەرایەتیی فیکری و ئایینیی ئایینزای شیعە دەکەن. ناوچەی ئازەریی ئێران لە ڕووی سێ بگۆڕی زمان، ئێتنیک و ئایینزاوە هاوشێوەی ئازەرییەکانی قەوقازن؛ چونکە پێش پەیماننامەکانی گوڵستان و تورکمانچای، بەشێکی ئێران بوون.

لە ئازەربایجاندا جگە لە تورکەکان، هەمیشە گرووپگەلی ڕەسەن و هەروەها داگیرکەری وەکوو ئەلبانییەکانی قەوقاز، مادەکان، سەکاکان و ئێرانییەکان، یۆنانییەکان، ڕۆمییەکان (ئیتاڵیاییەکان)، خەزەرەکان، عەرەبەکان، تورکە ئۆغوزەکان، تورکە سەلجووقەکان، ئەرمەنەکان و ڕووسەکان لە ئازەربایجان هاتوچۆیان کردووە (Yarshater، ١٩٨٨)، کە لە نێویاندا کورد پێگەیەکی بەرچاوتری هەیە.

کورد، دوای ئازەرییەکان، دووەم گەورەترین گرووپی زمانین کە لەم ناوچەدا دەژین، کە ئەمڕۆ پتر لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوادا نیشتەجێن. بە جۆرێک کە ٥ شاری بۆکان، مەهاباد، پیرانشار، سەردەشت و شنۆ لە باشووری پارێزگادا (ناوچەی موکریان) بە ژمارەی دانیشتووانی ٨١٩ هەزار و ٨٥٤ کەس لە ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی (ئەنجامی سەرژمێریی ئێران لە ساڵی ١٣٩٥)، هەموو کوردن. لە زۆربەی شارەکانی تری پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوادا ئاخێوەرانی هەر دوو زمانی تورکیی ئازەربایجانی و کوردی پێکەوە دەژین و هەندێ ناوچە دوو زمانەن. کوردانی دانیشتووی بەشی باکووری ئازەربایجانی ڕۆژاوا (لە شاری شنۆوە بۆ باکوور) بە زمانی کوردیی کرمانجی قسە دەکەن و بەشێکی زۆریشیان لە هۆزی شکاکن. کوردانی بەشی باشووری ئازەربایجانی ڕۆژاواش بە زمانی کوردیی سورانی ئاخافتن دەکەن و خێڵی موکری یەکێک لە گەورەترین خێڵەکانی ئەم ناوچەیە (ناوچەی موکریان). بێگومان خێڵی دیکەی کورد لە هەر دوو بەشی باکوور و باشووری پارێزگاکەدا بە ژمارەی دانیشتوانی کەمترەوە دەژین؛ بۆ نموونە لە بەشە کوردنشینەکانی شاری ورمێ عەشیرەتی شکاک، هۆزی بەگزادەکان، هۆزی هەرکی، هۆزی زەرزا و هۆزی مامەش نیشتەجێن (فراهانی، ١٣٨٥، ٣١٤). پێشتر مەودای نیشتەجێبوونی کوردانی کرمانج لە ئازەربایجانەوە هەتا

باکووری ئاراس بەردەوام بووە، کە دواتر لە سەرەتای سەدەی ١٧دا لە لایەن شاعەباسی یەکەمەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشەکانی ئۆزبەکەکان گواسترانەوە بۆ پارێزگای خوراسانی باکووری. بە جۆرێک کە زاراوەی کوردانی باکووری ڕۆژاوای ئازەربایجان زیاتر لە کوردەکانی باکووری خۆراسان دەچێ وەک لە کوردەکانی باشووری پارێزگای ڕۆژاوای ئازەربایجان. ئەم کۆمەڵە کوردە لە باکووری خوراسان هۆزی شادلوویان پێک هێنا و بێشک هەندێک لە ناوە جوگرافییەکانی قەوقازییان لە خوراسان بە کار هێناوە (یزدانقلی، ١٣٧٤، ٢). لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکاندا باس لە بوونی مێژوویی کورد لە ناوچەی ئازەربایجان کراوە. بۆ نموونە گای لێسترنج لە باسکردنی شارەکانی ئازەربایجان بە پشتبەستن بە ژێدەرە مێژووییەکان لە بارەی پێگەی شنۆ لە سەردەمی خەلافەتی عەبباسییەکاندا دەنووسێ: لە باکووری ڕۆژاوای پەسوێ، شارێک هەیە بە ناوی «ئاشنە» کە کورد لە سەردەمی ئیبنی حۆقەل [سەدەی دەیەمی زایینی] لەوێ نیشتەجێن و حەمدوڵڵا موستەوفیش بە ئەشنەوییە ناوی نووسیوە (لسترنج، ١٣٧٧، ١٧٧). جۆرج کورزۆن لە ساڵی ١٨٩٢ کوردە مەرزنشینەکان و کوردانی ئازەربایجانی بە ڕێژەی ٢٥٠ بۆ ٤٥٠ هەزار کەس خەمڵاندووە کە یەکێک لەو سێ بەشە کوردانەن کە لە ئێران دەژین و لەبارەیانەوە نووسیویەتی: «لە ویلایەت و ناوچەکانی دەوروبەری، گەلی بەناوبانگ و سامداری کورد نیشتەجێن کە لە دنیادا بە جەنگاوەری و ئازایەتی دەیانناسن». ناوبراو خێڵە سەرەکییە کوردەکانی نیشتەجێی ئازەربایجان بەم شێوە باس دەکا: «هەرکی» (٢ هەزار ماڵ)، «موکری» (٢ هەزار ماڵ لە ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتی مەهاباد)، «شکاک» (١.٥ هەزار ماڵ) و «زیزا» ( زەرزا) (هەزار ماڵ لە باکوری ڕۆژاوای شنۆ). ناوبراو (مەهاباد)ی بە حەشیمەتێکی ١٥ هەزار کەسی وەک کورسیی کوردانی ئازەربایجان ناساند، کە حاکمە کوردەکەی ملکەجی تەورێز بوو (کرزن، ١٣٧٣، ١٥٦ و ٧٠٢-٧٠٤).

- **بارودۆخی ئابووری**

بارودۆخی ئابووریی ئازەربایجان هەمبەر بە ناوەند، هاوشێوەی ناوچە ئێتنیکییە پەراوێزییەکانی دیکە نییە و بە یەکێک لە جەمسەرە پیشەسازییەکانی ئێران دادەنرێت. ئەمەش ڕەگ و ڕیشەی بۆ پەیوەندیی گەلی ئازەری لەگەڵ هاوکێشە گشتییەکانی دەسەڵات، سیاسەت و ئابووری لە ئێراندا دەگەڕێتەوە، کە شێوازی لەگەڵ ئێتنیکەکانی دیکەی وەکوو کورد، بەلووچ لوڕ و هتد فەرقی هەیە. لە ئازەربایجان پیشەسازیی زەبەلاح و ژێرخانی وەکوو: دروستکردنی ئامێر، ئۆتۆمبێل، چیمەنتۆ، نەوت و پترۆکیمیا، پیشەسازیی دەرمانی و کیمیایی، هەروەها پیشەسازیی خۆراک لە دەوروبەری شارە گەورەکاندا هەڵکەوتوون، کە چەند نموونە لە پیشەسازییە گەورەکانی ئەم ناوچە بریتین لە: بەرهەمهێنانی تراکتۆری تەورێز، مەکینەسازیی تەورێز، پاڵاوگەی تەورێز، پترۆکیمیای تەورێز، کۆمەڵگەی پیشەسازیی تایەی ئارتاڤیلی ئەردەبیل. چڕبوونەوەی کارگە و ناوەندە پیشەسازییە گەورەکان لە تەورێز ئەوەندە چڕ و پڕە کە ئەم شارە بە «شاری پیشەسازی» ناوبانگی دەرکردووە (فرجی، ١٣٦٦، ٢١٥-٢١٦).

بە هۆی زۆریی بارانبارینەوە زۆرێک لە ناوچەکانی ئازەربایجان بە بەراورد لەگەڵ زۆرێک لە ناوچەکانی فەلاتی ئێران، کشتوکاڵ تێیدا پڕڕەونەقترە. بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بریتین لە دەغڵ و دان و گەنم و بەرهەمی باخەوانیی دیکە. جگە لە کشتوکاڵ، ئاژەڵداری پیشەی سەرەکیی گوندنشینانی ئازەربایجانە. ناوچەی باکووری ڕۆژاوای ئێران لە ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا، ئەردەبیل و بەشێک لە گێلان دەگرێتەوە کە بە هۆی سروشتی شاخاویی ناوچەکە کەشوهەوای جۆراوجۆری هەیە. دارستانی تەنک و مێرگ و چیمەنی سەوز و لەوەڕگەی بەرفراوان تایبەتمەندیی ئەم دەڤەرەن، ئەمەش هۆکاری دەرکەوتنی ژیانی عەشایەرییە لەم ناوچە. لە ئێستادا ئازەرییەکان یەکێک لە گرنگترین بەرهەمهێنەرانی پیشەسازی و کشتوکاڵی ئێرانن. ئازەربایجان لە ڕووی بەرهەمهێنانی بەرهەمی کشتوکاڵییەوە، لە پلەی یەکەمی ئێراندایە (هەڵبەت برنجی نییە). تەورێز ناوەندی گرنگی پیشەسازیی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێل، مەکینە و تراکتۆرسازیی ئێرانە و بە هۆی بوونی پاڵاوگەی نەوت، بەشی سەرەکیی سووتەمەنی بۆ پارێزگاکانی ڕۆژاوای ئێران دابین دەکات. بازرگانانی ئازەری ڕۆڵێکی گرنگیان لە گۆڕینی بازاڕی تاران بۆ ناوەندێکی گرنیگ بازرگانی بینیوە و هێشتا کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر بازاڕی تاراندا هەیە (احمدی، ١٣٨٢، ١٢٤). زۆرێک لە خەڵکی ئازەربایجان لە ڕێگەی پیشەسازیی دەسکردەوە بژێویی ژیانیان دابین دەکەن. گرنگترین پیشەسازیی دەسکرد لە ئازەربایجان بریتییە لە فەرشچنین و بەشێک لەو فەرشانەی لەم ناوچەدا دەچنرێن لە جیهاندا بەناوبانگن. لە نێویاندا فەرشی ئەردەبیل و تەورێز و هەریس لە جیهاندا بەناوبانگن. زیوکاری و قەڵەمکاری لە پیشەدەسکردە نەریتییەکانی دیکەی ئەم ناوچەن.

لەبەر ئەوەی داتای دیمۆگرافی، ئابووری، بەرهەمهێنان و پەروەردەیی بە گوێرەی جوگرافیای ئێتنیکی لە ئێراندا لە بەردەست نییە، بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی ئابووریی ناوچەی ئازەربایجان لەگەڵ پارێزگا ئێتنیکەکانی دیکەی ئێراندا، بە شێوەیەکی گشتی و نموونەیی دۆخی ئابووریی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات تاوتوێ دەکەین. بە پێی ڕاپۆرتی ناوەندی ئاماری ئێران، ڕێژەی بێکاریی دانیشتوانی تەمەن ١٥ ساڵ و سەرووتر لە بەهاری ساڵی ١٤٠٢ هەتاوی لە ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات بە ڕێژەی ٧.٧ لە سەد ڕاگەیەندراوە، کە بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی مامناوەندی ٨.٢ لەسەدی سەر ئاستی ئێران دۆخێکی باشتری هەیە (درگاه ملی آمار ایران) ئەم پارێزگایە بە هۆی بوونی ٣,٥ لەسەدی بەرهەمهێنانی ناپوختی نیشتمانی، لە ڕیزی ٧ پارێزگای باشتری ئێرانە (رنکینگ اقتصادی استان‌ها، ١٣٩٩). بەگشتی پێوەرەکانی گەشە لە ڕەهەندە مرۆیی، ئابووری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، پەروەردە، خۆشگوزەرانی و تەندروستییەکانی پارێزگاکانی ئازەربایجان لە ناوچە ئێتنیکییەکانی دیکە باشترن. ناوچەی ئازادی بازرگانی - پیشەسازیی «ئاراس» لە شاری جولفای سەر بە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات نموونەیەکی دیاری دیکەی دۆخی ئابووریی جیاوازی ناوچەی ئازەربایجان بە بەراورد لەگەڵ ناوچە ئێتنیکییەکانی دیکەیە. بە پێی ئەو هەڵسەنگاندنانەی کە دەبیرخانەی ئەنجومەنی باڵای ناوچە ئازادەکانی ئێران ئەنجامی داوە، ناوچەی ئازادی ئاراس

دوای ناوچەی ئازادی کیش دووەم ناوچەی ئازادی پێشکەوتوو و گەشەسەندووی سەر ئاستی ئێرانە (عرب باغی، ١٣٩٣).

### ئێتنیکی کورد

ژمارەی دانیشتووانی کورد لە ئێران نزیکەی ٨,٥ تا ١٠ ملیۆن کەسە، وەک یەکێک لە پێنج ئێتنیکی گەورەی ئێران دەستنیشان دکرێ، کە شوێنی سەرەکیی ژیانیان ناوچە ڕۆژهەڵاتییەکانی کوردستانە لە بەری ڕۆژاوا و باکووری ڕۆژاوای ئێران. لە پاڵ دانیشتووانی ناوچە کوردستانییەکان، بەشێک لە کوردەکان لە شار و ناوچەکانی دیکەی ئێران و بەتایبەت لە تاران دەژین. کورد وەکوو زۆربەی ئێتنیکە گەورەکانی تری ئێران، حەشیمەت و خاکەکەیان لە نێوان چەند وڵاتی دراوسێدا دابەش کراوە. ژمارەی دانیشتوانی کورد لە سەر ئاستی جیهاندا بە ٤٠ بۆ ٤٥ ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێت (The Kurdish population، ٢٠١٧) کە نزیکەی ٨.٥ بۆ ١٠ ملیۆن کەسیان لە ئێران دەژین، ١٦.٥ بۆ ٢٠ ملیۆن کەسیان لە تورکیا، ٦.٥ بۆ ٨ ملیۆن کەسیان لە عێراق و ٣,٥ بۆ ٤ ملیۆن کەس لە سوریا دەژین و نزیکەی ٣ بۆ ٤ ملیۆن کورد لە وڵاتانی ڕۆژاوا و ناوچەکانی دیکەی جیهان دەژین (wikipedia.en ,Kurds) کورد کە هەندێک جار لە ئەدەبیاتی سیاسیدا بە «نەتەوەی بێ دەوڵەت» ناو دەبرێ (دشنر، ٢٠١١) لە ڕووی ژمارەی دانیشتوان و دابەشبوونی جوگرافی و ژیۆپۆلیتیکی نیشتمانی کوردستان، ئابووریی سەرچاوەکانی وزە و ئاو و هتد، لە ڕیزی ئەو ئێتنیکانەن کە لە هاوکێشە ناوچەییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا گرنگ و کاریگەرن.

- **ڕەچەڵەکناسیی مێژوویی و ئێتنیکی**

سەبارەت بە بنەچەی مێژوویی و ئێتنیکیی کورد ئاماژ بە بۆچوونی جۆراوجۆر کراوە، لە ناویاندا دوو بۆچوون زۆر جێی باسن: بۆچوونی یەکەم ئەوەیە کە پێشینەی کورد زۆر کۆنتر لە هاتنی ئارییەکانە و ڕەچەڵەکیشیان دەگەڕێتەوە بۆ گەلە زاگرۆس‌نشینەکانی گۆتی، لۆلۆبی، کاسی، هۆری و ئۆرارتی و ... و دەگاتەوە بە بەر لە ٢٠٠٠ ساڵ پێش زایین. ڕوانگەی دووەم پێی وایە کە کورد ڕەگ و ڕیشە و ڕەچەڵەکی ئاریایی هەیە و تەنانەت بە شێوەی دیاریکراو پاشماوەی مێژوویی مادەکانن (مینورسکی، ١٣٩٨، عنوان). ئێدمۆندز سەبارەت بە پێشینەی کۆنی ناوی «کورد»، دەنووسێ: «ئەم وشە ڕەنگە دەنگدانەوەی ناوە هاوشێوەکان بێ کە نووسەرانی پێشووتر بە شێوەیەکی سنووردارتر بەکاریان هێناوە، وەکوو: چیاکانی گۆردۆڤایا و چەتەکانی کورتیوی ئەتروپاتنی ماد کە سترابۆ باسی کردووە، و کاردۆخەکان کە ساڵی ٤٠٠ی بەر لە زایین زینۆفۆن و دە هەزار سەربازە یۆنانییەکە کە لە ناوچەی زاگرۆس پاشەکشەیان دەکرد، بەو شێوە سەرنجڕاکێشە هێرشیان کرایە سەر (ادموندز، ١٣٨٢، ١٢). فێردیناند هێنەر بیشلەر بنەچەی ناوی کورد بە سۆمەری دەزانێ (Hennerbichler، ٢٠١١)، ئەم بۆچوونە بنەچەی پێش‌ئاریایی وشەی کورد و لە ئەنجامدا گەلی کورد بەهێز دەکا، بە جۆرێک کە

پرۆفیسۆر هۆڤێرت پێی وا بوو کە کوردستان لە «گوتیۆم»ەوە وەرگیراوە، هۆنیگمەن بە هەمان شێوە پێی وا بوو ناوی «کورد» لە «گۆتی» وەرگیراوە و دەڵێ: کورد خەڵکانێکی ڕەسەنن کە هەزاران ساڵە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا دەژین. ناوەکەیان لە گۆتیی کۆن (گۆتی – گورتی - کوردی) داگیرکەرانی بابل، وەرگیراوە. زۆرینەی ڕەهای توێژەرانی بوارە جیاجیاکانی مێژوو، خەڵکناسی، ئێتنۆگرافی و زمانناسی، کوردی هاوچەرخیان وەک پاشماوەکانی گۆتینەکانی سۆمەریی کۆن ناساندووە. بۆ پشتگیری لە پەیوەندیی نێوان کورد و گۆتییەکان بە پێی ناوی شوێنەکانی کوردستانەوە بەڵگەی زۆر خراوەتە ڕوو. لە ڕاستیدا ناوی خۆجێیی چیای جۆدی و هۆزی کوردزمانی جۆدیخانلوو پاشماوەی فوسیلیی ناوی سامداری ڕابردوو لە لایەن «گۆتەکان»ە (Jamie, ٢٠٠٩, ٣٨٠). مێژوونووسی یۆنانی زینۆفۆن لە کتێبی ئەناباسیس (گەڕانەوەی دە هەزار کەسی)دا باس لە ناوچەی کۆردوێن لە باشووری دەریاچەی وان لە بەشی ڕۆژهەڵاتی تورکیای ئێستا دەکا و وێڕای ئاماژەدان بە خەڵکی جەنگاوەر و شاخنشینی ئەم دەڤەرە، لە ژێر ناوی کاردۆچی یان کاردۆخی، باسی ئازارەکانی ئەو دە هەزار سەربازە دەکا کە بە فەرمانی ئەو لە دژی ئەم گەلە تێهەڵچوون (Gunter, 1996, 5). سەرچاوە مێژووییە جۆراوجۆرەکان ئاماژە بە دانیشتوانی جوگرافیای ئێستای کوردستان لە سەردەمی کۆن بە ناوی جیاواز دەکەن: کاردۆ، کۆردۆیینی، کۆردیایۆس، کۆردیایا و کورتی، کۆرت، قۆردۆ، کۆردۆک، کارد، کە زۆر لە ناوی «کورد» دەچن و بە پێی باوەڕی زۆرێک لە شارەزاکان وشەی کورد ڕەگ و ڕیشەی لەم ناوانەدا هەیە. بە پێی بەڵگەنامە مێژوویی و زمانناسییەکان، ڕیشەی کۆنی وشەی «کورد» زۆر گومانی تێدا نییە، هەر چەندە هەندێک ڕوانگەی قینکارانەیان بەرامبەر بە پرسە مێژووییەکانی کورد و کوردستان هەیە و بە پەنابردنە بەر لاوازترین بەڵگە و بۆچوونەکان بە ڕوونی هەوڵی ڕەتکردنەوەی ئەم بەڵگەنامانە دەدەن.

لە ڕاستیدا سەرچاوە و کارکردی وشەی کورد و کاریگەرییە ماناداره‌کانی یەکێک لەو بابەتانەیە کە لە توێژینەوە کوردی و کوردناسییەکاندا زۆرترین مشتومڕی لە سەرە کە لە نێوان توێژەرانی ناسیونالیستی کورد و نکۆڵیکارانی شوناسی ئێتنیکی و نەتەوەیی کورد بۆ ماوەی چەندین ساڵ جێی ناکۆکی بووە. ئەو کەسانەی کە نکۆڵیکاری شوناسی کوردی وەک ئێتنیک یان گرووپێکی مرۆیی کە خاوەنی شوناسێکی گشتیی دیاریکراون، بە پشتبەستن بە هەندێک سەرچاوەی سەردەمە سەرەتاییە ئیسلامییەکان، کورد بە هاوتای کۆچەر و شوان دەزانن و پێیان وایە کە ئەمە ناوێکی گشتییە، نەک ناوێکی تایبەت بۆ گرووپێکی مرۆیی دیاریکراو. ئەم بۆچوونە بە ڕوونی لە سەر ئاستی سیاسی و مشتومڕە ئێتنیکییەکاندا لە لایەن ئایدۆلۆگ و نکۆڵیکارانی مافە ئێتنیکییەکان بەکار دەهێنرێت؛ لە بەرامبەردا داکۆکیکارانی شوناسی مێژوویی کورد وەک گرووپێکی ئینسانی کە خاوەن هێما ئێتنیکییەکانە، بە خستنە ڕووی کۆمەڵێک بەڵگە کە زیاتر ژێدەرەکانی سەردەمی پاشەوەی ئیسلامی لە خۆ دەگرێ بۆچوونی تاقمی یەکەم ڕەت دەکەنەوە و داکۆکی لە حەقیقەتی ئێتنیکیی کورد لە مێژوودا دەکەن. بەگشتی تاوتوێکردنی سەرچاوەکانی سەردەمی ئیسلامی

ئەوەمان بۆ دەردەخا کە جیا لەو حاڵەتانەی کە سەرچاوەکان وشەی کوردیان بە یەک فۆرم و بە بێ ئاماژە و نیشانەی مانایی تایبەت بەکار هێناوە، لە چەند سەدەی یەکەمی سەردەمی ئیسلامیدا ئەم وشە هەندێک جار بۆ ئاماژەکردن بە گرووپێکی ئێتنیکی و لە هەندێ حاڵەتدا بە مانای ڕەهای کۆچەری و شاخنشین، یان کۆچەری دەڤەری زاگرۆس بەکار هێنراوە. جگە لەمەش، لە سەرچاوەکاندا هەندێ ڕاپۆرت هەن کە ئاماژە بەوە دەکەن کە کورد بە شێوازی ژیانی کۆچەری بەناوبانگ بووە. هەتا ئەو ڕادەی کە لە هەندێک ڕاپۆرتدا، ئێتنیکە کۆچەرە ناکوردەکان بە هۆی شێوازی ژیانی کۆچەرییانەوە بە کورد شووبهێنراون. بەم شێوە دەتوانین بڵێین کە وشەی کورد لە بنەڕەتدا مانایەکی ئێتنیکی هەبووە، بەڵام بە هۆی برەوی ژیانی کۆچەری لە ناو کوردان و ناوبانگیان بۆ ئەم جۆرە ژیانە، سەرچاوەکان هەندێک جار هۆزە کۆچەرییەکانی دیکەیان بە کورد دەشووبهاند ... لە ڕووی زەمەنییەوە ئەو ڕاپۆرتانەی کە ئاماژە بە مانای ئێتنیکیی وشەی کورد دەکەن، بە درێژایی سەردەمی ئیسلامی دەبینرێن. لە حاڵێکدا ئەو ڕاپۆرتانەی کە مانای وشەی کۆچەری، کوردی لێ فام دەکەن، هی مەودای زەمەنیی سەدەی یەکەم هەتا سەدەی شەشەمی کۆچییە و دوای ئەوە، ئەگەر وشەی کورد لە سەرچاوە مێژوویی و جوگرافییەکان و هتددا بە مانای کۆچەری هاتبێ، ئەوە دووبارەبوونەوەی بابەتە کۆنەکانە یان لە ژێر کاریگەریی ئەو بابەتە کۆنانە بووە. هاوکات لە سەدەی حەوتەمی کۆچییەوە شاهیدی سنووردار بوونی مانای وشەی کورد دەبین، واتە چیتر وشەی کورد بە مانای کۆچەرییەکەی بە کار نەهێنراوە و ئەم وشە تەنیا بە مانای ئێتنیک کاری پێ کراوە. ئەوەی کە وشەی کورد بە مانای ئێتنیک بە کار هاتووە یەکەم جار سەرچاوەکان کوردیان لە گەڵ کۆچەرییەکانی دیکە و بەتایبەت کۆچەرییەکانی ناوچەی زاگرۆسدا جیا کردەوە و بڵاوبوونەوەی دەستەواژەی کوردستان وەک چەمکێکی جوگرافی- ئێتنیکی کە ئاماژە بە ناوچەیەکی دیاریکراو دەکا، یەکێکی دیکە لە نیشانەکانیەتی. بەڵام خاڵی وەرچەرخانی پرۆسەی پێکهاتنی چەمکی کورد وەک چەمکێکی تەنیا ئێتنیکی، کە چەند سەدەیەک لەمەوبەر دەستی پێکردووە، لە سەرەتای سەدەی ١١ی کۆچیدا بە نووسینی کتێبی شەرەفنامە وەک یەکەم بەرهەمی سەبارەت بە مێژووی کورد و کوردستان دەرکەوت. لە شەرەفنامەدا کوردەکان سەرەڕای پارچەپارچەبوون و دابەشبوونی سیاسی لە نێوان هەر دوو ئیمپراتۆریەتی سەفەوی و عوسمانی و دەیان میرنشین و خانەدانی کورد کە بەدلیسی باسی کردووە، بە خاوەنی «یەکێتی و فرەیی زاتی» لە قەڵەم دەدا و وەک یەک ئێتنیک یان گشتێتییەکی یەکدەست سەیریان دەکا کە پێویستە ڕابردوو و مێژووەکەیان بنووسرێتەوە. لە کتێبی شەرەفنامەدا بەشێک لە ژێر ناونیشانی «کوردەکانی ئێران» هەیە کە ماناکەی تا ڕادەیەک ئاڵۆزە. یەکەم شتێک کە لەم ناونیشانە هەڵدەهێنجرێ ئەوەیە کە بەدلیسی لە ژێر ئەم ناونیشانەدا باسی لەو بنەماڵە و عەشیرەتە کوردانە کردووە کە لە خاکی حکوومەتی سەفەویدان. لە لایەکی دیکەوە باسی ئەو خانەدانە کوردانەی کردووە کە لە سنووری کوردستان، بە نازناوی بنەماڵەیی یان ناوچەیی حوکمڕانیان کردووە، بە بێ ئەوەی باس لە قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریی سەفەوی یان

عوسمانیـدا بـکات (سعیدی و زرگـری نـژاد، ١٣٩٦، ١١١-١١٢).

لـە نێـوان ئـەو بۆچـوون و گێڕانـەوە زۆرانـەی کە سـەبارەت بە ڕەچەڵەکـی ئێتنیکـی و مێژوویی کورد هەیـە، سـەرەڕای هەمـوو جیاوازییـە بیـروڕاکان، ئـەو کۆدەنگییـەی کە دەتوانین پشـتی پێ ببەسـتین، مێـژووی کـۆن و پێشـینەی کۆنـی کوردە لـەو جوگرافیایەیە کـە ئەمڕۆ پێـی دەوترێ کوردسـتان. کەواتە چ بـە زێـدی کوردانـی پێش‌ئاریایـی دابنرێ و چ بـە هی گەلانی ئاریایـی دابنرێ، یان شـێوازی ژیانیان لـە سـەردەمی ئیسلامیـدا کۆچـەری بـووە یـان یەکجێنشـینی و ...، هیچیـان ڕەتکـەرەوەی کۆنبـوون و دیرۆکبوونـی ڕەچەڵـەک و ڕیشـەی فەرهەنگـی و زمانـی و ئایینیـی کـورد لـەو خاکـەی کـە ئەمڕۆ پێی دەوتـرێ کوردسـتان نیـن و ئـەم پرسـە بە پێی زانسـتی مێـژوو و شوێنەوارناسـی و زمان‌ناسیی مێژوویی بـە کـۆی دەنگ دانـی پێدا نـراوە.

- **لێکبڵاویی جوگرافی**

دوای عـەرەب و فـارس و تـورک، کـورد بـە گەورەتریـن بلۆکـی ئێتنیکـی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دادەنرێـن (Olson, 2003, 6؛ بـە نقـل از عبداللهـی و قـادرزادە، ١٣٨٨)، کـە بـە گشـتی لـە سـنووری وڵاتانـی ئێـران، عێـراق، سـوریا، تورکیـا، ئازەربایجـان و ئەرمینیـا لـە خاکێکـدا بـە نـاوی «کوردسـتان» دەژیـن. بۆیـە کوردسـتان بـە واتای خاکـی کوردانـە، ناوچەیەکـی جوگرافـی - فەرهەنگیی تـا ڕادەیەک دیاریکـراو لـە ڕۆژهەڵاتـی ناڤیـن و ڕۆژاوای ئاسـیا، کـە زۆربـەی دانیشـتوانەکەی مرۆڤـی کـوردن و زمان و فەرهەنگـی کـوردی تێیـدا دروسـت بـووە و زاڵـە. کوردسـتان کـە ڕووبەرەکـەی نزیکـەی ٥٠٠ هـەزار کیلۆمەتـری چوارگۆشـەیە، بە گشـتی چـوار هەرێم لە خۆ دەگرێ: ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان (کوردسـتانی ئێـران)، باشـووری کوردسـتان (هەرێمی کوردسـتان و ناوچە جێناکۆکەکانی دیکەی عێـراق)، باکووری کوردسـتان (کوردسـتانی تورکیا) و ڕۆژاوای کوردسـتان (کوردستانی سوریا). پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کـە لە بەشـێک لـە کۆمـارە سـەربەخۆکانی یەکێتیی سـۆڤیەتی جـاران، لەوانـە ئەرمینیـا، ئازەربایجان، کازاخسـتان و ڕووسـیا، ناوچەگەلێک هەن کە دانیشـتووانی کوردیان تێدایە (کوردسـتان، ویکیپیدیا).

سـەرچاوەکانی سـەردەمی ئیسلامی، پێش و پاش بڵاوبوونەوەی دەسـتەواژەی کوردسـتان، باسیان لـە بوونـی کـورد لـە سـەرزەوینەکانی وەکـوو زۆزان، ئەرمینیـا، ئـەخلات، ئازەربایجـان، جیبـال، فارس و هتـد کـردووە یـان دەسـتەواژەگەلێکی وەکـوو زەمومـەل ئەکـراد، جەبەلـەل ئەکـراد، بەلـەدەل ئەکراد، ئـەرزەل ئەکـراد، مەوزیعـەل ئەکـراد و هتدیـان بـۆ ئاماژەدان بـەو ناوچانـەی کـە کـوردی تێـدا دەژی، بـەکار هێنـاوە. دیـارە یەکەم سـەرچاوە کـە ناوی کوردسـتانی تێـدا هاتـووە، سـەرچاوەیەکی ئەرمەنییە. مەتـی ڕەهاڤـی (مادتیـۆس ئۆرهایتسـی)، مێژوونووسـی ئەرمەنـی کـە لە سـەدەی پێنجەم و شەشـەمی کۆچیـدا ژیـاوە، لـە پـاڵ باسـی ڕووداوەکانـی سـاڵی ٤٢٢ی کۆچـی نـاوی شـاری ئەلڕەها / ئۆرفـا ناوی کوردسـتانی هێنـاوە. ناوبـراو باسـی سـنووری کوردسـتان (یـان کردیسـتان)ی نەکـردووە، بـەڵام وەک لـە ڕاپۆرتەکەیـدا دەردەکـەوێ، لـە کوردسـتان بەتایبەتـی ناوچـەی سـیلڤانای لەبەرچـاو گرتـووە. لە ناو

سەرچاوە فارسییەکانیشدا، حەمدوڵڵا مومستەوفی لە سەرەتای سەدەی هەشتەمدا، جیا لەوەی ناوی کوردستانی هێناوە سنوورەکانیشی دیاری کردووە. هەڵبەت لە ڕوانگەی حەمدوڵڵا موستەوفی، کوردستان ناوی یەکەیەکی ئیدارییە کە ناوەندەکەی قەڵای وەهار (بەهار) لە نزیک هەمەدان بووە و لە سەردەمی ئیلخانی ئولجایتۆدا گوازراوەتەوە بۆ سوڵتاناوای چەمچەماڵ لە نزیک چیای بیستون لە کرماشان. ڕەنگە هەر لەبەر ئەم هۆکارە بێ کە زۆر ناوچەی دیکەی کوردستان کە کورد تێیدا دەژی، وەکوو جزیرە، ئامەد (دیاربەکر)، هەولێر و هەندێک ناوچەی ئەرمینیا و ئازەربایجانی لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان باس کردووە. جگە لەوەش هەندێک سەرچاوەی دیکەی سەردەمی کۆتایی ئیلخانیش باسیان لە کوردستان کردووە. قاشانی، لە پاشکۆی ڕووداوەکانی ساڵی ٧٠٧ی کۆچی باس لە ڕاپەڕین و بانگەشەی مەهدەویزم لە چیاکانی کوردستان لە لایەن کەسێک بە ناوی مووسا کوردستانی کردووە. شەبانکارەیی خاوەنی کتێبی «مەجمەعول ئەنساب» بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە ناوی کوردستانی هێناوە. هەر لەو سەردەمەدا دەستەواژەی کوردستان تەنانەت ڕێی بردە ناو هەندێک سەرچاوەی عەرەبی – مەملوکی، بە جۆرێک کە نۆڤێری باسی کوژرانی یەکێک لە منداڵەکانی ئەمیر شوانی لە کوردستان کردووە. لە قۆناغەکانی دواتردا (تەیمووریان هەتا سەفەوییان، سەدەی نۆ هەتا ١١ی کۆچی)، زۆربوونی بەکارهێنانی دەستەواژەی کوردستان دەبینین، چ لە ڕووی فرەیی دووپاتکردنەوەی لە سەرچاوەکاندا و چ لە ڕووی ڕوونکردنەوەی جوگرافییاکەیەوە. لە کۆتایی ئەم سەردەمەدا (سەرەتای سەدەی یازدەهەم)، کتێبی شەرەفنامە وەک یەکەم مێژووی تایبەت بە کورد و کوردستان نووسرا. بەدلیسی بە ڕوونی باسی سنووری کوردستانی کردووە کە پێی وایە کوردستان جوگرافییایەکە کە تێیدا گەلی کورد زۆرینەن و ڕۆشنی کردۆتەوە و ناوچەیەکی فراوانی لە نزیک کەنداوی فارسەوە هەتا نزیک کەنداوی ئیسکەندەرونی بە کوردستان ناو بردووە. بەدلیسی خێڵ و عەشیرەتە کوردەکانی بە سەر چوار توخمی گشتیی کرمانج، گۆران، کەلهوڕ و لوڕ دابەش کردووە و سەرەڕای جیاوازیی زمان و هەندێک داب و نەریت، هەموویانی خستە ژێر چەمکی گشتیتری «کورد». (سعیدی و زرگری نژاد، ١٣٩٦، ١٠٩-١١٠).

کوردستان نیشتمانێکی کوێستانییە خاوەن دەشت و دۆڵی بەپیت، کە لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو بناری ڕۆژهەڵاتی زنجیرە چیای زاگرۆس سنووردار دەبێتەوە. لەم بەشەشەوە بەرەو باشوور و مەودای نێوان هەمەدان و سنە درێژ دەبێتەوە. لە دیوی باشوورەوە بە کرماشان و ئیلام و بەشێک لە لوڕستان کۆتایی دێ و لە دیوەکەی تریشەوە بە کەرکووک و موسڵ کۆتایی دێت. لە بەری باکوورەوە بەرەو ماردین و وێرانشار و ئۆرفا درێژ دەبێتەوە، پاشان لە باکوورەوە بەرەو مەڵەدێ و چۆمی فورات دەڕوا و هەتا دەگاتە کەمالییە. لە بەشە باکوورییەکان کوردستان بە چیاکانی مێرگانداغ و هاراڵداغ کۆتایی پێ دێ و بۆ ئەرزەنجان و ئەرزروم درێژ دەبێتەوە. سنوورە ناڕوونەکانی کوردستان ناهێڵن بە وردی ڕووبەرەکەی بخەملێنرێت. ئینسایکلۆپیدیای بریتانیکا درێژیی کوردستان بە ٦٠٠ مایل (٩٦٠ کیلۆمەتر) و پانییەکەی بە ١٥٠ مایل (٢٤٠ کیلۆمەتر) دەخەملێنێت (Kurdistan,

Britannica). قاموس ئەلعالەم (ئیستەنبوڵ ١٨٩٦) کە باس لە پارێزگا کوردستانییەکانی عوسمانی دەکا، دەنووسێ درێژییەکەی ٩٠٠ کیلۆمەتر و پانییەکەی لە نێوان ١٠٠ بۆ ٢٠٠ کیلۆمەترە. لە ئێستادا پارێزگا جۆراوجۆرەکانی کوردستان لە تورکیا ١٩٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە و لە ئێران ١٢٥ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە و لە عێراق ٦٥ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە و لە سوریا ١٢ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە. کۆی ڕووبەری کوردستان بە نزیکەی ٣٩٢ هەزارکیلۆمەتر مەزەندە کراوە (Kurds, Kurdistān, 1986).پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە ئەم هەڵسەنگاندنە بەشێک لە جوگرافیای کوردستان ناگرێتەوە، بۆ نموونە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی جوگرافیای ئیداریی هەرێمی کوردستان.

محەمەد مەردۆخ کوردستانی سنووری کوردستان و پارێزگا و شارە گرنگەکانی بەم شێوە وەسف کردووە: «کوردستان بە سەر شەش پارێزگادا دابەش کراوە: ١- ویلایەتی دیاربەکر (ئامەد) کە ناوەندی شاری دیاربەکرە، و شارە گەورەکانی بریتین لە: سیلڤانا، ماردین، ئەرغەنی، سێڤێرگ، ئامەد، دوورگەی جزیرە و بۆتان، سێرت، لارجەکی. ٢- ویلایەتی موسڵ کە ناوەندی شاری موسڵە و شارە گەورەکانی بریتین لە: هەولێر (ئاربائیلۆ ناوە کۆنەکەیەتی)، سلێمانی، بێستان، کەرکووک یان ئارانجە، کە شوێنی لەدایکبوونی سوڵتان سەلاحەدین ئەیوبییە، شنگال، عیمادییە، ڕەواندووز، کفری، سەلاحییە، گوڵەنبەر. ٣- ویلایەتی سنە یان ئەردەڵان کە ناوەندەکەی شاری سنەیە و شارە سەرەکییەکانی بریتین لە بیجاڕ یان گەڕووس، سەقز، بانە و هەورامان. ٤- ویلایەتی مەهاباد کە ناوەندەکەی مەهابادە و شارەکانیشی بریتین لە سەردەشت و مەهاباد. ٥- ویلایەتی کرماشان کە ناوەندی کرماشانە کە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و شارەکانی بریتین لە شامات، سونقوور، کەنگاوەر، کەرەند، هاروناباد، سەرپێل زەهاو، قەسر شیرین و هەرسین. ٦- ویلایەتی لوڕستان، کە شارەکانی ئەمانەن: بوروجرد، خوڕەماباد، سەمیرۆم، مەلایەر، نەهاوەند و تویسەرکان.» (تابانی، ١٣٨٠، ٢٧ و ٢٨).

ئێدمۆندز لە کتێبی «کوردها، تورکها، عەرەبها»دا لە وەسفی کوردستان و سنوورە ویشکانییەکانی دەنووسێ: «وشەی کوردستان بە مانا فراوانەکەی ئاماژە بۆ ئەو سەرزەوینە دەکا کە کورد وەک کۆمەڵگایەکی هاوچەشن تێیدا نیشتەجێ بوون. ئەم خاکە لە نێوان تورکیا و عێراق و ئێراندا دابەش کراوە و بەشێکی بچووکیشی کەوتۆتە خاکی سوریا و یەکێتیی سۆڤیەت و هەر بۆیە سنوورەکانی کوردستان لەگەڵ هیچ کام لە سنوورە نێودەوڵەتییەکان و دابەشکارییە ئاساییەکانی وڵاتان لە وڵاتێکدا ناگونجێت. لە باکوورەوە ئەم سنوورە هێڵێکە کە لە یەریڤان و ئەرزروم و ئەرزەنجانەوە تێدەپەڕێ و لەوێشەوە بە هێڵێکی کەوانی لە مەڕەشەوە دەگاتە حەلەب. لە باشووری ڕۆژاوادا بە درێژایی بنارەکانەوە دەگاتەوە بە دیجلە و لەوێشەوە لە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووبارەکەوە بە ئاراستەی ئاوەکە بەردەوام دەبێ، ئینجا کەمێک باکووریتر لە هێڵی جەبەل حەمرین، دەگاتەوە بە خاڵێک لە سەر سنووری ئێران و عێراق کە لە نزیک مەندەلییە. لە بەری ڕۆژهەڵات واتە ئێران، سنووری

کوردان بە ئاراستەی باشووری ڕۆژهەڵات لە یەریڤانەوە درێژ دەبێتەوە و ناوچەکانی ماکۆ و بەشێک لە خۆی و ورمێ، مەهاباد، سەقز و سنە هەتا کرماشان دەگرێتەوە» (ادموندز، ١٣٨٢، ٧).

دەوڵەتە بەهێزەکان و خانەدانە دەسەڵاتدارە ناوچەیی - خۆجێییەکان، وەکوو: ئاترییەکان، هەزبانییەکان، ئالی‌حەسنەوییەکان، بەنی‌عەیاران، فەزلەوییەکان، مەروانییەکان، شەدادییەکان، ڕەوادییەکان، ئەیوبییەکان، و میرنشینەکانی بابان، ئەردەڵان، سۆران، بۆتان، جزیرە و .... وەک زنجیرە دەسەڵاتدارە کوردڕەچەڵەکەکانی سەردەمی ئیسلامی دادەنرێن، کە بە هۆی ئەو هەژموونییە سیاسی، فەرهەنگی، زمانی و ئابوورییانەی کە لە کۆمەڵگای ژێر فەرمانی خۆیاندا بوویانە، کاریگەرییان لە سەر دروستکردنی هێڵی گشتیی شوناسی مێژوویی ئێتنیکی و نیشتمانیی هەندێ لە بەشەکانی کوردستان داناوە.

لە ڕووی هەڵکەوتەی ژیۆپۆلیتیکییەوە، کوردستان جوگرافییایەکی هەڵەمووت و هەڵدێری هەیە، کە لە لایەک کاریگەریی بەرچاوی لە سەر پەیوەندییە فەرهەنگی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگای خۆیان بووە و لە لایەکی دیکەوە کاریگەریی زۆری لە سەر پەیوەندیی کۆمەڵگە کوردییەکان لەگەڵ کۆمەڵگە بیانییەکان داناوە. سەخت و هەڵدێربوونی ناوچەکە و بەهرەی جەنگیی بەسامی دانیشتووانەکەی، هەمیشە کوردستانی کردۆتە سنووری سروشتیی ئەو ئیمپراتۆرییەتانەی کە لە نزیک ئەوان سەریان هەڵداوە. هیچ کام لەم ئیمپراتۆریەتانە جگە لە چەند بەشێکی وڵاتی کوردستان نەبێ نەیانتوانیوە هێز و دەسەڵاتی خۆیان بە سەر خاکی کوردستاندا بسەپێنن. لە ئەنجامی ئەمەشدا، کوردستان بە پێی سنووری سیاسیی ئەو وڵاتانەی کە بۆتە بەشێک لێیان، پارچە پارچە بوو. جەنگەکانی نێوان هەر دوو ئیمپراتۆریەتی ئێران و عوسمانی سنووری ئێستای ئێرانی لەگەڵ تورکیا و عێراق دامەزراند. داگیرکارییەکانی ئینگلیز و فەرەنسا لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا سوریا و عێراقی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی جیا کردەوە. ئەم مەرزبەندییە نوێیە کوردستانی لە نێوان چوار وڵاتدا پارچە پارچە کرد، بە جۆرێک کە زۆر جار زەویی هۆزەکانیان بە سەر دوو نیوەدا دابەش کرد (بروویین‌سن، ١٣٨٣، ٢٤).

کورد لە ئێران لە ڕۆژاوای وڵات و لە پاڵ بەری ڕۆژهەڵاتی عێراق دەژین. ئەم جوگرافیایە کە نیشتمانی کوردانی هەڵکەوتووی وڵاتی ئێرانە بە ناوی ناوچە کوردستانییەکانی ئێران، ناوچە کوردنشینەکانی ئێران، کوردستانی ئێران، ناوچە کوردییەکانی ئێران، کوردستانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناسراوە. نشینگەی گەلی کورد کە دەکەوێتە بنار و پێدەشتە پەرش و بڵاوەکانی زنجیرە چیای زاگرۆسی ناوەڕاست، لە پارێزگاکانی کوردستان، ئیلام، کرماشان، لوڕستان، و بەشێک لە باکوور و باشووری ئازەربایجانی ڕۆژاوا پێک هاتووە. لە باکوورەوە بۆ ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، لە بەری ڕۆژهەڵاتەوە بۆ زەنجان و هەمەدان و لوڕستان، لە لای باشوورەوە بۆ خوزستان، و لە ڕۆژاواوە دەڕوانێتە وڵاتی عێراق. بە گشتی کورد زیاتر لە ڕۆژاوا و باکووری ڕۆژاوای ئێران دەژین کە بە زاراوە و بنزاراوەی جیاواز لێک جیا دەکرێنەوە. هەروەها کۆمەڵێک کورد لە مازندەران، گیلان، ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، قەزوێن و خوراسان دەژین.

- **تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی**

کوردان لە ڕووی ژیانی بەکۆمەڵەوە میراتگری هەر دوو شێوازی ژیانی یەکجێنشینی و کۆچەرین. بۆیە لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا خەڵکی شار و خەڵکی لادێ و عەشایەرە کۆچەرییەکان لە سەرتاسەری کوردستاندا ژیاون. بەڵام ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی کورد، سەرەڕای جیاوازیی شێوازی ژیان، لە زۆربەی ناوچەکاندا لاسایی مۆدێل و سەرچەشنی کەڵانی سیستەمی عەشیرەیی و هۆزەکیان دەکردەوە کە پلەبەندییەکی دیاریکراویان هەبوو و کاروباری کۆمەڵایەتی بە پێی میکانیزمەکانی ڕێک دەخرا. براونسێن وێڕای ئاماژەدان بەوەی کە لە دڵی کۆمەڵگا زۆر و هەمەچەشنەکانی کوردستاندا، جیا لە سەرچەشنی گشتیی دابەشبوونی خێڵەکی لە هەندێک ناوچەدا، کوردە ناخێڵەکییەکان زۆرینەی ڕەهای خەڵکی کوردستانیان پێک دەهێنا، دەشڵێ، ئەم کوردە ناخێڵەکییانە لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە لە هەموو حاڵەتەکاندا گرێدراوی ئەو کوردانە بوون کە لە سەر بنەمای پەیوەندییە خێڵەکییەکان ڕێک خرابوون. بەم شێوە پێکهاتەی هۆزەکی شتێکە کە بە پەیوەندییە باڵادەستە نیمچە فیۆداڵییەکان زیاد کراوە (بروویین سن، ١٣٨٣، ٦٥-٦٦). کۆنان و ئادامسن لە باسی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کورددا دەنووسن: گەورەترین یەکەی سیاسیی کورد عەشیرەتە، ئەم وشە عەرەبییەش بە واتای خێڵە، کە یەک کەس سەرۆکایەتی دەکات. عەشایەر کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکانە کە سەرۆکێکی بۆ دادەنرێت. دوای عەشیرەت، تیرەیە کە یەکەیەکی خاوەن زەوییە و ئەندامەکانی لە یەک خانەدانن. تیرەش لە تاقمدا بڵاو دەبێتەوە کە بریتییە لە کۆمەڵێک ماڵ کە لە دێیەکدا کۆ بوونەتەوە یان لە شوێنێکدا چادریان هەڵداوە. ئاغا یان بەگ سەرۆکی هۆز، تیرە و عەشیرەتە» (کُنان و آدامسن، ١٣٥٨، ١٥-١٦). لەم بارەوە مینۆرسکی دەڵێ: لە ڕووی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە کوردان بە گشتی لە عەشیرەتی جیا جیا پێک هاتوون، هەر عەشیرەتێک لە دوو دەستە پێک هاتووە، دەستەی یەکەم جەنگاوەرەکانن، ئەمانە سەرکردەکانن (ئاغا و ئەربابەکان) و هەروەها خاوەن زەوی و خاوەن بەردەست و خزمەتکارەکانن. دەستەی دووەم جووتیار (ڕایەت) ـن، واتە ئەوانەی هەژارن. مافی خاوەندارێتیی زەوی و ئەندامێتی لە هۆز یان خێڵ یان خانەدان پێکەوە پەیوەندییەکی نزیکیان هەیە ... داب و نەریتی هەر هۆزێک پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ ناوچە یان ناوچە تایبەتەکانەوە هەیە و بە پێچەوانەشەوە. مافی بەکارهێنانی لەوەڕگە بە ڕوونی مافێکی هاوبەشە، لەوەڕاندنی ئاژەڵ لە لەوەڕگەی خانەداندا مافی لێنەسەندراوی هەموو ئەندامانی خانەدانە و هیچ کەس بۆی نییە ئەم مافە قۆرخ بکات (بروویین سن ، ١٣٨٣، ٧٠-٧١).

بە پێچەوانەی ئەو وێنەی کە زۆر کەس لە کورد هەیانە، تەنیا بەشێکی زۆر کەمیان خێوەتنشینن. زۆرینەی گەلی کورد جووتیارن، هەرچەندە ڕەنگە چەند سەر ئاژەڵێکیش بەخێو بکەن. لە ناوچە کوێستانییەکاندا زیاتر لە بژێوی نەبێ هیچی دیکە بەرهەم ناهێنرێ، لە دەشتەکاندا ڕێژەیەکی زیاتر لە ئاستی بژێوی بەرهەم دەهێنرێت. دەشتەکانی هەرێمی کوردستان و کوردستانی ڕۆژاوا کۆگای دانەوێڵەی هەر دوو وڵاتی عێراق و سوریان ... دەکرێ بڵێین جووتیارانی ناوچە کوێستانییەکان

خاوەنـی ئـەو زەوییـەن کـە ئیشـی لە سـەر دەکـەن، ئەوە لـە حاڵێکدایـە کە لـە دەشـتەکاندا زەوی هی خاوەنـداره شـارییەکانە (بروبین سـن ، ١٣٨٣، ٢٧-٢٨).

پێکهاتـەی هۆزەکـی و عەشـیرەتی و شـێوازەکانی بەرهەمهێنانیـان تایبەتمەندییەکـی ئاشـکرای کۆمەڵایەتـی و ئابـووری بـوو کـە هەتـا سـەرهەڵدانی سـەردەمی نـوێ و پێشـکەوتنە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانـی دەوڵەتـی مۆدێـرن لـە ناوچەکانـی کوردسـتان بـەردەوام بـوو و سـەرەڕای گۆڕانـی هەندێـک توخـم و پەیوەنـدی، هێشـتا مۆدێـل و سەرچەشـنێکی باڵادەسـت بـوو.

فەرهەنگـی کـورد و کوردسـتان بەسـتێنی بیچمگرتنـی زمـان یان بـە واتایەکـی تـر ئـەو زمانانەیە کە بـە «زمانـی کـوردی» نـاسراون و بـە دیارتریـن توخمـی فەرهەنگـی کـوردی دادەنرێـن. زمـان یـان زمانە کوردییـەکان زنجیرەیـەک زاراوەی زمانـە هیندۆئەوروپییەکانن کە لە ڕیزی زمانـە ئێرانی - ڕۆژاواییەکانن کـە کـورد هەتـا ئێسـتاش قسـەی پێـدەکات. زمانـە کوردییـەکان زمانـە ئێرانییەکانـی لقـی باکووری - ڕۆژاواییـن کـە خزمایەتییـان لەگـەڵ زمانەکانـی فارسـی، پەشـتۆ، بەلووچـی و لـوڕی هەیـە. بۆچوونی جیـاواز و هەندێـک جار لێکدژ سـەبارەت بـە بنەچەی زمانـی کـوردی خراوەتە ڕوو، مەردوخ کوردسـتانی لـەم بـارەوە دەڵـێ: ڕەگـی زمانـی کـوردی مـادی یـان ئاڤێسـتاییە، کـە نزیکـەی ٣ هـەزار سـاڵ پێـش زایین لە لایەن ئارییەکانەوە قسـەی پێکراوە (مردوخ کوردسـتانی، ١٣٥١، ٢). پڕۆفیسـۆر مینۆرسـکی کوردناسـی ڕووسـی، ئیلیـا گێرشـۆڤیچ زمانناسـی ڕووسـی و جـۆن لیمبێـرت ڕۆژهەڵاتناسـی ئەمریکـی باوەڕیـان بـە لێکنزیکایەتیـی زمانـی کوردی و مـادی هەیە. بەڵام هەندێـک لە زمانناسانی دیکە وێڕای دانـان بـە ڕەگ و ڕیشـەی کۆنـی زمان و وشەسـازیی کـوردی، فۆرمی ئێسـتای زمانی کـوردی لە ڕیزی زمانـە نوێکانـدا جـێ دەکەنـەوە. لـەم ڕووەوە تەنیـا هەندێـک وشـە لـە زمانـی مـادی لـە بەرهەمەکانـی زمانەکانـی دیکـەدا ماونەتـەوە و بـە گوێـرەی چەنـد وشـەیەک ناتوانیـن هیـچ زمانێـک وەک پاشماوەی زمانـی مـادی هەژمار بکەین. هەروەها زمانی ئاڤێسـتایی و مادی سـەر بە سـەردەمی کـۆن یان دێرینی زمانە ئێرانییەکانـن و لـە قۆناغـی ناوەڕاسـتی زمانـە ئێرانییـەکان هیـچ زمانێـک نییە کـە وەک پاشماوە لێـی بڕوانیـن. زمانـی کـوردی سـەر بـە سـەردەمی نـوێتری زمانـە ئێرانییەکانە و لـە قۆناغی ناوەڕاسـتدا بنچینەیەکـی ڕاسـتەوخۆی نییـە (Paul, 2008).

زاراوە سـەرەکییەکانی زمانـی کـوردی و زاراوە لاوەکییەکانـی بریتیـن لـە: ١. کوردیـی باکـوور: کرمانجـی، بادینـی، بایەزیـدی، بۆتانـی، شـوکاکی، خوراسـانی و ... ٢. کوردیـی ناوەڕاسـت: سـۆرانی، جافـی، موکریانـی، ئەردەڵانـی و هتـد.٣. کوردیـی باشـوور: کەلهـوڕی، ئیلامـی، لەکـی و فەیلـی ٤. زازایـی و هەورامـی.

لـە نـاو ئـەو بەرهەمانـەی کـە بـە زمانـی کـوردی نـووسراون، کتێبـی «سـەرەنجام» کـە بە شـێوەزاری کۆنـی کوردیـی گۆرانـی نـووسراوە و ئامۆژەکانـی ئایینـی یارسـانی لـە سـەدەی ١٣ لە خۆ گرتـووە وەک یەکـەم بەرهەمـی نـووسراو بـە زمانی کـوردی ناسـێنراوە. دەقە سـەرەتاییەکانی تری کـوردی بریتین لە: مەسحەفا ڕەش (کتێبی پیرۆزی ئایینی ئێزیدی)، دیوانی شیعر و بەرهەمەکانی شێخ ئەحمەد نیشانی

بە نازناوی مەلای جزیری (١٥٧٠-١٦٤٠)، فەقێ تەیران (١٥٩٠-١٦٦٠)، ئەحمەد خانی (١٦٥٠-١٧٠٧)، کە بە شێوەزاری کوردیی باکوور نووسراون. ئەمڕۆ زمانی کوردی بە هەموو شێوەزارەکانییەوە بە زمانێکی زیندوو و چالاک لە قەڵەم دەدرێ کە کۆمەڵێکی بەرفراوان لە ئاخێوەرەکانی بە شێوەی زارەکی و نووسین بەکاری دەهێنن. لەم نێوەندەدا هەر دوو شێوەزاری کوردیی باکوور و کوردیی ناوەڕاست لە ڕووی بەرهەمهێنانی بەرهەمی ئەدەبی و فەرهەنگی و زانستییەوە گرینگترن.

مافی ئاخێوەرانی زمانی کوردی لە تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا دۆخێکی جیاوازیان هەیە. حکوومەتی تورکیا دوای دەیان ساڵ لە سیاسەتی نکۆڵیکردن و سڕینەوەی زمانی کوردی، لە ژێر کاریگەریی فشاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و خۆڕاگریی کۆمەڵگای کورد، لە ساڵانی کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا، سیاسەتێکی هەموارتری گرتە بەر و فێرکردنی زمانی کوردی لە سەر ئاستی گشتی و خوێندنی ئەم زمانە لە هەندێک زانکۆ و دامەزراوەدا تێکڕای و چاپ و بڵاوکردنەوە بە زمانی کوردی مۆڵەتی پێدرا. فێرکردنی زمانی کوردی لە زانکۆی ماردین، چالاکییە پەروەردەییەکانی ئینستیتۆی زمانی کوردی لە زانکۆی ئیستەنبووڵ، دەرکردنی مۆڵەت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئایینی و فێرکردنی زمانی کوردی، و کردنەوەی کەناڵێکی تەلەڤیزیۆنی حکوومی بە زمانی کوردی، بەشێک لەو ڕێکارانەن ( (Yilmaz, 2017 ٥ لە وڵاتی سوریادا، لە سەرەتای دروستبوونییەوە هەتا ئەم دەیەی دوایی و سەرەتای ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی و شەڕی دواتری داعش، نەک هەر زمان بەڵکوو شوناسی کوردیش بە جۆرێک لەو وڵاتە نکۆڵی لێ کرا و ئەوان مافی سەرەتایی هاووڵاتیبوونیان نەبوو، بەڵام لە دوای ڕووداوە ناوخۆییەکانی سوریا لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا و دامەزراندنی حکوومەتی خۆسەری دیموکراتیک لە ناوچە کوردستانییەکانی سوریا، لە ئێستادا زمانی کوردی چووەتە ناو بواری پەروەردەی فەرمییەوە (Hamid, 2015). لە مێژووی خەباتی کوردان لە عێراقدا مافەکانی زمان و خوێندن بە زمانی کوردی لەگەڵ پێکهێنانی حکوومەتی خۆبەڕێوەبەری هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١، زمانی کوردی وەک زمانی حکوومەت و پەروەردە لە ناوچەکانی ژێر ئیدارەی ئەم حکوومەتەدا بە فەرمی ناسێندرا و دواتریش لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی بەعس و پێکهێنانی حکوومەتی فیدراڵی لە عێراق، بە پێی دەستووری عێراقی زمانی کوردی لە پاڵ زمانی عەرەبی بوو بە زمانی فەرمیی عێراق (Iraq›s Constitution of 2005, 4).

لە ئێراندا ئاخێوەرانی زمانی کورد لە ڕووی لێکبڵاویی جوگرافییەوە لە پارێزگاکانی کوردستان، ئیلام، کرماشان، ئازەربایجانی ڕۆژاوا، خوراسانی باکووری، خوراسانی ڕەزەوی و گیلان دەژین و ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردانی کۆچبەریش لە شار و ناوچەکانی دیکەدا بوونیان هەیە. سیاسەتی زۆرێک لە ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران بەرامبەر بە زمانی کوردی، لە ڕادەبەدەر جیاکارانە و بێڕێزانە بووە بە جۆرێک کە هەمیشە هەوڵی ئەوە دراوە کە وەک زاراوەیەک یان ئەوسەرەکەی وەک شێوەزارێکی زمانی فارسی لە قەڵەم بدرێ و بەم پاساوەی کە زمانی کوردی لقێک لە زمانی فارسییە مافی زمانێکی سەربەخۆی لێ زەوت بکەن. لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا

بە پێی مادەی ١٥، سەبارەت بە مافی فێرکردنی زمانی دایکی و زمانە خۆجێییەکان، هەندێک مافی زمانی بۆ ئێتنیکە نافارسەکان دیاری کراوە، لەوانەش زمانی کوردی، کە سەرەڕای هەموو ئەو کەموکوڕی و ڕەخنە جیددییانەی کە لە سەریەتی، تەنها لە هەندێک حاڵەتدا نەبێ لە سنووری یاسایی خۆیدا جێبەجێ نەکراوە. تاکە خاڵی وەرچەرخان لە فێرکردنی زمانی کوردی لە ئێران، وتنەوەی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی کوردستانی سنە لە ساڵی ١٣٩٤ـە (سجادی، بی‌تا). لەو بەڵگەنامانەی کە لە سەرەتای شۆڕشی ١٣٥٧ هەتاوی لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران دەست کەوتووە، سەبارەت بە زمانی کوردی هاتووە: «زمانی کوردی گرینگترین فاکتەری کەلەپووری فەرهەنگیی کوردانە. داواکاریی کورد بۆ بە فەرمیکردنی زمانی کوردی لە ناوچە کوردستانییەکان هەمیشە خاڵی ناکۆکی لەگەڵ حکوومەتە جیاوازەکان بووە» (دانشجویان پیرو خط امام، بی‌تا، ٣٧-٣٨). ئەمەش ئاماژە بۆ گرنگیی مافی زمان لە چوارچێوەی داخوازییە ئێتنیکییەکانە، بابەتێک کە لە ساڵانی ڕابردوودا یەکێک لە ئاستەنگە سەرەکییەکانی حکوومەت لە ناوچە کوردستانییەکان بووە.

هۆگریی ئایینی لە نێو کورداندا بە ڕەوتی مێژوویی ئایین و ئایینزاکان لە جوگرافیای فەلاتی ئێران پێوەندیی هەبووە. بەڵگەنامە مێژووییەکانی سەردەمی کۆن و دەستکەوتە زمانناسییە کوردییەکان لە پاڵ بەڵگە شوێنەوارناسییەکانی وەکوو ئاتەشگای مەزن و پیرۆزی ئازەرگوشنەسپ (ئاگری پاشاکان) لە کۆمەڵی شوێنەوارە دیرۆکییەکانی تەختی سلێمان لە نزیک شاری تکاو (یەکێک لە شارەکانی ناوچەی هەوشار)، کە ئیمپراتۆرەکانی ساسانی بە مەبەستی عیبادەت و نزا بە پێ سەردانیان دەکرد، پەرستگای ئاناهیتا لە کەنگاوەر و ئاتەشگای پاوە لە کرماشان (یاسمی، ١٣٦٢، ١٢٩) گوزارشت لە بڵاوبوونەوەی ئایینی زەردەشتی لە ناو باوانی کوردان و خاکی مێژوویی کوردستان دەکەن.

لەگەڵ هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ ناو خاکی ئێران، بەشێکی زۆر لە کوردانیش وردە وردە ڕوویان لە ئیسلام کرد و پاش دەرکەوتنی هەر چوار مەزهەب و ئایینزا ئیسلامییەکان، لەوانەش هەر چوار مەزهەبی ئەهلی سوننە، زۆرینەی گەلی کورد پەیڕەوییان لە ئیمام شافیعی کرد، مەزهەبی ئیمام شافیعی مەزهەبی باوی سەردەمی تورکە سەلجووقییەکان بوو. هەڵبەت دەبێ ئەوەش بگوترێ کە هەندێکیان پەیڕەوییان لە ئایینزا و مەزهەبەکانی دیکەی سوننە و شیعە کرد.

لە ڕووی لێکبڵاویی ئایینزایی کورد لە وڵاتی ئێران، ئەگەر ناوچە کوردستانییەکانی ئێران بە سەر دوو ناوچەی ئایینیدا دابەش بکەین دەکرێ بڵێین زۆربەی کوردە سوننەکان لە نیوەی باکووریدا دەژین. سنووری جوگرافیای ئایینزایی کوردانی ئێران بە پارێزگای کرماشاندا تێدەپەڕێ، بە جۆرێک کە لە شارەکانی سەلاس و باوەجانی، جوانرۆ و ڕەوانسەرەوە، بەرەو باکوور، ئایینزای سوننە و شارەکانی سەرپێڵ زەهاو، دالاهۆ، کرماشان، بەرەو باشوور، زۆربەیان شیعەن. لە ناو کورددا شوێنکەوتووانی ئایین و ئایینزاکانی دیکەش هەن کە پێیان دەوترێ یارسان (کاکەیی/ ئەهلی حەق). زۆربەی پەیڕەوانی ئەم ئایینە لە شارەکانی هەرسین، کرند، شامات و سەرپێڵی زەهاو و گوندەکانی نزیکی

دەژین. پەیڕەوانی ئەم ئایینە لە بەشە باشوورییەکانی هەرێمی کوردستان، و بەشێک لە کوردستانی باکوور و کوردستانی ڕۆژاوا دەژین. جگە لەوەش ئایین و ئایینزاکانی دیکەی وەکوو مەسیحی و ئێزیدی لە نێو کوردەکاندا شوێنکەوتوویان هەیە کە زۆربەیان لە هەرێمی کوردستان دەژین.

چڕی و جۆری شوناسی ئێتنیکی لای کوردان لە ئێراندا تا ڕادەیەک پەیوەست بە ئایین و بیروباوەڕە ئایینییەکانە. کوردانی ئەهلی سوننە زیاتر لە کوردانی شیعە داواکاریی ئێتنیکییان هەیە. کوردانی شیعە کە بە گشتی لە بەشە باشوورییەکانی پارێزگای کرماشان و پارێزگای ئیلامدا دەژین، سەرباری ئەوەی خۆیان بە کورد دەزانن و شوناسی کوردی لە ناویاندا بە باشی دیارە، بەڵام بەراورد بە کوردە سوونەکان، کەمتر ناکۆکییان لەگەڵ حکوومەتی ئێراندا هەیە و هەندێک جاریش شوناسی نیشتمانییان لە سەرووی شوناسی ئێتنیکییانە. شایانی باسە کە لە ساڵانی ڕابردوودا شوناسخوازیی ئێتنیکی لە ناو کوردانی شیعەدا هاوکات لەگەڵ لاوازبوونی شوناسی ئێرانێتی لە ناو کەمینە ئێتنیکی و ئایینزاییەکان زیاتر پەرەی سەندووە و بە تایبەتیش هاوپەیوەندیی ئێتنیکیی کورد لە دوای بوومەلەرزەکەی کرماشان (شاری سەرپێڵ زەهاو) لە ساڵی ٢٠١٦ (١٣٩٦ هەتاوی) زیاتر دەرکەوتووە. بەڵام تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و ئاماری لە سەر ئەم بابەتە نەکراوە و ئەمەش تەنها ڕوانگەیەکی ڕۆتینییە کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وێنای دەکەن.

مێژووی شیاوی باسی هێما فەرهەنگی و شوناسییەکانی کورد، ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی سەردەمی هاوچەرخ وەک خێراتربوون و قووڵبوونەوەی تەکنەلۆژیا نوێکانی بواری پەیوەندی - زانیاری، کرانەوەی زیاتری سنووری کۆمەڵایەتییەکان و تێکەڵبوونی جیهانی و پەرەسەندنی بەها نێونەتەوەتییەکان، بووەتە هۆی زیادبوونی ژمارەی تۆڕ و تەلەڤیزیۆنە کوردییەکان، دروستبوونی کۆمەڵە مەجازییە ئێتنیکییەکان کە هەڵگری ناوەڕۆکی ئێتنیکخوازین، قسەکردن لە بارەی کێشەی کورد لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و زیادبوونی پەیوەندییە نێوانفەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کورد (عبداللهی و قادرزادە، ١٣٨٨ ل ٢).

کورد ڕێز لە نەورۆز و مەولوودیخوێنی (لەدایک بوونی پێغەمبەری ئیسلام) دەگرن. نەورۆز لە ناو کورداندا بە جەژن و ئاهەنگێکی ئێتنیکی دادەنرێت؛ لە هەندێک ئەفسانەی کوردیدا سەرچاوەی ئەم جەژنە دەگەڕێتەوە بۆ کیۆمەرس، یەکەم پاشای پیشدادی. کیۆمەرس (بە کوردی، کەیمۆرۆس) لە کوێستانەکانی ڕواندز لە ڕۆژهەڵاتی شاری «دیانا» لەگەڵ ئەهریمەن دەجەنگێ و شکستی پێ دێنێت. بەم بۆنەوە فەرمان دەدا کە لە شاخ و بەرزاییەکاندا ئاگر هەڵبکرێ و هەواڵی سەرکەوتن لە هەموو شوێنێک بڵاو بکرێتەوە. فەرمان بە خەڵک دەدا کە ڕۆژی سەرکەوتن بکەن بە جەژن و ئاهەنگ و بۆ ماوەی نۆ ڕۆژ درێژە بەم جەژنە بدەن.

جەژنە ئیسلامییەکان ئەو جەژنانەن کە لە هەموو وڵاتانی ئیسلامی و هەروەها لە ئێرانیشدا بەڕێوە دەچن. کورد گرینگییەکی تایبەت بە داب و نەریت و جەژنە ئایینییەکانی وەکوو جەژنی قوربان و جەژنی ڕەمەزان و بەتایبەت جەژنی لەدایکبوونی پێغەمبەر واتە محەمەد دەدات. لە هەر

دوو جەژنــی ڕەمــەزان و جەژنــی قوربانــدا خەڵــک لــە کاتێــکدا کــە جلوبەرگــی نوێیــان لەبــەرە نوێـژی تایبەتی جەژن دەکەن و سـەردانی خزم و دۆسـت و ئاشـناکان دەکەن. جگە لەوەش ئاهەنگی جەژنی بـەرات شـان و شـکۆیەکی تایبەتـی هەیە کە لـە مانگی ڕەجەبدا بەڕێـوە دەچێت. جەژنـی لەدایکبوونی پێغەمبـەری ئیـسلام کـە بـە جەژنـی مەولـوود نـاسراوە و پـڕە لـە شـادی و خۆشـی و بەختـەوەری لـە مانگـی ڕەبیعول‌ئەولدا بەڕێـوە دەچێـت. لـەم ڕێوڕەسمانـەدا هەندێـک جـار چێشـتی نـەزری لەوانەش ئاشـێکی تایبەت، لێ دەنرێ و بە سـەر خەڵکدا دابەش دەکرێ و لەگەڵ ئەوەشـدا ڕێوڕەسـمی زیکری دەروێش و ژەنینـی دەف و خوێندنـەوەی سروودی تایبەتـی وەکوو مەولوودی‌خوێنـی، بەندایەتـی و ستایشـی خـودا، نـزا و پاڕانـەوە بـۆ بـارەگای خـودای میـری مـەزن ئەنجـام دەدرێـت. زۆر جار ئـەو دەقە ئەدەبییانەی کە زانایانی موسڵمان و شـاعیران و نووسـەرانی کورد لە سـەر ژیان و مێژووی پێغەمبەری ئیـسلام نووسـیویانە، لـەم ڕێوڕەسـمە هەمەلایەنانـەدا دەخوێندرێنـەوە. لـەم کۆبوونەوانـەدا کـە زۆرتر لە مزگەوتەکانـدا بەڕێـوە دەچن، شـیعر و وتاری ئایینییـش دەخوێنرێتەوە، بەڵام زۆربـەی کات بانگخوازان و شـاعیران ئـەم دەرفەتـە بۆ ئاماژەدان بە پرسـە سیاسـی و ئێتنیکییـەکان دەقۆزنەوە و بـە دەرفەتێک بۆ دەربڕینـی نارەزایـی بـەکاری دەهێنن.

لە مێژووی ئایینی - ئایینزایی کوردسـتان لە سـەردەمی ئیسلامیدا، سۆفیگەری بە بزووتنەوەیەکی بەهێـزی عەقیدەتـی و کۆمەڵایەتـی دادەنـرێ کـە بـە کارکـردە یەکێتی‌بەخـش و تۆبـەکاری و ئاسـانکردنەوەی بابەتـە ئایینییـەکان و لێبوردەیـی و ڕەواداریيە‌کەیـەوە کاریگەرییەکی قووڵیان لە سـەر پێکهاتـە کۆمەڵناسـی و فەرهەنگـی و سیاسـییەکانی کۆمەڵگای کوردی داناوە، بـە جۆرێک کە لە ڕووی کۆمەڵناسـیی سیاسـییەوە، ڕێباز و قوتابخانەکانی سـۆفیگەری لە کوردسـتانی هاوچەرخدا سەرچاوەی زۆرێـک لـە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسـییەکان بوون و ڕۆڵێکی بەرچاویان لە ئامادەباشـیی گشـتیی گەلی کورددا هەبووە. ڤاسـیلی نیکیتین سـەبارەت بە هۆگریی گەلی کورد بە سـۆفیگەری دەنووسـێ: هەرچەنـدە زانایانـی ئایینـی ڕێبـازە سـۆفیگەرییەکانیان پەسـەند نەکرد، بـەڵام جەمـاوەری گەلی کورد بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان باوەشـیان بـۆ بڵاوبوونـەوەی ڕێبازە سـۆفیگەرییەکان لـە کوردسـتاندا کردەوە (نیکیتین، ٢٠٠١، ٣٣١؛ بە نقل از: عظیمی و دیگران، ١٣٩٣)، ئەم دۆخە لە ناوچە کوردستانیەکاندا هێنـدە پـەرەی سـەندبوو کـە لـە نیـوەی یەکەمـی سـەدەی بیسـتەمدا ژمـارەی تەکییـە و خانەقاکانـی سـۆفیگەری لـە شـارە کوردسـتانییەکاندا بە ئەندازە یان تەنانـەت دەتوانین بڵێین زیاتـر لە مزگەوتەکان بـوو (مظهراحمـد، ١٩٧٨، ٣٥؛ هـاوری باخە وان، ٢٠٠٣، ٢٤٩ و ٢٧٥؛ بە نقل از: عظیمی و دیگران، ١٣٩٣). دوو ڕەوتـی سـەرەکیی سـۆفیگەری لـە مێژووی کوردسـتاندا بریتین لـە: ١- تەریقەتی قادری: قادرییـە شـوێنکەوتوانی شـێخ عەبدولقـادر گەیلانین کە یەکێک لە شـێخ و عارفە گەورەکانی سـەدەی شەشـەمی کۆچییـە. هەندێک لە نووسـەران نووسـیویانە عەبدولقادر گەیلانی کـوردە و خەڵکی گێلانی ڕۆژاوایە کە دەکەوێتە باشـووری ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان (مینورسـکی، ١٣٧٩، ١٠٨ و Bois, 1966، ٩١؛ بـە نقـل از: عظیمـی و دیگـران، ١٣٩٣). مورشـیدی گـەورەی تەریقەتـی قـادری لـە هەموو سـەردەم و

زەمەنێکدا پارێزەری مەزارگەکەی لە بەغدایە و ئەم مورشیدە، شێخی گەورەی خانقای تەریقەتی قادرییە. ئەم تەریقەتە هەر لە سەرەتای چالاکییەکەیەوە لە ناو کوردانی دانیشتووی ئێران و ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا شوێنکەوتووی خۆی وەدەست هێنا. بەڵام پێشوازیی گشتیی کورد لەم تەریقەتە هەڵدەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی ١١ و سەرەتای سەدەی ١٢ی مانگی. لەم کاتەدا بەشێک لە گەورەکانی خانەدانە کۆنەکانی ساداتی بەرزنجە هاتنە سەر ڕێبازی تەریقەتی قادری و زەمینەیان بۆ فراوانبوونی ئەم تەریقەتە لە ناو گەلی کورددا خۆش کرد. یەکەم ئەندامی ئەم خانەدانە، سەید ئیسماعیلی کازان قایی کوڕی سەید محەمەد نۆدێییە کە چووە بەغدا و دوای وەرگرتنی ئەم ڕێبازە و گەڕانەوەی بۆ زێدی خۆی، بانگەشەی بۆ ئەم تەریقەتە کرد (سنندجی، ١٣٧٥، ٥٧ـ٥٨؛ زکی، ١٩٥١؛ بە نقل از: عظیمی و دیگران، ١٣٩٣٢١٧). ٢- تەریقەتی نەقشبەندی: تەریقەتی نەقشبەندی لە بنەڕەتدا درێژەپێدەری تەریقەتی خواجەگانە، کە لە لایەن عەبدولخالق غەجدوانی (٦١٧-٥٧٥ کۆچی) دامەزراوە و بەهادین محمەد بوخاری (٧٩١-٧١٧ کۆچی) بە زیادکردنی چەند بڕگەیەک بەم تەریقەتە، تەریقەتی نەقشبەندی دروست کرد (روحانی، ١٣٨٥، ٢٣٣؛ بە نقل از: عظیمی و دیگران، ١٣٩٣). دامەزرێنەری سەرەکیی ئەم تەریقەتە و گۆڕەکەی لە بوخارا شوێنی زیارەت بۆ شاگرد و شوێنکەوتووانیەتی (سنندجی، ٦١١٣٧٥،-٦٢؛ احمد، ٢٠٠٩، ١٤٣؛ Bois, ١٩٦٦, ٩١؛ بە نقل از: عظیمی و دیگران، ١٣٩٣). بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی تەریقەتی نەقشبەندی لە جیهانی ئیسلامیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆی کۆچی کە خەلیفە و مشاییخەکانی ئەم تەریقەتە بە وڵاتاندا بڵاو بوونەوە و لە سەدەی ١٠ی کۆچیدا ناوەندێتیی ئەم تەریقەتە بۆ هیندستان گواستراوە. لە کوردستاندا تەریقەتە سۆفیگەرییەکانی تەریقەتی شێعە (نێعمەتوڵاهی و خاکسارییە) و تەریقەتی قادری ئەهلی سوننە، نەیانهێشت تەریقەتی نەقشبەندی دزە بکاتە ناو کوردستان هەتا ئەوەی کە لە سەرەتاکانی سەدەی ١٣ی کۆچی (کۆتایی سەدەی ١٩ی زایینی)، عارفی کورد واتە مەولانا خالید نەقشبەندی ئەم تەریقەتەی (١١٩٣-١٢٤٢ی کۆچی) لە کوردستانی ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا بڵاو کردەوە. مەولانا خالید نەقشبەندی سەر بە خێڵی میکاییلی، لە هۆزی کوردی جاف بوو. لە کۆتایی سەدەی ١٢ی مانگیدا لە «قەرەداغ»ی شاری سلێمانی لەدایک بووە و لە سەر دەستی زانایانی کوردستان خوێندوویەتی (گلزاری، بی‌تا، ١٠٤؛ بە نقل از: عظیمی و دیگران، ١٣٩٣). مەولانا خالید نەقشبەندی لە گەشتێکیدا بۆ حەج، تووشی ڕاسپێردراوێک لە هیندستان بە ناوی محەمەد ڕەحیموڵڵا بوو و لەگەڵ تەریقەتی نەقشبەندی ئاشنایەتی پەیدا کرد و لە کاتی گەڕانەوەی بۆ زێدی خۆی بڕیاری دا بچێتە هیندستان. مەولانا خالید لە ڕێگای تارانەوە چووە خوراسان و لەوێشەوە لە ڕێگەی ئەفغانستانەوە چوو بۆ هیندستان و لە گەڕانەوەی بۆ کوردستان دەستی بە بانگەشە بۆ ئەم تەریقەتە کرد. بەڵام بە هۆی ئەو دەسەڵاتە گەورەی کە شێخانی تەریقەتی قادری لە کوردستان بوویانە ناچار بوو لە بەغدا بمێنێتەوە و لەوێشەوە بە پاڵپشتیی والیی بەغدا خەلیفەکانی ڕەوانەی کوردستان کردووە (سنندجی، ١٣٧٥، ٦٥-٦٧؛ روحانی، ١٣٨٥،

٢٥٧؛ احمد، ٢٠٠٩، ١٤٣؛ Bois, 1966، ٩١؛ بە نقل از: عظیمی و دیگران، ١٣٩٣). دواتر بە پشتیوانیی حاکمە کوردەکانی میرنشینی بابان، تەریقەتی نەقشبەندی لە ناو کوردانـدا بڵاو بووەوە (میر بە سری، ٢٠٠٢، ٥٦؛ بە نقل از: عظیمی و دیگران، ١٣٩٣). مەولانا خالید نەقشبەندی لە ساڵی ١٢٤١ی مانگیدا سەفەری بۆ دیمەشق کردووە و هەر لەوێ کۆچی دوایی کرد (روحانی، ١٣٨٥، ٢٦٢؛ بە نقل از: عظیمی و دیگران، ١٣٩٣). پێشوازیی کورد لە بڵاوبوونەوەی تەریقەتی نەقشبەندی بە جۆرێک بوو کە لە ساڵی ١٢٣٥ کۆچی/١٨٢٠ی زایینی مەولانا خالید نەقشبەندی ١٢٠ هەزار موریدی هەبووە و بە گوتەی یەکێک لە گەڕۆکە ئەوروپییەکان خەڵک وەک وەلی و پێغەمبەر تەماشای شێخ مەولانا خالیدی نەقشبەندییان دەکرد و باوەڕیان وا بوو کە شێخ هەموو هێزێکی مێتافیزیکی هەیە (ریچ، ١٥٧١٩٩٢،؛ بە نقل از: عظیمی و دیگران، ١٣٩٣) جەنابی شێخ مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە سەرتاسەری دنیادا ٦٧ خەلیفەی هەبوو کە ٣٤ خەلیفەیان کورد بوون و لە سەرتاسەری کوردستاندا بەرپرسی بانگەشەی تەریقەتی نەقشبەندی بوون (روحانی، ١٣٨٥، ٢٧٧؛ بە نقل از: عظیمی و دیگران، ١٣٩٣). لە ناویاندا شێخانی تەوێڵە و بیارە، شێخەکانی بارزان و شێخانی شەمزینی و شێخانی بامەڕنی بەناوبانگترینن (روحانی، ١٣٨٥، ٢٧٩؛ العزاوی، ١٩٧٣، ١٨٩؛Bois, 1966.، ٩١؛ بە نقل از: عظیمی و دیگران، ١٣٩٣).

شێخ و گەورەکانی تەسەوف و ڕێبەرانی ئایینیی دیکە، لەوانەش زانایانی پلە یەک، لە کەسایەتییە کاریگەرەکانی کۆمەڵگای کوردی بوون کە هەمیشە پێگەکەیان بازنەی کاروباری ئایینی و ئایدۆلۆژیکی تێپەڕاندووە و دەورێکی گرینگیان لە بڕیار و ڕەوتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و تەنانەت ئابووری و زەویداریشدا گێڕاوە. ئەگەرچی سەرهەڵدانی سەردەمی نوێ ئاوابوونی سەردەمی کۆن و هەموو پێکەوەبەستراوەکانی بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵام سۆفیگەری و کەسایەتییە ئایینییەکان لە کوردستاندا لەو ڕەوتە نەریتییانە بوون کە لە قۆناغی هاوچەرخدا توانیان بۆ چەندین دەیە پێگەی خۆیان بپارێزن و لەگەڵ چوونی کوردستان بۆ ناو گۆڕەپانی پرسە سیاسییە نوێیەکان و بیچمگرتنی داخوازییە ئێتنیکی و ناسیۆنالیزمییەکان، ڕۆڵێکی کاریگەر لەم بوارەدا بگێڕن. ئەو بزووتنەوە سیاسییانەی کە لە سەر دەستی تەریقەتەکانی تەسەوف و ڕاپەڕینە ئێتنیکییەکانی شێخەکانی کورد و زانایانی ئایینیی گەورەی کوردەوە ئەنجام دران بریتین لە: بزووتنەوەی بارزان، ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، ڕاپەڕینی شێخ مەحموود حەفید، قازی محەمەد و هتد کە لە گرنگترین بزووتنەوە هاوچەرخەکانی کوردستان بوون. بۆیە سەرکردایەتی و ڕۆڵگێڕانی دیار و کاریگەرانەی شێخان و زانایانی ئایینی یەکێک لە وتەزا گرنگەکانی کۆمەڵناسیی سیاسی هاوچەرخی کوردستانە.

لە نێو ئایینە نائیسلامیەکاندا، ئایینی یارسان لە ڕووی تێکەڵبوونی مێژوویی لەگەڵ کۆمەڵگا و فەرهەنگ و زمانی کوردستان بە ئایینێکی ناوازە لە قەڵەم دەدرێت. ئایینی یارسان یەکێک لە ئایینە هەرە کۆنەکانی کوردستانە کە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان شوێنکەوتووی هەیە. ئەم ئایینە بە ناوی دیکەی وەکوو ئایینی یاری و ئایینی ئەهلی حەقیش ناسراوە، ئایینێکە خاوەن

بیروباوەڕی باتنییە کە مێژووی سەرهەڵدانی ئەم ئایینە بە وردی نازانرێ، بەڵام شوێنکەوتووانی ئەم ئایینە باوەڕیان بە ئەبەدیبوونی ئەم ئایینە هەیە. ئەم ئایینە بە قۆناغی مێژوویی جیاوازدا تێپەڕیوە. هەرچەندە کۆنترین دەقە ئایینیەکانی ئایینی یاری دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ٤ی کۆچی (سەردەمی شاخۆشین) و پێشینەی بەشێک لە پەرستگاکانیان دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام، بەڵام پێکهاتەی ئێستای لە سەدەی نۆی کۆچیدا لە لایەن سوڵتان سەهاکەوە بنیات نراوە. ئەم کەسایەتییە لە بیروباوەڕی خەڵکی یارساندا بەرزترین پێگەی لە نیزامی ئایینیدا هەیە (حیدری، ١٣٩٨). ئایینی یاری لە ژێر کاریگەریی ئامۆژەی ئایینە جیاوازەکان و هەندێک بناغەی تیۆریی خۆیانە و هەندێ لێکچوونی لەگەڵ ئایینەکانی دیکەی وەکوو مێهریزم، مانەویزم، جوولەکە، مەسیحی، و شیعە ... هەیە (مردانی و الهامی، ١٣٧٧، ٣). لە پێوەندی لەگەڵ ئیسلامدا، هەر چەندە هەندێ لە ئامۆژە و فیکرە ئیسلامییەکان و ڕێزگرتن لە هەندێک کەسایەتیی گەورەی مێژووی ئیسلامی لە ئایینی یارساندا بوونی هەیە، بەڵام یارسان بە مەزهەبێکی ئیسلامی و ڕەوتە ئیسلامییەکان نازانرێت. پەیڕەوانی ئایینی یارسان بەم ناوانە ناسراون: یاری، یارسانی، ئەهلی حەق، کاکەیی؛ یان بە ناوی تایفە یارسانییەکانی وەکوو قەڵخانی، سارەلی، گۆران، سەرتاڵبی و هتد (طاهری، ٢٠٠٩، ١١٩-١١٧). ئایینی یارسان سەرەڕای ئەوەی شوێنکەوتەی غەیری کوردیشی هەیە، لە ڕووی ئاخێزگەی جوگرافیایی و زمانی دەقە ئایینییەکان و کەسایەتییە گەورەکانی یارسانەوە بە ئایینێکی کوردی دادەنرێ، هەر بۆیە بۆ دووبارە خوێندنەوەی مێژووی فەرهەنگی کوردستان گرنگییەکی زۆری هەیە. ئەمڕۆ کۆمەڵگای یارسان، سەرەڕای ئەوەی لە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانیان ئازادن، بەڵام لە مافەکانی ئایینێکی سەربەخۆ و بەفەرمی ناسراو بێبەشن و زۆر جار بە هۆی هەڵوێستە ئایینی و عەقیدەییەکانیانەوە تووشی هەڵاواردن دەبن و هەندێ جار بێڕێزیشیان پێدەکرێت.

- **بارودۆخی ئابووری**

ناوچە کوردستانییەکانی ئێران، لە لایەک بە هۆی کەشوهەوای گونجاو، بارانبارینی زۆر، زەوییە کشتوکاڵییە بەپیتەکان، بژوێن و لەوەڕگە دەوڵەمەندەکان، پتانسێلی باڵای باخداری و یەدەگی کانگاکان و وزەی زۆرەوە و لە لایەکی دیکەوە توانای مامەڵەی دەرەکی لەگەڵ عێراق و تورکیا و هەروەها سوودمەندبوون لە پوتانسێلی زۆری گەشتیاریی سروشتی و مێژوویی، یەکێک لە بەهێزترین ناوچە ئابوورییەکانی ئێرانە، کە سەرەڕای ئەم دەرفەتانە، بەدەست ئاڵنگاری و کێشەی هەژاری، ڕێژەی بەرزی بێکاری، نەبوونی گەشەی ژێرخانی ئابوورییەوە دەناڵێنن.

لە بەشە باکوورییەکانی ناوچە کوردستانییەکانی ئێران، باخی سێو و ترێ و میوەی دیکە هەیە، بەڵام لە ناوچە باشوورییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بە هۆی بوونی لەوەڕگە و نەبوونی زەویی بەپیت، زیاتر کشتوکاڵی دێمەکاری و ئاژەڵداری برەوی هەیە. بە هۆی سنوور و جەنگی ئێران و عێراق، شەڕ لەگەڵ حیزبە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکان، هەڵاواردنە سیاسییەکان و دووربوون

لە ناوەندی ئێران، ناوچە کوردستانییەکانی ئێران لە ڕووی پیشەسازیی پێشکەوتووەوە گەشەیەکی ئەوتۆیان نەبووە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا، ژمارەیەک کارگەی گەورە و بچووک لەم ناوچەدا دروست کراون. جگە لە کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ، چەندین کانگای بەرد و کانزا لەو ناوچانەدا هەن کە بەرهەمەکانیان دوای پرۆسەی دەرهێنان دەگوازرێنەوە بۆ شارەکانی تر، ئەوە لە حاڵێکدا کە وەبەرهێنانی ئەم کانگایانە لە شوێنی خۆیدا لە ڕووی ئابوورییەوە قازانجی زیاترە و دەبێتە هۆی گەشەسەندنی ئابووری و پێشکەوتنی ناوچەکە. لە بەشێکی زۆری ناوچە سنوورییەکان، بازرگانیی دیکە هەن کە پێیان دەوترێ بازرگانی سنووری (بە شێوەی یاسایی) و کۆڵبەری (بە شێوەی نایاسایی)، کە هەمیشە خەڵک تووشی مەترسییە گیانی و ماڵییەکان دەکات. سەرەرای ئەوەی لە هەندێ شوێنی سنووری ڕۆژاوای ئێراندا بازاڕی مەرزی و سنووری هەیە، بەڵام ئەم بازاڕانە تەنیا لە کاڵای تایبەت و کەسانی تایبەتدا تەسک بۆتەوە و بە گشتی نەیانتوانیوە بارودۆخی ژیانی خەڵک باشتر بکەن.

هەرچەندە هیچ ئامارێکی فەرمیی تایبەت بە ناوچە و جوگرافیای کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ئێراندا بڵاو ناکرێتەوە و لە بنەڕەتەدا ئێتنیک پێوەری دابەشکاریی پێکهاتەی ئیداریی سیاسی نییە، بەڵام هەڵسەنگاندنی دۆخی ئابووریی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ئێراندا لە هەندێ حاڵەتی وەکوو پارێزگاکانی سنە، کرماشان و ئیلام، کە تەواوی پارێزگاکە دەگرێتەوە، یەکەیەکی پێوانەییە بۆ ڕوونکردنەوەی دۆخی ئابووریی ناوچە کوردستانییەکان.

ڕیزبەندیی ئابووریی پارێزگاکان بە پێی بەرهەمی ناپوختی ناوچەیی بە گوێرەی زێدەبایی پارێزگاکانی ئێران لە ساڵانی ١٣٩٧ و ١٣٩٨ و بەهاری ١٣٩٩ هەتاوی، دەریدەخا کە زیاتر لە نیوەی کۆی بەرهەمی ناپوختی ناوخۆی ئێران پشکی پێنج پارێزگای تاران، خووزستان، بووشێهر، ئیسفەهان و خوراسانی ڕەزەوییە. داهاتی خووزستان لەم ڕیزبەندییەدا بە هۆی فرۆشتنی نەوتەوە کە داهاتەکەی هیچ سوودێکی بۆ دۆخی ئابووریی بازاڕی ئەو پارێزگایە نییە، بەڵکوو تەرخانی پرۆژە زەبەلاحەکانی نەوت و پترۆکیمیایە کە سەر بە ناوەندە. لەم ڕیزبەندییەدا پارێزگای کوردستان بە ٠,٩، کرماشان بە ١,٥ و ئیلام بە ١,٢ پشکێکی کەمتر لە ٤ لە سەدی بەرهەمی ناپوختی ناوخۆییان هەیە (رنکینگ اقتصادی استان‌ها، ١٣٩٩). پارێزگای نەوتخێزی ئیلام نموونەیەکی دیکەیە کە سەرەڕای هەبوونی ٤ لە سەدی سەرچاوە نەوتییەکانی ئێران و پاڵاوگەی گاز، دیمەنە سروشتی و مێژووییە سەرنجڕاکێشەکانی و سنووریبوونی، هێشتا ڕێژەیەکی بەرزی هەژاری و بێبەشی لە خۆ دەگرێ و جیا لەوەی هیچ گەشەپێدانێکی ژێرخانی نییە، بە هۆی نەبوونی ئیمکانیاتی خۆشگوزەرانی و ژیانییەوە دەناڵێنێ. بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە لە لایەن مەجید عەینیان و داوود سووری لە ژێر ناونیشانی « هەژاری و نایەکسانی، ڕەفتاری پاشەکەوتکردنی ماڵان، هەڵاوسانی دەهەکەکان» لە سەر داوای نووسینگەی پرۆژە توێژینەوەییەکانی «پەیمانگای باڵای پەروەردە و توێژینەوەی بەڕێوەبردن و پلاندانان» لە ماوەی ساڵانی ١٣٩٤ و ١٣٩٥ ئەنجام دراوە ناوچە

شارییەکانی پارێزگای ئیلام ڕێژەی سەرژمێریی هەژاریی ٠٫١٦ لە سەد و ناوچە گوندییەکانی ئەم پارێزگایە ڕێژەی سەرژمێری هەژارییان 1.14 لەسەدە (عینیان و سوری، ١٣٩٥-١٣٩۴، ۴١-٦٢). ئەو ڕاپۆرتانەی ناوەندی ئاماری ئێران سەبارەت بە دوایین دۆخی دامەزراندنی پارێزگاکانی وڵات لە زستانی ساڵی ١٤٠١ هەتاوی بڵاوی کردەوە، ئاماژە بەوە دەکەن کە بەرزترین ڕێژەی بێکاری هی پارێزگای سنە بە ڕێژەی بێکاری ٢٠.٥ و دواتریش هی پارێزگای کرماشانە بە ڕێژەی ١٥.١ لەسەد (درگاه ملی مرکز آمار ایران).

هەر بۆیە لە هەڵسەنگاندنی گشتیی ئابووریی ناوچە کوردستانییەکاندا، دەشێ بڵێین لەم جوگرافیایەدا هەڵاواردن و ناوەندگەرایی هۆکاری هەژاری و بێکاری و کەم گەشەسەندن و کەمیی ڕێژەی بەرهەمی ناپوخت و داهاتی سەرانەیە. چاوخشاندنێکی گشتی بە ئاماری وەبەرهێنانە کەلانە دەوڵەتی و تایبەتییەکان و هەروەها کردنەوەی پیشەسازیی ژێرخانی لە ناوچە کوردستانییەکان و جوگرافیا ئێتنیکییەکانی دیکەی ئێران بەڵگەیەکی ڕوونە کە دەردەخا تا چەندە ئەم هەڵاواردنە بەدامەزراوەیی کراوە.

## ئێتنیکی عەرەب

عەرەب، گەلی عەرەب[1] یان عەرەبەکان، یەکێک لە گەورەترین ئێتنیکە بەڕەچەڵەک سامییەکانی جیهانن، کە زۆربەیان لە وڵاتانی عەرەبی دەژین کە بە «جیهانی عەرەب» ناسراون کە دەکەوێتە ئاسیای ڕۆژاوایی و باکوور و کەناراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا (Rogan, 2011)، هەندێ کەمینەشیان لە ئێران، بەرازیل، تورکیا، فەڕەنسا، ئەندەنوسیا، ئیسرائیل و وڵاتانی دیکەی جیهان دەژین. جیهانی عەرەبی، یان بە واتایەکی تر، دنیای عەرەبی، کە ڕووبەرەکەی سێزدە ملیۆن و سەد و سی هەزار و ٦٩٥ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و ژمارەی دانیشتووانی ٤٦٤ ملیۆن کەسە (لە ساڵی ٢٠٢٢)، ٢٢ وڵاتی عەرەبی لە خۆ دەگرێ کە ١٠ وڵاتی لە ئەفریقا و ١٢ وڵاتی لە کیشوەری ئاسیایە (Arabs,en.wikipedia). ئێران یەکێک لەو کۆمەڵە وڵاتانەیە کە لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا کۆمەڵێک عەرەب هاتوونەتە ناویەوە و تێیدا نیشتەجێ بوون. ئەم عەرەبانە کە لە سەردەمانی زۆر کۆنەوە لە ئێران نیشتەجێ بوون و ئەم نیشتەجێبوونە هەتا سەردەمی هاوچەرخ بەردەوام بووە، بە عەرەبە ئێرانییەکان ناسراون.

ڕەچەڵەکناسیی مێژوویی و ئێتنیکی

عەرەبەکانی ئێران، کە ژمارەیان نزیکەی دوو ملیۆن و ٤٠٠ هەزار کەسە (طرح بررسی و سنجش شاخصهای فرهنگ عمومی کشور، ١٣٩١)، لە ئێتنیکەکانی ناوچەکانی باشوور و باشووری ڕۆژاوای ئێرانن، کە زۆرینەیان لە پارێزگای خووزستان دەژین. عەرەبەکانی ئێران بە پێی توخمە زمانی،

---

١. الشَّعْبَ الْعَرَبِيّ

فەرهەنگی و سیاسییەکان و مێژووی ژیانکردن بۆ ماوەی هەزاران ساڵ لە سەر خاکی ئێران، لە ڕیزی پێنج ئێتنیکی سەرەکی ئێراندان. لە هەمان کاتدا ئەم ئێتنیکە بە بەشێک لە جیهانی بەرفراوانی عەرەبی دادەنرێن و پەیوەندیی زمانی و فەرهەنگی – دابونەریتیان لەگەڵ عەرەبەکانی دیکەدا هەیە، بەتایبەت عەرەبی وڵاتانی دراوسێی ئێران، لەوانە عێراق و کەنداوی فارس.

لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکاندا سەبارەت بە مانای وشەی «عەرەب» تێڕوانین و ڕوانگەی جۆراوجۆر لە ئارادایە کە لە گۆشەنیگای جیاوازی وشەناسی، بنچینەناسیی وشەیی، فەرهەنگی و نەژادییەوە لێکۆڵینەوەی لە سەر کراوە. مووسا سیادەت لە کتێبی «مێژووی جوگرافیای عەرەبی خووزستان» بە ئاماژەدان بە «پەیمانی کۆن»، «فەرهەنگۆکی وشەکانی زمانی عەرەب»، «مێژووی عەرەب» لە نووسینی فیلیپ حیتی، «مێژووی ئێرانی دوای ئیسلام» لە نووسینی زەڕینکووب و «عەرەبەکانی دەوروبەری سنوورەکانی ڕۆمای ڕۆژهەڵاتی و ئێران» لە نووسینی پیگۆلۆسکایا، باس لە پێنج لێکدانەوەی باو و هەمەلایەنەی وشەی «عەرەب» کراوە کە ئەمانەن:

وشەی «عەرەبی» وشەیەکی عیبرییە کە لە سیفری ئیشایا و سیفری یەرمیادا دەبینرێ کە ئاماژە بە کەسانی بیابانگەڕ (دەشتەکی) دەکا کە زێدەکەیان نیمچە دوورگەی عەرەبییە و قورئانی پیرۆزیش وشەی «عەرەبی» بە مانای «دەشتەکی» بە کار هێناوە.

وشەی عەرەب لەبەر ئەوەی یەکەم کەسێک کە بە زمانی عەرەبی قسەی کردووە یەعرەب کوڕی قەحتان باوکی خەڵکی یەمەن بووە و ئەوان بە «ئەلعەرەب ئەلعەریە» (العرب العریه) ناوزەد دەکەن و دوای ئەوەش سماعیلی کوڕی ئیبراهیم لەگەڵ ئەوان سەری هەڵدا و لەگەڵ کچێکی هۆزی جەرهەم هاوسەرگیری کردووە و دواتر بە زمانی ئەوان قسەی کردووە و بە «عەرەبی موستەعرەبە» ناسراون.

باس لەوە کراوە کە منداڵەکانی ئیسماعیل لە شارێک بە ناوی «عەربە» لە «تەهایە» (ناوچەیەکی کەنار دەریای سوور لە ڕۆژاوای نیمچە دوورگەی عەرەبی کە دەکەوێتە نێوان شاخ و دەریا) لەدایک بوون، و بە ناوی ئەو شارەوە ناویان لێنرا «عەرەب».

عەرەب وشەیەکی بەلیغ و خۆشە و هەر کەسێک بەم وشە ئاخافتن بکا پێی دەوترێ عەرەب.

تیۆریی کاسکێل سەبارەت بە بیاوان‌نشینی لە عەرەبستان کە ناوبراو پێی وایە دەوری ساڵی ١٠٠ی زایینییە، لە سەر ئەو ڕاستییە دامەزراوە کە: لەناوبردنی دەوڵەتە بچووکەکان بە درێژایی ڕێڕەوی کاروانەکان ئەوانی بەرەو بیاوانەکان پەلکێش کردووە و لە ئەنجامدا دەستەواژەی نوێ دروست بوو. ناوی عەرەب وەک چەمکێکی نوێ بۆ هۆزە کۆچەرییەکان و ناوی کۆچەری بەکار هێنرا (سیادت،١٣٧٤، ١٠٢-١٠٣).

بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوە ڕەچەڵەکناسی و مێژووییەکان، باوباپیرانی سەرەتایی گەلی عەرەب بە سەر دوو گرووپی گەورە و ڕەسەن دابەش دەبن. تاقمی یەکەم پێیان دەگوترا عەشیرەتەکانی قەحتان یان هۆزەکانی یەمەن (یەمانی) و دەستەی دووەمیش پێیان دەگوترا عەشیرەتەکانی عەدنان یان مەعەد. دواتر ئەم هۆزانە چەند حکوومەتێکیان لە دوورگەی عەرەبی دامەزراند، کە

سێ دەستەی لە خۆ گرتبوو: باشوور، باکوور و ناوەڕاست (مصاحب، ١٣٨١، ١٧٥٨-١٧٥٧).

سەبارەت بە ئاخێزگەی مێژوویی گەلی عەرەب و بە شێوەیەکی گشتیتر نیژادی سامی، فیلیپ حیتی مێژوونووسی بەناوبانگی مێژووی عەرەب دەڵێ: ئەگەری زۆرە کە نیمچە دوورگەی عەرەبستان زێدی نیژادی سامی بێ و ئەو ئێتنیکانەی کە دواتر هاتنە سەر هیلالی بەپیت، و پێیان وتراوە بابلی، ئاشووری، فینیقی و عیبرانییەکان لەوێ گیرساونەتەوە و لەوێ گەشەیان کردووە، و خاکی زیخەڵانی نیمچە دوورگەی عەرەبی سەرچاوەیەکە کە نەژادی سامی لەوێوە پێگەیشتوون و توخمە سەرەکییەکانی ئایینی جوولەکە و پاشان مەسیحیەت لەوێ سەریان هەڵداوە و هەموو ئەو نیشانانەی کە دواتر پەرەیان سەند و بوونە بەشێک لە هەڤیازی و ئیمتییازاتی نەژادی سامی دەرەنجامی ئەم زیخەڵانەیە (حتی، ١٣٨٠، ٧-٨). هەر بۆیە نیمچە دورگەی عەرەبی ئەو زێدە سەرەتاییەیە کە عەرەبەکان لە شێوەی گرووپی جیاواز و بە هۆکاری جیاجیا ڕوویان لە ناوچەکانی تری جیهان کردووە و دوای نیشتەجێبوونیان لە ناوچە جیاجیاکان، نیشتمانێکی نوێیان هەڵبژاردووە. عەشیرەتە عەرەبەکان لە ڕابردوودا هاوشێوەی عەشیرەت و کۆچەرییەکانی دیکەی جیهان، بە هۆکاری ئابووری و جوگرافی لە وڵاتی ڕەسەنی خۆیان کە یەمەن و حیجازە، بەرەو ناوچەکانی دیکە کۆچیان کردووە. هەندێک لە سامیناسەکان بە پشتبەستن بەو لێکۆڵینەوانەی کە لەبارەی ئەو کۆچە مێژووییەی کە گەلی سامی لە نیمچە دوورگەی عەرەبی کردوویانە، پێیان وایە ئەم نیمچە دوورگەیە لە ماوەیەکی درێژدا - نزیکەی هەزار ساڵ - وەک خەزنەیەک پڕ لە دانیشتوان بووە و ناچار بووە کەسانی زیادە بنێرێتە دەرەوە (عزیزی بنی‌طرف، ١٣٧٢، ٧).

هەندێک لە مێژوونووسان پێیان وایە کە کۆچی عەرەبەکان بەرەو باشووری ئێران هاوکات لەگەڵ کۆچی ئارییەکان بۆ فەلاتی ئێران بووە. پێش ئەمەش ئیلامییەکان - یەکێک لە ئێتنیکە سامییەکان - شارستانییەتێکی درەوشاوەیان لە باشووری ڕۆژاوای ئێران هەبووە، کە چەغازەنبیل لە حەفت تەپە بەڵگەی ئەم شارستانییەتەیە (عزیزی بنی‌طرف، ١٣٧٢، ٧). زانیاریی ئێمە لە سەر پەیوەندیی نێوان عەرەب و هەخامەنیشی و پارتییەکان زۆر کەمە. هەندێک لە مێژوونووسان پێیان وایە: «عەرەبەکان لە سەردەمی هەخامەنیشیەکان بەرەو باکوور پێشڕەوییان کردووە، هۆزەکانیشیان چوونەتە ناو عێراقەوە و ڕووبەری ئەو خاکەیان زیاد کردووە کە پێشتر لێی نیشتەجێ بوون. لەم ماوەدا بەرەو ڕۆژاواش پێشڕەوییان کرد، لە وڵاتی شام (تووری سینا) هەتا کەناراوەکانی ڕووباری نیل بڵاو بوونەتەوە. لە کاتی پێشڕەویی فارسەکان بەرەو میسر خزمەتێکی زۆریان بە ئێرانییەکان کرد (علی، ١٣٧٢، بە نقل از: عزیزی بنی‌طرف، ١٣٧٢، ٩).

سەبارەت بە پرۆسەی هاتنی عەرەب بۆ ناو وڵاتی ئێران، ئەحمەد کەسرەوی لە سەر ئەو بۆچوونەیە کە: ئێران دوای سوریا و عێراق بوو بە شوێنی کۆچی تازییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا تا ئەو جێگایەی کە هیچ شکی تێدا نییە و بەڵگەکان لەبەردەستدان، ڕێکەوتی ئەم کۆچکردنە دەبێ چەندین سەدە پێش ئیسلام و سەرەتای ئیمپراتۆرییەتی ساسانییەکان بێت. لە سەردەمی

ئەشکانیەکاندا دەروازەکانی ئێران بە ڕووی تازییەکاندا کراوە بوون ... و لە سەردەمی ئەواندا بوو کە تەنووخییەکان و لەخمییەکان بە ژمارەیەکی زۆرەوە بەرەو عێراق کۆچیان کرد و کەس ڕێگری لێ نەکردن. ڕەنگە هەندێ گرووپیش لە هەمان کاتدا هاتبن بۆ ئێران و نیشتەجێ بووبن، بەڵام بەو پێیەی کە هیچ بەڵگەیەک لەم بارەوە لەبەر دەستدا نییە، ناتوانین بە دڵنیاییەوە قسەی لە سەر بکەین. بەڵام لە سەردەمی ساسانییەکاندا گومانی تێدا نییە و چەندین بەڵگەش هەن هەندێ تایفەی تازییەکان لە گەرمیانەکانی ئێران واتە خووزستان و بەحرەین و پارس و کرمان نیشتەجێ بوون. یەکێک لەو تایفانە «بەنوو عەم» (بنوالعم) بوو کە ڕەنگە یەکەم تایفەی تازیک بووبن کە بەرەو ئێران کۆچیان کردووە. هەواڵی ڕاستەقینە کە سەبارەت بەم تایفە هەیە ئەوەیە کە لە سەرەتای ئیسلامدا، کاتێک تازییەکان بە ناوی جیهاد و بڵاوکردنەوەی ئیسلام دەستیان کرد بە جیهانگیری و شەڕیان لەگەڵ ئێرانییەکان و دژایەتی ئێرانییەکانیان دەست پێکرد، ئەم تایفە لە خووزستان لە هەر دوو شاری «نەهرتیری» و «مەنازرکوبرا» نیشتەجێ بوون و بە خەڵکی ڕەسەنی ئەوێ لە قەڵەم دەدران. بە پێی ئەوەی تەبەری دەیگێڕێتەوە (طبری، ج٤، ٢٠٨. بەنقل از: کسروی، ١٣٨٨، ١٤٣)، ئەم تایفە لە هۆزی بەناوبانگی بەنیتەمیم بوون و باپیرەیان «مەرە کوڕی مالیکی حەنزەلە» لەگەڵ گرووپەکەی لە شەڕی ئەردەشێر بابەکان لەگەڵ سوپای پارتی هاوکاری ئەردەشێری کرد و لەبەر ئەوەی نە تەبەری و نە کەسانی دیکە سەبارەت بە کۆچی ئەم عەرەبانە و تایفەکەیان بۆ خووزستان و نیشتەجێبوونیان هیچیان نەنووسیوە وا دیارە لە سەردەمی ئەردەشێرەوە یان بەر لەویش لەوێ نیشتەجێ بوون. هەر لەبەر ئەمەشە ئێمە ئەم تایفە بە یەکەم تازییەکان دەزانین کە هاتوونەتە ناو ئێرانەوە. لە سەردەمی ساسانییەکاندا شانشینی ئێران پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ تازییەکاندا هەبوو ... بەڵام شاریارە ساسانییەکان هەمیشە ڕێگرییان لە کۆچکردنی تازییکەکان بۆ ئێران دەکرد و جگە لەوانەی کە پێشتر کۆچیان کردبوو یان هەندێک لە تایفەکان کە هەر ئەو شاریارانە لە هەندێ لە گەرمیانەکاندا جێگیریان کردبوون، ڕێگرییان لەوانی دیکە دەکرد. لەم کاتەدا تازیکەکان بەتایبەت هۆزە بیاوانگەڕەکان وەها بە لێشاو و ژمارەی زۆرەوە کۆچیان کردبوو و لە سنوورەکانی ئێران نزیک ببوونەوە کە ئەگەر ئەم ڕێگرییە نەبا لە ماوەیەکی یەکجار کەمدا سەرتاسەری عێراق و خووزستان و فارس و ناوچەکانی دیکەیان دەگرتەوە. شاپووری دووەم دەستەیەکی لە بەنوتەغلیب لە بەحرەین، دەستەیەکی لە بەنو عەبدولقەیس، بەنوتەمیم و بەنوبەکری ئیبنی وائیل لە کرمان و بەنوحەنزەلەی لە ڕەمیلەی خاکی ئەهواز نیشتەجێ کرد (کسروی، ١٣٨٨، ١٤٢-١٤٥).

سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ئیسلام وەرچەرخانێکی جیهانی بوو کە بە پشتبەستن بە ئامرازەکانی بانگخوازیی جیهانی بۆ ئیسلام و فەتح و غەزەواتەکان و دامەزراندنی پەیوەندیی سیاسی و سەربازیی نوێ، پەیوەندیی جیهانی عەرەب لەگەڵ بەشەکانی دیکەی جیهان، لەوانەش وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی نزیک گۆڕانکارییەکی بەرچاو و ماناداریان بە سەردا هات. ئێران یەکێک لەو وڵات و شارستانییەتانە بوو کە لە نزیک نیمچە دوورگەی عەرەبی هەڵکەوتبوو، کە لە هەمان

دەیەکانی سەرەتای سەردەمی ئیسلامیدا بوو بە بەشێک لە جوگرافیای جیهانی ئیسلام و کەوتە ژێر دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامییەوە. ئەم دۆخە هەلی کۆچی بەلێشاو و بەکۆمەڵی عەرەبەکانی بۆ ئێران دابین کرد. وەک لە کتێبی مێژوونووسانی سەدەکانی یەکەمی ئیسلامدا دەردەکەوێ، عەرەب لە شارە جیاوازەکانی قەزڤێن، نەهاوەند، نەیشابوور، بوخارا، تووس، کاشان، مەرڤ، هەرات، ئازەربایجان و زۆربەی شارەکانی خووزستان و تەنانەت لە هەندێک شاردا زۆرینەی دانیشتووانیان پێک دەهێنا (عزیزی بنی‌طرف، ١٠). کەسرەوی لەبارەی هاتنی عەرەب بۆ ناو ئێران لە سەرەتای فەتحەکاندا دەنووسێ: ئەوەی شکی تێدا نییە ئەوەیە کە لە سەدە کۆچییە سەرەتاییەکاندا، کەمتر شارێک لە ئێراندا هەبوو کە بەشی سەرەکیی خەڵکەکەی تازی نەبن. وەک چۆن یەعقووبی، یەکێک لە نووسەرانی سەدەی ٣ی کۆچی، لە کتێبی «ئەلبولدان» (البلدان)دا کە باسی هەر یەک لە شارەکانی ئێران دەکا، لەم بارەوە زانیاریی زۆر بەسوودی هەیە. سەبارەت بە سیروان، سەیمەڕە، حیلوان، دینەوەر، قەزڤێن، نەهاوەند، نەیشابوور، و بوخارا کە لە شارە گەورە و گرنگەکانی ئێران بوون، ئەم دێڕەی نووسیوە: «خەڵکەکەی تێکەڵەیەک لە تازی و فارسن» و دەربارەی شاری قوم دەنووسێ: «زۆربەی خەڵکەکەی خەڵکی مەزحەج و ئەشعەرییەکانن» کە هەر دووکیان لە هۆزە بە ڕەچەڵەک یەمەنییەکان بوون (کسروی، ١٣٨٨، ١٥٠).

بە پێی بەڵگەنامە مێژووییەکان و لێکۆڵینەوە خەڵکناسییەکان، عەرەبەکانی ئێران لە سەردەمی هاوچەرخدا، بەدەر لە عەرەبەکانی سەر بە هۆزەکانی بەنی تەمیمی خووزستان، کە پێشینەیان دەگەڕاوە بۆ سەردەمی کۆن، زۆربەی عەرەبەکانی ئێران لە خوراسانەوە هەتا باشوور و ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری ڕۆژاوای ئێران لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام هاتوونەتە ناو ئێران و هەموویان بە ڕەچەڵەک عەرەبن کە بە گوێرەی فەرهەنگی هۆزەکی و پاراستنی دەمارگیرییەوە توانیویانە هەتا سەردەمی مۆدێرن زمان و ڕەچەڵەکی خۆیان بپارێزن.

- **لێکبڵاویی جوگرافی**

ناوەندی نیشتەجێبوونی ئێتنیکی عەرەب لە ئێران باشووری ڕۆژاوای ئەو وڵاتەیە واتە بەشێک لە پارێزگای خووزستان، بەڵام عەرەبی ئێرانی لە پارێزگاکانی خووزستان، خوراسان، هورمزگان، بووشەهر، قوم و ئیلام بوونیان هەیە، بەشێکیان بە هۆی کۆچکردنەوە لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بڵاو بوونەتەوە. سەبارەت بە ژمارەی دانیشتووانی عەرەبی ئێران وەک ئێتنیکەکانی دیکە ئامارێکی فەرمی و ورد لەبەردەستدا نییە، بەڵام زۆربەی ئەو هەڵسەنگاندنانەی کە دەتوانین پشتی پێ ببەستین بریتییە لە کتێبی ڕاستییەکانی جیهان، زانستنامەی خەڵکناسی، زانستنامەی لۆک‌لێکس، کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکی، دامەزراوەی ئەمریکای نوێ، پلانی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی پێوەرەکانی فەرهەنگی گشتیی ئێران و ئەو خەمڵاندنانەی کە بە پێی سەرژمێرییە هەمەلایەنە و نیشتمانییەکان دەکرێ، ژمارەی دانیشتوانی عەرەب لە ئێران لە نێوان ٢ بۆ ٢٫٧٥ لە سەدی کۆی

دانیشـتوانی ئێـران بـەراورد کـراون. لـە قومیـش بەشـێک لـە عەرەبەکانـی مەعـوودی عێراقـی دەژیـن، کـە لـە نێـو پێکهاتـەی عەرەبـی ئێرانیـدا هەژمـار دەکرێـن . بە پێـی ئاماری سـەرژمێریی سـاڵی ١٣٩٥ هەتـاوی نزیکـەی ملیوێنێـک و ٦٠٠ هـەزار عـەرەب لـە پارێـزگای خووزسـتان، لـە بووشـەهر نزیکـەی ٥٠ هـەزار عـەرەب، لـە خەمسـەی پارێـزگای هورمـزگان نزیکـەی ٨٠ هـەزار، لـە پارێزگای ئیسـفەهان نزیکـەی ٦٠ هـەزار عـەرەب، لـە پارێـزگای فـارس نزیکـەی ٢٠٠ هـەزار عـەرەب، لە خوراسـان نزیکەی ٥٠ هـەزار عـەرەب، لـە پارێـزگای قوم نزیکەی ٤٠ هـەزار عەرەب دەژین و نزیکـەی ١٠٠ هەزار عەرەبی دیکـەش لـە ناوچەکانـی دیکـەی ئێرانـدا دەژین و بەم شـێوە کـۆی ژمـارەی دانیشـتوانی عەرەبی ئێران نزیکەی دوو ملیون و ٢٠٠ هەزار کەسـە (٢,٧٥ لە سـەدی کۆی دانیشـتووانی ئێران لە سـاڵی ١٣٩٥) (طـرح بررسـی و سـنجش شـاخصهای فرهنـگ عمومی کشـور، ١٣٩١).

بـە سـەرنجدان بـەوەی کـە زیاتـر لـە ٨٠ لـە سـەدی دانیشـتوانی عەرەبـی ئێـران لـە خووزسـتان دەژیـن، عەرەبـی خووزسـتان بـە شـێوەیەکی گشـتی نوێنەرایەتی کۆمەڵگـەی عەرەبی ئێـران دەکەن و زۆربەی پێشـهاتە سیاسـی و کۆمەڵایەتی - فەرهەنگیەکانی گەلی عەرەب لە ئێران لە خووزسـتاندا ڕوو دەدەن. پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بکرێ کـە دانیشـتووانی عـەرەب لـە ئێران لە لایـەن هەندێک سـەرچاوە و کەسـایەتیی ئێتنیکـی عەرەبـەوە بـە ئامـاری زۆر بەرزتـر لـەوەی کـە سـەرچاوەکانی دیکـە ئامـاژەی پێدەکـەن، مەزەنـدە کـراون. یوسـف عەزیزی بەنی تـەرەف، لێکۆڵـەر و چالاکوانی عەرەب، لـە وتارێکدا لـە ١٤ی ئەیلوولـی ٢٠١٢ لـە پەرلەمانـی فەرەنسـا، ژمـارەی دانیشـتوانی عەرەبـی ئێرانـی بـە ٦ بـۆ ٨ لەسـەد خەمڵانـد (عزیزی بنی طـرف، ٢٠١٢). کەریـم عەبدیان، یەکێکی دیکە لـە چالاکانی عەرەب، لە ڕاپۆرتێکدا سـەبارەت بە دانیشـتوانی عەرەب لە ئێران دەڵێ: دانیشـتوانی عەرەب لە ئێران بە ٨-١٠ لـە سـەدی کـۆی دانیشـتوانی ئێـران دادەنرێـن، کـە زیاتر لـە ٥ ملیۆن کەسـیان لـە باشـووری ڕۆژاوای ئێـران لـە پارێـزگای خووزسـتان و نزیـک سـنووری عێـراق و کوێت نیشـتەجێ بوونـە (عبدیـان، بیتا). کەواتـە بـە پێـی ئـەم ڕا و بۆچوونانـە ژمـارەی دانیشـتووانی عـەرەب لـە ئێـران لـە نێـوان ٥ بـۆ ٩ ملیـۆن کەسـە. بـێ گوێدانە قەبارەی دانیشـتوانی عـەرەب لە ئێران، ئـەوەی گرنگی بەم حەشـیمەتە ئێتنیکە و لـە هەمـان کاتـدا بچووکە داوە ئەوەیە کە شـوێنەکەیان سـتراتیـژی و ژیۆپۆلێتیکـی – ژیۆئابوورییە کە لە لێـواری سـنوورەکانی باشـووری ڕۆژاوادا دەژیـن و زێـدی مێژوویـی ئەوانە.

لێکبڵاویـی جوگرافیـای هـۆز و تایفە عەرەبەکان لە ئێران بە گشـتی ئەم گـرووپ و ناوچانەی خوارەوە دەگرێتـەوە. عەرەبـی خوراسـان: ئـەم گرووپە بـە پاشماوەکانی عەرەبـی باکووری و باشـووری (عەدنانی و قەحتانـی) لـە قەڵـەم دەدرێـن کـە لـە سـەرەتای ئیسلامدا بـۆ ناوچەکانی خوراسـان کۆچیـان کردووە (قدیـم، ١٣٨٨، ٥٦٥)، ژمـارەی دانیشـتووانیان لـە دەوروبـەری ٥٠ هـەزار کـەس مەزەنـدە دەکرێ کە بریتیـن لـە؛ عەرەبەکانی سـەبزەوار، شـاهرود، نەیشـابوور، سـەرخەس، بیرجەند و خەزاعـی، تەمیمی، تایـی و خەفاجـی (Oberling and Hourcade, 1986, 215-220) . لـە نـاو ئـەو عەرەبانـەدا بەشـێک لە کۆچبـەرە عێراقییەکانـی سـەردەمی نوێـش دەبینرێـن. عەرەبەکانـی خوراسـان بە شـێوەزارێک بە ناوی

«عەرەبیی خوراسانی» قسە دەکەن (جانی، ۱۳۸۷).

عەشیرەتی کۆتی لە ڤەرامین و گەرمسار: تایفەی سەربەخۆی عەرەبی کۆتی یەکێک لەو ۱۹ گرووپە کۆچەرییەی ناوچەی ڤەرامین لە تارانە، کە مێژووی نیشتەجێبوونیان دەگاتەوە بە نەجد عومان. لە سەردەمی خەلافەتی ئومەوی یان عەباسیدا ئەندامانی ئەم تایفە عەرەبە ڕەوانەی خووزستان و فارس دەکران یان بەرەو ئەوێ کۆچیان کرد و لە سەردەمی قاجاریشدا بەشێکیان ناچار بوون ڕوو لە ناوچەی ڤەرامینی تاران بکەن و هەتا سالانی ڕابردوو، بە شێوەی کۆچەری خەریکی کاری ئاژەڵداری بوون ئەم تایفە گەورەترین تایفەی عەشایەریی عەرەبە کە لە ناوچەیەکی نزیک لە کەلانشاری تاران دەژین و لە ڕووی فەرهەنگییەوە هێشتا بە زمانی عەرەبی ئاخافتن دەکەن و فەرهەنگی عەشایەریی خۆیانیان پاراستووە. ژمارەی دانیشتوانی ئەم تایفە ۱۳۰ ماڵ و هەزار و ۵۹ کەسە (هاشمی، ۲۰۱۳ ۶۹، ۷۰ و ۷۸).

هۆزی خەمسەی فارس: هۆزی خەمسە یەکێک لە هۆزە عەرەبەکانی یەکێتیی عەشیرەتی خەمسەی پارێزگای فارسە. عەرەبی خەمسە لە دوو هۆزی عەرەبی جەبارە و شەیبانی پێک هاتووە. ئەم هۆزە بە شێوەزارێک لە زمانی عەرەبیی کەنداوی قسە دەکەن کە ڕێژەیەکی زۆری وشەی فارسی تێدایە. عەرەبی خەمسە موسڵمانن و زۆرینەیان شیعەن. ئەم خێڵە گەورە بە شێوەیەکی سەرەکی لە باکوورەوە بۆ باشوور و هەروەها لە لای ڕۆژهەلاتی پارێزگای فارس بڵاو بوونەتەوە.

عەشایەری باوی لە ناوچەی باشێت و چیای مەڕەسورخی سەر بە پارێزگای کۆهگیلویە و بۆیەر ئەحمەد.

عەرەبەکانی پارێزگاکانی بووشەهر و هورموزگان، بریتییە لە دانیشتووانی: کەنگان، نەخڵ، بنار، عەسەلووییە، بەندەر لەنگە و دوورگەکانی قیشم و کیش.

عەرەبەکانی دانیشتووی ناوچەکانی باکووری فەکە و شاری مووسیان لە ئیلام (قیم، ۱۳۸۰، ۱۹۲)

عەرەبەکانی خووزستان: بەشی دەشتایی پارێزگای خووزستان کە لە بەری باشوورەوە لە شارەکانی دێزفوول، مەسجد سولەیمان، ڕامهورمز و بێهبەهانەوە دەست پێدەکا و هەتا کەناراوەکانی کەنداوی فارس و ئەروەندڕوود بەردەوام دەبێ، ناوچەی سەرەکیی نیشتەجێبوونی عەرەبەکانە. ئەم ڕووبەرە ٦٥ لە سەدی پارێزگای خووزستان دەگرێتەوە. لە ناو ۲۵ شاری پارێزگای خووزستان، زۆرترین چڕبوونەوەی عەرەب لە شارەکانی ئەهواز، مولاتانی، شووش، حەمیدییە، سۆسەنگەرد، هۆویزە، بۆستان، شادگان، ماهشەهر، سەربەندەر، ڕامشێر، ئومێدییە، خورەمشار و ئابادانە (قەیم، ۱۳۸۰، ۱۹۲). ڕەچەڵەکی عەشیرەت و هۆزە عەرەبەکانی ئێستای خووزستان یان دەچێتەوە سەر بەنی تەمیم کە پێش ئیسلام لەم ناوچەدا هەر هەبوون، یان دەچێتەوە سەر بەنی عەبادە و بەنی سەعید و هاوشێوەکانیان کە لە سێ چوار سەدەی یەکەمی ئیسلامدا هاتوونەتە ئێران (عزیزی، بنی طرف، ۱۳۷۲، ۱۰). بە پێی ڕاپرسیی ئەنجومەنی فەرهەنگی گشتی لە ساڵی ۲۰۰۹ (۱۳۸۹ هەتاوی)، نزیکەی ۳۳٫٦ لە سەدی پارێزگای خووزستان عەرەب بوون، کە بە پێی ئەنجامی سەرژمێریی

ساڵی ١٣٩٥، ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای خووزستان بە ملیۆنێک و ٦٠٠ هەزار عەرەب مەزەندە دەکرێ (طرح بررسی و سنجش شاخصهای فرهنگ عمومی کشور، ١٣٩١). لە نێو عەرەبەکانی ئێراندا، عەرەبەکانی دانیشتووی باشووری ئێران و بەتایبەت عەرەبەکانی دانیشتووی خووزستان، گرووپێکی یەکگرتووی ئێتنیکی، فەرهەنگی و جوگرافیایی پێک دەهێنن و وێڕای شوناسە هۆزەکی و خێڵەکییەکەیان، بە شێوەیەکی بەردەوام شوناس و پێگەی ئێتنیکیی خۆیانیان پاراستووە.

- **تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی**

عەرەب، بە شاری و لادێیی و کۆچەرییەوە، ڕەچەڵەکی هۆزەکییان هەیە، کە لە ڕوانگەی خەڵکناسییەوە زنجیرەی پلەبەندیی هۆز (خێڵ)، عەشیرەت و تایفە لە ناویاندا بەرقەرارە. بێگومان لای عەرەبەکانی خووزستان، عەشیرەت و تایفە یەک مانایان هەیە. وشەی تیرە لە بەرامبەر «بەتن» و خانەدان لە بەرامبەر «بیت»ی عەرەبی بەکار هاتووە (عزیزی بنی‌طرف، ١٣٧٢، ١٤). ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای ئێتنیکیی عەرەبی خووزستان لە سەر ئەم دابەشکارییانە دامەزراوە: ١- بەیت: بچووکترین یەکەی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیی گەلی عەرەبە، کە لە چەند بنەماڵەیەک پێک هاتووە کە باوانێکی هاوبەشیان هەیە. ٢- حەموولە: چەند بەیتێک کە باوانێکی هاوبەشیان هەیە. ٣. عەشیرەت: کۆمەڵێک لە چەند حەموولە، کە شێخێک وەک ناوەندی سەرەکی لە ناو خۆیاندا هەڵدەبژێردرێن. هەر عەشیرەتێک ئاڵای خۆی هەیە ... ڕێزگرتن لە ئاڵا واتە ڕێزگرتن لە عەشیرەت. ٤. تایفە: لە چەند عەشیرەت پێک دێ و ناوەکی کۆچەرییە و یەک باپیرەیان هەیە. ٥. هۆز: لە چەندین تایفە و عەشیرە پێک دێت. سەرەڕای ئەوەی لە دابەشکردنە ئاماژەپێکراوەکاندا دوای عەشیرەت، تایفە و هۆزە، بەڵام شێخی عەشیرەت لە ئەرکە پەیوەندیدارەکاندا دەسەڵاتی تەواوی هەیە (قیم، ١٣٨٠، ٢١٣-٢١٤).

لە نێو عەشیرەت و تایفە عەرەبەکاندا شێخەکان لە هەموو بوارەکاندا ڕۆڵی سەرکردایەتییان هەیە. هەتا سەردەمی شێخ خەزعەل، شێخەکانی هۆزەکان باجەکانیان دەدا بە والی یان حاکمی ناوچەکە و ئەگەر لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیی ئێراندا بووایەن بەشێکیان دەدا بە حکوومەتی ناوەندی. شێخەکان دەسەڵاتێکی یەکجار زۆریان هەبوو و خاوەنی دەسەڵاتی گیانی ئەندامانی عەشیرە یان هۆز بوون. لە خووزستان بەو پێیەی کە بە درێژایی مێژوو زەوییەکان بە بەردەوامی بە دەست حکوومەتەکانەوە بووە و شێوەی «خالسە»یان هەبوو، دوای ئیسلامیش زەویداری هەرگیز وەکوو ناوچەکانی دیکەی ئێران پەرەی نەسەند. شێخ خاوەن زەوی یان وردەمالکێک بوو کە بە پاڵپشتیی ئابووریی خۆی، هەژموونیی سیاسیی خۆی بە سەر عەشیرەت یان هۆز دەسەپاند، بەڵام هەژموونی سیاسیی شێخەکان تەنیا لەبەر دەسەڵاتی ئابوورییان لە نێو کۆمەڵگای عەشیرەییدا نەبوو، بەڵکوو پرسی ڕووکەشیانە وەکوو عورف و دابونەریتی عەشایەری کە کەڵەکە بوونە و بۆ ماوەی چەندین سەدە ماونەتەوە، یارمەتی ئەم ڕەوتەیان داوە. چونکە وەک ئێستا دەبینین، سەرەڕای ئەوەی

پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان لە خووزستان گەشەی سەندووە و ڕێژەی شارنشینی زیاتر لە شەست لە سەدە و هەروەها کۆمەڵگا لە فۆڕمی گرووپی دابڕاوی عەشایەری دەرهاتووە و خزاوەتە ناو ڕەوتی پەیوەندییە سەرمایەداری و شارنشینییەکانەوە، بەڵام ئێمە هێشتا شاهیدی باڵادەستیی شێخ و نەریتە عەشایەرییەکان لە ناو زۆربەی خەڵک بەتایبەت لە ناو گوندەکان و لە ناو پەراوێزنشینانی نیمچە شاری – نیمچە لادێییەکانی شارەکانی خووزستانین (عزیزی بنی طرف، ١٣٧٢، ١٢).

عەرەبە ئێرانییەکان وەکوو عەرەبەکانی دیکە بە زمانی عەرەبی ئاخافتن دەکەن، کە لە بنەماڵەی زمانە سامییەکانە، زمانی پیرۆزی ئیسلامە، زمانی فەرمیی جیهانی عەرەبە، زمانی کەمینە عەرەبەکان لە وڵاتانی دیکەیە و یەکێک لە شەش زمانی فەرمی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە (Unesco, World Arabic Language Day). زمانی عەرەبی زمانی فەرمیی ٢٧ وڵاتە و نزیکەی نیو ملیارد کەس لە جیهان ئاخێوەری هەیە و یەکێک لە پڕئاخێوەرترین زمانەکانی جیهانە. ئەمڕۆ ئەم زمانە ١٣ زاراوە و شێوەزاری جیاوازی هەیە. بەڵام عەرەبیی نوێی ستاندارد وەک زمانی نووسینی فەرمی لە هەموو وڵاتانی عەرەبیدا قبووڵ کراوە (Wright, 2006, 492). بە لەبەرچاوگرتنی فرەچەشنیی نەژادی، بەرفراوانیی سەرزەوینی و بڵاوبوونەوەی جیهانیی عەرەب، زمانی عەرەبی گرنگترین توخمی شوناسی عەرەب و فاکتەری یەکگرتوویی و یەکڕیزیی کۆمەڵگای عەرەبییە.

لەگەڵ هاتنی ئیسلام، زمانی عەرەبی، وەک زمانی وەحی و قورئان و زمانی هەڵبژێردراوی جیهانی ئیسلامی، موسڵمانان وەک پیرۆزییەکی گەورە لێیان دەڕوانی، دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە ئێران، وێڕای کاریگەریدانان لە سەر گەشەسەندن و وەرچەرخانی زمانی فارسیی دەری، بوو بە زمانی شەریعەت، دەقە ئایینییەکان و زۆرێک لە زانست و تەکنیکەکان لە ئێران. هەر بۆیە زمانی عەرەبی لە ئێراندا، جیا لەوەی زمانی گەلی عەرەبە، زمانێکی گشتگیری ئایینییە، کە لە مادەی ١٦ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا وەک ئاماژە بە پێویستی و زەروورەتی فێربوونی ئەم زمانە هاتووە: «بەو پێیەی زمانی قورئان و زانست و مەعریفەی ئیسلامی عەرەبییە، و ئەدەبیاتی فارسی بە تەواوەتی تێکەڵ بەم زمانە بووە، ئەم زمانە دەبێ لە دوای قۆناغی خوێندنی سەرەتایی هەتا کۆتایی قۆناغی ئامادەیی بخوێنرێت» (قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، ١٣٩٧، ١٨).

زمانی عەرەبی گرینگترین فاکتەری شوناسی ئێتنیکیی گەلی عەرەبی ئێران و فاکتەری هاوپشتی و یەکگرتوویی نێوانیانە. عەرەبی ئێرانی بە شێوەزاری جیاوازی عەرەبی قسە دەکەن. زمانی عەرەبیی خووزستان زاراوەیەکی زمانی عەرەبییە و زۆر لە شێوەزاری عەرەبیی میزۆپۆتامیاوە نزیکە کە لە باشووری ڕۆژاوای ئێران بەتایبەت لە پارێزگاکانی خووزستان، هورمزگان و هەندێ ناوچەی بووشەهر و ناوچە باشوورییەکانی پارێزگای ئیلام قسەی پێدەکرێت. هەرچەندە زمانی عەرەبیی خووزستانی وەک زاراوەیەکی زمانی عەرەبی دادەنرێ، بەڵام لە شێوازی دەربڕینی وشەکاندا لەگەڵ عەرەبیی وڵاتە عەرەبییەکانی دیکە فەرقی هەیە. هەر وەک باس کرا، ئەم شێوەزارە - کە هاوشێوەی عەرەبیی

میزۆپۆتامیایە - لە وڵاتی عێراق و بەشێک لە وڵاتی سوریاش ئاخافتنی پێدەکرێت. عەرەبیی خوراسانی یەکێکی تر لەو زاراوانەیە کە خەڵکی عەرەبی دانیشتووی ناوچە جیاجیاکانی خوراسان قسەی پێدەکەن. ناوچەی عەرەبخانە لە باشووری خوراسانی ڕەزەوی و باکووری خوراسانی باشووری یەکێک لەو ناوەندە گرنگانەیە کە ڕەسەنایەتیی زمان و شێوەزاری عەرەبی تێیدا ماوەتەوە. زمانی عەرەبی لەم بوارەدا زمانێکی باڵادەستە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوەزارە ئەوەیە کە چەندین نموونەی وشەی ڕەسەنی عەرەبی لە خۆ گرتووە (آموزگار، ١٣٨٧، ٣٨). هەروەها زمانی عەرەبیی کەنداوی زاراوەیەکی دیکەی زمانی عەرەبییە کە لە نێو عەرەبەکانی خەمسەی فارس و ناوچەکانی دیکەدا قسەی پێدەکرێ و بڕێک وشەی فارسی تێدایە.

لە بواری فەرهەنگیدا چاپ و فێرکاری بە زمانی عەرەبی لە ئێران قەدەغە نییە، بەڵام هەر جۆرە پشتیوانییەک بۆ ئەم چالاکییانە بە ئامانجی خزمەتکردن بە زمانی عەرەبی وەک زمانی پیرۆزی ئیسلامە و هیچ پەیوەندییەکی بە مافی ئێتنیکیی کەمینەی عەرەب لە ئێراندا نییە. لە ڕووی ڕاگەیاندنی نیشتمانییەوە، لە پارێزگای خووزستان، بەرهەمهێنانی بەرنامە بە زمانی عەرەبی لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن هەیە. بەڵام لە هورمزگان و خوراسان و بووشەهر بەرنامەی لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی بە زمانی عەرەبی بوونی نییە. بە پێی ئامارەکانی فەرمانگەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی، ڕێژەی بەکارهێنانی بەرنامەی عەرەبیی بیانی لەم ناوچانەدا زۆرە. کاناڵی تەلەڤیزیۆنیی پارێزگای خوراسانی ڕەزەوی بۆ ماوەیەک هەواڵی عەرەبی بڵاو دەکردەوە. بەڵام لە ئێستادا تەنها بە زمانی فارسی بەرنامەی هەیە (فکوهی، ٢٠١١).

لە ڕووی ئایینیشەوە زۆربەی عەرەبەکانی ئێران پەیڕەوی لە ئایینزای دوانزە ئیمامی شێعە دەکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا بە کۆمەڵگایەک دادەنرێن کە فرەچەشنیی ئایینی و دابونەریتییان هەیە. لە ناو عەرەبەکانی پارێزگای خوراسان، عەرەبەکانی تایباد و تۆربەتجام سوننەن (قیم، ١٣٨٠، ١٩٢). غولاتی شێعە یەکێکی دیکە لەو بزووتنەوە ئایینییانەی دیکەیە کە لە ناو عەرەبەکاندا جێی بایەخ بوو. موشەعشەعییەکان بە سەرۆکایەتیی سەید محەمەد موشەعشەع لە غولاتە عەرەبە شێعەکانی نیشتەجێی خووزستان بوون کە بە دروشمی ئەوەی کە خۆیان بە پێشەنگەکانی مەهدی دەزانی، ڕاپەڕین و لە ساڵی ٨٤٥ تا ٩١٤ لە خووزستان حوکمڕانییان کرد (رنجبر، ١٣٨٢، ٧). نزیکەی ٥ هەزار عەرەبیش سەر بە ئایینی مەندایی یان سابئین (قیم، ١٣٨٠، ٢١٧).

- **بارودۆخی ئابووری**

پارێزگای خووزستان کە زێدی نیشتەجێبوونی سەرەکیی عەرەبەکانە لە ئێران، پارێزگایەکە لە باشووری ڕۆژاوای ئێران، کە دەکەوێتە کەنارەکانی کەنداوی فارس؛ و ناوەندی بەرهەمهێنانی نەوت و گازی ئێرانە. ڕووبەری پارێزگای خووزستان ٦٤ هەزار و ٥٧ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و بە هۆی ژمارەی دانیشتووانییەوە کە دەکاتە چوار ملیۆن و ٧١٠ هەزار و ٥٠٦ کەس (١٣٩٥ هەتاوی)

پێنجەم پارێزگای ئێرانە کە زۆرترین دانیشتووانی لە خۆ گرتووە. شاری ئەهواز ناوەندی پارێزگای خووزستانە (استان خوزستان، سامانه جامع اطلاعات استانی).

پیشەسازی و دامەزراوە نیشتمانییەکان، کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی باشوور، کۆمپانیای نیشتمانیی هەڵکەندنی ئێران، کۆمپانیای پۆڵای خووزستان و کۆمپانیای نەوت و گازی ئەروەندان لە پارێزگای خووزستان هەڵکەوتوون. پاڵاوگەی ئابادان، پترۆکیمیای بەندەر ئیمام و پترۆکیمیای ماهشەهر، پیشەسازییەکانی دیکەی پەیوەست بە نەوتی ئەم پارێزگایەن. پارێزگای خووزستان پشکی نزیکەی ١٦،٣ لە سەدی لە زێدەبایی تەواوی وڵاتی ئێراندا هەیە، کە ئەم پارێزگایە لە دوای پارێزگای تاران لە پلەی دووەمدایە، بەڵام بە هۆی زۆریی پیشەسازییە سەرمایەبەرەکان و پەرەنەسەندنی گونجاوی پیشەسازییە بەکارهێنەرەکان لەو پارێزگایە، لە سەر ئاستی ئێراندا ڕێژەی بێکارییەکەی لە پلەی سێیەمە (آمارهای اقتصادی درمورد خوزستان چە می‌گویند؟، ١٤٠١).

خووزستان پڕئاوترین پارێزگای ئێرانە. پێنج ڕووباری گەورە کە لە زاگرۆسەوە سەرچاوە دەگرن، دەشتەکانی خووزستان ئاودێری دەکەن و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەڕژێنە ناو کەنداوی فارسەوە. کاروون کە گەورەترینی ئەو ڕووبارانەیە، گەورەترین ڕووباری ئێرانە، کە لە چیاکانی ناوەڕاستی زاگرۆسەوە سەرچاوە دەگرێ و لە باشووری شوشتەردا ڕووباری دێز دەڕژێتە ناوی و پاشان لە نزیک زارکی ئاروەندڕوود لە کەنداوی فارس دەڕژێتە ناو ئەم ڕووبارە. خووزستان بە هۆی ڕووبارە بە جۆش و خرۆشەکانی و دەشتە بەپیتەکانیەوە لە ڕووی بەرهەمهێنانی بەروبوومی کشتوکاڵییەوە لە ئاستی وڵاتی ئێراندا پلەی یەکەمی هەیە. دۆخی پەیوەندی و سنووری دەریایی شارە عەرەبنشینەکانی پارێزگاکانی خووزستان و هورمزگان، هەلێکی دیکەیە کە بووەتە هۆی ڕەونەقی بازرگانی و بازرگانیی نێودەوڵەتی. بەندەرە گرنگەکانی ئەو ناوچانە بریتین لە بەندەر عەباس و بەندەر ئیمام کە پشکێکی گەورەیان لە ترانزێتی دەریایی ئێراندا هەیە. هەروەها نەوتخێزبوونی ناوچە عەرەبنشینەکان و بوونی پیشەسازیی زەبەلاح بووەتە هۆی ئەوەی کە هێزی کرێکار لە هەموو ئێرانەوە بەرەو ئەو ناوچانە ڕابکێشرێن. ئەم دۆخە بووەتە هۆی ئەوەی کە دیمۆگرافیای ئێتنیکیی ناوچەکە تا ڕادەیەک بشێوێ و ئێتنیکە جۆراوجۆرە ئێرانییەکان بۆ ئەوەی هەلی کاریان دەست بکەوێ، لەم ناوچەدا نیشتەجێ دەبن.

نەوت و یەدەگی هایدرۆکاربۆنی بەنرخی ئەم ناوچە، پوتانسێلی ئاوی شیرین بە قەبارەی بەرفراوان، پێگەی مومتازی کەناراویی دەریاکان و دامەزراندنی تێرمیناڵە سەرەکییەکانی هاوردەکارییەکانی ئێران لەم کەناراوانەدا، ڕووبەری خاکی گونجاو و بەسوود بۆ کێڵگەی پیشەسازی، ڕێژەی گونجاوی دانیشتو و دابەشبوونی جوگرافیایی تا ڕادەیەک هاوسەنگ، هاوسنووری لەگەڵ هەر سێ وڵاتی عەرەبیی کەنداوی فارس، تۆڕی باش و پەیوەندیی هەوایی و وشکانی و ئاسنەڕێیی و بۆریی باش و گونجاو لە سەر ئاستی نیشتمانی، کورتتربوونی مەودای نێوان کەناراوەکانی هەتا تاران لە چاو پارێزگا کەناراوییەکانی باکوری کەنداوی فارس، و تەختبوون، خووزستانی کردووە بە تەواوترین

و ستراتیژیترین پارێزگای ئێران. لە ناوچەی بەرفراوان و گرنگی پارێزگای خووزستان، ئەو ناوچە جوگرافییەی کە عەرەب تێیدا دەژین، ستراتیژیترین خاکی نیشتمانییە. (کریمی پور و کەریمی پور، ١٣٨٤، ١١١-١١٢). سەرباری ئەمەش زۆربەی سەروەت و سامانی ئەم پارێزگایە بە هۆی نایەکسانی لە دابەشکردن و ناوەندگەرایی ئابووری و بەڕێوەبەرایەتی، لە پارێزگاکە دەچێتە دەرەوە و ئەم پارێزگایەی تووشی دۆخێکی ناخۆش و سەخت کردووە، یەکێک لە نوێنەرانی ئەم پارێزگایە لە مەجلیسی شۆڕای ئیسلامیی ئێران وێڕای ئاماژە بەم دۆخی نایەکسانی و کێشە قووڵانەی کە بەرۆکی ئەم ناوچەی گرتووە، وتی: «بڕێکی زۆری پارە و سەرچاوەی قەرز لە بازنەی هەڵبژاردنەکەی مندایە، بەڵام سووڕی پارە لە تارانە.» پارێزگای خووزستان لە ناو هەموو پارێزگاکانی ئێراندا زۆرترین ڕێژەی کۆچبەری بۆ دەرەوە هەیە. تەنها لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە ساڵی ١٣٩٧هەتاوی، ٤٠٠ هەزار کەس لە خووزستان بە هۆکاری وەکوو ناتەندروستیی ئاو، خۆڵبارین و کەشوهەوای نالەبار، پلەی بەرزی گەرما و بارودۆخی جوگرافیایی نالەبار و هەروەها بێکاری و هەژاری و گرانی بەرەو شارە باکوورییەکانی ئێران کۆچیان کردووە (سلحشوری، ١٣٩٧).

عەبدولنەبی قەیم، یەکێک لە نووسەران و چالاکانی عەرەبی ئێران، وێڕای ئاماژە بە دۆخی ئابووریی عەرەبەکانی خووزستان دەنووسێ: ڕێژەی خوێندکار و پزیشکی عەرەب، دەرچووانی زانکۆ، هەروەها ژمارەی فەرمانبەرە پلە بەرزە خۆجێییەکان لە بەشە حکوومەتییەکان و تەنانەت کار و پۆستە سەرەکییەکانی پارێزگاکە لە باشترین حاڵەتدا ناگاتە ١٠ لە سەدی دانیشتوانی پارێزگاکە. هەروەها بە پێچەوانەی ڕێژەی دانیشتووانی پارێزگای خووزستان کە ٦٠ لە سەد حەشیمەتی ئەم پارێزگایە پێک دێنن چینە تێر و پڕ و خۆشگوزەرانەکان واتە بازرگانە گەورەکان، خاوەن کارگەکان، بەڵێندەرەکان، بەرپرسانی حکوومەت، پزیشکەکان، ئەندازیاران، دادوەران، پارێزەران، و کارمەندە پلە باڵاکان ناگەنە ڕێژەی ٦ لە سەد و ژمارەی بازرگانانی گەورە و خاوەن کارگە و بەڵێندەرەکان تەنانەت ناگەنە ٢ لە سەد (قیم، ١٣٨٠، ٢٢١). کۆمەڵێک لە توێژەرەکان، لە توێژینەوەیەکی مەیدانیدا لە سەر بابەتی شوناسی ئێتنیکی و نەتەوەیی، لە پەیوەندییە مانادارەکانی نێوان بگۆڕە ئابوورییەکانی وەکوو پێگەی پیشەیی، بڕی داهاتی خێزان و خاوەندارێتی خێزان لەگەڵ شوناسی ئێتنیکی قسەیان کردووە. لەم نێوەندەدا هەرچی دۆخی ئابووریی بنەماڵە باشتر بێ، شوناسی ئێتنیکی کاڵتر دەبێتەوە. بەڵام هەتا هەستکردن بە بێبەشیی ڕێژەیی لە ڕووی ئابوورییەوە تۆختر بێ، شوناسی ئێتنیکیی زیاتر تۆخ دەبێتەوە (لهسایی‌زادە و دیگران، ١٣٨٨، ٥٧-٥٩).

## ئێتنیکی فارس

فارسەکان کە نزیکەی ٥٠ لە سەدی دانیشتوانی ئێران پێک دێنن، بە گەورەترین ئێتنیکی ئێران دادەنرێن و لە ئێستادا، بە ئێتنیکی باڵادەست ناسراون. زمانی فارسی زمانی هاوبەشی ئەم ئێتنیکەیە. فارسەکان لە ناوەندی ئێران دەژین و بە شێوەیەکی سەرەکی دانیشتوانی شارە گەورەکانی

ئێران خەڵکی فارسن. شارەکانی تاران، ئیسفەهان، سیمنان، ئەلبورز، شیراز، مەرکەزی، بەشێک لە بووشەهر، کرمان، یەزد، خوراسان و بەشێکی قەزڤێن و هەمەدان هەموویان فارس زمانن.

بەکارهێنانی «ئێتنیکی فارس» یان «گەلی فارس زمان» بۆ ئەم بەشەی دانیشتوانی ئێران کە بنەڕەتیترین تایبەتمەندیی فەرهەنگی و گشتییان زمانی دایکیی فارسییە، پرسێکی ئاڵنگاری بزوێنە کە لە بواری توێژینەوەی شوناسی ئێتنیکی و نەتەوەیی لە ئێران بووەتە جێی ناکۆکییەکی جیددی. لایەنەکانی ئەم مشتومڕە تیۆرییە بەسەر دوو گرووپی لایەنگر و دژبەری دەستەوشەی «ئێتنیکی فارس» لە لایەک و «فارس‌زمان یان خەڵکانی فارس زمان» لە لایەکی دیکەوە ساغ بوونەتەوە. هەندێک لە توێژەران پێیان وایە لە ڕووی مێژووییەوە شتێک بە ناوی ئێتنیکی فارس لە ئێراندا بوونی نییە. بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە لە بنەڕەتەوە چەمکی کەمینە و بەتایبەت کەمینە ئێتنیکییەکان لە پاڵ چەمکی زۆرینەدا مانا و بابەتییەتیی خۆی دەدۆزێتەوە و لە دونیای واقیعیشدا بە بێ بوونی زۆرینە ناتوانین باس لە کەمینە بکەین و دەوترێ کە زۆرینەی دانیشتوانی ئێران فارس زمانن، کە لەمەڕ بوونی فاکتەرە شوناسی، ئێتنیکی، و ئایینزاییە تایبەتەکانیان بیروڕای جیاواز لە ئارادایە و لە ئێستادا، ئەم فاکتەرانە لە پێدانی شوناسێکی نەتەوەیی/ئەوپەڕئێتنیکی بە فارس زمانەکان لە ژێر ناوی گشتیی شوناسی «ئێرانی»دا ڕەنگی داوەتەوە، و لە ڕوانگەی فەرهەنگییەوە، توخمە فەرهەنگی و دابونەریتییەکانی فارس‌زمانەکان شوناسێکی نەتەوەییان بە خۆیانەوە گرتووە و لە سەرانسەری ئێران و تەنانەت لە ناو فارس‌زمانەکانی دەرەوەی ئێرانیش ئەنجام دەدرێن و لە ڕاستیدا، وەک ڕێوڕەسمە نەتەوەییەکان لە قەڵەم دەدرێن، وەک نەورۆز، سێزدەبەدر، شەوی چلە یان یەلدا، چوارشەمە سووری و .... مەیسەم بادامچی، لە ڕەخنەیەک لە سەر بۆچوونی نکۆڵیکارانی ناونانی فارس وەک ئێتنیک، دەنووسێ: شوهوودی فەلسەفی و سیاسیی نووسەر دەڵێ ئێمە ئێتنیکێکمان بە ناوی فارس نییە، وەرگێڕانەکەی ئەوەیە کە بڵێین ئێمە کێشەی شوناسەکانی کەمینەکان و ئێتنیکە نافارسەکانمان لە ئێراندا نییە و دۆخەکە ئایدیاڵە یان نزیک لە ئایدیاڵە. لە سەر بنەمای ئەم لۆژیکە، کە دەتوانین ناوی بنێین «لۆژیکی نکۆڵیکردن»، ئێوە بە قبووڵکردنی بوونی گرووپێکی ئێتنیکی بە ناوی فارس، خەریکن «نیمچە کێشە» دروست دەکەن و بیر و ڕای گشتی چەواشە دەکەن. مانایەکی دیکەی شاراوەی «ئێمە فارسمان نییە» دەتوانێ ئەوە بێ کە ئەم دانیشتووانەی ئازەربایجان، کوردستان، خووزستان و ... نابێ سەیری وڵاتانی دراوسێ بکەن کە ڕەنگە زمانێکی هاوبەشیان لەگەڵ ئێوەدا هەبێ و نابێ لەگەڵیان هاوسۆزیی ئێتنیکی / نەتەوەیی بکەن (بادامچی، ١٤٠٠) لە بەرامبەردا ئەوانەی باوەڕیان بە کۆمەڵگای فارس‌زمانە و حاشا لە بەئێتنیکزانینی فارسەکان دەکەن، چەمکی «ئێتنیکی فارس» بە پیلانێکی دژەنەتەوەیی ناو دەبەن. ئەشکان زارعی، بەرپرسی کارگرووپی مێژووی ئەنجومەنی تاریانا، بە ئاماژەدان بەوەی کە لە ڕووی مێژووییەوە شتێک بە ناوی ئێتنیکی فارس لە ئێراندا بوونی نییە، وێڕای خستنە ڕووی باسێک سەبارەت بە پێگەی زمانی فارسی لە شوناسی ئێتنیکیدا، دەڵێ: بەداخەوە لەم چەند ساڵەی دواییدا هەندێ هەوڵی شەیتانیانە دەدرێ بۆ ئەوەی بە کۆمەڵگای

بقەبووڵێنن کە ئێتنیکێکی تایبەت بە ناوی گەلی فارس کە ئەزقەزا کەمینەشە، دەستیان بەسەر تەواوی وڵاتی ئێراندا گرتووە و ئەم ئێتنیکە (فارس) بە کۆیلەکردنی باقی گەلانی ئێرانی، کە بە خەیاڵی ئەم تاقمە، بە نەتەوە ئێرانییەکان ناو دەبرێن، لە ڕاستیدا گەلانی دیکەیان بەدبەخت و قوڕبەسەر کردووە. بە زمانێکی سادەتر، ئەم تاقمە ئەهریمەنە لە ئێتنیکی فارس ئەژدیهایەکیان دروست کردووە کە دەستیان بە سەر خاکی ئەو گەلانەدا کێشاوە و ئەمانە تەنانەت ناوی ئێرانیش بە ناوێکی نوێ دەزانن کە ڕەزاشای پەهلەوی سەپاندوویەتی (زارعی، ١٣٩٧). ڕاسموس کریستیان ئێلینگ لە بەشی یەکەمی کتێبی «کەمینەکان لە ئێراندا: نەتەوەخوازی و ئێتنیگ‌گەری لە ئێرانی پاش خومەینیدا» لە ژێر ناوی «زۆرینەی هەڵاتوو» و خستنە ڕووی ئەو پرسیارەی کە «ئەگەر نافارس‌زمانەکان کەمینە ئێتنیکییەکانی ئێران بن، دەی کەواتە زۆرینەی ئیتنیکی چییە؟» باس لەم بابەتە دەکا و دوای لێکدانەوەی ئیدیعاکانی هەر کام لە لایەنەکان، زیاتر ئەو بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە کە فارسەکان ئێتنیکن (Elling, 2013, 22-28). حەمید ئەحمەدی، ئیحسان هۆشمەند و ئەسکەندەر ئەمانوڵاهی لەو ئێرانگەرایانەن کە پێیان وایە زمانی فارسی و پارێزگای فارس لە ئێراندا بوونیان هەیە، بەڵام ئێتنیکی فارس بوونی نییە (Amanolahi, 2005).

پێناسەی پاوانکراوی شوناسی ئێتنیکیی فارس بە شێوەی شوناسی نیشتمانیی ئێرانی بووەتە هۆی ئەوەی پێناسەیەکی تایبەت لە شوناسە گشتییە نافارسەکان بخرێتە ڕوو کە بە تەواوەتی لە ژێر کاریگەریی پەیوەندییەکانی دەسەڵات و پەیوەندییەکی ناهاوسەنگدایە. ئەو تێگەیشتنە تایبەتەی کە ناسیۆنالیزمی ئەم دواییەی ئێرانی لە فارسزمانەکان هەیەتی و نکۆڵی لە شوناسیان دەکا بە شێوەی دیاریکراو بۆتە هۆی ساختەبوونی شوناسی نەتەوەیی پاوانەکراو بۆ پڕەنسیپی ئێتنیکییان. بەم شێوە شوناسی نەتەوەیی ئێرانی لە شوناسی فارسیدا تەسک بۆتەوە و زمان، ئایینی فەرمی، ئایینزای فەرمی، فەرهەنگی فەرمی و بە کورتی شوناسی فەرمی و ڕەوای لێ هەڵدەهێنجێنرێت. لە ئەنجامی وەها پرۆسەیەکدا، شوناسی جیاوازی لانیکەمی نیوەی دانیشتووانی ئێران (تورک، کورد، عەرەب، بەلووچ، تورکەمەن و دیکەی ئێتنیکەکان) بە پشتگوێ خستنی پێگەیان لە بێچمگرتنی شوناسی نیشتمانیی ئێرانی نکۆڵی لێ دەکرێ و لە ژێر ئالای شوناسی نیشتمانیی ئێرانی قبووڵکردنی شوناسی فارسی دەبێتە شتێکی بەڵگەنەویست و سرووشتی.

- **ڕەچەڵەکناسیی مێژوویی و ئێتنیکی**

پارسەکان یەکێک لە ئێتنیکە ئارییە ناسراوەکانن، کە لە پێشهاتە سیاسییەکانی مێژووی کۆنی ئێراندا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە. وشەی پارسە وشەیەکی زمانی فارسیی کۆنە کە بۆ ئاماژەدان بە ئێتنیکی پارس و خاکی ژێردەسەڵاتەکەیان بەکار هاتووە. کاتێک ئەم وشە هاتە ناو زمانی پارسیی ناوەڕاستەوە بوو بە پارس و بە هەمان شێوەش هاتە ناو زمانی پارسیی نوێوە. لە فەرهەنگۆکی وشەکاندا سەبارەت بە مانای وشەی فارس ئاماژە بە ماناگەلی وەکوو: ئەسپسوار، ئازا و جەنگاوەر،

خاوەنـی ئەسـپ، هاوتـای پـارس لە مانـای یەکێک لە ئێتنیکە ئارییـە کۆنە ئارییاییـنـەژادەکان و خاکی فارسـدا هاتووە. فەرهەنگۆکی دهخودا لە چەمکێکی ئێتنیکناسـیدا وشـەی فارس بەم شـێوە پێناسـە دەکا: ئـەو کەسـەی کـە زمانـی فارسییە. ئەو کەسـەی کە خەڵکـی ئێرانە. لـە بەرامبەر تـورک و عەرەب و ئەوانـی تـر. لـە بەردەنووسـە هەخامەنیشـیەکاندا پارسـە نـاوی یەکێـک لـە ئێتنیکـە ئێرانییەکانـە کـە لـە باشـووری ئێـران دەژیـن و بنکەکەیـان بـە پارس نـاو براوە. لـەم ئێتنیکـە دوو خانەدانی گـەورە پێش ئیـسلام بـە شاهەنشـاهی گەیشتن، یەکێکیان هەخامەنیشـی و ئەوی دیکەیان ساسـانی بـوون، فارس عەرەبیکراوەکەیەتـی (فرهنـگ واژه یـاب، مدخـل فـارس). سـەرچاوە یۆنانییـەکان هـۆزە فارسـەکان بـە سـەر دە تایفـە دابـەش دەکـەن، بریتی لە شارنشـینەکان بـە ناوەکانـی: پاسـارگادیەکان، مورفییەکان، ماسـپییەکان، پانتالییـەکان، دروسـییەکان، گەرمانیـان؛ و کۆچەرییـەکان بـە ناوەکانـی: داییـەکان، مـاردەکان، درۆپیکـەکان و سـاگارتییەکان (هدایتـی، ١٣٨٤، ٢١١). ئـەم ئێتنیکە لـە چاخی کۆندا بە دامەزراندنی دوو حکوومەتی هەخامەنیشـی و ساسـانی و دەسـەڵاتداریی سیاسـی و حوکمڕانیکردنی ئێـران پێگـەی ناوەندێتیـی خـۆی لـەم خاکـەدا پێناسـە کـرد. لـە سـەردەمی ساسـانییەکاندا پـاش چەسپاندنی بنەماکانی دەسەڵاتی سیاسی و فەرهەنگی – ئایینی دەسەڵات، توخمە شوناسییەکانیان بـە تەوەرایەتیـی ئایینـی زەردەشـت، زمانی پەهلـەوی و قەڵەمڕەوی ئێرانشـاری، زیاتر تۆخ بـووەوە. لە ٩ سـەدەی یەکەمـی سـەردەمی ئیسلامیـدا پێگـەی ئـەو خەڵکە بە گشـتی لە بـواری سیاسـەتدا کەمتر و لـە بـواری فەرهەنگـی زیاتـر بووەوە. بەشـی سـەرەکیی ئەوەی بـە میراتی زانسـتی و ئەدەبیی فارسـی و فەرهەنـگ و هونـەری ئێرانـی ناسراوە، دەسـکەوتی ژینفەرهەنگـی گـرووپ و بلیمەتەکانیەتی. یەکێک لـە ڕۆڵـە دیارەکانـی بلیمەتەکانـی ئـەم تاقمـە لـە بـواری سیاسـەتی سـەردەمی ئیسلامیـدا، خزمەتـە ئیـداری و دیوانسـالارییەکانیان لە نـاو دەزگای خەلافەتی ئیسلامی و حاکمـە نائێرانییەکانی ئێرانە. بە هاتنـە سـەر دەسـەڵاتی شانشـینی سـەفەوی و بـە فەرمیبوونی شـێعەگەرایی، ئـەم گرووپـە گەڕانەوە بۆ نـاو ناوەنـدی سیاسـەت و حوکمڕانیـی ئێـران و لە سـەردەمی نوێی مێـژووی ئێراندا، بە زاڵبوون بە سـەر سیسـتەمی سیاسـی و حوکمڕانیـی ئێرانـدا، لە بـواری بنیاتنانی شوناسـی ئێتنیکیدا، توانیان بەشـێک لـە شوناسـی نەتەوەیـی خۆیـان، بە پێـی توخمـە شوناسـییەکانیان بخەنـە ڕوو. کەواتە ئـەوەی ئەمڕۆ بە نەتەوەیی ناسراوە زۆرتر کەلەپووری مێژوویی، سیاسـی، فەرهەنگی، ئایینی، شارسـتانی، هونەری و ... ئـەم گرووپـە ئێتنیکییەیە. بە گشـتی لە بارەی ڕەچەڵەکناسـیی مێژوویی ئەم تاقمـەوە دەتوانین بڵێین: گێڕانـەوەی زاڵ و سەردەسـتی مێژوونووسـیی ئێرانی بە ڕوونی مێژووی ئـەوان دەگێڕێتەوە، یان لانیکەم ئـەم گەلـە لە ناوەنـد و کاکڵـی گێڕانەوەکاندا پیشـان دەدات .

- **لێکبڵاویی جوگرافی**

پێکهاتـەی فەزایی- جوگرافیایی نەتەوەی ئێران لە دوو بەشـی لێـک گرێـدراوی ناوەندی و پەراوێزی بـەدی هاتـووە. بەشـی ناوەنـدی کـە لـە چـاو پەراوێـز و دەوروبـەری خـۆی فەزایەکـی فـراوانتری لـە

جوگرافیای ئێران لە خۆ گرتووە و پەیوەندی و یەکدەستییەکی ڕێژەیی لە نێوان بەشەکانیدا هەیە، لە سەر دەفری فەلاتی ئێران و بەرزاییە پەراوێزییەکانی، واتە زاگرۆس و ئەلبورز یەک دەگرێت. هەروەها پەیوەندییەک لە نێوان یەکدەستیی فیزیکی و تۆپۆگرافیای فەزاکەی لە بەشی ناوەندیی ئێران و یەکدەستێتییە مرۆییەکەیدا هەیە. خەڵکی ئەم بەشە لە ڕووی تایبەتمەندی و خووخدەی ئێتنیکی، زمانی، فەرهەنگی، ئایینی و فەزاییەوە یەکگرتوو و هاوشێوەن و لە هەیکەلی نەتەوەدا پێکهاتەی سەرەکین؛ بەو مانایەی کە سەرەڕای بوونی ژێرفەرهەنگە ناوچەییەکان لەم بەشەدا، خەڵکەکەی هەموویان لە ڕووی ئایینییەوە موسڵمانن، لە ڕووی ئایینزاییەوە شیعەی دوانزە ئیمامین، لە ڕووی زمانەوە فارسن و لە ڕووی فەرهەنگی گشتییەوە ئێرانین و لە هەمان کاتدا، لە فەزایەکی یەکگرتوودا لە ناو فەلات و بەرزاییەکانی دەوروبەریدا نیشتەجێن. جۆری تێکەڵبوونی ئەم چینانە و تایبەتمەندییە فرەچەشن و بنەڕەتییەکانیان لە بەشی ناوەندیی ئێراندا، بووەتە هۆی چڕی و یەکپارچەیی خەڵکانی دانیشتووی ئەم دەڤەرە (حافظ نیا، ١٣٨١، ١٤٩). خەڵکی فارس لە ڕووی جوگرافییەوە دراوسێی چوار ئێتنیکی دیکەن: لە باکوورەوە لەگەڵ گیلەکییەکان، لە بەری ڕۆژاواوە لەگەڵ کوردەکان، لە لای باشوورەوە لەگەڵ عەرەبەکان و لە ڕۆژهەڵات لەگەڵ بەلووچەکان. بە واتایەکی تر فارسەکان لە ناوەندی ئێران و تا ڕادەیەک لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتدا دەژین. هەرچەندە لە ناوەندی ئێران و بەتایبەت تاران ئێتنیکەکانی دیکەش دەژین، بەڵام ئەم نیشتەجێبوونە وەک جۆرێک لە کۆچ لە قەڵەم دەدرێت.

لە فەرهەنگی دهخودادا «فارس» لە ڕووی جوگرافییەوە بەم شێوە پێناسە کراوە: فارس ناوچەیەکی بەرفراوانە کە بەشێک لە باشوور و باشووری ڕۆژاوای ئێران دەگرێتەوە و لە یازدە سەدە بەر لە ئێستاوە شوێنی نیشتەجێبوونی ئازاترین تایفە ئارياییەکان بە ناوی پارس بووە ... جوگرافیای ئەم ناوچە لە باکوورەوە بە پارێزگای ئیسفەهان، لە بەری باکووری ڕۆژاواوە بە خووزستان، لە لای ڕۆژهەڵاتەوە بە کرمان و لە باشوورەوە بە کەنداوی فارس سنووردار دەبێتەوە. وشەی فارس و پارس بە هەموو خاکی ئێرانیش دەوترێت. «پرشیا» فۆرمێکی ئەم وشەیە لە زمانی ئینگلیزیدا، کە لە زمانی یۆنانی وەرگیراوە و لە باتی وشەی «ئێران» بەکاری دەبەن و لەبەر ئەوەی ئەم فۆرمە واتا «پرشیا» لە سەردەمی ڕەزاشای پەهلەویشدا لە لایەن بیانییەکانەوە بۆ ناوهێنانی ئێران بەکار دەهێنرا، فەرمانێک بۆ قەدەغەکردنی بەکارهێنانی دەرچوو و فەرمان درا کە وڵاتانی بیانی و تەنانەت لە کتێب و دەقە ئێرانییەکاندا لە هەموو جێیەکدا وشەی «ئێران» بۆ ناونانی ئەم وڵاتە بە کار بهێنرێت (فرهنگ واژه یاب، ریل مدخل فارس).

سەبارەت بە گۆڕان و گووڕانی چەمکی جوگرافیایی وشەی فارس، لە ئینسایکلۆپیدیای ئێرانیکادا هاتووە: فارس بۆ یەکەم جار لە سەرچاوە ئاشوورییەکانی سەر بە هەزارەی سێیەمی پێش زایین بە ناوی «پاراسە» تۆمار کراوە، کە لە بنەڕەتدا هەمان «خاکی ئەسپ»ی سۆمەرییەکان بوو. ئەو هۆزە ئێرانییانەی کە لە ڕۆژاوا و باشووری ڕۆژاوای دەریاچەی ورمێ دەژین، لە سەدەی نۆی پێش زایین ئەم ناوەیان لە خۆیان

نا. بۆیەکەم جار لە ساڵی ٨٣٤ پێش زایین، لە سەردەمی شەلمانسەری سێیەم، بە ئاماژەدان بەم ئێتنیکە بە کار هاتووە و دوای کۆچکردنیان بۆ ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی، ئەم ناوە بۆ ئەو ناوچانە بەکار هاتووە کە لە سەرچاوە ئیلامییەکاندا لە نێوان ساڵانی ٦٩٠ بۆ ٦٤٠ پێش زایین پێیان دەگوترا ئەنشان. لەوساوە ئەم ناوە بوو بە چەمکی ناوچەیەکی ئێتنیکی، واتە خاکی فارسەکان، و دواتر فارسەکان هەر زوو ئیمپراتۆریەتی گەورەی هەخامەنیشیان دامەزراند. هەر بۆیە گرژییەکی بێکۆتایی لە نێوان بەکارهێنانی سنوورداری جوگرافیایی چەمکی پارس هاتە ئاراوە، واتە ئەو خاکەی کە هۆزە ئێرانییە ئاماژەپێکراوەکان ناوکی دەسەڵاتی خۆیان تێدا پێک هێنا، لەگەڵ بەکارهێنانە گشتیتر و فراوانترەکەی، وەک جوگرافیای بەرفراوانی قەڵەمڕەوی سیاسی – فەرهەنگیی هەخامانیشیەکان. ئەم گەنگەشە بە بەکارهێنانی وشەی پرشیا لە لایەن یۆنانیەکانەوە بۆ ئاماژەکردن بە تەواوی ئیمپراتۆریەتی هەخامەنیشیەکان قووڵتر بووەوە. دواتر ئەم ناوە لە سەردەمی زاڵبوونی عەرەبەکاندا، بە بەکارهێنانی ناوی «فارس» لە لایەن موسڵمانانەوە کە عەرەبیکراوی ناوە ڕەسەنەکە (پارس) بوو، درێژەی پێ درا. بەکارهێنانی ئەم وشە بە مانا بەرفراوانەکەی خۆی، لەگەڵ سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئیمپراتۆریەتی هەخامەنیشیەکان هاوکات بوو ... لەوساوە، لە دابەشکارییە ئیدارییەکانی سەردەمی ساسانیان و سەردەمی خەلافەتی ئیسلامی هەتا سەردەمی ئێستا، (هاومانای پارێزگای فارس) مانایەکی سنووردارتری هەیە. هەرچەندە مانا فراوانەکەی هەرگیز بە تەواوی لە ناو نەچوو. بەم شێوە لە کاتێکدا جوگرافیناسانی عەرەب هەندێ ناوچەی وەکوو مەرڤیان بە بەشێک لە فارس دەزانی (De Planhol, 2000)، ئیبنی خوردادبێهـ باس لە سنووری نێوان فارس و سیند دەکات. بە هەمان شێوە یەزد لە سەردەمی خەلافەتدا بەشێک لە فارس بووە و لە سەردەمی مەغۆلەکاندا لێی دابڕاوە. ئەم تێڕوانینە هەتا سەردەمی حەمدوڵڵا موستەوفی لە ساڵی ١٣٤٠ی زایینی وەکوو خۆی ماوەتەوە (113. as cited in: De Planhol, 2000) (Nozhat al-qolūb,). بە نەمانی هێڵی کەناراوی کەنداوی فارس لەم قەڵەمڕەوە مانای سنوورداری فارس وردە وردە بچووکتر و سنووردارتر بووەوە. ئەگەر واتا سنووردارە کە توانیبێتی سەرەڕای کاریگەریی مانا فراوانترە کە بەردەوام خۆی بپارێزێ و بە تێپەڕبوونی کات خۆی سەقامگیر بکا، لەبەر ئەوەیە کە لە ڕاستیدا لە سەر بنەما سروشتییە سەرەتاییەکان دامەزراوە کە بۆ پێناسەکردن و گەشەسەندنی چەمکێکی جوگرافیایی گونجاو و لەبار بووە ... دەڤەرە جوگرافیاییە سروشتییەکانی ئەم گۆڕانکارییە ئەو ڕاستییە جوگرافیاییە حاشاهەڵنەگرە ئاشکرا دەکەن کە لە سەر بنەما سروشتییەکان دامەزراوە (De Planhol, 2000). ڕەوتی گواستنەوە لە مانای بەرفراوانتری چەمکی جوگرافیایی فارس بەرەو مانا سنووردارەکەی، ڕەوتێکی بەردەوام بوو کە هەتا سەردەمی هاوچەرخ درێژەی هەبوو. ئەوەی کە بە فەرمانی ڕەزاشا لە ساڵی ١٣١٤ی کۆچی بە شێوەی فەرمی ناوی پرشیا (فارس) بۆ ناوی ئێران گۆڕدرا (Yarshater, 1989) خاڵی وەرچەرخانی پێناسەکردنی چەمکیی ئەم وشەیە، کە زیاتر لە جاران تێگەیشتن و فامکردنی جوگرافیایی فارسی بۆ یەکەیەکی جوگرافیایی پارێزگایی، واتە پارێزگای فارس ڕاکێشا.

وەک لە فەرهەنگۆکەکاندا هاتووە، وشەی فارس بە گشتی لە ڕووی جوگرافییەوە بە ٢ مانا و چەمک

بەکار هاتووە، کە بریتییە لە: یەکەم: قەڵەمڕەوی ئێتنیکی فارس لە چاخی کۆن، ئیالەتی فارس لە سەردەمی ئیسلامی، پارێزگای ئیسلام لە سەردەمی هاوچەرخدا، و دووەم: ناولێنانی بەشێک بەسەر گشتییەتیەکدا، کە پارس و پرشیا بە هاوتای تەواوی خاکی ئێران پێناسە دەکات. ئەم دوو پێناسە لە سەردەمی نوێدا دزەیان کردۆتە ناو بازنەی چەمکی و نموونەیی ئێران و ئێرانی و تێبینییە ئێتنیکی و نەتەوییەکان. تا ئەو ڕادەی کە ئەو تێڕوانینە مێژووییانە دەبنە بەشە پێکهێنەرەکانی گوتاری ناسیۆنالیزمی ئێرانی و دەبنە بناغەی دووبارە پێناسەکردنەوەی چەمکی مۆدێرنی ئێران و نەتەوەی ئێران.

وێڕای جەختکردنەوە لە سەر پێویستیی فامکردنی بابەتی جوگرافیای مێژوویی فارس بۆ تێگەیشتن لە پرسە نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی هاوچەرخ، پێویستە بڵێین کە لێرەدا بۆ ئاماژە کردن بە پەرشوبڵاویی گەلی فارس مەبەست هیچ کام لەو چەمکانەی سەرەوە نییە، بەڵکوو مەبەست بەشێک لە جوگرافیای ئێستای ئێرانە کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی گەلی فارسن. لە سەر بنەمای ئەمەش ناوچە فارسییەکان یان ئەو ناوچانەی کە هی گەلی فارسە بە شێوەیەکی سەرەکی ناوچەکانی ناوەڕاست و بەشێک لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ئێران دەگرێتەوە کە بریتییە لە پارێزگاکانی تاران، قوم، ئەلبورز، ئیسفەهان، یەزد، مەرکەزی، هەمەدان، سیمنان، بووشەهر و بەشێک لە قەزوێن، خووزستان، چوارمەحاڵ و بەختیاری، گوڵستان، مازەندەران و هتد. ئامارێکی ورد لەمەڕ دانیشتووانی گەلی فارس لە ئێران لەبەردەستدا نییە و سەرچاوە جیاوازەکان، ئاماری لێکدژی وەکوو نزیکەی ٤٥ لە سەد بۆ ٧٥ لە سەدی دانیشتووانی ئێران دەخەنە ڕوو. دکتۆر حسەین بەشیرییە بە ئاماژەدان بە پێکهاتەی گشتیی دانیشتوانی ئێتنیکیی ئێران کە لە ٦ ئێتنیک پێک هاتووە، مەزندە دەکا کە فارسی زمانەکان ٥٠ لە سەدی دانیشتوانی ئێران پێک دەهێنن (بشیریه، ١٣٨١، ١٣). لە کتێبی (حەقایقی جیهانی) لە هەڵسەنگاندنی ساڵی ٢٠٠٨دا، ژمارەی دانیشتوانی ئێتنیکی فارسی بە ٦١ لە سەد و فارسیزمانەکان بە ٥٣ لە سەد خەمڵێنراوە (The World Factbook, ٢٠١٢, Iran). لە ڕاپۆرتێکدا کە لە کۆنگرەی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٨ خرایە ڕوو، کە لە سەر بابەتی کەمینە ئایینی و ئێتنیکەکان لە ئێران بوو، حەشیمەتی ئێتنیکی فارس بە ٥١ لە سەد خەملێنراوە (CRS Report for Congress, ٢٠٠٨, ٢). توێژینەوەیەک لەبارەی جوگرافیای سیاسیی ئێتنیکە ئێرانییەکان، بە پشتبەستن بە داتاکانی سەرژمێریی ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی، ئیدعای ئەوە دەکا کە ژمارەی دانیشتوانی فارس لە پێکهاتەی ئێتنیکیی ئێراندا نزیکەی ٧٣-٧٥ لە سەدە (مطلبی، ١٣٩٣). بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە لە ساڵی ١٣٩١ کە لە سەر داوای ئەنجومەنی فەرهەنگی گشتی (شورای فرهنگ عمومی) ئەنجام درا، لە کۆی ١٣ پارێزگای تاران، ئەلبورز، ئیسفەهان، یەزد، سیمنان، قوم، بووشەهر، فارس، مەرکەزی، خوراسانی ڕەزەوی، کرمان، هورمزگان و خوراسانی باشووری فارسی زمانەکان زۆرینەی دانیشتووانەکە پێک دەهێنن و لە ٧ پارێزگای خووزستان، قەزوێن، چوارمەحاڵ و بەختیاری، هەمەدان، گوڵستان، خوراسانی باکووری و سیستان و بەلووچستانیش کەمینەیەکی بەرچاون (سنجش شاخصهای فرهنگ عمومی کشور، ١٣٩١).

- **تایبەتمەندیی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی**

ڕێکخراو و دامەزراوەی کۆمەڵگا و فەرهەنگ لە نێو فارسەکانی ئێراندا، دەرهاویشتەی گۆڕانکارییە گشتییەکانی ئەم دامەزراوانەیە لە درێژایی مێژوودا. کۆمەڵگای فارسەکان لە سەردەمی کۆندا لە عەشیرەتی خێوەتنشین و یەکجێنشین پێک هاتبوون و لە سەردەمی دەسەڵاتداریی هەخامەنیشیەکاندا زەمینە و خواستیان بۆ ژیانی شاری پەرەی سەند. ئەم تایبەتمەندییە ژیانییە لە سەردەمی ساسانییەکاندا کە فارسەکان دیسان هاتنەوە سەر دەسەڵات، بەهێزتر بوو. بۆیە یەکجێنشینی و ژیانی شاری یەکێک لە تایبەتمەندییە زەقەکانی کۆمەڵگەی ئێران لە کۆتاییەکانی چاخی کۆندا بووە. لەگەڵ دەستپێکی قۆناغی ئیسلامی، بۆ ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵ، هەتا سەرەتای سەردەمی نوێی مێژووی ئێران، کۆمەڵگە فارسەکان لە ئێراندا هاوشێوەی کۆمەڵگاکانی دیکە پشتیان بە شێوازی ژیانی کۆچەری، جوتیاری و شارستانی بەستبوو. تەوەری فەرهەنگیی گەلی فارس زمانی فارسییە. ئەم زمانە وێرای بەکارهێنانی لە لایەن گەلانی دیکەی ئێرانەوە، پێوەرێکە کە بە پێی ڕۆڵە سەرەکییەکەی لە دروستکردنی فەرهەنگی ئێران و بەرهەمهێنانی کۆمەڵە ئاسەوارێکی ئەدەبیی ناسراوی جیهانی، بە جۆرێک لە جۆرەکان باڵادەستیی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بۆ گەلی فارس (فارسی‌زمانی) دابین کردووە. بەفەرمیبوونی ئایینزای شیعە لە ئێرانی سەردەمی سەفەویدا فاکتەرێکی دیکەیە کە سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ هەندێک لە ئێتنیکەکانی دیکەدا هاوبەشن، بە ڕوونی لایەنێکی ئایینیی جیاکەرەوەی بەم ئێتنیکە بەخشیوە و بۆتە یەکێک لە کۆڵەکەکانی شوناسی مێژوویی ئەم ئێتنیکە. لەگەڵ دەستپێکی سەردەمی نوێدا، ئەم ئێتنیکە کە بە سەر سیاسەت و ئابووری و فەرهەنگی ئێراندا زاڵ بوون و بە شێوەیەکی سەرەکی شارە گەورەکانی ئێران شوێنی نیشتەجێبوونیان بوو، بوونە بنیاتنەرانی ئێرانی نوێ. بۆیە شوناسی بەکۆمەڵیان وەک شوناسی ئێرانی ناسێندرا و بنیاتنانی شوناسی ئێرانی نوێ لە سەر ئەو بنەما دروست بوو. ئەم تایبەتمەندییە لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی حکوومەتی پەهلەوی زیاتر زەق بۆوە و بە پێی کۆمەڵێک سیاسەت، بووە مۆدێل و سەرچەشنی پرۆژەی حکوومەت بۆ یەکدەستکردنەوە و ئاسیمیلەکردنی فەرهەنگی و زمانی.

بە گشتی دەتوانرێ توخمە فەرهەنگییەکان، فارسی و بنزاراوە و شێوەزارە فارسییەکان، هەندێ جەژنی وەکوو شەوی یەڵدا و ڕۆژژمێری هەتاوی، هونەری ئێرانی (ئەدەب و شیعری فارسی، بیناسازیی ئێرانی و خواردنی ئێرانی)، فەرهەنگە ناوچەییەکانی ئێتنیکەکانی ئێران و مۆسیقای زمانی فارسی وەک میراتی کەلەپووری ئەم گرووپە دەستنیشان بکرێ و لە پێناسەیەکی گشتگیردا سەبارەت بە ئێتنیک و گەلی فارس، دەتوانین بڵێین: ئێتنیکی فارس یان خەڵکی فارس لە ئێراندا خەڵکی بە ڕەچەڵەک ئێرانین کە زمانیان ڕەسەنی فارسییە کە بە درێژایی مێژوو لە سیستەمێکی فەرهەنگی هاوبەش و کاریگەرییەکی بەرفراوانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییان سوودمەند بوون (Fyre, 2012).

فارسی یان پارسی یەکێک لە زمانە ئێرانییە ڕۆژئاواییەکانە کە سەر بە گرووپی زمانی ئێرانی سەر بە لقی هیندۆئەوروپییەکانە کە لە وڵاتانی ئێران، ئەفغانستان، تاجیکستان، ئۆزبەکستان،

پاکستان، عێراق، تورکمانستان و ئازەربایجان قسەی پێدەکرێت. زمانی فارسی زمانێکی فرەناوەندە و زمانی فەرمیی ئێران و تاجیکستان و ئەفغانستانە. زمانی فارسی لە زمانی کۆنتری پارسیی ناوەڕاست (یان پەهلەوی) هاتووە کە خۆشی لە زمانی فارسی کۆنەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەم دوو زمانە لە ناوچەی کۆنی پارس (پارێزگای فارس و بووشەهر و باشووری یەزدی نوێ لە باشووری ئێران) سەرچاوەیان گرتووە. زمانی پارسیی کۆن زمانی فەرمیی ئیمپراتۆریەتی هەخامەنیشیەکان بووە و نەوەکەی واتا پارسیی ناوەڕاست بوو بە زمانی فەرمی و ئایینی شانشینی ساسانییەکان کە لەم ماوەدا بە شێوەیەکی بەرفراوان لە قەڵەمڕەوەکانی دیکەی ئێراندا بڵاو بووەتەوە. بە جۆرێک کە لە خوراسان بوو بە جێگرەوەی زمانی پارتی و بەڵخی و بەشێکی زۆری خەڵکی خارەزمی‌زمان و سۆگدی‌زمان لە خارەزم و فەرارووود بوون بە فارسی زمان. زاراوەیەک لە پارسیی ناوەڕاست کە بە تێپەڕبوونی کات پێی دەگوترا فارسی دەری، لە دوای ئیسلام لە خوراسان بوو بە شێوەزاری نووسین و لە سەرانسەری ئێراندا بڵاو بووەوە. زاراوەکانی تری پارسیی کۆن و پارسیی ناوەڕاست وەکوو زاراوەی مازەندەرانی لە تەبەرستان، گیلەکی لە باکوری ڕۆژهەڵاتی جەبەل، بەلووچی لە مەکرانی باشووری سیستان، ئازەری لە ئازەربایجان و قەوقاز، لوڕی لە لوڕستان، کۆهگیلویە و بۆیر ئەحمەد، چوارمەحاڵ و بەختیاری، و خوزی لە خووزستان سەریان هەڵدا لە دەرییەوە نزیکن (فارسی، دانشنامە ویکیپدیا).

فارسیی دەری بە درێژایی مێژوو زمانی فەرهەنگی و شکۆمەندی چەندین شانشین لە ئاسیای ڕۆژاوایی، ناوەڕاست و باشووری ئاسیا بووە. ئەم زمانە کاریگەریی زۆری لە سەر زمانە دراوسێکانی هەبووە، لەوانە زمانە ئێرانییەکانی دیکە، زمانە تورکییەکان (بەتایبەت ئۆزبەک و ئازەربایجانی)، ئەرمەنی، گورجی و زمانە هیندۆ-ئاریاییەکان (بەتایبەت ئوردو). فارسی کاریگەریشی لە سەر زمانی عەرەبی هەبووە و کارتێکراوی زمانی عەرەبیش بووە. فارسی لە گرووپی باشووری ڕۆژاوای لقی ڕۆژاوایی زمانە ئێرانییەکانە کە خۆی ژێر گرووپی هیندۆئێرانی لە خانەوادەی هیندوئەورووپییە. تاتیی قەوقازی لە ڕووی ڕەچەڵەکەوە نزیکترین زمان لە زمانی فارسی (یان شێوەزارێک)ـیەتی. دوای ئەوە زمانەکانی تری گرووپی باشووری ڕۆژاوایی واتە لوڕی، ئێچمی، باشاگەردی و شێوەزارەکانی پارێزگای فارس، لە فارسییەوە نزیکترینن. ڕادەی لێکچوونی وشەیی شێوەزارەکانی زمانی لوڕی لەگەڵ فارسی لە لوڕیی باکوور هەشتا لە سەد (٨٥ لە سەد لەگەڵ بنزاراوەی خورەماوایی)، ٧٦ لە سەد لە بەختیاری و ٧٥ لە سەد لە لوڕیی باشووری (٨٠ لە سەد لەگەڵ شێوەزاری فارسی بووشەهری). هەروەها ڕادەی لێکچوون لە نێوان فارسی و لەکی بە ڕێژەی ٧٠ لە سەد (ethnologue, Iranian Persian) مەزەندە دەکرێت. لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا سەبارەت بە فەرمی بوونی زمانی فارسی هاتووە: «زمان و ڕێنووسی فەرمی و هاوبەشی خەڵکی ئێران فارسییە. بەڵگەنامە، نامەنووسین، دەقە فەرمییەکان و کتێبی خوێندن دەبێ بەم زمان و ڕێنووسە بێت» (قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، ١٨). هەر بۆیە جگە لە زمانی دایکیی گەلی فارس، زمانی فارسی زمانی فەرمیی ئێرانە و

بە جۆرێک لە جۆرەکان بە زمانی هەموو دانیشتووانی ئێران دادەنرێت. بێگومان پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە بەفەرمیبوونی زمانی فارسی یاسایە کە لە سەردەمی مەشرووتییەتەوە هەتا سەردەمی ئێستا بە بێ پچڕان و گۆڕانکاری وەک خۆی ماوەتەوە.

سروشتی زمانی فارسی، و لە قەڵەمدانی وەک زمانی فەرهەنگ و ئەدەبیاتێکی ئێتنیکی یان ئەوەی کە بە نەتەوەیی یان ئەوپەڕئێتنیکی و تەنانەت ئەوپەڕنەتەوەیی بزانرێت، یەکێک لە بابەتە پڕمشتومڕە جیددی و کێشە لە سەرەکانە کە گۆڵمەزێکی درێژخایەن و قووڵی لە نێوان ڕوانگە لێکدژەکاندا دروست کردووە. دکتۆر حەقشناس لەبارەی کارکرد و ڕۆڵی مێژوویی و شوناسیی زمانی فارسی لە ئێراندا دەڵێ: «زمانی فارسی، بەو شێوەی کە ئێمە دەمانەوێ، زمانی هیچ کام لەو گەلانە نییە کە بە سیفەتی «ئێتنیکی فارس» لە ئێتنیکەکانی دیکەی ئێران واتە تورک و تورکمان و گیل و دیلەم و کورد و لوڕ و بەلووچ و عەرەب و ئەوانی تر دەناسرێنەوە، بەڵام زمانێکە سەر بە فەرهەنگ و مێژووی ئێرانە و وەکوو ئەو فەرهەنگ و مێژووە، خاڵی هاوبەشی هەموو ئێتنیکەکانی ئێرانە ... . لە پاڵ ئەم زمانە فەرهەنگییە هاوبەشە، هەموو ئێتنیکە ئێرانییەکان - جا فارس بن یان نافارس- زمانی ئێتنیکیی تایبەت بە خۆیانیان هەیە ... لە لایەکی ترەوە خەڵکی فارسیش کە بابەتی باسەکەمانە جۆرێکی تری فارسی بەکار دەهێنن کە بە گشتیی وەک زمانی ئێتنیکیی ئەوان لە قەڵەم دەدرێن و سەرەڕای ئەوەی ئەم زمانە ئێتنیکییانە ڕەگ و ڕیشەیان دەچێتەوە سەر زمانی فارسی، بەڵام بە هیچ شێوەیەک وەک یەک نین. پێناچێ هیچ بووشەهرییەک، شیرازییەک، لارییەک، ئەسفەهانییەک، یەزدییەک، یان هیچ مەشهەدییەک لە قسەکردن لەگەڵ خەڵکدا ئەو زمانە بە کار بێنێ کە ئەو زمانە فارسییە بێ وا بابەتی جێی باسی ئێمەیە .... دەرەنجامەکە ئەوەیە کە زمانی فارسی نەک واقیعێکی ئێتنیکییە و نە جوگرافییە، بەڵکوو واقیعێکی فەرهەنگی و مێژووییە و ئەمەش بەو مانایە دێ کە هەموو ئێتنیکە ئێرانییەکان لە ڕێگەی ئەم زمانەوە لە ناو فەزای یەک فەرهەنگ و یەک مێژوو و یەک چارەنووس یەک دەگرنەوە و یەک نەتەوە دروست دەکەن. یەکگرتوویی فەرهەنگی و مێژوویی کە لە زمانی فارسیدا ڕەنگ دەداتەوە، تا ئەو ڕادەیە کە دیار نییە پشکی هەر کام لەم ئێتنیک ئێرانیانە لە دامەزراندنی زمانی فارسیدا چەندەیە. هەروەها نازانرێ بەدیهێنەرانی ئەم مێژوو و فەرهەنگە هەر کامیان سەر بە کام ئێتنیکی ئێرانی بوون؛ ئایا ئەوان تورک بوون کە لە شیراز دەژیان یان فارس بوون لە کوردستان دەژیان یان کورد بوون لە خوراسان ژیاون؟ و هەر ئەم سروشتی فەرهەنگی – مێژووییەی زمانی فارسی وای کردووە کە ئەم زمانە هەرگیز سنووری جوگرافیایی نەبێ، بەڵکوو هەمیشە وەکوو دەفرێکی گەورە کە ئاوی تێدا بێ وێنەی دەفرەکەی بە خۆی گرتووە» (حق‌شناس، ١٣٨٢، ١٨٥-١٨٨). شاهرۆخ مسکووب پێی وایە کە «ئێرانێتی» بە واتای شوناس و هەستی نەتەوایەتیی ئێرانی لە سەر دوو کۆڵەکەی زمان و مێژوو بنیات نراوە (مسکوب، ١٣٦٨، ٤٠)، کە مەبەستی ناوبراو لە زمان، زمانی فارسییە. هەر لەو پێوەندییەدا کەتاییون مەزداپوور پێی وایە زمانی فارسی نیشانە و بەڵگەی باڵادەستیی ئێتنیکێک بە ناوی

ساختەی فارس بە سەر دیکەی ئێتنیکە دانیشتووەکانی ئەم دەڤەرە بەرفراوانە نییە، بەڵکوو تەنیا دەبێ وەک ئامرازێک بۆ پەیوەندیی سازکردن لە نێوان خەڵکانێک لێی بڕوانین کە لە دێرزەمانەوە بۆ پەیوەندی سازکردن لەگەڵ یەکتر زمانی ناوبژیوانی فارسییان بەکار هێناوە و ئێستاش بە کاری دەهێنن. ئەدەبیاتی پڕ شان و شکۆی فارسی دیارییەکی گەورەی سەردەم و سەدەکان بۆ فارسی زمانەکان و هەروەها جیهانی مرۆڤایەتییە. لەبەر هەندێ هۆکار کە دەرەنجامی تایبەتمەندیی زمانی نووسینبوون و کارکردە سیاسی و فەرمی و حکوومییەکانیەوە، زمانی فارسی زیاتر بەردەوام بووە و بە درێژایی سەردەم و سەدەکان لە گۆڕانکارییە زمانییەکاندا خاو بووە. هەر لەم پرۆسەدایە کە فارسی لە دێرزەمانەوە هەتا هەنووکە کەمتر گۆڕانی بە سەردا هاتووە و سەقامگیرییەکەی باشتر دەبینرێت (مزداپور، ١٣٩٩، ١٩). ڕەخنەگرانی باڵادەستیی پشتبەستوو بە ئامرازە فەرمییەکانی دەسەڵاتی زمانی فارسی پێیان وایە لە ژێر هەژموونیی زمانی فارسی لە ئێراندا ئاپارتاید و هەڵاواردنێکی زمانی دروست بووە و هەموو ساڵێک لە ڕۆژی زمانی دایکیدا لە لایەن ئێتنیکەکانی دیکەی ئێرانەوە ناڕەزایەتی ئەنجام دەدرێت.

ناوی تاجیک لە ژێر ناونیشانێکی ئێتنیکیدا واتە کەسێک کە بە زمانی فارسی قسە دەکا، هەتا سەردەمی سەفەوی، هەموو فارسی زمانەکانی ئێران و ئەفغانستان و تاجیکستانی دەگرتەوە. بەڵام سەرهەڵدانی شێعەگەرایی و دروستبوونی ناکۆکیی ئایینزایی لە نێوان فارسی زمانەکانی ئێران و دەرەوەی ئێرانی ئێستا بووە هۆی ئەوەی کە وردە وردە ناوی تاجیک بۆ فارسی زمانەکانی ناو سنوورەکانی ئێران کەم ببێتەوە و ئێتنیکە ئێرانییەکان واتە لوڕ و تورک، عەرەب، بەلووچ، گیلانی، بە پێی ناسیاریی خۆیان فارسیزمانەکانی ئێرانیان بە ناوێک ناوزەد کرد. تورکەکانی ئازەربایجان و گیلانییەکان بە فارس زمانەکانیان دەوت عێراقی، بەلووچەکان پێیان دەوتن قەجەر، تورکمانەکان پێیان دەوتن قزڵباش! کوردیش بە فارس زمانەکانی دەوت عەجەم، لوڕەکان زیاتر بە فارسەکانیان دەوت تاجیک و لەنجونی (علیمرادی بئوار الیما، ٢٠١٧).

بەرفراوانبوونی ڕەوتی شارنشینی و پەرەسەندنی زمانی فارسی کە لە سەردەمی پەهلەویدا بە زۆرەملێ کردیان بە زمانی دەوڵەتی و زمانی گشتی، و پاشەکشەکردنی زمانە ئێتنیکییەکانی ناوچەکانی دیکە، بووە هۆی ئەوەی کە شوناسی ئێتنیکیی فارس لە ئێراندا ناڕوون و نادیار بێ، چونکە زۆربەی خەڵکە شارنشینە فارسزمانەکان بە کردەوە هەمان ئەو لوڕ و تورک و گیلەکانە بوون کە وازیان لە زمانی ئێتنیکیی خۆیان هێنابوو و فەرامۆشیان کردبوو و بە زمانی دەوڵەتیی فارسی قسەیان دەکرد. لەگەڵ دامەزراندنی پرۆژەی دەوڵەتنەتەوە و فراوانبوونی ناسیۆنالیزمی ئێرانی و بەفەرمیبوونی زمانی فارسی و فێرکردنی ناچاریی زمانی فارسی لە سەردەمی پەهلەویدا بازنەی ئەوانەی دەستبەرداری زمانی دایکیی خۆیان بوون و بوون بە فارسیزمان زۆر فراوانتر بوو. وەک چۆن کۆمەڵی فارسزمانی فەلاتی ئێران کە لە سەردەمی قاجاردا کەمینەیەکی کەم بوون، ئێستا بە پێی ئامارە فەرمییەکان زۆرترین توخمی ئێتنیکی ئێرانن؟ لە ئێرانی سەردەمی پەهلەویدا،

دەسەڵاتدارانی حکوومی زۆر زیرەکانە لە بری ئەوەی ڕاستەوخۆ هەوڵی لەناوبردن و نەهێشتنی ئێتنیکەکان بدەن، زەمینەیان بۆ بچووککردنەوە و بێبایەخکردنی پرسە ئێتنیکییەکان (هەڵبەت جگە لە ئێتنیکی فارس) دابین کرد. لە سەردەمی پەهلەویدا ئێرانیبوون لە توخمی ئێتنیکی فارسدا کورت کراوە و هەر بۆیەش زمانی فارسی و شوناسی پارسی جەختی لە سەر دەکراوە و خۆیان پێوە دەنواند! بە بێ ئەوەی ئاشکرا و زەق ئاماژە بە ئێتنیکێک بە ناوی فارس بکرێ کە نەکا هەستیاریی ئێتنیکە نافارسە ئێرانییەکانی دیکە کە زۆرینەی دانیشتوانی ئێران پێک دەهێنن، بوروژێنرێت (علیمرادی بئوار الیما، ٢٠١٧).

ئایین و ئایینزای ئێتنیکی فارس پەیڕەوی لە ڕەوتی گشتیی وەرچەرخانی ئایینی- ئایینزایی ئێران دەکا، کە بە پێی ئەوە ئایینی زەردەشتی لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی هەخامەنیشیەکان و ئیمپراتۆریەتی پارتی و ئیمپراتۆریەتی ساسانییەکان ئایینی سەرەکی بووە. لە ساڵی ٦٥١ی زایینی و لە سەردەمی خەلافەتی ڕاشیدیندا ئێران داگیر کرا و ئیسلام وەک ئایینی سەرەکی بڵاو بووەوە. ئایینزای سوننە بەر لە هێرشی مەغۆلەکان بۆ سەر ئێران ئایینزای باڵادەستی ئیسلام بوو؛ لە سەردەمی ئیلخانان و تەیموورییدا ئایینزای سوننە لاواز، و شێعەگەرایی بەهێزتر بوو و دواجار لەگەڵ سەرهەڵدانی سەفەوییەکان لە ئێران، شێعەگەرایی بوو بە ئایینی باڵادەست و فەرمی (شاکد، ١٣٩٣) و لەوساوە هەتا ئەمڕۆ ئایینزای باڵادەستی فارسەکان لە ئێران شێعەی دوانزە ئیمامییە. بە پێی بڕگەی دوانزەهەمی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئایینی فەرمیی ئێران ئیسلام و ئایینزای شێعەی دوانزە ئیمامیە (قانون اساسی جمهوری اسلامی، ١٧). لە ناو فارسەکاندا کەمینەی بابی، بەهایی، و تاقمی غەیرەئیمامییەی شێعە و لە هەندێ لە ناوچەکانی ناوەڕاستی ئێران ئەهلی سوننە دەژین. زۆربەی فارسە شێعەکان لە ناوچە ناوەندییەکانی ئێراندا دەژین و جگە لە چەند شارێکی (گەراش، مێهر، خونج لە پارێزگای فارس)، باقی سوننە فارسیزمانەکان لە سنووری ڕۆژهەڵاتی ئێران لە باکووری پارێزگای سیستان و بەلووچستان و پارێزگای خۆراسانی باشوور و بەشێک لە خوراسانی ڕەزەوی دەژین. جگە لە ئێران، هەروەها فارسیزمانە سوننەکان لە ئەفغانستان و تاجیکستان دەژین.

لە ڕووی سیاسەتی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، سیستمە سیاسییەکانی ئێران کە یەکیان پەهلەوی و کۆماری ئیسلامییە، لە ژێر ناوی سیاسەتی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی نەتەوەییەوە بە شێوەی چڕوپڕ پەرەیان بە زمان، فەرهەنگ، دابونەریت و بنەما ژینفەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێتنیکی فارس لە ئێران داوە و لە گوتاری سیاسیی باڵادەستی ئێرانی هاوچەرخدا ئەم پرسە وەک بابەتێکی ئاشکرا و حاشاهەڵنەگر جێگیر بووە. بۆیە هەموو ڕێکخراو و دامەزراوە و وەزارەتخانەکان و ئۆرگانەکانی حکوومییەکانی دیکە وەکوو: ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن، وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی، ڕێکخراوی تەبلیغاتی ئیسلامی، ناوەندەکانی گەشەپێدانی فیکریی منداڵان و مێرمنداڵان (کانون‌های پرورش فکری کودکان و نوجوانان) و ... جێبەجێکاری

سیاسەتە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی – ئایینییەکانن کە زۆر وەک هێما ژیانییەکانی ئەم ئێتنیکە لە قەڵەم دەدرێن.

## • بارودۆخی ئابووری

چاوخشاندنێک بە پێوەرە ئابوورییەکان و لێکبڵاویی سامانی نەتەوەیی و دەرفەتە داراییەکان لە ئێراندا زۆر بە ڕوونی گوزارشت لە سەرچەشنی ناوەندگەرایی دەکا، کە چۆن سەروەت و سامان لە ناوچە ناوەندییەکانی ئێران بەتایبەت فارس‌نشینەکاندا چڕ بووەتەوە و فارسەکان دەستیان بە سەر کاروباری ئابووری و دارایی ئێراندا گرتووە. ماڵپەڕی داتا کراوەکانی ئێران، لە ڕاپۆرتێکدا لە ژێر ناوی «ئابووریی ئێران: کەلێنی قووڵی جوگرافیایی لە دابەشکردنی سامان» (اقتصاد ایران: شکاف عمیق جغرافیایی در توزیع ثروت)، بە پشتبەستن بە داتاکانی ناوەندی ئاماری ئێران (ساڵی ١٣٩٨ هەتاوی)، دۆخی ئابووریی ئێرانی لە ڕووی جوگرافییەوە شی کردۆتەوە. لە سەر بنەمای ئەوە دابەشکردنی سامان و دەرفەتە ئابوورییەکان بە پێی مۆدێلی ناوەند – پەراوێزە کە ناوچە ناوەندییە فارس‌نشینەکان دەبنە ناوەند و ناوچە ئێتنیکییەکانیش ناوچە پەراوێزییەکانن. مامناوەندی داهاتی ساڵانەی ماڵێکی شارنشین، سەرانەی قەرزی پارێزگاکان و پشکی پارێزگا لە بەرهەمهێنانی ناپوختی ناوخۆیی لە پێوەرە شرۆڤەییەکانی ئەم ڕاپۆرتەن. ئەم دۆخە پڕ لە جیاکارییە لە بوارەکانی تری پەروەردە، خۆشگوزەرانی، خزمەتگوزاری و هتد دەبینرێت. تێڕوانینێکی گشتی لە بارودۆخی ئابووری، هەلی کار، ئیمکانیاتی خۆشگوزەرانی و بارودۆخی ژیان لە شارەکانی تاران، ئیسفەهان، یەزد، هەمەدان، مەشهەد و شیراز و بەراوردکردنی لەگەڵ شارەکانی ئیلام، زاهیدان، سنە، خوڕەمشار و ئەهواز بە ڕوونی ئەم هەڵاواردنە نیشان دەدات.

لە ڕاستیدا زۆرینەی پیشەسازییە قورسەکانی وەکوو کۆمپانیاکانی پۆڵا، ئۆتۆمبێل‌سازی و پترۆکیمیایی لە پارێزگا ناوەندی و فارس‌نشینەکاندا هەڵکەوتوون. بەرزترین پشکی کەرتی پیشەسازی لە پارێزگا ناوەندنشینەکانە و زۆرترین پشک لە ئیسفەهان (٤١,٤ لە سەد)، ئەلبورز (٤٤ لە سەد)، تاران (٣٧,٣ لە سەد)، چوارمەحاڵ و بەختیاری (٣٩,٦ لە سەد)، قوم (٤٣,٤ لە سەد)، مەرکەزی (لە سەدا ٤٠.٣) و یەزد (لە سەدا ٤٧.٨) تەرخان کراوە (اقتصاد ایران: شکاف عمیق جغرافیایی در توزیع ثروت،١٤٠٠).

ئەمە لە حاڵێکدایە کە ناوچەکانی ناوەڕاستی ئێران هیچ ڕۆڵێکیان لە بەرهەمهێنانی سامانی نیشتمانیدا نییە و یەدەگ و داهاتی سەرەکیی پیشەسازییەکانی نەوت و پترۆکیمیای ئێران هی پارێزگاکانی خووزستان و ئیلامە کە لە ڕیزی هەژارترین پارێزگاکانی ئێرانن. لە بواری کشتوکاڵ و ئاژەڵداریشدا زۆربەی بەرهەمە کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەکانی ئێران لە ناوچە پەراوێزییەکان و ناوچە نافارس‌نشینەکان بەرهەم دەهێنرێن. بەڵام زۆربەی سەروەت و سامانی بەرهەمهێنانی ئێران بەتایبەت پیشەسازییە قورسەکان، کانگاکان، گومرگەکان و

هتـد، زیاتـر دەڕژێتـە ناوچـە ناوەندییـەکان کـە زۆرینەیـان فارسـن.

## ئێتنیسیتە و بزووتنەوە ئێتنیکییەکان لە ئێرانی هاوچەرخدا

ئێتنیسـیتە بە مانای وشـیاری و تێگەیشتن و پابەندبوونی گشـتی بە ئێتنیک و شوناسـی ئێتنیکیی (Connor, 1978 & Geertz, 1996) چەمکێکـە کـە دەلالـەت لە سـەر ڕەهەندی خۆوشـیاریی ئێتنیکی دەکاتـەوە و بـە پێچەوانـەی چەمکەکانـی ئێتنیـک و شوناسـی ئێتنیکـی کـە بـۆ سـەردەمی پێش مۆدێرنیزمیش دەگەڕێنـەوە، ئێتنیسـیتە لە ڕیزی چەمکە مۆدێرنەکانـدا دادەنرێ و وەکـوو نەتەوایەتی، لـە بازنـەی پەیوەندییەکانـی سـەردەمی نوێدا سـنووردار دەبێتـەوە. لـە سـەردەمی پێـش مۆدێرنـدا گرێـدراوی بـە گرووپێکـی ئێتنیکـی بـۆ ئەندامەکانـی زیاتر سروشـتی و جێـی قبووڵکران بـوو کە مرۆڤ پەیوەندییەکـی سروشـتی و ناوشـیاری لەگـەڵ توخمـە ئۆبژەیـی و سـووژەییەکاندا پەیـدا کـرد. بـەڵام لـە سـەردەمی نوێـدا ئێتنیـک و پەیوەنـدی پێـی، تەنیـا چارەنووسـێکی مێژوویـی قبووڵکـراو و بێ‌لایەن نییـە، بەڵکـوو وەک بابەتێـک دادەنـرێ کە لە وشـیاری و هەڵوێسـتێکی ئامانجدار بەرامبـەر بە ئێتنیک هەڵدەقوڵێت.

ئێتنیسـیتە، بـە مانـای ئاگاداربـوون لـە پێگـە و بەرژەوەندییـە ئێتنیکییـەکان و ئەگـەر پێویسـت کرا هەنگاونان بەرەو بەدیهێنانیان، لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا هاوتەریب لەگەڵ پرۆسەکانی مۆدێرنیزاسیۆن و نوێبوونـەوەی شـوناس، بەتایبـەت دەرکەوتن و گەشەسـەندنی نەتەوایەتی و ئەندێشـەی ناسـیۆنالیزم سـەری هەڵدا و بـە جۆرێـک بـە هـاوزای ئـەو لە قەڵـەم دەدرێ، کـە مێـژووی هاوچەرخـی ئێرانیش لەم تایبەتمەندییـە بێبـەری نییـە. کۆمەڵـگای ئێران بـە ڕێژەیەکـی زۆری فرەچەشـنیی ئێتنیکی، نـەژادی، مەزهەبی، زمانی و کۆمەڵایەتییەوە هاتە ناو سەردەمی نوێی مێژووی خۆی و پاش دانانی بە پێویستیی گۆڕانکاریـی بنەڕەتـی و هەمەلایەنـە لـە ژیـن_جیهانـی ئێرانیدا، یەکێـک لە بـوارە گرنگەکانی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکـی نـوێ و هاوشـێوەی مۆدێلـی گەلانـی مۆدێـرن، گۆڕەپانـی شوناسـی گشـتی بـوو، کە لە پرۆژەکانـی نوێگـەری و مۆدێرنیزاسـیۆنی سیاسـی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئێرانـی هاوچەرخدا خرایە کارنامـەی سیسـتەمی سیاسـیی دەسـەڵاتدارانەوە و لـە سـایەی گوتاری شوناسـیی جیـاواز، لایەنێکی جیـاواز لـە پرۆژە شوناسـییە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان دروسـت بوو کە یەکێک لـە ڕەهەندە کاریگەر و گرینگەکانـی، چۆنیەتـی مامەڵەکـردن لەگەڵ گرووپە ئێتنیکییەکان و شوناسـی ئێتنیکی کۆمەڵگای ئێرانـی بـوو کە پێـی دەوترا «سیاسـەتی ئێتنیکی».

بۆیە سیاسـەتە ئێتنیکییەکان لە بیچمدانی پێگەی سیاسـی، فەرهەنگی، ئابـووری و کۆمەڵایەتیی ئێتنیکـەکان لـە ئێرانـی هاوچەرخـدا ڕۆڵێکـی بێبەدیلیـان هەبووە و لە سـەرهەڵدان و تەشەنەسـەندنی پرسـە ئێتنیکییـەکان و بزووتنـەوە و گوتـارە ئێتنیکییە کانـدا کاریگەرترین بگـۆڕەکان بـوون. وەک چۆن لـە خوێندنـەوەی پێشـهاتەکانی سیاسـەتی ئێتنیکـی و وەرچەرخانـی گوتـارە ناسیۆنالیسـتییەکان لـە ئێرانـی هاوچەرخـدا تاوتـوێ و شرۆڤە کرا؛ سیاسـەتە شوناسـی و ئێتنیکییـەکان لە ئێرانـی هاوچەرخدا

کە لە چوارچێوەی پڕۆژەی کەڵانی شوناس‌سازی لە سەرەوە و لە لایەن حکوومەتەکانەوە جێبەجێ دەکران، بەرنامەی پاوانخوازانە و یەکلایەنە بوون کە بە بێ ئەوەی گرینگی بە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵگایانە بدەن و ئەو واقعیە ئێتنیکییانەی کە باڵی بە سەریاندا کێشاوە لە بەرچاو بگرن بە شێوازی نادیموکراتیکانە و داسەپێنەرانە جێبەجێ دەکران، بەڵام بە پێچەوانەی بۆچوونی داڕێژەرانی سیاسەت و بڕیاردەرەکان، ئاراستەی ئەم سیاسەتانە لە پەیوەندییەکی یەکلایەنەی لە سەرەوە بۆ خوارەوە سنووردار نەبووەوە، بەڵکوو سەرەڕای ڕادەی قبووڵکردن و سەرکەوتنی ئەم سیاسەتانە، کاردانەوە و لێکەوتە خوازراو و نەخوازراو و ئاشکرا و شاراوەکانی لە ناو گرووپە ئێتنیکییەکاندا وەک کۆمەڵگەی ئامانج، بووە هۆی سەرهەڵدان و بیچمگرتنی فۆرمگەلێک لە وشیاری، هەڵوێست و داخوازییە ئێتنیکییەکان، کە لاپەڕەیەکی گرنگ لە مێژووی پڕ لە مشتومڕ و ململانێی دەرکەوتن و بیچمگرتنی شوناسی نوێی ئێرانی پێک دێنن، کە دەتوانین لە ژێر ناوی «ئێتنیسیتە و بزووتنەوە ئێتنیکییەکان لە ئێرانی هاوچەرخدا» خوێندنەوەی بۆ بکەین.

ئاشنابوون بە ئایدیا ناسیۆنالیستییەکان لە دەیەکانی کۆتایی سەردەمی قاجاردا دیاردەیەکی تایبەت بە بلیمەت و ڕۆشنبیرانی ناوەندنشین و ناسیۆنالیست نەبوو، بەڵکوو ئەم ئەندێشانە لە ڕەهەندێکی ترەوە بوونە هۆی وشیاریی هەندێک لە سەرکردە و بلیمەتەکانی ئێتنیکەکان، بابەتێک کە نیشانە ڕوونەکەی هەر لەو سەردەمەدا لە بوارە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکاندا خۆی دەرخست. سەرباری پێشهاتە فیکری و سیاسییەکانی ناوخۆی ئێران، پێشهاتەکانی وڵاتانی دراوسێ کە خاوەن دانیشتووانی ئێتنیکیی هاوشێوەی ئێران بوون، بەتایبەت ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لە سەرهەڵدانی یەکەم فۆرمەکانی بزووتنەوەی گشتیی ئێتنیکیدا کاریگەر بوون.

ئەگەرچی پرس و داخوازییە ئێتنیکییەکان سروشتێکی پتەو و بەردەوامیان لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا هەیە، بەڵام سەرهەڵدان و جێبەجێبوونیان هەمیشە بە پێی بارودۆخ و ئاستی سەقامگیری و توانای دەسەڵاتی ناوەندی وڵات بووە، بە جۆرێک کە ساتەکانی ڕوودانی شۆڕش و وەرچەرخانە قووڵەکانی ئێران بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی کە هەمیشە لەگەڵ لەرزۆکی و ناسەقامگیری دەسەڵاتەی حکوومەتی ناوەندیدا پێکڕا بووە، فەزا بۆ بووژانەوە و دەربڕینی ڕەوت و داواکارییە ئێتنیکییەکان خۆش کراوە. شۆڕشی مەشرووتە، کودەتای ڕەشەمەی ١٢٩٩ی هەتاوی، گواستنەوەی دەسەڵات لە قاجارەوە بۆ پەهلەوی، ساڵانی سەرەتای هاتنە سەر کاری پەهلەویی دووەم، شۆڕشی ١٣٥٧ هەتاوی و ساتەوەختەکانی نارەزایەتیی گشتی و بزووتنەوە نارەزایەتییەکان لە گرنگترینی ئەو قۆناغانەن. لە سەر بنەمای ئەمە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە بەو پێیەی لە ئێرانی هاوچەرخدا پرسە ئێتنیکییەکان بە فەرمی نەناسراون و هەمیشە لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە بە ستراتیژیی سەرکوتکردن و سڕینەوەی ئەو پرسە ئێتنیکییانە پەراوێز خراون، هەر کە کەمترین دەرفەت و هەلیان بۆ بڕەخسێ سەر هەڵدەدەن و بە هۆی سیاسەتی سڕینەوە و زەبر و زەنگی حکوومەتەوە، ئەم سەرهەڵدانە زۆر جار فۆرمێکی توندڕەوانە بە خۆوە دەگرن. لەم بەشەی

خـوارەوەدا بـە لەبەرچاوگرتنی خاڵـە گرینگەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێران لە سـەرهەڵدانی بزووتنەوە و هەڵمەتـە ئێتنیکییـەکان، ئـەم پێشـهاتانە تاوتـوێ دەکرێن.

## شۆڕش و ڕاپەڕینە ئێتنیکییەکان لە مەشرووتییەتەوە تا کۆتایی پەهلەویی یەکەم

وشـیاریی سیاسـی ئێرانی سەردەمی قاجار و دەسـتکەوتەکانی، لەوانەش شۆڕشی مەشرووتییەت و دەوڵەتی مەشرووتە، ئاسـۆیەکی نوێی لە ئاسمانی سیاسـەت و تێگەیشـتنی سیاسیی کۆمەڵگای ئێران بەتایبـەت بـۆ بلیمـەت و ڕۆشـنبیران دەرخست. بۆیـە هاوکات لەگـەڵ ڕابـوون و وشـیاریی ئێتنیکیی و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی مۆدێرن، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، جۆرێک لە وشیاری و ئاگایـی ئێتنیکـی و خەبـات بـۆ تێپەڕیـن لە شوناسـی کۆنی خێڵەکـی – هۆزەکی و پێناسـەکردنەوەی شوناسـی گشـتیی خود لە ژێر ناوی کێیەتیی ئێتنیکیی لە ناو بلیمەت و سـەرکردەکانی ئێتنیکەکاندا بیچمـی گـرت و چالاک بوو. چونکە سـەرهەڵدانی تیۆرییە ناسیۆنالیسـتییە ئێرانییـەکان، لە دەیەکانی نزیـک لـە شۆڕشـی مەشرووتییـەت، نەیدەتوانـی کاریگـەری لـە سـەر دەرکەوتنـی هۆگریـی هاوشـێوە لـە نـاو بەشـێک لـە سـەرۆک و بلیمەتەکانـی هـۆز و خێـڵ و ئێتنیکەکاندا دانەنێـت (شـیرازی، ١٣٩٦، ٢٩٦). جگە لە پێشـهاتە سیاسـییەکانی ناوخۆی ئێران، بزووتنەوە ناسـیۆنالیزمییەکان و ناسـیۆنالیزمی ئێتنیکـی لـە وڵاتـان و ناوچەکانی دراوسـێ هۆکارێکی دیکـەی بەهێزبوونی ئـەو ڕەوتانە بوو. سـەرەڕای ئـەوەش، بـە هـۆی چەنـد هۆکارێکـەوە، لەوانـە سروشـتی تازەپێگەیشـتووی ئـەم هۆگرییانـە و نەچوونـە نـاو قۆناغـی ڕێکخسـتنی سیاسـی، ئـەم پرسـە زیاتـر سروشـتێکی کۆمەڵایەتـی - فەرهەنگـی بـە خـۆوە گـرت و هەروەهـا بـە هۆی ئایدیالە تـا ڕادەیەک هەمەلایەنە و گشـتگیرەکانی شۆڕشـی مەشرووتییەتەوە کـەمتر دەیتوانـی لەگـەڵ ئـەم ناسـیۆنالیزمی ئێتنیکییـە ناکـۆک بێـت. بـەڵام لەگـەڵ دەرکەوتنـی قەیـران لـە بنەماکانـی مەشرووتییەت و شکسـتی بزووتنەوەی مەشرووتییـەت لـە دامەزراندنی دەوڵەت و کۆمەڵـگای مۆدێـرن، تێکچـوون و پشـێوییەکی سەرتاسـەری ئێرانـی گرتـەوە کـە لـە نـاو دڵـی ئەمەدا کۆمەڵێکی بەرفراوانـی بزاڤـی سیاسـی ڕووی دا، یەکێک لە دەرکەوتـە دیارەکانی بریتییە لـە بزووتنەوە ئێتنیکییـەکان و بزاڤەکانـی پەیوەسـت بـە ئێتنیکـەکان، کـە لە درێـژەدا ئاوڕیان لـێ دەدەینەوە.

- **ڕاپەڕینی سمکۆ**

بەناوبانگترین و درێژخایەن‌ترین بزووتنەوەی گشـتیی ئەم قۆناغە ڕاپەڕینی سماییل ئاغای شـکاک نـاسراو بـە سـمکۆ بـوو، کـە لـە سـاڵانی ١٩١٨ زایینـی -١٢٩٧ هەتـاوی هەتـا ١٩٣٠زایینـی/١٣٠٩ هەتـاوی بـەردەوام بـوو. سماییـل ئاغـا، کـە دوای کوشـتنی بـاوک و براکـەی کـە ڕێبەرانـی هـۆزی شـکاک بـوون بـە دەسـتی هێزەکانی حکوومەتـی قاجـاڕ، هـاوکات لەگـەڵ شۆڕشـی مەشرووتییەت بە سـەرۆکایێتی هۆزی شـکاک گەیشـت و بـە هەنگاونان بـۆ نێو گۆڕەپانـی ناکۆکییەکانـی پاش‌مەشرووتە لـە ئێـران و پشـتیوانیکردن لە بەرەی دژەمەشروتییەت توانی هەڵوێسـتی سیاسـی و پێگـەی خۆی پتەو

بکا و وێڕای پەرەدان بە پەیوەندیی لەگەڵ ڕووسەکان و عوسمانییەکان و بەدەستهێنانی پشتیوانیی ئەوان، بە هۆی ئەوەی کە بەشە گرنگەکانی ناوچەکانی باکووری ڕۆژاوای ئێران لە ژێر ڕکێفی ئەودا بوو، لە سەردەمی پاشمەشروتییەت لە ئێران بوو بە ئەکتەرێکی بەهێز (بروویینسن، ١٣٨٣، ٣٨٠-٣٨١). ئاشنابوون و پەیوەندی لەگەڵ کەسایەتییە سیاسی و ڕۆشنبیرەکانی کورد، لەوانە عەبدولڕەزاق بەدرخان و شێخ سەعید، نەوەی شێخ عوبەیدوڵا، لە قۆناغە گرنگەکانی ژیانی سمایل ئاغا بوو، کە کاریگەرییەکی زۆری لە سەر توندکردنی هەستی کوردایەتیی سمایل ئاغا دانا (برونسن، ١٣٧٨، ١٠٧). لەگەڵ دەستپێکی جەنگی جیهانیی یەکەم و تێکچوونی پێکهاتە سیاسییە جیهانی و ناوچەییەکان و سەرهەڵدانی هاوکێشە نوێکان، دەرفەتێکی نوێ بۆ سمکۆ ڕەخسا کە وەک حاکمی ناوچەی ستراتژیکی نێوان ئێران و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ڕووسیا ئامانج و خواستەکانی بپێکێت. سمکۆ لە جەنگی جیهانی یەکەم و ساڵانی دواتری جەنگ بەناوبانگترین کەسایەتیی سنووری ئێران و عوسمانی بوو (برونسن، ١٣٧٨، ٨٧).

شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیا (١٩١٧ ز) خاڵی وەرچەرخانی چارەنووسی سمکۆ بوو، چونکە لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی بەلشۆڤیکەکان، فەرمانی کشانەوە و گەڕانەوەی سەربازانی ڕووسیا دەرچوو و ئەمەش دەرفەتێکی نوێی بۆ سمکۆ ڕەخساند کە لە ساڵانی جەنگدا هەمیشە لە ژێر فشاری توندی ڕووسەکان بوو. دەستکەوتێکی دیکەی ئەم دۆخە ئەوە بوو کە سمکۆ توانی هەندێک کەرەستە و چەکوچۆڵی لە سوپای ڕووسیا کە سەرقاڵی دەرچوون لە خاکی ئێران بوون وەرگرێت (آقاسی، ١٣٥٠، ٣٨٦). لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانیی یەکەم و کشانەوەی هێزەکانی ڕووسیا و مەسیحی و بەتایبەت عوسمانی کە لە کۆتایی جەنگدا هەتا قووڵایی ئازەربایجان پێشڕەوییان کردبوو، سمکۆ بوو بە حاکمی بێڕکابەری ناوچەکە و دەسەڵاتی خۆی لە ڕۆژاوای دەریاچەی ورمێ تۆکمە کرد (Elphinston, 1946, 97). سمکۆ هەتا ساڵی ١٩١٩ توانی هێزێکی بیست هەزار کەسیی لە کوردەکان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و حکوومەتێکی سەربەخۆ بە ناوەندێتیی ورمێ دابمەزرێنێت. جگە لە هێزە خۆجێییەکانی سمکۆ سەدان سەرباز کە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە هاتبوونە ناو ئێرانەوە لە ڕیزی سوپاکەی سمایل ئاغای سمکۆ بوون (Bruinessen, 2006, 18-21).  بەم شێوە زەمینە بۆ ئامانجە سیاسییەکانی سمکۆ ئامادە کرا. وەک کەسرەوی دەنووسێت: «سمایل ئاغا ئامادەکاریی خۆی دەدی و هەلی دەقۆستەوە و هێزی کۆ دەکردەوە؛ چونکە پشێویی کاروباری ئێران و بێتوانایی حکوومەت و زۆریی چەکوچۆڵی جەنگ و گوێڕایەڵیی کوردەکان و ڕۆحی شەڕانگێزییان وای لێکرد خەونی گەورە ببینێت» (کسروی، ١٣٨٤، ٨٢٩). بەم شێوە سمکۆ لە دوو قۆناغدا لە ساڵی ١٩١٨ هەتا ١٩٢٢ و لە ساڵی ١٩٢٦ ڕاپەڕی.

لە قۆناغی یەکەمی ئەو شۆڕشەدا کە لە ساڵانی کۆتایی دەسەڵاتداریی قاجاردا ڕووی دا، لە ئەنجامی زنجیرەیەک جەنگ و ڕاکردن، هێزەکانی سمکۆ دەڤەری لەکستان، شارەکانی سەڵماس، ورمێ، مەهاباد، خۆی، مياندواو، پیرانشار، بانە و سەردەشتیان گرت (کسروی، ١٣٨٤، ٨٥١-٨٥٢، ٨٥٧). لە ناوەڕاستی ئەم قۆناغەدا، دانوستانی ئاشتیی نێوان هێزەکانی حکوومەت و سمایل

ئاغای بەڕێوە چوو، کە بە گوتەی ماکداڤێڵ، حکوومەت تەنانەت ڕازی بوو سەربەخۆیی بە سمکۆ بدات (McDowall, 1991). ئەم قۆناغە دواجار لە ساڵی ١٩٢٢ی زایینی/١٣٠١ هەتاوی لە شەڕی شوکریاری لە نزیک سەڵماس بە سەرکەوتنی هێزەکانی حکوومەت بە سەر هێزەکانی سمکۆ و داگیرکردنی قەڵای چەهریق کۆتایی هات و سمکۆش لەگەڵ کۆمەڵێک هاوەڵیدا بەرەو تورکیا هەڵهات (Cronin, 2000, 353).

قۆناغی دووەمی ڕاپەڕینەکە بە لێخۆشبوونی سمکۆ لە لایەن ڕەزاخان و گەڕانەوەی لە ساڵی ١٩٢٥ دەستی پێکرد. سمکۆ دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران، جموجۆڵە سیاسی و سەربازییەکانی دەستی پێکردەوە و دوای یەکگرتن لەگەڵ خێڵە کوردەکانی وەکوو: هەرکی و بەگزادە، جارێکی دیکە شۆڕشی دەست پێکردەوە (Bruinessen, 2006, 21). ڕاپەڕینەکە لە ئۆکتۆبەری ١٩٢٦ بە گەمارۆدانی شاری سەڵماس لە لایەن سمکۆوە دەستی پێکرد. دوای ماوەیەکی کەم، هێزە سەربازییەکانی ئێران کە لە ورمێ و خۆیەوە بە ڕێ کەوتبوون، بە هانای ئەو شارەوە هاتن. لەو تێکهەڵچوونەدا بەشێک لە شۆڕشگێڕانی کورد خیانەتیان لە سمکۆ کرد و شۆڕشەکە شکستی هێنا (Entessar, 2010, 17). سمکۆش بەرەو عێراق هەڵهات کە ئەو کات لە بندەستی بەریتانیا بوو. دوای ئەوەی سمکۆ پەنای بۆ عێراق برد، سەرۆک سوپاکان مژدەی پێدانی فەرمانداریی شاری شنۆیان پێدا (Bruinessen, 2006, 21) و بۆ دانوستانی ئاشتی بانگهێشتیان کرد و دوای هاتنەوەی بۆ ئێران لە ٣٠ی ژوونی ١٩٣٠/٩ی گەلاوێژی ١٣٠٩ هەتاوی، لە سیناریۆیەکی پێشتر پلان بۆ داڕێژراو، لە لایەن هێزەکانی سوپاوە لە نزیک شاری شنۆ کەوتە بۆسەیەک و لە لایەن ئەوانەوە کوژرا (Entessar, 2010, 17).

سەبارەت بە ئاخێزگە و بناغەکانی بزووتنەوەی سمکۆ، زۆر بۆچوون دەربڕدراون کە زۆر جار ئەم بۆچوونانە لێکدژن، بە جۆرێک کە هەندێک بزووتنەوەکەی سمایل ئاغا بۆ ئاژاوەی هۆزەکی و بە ئامانجی چەتەگەرانە بچووک دەکەنەوە و هەندێکیش پێیان وایە ڕاپەڕینی سمکۆ بزاڤێکی ئازادیخوازانەی پڕاوپڕ ئێتنیکی و نەتەوەیی بوو. لەم بارەوە لە ساڵی ١٩٢٢دا، سمکۆ لە نامەیەکدا کە ئاراستەی حاکمی تەورێز، زەفەرولدەولەی کردبوو، نووسیویەتی: «ئێمە زۆر باش دەزانین کە بەشێک لە گەلانی جیهان کە ژمارەیان تەنانەت چارەکێکی کوردیش نین بە خەونی خۆیان واتە سەربەخۆیی گەیشتوون. سەیری ئەڵمانییەکان بکەن، چۆن ئەم بابەتەیان لە ناو خۆیاندا دروست کردووە. لە ڕاستیدا ئەگەر میللەتی مەزنی کورد لە ئێراندا بە ئاواتیان نەگەن، مەرگ لە ژیان بۆیان باشترە. لەم سەردەمەی کە ئێمە تێیدا دەژین، حکوومەتی ئێران چ بیهەوێ و چ نەیهەوێ، ئێمە خوازیاری گەیشتن بە مافی خۆمان واتە سەربەخۆیین. ئەمە خواستی هەموو کوردزمانێکە و سەرچاوەی ژیانێکی نوێ بۆ گەلەکەمانە» (کوچرا، ١٣٧٧، ٦٥). کەواتە دەتوانین چارەنووسی سیاسیی سمکۆ و ڕاپەڕینەکەی بە ڕوانینێکی گەشەسەندووانە، واتە تێپەڕین لە عەشیرەتگەرایی کوردەوە بەرەو ناسیۆنالیزمی ئێتنیکی و ئەندێشەی دامەزراندنی حکوومەتێکی سەربەخۆ لێی بڕوانین.

## • شۆڕشی خەیابانی

شێخ محەمەد خیابانی، یەکێک لە مەشرووتەخوازە ناودارەکانی ئازەربایجان، نوێنەری خولی دووەمی مەجلیسی شۆرای میللی و هاوسەنگەر و دۆستی سەتارخان و باقرخان بوو، لە فەزای پڕ لە قەیرانی دوا ساڵەکانی سەردەمی قاجاردا، وەک نارەزایەتییەک بەرامبەر بە پەیمانی ساڵی ١٩١٩ (کاکس وسووق دەولە)، بە دروستکردنی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان و ڕێکخستنی ٨٠٠ خەباتکار، دەستی بە ڕاپەڕین کرد و دوای داماڵینی چەک لە یەکەکانی حکوومەت لە تەورێز و پەیوەستبوونی هێزەکانی ژاندارمەریی تەورێز بە هێزە ژێرفەرماندەییەکانی، بزووتنەوەکەیان فراوانتر کرد و دوای داگیرکردنی شارەکانی دیکەی ئازەربایجان وەکوو ورمێ، خۆی، ئەردەبیل، مەراغە، سەڵماس و زەنجان لە لایەن دیموکراتەکانەوە، وێڕای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، ناوی ئازەربایجانیان بۆ ئازادیستان گۆڕی (مدنی، ١٣٦٩، ٨٦ و لنزوسکی، ١٣٦٥، ١٠٣). ئەم بزووتنەوە پاش ٦ مانگ لە مانگی خەرمانانی (مانگی ئاب) ١٢٩٩ هەتاوی بە پلان و بەڕێوەبردنی موخبەرولسەلتەنە هیدایەت لە لایەن هێزەکانی قەزاق و بەشێک لە ئەجێندا ژاندارمەرییەکان سەرکوت کرا و خەیابانی دوای برینداربوونی لە شەڕەکەدا کوژرا. دوو ساڵ دوای ئەم ڕووداوە، کۆمەڵێک لە شوێنکەوتوانی خەیابانی بە سەرۆکایەتیی ئەفسەرێکی ژاندارمێری بە ناوی لاهووتی جارێکی دیکە دژی ستەمکاریی دەسەڵاتدار ڕاپەڕین و بە ئاشکرا داوای دەستلەکارکێشانەوەی ڕەزا خانیان لە فەرماندەیی هێزە گشتییەکان کرد ئەم بزووتنەوە دەستبەجێ و بە توندی سەرکوت کرا و هەمووی سەرکردەکان بەرەو ڕووسیا هەڵهاتن و ئەندامەکانی دیکەیان لە سێدارە دران یان زیندانی کران (مدنی، ١٣٦٩، ٨٧-٨٨).

دەتوانین بۆچوون و شیکارییەکانی سەبارەت بە هۆکار و زەمینەکانی ڕاپەڕینی خەیابانی بە سەر چەند لایەنی گشتیدا دابەش بکەین: هەندێک بە بزووتنەوەیەک لە پێناو گەڕاندنەوەی مەشرووتییەت و بەهاکانی مەشرووتییەت لێی دەڕوانن (کسروی، ١٣٥٧، ٨٥٦) و دوور لە ڕاپەڕینێکی چەکدارانە و جوداخوازانە، وەک بزاڤێکی فەرهەنگی لە قەڵەمی دەدەن. حسەین مەکی پێی وایە لە ماوەی ئەم پێنج مانگەدا خیابانی زیاتر لەوەی کە ژێستی سەرکردە و فەرماندەی ڕاپەڕینێکی چەکداری بە خۆوە بگرێ، سامی سەرکردەیەکی فیکری و ئایدۆلۆژیکی و بیرمەندێکی شۆڕشگێڕی هەبوو و هەموو ڕۆژێک بە وتارە پڕجۆشەکانی سەبارەت بە پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسی و هزرییەکان، هەوڵی دەدا شۆڕشی فەرهەنگی و وشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئەندێشەی خەڵکدا هەڵبگیرسێنێت (مکی، ١٣٥٦، ٣٥-٣٦). کۆمەڵێک بە ئاماژەدان بە ڕۆڵی دیار و بەرچاوی ئازەربایجان لە شۆڕشی مەشرووتییەتدا، شۆڕشی ئەو بە نارەزایەتیی لە دژی بارودۆخی قەیراناویی ئازەربایجان و مافەکان و داواکارییە بەدینەهاتووەکانی خەڵکی ئەو دەڤەرە دەزانن. لەم پێوەندییەدا کاتووزیان دەڵێ: «ڕەگ و ڕیشەی ڕابوونی خیابانی، دەچێتەوە سەر نکۆڵیکردن لە مافە یاساییەکانی خەڵکی ئازەربایجان و شوێنەکانی دیکە» (کاتوزیان، ١٣٧٢، ١٩٤-١٩٥). بەشێکی دیکەی لێکۆڵەران،

لایەنی ئێتنیکیی ئەم ڕاپەڕینە پشتگوێ ناخەن و پێیان وایە ئەم بزووتنەوە لە هەر حاڵەتێکدا سروشتێکی ئێتنیکی هەبووە. لەم پێوەندییەدا نیکی کێدی ئاماژە بەوە دەکا کە: ئەم بزووتنەوە بزووتنەوەیەکی ڕیفۆرمخوازانە بوو، کە لە هەمان کاتدا گوزارشت لە بەشێک لە هەست و سۆزی تازەپێگەیشتووی ناسیۆنالیستیی گەلی تورکزمانی ئازەربایجان دەکرد، کە خۆیان لە چاو بزاڤی ناوەندیی فارسزمان بە چەوساوە دەزانی. هەندێکیش ئەمە بە بزووتنەوەیەکی جوداخوازانە دەزانن. دەسمایەی زۆربەی ئەو سیاسەتمەدار و لێکۆڵەرانەی کە وەها ڕوانگەیەکیان هەیە، ئەوە بوو کە ناوی ئازەربایجانیان بۆ ئازادیستان گۆڕی. لەو کەسانەی کە ئەم دەرفەتەیان قۆستۆتەوە دەتوانین ئاماژە بە موخبەروسەلتەنەی هیدایەت، موشیرودەولە، عەبدوڵڵا موستەوفی، و باستانی پاریزی بکەین کە هەر یەکەیان بە جۆرێک لە جۆرەکان پشتگیریان لەم بابەتە کردووە (مقصودی، ١٣٨٠، ٢٤٨).

- **ڕاپەڕینی شێخ خەزعەل**

شێخ خەزعەل (خەزعەل ئەلکەعبی) حاکمی شاری خوڕەمشار (مەحەمرە) و سەرۆکی هۆزی بەنی کەعب لە خووزستان بوو، کە لە کۆتایی سەردەمی قاجار (سەرەتای سەدەی ١٤ی هەتاوی) لە پێناو سەربەخۆیی خووزستان و پێکهێنانی عەرەبستانی ئازاد ڕێبەرایەتیی گرنگترین ڕابوونە ئێتنیکی – هۆزەکییەکانی کرد. لە ساڵی ١٢٧٦ی کۆچی/١٨٩٧ی زایینی، شێخ خەزعەل لە جیاتی شێخ مەزعەلی برای کە کوشتبووی، لە لایەن موزەفەرەدین شاوە بە پلەی ئەمیر تومانی و نازناوی موعیزوسەلتەنە بە حوکمڕانی «مەحمەرە» و سەرحەدداریی ئەو مەڵبەندە دیاری کرا (عرفانی، ١٣٩٠، ٤٨٨-٤٩١). شێخ خەزعەل لە سەردەمی حوکمڕانیی خۆیدا هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی دەسەڵات و کاریگەریی خۆی فراوانتر بکا و لەم بابەتەدا تا دەهات پتر سەرکەوتووتر دەبوو. پەیوەندیی بەرفراوانی ناوخۆیی، لەگەڵ ناوەندی حکوومەت و هۆز و تایفە زۆر و زەبەندەکان، پەیوەندیی بەرفراوانی ناوچەیی لەگەڵ وڵاتان و حکوومەتەکانی دراوسێ و پەیوەندیی نزیک لەگەڵ ئینگلیزەکان، کە دوای دۆزینەوەی نەوت لە ئێران و بەستنی ڕێککەوتنی دارسی گرنگییەکی ستراتیژیی بەدەست هێنابوو، هەموو ئەمانە هۆکاری گرینگی سەرهەڵدانی بەردەوامی شێخ خەزعەل بۆ دەسەڵات بوون. ڕادەستکردنی خالسەجات، ڕادەستکردنی ئیدارەی گومروکات، وەرگرتنی باج و هەروەها پەیوەندیی نزیکی حاکمان و ڕاسپێردراوان و تەنانەت بەشەخۆراکی زۆربەی بەرپرسانی حکوومەت لە سفرەی شێخەوە وای لێ کرد کە ببێتە نوێنەری بەدەسەڵاتی پاشاکانی قاجار لە ناوچەکەدا. لەم ماوەدا ئەو دەسەڵاتەی کە لە لایەن حکوومەتی ناوەندییەوە پێی درابوو تا ئەو ئەندازە بوو کە هەندێک بە «سەربەخۆیی ئیدارەی ئیالەتی» ناویان لێ دەبرد (انصاری، ١٣٧٧، ١٠٦-١٠٨).

لە ماوەی زیاتر لە چارەکە سەدەیەکدا، بە فراوانکردنی قەڵەمڕەوی ژێردەسەڵاتی خۆی لە خووزستانی باشووری و پاشان تەواوی پارێزگاکە، شێخ خەزعەل لە ڕووی سامان و ناوبانگ و دەسەڵات و سەربەخۆیی و بڕیاردان و کردارەوە گەیشتە ئەو ئاستەی کە ناوبانگەکەی نە تەنیا لە

ناوەنـدی سیاسـیی ئێرانـدا بەڵکـوو لـە وڵاتەکانـی ناوچەکەشـدا دەنگـی دایـەوە (مقصـودی، ١٣٨٠، ٢٥٣). ناوبراو حوکمی دوو لە سـەر سـێی خووزسـتانی دەکرد و نازناوی ئەمیری عەرەبسـتانی لە خۆی نـا. کـەسرەوی دەسـەڵات و شـان و شـکۆی خەزعەل بەم شـێوە وەسـف دەکات: «دوای سـەردەمی شـا سمایـیل سـەفەوی هیـچ کەسـێک لـە خووزسـتان ئەوەنـدە شـکۆ و هێـزی نەبـوو» (کسروی، ١٣٨١، ٢٢٦). هەروەهـا تەقیـزادە لـە وەسـفی قەڵەمـڕەوی خەزعەلـدا دەنووسـێ: «ڕووبـەری قەڵەمڕەوەکـەی دووسـەد هەتـا سێسـەد کیلۆمەتـر بـوو و لە لایـەک هەتا دەوروبـەری خوڕەمـاوا و لە لایەکی دیکەشـەوە هەمـوو کەناراوەکانـی کەنـداوی دەگرتـەوە» (تقـیزادە، ١٣٧٢، ٣٤٦). لـە وەهـا بارودۆخێکـدا شـێخ خەزعـەل بـە پێکهێنانـی یەکرێـزی و ئیتیحـاد لەگـەڵ غوڵامڕەزاخـان والیی پشـتکۆ، مورتـەزا قولیخان بەختیاری و ئەمیر موجاهید و حاجی شـەهابولدەولە یەکێک لە سـەرکردەکانی عەشـیرەتی بەختیاری و ژمارەیەکی زۆر لە عەشیرەتی عەرەبی وەک بەنی تەمیم، ئەلیۆسف، ئەلدریسی، مەجبووم، ئەلڕاوییە، بەیـت عومـەر، بەیـت فەرەج، بەیت کـەرەم، ئەلباوییە و ئـەزکان لە سـاڵی ١٩٢٢زایینی/١٣٠٠هەتاوی بـە پاڵپشـتیی ئینگلتـەرا شـۆڕش دەسـتی پێکـرد و لـە سـاڵی ١٩٢٤زایینی/١٣٠٣هەتـاوی گەیشـتە لوتکە (مکی، ١٣٥٧، ١٦٢، ١٦٥، ١٦٧، ٣٠٠). شـێخ خەزعەل لە بارەی پێویسـتیی بەدەسـتهێنانی پشـتیوانیی ئینگلیـزەکان دەنووسـێ: «مـن بـۆ پاراسـتنی خـۆم و ئـەو سـەروەت و سـامانەی کـە هەمـە لەبـەر ئـەوەی لـە حکوومەتەکـەم هیوابـڕاو بـووم هیـچ دەرەتانێکـم نییـە جگـە لـەوەی پەیوەندییەکانـم لەگـەڵ ئینگلیـزەکان توندوتـۆڵ بکـەم» (شـیخ الاسلامـی، ١٣٦٩، ٣٦). بـەم شـێوە ئینگلیـزەکان بـە زنجیرەیـەک ڕێککەوتنـی بـەردەوام، لـە مـاوەی سـاڵانی ١٩٠٢ز، ١٩٠٧ز، ١٩١٠ز، ١٩١٤ زایینـی و سـاڵانی جەنگـی جیهانیـی یەکەم پشـتیوانیی خۆیان بۆ شـێخ خەزعـەل لە دژی حکوومەتـی ناوەندی و هـەر هەڕەشـەیەکی تـر دووپـات دەکـردەوە (عرفانـی، ١٣٩٠، ٤٨٨- ٤٩١).

دوابـەدوای کوودەتـای ڕەزاخـان لـە سـاڵی ١٢٩٩ی هەتـاوی و گەیشـتنی بـە دەسـەڵات، شـێخ خەزعـەل دژایەتیـی خـۆی بەرامبـەر بـە ڕەزاخـان دەربـڕی. ململانێـی نێـوان ڕەزاخـان و شـێخ کاتێـک ئاشـکرا بوو کە دکتۆر ئارتۆر میلسـپۆ ڕاوێژکاری ئەمریکی داوای باجی وەدواکەوتووی خووزسـتانی کرد. هـەر کە شـێخ خەزعەل نامەکەی «میلسـپۆ»ی بینی زۆر تـوڕە بوو و ڕایگەیاند کە قـەرزداری حکوومەتی ئێران نییە و بە هیچ شـێوەیەک دان بە ڕەزاخان و میلسـپۆدا دانانێت. دوای ئەم داپەڕە شـێخ خەزعەل بە ئامانجی هێنانەوەی ئەحمەد شـا و لابردنی ڕەزاخان و لە هەمووی گرنگتر جیابوونەوەی خووزسـتان لـە باشـووری ئێـران «ڕاپەڕینـی سـەعادەت»ی دامەزرانـد و هـەر خـۆی سـەرکردایەتییەکەی لە ئەسـتۆ گرت. لە هاوینی سـاڵی ١٣٠٣ی هەتاویدا، لێژنەی سـەعادەت سـەبارەت بە ڕاپەڕینی سـەردار سـپەهـ (ڕەزارخـان) لـە دژی یاسـای بنەڕەتـی و دژایەتیکردنـی پاشـای مەشرووتـە و هتـد هەنـدێ تەلەگرافـی بـۆ ئیسـفەهان و هەندێـک شـاری دیکـە نـارد. تەلەگرافێکیـش کـە گوزارشـت بـوو لـە دژایەتیکردنـی سـەردار سـپەهـ و پێویسـتیی لادانـی لـە پۆسـتەکەی و پشـتیوانی لـە ئەحمـەد شـا ڕەوانـەی مەجلیس کـرا (افشـار سیسـتانی، ١٣٧٣، ٢٧٢-٢٧٤). لـە بەرامبـەر قووڵبوونـەوەی قەیرانەکـەدا، ڕەزاخـان

وەک سەرۆک وەزیران و سەردار سپەهـ و وەزیری جەنگ؛ بە پاڵپشتیی ڕای گشتی و ڕۆژنامە و مەجلیسی ئەنجومەنی میللی، بە ٦٠ هەزار هێزی سەربازییەوە کە خۆی سەرکردایەتی دەکردن بەرەو خووزستان لەشکرکێشی کرد. خەزعەل کە بۆی دەرکەوتبوو ئینگلتەرا ئامادە نییە لەو دۆخەی هاتۆتە ئاراوە دەستوەردان بکا، پێشوەختە هەستی بە شکستی خۆی کرد (شیخ الاسلامی، ١٣٦٩، ٧). کاتێک لەشکرەکەی سەردار سپەهـ گەیشتە شیراز تیایدا ، خەزعەل لە ڕێگەی تەلەگرافێکەوە تەسلیمبوون و خۆڕادەستکردنی بە ڕەزاخان و فەرمانەکانی ڕاگەیاند و ڕەزاخانیش لە وەڵامدا داوای تەسلیمبوونی بێ مەرجی شێخ خەزعەلی کرد، وەک لە وەڵامێکی کورتدا بۆی نووسی: «بەڕێزی سەرداری ئەقدەس، لە شیراز چاوم بە تەلەگرافەکەت کەوت، داوای لێبوردن و پەشیمانییەکەت قبووڵ دەکەم بەو مەرجەی بێ پێچ و پەنا خۆت بەدەستەوە بدەیت» (مذاکرات جلسە ٨٢ دورە پنجم مجلس شورای ملی، ١٣٠٣). بۆیە ڕەزاخان لە ١٣ی مانگی سەرماوەزی ١٣٠٣ بە بێ شەڕ و گرژی هاتە ناو مەحمەرە و ژەنراڵ فەزڵوڵڵا زاهیدی کە سەرکردەی هێزەکانی حکوومەت لە دژی خەزعەل بوو، وەک فەرماندار سەربازیی پارێزگا و پارێزگار دەستنیشان کرد. بە گوێرەی دانوستانەکانی نێوان لایەنەکان، ڕێککەوتنێک کرا کە شێخ خەزعەل وێڕای پاراستنی موڵک و ماڵی خۆی لە خووزستاندا بمێنێتەوە بەڵام دواتر داوای لێکرا کە بە مەرجی پاراستنی گیان و ماڵی، لەگەڵ خانەوادەکەی بچێتە تاران و شێخ خەزعەل ملی بەم داوکارییە نەدا و لە مانگی نەورۆزی ساڵی ١٣٠٤ لەگەڵ عەبدولمەجیدی کوڕی دەستگیر و ڕەوانەی تاران کران. کتێبی ژیانی شێخ خەزعەل دواجار لە مانگی ئایار ساڵی ١٣١٥ی هەتاویدا داخرا (Shahnavaz, 2013). بە پێی هەندێک سەرچاوە، چەند ئەفسەرێکی شارەوانی کوشتوویانە (مکی، ١٣٦٢، ٣٠٠).

لە تاوتوێکردنی هۆکارەکانی سەرهەڵدان و کۆتاییهاتنی شۆڕشی خەزعەل لە خووزستان، ڕاوبۆچوونی جیاواز و هەندێک جار لێکدژ لە ئارادایە. هەندێک لە لێکۆڵەران بۆ نموونە حسەین مەکی و شومیاتسکی لە ڕوانگەی تیۆریی پیلانگێڕییەوە سەیریان کردووە و ئەوە گرێ دەدەنەوە بە پیلانگێڕیی ئینگلیز لە ئێران. ئیڤانۆڤ نێوەندگیری و ڕێککەوتنەکانی ئینگلیز لەگەڵ ڕەزاخان وەک هۆکاری تەسلیمبوونی شێخ لە قەڵەم دەدا. هەروەها هۆمایون کاتووزیان بە ڕەتکردنەوەی شیکارییە پیلانگێڕیتەوەرەکان و بە چەواشەکارزانینیان، پێی وایە بۆ ئەوەی ڕووداوی لەم چەشنە بە باشی بناسین دەبێ بە باشی لە هۆکار و خواستە ناوخۆییەکان تێبگەین (مقصودی، ١٣٨٠، ٢٥٧-٢٥٨).

- **بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازیی دووست محەمەد خان بەلووچ**

لە ناو ژینگەی نائارامی دەیەی کۆتایی قاجاردا و لە کاتێکدا کە هێشتا ساڵێک بە سەر کودەتاکەی ڕەزاخان لە ڕەشەمەی ساڵی ١٢٩٩دا تێنەپەڕیبوو، لە بەلووچستان دووست محەمەد خان بارەکزای، یەکێک لە خانەکانی ناوچەکە، دوای مەرگی مامی، سەردار بارام خان بارەکزای، لە ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی، بوو بە حوکمڕانی شاری پەهرا (ئێرانشار). دووست محمد

خـان دوای دامەزراندنـی دەسـەڵاتی خـۆی، لـە کاتێکـدا ڕەزاخـان خەریکـی جێبەجێکردنـی پلانـی تێـک و مەکاندانـی خێـڵ و تایفـەکان لـە ناوچەکانـی دیکـە بـوو، ورده ورده هەمـوو ناوچـە و قەزاکانـی بەلووچسـتانی بـە هەرێمـی خۆیەوە لکاند و بـە ڕەتکردنەوەی باجدان بە حکوومەتـی ناوەندی، ئیدعای سـەربەخۆیی بـۆ بەلووچسـتان کـرد (Spooner, 1988)، هـەر بۆیـە دووسـت محەمەد خـان بە هێزێکـی ٥ هـەزار تفەنگچییەوە گەورەترین دژبەری ڕەزاشا لە بەلوچسـتان بوو (احمـدی، ١٣٨٢، ٢٢٥-٢٢٦). بـە ئامادەکاری بـۆ هێرشـی حکوومەتـی ناوەنـدی بـۆ سـەرکوتکردنی دووسـت محەمـەد خـان، پـاش ئـەوەی هەواڵـی پێگەیشـت.، هەوڵـی دا کـە لـە ڕێگـەی ئاگادارکردنـەوە سـەبارەت بـە مەترسییەکانی چەکداماڵینی خێڵ و تایفەکانی بەلووچ، پێویسـتیی پێدانی باج و تەنانەت بە کەنیزکردنی ناموسـیان هێزەکانـی بەلـووچ بـۆ یەکڕیـزی و بەرەنـگاری دژ بـە هێزەکانـی دەوڵەتی ناوەنـدی دنە بدات (سـاکما: ٢٤٠٠٠٢٨٧٨:٢٠، بـە نقـل از: نادریـان فـر و دیگـران، ١٣٩٨، ٢٣٥).

ڕەزاخـان سـاڵی ١٣٠٤ هەتـاوی لە کاتێکدا کە دواییـن ڕۆژانی سـەرۆک وەزیریـی خۆی تێدەپەڕاند و ئامادەکاری بـۆ هاتنـە سـەر تەختـی پاشایەتی دەکـرد، فەرمانـی بـە سـوپای خوراسـان دا کـە بـۆ هەڵکشـاندنی ئاسـتی ئارامـی و ئاسایش لـە خوراسـان، ژمـارەی هێزەکانـی ئـەم سـوپایە زیاد بـکا و چەندیـن یەکـەی نـوێ دابمەزرێنێـت. لـە سـاڵی ١٣٠٤ دووسـت محەمـەد خـان بە هێرشـکردنە سـەر خاش و میرجاوە بە ئاشـکرا ڕووبەڕووی حکوومەت بووەوە. ئەم بابەتە لە لایەن ڕەزاخانەوە جێی سـەرنج بـوو و تەنانـەت لـە ڕێگـەی تەلەگرافێکەوە ئـاگاداری کردەوە کە لـە ئەنجامدا دووسـت محەمەدخانیش گوێڕایەڵـی بـوو. بـەڵام ئـەم هەنـگاوە بـەس بـوو بـۆ ئـەوەی ڕەزاشـا هەڕەشـەکەی بـە جـددی بزانێـت، هـەر بۆیـە لـە سـاڵی ١٣٠٦دا سـەرتیپ جەهانبانـی کـرد بـە فەرمانـدەی لەشـکری شـەرق (لێـوای ڕۆژهەڵاتـی ئێـران) و ئەویـش ڕاپۆرتێکـی گشـتگیری سـەبارەت بـە دۆخـی بەلووچسـتان پێشـکەش کـرد. دوای وەرگرتنـی ڕاپۆرتەکـە و خەمڵاندنـی پێداویسـتییەکان، جێبەجێکردنـی ئۆپەراسـیۆنەکە بـۆ سـاڵی ١٣٠٧ دوا خـرا (افشـار سیسـتانی، ١٣٧٠، ١٠٦). سـەرەتا حکوومـەت هەوڵـی دا لـە ڕێگـەی دانووسـتانەوە دووسـت محەمـەد خـان ناچـار بە ملکەجبـوون بکا، بەڵام بـە هۆی قورسـیی مەرجەکانی دووسـت محەمەدخانـەوە، حکوومـەت مەرجەکانـی ڕەت کـردەوە و ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان خرانـە بەرنامـەی کارەوە. دواجـار لـە هاوینی سـاڵی ١٣٠٧دا هێزەکانی ژێرفەرماندەیـی ئەمانوڵڵا جەهانبانی چوونـە نـاو بەلووچسـتان و لـە درێـژەی جەنگەکانـی گێشـت و درک و دارین چا بە کەڵـک وەرگرتن لە هێـزی ئاسمانـی توانیان دووسـت محەمەدخان شکسـت بـدەن (جەهانبانی، ١٣٣٦، ٦١). بەم شـێوە ناوەندێکـی دیکـەی دەسـەڵاتی ئێتنیکی – هۆزەکـی و خوازیاری ئەگەر نەڵێین سـەربەخۆیی، لانیکەم خۆبەڕێوەبـەری ڕووخـا. وەک سـەرتیپ جەهانبانـی خـۆی ئامـاژەی پێـدەکا: یەکێـک لـە هۆکارەکانـی سـەرکەوتنی سـوپا لە شـەڕی دووسـت محەمەد خان سـەرکەوتنی حکوومەت لە خسـتنەوەی ناکۆکی لـە نێـوان سـەرداران و خانەکانی بەلووچ بـوو (جهانبانی، ١٣٣٦، ٥٥). لەم پێوەندییـەدا زەند موقەدەم دەنووسـێت: زۆربـەی ئـەو شـەڕانەی کـە دژ بـە دووسـت محەمـەد خـان کـە زیاتر لـە سـەراوان ڕووی دا

(زند موقدم، ١٣٨٢، ٣٠٥-٣٥٣) بەلووچەکان سەرکردایەتییان دەکرد. دووست محەمەدخان دوای تەسلیمبوون، ناچار بوو تاراوگە و ژیان لە تاران قبووڵ بکا و دواجار لە ساڵی ١٣٠٩ بە تاوانی کوشتنی پاسەوانێکی حکوومەت لە سێدارە درا (جهانبانی، ١٣٣٦، ٤-٥).

تەشەنەسەندنی پشێوی و نائارامیی پچڕپچڕ لە بەلووچستان هەتا کۆتایی سەردەمی ڕەزاشا بەردەوام بوو. چەند هۆکارێک لەم بوارەدا ڕۆڵیان هەبوو؛ لەوانەش گەندەڵی دەسەڵاتدارانی فارس و قبووڵنەکردنی ئەوە لە لایەن بەلووچەکان کە بۆچی دەبێ دەسەڵاتدارانی فارس دەستوەردان لە کاروبارەکانیاندا بکەن. دوو نموونەی سەرەکیی ئەمەش شۆڕشی جومعەخان ئیسماعیلزێهی لە سەرحەد لە ساڵی ١٩٣١ بوو کە دوای شکستهێنان و بەدیلگیرانی بۆ شیراز دوور خراوە. یەکێکی تریان ڕاپەڕینی هەندێ لە تایفەکان لە شاری کووهەک لە ساڵی ١٩٣٨ بوو کە داوای کەمکردنەوەی گومرگی ئاژەڵیان دەکرد، کە تێیدا ٧٤ کەس بە فەرمانی سپەهبوود ئەلبورز تەقەیان لێ کرا (Spooner, 1988).

حەمید ئەحمەدی پێی وایە دووست محەمەد خان نموونەی سەرکردەیەکی نەریتخوازی بەلووچ بووە کە دەیویست دەسەڵاتی سیاسی لە ناوچە خێڵەکییەکان هەبێ و لە هەمان کاتدا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیدا دروست بکات. لە ڕاستیدا ئەوە ڕەزاشا بوو کە چاوی بە دووست محەمەدخان و حوکمڕانییە ناوچەییەکەی هەڵنەدەهات (احمدی، ١٣٨٢، ١١٧). بەڵام واقیعی بابەتەکە دەتوانێ سەرتر لە ئەم لێکدانەوە یەکڕەهەندییە بێت. ئەوەی کە ڕەزاشا هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی خێڵەکی و هۆزەکی قبووڵ نەدەکرد، پرسێکی حاشاهەڵنەگرە و چەند ساڵ پێشتر بڕیاری خۆی دابوو کە بناغەی ژیانی خێڵەکی لە بنچینەوە هەڵتەکێنێت. بەڵام ئەوەی دەکرێ ڕەخنەی لێ بگیرێ، هۆگرنەبوونی دووست محەمەد خان و خانەکانی دیکە بە سەربەخۆیی یان خۆبەڕێوەبەری و یان ددان نان بە ملکەچبوون بە ناوەند و حکوومەتی ناوەندییە، لە کاتێکدا کە سەرکردە و خەڵکی ئەو دەڤەرە دوورەدەستە هیچ ئارەزوویەکان بۆ باجدان و گوێڕایەڵی لە حکوومەتی تاران نەبوو و بە بێ گوێدانە ئێتنیک، هەموو فەرمانڕەوا ناوچەییەکان، تەنانەت ئەگەر بچووکترین خاکیش لەبەردەستیان دابێ، پێیان خۆشە ئەوەندەی لە پەیوەندییەکاندا بۆیان دەلوێ و مومکین دەبێ سەربەخۆ بن. ئەوەی لە سەر دووست محەمەد خان بارەکزای و سەرکردە خێڵەکییە هاوشانەکانی دەتوانین بڵێین ئەوەیە کە ئەگەر بە هۆی سستیی سەروەریی دەوڵەتی ناوەندی لە کۆتایی سەردەمی قاجاردا، تەنانەت ئەگەر بیری سەربەخۆیی هاتبێتە مێشکی دووست محەمەد خانەوە، ئەوە بە گوێرەی بارودۆخی ناوچەیی، کۆمەڵناسیی سیاسیی بەلووچستان، و ڕێکخستنی سیاسی – سەربازیی خان و سەردارەکان کە زۆر جار لە ململانێیەکی بەردەوامدا بوون، تەنیا خۆزگەیەک بووە و هیچی دیکە.

لەم سەروبەندەدا ئێران گۆڕەپانی چەندین ڕاپەڕین و شۆڕشی ئێتنیکی و هۆزەکی دیکە لە کوردستان، لوڕستان، باشوور و جوگرافیا ئێتنیکییەکانی دیکە بوو، کە زۆر جار بە ئامانجی

بەدەستهێنانی سەربەخۆیی یان ئیمتیازاتی سەربازی و دارایی ڕوویان داوە و هەمووشیان لە هاوکێشەی نەهێشتنی تەواو و بێمەرجی ناوەندی دەسەڵاتە خۆجێییەکان لە لایەن حکوومەتە تاکڕەوەکەی پەهلەویی یەکەمدا بە بێ ئەوەی کەمترین دەستکەوتێکیان دەست بکەوێ لە گۆڕەپانی سیاسیی نەتەوەیی و ناوچەییدا دوور خرانەوە.

بە دامەزراندنی هەنگاو بە هەنگاوی بناغەکانی دەسەڵاتی حکوومەتی پەهلەویی یەکەم و پاکتاوکردن، سەرکوتکردن و زیندانیکردنی خوازیارانی دەسەڵات بە هێزە نەریتییە کۆچەری و خێڵەکییەکان و حیزب و ڕەوتە سیاسییە مۆدێرنەکان، حکوومەتی پەهلەویی یەکەم سەرباری سەپاندنی توندئاژۆترین و جیاکارانەترین سیاسەتە ئێتنیکییەکان، کەوتە ناو قۆناغێک لە ململانێ و ڕکابەری کە هەتا داگیرکرانی ئێران لە مانگی ئاب لە ساڵی ١٣٢٠ لە لایەن هاوپەیمانان و گواستنەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی بەردەوام بوو.

## بزاڤ و بزووتنەوە ئێتنیکییەکانی سەردەمی پەهلەویی دووهەم

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٣٢٠ هەتاویدا، گواستنەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی بۆ حەمەڕەزاشای گەنج و بێئەزموون لە کاتێکدا ڕووی دا کە ئێران بە یەکێک لە سەردەمە مێژووییە پڕ لە گێژاوەکاندا تێدەپەڕی. داگیرکرانی ئێران لە لایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە، لەبەریەک هەڵوەشانەوەی سوپا کە فاکتەری سەرەکیی ئارامی و ئاسایش لە سەردەمی ڕەزاشا بوو، لاوازبوونی سیستەمی بیرۆکراتی حکوومەتی ناوەندی لە بەڕێوەبردنی وڵات، هەڵوەشاندنەوەی هەندێک لە یاسا و کۆت و بەندە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی پەهلەویی یەکەم، ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی کە ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەی حیزب و ئێتنیک و عەشیرەتەکانی لە خۆ دەگرت؛ فەزایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کراوەی لە ئێراندا خوڵقاند، کە ئاسەوارەکانی ئەم کرانەوەی فەزای سیاسییە بریتییە لە: دامەزراندنی پارتە سیاسییەکانی وەکوو حیزبەکانی تودە و میللی و دیموکڕات، ئازادیی چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەری، و دەستپێکردنەوەی لایەنێکی بەرفراوان لە بزووتنەوە و ڕەوتە سیاسییەکان کە لە ناو هەلومەرجی پڕ لە زەبر و زەنگ و سەرکوتی سەردەمی ڕەزاشادا سڕ و گۆشەگیر کرابوون.

لە ناو فەزای کراوە و بێئۆقرەی ساڵانی سەرەتای سەدەی بیست، گرووپە ئێتنیکییەکان لە گرووپە سیاسی و کۆمەڵایەتییە دیارەکان بوون، کە دوای ئەزموونی ترسناکی سەردەمی ڕەزاشا، هەوڵیان دەدا کە ئەم دەرفەتە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان و گەیشتن بە داواکارییە ئێتنیکییەکانیان بقۆزنەوە. بوونی هێزەکانی بەریتانیا لە ناوچەکانی باشووری ئێران و هێزەکانی یەکێتیی سۆڤیەت لە ناوچەکانی باکوور و ڕۆژاوا و باشوور توخمێکی بەهێزی ئاراستەکردنی بزووتنەوە و بزاڤە سیاسی و سەربازییەکان، بەتایبەت بزووتنەوە ئێتنیکییەکانی ئەو ناوچانە بوون. لە نێو وەها فەزایەکی نیوەکانی دەیەی ١٣٢٠ی هەتاویدا گرینگترین بزاڤە مێژووییەکانی ئێرانی هاوچەرخ لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژاوا و ناوچەکانی ڕۆژاوا لە نێوان هەر دوو ئێتنیکی ئازەری و کورد بە پاڵپشتیی یەکێتیی سۆڤیەت ڕوویان دا.

سیاسەتی گشتیی سۆڤیەت لەو سەردەمەدا ئەوە بوو کە لە باکووری ئێراندا هەمان ئەو دەسەڵات و قازانجەیان هەبێ کە ئینگلیزەکان لە باشووری ئێران هەیانە. بە پێی ئەم شێوازی تێفکرینە بوو کە ستالین پێی وا بوو ئەگەر نەوتی باشوور لە دەستی بەریتانیا بێ، ئەوا نەوتی باکووریش دەبێ هی یەکێتیی سۆڤیەت بێت. کەواتە، سیاسەتی گشتیی یەکێتیی سۆڤیەت لەو کاتەدا ئەوە بوو کە باکووری ئێران بکاتە ناوچەی ژێرڕکیفی خۆی. سۆڤیەت بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئیمتیازاتە لەگەڵ ئێراندا کەوتە دانوستان و بەڵام نەیتوانی هیچ ئیمتیازێک بەدەست بهێنێ و پێدانی هەر چەشنە ئیمتیازێک بە وڵاتی سۆڤیەت لە لایەن ئێرانەوە بە تەواوی ڕەت دەکراوە. لە دۆخێکی وادا یەکێتیی سۆڤیەت بڕیاری دا کە کارتی فشاری خۆی بەکار بهێنێت (خامەای، ١٣٦٢، ٢٢٨-٢٢٧) گرنگترین ئامرازی سۆڤیەت بۆ فشارخستنە سەر ئێران، بێشک هێزەکانی سوپای سوور لە ئێران بوو، بەڵام بە پێی گرێبەستی سێیانەی هاوپەیمانی (٢٩ی ژانفییەی ١٩٤٢)، هێزەکانی هاوپەیمانان ناچار بوون لە ماوەی ٦ مانگ دوای کۆتایی هاتنی شەڕ، ئێران بەجێ بهێڵن. ئەو مەرجانەی کە لە گرێبەستەکەدا باس کرابوون، سەرکردەکانی سۆڤیەتیان بەرەو ڕێکاری دیکە دنە دەدا، کە ئەویش پشتیوانیکردن لە بزووتنەوە سەربەخۆییخوازەکانی ناوخۆی ئێران لە ناوچە باکووری، باکووری - ڕۆژاوایی و ڕۆژاواییەکان بوو (خامەی، ١٣٦٢، ٥١-٥٢). ئازەربایجان بە ناوەندێتیی تەورێز و کوردستان بە ناوەندێتیی مەهاباد، لەو قۆناغە مێژووییەدا، دوو ناوەندی سەرەکیی هەڵمەت و داخوازییە ئێتنیکییەکان و شوێنی دروستکردنی حیزب و ڕەوتە سیاسییەکان بوون. هەر بۆیە دوو دەرفەتی ناوازەیان بۆ سۆڤییەت ڕەخساند کە لە سای پشتیوانیی ئەواندا بە لێبڕاوانەترین شێواز سیاسەتی گوشار بخاتە سەر حکوومەتی ناوەندی. بۆیە پشتیوانی لە کۆماری ئازەربایجان و کۆماری کوردستان خرایە کارنامەی حکوومەتی سۆڤیەت.

- **فیرقەی دیموکرات و کۆماری ئازەربایجان**

لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا، هەر لە شەڕەکانی نێوان ئێران و ڕووسیاوە هەتا بزووتنەوەی مەشرووتییەت و پاشان ڕاپەڕینی خیابانی، ئازەربایجان بە ناوەندێتیی تەورێز، ناوەندێکی پڕجۆش و پێشەنگی پێشهاتە مێژووییەکانی ئێران بووە کە لەگەڵ دەستپێکی سەردەمی پەهلەویی یەکەم، نەک هەر بە مافە شیاوەکانی خۆی نەگەیی بەڵکوو ڕووبەڕووی سیاسەتی هەڵاواردن بووەوە کە زەمینەی بۆ ناڕەزایەتیی خەڵک و بلیمەتەکانی ئەم دەڤەرەی ئێران خۆش کرد. بۆ نموونە لە سەرەتای ساڵانی ١٣٢٠ هەتاویدا، ڕەخنەی ئەوە هاتە ئاراوە کە بۆچی تاران کە یەک لە سەر سێی کۆی دانیشتوانی ئازەربایجانی هەیە، ٢٠ هێندەی پشکی بودجەی ئەم ناوچەی هەیە (فوران، ١٣٧٧، ٤٠٨). ئەم دۆخە بووە هۆی ئەوەی لە ناو بلیمەتە ئازەرییەکاندا ڕێبازێکی ڕەخنەگرانە دروست ببێ و لە لایەن خەڵکەوە پشتیوانی لێ بکرێت. لە کەشێکی وادا، لە ١٢ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٢٤، سەید جەعفەر پیشەوەری کە خۆی لە کەسایەتییە سیاسییە ناڕازییەکان بوو و دژایەتیی سیاسەتەکانی

تارانـی دەکرد، بـە دەرکردنی بەیاننامەیەک دامەزراندنی فیرقەی دیموکراتـی ئازەربایجان بە ئامانجی، ئازادیـی ناوخۆیـی و سـەربەخۆیی مەدەنـی بـۆ ئازەربایجـان لـە چوارچێـوەی پاراسـتنی سـەربەخۆیی ئێـران، و کۆمەڵێـک داواکاریـی بـواری مافـە مەدەنـی و ئابوورییەکان وەکـوو خوێندن بە زمانـی ئازەری لـە قوتابخانەکانـی ئازەربایجان و هتد ڕاگەیانـد (جامی، ١٣٦٢، ٢٨٤-٢٨٧). سـەرکردەکانی فیرقەی دیموکـرات، دوای وەرگرتنـی پشـتیوانیی چەکوچـۆڵ و دارایی و پڕوپاگەندەیی لە یەکێتیی سـۆڤیەت و تەیارکردنـی هێـزەکان بە چەک، وردە وردە شۆڕشـێکیان لە ئازەربایجـان – هەڵبەت بە بێ خوێنڕشتن – ڕێـک خسـت و دوای ماوەیەکـی کـورت، زۆربەی شـار و ناوچەکانـی تەوریـز، ورمـێ، ئەردەبیل، زەنجان، خوڕەمـدەرە، سـەڵماس، مەرەنـد، میانە و دەوروبەریان خسـتە ژێـر ڕکێفی خۆیان (آبراهامیـان، ١٣٩٢، ٤٩٢-٤٩٣). هەرچەنـدە ڕۆڵـی یەکێتیـی سـۆڤیەت و فەرمانـی ڕاسـتەوخۆی سـتالین بـۆ دامەزراندنی حکوومەتـی ئازەربایجـان ڕاسـتییەکی ئاشـکرایە، بـەڵام بـۆ تێگەیـشتن لـەم بزووتنـەوە، دەبێ فاکتـەرە ناوچەییـەکان و پێشـمەرجە ژینگەییەکانیشـی باس بکرێت.

توانـای فیرقـە و حکوومەتـی خۆسـەری ئازەربایجـان لـە کۆتاییەکانـی سـاڵی ١٣٢٤ی هەتـاوی و سـەرەتاکانی سـاڵی ١٣٢٥ی کۆچی لەوپـەڕی خۆیـدا بـوو. جگـە لـە پاڵپشـتیی ٥٠ هـەزار کرێکاری ئەندامـی پێشـووی ئەنجومەنـی یەکگرتووی ناوەندی، بە پێـی ئیدعای ڕۆژنامـەی ئازەربایجان، فیرقەی دیموکـرات ٧٥ هـەزار ئەندامـی هەبـوو، کـە ٥٦ هـەزاری پاڵـە و جووتیـار، ٦ هـەزار ڕۆشـنبیر، ٣ هـەزار کاسـبکار و دووکانـدار، ٢ هـەزار بـازرگان، ٥٠٠ خـاوەن زەوی و ١٠٠ کەسیشـی پیـاوی ئایینـی بـوون (فـوران، ١٣٧٧، ٤٠٩-٤١٠). پێکهێنانـی ڕیزەکانـی گەلی ئازەربایجان بـە زیاتر لە یەک ملیۆن چەک و ڕێکخـراوی هەواڵگـری و پۆلیسـی، دادگا لە بواری سـەربازی - ئەمنی؛ (جامـی، ١٣٦٢، ٣٥٥-٣٥٩) دامەزراندنـی وێسـتگەیەکی ڕادیۆیـی بـە زمانـی ئـازەری، بڵاوکردنـەوەی پتر لـە ١٦ گۆڤـاری دەورەیـی و فێـرکاری بـە زمانـی دایکـی لـە بـواری فەرهەنگیـدا (فـوران، ١٣٧٧، ٤١١-٤١٠)؛ و ئەنجامدانـی چاکسـازی لـە زەوی و زار، کەمکردنـەوەی سـوودی موڵکانـە، یاسـای کارکردنی ٨ کاتژمێری و پشـووی ڕۆژێـک لـە هەفتـە، بـە نیشـتمانیکردنی بانکـەکان، کردنـەوەی فرۆشـگا حکوومییـەکان، کردنـەوەی کلینیکـەکان، قیرتاوکردنـی شـەقامەکان و هتـد لـە ڕووی ئابـووری - کۆمەڵایەتیـەوە؛ هەندێـک لـە چالاکییـە دامەزراوەیـی و دەسـتکەوتەکانی حکوومەتـی کۆمـاری ئازەربایجـان بوون (ایوانـف، ١٣٥٦، ١٠٩-١١٠). حکوومەتـی خۆسـەری ئازەربایجان، سـەرەڕای ئەو ئامانجە گـەورە و پلانە هەمەلایەنانەی کـە ئامـادەی کردبـوو، حکوومەتێکـی بەپەلە بوو کە هـەر زوو لە پەیوەندییەکانی نێـوان ئێران و یەکێتی سـۆڤیەتدا بـوو بـە بەهـای ئاشـتەوایی. بـە سـەردانەکەی ئەحمـەد قەواموسـەلتەنە سـەرۆک وەزیرانـی ئـەو کاتـی ئێـران بـۆ مۆسـکۆ لـە سـەرەتای سـاڵی ١٣٢٥ی هەتـاوی و ئەنجامدانـی ڕێککەوتنـی قەوام - سـادچیکۆف سـەبارەت بـە کشـانەوەی سـوپای سـوور لە ئێران لـە بەرامبـەر ئیمتییـازی دامەزراندنی کۆمپانیـای نەوتـی باکـوور، یەکێتیـی سـۆڤیەت وازی لـە پشـتیوانیکردنی حکوومەتـی ئازەربایجـان هێنـا (فاتـح، بیتـا، ٣٧٢) و تەنانـەت فەرمانـی بـە حکوومەتـی پیشـەوەری دا کـە هێـزە چەکدارەکانـی

ئازەربایجان بەرەنگاری حکوومەتی ناوەند نەبنەوە، لە ئەنجامدا پیشەوەری کە تەنها ساڵێک لە دەسەڵاتەکەی تێپەڕیبوو هیچ ڕێگەیەکی دیکەی بۆ نەما جگە لەوەی کە خۆی ڕادەستی حکوومەتی ناوەندی بکات (جامی، ١٣٦٢، ٤٦٥). هەر بۆیە پیشەوەری و بەشێک لە بەرپرسانی دیکەی حکوومەتی ئازەربایجان بەرەو یەکێتیی سۆڤیەت هەڵاتن و حکوومەتەکەی بە بێ هیچ بەرەنگارییەک ڕووخا. سەرباری ئەمە هێزەکانی سوپا لە دوای گرتنی شاری تەورێز و هەندێک شاری دیکە، تاوانی زۆریان ئەنجام دا و کارەساتی قووڵیان لە پاش خۆیان بە جێ هێشت. ئەوە لە کاتێکدایە فەردووست باس لە لەسێدارەدانی ٢ بۆ ٣ هەزار کەس بە بێ دادگاییکردن دەکات (فردوست، ١٣٧١، ١٥١)، سەرچاوەکانی سەر بە فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان کۆمەڵکوژییەکەی تەورێزیان بە ٢٠ هەزار کەس و بە گشتی ٥٠ هەزار کەس مەزەندە کردووە (داداش‌زادە، ١٣٥٧، ١٠٠. بەنقل از: مقصودی، ١٣٨٠، ٢٦٩).

- **حیزبی دیموکرات و کۆماری خۆسەری کوردستان**

خەباتە سیاسییەکانی کوردستان لە دوای کۆتاییهاتنی سەردەمی دەسەڵاتداریی پەهلەویی یەکەم، بە دامەزراندنی ڕێکخراوی نیمچە نهێنییی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ک.ژ.ک یان ژێکاف) لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هەتاوی لە سەر چوار بناغەی ئیسلامیەتی، کوردایەتی، مەدەنییەت و ئاشتیخوازی دەستی پێکرد و قازی محەمەد وەک سەرکردەی ئەم ڕێکخراوە هەڵبژێردرا (نیشتمان، ١٣٢٢، بەرگی پێنج). پەیوەندیی نێوان سۆڤیەت و کورد بە سەرکردایەتیی قازی محەمەد لەم کاتەدا جیددیتر بوو و دوای کۆبوونەوەی لایەنەکان سۆڤیەت بەڵێنی پشتیوانیی سەربازی و دارایی و ڕاهێنانی بە کورد دا. هەلومەرجی نوێ و پێویستیی هەبوونی ڕێکخراوێکی بەرفراوانتر و ئاشکراتر بواری بۆ هەڵوەشاندنەوەی «کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان» دابین کرد و لە بری ئەو، لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٥ حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئامانجی سەربەخۆیی بۆ کوردستان دامەزرا (مستەفا ئەمین، ٢٠٠٧، ٩٣-٩٤). حیزبی دیموکراتی کوردستان، ١٥٩ ڕۆژ دوای دامەزراندنی، لە ڕۆژی دووهەمی مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ (هاوکات لەگەڵ ٢٢ی ژانڤییەی ١٩٤٦)، بە پشتیوانیی کۆماری سۆسیالیستیی سۆڤیەت لە مەهاباد، دامەزرانی کۆماری خۆسەری کوردستانی ڕاگەیاند، و قازی محەمەد وەک سەرۆکی ئەم حکوومەتە هەڵبژێردرا (McDowall, 2000, 241). حکوومەتێک کە دواجار پاش ١١ مانگی ناچار بوو مل بە هەڵوەشانەوە بدا و خۆی ڕادەستی حکوومەتی ناوەندیی ئێران بکات.

ڕەوتی هەڵوەشانەوەی کۆماری کوردستان هەمان مۆدێلی داڕمانی کۆماری ئازەربایجانی پەیڕەو کرد. یەکێک لە بڕگەکانی ڕێککەوتنی نێوان یەکێتیی سۆڤیەت و حکوومەتی قەوام، پشتیوانی نەکردن لە دوو کۆماری تازە دامەزراوی ئازەربایجان و کوردستان بوو. بۆیە دوای ڕۆیشتنی هێزی سوور لە ئێران، لە ٢٤ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی، نوێنەری ڕووسیا مەهابادی بەجێهێشت و لە ٢٥ی سەرماوەز قازی محەمەد و ژمارەیەک لە سەرکردەکانی دیکەی کۆماری کوردستان خۆیان

ڕادەستی سوپای ئێران (ئەرتەش) کرد (مهدی نیا، ١٣٦٦، ٥٢٣).

هەرچەندە کۆماری کوردستان کەمتر لە ساڵێکی تێپەڕ کرد و ئەزموونی حوکمڕانییەکەی زۆری نەخایاند، بەڵام ئەم حکوومەتە هەر لەو ماوەی چەند مانگەدا چەندین داپەڕ و چاکسازیی بنەڕەتیی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و یاسایی و پەروەردەیی و ئیداری ئەنجام دا کە وەک کارنامەی باشی ئەم ئەزموونە نوێیە لە قەڵەم دەدرێت. دامەزراندنی کۆمپانیای تەرەقی بە مەبەستی ڕێکخستنی پەیوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ ئازەربایجان و یەکێتیی سۆڤیەت، دامەزراندنی سیستەمی خوێندنی کوردی و دابینکردنی پێویستی و کتێب، دامەزراندنی دەزگای چاپ و چاپەمەنی، چاپکردنی ڕۆژنامە و گۆڤاری وەکوو: ڕۆژنامەی کوردستان، گۆڤاری هەفتانەی هەڵاڵە (تایبەت بە خانمان)، گۆڤاری ئەدەبیی مانگانەی هاوار، گۆڤاری گەلاوێژ، مانگانەی ئاژیر، گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵان، مانگانەی نیشتمان، دامەزراندنی هۆڵی شانۆ، یاسادانان و چاپکردنی ئەو فەرمانانەی کە سەبارەت بە کاروباری دارایی، کارگێڕی، شارەوانی، بابەتی دادوەری و هێزە چەکدارەکان، کەمکردنەوەی موڵکانە، دروستکردنی گیانی ڕێکخستن، ئاڵا و مارشی نیشتمانی، پێکهێنانی سوپا و ڕێکخراوی ئاسایش - پۆلیسی لە دەستکەوتەکانی کۆماری کوردستان بوون (برزویی، ١٣٧٨، ٣٣٠- ٣٤٤). کۆماری کوردستان سەرەڕای ئەوەی تەمەنی کورت و قەڵەمڕەوەکەی سنووردار بوو بەڵام ڕۆڵی لە کاراکردنەوەی بزووتنەوە کوردییەکان و بیچمدان بە شوناسی ئێتنیکیی کورد، بەتایبەت لە ئێراندا گرینگترین لایەنی کاریگەرییەکەیەتی.

تێپەڕین لە بیستەکان (١٣٢٠ی هەتاوی) و ڕەوتی چەسپاندنی وردە وردەی بناغەکانی دەسەڵاتی ناوەندی و حوکمڕانیی پەهلەویی دووەم لە ئێران، بەتایبەت لە دوای کودەتاکەی مانگی ئابی ١٣٣٢ی هەتاوی، هەموو چالاکی و بزووتنەوە ئێتنیکییەکان قەدەغە کران و ڕەوتە سیاسییە ئێتنیکییەکان بۆ زیاتر لە سێ دەیە هەتا لەباربوونی هەلومەرج بۆ ڕوودانی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، ناچار بوون کە چالاکیی سیاسی نەکەن و هەڵوێستێکی گۆشەگیرانە بگرنە بەر. هەر بۆیە لە دوای بزووتنەوە سەربەخۆییخوازییەکانی کوردستان و ئازەربایجان لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٣٢٠ی هەتاویدا، هیچ بزووتنەوەیەکی ئێتنیکیی ئەوتۆ لە جۆری ڕاپەڕین و بزووتنەوە لە ئێران ڕووی نەدا.

پێکهێنەرە دژەعەرەبییەکانی ناسیۆنالیزمی سەردەمی پەهلەوی و ئەویدیسازکردن لە دەرکەوتە شارستانی و فەرهەنگییەکانی عەرەب لە تایبەتمەندییە دیارەکانی گوتاری پەهلەویی دووەم بوون، کە بووە هۆی ئەوەی عەرەبەکانی ئێران زیاتر لە ئێتنیکەکانی دیکە لەم قۆناغەدا پشتگوێ بخرێن، و تەنانەت بۆ ئەوەی بێدەنگ بن و ملکەچ بن ڕووبەڕووی فۆڕمی جۆراوجۆری مامەڵەی ئەمنی - سەربازی و دژایەتیی فەرهەنگی و ئابووری – سیاسی دەبوونەوە. نەبوونی هەل و توانای نارەزایەتی و کارلێکی گشتیی لەبەر ئەو دۆخەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، بووە هۆی ئەوەی کە هەتا ئەم قۆناغە شایەتحاڵی هیچ بزووتنەوەیەکی ئێتنیکی لە ناوچە عەرەبییەکان نەبین.

## بزووتنەوە و هەڵمەتە ئێتنیکییەکان لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا

سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بەرهەمی هاوپەیمانیی فرەچین و فرەئێتنیکیی گەلی ئێران بوو. ئەم هاوپەیمانییە لە هەموو چین و توێژ و ئێتنیک و هۆزەکانی سەرتاسەری وڵاتی ئێران لە تاران، قوم، تەوریز، یەزد، مەهاباد، بەندەرشا (تورکمان)، مەشهەد، ئەهواز، خورەماوا، شیراز، زاهیدان، و ئیسفەهان لە ساڵانی ١٣٥٦-١٣٥ی هەتاوی بە یەکگرتوویی و چڕوپڕی دژایەتیی ڕژێمی محەمەد ڕەزاشایان کرد و ئەمەش ڕووخانی خێرای سەلەتەنەتی شای لێ کەوتەوە. دۆخی دوای شۆڕشیش ڕووبەڕووی داواکاریی جۆراوجۆری هەر یەک لە گرووپ و چین و شار و ئێتنیکەکان بووەوە. ئەگەر گرنگترین سیمای ئەم جۆرە هاوپەیمانییانە خێراییی لە بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و تێکدانی نەزمی سیاسیی کۆن بێ، ئەوا سیمای دووەمی ئەم هاوپەیمانییە کەوتنەوەی چەندین کێشە و تەنگژەی زۆر و بێژمار لە قۆناغە سەرەتاییەکانی سەقامگیری و چەسپاندنی حکوومەتی نوێیە کە هاوپەیمانەکانی پێشووی دەکرد بە دژبەری یەکتر (مقصودی، ١٣٨٠، ٢٩٤). لەم ڕوانگەوە یەکێک لە ئاڵنگارییە بنەڕەتییەکانی سەرەتای ئینقلابی ئیسلامی، ڕاپەڕین و بزووتنەوە ئێتنیکییەکانی زۆربەی ناوچەکانی ئێران بوو کە لە ساڵانی ١٣٥٧-١٣٥٨ بە شێوەیەکی بێوێنە پلانیان بۆ داڕێژرا و پەرەیان پێ درا و لە پرۆسەی پێشهاتە ئینقلابییەکان و داهاتووی سیاسیی ئێراندا بگۆڕێکی کاریگەر بوون. لەم قۆناغەدا بزووتنەوە ئێتنیکییەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵێکی هەمەجۆری کارلێک و داپەڕی سیاسی، سەربازی، چەکداری، هێزی میلیشیای جەماوەری و هتد ڕوویان دا، کە لە درێژەدا بە جیا شی دەکرێنەوە.

- **کوردستان لە بەرەبەیانی شۆڕشدا**

کورد لە ڕۆژاوا و باکووری ڕۆژاوای ئێران (ناوچە کوردستانییەکان) یەکەمین و لە هەمان کاتدا گرنگترین هێزی ئێتنیکی دوای ئینقلاب بوون، کە یەکەم داخوازیی ئێتنیکیی خۆیانیان ئاراستەی تاران کرد. لەم پرۆسەدا خەڵکی کوردستان پتر لە لایەن دوو حیزبی سکۆلاری دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتیی دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو و کومەڵە بە سەرۆکایەتیی شێخ عێزەدین حسێنی نوێنەرایەتی دەکران. لەم نێوەندەدا مەکتەب قورئان بە سەرۆکایەتیی کاک ئەحمەد موفتیزادەش، نوێنەرایەتی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان دەکرد ،کە زۆربەیان شوێنکەوتووی ئەهلی سوننەی شافعی بوون. بە هۆی گرنگیی ناوچەی کوردستان و شەپۆلی داخوازییەکانیان، یەک هەفتە دوای سەرکەوتنی شۆڕش لە ٣٠ی بەهمەنی ساڵی ١٣٥٧، نوێنەرانی حکوومەتی کاتی سەفەری کوردستانیان کرد و لە کۆبوونەوەی سەد هەزار کەسی لە شاری مەهاباد ئامادە بوون و وێڕای دیدار لەگەڵ د.عەبدولڕەحمان قاسملوو و شێخ عێزەدین حسێنی، داواکاری و خواستەکانی خەڵک و ڕابەرانی سیاسیی کوردستانیان وەرگرت. زۆربەی ئەو داواکارییانە لە شێوەی بڕیارنامەیەکی ٨ مادەیی بوو کە ئاراستەی حکوومەتی ناوەندی کرا و لە لایەن زۆربەی خۆپیشاندەرانی

شارەکانی کوردستان وەکوو سنە، سەقز، بۆکان، پاوە، پیرانشار، بانە، مەریوان و سەردەشت پشتیوانی لێ کرا. دروستکردنی کۆمەڵگایەکی ئازاد، نەهێشتنی چەوساندنەوەی نەتەوەیی، دەستەبەرکردنی مافی چارەی خۆنووسین بە شێوەی فیدراڵی لە چوارچێوەی وڵاتی ئێران، ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە جوداخوازییەک و نەهێشتنی ستەمی ئابووری لە گرنگترین بڕگەکانی ئەم بڕیارنامە بوون(روزنامە کیهان،١٣٥٧، ش ١٠٦٤٣ ، ٨ و روزنامە کیهان، ١٣٥٧، ش ١٠٦٤٤ ،٤: کیهان بوون ڕۆژنامە، ١٣٥٧، ژمارە ١٠٦٤٣ ، ٨ و ڕۆژنامەی کیهان، ١٣٥٧، ژمارە ١٠٦٤٤ ، ٤). نائارامی و پشێوی باڵی بە سەر کوردستاندا کێشابوو و شاندی حکوومەتیش ئەو دەسەڵاتە ئەوتۆیەی بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی متمانەپێکراو نەبوو و هەر ئەمە وای کرد کە کورد و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بە گومانەوە سەیری دانووستانەکان بکەن و لە ئەنجامدا کەشوهەوای سیاسی و ئەمنیەتی توندتیژتر بوو. هەر لەو پێوەندییەدا، لە ٤ی سەرماوەزی ١٣٥٨، پلانی هاوبەشی سەربەخۆیی شاندی نوێنەرایەتیی کورد لە لایەن حیزبی کۆمەڵە (سازمانی شۆڕشگێڕیی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران)، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێکخراوی چریکیی فیداییانی گەلی ئێران درا بە شاندی تایبەتی پێڕاگەیشتن بە کاروباری کوردستان کە بە فەرمی ناسینی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان (ناوچەی کوردستانییەکانی ڕۆژئاوای ئێران) لە ناو یەکەیەکدا و بەڕێوەبردنی هەموو کاروباری ئەم یەکە لە لایەن خودی کوردەوە، بە فەرمیکردنی زمانی کورد لە پەروەردە و نامەگۆڕینەوەکان و هتد لە داخوازییە سەرەکییەکان بوو (هرچە بیشتر از هیئت نمایندگی خلق کرد پشتیبانی کنیم، آذرماه ١٣٨٥). فراوانبوونی داواکاریی هێزە کوردییەکان، کە حکوومەتی ناوەندی زۆر پێی ڕادیکاڵانە بوو و پێگەی لەرزۆکی حکوومەتی کاتی، بووە هۆی زیادبوونی کارتێکەری و دەسەڵاتی هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکانی شێعە ئینقلابییەکان بۆ ناو پۆستە گرنگەکانی ڕژێم، کە بە شێوەیەکی سەرەکی بە «حیزبی کۆماری ئیسلامی» [١] دەناسران، کە ئەمەش وای کرد کە ئەگەری گەیشتن بە ڕێککەوتن بەرەو ئاقارێکی نامومکین بچێت.

بەشدارینەکردنی زۆرینەی کورد لە ڕیفراندۆمی گۆڕینی حکوومەت و بایکۆتکردنی لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، دژایەتیکردنی کورد لەگەڵ هەندێک بڕگەی یاسای بنەڕەتیی، لەوانەش بەفەرمیبوونی ئایینزای شێعە و بنەمای وەلایەتی فەقیه، و داخرانی دەرگاکانی گفتوگۆ و دانوستان بووە هۆی ئەوەی ئاگری شەڕی ناوخۆ هەڵبگیرسێت (Chaliand , 1993, 211). دەستبەسەرداگرتنی سەربازگەی ئەرتەش لە مەهاباد (پادگانی مەهاباد) لە لایەن هێزەکانی دێموکراتەوە لە ٣ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ی هەتاوی و هەوڵدان بۆ گرتنی سەربازگەی سنە لە نەورۆزی ١٣٥٨ هەتاوی کە بە شەڕی ٢٤ ڕۆژە ناسراوە، پێکدادانی توند و خوێناوی لێکەوتەوە کە بڵێسەکانی ئاگری شەڕی ناوخۆی زیاتر و بەرفراوانتر کرد. بەم شێوە دوژمنایەتییەکان گەیشتە

---

١. حزب جمهوری اسلامی

خاڵی نەگەڕانەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی. ئیرادەی دەوڵەتی ناوەندی بە ڕێبەرایەتی ئایەتوڵڵا خومەینی ئەوە بوو کە دەبێ دژ بە هەر جۆرە بزووتنەوەیەکی شەڕخوازانە و بەرهەڵستکارانە کە بەرسڤی بنەماکانی سیستەمی تازە دامەزراوی کۆماری ئیسلامی دەدەنەوە، توندترین هەڵسوکەوت بە کار بهێنرێ کە هەر ئەمەش وای کرد کە ئایەتوڵڵا خومەینی بە ڕاگەیاندنی فەرمانی جیهاد لە ۲۸ی گەلاوێژی ۱۳۵۸ دواجار فەرمانی سەرکوتکردنی سنە و هەموو کوردستان بدات (خمینی، ۱۳۷۸، ج ۹، ۲۸۵). و بەم شێوە پرسی کورد لە قۆناغی دوای شۆڕشدا بوو بە ئەمنیەتیترین و توندترین پرسی ئێتنیکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران. لەم ڕاپەڕین و تێکهەڵچوونە سەربازییانەی دەیەی یەکەمی ئینقلاب زیاتر لە ۱۰ هەزار کەس گیانیان لەدەست دا، لەو ژمارەش نزیکەی هەزار و ۲۰۰ کەسیان زیندانی سیاسیی کورد بوون کە لە سێدارە دران (Ward, 2009, 232–31) بە گشتی دەتوانین بڵێین ئەو شەڕەی کە دوای شۆڕش دروست بوو، سەرەڕای تێپەڕینی چەندین دەیە هێشتا بڵێسەکەی هەر ماوە و هێشتا لە هەر جۆرە بارودۆخێکی مەترسیداردا دەبێتە هۆی ناڕەزایەتی و بزووتنەوە ڕادیکاڵەکان.

- **تورکمان سەحرا و بزووتنەوەی چەپی ئێتنیکی**

ناوچەی تورکمان سەحرا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران، کە دانیشتووانی خەڵکی سەر بە ئێتنیکی تورکمانن و زۆرینەیان سوننەی حەنەفین، یەکێکی دی لەو ناوچە ئێتنیکییەکان بوو کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران زۆری پێ نەچوو کەوتە بەر کێشە و تێکهەڵچوونی چەکداریی هەمبەر حکوومەتی ناوەندی. یەکەم ڕووبەڕووبوونەوە لەم ناوچەدا لە سەر گۆڕینی ناوی بەندەرشا بۆ بەندەر تورکمان یان بەندەر ئیسلام بوو کە ئەمە لە کاتێک ڕووی دا کە ئینقلابی ئیسلامی کەمتر لە مانگێک تەمەنی تێنەپەڕاندبوو. لە ١٤ی ڕەشەمەی ۱۳۵۷ی هەتاوی شەڕێکی چەکداری لە نێوان هێزەکانی کۆمیتەی ئینقلاب و لایەنگرانی چریکانی فیدایی گەل لە بەندەر تورکمان لە سەر گۆڕینی ناوی بەندەرشا ڕووی دا. ناوەندی فەرهەنگی و سیاسیی گەلی تورکمان (بارەگای ناوەندیی ئەنجوومەنەکانی تورکمان سەحرا)، ڕێکخراوی مارکسیستیی تازە دامەزراوی گەلی تورکمان کە بارەگاکەیان لە گونبەد کاووس بوو، وەک ناڕەزایەتییەک بەرامبەر بە پرسی گۆڕینی ناوی بەندەرشا، قوتابخانەکانیان داخست و ڕێپێوانێکی ۳۰ هەزار کەسییان لە گونبەدکاووس و شارەکانی ئاق قەڵا و بەندەرشا (تورکمەن) و ... ساز کرد و لە ۱۹ی ڕەشەمەی ۱۳۵۷، بڕیارنامەیەک لە سەر داوای دروستکردنی سوپای گەل، ئیدارەی سەربازگەی لەلایەن شۆرای ئینقلابی، پێکهێنانی دادگای گەل، هەڵوەشاندنەوەی قەرزی جووتیاران، دابەشکردنی زەوییەکانی بنەماڵەی پەهلەوی بە سەر جووتیاراندا، خوێندنی بێبەرامبەر، ئازادیی فەرهەنگی و ئایینی، فێرکردنی زمانی تورکمانی و .... دەرکرا. (روزنامه اطلاعات، ۱۳۵۷، ش ۱۵۸٦۰، ۸). پشتگوێخستنی داواکارییەکانی گەلی تورکمان و هەوڵدان بۆ ملکەچکردنیان لە لایەن حکوومەتی

ناوەند و هێزەکانی شۆڕشی ئیسلامییەوە، وای کرد کە زنجیرەیەک پێکدادانی سنووردار ڕوو بدا کە ئەمەش زۆر جار وەستاندنی کاتیی شەڕ و پێکدادانەکانی لێ دەکەوتەوە هەتا ئەوەی کە لە دانوستانەکانی نێوان حکوومەت و خۆپیشاندەران سەرەڕای ڕێککەوتنی سەرەتایی و پاش ڕاگەیاندنی ئاگربەست و ڕاگەیاندنی فەرمیی حکوومەت سەبارەت بە ڕەچاوکردنی داواکارییەکانی تورکمانەکان لە یاسای بنەڕەتیی نوێدا، چەند دانوستانکارێک لە لایەن هێزەکانی تورکمانەوە دەستگیر کران، و ڕووبەڕووبوونەوەکان جارێکی دیکە بە هۆی بەشدارینەکردنی تورکمانەکان لە ڕیفراندۆم بۆ هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی پێکردەوە (روزنامە کیهان، ١٣٥٨، ش ١٠٦٧١، ١). ١١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨، دانوستاندنەکانی ئایەتوڵا تاڵەقانی و شاندی حکوومەت لەگەڵ نوێنەرانی تورکمان کۆتایی هات و لایەنەکان ئاگربەستیان واژۆ کرد. بەڵام هێشتا ململانێکان بەردەوام بوون. دوای دوو ڕۆژ لە تێکهەڵچوون لەگەڵ سوپای پاسداران ٧٠ چریکی فیدایی دەستبەسەر کران. نائارامی لە تورکمان سەحرا هەتا مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٨ بەردەوام بوو. شەڕ لە نێوان سوپای پاسداران و فیداییانی گەل دەستی پێکرد، بە چڕتربوونەوەی پێکدادانەکان، سوپا لە ٢٢ مانگی ڕێبەندان هاتە ناو شەڕەوە. لە ٢٣ی ڕێبەندان دوایین قەڵای چریکەکان ڕووخا و بارەگای گەلی تورکمان لە لایەن هێزە ئینقلابییەکانەوە گیرا و سوپا پاراستنی ئاسایش و ئارامیی ناوچەی تورکمان سەحرای گرتە ئەستۆ. دوای ئەم ململانێیانە وردە وردە هێمنایەتیێکی سەپێنراو باڵی بە سەر ناوچەکەدا کێشا و هێزە چەپەکان دەسەڵاتیان لە ناوچەکەدا کەم بووەوە (انقلاب اسلامی و غائلە ترکمن صحرا، ١٣٩٢).

- **ئازەربایجان و پارتی کۆماری گەلی موسڵمان**

پارتی کۆماری گەلی موسڵمان یەکێک لەو پارتە سیاسیانە بوو کە لە مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ لە سەر تەوەری کەسایەتیی سەید محەمەد کازم شەریعەتمەداری پێک هات. ئەم حیزبە لە سەرەتادا بە مەبەستی درێژەدان بە ئایدیالەکانی ئینقلابی ئیسلامی دامەزرا؛ بەڵام سەبارەت بە ڕەوتی کاروبارەکان لە ناو کۆماری ئیسلامیدا تێڕوانینێکی جیاوازی لەگەڵ ئایەتوڵڵا خومەینی هەبوو. ئەم حیزبە لە کاتی ڕیفراندۆمی کۆماری ئیسلامیدا (ڕاپرسی) دەنگی ئەرێنی بە ڕیفراندۆمەکە دا، بەڵام لە کاتی پەسەندکردنی دەستووردا دژی جێگیرکردنی ئەسڵی وەلایەتی فەقیهـ وەستایەوە. ئەم دژایەتییانە دوا جار بووە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی بەربڵاوی ئەم حیزبە لەگەڵ حکوومەتی تازەدامەزراوی دوای ئینقلابی ئیسلامی. لە ڕاستیدا دەکرێ بڵێین حیزبی گەلی موسوڵمان بە مەبەستی کێبڕکێ لەگەڵ حیزبی کۆماری ئیسلامی کە لە لایەن شوێنکەوتووان و هاوەڵانی ئیمام خومەینییەوە پێک هاتبوو، دامەزرا (بشیریە، ١٣٨٤، ٢٨) و پشتیوانی لە جۆرێک لە ئیسلامی سیاسیی لیبراڵی دەکرد (حسینی زادە، ١٣٨٦، ٣١٩). لە ماوەی ١٠ مانگی چالاکیی ڕێکخراوەییدا، حیزبی گەلی موسڵمان بە ئەندامگیری، و وتاردان و بڵاوکردنەوەی هەفتەنامەی

گەلـی موسـڵمان و ئەنجامدانـی کۆبوونـەوەی گفتوگـۆ، هەوڵی دا هەڵوێسـتەکانی خـۆی ڕوون بکاتەوە و وردە وردە دژایەتیـی خـۆی دژ بـە سیاسـەتە گشـتییەکانی ڕژێـم ڕوون کـردەوە. ئـەم دژایەتییانـە کـە بـە ڕاگەیاندنێکـی گشـتی و ئاشـتیانە دەسـتیان پێکـرد و هەتـا دواڕۆژانـی ژیانـی سیاسـی ئـەم حیزبـە بـە زەبـری هێـز و تەنانـەت هـەوڵ بـۆ کۆنترۆڵکردنـی بنکەی دووەمـی شـکاریی تەوریز کۆتایـی پێهات، بـەم ڕەهەندانـەوە دەخرێنـە ڕوو: ١- دژایەتیکردنـی شـێوازی ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـە سـەر گۆڕینـی حکوومـەت لـە نـەورۆزی ١٣٥٨. ٢- دژایەتیکردنـی پێکهێنانـی ئەنجومەنـی شـارەزایانی دەسـتوور و جەختکردنەوە لە سـەر پێویسـتیی پێکهێنانی ئەنجومەنێکی ٥٠٠ کەسـی لە دامەزرێنەران کە ئەوەی بـە داکۆکیـکاری داڕشـتنی یاسـای بنەڕەتیـی جەمـاوەری دەزانـی. ٣- دژایەتیکردنـی هەنـدێ بنەمای دەسـتوور کـە دژی سـەروەری میللـەت و ڕوون‌نەبوونی دەقی دەسـتوور و بایکۆتکردنـی هەڵبژاردنەکان (مقصـودی، ١٣٨٠، ٢٣٤-٢٣٥). هەرچەنـدە ئـەم بزووتنەوە هیچ ئاخێزگە و داخوازیی ئێتنیکی نەبوو، بـەڵام هەڵکەوتەکـەی لە ئازەربایجان و سـەرکردایەتیی ئایەتوڵا شـەریعەتمەداری، ئـەم بزووتنەوەی کرد بـە بزووتنەوەیەکـی دژەناوەند. ئەم حیزبە دواجار لە ڕەشـەمەی سـاڵی ١٣٥٨ دوای ئـەوەی لایەنگرانی حیـزب لـە تەوریـز توانیـان دەسـت بـە سـەر بینـای ڕادیـۆ و تەلەڤیزیۆنـی تەوریـزدا بگـرن؛ بـە پەیامـی ڕوحـوڵڵا خومەینـی بـۆ شـەریعەتمەداری سـەبارەت بـە وازهێنان لـە حیـزب و لەسـێدارەدانی دە کەس لـە لایەنگرانـی لـە لایـەن دادگای ئینقلابـی تەورێزەوە، سـەرکوت کرا و هەڵوەشـایەوە (آرامـش به تبریز بازگشـت، ١٣٥٨، ١و٢).

- **بەلووچستان و داواکاری ئایینی و ئێتنیکی**

بەلووچسـتانیش هاوشـێوەی کوردسـتان و تورکمان سـەحرا یەکێکی دیکە لە ناوچە ئێتنیکییەکان بـوو، کـە ئەگەرچـی دوای ناوچەکانـی دیکـە ئاوێتـەی فـەزای شۆڕشـی ئیسلامیـی سـاڵی ١٣٥٧ بـوو، بەڵام بە پێی سروشـتی ئێتنیکی و ئایینزایی خەڵکی ئەو دەڤەرە، شـایەتحاڵی سـەرهەڵدانی کۆمەڵێک داواکاری ئێتنیکـی و ئایینزایـی و چینایەتـی لـەو ناوچەیـن کـە زنجیرەیـەک لـە بزووتنەوەکانـی لـێ کەوتـەوە. لە ڕاسـتیدا فەزای کراوەی سیاسـیی دوای شـۆڕش بووە هۆی ئـەوەی زۆرێک لە بەلووچەکان پۆسـتی گرنـگ بەدەسـت بهێنـن، بـەڵام ئـەم دەسـتکەوتە زۆری نەخایاند و لـە ماوەی سـاڵێک یان دوو سـاڵدا بەلووچەکان لە سیسـتەمی ئیداری و سیاسـی دوور خرانەوە (شـەبخش، ١٣٧٣، ٥٦). هەروەها ئـەم فەزایـە سـەرهەڵدانی چەنـدیـن ڕێکخـراو و ڕەوتی سیاسـی و بڵاوبوونەوەی زنجیرەیـەک بڵاوکراوەی بەلووچـی و فارسـی لـێ کەوتـەوە. دوای سـەرکەوتنی شۆڕشـی ئیسلامـی، سـێ گرووپـی جیـاواز لـە بەلووچسـتان چـالاک بـوون. یەکـەم: سـەرداران و خانـەکان بـوون و دووهـەم پیاوانـی ئایینـی یـان مەولەوییـەکان و سـێیەمیش گرووپەکانـی بزووتنـەوەی چـەپ (مقصـودی، ١٣٨٠، ٣٤٦)، پەیوەندیی نێـوان سـەرداران و خانـەکان لەگەڵ شـۆڕش باش نەبوو و پەیوەنـدی نێوان چەپـەکان و مەولەوییەکان میانەڕەوتـر بوو (حسـین بـر و ایرندگانـی، ١٣٩٤، ٢٢١).

زۆربەی سەردار و خانە بەلووچەکان کە لە سەرەتای ئینقلابدا دژ بە دەسەڵاتی نوێ چالاکیی سیاسییان کرد، هاوشێوەی سەردار و خانە دەستڕۆیشتووەکانی سەردەمی شا بوون. زۆربوونی دەسەڵات و دەستڕۆییشتوویی ئینقلابی هەڕەشەی لە دەسەڵات و هەیمەنەی ئەوان کردبوو و ئەم حکوومەتە ئینقلابییە ئامادە نەبوو بچوکترین ئیمتییازیان پێ ببەخشێت. لە لایەکی ترەوە سەردار و خانەکان دەستیان کرد بە سازکردنەوەی ڕێکخراوەکانی پێشوو و دامەزراندنی ڕێکخراوی نوێ. هەندێکیان بریتی بوون لە: بەرەی ڕزگاریخوازی بەلووچستان، بەرەی ڕزگاریخوازی گەلی بەلووچ، گرووپی پێشمەرگەی بەلووچ و بزووتنەوەی موجاهیدینی بەلووچستان (جمبا). زۆربەی چالاکییەکانیان بریتی بوو لە پێکدادانی چەکداری لەگەڵ سوپای پاسداران (احمدی، ١٣٨٠). لە کۆتاییدا بە هۆی لاوازیی ئاخێزگەی کۆمەڵایەتی و گوتاری دژە ئەرستۆکراتیی ئینقلابییەوە، ئەم گرووپانە نەیانتوانی ئەنجامێکی ئەوتۆ و بەردەوام بەدەست بهێنن.

حیزبی ئیتیحادولموسلیمین (اتحادالمسلمین) بە سەرۆکایەتیی مەولوی عەبدولعەزیز، پێشنوێژی هەینیی ئەهلی سوننەی زاهیدان، وەک حیزبێکی ئایینی و جەماوەری، نوێنەرایەتیی بزووتنەوەی ئایینیی بەلووچی دەکرد و زیاتر خوازیاری مافی سوننەکانی ئێران بوو نەک خوازیاری مافی ئێتنیکی و سیاسی بەلووچەکان (شبانی، ١٣٨٥، ٦٦). ئەم حیزبە بە گشتی بە لای کۆماری ئیسلامیدا شکابووە و پشتیوانی لێدەکرد و سەرەڕای هەندێک ناکۆکی لەگەڵ ناوەند، خۆی لە هەڵوێستی دژبەرانە بەرامبەر بە حکوومەتی ناوەندی بە دوور دەگرت. ئەم حیزبە ڕۆڵێکی گرنگی لە دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی لە بەلوچستاندا بینی و لە ڕاپرسیی دیاریکردنی ڕێژیم لە ١٢ی پووشپەڕی ١٣٥٨دا چالاکانە هانی خەڵکی دا کە دەنگ بە کۆماری ئیسلامی بدەن (فوزی، ١٣٨٤).

گرووپە چەپەکان لە ڕەوتە نوێکانی کۆمەڵگای بەلووچ بوون و زیاتر لە دوای ئینقلابی ئیسلامی لە ئێران ئەم گرووپانە گەشەیان کرد و ئەندامان و سەرکردایەتییەکانی ئەم گرووپانە لە بلیمەتە خوێندەوارە بەلووچە نائایینی و شارنشینەکان پێک هاتبوون. ئەم گرووپانە لە ژێر کاریگەریی گرووپە چەپەکانی تاران بوون. ستراتیژیی ئەم گرووپانە بریتی بوو لە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ناوخۆیی لە چوارچێوەی ئێرانێکی یەکگرتوودا و زیاتر باوەڕیان بە خەباتی ئاشتییانە و مەدەنیانە هەبوو. بێگومان هەندێک گرووپ، وەکوو ڕێکخراوی پەیکار و چریکانیە فیدایی گەل، پشتیوانییان لە خەباتی چەکدارانە لە دژی حکوومەت دەکرد (حسین بر و ایرندگانی، ١٣٩٤، ١٨٤). ڕەوتە چەپەکان لە بەلووچستان سەرەڕای ئەو گوتارە هەمەلایەنە پاڵپشتییەی کە بۆ خەڵکی بێبەشی بەلووچ هەیانبوو، بە هۆی داڕشتەی ئایینی و نەریتیی بەلوچستانەوە زۆر بەخت یاریان نەبوو، لە کاتێکدا گرووپە ئایینییەکان پێشوازیی زیاتریان لێ کرا و توانیان ببنە نوێنەرانی سەرەکیی ئێتنیکی بەلووچ.

- **خووزستان و خواستی سەربەخۆیی گەلی عەرەب**

خووزستان، دڵی ئابووریی ئێران، بە پێچەوانەی هەندێک ناوچەی ئێتنیکیی دیکە کە هەندێک

جار لە پەراوێزی ڕەوتی ئینقلابی ئیسلامی بوون، ناوچەیەکی ستراتیژی بوو کە لە چوارچێوەی پێشهاتەکانی ئینقلابی ١٣٥٧ی هەتاوی لە ئێران و بە هۆی بوونی چالاکانەی کرێکارانی پیشەسازیی نەوت لە خۆپیشاندان و مانگرتنەکانی کۆتایی سەردەمی پەهلەویدا، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە ئیفلیجکردنی ئابووریی حکوومەتی پەهلەوی و دابینکردنی زەمینە بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی هەبوو و بێگومان لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی، ئەوان لە ڕیزی یەکەمی خوازیارانی ماف و داواکارییە ئێتنیکییەکان وەستان و داوای کۆمەڵێک خواست و دەستەبەریی یاسایی و سیاسییان لە حکوومەتی ناوەندی لە تاران دەکرد، کە سەربەخۆیی فەرهەنگی و زمانی لە سەرروویانەوە بوون.

هاوتەریب لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕش (ئینقلابی ئیسلامی)، زنجیرەیەک ڕێکخراو و گرووپی ئایینی و نائایینی لە خووزستان چالاک بوون. ڕێکخراوە نائایینیەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لە سەر تەوەری گەلی عەرەب پێک هاتبوون و نوێنەرایەتیی خواستی ئەم ئێتنیکەیان دەکرد. گرووپەکانی وەکوو یەکێتیی عەرەبی خووزستان، بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی عەرەبی، بەرەی ڕزگاریخوازی خووزستان (جبهه التحریر خوزستان)، فیداییانی گەل و حیزبی کرێکارانی سۆسیالیستی لەو ڕێکخراو و جڤاکانە بوون کە لە چەند مانگی یەکەمی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامییەوە چالاکییەکانیان لەم ناوچەدا چڕ کردەوە، و بە ئاشکرا پەرەیان بە ئامانج و بیر و باوەڕەکانیان دەدا. ئەم گرووپانە داخوازی و ئامانجی هاوبەشیان وەکوو سەربەخۆیی خووزستان و سەربەخۆیی گەلی عەرەب دەخستە ڕوو و زۆر جار شێوازی خەباتی توندوتیژانەیان وەکوو چاندنی بۆمب لە هێڵەکانی بۆریی نەوت دەگرتە بەر. لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی سەپێنراوی ئێران و عێراق لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٣٥٩ هەتاوی، بە پێی هەلومەرجە بەدیهاتووەکە، چالاکیی ئەم گرووپانە کەمی کرد یان ڕوویان کردە چالاکیی شاراوە و نهێنی (مقصودی، ١٣٨٠، ٣٥٧-٣٥٨).

هەروەها هێزە ئایینییەکان بەشێک لە کەسایەتی و گرووپە ئایینییەکانیشیان لە خۆ گرتبوو کە سەرەڕای پەیڕەوکردنی ئایینزای شیعە و هاوئایینزابوون لەگەڵ حکوومەتی کۆماری ئیسلامی، و بۆ هاودڵی و هاوسۆزی لەگەڵ داواکارییە ئێتنیکییەکانی عەرەب چوونە بەرەی خەباتی گەلی عەرەب و تەنانەت ڕابەرایەتیشیان کرد. ئایەتوڵڵا شێخ محەمەد تاهیر ئال شەبیر خاقانی، یەکێک لە ڕێبەرانی شیعەی دوازدە ئیمامی و کەسایەتییەکی دیار و کاریگەر بوو کە تەنانەت لە قۆناغێکدا بوو بە ڕابەری داواکارییەکانی عەرەبی خوزستان و سەرکردایەتییەکەیانی گرتە ئەستۆ.

دوای سەرکەوتنی ئینقلاب، وەفدێکی سیاسی بە پاڵپشتیی ئایەتوڵڵا محەمەد تاهیر ئال شوبەیر خاقانی، دەسەڵاتداری ئایینی و ڕێبەری مەعنەویی ئێتنیکی عەرەب، چوونە تاران. داواکارییەکانی شاندی سی کەسیی عەرەب لە چەند بڕگەی ئابووری و فەرهەنگی و سیاسیدا کورت کرانەوە، کە دەتوانین بڵێین جۆرێک لە خۆبەڕێوەبەرایەتی بوو. ئەندامانی ئەم شاندە، لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ مەحمەرە، وێڕای ئەنجامدانی چەندین دیدار لەگەڵ چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، خەڵکیان لە شکستی دانوستانەکانیان لەگەڵ بەرپرسانی ئێران ئاگادار کردەوە. دوای ئەم ڕووداوە، خۆپیشاندانی

یەک لە دوای یەک لە شارەکانی ناسرییە (ئەهواز)، مەحمەڕە (خۆڕەمشار) و شارەکانی دیکە بەڕێوە چوو. توندی و گوشاری گەلی عەرەب لە سەر ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە مەحمەڕە (خورەمشار) دا زەقتر بوو. لەم نێوەندەدا ئەحمەد مەدەنی ئەندامی بەرەی نیشتمانیی ئێران کە پارێزگاری سەربازیی ئەو پارێزگایە و فەرماندەی هێزی دەریایی بوو، فەرمانی بە هێزەکانی ژێر فەرماندەیی خۆی دا کە گەمارۆی مەحمەرە (خورەمشار) بدەن. بە گەمارۆدانی شار و ڕاکێشانی هێزی دیکە لە سپای پاسداران، هێرشی کردە سەر مەحمەرە (خۆڕەمشار). بە وتەی شایەتحاڵان کە ئێستا بەشێکیان لە دەرەوەی وڵاتن، لەم ڕووداوە ترسناکەدا زیاتر لە سەدان کەسی عەرەب گیانیان لەدەست دا و بە هەزاران کەسیش بریندار بوون و ژمارەیەکی زۆریشیان بەرەو عێراق هەڵاتن. ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە کە لە ناو گەلی عەرەبدا بە «مجزره الأربعاء الأسود: کۆمەڵکوژیی چوارشەممەی ڕەش» یان «چوارشەممەی ڕەش» ناسراوە، لە ڕۆژی چوارشەممە ۹ی مانگی جۆزەردانی ساڵی ۱۳۵۸ ڕووی دا (حمزه، ۲۰۱۲).

دەستێوەردانی حکوومەتی عێراق و حیزبی بەعسی دەسەڵاتدار لەو هێزە دەرەکیانە بوون کە بە هۆی جەختکردن لە سەر توخمە عەرەبییەکە، لە پرسە ناوخۆییەکانی خووزستاندا خۆیان هەڵدەقورتاند و لە ڕێگەی لۆجیستیکی و پشتیوانیی دارایی لە ڕێکخراو و هێزە عەرەبییەکانی خووزستان هانیان دەدان کە دژی حکوومەتی ناوەندی بجەنگن و داوای مافی ئێتنیکیی خۆیان بکەن. «بەرەی ڕزگاریخوازی خووزستان» یان «جبهه التحریر عربستان» یەکێک بوو لەو ڕێکخراوانەی کە پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ عێراق و حیزبی بەعس هەبوو. بەڵام لە کۆتاییدا دەستێوەردانەکانی عێراق گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لە بارودۆخی ئێتنیکیی عەرەبەکاندا بەدی نەهێنا و لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی ئێران و عێراق، پرسە ئێتنیکییەکانی خووزستان پەراوێز خران، و بە هۆی ئەوەی ئەگەری ئەوە لە ئارادا بوو کە لە بەرامبەر داخوازییە ئێتنیکییەکانیاندا تۆمەتی جوداخوازی و خیانەت بە ئێران بخرێتە پاڵیان. زۆربەی ئەو ڕێکخراوانەی کە لە ناو ئێران بوون، خۆیان لێ بە دوور گرت.

بە شێوەیەکی گشتی جەنگی ئێران و عێراق پرسە ئێتنیکییەکانی خستە پەراوێزەوە و گرنگییەکەی کەم کردەوە بە جۆرێک کە هەر قسەیەک لە سەر پرسە ئێتنیکییەکان بۆ داهاتووی دوای جەنگ دوا خرا، لە لایەکی دیکەشەوە هێڵی سوور و ناوچەی مەترسیداری جیددی بۆ داواکارییە ئێتنیکییەکان دیاری کرا. بە جۆرێک کە قسەکردن لە سەر ئەو بابەتانە یان هەر چەشنە تێکۆشانێک بۆ گەڵاڵەکردنی ئەو داواکارییانە بە دەست تێکەڵکردن لەگەڵ دوژمن بۆ زەبروەشاندن لە ئێران و خەیانەت بە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان لە قەڵەم دەدرا. ئەم وێنایە بووە هۆی ئەوەی فەزای ئێتنیکی و چالاکییە ئێتنیکییەکان بە توندی دووجەمسەری بن و تاک و گرووپ و ڕێکخراوەکان یان واز لە کارکردن بهێنن یان لە بەرەی بەرهەڵستکار و ئۆپۆزسیۆنی دژی ڕژێم بمێننەوە و ڕێبازێکی چەکداری هەڵبژێرن.

فەسڵی سێیەم

# دەسکەوت و دەرەنجامەکانی لێکۆڵینەوە

## پێشەکی

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین تا دەسکەوتەکانی وتووێژ لەگەڵ ئەو گرووپە ئێتنیکییانەی کە توێژینەوەیان لەسەر کراوە و ڕوانگەیان بەرامبەر چەمکەکانی شوناس و ئێتنیسیتە شرۆڤە بکرێت. وتوویژەکان لەسەر بنەمای ئاوڕدانەوە لە پسپۆڕان و شارەزایان و هەروەها خەڵکانی ئاسایی گرووپە ئێتنیکییەکان ڕێک خراون. باسی داواکارییەکانیان دەکرێت کە زیاتر ئامانجیان جێبەجێکردنی دادپەروەری و یەکسانیی کۆمەڵایەتییە و باسی ئەو ڕۆڵ و دەورەی دەکەین کە دەوڵەتەکان دەتوانن بۆ دەستەبەرکردنی ئەم داواکارییانە بیگێڕن. هەروەها باسی ئەوە دەکەین کە هەوڵ و تێکۆشان بۆ لەناوبردن و چارەسەرکردنی نایەکسانیی ئابووری، سیاسی، کەلتووری، زمانی و ... دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ یەکگرتن و یەکڕیزیی نەتەوەیی و گەیشتن بە ئاشتیی بەردەوام و لەبەرچاونەگرتنی ئەم داواکارییانەش دەتوانێ هەمووی ئێتنیکەکان و بەگشتی کۆی وڵاتەکە بەرەو قەیران و دابەشبوون ببات. لەسەر ئەم بنەمایە، دەسکەوتەکان بوونەتە هۆی پێکهاتنی حەوت تەوەر کە هەر یەکەیان بۆ خۆیان هەڵگری چەندین بابەتی جۆراوجۆرن و شرۆڤەی هەر یەک لەم تەوەرانە لە درێژەدا هاتووە.

### پەیوەندیی شوناسی ئایینی و شوناسی نەتەوەیی: کارلێککردن یا دژایەتی

شوناسی ئایینی-ئایینزایی و ئێتنیکی-نەتەوەیی بە دوو شێوازی سەرەکیی شوناسی گشتی لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا ئەژمار دەکرێن، کە بە لەبەرچاوگرتنی ئاڵۆزی و بەرفراوانیی کۆمەڵگاکان و ئەو هەوراز و نشێوە مێژووییانەی پێیدا تێپەڕیون، لە شێوەی فۆرمی جۆراوجۆری یەکگرتوویی ،هاوسەنگی، کارلێککردن، پێکەوەگونجان و یەکدیپۆشی یان ناتەبایی، ناکۆکی، لاوازکردن و کەمکردنەوەی یەکتر ڕۆڵیان هەبووە. ئەم دیاردە لە نێو کۆمەڵگاکانی وەک ئێراندا، کە شوناسی ئایینی-ئایینزایی و ئێتنیکی-نەتەوەیی تێیدا فرەچەشن، جیاواز و هەندێجاریش ناکۆکن و پەیوەندیی

ناهاوچەشنیان لە گەڵ دەسەڵاتدا هەیە، گرنگیی زێدەتری هەیە. لەم ڕووەوەیە کە توخمی ئایین و ئایینزا، دەورێکی بنەڕەتییان لە پەیوەندییە ئێتنیکی و نەتەوەییەکانی ئێراندا گێڕاوە و هەر جۆرە خوێندنەوەیەک بۆ کاروباری ئێتنیکی و نەتەوەیی لە ئێراندا پێویستی بە ڕەچاوکردنی پێوەرەکانی ئایین و ئایینزاکانە لە هاوکێشەکاندا. لەبەر ئەوەی کە ئەگەر بەها و بایەخی ئایینی-سیاسیی حاکمان لەگەڵ بەها و بایەخەکانی گرووپێکی ئێتنیکی لە یەک ئاراستەدا بن، ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی یان بەها و بایەخگەلێک دەنوێنن کە دەبنە هۆی ئەوەیکە بەها و بایەخەکانی گرووپی ئێتنیکی لە ڕوانگەی تاکەکانی ئەو ئێتنیکەوە گرنگتر بێنە بەرچاو و گەنجانی ئەو گرووپە ئێتنیکییە بتوانن بەشێوازێکی ڕوونتر ئامانج و ئاراستەی خۆیان دیاری بکەن. (Driedger, 2006)

لەم بەشەدا، جێگەوپێگەی ئەم چەمکانە و بابەتی کارلێک یان دژایەتی و بەرەنگاربوونەوەیان تاوتوێ دەکرێت. سەرەتا، لە چوارچێوەی «دامەزراوە نەتەوەیی و ئایینییەکان»دا، باوەڕ و خواستی خەڵکی گرووپە ئێتنیکییە جۆراوجۆرەکان کە وتووێژیان لەگەڵ کراوە لەسەر ئەم دوو چەمکە باس دەکرێت. لە بەشی «شوناسی نەتەوەییدا»، باس لەو بابەتە دەکرێت کە گرووپە ئێتنیکییە ئێرانییەکان زیاتر شوناسی خۆیان لە چوارچێوەی چەمکی نەتەوەیی و ئێرانیدا پێناسە دەکەن و لە مانشێتی واتایی «ستراتیژی کەلتووریی ئێرانی- ئیسلامیدا» خوێندنەوەی زاڵ لە هەردوو حکوومەتی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا تاوتوێ دەکرێت. لە مانشێتی دواتردا، واتە «تێچووی ئامانجە ئایدۆلۆژیکەکان»، باس لەوە دەکرێت کە پێشخستنی هەر یەک لەم خواستانە و بەلاوەنانی ئەوی دیکەیان دەتوانێ چ تێچوویەکی هەبێت. پاشان دۆزراوەی «هێما، ئامرازی شوناسی تایبەت» و ڕۆڵێک کە هێما ناوچەیی و ئێتنیکییەکان لە ڕەوتی دووبارە پێناسەکردنەوەی شوناسی ئێتنیکی گرووپە ئاماژەپێکراوەکاندا هەیەتی تاوتوێ دەکرێت. لە کۆتاییشدا ڕۆڵی «هێما فەرمییەکان وەک هۆکار و فاکتەری یەکڕیزی» لە ڕوانگەی حاکمییەت و کاریگەرییەک کە هێما فەرمییەکانی وەک سروودی نەتەوەیی یان ئاڵای وڵات بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕوانگە و باوەڕە ناوچەییەکان هەیانبووە و هەروەها ڕۆڵێک کە دەتوانن بۆ یەکڕیزی و یەکگرتوویی نەتەوەیی بیگێڕن دەخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

لە ئاقاری کۆمەڵایەتی پاش شۆڕشی ٥٧ و بەدەسەڵات گەیشتنی حکوومەتی ئایینی - ئایینزایی کۆماری ئیسلامی ئێران، بابەتی کارلێک و دانوستان یان بەرەنگاربوونەوە و دژایەتی شوناسی ئایینی و شوناسی ئێتنیکی بۆتە تەوەری باسی بیرمەندان. لەسەر ئەم بنەمایە، کۆمەڵێک ئەم دوو بابەتەیان وەک دوو بابەتی دژی یەک سەیر کردووە و کۆمەڵێکی دیکەش باس لە دانوستان و کارلێکی ئەم دوو بابەتە دەکەن پێکەوە. جودا لە بابەتی کارلێک یان دژایەتی، بابەتی دیکە بابەتی پێشەوەبوون و پاشەوەبوونی ئەم دوو شوناسەیە کە کۆمەڵێک باس لە لەپێشەوەبوونی شوناسی نەتەوەیی دەکەن و کۆمەڵێکی دیکە بیروڕایان پێچەوانەیە. ئەڵبەت لەم نێوانەدا کەسانێکیش هەن کە بە هۆی جیاوازبوونی ماک و ڕەگەزی ئەم دوو شتە، باسی هاوئاراستەبوون و پێوەندیی دیالکتیکی نێوانیان دەکەن. سەرەڕای ئەمانەش، گرووپێک پاش تێپەڕاندنی جیاوازی نێوان ئەم دوو بابەتە، لە نێوان

شوناسی ئایینی و شوناسی نەتەوەییدا، شوناسێکی نوێیان لەسەر بنەمای تایبەتمەندییەکانی تاکەکەسی و پێگەی کۆمەڵایەتی هاووڵاتیان لە ژیانی نوێدا بۆ خۆیان بینیوەتەوە.

**یەحیا شەریعەتنیا، مافناس و ڕاوێژکاری یاسایی لە تاران:**
ئەمە دابونەریتی نەتەوەیی نییە و هەر کەس بە شێواز و ستایلی خۆی جێبەجێیان دەکات و تەنیا ناوی هاوبەشیان هەیە. ئەم بابەتانە لە درێژەی مێژوودا گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، هەروەها لە بواری ئایینیشدا شتەکە هەروا بووە. من پێش زانکۆ، لە حوجرەدا بووم و سەرچاوەی باشم بەردەست بوو و تێگەیشتم زۆرێک لەو شتەی کە وەک ئایین هەمانە دەسکردی تاکە. من ئەمانەم تێپەڕاندووە.

**پیاوێکی دووکاندار لە مەشهەد:**
بە باوەڕی من ئایین تەنیا واتە ناسینی خودا. هەمووی ئایینەکان لە خوداناسیدا لێک دەچن. بۆ نموونە دەبێ زوڵم لە هەژار و مەزڵووم نەکەین و باج نەدەینە زاڵمان. پێغەمبەر بۆ خۆی، هەم عەلی لە لەشکرەکەیدا بوو هەمیش عومەر. ئەوەیکە مرۆڤەکان چ ئایینێکیان هەیە جیاوازی نییە، ناسینی خودا گرنگە و هەموو مرۆڤەکان وەک یەکن. گرنگ ئەمەیە.

یەک لە ڕوانگەکانی دیکە کە بەتایبەت لە نێو نوخبەکانی ئەم توێژینەوەدا ئاوڕی لەسەر دراوەتەوە ئەو ڕوانگانەیە کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ لە جیهاندا دامەزراون. ئەم خواستە کاسمۆپۆلیتیکانە زیاتر لەگەڵ خواستە نەتەوەخوازانەکاندان، بەڵام سەرنج و ئاوڕدانەوەشیان لەسەر بەرژەوەندییەکان و خێری مرۆڤ لە جیهاندا داوەتەوە. ئەم ڕوانگەیە لە تاوتوێکردنەوە و لێکدانەوەی ئێتنیکەکانیشدا بوونی هەیە. بەو واتایە کە کەسانێک بەستێنەکانی تێفکرینی مودێرنیستییان هەیە و ڕوانگەیان بەرامبەر بە پرسەکانی کۆمەڵگا و پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان بازنەی بەربڵاوترە لە ڕوانگەی ئێتنیکی و نەتەوەیی و هەر لەسەر ئەم بنەمایەش، کردەوە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان ڕێک دەخەن.

ئەم ڕوانگانە بەپێچەوانەی تێڕوانینە نەرێنییەکانی ناسیۆنالیزم و ئێتنۆسەنتریزم(ئێتنیکخوازی)، پێش‌مەرجی وەدیهاتنی بیرۆکەی جیهان‌وەتەنی (کاسمۆپۆلیتیسم) پەڕینەوە لە نەتەوە و ئێتنیک نازانن، بەڵکو پێیان وایە ئەم دوو باوەڕە تەواوکەری یەکترن و ئەڵقەی پەیوەندیی نێوانیان مرۆڤایەتی و کەرامەتی مرۆڤە. کاریک کالهۆن سەبارەت بە پێویستی و هۆکاری مانەوەی ناسیۆنالیزم لە

سەردەمی جیهانگیری و کۆسمۆپۆلیتیزمدا دەڵێت: ئەگەر جیهانگیری بە هەموو جبەخانەی دارایی و بەڵێنە یۆتۆپیاییەکانیەوە نەک هەر ناسیۆنالیزمی لاواز کردبێت، بەڵکو هەستی پابەندبوونی بە دەوڵەتی نەتەوەیی و گرنگیی ڕەچاوبوونی مافەکانی لەناو ئەم پێکهاتەدا زۆرتر کردووە لەبەر ئەوەیە کە هەمووان کەم تا زۆر تێچووی قورسیان داوە بۆ تێگەیشتن لەم ڕاستییەی کە مافەکانی مرۆڤ وەک بەهایەکی عالەمی، بە شێوەیەکی سەرەکی کاتێک مسۆگەر دەکرێت کە لە دوتوێی مافی شارستانی وڵاتاندا بە دامەزراوەیی بکرێت (کلهون، ١٣٩٥، ١٠).

**پەیام دوورەفشان، پارێزەری پلە یەکی دادگا و چالاکی مەدەنی لە تاران:**
ئێمە دەبێ نەتەوەخوازی قبووڵ بکەین. نەتەوەخوازی فاکتەرێکی گرنگ و کاریگەرە. وێڕای ئەمە من هەمیشە هەوڵم داوە کاسمۆپۆلیتیکی بیر بکەمەوە. ئێمە دەبێ نەتەوەخوازی قبووڵ بکەین و لە تەنیشتیدا، بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی هەمووی مرۆڤەکانیشمان لە بیر بێت. ئەمە بابەتێکە کە زۆرێک لە زلهێزانی جیهان سەرنجیان لێ نەداوەتەوە و پشتگوێیان خستووە.

**ڕەسووڵ نامی، دیزاینەری تەون لە تەورێز:**
زەوی و سنووره جوگرافیاییەکان مرۆڤایەتی دەستنیشان ناکەن. پێم خۆشە بە میهر و دڵفراوانییەوە لەگەڵ خەڵکی ئێتنیکەکانی دیکە ئاشنا بم.

لەم گوتارانەدا سووژە مرۆییەکان وەک بریکارێکی سەربەخۆ و بژاردەکار مامەڵە دەکەن، کەسانێک کە لە ڕێگای کردەوەی خۆویستانەوە - نەک لەسەر بنەمای پێکهاتەی شوناسی و ئێتنیکی و نەتەوەیی و ئایینی - بە ئامانج و مەبەستەکانیان دەگەن.

## دامەزراوە نەتەوەیی و ئایینییەکان

دەسکەوتە توێژینەوەییەکانی ئەم لێکۆڵینەوە دەریدەخەن کە فاکتەری ئایین لە بوارە کەلتووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبەرێتییەکاندا خواست و لقی خۆی کردۆتەوە، بەتایبەت لە کۆمەڵگایەکدا کە زۆرینەی خەڵکەکەی باوەڕی ئایینییان هەیە و گرنگتر لەمەش ئەوەیکە ئایین دەسەڵاتدارە و تەنانەت ئامانج و داوای نێونەتەوەیی و جیهانییشی هەیە. هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ڕەنگدانەوە و کاریگەری زیاتری ئایین لە بوارەکانی دیکەدا، بە جۆرێک کە پێویست بووە لێکۆڵەر هەمووی لایەنەکانی لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی کاری خۆیدا بەرچاو بگرێت.

**محەمەدعەلی دانشگەر، دەرهێنەری شانۆ لە سمنان:**

ئەگەر لە بنەماڵەیەکی خاچپەرست لەدایکبم، ئەوا دەبمە خاچپەرست کە لایەنێکی بۆماوەیی هەیە... ئەم جۆرە ئایینە ڕەت دەکەمەوە چونکە بیرکردنەوە و تێفکرینی تێدا نییە. لە حاڵێکدا ئایین شتێکە کە دەبێ پێی بگەیت و لە ناخی تاکدا سەرهەڵبدات.

لەم بوارەدا، هاوتەریب لە گەڵ گەشەی تاکگەراییدا، شێوازە نوێکانی گرەوشت بە ئایین تا ڕادیەکی هەستپێکراو بەرچاو دەکەوێت، بە جۆرێک کە زۆر کەس لێکدانەوەی تایبەتی خۆیی، بە تێگەیشتنی جیاوازی هەڵبژێردراو، ڕۆشنبیرانە، نەریتخوازانە و هتد لە ئایین هەیە.

**جەبار ڕەحمانی، ئەندامی لیژنەی زانستیی توێژینگەی توێژینەوە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکان و مرۆڤناس لە تاران:**

بەهۆی سیستەمە مەعریفییە نوێکانەوە لە بواری ئاینداریيشدا گۆڕانکاری هاتۆتە ئاراوە و لە داهاتووشدا ئەم گۆڕانکارییانە بەردەوام دەبن. هەوڵ دەدەم ئایین بە شێوەیەکی لۆژیکتر و نێوکەلتووریتر ساز بکەم و تاقیی بکەمەوە. ئایین هەڵبژاردنێکی تاکەکەسییە، بەڵام پاش هەڵبژاردنی پێویستە یاساکانی بەرچاو بگرین.

**موحسین گوودەرزی، کۆمەڵناس، توێژەر و مامۆستای زانکۆ لە زانکۆی تاران:**

لە کاردانەوەی بەکۆمەڵدا ئاوەزێک هەیە و هەوڵی چاکسازی کۆمەڵێک بواری ژیانی کۆمەڵایەتی داوە، لە ڕێگای هەوڵە تاکەکەسییەکان و هاوکاری لەگەڵ کەسانی دیکە، یارمەتی وەرگرتن و هتد. چالاکوانانی یەکرێزیساز هێشتا وەک پێویست بەهێز نین.

ئاینداریی ئاوەزمەندانە و بەکارهێنانی عەقڵانییەت بە مانا «کانت»ییەکەی، وەک یەکێک لە دەرئەنجامە مەعریفییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی سووژەی مۆدێرن لەگەڵ ئایین و بابەتی ئایینی-ئایینزایدا، یەکێکە لەو چەمکانەی کە هەندێک لە نوخبەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە و بە هەنگاوێکی بنەڕەتی بە ئاراستەی زاڵبوون بەسەر دۆگماتیزم و فراوانبوونی کەلتوری ئاسانگیری و لێبوردەیی ئەژماری دەکەن. عەقڵانییەت لە بیری کانتدا، کە وەک «عەقڵانییەتی خۆبنیات» یان «تێفکرینی ئازاد» پێناسەی بۆ دەکرێت، عەقڵانییەتێکە کە بۆ هەر هەڵوێستەیەک، بەڵگە و هۆی

عەقڵیی دەوێت و لە کۆی پرسەکاندا، بۆ خۆی شایستەیی دادوەری دادەنێت. (وارناک، ١٣٧٢؛ قریشی، ١٣٨٦، ٦٩-٦٦) پێداگریی کانت لە لایەکەوە هەڵگری ڕێبازێکی مرۆڤناسانەیە کە ڕەخنە لە هەڤبوونی کۆمەڵایەتیدا بە پێویست دەزانێت و لە لایەکی دیکەشەوە هەڵگری تێڕوانینێکی مەعریفییە سەبارەت بە ئیمکان یان ڕەتکردنەوەی «توانای عەقڵی مرۆڤ».

مستەفا مەلکیان یەکێکە لەو بیرمەندە نوێیانەی کە بە خستنەڕووی خوێندنەوە نوێ لە ئایین و باوەڕی ئایینی، باوەڕی بە پێکەوەگونجانی عەقڵانییەت و ئاییندارى هەیە و بۆ ژیانێکی مودێرن و ئامادەبوون لە جیهانێکی ئازادی پڕ لە مەیل و بیروباوەڕی فرەچەشن بە پێویستی دەزانێت. مەلکیان، بە پەڕینەوە لە ئاییندارییی نەریتی و تەقلیدی، کە بە پێچەوانەی حیکمەت و عەقڵانییەتی دەزانێت، جەخت لەسەر ئاییندارییی مەعنەوی یان مەعنەوییەتخواز دەکاتەوە و نەک هەر لەگەڵ عەقڵانییەتدا ناکۆکی نابینێت، بەڵکو بە مەرجی عەقڵانییەتی دەزانێت. ئەو بڕوای وایە کە پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان ئایین و عەقڵانییەتدا هەیە و دەکرێت بە بەرگریکردنی عەقڵانی لە ئایین، چاوەڕوانییەکانی مرۆڤی هاوچەرخ لە ئایین ڕوون بکرێتەوە (ملکیان، ١٣٨١، ٢٦٥-٢٧٩).

**لەیلا شەفاعی، پارێزەری پلە یەکی دادگا لە تەورێز:**
ئێمە شوناسی جۆراوجۆرمان لە کۆمەڵگای ئێراندا هەیە کە هەموویان شیاوی ڕێزن. گرنگ پێکهێنانی هاوکاریگەری (سینێرجی) نێوانیانە بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەکۆمەڵەکان.

لە حاڵێکدا کە ناسیۆنالیستەکان جەختیان لەسەر کۆمەڵە یاسایەکە کە لە لایەن مرۆڤەوە دانراوە و دنیایین، موسڵمانەکان یاسا و ڕێسا ئیسلامییەکان وەک داڕێژە و ڕێباز دادەنێن و لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئاخێزگەی خوداییان هەیە.

لەگەڵ تێپەڕینی زەمەن و لە بواری پێوەندیی ناسیۆنالیزم و ئیسلامگەرایی، ئەم چەمکانە گۆڕدراون و وەک ئایدۆلۆژیای سیاسی بە جۆرێک وەک نەیار و دژی یەک دێنەوە، بەڵام ئەگەر وەک یەک بنکە و ئایینێک چاو لە ئیسلام بکەین، دەبینین کە ناسیۆنالیزم و بەها و بایەخەکانی دژایەتییان لەگەڵ باوەڕ بە ئیسلام نییە، بەڵام ناکۆکی و کێشە لەو شوێنەوە سەر هەڵدەدات کە ئیسلام ئامانجی خۆی وەک ئایینێکی جیهانی دەبینێت کە لەسەر بنەمای گوتاری یەکڕیزی و یەکگرتووییە و ناسیۆنالیزم وەک فاکتەر و هۆکارێک بۆ ئاژاوەنانەوە و جودابوونەوەی نەتەوە موسڵمانەکان قبووڵ ناکات (شهرام نیا و همکاران، ١٣٩٢، ١٩٨).

**مەیسەم سفیدخوش، مامۆستای زانکۆی شەهید بەهەشتی لە تاران:**
ئایین وەک جۆرێک دابونەریت و ڕێوڕەسم دەبینم. باوەڕ بە دیاردەیەکی بێ سنوور دەتوانێ ئەنجامی ئەم ڕێوڕەسمانە بێت، ئەمە زۆر قووڵ و مرۆییە و من ڕێزی بۆ دادەنێم. جاروبار ئایینیش دەتوانێ هەڵگری کێشە و ناکۆکی بێت.

ئەڵبەت لەم سەروبەندەدا، کۆمەڵێک لە بیرمەندانی ئیسلامی بڕوایان بە دوو جۆر ناسیۆنالیزمی ئەرێنی و نەرێنی هەیە و لە نێوان ئەندێشەی ئیسلام و ناسیۆنالیزمی ئەرێنیدا، ناکۆکی و کێشە و دژایەتی نابینن. ناسیۆنالیستە موسڵمانەکان کە بیرمەندانی ئایینی و نەتەوەیی وەک محمد ئیقباڵ لاهوری، مێهدی بازرگان و عەلی شەریعەتی لەخۆدەگرن، کەلتوور و مێژووی هەر وڵاتێک وەک بەستێنێک دەزانن کە کاتێک ئیسلام ڕێگەی بۆ دەکاتەوە، کاریگەری لەسەری دەبێت و کارتێکەریی لەسەر دادەنێت. هەرچەندە ناسیۆنالیستە موسڵمانەکان جەخت لەسەر بەها گشتگیرەکانی ئیسلام دەکەنەوە، بەڵام پێیان وایە کە پەیوەندی نێوان نەتەوایەتی و ئیسلامییەت، نەک هەر پەیوەندییەکی ناتەبا نییە، بەڵکو دەتوانێت دژ بە دوژمنە هاوبەشەکانی ئایین و نەتەوە، بەرەی هاوبەش پێک بهێنێت (احمدي، ١٣٨٨، ١٥٤).

لە هەندێ ڕوانگەی سەبارەت بە سنوورە ئایدۆلۆژیکەکان، تێکەڵکردنی ئایدۆلۆژیا و سنووربەندییە سیاسییەکانی ئیلهاموەرگرتوو لە نەتەوەخوازی، نادروست و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشە لە هەردوو بوارەکەدا. ئایین لە خوێندنەوەی نەریتیدا، پەرەپێدانی بەها ئاکارییەکان دەکاتە ئامانج و سیاسەت وەک پێوەرێک بە فەرمی ناناسێت و بە پێچەوانەی ڕەوتە بناژۆخوازەکان، هەوڵی بەدەستهێنانی حکوومەت بە هەر بیانوویەک نادات، هەر بۆیە لەگەڵ ئەویدیدا تووشی گرژی و ناکۆکی نابێت. ناسیۆنالیزمیش کاتێک قۆزاخەیەک لە دەوری خۆی دروست دەکات و ئێتنیکەکانیتر ئەویدیسازی دەکات، توانای پێکەوەژیان لە خۆیدا لاواز دەکات.

**موزەفەر ئەحمەدی دەستگردی، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای سەهەند گیربۆکس لە ئەسفەهان:**
ڕێزم بۆ ئایین هەیە، بەڵام بەگشتی بڕوام بە شتێک کە لەگەڵ لۆژیک و عەقڵ یەک ناگرێتەوە، نییە. هەر کات ئێمە ئایینمان کردە ئایدۆلۆژی، خەسارمان لێداوە... وەک سەردەمی سەفەوییە و ئێستا کە ئەم شتەمان تۆخ کردۆتەوە.

**محەممەد جەماڵەدین واژی، لێکۆڵەری ئایینی و کارناسی کۆمەڵناسی لە پەسوەی پیرانشار - (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**
لە ڕاستیدا ئەوە توندڕەوییە کە کێشە دروست دەکات. ئایین و ناسیۆنالیزم ئەگەر ڕوو لە پەڕگیری نەکەن کێشەیان لەگەڵ یەکتردا نییە و پرسیارکردن لەوەی کە کامیان لە پێشەوەیە، هەڵەیە. ناسیۆنالیزم واتە دڵت لە پێناو نیشتمان و نەتەوەکەتدا بێت و ئایینیش بە واتای ژیانێکی ئەخلاقی و پابەندبوونە بە ژین و ئەم دوو بابەتە پێویستیان بە یەکدیە و تەواوکەری یەکن. بەڵام توندڕەوی ناسیۆنالیزم بەرەو فاشیزم و ئایین بەرەو تۆتالیتاریزم پاڵ دەنێت. ناسیۆنالیزم لەگەڵ عەلمانییەتی توندڕەوانەدا یەکیان گرتۆتەوە و نکۆڵی لە ئایین دەکات، ئایینیش دەبێتە ئایدۆلۆژیایەکی توندڕەوی نێودەوڵەتی و لەگەڵ ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەریدا ناکۆک دەبێت.

پاش شۆڕشی ئیسلامی ١٣٥٧، بەشێک لە زانایانی ئایینی، ڕێکخستنی زیاتر و بەربڵاوتر و دەسەڵاتیان کەوتە دەست. لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەندێشەی وەلایەتی فەقیھ و پەسندکردنی وەک یەک لە بنەماکانی دەستووری بنچینەیی نوێ، ڕێکخراوەی دەوڵەت تایبەتمەندییەکی دیاری ئایینی بەخۆوە گرت (بشیریە، ١٣٨٥، ١٤١-١٤٥). پاش دامەزراندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، نەتەوە و بیرۆکەی نەتەوەخوازی لە ڕووی گوتاری و یاساییەوە، بە تەواوی کەوتە ژێر سێبەری شوناسی ئایینی، بە جۆرێک کە ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتی ئایینیی، بە کەڵک وەرگرتن لە هەندێک پێناسە و هێمای ئایینی و ئایینزایی خوێندنەوەیەکی نوێی لە نەتەوە و تەنانەت ئێتنیکیش خستەڕوو و بە ئاماژەدان بە ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی ئایینداری و یەکتاپەرستی ئێرانییەکان، شوناسی ئێرانیی سەقامگرتوو لەسەر دوو بنەمای ئایینی - ئایینزایی (مەزهەبی) پێناسە دەکرد، بەڵام هاوکات بە زەقکردنەوەی هەندێک خاڵی ئایینی و بیروباوەڕە سەروو نەتەوەیی - ئێتنیکیی ئیسلام، وێڕای دابەزاندنی گرنگی و پێگەی نەتەوە، لە ڕوانگەی چاکەخوازی و قازانجویستییەوە ڕووبەڕووی تایبەتمەندیی نەتەوە بووەوە، تاکوو لە لایەکەوە بە ئامانجی بەکارهێنانی لە پێناو بەرەوپێشبردنی ئایدیۆلۆژیای ڕژێم و چەسپاندنی بناغەکانی دەسەڵاتەکەی کەڵکی لێ وەرگرێت، و لە لایەکی دیکەوە، وێڕای لاوەکی و ژێردەستە دانانی شوناسی نەتەوەیی و ئێتنیکی، بە شێوەیەکی لەپێشیانە ماف، داواکاری و هەڵوێستە نەتەوەیی و ئێتنیکییەکان هەڵبوەشێنێتەوە. ئەم ڕێبازە ئایدیۆلۆژییە کە لەسەر بنەمای هەڵاواردن چێکراوە، هەڵوێستەکانی تەنیا لە بازنەی مامەڵەکردن لەگەڵ شوناسی نەتەوەیی و ئێتنیکیدا نەما، بەڵکو لە ئاستی دواتردا، شوناسی گرووپە ئایینی و ئایینزا ناهاوچەشنەکانیشی گرتەوە. بە پێی بڕگەکانی دەستوور، ئایینی فەرمی وڵات ئیسلام

و ئایینزای فەرمی شێعەی دوانزە ئیمامیە و ئەم تایبەتمەندیە بۆ هەتاهەتایە نەگۆڕە و بناغەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای باوەڕ بە تاکایەتی خودا (وەحدانییەت)، وەحی، قیامەت (میعاد) ، دادپەروەری (عەدڵ)، ئیمامەت و دەسەڵاتی ڕەهای فەقیە (وەلایەتی موتڵەقەی فەقیهـ) دامەزراوە (قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، ١٤).

**پیاوێکی تەمەن ٤٢ ساڵانی بەختیاری لە ئەهواز:**
ئەوەیکە هەموو شتێک پێوەندیی بە سیاسەتەوە هەبێ قەت جوان نییە. بۆ نموونە ئەوەیکە عەرەبەکان یان فارسەکان یان تورکەکان و یان هەر ئێتنیکێکی دیکە چ دابونەریتێکیان هەیە، قەت سیاسی نییە. لەگەڵ بە سیاسیکردنیان خراپ و ناشیرین دەبن.

بەگشتی دەتوانین بڵێین کە لایەنە سیاسییەکانی نێو وڵات بەردەوام یەکێک لە دوو حاڵەتی نەتەوەیی یان ئایینییان زاڵ بووە و ئەگەر دەسەڵات ڕەهەندێکی نەتەوەیی گرتبێتە خۆ، دەرفەت بۆ دەسەڵاتداریی سیاسیی ئایین سنووردار کراوەتەوە و لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیشدا دەبینین هەمبەر بەشداریی سیاسیی نەتەوەخوازەکان سنوور و بەربەست دانراوە. ئەڵبەت لە هەندێ قۆناغی مێژوویدا، وەک نموونەکانی موسەدیق و ئایەتوڵڵا کاشانی لە پرسی بە نەتەوەییکردنی پیشەسازیی نەوت، کارلێک و دانوستانی نێوانیان دەبینین کە ئەویش لە هەلومەرجی هەبوونی نەیاری هاوبەشدا پێکهاتووە و هەرچی پێویستبوونی کۆدەنگی لەسەر بابەتە ناسەرەکییەکان هەڵکشاوە، ناکۆکییەکانیش هەڵکشاون و زەق بوونەتەوە . لە مێژووی ئێراندا و بەتایبەت لە سەد ساڵی ڕابردوودا کە خواستە ناسیۆنالیزمییەکان زەق بوونەتەوە، نوخبەکانی ئەم گوتارە کەمتر کەڵکەڵەی ئایینیان هەبووە و زیاتر هەوڵیان داوە تا خواست و مەیلە ناسیۆنالیستییەکانی خۆیان لەگەڵ مودێرنیتەی ڕۆژئاوایی بخەنە یەک ئاراستەوە و لە ئایین دوور بگرن کە بەردەوام وەک دیاردەیەک کە خواست و مەیلی بۆ نەریت و ڕابردووی مێژوویی هەیە، لێکدانەوەی بۆ دەکرێت.

**موزەفەر ئەحمەدیی دەستگردی، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای سەهەند گریبۆکس لە ئەسفەهان:**
هەستی من بەردەوام ئاوا بووە کە سەرەتا ئێرانیم و پاشان موسڵمان، ئەگەرچی بۆ هەردووکیان ڕێزێکی زۆرم هەیە.

لە لایەکی دیکەوە، تا نزیکەی ٥٠ ساڵ پێش، زانایانی ئایینی ئەوەندە نەپەرژاونەتەوە سەر گوتاری نیشتمانی و ڕوانگەی ئیمامەتی ئایینی و زۆرینەی چالاکییان بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ

ڕوانگـەی نوێخـوازی ناسیۆنالیسـتەکان بـووە. بەڵام لەگەڵ شۆڕشـی ئیسلامـی و حاکمییەتی ڕوانگەی ئیمامەتـی ئایینـی لـە چوارچێـوەی نەتەوەییـدا، دەسـەڵاتیان کەوتە دەست و پاشـان، زیاتر دەسـتیان داوەتە پێکهێنان و جێبەجێکردنی ئەندێشـە ئایینییەکان و چەمکی ناسـیۆنالیزم دەسـەڵاتی پێشـووی نەمـا. ئەنجامـی وتووێژ لەگـەڵ گرووپە ئێتنیکییەکانی ئەم لێکۆڵینەوە پیشـان دەدات کە خەڵک مەیل و خواسـتیان بـۆ یـەک لـەم دوو بـەرەی نەتەوەیـی یا ئایینی هەیـە و ئەو شـتەی پێی دەڵێـن نەتەوەیی-ئایینـی، بێجگـە لـە نموونـە دەگمەنـەکان، لـە نێو ئەو کەسـانەی کـە وڵامیـان داوەتەوە بـەدی ناکرێت. سـەرەڕای ئەمـەش، ڕوانگـەی سـەروو نەتەوەیی-ئایینیـش لـە هەنـدێ لـەو کەسـانەدا کـە وتووێژیـان لەگـەڵ کـراوە دەبینرێت.

**حەسـەن هیممەتـی، ئەندامـی لیژنـەی زانسـتیی زانکـۆی یـەزد خەڵکـی سمنان:**
هیـچ ئێتنیـک و هیـچ گرووپێـک بەرزتـر و باڵاتـر نییـە لـە ئێتنیکـی دیکـە...، بەرزتربـوون دەگەڕێتـەوە بۆ وشـیارییەکان و ناکرێ بڵێین تـورک بەرزترە لە ئەوی دیکـە یـان فـارس بەرزتـرە لـە ئـەوی دیکە، لـە ئاسـتی دەرەوەشـدا هەمان شـتە.

**شاهین سپەنتا، ڤیتەرنەر، نووسەر و چالاکی مەدەنی لە ئەسفەهان:**
زمـان و دابونەریتـی نەتەوەیـی دابـەش دەبێتـە دوو بـەش: نەتەوەیـی و ئایینـی. بەشـی نەتەوەیـی کـە بـۆ خـۆم یـەک لـە لایەنگـران و پارێزەرانیم و بانگەشـەی بۆ دەکـەم و نزیکـەی ٢٠ سـاڵە کە لە بـواری دابونەریتە نەتەوەییەکانـدا کار دەکەم و کتێبێکیشـم بـە نێـوی جێژنـە ئێرانییـەکان خەریکە چـاپ دەبێت... لـە بواری نەریتـە ئایینییەکانیشـەوە، نـەک ئـەوەی نەیاریـان بم، بـە هەر حاڵ بەشـێک لە کۆمەڵـگای ئێمـە ئایینییـە و ئەگـەر بڕوامـان بە دیموکراسـی و ئازادبوونـی بیروڕا هەبـێ، ئەوانیـش ڕێزیـان هەیـە و ئێمـە ناتوانیـان دژایەتییـان بکەیـن، بـەڵام بانگەشـەی بـۆ ناکـەم و بڵاوی ناکەمەوە.

**هاووڵاتییەکی ئاسایی، لە سیستان و بەلووچستان:**
چونکـە زانایانی ئایینی لە سـەرەتای شۆڕشـەوە گەشـەیان کردووە، کەسـایەتییە بەرچـاوەکان کـە خەڵـک بڕوایـان پـێ هێنـاون ئەوانـن. پێکهاتـەی ئایینـی پێکهاتەیەکـی بەهێـزە و خەڵـک دڵگـراوی و مەیلێکی تایبەتیـان بەرامبەر ئایین و نەریتـە ئایینییـەکان هەیـە.



وێنەی ژمارەی ١-٣: وتوویژ لەگەڵ شاهین سپەنتا

ڕژێمی ئایینی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا، بەردەوام هەوڵیداوە لە ڕێگای دروشمە سەروونەتەوەیی و سەرووئێتنیکییەکانەوە، گرنگێتی و پێگەی شوناسی نەتەوەیی کەم بکاتەوە و زیاتر وەک ئامرازێک سوودی لێ وەرگرێت. وێڕای ئەمە، دەرئەنجامی ئەم سیاسەتە ئایدۆلۆژییە لە گۆڕەپانی گشتیدا نەک هەر نەبووە هۆی لاوازبوون و سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی، بەڵکو بە شێوەیەکی پێچەوانە، دەور و ئەرکی مێژوویی و بەرفراوانیی دامەزراوەی ئایینی لە گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی ئێراندا سنووردار و لاواز کردووە. چاوخشاندنێک بە ئاراستەی بیروڕای گشتیی ئێران بەرامبەر دیاردە نەتەوەیی و ئایینییەکانی وەک ڕووداو و بۆنە و کەسایەتییە کەلتووری و سیاسییەکان، بە ڕوونی ئەم پرسە دەردەخات. لە کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێراندا، ئینتیما بۆ شوناسی ئێتنیکی و نەتەوەیی بە شێوازی جۆراوجۆری ناسیونالیزمی مەدەنی-لیبراڵ و ناسیۆنالیزمی توندڕەو و نەرێنی، بەهێزتر بووە و تەنانەت زۆرێک لە کردەوە تاکەکەسی و جەماوەرییە ئێتنیکی و نەتەوەییەکان، واتای چەشنێک لە خەباتی دژ بە گوتاری کەلتووری و سیاسیی ڕژێم و دەسەڵاتیان لە خۆ گرتووە. هەڵسوکەوتی جەماوەری خەڵک لە ڕێوڕەسمە نەتەوەییەکانی وەک: ئاهەنگی نەورۆز و چوارشەممە سووری، و دروشمەکانیان لە نارەزایەتیەکاندا ئاماژەن بۆ ئەم داخوازییە. وەک چۆن؛ لە ساڵیادی لەدایکبوونی کوورشدا، شەقامەکانی شیراز و پاسارگارد پڕ دەبن لە گەنجان.

دوکتۆر محەممەد جەواد غوڵامڕەزاکاشی پێی وایە کە چەشنێکی نوێی نەتەوەخوازی خەریکە لە ئاسۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێراندا سەرهەڵدەدات، کە هەوڵدەدات بە تێپەڕاندنی ڕابردووگەرایی و نۆستالژیا و بە پەیڕەوکردنی بنەماکانی ژیانی مەدەنی، نەتەوەیەکی چێکراو لەسەر واقیعەکانی کۆمەڵگەی فرەڕەنگی ئێران بنیات بنێت (غلامرضاکاشی، ١٤٠١). بەشێک لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسیەکانی ئێران لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی ١٤ی هەتاویدا، باس لە پەرەسەندنی دیاردەی دوورکەوتنەوە لە ئایین لە نێو زۆرینەی کۆمەڵگای ئێراندا دەکەن و پێیان وایە کە ڕەوتی سڕینەوەی ئایین و بەرەوپێشبردنی بنەماکانی عەلمانیەت لە کۆمەڵگەی ئێراندا خێراتر بووە. سەعید حەجاریان، ستراتێژیستی سیاسیی چاکسازیخواز لەم بارەوە دەڵێت: «ئیلحاد خەریکە دەبێتە پرۆژەیەکی بەربڵاو... ئەم بابەتە لە لایەک دەگەڕێتەوە بۆ ئایدۆلۆژیککردنی ئایین لە لایەن حکوومەتەوە و لە لایەکی دیکەوە بۆ گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگا... بێگومان من ئەم بابەتە پتر سیاسی دەبینم تا خواناسانە" (حجاریان، ١٤٠٢، ٦). دوکتۆر سدیقە وەسمەقی، مامۆستای زانکۆ و توێژەری ئیسلام، پێی وایە کە ویستی دابڕان لە ئایین لە نێو ئێرانیەکاندا تەشەنەی کردووە و لە ڕەخنەیەکدا لە ڕژێمی ئایینی، سەبارەت بە دۆخی ئایین و ئایینداری لە کۆمەڵگای ئێرانی ئەوڕۆدا، دەڵێت: « حکوومەتی ئایینی لە هەر شوێنێکدا پێک بێت، ڕووخسارێک لە ئایین دەردەخات کە ڕووخسارێکی شەڕەنگێزە و هەوڵی حوکمڕانی و زاڵبوون بەسەر هەموو کایە و کاروباری ژیانی خەڵکدا دەدات، تەنانەت ئەگەر بە توندوتیژیش بووبێت. ئەمەش وایکردووە هەموو ئەوانەی کە لەگەڵ سیاسەتەکانی وڵاتدا ناکۆکن، ڕوو بکەنە دژایەتیی ئایدۆلۆژیکیش. ئەم ڕووخسارەی کە لە ئایین وویناکراوە، کاریگەری و دەرئەنجامی زۆری هەبووە. لە هەر شوێنێک ئایین لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا کۆببێتەوە، ئەمە دەرئەنجامەکەیە» (وسمقی، ١٤٠١). هەروەها عەباس عەبدی ڕۆژنامەنووس و شرۆڤەکاری کۆمەڵایەتی، لە یاداشتێکدا بەناونیشانی «پێگەی ئایین» دەنووسێت: « ئامار و تێبینییەکانی سەبارەت بە دابەزینی ڕێژەی ئەوانەی ڕوو لە مزگەوتەکان دەکەن و ڕۆژوو دەگرن و بەڵگەکانی کەمتر دانی خومس و زەکات نیشانەی ڕاستەوخۆی ئەم ئیدیعایەن» (عبدی، ١٤٠١). دوکتۆر مەقسوود فەراسەتخاه باس لە گۆڕانکاری و جۆراوجۆری لە نەخشەی ئایینداری و ویستی فرەچەشنی، هەر لە دژایەتی ئایینییەوە، بۆ بێدینی، تا ئایینداریی ناسنامەیی (وەک بەشداریکردنی ناچاری لە هەندێک مەراسیمدا بەبێ پابەندبوون بە ئەرکە ئایینییەکان)، ئایینداریی کاڵایی و ئامرازیی (بۆ مەبەستی سیاسی و کۆمەڵایەتی) و ئایینداری چەن پارچەکراوە دەکات. عەلی ئەکبەر ساڵحی، یەکێک لە کەسایەتییە سیاسییە بناژۆخوازەکان کە پۆستی باڵای لە حکوومەتدا هەیە، لە وتارێکدا ڕەخنە لە سیاسەتی ئایینیی ڕژێم دەگرێت و دەڵێت: ئێمە نەمانتوانی بەو جۆرەی کە شایستەیە پێگەی ئایین بە گەنجانمان بناسێنین بۆیە مێشکی گەنجانمان بەرەو دابڕان لە ئایین دەڕوات. پاشان دەشڵێت: «شۆڕشی ئیسلامی لە بواری کەلتووریدا، هاوتای بوارەکانی دیکە سەرکەوتوو نەبووە. ئێمە خەریکین گەنجانیی خۆمان لەدەست دەدەین» (صالحی، ١٤٠٢).

**عەبدوسەلام بوزورگزادە، پرۆگرامسازی ڕادیۆ و تەلەفیزۆن لە زاهیدان (سیستان و بەلووچستان):**
پاش ئەوەیکە بیر و باوەڕی ئایینی دوای شۆڕش بۆتە دەسەڵاتدار، دەبوو یەکڕیزی نەتەوەیی دابەزینی هەبوایە بەڵام هەڵکشاوە. هۆکاری چییە؟ پرسی کار و کاردانەوەی نیۆتۆنە. ئێوە کەمتر بپەرژێنەوە سەر شتێک و زوڵمی پێ بکرێت، ئەو مەزڵوومییەتە و ئەو کەمینە یەکڕیزتر دەبێ و گەشە دەکات

**جەواد حیساری، ڕۆژنامەوان و چالاکی سیاسی-کۆمەڵایەتی لە مەشهەد (خوراسانی ڕەزەوی):**
خواست و مەیلە ئایینییەکان نەیاری پرسە نەتەوەییەکان نین. بەڵام ئەگەر لە شوێنێکدا ناکۆکی بکەوێتە نێوانیان، پرسە ئایینییەکان زیاتر لە پرسە ئێتنیکی و شوناسییەکان بەرگەزەندن.

وێدەچێت چارەسەری دیمۆکراسیانەی پرسی نەتەوەیی لە وڵاتیکی چەند ئێتنیک-نەتەوەدا، لەگەڵ سەربەخۆیی کەلتووریدا پێکەوەگونجانی زیاتری هەیە.

## دەور و ڕەهەندەکانی شوناسی نەتەوەیی

لە سەدەی بیستەمی زایینی بە دواوە، ئەوەی لە واتای «نەتەوە» بەرچاو دەگیردرێ دەگەڕێتەوە سەر هێمانی «هاووڵاتیبوونی»[1] یەک وڵات. بۆیە «نەتەوە» بابەتێکی سەرەکی و گشتییە و هەموو ئەندامان و هاووڵاتیانی یەک وڵات سەرەڕای تایبەتمەندییە ئێتنیکییەکان (تایبەتمەندییە زمانی، نەژادی، ئایینی و هتد) لەخۆ دەگرێت.

**پیاوێکی تەمەن ٣٦ ساڵانی خەڵکی تاڵەقان، دانیشتووی کەرەج:**
ئێمە هەموو خەڵکی یەک وڵاتین. ئێتنیک و ئایینەکانی دیکە هاونیشتمانیی ئێمەن. من هاوڕێی ئەرمەنی و سوننەی زۆرم هەیە و هیچ هەستی بێگانەبوون و غەریبایەتی لەگەڵیان ناکەم. سوننەکان کە لە بنەڕەتدا موسڵمانن و وەک خۆمانن.

1. Citizenship

**قوتبەدین سادقی، نووسەر و فیلمنامەنووس و دەرهێنەری شانۆ لە کوردستان:**
ئەو کاتەی لە سنەوە هاتمە تاران، تازە تێگەیشتم چەندە کوردم و کاتێک لە تارانەوە هاتمە فەرەنسە، تێگەیشتم چەندە ئێرانیم! هەرچی زیاتر دوور کەوتمەوە لەسەر ڕەچەڵەکەکانم زیاتر وشیار بوومەوە.

شوناسی نەتەوەیی چەمکێکی بگۆڕە، کە هەر جۆرە تێڕامانێک لەسەر دەور و ڕەهەندەکانی پێویستی بە تاوتوێکردنی لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵگایەدا هەیە کە باسی لێوە دەکرێت. ئەم دیاردە کاتێک کە کۆمەڵگا پێکهاتەیەکی نەتەوەیی و ئایینی فرەچەشنی هەبێت، ئاڵۆزتر دەبێت. شوناسی مێژوویی ئێران وەک دەرئەنجامی ژیانی کۆی ئەو ئێتنیک و گرووپانە کە چەندین سەدە لەم خاکەدا ژیاون، لەگەڵ ئەو شوناسەی کە لە پرۆژە نەتەوەسازییەکانی هاوچەرخدا وەک نەتەوەی ئێرانی بنیات نراوە، نوێنەرایەتی دوو خوێندنەوەی جیاواز و ناتەبا لە شوناسی ئێرانی دەکەن، کە سەرچاوەی کۆمەڵەیەکی بەرفراوانن لە ئالنگاری و دژایەتیی گوتارەکان و تێەگەیشتنی ناراست لە ئێرانیبوون. لە چوارچێوەی ئەم دوو خوێندنەوە جیاوازەدا، کۆمەڵەیەکی بەربڵاو لە گوتاری ئێتنیکی (ئیتنیکی) سەریان هەڵداوە، کە پێکهاتەی گوتارەکانیان لە بۆچوون و ڕوانگەی چاوپێکەوتنەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕەنگیان داوەتەوە. دەستەی یەکەم ئەو ڕوانگەیەیە کە وێڕای دانان بە فرەیی شوناسە ئێتنیکییەکان و تایبەتمەندبوونیان و پێویستی پاراستنی مافی کەلتووری و شارستانیی ئێتنیکەکان، ئەوان وەک بەشێک لە پێکهاتەی نەتەوەی ئێران بە واتا مێژووییەکەی دێننە ئەژمار. لەم گێڕانەوەیەدا، نەتەوە ئەو پەیوەندییە کەلتووری و سیاسییە نیشان دەدات کە دەبێتە هۆی یەکگرتنی کۆمەڵگەی سیاسی، و سەرجەم تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە خاوەنی نیشتمان و کەلتوورێکی مێژوویی هاوبەشن (اسمیت، ١٩٩١: ١٤-١٥).

**ژنە کابانێکی تەمەن ٤٠ ساڵان لە زابول (سیستان و بەلووچستان):**
ئێمە هەموو شتێکی کەلتوورەکەمان خۆش دەوێ و لەگەڵی دەژین. بۆ نموونە ئەوەیکە کەلتوورێکی زۆر کۆنمان هەیە. دابونەریتێکمان هەیە... لە ڕاستیدا بەبێ ئەم شتانە واتایەکمان نامێنێ

هۆکارە کۆمەڵایەتی و مێژوویی و کەلتوورییەکان لە دیاریکردنی «شوناسی» ئێتنیکی و نەتەوەیی هەر تاک و گرووپێکی کۆمەڵایەتیدا زۆر گرنگن و بیرەوەریی مێژوویی و ڕابردووی هاوبەش دەتوانێت

لە پێناسەکردنی نەتەوەدا ڕۆڵێکی بنەڕەتی بگێڕێت. لە دەرئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەردەکەوێت کە ئەو ئێتنیکانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە، جگە لە بەستێنی کەلتووری و ئێتنیکیی جیاواز، خۆیان لە چوارچێوەی پێکهاتەیەکی کەلتووریی هاوبەش لەگەڵ گرووپە ئێتنیکییەکانی دیکەدا و لە قاڵبی شوناسی نەتەوەیی (ئێرانی)دا پێناسە دەکەن. بە واتایەکی دی، باوەڕ بە یەکێتیی کۆمەڵایەتی و ژیان لە داوێنی شوناسی گەورەی ئێرانتەوەردا، بە ڕەچاوکردنی هەندێ مەرج و ئەگەر، لە لایەن زۆربەی چالاکوانان و هاووڵاتیانی ئێتنیکییەوە قبووڵکراوە. تەوەری سەرەکیی ئەم مەرجانەش قبووڵکردنی شوناسی جەماوەریی گرووپە ئێتنیکییەکان و گەڕاندنەوەی مافە یاساییەکانی شوناسی بەکۆمەڵی ئێتنیکییانە.

**پەیمانە ڕەوشەنزادە، پزیشکی پسپۆڕی ژنان و نووسەر، لە سمنان:**
من باوەڕم وایە کە هەرکەس سەر بە ئایینی خۆی و لە جێی خۆیدا و هەموو ئێرانیین و ئەمە گرنگە. چەترێک کە دەبێت بەسەر ئێراندا هەڵدرابێت ئێرانیبوونە و هەرکەس لە ئایینی خۆیدا، سەربەستە، ئێمە ناتوانین بڵێین ئێمە باشترین...

**عەزیز نیعمەتی، شاعیر و زماناس لە ورمێ (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**
زمانی ئێمەی ئێرانی یەک ڕیشەی هەیە بێجگە زمانی عەرەبی. هەموویان ڕیشەی پاڵەوییان هەیە، پاڵەویی ئاڤێستایی. یەکێک پاڵەویی ئەشکانییە، یەکێک پاڵەویی کۆن یان ئاڤیستایی.



وێنەی ژمارەی ٢-٣: وتوویژ لەگەڵ عەزیز نیعمەتی

بە بەرچاوگرتنی ئەوەیکە شوناسی بەکۆمەڵ لایەنێکی ئەرێنی و لایەنێکی نەرێنی هەیە، دەبێ بڵێین کە لە پێناسەکردنی چییەتی یەک ئێتنیک و دیاریکردنی سنوورەکانی، پێویستە هاوبەشییە کەلتووری-کۆمەڵایەتییەکان و جیاوازییەکانی ئەم لایەنانە و هێمان و پارچەکانی پێویستی شوناسناسانە بەرچاو بگیردرێن. هەر بەم بۆنەوە وەک پێشتر لە بابەتی شوناسی نەتەوەیی و شوناسی ئێتنیکیدا ئاماژەمان پێداوە، تایبەتمەندییە ئێتنیکییەکان بریتین لە زمان، ئایین و فاکتەرەکانی دیکە وەک بایۆلۆژی (نەژاد)، مێژوو، کەلتوور و جوگرافیای هاوبەش. سەبارەت بە هەر ئێتنیکێک، یەک یان چەند تایبەتمەندی لەم تایبەتمەندییانە دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکییان هەبێت، لە حاڵێکدا کە هەندێ لەم فاکتەرانە ڕەنگە لە بنەڕەتدا هێند گرنگ نەبن. لە کۆمەڵناسی و زانستە سیاسییە مودێرنەکاندا، ئەمڕۆ سێ جۆر ڕوانگەی ئێتنیکگەرایی، واتە «ئێتنیکگەرایی لەسەر بنەمای یاسا»، «ئێتنیکگەرایی لەسەر بنەمای ستایشکردنی ئێتنیک» و «ئێتنیکگەرایی لەسەر تەوەری ئێتنیک» لە ئارادان. بە پێداچوونەوەیەک لەسەر ئەم جۆرە لایەنە ئێتنیکییە، ڕێژەی دووری و نزیکییان لەگەڵ شوناسی نەتەوەیی ڕوون دەبێتەوە.

**نازیلا جەلیلزادە، لێکۆڵەری فەلسەفە، عیرفان و ئایینەکان لە تەورێز:**
من دەگەڕێمەوە بۆ ئەو ڕستەیەی سوقرات کە دەڵێت: «من هاووڵاتیی جیهانم». کەلتووری ئازەری لە ڕیشەی مندایە، بەڵام لەسەر ئەم بابەتە ڕوانگەیەکی جیهانیم هەیە.

ئێتنیکگەرایی لەسەر بنەمای یاسا، وێڕای پارچە و هێمانەکانی نەژاد، کەلتوور، شارستانییەت، ئایین، مێژوو و بنەما کەلتووری و ئایینییەکان کە پێکهاتەی ئێتنیکێک پێک دێنن، پارچە پێکهێنەرەکانی ئێتنیکەکانی دیکەش وەک بنەمایەک قبووڵ دەکات و ڕەتیان ناکاتەوە. لەم جۆرە ئێتنیکگەراییەدا، شوناسی ئێتنیکی ئاراستەی شوناسی نەتەوەیی دەگرێتە پێشێ (فردبابلی، ١٣٩٧). وەک باسمان کرد، زۆرینەی ڕێدۆزی گرووپی ئێتنیکییەکان دەکەوێتە ئەم چوارچێوەوە.

**مەسعوود زالیزادە، لێکۆڵەر و نووسەر لە ئەهواز (خووزستان):**
یەک لە تایبەتمەندییەکانی بەختیارییەکان جەختکردنەوە لەسەر شوناسی نەتەوەییە. لەو ساڵانەیدا کە لە ناوچەی بەختیاری وانەم دەگوتەوە، شانامە ڕەنگدانەوەیەکی زۆری لە ناویاندا هەبوو. زۆرینەی پیرەپیاوەکان بەشێک لە شانامەیان لەبەر بوو. دەمبینی کە قوتابییانیش لەسەر بابەتی شانامە و فیردەوسی هاوڕێیەتی زۆرتریان دەنواند.

لە ئێتنیکگەرایی لەسەر بنەمای ستایشکردنی ئێتنیکدا، ئەو خەڵکەی کە لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کەلتوور، زمان، ڕەچەڵەک، نەژاد و ئاییینی خۆیان زۆر بەرز و بایەخدار دەنرخێنن، بەڵام بەرامبەر ئایین و کەلتووری ئێتنیکەکانی دیکە بێ لایەنن و بۆیە شوناسی ئێتنیکی لە ئاراستەی شوناسی نەتەوەییدا ناچێتە پێشێ، بەڵکوو قۆناغی بێدەنگی هەڵدەبژێرێت (فردبابلی، ١٣٩٧). نموونەی بەرچاوی ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە لە نێو هەندێ لە عەرەبەکاندا بەدی دەکرێت کە زۆربەی گرووپە ئێتنیکییەکانیان خۆیان لە پێکهاتەی نەتەوەیی وڵات جودا دەبینن.

> **عەبدولقادر سەواری، لێکۆڵەر لە خووزستان:**
> ئەو کاتەی لە زانکۆی تاران بووم، لەگەڵ هاوڕێیانی عەرەبی دەرەوەی ئێران هاوڕێیەتیمان هەبوو، پێیان دەگوتم عەرەب و بە ئەوانی دیکەیان دەگوت ئێرانی...؛ واتە ئێمە بەشێک بووین لە شوناسێکی دیکە.

یەکڕیزی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی یەک لە پێداویستییە سەرەکییەکان و ڕەمزی مانەوە و بەردەوامبوونی کۆمەڵگایە. دورکیم[1] لەسەر ئەو باوەڕەیە کە یەکڕیزیی کۆمەڵایەتی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بەڵێنە دوولایەنەکان پێکەوە پێوەندییان هەیە و بنەما یاساییەکان ڕێکخەری ئەم پێوەندییانەن کە وەک باشترین پێناسە و پێوەری یەکڕیزی کۆمەڵایەتی هەژمار دەکرێن. بەپێی تیۆری یەکڕیزیی کۆمەڵایەتی دورکیم، ئەو کاتەی کە نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان باوەڕپێکراوی و هێزی خۆیان بۆ ڕێکخستن و پێکهێنانی هەڵسوکەوتی تاکەکانی کۆمەڵگا لەدەست دەدەن، چاوەڕوانی و خواستەکانی تاک یاسایان بۆ نامێنێ و تاکەکان دەچنە سەر ئاواتە دوور و نەگونجاوەکان. لە وەها هەلومەرجێکی ئاڵۆزدا، ئەگەری شکستهێنانی پلانی تاکەکان زۆر دەبێت و لە ئەنجامدا ئەگەری هەڵکشانی دڵساردی زیاد دەکات. پێشبینی دەکرێت لەم بەستێنە ئانۆمیکەدا، لەگەڵ هەڵکشانی دڵساردیی گشتی، ناڕەزامەندیی گشتیش لە کۆمەڵگادا زیاد بکات و هەستی پێبەندبوون بە شوناسی بەکۆمەڵ لە کۆمەڵگادا دابەزێت (دورکیم، ١٣٦٨، ٤٢). پارسۆنز[2] لەسەر ئەو باوەڕەیە کە هەرچی نۆرم و یاسا کۆمەڵایەتییەکان زیاتر قبووڵ بکرێن، یەکڕیزی نێوان تاکەکان زیاتر دەبێت. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە، مافەکان، یاساکان و بنکە یاساییەکان ئەرکی پێکهێنانی یەکڕیزی و یەکگرتوویی نێوان تاکەکانیان لە ئەستۆدایە. یەکڕیزیی کۆمەڵایەتی واتە کە لەسەر ئەو بنەمایە لە ئاستی گرووپ یان کۆمەڵگایەکدا، ئەندامان پێویستیان بە یەک هەیە و ئەم پێویستییەش دوولایەنەیە. لایەکی دیکەی ئەم پرسە کاتێک دێتە ئاراوە کە یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هەستی پێبەندبوونی کۆمەڵایەتی

---

1. Durkheim
2. Parsons

لـە کۆمەڵگادا کـەم دەبنـەوە (توسلـی، ١٣٧٦، ٢٥٠). نموونەکانـی ئـەم تیۆرییـە کلاسـیکانە لەسـەر پێوەندییەکانـی نێـوان ئێتنیکـەکان و ناوەند-پەراوێـز (ئێتنیکییەتەکان-پایتەخـت) بـۆ ئێـران شـیاوی ئاماژەن.

**محەمەدعەلی دانشگەر، دەرهێنەری شانۆ لە سمنان:**
ڕەسـەنایەتی هـەر ئێرانییـەک بـە دابونەریتەکانییـەوە دیـاری دەکرێـت. ئێمـە جێـژن و بۆنەمـان هەبـووە کـە بـە داخـەوە سـڕاونەتەوە، بـۆ نمـوون مێهـرەگان و جێژنـە دوو هـەزار سـاڵە کۆنـەکان.

شـیاوی ئاماژەیە کە لە وڵاتی ئێران کە ئێتنیک و ئایینی زۆری تێدایە، نەبوونی نۆڕمە هاوبەشـەکان و هەڵاواردنـە ئێتنیکییـەکان دەبنـە هـۆی کێشـەوگرفت بـۆ یەکڕیـزی و یەکگرتوویـی نەتەوەیـی. وەهـا دۆخێـک دیـاردەی ئێتنیکمەداری دێنێتـە ئاراوە. ئێتنیکمـەداری جۆرێک لێکدانـەوەی کەلتوورییە کە لەسـەر ئـەو بنەمایـە، ئەندامانـی ئێتنیکێـک بەهـا و بایەخـەکان، نۆڕمـەکان و شـێواز و سـتایلی ژیانـی ئێتنیکـی خۆیـان بەرزتـر لـە ئێتنیکەکانـی دیکـە دەبینـن و بەپێـی ڕوانگـە چوارچێوەییـەکان دادوەری ئێتنیکەکانـی دیکـە دەکـەن. هـەر بـەم بۆنەوە، لـە کۆمەڵگا فرەئێتنیکییەکانـدا، ئێتنیکمـەداری وەک بەربەسـتێکی کەلتـووری بـۆ پێکهاتن و گەشـەکردنی پێوەندیی نێوان ئێتنیکەکانـە. ئێتنیکمەداری لە لایەکـەوە، دەبێتـە هـۆی لاوازبوونـی پێوەندییەکانـی پێکەوەژیانـی کۆمەڵایەتـی، کەلتـووری و ئابووری و لـە لایەکـی دیکەشـەوە، ناکۆکییەکانـی نێـوان ئێتنیکـەکان زیـاد دەکات. هەروەهـا ئێتنیکمـەداری بەرگری دەکات لـە پێکهاتنـی جۆراوجۆرێتی شوناسـی بەکۆمەڵ (ئێتنیکی) لە تـۆڕی پێوەندییە نێوان ئێتنیکییەکانـدا. (يوسـفي و اصغرپورماسوله، ١٣٨٨، ١٢٥).

**کوڕێکی بەلووچی ٢٥ ساڵان، لە زاهیدان:**
کاتـێ گەنجتر بـووم، زۆر بەدەمارتر بووم. پاشـان کـە ڕووم کـردە بازرگانیکردن و ئێتنیکەکانـی دیکـەم بینـی و لەگەڵیـان هاوڕێیەتیـم کرد، گـۆڕام؛ واتـا هەنووکە ئێتنیکـی خـۆم کـە بەڵووچـە، زۆر لام بەنرخـە، بـەڵام بـەو مانایـە نییە کـە وابزانم ئەوانـی دی بـاش نییـەن یان ئێمـە باشترین.

نوانـەی ١-٣ و نوانـەی ٢-٣ ڕێـژەی پێوەندییە ئێتنیکییەکان پیشـان دەدەن. بەپێی ئەو زانیارییانە، سـەتا ٥٣٫٩ی نوخبـەکان دەڵێـن کـە پێوەندیـی زۆریـان لەگـەڵ ئێتنیکەکانـی دیکـە هەبـووە و سـەدا ٢٨٫٩یـش دەڵێـن کـە پێوەندیـی کەمتریـان هەبـووە. لـە نێو خەڵکـی ئاساییشدا پێوەندیـی ئێتنیکی کـەمتر لـە ئـارادا بـووە و سـەدا ٥٥٫٤ وتوویانە کـە پێوەندیی ئێتنیکییان نییـە و سـەدا ٣٧٫٣ پێوەندیی

ئێتنیکییـان هەبـووە بـەڵام لە ئاسـتێکی کەمدا.




نوانەی ژمارەی ١-٣: پێوەندییە ئێتنیکییەکان- نوخبەکان




نوانەی ژمارەی ٢-٣: پێوەندییە ئێتنیکییەکان- خەڵکی ئاسایی

## ستراتیژیی شوناسی ئێرانی یان ئیسلامی

تۆ موسـڵمانێکی ئێرانییت یان ئێرانییەکی موسـڵمان؟ ئەمە پرسـیارێکی ئاشـنایە لە پانتایی خواس و باسـەکانی شوناسـی جەمـاوەری لـە کۆمەڵـگای ئێرانـدا، کـە هەندێـک جار لە گـەڵ وڵامی جیـاواز و تـاک ڕەهەندیـی ئێرانیبـوون یـان موسـڵمانانبوونی ڕەهادا ڕووبـەڕوو دەبێتـەوە. ئەم پرسـیارە بە ڕوونی ئاڵنگارییەکـی سـەقامگرتووی شوناسـیی مێـژووی هاوچەرخی ئێران، واتە پێشـییەتی و پاشـییەتی ئەو توخمـە نەتەوەیـی و ئایینیانەی کە شوناسـی ئێرانـی پێکدەهێنن، ئاشـکرا دەکات. ئەزموونی بنیاتنانی شوناسـی نەتەوەیـی لـە ئێرانـی هاوچەرخـدا لـە ڕوانگـەی ڕێـژەی ڕەهەنـدەکان و توخمـە نەتەوەیـی و

ئاینییەکانەوە بە سێ گێڕانەوەی سەرەکیدا تێپەڕیوە. گێڕانەوەی یەکەم کە لە ڕووی مێژووییشەوە لەپێشدایە، لەگەڵ ئەزموونی مەشرووتەدا سەریهەڵداو و لە دەستوورەکەیدا ڕەنگی دایەوە. بە پێی ئەم گێڕانەوەیە، شوناسی ئێرانی دەرئەنجامی تێکەڵبوونی توخمە نەتەوەیی و ئاینییەکانە وەک دوو کۆڵەکەی سەرەکیی. لەم گێڕانەوەیەدا، ئیسلام، بە تایبەت ئایینزای شیعە، بەشی سەرەکی ڕەهەندی ئاینیی شوناسی ئێرانی پێکدێنن، بەڵام لە هەمان کاتدا، دان بە ڕۆڵ و گرنگی ئایین و ئایینزاکانی دیکەدا دەنێت کە لە دەستووریشدا دەرکەوتەی ئەم گێڕانەوەیە تا ڕادەیەک دانی پێدانراوە. لە گێڕانەوەی سەرەوەدا، پێش و پاشکەوتنی توخمە نەتەوەیی و ئاینییەکان لە بنەڕەتدا بێ‌مانا بوو، چونکە شوناس بە یەکەیەکی دابەشنەکراو دادەنرێت. ئەم گێڕانەوەیە وەک سیاسەتی شوناسی زۆری نەخایاند و زیاتر بوو بە گێڕانەوەیەک لە گۆڕەپانی مەدەنی و ڕۆشنبیریدا. گێڕانەوەی دووهەم کە دەرئەنجامی سیاسەتی شوناسی سەردەمی پەهلەوییە، وێڕای دانان بە بناغە ئاینی-ئایینزاییەکانی شوناسی جەماوەریی ئێرانییەکان، هەوڵیدا لە ئاستی نەتەوەسازیدا تا ئەو جێگایەی کە بۆی برەخسێت لەم ڕەهەندە لابدات و خۆی لێ بدزێتەوە و شوناسی ئێرانی بە تێڕوانینێکی هەڵاوێرانەوە تەنیا لەسەر خوێندنەوەیەکی سنووردار لە ئێرانیبوون لەسەر بنەماکانی کەونینەخوازی، پاشایەتی و ناوەندییەتی زمانی فارسی بنیات بنێت. گێڕانەوەی سێهەم کە خوێندنەوەی ڕەسمی ڕژێمی کۆماری ئیسلامییە، لە ڕاستیدا گێڕانەوەیەکی پێچەوانەی گێڕانەوەی سەردەمی پەهلەوییە، کە وێڕای دانان بە توخمە نەتەوەییەکان، لە ڕوانگەیەکی داخراو و سنووردارەوە بە خوێندنەوەیەکی ئایدیۆلۆژیکی شیعەی دوانزە ئیمامی و باوەڕمەند بە دەسەڵاتی ڕەهای فەقیه، ئەولەویەت و ڕەسەنایەتی دەدات بە توخمە ئاینییەکان. ئەم قۆناغەی لە ڕووی گوتارەوە بە سەردەمی نەریتگەرایی ئیسلامی ناسراوە.[١]

> **پیاوێکی تەمەن ٢٥ ساڵان، خەڵکی ڕوبات کەریم و دانیشتووی تاران:**
>
> باوەڕی توندوتۆڵی ئاینیم نییە. دۆخێکی هاوسەنگم ڕاگرتووە. نە زۆر لەسەر ئایین هەستیارم، نە دژی ئایینم. ڕێزی هەیە لام. هەر کەسێک بڕوای بە هەر ئایین یان ئایینزایەک هەیە پێوەندی بە خۆیەوە هەیە. ئەوەیکە من لەسەر ئایینی کەسی دیکە بکۆڵمەوە شتێکی دروست نییە. ئەڵبەت هەڵسوکەوتێکی زۆرم لەگەڵ دنیای دەرەوەی ئێرە نەبووە و نازانم چەندە لەگەڵ ئێمە جیاوازن، بەڵام ڕێزم بۆ هەموویان هەیە.

هەرچەند لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا بەردەوام لەسەر شوناس و فەرهەنگی ئێرانی-ئیسلامی

١. . ئەم بابەتە بە لە فەسڵی دووەمدا بە وردی خراوەتە بەر باس و تاوتوێکراوە.

وەک ستراتیـژی سـەرەکیی شـوناس و کولتـوور جەخـت کراوەتـەوە، بەڵام لە ئاسـتی کـردەوەدا توخمە نەتەوەیـی و نائاییینیـەکان هەمیشـە ڕۆڵێکـی پەراوێزییـان هەبـووە و گرنگییـان زیاتـر لـە ڕوانگـەی ئـەو دەورەوە پێـدراوە کـە لـە گەشـەپێدان و تەواوکردنـی ڕەهەنـدە ئایینیەکـەدا گێڕاویانە. چاوخشـاندنێک بـە سیاسـەتە ئایدۆلۆژییەکانـی ڕژێمـی کۆماری ئیسلامـی لە کاروباری ناوخـۆ و دەرەوەدا بـە ڕوونی ئەم ڕاسـتییە دەردەخەن. ئەو سیاسـەتی شوناسـی - کەلتوورییە کە بە شـێوەیەکی گشـتگیر و هەمەلایەنە بەدامەزراوەیـی کـراوە، لـە ئاسـتەکانی پەروەردەیـی، فێـرکاری، میدیایـی، ڕیـکلام و هتـددا پەیـڕەو دەکرێن. ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەش پیشـاندەری دەسـتی باڵای ستراتیژیی ئیسلامی بەرامبەر ستراتیژیـی نەتەوەیـی لـە درێژەی ئەم سـاڵانەدان و ئەو کەسـانەی وتووێژیان لەگەڵ کـراوە بەداخەوەن بـۆ بەرچاونەگرتنـی لایەنـی نەتەوەیی. لـە ڕوانگەی شۆڕشـگێڕانە (ئینقلابـی)ەوە، ناسـیۆنالیزم جۆرێک مەکتەبـی مـادی و لەسـەر بنەمـای بـەش و پێکهێنـەری تێکەڵ بـە شـیرکە و بـەردەوام وەک ڕکابەرێک بـووە بـۆ ئەندێشـە ئیسلامگەرایانەکان کە لەسـەر بنەمـای یەکگرتوویـی و یەکبوونـی ئۆمەتی ئیسلامی دامـەزراون. لـە بەرامبـەردا جەختیان لەسـەر وەلایەت و ئیمامـەت، بەرچاوگرتنی بەهـا ئەخلاقییەکان، بەهـا نەریتییـەکان، نوخبەگەرایـی سیاسـی و کۆنترۆڵـی کەلتـووری کردۆتـەوە. لـە ئەنجامـدا زاڵبوونی ئـەم گوتـارە لـە ئێـران بۆتە هـۆی ئەوەیکـە هەمـوو بوارەکانـی ئابـووری، سیاسـەت، کەلتـوور و کۆمەڵگا تووشـی گۆڕانکاریی بنەڕەتـی ببنەوە.

**ئەشکان زارعی، چالاکی میراتی کەلتووری و نووسەر لە خووزستان:**

کەلتـووری ئێرانی دوو باڵی هەیە: ئێرانییەت کە پێشـینەیەکی هەزاران سـاڵەی هەیـە، و ئیسلامییـەت لـە ١٤٠٠ سـاڵ پێـش بـەدواوە. هـەر دوو باڵەکـە دەبـێ بپارێزرێـن. ئەگـەر ئێمـە پاش شـۆڕش جۆرێـک بێگانەبـوون لەگـەڵ فەرهەنگی خۆمانمـان هەبـووە، هـەر ئەمەیـە کـە ئێمـە وەک نـەوەی پـاش شـۆڕش خـراپ ئیسلامییەتمـان فێـر کـراوە و ئێرانییـەت قـەت فێـر نەکراوین.

**کەریم بەخش کوردی تەمەندانی- چالاکی سیاسی-کۆمەڵایەتی لە ئێرانشار (سیستان و بەلووچستان):**

دابونەریتە نەتەوەییەکان، بەداخەوە بەهۆی کەشوهەوای ئایینی پاش کۆماری ئیسلامی کاڵ بوونەتەوە و کەشوهەوای ئایینی زاڵ بووە و لێرەش زۆربەی مەلاکانی ئێمە نەیاری نەریتە نەتەوەییەکانی ڕابردوون و پێیان وایە بەلووچی نین. هەر وڵات و دەوڵەتێک دەبێ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی لە هەموو شتێک بالاتر بێت و ئێمە پێمان وایە کە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانمان بەرچاو ناگیردرێن و ئێمە لە دنیادا زیاتر شوێنگری بەرژەوەندیی تایبەتی ئایینی و بیرۆکە و فکری تایبەتین و ئەگەر بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانمان بەرچاو گرتبایە، ئەم هەموو کێشەوگرفتەمان لەگەڵ دنیادا نەدەبوو.



وێنەی ژمارەی ٣-٣: وتووێژ لەگەڵ ئەشکان زارعی

لە گوتاری مودێرنیزاسیۆنی ڕۆژئاوایی ڕەزاشادا، ستراتیژیی ئیسلامی جێگەوپێگەیەکی وەهای نەبوو. لەگەڵ نەمانی دەسەڵاتی ڕەزاشا و سەردەمی پەهلەویی دووهەم، زانایانی ئایینی تا ڕادەیەک بووژانەوە و بەتایبەت لە دە ساڵی یەکەمی دەسەڵاتی محەمەدڕەزاشا، لەسەر کاروبارە جۆراوجۆرەکانی وڵات قسەیان دەکرد، بەڵام لەو سەردەمەدا زۆرینەی زانا گەورەکان بازنەی چالاکییەکانیان دەگەڕایەوە بۆ حەوزە عیلمییەکان و دەستێوەردانی وەهایان لە کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسیی وڵاتدا نەبوو. چیرۆکەکە لە پازدە ساڵی کۆتایی حکوومەتی پەهلەویدا و بەتایبەت لەگەڵ چالاکییە ئایینییەکانی ئایەتوڵڵا خومەینی -کە کەڵکەڵەی سەرەکی ناوبراو جودا لە بیرۆکە دژە ڕۆژئاواییەکان،

بەرزنرخاندنی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی بوو- ئاراستەیەکی جیاوازی گرتە خۆ. ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە ئایدۆلۆژیای ئیسلامی لە بیرۆکەکانی حکوومەتی پەهلەویدا جێگەوپێگەیەکی وەهای نەبوو و هەموو هەوڵی محەمەدڕەزاشا گرنگیدان بە مێژوو و ڕابردووی ئێران لە چوارچێوەی جێژنە دوو هەزار و پێنجسەد ساڵەکان و گرنگیدان بە گلکۆی کەسایەتییە مێژووییەکانی وەک کووڕۆش و ئاسەوارە کۆنەکانی دیکە بوو. لە لایەکی دیکەوە، پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٧هـ/١٩٧٩ز و بە دەسەڵات گەیشتنی زانایانی ئایینی، دۆخەکە هەڵگەڕایەوە و گوتاری ئیسلامی زاڵ بوو. بۆیە لە هەردوو سەردەمی پێش و پاش شۆڕشی ئیسلامی و سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی دەوڵەتی ڕیفۆرمخواز و باسەکانی مەحموود ئەحمەدینەژاد و هاوبیرانی لەسەر پرسی مەکتەبی ئێرانی، یەکێ لە دوو ستراتیژ، واتە ئێرانی یان ئیسلامی، وەک دیاردەیەکی ئایدۆلۆژیک دەسەڵاتدار بووە و ئایدۆلۆژیای دیکە بەلاوە نراوە یان لە ژێر ڕکێفی ئەویتردا ڕۆڵێکی لاواز و تەواوکەری هەبوو نەک سەرەکی و سەربەخۆ.



وێنەی ژمارەی ٤-٣: وتووێژ لەگەڵ فاتمە (کەژاڵ) هەواسبەیگی

**فاتمە (کەژاڵ) هەواسبەیگی، مامۆستای زانکۆ و چالاکی کەلتووری لە ئیلام:**

لە سەردەمی ڕەزاخانەوە و بەتایبەت لە ساڵی ١٣٤٥ەوە، سیاسەتە کەلتوورییەکانی ئێمە قەت ئاراستەی کەلکەڵە و پێداویستییەکانی خەڵکیان نەگرتۆتە پێشێ و لەسەر بنەمای ئامانج و ئایدۆلۆژیای سیستەم و دەسەڵات هەڵسوکەوت کراوە.

لەسەر ئەم بنەمایە، ڕوانگەی نەتەوە ئەندێشەیەکی ڕۆژئاواییە و بەپێی پەروەردەی ڕۆژئاواییە و ناکۆکی لەگەڵ ڕەوتی ئیسلامی هەیە، و لە تێفکرینی ئاییندا، کۆمەڵگای ئیسلامی وەک یەک ئۆمەت دەبینرێ و سنوورە خاکییەکان دەکەونە قۆناغی دووهەمەوە و گرنگی پلە یەکیان نییە.

بەپێچەوانەی ئەم جۆرە سیاسەتانەی دەسەڵات، ناخی کۆمەڵگا شتێکی دیکە دەڵێت و ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی بەردەست پیشاندەری ئەوەن کە پێوەندیی نێوان ئێرانییەت و ئایین لە نێو ئێتنیکە جۆراوجۆرە ئێرانییەکان هەلومەرجی جۆراوجۆری هەیە. بە واتایەکی دیکە، بە دڵنیاییەوە ناتوانین بڵێین کە لە گرووپە ئێتنیکییەکانی وەک فارس، کورد و ئازەری یەک لەم دوو گوتارە یەکەمایەتی و زاڵن و هەر یەکەیان لایەنگرانی تایبەتی خۆیان هەیە و خەڵک لە نێو ئەم دوو تاقمەدا بڵاو بوونەتەوە، بەو جۆرەی کە ئەو کەسانەی دەکەونە لایەنی نەتەوەیی کەڵکەڵەی ئایینیان نییە و باوەڕدارانی ئایینییش کەڵکەڵەی نەتەوەیی و ئێتنیکییەتی وەهایان نییە و زیاتر لە چوارچێوەی ئۆمەتی ئیسلامیدا بیر دەکەنەوە. لەم نێوانەدا لەسەر گرووپە ئێتنیکییەتییەکانی عەرەب و بەتایبەت بەلووچەکان، دەتوانین بڵێین لەو ناوچانە، ستراتیژە ئایینی و ئیسلامییەکان یەکەمایەتی و دەستی باڵایان هەیە. لەم نێوانەشدا هەندێ تاقم و لایەن لەسەرووی دوو ستراتیژی سەرەکیی نەتەوەیی و ئایینی، خاوەنی بیرۆکەی جیهان وەتەنی (کۆسمۆپۆلیتەن)ن.

**باسم حەمادی، توێژەری ئایینەکان و مۆسیقای ئێتنیکیی عەرەب، مامۆستای زانکۆ لە ئەهواز (خووزستان):**
ئێمە قەت چوارشەممەسووریمان نییە و لە کەلتووری ئێمەدا هیچ جێگایەکی نییە. بابەتی سفرەی حەوت سینمان نییە، بەڵام وەک جێژن و بۆنەی نەتەوەیی دەیانبینین. سێزدەبەدەرمان قبووڵ نییە، بەڵام وەک خەڵک دەچینە دەرێ. بەڵام جێژنی نەورۆز وەکساڵی نوێ و بۆنەی نەتەوەیی لامان ڕێزی هەیە. گرنگترین جێژنی ئێمە جێژنی ڕەمەزانە و پاشان جێژنەکانی قوربان و غەدیر. لە ڕۆژانی موحەڕەمدا، بەتایبەت ئەم دواییانە مەیل و شەوقێکی تایبەتمان هەیە و خەڵک بۆ شینگێڕان ڕکابەری یەک دەکەن و زۆر ڕێزی لە نێو خەڵکدا هەیە.

**موزەفەر ئەحمەدی دەستگردی، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای سەهەند گیربۆکس لە ئەسفەهان:**
هەستی من ئەوە بووە کە سەرەتا ئێرانیم و پاشان موسڵمان، لەسەر ڕێوڕەسمە ئایینییەکانیش چوونکە زۆر کەس بڕوایان هەیە، ڕێزم بەرامبەریان هەیە.

## تێچووی ئامانجە ئایدۆلۆژیکەکان

ئایدۆلۆژیا یەکێکە لە چەمکە باوەکانی زانستی کۆمەڵایەتی و سیاسی، کە لە قوتابخانە جۆراوجۆرەکانی مارکسیستی، لیبراڵ، مارکسیستی نوێ و پۆست مۆدێرندا مانا و واتای جیاوازی دیتۆتەوە، بەجۆرێک کە لە بەشێک لەو ڕوانگانەدا ئەم دەستەواژەیە خاوەنی مانای ئەرێنی و لە هەندێکی تردا هەڵگری مانای نەرێنییە. لێرەدا لە دەرەوەی بازنەی ئەم مشتومڕانە، زاراوەی ئایدۆلۆژیا و وەرگیراوەکانی بە واتا لیبراڵەکەی بەکاردەهێنرێن. لە گوتاری لیبراڵدا ئایدۆلۆژیا سیستەمێکی فیکریی چەقبەستوو و دۆگماتیکە کە هەر خوێندنەوە و تێگەیشتنێک جگە لە خۆی نکۆڵی و سەرکوت دەکات و لە بەرامبەر ڕەخنە و دژایەتیدا داخراو و سەختە. بەم مانایە ئایدۆلۆژیا بنەمای سیستەمی سیاسی تۆتالیتاری پێکدەهێنێت (حکیم شفایی، ١٤٠٠).

ئیسلامخوازیی سیاسی شێعە، کە هاوکات لەگەڵ بزووتنەوەی مەشرووتەدا سەریهەڵدا و لە خەباتە فیکری و باوەڕییەکانیدا لە دەیان ساڵ پێش شۆڕشی ١٣٥٧وە هەوڵیدا بناغەکانی گوتاری خۆی دابمەزرێنێت، هەر لە سەرەتاوە، ئایدۆلۆژیککردنی ئایینی وەک پێشمەرجێکی بنەڕەتی بۆ دامەزراندنی دەسەڵات پەیڕەو کرد. بە پێچەوانەی زۆرێک لەو لێکدانەوە و گێڕانەوانە کە ئایدۆلۆژیای شێعەی کۆماری ئیسلامی ئێران بە دەرئەنجامی پرۆسەی سروشتی ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی دەزانن، تێڕامانێک لە بناغە فیکرییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بیرۆکەی سەروەریی ڕەهای فەقیهـ (وەلایەتی موتڵەقەی فەقیهـ) بە ڕوونی ئاسۆیەکی دی دەردەخات. ناوەڕۆک و بابەتەکانی کتێبی «وەلایەتی فەقیە؛ حکوومەتی ئیسلامی»[١] لە نووسینی ئایەتوڵڵا خومەینی، بڵاوکراوەی ساڵی ١٣٤٨ی کۆچی هەتاوی، تێکڕای بەشێک لە وتارەکانی خومەینی لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا، کۆمەڵێک هەنگاوی ئاشکرا بوون لە پێناو دامەزراندنی ڕێبازی ئایدۆلۆژیای شێعە، میراتێک کە نەوابی سەفەوی[٢] و «فیدائیيانی ئیسلام»[٣] ڕێکخراوی بانگەشە و خەباتکارانی مەیدانیی بوون. پرسی دامەزراندنی و فراوانکردنی گوتاری ئایدیۆلۆژی لە دەوری شێعەگەری و ئایین، تەنیا لە پیاوانی ئایینی سیاسیدا سنووردار نەبووە و

---

١.روح‌الله، خمینی (١٣٤٨) ولایت فقیه؛ حکومت اسلامی، لبنان: بیروت.

٢. عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران سەبارەت بە نەواب سەفەوی دەڵێت: ئەوەی کە چ کەسایەتییەک‌لیک کاریگەریی لەسەر من هەبووە، دەبێ بڵێم کەسایەتی زۆر بوون. ئەو کەسەی لە تەمەنی گەنجیدا کاریگەری زۆری لەسەر من دانا، بە پلەی یەکەم نەواب سەفەوی بوو. کە هاتە مەشهەد تەمەنم نزیکەی پانزە ساڵ بوو. بە قورسی کەوتمە ژێر کاریگەریی کەسایەتییەوە.... خامنه‌ای، علی (١٣٧٧) بیانات در دیدار جمعی از جوانان؛ شهید نواب صفوی، لیک:
https://farsi.khamenei.ir/newspart-index?tid=1511#38484

٣. بۆ زانیاریی زیاتر: زینالی، آرزو (١٣٩٥) دو بزرگمرد و یک راهبرد؛ ایدئولوژی اسلامی وجه مشترک نهضت امام خمینی و شهید نواب صفوی، ویژه نامه سالگرد شهادت فداییان اسلام، دوشنبه ٢٧ دی ١٣٩٥، سال سی‌ام، شماره ٨٣١٢، رسانه قدس آنلاین، لینک:
https://media.qudsonline.ir/d/2017/01/15/0/675276.pdf

بە شێوەیەکی گشتگیر لە لایەن زۆربەی ئەو هێزە شۆڕشگێڕانەی کە باوەڕیان بە ئیسلامخوازی هەبووە، پەیڕەوی دەکرا. عەلی شەریعەتی کەسایەتی دیاری ئەکادیمی و چالاکی سیاسی پێش شۆڕشی ئیسلامی بوو، کە گرنگترین دەستکەوتی فیکریی خۆی وەک گۆڕینی نەریت بۆ ئایدۆلۆژیا و ئەولەویەتدان بە کەلتوور پێشکەش کرد (حقیقت، ١٣٨٨). لەم ڕووەوە شۆڕشی ١٣٥٧ بنیاتنانی دامەزراوەی فەرمی دەسەڵاتی سیاسی سەر بە گوتاری ئایدیۆلۆژی ئایینی شێعە بە سەرۆکایەتی ئایەتوڵڵا خومەینی بوو ، کە لە یەکەم هەنگاودا لە چوارچێوەی دەستووری ئێراندا، ڕژێمێکی یاسایی گونجاوی لەگەڵ ئامانج و خواستەکانیدا داڕشت و پەسەند کرد. نزیکەی ٥٠ ساڵ حوکمڕانی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا، بەو هەموو هەوراز و نشێوانەی کە پێیدا تێپەڕیوە و ئەو ئاڵنگارییانەی کە ڕووبەڕووی بووەتەوە، سەردەمی هەژموونی ئەم گوتارە ئایدیۆلۆژییە و فراوانکردن و بەرەوپێشبردنی بووە. گوتارێک کە هەم لە ڕەهەندی نەتەوەیی و هەم لە ڕەهەندی ئایینیدا، بە هەڵوێستێکی دۆگماتیکی، ڕوانگەیەکی هەڵاوێرانەوە و کردەوەی زۆرەملی و نەرێنی، لە گەڵ شوناس و ڕەوتە ئەویدییەکاندا مامەڵەی کردووە و کۆمەڵێك دەرئەنجامی زیانبەخشی لە بواری یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی، شوناسیی نەتەوەیی گشتگیر، دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و لە کۆتاییدا گەشە و پەرەسەندنی سیاسی و کولتووری لێ کەوتۆتەوە .

دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێران، سیستەمی دەسەڵاتداری ئێران وەک سیستەمی ئیسلامی پێناسە دەکات کە بنچینەی لەسەر «بنەما و یاسا ئیسلامییەکان»ی شێعەی دوانزە ئیمامی دانراوە. ئەم تایبەتمەندییە بۆتە هۆی ئەوەیکە دامودەزگای سیاسیی ئێران و کاروبارە فەرمییەکانی لەو وڵاتانەی دیکە کە تیایاندا بنکەی سیاسەت و ئایین لێک جودا کراونەتەوە، جیاواز بێت. ئەگەرچی دەستووری بنچینەیی کۆماری ئیسلامی ئیزنی بە شوێنکەوتوانی ئایینەکانی زەردەشتی ، خاچپەرست و جوولەکە داوە کە دابونەریتەکانی ئایینی خۆیان ئەدا بکەن و تەنانەت لە پەڕلەماندا نوێنەریان هەیە بەڵام ڕاستیی کۆمەڵایەتی-سیاسی ئەوەیە کە پێڕەوانی ئەم ئایینانە بە کردەوە ئیزنێکی وەهایان پێ نەدراوە تا سەبارەت بە ئایینی خۆیان لە کۆمەڵگادا قسە بکەن یان بانگەشەی ئایینی خۆیان بکەن و بازنەی ئەداکردنی ئەرکە ئایینییەکانیان سنووردار کراوەتەوە بۆ شوێنە پیرۆزەکانی خۆیان. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە شوێنکەوتوانی گرووپە جۆراوجۆرەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەم جۆرە ڕوانگەیە بەرامبەریان نادادپەروەرانەیە، چونکە هەموویان خۆیان بە ئێرانی دەبینن و لە ڕابردووشدا ئەم وەفادارییەیان سەلماندووە.

ئەنجامی دەسکەوتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەش پیشاندەری ڕوانگەی ئایدۆلۆژیکە کە ئەنجامی دەبێتە کەڵکوەرنەگرتنی گونجاو لە نوخبەکان و بەلاوەنانیان لە ناخی کۆمەڵگا و پەراوێزخستنیان.

**ئەمیر نەبەوی، مامۆستای زانکۆ و لێکۆڵەری زانستە سیاسییەکان لە تاران:**
ڕوانگەی ئایدۆلۆژیک لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگا هۆکاری ناکارامەبوون و پەراوێزخرانی نوخبەکانە.

جودا لەم کەمینە ئایینیانە، کەمینەی ئایینزای سوننەش لە ئەنجامی فەرمیبوونی ئایینزای شیعە بەردەوام بەرامبەر سیاسەتە ئایدۆلۆژیکەکانی دەسەڵات کە سنووردانان و تەنگانەی لێ کەوتۆتەوە نارەزامەندی و کاردانەوەیان هەبووە و لەم بوارەدا دەتوانین ئاماژە بدەینە نەبوونی مزگەوتی سوننەکان لە تاران، سنووردداربوونی گەشت و سەفەری ڕێبەرانی ئایینی بۆ دەرەوەی پارێزگاکان و وڵات، دەستبەسەرکرانی گەنجان و بابەتی دیکەی لەم چەشنە.

دۆخی کۆمەڵگای بەهایی لە ئێران لە هەموو کەمینە ئایینی و ئایینزاییەکان خراپترە. بەرپرسانی حکوومەت، بەهاییەکان وەک «تاقمی زالە» واتا گومڕا ئاماژە پێ دەدەن و لە ساڵەکانی سەرەتای شۆڕشەوە هەڵسوکەوتی خراپیان لەگەڵیان هەبووە. بەڵام ئەو شتەی دەبێتە هۆی نیگەرانی نوێنەرانی کەمینە ئایینییەکان لە پەرلەمان و هاوئایینەکانیان هەڵاواردنی نایاسایی و سەروویاسایی لە ئاستە ناوەندییەکان و تەنانەت ئاستە خوارەکانی بەڕێوەبەرێتی وڵاتە. ئایینی بەهایی کە تەنانەت لە یاساشدا بە فەرمی نەناسێندراوە و بەشی هەرە زۆری مافە سەرەتاییەکانی ژیانیشیان لێ زەوت کراوە.

ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٢٢ی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە ئازادی ئایینی لە ئێراندا، باس لە زیادبوونی گوشار و هەڵاواردنی دژ بە کەمینە ئایینییەکان دەکات و ئاماژە دەدات کە ئەندامانی کۆمەڵگای بەهایی لە ئێراندا بەبێ هیچ هۆکار و بەڵگەیەک و بە بیانووی سیخوڕی و تێکدانی بیری ئایینی دەستبەسەر و زیندانی دەکرێن و بە گشتی مافی ژیانیان لێ سەندراوەتەوە. لە بەشێکی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە؛ « لە وتارێکی مانگی ژانقییەی ئەمساڵی دامەزراوەی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی واشنتۆندا، باس لەوە کراوە کە ڕێبەری مەزنی شۆڕش، لە فەتوایەکی بێ ڕێکەوتدا، کە لە ماڵپەڕی فەرمیی خۆیدا بڵاویکردووەتەوە، بەهاییەکان بە «کافر» و «دوژمن»ی شیعەکان ناوبردووە و داوای لە شوێنکەوتووانی کردووە «خۆیان بەدوور بگرن لە هەر جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ ئەم ئایینزا بەلاڕێداچووە». ڕێبەری کۆماری ئیسلامی هەروەها جەختی لەوە کردووەتەوە کە «هەموو ئیمانداران دەبێ ڕووبەڕووی فێڵ و لادانەکانی [بەهاییەت] ببنەوە و بە نەچوونە پاڵیان ڕێگری لە لادانی کەسانی دیکە بکەن» (گزارش آزادی مذاهب در جهان، ایران سال ٢٠٢٢، ٢٠٢٢).

لە دەسەڵاتی ئایدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامیدا کە ئایینزای شیعە وەک ئایینزای فەرمی ناسراوە، شوێنکەوتوانی گرووپە ئیسلامییەکانی دیکە واتە کۆمەڵگای سوننە هەست بە ڕێژەیەکی زۆری هەڵاواردن دەکەن و بەپێی وتووێژە ئەنجامدراوەکان، زۆرێکیان و بەتایبەت گەنجانیان ناتوانن بەپێی

زانست و پسپۆڕایەتی زانستی و ئاکادیمیکیی خۆیان لە پۆستە ئیدارییەکاندا ئیش و کاری گونجاویان هەبێت. هەروەها کۆمەڵگای دەروێشانی پێڕەوی ئایینزای شیعەش هەست بە نایەکسانی دەکەن و نموونەی ئەمەش لە ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ١٣٩٧دا لە شاری تاران بەدی کرا کە بووە هۆی مەرگ و کوژرانی کۆمەڵێک لە هێزە ئەمنییەکان و دەروێشەکان. بەپێی ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوە، ئەم جۆرە سیاسەتە ئایدۆلۆژیکانە بوونەتە هۆی دوورکەوتنەوەی نوخبەکان لە بوارە جۆراوجۆرە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان و بەستێنی دواکەوتوویی ئەم تاقمەی هێناوەتە ئاراوە.

**جەلال جەلالیزادە، چالاکی ئایینی، مامۆستای زانکۆی تاران و نوێنەری پێشووی پەرلەمان لە سنە (کوردستان):**
بە داخەوە حکوومەت چونکە لە دەستی یەک ئاییندایە و هەوڵ دەدرێ کە ئەو ئایینە لە هەموو دابونەریتەکان و ڕێوڕەسمەکان و دانیشتنەکان و بنکە و دائیرە دەوڵەتی و حکوومەتییەکان جێبەجێ بکرێت، کوردەکان لەم بوارەوە هەست بە هەڵاواردن دەکەن و ئەم کەلێنە ئایینییە بۆتە هۆی ئەوەی کە زۆرێک لە دەفرایەتی و لێهاتوییەکانی سوننە لە باری ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەوە لەناو بچێت و من پێم وایە ئەم کەلێنە ئایینییە گەورەترین بەربەستی پەرەسەندنی ئێران بەتایبەت پەرەسەندن و گەشەکردنی کوردە سوننەکانی ئێرانە.

لە ئێراندا کەمینە ئایینی و ئایینزاییەکان بەفەرمی ناساندنی ئایینزای شیعەی جەعفەری وەک هەڵاواردن بەرامبەر بە خۆیان سەیر دەکەن. ئەم مەودا و بۆشاییە ئایینییە و هەڵاواردن لە شێوازە جۆراوجۆرەکاندا جاروبار دەبێتە هۆی هەڵسوکەوتی توندوتیژانە. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لەکاتێکدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە تاران پایتەختی جیهانی ئیسلامە (فیرحی،١٣٨٢، ٢٦) و دەست بۆ هەوڵە پرۆپاگاندایەکانی وەکوو «کۆڕبەندی جیهانیی نزیکبوونەوەی ئایینە ئیسلامییەکان»[1] دەبات کە نزیکەی نیوسەدە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی، سوننەکانی تاران، بە ئاپوورایەکی پتر لە یەک ملیۆن کەس (بیش از یک میلیون اهل سنت در تهران زندگی می‌کنند، ٢٠١٣)، هێشتا خاوەنی مزگەوت نیین، و هۆڵەکانی نوێژخوێندنی گشتیشیان لە نوێژی جەماعەت و ڕێوڕەسمە ئایینیەکاندا بەردەوام ڕووبەڕووی سنووردارکردن و توندوتیژی دەبنەوە. ئەم کێشەیە لە زۆربەی شارە گەورەکانی دیکەی وەک مەشهەدیشدا بەدی دەکرێت. جەلال جەلالیزادە، چالاکی سیاسی-ئاینی سوننە و نوێنەری پێشووی گەلی کوردستان لە پەرلەمانی ئێران، سەبارەت بەم سنووردارکردنە

١. . مجمع جهانی تقریب مذاهب اسلامی

دەڵێت: «تاران تاکە پایتەختە لە جیهاندا کە سوننەکان مزگەوتیان نییە و هۆڵەکانی نوێژکردنیان داخراوە.» (قاضی، ١٣٩٥).

**مەولانا عەبدولحەمید ئیسماعیل زێهی، بەرنوێژی هەینی سوننەی زاهیدان (سیستان و بەلووچستان):**
هەڵاواردنەکان و نایەکسانییەکان لە ئێران بوونەتە هۆی سازبوونی ئەم بۆشایی و کەلێنە و لە باتی شیاوسالاری لە پۆست و بەرپرسایەتییەکاندا دەبینین هەڵاواردنی ئایینی هەیە و ئایینزایەک بەرامبەر ئایینزای دیکە بەرزتر و باڵاتر دانراوە. ئێستا ئەگەر بچنە نەخۆشخانە و دۆسیە بکەنەوە، پرسیارتان لێ دەکەن چ ئایینزایەکت هەیە، بۆ ئیش و کار، لە دادگا و کۆی ئەمانەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هەستکردن بە مەودا و جیاوازی لە نێوانمدا.

نوانەی ٣-٣ و نوانەی ٣-٤ بۆشایی و کەلێنی هەڵاواردنی ئایینی لە ڕوانگەی نوخبەکان و ئەو خەڵکە ئاساییە پیشان دەدەن کە وتووێژیان لەگەڵ کراوە. ٨٣٫٦ی نوخبەکان و ٦٠٫٣ی خەڵکی ئاسایی لەسەر ئەو باوەڕەن کە بۆشایی و هەڵاواردنی ئایینی لە کۆمەڵگای ئێرانیدا بوونی هەیە. بۆیە لە ڕوانگەی خەڵکەوە و هەروەها بە ڕێژەی زیاتر لە ڕوانگەی نوخبەکانەوە ئێتنیکە ئێرانییەکان لە باری ئایین و ئایینزاوە هەڵاواردنیان بەرامبەر دەکرێ و بۆشایی و کەلێنێکی قووڵ لە نێوان ئایینەکاندا بوونی هەیە.




نوانەی ژمارەی ٣-٣: کەلێن و هەڵاواردنی ئایینی- نوخبەکان




نوانەی ژمارەی ٤-٣: کەلێن و هەڵاواردنی ئایینی- خەڵکی ئاسایی

یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی کە بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییەدا مشتومڕی لێ کەوتۆتەوە بابەتی حیجابی ژنانە کە بەپێی یاسا، هیچ ئافرەتێک ناتوانێ بەبێ حیجاب و بەرچاوگرتنی لانی کەمێک لە نۆرمە ئیسلامییەکان بچێتە شوێنە گشتییەکان. بەپێی تێبینی مادەی ١٠٢ی یاسای سزادانی ئیسلامی، «ئەو ژنانەی بەبێ حیجابی ئایینی لە شەقام و شوێنە گشتییەکان دەردەکەون، بە حوکمی لێدانی تا ٧٤ قامچی سزا دەدرێن» (قانون مجازات اسلامی، ١٣٦٢، مادە ١٠٢). ئەم بابەتە تەنانەت لەسەر گەشتیارانی دەرەکیش ڕاستە و ئەوانیش ناچارن دوابەدوای ڕۆشتنیان بۆ ئێران، چارشێو و جلی شۆڕ لەبەر بکەن. بێ گومان ئەم جۆرە ڕوانگە ئایدۆلۆژیکە زەبری لە کەرتی گەشتیاری[1] وەشاندووە و لە باری ئابووریشەوە کێشە ساز دەکات (حجاب اجباری؛ ضربە بر گردشگری با پلمب واحدهای صنفی، ١٤٠٢).

پەرلەمان لە درێژەی چوار دەیە تەمەنی شۆڕشی ئیسلامی، سەرەڕای بڕیاردان بۆ پاڵپشتیکردن لە پۆل و چینە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان، یاسای یەکلاکەرەوەی بۆ «دەستەبەربوون و گەرەنتیکردنی» جێبەجێکرانی یاسا جۆراوجۆرەکان هەبووە کە نموونەی پەسندکردنی یاسای سزای ئیسلامی و ڕوونکردنەوەی ماددەی ٦٣٨ ئەم یاسایە کە لە ساڵی ١٣٦٢ی کۆچیی هەتاوی، لە چوارچێوەی یاسایەک و لە ڕێگای دەزگای دادەوە نێردرایە پەرلەمان و بەشی یاسادانانیش بۆ «گەرەنتیکردنی جێبەجێبوونی یاسا» و «پێشاندانی جیددیبوونی بۆ پرسی جلوبەرگ» ئەم یاسایەی پەسند کرد. ئەڵبەت ئەم پەسندکراوە دوو جاری دیکە لە حەفتاکان و نەوەدەکانی کۆچیی هەتاویدا پێداچوونەوەی لەسەر کراوە. ڕوونکردنەوەی ئەم ماددەیە دەڵێت: «ئەو ئافرەتانەی بەبێ حیجابی شەرعی بێنە نێو کۆڵان و شوێنە گشتییەکان دە ڕۆژ تا دوو مانگ بەند دەکرێن و یان سزای پەنجا هەزار ڕیاڵ تا پێنجسەد هەزار ڕیاڵیان بەسەردا دەسەپێت.»

حیجابی ئیسلامی لە کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێراندا لە لایەن ژنانەوە بەرخۆدانی بەرامبەر کراوە

1. Tourism

و بزووتنـەوە و کەمپێنـی جۆراوجـۆر بـۆ دژایەتـی لەگـەڵ حیجابـی زۆرەملی پێکهاتـوون و دوابەدواشـی سـنووری یاسـاییەکان لە شـوێنە گشـتییەکان و تەنانـەت بنکـەی وەک زانکۆکان بۆ پاراسـتنی حیجابی زۆرەملـی جێبەجـێ کـراون. باوەڕەکانـی مودێرنیتـە و فێمێنیـزم، ئینتەرنێـت و تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان و بەسـتێنەکانی سـێکۆلاریزم وەک ئـەو هۆکارانـەن کـە بوونەتـە هـۆی ئەوەیکـە جلوبەرگـی ئیسلامـی بکەوێتە بەر مشـتومڕ و بانگەشـەکاران و چالاکانی ئایینی-کەلتووری نەیانتوانیوە جلوبەرگ و پۆشـەنی ئیسلامـی بـۆ نـەوەی گەنج و کۆمەڵگای ئەمڕۆ پاکانە بکەن و بە بەرچاوگرتنی یاسـا و ڕێسـای ئیسلامی ڕازییـان بکەن.

سـەبارەت بـە ئێتنیکەکان، پێدەچێت کە کەمترین سـنووری دانراوەکان لەسـەریان هـەر ئەم بابەتی جلوبـەرگ و پۆشـەنە بێـت. دەکـرێ بڵێیـن لـە هەمـوو ئـەو ناوچانەی کـە گرووپـە ئێتنیکییەکانـی تێدا دەژیـت، کەڵـک وەرگرتـن لـە جلوبـەرگ و پۆشـەنی تایبەتیـی خۆیـان، هـەم بـۆ ژنـان و هـەم بـۆ پیاوان ڕێگە پێـدراوە.

> **جـەواد تەریری، پارێزەری دادگا، نووسـەر و چالاکوانـی سیاسـی لـە خووزسـتان:**
> ڕەنگـە ئافرەتێکی موسـڵمان ناچار بێـت حیجاب بکات، بەڵام گەشـتیاری بیانی لەبەرچـی دەبـێ حیجابـی هەبێ؟ بەپێی شـەرع ناتوانین ناچـاری بکەین، بەڵام ئەمە پیشـاندەری ئەوەیە کە ئەمانە شـەرعیان تا بەرژەوەندییەکانی خۆیانی تێدا بـێ، قبووڵـە. بـۆ خەریکین خەسـار لـە کەرتی گەشـتیاری و تووریسـم دەدەین؟ بـواری ئاییـن و ئایینزاکان بە تونـدی جەمسـەربەندی و تاکڕەهەندی کراوە.

هەبوونـی ئامانجـی ئایدۆلۆژیکـی لـەم چەشـنە، ئاسایشـی وڵات دەخاتە بەر هەڕەشـە و مەترسـی و بەڵگـە و نموونـەش بـۆ ئەمە چیرۆک و ڕووداوی دەروێشـانی گونابادییە لە تـاران یان ئەنجامی کردەوەی تیرۆریسـتی کـە جاروبار لە ناوچەی بەلووچسـتان دەکرێ، یـان نموونـەی وەک تیرۆرکردنی بەرنوێژانی هەینـی ناوچـەی کوردسـتان و هێـرش بـۆ پەڕلەمانـی ئێران لـە سـاڵی ١٣٩٦ی کۆچیـی هەتـاوی. ناڕەزایەتییـە جەماوەرییـەکان، دەرهاویشـتەی کەڵەکەبوونـی بڕێکـی زۆر هـەڵاواردن و تونـدی بەرامبەر بـەو گرووپـە شوناسـییە ئێتنیکـی و ئایینـی - ئایینزاییانـەن کـە لەگـەڵ خوێندنـەوەی فەرمـی ڕێژیمـدا هاوتەریـب نین.

## هێماکان و نواندنەوەی سیمای شوناسی ئێتنیکی

هێما[1] کان، هەڵبەستە مادی و نامادییەکانن کە جێگرایەتی شتێک بە شتێکی دیکە ڕێپێدراو دەکەن. کاتێک باسی هێما دەکەین، پێوەندیی دوو کەس یان دوو شت بەرچاو دەگرین. هێماکان پێوەندیی دوو شت پێکەوە پێناسە دەکەن یان دەیهێننە پێش چاو و جێگرایەتی نێوان ئەو دوو شتە ڕێپێدراو دەکەن. هێماکان دادەنرێن و لە بەستێنی زەمەندا واتایان دەبێت.

لە دابەشینێکی گشتیدا هێماکان دابەش دەبنە سەر دوو جۆری سروشتی و کەلتووری. هێمای سروشتی لە قوژبنی بەشی ناوشیاری ڕۆحی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێت و بێژەری بازنەیەکی بەربڵاو و بەرینە لە وێنە و واتاکان. واتاکانی ئەم نەخشانە تا ڕادەیەک لە ئاسەواری وێنە دۆزراوە بەجێماوەکان لە دوورترین خاڵەکانی مێژوو و لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا دەبینرێن. هێما کەلتوورییەکانیش ئەو هێمایانەن کە بۆ باسکردنی ڕاستییەکانی ژیانی مرۆڤ دەکار دەهێنرێن و هێشتا لە زۆر ئاییندا کەڵکیان هەیە (فولادی و همکاران، ١٣٩٤، ١٣٧ -١٤٠).

**مەیسەم سفیدخۆش، مامۆستای فەلسەفەی زانکۆی شەهید بەهەشتی لە تاران:**

سەبارەت بە دابونەریتەکان هەستێکی دوولایەنەم هەیە؛ ئەم دابونەریتانە بەو بۆنەوە کە هەڵگری هەست و کەلتووری کۆمەڵگاکەمن لام خۆشەویستن و لە هەر دەرفەتێکدا هەوڵ دەدەم بەشدارییان تێدا بکەم. شوێنی جوگرافیایی لام گرنگ نییە. ڕاکێشەرییەکی قووڵیان بۆم هەیە و هەستپێکردنی جۆرێک بیرکردنەوەن. بەڵام هاوکات لە ڕێورەسمەکاندا، بەشێک لە هزر و مێشکم خەریکی ڕەخنەگرتنە.

هێما جەماوەرییەکان بۆ دیاریکردنی ئەو نموونانە بەکار دەهێنرێن کە ئاماژە بۆ دیاردەکانی گرووپێکی دیاریکراو و دەربڕینی ڕەهەندە مێژووییەکانی بەها و بیروباوەڕی گرووپێک بە گشتی دەکەن، هێما ئایینی و سیاسی و نەتەوەییەکان لە سەرەکیترین هێما جەماوەرییەکانن (فروم، ١٣٧٤، ١٥). هێما نەتەوەیی و ئێتنیکیەکان لە دارشتنی وێنەی شوناسی نەتەوەیی و ئێتنیکیدا دەوری بەرچاویان هەیە و کارکردێکی تایبەتیبەخش دەدەنە دەرکەوتەکانی ژیانی نەتەوەیی و ئێتنیکی. دەورێک کە ئەم هێمایانە دەتوانن بیگێڕن ئەوەیە کە ئەو کاتەی کە لە پرۆسەی حکوومەتیدا، دژ بە فکر و ئەندێشەیەکی تایبەت دەوەستنەوە و هەڵسوکەوت دەکەن، تاکەکان بە دەکارهێنانی ئەم هێمایانە هەوڵ بۆ پاراستنی ڕوانگە و لێکدانەوەی خۆیان دەکەن و بە پیشاندانیان، زیندووبوون و

1. Symbol

مانەوەی خۆیان دەردەبڕن. ئەم هێماگەلە دەتوانن جۆرێک جلوبەرگی تایبەت یان مۆسیقا و بابەتی لەم چەشنە بن. ئەڵبەت ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتداریش هەوڵ دەدات کە ئەم هێمایانە بدۆزێتەوە و شوێنیان بگرێ و هەندێ جاریش بە کردەوە لە دژیان بوەستێتەوە.

**بیبا ڕەهسپار، پسپۆڕی پەروەردە و لێکۆڵینەوە لە ناوەندی پەروەردی فکریی لە سیستان و بەلووچستان:**
دابونەریتەکان وەک ڕیشەیە کە ئێمە و زەوی پێکەوە پێوەند دەدات و بەهێزتر دەبین و کەشوهەوامان خۆش دەبێ، وەک لایەلایەیەک کە لە داپیرمەوە پێم گەیشتووە و لە بەشی ناوشیاری مێشکمدا تۆمار کراوە... یان هەر ئەم جلوبەرگەمان، زۆر زەحمەتە، بەڵام جۆرێک مێدیتەیشێنە بۆ ئێمە و من چێژیان لێ دەبەم و زۆر ڕێزم بەرامبەریان هەیە.

لە درێژەی مێژوودا، هێما ئەوەندە لەگەڵ کەلتوور تێکئالاوە کە زۆر جار بۆ تێگەیشتنی کەلتوورێک، ناچارین لە هێماکانی تێبگەین. ئێتنیکناسێکی لێزان و تەواو بێ گومان دەبێ هێماناسێکی تەواو بێت. ئێتنیک و گرووپە جۆراوجۆرەکانیش ئاگاداری ئەم شتەن و هەوڵ دەدەن تا لە ڕێگای هێما تایبەتە ئێتنیکییەکانەوە شوناسی خۆیان دەرببڕن و هەندێ جار لەم ڕێگایەوە ناڕەزایەتی خۆیان بە دەسەڵاتداران ڕابگەیێنن. یەکێک لە دەرکەوتنەکانی ئەم دیاردەیە کەڵک وەرگرتن لە جلوبەرگی خۆماڵی و ناوچەییە لە کاتی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە تایبەتەکان یان ڕۆژە تایبەتە جیهانی و ناوچەییەکان کە ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان لە وەها ڕۆژگەلێکدا هەوڵ دەدەن تا لەم ڕێگایەوە، خۆیان لە زۆرینە جیاواز بنوێنن و بەرامبەر بە سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن بوەستنەوە. بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی نەورۆز لە شار و گوندەکانی کوردستان لە دەیەی ڕابردوودا یەکێکە لە دەرکەوتە ئاشکراکانی هێمای ئێتنیکی، کە مانایەکی سەرووتر لە زیندووکردنەوەی نەریتی مێژوویی و داب و نەریتی فۆلکلۆری هەیە و دەوری شێوازێک لە دەربڕینی گوتاری سیاسیی ئێتنیکی بەخۆوە بینیوە. کەڵک وەرگرتن لە ڕەنگە تایبەتەکان و پێچانەوەی دەستماڵە جۆراوجۆرەکان بە دەوری ملدا یەکێکی دیکە لەم بابەتانەیە. لە لای دیکەوە دەسەڵاتیش بە توندی بەرپەرچی ئەم هێماگەلە دەداتەوە. ئەگەرچی لەم نێوانەدا پێڕەوانی ئەم گرووپانە لەسەر ئەو باوەڕەن کە کەڵک وەرگرتن لەم ڕەنگانە مەبەست و ئامانجێکی تایبەتی نییە و هەڵسوکەوتی دەسەڵات لەم بوارەدا ناشیرین دەبینن بەڵام ئەم هێماسازییە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوویەکی زۆر دوور و لە دەرەوەی هەڵبژاردەی خەڵکی ئەمڕۆدایە.

**ئەیووب مەروانیپوور، فیلمساز لە خووزستان:**
هەندێ جلوبەرگ کێشە و گرفت ساز دەکەن. بۆ نموونە جامانەی سوور هی سەربەخۆییخوازانە. ئێستا زیاتر جامانەی شین دادەنێن و ڕەش و سپی خۆمان یان سەوز کە هی سەیدەکانە، بەڵام سوور کێشەی لەسەرە.

**عەزیز نیعمەتی، شاعیر و زمانناس لە ورمێ (ئازەربایجانی ڕۆژئاوا):**
هەموو شت بە چاویلکەی سیاسییەوە دەبینین. ئەو کاتەی لە گۆڤاری سروە دەمانووسی زەرد، دەیانگوت مەبەستتان فلانییە. دەمگوت سوور، دەیانگوت مەبەستتان فیسارە. دەمگوت ئەی چی بکەین! هەموو شتیان ئاوا دەبینی و مەبەست و مانایان دەخستە پاڵ، ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە و ئەم ئاستەی هەستیارییە دەبێتە هۆی ئەوەیکە مرۆڤ هەستێکی ناخۆشی هەبێت.

ساڵنامە ناوچەییەکان و کەڵک وەرگرتن لە ژمارە و مانگە تایبەتەکان لەم ڕۆژژمێرانەدا و هەروەها لە وێژە و وتووێژە ئاساییەکان نموونەیەکی دیکەن لە پیشاندانی هێماکان وەک شوناسی تایبەت. لە ڕاستیدا بۆنە تایبەتەکان و دەربڕینیان وەک یەک لە شێوازەکانی دەربڕینی شوناسە تایبەتەکان (و لەم بابەتەدا شوناسە ئێتنیکییەکان) کەڵکێکی کەلتوورییان هەیە.

**سەید عەبدوسەلام مەحموودیان، زانا و چالاکی ئایینی لە سەردەشت (ئازەربایجانی ڕۆژئاوا):**
لە وتارەکانی نوێژی هەینیدا باسکردنی بابەتێکی ئێتنیکی و نەتەوەیی هێڵێکی سووری گرنگە و بۆ خۆم لەسەری لێپێچینەوەم لێ کراوە؛ تەنیا لەبەر ئەوەی کە لە وتاری نوێژی هەینیدا گوتم، بۆ نموونە ساڵی ٢٧١٧ی کوردی. وتیان تۆ بۆ کەڵک لە مێژووی کورد وەردەگری!

سەبارەت بە مافی «بەهرەمەندی لە جلوبەرگ» لە ماددەی یازدەیەمی پەیمانی جیهانیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان و ماددەی بیست و پێنجەمی ڕاگەیێندراوی جیهانی مافی مرۆڤ، جەخت کراوەتەوە. ماددەی یازدەیەمی پەیمانی جیهانیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان دەڵێت: «وڵاتانی نێو ئەم پەیمانە بۆ هەر تاکێک و بنەماڵەکەی مافی هەبوونی ژیانێکی گونجاو لەگەڵ پێوەرە قبوولکراوەکان کە بریتییە لە خۆراک، جلوبەرگی تەواو، خانوو و شوێنی نیشتەجێبوون و درێژەدان و باشترکردنی دۆخی ژیانە بە فەرمی دەناسێت» (میثاق

بین‌المللی حقوق مدنی و سیاسی، ١٩٦٦). ماددەی بیست و پێنجەمی ڕاگەیێندراوی جیهانیی مافی مرۆڤیش بەم جۆرە دەڵێت: «هەر تاکێک مافی ئەوەی هەیە کە ئاستی ژیان، تەندروستی و ئاسایشی خۆی و بنەماڵەی لە باری خۆراک، خانوو، جلوبەرگ و ئاگادارییە پزیشکییەکان و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییە پێویستەکان دابین بکات و هەروەها مافی ئەوەی هەیە کە لە کاتی بێکاری، نەخۆشین، کەمئەندامبوون، بێوەژنکەوتن، پیری و یان هەموو کاتەکانی دیکە کە لەبەر هۆکاری دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤ، ئامراز و پێداویستییەکانی ژیانی لەناوچووبن، هەلومەرجێکی گونجاو و ئابڕووداارانەی بۆ دابین بکرێت.» (اعلامیه جهانی حقوق بشر، ١٩٤٨)

نوانەی ٥-٣ و نوانەی ٦-٣ ئەم بابەتە لە ڕوانگەی نوخبەکان و خەڵکی ئاساییەوە پیشان دەدات. سەتا ٦٠,٩ی نوخبەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە لە ئێراندا پۆشەن و جلوبەرگ سنووردار نین و باوەڕی خەڵکی ئاساییش ڕێژەی سەتا ٤٤,٦ دەگرێتەوە. ئەڵبەت سەتا ٣٩,١ی نوخبەکان و سەتا ٣٤,٩ی خەڵکی ئاسایی لەسەر ئەو باوەڕەن کە مافی پۆشەنی ئازادانەیان لە ئێراندا نییە.




نوانەی ٥-٣: ڕێژەی سنووورداربوونی پۆشەن- نوخبەکان




نوانەی ٦-٣: ڕێژەی سنووورداربوونی پۆشەن- خەڵکی ئاسایی

## هێما نەتەوەیی و ئایینیەکان وەک هۆکاری یەکڕیزی

ئاڵای سێ ڕەنگی سەوز، سپی و سوور یەکێ لە هێما فەرمییەکانی وڵاتی ئێرانە. ئەم سێ ڕەنگە ئەگەرچی لەگەڵ تێپەڕینی کات کۆمەڵە گۆڕانێکیان بەسەردا هاتووە، بەڵام بەگشتی وەک خۆیان ماونەتەوە. سروودی نیشتمانی یەکێکی دیکە لە هێما سەرەکییەکانی وڵاتە جۆراوجۆرەکانە کە هەمووی وڵاتان ڕێزیان هەیە بەرامبەر بەم جۆرە هێماگەلە و هەر جۆرە بێ ڕێزییەک بەم هێماگەلە وەک بێ ڕێزی بەرامبەر بە نەتەوە و گەلی ئەو وڵاتە لێکدانەوە و شرۆڤەی بۆ دەکرێ. بۆیە ئەم هێما فەرمییانە وەک فاکتەرەکانی دیکەن کە دەتوانن گرووپە جۆراوجۆرە ئێتنیکییەکان پێکەوە کۆ بکەنەوە و ببنە هۆکاری یەکڕیزییان پێکەوە. کەچی دەستبەسەرداگرتنی ئەم هێمایانە بۆ قازانجی ئایدۆلۆژیک لە لایەن ڕژێمی کۆماری ئیسلامیەوە و خراپ بەکارهێنانیان وەک ئامرازێک بۆ پێشخستنی پەیام و ئامانجەکانییان، بووەتە هۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆری کۆمەڵگا بەتایبەتی ئەندامانی گرووپە ئێتنیکییەکان، هەست بە نامۆبوون و ناکۆکی لەگەڵیدا بکەن و بەرامبەری بێدەروەست بن یان تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا بە شێوازێکی ڕەمزی دژایەتیی بکەن. چونکە ئەم کەسانە پێیان وایە ئەم هێما و توخمانە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی و هیواکانیان ناکەن.

**باقر سەدری نیا، ئەندامی لیژنەی زانستی و مامۆستای زانکۆ لە تەورێز (ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات):**
ڕێورەسمە کۆنەکان دەبێ بگەڕێنەوە بۆ دۆخی ڕابردوویان. بۆ نموونە چوارشەممەسووری کە گۆڕدراوە و یا وەک عاشوورا کە هەڵسوکەوتی توندڕەوانە زەبری لە ڕەسەنایەتی ئایینی وەشاندووە. بەڵام بنەمای دابونەریتەکان بەشێکە لە شوناسی نەتەوەیی و یەکڕیزی نەتەوەیی.

**حوسێن محەمەدزادە، مامۆستای زانکۆ لە سنە (کوردستان):**
هەر وڵاتێک زمان و ئاڵا و هێمای خۆی هەیە و بە شێوەیەکی زۆر سروشتی، هاووڵاتی یەک وڵات کە یاساکانی وڵاتەکەی بەرچاو دەگرێ دانوستانیان لەگەڵ دەکات.

**عەبدولحەمید ئێرانـنەژاد، مامۆستای خانەنشین، چالاکی کەلتووری و لێکۆڵەر لە سیستان و بەلووچستان:**
پێوەندیی من لەگەڵیان (فارسەکان) وەک کەسێکی ئێرانییە کە ئەمانیش هاوزمان و هاوکەلتووری ئێمەن و ئێمە لە ژێر یەک ئاڵادا دەناسرێینەوە و هەمووی ئەمانە وەک هاووڵاتی دەناسین و ڕێزمان بۆ بیر و باوەڕیان هەیە.



وێنەی ژمارەی ٥-٣: وتووێژ لەگەڵ عەبدولحەمید ئێرانـنەژاد

هێمانێکی دیکە کە لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا لە جێگای هێما کەڵکی هەیە کەسایەتییەکانە، چ ئوستوورەیی و چ ڕاستەقینە، قارەمانانێک کە سەرمەشقن و یاد و بیرەوەرییان بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە مایەی شانازییە. ئەم کەسایەتییانە لە مێژوودا گەشت دەکەن و تەنیا تایبەتی یەک سەردەمی تایبەت نین. پێغەمبەری ئیسلام یەک لەو کەسایەتییانەیە. ئیمامە پیرۆزەکان، بەتایبەت ئیمامی عەلی و ئیمامی حوسێن، وەک گەورەترین کەسایەتییەکانن بۆ کۆمەڵگای شیعە؛ ئەمانە ئەگەرچی ئێرانی نین بەڵام شوێنکەوتووانیان وەک هێمای مەزنایەتی و بەخشندەیی دەیانناسن. وێڕای ئەم کەسایەتییانە، کەسایەتییە ئێرانییەکانن کە هەندێکیان تایبەتمەندیی ئوستوورەییان هەیە، وەک

پاڵەوانەکانی شانامە، و هەندێکی دیکە کە ڕاستەقینەن و لە سەردەمە جۆراوجۆرەکانی مێژووی ئێران، نموونەیان دەبینرێ.

**غوڵامڕەزا جەعفەری، چالاکی بواری ژینگە لە نەغەدە (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**
جێژنە نەتەوەییەکان و ڕێوڕەسمە نەتەوەیی-ئایینییەکان تێکەڵی ئێسک و پێستی خەڵک بووە. لە چوار دەیەی ڕابردوودا ویستیان هەندێکیان کاڵ بکەنەوە یان هەندێکیان تۆخ بکەنەوە، بەڵام نەیانتوانی. ویستیان ڕێوڕەسمی نەورۆز بسڕنەوە بەڵام سەرنەکەوتن.

بەڕێوەبردنی ڕێزلێنانەکان و ڕێوڕەسم و بۆنە ئایینییەکان لە درێژەی ساڵدا وەک جێژنە نەتەوەییەکان (وەک جێژنی کۆنی نەورۆز)، جێژنە ئایینییەکان (وەک لەدایکبوونی پێغەمبەر و جێژنەکانی قوربان و ڕەمەزان)، و ڕێوڕەسمە نەتەوەیی و ئایینییەکانی دیکە کە لە چوارچێوەی جوگرافیای نیشتمانیی ئێراندا شیاوی ڕێزن دەتوانن بەستێنی ئاشنایەتی و پێوەندی گرووپە ئێتنیکییەکان پێکەوە ئامادە بکەن.

کارکردی شوناس‌خولقێنی هەندێک لە هێما مێژوویی و کەلتوورییەکان، وەک: سەر بە یەک بنەماڵەی زمانی بوون، کەلتوری نەورۆز و جێژنە کۆنەکان، بە ڕادەیەکە کە جگە لە ڕۆڵی دابینکردنی یەکگرتوویی و هاوئاهەنگیی ناوخۆیی، بە بەزاندنی سنووری فەرمیی وڵاتان، دەبنە هۆی دروستبوونی جوگرافیای کەلتووری سەروونەتەوەیی و سەروئێتنیکی. جوگرافیای کەلتووریی نەورۆز یان ناوچەی کەلتووریی نەورۆز لە نموونەی دیاری ئەم هێمایانەیە. جوگرافیای جێژنی نەورۆز ئاماژەیە بۆ ئەو وڵات و ناوچانەی کە ئاهەنگی نەورۆز دەگێڕن؛ ئەمڕۆ جگە لە ئێران، نەورۆز لە هەرێمی کوردستانی عێراق، هیندستان، ئەفغانستان، تاجیکستان، ئۆزبەکستان، ئازەربایجان، ڕووسیا، کازاخستان، قرغیزستان، ئەلبانیا، تورکیا، تورکمانستان، سوریا، جۆرجیا، پاکستان و مەقدۆنیای باکوور بەڕێوەدەچێت. (سمرقندی، ١٣٩٣). کۆبوونەوەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٣ی شوباتی ٢٠١٠ لە چوارچێوەی مادەی ٤٩ی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە ژێر ناوی کەلتووری ئاشتیدا ٢١ی ئاداری وەک «ڕۆژی جیهانیی نەورۆز» دیاری کرد. (ایران منتظر تقاضای چین و مغولستان برای ثبت جهانی نوروز است، ١٣٩٧).

**مەنسوور ڕەحمانی، چالاکی بواری ئەدەبییاتی کوردی لە سنە (کوردستان):**
بەشێک لە جێژن و بۆنەکان وەک نەورزۆ و چوارشەممەسووری و هی دیکەی لەم چەشنە لایەنی هاوبەشی جوگرافیای کەلتووریی ئێرانن واتە بەلووچەکان، کوردەکان، فارسەکان، ئازەرییەکان. ئەمانە بێ گومان میراتی هەمووی ئەم ئێتنیکانەیە، بەشێک لە بۆنەکانی دیکە وەک جێژنی قوربان و ڕەمەزان و ... لە یەک لە سەردەمە مێژووییەکاندا هاتوونەتە نێو گۆڕەپانی کەلتووریی ئێران و بێ گومان ئەمانەش دەکەونە ڕیزی میراتە هاوبەشەکانی نێوان هەموو ئێتنیکەکان.

وەک باسمان کرد، هێما و دابونەریتەکان دەتوانن ببنە هۆی بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی. سەرچاوەی ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەیکە زۆرێک لە هەڵسوکەوت و کردارەکانی مرۆڤی نەریتی (لەسەر بنەمای خۆوخدە) دەگەڕێنەوە بۆ هەست و ئەم هێما و نەریتانەش دەتوانن دوو لایەنی هەڵسوکەوتی مرۆیی بخەنە ژێر کاریگەری. لە لایەکەوە دەبنە هۆی بنیاتنانی نەریتێک کە لە درێژەی مێژوودا دەمێنێتەوە و لە نەوەکانی دواتریشدا بەردەوام دەبێ و لە لایەکی دیکەشەوە هەر یەکە لەم نەریتانە و ڕووبەڕووبوونەوە لەم هێماگەلە هەستی نیشتمانپەروەری دەبزوێنن و هەستەکان هەڵدەقولێنن. بۆیە هێماکان و بۆنە و نەریتەکان وەک بەشێک لە پارچە پێکهێنەرەکانی یەکڕیزیی نەتەوەیی پێویست و گرنگن.

ئێران وڵاتێکە کە خەڵکەکەی خواستی جۆراوجۆری ئێتنیکی و ئایینییان هەیە. هەر بەم بۆنەوە، هێما ئاماژەپێکراوەکان لە لایەن گرووپە جۆراوجۆرە ئێتنیکی و ئایینییەکانەوە، شرۆڤە و گێڕانەوەی جۆراوجۆریان هەیە. دیارە کۆمەڵگای سوننەی ئێران -کە لە لێکۆڵینەوەی بەردەستدا بریتییە لە بەشێک لە پارێزگای خووزستان (عەرەبەکانی نیشتەجێی ئەم پارێزگایە) و پارێزگای کوردستان و چەند بەش لە پارێزگاکانی ئازربایجانی ڕۆژئاوا و کرماشان و هەروەها بەلووچستان- ناتوانێ لەگەڵ زۆرێک لەم هێما ئایینییانەی شیعە لە یەک ئاراستەدا بێت و هێمای وەک غەدیری خوم یان ناوەڕاستی شەعبان لەگەڵ چوارچێوەی هزری و ئایدۆلۆژیکیدا ناکۆکە. لە لایەکی دیکەوە، لە نێو ئەو کەسانەیدا کە باوەڕی ئایینییان هەیە ڕێوڕەسمی کۆنی وەک نەورۆز و چوارشەممەسووری و ڕێوڕەسمە نەتەوەییەکانی دیکە جێگەوپێگەیەکیان نییە. لەم بوارەدا پێڕەوانی ئەم تاقمە ئاماژە بە حەدیسێکی پێغەمبەر دەکەن کە تیایدا باس لەوە کراوە دوو جێژنی قوربان و ڕەمەزان جێگای جێژنەکانی نەورۆز و مێهرەگان بگرنەوە (نوری، ١٤٠٨ ه.ق، ١٥٣-١٥٤). پێڕەوانی ئەم ڕوانگەیە ڕیشەی ڕێوڕەسمی وەک نەورۆز و چوارشەممەسووری و سێزدەبەدەر دەگەڕێننەوە بۆ ئایینی

زەردەشتی و بۆیە بە پووچەڵی دەبینن. بەپێی وتووێژە ئەنجامدراوەکان دەتوانین بڵێین کە ڕوانگەی لەم چەشنە زیاتر لە نێو خەڵکی نیشتەجێی سیستان و بەلووچستان، عەرەبەکانی خووزستان و هەروەها ئیسلامگەرایانی کوردستاندا هەیە. بە واتایەکی دیکە لە ناوچە کوردنشینەکانی پێڕەوی ئایینزای سوننە کە بیرۆکەی ئایینی لەسەر بیرۆکەی ئێتنیکی زاڵ نییە، وەها ڕوانگەیەک تەنیا لە نێو چینێکی تایبەتدا دەبینرێت. بەهۆی لەپێشەوەبوونی شوناسی ئێتنیکی لە چاو شوناسی ئایینی و بەپێی مێژووی سیاسی ئەم ناوچەیە، ڕێژەی هاوئاراستەبوونی خەڵکی ناوچە کوردنشینەکان لەگەڵ هێما نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەکان لە چاو خەڵکی گرووپە ئێتنیکییەکانی دیکە کەمترە.

وەک ئاماژەی پێدرا؛ بەرزبوونەوەی ئاستی لێکترازانی نێوان حاکیمیەت و هاووڵاتیان، بەتایبەت گرووپە ئێتنیکی و ئایینییەکان، کاریگەری نەرێنی لەسەر ڕۆڵ و ئەرکی مێژوویی زۆرێک لە هێما نەتەوەیی و گشتییە بە فەرمی کراوکانی وەک: ئاڵای وڵات، سروودی نیشتمانی و تەنانەت هێما ئایینییەکانیش دەبێت. چونکە دەستبەسەرداگرتنی ئایدۆلۆژیکی ئەم هێمایانە لەلایەن ڕژیمەوە و بەکارهێنانیان لە پێناو گەیشتن بە ئامانج و مەبەستەکانیان کە لە گەڵ بەرژەوەندیی نەتەوەیی و گشتیدا ناکۆکە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵک لە ڕێگەی کەمتەرخەمی و تەنانەت دژایەتیی هێما نەتەوەیی و ئایینیە زەوتکراوەکان، ناکۆکیی سیمبۆلیکی خۆیان بەرامبەر بە ڕژیم دەربڕن؛ بێڕێزی‌کردن بە سروودی نەتەوەیی، یان تەنانەت ئاڵا و لە هەندێک حاڵەتیشدا سووکایەتی بە پاڵەوانە نەتەوەییەکانی لایەنگری حکوومەت، چەند نموونەیەک لەوانەن. لە لایەکی تریشەوە کۆمەڵگا لە کردارێکی ڕەمزیدا هەندێک هێمای کەلتووریی بێلایەن و ناسیاسی لە ڕێگای واتابەخشیی نوێوە، دەکاتە ئامرازێک بۆ دژایەتیکردنی دەسەڵات. گۆڕینی ڕەنگی ئایینیی کەسک کە لە کەلتوری ئیسلامیدا ڕەمزی سیادەتە، بۆ ڕەمزی بەرەنگاربوونەوەی ڕژیم لە سەردەمی بزووتنەوەی کەسکی ساڵی ٢٠١٨/١٣٨٨دا، نموونەیەکی ڕوونی ئەم کردەوانەیە. لە نێو کەلتووری ئێتنیکیشدا، مەراسیمی ئاهەنگگێڕانی نەورۆز لە کوردستان ڕەنگێکی تەواو سیاسی و خەباتکارانەی لە خۆ گرتووە.

**غوڵامڕەزا جەعفەری، چالاکی بواری ژینگە لە نەغەدە (ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات):**

ئەگەر بمانەوێ پێناسەی کەلتوور بکەین ئەو شتانەیە کە مرۆڤ لە گەڵیاندا دەژیت. مرۆڤ لەگەڵیان کار دەکات. زەواجکردنی بەپێی ئەو شتانەیە. کەلتووری هەر ئێتنیکێک لای ئەو ئێتنیکە نرخ و بەهای هەیە. زۆرینەی ئەم کەلتوورانە بەدەست دەهێنرێن کە لە باب و باپیرانمانەوە پێمان گەیشتووە و پاشماوەکەشی لە ڕێگای دەقە مێژووییەکان و خوێندنەوەکانمانەوە دەست خراون.

## سنووره کەلتوورییە نێوان ئێتنیکییەکان

زۆرینـەی تیـۆری و ڕوانگە کۆمەڵناسـیەکان سـەبارەت بـە چەمکی ئێتنیک، جەخت لەسـەر گرنگی لایەنـە کەلتـووری و نەریتییـەکان دەکەنـەوە لە بنیاتنانی شوناسـی ئێتنیکیدا و پێیـان وایە کە ئێتنیک لـە پلـەی یەکەمدا دیاردەیەکـی کەلتوورییـە، هـەروەک شـیلیا کرۆچـەر[1] ئێتنیـک وەک کۆمەڵێـک خەڵکـی خـاوەن نیـاک و ویسـتەکەلتووریيە هاوبەشـەکانی وەک زمـان، دابونەریـت و پێوەندیـی خزمایەتی و تایبەتمەندیی جەسـتەیی پێناسـە دەکات (Croucher, 2004). لە شـیکردنەوەی سـنووره کەلتوورییـە نێـوان ئێتنیکییەکاندا، کەلتوور بە مانای توخم و پـاژە پێکهێنەرەکانی لەبەرچاو دەگیرێت، کـە بریتیـە لـە بەرهـەم و دەسـتکەوتە مرۆییـەکان لـە درێژایـی مێـژوودا و وەک ئێـدوارد بارنێـت تایلـۆر[2] دەڵێـت: کۆمەڵەیەکـی تێـکالاوە لـە زانسـت، ئاییـن، هونـەر، ئـەخلاق، داب و نەریت و هەرجـۆرە توانا و خوویـەک کـە مـرۆڤ وەک ئەندامێکی کۆمەڵگا بەدەسـتی دێنێت (آشـوری، ١٣٥٧، ٣٩). لەم ڕووەوە، کەلتـوور و نەریتـە مێژوویـەکان یـەک لـەو فاکتـەرە گرنگانەیـە کـە گرووپـە ئێتنیکییـەکان لێـک جودا دەکاتـەوە و لەسـەر ئـەم بنەمایـە، گرووپە ئێتنیکیـەکان بە دەوری یەکـدا کۆ دەبنەوە و لـە نێوان خۆیان و ڕابردوویانـدا پەیوەنـدی چـێ دەکـەن. پۆشـەن، مۆسـیقا، ڕازاندنـەوەی جەسـتە و هتـد لـەو بابەتانەن کـە تاکـەکان هـەوڵ دەدەن لەسـەریان کەمتەرخەم نەبن و لە ڕێگای پیشـاندانیانەوە شوناسـی خۆیان بخەنـە بـەر چـاو و خۆیـان لـەو ڕێگایـەوە لە گرووپـە ئێتنیکییە کانـی دیکە جـودا و جیـاواز بکەنەوە.

> **غوڵامـڕەزا جەعفـەری، چالاکـی بـواری ژینگـە لـە نەغـەدە (ئازەربایجانی ڕۆژهـەڵات):**
>
> ئەگـەر بمانـەوێ پێناسـەی کەلتـوور بکەین ئەو شـتانەیە کـە مرۆڤ لـە گەڵیاندا دەژیـت. مـرۆڤ لەگەڵیـان کار دەکات. زەواجکردنـی بەپێـی ئـەو شـتانەیە. کەلتـووری هـەر ئێتنیکێـک لای ئـەو ئێتنیکە نـرخ و بەهای هەیـە. زۆرینەی ئەم کەلتوورانـە بەدەسـت دەهێنرێـن کـە لـە بـاب و باپیرانمانـەوە پێمان گەیشـتووە و پاشماوەکەشـی لـە ڕێـگای دەقە مێژووییـەکان و خوێندنەوە کانمانەوە دەست خراون.

تـەوەری سـنووره کەلتوورییـە نێـوان ئێتنیکییـەکان، سـەردێڕ و چەمکەکانـی خـوارەوە لـە خـۆ دەگرێـت. لـە ژێـر مانشـێتی «شوناسـی ئێتنیکی، نەریـت و مۆدێرنیتە» هـەوڵ دەدرێ تا لـە لایەنێکەوە ڕێـژەی دەمارگرژیـی گرووپـە ئێتنیکییە کانـی لێکۆڵینەوەکـە و ڕۆڵ و دەورێـک کە نەریتـە مێژووییە کان لـەم پێناسـە کردنەوەی دووبـارەدا هەیانبـووە تاوتـوێ بکرێـن و لە لایەکـی دیکەشـەوە کاریگەرییە کانی

---

1. . Sheilia L. Croucher
2. . Tylor, Edward

نوێخوازی لە سەر شوناسی ئێتنیکی و ئاراستەی تێفکرینی ئەندامانی گرووپە ئێتنیکییەکان هەڵبەسەنگێندرێت. بابەتی «زمانی دایکی» و ڕێژەی دەمارگرژی و پێداگریی لەسەری، یەک لەو بابەتانەیە کە سنووری نێوان گرووپە ئێتنیکییەکان دەردەخات. «چەمکی ئۆمەت» یەک لە فاکتەرەکانی دیکەیە کە دەتوانێ فاکتەری جوداکەرەوەی تاکەکان لە یەک بێت. ئەم چەمکە دەستەواژەیەکی ئیسلامییە کە بەپێی ئایەتەکانی قورئان، شوناسبەخشی کۆی کۆمەڵگای ئیسلامییە، بەدەر لە هەر چەشنە زمان، نەژاد، ڕەنگ و شتەکانی دیکە و لەم لێکۆڵینەوەیەدا، ئەم بابەتە کە گرووپە ئێتنیکییەکان تا چەندە لەسەر ئەم دەستەواژە پێداگرن، تاوتوێ دەکرێ. بە واتایەکی دیکە ڕێژەی هەڤیازیی ئەم چەمکە لەسەر چەمکەکانی ئێتنیس و نەتەوایەتی لە زمانی خەڵکی کۆمەڵگاوە تاوتوێ دەکرێت. لە زۆرێک لە ناوچەکانی ئێران وەک ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوای ئێران حەشیمەتی تورک-کورد یان لە باشووری ڕۆژئاوای ئێرانی حەشیمەتی عەرەب-فارس- لور و هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی ئێرانیشدا حەشیمەتی بەلووچ و سیستانی دەبینین کە ئەم گرووپە ئێتنیکییانە پێکەوە دەژین و پێکهاتەیەکی کەلتوورییان هەیە کە تانوپۆیان تێکەڵاوی یەک بووە. بابەتی ڕەسەنایەتی کەلتوور بۆتە هۆی ئەوەیکە هەر یەکە لەم گرووپانە خۆی وەک خاوەن و خەڵکی خۆماڵیی سەرەکی ئەم ناوچانە ببینێ و کەسانی دیکەی پێ کۆچەر بێت و بۆیە بانگەشەی خاوەندارێتی ئاو و خاکەکەی هەبێت. لە مانشێتی «جوگرافیای ئێتنیکی و شوناسی نیشتمانی»دا ئەم بابەتە لە ڕوانگەی گرووپە ئێتنیکییەکانی لێکۆڵینەوەکەوە تاوتوێ دەکرێت. لە ئەنجامدا پرسی کۆتایی تەرخان کراوە بە سنوورە سیاسییەکانی ئێستا لە چوار سووچی ئێران کە بەو پێیەش مەودا کەوتۆتە نێوان گرووپە ئێتنیکییەکان کە لە ڕابردوودا پێکەوە ژیاون. لە بەشی کۆتاییدا، پێوەندیی ئێستای نێوان ئەم گرووپە ئێتنیکییانە و ڕۆڵی سنوورە سیاسییەکان تاوتوێ دەکرێت.

### شوناسی ئێتنیکی، نەریت و مۆدێرنیتە

لە کۆمەڵگا نەرتییە پێش‌مودێرنەکاندا، ئەو تایبەتمەندییانەی دەخرانە پاڵ مرۆڤ، فاکتەر و هۆکاری سەرەکی شوناسبەخش و شوناسساز هەژمار دەکران. تایبەتمەندی وەک نەژاد، ئێتنیسیتە، ئایین، عەشیرە و بابەتەکانی دیکە وەک ئەو شتانەی هەژمار دەکران کە ژیانیان بەگشتی بۆ کەسێک واتا دەکردەوە و تێگەیشتنێکیان لە جیهان پێ دەبەخشی، بابەتگەلێک کە پیشان دەدەن لەو کاتەدا تەنیا نەریت بووە کە ئێتنیسیتەی دیاری کردووە. شوناس لە کۆمەڵگەی نەریتیدا بابەتێکی لەپێشینە و داسەپاوە لە لایەن نەریتەوە و تاکەکان دەستێوەردانێکی ئەوتۆیان تێدا نەبووە. بەڵام مۆدێرنیتە لە ڕێگای بەپرسکردنی شوناسەوە، کردوویەتی بە شتێکی هەمیشەیی کە دەبێت لە ڕێگەی ژیانی ڕۆژانەوە بەرهەم بهێنرێت و نوێ ببێتەوە و تەنانەت بگۆڕدرێتیش. بۆیە لە مۆدێرنیتەدا شوناس بووەتە بابەتێکی هەڵسازراو (هدایتی، ١٣٩٢).

**پیاوێکی تەمەن ٣٦ ساڵی تاڵەقانی، نیشتەجێی کەرەج:**
لەسەر نەریتەکان، ڕابردوو هیچم بەسەردا ناسەپێنێ. بۆ نموونە خۆم هەڵمبژاردووە کە ڕێزی باوک و دایکم بگرم و ئەمە پێوەندی بە نەریتەکانەوە نییە. یان بەو جۆرەی پێم خۆشە جلوبەرگی خۆم هەڵدەبژێرم. لەگەڵ ئێتنیکەکانی دیکەش ئاشنایەتی زۆرم نییە. بەڵام هەموو مرۆڤین و هیچ جیاوازییەکمان پێکەوە نییە.

**ئەمیر شاهید، پسپۆڕی مێژووی ئێرانی پاش ئیسلام لە ئەسفەهان:**
من بەرهەمی بنەماڵەم نیم. من پەروەردەکراوی تاران نیم. پەروەردەکراوی ئێرانیش نیم. ئێران هەبوونی دەرەکی نییە و بەشێکە لە کۆی گۆی زەوی. ئێمە چیدی دیوار و سنوورمان نییە... فکر و ئەندێشەکانی منیش ئێرانییە. من پەروەردەکراوی کۆمەڵگایەکم کە سنووری نییە. من بە دوگمەیەک پێوەندی لەگەڵ زانکۆی سوئید دەکەم و ناتوانم بڵێم کە ئەم زانکۆیە لە ژیانی مندا ڕۆڵێکی نەبووە و باپیرم لە ژیانمدا ڕۆڵی هەبووە. من بڕوام بە شتێک بە نێوی ئێتنیک نییە. ئێتنیک پێناسەی کلاسیکی خۆی هەیە؛ واتە باپیری هاوبەش، کردار و هەڵسوکەوتی هاوبەش، زمان و جلوبەرگی هاوبەش و ئایینی هاوبەش... ئەمانە چیدی لە هیچ جێگایەکی ئێراندا بوونیان نەماوە.

لە مودێرنیتەدا، شوناس وەک خۆی، بۆتە پرس، ئامانج و پرۆژەیەک. جیهانی ئەمڕۆ جێگایەکە کە لەگەڵ کاڵبوونەوەی سنوورە سیاسی و ئابوورییەکان، پێوەندییەکانی گەشە پێداوە و کارلێکی کەلتوورەکانی زیاد کردووە و کۆمەڵ و ڕێکخراوەکان لە ڕێگای پێکهاتە نوێکانی زەمەن-فەزاوە لە سنوورە نەتەوەییەکان ڕۆشتوونەتە دەرێ.

**محەمەدعەلی دانشگەر، دەرهێنەری شانۆ لە سمنان:**
مودێرنیتە هەندێ گۆڕانکاری هێناوەتە گۆڕێ و ئێمە لە ئێران لەم بوارەدا تووشی جۆرێک سەرلێشواویی شوناسی هاتووین.

لەم جیهانەدا، شوناس پرسێکی تەواو زاتی نییە، بەڵکوو هەمیشە بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی تەوش و خەریکی پێکهاتنە. شوناس بابەتێکە کە پێوەندی بە واتاوە هەیە و چونکە واتا سروشت و زاتی شتەکان نییە بەڵکوو پێوەندییەکی ڕێککەوتنییە، بۆیە دەتوانین بڵێین کە شوناسیش بەردەوام گرێبەست و داهێنانە، بەردەوام تا ڕادەیەک هاوبەش دەکرێت و تا ڕادەیەک لەسەری چۆن و بۆچی

دەکرێت (جنکینز، ١٣٨١، ٦).ئەو شتەی کە لەم پێوەندییەدا گرنگە ئەوەیە کە ئێستا کە مرۆڤەکان بۆ دووبارە پێناسەکردنی ئێتنیسیتەی خۆیان ئازادییان پێ دراوە و بەردەوام تیایدا گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، تا چ ئاستێک بۆ پێناسەکردنی ئێتنیسیتە جەخت لەسەر تایبەتمەندییە نەریتییەکان دەکەنەوە. بەپێی دەسکەوتەکانی ئێمە، کەسانی فارس زمان بۆ پێناسەکردنی بنەمای شوناسیی خۆیان زیاتر ڕوانگەی جیهانی و سەرووناوچەییان هەیە و لەسەر ئەو باوەڕەن کە لە جیهانی ئەمڕۆدا ناکرێ بەپێی تایبەتمەندییە نەریتییەکان بۆ خۆت شوناس بدۆزیتەوە.

**ئەکبەر یادگاری، شێوەکار، نووسەر و دەرهێنەری شانۆ لە سمنان:**
چ جیاوازییەکی هەیە؛ مرۆڤ لەسەر پانتاییەک کە ناوی جهانە دەژیت و هەر ڕووداوێک ڕوو بدات بۆ هەموو جیهان ڕوو دەدات. بۆیە من نابێ خۆم وەک شوناسێک لە جێگایەکی دیکە جودا بکەمەوە.

**ڕەحیم مووسەوی، خانەنشین و دەرهێنەری شانۆ لە سمنان:**
جلوبەرگی باب و باپیرانمان لەبەر ناکەین، پیشە و کاری ئەوانمان نییە و ئەمانە دەبنە هۆی دوورکەوتنەوە لەو کەلتوورە... ئێمە ناتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە لە کۆمەڵگایەکی مودێرندا دەژین بەڵام تێفکرین و بیرکردنەوەی ئێمە مودێرن نییە. جلوبەرگ و کار و پیشەی من و شێوازی زەواج و لە هەموو گرنگتر، گۆڕانی زمانی ئێمە پیشاندەری ئەوەن کە وەک باب و باپیرانمان نین. جیهانگیرییش کاریگەر بووە، شتێک وەک ئینتەرنێت هاتۆتە نێوژیانەوە.

زۆرێک لەسەر ئەو باوەڕەن کە مودێرنیزم هێرشێکی هەمەلایەنە بۆ سەر لایەنە سەمبولیکەکانی نەریت و ڕێوڕەسمەکان، ئایین، تایبەتمەندییە کەلتوورییە ئێتنیکی و ناوچەییەکان و هتد بوو کە شوناسی سۆبژەی پێش مودێرنیان پێناسە دەکرد. لە لایەکی دیکەوە، کۆمەڵێک وەک ڕابێرتسۆن[1] لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئێمە، لە گۆڕەپانی جیهانگیریدا، بەهێزبوونی شوناسە ناوچەییەکان دەبینین لەگەڵ گەشە و پەرەسەندنی جیهانیدا. ناوبراو ئەمەی وەک دامەزرانی «جیهانی-ناوچەیی» ئاماژە پێداوە (کیانی، ١٣٨٠، ٢٩). لە وەها جیهانێکدا، ئەو بزووتنەوە و ئێتنیسیتانەی کە تا دوێنێ ڕێگای دەربڕینیان نەبوو ئەمڕۆ بە خێراییەکی بەرچاووە خۆیان دەردەخەن. ئەم شوناسانە مێژووی شاراوەی خۆیان دووبارە دەدۆزنەوە و لە کۆتاییەوە بۆ سەرەتا دەیگێڕنەوە. بەو بابەتەیان زانیوە کە مێژوویەکیان هەیە و دەتوانن بیگێڕنەوە، چونکە قەت دەرفەتی گێڕانەوەی مێژووی خۆیانیان نەبووە. شوناسە پەراوێزییەکان لە هەوڵ

1. .Robertson

و تێکۆشان بۆ دۆزینەوەی ڕیشە و ڕەچەڵەکەکانی خۆیان هەوڵی بەدەستهێنانی جێگەوپێگەیەکیان هەیە بۆ دەربڕینی خۆیان لە ڕێگای مێژووی شاراوەیانەوە. هال[1] پاش ئاماژەدان بەوەی کە ئەم مەیل و داواکاری و خواستە بۆ ڕیشە و ڕەچەڵەکەکان و بەدەستهێنانی پێگە هەمان چەمکی «ئێتنیسیتە»یە، وەک جێگەوپێگەیەک بە بۆشاییەکی پێویستەوە ئاماژەی پێدەدات کە ڕێگای لێدوان بۆ خەڵک خۆش دەکات. ئەم بابەتە قۆناغێکی گرنگە لە سەرهەڵدان و گەشەکردنی هەمووی بزووتنەوە ناوچەیی و پەراوێزییەکان کە لەم بیست ساڵەی دواییەدا، واتە پاش دۆزینەوەی دووبارەی ئێتنیسیتەکانیان، وێنە و دیمەنێکی دیکەیان ئاراستە کردووە (هال، ١٣٨٣، ٢٥٧). ئەو پرۆسانەی کە ئەمڕۆ و لەم پێوەندییەدا لە ئارادان لە ڕێگای دووبارەسازکردنەوەی زەمەن و شوێن، بەزاندنی سنوورەکان و پەرەپێدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە هۆی لاوازبوونی سەرچاوە نەریتییەکانی شوناسسازی. لە وەها دۆخێکدا، شوناسە ناوچەییەکان تووشی زەبر و خەساری شوناسی دەبن و چونکە «شوناس سەرچاوگەی واتا و ئەزموونە بۆ خەڵک» (Castells, 2011)، خەڵک ناتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر لە هەلومەرج و دۆخی خەساردەردا بمێننەوە. بۆیە نۆژەنکردنەوەی شوناس دەبێتە دیاردەیەک کە نابێ لێی دوور بنەوە و حاشاهەڵنەگرە. هەر لەم پێوەندییەدا، تیۆریدانەرانی وەک خووندکر (٢٠٠٥، ١١) و ڕۆدمێتۆدۆف (رومتودوف، ٢٠٠٣، ٣٧؛ ٢٠٠٥، ١١٣) لەسەر ئەو باوەڕەن کە لە ڕاستیدا، جیهانی-ناوچەیی دەگەڕێتەوە بۆ ئەگەر و ڕێگای پێکەوەژیان و دیالکتیکی پارچە جیهانی و ناوچەییەکان کە لە ڕێگای ئەم پرۆسانەوە هاتوونەتە ئاراوە. بۆیە ئەمڕۆ دەتوانین لە باتی یەک شوناسی تاقانە و تۆکمە باس لە شوناسە چەندڕەهەندییەکان بکەین. بە باوەڕی ڕابێرتسۆن، هێزە تێکەڵکار و هاوشێوەسازەکان تەواوکەری هێزە جیاوازیساز و جوداکەرەوەکانن (Robertson & Lechner, 1985, 103-105). بەم جۆرە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەمڕۆ ناتوانین لە یەک مودێرنیتەی تاقانە بدوێین چونکە ئێمە پێکهاتنی مودێرنیتە جیهانی-ناوچەیی دەبینین کە لەسەر داڕێژە جۆراوجۆر و خۆماڵیکراوەکان بۆ گەیشتن بە گەشە و پەرەسەندن جەخت دەکەنەوە.

**کچێکی تەمەن ٣٠ ساڵان، دیزاینەری گرافیک لە تاران:**
چاو لێکەن هەم نەریتەکان و هەمیش کەلتوورەکان کاریگەرییان هەیە و هەم ئەو شتانەی کە بۆ خۆم ئێستا بەپێی بیرکردنەوە و ئایدیالەکانم پێم باشترن. لە ڕاستیدا پێم وایە مرۆڤی ئەمڕۆ هەر ئەمەیە؛ هەم نەریتەکان کاریگەری دەخەنە سەر و هەمیش بەها و بایەخە تاکەکەسی و جیهانییەکان و ... .

لە ئێرانی سەد ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەت لە سەردەمی پەهلەوی یەکەم و دووهەمدا، بۆ ئاسیمیلەکردنی کۆمەڵگاکان هەوڵی زۆر لە بواری گوتاری ناسیۆنالیزم و حاشاکردنی نەریتی گرووپە ئێتنیکییەکان خراوەتە گەڕ. ڕەزاشا لە چوارچێوەی هاوشێوەکردندا، خەڵکێکی زۆری لەم

1. Hall

کۆمەڵگایەدا ناچار کردووە پۆشەن و جلوبەرگی سونەتی و ناوچەیی خۆیان فڕێ بدەن و جلوبەرگی بیانی لەبەر بکەن. لەم چەند دەیەی ڕابردوودا، ئەم گێڕانەوە تۆکمە و یەکپارچە بەلاوە نراوە و گرووپە ئێتنیکییە جۆراوجۆرەکان، وێڕای قبووڵکردنی بنەمای شوناسی نەتەوەیی، گەڕاونەتەوە بۆ دابونەریتەکانی خۆیان. لە لایەکی دیکەوە، گرووپە ئێتنیکییە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ شێواز و ستایلی ژیانی خەڵکی جیهان ئاشنایەتییان پەیدا کردووە. لە بواری مادە خۆراکییەکانەوە لەگەڵ زۆر خواردنی ڕۆژئاوایی ئاشنا بوونە و کەڵکیان لێ وەردەگرن. لە بواری پۆشەن و جلوبەرگەوە بەپێی زۆر لە نموونەکانی کەلتووری ڕۆژئاوایی هەڵسوکەوت دەکەن و بۆینباخ و پاپیۆن دەبەستنەوە، کایە ڕۆژئاواییەکانی وەک بیلیارد دەکەن، مۆسیقای پاپ و ڕاک و جاز دەبیستن. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، تێڕوانینێکی تایبەتیان بە ژیانی ڕەسەن و خۆماڵیی خۆیان هەیە و لەسەر ئەو باوەڕەن کە تێکەڵی ئێسک و پێستیان بووە و ناتوانن بە ئاسانی بەلاوەی بنێن. لە ڕاستیدا دەکرێ بڵێین کە بە شێوەی تێکەڵاو هێما ئێتنیکی، نەتەوەیی و جیهانییەکان بەرچاو دەگرن. دەسکەوتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەش ئەم شتەیان پشتڕاست کردۆتەوە.

**کەتایوون ڕیاحی، ئەکتەری سینەما لە تاران:**
من سەتا ٤٠ی دابونەریتەکان وەک پێشینانمان بەرچاو دەگرم، بەڵام بە هەر حاڵ باوەڕە تاکەکەسییەکانم کاریگەرییان لەسەری هەیە.

**مەلا ئەحمەد بارامی، چالاکی ئایینی-کۆمەڵایەتی و نوێنەری پێشووی پەڕلەمان لە جوانڕۆ (کرماشان):**
بڕوام وایە کە بنەمای هەر نەتەوەیەک ئەوەیە کە هەموو دابونەریتەکانی ئێتنیکەکەی بپارێزێ و ئەم شێوازە ژیانە درێژە پێبدات و خۆی بناسێنێتە نەتەوەکانی دیکە. لەبەرچی خاتوون «بینەزیر» وەزیری وڵاتێکی ١٩٠ ملیۆن کەسییە و بە جلوبەرگی پاکستانییەوە دێتە تاران و هیچ کێشەوگرفتێکی نییە؟ لەبەرچی «ئەشرەف غەنی زی» جلوبەرگی وەک خەڵکی ئاسایی وڵاتەکەیەتی؟ لەبەرچی حاکمانی ئێران هەر بەو جلوبەرگەی هەیانە و لە حوجرە و حەوزە علمییەکاندا بەبێ هیچ بەرپرسایەتییەک دەژین و هێشتا ئەم جلوبەرگەیان پاراستووە؟ بۆچی من نابێ جلوبەرگ و دابونەریتی ئێتنیکی خۆم بپارێزم؟ لە حاڵێکدا کە مایەی شانازی و شوناسی نەتەوەیی منە.

بەم پێیە کۆمەڵێک لە سەردەمی نوێدا هێشتا لەسەر پاراستنی دابونەریتە خۆماڵی و ناوچەییەکانی خۆیان، لە تەنیشت نیشانە و نموونەکانی مودێرنیتەدا کە پشتگوێ خستنیان نامومکینە، سوورن و

کۆمەڵێک لەسەر ئەو باوەڕەن کە لە سەردەمی نوێدا و لە پرۆسەی جیهانگیریدا، چیدی ناکرێ بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی شوناسی خۆت جەخت لەسەر هێما خۆماڵییەکان بکەیت.

وەک کۆتاییەک بۆ ئەم بەشە، دەتوانین بڵێین نەریت و مۆدێرنیتە لە نێو ئێتنیکەکانی ئێراندا، چەندین چەشنی جیاوازی هەڵوێست و کرداری ئافراندووە، کە بە گشتی بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەبن: فارسی زمان و ئێتنیکەکانی دیکە. ئەو فارس زمانانەی توێژینەوەیان لەسەر کراوە زیاتر «ئێمە»ی شوناسیی خۆیان لە دەرەوەی هەرێمە ناوچەیی و نەریتییەکان پێناسە دەکەن، بۆیە هەمان تایبەتمەندییە کەلتووری-ئێتنیکییانەی کە لەسەر ئێتنیکەکانی دیکە ڕاستن، ناکرێ بۆ ئەمانیش دەکار بهێنرێن و لە چوارچێوەی یەک گرووپی ئێتنیکیی تایبەت پێناسەیان بکەیت، بۆیە لە زۆرینەی بابەتە ئاماژەپێکراوەکانی ئەم بەشە، لە باتی ناوهێنانیان وەک گرووپی ئێتنیکییەتی، لە دەستەواژەی فارس زمانەکان کەڵک وەردەگرین. بە پێچەوانەی فارس زمانەکان، بازنەی «ئێمە»ی شوناسیی کەسانێک کە بەشێکن لە گرووپە ئێتنیکییەکانی کورد، تورک، بەلووچ و عەرەب چکۆلەترە و بۆ خەڵکی ئەم گرووپانە، سەرەڕای قبووڵکردنی هێما و نیشانەکانی سەردەمی نوێ، هێشتا ئەو دابونەریتانە یەکەمایەتییان هەیە کە نەریتین و بۆیە پاراستنی ڕوانگە نەریتی و مێژووییەکان لە نێو ئەم گرووپانەدا خاڵێکی بەرچاو و کە جیاوازییە نێوان گرووپییەکان بە ڕوونی دیاری دەکات. گرووپە ئێتنیکەکان لە سێبەری دەرفەت و هەلومەرجی ژیانی سەردەمی مۆدێرندا، شێوازگەلی نوێی وشیاریی بەکۆمەڵ و گۆڕینی شوناسیان بەدەستهێناوە، کە نەک هەر تەنیا نەبووەتە هۆی سڕانەوەی شوناسی ئیتنیکی، بەڵکو فۆرمە پەسیڤ و تەقلیدییەکانی شوناسی ئێتنیکیی نەریتیی لە سیمای نوێی شوناسی ئێتنیکیی چالاک و خۆئاگا و داخوازیکاردا بەرهەمهێناوەتەوە.

**محەممەد جەماڵەدین واژی، لێکۆڵەری ئایینی و کارناسی کۆمەڵناسی، لە پەسوێی پیرانشار (ئازەربایجانی ڕۆژئاوا):**
شوناس بابەتێکە کە تا زیاتر هەڕەشەی لێ بکرێت، زیاتر زەق دەبێتەوە. ئەو هەستیارییەی کە کەمینەکان لە سەردەمی ڕەزاشادا سەبارەت بە جلوبەرگی ئێتنیکی خۆیان هەیانبوو وەک یەکێک لە دەرکەوتەکانی ئەو شوناسەی کە بەربەرەکانەی دەکرا، لە قۆناغەکانی دواتردا کەم بایەختر بوو. جیاوازییەکیش لە سروشتی هەڕەشەکاندا نییە، ئەمڕۆ جۆری هەڕەشەکان زیاتر جیهانی و شاراوەن تا ناوچەیی و ئاشکرا، بەڵام هێشتا دەبێتە هۆی هەستیاری و جەختکردنەوە لەسەر پاراستنی تایبەتمەندییەکان. هەر لەبەر ئەم هۆکارە سروشتییە کە بۆ نموونە کورد و تورک و بەلووچ لە ئێراندا هەستیارترن بەرامبەر بە تایبەتمەندییەکان لە چاو فارسی زمانەکان کە هەست بە مەترسی بۆ سەر شوناسی خۆیان ناکەن. هەستیاریی ئێمەی کورد لەسەر تایبەتمەندییەکانمان لەبەر ئەوەیە کە شوناسمان لە هەر شوێنێک کە دەژین لە مەترسیی ئاسیمیلەکردندایە، چونکە جیا لە هەڕەشەی ناڕاستەوخۆی جیهانگەرایی بەرامبەر بە وردە کەلتوورەکان، هەڕەشەی ڕاستەوخۆی گەلانی زاڵ بەسەر خاکەکانمان واتە فارس، تورک و عەرەبیش هەست پێدەکەین.

## ڕۆڵی زمانی دایکی

زمان لە گۆڕەپانی تێگەیشتنی باودا، وەک سیستەمێکی پێکهاتوو لە نیشانە و هێماکان ناسراوە کە ئیمکانی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی پەیام لە نێوان ئاخێوەرانی کۆمەڵگەیەکی زمانیدا دەڕەخسێنێت (نجفی، ١٣٥٠)، ئەم پێناسەیە بۆ زمان کە بە شێوەیەکی سەرەکی جەخت لەسەر ئەرکی پەیوەندیدان دەکاتەوە، دەرهاویشتەی پێناسەیەکی نەریتییە کە زمان لە ڕوانگەی ئامرازییەوە دەبینێت. لە کاتێکدا زمان خاوەنی سروشت و کۆمەڵە ئەرکێکی هێندە هەمەچەشن و قووڵە کە بە بڕوای زۆرێک لە کۆمەڵناسانی زمان و لێکۆڵەرانی کەلتوور، بە توخمی سەرەکی و کۆڵەکەی بنەڕەتیی کەلتووری کۆمەڵگاکان دادەنرێت. لە واقیعدا زمان نوێنەی «نەزمێکی جەماوەری» دەکات، بەتایبەتی «نەزمێکی واتایی» و جیهانێکی نێوان زەینی و مێژوویە و جیهانێک لە وشیاری، مەعریفە، کەلتوور، پێوەندی، هەست، کردار، ئەزموون، هەڵسازراو، پێکهاتە و دەسەڵات نوێنەرایەتی دەکات. زمان هەم کۆگای زانین و بەهاکانی گرووپێک یان نەتەوەیەکە و هەم ڕێگەیەکە بۆ پاساوهێنانەوە و ئیستدلالکردنیان. گرووپە مرۆییەکان بە زمان و لە زماندا حەقیقەت و «ڕژێمەکانی حەقیقەت» پێناسە و دیاری دەکەن و بە جیهان و ژیان و پەیوەندییەکانیان مانا دەبەخشن، یان بە پێچەوانەوە جیهان

و ژیـان و حەقیقەتـەکان دەگـۆڕن و بنیاتـی دەنێنـەوە. کەواتـە زمـان «کۆگایەکـی خـاوەن پێکهاتە»یـە کـە تێیـدا وشـیاری، بیرکردنـەوە، هەسـت، کـردەی بەکۆمـەڵ، ئەزمـوون و ڕووداوەکانـی گرووپێـک یان گەلێـک و نەتەوەیـەک کەڵەکـە دەبـن (محمدی، ١٣٩٨). وەهـا کارکردێکی قووڵ و مانـادار لە هەردوو بـواری تاکەکەسـی و جەماوەریـدا زۆرجـار بـەو زمانـە ئەنجـام دەدرێت کە مرۆڤ پرۆسـەی قسـەکردن و بیرکردنـەوە و کۆمەڵایەتیکردنـی پـێ دەسـتپێدەکات، کە ناوی ناوە «زمانی دایکـی» [1]، «زمانی خۆجێی»[2] یـان «زمانـی یەکـەم» [3] (Bloomfield, 1984). سـەرەڕای ئـەو جیاوازییـە واتایـی و نموونەییانـەی کـە ڕەنگـە لـە نێـوان چەمکەکانـی «زمانـی دایکـی»، «زمانـی خۆجێـی» و «زمانـی سـەرەتایی»، لـە کۆمەڵگا جیاوازەکانـدا بـەدی بکرێـت، لـە ئەدەبیاتـی ئێتنیکناسـی لە ئێراندا مەبەسـت لـە «زمانـی دایکی» پتر واتـای زمانـی ئێتنیکـی و شـێوەزارەکانی دەگرێتـەوە، کـە بریتین لـە زمانـی عەرەبی، بەلوچـی، تورکی ئـازەری، کـوردی و هتـد و هەڵگـری ئەرکێکی قووڵ و مانـادارن لە پێناو کەلتوور و شوناسـی ئێتنیکیدا.

وەهایە کە زمانی دایک، یان وەک باسـکرا، زمانی ئێتنیکی لە بازنەی مشـتومڕ و داخوازی ئێتنیکی و شوناسـی ئێتنیکیـدا ڕۆڵ و گرنگییەکـی ناوەنـدی هەیـە و جیـا لـە ئەرکـە ئاساییەکانی پەیوەندیـی ئاخێـوەران، پێگەیەکـی تەوەریـی لـە ململانـێ سیاسـی و سیاسـەتە ئێتنیکییەکانـدا هەیـە، و زۆرتـر دەبێتـە هێمای سـەرەکی و ناوەنـدی گوتارەکانـی بەرخۆدانـی ئێتنیکی، تا ئـەو ڕادەیـەی کە هەندێک پاراسـتنی ژیانـی نەتەوەیـی گرێـدراوی پاراسـتنی زمانـی نەتەوەیـی دەزانـن و بـە واتـا هایدگریەکـەی «زمـان ماڵـی بوونـە» (هیدگـر، ١٣٩٢)، پاراسـتنی بوونـی ئێتنیکی لە پێناو پـاراستن و پاسـەوانیکردن لـە بوونـی زمانی ئێتنیکـی دەزانن و زمانـی ئێتنیکی گرنگییەکی لە ئاسـت شوناسـی ئێتنیکیدا هەیە.

جیهانـی ئەمـڕۆ جیهانـی قەڵاچۆبـوون و لەناوچوونەکانـە، نـەک تەنیـا لەناوچوونـی بوونـەوەرەکان بەڵکوو لەناوچوونـی زمـان و کەلتـوورە جۆراوجۆرەکانیش، زمانـەکان یەک لە دوای یـەک خەریکە لەناو دەچـن. لـە ئەمریکا، سـەدان سـاڵ کۆمەڵکـوژی، کۆچاندنـی زۆرەملی، ئـازار و تێکەڵکردنـی زۆرەملیی خەڵکـی خۆجێیـی بـووە هۆی ئەوەیکە لە نزیکەی سێسـەد زمانـی خۆماڵـی کە تەواو لێک جیـاواز بوون تەنیـا چەنـد زمانـی بەهێـز بمێننـەوە و ئێسـتاش نزیکـەی پەنجـا زمانـی خۆماڵـی خەریکە لەنـاو بچن؛ واتـە کەمتر لـە دە ئاخێوەریـان هەیە.

ئەمـڕۆ زیاتـر لـە سـەتا ٧٠ی بابەتە زانسـتییەکانی جیهان بە زمانـی ئینگلیزی چـاپ و بڵاو دەبنەوە و پێنـج زمانـی سـەرەکی دنیـا سـەتا ٩٠ی وەبەرهێنانی بابەتە زانسـتییەکانیان هەیە. زمانە سـەرەکییە نێودەوڵەتییەکانـی وەک ئینگلیـزی، فەڕەنسـە و سـپانیۆلی بەهـۆی پێگـەی جیهانـی خۆیـان بوونەتـە خاوەنـی دەوڵەمەندیـی و پێکهاتەیەکـی ئاڵـۆز و زمانەکانـی دیکـە کـە ئاخێـوەری کەمتریـان هەیـە لـە جیهانـی زانسـت، پێوەندییـەکان و کەلتـووردا توانای ڕکابەریکردنیان نییە و ئاسیمیلاسـیۆن زیاتر لە بە

1. . mother tongue
2. . native language
3. . first language

فەرمـی ناسـاندنی جیاوازییـەکان بەهێـز دەکرێت (پیونـدی، ١٣٨٩).

زۆرێـک لـە پارێزگاکانی ئێران لە ڕابردوودا بازنەیەکی بەربڵاوی زمـان و زاراوە جۆراوجۆرەکانیان تێدا بـووە کـە زۆربەیـان یـان لەناوچـوون و یـان خەریکـە لەناو بچـن. بە پێـی ڕاپۆرتـی ئەتڵەسـی زمانەکانی جیهـان، زیاتـر لـە ٢٠ زمان لە ئێراندا مەترسیی لەناوچوون و فەوتانی تەواوەتییان لەسـەرە. ڕێکخراوی یۆنسـکۆش نزیکـەی ٢٥ زمانی لە ئێراندا تووشـی مەترسیی لەناوچـوون ڕاگەیاندووە. بـەڵام بەپێی ئەو زانیارییانـەی لـە سـەرچاوەکاندا هاتـووە، ژمارەی زمانـە زینـدووەکان لە ئێرانـدا ٧٦ زمانە، کـە نزیکـەی نیوەیان لە مەترسـیدان (نظرمحمـدی، ١٤٠٠).

> **ڕەحیم مووسەوی، خانەنشین و دەرهێنەری شانۆ لە سمنان:**
> ئێـوە ناتوانـن لـە سـمنان کەسـێک بدۆزنـەوە کـە تەمەنی ژێـری چل سـاڵ بێت و بتوانـێ بـە سـمنانی ئاخاوتـن بـکات. زمانەکانـی ئـەم ناوچەیـە زۆرینەیـان لەناوچوونـە.

لایەنگرانی ئاسیمیلاسـیۆن و ئاوڕنەدانەوە بە پەروەردە بە زمانی دایکی بۆ پاکانەی ڕوانگەی خۆیان دەڵێـن کـە ئەگـەر منداڵێـک بـۆ نموونە تـورک زمان لـە قوتابخانـەکان بە زمانـی تورکی و نەک فارسـی پـەروەردە بکرێـت، ڕەنگـە نەگاتـە تێگەیشـتنێک لـە بەرژەوەندییـە گشـتییەکان و خێـرە بەکۆمەڵەکان. لـەم ڕوانگەیـەدا زمانـە سـتانداردەکان وەک هێمانـە گرنگەکانـی کۆنترۆڵی هژموونیکـن[1] (یەکدەنگیی زۆرینـە). لـە لایەکـی دیکەشـەوە، زمانـە سـەرکوتکراوەکانیش بەرخۆدانیـان دەبـێ و ناڕەزامەندیـی دەردەبـڕن. لـە ئەنجامـدا دەبینیـن کـە لـە جیهانـی ئەمڕۆدا، زمـان وەک بابەتێکـی کەلتـووری بـە چ شـێوازێک دەتوانـێ ببێتـە دیاردەیەکـی سیاسـی نێـوان دوو گرووپـی دەسـەڵاتخواز و ژێردەسـت. ئەنجامەکانـی ئـەم لێکۆڵینـەوە بـاس لەوە دەکـەن کە زمانی دایکـی بۆتە بابەتێکی سیاسـی. بەو واتایە کـە گرووپـە ئێتنیکییـەکان بێبەشـبوون لـە پـەروەردە بـە زمانـی دایکـی دەگەڕێننـەوە بـۆ دەسـەڵات و لەسـەر ئـەو بـاوەڕەن کـە تا ئەو کاتەی ئەم شـتە جێبەجـێ نەکرێـت، داواکاری و بەرخۆدانیـان بەرامبەر بـە سیسـتەمی سیاسـیی وڵات بـەردەوام دەبێت، چونکە ئەگـەر داواکاری نەکرێـت و بەرخۆدان نەبێت، بەسـتێنی ئاسیمیلاسـیۆنیان بەرامبـەر بـە زمانـی سـەرەکی دابیـن دەکرێت.

1. Hegemonic

**سەعدوون مازووچی، چالاکی مەدەنی و سیاسی لە مەهاباد (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**
مافی خوێندن و پەروەردە بە زمانی دایکیمان نییە، بەڵام وەک مافێک داوای دەکەین و ئەمە لە دەستووری بنچینەیی وڵاتیشدا باسی کراوە بەڵام جێبەجێ نەکراوە و ئەم بەدی نەهاتنەش دەگەڕێتەوە بۆ ئیرادەی دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان کە لە درێژەی مێژووی کۆماری ئیسلامیدا دەسەڵاتیان بە دەستەوە بووە؛ هیچ یەکەیان ئیرادە و خواستێکی بەهێزیان نەبووە بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەشە لە دەستووری بنچینەیی و ئەم مافە داواکاریشی بۆ نەکراوە.

بەپێی برگە سیانییەکانی جاڕنامەی زمانی دایکی کە لە لایەن ڕێکخراوەی یۆنسکۆوە دابین و پەسند کراوە، هەمووی قوتابیان پێویستە خوێندنی فەرمی خۆیان بە زمانی دایکی خۆیان دەست پێبکەن. هەموو دەوڵەتەکان وەک ئەرک پێویستە بۆ بەهێزکردن و پەروەردە بە زمانی دایکی، کۆی سەرچاوەکان، پێداویستییەکان و ئامرازە پێویستەکان وەبەر بێنن و دابەشیان بکەن. بۆ فێرکاری زمانی دایکی دەبێ ماموستا تا ڕادەی پێویست ئامادە بکرێت، چونکە فێرکاری و پەروەردە بە زمانی دایکی ئامرازێکە بۆ یەکسانیی کۆمەڵایەتی (منشور زبان مادری، ١٩٩٦). لە ئێراندا وەها مافێک ئەگەرچی لە دەستووری بنچینەیی وڵاتدا هاتووە بەڵام تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە و کۆی پرۆسەی خوێندن و پەروەردە لە قوتابخانەکان و هەروەها زانکۆکان بە زمانی فەرمی واتە زمانی فارسییە. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە گرووپە ئێتنیکییەکان زۆر بە جیددی داواکاری ئەم مافەن.

**عەزیز شاڕۆخ، هونەرمەند لە مەهاباد (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**
هەر ئێتنیکێک دەبێ بە زمانی دایکیی خۆی ئاخاوتن بکات. دەبێ من کوردی بنووسم و کوردی بخوێنم. ئێتنیکییەتەکان بێجگە زمانی فارسی دەبێ مافی ئەوەیان هەبێت کە بە زمانی دایکیی خۆیان پەروەردەیان هەبێت، شتێک کە لە قوتابخانەکاندا بوونی نییە.

**موحسێن حیسام مەزاهیری، لێکۆڵەری ئایین و شەڕ لە تاران:**
دیاردەی کۆمەڵایەتی بێگومان فرەچەشنە و نەیارم لەگەڵ ستانداردکردن و ئاسیمیلاسیۆن بەتایبەت بە زۆری دەسەڵات. من فارسیم پێ خۆشە و لە هەمان کاتیشدا تورکێک میرات و کەلەپووری تورکی پێ خۆشە و ئەمە زۆر ئاساییە و پێم وایە کەلتووری ئێمە ئەو دەفرایەتییەی هەیە کە ئەم زەبەندێتییە قبووڵ بکات.

سەبارەت بە زمانی دایکی مێژووی ئێران پیشان دەدات کە پاش مەشرووتە و هەروەها لە سەردەمی پەهلەوی یەکەم و دووهەمدا، ڕوانگەی تەرکیزکردن لەسەر ناوەند دەسەڵاتدار بووە و جەختی لەسەر زمانی فارسی و سنووردانان لەسەر کەمینە ئێتنیکییەکان کردۆتەوە. لەو سەردەمانەدا، هەر یاسایەک بوونی هەبووە بۆ پەرەپێدانی و پیتاندنەوەی خەت و ئەدەبیاتی فارسی بووە و زمانە ئێتنیکییەکانی پشتگوێ خستووە. ئەم سیاسەتە پاش شۆڕشی ١٣٥٧، وێڕای هەندێ گۆڕانکاری لە ئاست ستراتیژیی کەلتووریدا، وەک سەردەمی پێشوو پەیڕەو کراوە.

**ئەمین شیرزادی، شاعیر و هەڵبەستوان لە کرماشان:**
زمانی دایکی مافی حاشاهەڵنەگری هەموو ئێتنیکێکە و پێویستە کەلتوورێکی نووسراوە هەبێت بەڵام لای ئێمە ئەم شتە بە کردەوە نەکراوە. هەموو ئێتنیکەکان پێویستە بە زمانی دایکیی خۆیان بخوێنن، کورد، بەلووچ، و....

یەکێک لە پێشنیارەکان لەسەر زمانی دایکی سیاسەتگوزاری و جێبەجێکردنی ئاراستەی دەستوورە. بەو جۆرە ئێتنیکەکان دەتوانن بە شێوازی دوور لە زۆرەملی ڕووبەڕووی بابەتی زمان ببنەوە. ڕادەستکردنی بابەتی زمانی دایکی بە خەڵک دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی ناکۆکییەکان لەم پێوەندییەدا.

**موحسێن سوودمەند، دەروونناس و ڕاوێژکار لە ئەردەبیل:**
من لە تورکیدا خەیاڵەکانم زۆر بەهێزترن. لە فارسیدا زمانم کول دەبێت. بابەتی زمان دەبێ بسپێردرێتە خەڵکەکە خۆیان. ئەمە مافێکە کە لە دەستووردا ئاماژەی پێکراوە. دەسەڵات یان وەزارەتی پەروەردە با ڕێگە بدەن ئەگەر پێشوازییەک لە ئارادایە، پۆل و وانەوتنەوەکان دەست پێبکەن. بنەما ببێتە خواست و داواکاری خەڵک.

لـە درێـژەی مێـژوودا، ئـەو نەتەوانـەی بـەردەوام ماونەتـەوە کـە توانیویانـە ڕەسـەنایەتی کەلـتووری و ڕیشـەداری ئێتنیکـی، نەتەوەیـی و ئایینـی خۆیـان بپارێزن. زمانیش یـەک لە لقەکانـی داری کەلتوورە کـە کەلتـووری نـووسراوە لە هـەر کۆمەڵگایەکدا پێی دەنـووسرێ و ڕاگوێـزی نەوەکانی دواتـر دەکرێت. لـە هـەر زمانێکدا، دەربڕینی هەسـتەکان و خواسـتەکان و عاتیفەکان شـیرینی و تـام و چێژی تایبەتی خـۆی هەیـە کـە وەختێـک بـە زمانێکی دیکـە دەنووسرێـت یـان دەگوترێت، ئەو تـام و چێـژەی نامێنێ. هـەر زمانێـک خاوەنـی خەزێنەیەکـە لـە چەمـک، هـێما، ئەدەبیـات، مۆسـیقا و هونەرەکانـی دیکـە کـە وەک بەشـێکە لـە کەلەپـوور و میراتـی کەلتووری و شارسـتانییەتی مرۆیی. بـە لەناوبردنی زمانێک نەک تەنیـا ڕۆڵەکانـی ئـەو نەتـەوە بەڵکـوو مرۆڤەکانـی دیکـەش لـە ئاشـنابوون و کەڵـک وەرگرتن لـەو میراتە بێبـەش دەبـن. زۆر ڕوونـە زمانێـک کـە زمانـی پـەروەردە و خوێنـدن نەبێـت، دێر یـان زوو لەنـاو دەچێت یـان لانـی کـەم لاواز دەبێـت و شکسـت دێنـێ و وەلانـراو دەمێنێتـەوە. قوتابی ئەگـەر بتوانێ بـە زمانی دایکیـی خـۆی بخوێنـێ و بنووسـێت، چیدی پێویسـت نییە ئەو کاتەی کـە دەیەوێ لەسـەر دەوروبەری خـۆی بیـر بکاتـەوە زمانـی دایکیـی خۆی بـەلاوە بنێـت و بە زمانێـک کە لـە کتێبەکاندا پێـی خوێندووە بیـر بکاتەوە.

بەپێـی ماددەکانی پازدە و نۆزدەی دەسـتووری بنچینەیی، ئێتنیکـەکان دەتوانن لە قوتابخانەکاندا فێرکاریـی زمانـی دایکییـان هەبێـت. لـەم سـاڵانەی دواییـدا، لـە زانکۆیـش بەشـی تایبـەت بـە زمانـە ئێتنیکییـەکان دانـراوە. زانکـۆی کوردسـتان لـە سـاڵی ١٣٩٤ەوە، پـاش ڕێخسـتنی خولـی زمـان و ئەدەبـی کـوردی، هەمـو سـاڵێک لەو لقەدا خوێنـدکار وەردەگرێـت و دوو یەکەی وانەی «زمـان و وێژەی کـوردی»ش وەک وانـەی بژاردەیـی لـە پرۆگرامـی خوێندنـی زانکۆدا جێگیرکـراوە (گروه زبـان و ادبیات کُردی دانشـگاه کُردسـتان). لـە زانکـۆی تەورێزیش، لقی زمـان و ئەدەبی تورکیی ئـازەری لە ڕیزی لقە ئەکادیمیکیەکاندایـە و خوێنـدکاران دەتوانـن هەڵیبـژێـرن (گروه زبـان و ادبیات تُرکی دانشـگاه تبریز). جـودا لـە شـێوازی جێبەجێکردنـی ئـەم مافـە ڕەوا ئێتنیکییـە، فێـرکاری و خوێنـدن بـە زمانـی دایکـی وەک پرسـێکی ئەمنـی سـەیر دەکـرێ و ئەمـەش بۆتـە هـۆی سـەرهەڵدانی جۆرێـک بەرخـۆدان لـە نێو ئێتنیکەکاندا. سـڕینەوەی ناوە ئێتنیکییەکان لە سـەر دووکان و شـەقامەکان و ... نموونەی کاردانەوەن لـە دژی زمانـی دایکـی. زمـان دیاردەیەکـی کۆمەڵایەتـی و کەلتوورییـە. ڕوانگـەی سیاسـیکردنی زمان کاردانـەوە و بەرپەرچدانـەوەی لێدەکەوێتەوە.

نوانـەی ٧-٣ و نوانـەی ٨-٣ بیـر و باوەڕی نوخبەکان و خەڵکی ئاسـاییە لەسـەر ڕەوابوونی فێربوونی زمانـی دایکـی. بەپێـی نوانـەکان سـەتا ٨٥,٩ی نوخبـەکان و سـەتا ٦٣,٩ی خەڵکـی ئاسـایی لەسـەر ئـەو بـاوەڕە بـوون کـە فێـرکاری و پـەروەردە بـە زمانی دایکـی مافێکـی یاسـایی و ڕەوایە. هەروەها سـەتا ١٤,١ی نوخبـەکان و سـەتا ١٥,٧ی خەڵکـی ئاسایی نەیاری ڕەواییـدان بـە فێرکاریـی زمانـی دایکی بوون.




نوانەی ژمارەی ٣-٧: ڕەوابوونی فێرکاری و پەروەردە بە زمانی دایکی- نوخبەکان




نوانەی ٣-٨: ڕەوابوونی فێرکاری و خوێندن بە زمانی دایکی- خەڵکی ئاسایی

خاڵی گرنگی دیکە سەبارەت بەم کەمتەرخەمییە بەرامبەر بە زمانی دایکی، جودا لە کاریگەرە ڕووخێنەرەکانی لەسەر بابەتی کەلتووری، دەگەڕێتەوە بۆ شێوان و ئاڵۆزبوونی پرۆسەی فێربوون و پەروەردەی منداڵان. کەلێنێک کە منداڵی ئێرانی دوابەدوای ڕۆشتنی بۆ قوتابخانە لەسەر زمانی دایکی هەستی پێ دەکات کاریگەری مەعریفی و هەستیارانەی زۆری لەسەر دادەنێت و کۆمەڵگایش بەرەبەرە لە دەفرایەتییەکانی زمانە خۆماڵییەکان بێجگە فارسی بێبەش دەبێت. هەروەها لە باری دەروونناسییەوە، پێوەندیداربوونی کەلتووریی و زمانی و هەستی کۆمەڵایەتی تاکەکان بەهێز دەکات و کەلێنە زمانییەکان کە لە مەودای تەمەنی تاکێکدا ڕوو دەدەن، سەرلێشێوان و ئاوارەبوون لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاڵۆزیی شوناسی تاکەکانی لێدەکەوێتەوە. پرۆفیسۆری زمانناس «خوان کارلۆس گۆنزی» دەڵێت: زمان بنەمای شوناسی هەر تاکێک پێکدەهێنێت و ئەو منداڵانەی لە سەرەتاوە لەبری زمانی دایکی فێری زمانێکی بیانی دەبن، لە داهاتوودا تووشی بێشوناسی دەبن.

کەسێک کە لە فێربوونی زمانی دایکی بێبەش بێت، بەشێکی گرنگی قووڵترین ڕەوتە سۆزداری و هەستیارییەکانی لەدەست دەدات. ئەمەش تەنیا لە بواری هەست و سۆزدا قەتیس نامێنێتەوە، بەڵکو کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر پرۆسە مەعریفیەکان هەیە. بەپێی لێکۆڵینەوەکانی «ژان پیاژە»[1]، تیۆریسیەنی گەشەی دەروونی لە منداڵانی تەندروستدا، زمانی دایک یەکەم فاکتەری دیاریکەری پرۆسەی فێربوونە لە قۆناغەکانی دواتردا. دوکتور موحەرەم ئاغازادە، یەکێک لە پێشەنگەکانی بواری پەروەردە و بە تایبەت پلاندانانی خوێندن لە ئێران و ڕاوێژکار و ئەندامی باڵای لێژنەی بەڕێوەبەریی پەروەردەی جیهانی لە یونیسێڤی ئێراندا، سەبارەت بەو تێکچوونانەی کە بەهۆی نەبوونی پەروەردەی زمانی دایکی لە نێوان قوتابیانی قۆناغی سەرەتایی لە ئێراندا دەنووسێت: نزیکەی شەش ملیۆن قوتابیی قۆناغی سەرەتاییمان هەیە، کە زۆربەیان بە زمانی دووەم دەخوێنن. لەماندا چەندین تێکچوون ڕوودەدات. تێکچوونی یەکەم لاوازییە لە نووسیندا. زماندووهەمییەکان زۆرجار کێشەیەکی جیددییان لەگەڵ نووسیندا هەیە. تێکچوونی دووەم لە وانەکانی زانستدایە. لەبەرئەوەی زانست لە چوارچێوەی ژیاندایە، قوتابیان پرسەکانی زانست بە تێگەیشتنی ئێتنیکیی خۆیان لێکدەدەنەوە. زمانی دووەم لەم تێگەیشتنە ئێتنیکییە تێناگات. ئێمە لە هیچ شوێنێکی جیهاندا هێندە پێویستمان بە هەڵەچنی نییە، ئەمەش بۆ نەبوونی پەروەردەی زمانی دایکی دەگەڕێتەوە. ئەگەر زمانی دایک بە دروستی فێر بکرێت، جیاکاری زمانی ڕوونادات و نووسەر ئەمانە تێکەڵ ناکات و دەتوانێ ڕێزمان جیا بکاتەوە. پێویستە زمانی سەرەکی بە وردی فێر بکرێت بۆ ئەوەی زمانی دووهەمیش بە وردی و تەواوی فێر ببێت (مرداپور، ١٣٩٥).

ئامارەکان سەبارەت بە ڕێژەی حەشیمەتی دووزمانەی ئێران جیاوازن. هەندێک لێکۆڵینەوە ناوخۆییەکان دەریدەخەن کە نزیکەی ٧٥٪ی قوتابیانی وڵات دووزمانەن. دووزمانی و فرەزمانی دیاردەیەکی جیهانییە و بە دەگمەن وڵاتێک دەدۆزرێتەوە کە لانیکەم بەشێکی کەمی دانیشتووانەکەی بە دوو زمان یان زیاتر قسە نەکەن. هەر لەبەر ئەم هۆکارە، لە زۆرێک لە وڵاتان جگە لە زمانی فەرمی، زمان یان زاراوە و شێوەزاری دیکەش هەن، کە بەکارهێنانیان لە ڕەوتی فێرکاریدا دەبێتە هۆی باشترکردنی خوێندن و فێربوونی خوێندکار. لە زۆربەی ئەم وڵاتانەدا، باشترین چارەسەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەرئەنجامەکانی دووزمانی و نەهێشتنی هەڵاواردنی زمانی، بەکارهێنانی جۆرێکە لە پەروەردە کە پێی دەوترێت پەروەردەی دووزمانە، کە تێیدا زیاتر لە زمانێک بۆ فێربوون و فێرکردنی بابەتەکان بەکاردەهێنرێت (الە کرمی و دیگران، ١٣٩٧، ٤٤).

لە باری کەلتووری-کۆمەڵایەتیشەوە دووریکردن لە ڕوانگەی سیاسی بەرامبەر بە زمانی دایکی و دابینکردنی بەستێنێک بۆ ڕێزگیران لە زەبەندبوونی زمانەکان هاوکات لەگەڵ پاراستنی زمانی فارسی وەک بابەتێکی یەکڕیزبەخشی نەتەوەیی، وەڵامدانەوە بە داواکارییەکی گشتگیر و هەروەها هاوسەنگکردنی ئاقاری کۆمەڵایەتی وڵاتە و وەک بەرگریکردن لە سەرمایەیەکی مەزنی کەلتووری

1. .Jean William Fritz Piaget

هەژمار دەکرێت. لەگەڵ پەراوێزخستنی ئەم زمان و زاراوانە، بەشێک لە مێژوو، هەبوونی مەعنەوی و سەمبولیک، ئەدەبییات، مۆسیقا، نەریتەکان و کەلتووری خەڵک لەبیر دەکرێت.

شیکاریی ناوەڕۆکی کۆمەڵێک سەرچاوەی نووسراو، کە بریتین لە ٤ کتێب و ٥ تێز و ١٨ وتار لەسەر فێرکاری بە زمانی دایکی و پەروەردەی دوو زمانە و فرە زمانی، هەروەها شیکردنەوەی ناوەڕۆکی چاوپێکەوتن لەگەڵ پسپۆڕانی بوارەکانی زمانەوانی و زانستە پەروەردەییەکان و دەروونناسی کە لە بواری پەروەردەی دوو زمانە و پەروەردە بە زمانی دایکی لە ئێراندا چالاک بوون، باس لەوە دەکات کە پەروەردەی بنەڕەتی زمانی دایک لە چوارچێوەی پەروەردەی فرەزمانیدا، دەبێتە هۆی گەشەکردنی مەعریفی، بەرەوپێشبردنی تەندروستی دەروونی، دابینکردنی یەکێتی نەتەوەیی، فراوانکردنی دیموکراسی، بەدیهێنانی گەشەپێدان، باشترکردنی ئەدای خوێندنی قوتابیان، و پەروەردەکردنی سەرچاوە مرۆییەکان (الە کرمی و دیگران، ١٣٩٧).

ئەو گرووپە ئێتنیکیانەی لەم لێکۆڵینەوەدا تاوتوێ کراون، باس لەوە دەکەن کە بێبەش مانەوەی منداڵەکانیان لە مافی خوێندن و پەروەردە بە زمانی دایکی، بەتایبەت لە ساڵەکانی سەرەتای قوتابخانەدا، دەبێتە هۆی سەرلێشێوان و کێشەوگرفت بۆ پرۆسەی فێربوونی منداڵان. ئەم منداڵانە تا پێش ڕۆشتنیان بۆ قوتابخانە، واتە تەمەنی حەوت ساڵان، بە زمانی دایکیی خۆیان لە نێو بنەماڵە و گەڕەکدا ئاخاوتن دەکەن و لەناکاو پاش ڕۆشتنیان بۆ قوتابخانە، یەکەم فێرکاری فەرمی و نووسراویان بە زمانی فارسی دەبێت، لە حاڵێکدا تا ئەو کاتە زۆر جار تەنانەت یەک ڕستەشیان بە فارسی نەوتووە و هیچ یەکە لەو وشانەی نێو ڕستە نووسراوەکانی ناو کتێبەکانیان نەهێناوەتە سەر زاریان. ئەم دیاردەیە بێ گومان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشە لە پرۆسەی خوێندن و پەروەردەیاندا و پرۆسەکە وەدوا دەخات.



وێنەی ژمارەی ٦-٣: وتووێژ لەگەڵ ئەمیر سەجادی

**ئەمیر سەجادی، مامۆستای مێژوو لە سەقز (کوردستان):**
ئەگەر قبووڵمان بێت کە ئێران وڵاتێکی فرەئێتنیکییە، دەبێ بنەمایەکی سروشتی بێت کە هەر کەسە و بە زمانی ئێتنیکی خۆیەوە ئاخاوتن بکات.
موحسێن ڕەنانی، مامۆستای ئابووری سیاسیی زانکۆی ئەسفەهان، دەڵێت کە کەسانی دووزمانە کە ڕێگای فێرکاری و خوێندن بە زمانی دایکیی خۆیانیان پێ نادرێت بۆ فێربوون تووشی کێشە دەبن و پرسی وەدواکەوتنی پرۆسەی فێربوون باس دەکات کە کوالێتی فێربوون دادەبەزێنێ و ئەم دووپاڵووبوونە فێرکارییە دەبێتە هۆی وەدواکەوتنی فێربوون. لە لایەکی دیکەشەوە مافی ڕەوا و سروشتی و مرۆییە و ئەزموونی وڵاتانی دیکەی وەک سویسرا سەلماندوویەتی کە زەبەند و زۆربوونی زمانەکان نابێتە هۆی لێکترازان و دابەشبوون.

بەپێی ناوەرۆکی وتووێژەکان کە جەختیان لەسەر خوێندن و پەروەردە بە زمانی دایکییە، دەتوانین بڵێین کە گرنگیدان و بەرزنرخاندنی سیاسەتە کەلتووری و زمانییەکانی ئێتنیکەکان بۆ ژێرخانە دەوڵەتییەکان، پێکهاتەی دەوڵەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان شتێکی پێویستە. بەبێ سیاسەتێکی زمانیی ڕوون، هەمووی بنکە ئاماژەپێدراوەکان سەقەت دەبن و ئەگەری قەیرانەکانەوەیان لەسەرە. کەسانێک کە دەیانەوێ گرنگبوون و بەهای زمان تا ڕادەی ئامرازێکی ساکار بۆ وتووێژ و پێوەندیکردن نزم بکەنەوە لە ڕاستیدا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵناسی، دەروونناسی و نۆرۆبایۆلۆژیک پشتگوێ دەخەن. زمان تەنیا چەند هەزار وشە بە بێژەی تایبەت نییە، بەڵکوو جیهانێکە کە بوونەوەرێکی ڕەمزاوی بە نێوی مرۆڤ تیایدا دەژیت و هەڵگری واتا و مەعنایە؛ واتای ژیانی ئەو مرۆڤانەی کە لە ڕێگای ئەو زمانەوە پێوەندی پێکەوە دەکەن، هەڵگری کەلتوور و مێژوویانە و بەم جۆرە، پەروەردە و ڕاهێنان دەبێ پشت بە زمانەوە ببەستن تا پەروەردە و ڕاهێنان بە کوالێتی گونجاوەوە جێبەجێ بکرێت و گواستنەوەی نێوان نەوەکان بەردەوام بمێنێتەوە. ئەو منداڵانەی بە زمانی دایکیی خۆیانەوە پەروەردە دەکرێن بێ گومان کارایی و خێرایی باشتریان دەبێت.

**سەلاحەدین خەدیو، چالاکی مەدەنی و ڕۆژنامەوان لە مەهاباد (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**
ئەمە مافێکی سروشتییە. زماناس لە هەموو کەس باشتر دەزانێ زمان تەنیا ئامرازێک بۆ پێوەندیکردن نییە، بەڵکوو ئامرازێکە بۆ تێفکرین و بیرکردنەوە. زۆر داهێنان بەبێ ئەو زمانەی کە پێی بیر دەکرێتەوە، کوێر و بێ ئەنجام دەبن. لە پزیشکیی دەروونیدا، پێویستە ڕاوێژ تەنیا بە زمانی دایکی بێت. دواکەوتن لەم بوارەدا لە لایەن دەسەڵاتەوە، هۆکاری تەواو سیاسیی لە پشتەوەیە.

زمان شوناسی تاک و کۆمەڵگایەکە کە تاک تیایدا کار دەکات و تیایدا دەژیت. زمان پرسێکی کەلتوورییە و پێویستە بە ڕوانگەی کەلتوورییەوە سەیر بکرێت. ئەگەر وەک ئەکتێکی سیاسی و ئەمنی سەیر بکرێ و جۆراوجۆربوونی زمانیی سەرکوت بکرێ، ئاسایشی نەتەوەیی، یەکڕیزیی کۆمەڵگای ئێران، یەکگرتوویی نەتەوەیی و سەروەری خاکی ئەم وڵاتە زەبر و خەساری لێ دەکەوێت. بۆیە ئەمڕۆ بابەتی زمان پێویستە لە چوارچێوەی مافی هاووڵاتیبووندا و نە وەک بابەتێکی سیاسی ئاوڕی لێبدرێتەوە. بۆیە لەم بارەوە پێشنیار دەکرێت بە هەمان شێواز کە لە سیستەمی پەروەردەی وڵاتدا فێرکاری و خوێندنی زمانی عەرەبی (وەک زمانی ئایینی و ئیسلامی) و ئینگلیزی (وەک زمانی نێودەوڵەتی) بۆ منداڵان هەیە، ئاوڕ لەسەر پەروەردە بە زمانی دایکییش بدرێتەوە و لە زانکۆدا وەک لقێکی تایبەت جێگای بۆ تەرخان بکرێت.

### سەروەریی ئۆمەت بەسەر نەتەوەدا

چەمکی ئۆمەت یا بە واتایەکی دروستتر «ئۆمەتی ئیسلامی» یەک لەو چەمکانەیە کە کۆی کۆمەڵگای ئیسلامی دەگرێتەوە و قورئان لە ئایەتی جۆراوجۆردا، کۆمەڵگای ئیسلامیی بەبێ گوێدانە سنووری جوگرافیایی و ڕەگەزی و نیشتمانی، بەم وشە ناوهێناوە (قرآن، بقره ١٤٣ و ٢١٣، آل عمران ١١٠ و انبیا ٩٢)، و لە حەدیسدا کە زۆر جار بە شێوازی «ئۆمەتی موحەممەد»، یا «ئۆمەتی» (لە زمانی پێغەمبەرەوە)، یان «ئۆمەم»هێنراوە، بە واتای کۆمەڵێک کە شوێنکەوتووی پێغەمبەرێکن هاتووە (ترکی، ١٣٦٨، ٣٠). لەم ڕووەوە ئۆمەت چەمکێکی سەروونەتەوەیی، سەرووئێتنیکی، و سەرووڕەگەزییە کە ئاماژە بە کۆمەڵگایەکی ئایین و ئایینزایی دیاریکراو دەکات. لە لایەکی دیکەوە، نەتەوە چەمکێکی نوێیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هاوچەرخ کە چوارچێوەی جوگرافیایی و نیشتمانیی تایبەتی خەڵکی وڵاتێک دیاری دەکات.

یەکێک لە جیاوازییە سەرەکییەکانی نێوان سیستەمی سیاسی ئیسلام لەگەڵ قوتابخانە سیاسی و یاساییە هاوچەرخەکان، دیاریکردنی سنووری نێوان «نەتەوە» و «ئۆمەت»ە. بەو پێیەی ئیسلام

ئایینێکی گەردوونییە و بە بێ گوێدانە سنووری خاکی و جیاوازیی ڕەگەزی و زمانەوانی و نەتەوەیی و کەلتووری بانگەوازی خۆی هی هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەزانێت و شوێنکەوتووانی خۆی بە ناوی «یەک ئۆمەتی واحیدە»(قرآن، مؤمنون ٥٢)[١] ناودەبات. ئەم چەمکە بە تەواوەتی جیاوازە لەگەڵ چەمکی هاوڵاتیبوون کە مرۆڤەکان بە حکوومەتی دەسەڵاتدار لە خاکێکی دیاریکراودا دەبەستێتەوە.

دەستوور لە ئێراندا لە بنەما و پێوەرە ئایینییەکانەوە وەرگیراوە. لە ماددەی چوارەمی دەستووری بنچینەییدا کە گرنگترین مادە و دایکی هەموو ماددەکانی دیکەیە، هاتووە کە هەر جۆرە یاسادانانێک کە لەگەڵ یەکگرتوویی ئۆمەتی ئیسلامی یەک نەگرێتەوە و ببێتە هۆی بێ لایەنبوون بەرامبەر بە دۆخی موسڵمانان، لەگەڵ ڕۆح و ناخی دەستووری بنچینەیی ئێمەدا یەک ناگرێتەوە. هەر بەم بۆنەوە، لە زۆر ماددەی دیکەدا، یەکڕیزیی ئۆمەتی ئیسلامی و پاڵپشتی لە موسڵمانان لە هەموو شوێنەکانی جیهان ئاوڕی لێ دراوەتەوە و وەک ئەرکێکی گرنگ و بنەڕەتی ئاماژەی پێدراوە. لە ڕوانگەی دەستووری بنچینەییەوە چونکە هەموو موسڵمانان یەک ئۆمەتن، داکۆکیکردن لە مافەکانی هەموو موسڵمانان و پاڵپشتیکردن لە بەرخۆدانی حەقخوازانەی هەژاران بەرامبەر زاڵمان لە هەموو شوێنێکی جیهان یەک لە پێوەرە سەرەکییەکانی وڵاتە و یەکێک لە بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران پێک دێنێت (جوان‌آراسته، ١٣٧٩).

بۆیە هەر لێرەدا بیرۆکەی «ئۆمەتی واحیدە» لە دامودەزگای سیاسیی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بەدی دەکرێت. شتێک کە بە ئاشکرا لە دەستووری بنچینەیی وڵاتدا هاتووە و زۆر کەسیش پاش جەختکردنەوە لەسەر بنەما ئایینییەکان و نەریت و ژیانی کەسایەتییە مەزنەکانی ئیسلام، گرنگبوون و پێویستبوونی ئەم شتەیان پشتڕاست کردۆتەوە. هێشتا لە ڕوانگەی زۆر لە بیرمەندانەوە و هەروەها پێڕەوانی ئایین، چەمکی دەوڵەت-نەتەوە جێگەوپێگەیەکی نییە و چەمکی حکوومەتی ئیسلامی دەکەوێتە پێش هەر چەمکێکی دیکە. لە چوارچێوەی دنیابینی و ڕوانگەی ئەم کەسانەوە، ئەو شتەی لە ئاستی جیهانی ئیسلامدا ڕوو دەدات لە چوارچێوەی حکوومەتیی و نەک چەمکی دەوڵەت-نەتەوەدا شرۆڤە و گێڕانەوەی بۆ دەکرێت. لە لایەکی دیکەشەوە، زۆر کەس ئەم جۆرە دنیابینییەیان قبووڵ نییە و لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر چەمکی نەتەوە لە ئاستی نیشتمانیی ئێران، سیاسەتە حکوومەتییەکانی وڵات دەدەنە بەر ڕەخنە. ئەم کەسانە بەرامبەر بە سیاسەتی دەرەوەی ڕژێم بەو هەموو تێچوو و خەسارە ئابووریی و تەنانەت گیانییەی کە بۆ داکۆکیکردن لە موسڵمانانی جیهان دەکرێت، ناڕەزامەندن و لەسەر ئەو باوەڕەن کە کاتێک کە خەڵکی وڵاتەکە بۆ خۆیان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئاسایش، کەلتووری و هتد کێشەوگرفتیان هەیە، لەبەرچی دەبێت دەوڵەت سەرمایە و سەرچاوەکانی خۆی بۆ وڵاتانی دیکە تەرخان بکات و

---

١. . «اِنّ هذِهِ اُمّتکم اُمّةً واحدة»

بەرژوەندییەکانـی ئۆمـەت بخاتـە پێـش بەرژەوەندییەکانـی نەتەوەوە.

**جـەواد ئووەیسـی، مامۆسـتا و لێکۆڵـەری مێـژوو لـە زابـول (سیسـتان و بەلووچسـتان):**
ئێمـە بـۆ خۆمـان برسین، بـەڵام یارمەتـی وڵاتانـی دیکـە دەدەیـن، ئەبـێ پیـاو بـۆ خـۆی دەوڵەمەنـد بـێ تـا یارمەتـی کەسـی دیکـە بـدات. تـا مـاڵ وەسـتا بـێ مزگـەوت حەرامـە.

**عەبدورەشـید تریز، مەولـەوی ئایینـی، لێکۆڵـەری مێـژوو و چالاکـی سیاسـی-کۆمەڵایەتـی لـە سیسـتان و بەلووچسـتان:**
دەسـەڵات کار و چالاکـی بـۆ گەشـەپێدانی ئاییـنـزای خـۆی دەکات و زۆرێک لە سـەرچاوەکانمان بـۆ پەرەپێدانی شـیعە لە وڵاتانـی دیکە تەرخـان دەکرێن. ئێوە لـە بەلووچسـتان کەپـر و قوتابخانـەکان دەبینـن، ئەمانـە ئێرانیـن... وڵاتـی ئێمە لـە لوبنـان خەرجی وەهای کردووە کـە ئەگەر لە بەلووچسـتان بیکردایە، ئێرەش وەک زۆر لـە پارێزگاکانـی دیکە پێشـکەوتنی بەخۆوە دەبینی. بـەڵام لە وڵاتێکی بیانـی و عـەرەب لەبـەر بابەتە ئایینییـەکان خەرجێکـی زۆر دەکـرێ... لە عێراق و سـووریا و یەمـەن خـەرج دەکـەن تەنیـا بـۆ ڕەوت و لایەنـە ئایینییـەکان، بـەڵام بـۆ وڵاتـی خۆیـان هیـچ. بەگشـتی چاوەڕوانیـی مـن وەک ئێرانییـەک ئەوەیە کە ناوخـۆ ئاوڕدانـەوەی زیاتری لەچاو دەرەوە لەسـەر بدرێت. سـەرمایەگوزارییەکان لـە ناوخـۆدا بێـت و خەڵکیـان لا بەنـرخ و گرنگ بێت.

لێکدانـەوەی ئـەو بۆچوونانـەی سـەرەوە دوو خاڵـی ڕەخنەیـی زۆر گرنـگ، فرەپـات و کاریگـەر سـەبارەت بـە سیاسـەتە سـەرەکییەکانی کۆمـاری ئیسلامـی ئێـران دەگێڕنـەوە: یەکـەم ئـەوەی کـە لـە سـەردەمی دەوڵـەت_ نەتەوەکانـدا، دامەزراندنـی بەرژەوەندییـە بنگەییەکانـی وڵات لەسـەر ڕوانگـە سـەروونەتەوەییەکان، ئەویش لە دۆخی ئابووریی نالەباردا، بە ڕای بەشـێکی زۆر لە ئەندامانی کۆمەڵگا نـاڕەوا و جێگـەی ڕەخنەیـە، ئەم بابەتە لە ڕیزی داواکاری و دروشـمە سـەرەکییەکانی زۆربەی ناڕەزایەتی و داخوازییـە جەماوەرییەکانـە لـە ئێرانـدا. خاڵـی دووەم ئاماژەیە بۆ جیـاوازی ڕوونی نێـوان ئیدیعاکان و کارامەیـی ڕژێـم بەرانبەر بـە ئۆمەتی ئیسلامی. کۆمـاری ئیسلامی لە ڕووی سیاسـەتە ڕاگەیەندراوەکان و تەنانـەت ڕژێمـی یاسـایی دەسـتووری بنەڕەتیـدا، بانگەشـەی پـاراستن و داکۆکـی بیرۆکـەی ئۆمەتی یەکگرتووی ئیسلامی و ستەملێکراوانی جیهان دەکات، بەڵام لە پراکتیک و کردەوەی سیاسیدا، هەوڵ دەدات بـۆ دابینکردنـی بەرژەوەندی و داخوازییەکانی کۆمەڵگەی شـیعە و تەنانەت لەم ئاراستەیەشـدا،

ڕەنگە هەڵوێستێکی دوژمنکارانە لە دژی هەندێک پێکهاتە و وڵاتانی موسڵمانی غەیری شێعە بگرنەبەر. ئەم دیاردەیە، بێجگە لە دەرئەنجامە ناوچەیی و دیپلۆماسییەکانی، لە لایەن پێکهاتەی سوننەی ئێران بە ئاشکرا و بە توندی ڕەخنەی زۆری لێ گیراوە، بە تایبەت کاتێک پێکهاتە سوننە پەراوێزییەکان لە ناوخۆی ئێران بەدەست هەژارییەوە دەناڵێنن و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی سیاسەتی شێعەگەری بەشێکی بەرچاویان لە داهات و سامانی نەتەوەیی ئێران لە وڵاتانی ناوچەکەدا خەرج دەکات. لە باتی ئەوەیکە پلانی ئاسایشی دەسەڵات چوارچێوەی جوگرافیایی نیشتمانی ئێران بگرێتەوە، خەریکی شوێنگری خەون و خولیا بەرزەکانی خۆیەتی لە دەرەوەی وڵاتەوە کە تەنانەت توانای بەڕێوەبەرێتی و جێبەجێکردنی ئەوانەشی نییە و مەترسی قەیرانی ئابووری و خەساری قەرەبوونەکراوی لەسەر خەڵکەکەی خۆی زیاد کردووە، دۆخێک کە زیاتر لە خواست و تێڕوانینی لەسەر ڕەوتێکە کە تیایدا سیاسەتگوزاری و سەرمایەگوزارییەکانی دەوڵەت لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە دەنوێنێت. هەندێ لە پاڵپشتانی ئەم گرووپە، جودا لە چەمکە ئایینی و ئاسمانییەکان، وەک هۆکاری خۆیان، جەخت لەسەر چەمکی «ئەمنییەت» دەکەنەوە. ئەم تاقمە دەڵێن بەپێی هەلومەرجی ناوچەیی و شەڕ و ناکۆکییە جۆراوجۆرەکان کە لە وڵاتانی دراوسێدا هەیە، بەرپرسانی سیاسی بۆ پاراستنی سنوورەکانی ناوخۆی وڵات ناچارن وەک زلهێزانی دیکەی ناوچەکە و جیهان، کاردانەوەیان هەبێت، دیاردەیەک کە بۆ باوەڕپێکراوبوون پێویستی هەم بە بنەمای هزری و فکریی بەهێز هەیە و هەمیش بۆ ئەوەی بەدی بێت پێویستی بە توانا و دەفرایەتی ئابووری، ماڵی و بەڕێوەبەرێتی هەیە.

**محەمەد گوڵ کەهرازە، ئەندامی لیژنەی زانستیی زانکۆی زاهیدان (سیستان و بەلووچستان):**

پرسیار دەکەم لەبەرچی ئێران یارمەتی عێراق و سووریا دەدات لە کاتێکدا کە ئێمە بۆ خۆمان خەریکە لە برسان بمرین؟ (دەڵێن) ئێمە بۆ ئەمنییەتی خۆمان دەبێ لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانەوە چالاکیمان هەبێت. ئەگەر ئەم پاڵپشتییە موستەشارییانەی ئێران لە عێراق و سووریا نەبوایە، ئێستا دەبوو لە خووزستان یان پارێزگا سنوورییەکان شەڕمان کردبایە.

ئەم ڕوانگەیە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەگەر دەسەڵات پێچەوانەی ئەو هەلومەرجە ئاماژەپێدراوە هەڵسوکەوت بکا، ئەگەری ئاڵۆزبوونی سنوورەکانی ناوخۆی ئێران زیاد دەبێت. نەیارانی ئەم سیاسەتە، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر چەمکی نەتەوە لە چوارچێوەی سنوورە نیشتمانییەکانی ئێران، دەڵێن تا ئەو کاتەی کە هەڕەشە و مەترسی نەهاتوتە سەر سنوورەکانی ئێران، نابێ لەم بوارەدا هیچ خەرجێک بکەین. لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین کە ئەندامانی ئەو گرووپە ئێتنیکییانەی

توێژینەوەیان لەسەر کراوە -کە زۆربەیان سەر بە دوو ئایینزای سوننە و شیعەن- بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی شوناسی خۆیان ئاوڕ و سەرنجی ئەوتۆیان لەسەر چەمکی ئۆمەت لە چوارچێوەی هاوئایینەکانی خۆیان لە گرووپە ئێتنیکی و زمانییەکانی دیکە نییە و دەکرێ بڵێین ڕۆڵ و دەوری ئایین بۆ سازکردنی سنووره کەلتوورییەکان لە ڕوانگەی ئەم کەسانەوە دەکەوێتە پلەی دووهەمی یەکەمایەتی لە چاو بابەتە زمانی و نەریتی و ئێتنیکییەکانەوە. لە لایەکی دیکەوە ئەم تێڕوانینە ئایدۆلۆژییە کە سەروەریی ئۆمەت بەسەر نەتەوەدا دەسەپێنێت، تایبەت نییە بە کۆماری ئیسلامی و هەموو ڕەوتە بناژۆخوازە ئیسلامییەکان دەگرێتەوە، کە سنووره سیاسییە هەنووکەییەکان بە فەرمی ناناسن و هەوڵی پێکهێنان و زیندووکردنەوەی حکوومەتێکی هەمەلایەنەی هاوشێوەی خەلافەتە مێژووییەکان دەدەن.

تێڕامان لەم باسەدا پێویستە کە پەیوەندی نێوان ئۆمەت و نەتەوە لە ڕژێمی یاسایی و سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دەرەنجامی هاوکێشەیەکی سادەی پەڕینەوە لە نەتەوە بۆ بەرژەوەندی ئۆمەت نییە، بەڵکوو پۆتانێکی فرەلایەنەی هەیە. نەتەوە، نەتەوایەتی، ئێرانی و ئێرانییەت لە گوتاری کۆماری ئیسلامی و لە دەستووردا بنەمایەکی جێگیرن، کە سەبارەت بەوان دەربڕینی یاسایی دیار و بەهێز لە ژێر سەردێڕی «یەکڕیزیی نەتەوەیی»، «یەکگرتوویی نەتەوەیی»، «بەرگریی نەتەوەیی»، «بەرژەوەندی نەتەوەیی» و «سەروەری نەتەوەیی»دا هەیە، بەڵام پرسی سەرەکی بۆ لێکدانەوەی ئەم چەمکانە لە سۆنگەی ئامانجە سەروونەتەوەیی و ئایدیۆلۆژییەکانی ڕژێمدا دەگەڕێتەوە، کە تێیدا تەنانەت چەمکی ئۆمەتیش ڕووبەڕووی خوێندنەوەیەکی تایبەت و دابەزێنەرانە دەبێتەوە. بۆیە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای دانان بە نەتەوە و نەتەوایەتیبووندا، بە دیاردەیەکی نارەسەن و بابەتێکی لاوەکی دەزانێت کە دەبێ لە خزمەت چەمکی ئۆمەتدا بە واتا خوازراوەکەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بێت.

## جوگرافیای ئێتنیکی و شوناسی نیشتمانی

گرووپە ئێتنیکییەکان هەوڵ دەدەن تا لە ڕێگای جۆراجۆرەوە شوناسی خۆیان تایبەتمەند بکەن و بە دیاریکردنی سنووره شوناسییەکانی خۆیان لەگەڵ ئەوانی دیکە، بازنە و ڕەهەندەکانی شوناسیان دیاری و زەق بکەنەوە.

جوگرافیای ئێتنیکی و شوناسی نیشتمانی[1] لە بنەڕەتیترین ڕەهەندەکانی شوناسی ئێتنیکی و نەتەوەیین، کە گرنگایەتی و کارتێکەریەکی ژێرخانیی هەیە لە پێناسەکردنی ڕەهەندە فەزایی-شوێنی و بەستێنە مێژووییەکانی شوناسی نەتەوەییدا و هەندێ جاریش لە دیاریکردنی سیمای ئێتنیسیتەدا دەورێکی ئەفسانەیی و حەماسی دەبینێت، بە شێوەیەک کە لە تێگەیشتنی باودا، نیشتمان و خاک

1. . Territorial Identity

بە دایک ناودەبرێن. گرنگی تێکاڵاویی شوناسی جەماوەریی ئێتنیک و نەتەوەکان لەگەڵ نیشتمان و زێدی مێژووییاندا بە ڕوونی لە ناونانی جوگرافیا نەتەوەییەکاندا دیارە. کوردستان، عەرەبستان (ناوی پێشووی خووزستان)، ئازەربایجان، بەلووچستان، نموونەی دیاری ئەم ناوانەن لە ئێراندا، کە هەر جۆرە دەستێوەردانێک لەم سنوورە جوگرافییە ئێتنیکییانە و گۆڕینی ناوەکانیان دەبێتە هۆی نارەزایەتی و بەرخۆدانی ئێتنیکی لە هەمبەری. خۆڕاگری لە بەرامبەر گۆڕینی بەرفراوانی ناوی شار و ناوچەکان لە سەردەمی پەهلەوی یەکەمدا بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن، یەکێک لە نموونە مێژووییە ڕوونەکانە لە ئێراندا. لکاندنی بەشێک لە ناوچە کوردنشینەکان، لەوانە ناوچەی مۆکریان، بە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاواوە نموونەیەکی دیکەیە کە لە مێژووی هاوچەرخدا بووەتە سەرچاوەی زۆرێک لە ململانێکان لە نێوان کورد و تورکدا. بێگومان نابێت ئەم بابەتە گرنگە لەبەرچاو نەگرین کە بەدەر لە دەستێوەردان و سیاسەتی ئامانجداری گۆڕینی پێکهاتە دیمۆگرافی و سنوورییەکان، لە زۆرێک لە شار و ناوچە و دەڤەرەکاندا، پێکهاتەی دانیشتووان لە ژێر کاریگەری کۆچ و شەڕ و گۆڕانی کەشوهەوا و فاکتەرە مێژووییەکانی دیکەدا، خاوەنی فرەچەشنیی ئێتنیکی، ئایینی و ڕەگەزییە. لە ئێراندا، چەندین پارێزگامان هەیە کە پێکهاتەی ئێتنیکییەتی جۆراوجۆر و تێکەڵاویان هەیە و لەو شوێنانەدا گرووپە جۆراوجۆرە ئێتنیکییەکان دەژین. پارێزگای ئازربایجانی ڕۆژئاوا یەک لەوانەیە کە دوو گرووپی ئێتنیکی کورد و ئازەری تێدا دەژیت. لە پارێزگای خووزستانیش گرووپە ئێتنیکییە جۆراوجۆرەکانی وەک لوڕ، بەختیاری و عەرەب نیشتەجێن. لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان دوو گرووپی ئێتنیکی بەلووچ و سیستانی پێکەوە دەژین.

یەک لەو بابەتانەی کە بەردەوام خەڵکی ئەم پارێزگانە و بەتایبەت «پان ئێتنیکی»یەکان باسی لێوە دەکەن ئەوەیە کە خەڵکی خۆماڵی و ڕەسەنی ئەم ناوچانە کامەن. هەر یەکەیان پاش ئاماژەدان بە ڕابردوویەکی مێژووی و ناولێنانە پێوەندیدارەکان بە ناوچە جۆراوجۆرەکان و هەروەها ئەدەبیاتی زارەکی، دەڵێن کە ئێتنیکی ئەوان خاوەنی سەرەکی ئەو ناوچانەن و گرووپەکانی دیکە کۆچەرن و دواتر هاتوونەتە ناوچەکە. بۆیە بانگەشەی خاوەنداریێتی ئاو و خاکی ئەو ناوچانەیان هەیە. هەر ئەمەش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی قەرقەشە و ناکۆکی زۆر لە نێو خەڵکی ئەم گرووپە ئێتنیکییانە.

ئاوڕدانەوەیەک لە ناکۆکی کوردی- تورکی سەبارەت بە چەند ناوچەیەکی ئازەربایجان و ناکۆکی نێوان عەرەب و غەیرە عەرەبەکان سەبارەت بە خووزستان و هەندێک ناوچەی دراوسێی، نموونەی ڕوونی ئەو ئاڵنگاریانەن کە پەیوەندییان بە شوناسی نیشتمانی ئێتنیکەکانی ئێرانەوە هەیە. شاری ورمێ و مشتومڕەکانی پەیوەست بە کورد یان تورک بوونی ئەم شارە، نموونەیەکی بەرچاوە کە لەسەر ڕەهەندی مێژوویی، دیمۆگرافی و شوێن-ناو ناسینی لە ئاستە جیاجیاکانی نوخبە ئێتنیکییەکان و هاووڵاتیانی ئاساییدا ئەدەبیاتێکی زەبەلاح وەبەرهێنراوە کە شرۆڤە و هەڵدانەوەیان قووڵایی ئەم پرسە بە وردی نیشان دەدەن.»تورکەکانی ورمێ دەڵێن لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا، ڕێژەیەکی بەرچاوی دانیشتوانی ورمێ تورک بوون و لە سەد ساڵی ڕابردووشدا شارێکی زۆرینە تورک بووە

و ئاشوورییەکان و ئەرمەنییەکان و پاشان کوردەکان تەنیا کەمینەیەکن لە ورمێ. بە پێی ئەم ئیدیعایە، تا چەند ساڵی ڕابردوو کورد لە ناو شارەکە دا نیشتەجێ نەبووە، بەڵکو زۆرتر لە گوندەکان و ناوچەکانی دەوروبەریدا ژیاون و زیادبوونی بێوێنەی ژمارەی کورد لەم شارەدا ئەنجامی پڕۆژەیەکی سیاسییە کە لەلایەن گرووپ و ڕەوتە سیاسیە نەتەوەخوازەکانی کوردەوە داڕێژراوە و ئامانجەکەی لە کۆتاییدا گۆڕینی دیمۆگرافیای ئێتنیکی ئەم شارە و بە کوردستانی کردنیەتی. لە بەرامبەر ئەم بانگەشەدا کورد دەڵێ، ئەم شارە لە زۆربەی قۆناغە مێژووییەکاندا نشینگەی کورد بووە و لە مێژووی هاوچەرخیشدا پڕۆسەی کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی کوردی ئەم شارە تەنیا دوای شکستی حیزبی دێموکراتی ئازەربایجان و هەڵوەشاندنەوەی کۆماری کوردستان لە مەهابادەوە دەستی پێکرد و تا شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ بەردەوام بوو. کورد پێیان وایە کە زیادبوونی بەرچاوی حەشیمەتی کورد لە شاری ورمێ لە ساڵانی ڕابردوودا بە هۆی پەرەسەندنی بێپلانی ڕەوتی کۆچ لە گوندەکانەوە بۆ ئەو شارە بووە کە لە دەیەکانی دوای شۆڕشی ١٣٥٧دا دەیاردەیەکی ئاشکرا بووە و دواجاریش ورمێ شارێکی فرە کەلتوری و فرە نەتەوەیی و لە هەندێک حاڵەتیشدا بە شارێکی کوردی ناوزەدی دەکەن. لەم ساڵانەی دواییدا و پاش گشتگیربوونی میدیاکان؛ پێداگری میدیا، حیزب و چالاکانی سیاسی لە هەردوولا بۆ ناساندنی تەنیا کورد یان تورک بوونی شاری ورمێ، گرژیی و ململانێی نێوانیانی زیاتر کردووە. ورمێ لە نەخشە گریمانەییەکانی کوردستانی گەورە و ئازەربایجانی گەورەدا دەبینرێت. لایەک لە هەواڵ و ڕاپۆرتەکانیدا ئەم شارە بە شارێکی کوردستانی ناودەبات و لایەنی تریش وەک شارێکی تورکی دەیناسێنێت و کوردانی نیشتەجێ بە میوانی نەخوازراو دەزانن کە پێویستە ئەم شارە بەجێبهێڵن. (علوی، ١٣٩٥)



وێنەی ژمارەی ٧-٣: وتووێژ لەگەڵ مەیسەم سفیدخۆش

**مەیسەم سفیدخۆش، مامۆستای فەلسەفەی زانکۆی شەهید بەهەشتی تاران:**
پاکتاویی ئێتنیکی لە ژێر کاریگەری ناکۆکییەکی شاری لە نێوان دێزفوولییەکان و لوڕەکان ڕووی دا. لە کۆتایی سەردەمی پاڵەوییەوە لوڕەکان کۆچیان کردۆتە دێزفوول و لە پەراوێزی ئەو شارەدا ژیاون. هەموو منداڵیی من لە ژێر کاریگەری شەڕی ئەم دوو گرووپەدا بووە. تەنانەت هەڵسوکەتە سیاسییەکانی دێزفوولیش دەکەوتە ژێر کاریگەریی ئەم پرسە.

**عەزیز نیعمەتی، شاعیر و زمانناس لە ورمێ (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**
بۆ دەبێ گەنجێکی ئازەری بچێتە تەرگەوڕ و مەرگەوڕ ببێتە مامۆستای قوتابخانە؟ بۆ خۆمان ئەو هەموو گەنجانەمان هەیە.

**سامان ڕاهنەما، چالاکی ئابووری و ئەندامی ئەنجوومەنی شار لە مەهاباد (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**
لە شوێنێک بەڕێوەبەر بووم. کەسی وا هاتووە و بە پارێزگاری وتووە پیاو قات بوو کە کوردێکتان کردۆتە بەڕێوەبەری گشتی!

لە ڕاستیدا پرسی ڕەسەنایەتی و خاوەندارێتی هەرێم و نیشتمان و ئەم بابەتە کە خەڵکی خۆماڵیی سەرەکی هەر بەشێک لە ئاو و خاکی ئێران کام ئێتنیکن بۆتە بابەتێکی جێی مشتومڕ لە چەند دەیەی ڕابردوودا. بە پێداچوونەوەیەک لە سەر نووسراوەکانی خەڵک لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یان لە کاتی قسەکردنی چەند گەنج دەکرێ نموونەی ئاشکرای ئەم بابەتە بەدی بکەین. وەک لە دێڕەکانی ڕابردوودا شرۆڤە کراوە، ئەم بابەتە لە پارێزگای وەک ئازەربایجانی ڕۆژاوا و خووزستان کە ئاپوورەیەکی تێکەڵیان هەیە، زیاتر دەبینرێ و تاقمێک لە خەڵکی هەر یەکە لە ئێتنیکەکانی نیشتەجێی ئەو شارانە هەوڵ دەدەن بە دۆزینەوەی وشەیەک لە زمانی خۆیان لە زمانی ئەوی دیکەدا یان ناوی ناوچە و شار و گوندێک بەڵگە بدۆزنەوە بۆ ئەوەیکە شارەکە لە بنەڕەتدا هی ئەوان بووە و ئەگەر ئەمڕۆ ئێتنیکێکی دیکەی تێدا دەژیت، ئەوا ئەو ئێتنیکە کۆچەرە و ناوچەکەیان داگیر کردووە.

## بازنەی سنووربەزێنی گرووپە ئێتنیکییەکان

سنوور چەمکێکە کە وەک دەستنیشانکردنی هێڵە جوداکەرەوەکانی هەرێمی دوو وڵات دێتەوە و

خاڵ یان هێڵە سنوورییەکان بە مەبەستی دیاریکردنی یەکەیەکی سیاسی لەسەر زەوی دەستنیشان دەکرێن. ئەم هێڵانە، وێڕای دەستنیشانکردنی سنوورەکانی هەرێمی حکوومەت، دەسەڵاتی دەوڵەتی ئەو حکوومەتەش دیاری دەکەن. بۆیە سنوورەکان دەکەونە ڕیزی پرس و بابەتە سەرەکی و گرنگەکانی جوگرافیاییەوە (میرحیدر، ١٣٨٠، ١٦١).

ئێران وڵاتێکە کە لەگەڵ پازدە وڵات، سنووری هاوبەشی وشکانی و ئاویی هەیە و لە کۆی سی و یەک پارێزگای ئێران، هەژدە پارێزگا دەکەونە ناوچە سنوورییەکان و سێزدە پارێزگا لە ناوچە ناوەندییەکانن و نزیکەی سەتا ٥٠ی پانتایی و سەتا ٤٩ی حەشیمەتی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ ناوچە سنوورییەکان. لە درێژەی هێڵی سنووری ئێستادا، خەڵکی خۆماڵی نیشتەجێن. توێژینەوەکان دەریان خستووە لە هەندێ لە ناوچە سنوورییەکاندا و لە ڕابردوویەکی دوورەوە، بەهۆی لێکچوونە ئێکۆلۆژیکەکان، تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان و نزیکایەتی ئێتنیکی لەگەڵ خەڵکی سنوورەکانی ئەودیو، لە ڕێگای ئاڵوگۆڕی کاڵا لەگەڵ خەڵکی ئەودیو سنوورەکان پێداویستییەکان دابین دەکرێن. لە سنوورەکانی باکووری ڕۆژئاوا، سنوور لە نێو خەڵکی ئازەری زمانەوە تێپەڕ دەبێ و کەمینەیەک لەم ئێتنیکە جودا کراونەتەوە، لە سنوورەکانی باکووری ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات، زۆرینەی ئێتنیکی تورکمان و بەلووچ بە هەمووی پێشینەی دەروشاوەیانەوە و خوڵقاندنی شارستانییەتێکی گەورە بۆ ئێران لەودیو سنوورەکانەوە ماونەتەوە و گۆڕستانی سەفارییەکان ئێستا لەودیو سنوورەکانەوەیە. هەر ئەم دۆخە سەبارەت بە ئێتنیکی کۆنی ئێرانی، واتە کوردەکانیش لە ئارادایە و دەبینین کە پاشماوەی مادەکانن (شیخ عطار، ١٣٨٢، ٢٨).

> **محەمەدتەقی شەیخی، مامۆستای حەشیمەتناسیی زانکۆی ئەلزەهرای تاران:**
>
> ئێمە لە سەردەمی زەبەندێتی جیهانیداین و بابەتی ئێتنیکەکان لەم بەستێنەدا نابێ ببێتە لەمپەر لەسەر ڕێگاماندا. دەبێ هەموومان لە تەنیشت یەک و بەبێ هیچ جیاوازییەک بەرەو پەرەسەندن و ئابووریی بەهێزتر بچین.

پێکهاتەیی فەزایی نەتەوەی ئێران لەباری جوگرافیاییەوە دوو بەشی هەیە: بەشی ناوەندی کە یەکگرتووتر، پەستێنراوتر و لەگەڵ یەک گونجاوترە و زۆرینەی نەتەوە دەچنەوە سەری، و یەکە پەراوێزییەکان کە لە باری جوگرافیاییەوە لێکپچڕاون و پێکەوە هاوشێوە و هاودەنگ نین. ئەم دوو بەشە لەسەر ئێتنیسیتە و ئایینزا پێکەوە هاوشێوە نین، بەشی ناوەندی لە خەڵکی فارسی زیاتر سەر بە ئایینزای شیعە پێکهاتووە و بەشی پەراوێزیش لە ئێتنیک و ئایینزای جۆراوجۆری دیکە پێکهاتووە (حافظنیا، ١٣٨١، ١٤٩).

گرنگیی جوگرافیای ئێتنیکیی ئێران لە سەر کەرتی سنووریدا، بە هۆی درێژبوونەوەی سنووری

گرووپە ئێتنیکییەکان لە دەرەوەی بازنەی سنووری فەرمی وڵاتانی دراوسێ، گرنگیەکی پتر بەم دیاردە دەبەخشێت. چاوخشاندنێک بە سنوورەکانی وڵاتی ئێران لە ئازەربایجانەوە تا بەلوچستان ئەوەمان بۆ دەردەخات کە سنوورەکانی ئێران لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی دراوسێ هێڵێکن کە بەسەر جوگرافیا ئێتنیکییەکاندا کێشراون و دابەشیان کردووە، هاوسنووریی وڵاتی ئازەربایجان لە گەڵ ناوچەکانی باکووری ڕۆژئاوای وڵات، هەرێمی کوردستانی عێراق لە گەڵ ناوچە کوردییەکانی سنووری ڕۆژئاوا، پارێزگای سیستان و بەلووچستان لەگەڵ ویلایەتی بەلووچستانی پاکستان و سنوورەکانی خوزستان لە گەڵ ناوچە عەرەبییەکانی عێراق ئەم واقیعە بە باشی دەخەنە ڕوو. ڕەنگە کەمتر جیۆپۆلەتیکێ هەبێت کە وەها ئەو تێبینیەی بێرتۆن پشتڕاست بکاتەوە کە دەڵێت: ئەگەر جوگرافیای سیاسی بوون و ڕۆڵی ئێتنیکەکان لە پلەی یەکەمدا دانەنێت، جگە لە چوارچێوەیەکی بەتاڵ و تابلۆیەکی بێ وێنە هیچی تر نابێت، چونکە گرووپە ئێتنیکییەکان، گەلان و نەتەوەکان ئەکتەری ڕاستەقینەی مێژوو و ژیانبەخشی دەوڵەتەکانن. (برتون،١٣٨٠، ٩٩)

ئەگەر ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان و کەمینە ئایینییەکان لە گرنگترین شوێنە ستراتیژیک و سنوورییەکانی هەر وڵاتێک نیشتەجێ بن و پێشینەی کۆمەڵایەتی و کەلتوورییان بکەوێتە ئەودیو سنوورەکان و دەرەوەی دەسەڵات و حاکمییەتی نەتەوەیی، لە باری پێوەندیی ئەم ئێتنیکانە لەگەڵ دەرەوەی سنوورەکان هەر چەشنە قەیران و کێشەیەکی دەرەکی بە ئاسانی دێتە ئەمدیو سنوورەکان و دەرفەتی چاوەدێری دەوڵەت لەسەر ئەم ناوچانە تا ڕادەیەکی زۆر کەم دەبێتەوە. ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەش پیشان دەدەن کە گرووپە ئێتنیکییەکان بەردەوام چاوێکیان بڕیوەتە دەرەوەی سنوورەکان و گرووپە هاوئێتنیک و هاوزمانەکانی خۆیان.

**کەریم بەخش کوردی تەمەندانی، چالاکی سیاسی-کۆمەڵایەتی لە ئێرانشار (سیستان و بەلووچستان):**

بەلووچستان پێش ئەوەیکە بەریتانیا بێتە ناو نیمچەکیشوەر، بەلووچستانێکی یەکگرتوو بووە و حکوومەتێکی هەبووە بە نێو کەلات کە ئێستا لە پاکستاندایە. پاشان کە بەریتانیا هاتووە، ئەم سنوورانەی داناوە و بەشێک لە بەلووچستان کەوتۆتە هیند و بەشێک کەوتۆتە پاکستان و بەشێکیشی لە ئێران ماوەتەوە. ئێستا زۆرێک لە هاوئێتنیکەکانی ئێمە لە پاکستانن و پێوەندیمان لەگەڵیان هەیە، چونکە قەت ناکرێ ئەم پێوەندییە بپچڕێت. ئەم هەستی نزیکایەتی و یەکڕیزیی ئێتنیکی و زمانییە بوونی هەیە و خەڵکی بەلووچ چ لێرە و چ لە پاکستان و چ لە ئەفغانستان ئاواتی ئەوەیان هەیە ڕۆژێک یەک بگرینەوە.

**سادق سوتوان، کۆمەڵناس و لێکۆڵەر لە سیستان و بەلووچستان:**
دوو ساڵ لەسەر سنوور مامۆستای قوتابخانە بووم. ئەو کاتەی دەهاتنە لای پزیشک، لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ئەگەر دەتەوێ چارەسەر وەرگری پێویستە بچیتە لای پزیشکی پاکستانی، تەنانەت دەچوونە ئەودیو سنوورەوە. هیچ باوەڕێکیان بە وێککەوتن لەگەڵ ناوەنددا نەبوو، بەڵام ئەم هەلومەرجە خەریکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت و شتەکەش دیارە و هەستی پێدەکرێ.

ئەو هەڕەشە و مەترسییانەی کە دەگەڕێنەوە سەر تێپەڕینی سنوورەکان لە نێو ئێتنیکە ئێرانییەکان دابەش دەبنە سەر سێ بەش:

یەکەم: دوورگرتن لە ناوەند: توێژینەوەکان دەریانخستووە ئەگەر زۆرینەی ئێتنیکێک لە وڵاتێکی دیکە بن و ئەوان لە وڵاتی خۆیاندا هەلومەرجی (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتووری) گونجاوتریان هەبێ، هاوزمانان و هاوئێتنیکانی خۆیان بەرەو خۆ ڕادەکێشن.

دووهەم: هەر کات دۆخی «یەکەم» هاوکات بێ لەگەڵ ناکۆکی ئایینی و ئایینزایی لەگەڵ وڵاتی خۆی، دوورگرتن لە ناوەند توندتر دەبێتەوە (کەریمیپوور، ١٣٧٩).

سێیەم: هەرچی جیاوازی چینایەتی ئێتنیکی کەمینە لەگەڵ زۆرینەی خەڵکی وڵاتی خۆی زیاتر بێت یان بەش و پشکی کەمتری لە دەسەڵاتی سیاسی-ئابووری پێ ببڕێت و یان تەنانەت ئەگەر ئەو هەستەیان لا ساز بێت کە لەم بوارانەوە زوڵمیان لێ کراوە دوورگرتن لە ناوەند توندتر دەبێتەوە و تەنانەت ئەگەری شەڕ و پێکدادانی چەکدارییش دێتە ئاراوە (لیک، ١٣٨١).

**گەنجێکی کوردی کورمانج، خوێندکاری کۆمەڵناسیی زانکۆی فیردەوسی:**
ئێتنیسیتە بۆ من گرنگە، بەڵام مرۆڤایەتی گرنگترە. ئێستاش لەگەڵ عەرەبێکی عێراقی لە یەک ژووردایـن، هاوڕێیەکی ئەردەبیلیم هەیە و پێکەوە هاوڕێیەتیمان خۆشە.

نیشتەجێبوونی ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان لە ناوچە سنوورییەکان و دراوسێ لەگەڵ وڵاتانی هاوزمانی خۆیان بەستێنێکی گونجاوی بۆ سەرهەڵدانی قەیرانی ئێتنیکی لە ناوچە سنوورییەکان هێناوەتە ئاراوە. ئازەرییەکان لە نێوان سێ هێمانی ئێتنیسیتە، زمان و ئایینەوە لە باری زمانی و ئێتنیکییەوە لێکچوونیان لەگەڵ ئەودیو سنوور هەیە و تەنیا لە باری ئایینەوە لەگەڵ ناوەند یەک دەگرنەوە. پارێزگای کوردستان لە نێوان سێ هێمانی ئێتنیک، زمان و ئایینەوە لەگەڵ ناوچە ناوەندییەکان جیاوازی هەیە و لەگەڵ ئەودیو سنوور لێکچوونی هەیە. بەلووچستانی ئێران و پاکستان

لەسەر سێ هێمانی ئایین، زمان و ئێتنیستەوە لێکچوونیان هەیە. ئەحمەدیپوور لەسەر ئەو باوەڕەیە کە: «لە باری ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە، هێزەکانی دوورگرتن لە ناوەند لە ئێران (بەتایبەت لە سەر سنوورەکان) بوونیان هەیە و دەتوانن لە کاتە قەیرانایییەکاندا وەک ناوەندی ئاژاوە هەڵسوکەوت بکەن (احمدپوری، ١٣٧٦، ٤٥). هەر بەم بۆنەوە بەردەوام هێزەکانی دوورگرتن لە ناوەند لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوودا لە نێو ئەم ئێتنیکانە بوونیان هەبووە کە لە درێژەدا ئاماژە بە هەندێ نموونە دەکرێت.

| هەڵسوکەوتی سیاسی ئێتنیکەکانی سەر سنوور | سیاسەتی دەوڵەتی ناوەندی بۆ بەرەنگاربوونەوەیان |
| --- | --- |
| شۆڕشی سمکۆ لە دژی ناوچە تورکنشینەکانی ئازربایجان لە ساڵی ١٣٠١ی کۆچیی هەتاوی و کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ی کۆچیی هەتاوی بە ڕێبەرایەتی قازی محەمەد | پێکدادانی چەکداریی دەوڵەت لە دژی سمکۆ و شکستهێنانی ناوبراو، زیادکردنی عێلە کوردەکانی زەریاچەی ورمێ بە سوپای ئێران، خۆ بەدەستەوەدانی سەرۆکی حیزب بە فەرماندەی سوپا و ڕووخانی کۆمار |
| ئۆپەراسیۆنی چەکداریی تورکمانەکان لە دژی دەوڵەتی ناوەندی لە ساڵی ١٣٠١ی کۆچیی هەتاوی | سەرکوتکردنی ئۆپەراسیۆنەکە لە لایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە لە ساڵی ١٣٠٢ی کۆچی هەتاوی، تەختەقاپووکردنی عەشیرەتە تورکمانەکان لە لایەن ڕەزاخانەوە، داگیرکردنی بەرەبەرەی زەوییەکانی ناوچەکە و گۆڕینیان وەک دارایی دەوڵەت |
| شۆڕشی دۆست محەمەدخان، سەرداری بەلووچ بە ئامانجی داواکاریی دەسەڵاتی سیاسی لە ناوچە عەشیرەتییەکان هاوکات لەگەڵ پێوەندیی چاک لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی | ئۆپەراسیۆنی سوپا لە دژی دۆست محەمەد خان لە ساڵی ١٣٠٧ی کۆچیی هەتاوی، چۆکدانەدان و شکستهێنانی ناوبراو لە ئەنجامدا، لەسێدارەدانی ناوبراو لە ساڵی ١٣٠٩ی کۆچیی هەتاوی |
| دامەزرانی حیزبی دیموکراتی ئازربایجان بە ڕێبەرایەتی پیشەوەری و کۆماری مەهاباد (کوردستان) بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی لە ساڵی ١٣٢٤ی کۆچیی هەتاوی | ئۆپەراسیۆنی چەکداریی دەوڵەت لە دژیان لە ساڵی ١٣٢٥ی کۆچیی هەتاوی و کۆنترۆڵکردنی هەلومەرجەکە |
| پێکهێنانی بزووتنەوەی نوێی چریکی لە چلەکانی کۆچیی هەتاویی کە سەرچاوەی دەگەڕایەوە بۆ حیزبی دیموکراتی بارزانی | سەرکوتکردنی شۆڕشی نوێی چریکیی کورد لە لایەن هێزەکانی ژاندرمەوە |
| دامەزرانی بەرەی ڕزگاریخوازی بەلووچستان لە ساڵی ١٣٤٣ی کۆچیی هەتاوی و درێژەدانی چالاکییەکانی تا ساڵی ١٣٥٠ی کۆچیی هەتاوی | ڕێککەوتنی دەوڵەتی ئێران لەگەڵ عێراق لە لایەکەوە و دەربڕینی وەفاداری لە لایەن هەندێ لە ڕێبەرانەوە بۆ دەوڵەتی ناوەندی، لە ئەنجامدا لێکەوتنی زەبری کوشندە لەسەر بەرەی ڕزگاریخوازی |

| | |
|---|---|
| دامەزرانی حیزبی دیموکراتی بەلووچستان لە بەغدا لە چلەکانی کۆچیی هەتاویدا و داواکاری بۆ دامەزرانی دەوڵەتی دیموکراتیکی نەتەوەیی بەلووچستان | واژۆکرانی پەیمانی ١٩٧٥ی ئەلجەزایر لە نێوان محەمەدڕەزا پاڵەوی و سەدام حوسێن، کۆتاییهاتنی پشتیوانیی دەوڵەتی عێراق لە بەلووچەکان |
| ڕێکلام و بانگەشەی حیزبی توودە، مانگرتنە کرێکارییەکان و هاندانی عەرەبەکان لە لایەن وڵاتانی میسر و عێراقەوە بۆ جودابوونەوە لە خووزستان | سەرکوتکران لە لایەن هێزە چەکدارەکانەوە و سەرکوتکردنی بەرپرسان و هێزە جوداییخوازەکان |

خشتەی ژمارەی ١-٣: خواستی سیاسیی ناوچەگەرا لە نێو ئێتنیکەکانی نیشتەجێی سنوورەکان و سیاسەتەکانی دەوڵەتی ناوەندیی ئێران لەسەر ئێتنیکەکان لە سەردەمی پاڵەویدا

| هەڵسوکەوتی سیاسیی ئێتنیکە سنوورنشینەکان | سیاسەتی دەوڵەت بۆ بەرەنگاربوونەوەیان |
|---|---|
| گەمارۆدرانی پاسدارانی ئینقلاب لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی کۆچیی هەتاوی و لە لایەن گرووپە چەکدارە کوردەکانەوە | ڕۆشتنی سوپا بۆ شاری پاوە بۆ بەرگریکردن بە فەرمانی ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی |
| دامەزرانی یەکێتی موسڵمانانی بەلووچ بە ڕێبەرایەتی مەولەوی عەبدولعەزیز و نەمانی هەڵویستی توندڕەوانە بەرامبەر بە دەوڵەتی ناوەندی | یەکێتی سیاسەتی ئارام و بەرگریکردن لە قەیراننانەوە و ئاژاوەگێران لە بەلووچستان |
| دامەزرانی گرووپی چەکداریی بەرەی ڕزگارییەبەخشی بەلووچستان بە ڕێبەرایەتی ڕەحیم زەردکووهی | شەڕ و پێکدادان لەگەڵ پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی و شکستهێنانی ئەم گرووپە |
| بزووتنەوەی شوورا جووتیارییەکانی تورکمانەکان لە ساڵی ١٣٥٨ی کۆچیی هەتاوی و داواکاری بۆ چاکسازییە زەوینییەکان و بەدەستهێنانی جۆرێک ئۆتۆنۆمی | ئەم بزووتنەوە بە ڕێبەرایەتی گرووپە چەپەکان ڕەوتێکی توندوتیژانە و چەکدارانەی گرتە خۆ و حکوومەتی ناوەندیی دەستێوەردانی کرد |
| قەیرانی ئابادان و خوڕەمشار | کۆنترۆڵکردنی قەیرانەکە و بەدواداچوونی هێزە دەوڵەتییەکان |
| ڕێکلام و بانگەشە بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەبی، بەرخۆدانە دژە دەوڵەتییەکان، پێوەندیی لە گەڵ دەرەوە، چالاکیی تیرۆریستی | کۆنترۆڵکردن و بەدواداچوون لە لایەن هێزە دەوڵەتییەکانەوە، کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان، چالاکیی ئابووری و کەلتووری و سیاسی، بەرپەرچدانەوەی دەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکان |

خشتەی ژمارەی ١-٣: خواستی سیاسی ناوچەگەرا لە نێو ئێتنیک سنوورنشینەکان و سیاسەتەکانی حکوومەتی ناوەندیی ئێران لەسەر ئێتنیکەکان پاش شۆڕشی ئیسلامی (پاکمهر، ١٣٨١؛ احمدي، ١٣٧٩ و حافظنيا، ١٣٨١)

وەک لە خشتەی سەرەوەدا پیشان دراوە، سیاسەتی دەسەڵاتدارانی ئێران بەرامبەر جووڵانەوە و چالاکییە شوناسخوازانەکانی ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان –کە ئەڵبەت زیاتر توندوتیژانە بووە- تێکەڵی ڕق و قین بووە و ئەنجامی بۆتە سەرکوتکردن و لەسێدارەدان. زانیارییەکانی ئەم لێکۆڵینەوە دەریانخستووە کە ئەم ڕەوتە بۆتە هۆی ئەوەیکە ئاژاوە بەردەوام لە یەک شوێنەوە دەست پێبکات و لە شوێنەکانی دیکە درێژەی هەبێت و ئەم پرۆسە بۆتە هۆی خەسار لە بوارەکانی ئەمنییەتی سیاسی، شەرعییەتی سیاسی، بەشداری کۆمەڵایەتی و هتد و لە هەندێ نموونەشدا قەیرانی لێکەوتۆتەوە. وەک دەرەنجامەکان کە بەشداربووانی ئەم لێکۆڵینەوە وەک پێشنیار بۆ دەسەڵاتداران ئاماژە پێدەدەن، پاش کۆتاییهاتنی پرۆسەیەکی دەربڕینی نارەزایەتی، گوێبیستی داواکاری گرووپە شوناسییەکان بن کە بێ گومان لە ناخی کۆمەڵگاوە هەستاون، چونکە زۆرێک لە داواکارییەکان مەدەنین و لە ڕێگای وتووێژەوە دەکرێ چارەسەر بکرێن. بە واتایەکی دیکە، دەفرایەتی وەرگیرانی سیاسی و لایەنەکانی پلۆراڵیزمی کەلتووری پەرە پێدەدەن کە ڕێگای کەڵک وەرگرتن لە هەموو دەفرایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و هێزی مرۆیی تا ڕادەیەکی زۆر خۆش دەکات.

دەرئەنجامی هەندێ لێکۆڵینەوەی زانستی سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی گرووپە نەتەوەییەکان لە هەردوو دیوی سنووورە سیاسییەکانی ئێران و وڵاتانی دراوسێدا، دەرئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوە مەیدانییە پشتڕاست دەکەنەوە، لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی بەم شێوازە باسی ئەنجامەکەی دەکات: لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران کە ئێتنیکە جیاوازەکان تێیدا دەژین، پێدەچێت ئەم گرووپە ئێتنیکییانە دەتوانن هاوکات هەم هۆکاری ئاریشە و ئاڵنگاری بن و هەم دەرفەت و هەلێک بۆ گەشەکردن و گەشەسەندنی وڵات دابین بکەن و بە سەرچاوەی دەسەڵات هەژمار بکرێن. لە هەندێک وڵاتدا کە کەلێنێکی توندی ناوچەیی هەیە، ڕادەی لێکترازان و ڕێژەی خەساردیتن بەرز دەبێتەوە. پێدەچێت لە ڕووی فەزاوە، بە دوورکەوتنەوە لە بەشی ناوەندیی وڵات بەرەو ناوچە سنوورییەکان، گەشەنەسەندوویی بە ڕوونی بەدی دەکرێت، ئەمەش دەتوانێت توخمی لێکترازان لە ناوچە سنوورییەکان بەهێزتر بکات (پیشگاهی فرد و امیدی آوج, ١٣٨٨، ٦٧).

**ژنە کابانێکی تەمەن ٥٨ ساڵان لە تەورێز:**
من پێوەندیم لەگەڵ کوردەکان زۆر بووە، لەگەڵ خەڵکی تورکیاش هەروا. بۆ خۆم هەموو مرۆڤێکم خۆش دەوێ. بەڵام تورکەکانی دەرەوەی ئێران لە باری کەلتوورەوە زۆر لە ئێمە نزمترن. ئەگەرچی لەوێ ئازادی زیاترە، بەڵام لە تورکیا ژنەکان زۆر لێدانیان دەکرێت؛ ئەم فیلمانە مەکەنە پێوەر. ئازربایجانیش وەک ڕابردووی ئێمەیە. بۆ نموونە بووک پێی خەزووری دەشۆرێ، وەک سەردەمی کۆنی ئێمە.

بە پێچەوانەی نزیکایەتی کەلتووری زۆر لە نێوان هاوئێتنیکەکانی نیشتەجێی وڵاتانی دراوسێ، ئەو شتەی کە لە نێو ئێتنیکییە ئێرانییەکاندا جێی سەرنجە، هەستکردنی ڕێژەیی جیاوازییە سەرەڕای هەبوونی نزیکایەتی کەلتووری لەگەڵ هاوئێتنیکەکانی خۆیان لە دەرەوەی بازنەی جوگرافیایی ئێران. ئێتنیکە نیشتەجێکانی سەر سنووری ئێران ئەگەرچی هاوبەشییە کەلتوورییەکانی خۆیان و هاوقەمەکانیان لەودیو سنوورەوە قبووڵ دەکەن، بەڵام لە کۆمەڵگای ئێرانیدا جۆرێک جیاوازبوونی خۆیان هەست پێدەکەن و تەنانەت لە هەندێ نموونەشدا خۆیان بەرزتر دەنرخێنن (لە وتووێژەکاندا نموونە هەیە).

لەم پێوەندییەدا، لایەنە کەلتوورییەکانی ئێتنیکییەتەکان و بوارە ئەدەبی و هونەرییەکانیان وەک فۆلکلۆر و شیعر و ئەدەبییات لەو بابەتانەن کە گرووپە هاوئێتنیکە سنوورنشینەکان پێکەوە گرێ دەدەن و بۆ یەکڕیزی کۆمەڵایەتی و ڕەزامەندیی سیاسی کاریگەر دەبن. چونکە مێژووی ئەم ئێتنیکانە پێوەندی بە یەک جوگرافیای نیشتمانییەوە هەیە و تەنیا لە سەردەمی نوێدا و پاش پەیمانەکانی پاشا قەجەرەکان و هەروەها پەیمانەکانی پاش شەڕە جیهانییەکان بووە کە سنووری خاکی لە نێوان ئەم ئێتنیکانەدا دانراوە، زۆرینەیان لە بوارە کەلتوورییەکاندا پێکهاتەی هاوبەشیان هەیە و ئەم بابەتە ئەمڕۆ یەک لەو فاکتەرانەیە کە پێکەوە گرێیان دەدا. بۆیە ئاوڕدانەوە لەسەر ئەم پێوەندییە کەلتووری-کۆمەڵایەتییە بۆ بەردەوامبوونی شەرعییەتی سیاسی زۆر گرنگە.

**ئەشکان زارعی، نووسەر و چالاکی بواری کەلتوور و کەلەپوور لە خووزستان:**
تەمەنم هەژدە ساڵ بوو کە لەگەڵ هابیل ئەلیف، کەمانجەژەنی باکوویی بەرنامەمان پێشکەش کرد. گوتاری ئێمە ئەوەندە نزیک بوو کە بێ ئەوەی پرۆڤەیەکی زۆر بکەین بەرنامەکەمان پێشکەش کرد. پێوەندی من و ئازەرییەکی باکوو سەتا ٩٠ لێک نزیک و هاوبەشە. لە کاتی فستیڤاڵی مۆسیقای ئازربایجانی ژیانی ئێمە تەواو ڕادەوەستێ و چاوەڕوان دەبین بزانین هاوڕێیانمان لە ئازربایجانی سەرەوە چ دەکەن.

**ئەمین شیرزادی، شاعیر و هەڵبەستوان لە کرماشان:**
هاوڕێیەکی خەڵکی کۆبانیم، عوسمان ڕوان ئێستا لە لۆس ئانجلیسە؛ هۆنراوەکانی منی لەسەر بوومەلەرزەی کرماشان خوێندۆتەوە و کۆنسێرتێکی هەبووە و داهاتەکەشی پێشکەشی بوومەلەرزەلێدراوان کرد.

سنوورەکان هەروەها دەتوانن وەک پردێکی پێوەندی بەستێنی کارلێک و دانوستان و پێوەندیی دوو دیوی سنوور فەراهەم بکەن. ئاڵوگۆڕە بازرگانییە سنوورییەکان یەک لە پێوەرە سەرەکییەکانە بۆ پێوەندیکردنی نێوان وڵاتانی دراوسێ و هەروەها گوزەرانی ژیانی خەڵکی سەر سنوور و لەم ڕێگایەوە، خەڵکی نیشتەجێی ناوچە سنوورییەکانی وڵاتانی دراوسێ دەتوانن پێکەوە لە دەرفەت و سەرچاوە هاوبەشەکان کەڵک وەرگرن و ئەمەش دەتوانێ ببێتە هۆی بەردەوامبوونی سەقامگیری و هاوڕێیەتی و لێکتێگەیشتنی هەر دوو لا بۆ جێگیرکردنی حەشیمەتی سەر سنوور، دابینکردنی دەرفەت و هەلی کار و پێکهێنانی ئاسایش، گەشەی ئابووری و پێکهاتنی جۆرێک سوودی ڕێژەیی لە ناوچە سنوورییەکان. ئەگەرچی دەفرایەتی و تواناکان لە ناوچە سنوورییەکان زۆرن پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە یەک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم ناوچانە ئەوەیە کە مەودایان لەگەڵ ناوەندی وڵات زۆرە.

ناکارامەیی لە بەڕێوەبەرێتی ئابووریی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی سنوورەکان بووەتە هۆی گەشەکردنی خەسارە ئابوورییەکانی وەک قاچاخ و کار و پیشە نەگونجاوەکان. بۆیە لە باری ئابوورییەوە، سنوورەکان جودا لەوەیکە لەگەڵ هاوردەکردنی کاڵا و شمەکی قاچاخ زەبر و خەساریان لە بەرهەمە ناوخۆییەکانی وڵات و ئابووریی نەتەوەیی وەشاندووە، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە، ئەم جۆرە ئاڵوگۆڕە ئابوورییانە کۆمەڵێک سوودی بۆ خەڵکی سەر سنوورەکان هەیە بەتایبەت لە دۆخێکدا کە دەسەڵاتی ناوەندی دەرفەتی زۆری لە پەراوێزی وڵاتدا نییە و هیچ پیشەسازییەکی گەورە و گچکە لەم ناوچانە بوونی نییە تا هەلی کار بۆ گەنجان ڕەخسابێ. لەم ناوچەگەلە هەژاری لە چاو ناوەندی وڵات ڕێژەی زیاترە و بەگشتی هەبوونی ئەم ئاڵوگۆڕە سنوورییانە لە چوارچێوەی بازاڕچە فەرمییەکان یان کۆڵبەریی نافەرمی سوودی ماڵیی بۆیان هەیە. ئەڵبەت بەپێی ئەنجام و دەسکەوتەکان، لەم نێوانەدا و بەتایبەت لە یەک دوو ساڵی ڕابردوودا، سنوور و بەربەستی زۆر توند لە دژی ئەم جۆرە ئاڵوگۆڕانە دانراوە.

**محەمەد ئیحسانی، فیلمساز و دۆکۆمێنتارساز لە تەورێز (ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات):**
لە ناوچە سنوورییەکان هەژاریی گشتیی دەبینین. لە تاران و ... هەژاری هەیە، بەڵام گشتی نییە.

**قوتبەدین سادقی، نووسەر، فیلمنامەنووس و دەرهێنەری شانۆ لە کوردستان:**
چونکە هیچ کارخانەیەکی گەورە لە کوردستان بوونی نییە، سامان و داراییەک کە ئێستا کەوتۆتە دەستی خەڵک هەر لە ڕێگای بازاڕچە سنوورییەکانەوە بووە کە کۆڵبەران هۆکاری سەرەکین... کە ئەمەش لە لایەن حکوومەتەوە قبووڵ ناکرێت. من تێ ناگەم بۆ ئەوەندە گوشاری توندیان خستوونەتە سەر... کارخانە نییە، کشتوکاڵیش برەوی نییە، ئەی خەڵک چ بکەن؟

لەمێژە ئابووریی و بازرگانیی نێودەوڵەتی، وەک دەرفەتێک لە جیهاندا دەرکەوتووە و وڵاتێک کە نەتوانێ لەم دەرفەتە کەڵک وەرگرێ، بێ گومان دەرفەتە ئابوورییەکان بۆی دەبنە هەڕەشەی بێ چارەسەر و دەکرێ بڵێین چارەسەرکردنی پرسە ئابوورییەکان بە ڕوانگەی نەریتییەوە ئەنجامی خراپی لێ دەکەوێتەوە کە قەرەبوو ناکرێنەوە و وێڕای بەفیڕۆدانی دەرفەتە ئابوورییەکان، کارامەییە نێوان‌نەوەییەکانیش لەناو دەبات و ئەگەری ڕوودانی بنبەستی ئابووری لە بوارەکانی وەبەرهێنانی نوێ و بەتایبەت شێوازە نوێکان وەک گەشتیاری و هتد دێنێتە ئاراوە و ئەنجامەکانی وێڕای زیادکردنی گەندەڵیی ئابووریی دەوڵەتی، بەشێوەی بێکاری و مایەپووچبوونی وەبەرهێنەران و چالاکانی دیکەی چالاکانی ئابووری لە نێو خەڵکدا دەردەکەون.

**کوڕێکی گەنجی کورمانج، خوێندکاری کۆمەڵناسیی زانکۆی فیردەوسی:**
هەموو لە ژێر هێڵی هەژاریدان. ئێستا بابی من تەمەنی زۆرە و توانای ئیشکردنی نەماوە، نە بیمەی هەیە و نە مووچە وەردەگرێ. کوردەکانی لای ئێمە لە خوراسان لە چاو کوردەکانی کوردستان و ئێتنیکەکانی دیکە لە باری ئابوورییەوە زۆر هەژارترن و پێیان ڕاناگەن. ڕەنگە هۆکارێکی ئەوە بێت کە عەشایرن و عەشایرەکانیش بەرگەزندن.

**کازم وەقف، چالاکی سیاسی-ئایینی لە خووزستان:**
پاش کرانەوەی سنوور، ئێمە دەچینە نەجەف و دێینەوە و ئامۆزاکانمان دەبینین. خێرا توانیمان لێک نزیک بینەوە و ببینە هاوڕێ. زار و زمانمان لەبەر هاتوچۆی زۆر تەواو لێک دەچێ. ئەو ڕۆژە لە خورەمشار نەمدەتوانی ئەو عێراقییانەی کە هاتبوون بۆ کڕینی شت لە خەڵکی خۆمان جودا بکەمەوە.

## پێشینەی شوناسی ئێرانی: پێوەندی یان دابڕان

گێڕانەوەی باڵادەستی شوناسی ئێرانی لە سەردەمی هاوچەرخدا، کە بەرهەمی گوتاری نەتەوەخوازیی هاوچەشن‌ساز و ڕۆمانسیە، لەسەر دوو تایبەتمەندی بنەڕەتیی «دژایەتی ئەنیران»[١] و «فارسیزم» دامەزراوە. ئەم تایبەتمەندیانە بوونەتە هۆی دروستبوون و بەرەوپێشبردن و باڵادەستکردنی خوێندنەوەیەک لە شوناسی مێژوویی ئێران، کە هەمیشە توخمەکانی خۆبەزلزانین و خۆهەڵکشان و شانازیکردن بە ڕابردووی مێژوویی، نۆستالژیای پەرگیرانە، دژەئەویدی بوون، کەونینەخوازی و هۆگریی ڕوانگە سەروومێژووییەکان سەبارەت بە نەتەوەی ئێرانی لەخۆدا هەڵگرتووە و چەندین دەیەی بەردەوام، بە کەڵک وەرگرتن لە ئاسانکارییەکانی دەزگای پروپاگەندە و دامەزراوە پەروەردەییەکان، لەو بارەیەوە هەوڵی کەلتوورسازی داوە، بە جۆرێک کە ئەم هێما و ڕوانگانە تا ڕادەیەکی زۆر لە ئاستی کۆمەڵگادا بوونەتە بیروباوەڕی باو و گشتگیر. بۆیە شوناسی نەتەوەیی وەک هەڵسازراوێکی گوتاری، بەپێی پێکهاتەکان و توخمە سەرەکییەکانی، لە ڕوانگەی چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەویدییەوە لەسەر ئاستی دەرەکی و یەکگرتنی کۆمەڵایەتی لە ناوخۆدا، زۆرجار ئەرکی تێکدەر و لێکترازێنەری گێڕاوە. دەرەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەش، تێگەیشتنێکی لەو شێوەیە لە وێنەی باو و گشتگیری شوناسی ئێرانی لە نێو دیمانەکاندا پشتڕاست دەکەنەوە. خۆبەزلزانینی ئێرانی، شانازیی مێژوویی، نۆستالژیای شوناس و ڕەخنە لە کەونینەخوازی، لە سەرەکیترین چەمکە دەرهێنراوەکانی وتوێژەکانن کە جگە لە ڕەخنەی کەونینەخوازی، زۆربەیان هەڵگری ڕادەیەک هەڵوێستی دژەئەویدی بوون، خۆبەزلزانین، ڕابردووخواز و نۆستالژیکن. لە درێژەدا هەریەک لەم چەمکانە شیکاری و ڕوونکردنەوەیان بۆ دەکرێت.

### خۆبەزلزانیی ئێرانی

لووتبەرزی، دەماربەرزی، خۆبەزلزانین و گرێی خۆبەگەورەزانین[٢] ، لە چەمکەکانی زانستی دەروونناسین کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لەلایەن ئالفرێد ئادلێرەوە[٣] وەک بەشێک لە دەروونناسی تاک ناسێندرا. بە پێی ئەم تیۆرییە مرۆڤەکان لە یەکەم ئەزموونەکانیاندا لە کاتی بەراوردکردنی خۆیان لە گەڵ جیهانی دەوروبەردا هەست بە لاوازی و بێ دەسەڵاتی دەکەن. کاتێک مرۆڤ ناتوانێت بەسەر هەستی خۆبەکەمزانیدا زاڵ بێت، ئەم هەستە بەهێزتر و چڕتر دەبێتەوە و دەبێتە هۆی دروستبوونی گرێی خۆبەکەمزانین. ئادلێر ئەم حاڵەتە بە بێتوانایی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیان پێناسە دەکات. بە بڕوای ئادلێر ئەگەری ئەوە هەیە مرۆڤ لە هەمبەر هەستی خۆبەکەمزانین مەیلی قەرەبووکردنەوەی زیادەڕەویانە تێدا سەرهەڵبدات و

---

١. ئەنیرانی واتا نائێرانی

2. Superiority complex

3. Alfred Adler

تووشی گرێی خۆبەگەورەزانین ببێت. لەم حاڵەتەدا مرۆڤ مەیلی خۆبەزلزانی و باڵادەستی هەیە و وێنەیەکی زیادەڕۆیانە لە توانا و پێشکەوتەکانی پەیدا دەکات (شولتز، ١٣٨۴، ۱۴۴-١٤٥). ئەم دەستەواژەیە دواتر ڕێی بردە نێو زانستە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵناسی و لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی ڕەفتاری بەکۆمەڵی ئێتنیک و نەتەوە و گرووپە جیاوازەکاندا کەڵکی لێ وەرگیرا.

نەتەوە دراوسێکانی ئێران بریتی لە: عەرەب، تورک، ئەفغانی و هتد هەر یەکە خاوەنی پێشینەی مێژوویی و ڕابردووی کەلتووریی تایبەتی خۆیانن بەڵام لەم نێوانەدا ئێرانییەکان بەردەوام ڕابردووی خۆیانیان زێڕینتر و بەرزتر نرخاندووە و بڕوایان بە سەرتربوونی خەڵکی ئێران بەسەر خەڵکی وڵاتانی دراوسێدا هەیە. دەستکەوتەکانی ئەم توێژینەوەیە بوونی هەستی خۆ بەزلزانی و دەماربەرزیی ئێرانی پشتڕاست دەکەنەوە.

> **مەحموود قادریی موکری، کاریکاتۆریست لە مەهاباد (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**
> دیارە کە دەمارگرژییەک هەیە، بەرامبەر بە ئیسلام و سوننە و ئێرانی بوون و نەتەوەی کورد دەمارگرژیمان هەیە.

لە کۆمەڵگای ئێرانیدا، نەرسیسیزم[1] (ئاشقەخۆبوون یان شێتی خۆبوون) ڕیشەی مێژوویی هەیە و لە هەندێ نموونەدا بە شێوازی نائەخلاقی، بەرزترنرخاندنی خۆ و خۆ پێ گەورەتربوون دەرکەوتووە، بە جۆرێک کە بە چاوخشاندنێک لەسەر دەقە مێژووییەکان و کتێبەکانی ئەدەبیات و وتە و نووسراوەی کۆمەڵێک لە کەسایەتییە سیاسییەکان و ڕووناکبیران و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەم دیاردە نەگونجاوە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییە بەرچاو دەکەوێت. عەبدولڕەزا نەواسیری، لێکۆڵەری مێژووی هاوچەرخی ئێران لە کتێبی «خەسارناسیی ناسیۆنالیزمی ڕۆمانسی ئێرانی: ڕابردووخوازی، نەرسیسیسم، دژەئەویدیبوون، زمانتەوەری»دا[2] نەرسیسیم و خۆبەزلزانی وەک پێکهاتەی سەرەکی ڕەفتار و کەسایەتی ئێرانی دەخاتە ڕوو و لەم لێکۆڵینەوەدا لە ڕوانگەی خەسارناسییەوە، ئاخیزگە و هۆکارەکانی سەرهەڵدان و بەهێزبوونی تاوتوێ دەکات و سەرچاوەی سەرەکیی پێشخستن و بەهێزکردنی ئەم ڕوانگانە لە سەردەمی هاوچەرخدا بە نەتەوەخوازیی ڕۆمانسیی ئێرانی دەزانێت. نووسەر لەو باوەڕەدایە کە گۆڕینی ڕابردوو و مێژوو بە گێڕانەوەی ئایدیۆلۆژی، خۆبەگەورەزانی، ناساندنی توخمی «عەرەب-تورک» وەک «ئەوید»ی ئێرانییەکان و گۆڕینی زمان وەک چەکێکی شوناس، لە نەخۆشییەکانی ئەم گوتارەن (نواصری، ١٤٠٢). ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەش پیشاندەری ئەم جۆرە لە دەمارگرژییە مێژووییەن لە گرووپە ئێتنیکی و ئایینییەکاندا.

---

1. Narcissism

٢. آسیب‌شناسی ناسیونالیسم رومانتیک ایرانی: گذشته‌گرایی، خودشیفتگی، دیگرستیزی، زبان‌محوری

بازنـەی ئـەم بابەتە ئەوەندە بەربڵاوە کە جاروبار سیاسـەتوانە دەوڵەتییەکانیش دەکەونە گێژاوەکەی و لـە کاتـی باسـکردنی پرسـە سیاسـی، ئابـووری و کۆمەڵایەتییـەکان چارەسـەر بـۆ هەمـوو جیهـان دەنوێنـن. هەنـدێ وتـەی ڕێبەرانی سیاسـی ئێران لە ئاسـتی ناوچەیـی و جیهانـی و پەیوەندییەکانیان لەگـەڵ زۆرێـک لـە وڵاتان، نموونەیەکی باشـی ئەم هەڵوێسـتەن. بۆ نموونـە، محەمەدڕەزاشـا پەهلەوی بـە ڕۆژنامەنووسـێکی ڕۆژئاوایـی گوتبـوو: لەبیر مەکەن کە هەموو ئەو شـتانە ئەمڕۆ ئێـوە (ڕۆژاوا) هەتانە، سێ هـەزار سـاڵ پێـش ئێسـتا ئێمـە فێرمـان کـردوون» (نـواصری، ١٣٩٤). لـە سـەردەمی کۆمـاری ئیسلامیشـدا، یەکێک لە ئایدۆلۆژییە ئاشـکراکانی ڕژێم، ئیدیعای ڕێبەرایەتیی سـتەملێکراوانی جیهان و بەرقەرارکردنـی دادپـەروەری لـە عالەمـدا بـووە، کـە بەشـێک لـە دەرکەوتەکانـی لـە هەڵسـوکەوت و کـردەوەی سیاسـەتوانە پلـە باڵاکانـی ئێرانـدا خۆی نوانـدووە، وەک مەحمـوود ئەحمەدی‌نژاد سـەرۆک کۆمـاری دەوڵەتـی نۆیـەم و دەهەمـی کۆمـاری ئیسلامی ئێران باسـی لـە بەڕێوەبردنی جیهانـی دەکرد و بانگەشـەی ئەوەیـان کـرد کـە «زیاتـر لـە ١٠٠ سیاسـەتمەداری جیهـان لـە وتووێژێکـدا لەگەڵیانـدا ئـەم چاوەڕوانییەیـان دەربڕیـوە و گوتوویانـە ئێـران توانـای بەڕێوەبردنـی جیهانـی هەیـە» (احمدی‌نژاد: سیاسـتمداران دنیـا از مـن توقـع مدیریت جهـان را داشـتند، ١٣٩٢).

بازنـەی ئـەم خـۆ بـە بەزلزانینـی ئێرانییـە چووەتـە بـواری ڕەنـگ و نەژادیشـەوە و بـە بەراوردکـردن و هەڵسـەنگاندنی خـۆی لەگەڵ خەڵکی دیکە و بەتایبەت دراوسـێکانی وەک عـەرەب، تورک، ئەفغانی و نەتەوەکانی دیکە، خۆی بەرزتر و گەورەتر لە ئەوان دەبینێت. دوکتۆر محەمەد ئەلسـەلمی، مامۆسـتای ئەدەبیاتـی فارسـی، لـە وتارێکـی ڕەخنەگرانـەدا لـە ژێـر ناوی «سـێبەری خـۆ بـە گەورەزانینـی ڕەگەزی لەسـەر سیاسـەتی ئێران بەرامبـەر بـە عەرەبدا»[1] بـاس لـە پاڵنـەرە سـەرەکییەکان و ڕەگ و ڕیشـەی مێژوویـی ئـەم هەڵسـوکەوتە دەکات بەرامبـەر بـە عەرەبەکانـی کەنداوی فـارس بەتایبەتی سـعوودیە، و بـە یەکێـک لـە دیارترین لایەنە ڕەفتارییەکانی سیاسـەتوانانی ئێران لە سـەردەمی پەهلـەوی و کۆماری ئیسلامـی نـاوی دەبـات (السـلمی، ١٣٩٩). فـەرەج سـەرکووهی، نووسـەر و ڕەخنەگـری ئەدەبـی و کەلتـووری، لـە وتارێکـدا لە ژێر نـاوی «ڕەخنەیەک لەسـەر عەقڵیەتـی ئێرانی: خۆبەکەمزانیـن بەرامبەر ئەورووپیـی و ئەمریکییـەکان و خۆبەزلزانیـن بەرامبـەر بـە دراوسـێکان»[2] ، وێـڕای جەختکردنـەوە لەسـەر نەبوونـی لێکۆڵینـەوەی مەیدانی بۆ سـەلماندن و پووچەڵکردنـەوەی ئەو گریمانەیە، ئامـاژە بەوە دەکات کـە ئەوانـەی باوەڕیـان پێـی هەیـە، نـەک تەنیا ئامـاژە بـە نموونـەی جۆراوجـۆر و دووبارەبوونەوەی قسـە و کـرداری سـەرچاوەگرتوو لـەم عەقڵیـەت و دەروونناسـییەوە، لـە دامەزراوەکانـی حکوومـەت و لـە نێـو چینـە جیاجیاکانـی خەڵکـدا دەکەن، کـە لە بێدەنگیـی زۆرێک لە ڕۆشـنبیرانی ئێرانی لـە هەمبەر ئەم جـۆرە بەریەککەوتنانـە، لـە بوونـی وەهمـی خۆبەزلزانیـی ئێرانییـەکان لـە زۆرێـک لـە بەرهەمـە ئەدەبی و هونەرییەکانـی ڕابـردوو و هاوچەرخـدا، لـە بڵاوبوونـەوەی نوکتـەی سـووکایەتی پێکـردن بەرامبـەر بـە

---

١. «سایه خودبرتربینی نژادی بر سیاست ایران در قبال اعراب»

٢. «نقدی بر ذهنیت ایرانی: خودحقیربینی در برابر اروپائیان و آمریکائیان و خودبزرگ بینی در برابر همسایگان»

کەمینەکان و کۆچبەران، لە قەدەغەکردنی نافەرمیی ڕێگەدان بە کۆچبەرانی ئەفغانی و عێراقی بۆ ناو تۆڕی پەیوەندیی خێزانیی و دۆستایەتی، و لە وێنەی باوی ئەفغانی و عەرەب و تورک لە فامی گشتیی زۆرینەدا وەک بۆنەگەلێک بۆ پشتڕاستکردنەوەی هەڵسەنگاندنەکانیان ناودەبن. سەرکووهی لە درێژەدا سەبارەت بە بنەماکانی دەرکەوتنی ئەو ڕەفتار و هەڵوێستانە دەنووسێت: هەستی خۆبەکەمزانی بەرامبەر بە دەسەڵاتداران و خۆبەزلزانین بەرامبەر بە لاوازەکان یەکێکە لە هێڵکارییە خەسارناسییە دەروونییەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگاکاندا کە لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لە کەلتوور و مێژوویدا بە دامەزراوەیی کراوە. سووکایەتی و شکست لە واقیعدا دەتوانێت ببێتە هۆی وەهمی باڵادەستی لە عەقڵیەت و زیهنیەتی جەماوەری بەسەر سەرکەوتوواندا، بەڵام ڕوونکردنەوەی لووتبەرزیی هەمبەر دراوسێکان لە کەلتوری باڵادەستی ئێراندا، هێندەی لێکدانەوەی خۆبەکەمزانیان لە بەردەم ئەورووپی و ئەمریکییەکاندا ئاسان نییە، چونکە لەم دیاردەدا، خەیاڵە تەمومژاویەکان، شوێنی هێما ڕوونەکانیان گرتۆتەوە. ئێرانییەکان لە مێژووی دوورودرێژیاندا لە زۆربەی شەڕەکاندا لەلایەن دراوسێ عەرەب و تورک و ئەفغانیەکانیانەوە شکست دراون و سووکایەتی و شکست لە واقیعدا دەتوانێت ببێتە هۆی وەهمی باڵادەستی بەسەر سەرکەوتوواندا. سەرکووهی لە ڕوونکردنەوەی ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی ڕەفتاری خۆبەزلزانیدا دەنووسێت: پڕۆپاگاندا و پەرەپێدانی وەهمی باڵادەستی ئێرانییەکان بەسەر تورک و عەرەبدا، یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی شاهنامەی فیردەوسی‌یە. شاهنامە لە کاتێکدا دروست بوو کە عەرەب ئیمپراتۆریی ساسانیانیان لە ناوبرد و خیلافەتی عەرەبی بەشێک و حکوومەتە بەرەچەڵەک تورکەکان بەشێکی دیکەی ئێرانیان بەڕێوە دەبرد (سرکوهی، ٢٠٢٢).



وێنەی ژمارەی ٨-٣: وتوویژ لەگەڵ سەردار کیانی

**سەردار کیانی، شاعیر و چالاکی مەدەنی سیستانی لە زابول (سیستان و بەلووچستان):**

ئەو کاتەی کە عەرەبەکان هاتنە ڕۆژهەڵاتی ئێران و ناوچەی زاگروسیان بینی، وتیان چ باخ و چ دارستانێک جۆباری ئاویان بە ژێردا دەچێت. عەرەبێک کە لە عەربستانەوە هاتووە و قەت نافامێ دار چییە و بێجگە تەپوتۆز و تۆفان هیچی نەدیوە، لێرە بەهەشتی چاو پێکەوت... لە زاگروسەوە تێپەڕین و دیتیان کە ئێرانییەکان ژنی زۆر جوانیان هەیە، وتیان حۆرییەکانی ناو قورئان هەر ئەمانەن. هەر کەسە و بەشی خۆی هەڵگرێ و بیبات... عەرەبەکان هاتن و هەموو شتیان کرد... بە خودا زۆرم پێ ناخۆشە...! ژنی ئێرانی کە خاوەنی هەزاران شارستانییەتە عەرەبێکی مارمێلکەخۆر بیگرێت و بیبات...، ئەمە کەی دروست و ڕەوایە؟ کچی یەزدگردی سێهەم، پاتشای جیهان عەرەبێ هەڵیگرێ و بیبات؟!

دەماربەرزیی ئێرانی هەندێک جار ئەوەندە زێدەڕۆیانە دەبێت کە هێماکانی ڕەگەزپەرستی بە ئاشکرا تێدا دەبینرێت. بەپێی ئەزموونە مێژووییەکان و گوتارە ناسیۆنالیستییە هاوچەرخەکان، زۆربەی عەرەبەکان، و لە هەندێک حاڵەتیشدا تورکەکان بوونەتە ئامانجی ئەم هەڵوێستە ڕەگەزپەرستیانە، بە شێوەیەک کە تەنانەت دامەزرانی کۆماری ئیسلامی نەک هەر نەبووە هۆی سڕینەوەی ئەو هەڵوێستە، بەڵکوو لە هەندێک نموونەشدا هانی داوە. نازناوی سووکانەی «عەرەبی مارمێلکەخۆر» کە لە هەندێ گێڕانەوەدا ڕیشەی بۆ شاهنامەی فێردۆسی[1] دەگەڕێتەوە، یەکێکە لەو نازناوە باوانەیە کە لە زمانی فارسیدا بۆ عەرەب بەکاردەهێنرێت. بێگومان ئەمە تەنیا هەڵوێستی خەڵکی ئاسایی نییە، بەڵکوو بە پلەی یەکەم بنەمای بۆ ئەو گوتارانە دەگەڕێتەوە کە لە لایەن نوخبە و ڕۆشنبیران و ئەدیبانی ئێرانییەوە بنیات نراوە. ناسر فەکووهی لە وتاری «ڕۆشنبیر وەک پرۆسە»[2] دا، لە ڕوانگەیەکی خەسارناسانەوە، سەیری دیاردەی دژایەتیی عەرەبی لە نێو ڕۆشنبیرانی ئێرانیدا کردووە و دەڵێت: گوتاری نەتەوەخوازیی

---

١. «ز شیر شتر خوردن و سوسمار/ عرب را رسیده به جایی ز کار/ که تخت کیانی کند آرزو/ تفو بر تو ای چرخ گردون تفو» (لە شیری حوشتر خواردن و مارمێلکە / کاری عەرەب گەیشتووەتە شوێنێک/ کە تەختی کیانی دەکات ئارەزوو/ تفت لێ بێت ئەی چەرخی گەردوون تف) سەبارەت بە ڕەسەنایەتی ئەو دێڕانە، کە لە زمانی ڕۆستەم فەرۆخزاد، فەرماندەی سوپای ساسانی ئیدانەی هێرشی عەرەب بۆ سەر ئێران دەکات. هەندێک لە نووسەران پێیان وایە ئەو دێڕانە وتەی فێردۆسی نین و ساختەن، هەندێکیشیان بە وتەی ئەو دەزانن و پێیان وایە کە لە وەشانە کۆنەکاندا تۆمارکراون، دەستەیەکی دیکەش پێیان وایە ئەو دێڕە شێعرانە لە بەرهەمێکی دیکەوەن کە ناوی چیرۆکی حەمزەیە. (ئەدەب جعفری، سیاوش، & رادفر، ابوالقاسم. (١٣٩١). بررسی بیت‌هایی از شاهنامه در ویرایش جلال خالقی مطلق. کهن‌نامه ادب پارسی، ٣(٢)، ٤٩-٦٦.)

٢. روشنفکر به مثابه فرایند

شۆڤێنیانە لە ئێراندا، لە ڕادەبەدەر ڕەگەزپەرستانە، کەونینەگەرا و دوور لە عەقڵانییەتە... بە ئاسانی ئاراستە و زمانی «دژە عەرەب» دەگرێتەبەر بە بێ ئەوەی بزانێت لە ئێراندا چەند ملیۆن هاونیشتمانی عەرەبمان هەیە. گرووپێک لە ڕۆشنبیرانی ئێرانی هەڵوێستی ناسیۆنالیستی دژەعەرەب و مێژوویی دەگرنەبەر و باسەکە لەسەر بنەمای ناوەندگەرایی ئێران دەبەنە پێش(میرمیری، ١٣٩٢، ٧). ئاسەواری ئەم دیاردەیە لە سیاسەتی فەرمی حکوومەتیشدا دەبینرێت. بە وتەی سادق زیباکلام، هەر کاتێک دراوسێ عەرەبەکانمان لە ئیمارات و بەحرەین و قەتەر و کوەیت هەڵوێستیان بەرامبەر ئێران هەبێت، ئەگەر ورد ببنەوە دەبینن کاردانەوەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ڕاستە سیاسییە، بەڵام زیاتر نەژادییە نەک سیاسی. ئەوە مانای چییە؟ واتە بۆ نموونە وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەمان، یان وەزیری دەرەوەمان، یان ئیمامەکانی نوێژی هەینیمان، سەرۆکی پەرلەمانمان و هتد، بەجۆرێک کاردانەوەیان دەبێت کە بۆنی سووکایەتی لە قسەکانیانەوە دێت. (زارع، ١٣٩٠).

**زەهرا خەزاعل، داهێنەری کار و چالاکی بواری گەشتیاری لە ئابادان (خووزستان):**

پارەی عێراقی حەرام و پیسە، منداڵێکیش ئەم شتە دەزانێ.

**حەسەن بێهداد، بەڕێوەبەری میراتی کەلتووری لە حەمیدییەی خووزستان:**

کاتێک عەرەبێک ڕای لەسەر شتێک دەڵێت، بە توندی وەڵامی دەدەنەوە و پرسیاری لێدەکەن تۆ عەرەبیت یان ئێرانی؟ ئەم پرسیارە زۆر ناخۆشە. من عەرەبی ئێرانیم. ئەو دەیەوێ بڵێت ئێوە خەڵکی ئێرە نین و هاتوونەتە ئێرە. دەیەوێ بڵێت هیچ مافێکتان نییە. ئەمە لە درێژخایەندا کاریگەری خراپی لێدەکەوێتەوە.

ڕەهەندێکی دیکەی دژایەتیکردنی عەرەب لە ئێراندا، پێداگرییە لەسەر توخمی عەرەب وەک ئەویدیی ئێرانی، لە کاتێکدا کە عەرەب بەشێکی بەرچاو لە پێکهاتەی ئێتنیکی و دیمۆگرافیای ئەم خاکە پێکدەهێنن. جۆیا بلۆندێل سەعد لە کتێبی «دژایەتیی عەرەب لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئێراندا» لەسەر ئەم بابەتە دەنووسێت: ئێرانیگەری لە سەرەتاوە تەوەری سەرەکی ئەدەبیاتی فارسی بووە. بەشێک لە نووسەرانی ئێرانی، بۆ دۆزینەوەی چەمکی تاکایەتیی ئێرانی و پیناسەکردنی ئێران وەک نەتەوەیەک و خۆیان وەک ئێرانییەکان، پەنا بۆ وێنەی بێگانەنوێنی عەرەب دەبەن. عەرەبی بێگانە لە بەرامبەر تاکایەتیی ئێرانی دادەنێن و بۆ هەندێکی تر جیاوازی ڕەگەزی و زمانی گرنگە و هەندێکی دیکەش جگە لەوە جیاوازییە ئایینی و مێژوویی و کەلتوورییەکانیش ئەژمار دەکەن (بلوندل

سعد، ١٣٨٢، ١٦١). ئەم شێوازە لە ئەویدیسازی عەرەبەکان لە نێو وتە و چاوپێکەوتنەکانیشدا بەدی دەکرا.

**ڕەسووڵ نامی، دیزاینەری تەون لە تەورێز:**
لە دەنگ و ڕەنگ و دراماکانی تەلەفزیۆندا زیاتر کەسایەتییە نەزم و بێ عەقڵ و دواکەوتووەکان زاراوەی تورکییان هەیە یان بۆ نموونە کەسانی نەفام گیلەکن. ئەمە سووکایەتی و گاڵتەکردنە.

**مەهدی حەمیدیی شەفیق، چالاکی سیاسی لە ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات:**
تورکەکان لە دەنگ و ڕەنگدا کەسایەتیی کلیشە گەمژەکانن. ئێمە کۆمەڵگایەکی ڕەگەزپەرستین. ئێمە لە بەرهەمەکانی سادیق هیدایەتی و جەلالی ئالی ئەحمەددا ڕەگەزپەرستیمان هەیە و سووکایەتی بە عەرەبەکان کراوە.

دژەتورکبوون لایەنێکی دیکەی هەڵاواردنی ئێتنیکی-نەتەوەییە لە ئێراندا،[1] کە زۆرجار لە شێوەی ڕەگەزپەرستیی زمانیدا[2] دەردەکەوێت. ئەم جۆرە ڕەگەزپەرستییە لە ڕێگای سەپاندنی زمانی خۆ لەسەر کەسانی دیکە و لە ڕێگای سووکایەتیکردن بە زمانی کەسانی دیکەوە جێبەجێ دەکرێت. لەم شێوازەدا، زمانی زۆرینەی خەڵک لە بنکە و ڕێکخراوە ئیداری/ دەوڵەتی/ فەرمییەکان قەدەغە دەکەن. بەشێکی دیکەی ڕەگەزپەرستیی زمانی زاراوەگەرایی یان زاراوەپەرستییە. نۆرماڵکردنی «زاراوەی زاڵ» یەکێک لەو میکانیزمانەیە کە لەو ڕێگایەوە، گرووپی دەسەڵاتدار دەسەڵاتی دەروونی و هەروەها دەسەڵاتی ئابووری و کەلتووری خۆی دەسەپێنێ. گوتاری هەژموونیکی زاراوەگەرایی جۆرێک بانگەشە دەکات کە ئەگەر ئێوە بە زاراوەی زاڵی نێو کۆمەڵگا نەدوێن، وەک نەخوێندەوار سەیر دەکرێن، ئاستی زانستتان دەچێتە ژێر گومان و کەسایەتی مرۆییتان سووکایەتی پێ دەکرێت (اصغرزاده، ٢٠١١).

بێگومان نابێت لەم بابەتە چاوپۆشی بکرێت کە هەڵاواردن لە کۆمەڵگای ئێراندا تەنیا پەیوەست نییە بە ڕەگەز و زمانەوە، بەڵکوو هەمیشە لە چەندین شێواز و ئاستدا بەرهەم دەهێنرێتەوە. بۆیە لە سێبەری هەڵاواردنی گشتگیری فارس‌تەوەریدا، کە لەسەر جیاوازی و سەروەریبەخشین بە توخمە کەلتووری و شوناسییەکانی گەلی فارس و زمانی فارسی بەسەر شوناس و زمانی ئێتنیکەکانی دیکەدا دامەزراوە، بەردەوام فۆرمە جوراوجۆرەکانی هەڵاواردن و خۆبەگەورەزانی نەتەوەیی و ئایینیش

١. عرب‌ستیزی در ادبیات معاصر ایران

2. Language Racism

لە دڵی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبووە. ڕەنگدانەوەی ئەم هەڵوێستانە بە ڕوونی لە نوکتە و گاڵتەجاڕی نێوان ئێتنیکەکان و تەنانەت لە نێوان ئایین و ئایینزاکاندا دەبینرێت.

### لەخۆباییبوونی مێژوویی

لەخۆباییبوون بە واتای شانازیکردن، لووتبەرزی و بەخۆدانازینە و کاتێک ڕوودەدات کە مرۆڤ ئیدیعای بە کەماڵ گەیشتن و کامڵ بوونی خۆی ببێت (نراقی، ١٣٧٨، ٣٠٤). کاتێک لەخۆباییبوون و شانازیکردن بە ڕابردووی مێژوویی ئێتنیکێک یان نەتەوەیەک لە شێوەی ڕەفتارو هەستی بەکۆمەڵی ئەندامانی سەر بەو گرووپەدا دەردەکەون، پێی دەوترێت لەخۆباییبوون و شانازیی مێژوویی. شانازی لە ڕوانگەیەکی زیادەڕۆیانە و حەماسییەوە سەبارەت بە خاڵە وەرچەرخانەکانی ڕابردووی مێژوویی گەلێک، نەتەوەیەک و هتد سەرچاوە دەگرێت، کە بە شێوەیەکی سەرەکی گرێدراوی خوێندنەوەیەکی پێداهەڵدراوە. لەم ڕووەوە لەخۆباییبوونی مێژوویی لەسەر بنەمای ڕابردووخوازی[1] دروست دەبێت. دەکرێت ڕابردووخوازی تا ڕادەیەک وەک مەیلێک بۆ ڕێزگرتن لەوەی کە بە «ڕابردوو» ناوزەد کراوە و بەگشتی تێکەڵەیەکی زۆر شێواوە لە واقیع و فانتازیا و تەنانەت دەستێوەردانی وشیارانە یان ناوشیارانە لە ڕووداو و عەقڵیەتی ڕابردوودا سەیر بکرێت. ئەمەش بە مەبەستی لەناوبردنی دەستکەوتەکانی سەردەمی ئێستا و بەتایبەتی بە مەبەستی کاریگەری دانان لەسەر ڕەوتەکانی داهاتووسازی کەلتوورێک ئەنجام دەدرێت بۆ ئەوەی بتوانن بەرەو قاڵبی ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراودا ئاراستەی بکەن. بۆیە هەر ئەوەندەی کە پرۆسەکانی «ئەزموون» و «بیرەوەری» و تەنانەت نۆستالژیاش دەتوانن بۆ بنیاتنانی داهاتووی کەلتوورێک لە ئاست و ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەدەبی، دەروونناسی یان کۆمەڵایەتیدا سوودبەخش بن، ڕابردووخوازی بە گشتی کاریگەریی نەرێنی هەیە، چونکە جێگەی ڕەوتە تەندروست و خۆڕسک و دەرهاوێژراوی پێداویستییە واقیعیەکانی مرۆڤەکان دەگرێتەوە و سروشتی باشیان دەکات بە بزوێنەرێکی قازانجخوازانە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات یان سامان و بۆ ئەم مەبەستەش بە توندی دەستکاریی پێکهاتەکانی خەیاڵ و یادەوەری دەکات، بۆ ئەوەی بیروباوەڕە ئایدیۆلۆژییەکانی بەسەریاندا بسەپێنێت. دوو نموونەی بەرچاوی ڕابردووخوازی لە هەندێک شێوازی «نەریتگەرایی» و «ناسیۆنالیزم»دا دەبینرێت. جۆرێک لە نەریتگەرایی هەیە کە شێوەیێکە لە ڕابردووخوازی و هەوڵی پیرۆزکردن و خوڵقاندنی وێنەیەکی خەیاڵی لە نەریتەکان دەدات. لە کاتێکدا دەزانین کە هەندێک لە نەریتەکان تەنیا پێکهاتە داب‌ونەریتەکانی کۆمەڵگایەک بوون و لە نەفسی خۆیاندا، بەهایەکی سروشتیی ئەوتۆیان نییە و لە هەموو حاڵەتەکاندا بەرگرییان لێناکرێت (فکوهی، ١٣٩٥، ١٦).

لەخۆباییبوون و شانازیی مێژوویی ئێرانی، لەسەر بنەمای چەشنێک لە ڕابردووخوازیی کەونینەگەرا لەگەڵ تیشک خستنە سەر هەندێک تایبەتمەندیی کەلتووری و ئەدەبی مێژوویی

1. Passeism

ئێران دامەزراوە. کەونینەگەرایی پشتئەستوور بە ڕەگەزی ئاریایی، لە وێناکردنێکی زیادەڕۆیانە و ئەفسانەییدا، مێژووی ئێرانی کۆن وەک سەردەمێکی شکۆمەندی شارستانییەت و کەلتوور دەخاتە ڕوو، کە دەستکەوتەکانی تاکوو ئێستاش مایەی شانازی و سەربەرزین. گەڕاندنەوەی یەکەمین جاڕنامەی مافی مرۆڤ بۆ کوروشی هەخامەنیشی، گێڕانەوەی سەروومێژوویی لە سیستەمی سیاسی و ئیداری ئێرانی کۆن لە سەردەمی هەخامەنیشی و ساسانیدا، جەختکردنەوە لەسەر پاراستن و سەقامگیری فەرهەنگ، زمان و داب‌ونەریتی ئێرانی بە درێژایی هەزاران ساڵ، کە وەک هێمای سەقامگیری و نەدۆڕاویی بناغەکانی مێژووی ئێران ناوی دەبەن، بەشێک لە توخمەکانی شانازیی مێژوویی نێشتمانی ئێران، کە لەسەر سێ تەوەری؛ ئایدیای سیاسی ئێرانشاری، زمانی فارسی و شارستانیەتی ئێرانی دامەزراون. ئەم هەڵوێستە بووەتە هۆی خوڵقاندنی بڕوا بە نەدۆڕاویی فەرهەنگی ئێرانی، باڵادەستی ئێران و ئێرانییەکان بە سەر ئێتنیک و نەتەوەکانی دیکەدا، پاراستنی یەکپارچەیی و یەکگرتوویی ئێران، فەرهەنگی دەوڵەمەند و پایەداری ئێرانی کە هەموو فەرهەنگێکی داگیرکەر و هاوردەی لە خۆدا تواندۆتەوە و هەرسی کردووە.

> **کەریم بەخش کوردی تەمەندانی، چالاکی سیاسی-کۆمەڵایەتی لە ئێرانشار (سیستان و بەلووچستان):**
> هەمووی ئەو کەسانەی کە شوناسی نەتەوەیی ئێرانییان هەیە، لە هەر ئایین و ئایینزا و ئێتنیکێک، دەبێ پێکەوە یەکسان بن، وەک هەمان ئەو شتەی کە جاڕنامەی کووڕۆش باسی کردووە. دروشمی مەرگ و نەمان بۆ وڵاتێک لەسەر مووشەکی ئێمە هەموو دنیا دەکاتە دژی ئێمە و ئێمەش لە جیهاندا گۆشەگیر دەکاتەوە و وەک وڵاتێکی شەڕەنگێز پیشانمان دەدات، بەڵام ئێمە ڕابردووی وەهامان نەبووە. ڕابردوویەکمان هەبووە کە خاوەنی کەلتوور و شارستانییەت بووە و وانەی ڕزگاری و ئازادی بە جیهان گوتۆتەوە. ئێمە یەکەمین وڵات بووین کە جاڕنامەی مافی مرۆڤمان نووسیوە.

دوکتۆر موحەممەد سەنعەتی لە وتارێکی ڕەخنەگرانەدا لەژێر ناوی «شوناسی ئێرانی و یادەوەری مێژوویی ئێمە»، لە ڕوانگەی دەروونناسیی جەماوەریی مێژووییەوە ڕەخنە لە نامێژووگەرایی و ڕوانگەی ڕابردووخوازانەی ئێرانییەکان دەگرێت و دەڵێت: ئەم جۆرە لێکدانەوەی مێژووە بەرخۆدانێکە بەرامبەر بەو هەستە بە سووکبوون کردنانەی کە ئێمە لە سەردەمی قاجاڕ و لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پێشکەوتنە سەرسووڕهێنەرەکانی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان و هەڵسەنگاندنیان لەگەڵ ڕۆژڕەشی و نەگبەت، هەژاری و نەخوێندەواری و نەخۆشین و کاولبوونی وڵاتی خۆمان هەمانبوو. ئەم ئەزموونە بۆ ڕووناکبیرانی ئێمە زۆر قورسترە؛ هەندێکیان بە قەرەبووکردنەوەیەکی نەرسیسیتیکیەوە

چاکسازییان بۆ کراوە. دیاردەیەک کە ڕەنگە لە ئیمپەراتۆرییە ڕووخاوەکان و بنەماڵە دەسەڵاتدارە ڕووخاوەکاندا پێشینەی هەبێت. لە باتی قبووڵکردنی ڕاستییەکان و هەوڵی ڕاستبینانە و لۆژیک بەرامبەر شکستەکان، بۆ هەستانەوە و پێشکەوتن –لەگەڵ هەمان بیرکردنەوەی ئوستوورەیی عامەی خەڵک- خەریکی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی مێژووی ئوستوورەیی دەبین و وەک بڵێی لە درێژەی «بەرزترنرخاندنی» ئێرانییەکان کە «نیچە» [1] ستایشی دەکرد، نەک لە باری داگیرکردنی جیهان و گەشەپێدانی ئیمپراتۆری و هونەری شەڕکردنەوە هێزی یەکەمین، بەڵکوو لە ئایینداری و ئەخلاق لە لایەکەوە و هەموو زانست و تەکنیکەکان لە لایەکی دیکەوە ڕکابەرمان نییە (صنعتی، ١٣٩١). هەوڵ بۆ داگیرکردنی شانازییە نەتەوەییەکان و شرۆڤەی قارەمانێتییە ئێتنیکییەکان بۆ سەلماندنیان وەک نموونە بەرچاوەکانی تێفکرین و ڕوانگەی لەم چەشنەن.

**سەردار کیانی، شاعیر و چالاکی مەدەنی سیستانی لە زابولەوە (سیستان و بەلووچستان):**
ئەگەر سیستان نەبایە، ئێوە ئەمڕۆ نەتاندەتوانی بە زمانی دایکیی خۆتان ئاخاوتن بکەن، لەبەرچی؟ چونکە عەرەبەکان هاتن و عالەمیان داگیر کرد، یەعقووبی لەیس ئەگەر لە سیستانەوە نەدەڕۆیشت و ئەمانەی لە ئێران ڕاو نەدەنا، ئەمڕۆ من و ئێوە فارسی پێکەوە قسەمان نەدەکرد.

ئەم گەشبینییە مێژووییە، پێشینە و مێژوویەکی نزیک بە دوو یان سێ هەزارساڵی هەیە ، باس لە زانست و تەکنیکە زانستییەکان دەکرێت، باسی ئەدیب و شاعیرانی ئەو سەردەمە دەکرێت، باسی ئازادییە تاکەکەسی و یەکسانی کۆمەڵایەتی و دادپەروەری دەکرێت و بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە بە پێچەوانەی وڵاتانی ناوچەکەوە هیچ نموونەیەک لە بە کۆیلەگرتنی مرۆڤ لە مێژووی ئێراندا بوونی نییە

1. Friedrich Wilhelm Nietzsche

**موختار حەقیقەت، بەرپرسی ئەنجومەنی شیعر و ئەدەبی سایە لە زاهیدان (سیستان و بەلووچستان):**
ئێرانییە ڕەسەنەکان زەردەشتییەکانن کە نەچوونە ژێر دەسەڵاتی عەرەب و کەلتووری عەرەبیان قبووڵ نەکرد. زەردەشت ٣٧٠٠ ساڵ پێش، یەکتاپەرستیی برەو پێداوە. بە داخێکی زۆرەوە، کۆمەڵێک وا بیر دەکەنەوە کە زەردەشتییەکان ئاگرپەرستن. ئاتەشگاکان بۆ ڕێکخستنی ئەداکردنی ئەرکە ئایینییەکان بووە. ئاگر هێمای ڕووناکی و پاکییە. دووسەد ساڵ پاش زەردەشت، ئیبراهیمی پێغەمبەر لە ئێتنیکی بەنی ئیسرائیلەوە هاتووە؛ واتە هیچ پێغەمبەرێک پێش ئەو نەبووە و ئێمە پێشەنگی کۆی گۆی زەوین لە یەکتاپەرستیدا و ئەمە بۆ ئێمەی ئێرانی جێگەی شانازییە.

**مەهدی کەیوان، مێژووناس و مامۆستای خانەنشینکراوی زانکۆ لە ئەسفەهان:**
هۆکاری ڕۆژڕەشیی کۆمەڵگای ئێمە ئەوەیە کە ئەمڕۆ زمانی فارسی شان و شکۆ و مێژووی نەماوە، واتە زمانی مێژووی بەیهەقی، زمانی فیردەوسی یان زمانی سەعدی...

بەڵام خاڵی سەرنج ڕاکێش و جێی تێڕامان ئەوەیە کە ئەم مێژووە پڕشکۆیە کە باسی دەکەن لە هیچ شوێنێکدا، لە هیچ بەرهەمێکی تۆمارکراودا و لە هیچ نووسراوەیەکدا باسی نەکراوە و ئێمە ئەگەرچی تا ڕادەیەک زووتر بووینەتە خاوەنی خەت و نووسراوە، بەڵام پێدەچێ بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئەو مەیل و خۆشەویستییەی خەڵکی ئیونیا و ئاتێن بۆ نووسین هەیانبووە، لای ئێمە نەبووە، ئەگینا مێژووی ئێمە تەنیا لە ڕێگای دیرۆکنووسانی وەک هێرۆدۆت[1] و گزنفوونەوە[2] نەدەنووسرا. پێدەچێت ئێمە زیاتر خەریکی شەڕ و ڕێکخستنی شەڕ و داگیرکردنی وڵاتانی دیکە و گەشەپێدانی ئیمپراتۆری بووینە و ئەوان مێژووی ئەم ڕووداوانەیان نووسیوەتەوە. ئەڵبەت بەردەوام بیستوومانە کە هەمووی کتێبخانەکانی ئێمە بە دەستی عەرەبەکان و پێش ئەوانیش بە دەستی ئەسکەندەر سووتێنراون. بەڵام دوور دەنوێنێ کە تەنانەت یەک کتێب یان لەوحە گڵینەیەک لە نێو ئەو هەزاران لەوحە دۆزراوەدا نەبێت کە باسی زانست و تەکنیک بکات، ئەگەر خەڵکی حەیران و تامەزرۆی زانستمان هەبوایە؛ خەڵکی تامەزرۆ و لایەنگری زانست بچنە هەر جێگایەک بە کتێب و نووسراوەوە دەچن و کتێبیان زۆر لا خۆشەویستە و بەبێ کتێب و نووسراوە ژیان واتای نییە لایان. دەزانین کە زۆرێک لە

1. Herodotus
2. Xenophon

پارسییەکان ڕۆشتوونەتە هیند، بێ ئەوەیکە یەک کتێبی مێژوو یان کتێبی زانستی لەگەڵ خۆیان بەرن! و ئەگەریش کەلتوور زارەکی بووە، کە لە ڕاستیشدا بووە، دیسانیش دەبوو زانستەکەیان سینگ بە سینگ ڕاگوێز کرابایە. بەڵام بەداخەوە لە زانستی سینگ بە سینگیش بێ ئاگاین.

لە کتێبی «کۆمەڵناسیی لەخۆباییبوون؛ چەشن‌ناسی و جەوهەرگەرایی کەلتووری»[1] لە شیکاری کۆمەڵناسی ئەم ڕەفتارەدا، باس لەوە دەکرێت کە؛ «ویستی ناباو بۆ بەدەستهێنانی کەرامەت یەکێک لە کێشە کەلتوورییەکانی ئێرانی هاوچەرخە. لە هەر کۆمەڵگایەکدا، بەدەستهێنانی کەرامەت و شەرەف، یەکێک لە گرنگترین ئیمتییازە کۆمەڵایەتییەکانە کە پاڵنەری کردەی تاکەکەسی و جەماوەرییە، بەڵام ئەم دۆخەی لە ئێرانی ئەمڕۆدا و لە ڕێگەی چەند پێشهاتێکی مێژووییەوە، حاڵەتێکی نەخۆش‌ئاسای لەخۆ گرتووە، کە دەرکەوتەکانی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەبینرێت» (سلیمانی فاخر، ١٤٠٠).

دەتوانین بڵێین کە ڕوانگەی ئێرانی لە باتی ئەوەی بەرەو داهاتوو بێت زیاتر سەرنج لە ڕابردووی مێژوویی دەداتەوە. کۆمەڵگایەک کە دەیهەوێ لە ڕێگای گەشەکردن و پێشکەوتندا بەرەوپێش بچێت، دەبێ ئەم تێڕوانینە دەمارگرژانە فڕێ بدات و لە ڕێگای سڕینەوەی خاڵە نەرێنییەکانی پێشینەی مێژوویی، زیاتر پلان بۆ داهاتوو دابڕێژێت و تەرکیز بخاتە سەر داهاتوو. لە وەها هەلومەرجێکدایە کە دەرفەتەکان، سەرچاوەکان، هێزی مرۆیی و دەفرایەتییەکانی کۆمەڵگایەک ڕێگای پەرەسەندن دەگرنە پێشێ.

## نۆستالژیای شوناسی

بڕوا بە باڵادەستبوونی ئێران و ئێرانی و خۆبەزلزانینی مێژوویی دەبێتە هۆی ئەوەیکە ئێرانییەکان بەردەوام نارەزامەند بن بەرامبەر دۆخی ئێستا و لە چوارچێوەی هەستێکی نۆستالژیکدا تاسە و خەفەتی ڕابردوویان بخۆن. نزیکترین وشە لە باری ڕەچەڵکناسییەوە بۆ نۆستالژیا[2] «غەمی غوربەت»ە، واتە خەم بۆ ڕابردوو و خولیا و ئاواتی گەڕانەوە بۆ ئەو ڕابردووە (رمضانی، ١٣٩٤، ١٧). خەفەت و داخ بۆ ئەو دابونەریتانەی کە لە بازنەی کەلتووریی ئێرانییەکان سڕاونەتەوە لە ناو زۆرینەی خەڵکی ئێتنیکە جۆراوجۆرەکاندا بەدی دەکرێت. خەفەت بۆ دارایی و پاشەکەوتە کەلتوورییەکان کە لە شەپۆلە مێژووییەکاندا کاڵ بوونەتەوە و یان چیدی نەماون.

نۆستالژیا یان حەسرەتی ڕابردوو، چەمکێکی تەوەرییە لە پرسە سیاسی و شوناسییەکانی هاوچەرخدا. تێگەیشتن لە نۆستالژیا و ڕەهەندەکانی لە تیۆرییە دەروونناسی-سیاسییەکاندا، ئاماژەیە بۆ دۆخی بێهیوایی و لەخۆنامۆبوونی بنەڕەتی و لە جێترازانی کاتی-شوێنی، سەرهەڵدانی جۆرێک لە دڵتەنگی و حەسرەت و تامەزرۆیی بۆ ڕابردوو و پێداگری لەسەر ڕوانگەیەکی ڕابردووخواز.

---

١. جامعه‌شناسی تفاخر؛ سنخ‌شناسی و ذات‌انگاری فرهنگی

2. Nostalgie

بەهێماییکردن و بەنەریتیکردنی میراتی پێشینیان، سووڕانەوەیە لە ڕابردوودا و جیهانێکی پاڵاوتە و دوور لە ململانێ، دەستبەسەرداگرتنی ئێستا و داهاتوو بە قازانجی ڕابردوو، هەوڵدان بۆ ساغکردنەوەی ڕابردوویەکی لەدەستچوو، گەڕان بەدوای داهاتوودا لە ڕابردوویەکی ئایدیاڵدا، دۆزینەوەی ڕابردووی زێڕینی نەتەوە و داهاتووناسی بە واتای گەڕانەوە بۆ ڕابردوویەکی ئەوپەڕواقیعی، یەکێکە لە تایبەتمەندییە شوناسی-سیاسییەکانی نۆستالژیا (نظری, ١٣٩٩، ٢٠١).

**محەمەدعەلی دانشگەر، دەرهێنەری شانۆ لە سمنان:**
ڕەسەنایەتی هەر ئێرانییەک بە دابونەریتییەوە دەستنیشان دەکرێت. ئێمەیش جێژن و بۆنەی زۆرمان هەبووە کە بەداخەوە سڕاونەتەوە، بۆ نموونە مێهرەگان یان جێژنە دوو هەزار ساڵەکان. بەڵام دەبێ ئاگامان لەوەش بێت کە میراتبەری و بۆماوەیی دەورێکی گرنگیان هەیە؛ من ئەگەر لە بنەماڵەیەکی خاچپەرستدا لەدایک بم ئەوا دەبمە خاچپەرست.

**محەمەد ڕەمەزانی، مامۆستای زمانی ئینگلیزی، وەرگێڕ و چیرۆکنووس لە بۆکان (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**
ئەم جێژن و فستیڤاڵە نەتەوەییانە، گەڕانەوەی سەمبولیکی ئێمەیە بۆ عەشیرەگەری. کاتێک کە تاک لە عەشیرەدا تواوەتەوە، ئەم جێژنە سەمبولیکانەمان بۆ گەشت و گەڕان بەدوای نوستالژیکدا و بەپێی جەبری مێژوو لەدەست دا.



وێنەی ژمارەی ٩-٣: وتووێژ لەگەڵ محەمەد ڕەمەزانی

تاکەکان هەر بەو ڕێژەیەی پێویستیان بە نۆستالژی هەیە پێویستیان بە شوناسیش هەیە. ئەگەر وا نەبێت ژیانیان دەکەوێتە بەر هەڕەشەی لەدەستچوون و بێ واتایی و بۆ زۆرێک لە مرۆڤەکان وەها دۆخێک، دۆخێک نییە توانای هەڵکردنیان لەگەڵی هەبێت. بۆیە ئەو کەسانەی کە شتێکیان بۆ دروستکردنی نۆستالژی نییە، لانی کەم لە تێپەڕینی کات کە «ناگەڕێتەوە دواوە» بۆ خۆیان نۆستالژی ساز دەکەن و لە «منداڵیی لەدەستچوو» یان «ئای سەردەمی لاوی یادت بەخێر»[1] باس دەکەن (رمضانی، ١٣٩٤، ١٧).

**محەمەد ئیحسانی، فیلمساز و دۆکۆمێنتارساز لە تەورێز (ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات):**
هەمووی فکر و خەونەکانی من دەگەڕێنەوە بۆ چیرۆکەکانی سەردەمی منداڵیم کە بە زمانی تورکین. من لەگەڵ ئەو چیرۆکانە بوومەتە خاوەنی شوناس. دەرکەوتنە کەسێتی-شوناسییەکان کە سەرچاوەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئێتنیسیتە لەگەڵ تاکی هەر ئێتنیکێک دەمێننەوە، تەنانەت ئەگەر لە باری جوگرافیاییشەوە لە شوێنی سەرەتایی خۆیان دوور بن یان مەودایان زۆر بێت.

**عەلی تەهماسبی، خانەنشین، توێژەر و نووسەر لە مەشهەد (خوراسانی ڕەزەوی):**
کۆمەڵگای ئەمڕۆ پێویستی بە ڕەزاشایەکی نوێ هەیە، ڕەزاشایەک کە کۆمەڵێک ڕووناکبیری بە دەوردا بن، وەک فرووغی و بەهار و نەفیسی و ... تا بتوانن ببنە چرای ڕێگای و بتوانێ کۆمەڵگا چاک بکاتەوە.

هەڵوێستی نۆستالژیک بەرامبەر دیاردە و ڕووداوەکانی ڕابردوو، لەگەڵ گەورەنوێنی و وروژێنەر دەرخستنی لایەنە ئەرێنی، شانازیهێنەر و شاییبەخشی بابەتەکاندایە، هەر بۆیە زۆرجار لە ڕوانگەیەکی ناواقیعی و سەروومێژووییدا، زۆربەی خراپی و خەسار و دەرئەنجامە ناخۆشە مێژووییەکان پشتگوێ دەخرێن. لە خوێندنەوەی ڕووداوەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێراندا، دەکرێت ئاماژە بە کۆمەڵی نموونەی مرۆیی، ڕووداو و ڕەوتەکان بکرێت کە لە سەردەمی خۆیاندا ئامانجی توندترین ڕەخنە بوون و ڕەنگە خەڵک لە کاتی ڕۆیشتنیاندا هەرای خۆشی و بانگی ئازادییان دابێت، کەچی

١. «کودکی ازدست‌رفته» یا «جوانی کجایی که یادت بەخیر»

نەوەکانی داهاتووی هەمان خەڵک یان تەنانەت هەندێک هەر لەو خەڵکانە لە دەیەکانی دواتردا، بە حەسرەتێکی نۆستالژیکەوە ئەو سەردەمەیان بیرهێنابێتەوە. بەرەی شۆڕشگێڕی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا کە لە دەیەکانی دواتردا بە ڕوانگەیەکی نۆستالژیکەوە سەردەمی پەهلەوییان بیر هێنایەوە، نموونەی ئەم چینانەن. لەم دۆخەدا کە بۆ نموونە باسکردن لە سەردەمی ڕەزاشا، کۆمەڵگا و بەتایبەت تێفکرینی گەنجان دۆخێکی ڕەمەکی گرتۆتە خۆ، کەسێک باسی لایەنە نەرێنییەکان و بەتایبەت دۆخی نالەباری سیاسی ئەو سەردەمە ناکات. کەسێک باسی دیکتاتۆرییەتی ڕەزاشایی ناکات کە حاشای لە شوناسی ئێتنیکیی ئێتنیکەکان و عەشایر دەکرد و هەوڵی دەدا هێما نەریتییەکان لەناو بەرێت و ئاسیمیلەیان بکاتەوە، کەس باسی حاشاکردنی شوناسی ئایینی خەڵک و هەڵگرتنی حیجابی ژنان ناکات، هەموو بەرامبەر بە نیشتەجێکردنی عەشایرەکان و هێرش بۆ ڕەشماڵەکان بێدەنگن و لەبری ئەوە تەنیا لەسەر لایەنە ئەرێنی و قبووڵکراوەکانی پێداگری و جەخت دەکرێتەوە. سەبارەت بە گێڕانەوەی نۆستالژیکی سەرەوە سەبارەت بە سەردەمی ڕەزاشا، سەرنجدان بەم خاڵە شایانی ڕەچاوکردنە کە زۆرێک لە کەسانی نوخبەی سەردەمی پەهلەوی یەکەم، وەک: فوروغی، داوەر، تەیموورتاش و هتد، کە لەم وتەیەدا ئاماژەیان پێکراوە، بوونەتە قوربانی سیاسەتی خۆسەپێن و تاکڕەوانەی ڕەزاشا، بەجۆرێک کە پاش ئەوەی کە کەوتنە بەر تووڕەیی و ڕق، یان خۆیان کوشت و کوژران یان لە سیاسەت کشانەوە.

> **شاهین سپەنتا، ڤیتەرنەر، نووسەر و چالاکی مەدەنی لە ئەسفەهان:**
> مـن دابونەریتێک کە پێم گەیشتووە پاراستوومە، بەڵام زیادیشم کردووە، وەک جێژنی سەدە یان مێهرەگان. ئێمە هەوڵمان داوە ئەم نەریتە لەبیرکراوانە زیندوو بکەینەوە، لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بێجگە ئەو شتانەی کە ئاسایی و باو بوونە... ئەوەیکە ئێمە پێویستە جلوبەرگە ناوچەییەکان کە خەریکە لەبیر بکرێن زیندوو بکەینەوە، جلوبەرگی عێلی بەختیاری، کوردەکان، بەلووچەکان و هەموو جلوبەرگەکان.... ئەمانە دنیایەکن لە کەلتوورەکان، ماکەکانیان، ڕەنگەکانیان، کارێک کە لەسەریان دەکرێت هونەرە و ئەگەر لایەنی ئێتنیکییان بەرچاو نەگرین، ئەمانە هەموویان هونەری ئێرانین و پێویستە بپارێزرێن.

پاراستنی توخمە کەلتوورییەکان و هەوڵدان بۆ ڕاگرتن و بەردەوامیدانیان، هەوڵێکی ئامانجدار و تایبەتە کە دەیەوێت بە هەڵسەنگاندنی دۆخی ئێستا و پێوانەی دەرفەت و هەڕەشەکانی، باشترین چارەسەر و ڕەوت بۆ درێژەدان بە کەلتووری مێژوویی نەتەوە و گەلێک دابین بکات. ئەم ستراتیژە چالاکە لە بنەڕەتدا پێچەوانەی ڕێبازە نۆستالژیکەکانە، کە زۆربەیان کاردانەوەی خەمناک و

مەینەتباریـان بەرامبـەر بـە ڕابـردوو هەیـە و هەڵوێسـتێکی تـەواو پاسـیڤ دەنوێنن.

لـە ڕوانگەیەکـی گشـتییەوە، تـەوەرە سـەرەکییەکانی نۆسـتالژیای شـوناس لـە ئێرانـی هاوچەرخدا بریتین لە: کەونینەخوازی، سـۆزی ناسیۆنالیسـتی، بیرۆکەی نۆسـتالژیکی-ڕۆمانتیکی ڕەگەزپەرسـتی و هەوڵـدان بـۆ بژارکردنـی زمانـی فارسـی لـە وشـەی بیانـی. مێـژووی سیاسـی و بیرۆکـەی شوناسـیی ئێرانـی هاوچـەرخ پڕە لە گێڕانەوەی نۆسـتالژیکی مێژووسـاز. بە گشـتی بازنەی سـەرهەڵدان و ڕوودانی بیـری نۆسـتالژیک لـە ئێرانـدا تەنیـا بـۆ سـەردەمی مەشرووتـە و پەهلـەوی ناگەڕێتـەوە. سـەردەمی کۆمـاری ئیسلامیـش شـایەتحاڵی سـەرهەڵدانی بیـری نۆسـتالژیک بـووە لـە شـێوەی؛ نەریتگەرایـی، خەڵکسـالاریی ئایینـی لـە ژێـر کاریگـەری ئایدیـای مەدینەتولنەبـی (مدینەالنبـی)، دادپـەروەری پۆپۆلیسـتی و هتـد ) نظـری, ١٣٩٩، ٢١٨ و ٢٢٩-٢٣٠.(

نۆسـتالژیای شوناسـی زیاتـرە لـەوەی کـە ستراتیژێکـی شوناسـیی کارلێککـەر و کارامـە بێـت کـە بـە تێڕامـان لـە ئاسـۆکانی داهاتـوو، یەکگرتوویـی و هێـز بـە بنیاتنانی شوناسـی بەکۆمەڵ ببەخشـێت، بەڵکـوو جۆرێکـە لە کاردانەوەی سـۆزداری و دەروونی کە هەوڵدەدات ئازار و خەسـارەکانی ئێسـتا لەژێر پەناگـەی ڕابردوویەکـی ساختەدا هێـور بکاتـەوە و سـاڕێژی بکات.

## ڕەخنە لە کەوناراخوازی

لـە گێڕانـەوەی باڵادەسـتی شوناسـی ئێرانیـدا، گەورەنواندنـی مێژوویـی و جەختکردنەوەیە لەسـەر ڕابـردووی مێژوویـی پـڕ لـە شکۆ و مەزنایەتی ئێـران کە بـە کەوناراخـوازی (ئارکاییزم)[1] نـاوی دەهێنن، لای زۆربـەی ئێرانییـەکان ڕوانگەیەکـی بـاوە. کەوناراخـوازی لـە فەرهەنگـی سیاسـی ئێرانـدا بـە واتای گەڕانـەوە و ویسـتی سـۆزدارانە و ڕۆمانسـییە بـۆ ئاسـەوارەکانی ئێرانـی پێـش ئیـسلام یـان توخمەکانی ئێرانشـاری لـە سـەردەمی ئیسلامیـدا، کـە لـە گۆشـەنیگای جۆراوجـۆرەوە کەوتۆتـە بـەر ڕەخنـە. هەندێـک ڕەخنەیـان لـە لایەنـە ڕۆمانسـیەکانی گرتـووە و بـە ناسـیۆنالیزمی ئەفیوونی واتا سـڕکەر ناوی دەهێنـن و هەندێکـی تریـش ڕەخنەیـان لـە پشتگوێخسـتنی قۆناغـی مێژوویـی دوای ئیـسلام لەلایەن کەوناراخوازەکانـەوە گرتـووە (سـیفالدینی، ١٣٩١). بـەڵام لـەدەرەوەی ئـەم حاڵەتانـە، بنەڕەتتریـن لایەنـی ڕەخنەیـی کەوناراخـوازی، وێناکردنـی سـەروومێژوویی و خەیاڵییـە، کـە یۆتۆپیـای ئێرانـی کەونـارا بۆ ئاسـتی بەهەشـتی ونبـووی ئێرانی بەرز دەکاتـەوە و بەختـەوەری و کامەرانی لـە بووژانەوەی کۆمەڵـگای ئێـران بـە پشـتبەستن بـە بناغەکانـی ئـەو دەزانێت.

لە نێو کۆمەڵگاشـدا کەسـانێکی زۆر ئەم ڕوانگەیەیان قبووڵ نییە و کاردانەوەیان بەرامبەری هەبووە و ئـەم ڕوانگـە و لێکدانـەوە زیاتـر وەک جۆرێـک وەهـم و خەیـاڵ سـەیر دەکـەن. هـەر لـەم پێوەندییەدا، مسـتەفا مەلکیـان، فەیلەسـووفی هاوچەرخـی ئێرانـی، لـە وتووێژێکـدا، دەڵێـت: «یەکێـک لـەو درۆ

---

1. Archaism

زلانەی کە ئێمە بە مێژوومان وتووە ئەوەیە کە ئێمە کەلتوور و شارستانییەتێکی گەورە و مەزنمان هەبووە، ئاخر بەڕێزم! کەلتوور و شارستانییەت بەڵگەی دەوێ، ئەگەر یۆنانییەکان یەک کتێبیان لە ئەفلاتوون نەبایە، یەک کتێب لە ئەرەستوو و یان ... نەبایە، ئاسەواری «پانتئون»یان نەبایە، ئارشیتێکتە گەورەکانیان نەبایە و دواتر بیانگوتایە کە ئێمەی یۆنانی کەلتوورێکمان هەبووە کە ئەمە شاخی بووە و ئەوە باڵی، خۆتان و ویژدانتان نەماندەگوت کە هەر شتێک بەڵگەی دەوێ! ویژدانەن ئێوە لەو شتەی کە لە هەرێمی ئێراندا دەیبینن، بێجگە کۆمەڵە بینا و ئاسەوارێک کە هەمووی مێژوونووسان وتوویانە ڕۆمییەکان بۆمانیان ساز کردووە وەک تەخت جەمشید کە مێژوونووسان دەڵێن هەخامەنشییەکان کۆمەڵێک ئەندازیار و وەستای ڕۆمییان هێناوە و ئەمانەیان بۆ ساز کردووین، ئەگەر ئەمانە بخەینە لاوە، ئێوە یەک بەرهەمی هونەری یان عیرفانی پیشانی من بدەن. ڕەنگە کۆمەڵێک بڵێن کە هەمووی سووتێنراوە، بەڵام کەسێک کە دەڵێت هەمانبووە دەبێ پیشانمان بدات. یەک پزیشکی پلە یەک و بەناوبانگمان پێش ئیسلام هەبووە؟ یەک فەیلەسووفمان پێش ئیسلام هەبووە، هونەرمەندێکی پلە یەکمان هەبووە و ...؟ ئێمە سەد لاپەڕە نووسراوەمان نییە توانای ئەوەی هەبێت لەگەڵ کەلتووری یۆنان هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، تەنانەت پێنج لاپەڕەشمان نییە...» (نقد پر سرو



وێنەی ژمارەی ١٠-٣: وتووێژ لەگەڵ سەید تاها حوسێنی

صداي ملكيان بر ديدگاه سيد جواد طباطبايي، ١٣٨٤) ئەمە بۆتە خۆوخدەی دێرینەی ئێمەی ئێرانی کە هەر کات شتێکی زانستی یان هونەری لە درێژەی مێژوودا ڕوو دەدات، هەوڵ دەدەین لف و هاوتایەکی لە ڕابردووی خۆماندا بدۆزینەوە.

پێدەچێت بەهۆی ئاڵۆزی و نەگونجاویی بیرۆکەی کەوناراخوازی، ناتوانرێت وەک گوتارێکی

سیاسی یان مێژوویی هەژمار بکرێت. کەوناراخوازی زیاتر لە ویست و حەز و ڕەوتێکی ڕۆمانسی دەچێت کە وەڵامێکی هەمبەر پرسیار و کێشەکانی ئەمڕۆیی نییە و تەنیا باسی ڕابردوو دەکات. لەو ڕووەوە کە کەوناراخوازی سەرنجی لەسەر کولتوور و مێژووە، گەڕان بەدوای چەمکە سیاسییەکانی وەک دیموکراسی و تاکایەتی و مافی مرۆڤ تێیدا بێ ئەنجام دەبێت (سیف الدینی، ١٣٩١).

هەر بەم پێوەرە و بەپێی زانیارییەکانی ئەم لێکۆڵینەوە، دەکرێ بڵێین کە بە پێچەوانەی هەموو گەشبینی و جەختێک کە لەسەر پێشینەی مێژوویی و هەستی نۆستالژیکی سەر ئەو سەردەمە هەیە، بەڵام کۆمەڵێک وەها ڕوانگەیەکیان نییە و دەڵێن کە ڕابردووی مێژوویی ئەم وڵاتە، وەک وڵاتانی دیکە وێڕای لایەنە ئەرێنییەکان لایەنی نەرێنیشی هەبووە.

**مەحموود ئیفتیخاری، خانەنشینی کەلەپووری کەلتووری تاران و پسپۆڕی هونەری ئێران لە سمنان:**

داریووش دوعا دەکات و دەپاڕێتەوە کە هەر ئەم خەڵکە لە درۆ بە دوور بن و هەر ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوەیکە درۆ لەم وڵاتەدا بوونی هەبووە.

**سەید تاها حوسێنی، بەڵێندەری بیناسازی (بەرنوێژی دەرکراوی مزگەوتێک) لە سەقز (کوردستان):**

هەندێ لە بۆنەکان کە وەک بۆنەی نەتەوەییە لەگەڵ تێڕوانین و فکری من یەک ناگرنەوە، بێ ڕێزییان پێ ناکەم بەڵام لام گرنگ نین. بۆ نموونە نەورۆز کە وەک ڕۆژی نەتەوەیی کوردە لای من گرنگ نییە. نەورۆز ڕۆژی شکستهێنانی دەسەڵات و حکوومەتی مادە. کاوەی ئاسنگەر کە وەک قارەمانی کورد پێناسە دەکرێت لەگەڵ فەرەیدوونی فارس دوایین پاتشای کوردیان کوشت و من ئەمە وەک ڕۆژی شین دەبینم نەک شایی، و باوەڕم بە سێزدەبەدەر و ئەم شتانە نییە. هیچ ژمارە و ڕەقەمێکم پێ ناحەز و بەدودم نییە. بۆیە نەریتێک کە لەگەڵ فکری ئایینی و خوێندنەوە مێژووییەکانم یەک نەگرێتەوە بڕوام پێی نییە. بەڵام ئەگەر خەڵک لایان گرنگە کێشەیەکم نییە و ڕێزم بۆ بیر و باوەڕیان هەیە.

**محەممەد جەماڵەدین واژی، لێکۆڵەری ئایینی و کارناسی کۆمەڵناسی، خەڵکی پەسوەی پیرانشار، (ئازەربایجانی ڕۆژئاوا):**
لە ڕاستیدا ئەمڕۆ هزری ئێرانشاری بووەتە ئایدۆلۆژیایەک کە هەوڵی ساختەکردنی مێژوویەکی زێڕین بۆ خۆی و لە هەمان کاتدا نکۆڵی و ڕەتکردنەوەی ئەوانی دیکە دەدات و هەندێ جاریش لەم پڕۆژەیەدا هێندە زیادەڕۆیی دەکرێ کە جگە لە فارس‌زمانەکان، ئێتنیک و گەلانی دیکەی ئێرانیش ڕەت دەکرێنەوە و پێیان دەوترێت بێ کولتوور. ئەگەر عەقڵی ساغ لە پشت ئەم ڕەوتە هەبوایە، بێگومان دەیانزانی هیچ نەتەوەیەک بێ کەلتوور نییە، چونکە کەلتوور جگە لە شێوازی ژیان و بەهاکانی گەلان هیچی تر نییە. ئەو کەسانە، کەسانی دیکە بەوە تۆمەتبار دەکەن کە بێ کەلتوورن، کە خۆیان هیچ تێگەیشتنێکیان لەم بابەتە نییە و هەندێکجاریش ناتوانن پێشکەوتن و تەکنەلۆژیا جیابکەنەوە. بەشێک لە ئێرانییەکان هەندێک جار بەبێ ئەوەی بزانن دەکەونە ناو خۆپەسنی و ڕەگەزپەرستی ڕادیکاڵەوە، کە داخوازی و دروشمەکانیان بە هیچ بەڵگەنامەیەکی مێژوویی و زانستی پشتڕاست ناکرێتەوە.

ڕوانگەیەکی دیکەی ئەو کەسانە کە وتووێژمان لەگەڵ کردوون، تێپەڕاندنی دابەشکارییە ئێتنیکییەکانە، بەو واتایەی کە هاووڵاتیانی سەر بە ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان هێندە دەروەستی ئێتنیسیتە و بەها و بایەخەکانی نامێنن و ئەوەندە لە ژیانی خۆیاندا کاریگەر نابینن. دەربڕینی چەمکی وەک هاووڵاتیی ئێرانی و یان هاووڵاتیی جیهانی بۆ سەر ئەم ڕوانگەیە دەگەڕێنەوە.

**یەحیا شەریعەت‌نیا، مافناس و ڕاوێژکاری یاسایی لە تاران:**
من لە ڕاستیدا بوومەتە کەسێکی بێ ئێتنیک. ئەگەر ئێتنیسیتە وەک خزمایەتی دەگەڕێتەوە سەر زمان و خوێن و ....، من ئەمانەم لا نەماوە.

بابەتی پێشینەی مێژوویی ئێران لە زۆر نموونەدا جێی باسی کەسایەتییە سیاسی و دەسەڵاتدارانی حکوومەتی بووە (هەم لە ڕابردووی مێژوویدا و هەمیش لەم سەردەمەدا) و هەر لەم ساڵانەی دواییەدا، ژمارەیەک لە سەرۆک کۆمارانی وڵاتیش لە کۆڕە نێودەوڵەتییەکان ئاماژەیان پێکردووە و هەبوونی ئەم پێشینە مێژووییە وەک هێمای شانازی و فیزکردنی نەتەوەی ئێران ئاماژەی پێدراوە. ئەم بابەتە لە حاڵێکدایە کە تەمەنی مێژوویی ژمارەیەک لە وڵاتانی جیهانی ئەمڕۆ ناگاتە

سـی سـاڵیش و لـە هیـچ یەکـە لـە ڕێکخـراوە و کـۆڕە جیهانییەکانیشـدا ئـەم وڵاتانـە لەبـەر نەبوونـی پێشـینەی مێژوویـی نادرێنـە بـەر ڕەخنـە و تانـە.

ئەمڕۆ بۆ پیشاندانی هەلومەرجی دەسەڵات و زانست و ڕێژەی پێشکەوتنی کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان، کـەس پرسـیار لـە پێشـینەی مێژوویـان نـاکات و زیاتر دۆخی ئێسـتایان بەرچـاو دەگیردرێـت، هەمان خاڵێـک کـە پێویسـتە لـە لایـەن خەڵکـی ئێران و دەسـەڵاتدارانی سیاسـیی وڵاتەکـەوە ئـاوڕی لـێ بدرێتـەوە و پـاش سـڕینەوەی گوتـاری پێشـینەی مێژوویـی ئێـران زیاتـر بیـر لـە هەلومەرجـی ئەمـڕۆ و داهاتـووی ئێـران بکەنەوە.

## ناکارامەیی بزووتنەوە ئێتنیکی و نەتەوەییەکان

بزووتنـەوە ئێتنیکـی و نەتەوەییـەکان بـە شـێوازی جۆراوجـۆر، لـە بزووتنـەوە شارسـتانی و پابەنـد بـە بنەمـا یاسـایی و سیاسـییەکانەوە بگـرە تـا دەگاتـە بزووتنـەوە ڕادیـکاڵ و گۆڕانخـوازەکان، بەشـێکی گرنـگ لـە هاوکێشـە کۆمەڵایەتـی-سیاسـییەکانی کۆمەڵـگا فرەئێتنیکییـەکان پێـک دێنـن، کـە ڕێژەی مسـۆگەرکردنی داخـوازی و داواکارییەکانیـان لـە لایەکـەوە ملکەچی سروشـتی سیسـتەمی سیاسـیی فەرمانـڕەوا و سـتراتیـژی سیاسـەتی ئێتنیکیـی دەسـەڵاتە و لـە لایەکـی دیکەشـەوە دەرەنجامـی ڕادەی کارامەیـی بزووتنـەوە ئێتنیکـی و نەتەوەییەکانـە. ئـەم بەشـە بـە پشـتبەستن بـەو گەڵاڵـە و چەمکانـەی لـە چاوپێکەوتنەکانـەوە دەرهـێنراون، هـۆکار و بۆنەکانـی ناکارامەیـی سیاسـەت و سـتراتیژییەکانی سیستەمی سیاسی و حوکمڕانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ چارەسەری ئاشتیانەی پرسی ئێتنیکەکان، و بەسـتێنە کۆمەڵایەتییەکانـی چالاکییـە ئێتنیکییـەکان و پێوانەکردنـی توانـای ناوخۆیی شـارەزایان و خەڵکـی ئاسـایی گرووپـە نەتەوەییـەکان لـە بەدواداچوونـی داواکارییەکانیـان دەکۆڵێتـەوە.

دەوڵەتانـی کۆمەڵـگا چەندئێتنیکییـەکان[1] زۆربەیـان ڕووبەڕووی داخـوازی و داواکاریـی گرووپـە ئێتنیکییـەکان دەبنـەوە و بەرامبـەر ئـەم بابەتـە، سـتراتیژ و هەڵوێسـتی تایبەتـی خۆیـان دەبێـت. ئـەم هەڵوێسـتە بـە پێـی سروشـتی سیسـتەمی دەسـەڵات دەتوانـێ لـە پابەندبوونـی دیموکراسـیانە بـە داواکارییـە ئێتنیکییەکانـەوە دەسـت پێبـکات تا کاردانـەوەی تونـد و بەرپەرچدانەوەیان. دیـارە کاتێک کـە ئـەم سـتراتیژە لەسـەر بنەمای هەڵسـوکەوتی تونـد و ڕوانگـەی ئەمنی دامەزرا بێت، ئاقـار و دەرفەتی وتوویـژ و دانوسـتان پشـتگوێ دەخـرێ، نوخبـە کۆمەڵایەتییەکانیش ناوێـرن دەنگ بکـەن و ڕەخنەکان باس بکەن و ڕێبەرایەتی داواکارییە ئێتنیکییەکان بگرنە ئەسـتۆ و گۆشـەگیر دەبن. ئەنجامی دۆخێکی وەهـا نائاگابوونـی ئێتنیکەکانـە لەسـەر مافەکانـی خۆیـان. وێڕای ئەمەش لـە وەها دۆخێکـی ئەمنیدا و لەگەڵ هەڵسـوکەوتی تونـد و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دۆخەکە و نەبوونی حیزبی فەرمی و گۆشـەگیریی هێـزە چالاکـەکان، ئەنجامـی وەهـا دۆخێـک ناکارامەبوونـی بزووتنـەوە ئێتنیکـی و نەتەوەییەکانـە کـە

1. multi-ethnicity

لە ئاقارێکی دیموکراتیکدا دەخولێنەوە. ئەڵبەت داواکارییە ئێتنیکییەکان[1]، ئەگەرچی بە ڕواڵەت ناکارامە دەبن بەڵام دەبنە ژیلەمۆی ژێر خۆڵەمێش کە لە کاتێکی پێشبینینەکراودا گڕ دەگرن.

لەم بەشەدا سەرەتا ستراتیژی سیستەمی سیاسیی ئێران لە بەرامبەر گرووپە ئێتنیکییەکان شرۆڤە دەکرێ و دوو بابەتی نەبوونی ڕێبەرایەتی بۆ داواکارییەکان و گۆشەگیریی هێزە چالاکەکان شی دەکرێنەوە، دیاردەیەک کە ئەنجامی دەبێتە بێ ئاگابوونی گرووپە ئێتنیکییەکان لەسەر مافەکانی خۆیان و پاشان بەپێی شیکارییەک کە لەم بابەتانەوە دەست دەکەوێ، ڕۆڵی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی هەر یەکە لە ئێتنیکەکان لە ناکارامەیی بزووتنەوە ئێتنیکی و نەتەوەییەکاندا تاوتوێ دەکرێت.

## ستراتیژییەکانی سیستەمی سیاسیی ئێران

هەر وڵات، کۆمەڵگا و سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بۆ ڕێکخستنی دانوستان و پێوەندییەکانی نێوان گچکەسیستەمەکان و گچکەکەلتوورەکان، دەستەبەربوونی یەکڕیزی و یەکگرتوویی کۆمەڵگا، بەڕێوەبردن و کاریگەریدانانی ئەرێنی لەسەر هەمووی ئەو هەلومەرجانەی کە سیستەمی کۆمەڵایەتی تێی کەوتووە، بریتی لە هەلومەرجی کەلتووری، سیاسی، ئابووری و هتد پێویستی بە بەڕێوەبەرێتییەکی سیاسیی لۆژیک و کارامە هەیە و بەو پێیەی کە هەڵوێست و داواکاریی ئێتنیکی لە کۆمەڵگا فرە ئێتنیکییەکاندا تێکەڵ بە بەرژەوەندیی نەتەوەیی و سیاسیی وڵاتانە، بۆیە ستراتیژی سیاسی کاریگەر بۆ دروستکردن و پاراستنی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا زۆر گرنگە.

**موجتەبا شاهنووسی، کۆمەڵناس و ئەندامی لیژنەی زانستی زانکۆی خوورڕاسگان لە ئەسفەهان:**
لە ئابووریشدا هەرچی مەودای ئابووری زیاتر بێت، هەروەها چالاکییە ئێتنیکگەرایانەکان کە ئێتنیکێک بەرزتر لە ئێتنیکێکی دیکە دانێت، دەتوانێ خواست بۆ جودابوونەوە و سەربەخۆبوون زیاد بکات و ببێتە هەڕەشە بۆ سەر سەروەری خاکی وڵات. من لەگەڵ هەر چەشنە چالاکییەکم کە سەروەری خاکی وڵات بپارێزێ چ لە لایەن حکوومەتەوە جێبەجێ بکرێت و چ نەکرێت.

گرتنەبەری ستراتیژێکی گونجاو لە بواری سیاسەتی ئێتنیکیدا پێویستی بە تێڕوانینێکی فرەڕەهەند و گشتگیری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەوەوە یەکگرتوویی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناوخۆیی و یەکگرتوویی کۆمەڵگاکان بپارێزرێت و بەهێزتر بێت، و فرەڕەنگیی

1. Ethnic demands

ئێتنیکی و شوناسی ببێتە دەرفەتێک بۆ گەشەکردن و گەشەسەندنی وڵات. بەڵام دابەشکردنی نادادپەروەرانەی دەرفەتە ئابوورییەکان و سامانی نەتەوەیی بە پێی جوگرافیای ئێتنیکی دەبێتە هۆی هەستکردن بە هەڵاواردن و نارازیبوون لە پێکهاتە نەتەوەییەکان و دروستبوونی هەڵمەتی نارەزایەتی و داواکاری، یان لانیکەم دەبێتە هۆی لێکترازانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە نێوان پێکهاتە ئێتنیکییە پەراوێزییەکان و کۆمەڵگەی ناوەندی.

لە سەردەمی پاڵەویی یەکەمدا، ستراتیژی حکوومەتیی ڕەزاشا، بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داواکارییە ئێتنیکییەکان لەسەر بنەمای کەڵک وەرگرتن لە زەبر و زۆر بووە. لە سەردەمی پاڵەویی دووهەمدا و لە مەودای خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠ی کۆچیی هەتاوی تا گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ی کۆچیی هەتاوی، لە نەبوونی هێزێکی تۆکمەی دەسەڵاتی ناوەندیدا، کۆمەڵێک بزووتنەوەی ئێتنیکی و خۆجێی بە ئامانجی بەدیهێنانی مافەکانیان سەریان هەڵدا، کە دامەزراندنی کۆماری ئازەربایجان و کۆماری کوردستان بەرچاوترینیان بوون، کە دواجار ڕووبەڕووی سەرکوتی توندی حکوومەتی ناوەندی و دارمان بوونەوە.

ناکارامەبوونی سیاسەتی شوناسسازی نەتەوەیی ڕژێمی پەهلەوی بەپێی نۆرمە دیموکراتیکەکان و بنەمای هاووڵاتیبوون بووە هۆی ئەوەیکە لە ئێران، بابەتێکی نوێ بە نێوی «بزووتنەوەکانی بەرخۆدان»[1] بێنە ئاراوە. بەرخۆدان و پێکدادانی دەسەڵاتدارە ئێتنیکییەکان لە ناوچە کوردی، لوڕی، عەرەبی و بەلووچییەکان لەگەڵ ڕەزاشادا و بزووتنەوە ئێتنیکییەکانی پاش ڕووخانی ڕەزاشا، بەمەبەستی ئۆتۆنۆمی ئازەربایجان و کوردستان لە ئێران لەم چوارچێوەدا تاوتوێ دەکرێت.

**جەبار ڕەحمانی، ئەندامی لیژنەی زانستی توێژینگەی توێژینەوە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکان و مرۆڤناس لە تاران:**
لە ئاستی دەرەوەدا ئێمە مایەپووچبووی کەلتوورییین. لە ناوخۆشدا سنووردانانەکان ئاستی کەلتووریی ئێمەیان تووشی قەیران کردووە.

گەرچی لە دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێراندا، فرەچەشنیی ئایینی، زمانی و ئێتنیکی وەک واقیع و شتێکی حاشاهەڵنەگر بە فەرمی ناسراوە و لە ماددەکانی سێزدەیەم، نۆزدەیەم، بیستەم، بیست و شەشەم و ماددەکانی دیکەدا لەسەر مافە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئێتنیکەکان و کەمینە ئایینییەکان و دابینکردنی دەرفەتی یەکسان لە بوارە ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتووری و سیاسییەکان جەخت کراوەتەوە (کشاورز، ١٣٩٦). وێڕای ئەمە، لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا ستراتیژ و بەستێنی گونجاو بۆ بەدیهێنانی ئەو مافە نەتەوەیی و ئایینیانە کە لە دەستووردا دیاری کراون، دابین نەکرا و زۆربەی ئەو مافانە وەلانران.

1. Resistance movements

سیاسەتی گشتیی دەوڵەت لە دە ساڵی سەرەتای شۆڕشدا، لەسەر ئێتنیکەکان دەکارهێنانی زەبر و زۆر و ئامادەبوونی بەربڵاوی سوپا و هێزە چەکدارەکان بووە لە ناوچەکەدا و لە ئەنجامی ئەمەشدا چالاکانی ئێتنیکی بەلاوە نراون، شوناسی نەتەوەیی لەگەڵ حاشاکردنی داواکارییە ئێتنیکییەکان بەهێز کراوە و چاپەمەنییەکان ڕاگیراون. لەو سەردەمەدا کە ئاقاری وڵات بە توندی هەلومەرجێکی ئایدۆلۆژیکی هەبوو، هیچ دەنگێکی نەیار لەگەڵ تێفکرینی بەرەی دەسەڵاتدار قبووڵ نەدەکرا و خێرا دەمکوت و بێدەنگ دەکرا. لە ڕاستیدا ئەو سەردەمە ستراتیژی حکوومەت بەرامبەر بە داواکارییە ئێتنیکییەکان کەڵک وەرگرتن لە زەبر و زۆر و هێزی چەکدار بووە. بە نایاسایی ناساندنی حیزب و بزووتنەوە ئێتنیکییەکان لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ و ململانێی بەربڵاو لە ناوچە ئێتنیکییەکان دەرئەنجامی ئەم ستراتیژە سیاسییە بوو کە هەر لە سەرەتای دەسەڵات وەرگرتنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامییەوە، پرسە نەتەوەییەکانی لە ئێراندا بە ئاراستەی ئەمنی و هەواڵگریدا برد.

**ڕەحمەتوڵڵا هیمەتی، چالاکی ئابووری لە سمنان:**
بەداخەوە حکوومەت دوگماتیزمی سیاسی و کەلتووری هەیە و هیچ ڕەخنەیەک وەرناگرێ و بۆ پێداچوونەوە و چاکسازی خۆی هیچ ناکات

دە ساڵی دووهەمی حوکمڕانی کۆماری ئیسلامی و دەرەنجامی کردەوەکانی «دەوڵەتی سازەندەگی» هێشتا سیمای ئەمنیی پێوە دیار بوو. ئەگەرچی زۆرترین پلان و ئاراستەی دەوڵەت لەو سەردەمدا لە چوارچێوەی ڕوانگەی ئابووریدا پێناسە دەکرا، بەڵام لەم ڕوانگەیەشدا ناوچە کوردی و بەلووچییەکان هیچ جێگەوپێگەیەکیان لە پلانەکانی گەشەپێدان و ئابووریدا نەبوو.
بە دەسەڵات گەیشتنی بەرەی دووهەمی جۆزەردان واتا ریفۆرمخوازەکان، بە دروشمی خەڵکسالاری و ئێران بۆ هەمووی ئێرانییەکان و هەروەها وەڵامی ئەرێنی دەوڵەت بۆ دروستکردنی حیزب و لایەنی سیاسیی نوێ و بەخشینی ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی چاپی ڕۆژنامە، دامەزراندنی ڕێکخراوە ناحکوومیە ئێتنیکییەکان و هتد دەکرێ وەک یەکەم هەنگاوی جیددی حکوومەت بۆ قووڵکردنەوەی دیموکراسی ئاماژە پێبدەین کە ئاستێکی زۆری بەشداری ئێتنیکەکانی تێدا بووە.
لە سەردەمی هەشت ساڵەی دەسەڵاتداریی مەحموود ئەحمەدینەژاد، هاوشێوەی سەردەمی سازەندەگی، دەوڵەت زیاتر کەڵکەڵەی ئابووری هەبوو تا کەڵکەڵەی کۆمەڵایەتی و کەلتووری. لەم سەردەمەشدا وەک سەردەمی سازەندەگی، ناوچە ئێتنیکییەکان و ناوچە سوننەنشینەکان ئاوڕێکی ئەوتۆیان لێنەدرایەوە.
ئەم دواییانەش لە ساڵی ١٣٩٢ی کۆچیی هەتاوییەوە تا ئێستا کە دەسەڵات کەوتۆتە دەستی حەسەن ڕووحانی و ئەگەرچی ناوبراو لە هەر دوو خولی هەڵبژاردنەکانی ١٣٩٢ و ١٣٩٦ی کۆچیی

هەتاویدا، دروشمی لەسەر دەستەبەرکردنی مافی کەمینەکان داوە، بە کردەوە زۆربەی گرووپە ئێتنیکییەکان سەرەڕای دانپێدانان بە ئەنجامی کۆمەڵە چالاکییەک بە کردەوە و ئەرێنی لە هەندێ بابەتدا لەسەر ئەو باوەڕەن کە دروشمەکان وەک قسە ماونەتەوە و بە کردەوە شتێکی زۆر لەسەریان نەکراوە.[١]

دەرەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەش پیشان دەدەن کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا، ستراتیژی زاڵی سیستەمی ناوەندی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داواکاریی گرووپە جۆراوجۆرە ئێتنیکییەکان لەسەر ڕوانگەی ئەمنی، ترس، هەڕەشە و کەڵک وەرگرتن لە زەبر و زۆر بووە. ئەڵبەت توندی و ئاستی ئەم ستراتیژە بەرامبەر گرووپە جۆراوجۆرە ئێتنیکییەکان جیاوازە. بۆ نموونە چونکە کوردەکان لە سەد ساڵی ڕابردوودا توندترین چالاکییە سیاسییەکانیان لە چاو گرووپە ئێتنیکییەکانی دیکەدا هەبووە، جووڵانەوە و چالاکییەکانیان وردبینانەتر تاوتوێ کراوە و کاردانەوەی بەرامبەریان لە چاو گرووپە ئێتنیکییەکانی دیکە توندترە.

ستراتیژی ئەمنیی پاکتاوکردن و سەرکوتکارانەی حکوومەتە ناوەندییەکانی ئێران بەرامبەر بە ئێتنیکییەتەکان، لە گۆشەنیگای جیاوازەوە کاریگەرییەکی بەرچاوی لە سەر گۆڕینی ڕووخساری پرسی ئێتنیسیتە لە ئێران و ئاڵۆزترکردنیدا بەجێهێشتووە. لە هەنگاوی یەکەمدا ئەم سیاسەتە لە ژێر کاریگەریی ستراتیژیی ناسیۆنالیزمی یەکسانساز و هەڵاوێردا، بابەتی ئێتنیکی کردە پرسێکی سیاسی و پێوەرێکی گرنگ لە کۆمەڵناسی سیاسی ئێراندا. پاشان بۆ تەواوکردنی پرۆژەی نەتەوەسازیی خوازراویان، سەرکوتکردن و پەکخستنی بزووتنەوە ئێتنیکییەکانیان بە شێوازی جۆراوجۆر، خستە بەرنامەی کاریانەوە. بۆیە هەر جۆرە بزووتنەوە یان داخوازییەکی ئێتنیکی بە هەڵمەتێکی دژ بە بەرژەوەندیی نەتەوەیی و چاکەی گشتی هەژمار دەکرا و دژایەتیکردنیشی ڕەوا بوو. ئەم هەڵوێستە وایکرد کە بزووتنەوە مەدەنی و ناسیاسییە ئێتنیکییەکان نەتوانن سەرهەڵبدەن و لە ئاکامیدا فەزای سەرهەڵدانی هەر جۆرە بزووتنەوەیەکی ئێتنیکی لە چوارچێوەی پێکهاتە یاساییە بەردەستەکاندا بە ناچاری دابخرێت. لەم ڕووەوە زۆربەی بزووتنەوە ئێتنیکییەکان زوو یان درەنگ ڕووبەڕووی سەرکوتکردن و ڕەتکردنەوە و وەدەرنان بوون، یان وەک ئۆپۆزسیۆنی وێرانکەری ڕژێم لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵات بەردەوامیان بە چالاکییەکانیان دا.

**محەمەدڕەئووف جیهانی، چالاکی مەدەنی لە مەریوان (کوردستان):**
زۆر سەیرە ئەگەر منی مەریوانی تاوانبار بکرێم کە بۆ نموونە دەمانچە یان چەکم هەیە و چەکەکەم بگرن ڕەنگە دوو تا پێنج ساڵ بەند بکرێم، بەڵام لە هەمەدان، هەمان چەک بگرن ڕەنگە حوکمی شەش مانگ بەندکران بێت.

١. بۆ خوێندنەوەی زیاتر لە بارەی سیاسەتی ئێتنیکیی لە ئێرانی هاوچەرخدا بڕوانە فەسڵی دووهەمی ئەم کتێبە.

لە ڕوانگەیەکی دیکەوە گرووپە ئێتنیکییەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە هەست و هورووژیان زیاتر وەک ئامراز کەڵکی لێ وەردەگیردرێ، بۆ نموونە لە کاتی سەرهەڵدانی مەترسییەکاندا، هەبوونیان گرنگ و پێویست دەزانرێت، بەڵام لە کاتی جێبەجێکردنی پلانەکانی گەشەپێداندا، هەڵاواردنیان بەرامبەر دەکرێت. بۆیە بیچمگرتنی پێکهاتەکانی دەرفەت و بێبەشبوون یان سوودوەرگرتن لە سەروەت و سامانی گشتی و نەتەوەیی لەسەر بنەمای تایبەتمەندیی ئێتنیکی، لە گریمانە چەسپاو و ئاشکراکانی ڕێژەیەکی بەرفراوان لە خەڵکی ئاسایی و شارەزایانی کۆمەڵگا ئێتنیکییەکانە. هەڵاواردنێک کە ئامار و پێنوێنەکانی گەشە و پەرەسەندنی ئابووری، ئیداری و کۆمەڵایەتی ناوچە ئێتنیکییەکان و هەستی بێبەشبوونی ڕێژەیی ئەم گرووپانە بە باشی دەریدەخەن.

> **ئەمیر نەبەوی، مامۆستای زانکۆ و توێژەری زانستە سیاسییەکان لە تاران:**
> کێشە لێرەدایە کە ئێمە، لە سەردەمی شەڕ و گرفتەکان و بە کورتی لە کاتە پێویست و قەیراناوییەکاندا، هەموو وەک ئێرانی هەژمار دەکەن و هەموو کەس دەچێتە شەڕ، بەڵام لە کاتی دابەشینی سوود و سەرچاوەکان، کۆمەڵێک زیاتر لە کەسانی دیکە وەک ئێرانی هەژمار دەکرێن و پشکی زیاتریان بەردەکەوێ.

### نەبوونی ڕێبەرایەتی فەرمی لە داواکارییەکاندا

ڕێبەرایەتی، بە واتای توانای کاریگەری و شوێندانانی دانەسەپێنراوانەیە لەسەر ئەوانیتر و توانای وروژاندنیانە بە ئاراستەی بەدیهێنانی ئامانج و هیوای مەبەست و دیاریکراو (ساعتچی، ١٣٧٧، ٥٧)، کە لە گەڵ ئایدۆلۆژیا و ڕێکخستندا، بە یەکێک لە سێکوچکەکانی بزووتنەوە و جووڵانەوە جەماوەرییەکان دادەنرێت ، کە دەورێکی بێوێنەی لە سەرکەوتنی هەر بزووتنەوەیەکدا هەیە. ڕێبەرایەتی دەبێ لەسەر ڕێکخستن و فۆرموولەکردنی داواکارییە شوناسییەکان و وتوویژ و دانوستان لەسەریان بجووڵێتەوە. ڕێبەرایەتی زیاتر تەرکیزی لەسەر کاریگەربوون و بەڕێوەبەرێتی گشتیی بزووتنەوە هەیە.

ڕێبەرایەتیی داخوازییەکانی ئێتنیکی کورد، لە نزیکەی سەد ساڵی ڕابردوودا، زیاتر لە لایەن دوو گرووپی نوخبەی سیاسییەوە پێکهاتووە: گرووپی یەکەم پێکهاتووە لە سەرۆکە عەشیرەتەکان کە لە سەردەمی ڕەزاشادا، دەوڵەتی ناوەندی دووری خستوونەتەوە یان بەندی کردوون. دوابەدوای نەمانی دەسەڵاتی ڕەزاشا و ڕاسپاردنی حکوومەت بە کوڕەکەی واتە محەمەدڕەزاشای پاڵەوی، ئەم گرووپە لە لاوازبوونی حکوومەتی ناوەندی ئەوپەڕی کەڵکیان وەرگرت و دووبارە خۆیان ڕێک خستەوە. گرووپی دووهەم نوخبە خوێندەوارە نوێکانی دەگرتەوە کە لە کۆتاییەکانی حکوومەتی ڕەزاشاوە هاتنە کایەوە و تا ڕادەیەک بەرهەمی سیاسەتە ناوەندخوازانەکانی دەوڵەت بوون (احمدی، ١٣٧٩، ٢٤١). لە

سەردەمی پاش شۆڕشی ئیسلامیشدا زۆرێک لە ڕێبەرانی دوو حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە خۆیان لە عەشیرەتە گەورەکانی ناوچەکەوە هاتبوون، بەڵام بە پشتبەستن بە جێگەوپێگەی چینایەتیی خۆیانەوە هەڵنەبژێردرابوون و زۆرینەیان خوێندنی باڵایان تێپەڕاندبوو. ئەم گرووپە تا نزیک بە دە ساڵ پاش شۆڕشی ئیسلامی، ڕێبەرایەتی بەشێک لە داواکاری کوردەکانیان لە ئەستۆ بوو و بۆ گەیشتن بە ئەمەش، نزیکەی دە ساڵ لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی شەڕیان کردووە و بە شێوەی فەرمیش وتوویژ و دانوستانیان لەگەڵ نوێنەرانی لیژنەی دەسەڵاتداردا کردووە. لە هەمووی ئەو ساڵانەدا، داواکارییە ئێتنیکییەکانی ئەم گرووپە لە زمانی ئەم دوو حیزبەوە ئاراستە کراوە و لە لایەکی دیکەشەوە و چونکە دەسەڵات وەک نەیار و دژ بە شۆڕشی هەژمار دەکردن، باسکردنی ئەم داواکارییانە ئەنجامی دەبووە شەڕ و ناکۆکی و قەرقەشەی نێوانیان.

> **ئیسماعیل مەحموودی، چالاکی کەلتووری و بواری ژینگە لە مەریوان (کوردستان):**
> بەهۆی سستبوونی گوتاری سیاسی، داواکارییە سیاسییەکانی ئێمە زیاتر لە لایەن حیزبەکانەوە باس کراون؛ جاروبار بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی و کێشە.

پاش دەرچوونی تەواوی ئەم دوو حیزبە لە سنووره خاکییەکانی ئێران لە کۆتایی شەستەکانی کۆچیی هەتاویدا ( ١٣٦٠-١٣٧٠)، خەڵکی کورد بۆ دەربڕینی داواکارییەکانی خۆیان ڕێبەریان نەبوو. لەگەڵ دەسپێکردنی حەفتاکانی کۆچیی هەتاوی، ناوچە کوردنشینەکان بەرەبەرە لەم هێزانە چۆڵ کرا و ئەم گرووپانە زیاتر لەسەر سنوورەکان و لە وڵاتی عێراق نیشتەجێ بوون و لەوێوە چالاکییەکانی خۆیانیان درێژە پێداوە. بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی بەهێزیی کۆمەڵایەتیی حیزبە کوردستانییەکان لە نێوان توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا، پاش ئەوەی ئەو لایەنانە ئێرانیان بەجێهێشت و وەک پەنابەر لە کوردستانی عێراق نیشتەجێبوون، کۆماری ئیسلامی ئێران بە پەنابردن بۆ ستراتیژیی جۆراوجۆر و فرەلایەنی سەربازی، ئەمنی، سیاسی، ئابووری و دیپلۆماسی، سیاسەتی لاوازکردن، سنووردارکردن و دروستکردنی قەیرانی ناوخۆیی لە نێو ئەم حیزبانەدا، بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەیڕەو کرد. یەکێک لە دیارترین و کاریگەرترینی ئەو سیاسەتانە، تیرۆرکردنی سەرکردە سیاسییەکانی ئەو حزبانە بوو، بە مەبەستی دروستکردنی قەیرانی سەرکردایەتی. سیاسەتێک کە بە ڕوونی تێرۆری ڕێبەرانی تیۆریست و ستراتژیستی حیزبە سیاسییەکانی خستبووە نێو لیستی پلانەکانی، کە نموونەی دیاریان تیرۆرکردنی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری حیزبی دێموکرات لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا (گل، ١٣٩٨) و تیرۆرکردنی دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری

گشـتیی حیزبـی دێموکـرات و هاوڕێیانی لە مانگـی خەرمانانـی ١٣٧١ی هەتاوی، لـە ڕووداوی ناسراو بـە «تیـرۆری میکۆنـۆس» لـە بەرلینی پایتەختـی ئەڵمانیا بوو (پاینـدە و دیگـران، ٢٠٠٠، ١٦٤-١٦٧). ئـەم ستراتیـژەی ناکارامەکـردن و دروسـتکردنی قەیرانـی سـەرکردایەتی لـە حیزبەکانـی کوردسـتاندا کـە خاوەنـی هێـز و کاریگـەری بـوون لـە نێـو کۆمەڵانـی خەڵکـی کوردسـتاندا، بـوو بـە هـۆی ئـەوەی ئـەو حیزبانـە لـە توانـای سـەرکردایەتی کاریزماتیک،کـە تەنانـەت لـە دۆخـە قەیرانیەکانـدا دەیانتوانـی ڕۆڵێکـی کاریگـەری سـەرووحیزبیش ببیـن، بێبـەش بکرێـن. بەجۆرێـک کـە بەشـێک لـەو حیزبانـە لە ساڵانی دواتـردا لەژێـر کاریگـەری قەیرانـی سـەرکردایەتیدا تووشـی لێکترازان و جیابوونـەوە بـوون. لەگـەڵ مـردن و نەمانـی ڕێبـەرە سـەرەتاییەکانی ئـەم دوو حیزبـە و هەروەهـا هۆکارەکانـی دیکـە وەک ڕوانگـە مودێرنـەکان، دەرچوونیان لە سـنوورە خاکییەکانی ئێران، خواسـت و داواکارییە داکشـاوەکانی گەنجانـی ئەمـڕۆ و فاکتەرەکانـی دیکـە، ئەو حیزبانـە لاواز بوونەوە و چیـدی نەیاندەتوانـی وەک ڕابردوو ڕێبەرایەتـی داواکارییەکانی کوردەکان لە ئەسـتۆ بگـرن. ستراتیـژیی لەناوبردنـی ڕێبەرانی کاریزماتیک و کاریگـەر، سیاسـەتێکی ڕژێمـی کۆمـاری ئیسلامـی لـە دژایەتیـی ڕەوتـە سیاسـییە دژبـەرەکان و بـە تایبـەت حیـزب و بزووتنـەوە ئێتنیکییەکان بوو کـە کاریگەریی درێژخایەنی لەسـەر قەیرانی ڕێبەرایەتی لـە نێـو ئۆپۆزیسـیونی کۆمـاری ئیسلامیدا بەجێهێشـت.

لـە ماوەی سـی سـاڵی ڕابـردوودا، خەڵکـی کورد بـۆ داواکردنـی داواکارییـە ئێتنیکییەکانـی خۆیان بێجگـە ئـەو نوێنەرانـەی دەیانێـرنـە پەڕلەمان ڕێبەرێکی دیکەیان نییە. ئەڵبەت لەسـەر ئەم کەسـانەش زۆرینـەی خەڵـک و تەنانـەت ئـەو کەسـانەش کـە لـە پرۆسـەی هەڵبژاردنیانـدا بەشـدارییان هەیە وەک نوێنـەری ڕاسـتەقینەی داواکارییەکانی خۆیان سـەیریان ناکەن، چونکە لەسـەر ئەو بـاوەڕەن کە ئەمان لـە نێـو فیلتـەری قورسـی حکوومەتییەوە تێپەڕیون و زیاتـر لەوەیکە دەنگ و هانـای خەڵکی ناوچەکانی خۆیـان بـن، گوێڕایەڵی بەرپرسـانی وڵاتن.

گرنگتریـن چالاکـی بـۆ داواکارییەکانـی ئێتنیکـی ئـازەری کـە تـام و بۆنی سیاسـی بەخـۆوە گرتووە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٢٤ی کۆچیی هەتاوی و دامەزرانی حیزبی دیموکراتی و کۆماری ئازەربایجان بـە ڕێبەرایەتـی سـەید جەعفـەر پیشـەوەری کـە سـاڵێکی خایانـد و لەگـەڵ بەهێزبوونـی دووبـارەی حکوومەتـی ناوەنـدی و دەسـتبەرداربوونی یەکێتـی سـۆڤیەت لـە ڕێبەرانـی ئـەم حیزبە، پاش سـاڵێک شکسـتی هێنـا. فاکتـەری گرنـگ کـە ئازربایجـان لـە کوردسـتان جیـاواز دەکاتـەوە ئەوەیـە کـە نوخبـە سیاسـی-عێلییەکان دەورێکـی گرنگیـان لـە ژیانـی سیاسـی ئازەربایجـان لـە سـەردەمی پـاش ڕەزاشـا نەگێـڕاوە. هـەوڵ بـۆ سیاسـیکردنی پرسـی زمان لـە ئازەربایجـان، سـەرەڕای هـۆکارە نێودەوڵەتییەکان، زیاتـر لـە لایـەن نوخبـە خوێندەوارەکانی چینی مامناوەندی شـاری لە قەوقاز و ئەڕانـەوە بووە. فاکتەری عێلـی لـە ئازەربایجانـی ئـەو سەردەمەشـدا هەبـووە بـەڵام دەوری سیاسـیی سـنووردار و کـەم بـووە (هەمـان، ٢٧٨). پـاش ئـەو سـەردەمە، خەڵکـی ناوچـەی ئازەربایجـان، چ لە سـەردەمی پەهلـەوی و چ پـاش شـۆڕش، بـەردەوام لەگـەڵ هەبوونـی نوێنەر لـە پێکهاتـەی ناوەندیـدا، داواکارییەکانـی خۆیانیان

داوا کردووە. هۆکاری ئەمەش ڕەنگە ئەوە بێت کە خەڵکی ئازەربایجان لە باری ئایینییەوە لەگەڵ دامودەزگای سیاسیی ناوەندا یەک دەگرنەوە. ئەم هەڵویستە زیاتر لەسەر سەردەمی پاش شۆڕش ڕاستە. هەروەها داواکارییەکانی خەڵکی ئازەربایجان پاش شکستی حکوومەتی پیشەوەری تام و بۆنێکی سیاسیی ئەوتۆی نەبووە. هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەیکە ئەگەر لە کەسێکی ئازەری داوا بکرێت کە ناوی چەند ڕێبەری ناحکومی بۆ داواکردنی داواکارییەکانی خۆی بێنێت، بە ئەگەرێکی زۆرەوە ناوی کەس نازانێ.

لەسەر داخواز و داواکارییەکانی ئێتنیکی بەلووچ لە ڕوانگەی ڕێبەرانیانەوە دەتوانین بڵێین کە دەوری نوخبەکان بۆ بەهێزکردنی وشیاریی ئێتنیکی، لەم ناوچەیەدا دوو جیاوازیی سەرەکی لەگەڵ کوردستان هەیە: یەکەم ئەوەیکە پرۆسەی پێکهاتنی تاقمی شاریی خوێندەواری نوێ لە نێو چینی مامناوەندی بەلووچستان خێراییەکی کەمتری لە چاو کوردستان هەبووە، و دووهەم ئەوەیکە ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی سیاسی لە بەلووچستانی ئێران لە ژێر دەستی نوخبە نەریتییەکانی کۆمەڵگای بەلووچ (سەرۆک عەشیرەتەکان) مایەوە. لە ساڵەکانی پاش شۆڕشدا، ئەم ڕێبەرایەتییە لە ژێر دەستی سەرۆک عەشیرەتەکانیش نەما و زیاتر کەوتە دەستی کەسایەتییە ئایینییەکانی وەک مەولەوی نەزەرمحەمەدی دیدگا، نوێنەری خەڵکی ئێرانشار لە یەکەمین خولی پەرلەمان، مەولەوی عەبدولعەزیز مەلازادە ئەندامی مەجلیسی خوبرەکانی دەستوور (کە هەردووکیان چیدی لە ژیاندا نەماون)، مەولانا عەبدولحەمید ئیسماعیلی زێهی، بەرنوێژی جومعەی مزگەوتی مەکیی زاهیدان. ئەمڕۆ جێگەوپێگەی مەولانا عەبدولحەمید لە کۆمەڵگای بەلووچستان و تەنانەت لەنێو گرووپە چەکدارە بەلووچەکان ئەوەندە بەرزە کە هەر لەم دوو ساڵەی دواییەدا و لە سەروبەندی بە بارمتەگیرانی پێنج هێزی چەکدار لە لایەن گرووپی ناسراو بە جەیشولعەدل، لەحاڵێکدا کە هێزە ئەمنییەتییەکان و دەزگای زانیاری ئێران نەیانتوانیبوو بەبارمتەگیراوەکان ڕزگار بکەن، ناوبراو لیژنەیەک بە یەک بەرگ قورئانەوە بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ گرووپی ئاماژەپێکراو نارد و داوای لێکردن لەبەر حورمەتی خەڵک، هێزە چەکدارەکان ئازاد بکەن کە ئەوانیش قبووڵیان کرد و چوار کەسیان ئازاد کرد.

دوایین بابەتی ئەم بەشە جێگەوپێگەی نوێنەرانی شووړای شار و پەرلەمانە لە ڕێبەرایەتی داواکارییە جۆراوجۆرەکانی گرووپە ئێتنیکییەکاندا. لەم بارەوە ئەم نوێنەرانە بۆ خۆیان، لە ڕێگای پێکهێنانی فراکسیۆنی جۆراوجۆری ئێتنیکی و ئایینییەوە، بانگەشەی ڕێبەرایەتی داواکاری و داخوازییەکانی خەڵکی هاوزمان و هاوئایینی خۆیان هەیە، بەڵام ئەنجامە دەستکەوتووەکانی وتوویژەکان لەگەڵ گرووپە ئێتنیکییەکان پیشاندەری پێچەوانەی ئەم شتەن؛ لەم وتوویژانەدا، ئەو کەسانەی قسەمان لەگەڵ کردوون دەڵێن کە بەهۆی فیلتەری جۆراوجۆری حکوومەتەوە، ئەم کەسانەیان وەک نوێنەری خۆیان قبووڵ نییە و ئەم کەسانە زیاتر هاوڕێ و هاوئاراستەی سیاسەتەکانی حکوومەتی ناوەندین.

**جەواد تەریری، پارێزەری دادگا، نووسەر و چالاکوانی سیاسی لە خووزستان:**
کەسانێک کە ئێستا لەسەر کورسییەکانی شووڕای شارن هیچ یەکەیان دەنگیان نییە. دەسەڵات باوەڕی بە چەمکێک بە ناوی دیموکراسی نییە و گۆڕینی دەنگەکان وەک شتێکی یاسایی و شەرعییە لایان. ئەم کەسانە لە لایەن حکوومەتەوە و لە ئەنجامی پێشێلکردنی سەرەتاییترین مافەکانی هاووڵاتییەوە دانراون. لە باری سیاسییەوە، مافی هەموو ئێتنیکە ئێرانییەکان پێشێل کراوە و دەرفەتی چالاکییان پێ نادرێت. لەم چل ساڵەدا، دەسەڵات بە هەموویەوە لە دەستی ۲۰۰۰ کەسدا بووە. سەردەمی شا ۱۰۰۰ بنەماڵە و ئێستا ۲۵۰۰ بنەماڵە لەسەر بنەمای ۲۵۰۰ ساڵ.

بەگشتی بزووتنەوە سیاسییەکان لە ئێران، بەهۆی خواست و داواکارییە ئێتنیکی و نەتەوایەتییەکانەوە، لە چوارچێوەی حیزبە سیاسییەکان و بنکە کەلتووری و مەدەنییەکان ڕێکخراون، بەڵام ئەم پارتە سیاسی و بنکانە بەهۆی نەبوونی بەستێن و هەلومەرجی پێویست لە سیستەمی سیاسیی دەسەڵاتدارادا، تووشی قەرقەشەی جیددی هاتوون و زۆربەیان ڕاگوێزی دەرەوەی سنوورەکانی سیستەمی سیاسی کراون. ئەم بزووتنەوە سیاسییانە، بەهۆی جەختکردن لەسەر شوناسخوازی و تەرکیزکردن لەسەر بنەمای مافی چارەنووس، لەگەڵ سیستەمە سیاسییە فەرمییەکان ناکۆکی و شەڕیان کەتۆتە نێوان و جاروبار شەڕی ناوخۆیی لێکەوتۆتەوە.

هەر بزووتنەوەیەکی سیاسی خاوەنی داواکاری و خواستەکانی خۆیەتی کە هاودەنگی ئامانجە سیاسییەکانیەتی و یەک لە پێداویستییەکانی گەشەکردن و سەرکەوتنی بزووتنەوەکان هەبوونی ڕێبەرایەتییەکی بەهێزی کاریزماتیکە. لە کاتی پرسیارکردن لەو کەسانەی وتووێژمان لەگەڵ دەکردن، لەسەر ناوهێنانی ژمارەیەک لە کەسایەتییە گەورەکان و سەرمەشقەکانی ژیانی خۆیان، خەڵکی کوردزمان لە بوارە جۆراوجۆرە سیاسی، ئەدەبی، کەلتووری و زانستییەکاندا زیاتر ئاماژەیان بە کەسانێک دەکرد کە ئەمڕۆ لە ژیاندا نەماون. گرووپە ئێتنیکییە ئازەری و عەرەبەکان زیاتر ناوی کەسانێکیان دەهێنا کە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانن و یان هاوزمانەکانی دیکەیانن لە ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. گرووپی ئێتنیکیی بەلووچ زیاتر ئاماژەیان بە ڕێبەرە ئایینی و کەسایەتییە ئایینییەکانی ڕابردوو و ئێستایان دەکرد.

لە بەلووچستان ئەگەر کەسێک لە ناوخۆی وڵات و یان میدیایەکی دەرەکی بیانهەوێ لەسەر بارودۆخی ژیان و داواکارییە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی، ئێتنیکی، کەلتووری و تەنانەت بابەتە پێوەندیدارەکان بە ژینگەوە زانیارییان دەست کەوێت، دەچنە لای کەسانێک وەک مەولەوی

عەبدولحەمید. لە ناوچە کوردنشینەکان زۆرێک لە توێژەران و بەتایبەت میدیاکانی دەرەوە دەچنە لای پارتەکانی دیموکرات و کۆمەڵە و پرسیارەکانیان ئاراستەی ئەوان دەکەن. چونکە گرووپی ئێتنیکیی ئازەری پارت و گرووپی ڕێکخراوی لە دەرەوە نییە، زیاتر بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر خەڵکی ئەم ناوچە پێویستە بچیتە لای نوخبەکانیان لە ناوخۆی وڵات. لەسەر گرووپی ئێتنیکیی عەرەب زمانیش ئەم شتە هاوشێوەیە. ئەڵبەت لەم ساڵانەی دواییەدا، چەند گرووپی چەکدار کە بانگەشەی پاڵپشتی و داخوازی مافەکانی خەڵکی عەرەبیان هەیە لە ناوخۆی وڵاتدا دامەزراون و جاروبار دەچنە لایان.

لەسەر ڕێژەی پێڕەوکردنی سیاسەتە حیزبییەکانی هاوئێتنیکانی خۆیان لە لایەن خەڵکی ناوخۆوە، هیچ توێژینەوەیەکی ڕێکوپێک ئەنجام نەدراوە. لەم ساڵانەی دواییەدا، ژمارەیەک مانگرتن بە شێوەی داخستنی بازاڕەکان لە لایەن تاقمە جۆراوجۆرەکانەوە لە ناوچە جۆراوجۆرە کوردنشینەکان هەبووە کە ناکرێ لە نێوان ئەم ناڕەزایەتییانە و جێگەوپێگەی حیزبەکان تیایاندا بە ئاسانی پێوەندییەکی ئاماری هەژمار بکرێت.

## گۆشەگیریی هێزە چالاکە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان

دامەزراوە مەدەنییەکان یەک لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێکانن کە دەگەڕێنەوە بۆ کۆتاییەکانی هەزارەی دووهەم و دەسپێکی هەزارەی سێهەم. وەک بزووتنەوەی گۆڕانخواز و نزیک بە نەریتی ڕزگاریخوازی ئاماژەیان پێ دەدرێت. ئامانجی پێکهاتنی بنکەی لەم جۆرە گەیشتن بە مافی یەکسانی مەدەنی، کۆمەڵایەتی، گشتی، هاووڵاتیبوون، دادوەری و هتد. بنکە مەدەنییەکان زایەڵەی کۆمەڵگای مرۆیی، زیندوو، بزۆز و زەبەندن کە بە ئامادەبوون لە بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا سامانی کۆمەڵایەتی زیاد دەکەن و ڕەوتی بەدیهاتنی دەوڵەت-نەتەوە خێراتر دەکەنەوە. بنکەی لەم چەشنە و چالاکی چالاکوانانی مەدەنی تیایاندا وەک چاوی وشیاری کۆمەڵگایە بۆ باشترکردنی دۆخی گرووپە بەرگەزندەکان و یان باشترکردنی هەلومەرجی گشتیی نێو کۆمەڵگا.

کۆمەڵگای مەدەنی لە بۆشایی کۆمەڵایەتی و بە شێوەی هەڕەمەکی و لەخۆوە پێک نایەت، بەڵکوو لەسەر مەیل و خواستی جۆراوجۆر لە نێو پێکهاتەی کۆمەڵگا ساز دەبێت و دۆخی گشتیی کۆمەڵگا، ئابووری و ئاقاری سیاسی و کەلتووری و یان بازنەی خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگا بەشێک لە ڕاستییە یەکلاکەرەوەکانی بواری مەدەنین. سەرەڕای ئەمانە، یەک لە کۆڵەکەکانی پێکهاتنی کۆمەڵگای مەدەنی، وشیارییە پێویستەکانە لە نێو هاووڵاتیانیدا کە دەبێتە هۆی کەناڵیزەبوونی وشیارییە فێرکراوەکان لە چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکاندا. کۆمەڵگای مەدەنی هەروەها خاوەنی یەک مێژوو، ئەزموون و یەک یادەوەری مێژووییە کە وەک ئەرکێک قورسایی دەخاتە سەر ویژدان و وشیاریی ئەمڕۆی چالاکانی. ئەم بنکەیە زیاتر لەسەر کەلێن و ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان پێک دێت.

ئاشنایەتی و نزیکایەتی نێوان ئێتنیکە ئێرانییەکان دەتوانێ بۆ کەمکردنەوەی گوشارەکان و مەوداکان کاریگەر بێت. ئاشنایەتی و دانوستانی نێوان ئێتنیکەکان دەتوانێ ڕێژەی دەمارگرژییە ئێتنیکییەکان و ئەو چالاکییانەی لەسەر بنەمای ئێتنیک‌گەراییین کەم بکاتەوە.

**سادق سوتوان، کۆمەڵناس و توێژەر لە سیستان و بەلووچستان:**
یەکێک لە پرسەکان سەرەڕای بابەت و کێشە پێکهاتەییەکان ئەوەیە کە ئاشنایەتی ئێمە لەگەڵ ئێتنیکەکانی دیکە زۆر کەمە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەیکە هەستی دەمارگرژی ئێمە بەرامبەر بە خۆمان زیاتر بێت و ئێتنیکگەراتر بین.

کۆمەڵگایەک کە سنوورداربوونی ئاقاری سیاسی، نەبوونی ئازادانەی میدیا، ناتەواومانی دەرەنجامی هەڵبژاردن، سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکان، پشتگوێخستنی حیزبەکان و ڕێگای چالاکی جیاواز بەخۆوە دەبینێ و هەروەها چالاکی بنکە مەدەنییەکان تیایدا بەرتەسک بێت، هێزەکانی لە باتی ئەوەیکە لەسەر ئاراستەی بزۆزکردنی کۆمەڵایەتی هەوڵ بدەن، گۆشەگیر دەبنەوە و کۆمەڵگاش ڕووبەڕووی هەڵاتنی نوخبەکان و مەندی و بێ جموجووڵی دەبێتەوە.
لە مێژووی ئێراندا لە ڕابردووەوە، هێزە کۆمەڵایەتییەکان تەنانەت بە شێوازی نەریتیش، لە چوارچێوەی وەک ئەنجومەن و ڕێکخراوە خۆبەخشانەکان، ئەنجومەنە هاوپیشەییەکان، یارمەتییە مەدەنییەکان و تەعاونییە نەریتییەکان، ڕێکخراوە کەلتوورییەکانی وەک خانەقاکان، بزووتنەوە جۆراوجۆرەکان، لیژنە ئایینییەکان، ڕێکخراوە خێرخوازییەکان و هتد چالاکییان هەبووە، بەڵام پێشینەی چالاکی هێزە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەی ڕێکخراو دەگەڕێتەوە بۆ دووی جۆزەردانی ساڵی ١٣٧٦ی کۆچیی هەتاوی. لەو سەردەمەدا، جۆرێک بزۆزی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی وڵاتدا هاتە ئاراوە کە لە بوارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی هەشتاکانی کۆچیی هەتاویدا، لە چوارچێوەی جۆرەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی پێشکەوتنخوازانە وەک بزووتنەوەی ژنان ناسراو بە بزووتنەوەی یەک ملیۆن واژۆ و بزووتنەوە سیاسییەکانی کۆتاییەکانی هەشتاکان دەرکەوتنی هەبووە.
بازنەی پرۆسەی جووڵانەوەی ئەم هێزانە لە ئێران دابەش دەکرێتە چەند بەش: بەشێک لەم هێزانە لە بواری گەشەی مرۆیی-کۆمەڵایەتی و بەدیهێنانی بابەتی وەک وشیاریی هاووڵاتیان، کارامەکردنی کۆمەڵگای ناوچەیی، فێرکاری و کەڵک وەرگرتن لە هاوکارییە بەکۆمەڵەکان، پەروەردەکردنی چالاکوانانی کۆمەڵایەتی، پەروەردەکردنی هێزی لۆژیک و بیرکردنەوە، گۆڕینی خەڵک بۆ هاووڵاتی، فێرکردنی سەربەخۆیی تاکەکەسی و ئاسایش و بەختەوەری خەڵک چالاکی دەکەن. بەشێکی دیکەی ئەم چالاکییانە بواری کۆمەڵایەتی و بابەتی وەک گۆڕینی داڕێژەی کردار و ئاکار لە ژیان، گۆڕینی بەها و بایەخ و باوەڕە نادروستەکان و گۆڕینیان بۆ شتی دروست و شیاو

دەگرێتـەوە. گرووپێکـی دیکـەی ئـەم چالاکانـە کەڵکەڵـەی ژینگـە و بەرەنگاربوونـەوەی بابەتـی وەک پیسـبوونی کەشـوهەوا، پیسـبوونی ئـاو و ڕۆبـار و گۆلـەکان، پـاشماوەکان، باشترکردنـی ئاقاری سـەوز، هەلومەرجـی ژیانـی ئـاژەڵان و بابەتی هاوشـێوەی ئەمانەیان هەیە. بەشـێکیش کەڵکەڵەی سیاسـییان هەیـە و لەسـەر بابەتـی وەک باشترکردنـی ئاقـاری سیاسـی، ئازادییـە تاکەکەسـی و بەکۆمەڵـەکان، ئازادیـی ژنـان، ئازادیـی دەربڕینـی بیروڕا و فکر چالاکـی دەکەن. ئەم هێزانە هەروەهـا ڕۆڵی دیدەبانیی چالاکییـە دەوڵەتییـەکان و چاوەدێری لەسـەر کرداری بنکـە دەوڵەتییەکانیـان هەیـە بـۆ باشترکردنی کـرداری بەرپرسـان. وێـڕای ئەمانـە، بەرەنگاربوونـەوە لەگـەڵ خەسـارە کۆمەڵایەتییـەکان و جاروبـار دەسـتێوەردان بەمەبەسـتی کەمکردنـەوە یـان نەهێشـتنیان بەشـێک لـە چالاکییـە بەکۆمەڵـەکان دەگرێتـەوە.

لـە ئێـران، بەشـداری لـە ئاسـتی گشـتی و ڕێکخسـتنی مەدەنـی لـە ڕوانگـەی دەسـەڵاتەوە وەکوو دیاردەیەکـی گونجـاو و خـوازراو چـاوی لـێ ناکـرێ و بـە دیدێکـی ئەمنییـەوە بـۆی دەڕوانـن. چوونکـە بەشـداریکردن و ڕێکخسـتنی مەدەنـی دەبێتـە هـۆی پێکەوەبەسـتنی ناوخۆیـی کۆمەڵـگا و دەرچوونی کۆمەڵـگا لـە شـێوازی پۆپۆلیسـتی و سـەرهەڵدانی سیمایەکـی ڕێکوپێـک لەسـەر بنەمـای پێکهاتـە یاسـایی-ماڤییە پێناسـەکراوەکان و ویسـتی ڕوون و دیـاری ئاراسـتەکراو، کـە لـە سیسـتەمی سیاسـی نادیموکراسـی یـان دیموکراسـی ساختە و پۆپۆلیسـتیدا بـە کـردەوە بەربەسـتێکە لـە بەرامبـەر مەیلـە نـاڕوون و ئامانجـە ئایدیۆلۆژییەکانـی ڕژێـم. بۆیـە لـە ڕوانگـەی کۆمەڵێکـەوە، ئـەم بابەتە بۆتە بەربەسـت و لەمپـەر لەسـەر ڕێـگای چالاکانـی مەدەنـی و کۆمەڵایەتـی بـۆ چالاکـی لـەم بـوارەدا و ئـەو تاقمـەی گۆشـەگیر کردۆتـەوە و لـە بنبەسـتێکی سیاسـی و ئەمنیـدا ماونەتـەوە.

**جـەلال جەلالیزادە، چالاکی ئایینی، مامۆسـتای زانکـۆی تاران و نوێنەری پێشـووی پەرلەمان لە سنە:**

کاتێـک کابـرا سـکرتێری گشـتی حیزبێکـە و بـۆ هەڵبژاردنەکانـی پـەڕلمان ناپاڵێـورێ، ئایـا بـە ڕاسـتی دەتوانـێ هیـوای چالاکییـە سیاسییەکان لـە دڵـی گەنجانـدا زینـدوو بکاتـەوە؟

دەوڵـەت لـە ڕێگای جۆراوجۆرەوە هەوڵی سـنووردارکردنی چالاکی هێـز و چالاکە کۆمەڵایەتییەکان دەدات. یـەک لـەم سـنوورانە دەگەڕێتـەوە بۆ سـەر بـواری میدیا. میدیـاکان، وەک کۆڵەکـەی چوارەمی دیمۆکراسـی، یـەک لـە ئامرازە گرنگەکانن لە بەردەست چالاکانـی کۆمەڵایەتی و بنکـە مەدەنییەکان بۆ بەرەوپێشبردنـی ئامانجەکانیان.

**پەیام دوڕئەفشان، پارێزەری پلە یەکی دادگا و چالاکی مەدەنی لە تاران:**
ئەمە ڕاستییەکە کە لە سێبەری میدیاکانی ئێستادا، ئێمە خەریکین زۆرێک لە زانستە گرنگەکانمان لە دەست دەدەین. ئێوە سەیرێکی ئوستوورەکانی جیهانی ئەمڕۆ بکەن و ئەوەیکە بەپێی کام شیاوی و تایبەتمەندی بوونەتە ئوستوورە. جێگیربوونی بەها و بایەخە سووکەکان لە باتی ئەو شتەی کە لەسەر بنەمای چەمکە قووڵە مرۆییەکان بووە، خەسارێکی گەورەیە. گەنج و جحێڵی ئەمڕۆ چەندە لە ئاخاوتنیدا کەڵک لە وتەی پێشینان و هۆنراوەکان وەردەگرێ؟

لە ئێران میدیا دەنگی و ڕەنگ دەوڵەتی و نەتەوەیی هەژمار دەکرێن و لەم بوارەدا کەرتی تایبەت ڕێگای چالاکییەکی وەهای نییە. لە بواری چاپەمەنییەکانیش بنکە مەدەنییەکان بۆ جێبەجێکردنی چالاکییەکانی خۆیان پێویستیان بە ئیزنی دەوڵەت هەیە و پاشان لەسەر بواری چالاکییشیان چاوەدێریی بەردەوام هەیە (قانون مطبوعات و رسانەها). بواری دواتری بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەت لەگەڵ چالاکی بنکە مەدەنییەکان ناکارامەکردنیانە لە باری بەرژەوەندی و کەڵک وەرگرتن لە کەسایەتییە سەرەکی و کاریگەرەکانی کۆمەڵگا و ئەو دەورە سەمبولیکەی کە کارامەیان دەکات تا بۆ گۆڕینی ئاراستەی بیروڕا گشتییەکان لە بوارە ئەخلاقی، کەلتووری یان سیاسییەکان چالاکی بکەن و بە شێوەیەکی زۆر هەستیارانە نوخبەکان و کەسایەتییە سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵایەتی و چالاکوانانی سەربەخۆیان خستۆتە ژێر چاوەدێری.

**ئەمیر سەجادی، مامۆستای مێژوو لە سەقز (کوردستان):**
بۆ ماوەی نۆ مانگ سەرنووسەری دووحەفتەنامەی ڕاژان بووم. بەهۆی گوشارەکانەوە جێم هێشت. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ۹۲ی کۆچیی هەتاویدا ناوی خۆمم تۆمار کرد؛ قۆناغی یەکەم بە تاوانی پێوەندیی لەگەڵ گرووپە نایاساییەکان ڕەتیان کردمەوە.

ڕاستییەکە ئەوەیە کە بەرپرسانی دەوڵەتی نابێ بەرامبەر بە بێدەنگبوون و بێلایەنبوونی بنکە مەدەنییەکان ڕەزامەند بن چونکە ئاڵۆزبوونی پرسە کۆمەڵایەتییەکان بە جۆرێکە کە لە ناکاو وەک دیاردە قەیراناوییەکان سەرهەڵدانیان دەبێت و هاوسەنگی کۆمەڵایەتی دەشێوێنن. لەم دۆخەدا، بەرپرسان لە باتی سەیرکردنی خۆیان و چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆیان، لە سوورێکی داخراودا دەکەونە شوێنی هۆکار و فاکتەرێکی دەرەکی تا تاوانەکان بخەنە ئەستۆی. دۆخی دە ساڵی ڕابردوو

بەڵگەیـە لەسـەر ئەم ڕاسـتییە کە هەموو ڕۆژێک کۆبوونـەوە و ناڕەزایەتی کۆمەڵێک لـە خەڵکمان بینیوە لە شـوێنە جۆراوجۆرەکانـی وڵاتدا.

هێـزە کۆمەڵایەتییـەکان دەفرایەتـی و دەرفەتـی زۆریـان تێدایـە کـە بەرپرسـانی حکوومـی دەتوانن بـۆ باشترکردنـی بارودۆخـی کۆمەڵایەتـی کەڵکیـان لـێ وەرگـرن. لـە دە سـاڵی ڕابـردوودا ڕووداوەکانی وەک بوومەلـەرزەی ناوچـەی ئازەرینشـینی وەرزەقـان و سـەرپێڵی زەهـاوی کرماشـان، سـووتانی بینای پلاسـکۆی تـاران، یـان سـووتانی دارسـتانەکانی ناوچـەی ڕۆژاوای وڵات، بەشـێکی زۆری کارامەیـی و دەفرایەتـی ئـەم هێزانەیـان بـۆ چارەسـەرکردنی قەیرانـەکان دەرخسـتوووە. ئـەم هێـزە کۆمەڵایەتییانـە قەبارەیەکـی زۆری شـارەزایی، لێزانـی، توانـا و سـەرچاوەیان لەگـەڵ خۆیـان هێناوەتـە گـۆڕێ. ئـەم دەفرایەتـی و دەرفەتـە پیشـاندەری هەبوونـی زانسـتی خۆماڵـی و زانسـتی تایبەتـی گەورەیە کـە لە نێو ئـەم هێزانەدایـە و دەتوانـێ بـە ئاوڕدانـەوەی زیاتـر لـە کاتـە ئاساییەکانیشـدا دەکار بهێنرێـت.

کۆمەڵـگای ئێـران کۆمەڵـگای کەڵێنـە ئێتنیکـی و ئایینیـەکان، ناکۆکییـە گـەورەکان و ئـەو بنبەسـتانەیە کـە لـە گۆشـەگیریدا ڕۆحی کۆمەڵـگا دادەڕزێنن و لە ناخـەوە سست و لاوازی دەکەن. لە زۆربـەی حاڵەتەکانـدا، شوناسـی ئێتنیکی و ئایینی بۆتە هۆی بەربەسـت و لەمپەر بـۆ نوخبەکان و هێزە چالاکەکانـی ئـەم گرووپانـە بـۆ گەیـشتن بە پۆسـتە گرنـگ و سـەرەکییەکان. لە چەند سـاڵی ڕابـردوودا فیلمـی زۆر لـە گەنجانـی ئەم گرووپە شوناسـییانە لە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو بۆتـەوە کە ئەگەرچی خوێندنـی بـاڵا و وتـاری زانسـتی و توێژینەوەیـی ناوخۆیـی و دەرەکییـان هەیـە خەریکی پیشـەی وەک کۆڵبـەری، کرێـکاری لـە کارگـەکان، دەسـتفرۆشـی و گەسـک لێدانـی شـەقامەکان وەک فەرمانبـەری شـارەوانی و پیشـەی سـووکی دیکـە بوونە کە پیشـاندەری کەڵـک وەرنەگرتنی گونجاوە لە هێزە پسـپۆڕ و لێزانەکانـی ئـەم گرووپانە.

> **خاوەنـی دووکانێکـی کافـی نێـت و ئامرازەکانـی نووسـین و خوێنـدن لـە شـاری شـنۆ (ئازەربایجانـی ڕۆژاوا):**
>
> لـە کوردسـتان خەڵـک لەبـەر ناچاری دەبنـە کۆڵبـەر. کابـرا دوکتـۆرای هەیـە کۆڵبـەری دەکات! کۆڵبەری واتە حەمباڵی، زۆر ناشـیرینە! بۆ هەر کەسـی بڵێی پێـی ناخـۆش دەبـێ و تێـک دەچـێ؛ لەبەرچـی ئاخر؟ کەسـێک ڕۆشـتۆتە زانکۆ ببێتـە کۆڵبەر!

لە زۆر شـوێندا ئەم بابەتە بنەمای یاسـایی هەیە و بەپێی یاسـا، کەمینەی وەک سـوننەکان ناتوانن بگەنـە پۆسـتە سیاسـییەکانی وەک سـەرۆکایەتی کۆمـار. لـە هەنـدێ نموونەشـدا کێشـە نـەک یاسـا بەڵکـوو ڕوانگـەی تاکەکەسـی بەرپرسـانی باڵای حکوومەتە کە بە شـێوەی دڵخواز سـنوور و بەربەسـتی لـەم چەشـنە لەسـەر چالاکانـی گرووپـە ئێتنیکـی و ئایینیـەکان دادەنێن. بـۆ نموونە لە مێـژووی پاش

شۆڕشدا و لە بوارە بەڕێوەبەرێتییەکاندا، هیچ کات پێڕەوانی ئایینزای سوننە یان ئێتنیکی وەک کورد و بەلووچ نەیانتوانیوە بگەنە پۆستی وەک وەزارەت، باڵوێزخانە یان پارێزگاری. لە هەندێ شوێنی دیکەش ئەم سنوور و بەربەستانە نەک لە لایەن دەسەڵاتەوە بەڵکوو لە لایەن گرووپ و دەستە شاراوە و لەسێبەرەکاندا ساز کراون.

لایەنی دیکەی ئەم سنوورانە نەک بابەتی بەدەستهێنانی پۆست و هەلی کار بەڵکوو لایەنەکانی دیکەی پەراوێزخستنی هێزە مەدەنییە چالاکەکانە لە بواری جۆراوجۆری کەلتووری، هونەری، سیاسی، ژینگە و هتددا کە لەم بارەوە بێجگە لە ئێتنیکە باسکراوەکان، گرووپە ئێتنیکییەکانی دیکەی وەک تورکەکان و فارسەکانیش ڕەخنە لە سیاسەتی دەوڵەت و ڕوانگەی ئەمنیی بەرامبەر بە خۆیان دەگرن.

## بێئاگایی لە مافی هاووڵاتی و ئێتنیکی

مافی هاووڵاتیبوون بریتیە لە کۆمەڵێک ماف و ئازادی کە تاکەکانی کۆمەڵگایەک وەک هاووڵاتی لێی بەهرەمەندن و پێویستە حکوومەت و ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگە پێیانەوە پابەند بن. ئەم مافانە شەبەنگێکی بەربڵاوی ماڤە سیاسی، شارستانی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە خۆ دەگرن (JAFARI, ٢٠١٥, ٤٠٨٣). مافی ئێتنیکیش بەشێکە لە پێکهاتەی گشتی مافی کەمینەکان سەر بە جاڕنامەی مافی مرۆڤ، کە لەسەر جیاکاری نەکردن و مافی بەهرەمەندبوون لە ئازادییە ڕەواکان و پێویستی پاراستن و ڕاگرتنی ماف و کەرامەتی شوناسی ئایینی، زمانی و کولتووری گرووپە ئێتنیکییەکان جەخت دەکاتەوە (اعلامیە حقوق اشخاص ...، ١٩٩٢). هەر هاووڵاتییەک پێویستە ئەرک و مافەکانی خۆی بزانێ و ئەم بابەتە دەورێکی گرنگی لە داواکارییە ئێتنیکییەکان لە حکوومەتی ناوەندی هەیە. بەڵام دەسکەوتەکانی توێژینەوەی بەردەست پیشانی داوە کە زۆرینەی ئێتنیکە ئێرانییەکان لەسەر مافە بنەڕەتییەکانی خۆیان کە بە جۆرێک مافی هاووڵاتیبوونیان دەگرێتەوە بێ ئاگان.

مافی هاووڵاتیبوون دەستەبەرکەرەوەی هەموو ئەو مافانەن کە شارومەندانی کۆمەڵگایەک دەبێ لێیان بەرژەوەند بن. چونکە کەرامەتی مرۆیی، ئازادی، بەردەستبوونی ئازادانەی زانیارییەکان، حکوومەتی خەڵکسالار و بەردەستبوونی دادپەروەری و دادوەری دادپەروەرانە، مافی ئاسایش و مافی یەکسانی وەک مافی هاووڵاتیبوون لە دەستووری بنچینەیی و قورئانی پیرۆزدا جەختیان لەسەر کراوەتەوە، جێبەجێکردن و پاراستنی ئەم مافانە ئەرکی سەرشانی دەوڵەتە. سەروەریی یاسا وەک ژێرخان و بنچینەی سەرەکی و سەرەتایی دابینکردنی مافی هاووڵاتیبوون و جێبەجێکردنی هەژمار دەکرێت (منشور حقوق شهروندی).

بەپێی دەستووری بنچینەیی کۆماری ئیسلامی ئێران، لە باری ئایینیەوە دوو جۆرە کەمینە بوونی هەیە: یەکەم کەمینەی ئایینی و دووهەم کەمینەی ئایینزایی. بابەتی کەمینەی ئایینی لە ماددەی

سێزدەیەمی دەستووری بنچینەییدا باس کراوە کە بەپێی ئەو ماددەیە ئێرانییانی زەردەشتی، جوولەکە، خاچپەرست وەک کەمینەی دیاریکراو لە دەستووردان و بۆ جێبەجێکردن و ئەنجامدانی ڕێوڕەسم و بۆنەکانی خۆیان ئازادن و بۆ کاروباری ناوخۆیان (زەواج، جودابوونەوە و تەڵاق، میرات و وەسیەت) و هەروەها ئامۆژیارییە ئاینییەکان، بەپێی ئایینی خۆیان هەڵسوکەوت دەکەن (قانون اساسي جمهوري اسلامي ایران، ١٧).

بابەتی کەمینە ئایینزاییەکان لە ماددەی دوازدەیەمی دەستووردا باس کراوە کە بەو پێیەش، ئایینزای فەرمی ئێران جەعفەریی دوازدە ئیمامییە (جەعفەری ئەسناعەشەریی). لە هەمان کاتدا بڕیار دراوە کە ئایینزا ئیسلامییەکانی دیکە واتە حەنەفی، شافیعی و مالیکی و حەنبەلی و زەیدی ڕێزی تەواویان هەیە و شوێنکەوتوانیان بۆ ئەنجامدان و جێبەجێکردنی بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی ئایینزای خۆیان بەپێی فیقە و شەرعی خۆیان ئازادن و هەروەها بۆ پەروەردەی ئایینی و کاروباری ناوخۆیان بەپێی یاسا و ڕێساکانی ئایینزای خۆیان دەجووڵێنەوە و هەروەها بۆ بابەتە پێوەندیدارەکان بە کاروباری دەزگای دادەوە بۆ کاروباری ئەم ئایینزانە، یاسا و ڕێسای ئایینزای خۆیان بەرچاو دەگیردرێت. هەروەها لە هەر ناوچەیەک کە شوێنکەوتوانی یەک لەم ئایینزانە زۆرینە بن، یاسا و ڕێسا ناوچەییەکان لە سنووری ئیزنی ئەنجوومەنەکان و لەگەڵ پاراستنی مافی ئایینزاکانی دیکە، بەپێی ئایینزای زۆرینەی دەبێ. بابەتی ئاماژەپێدراو هیچ بەربەست و لەمپەرێکی بۆ چالاکییەکانی کەمینە ئایینی یان ئایینزاییەکان لە کاروباری ناوچەییدا ساز نەکردووە.

کەمینە ئایینییە ناسراوەکان و پێش ئەوان کەمینە ئایینزاییەکان مافی ئەوەیان هەیە کۆمەڵە و ئەنجومەنی تایبەتی خۆیانیان هەبێت و بەپێی ماددەی بیست و شەشەمی دەستووری بنچینەیی، هیچ کەس بۆ بەشداریکردن یان بەشدارینەکردن لەم جۆرە ئەنجومەنانەدا زۆر و جەبری لەسەر نییە.

ئێتنیکە جۆراوجۆرە ئێرانییەکانیش دەتوانن کەڵک لە زمانی دایکیی خۆیان لە چاپەمەنییەکان و میدیا گشتییەکان وەرگرن و ئەدەبییاتی ئەو زمانە لە قوتابخانەکاندا وەک وانە بڵێنەوە. ئەگەرچی خەت و زمانی فەرمی و هاوبەشی ئێتنیکە ئێرانییەکان فارسییە و ماددەی پازدەی دەستووری بنچینەیی،



وێنەی ژمارەی ١١-٣: وتووێژ لەگەڵ مەسعوود عەزیزی

سەرەڕای باسکردنی بابەتی پێشوو، مافی ئێتنیکە جۆراوجۆرە ئێرانییەکانی بۆ کەڵک وەرگرتن لە زاراوە و زمانی ناوچەیی خۆیان بە فەرمی ناساندووە، بەڵام بەم حاڵەشەوە پێویستە زمانی فارسی لەگەڵ زاراوە و زمانەکانی دیکە فێر بکرێت (قانون اساسي جمهوري اسلامي ايران، ١٧-٢٠).

کۆی ئەو شتەی ئاماژەی پێدرا دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی حوکمە تایبەتە باسکراوەکان لە هەندێک ماددەی دیکەی دەستووردا بێت. یەکێک لە ماددەکان پاراستنی شوناسی ئێتنیکی و نەتەوەیی وەک زمان و کەلتوور و ڕێزگرتن لە تایبەتمەندییە ئایینی و ئایینزاییەکانی خەڵکە کە بۆ ئەم بابەتە گەرەنتیی یاساییش دانراوە. لە ماددەی بیستەمدا، «هەموو ئەندامانی نەتەوە، بریتی لە ژن و پیاو، لە لایەن یاساوە پاڵپشتیی یەکسانیان لێ دەکرێ و هەموو مافە مرۆیی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانیان هەیە». بەڵام خاڵێکی زۆر گرنگ کە سەبارەت بە مافەکانی ئێتنیکەکان ئاماژەی پێدراوە ئەوەیە کە زۆرینەی ئەم خەڵکە بێ ئاگان لەوەی کە یاسای ئاوا ئاشکرا لەسەریان پەسند کراوە و بوونی هەیە. دەسکەوتەکانی لێکۆڵینەوەی بەردەست پیشان دەدات کە زۆرینەی زانیاری ئێتنیکەکان لەسەر مافەکانی خۆیان دەگەڕێتەوە بۆ زمانی دایکی و زۆربەی ئەو کەسانەی وتووێژیان لەگەڵ کراوە سەبارەت بە مافەکانی دیکەی خۆیان زانیارییەکی زۆریان نییە. بەشێک لەم بێ ئاگاییەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو مافانەی کە خەڵک پێویستە لە دەسەڵاتی داوا بکەن و بەشێکیش ئەو مافانەیە کە هەر تاکێک لە ئاقاری ژیانی خۆی و لە پێوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا هەیەتی.

**ئەکبەر یادگاری، شێوەکار، نووسەر و دەرهێنەری شانۆ لە سمنان:**
هەندێ کەس هەر نازانن مافی هاووڵاتیبوونیان پێشێل دەکرێ. بۆ نموونە، سەنتەرێکی کڕین و فرۆشتنی سەیارەکانی لەسەر ئەو شوێنەی بۆ پیاسەی من تەرخان کراوە دادەنێت یان هاتوچۆی خەڵک بە پیادە لە ئێران یاساکانی بەرچاو ناگیردرێن. مافی هاووڵاتیبوون ئەوەیە کە من لە شەقام یان لە نێو پاسدا ئەمنییەتم هەبێ و بۆ ئەوە دادەنرێن کە من لە ژیانمدا ئەمنییەتم هەبێت.

**مەسعوود عەزیزی، گۆرانیبێژ و هونەرمەند لە ئیسلاماباد (کرماشان):**
بۆ خۆم نازانم مافەکانی هاووڵاتیبوون چین. تاقە شتێک کە دەیزانین ئەوەیە کە زمانی زگماکی پێویستە لە میدیا و چاپەمەنییەکان و دەزگای پەروەردەدا بکرێتە فەرمی، بەڵام بۆ نموونە نازانین وەک کورد چ مافێکمان هەیە.

جوان دیارە کە مەبەست لە داواکارییەکانی ئێتنیکەکان ئەو بەشە لە پێداویستییەکانە کە دەستووری بنچینەیی بۆ ئێتنیک و ئایینە جۆراوجۆرەکان داینـاوە. بەرچاوگرتن و جێبەجێکردنی ماددە یاساییە پێوەندیدارەکان کاردانەوەیەکی گونجاوە بۆ زۆرینەی پێداویستی و داواکارییە جۆراوجۆرەکان. کەڵک وەرگرتن لە کەلتووری ئێتنیکییەکان و ئەدەبییات و چیرۆک و گۆرانی و وتەی پێشینیانی ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان لە کتێبەکانی وانەدا و بنکەکانی دیکەی فێرکاریی بابەتە کەلتوورییەکان، کەڵک وەرگرتن لە دەفرایەتی مرۆیی ئەم ئێتنیکانە بۆ دەکارهێنانیان لە پۆستە جۆراوجۆرە ئیداری و نائیدارییەکان، ئازادی ئێتنیکەکان بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمە ئایینییەکان و هەبوونی پەرستگەی تایبەتی خۆیان، ئازادبوونی جلوبەرگ و نموونەی دیکەی لەم چەشنە دەکەونە ڕیزی ئەم داواکارییانەوە کە زۆربەیان لە دەستووری بنچینەیی وڵاتدا ئاماژەیان پێدراوە بەڵام –وەک تا ئێستا چەندین جار دووپاتمان کردۆتەوە- نەڕۆشتوونەتە بواری جێبەجێکرانەوە.

جودا لە پرسی جێبەجێبوون یان نەبوونی مافی ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان، ئەو شتەی لەم بەشەدا گرنگە بێئاگایی یان کەمبوونی وشیاری خەڵکی ئەم گرووپە جۆراوجۆرانەیە لەسەر ئەم مافە باسکراوانە کە لە دەستووری وڵاتدا نووسراون. دیارە کاتێک کە وەها ئاگاداری و وشیارییەک بوونی نەبێ، داواکاری و داخوازییش مانایان نامێنێ.

بێئاگایی تاک و گرووپەکان سەبارەت بە ماڤی هاوڵاتیبوون و ئێتنیکییان لە چەندین بۆنە و هۆکاری پێکهاتەیی و جێبەجێکاریی هەمەچەشن سەرچاوە دەگرێت. بەشێک لە هۆکاری بێ ئاگایی تاک و ئێتنیکییەتەکان لەسەر مافەکانی خۆیان دەگەڕێتەوە سەر دەسەڵات و جێبەجێنەکردنی یاساکان و نەبوونی دیموکراسی لە دەسەڵاتدا، و پێناسەنەکردن و نەناساندنی دروستی ئەم ماف و ئەرکانە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە.

**حەسەن ناسر، بەڕێوەبەری دائیرەی کەلەپووری کەلتووری شارستانی کاروون لە کاروون (خووزستان):**

ئێوە ئەگەر لە هەر خوێندەوار یان نەخوێندەوارێک پرسیار بکەن ئاگاداری مافی هاووڵاتیبوونی خۆت هەی یان نا؟ بێ گومان وەڵامی نە دەبیستی. ئایا ئێوە فیلم، ئەنیمەیشێن یان وێنەیەک دەبینن کە مافە شارومەندییەکان فێر بکات؟ خەڵک ئاگاداری مافەکانی خۆیان نین و زانیارییان لەسەریان نییە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست کەوتوون، دەوڵەت وەک بەرپرسی بواری فێرکاریی گشتی لەم بوارەدا بە ئەنقەست کەمتەرخەمی نواندووە و نەیتوانیوە بەو جۆرەی کە گونجاوە ئەم بابەتە لە ئاستەکانی فێرکاری و میدیاییدا بگونجێنێ. بەردەستنەبوونی میدیای ئازاد چ لە ئاستی نەتەوەیی و چ لە ئاستی ئێتنیکی، سەرکوتکردنی چالاکان بەتایبەت چالاکانی مەدەنی لە لایەن دەسەڵاتەوە،

نەبوونی ئیزن و دەرفەتی چالاکی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و هەبوونی ڕوانگەی ئەمنی بەرامبەریان لەو بابەتانەن کە ڕەنگدانەوەی ڕۆڵی دەسەڵاتیان لە بواری بێ ئاگایی مافە ئێتنیکیەکان زیاتر کردووە. لە واقیعدا حکوومەت بە ئەنقەست لە ڕێگەی ڕێکخراوە زەبەلاحەکانی پڕوپاگەندە و میدیایەوە سیاسەتی بێئاگاکردنی ئێتنیکەکان پەیڕەو دەکات و بە پشتبەستن بە توخمەکانی ئێرانیبوون و ئیسلام، هەوڵدەدات پرسە ئێتنیکییەکان وەک تایبەتمەندیی ناوخۆیی-خۆجێی، کە پێگە و بایەخێکی ئەوتۆی یاسایی و سیاسییان نییە، بناسێنێت. بەکارهێنانی ناونیشانی خۆماڵی و خۆجێی بۆ زمان و ئەدەب و چاپەمەنی و دیکەی بەرهەمە کولتوورییە ئێتنیکییەکان لەم ڕوانگەیە سەرچاوە دەگرێت.

لاوازیی دامودەزگا کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، لەوانەش ڕێکخراوە مەدەنییە ناحکومییەکان و پارتە سیاسییەکان، لە فاکتەرە پێکهاتەییە کاریگەرەکانن لەسەر نائاگابوون بە مافە نەتەوەییەکان. هۆکاری دیکەی ئەم بێ ئاگابوونە لەسەر مافەکان دەگەڕێتەوە سەر خودی گرووپە ئێتنیکییەکان و نزمبوونی ئاستی خوێندەواری و زانستیان. دەسکەوتەکان پیشان دەدەن کە خەڵکی ئەم گرووپە ئێتنیکییە جۆراوجۆرانە بۆ خۆیان ئەوەندە هەستیار نین و بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەم بوارەوە هەوڵێکی ئەوتۆ نادەن، کە ڕەنگە بەشێکی بەهۆی ئەو هەژارییە ئابوورییەوە بێت کە بە هۆی سەرقاڵبوون بە دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکان باڵی بەسەر ژیانی کۆی خەڵکی هەندێ ئێتنیکدا کێشاوە و هەژاریی کولتووری و یاسایی لێ کەوتۆتەوە.

لە لایەکی دیکەوە سڕینەوەی ئامانجداری یاساخوازی لەلایەن سیستمی سیاسی و دەوڵەتمەدارەکانەوە و جێگرتنەوەی بە ڕەنت و پەیوەندیسالاری، وەها شەرعیەتی لە دەستوور داماڵیوە کە لەلایەن کۆمەڵگاوە وەک سەرچاوە سەیر ناکرێت و خەڵکیش پاڵنەرێکی وەهایان بۆ ئاگابوون لە یاسایەکی نووسراوی وەلانراو نییە.

**محەمەد گوڵ کەهرازە، ئەندامی لیژنەی زانستیی زانکۆی زاهیدان (سیستان و بەلووچستان):**

تاک بۆ خۆی کاریگەری دەبێت لە مافە هاووڵاتییەکانی خۆیدا و دەبێ شوێنگری ئاسانکارییەکانی بکات... کاتێک کەسێک داواکاری نەکات و یان ڕووناکبیر نەبێت، ناتوانێ داوای ماف بکات و بێ گومان بەرامبەر بە مافەکانیشی بێ ئاگایە. بۆیە دەبێ تاک بچێتە شوێن خوێندندا و بگاتە ئەو پلەیەی کە لە مافەکانی تێبگات و داوایان بکات.

## پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئێتنیکەکان

وڵاتی ئێران وڵاتێکی فرەئێتنیکییە یان وەک دەڵێن مووزاییکیبوونی ئێتنیکەکان و کەلتووری جۆراوجۆری تێدایە و دارێژەی نەتەوە تیایدا تێکەڵاو و ناهاوسەنگە، بۆیە لە ئێراندا کەسکەسوورێکی ئێتنیکەکانمان هەیە.

> **مەحموود ئیفتیخاری، خانەنشینکراوی کەلەپووری کەلتووری تاران و پسپۆڕی هونەری ئێران لە سمنان:**
> ئێتنیسیتە، نەتەوە، کەلتوور، ئایین و ... هەمووی ئەم باوەڕانە لە مێژوودا ڕوویان داوە و حاشایان لێ ناکرێت. ئێمە و ژیانی ئێمە لە ڕاستیدا لەگەڵ هەمووی ئەمانە تێکەڵاو بووە و گرێ دراوە.

مێژوو دەریخستووە کە ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان بەردەوام لە نێوان خۆیان و گرووپە ئێتنیکییەکانی دیکەدا کۆمەڵە سنوورێکیان داناوە. جاروبار بازنەی ئەم سنوورانە چکۆلە بووە و دزەکردن تیایاندا زۆر ئەستەم بووە. هۆکاری سەرەکی ئەم سنووردانانەش پاراستنی کەلتوور و دابونەریتی خۆ لە بەرامبەر گرووپە ئێتنیکییەکانی دیکەدا بووە. سەرەڕای ئەمە، وەک دوژمن سەیرکردنی ئێتنیکەکانی دیکە خەسار و دوژمنایەتی زۆری خستۆتە سەر پێوەندییەکانی نێوان ئێتنیکەکان لە ئێراندا. ئەم بابەتە ڕەنگە بتوانێ لە لایەکەوە بۆ گەیشتنیان بە ئامانجێک کە شوێنی دەگرن بەکەڵک بێت بەڵام لە بارەکانی دیکەوە و لە کاتی دانوستانە جۆراوجۆرەکاندا، هێز و توانای مامەڵەکردنیانی پێکەوە کەم کردۆتەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین کە سازبوونی سنوور لە پێوەندییەکانی نێوان ئێتنیکەکاندا دەتوانێ ببێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشەوگرفت لە ڕەوتی پەرەسەندنی کۆمەڵگای لەم چەشنەدا (کۆمەڵگای فرەئێتنیک). لە بابەتەکانی دیکەدا، ڕەنگە پێکهایەتیەکی کەلتووری و ئێتنیکی بۆ پاراستنی خۆی لە بەرامبەر کەلتوورێکی گشتیتر و گەورەتر، بچێتە پەنای نزیکترین کەلتووری کۆمەڵایەتی و ئێتنیکی بە خۆی. لە وەها دۆخێکدا، هێز و دەسەڵاتێکی زیاتریان بۆ پاراستنی خۆیان و هێرشکردنە سەر کەلتووری زاڵ بەردەست دەبێت.

پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی گرووپە ئێتنیکیەکان لە ئێراندا، سەرەڕای هەموو ئەو گۆڕانکاری و وەرچەرخانانەی کە پێکهاتەی گشتیی کۆمەڵگای ئێران لە دەیەکانی ئەم دواییەدا ئەزموونی کردووە، هێشتا خاوەنی کۆمەڵێک پێکهاتەی ناوازە و تایبەتە کە کاریگەریی بەرچاویان لەسەر ڕەهەندە کارامەکانی لە ئاستی ئێتنیکی و نەتەوەییدا هەیە. لە بەرچاوترین ئەم کاریگەریانەدا، دەورگێرانیانە لە بزووتنەوە ئێتنیکی و نەتەوەییەکاندا. گرووپە ئێتنیکییە جیاوازەکانی ئێران بە پێی سێ فاکتەری بنەڕەتیی زمان، ئایین و هۆگرایەتییە مێژووییە هاوبەشەکان، پێوەندیی خۆیان لەگەڵ ئێتنیکەکانی دیکەی ئێران پێناسە دەکەن، کە بە شێوەیەکی سەرەکی جیاوازی لەم فاکتەرانەدا دەبێتە بەربەست

لەبەردەم پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی گشتگیر کە لە هەموو ئێتنیکیەتەکان، ئەڵبەت شایەنی باسە کە خەسارناسیی دەستەبەرکردنی ئەم دۆخە خوازراوە، زۆرجار ئاستەنگەکانی بە هۆکاری سیاسەتی حکوومەت و ئێتنیکی باڵادەست دەزانێت، بەڵام بە هەر شێوەیەک بێت کاردانەوەیێکی لێکترازێنەر بەدوای خۆیدا دەهێنێت. ئەم دۆخە لەگەڵ هەندێک هۆکاری تری ململانێی ئێتنیکی، زۆرتر دەبێتە بەربەستێک لە بەردەم گەیشتن بە یەکگرتووییەکی ئێتنیکەکان بە ئاراستەی داخوازیی بەرفراوان و گشتی. بزووتنەوەیەک کە دەتوانێت بە پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و لەژێر ناونیشانی بزووتنەوەیەکی مۆدێرن، بنەمای کۆمەڵگایەکی مەدەنی و ناسیۆنالیزمی ئەرێنی دامەزراو لەسەر ئازادییە ڕەواکانی تاک و کۆمەڵ و ئاشتی و لێبوردەیی بەردەوام دابین بکات.

ناسیۆنالیزمی نوێ پشت دەبەستێتە تێکەڵێک لە هاوئاراستەیی و یەکڕیزیی کۆمەڵایەتی کە کۆمەڵگایەکی سەقامگیر لەسەر بنەمای پلۆڕاڵیزمێکی کەلتووری لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی چەندنەتەوەیی دیموکراسیانە دادەمەزرێنێت. ئەنجامی ئەم ناسیۆنالیزمە پێکهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەییە کە بۆ چارەسەرکردنی پرس و کێشەی ئێتنیسیتەکانی ناوخۆی، ڕێگای چارەسەری دیموکراتیکی و مرۆڤانە دەگرێتە پێش (بهشتی و حقمرادی، ١٣٩٦، ٢٧). ئەم چارەسەرانە بریتین لە پلۆڕاڵیزمی کەلتووری، دیموکراسی کۆمەڵایەتی، سیاسەتەکانی کرداری ئەرێنی و بەخشینی ئۆتۆنۆمی و ڕێکاری دیکەی لەم چەشنە.

یەک لە پرسە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا چەندئێتنیکییەکان بەردەوام ئەوە بووە کە کۆمەڵە ئێتنیکییەکان چۆن دەبێ پێکەوە پێوەندییان هەبێ و گرێ بدرێن تا کۆمەڵێکی نەتەوەیی گشتگیر و بەردەوام پێکبێت. یەکڕیزی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای وەهادا دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەندێتی و چۆنێتی پێوەندییەکانی نێوان ئێتنیکەکان کە لەم هەلومەرجەدا، یەکپارچەبوونی کۆمەڵایەتی لەژێر سێبەری پێوەند و یەکڕیزیی ئێتنیکەکان پێک دێت (نقدی و دیگران، ١٣٩٤، ١٣٢). ئەگەر دەوڵەت نەتوانێ لەسەر پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە و یەکسانی پێناسەی دووبارەی پێوەندییەکانی نێوان گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بکاتەوە، کێشەوگرفتەکان بەردەوام وەک کێشەیەکی هەمیشەیی لە ژیانی سیاسیدا دەمێننەوە. بەدیهاتنی ئەم شتە دەگەڕێتەوە بۆ ڕوانگەی هەمەلایەنە و دوورگرتن لە ڕوانگەی تایبەت و یەک لایەنە، هاوبەشکردنی هەموو گرووپە ئێتنیکییەکان لە دەسەڵات و کەرتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی وڵات. سیاسەتی دەوڵەت وەک ترساندن و تۆقاندن و تێکەڵاوکردنی ئێتنیکییەتەکان شوێنهاتی وەک کێشە ئێتنیکییەکان، ناکۆکییە ناوخۆییەکان، لاوازبوونی یەکڕیزیی نەتەوەیی و بەرگەزندبوونی ئەمنی نەتەوەیی لێکەوتۆتەوە. ئەزموونەکان پیشان دەدەن کە لە هەر شوێنێک ڕێبەران هەوڵی ڕێککەوتن و بەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی ئێتنیکەکانیان داوە، لە چارەسەرکردنی کێشە ئێتنیکییەکان نزیک بوونەتەوە و سیاسەتی زەبەندگەرایانە بەرامبەر بە داواکارییەکان بۆتە هۆی بەهێزبوون و هەڵکشانی یەکڕیزیی کۆمەڵایەتی و زیادکردنی ئاستی ئەمنی نەتەوەیی. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە بەها و بایەخە سەرەکییە دیموکراتیکەکان وەک دوورگرتن لە

ناوەندگەرایی و پاوانخوازی، ڕێککەوتن و نەرم و نیانی، گشتگربوونی وتوویژ و دانوستان و ئاشتی وەک کلیل بۆ پێکهێنانی ڕێککەوتنی درێژخایەن و چارەسەرکردنی ناکۆکییە ئێتنیکییەکان دەکار بهێنرێن. هیچ دەوڵەت و وڵاتێک ناتوانێ بە تەنیایی و لە گۆشەگیریدا بمێنێتەوە و سەبارەت بە پێوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا کەمتەرخەم بێت. شێوازی تێکەڵکردنی ئێتنیکییەتەکان و تواندنەوەیان لە ئێتنیکێکی زاڵدا ئەزموونێکی شکستهێنراوە (بهشتی و حقمرادی، ١٣٩٦، ٢٧).

هەمووی ئەو شتەی باس کرا دەگەڕێتەوە سەر یەک لایەنی پرسەکە و چۆنێتی هەڵسوکەوتی سیستەمی ناوەندی لەگەڵ گرووپە جۆراوجۆرە ئێتنیکییەکان. لایەنی دیکەی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی خودی گرووپە ئێتنیکییەکان کە تا چ ڕادەیەک پێکەوەژیان لەسەر بنەمای زەبەندگەرایی کەلتووری قبووڵ دەکەن. پێش هەر شتێک دەبێ دان بەوەدا بنێین کە بەپێی سەرچاوە جۆراوجۆرە زانستییەکان و هەروەها دەسکەوتەکانی وتوویژ لەگەڵ گرووپە جۆراوجۆرە ئێتنیکییەکان، بەسیاسیبوونی بابەتی ئێتنیسیتە دەگەڕێتەوە بۆ سەد ساڵی ڕابردوو و پێشتر لە وڵاتی ئێراندا تاک زیاتر خۆی لە چوارچێوەی گرووپە عێلی و عەشیرەییەکاندا پێناسە کردووە تا گرووپە ئێتنیکییەکان.

**ئەشکان زارعی، چالاکی کەلتووری و کەلەپوور و نووسەر لە خووزستان:**
لە ڕابردوودا ئەم باسانە هەر بوونیان نەبووە، هەموو وەک ئێرانی لەگەڵ یەک ژیاون. ئەمڕۆ هەر کەسەو دەیهەوێ ئێتنیسیتەی خۆی بسەلمێنێ.

**قاسم سیاسەر، بەڕێوەبەری کتێبخانەی نەتەوەیی زاهیدان (لە سیستان و بەلووچستان):**
ئەم بابەتەی من و ئەویدی لە شوێنێکی وەک ئێرە، لە سەردەمی پەهلەوی یەکەمدا هاتۆتە ئاراوە. ئێتنیک لە واتای ئەمڕۆی خۆیدا لە مێشکی ئێمەدایە کە بەداخەوە لەسەر زۆر هۆکار، بۆتە بابەتێکی سیاسی. لە شوێنێک وەک ئەم پارێزگای ئێمە، تا ساڵی ١٣٠٠، ئەم شتە بوونی نەبووە؛ تا پێش سەردەمی پەهلەوی پرسیارت لە کەسێک کردبایە کە تۆ کێی، لە وەڵامدا ئاماژەی بە یەک لە عەشیرەتەکانی ئێرە دەکرد و دەیگوت ڕیگیم یان سەگزیم و ... بۆ خۆتان دەزانن کە پاش شۆڕشی مەشرووتە، پێکهاتەی سیاسی گۆڕانی بەسەردا هات، بەڵام بە دواکەوتنێکەوە ئەم گۆڕانکارییانە دەگاتە پارێزگای سیستان و بەلووچستان، بە دواکەوتنێکی نزیک بە بیست ساڵەوە.

لە ڕابردوودا پێوەندییەکانی نێوان دوو کەسی خاوەن دوو زمان و ئایینی جیاواز زۆر کەم دەرەخسا و زۆربەی پێوەندییەکانی نێوان خەڵک لە نێو گرووپی خۆیاندا بوو. بەشێک لەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی جوگرافیایی و سروشتی سەختی ئەو سەردەمە و نەبوونی کەرەستە ی هاتوچۆ و بەشێکی دیکەشی پرسە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکان بووە کە بەو پێیەش، گرووپە جۆراوجۆرە زمانی و ئێتنیکییەکان داواکاری پێکهێنانی پێوەندیی نێوان گرووپی لەگەڵ ئێتنیک و ئایینزاکانی دیکە نەبوون.

لە نێو سەدەی پێشدا، ئەم دۆخەتا ڕادەیەک گۆڕاوە و بەپێی دەسکەوتەکانی وتووێژ لەگەڵ گرووپە جۆراوجۆرە ئێتنیکییەکان، لەگەڵ نەرم و نیانبوونی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان ڕێژەی پێوەندییەکان و هاتوچۆ و دانوستانە ئابووری و کەلتوورییەکانی نێوان ئەم گرووپانە هەڵکشانێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە.

**مەلا ئەحمەد بەهرامی، چالاکی ئایینی-کۆمەڵایەتی و نوێنەری پێشووی پەرلەمان لە جوانڕۆ (کرماشان):**

من لەگەڵ ئێتنیکەکانی پارێزگای خووزستان و بەشی باشووری پارێزگای خووزستان کە عەرەبن و باکووری خووزستان کە لەکن و عەرەبەکانی ئەوێ تا بەندەری گەناوە و لەگەڵ ئێتنیکی بەلووچ لە سەراوان و ناوچەی زاهیدان پێوەندی و هاتوچۆم هەبووە. لەگەڵ خوراسانییەکانی ڕۆژهەڵات، هەم خوراسانی باشووری و هەمیش خوراسانی ڕەزەوی پێوەندیم هەیە و دەیانناسم. لەگەڵ خەڵکی گوڵستان پێوەندی زیاترم هەبووە، لەگەڵ خەڵکی تالێش کە لەو ناوچەیە دەژین پێوەندیم هەبووە. پاشان لە شارە ڕۆژئاواییەکان لەگەڵ خوڕماوای لوڕستان، کە ئێستا زۆرینەی هاوڕێکانم لە خوڕماوا و کووهدەشتن، پێوەندیم زۆرە. لەگەڵ هەمەدان پێوەندیم کەمە و لەگەڵ سێ پارێزگای کوردنشینی کرماشان، کوردستان و ئازربایجان سەتا نەوەدی خەڵک دەناسم و پێوەندیم لەگەڵیان هەیە و سەردانی زۆرینەی شارەکان و هەر ٣١ پارێزگای ئێرانم کردووە.

پێوەندی بەردەوامی ئێتنیکییەتەکان و گەشەی ئاستی یەکگرتوویيان، سوودی جۆراوجۆری بۆ گرووپە ئێتنیکییەکان دەبێت و وێڕای لایەنی ئابووری و پێکهاتنی پێوەندییە ماڵییە جۆراوجۆرەکان و هەروەها یارمەتیدان بە گەشە و پەرەسەندنی ئابووری، لە ڕێگای ڕێکخستن و هاوئاراستەکردنی داواکارییەکانی ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان، ئاستی وتووێژ و توانایان بەرامبەر بە سیاسەتەکانی حکوومەتی ناوەندی لە کاروبارە جۆراوجۆرەکان و بەدیهاتنی بابەتی زەبەندگەرایی کەلتووری زیاد دەکات.

**غەفارزادە، بازرگانی تەون و قاڵی لە تەورێز (ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات):**
ئێمە لەبەر ئیشەکەمان، لەگەڵ ئێتنیکی کورد و لوڕ و گیلەک کارمان کردووە. کوردەکان زیاتر فەرشەکانمان دەکڕن.

دەرکەوتنێکی دیکەی داواکارییەکانی ئێتنیکەکان لە سەد ساڵی ڕابردوودا، جودا لە بابەتە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان، داواکاریی سیاسی بووە کە بەو پێیەش هەر کات حکوومەتی ناوەندی بەهێز بووە لەسەر ئەو هێزانەی دوورەپەرێزییان لە ناوەند کردووە زاڵ بووە و بەپێچەوانەوە هەرکە حکوومەتی ناوەندی لاواز بووە و دەسەڵاتی نەماوە ئەم هێزانە چالاک بوونەتەوە و بۆ ماوەیەک کە زیاتر پاش تێپەڕاندنی زنجیرەیەک بۆ زنجیرەی دیکە هاوکات بووە، کۆنترۆڵی هەندێ ناوچەیان کردووە و لە ڕێگای پێکهێنانی دامودەزگای سیاسی-ئیداری ناوچەیی و ناوخۆیی، جۆرێک ئۆتۆنۆمییان بە شێوەی کاتی هەبووە. ئەم دۆخە بەتایبەت لە یەک سەدەی ڕابردوودا و لە وەرچەرخانە مێژووییەکاندا وەک شۆڕشی مەشرووتە و شەڕی جیهانی یەکەم و نەمانی ڕەزاشا و پاشایەتی پەهلەویی دووهەم و هەروەها سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی، لە هەندێ ناوچەی پەراوێزی ئێراندا هاتۆتە ئاراوە بەڵام لەگەڵ بەهێزبوون و بووژانەوەی بەشی ناوەندی، هێزە ناوەندییەکان دەسەڵاتیان کەتۆتەوە دەست و دەکرێ بڵێین تەمەنی دامودەزگا سیاسی-ئیدراییە ناوچەییەکان کورت بووە.

ئێستا بە ڕواڵەت ڕەنگە هیچ نیشانەیەک لە چوارچێوەی ڕێکخراوەیی ئەم دواکارایینەی گرووپە ئێتنیکییەکان نەبێت، بەڵام لە ناخی کۆمەڵگادا هێشتا ئەم داواکارییە بوونی هەیە و جاروبار بە شێوازی جۆراوجۆر لە ناخی کۆمەڵگادا دەردەکەون. شیاوی ئاماژەیە کە بزووتنەوە و چالاکییە ئایینییەکانی نێو بەلووچەکان پێویستی بە هێزێکی زیاتر هەیە و وەڵامی زۆرینەی ئەو کەسانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا وتووێژمان لەگەڵ کردوون پیشاندەری ئەوەیە کە یەکە پەراوێزییەکان لە هەمان کاتدا کە ڕێژەیەک ئازادی و ئۆتۆنۆمییان بەتایبەت لە باری کەلتووریدا دەوێ، بەڵام پێیان خۆشە پارچەیەک بن لە پێکهاتەی دەوڵەتی نەتەوەیی ئێران و خۆیان وەک بەشێک لە نەتەوەی ئێران دەبینن. بەڵام دەزگای دەسەڵات و حوکمڕانی بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە و پاراستنی بوونی خۆی لە بەرامبەر سەرهەڵدانی گرووپە ئێتنیکییەکان، هەوڵدەدات پڕوپاگەندە و بانگەشەی ئاژاوەگێڕانە لەنێوانیاندا دروست بکات، هەروەها ئەو لەناوبردن و کۆمەڵکوژیانەی کە لە چەندین ڕووداودا لەنێوان ئەو ئێتنیکانەدا ئەنجامی داوە، پێچەوانەی دەکاتەوە و لە ئەستۆی جوداخوازانی دادەنێت، هەرچەندە ئەم ستراتیژە دوای چوار دەیە لە فێڵکردن ڕەنگی لەدەستداوە، بەڵام هێشتا لە نێو خودی ئەو کەسانەدا لایەنگری هەیە.

## ناکارامەیی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئێران

دامەزراوەکان بریتین لەو پێکهاتە یاسایی و باوانەی کە بە مەبەستی ئاراستەکردن و ڕێکخستنی کارلێکە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و کەلتوورییەکان، لەلایەن مرۆڤەکانەوە داهێنراون (North, ١٩٩١ ,٩٧). بەم واتایە دامەزراوە دوو ئەرکی هەیە لە ئاراستەکردن و ڕێکخستنی ڕەفتاری مرۆڤ و لە هەمان کاتدا سنووردارکردن و یاسادارکردنی. لەم ڕوانگەیەوە، دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان پێکهاتەیەکی فەرمی و نافەرمین کە لەسەر بنەمای یاسا و داب و نەریت و بیروباوەڕی هاوبەش و بناغەی ئایینی دامەزراون، کە بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتی و سیاسییە جێگیرەکانی مرۆڤ و ڕێکخستنیان، بە شێواز و ڕێکاری دیاریکراوەوە بیچمیان گرتووە و پەرەیان سەندووە. دامەزراوە جەماوەرییەکان بە گوێرەی بەربڵاوی و هەمەچەشنی پێداویستییەکان و پرسەکانی کۆمەڵگای مرۆیی، لە ئاستی جیاوازی ناوخۆیی، نیشتمانی و تەنانەت سەروونیشتمانیدا، بگۆڕ و فرەڕەنگن. لە نێوان سروشت و تایبەتمەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگاکان لەگەڵ سروشتی دامەزراوە جۆراوجۆرەکانیدا هاوئاهەنگی و پێکەوەگونجان هەیە و سەرهەڵدانی هەر جۆرە ناتەبایی و ململانێیەک لە نێوان ئەم دووانەدا دەبێتە هۆی ناکارامەیی دامەزراوەیی لە کۆمەڵگاکاندا.

ناکارامەیی و تێکچوونی کردەوەیی لە بەشێک لە دامودەزگا سیاسی و کۆمەڵایەتییە خۆجێیی و نەتەوەییەکان لە ئێراندا، تەوەرێکی دیکەی دەرئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە لەم بەشەدا ڕەهەند و دەرئەنجامەکانی، لەوانە؛ ناکارامەیی دامەزراوە خۆجێییەکان، پەراوێزخستنی تەعاونییەکان و کەرتی تایبەت، ئامادەنەبوونی حیزبی سیاسیی ئازاد، پێکهاتەی دژبەری سیستەمی سیاسی، ماکرۆسفاڵیزەکردنی پلەبەندی شاری، گەورەکردنی قەیرانەکان، هەڵاواردنی نێوانئێتنیکی، یەکخستنی بیروباوەڕە نەریتی و مۆدێرنەکان، ئامادەنەبوونی نوخبەکان و گەشەنەسەندن تاوتوێ و شیکاری دەکرێن.

### ناکارامەیی دامەزراوە خۆماڵییەکان

لە جیهانی ئەمڕۆدا بۆ جێبەجێکردنی کاروباری گشتیی وڵاتێک دوو داڕێژە بوونیان هەیە: لە داڕێژەی یەکەمدا، دەوڵەت بەرپرسایەتی هەموو کاروبارەکانی لە ئەستۆدایە و ئەرکی ئەوەیە هەموو خزمەتگوزارییەکان بۆ کۆمەڵگای مەدەنی یان شارومەندان دابین بکات. لە داڕێژەی دووهەمدا بەرپرسایەتی جێبەجێکردنی کاروباری گشتی لە نێوان سێ بنکەی حکوومەت، کۆمەڵگای مەدەنی و کەرتی تایبەت دابەش دەبێت. هەر سێ بەشی ئاماژەپێکراو بەشێوەیەک کار لەگەڵ یەکتر دەکەن کە لاوازی و بەهێزیی لە ڕادەبەدەری یەکێکیان هاوسەنگی کۆمەڵایەتی تێکدەدات. بۆیە دامەزراندنی پەیوەندی و هاوسەنگی پێویست و جیاکردنەوەی ئەرکەکانی هەریەکێک لەم سێ بەشە بواری باشتری ژیان لە کۆمەڵگایەکی خوازراودا دەڕەخسێنێت (صدیق سروستانی و دیگران، ١٣٨٦، ٩). ئەم شێوازەی دووهەم لە جێبەجێکردنی کاروباری ناوخۆی ئێراندا تا ڕادەیەک دەبینرێ

ئەگەرچی دەور و ڕۆڵی دەوڵەت تیایدا زۆر بەرچاوترە.

دەوڵەتی ناوچەیی شاری لە ئێران تا پێش شۆڕشی مەشرووتە بەشێوەی سونەتی، ڕاسپێردراو و نادیموکراتیک بووە. دامەزرانی دەوڵەتی ناوچەیی مودێرن لە سەردەمی مەشرووتەوە دەستی پێکرد و تا ئێستا لە تەمەنی زیاتر لە سەد ساڵی خۆیدا گۆڕانکاری زۆری بەخۆوە بینیوە. لەگەڵ بێ ئەنجامبوونی بزووتنەوەی مەشرووتە و جێگیربوونی حکوومەتی ڕەزاشا، دوورەپەرێزی لە ناوەند کە یەک لە ئەرک و دەرفەتەکانی دەوڵەتی ناوچەیی شاریی سەردەمی مەشرووتە بوو جێگای خۆی دایە ناوەندخوازی و لاوازبوونی بنکە ناوچەییەکان. لەگەڵ داڕووخانی دەوڵەتی پەهلەوی یەکەم تا کوودەتای ١٣٣٢ی کۆچیی هەتاوی، سەردەمی گەشەکردنی ئەنجومەنە ناوچەییەکان بۆ جارێکی دیکە دەستی پێکردەوە. پاش کوودەتای ساڵی ١٣٣٢ی کۆچیی هەتاوی، سەردەمی دامەزرانی بنکە ناوچەییە نیمچەدەوڵەتییەکان دەستی پێکرد و تا شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی کۆچیی هەتاوی درێژەی هەبوو. پاش شۆڕشیش دوورەپەرێزی لە ناوەند کە لە دەستووردا ئاماژەی پێدرابوو لە ڕێگای ئەنجوومەنە ئیسلامییەکان (شوورا ئیسلامییەکان) و یاسای شووراکانی ساڵی ١٣٦١ی کۆچیی هەتاوی، بەهۆی ناسەقامگیریی سیاسی، شەڕ و هەبوونی هێزە دوورەپەرێزەکان لە ناوەند جێبەجێ نەکرا و تا ساڵی ١٣٧٧ی کۆچیی هەتاوی بە شێوەی سیستەمێکی ناوەندخواز درێژەی پێدرا. لەم ساڵە بەدواوە یاسای سنووردار و لاوازکراوی شووراکان جێبەجێ کرا و سەردەمی سەرهەڵدانی دووبارەی بزوێنە دوورەپەرێزەکان لە ناوەند و نیمچەناوەندخوازانەکان درێژەیان هەبوو. ڕەنگە بتوانین بڵێین گرنگترین پرۆژەی پەرەپێدانی سیاسیی دەوڵەتی ڕیفۆرم دامەزراندنی سەرتاسەریی ئەنجوومەنە خۆجێیەکان (شووراهای محەلی) لە ساڵی ١٣٧٧ی کۆچیی هەتاوی بوو، بەڵێنێک کە لە دەستووردا کە تا ئەو کاتە بۆ جێبەجێکران دواکەوتنێکی چەندین ساڵەی هەبوو بەڵام دەوڵەتی ئەو سەردەمە بەڵێنی جێبەجێکردنی دابوو. لە نێو دوودڵی و گومانی بەڕێوەبەران و کارگێڕان و شارەدارەکانی ئەو سەردەمەدا هەڵبژاردنی شووراکان بەڕێوەچوو و یەکەمین نەوەی ئەنجوومەنە خۆجێیە شاری و لادێیەکان لە ئێراندا پێکهات. لەم ساڵانەی دواییەدا بۆ جارێکی دیکە کۆمەڵێک چالاکی و هەنگاوی ناوەندخوازانە بەدی کراون.

ئەگەرچی ئەنجوومەنی شار و گوندەکان بەشێک لە پێکهاتەی بڕیاردان و بەڕێوەبردنی حکوومی ئەژمار دەکرێن، بەڵام جێبەجێکردنی ئەم دەفرە یاساییە لە بواری بەڕێوەبردنی خۆجێیدا هەنگاوێک بوو بە ئاراستەی زیادکردنی بەشداریی خەڵک لە دیاریکردنی بەڕێوەبەری خۆماڵی و خۆجێیکردنی بەڕێوەبەرایەتی، کە بەهۆی نەبوونی ژێرخانی فیکری و دامەزراوەیی پێویست و کەموکورتیی جێبەجێکاری لە ئاستی کردەوەییدا، سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێنا. چاودێری و دەستێوەردانی زیادەڕۆیانە و ئارەزوومەندانەی دامودەزگاکانی حکوومەت لە میکانیزمی هەڵبژاردن و جێبەجێکاریی ئەنجوومەنە خۆجێیەکاندا بووە هۆی ئەوەی ئەنجومەنەکان لە کرداردا سەربەخۆیی پێویستیان نەبێت بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە یاساییەکانیان و تەنانەت بووە هۆی ئەوەی میکانیزمە

بیرۆکراتیکییەکان درێژتر و ئاڵۆزتر بن. زۆربەی لێکۆڵینەوە گشتگیر و مەیدانییەکان سەبارەت بە کارنامەی ئەنجوومەنە ئیسلامییەکان واتا شەوراهای ئیسلامی شار و ڕووستا لە ئێراندا، باس لە ئەدای نالەباری ئەم دامەزراوەیە و سەرکەوتونەبوونی ئەزموونەکەی دەکەن و لە خەسارناسییدا هۆکارگەلێکی وەک: لاوازی یاسایی و مافی، لاوازیی ڕێکخراوەیی و ئیداری، هاوتەریب کاری و دەستێوەردانی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی دیکە، نەبوونی وشیاریی مەدەنی و کۆمەڵایەتیی پێویست بۆ هەڵبژاردنی کەسانی لێهاتوو و شارەزا باس دەکرێت.[١]

ڕێکخراوە مەدەنییەکان بە شێوەی سروشتی چییەتێکی نادەوڵەتییان هەیە و لە ژێر دەسەڵاتی کەرتی تایبەتدان. بەڵام بەردەوام سێبەری دەوڵەت قورسایی خستۆتە سەر ئەم بنکە خۆجێیانە و هیچ یەکەیان بەدوور لە هەراوهووریا سیاسییەکان و دەسەڵاتی دەوڵەت سەربەخۆییان نەبووە و بۆیە ناکارامە ماونەتەوە. دەسکەوتەکانی لێکۆڵینەوەی بەردەستیش باس لە بەربڵاوبوونی بازنەی دەسەڵاتی دەوڵەتی لە جێبەجێکردنی کاروباری وڵات دەکەن. هەروەها ئەو لانی کەمەی بنکە خۆجێییەکانیش ڕاستە کە نازناوی خۆماڵییان هەیە و لە ڕێگای خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن بەڵام پاش پرۆسەی هەڵبژێردران، تەواو ئاراستەی بنکە دەوڵەتییەکان دەگرنە پێشێ و بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەوان دەجووڵێنەوە. ئەم ناکارامەبوونە دەگەڕێتەوە بۆ کۆی پێکهاتەی وڵات و گرووپە ئێتنیکییەکان وەک بەشێک لەم پێکهاتەیە تووشی ئەم کێشەیەن.

**ناسر ئامولی موقەددەم، ڕۆژنامەوان و چالاکی ڕیفۆرمخوازی لە مەشهەد (خوراسانی ڕەزەوی):**

هەر ئەم ئابوورییە بەڕێوەبەرییەتێکی دووسەرەی هەیە: سەرێکی سەتا ٦٥ بۆ ٧٠ی دەسەڵاتی لەژێر دەستدایە و چی پێ خۆشە ئەیکا و وەڵامی کەس ناداتەوە. بەشێکی دیکە واتە سەتا ٣٠ بۆ ٣٥ی ئەمانەش لە ڕێگای خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و ئەویش ناکرێ بە تەواوی کۆنترۆڵ بکرێت. جێی داخ ئەو کاتەیە کە ئەو ٣٥ لە سەدیشە تێکەڵ بە ٦٥ لە سەدەکە دەبێت، وەک گەندەڵیی شارەوانی.

لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین کە بنکە خۆجێیە دەوڵەتی یان نیمچەدەوڵەتییەکان لە ئێراندا هێشتا

---

١. سەبارەت بەم بابەتە دەتوانن ئەم سەرچاوانە ببینن: اشتریان, کیومرث و کریمی فرد, حسن. (١٣٩٥). نقد و بررسی عملکرد شوراهای اسلامی شهر در ایران. دولت پژوهی, ٢(٧), ٩٥-١٣٢. ص ١٢٥. & مهدی پور, آسیه, و مهدی پور, احمد. (١٤٠١). بررسی میزان رضایتمندی روستائیان از عملکرد دهیاری و شورای اسلامی روستا ( مطالعه موردی: روستاهای شهرستان دَرّه شهر). مطالعات توسعه اجتماعی ایران, ١٤(٣ ), ٦١-٨٣. & محمدی, اسفندیار. (١٣٨٢). آسیب‌شناسی شوراهای اسلامی شهر و روستا. فصلنامه علمی راهبرد, ١١(٢), -.ص ٢٨٩-٣٠٨.

نەیانتوانیوە بەو جۆرەی کە شیاوە دامەزرێن و کەڵکی ڕاستەقینە و تەواوی خۆیان دەرخەن. بنکەی لەم چەشنە زیاتر لەو وڵاتانەیدا توانا و دەسەڵاتیان هەیە کە سیستەمێکی بەربڵاو بوونی هەبێت و بە جۆرێک دابەشێنی دەسەڵات لە ئاستە جۆراوجۆرەکاندا جێبەجێ کرابێت. لە ئێراندا هەلومەرجەکە جۆرێکی دیکەیە. لێرە ئەگەرچی بنکەکان لە باری یاساییەوە سەربەخۆن، بەڵام بەردەوام لەژێر چاوەدێری و کۆنترۆڵی دەسەڵاتدان و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەیکە نەتوانن کەڵکی ڕاستەقینە و تەواویان هەبێت.

بەڕێوەبەرێتیی شاری کاتێک دەتوانێ کەڵک و کردارێکی شیاوی بێت کە لە چوارچێوەی سیاسەتە شارییە دروست و پلاندارێژراوەکاندا بجووڵێتەوە و یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سیاسەتی شاریی چاک ئەوەیە کە هاوبەش بێت. وەک پێشتر وتمان سیستەمی ئیداریی ئێران لە ئاستی پارێزگایی و شارستانیدا تەنیا فەرمانی پلەکانی سەرەوە جێبەجێ دەکات، هەڵبژاردنی بەڕێوەبەرانی باڵا لە ڕێگای ناوەندەوە جێبەجێ دەکرێ و خەڵک ڕۆڵێکیان لە هەڵبژاردنیاندا نییە. ئەم جۆرە ڕوانگەیە لە سەرەوە بەرامبەر بە پرۆسەی بەڕێوەبەرێتیی وڵات و دانانی بەڕێوەبەرانی ناخۆجێیی لە پۆستە کارگێڕییەکان لە ناوچە ئێتنیکییەکاندا، پیشاندەری ناکارامەبوونی زیاتری ئەم بنکانەیە لەو شوێنانەدا، چونکە زۆربەی ئەم بەڕێوەبەرانە پرسە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکانی شوێنی ژێردەستی خۆیان ناناسن و تا دەیانەوێ لەگەڵ ئەم بابەتانە ئاشنا بن، سەردەمی بەڕێوەبەرێتییان کۆتایی دێت و کەسی دیکە شوێنەکەیان دەگرێتەوە (بررسي نقش شوراها در مديريت شهري، ١٣٩٦). وێڕای دائیرەکان و ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان (بەشی کارگێڕ و جێبەجێکار)، بنکەی شوورای شار و شارەوانیش لە ڕوانگەی خەڵکەوە نەک کەڵک و کرداری ئەرێنییان نییە بەڵکوو تەنانەت لە هەندێ نموونەدا بەربەست و لەمپەری گەشەکردنن و بۆ خۆیان بوونەتە هۆکارێک بۆ گەندەڵیی ئابووری و ئیداری، بە جۆرێک کە ئاستی باوەڕ و متمانەی خەڵک بەرامبەریان زۆر دابەزیوە و لە ڕۆڵ و ئەرکی سەرەکی خۆیان دوور کەوتوونەتەوە.

> **ژیلا حیسامی، چالاکی ئەدەبی لە نەغەدە (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**
> لە چەند ساڵی ڕابردوودا، ئەوەندە بێ متمانەیی زیادی کردووە کە ئەگەر خوشکم ببێتە کاندید بەشداری ناکەم و دەنگی پێ نادەم.

ڕاپۆرتی سەرتاسەریی هەڵسەنگاندنی سەرمایەی کۆمەڵایەتی -کە لە ساڵی ١٣٩٤ی کۆچیی هەتاوی، لە لایەن ناوەندی چاودێریی کۆمەڵایەتی شوورای کۆمەڵایەتی ئێرانەوە بڵاو کرایەوە- پیشاندەری ئەوەیە کە «متمانەی ڕێکخراوەیی» بە شووراکان دۆخێکی باشی نییە. متمانەی ڕێکخراوەیی متمانە بە کۆمەڵەیەک لە ڕێکخراوەکانە کە یاسا و ڕێسای پیکهاتەی دیاریکراو و پێناسەکراویان هەیە و لە چوارچێوەی یاسا و ڕێساکاندا، کۆمەڵێک کار و چالاکی و دانوستان لەگەڵ

ئەندامانی کۆمەڵگا و ڕێکخراوە و بنکەکانی دیکە دەگرنە ئەستۆ. وەڵامەکان پیشاندەری ئەوەن کە شووڕای ئیسلامی شار بە نمرەی «٨١٫٨٥»ەوە لە نێوان بیست و سێ ڕێکخراوەدا کە پرسیاریان لەسەر کراوە، پلەی ١٦ ی هێناوەتەوە و دەکەوێتە ڕیزی ئەو ڕێکخراوانەی کە نمرەی متمانەیان دابەزیوە بۆ ژێر ١٠٠. ئەڵبەت شارەوانییش دۆخێکی باشی نییە و ئەویش بە نمرەی «٦٣٫٤٨»ەوە پلەی ١٩ ی هێناوەتەوە (وزارت کشور، ١٣٩٤).



وێنەی ژمارەی ١٢-٣: وتووێژ لەگەڵ سەلاح پایانیانی

هەروەها چالاکیی ئابووریی نوێنەرانی پەرلەمان و بەرپرسانی باڵای ناوچەیی و خەریکبوونیان بە گەندەڵیی ئیداری و ماڵییەوە بۆتە هۆی ئەوەی متمانەیان نەمێنێ. ئەگەر بنکەی لەم چەشنە لەگەڵ بنکەی هاوشێوەیان لە وڵاتانی پێشکەوتووتردا هەڵسەنگێنین دەبینین کە لە باری چوارچێوە و هەیکەلی ئیداری و ڕێکخراوەییەوە لێکچوونیان هەیە و لە باری کەڵک و کرداری ئیدارییەوە کەڵک و سوودێکی وەهایان نییە. بە واتایەکی دیکە بە کردەوە تووشی ناکارامەیی هاتوون و توانای تێگەیشتنی پرس و کێشەوگرفتەکانی خەڵکی ناوچەیان نییە. هەروەها لە هەندێ نموونەشدا بینراوە کە ڕێکخراوەی لەم چەشنە هاوئاراستەی ڕێکخراوە مەدەنییەکان نین و وەک نەیاری یەک دەجووڵێنەوە.

**سەلاح پایانیانی، لێکۆڵەر و فەرهەنگنووس لە مەهاباد (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**

لە ئاستی ناوچەییدا، لە شارەوانی و لە ئاستی شوورا و شووڕای شاردا کاروباریان دەبینین. یەکڕیزی و هەماهەنگییان تێدا بەدی ناکرێت.

## پەراوێزخستنی تەعاونییەکان و کەرتی تایبەت

تەعاون وشەیەکی عەرەبی و قورئانییە بە مانای هاوکاری و یارمەتیدان و ئاریکاریکردنی یەکدی، کە چەمکی بەشداریکردن لە بابەتێک و کردەیەکی بەکۆمەڵ و بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو دەگەیەنێت (محقق داماد و فرهادی، ١٣٩٨). لە ڕووی دامەزراوەییەوە، تەعاونی «ڕێکخراوەیەکی سەربەخۆ و پێکهاتوو لەو کەسانەیە کە خۆبەخشانە پێکەوە کۆ دەبنەوە تا داواکاری و پێداویستییە هاوبەشە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی خۆیان لە ڕێگای بنکەیەکەوە کە خاوەنی هاوبەشی هەیە و لەسەر بنەمای چاوەدێری خەڵک دامەزراوە، دابین بکەن». ئەندامێتی ئازاد و بژاردەیی، چاودێری جەماوەریی ئەندامان، بەشداری ئابووری (بە پشتبەستن بە ژمارەی ئەندامان، نەک ژمارەی پشکەکان یان بڕی وەبەرهێنان، هەروەها خۆبەڕێوەبردن و سەربەخۆیی)، پەروەردە و ڕاهێنانی ئەندامان، لەو بەهایانەن کە توخمی سەرەکی شوناسی تەعاونی پێک دێنن (دبیرزادە، ١٣٩٦). بۆیە تەعاونییەکان دیموکراتیکترین ڕێکخراوەکانی سەر گۆی زەوین کە ئەندامانی دەبنە خاوەنە سەرەکییەکانیان. سەرمایەی سەرەکی بەشی تەعاون کۆی سەرمایە چکۆلەکانی خەڵکە کە بەهۆی گەشەکردنی کار و وەبەرهێنان دەکار دەهێنرێن.

لە ئێراندا و ساڵی ١٣٧٠ی کۆچیی هەتاوی، یاسای بەشی تەعاونی لە لایەن پەرلەمانەوە پەسند کرا. ماددەی یەکەمی ئەم یاسایە ئامانجەکانی بەشی تەعاونی سیستەمی ئابووری ئێرانی ئاماژە پێداوە کە کۆمەڵێکیان بریتین لە بەرگریکردن لەوەی کە دەوڵەت ببێتە تاقە خاوەنکار، دابینکردنی هەلی کار، پێدانی ئامراز و کەرەستەی کار بەو کەسانەی کە توانای کاریان هەیە بەڵام ئامرازی پێویستیان نییە، بەرگریکردن لە کۆبوونەوە و باوبوونی کۆبوونەوەی سەروەت و سامان، بەرگریکردن لە پاوانخوازی، کەمفرۆشی، هەڵاوسانی ئابووری و خەسارگەیاندن بە کەسانی دیکە. ماددەی چل و سێهەمی دەستووری بنچینەیی تەعاونییەکانی وەک تەوەری «دابینکردنی سەربەخۆیی ئابووری کۆمەڵگا و بنبڕکردنی هەژاری و بێبەشی» ئاماژە پێداوە (حاج محمدی، ١٣٩٧). لەبەر ئەم هۆکارەش ڕۆڵی گرنگی تەعاون لە ڕەوتی گەشەپێدانی کۆمەڵگاکاندا لەسەر پەرەسەندنی ئابووری چڕ دەبێتەوە.

لە سەرەتای شۆڕشدا، بەشی دەوڵەتی زۆربەی بنکە ئابووری و ماڵییەکانی لە ژێردەستدا بوو. لە شەستەکانی کۆچیی هەتاوی بەدواوە بەرەبەرە ڕادەستکردنی یەکە دەوڵەتییەکان بە کەرتی تایبەت دەستی پێکرد. بەڵام بەشی تەعاونی بۆ ڕاکێشانی سەرمایە دەوڵەتییەکان سەرکەوتنێکی وەهای نەبوو. بەپێی دوایین ئاماری بڵاوکراو، تا ئێستا تەنیا سەتا ٤٧ی یەکە ئابوورییەکانی دەوڵەت ڕادەستی کەرتی تایبەت کراون کە بەپێی ئەو ماوەی کە لە دەسپێکی جێبەجێکرانی یاسای ڕادەستکردن بە کەرتی تایبەتەوە تێپەڕ دەبێ، ئەم ڕێژەیە زۆر کەمە و جۆرەکانی تەعاونییەکان بریتی لە تەعاونییەکانی وەبەرهێنانی، تەعاونی گوندی و سنوورنشین تەنیا بە ناو تۆمار کراون و بە کردەوە هیچ نیشانەیەک لە کار و چالاکییان نابینرێت (عابدی، ١٣٩٦). دەسکەوتەکانی ئەم

لێکۆڵینەوەیەش پیشان دەدەن کە لە ناوچە ئێتنیکییەکاندا، وەک کۆی پێکهاتەی وڵات، بەشی دەوڵەتی هێشتا دەسەڵاتی یەکەمی لە کاروبارە جۆراوجۆرەکاندا هەیە و ڕادەستکردن و گواستنەوەی بەڕێوەبەریتی سەرکەوتنێکی ئەوتۆی نەبووە. خاڵی گرنگ لەسەر کەرتی تایبەت ئەوەیە کە لەو جێگایەشدا کە دەسەڵات لە بەشی دەوڵەتییەوە گەیشتۆتە کەرتی تایبەت، ئەم گواستنەوە بۆ تەعاونییەکان و دەسەڵاتی خەڵک نەبووە و دەسەڵاتەکە زیاتر دراوەتە هێزە ئەمنی و چەکدارەکان.

**موجتەبا گێهێستوونی، هەواڵنێر و چالاکی کەلەپووری کەلتووری لە خووزستان:**
کەرتی تایبەتی ئێمە قەت بەدی نەهاتووە و تەواو لە ژێردەستی تاقمێکی تایبەتدایە. تەعاونییەکان نەیانتوانیوە گەشە بکەن. دەوڵەتەکان سەلماندوویانە کە بۆ کاروباری ئابووری خاوەنکارێکی لاوازن. بە خۆشحاڵییەوە لەم ساڵانەی دواییەدا بینیمان کە بەشێک لە بنکەکانی حکوومەت و دەوڵەت ئیزنی دەستێوەردان و چالاکی ئابووریان پێ نەدراوە بەڵام سەرەڕای ئەمەش زیاتر لە سەتا ٧٠ی ئابووریی وڵات لە ژێردەستی دەوڵەتدایە و ئەوی دیکەی دەگەڕێتەوە سەر کەرتی تایبەت، ئەویش نەک هەر کەرتێکی تایبەت بەڵکوو کەرتێکی تایبەتی پاڵێوراو.

ئامانج و ئارمانی ئابووریی تەعاونی گەیشتن بە ئاسایشە لەگەڵ دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئابووری کە دیارە پێویستی بە هەبوونی کەلتووری دیموکراتیک و ئەکتی بەکۆمەڵە. لە ئێراندا ئەگەرچی بەرپرسان جەختی تایبەتیان کردۆتەوە و لەوەش گرنگتر دەستوور جەختی لەسەریە، بەڵام تەعاون پێگەیەکی پەراوێزیی هەیە و لە کەلتووری ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتدا جێگای نەکراوەتەوە. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە بە چاوخشاندنێک لەسەر ئەزموونی وڵاتانی دیکە دەبینین کە کەلتووری تەعاون لەگەڵ بەڕێوەبەریتی و پلاندارشتن و چاکسازی یاساکان توانیویە پێگەیەکی گرنگی لە بواری ئابووری، کەلتوور، کاری بەکۆمەڵ، دابینکردنی هەلی کار و لە هەموو ئەمانەش گرنگتر گەشەکردنی بەردەوامدا هەبێت. کۆمپانیا تەعاونیەکان، بەو چەشنەی کە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک یەکیێتی نێودەوڵەتی تەعاون (ICA) جەختیان کردۆتەوە، کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەسەر گەشەپێدانی ئابووری-کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکانیان هەیە. جۆرە جیاوازەکانی تەعاونی، لە ڕێگەی چالاکییەکانیان و پلاندانانی بازرگانیەوە، جگە لەوەی کە دابینکەری هەلی کار و سوودهێنەریشن، لەنێو گەورەترین بنکە ئابوورییەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و خزمەتگوزاریدا دەناسرێن. لە ڕێبازی پەرەسەندندا، کە گەشەکردن و باشترکردنی ژیانی بژێوی و دواجار خۆشگوزەرانی و دادپەروەری ئابووری مەبەستە، پێویستە خێرایی گەشەکردن

لەسەر بنەمای دادپەروەری کۆمەڵایەتی بێت. لەم ڕووەوە تەعاونەکان بە باشترین میکانیزم بۆ پەرەسەندنی بەردەوام و دادپەروەرانە دادەنرێتن (دبیرزاده، ١٣٩٦).

ئەگەرچی دامەزراندنی وەزارەتخانەی تەعاون لە ساڵەکانی سەرەتای شۆڕش، جۆرێک ڕوانگەی گەشبینانەی سەبارەت بە ڕەنگدانەوەی زیاتری ڕۆڵی تەعاونییەکان بۆ ڕێکخستن و هاوسەنگکردنی پێوەندییە ئابوورییەکانی وڵات هێنایە ئاراوە، لەم ساڵانەی ڕابردووەدا نەک تەعاونییەکان گەشە و برەوێکی وەهایان نەبوو بگرە تەعاونییەکانی پێشوویش ئەوەندە لاواز کەوتوون و پەراوێز خراون کە چیدی توانای کاریگەریدانانیان لەسەر بڕیاری بەرپرساندا نەماوە. دیارە هۆکاری ئەم دیاردەیە – وەک لە دەسکەوتەکانی لێکۆڵینەوەی بەردەستدا دەرکەوتووە- دەگەڕێتەوە بۆ چڕبوونەوەی توندی دەسەڵات لە دەستی دەوڵەت و کەسایەتی و لایەنە سیاسییەکان کە بەردەوام لە هاوسەنگکردن و گواستنەوەی دەسەڵات بۆ ناخ و ناوەڕۆکی کۆمەڵگا ترساون. لە وەها سیستەمێکی ناوەندخوازدا پەراوێزخستنی تەعاونییەکان شتێکی ئاساییە و نابێ ببێتە هۆی سەرسووڕمان.

**ئەمیر سەجادی، مامۆستای مێژوو لە سەقز (کوردستان):**
دەبێ سیستەمی ناوەندخوازی بە کردەوە نەمێنێت. کە بچیتە لای خەڵک و گرووپە ئێتنیکییەکان باس لە پرسی نەمانی ناوەندخوازیی دەکەن.

نەبوونی پاڵپشتیی مادی و مەعنەوی لە تەعاونییەکان و تەعاونگەرەکان، نەبوونی باوەڕ و زانست لەسەر کاریگەریی کاری تەعاونی، کەلتووری لاوازی کاری بەکۆمەڵ و هاوبەش لە کۆمەڵگادا، دانانی باج لەسەر بەهای زیادکراو و دەیان کێشەی دیکەی سەر ڕێگای تەعاونییەکان ئاسۆیەکی ڕوون بەرامبەر تەعاونییەکان ناکاتەوە. لووتکەی ئەم شتەش بڕیارێک بوو کە لەسەر تێکەڵکردنی وەزارەتخانەکانی تەعاون لەگەڵ دوو وەزارەتخانەی کار و ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەم ساڵانەی دواییەدا درا و بوونە یەک وەزارەتخانەی تەعاون، کار و ئاسایشی کۆمەڵایەتی. (قانون تشکیل دو وزارتخانە تعاون، کار و رفاه اجتماعی و صنعت، معدن و تجارت، ١٣٨٩).

دەسکەوتەکان لەسەر ڕۆڵ و پێگەی بنکەکانی کەرتی تایبەت و تەعاونی پێشاندەری ڕوانگەیەکی گوماناوی هەر پێنج گرووپی ئێتنیکی ئەم لێکۆڵینەوەن سەبارەت بە ڕادەستکردنی کاروبارەکان بە کەرتی تایبەت و تەعاونی. ناکارامەبوونی دەوڵەت لە بواری بەڕێوەبەرێتی ئابووری و وەبەرهێنان لە لایەکەوە، و ڕادەستکردنی بێ بنەمای کاروبارەکان بە کەرتی تایبەت لە لای دیکەوە، دۆخی ئابووری وڵاتی بەرەو ئاراستەیەکی نەگونجاو بردووە. بە بڕوای پسپۆڕان، ڕادەستکردنی بنکە دەوڵەتییەکان بە کەرتی تایبەت تەنیا بە ڕەواڵەت کراوە و ئەم بنکانە زیاتر دراونەتە کەس و لایەنی دیاریکراو کە لە ڕاستیدا بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی جۆرێک پاوانکاری. ئەم پاوانکارییە نە تەنیا گەشەکردن و پەرەسەندنی ئابوورییان لێنەکەوتۆتەوە بەڵکوو ڕکابەریکردنیشیان بە تەواوی لەناو بردووە. لە وەها

دۆخێکدا، یەکە ئابوورییەکان کە لە ژێردەستی کەرتی تایبەت یان تەعاونییەکاندان تا ڕادەیەکی زۆر خراونەتە پەراوێزەوە و بەرەبەرە چکۆلەتر بوونەتەوە تا ئەو ئاستەی کە زیاتر لە سەتا ٥٠ی تەعاونییەکانی وڵات یان تەواو ناچالاکن یان چالاکییان جاریّ ڕاوەستاوە (٥٠ درصد تعاونی‌های کشور غیرفعال هستند، ١٣٩٨).

سەبارەت بە هۆکارەکانی ئاوڕنەدانەوە و پەراوێزخستنی کۆمپانیا تەعاونییەکان و کەرتی تایبەت لە ئێراندا –وەک پێشتر لە شرۆڤەکاندا باسمان کردووە- ڕەنگە بتوانین گرنگترین هۆکار وەک ڕوانگەی ئایدۆلۆژیک، ئەمنی، قازانجخواز و پاوانخوازی دەوڵەت بە مەبەستی ئامادەبوونی هەمیشەیی لە بەشە جۆراوجۆرە ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتووری، وەرزشی و بەشەکانی دیکە دەستنشان بکەین کە دەوڵەت ناتوانێ بە ئاسانی دەستبەرداریان بێت و ئەم بەشانە ڕادەستی خاوەنە ڕاستەقینەکانیان واتە خەڵک بکات.

### نەبوونی حیزبی سیاسیی ئازاد

حیزب یان پارتی سیاسی وەک ڕێکخراوەیەک پێناسە دەکرێت کە ئامانجی دەستخستنی دەسەڵاتی ڕەوای حوکمڕانییە لە ڕێگای پرۆسەی هەڵبژاردنەوە. ئامانجی سەرەکی و بنەڕەتی هەموو حیزبەکان زاڵبوون بەسەر حیزبەکانی دیکەدا بە مەبەستی دەستخستنی دەسەڵات و مانەوە لەسەر ئەو دەسەڵاتە. لە ڕوانگەی جیل کریستەوە، حیزبی سیاسی «گرووپێکی ڕێکخراوی هاووڵاتیانە کە تیۆری سیاسی هاوبەشیان هەیە و وەک یەکەیەکی سیاسی تێدەکۆشن لەسەر حکوومەت زاڵ بن. ئامانجی سەرەکی حیزبێک ئەوەیە کە بیروڕا و سیاسەتەکانی خۆی لە ئاستی سیاسیدا برەو پێبدات» (عالم، ١٣٨٣، ٣٤٤).

ئەگەر ئەم ڕاستییە قەبووڵ بکەین کە دیموکراسی بە واتای بەشداری و ڕکابەریی سیاسی کۆمەڵێک لە گرووپ و بەرژەوەندییە ڕێکخراوەکانە بە مەبەستی داگیرکردنی دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبردنی وڵات بەپێی سیاسەت و هەڵویستەکانی هەر یەکە لەو گرووپانەیە (بشیریە، ١٣٨٢)، لەو دۆخەدا حیزبە سیاسییەکان و هەڵبژاردن ناوەند و بنەمای سەرەکی ژیانی ئازاد و دیموکراتیک پێک دێنن.

حیزبی سیاسی لە ئێراندا بە شێوازی ئەمڕۆیی و مودێرن تەمەنی پتر لە سەد ساڵ نابێ و پێشینەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاش مەشرووتە (زیباکلام و همکاران، ١٣٩٣، ١٤). لە درێژەی تەمەنی چل ساڵەی شۆڕشی ئیسلامی، حیزبی جۆراوجۆر ڕێگەی چالاکییان پێدراوە و بەپێی وتەیەکی وەزارەتی ناوخۆ، ٢٢٣ حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی ئیزن و ڕێگای چالاکییان هەیە. ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی کە بە شێوەی فەرمی لەم سەردەمەدا ڕێگای چالاکییان پێدراوە دەتوانین دابەش بکەینە سەر چوار گرووپی حیزبە ڕیفۆرمخوازەکان، حیزبە پاوانخوازەکان، حیزبە میانەڕۆکان ناسراو بە «ئیعتیدالگەرایان» و ڕێکخراوە خوێندکارییەکان (از ٢٢٣ حزب، چه تعداد فعال هستند؟، ١٣٩٠).

سەبارەت بە چالاکی حیزبەکانی ئەم سەردەمە دوو خاڵی سەرەکی باس دەکرێن: یەکەم ئەوەیکە هەبوونی ئەم ژمارە زۆرە حیزب لە یەک وڵاتدا پیشاندەری پێشکەوتن و گەشەی سیاسیی نییە بەڵکوو پیشاندەری جۆرێک ناهاوسەنگییە لە پیکهاتەی سیاسی و کەلتووریی ئەو وڵاتەدا لەسەر چالاکییە حیزبییەکان. کاتێک لە وڵاتێکدا نزیکەی دووسەد حیزب و کۆمەڵەی سیاسی ئیزنی چالاکیکردنیان پێدەدرێ، واتە ئەو کۆمەڵگایە هێشتا ئەوەندە گەشەی نەکردووە و پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی بۆ چالاکیی حیزبی ناتەواوە . ئەگەر کەسێک تەنانەت هیچ زانیارییەکی لەسەر کەلتووری سیاسی ئەو کۆمەڵگایە نەبێت دوابەدوای ئەوەی پێبزانێت کە زیاتر لە دووسەد حیزبی سیاسی لە وڵاتێکدان، نەک ئەم شتە وەک هۆکاری زەبەندێتی نابینێ بەڵکوو وەک نیشانەیەکی قەبیلەگەرایی، پێنەگەیشتنی سیاسی و هزر و بیری خۆ بە بنەما و ناوەندی هەر بیر و بۆچوونێک دانان، دەیبینێت.

خاڵی دووهەم و گرنگتر ئەوەیکە زۆرێک لەم حیزبانە تەنیا ناوێکن و لەگەڵ واتای ڕاستەقینەی حیزب عەرز و ئاسمان لێک دوورن، چونکە هیچیان نەیانتوانیوە چالاکییە ڕاستەقینەکانی حیزبەکان وەک بەشداریی سیاسی، پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی سیاسی، پێوەندییە سیاسییەکان، پەروەردەکردنی هێزە سیاسییەکان و هتد جێبەجێ بکەن. زۆرینەیان تەنیا ناو و ڕواڵەتی حیزبیان هەیە و تەنیا لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا دەردەکەون و پاش کۆتاییهاتنی هەڵبژاردنەکان، هیچ شوێن و نیشانەیەکیان لێ نامێنێ و ون دەبن. سادق زیباکەلام یەک لە بیرمەندانی بواری زانستە سیاسییەکان، سەبارەت بەم پرسە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە: «لە شۆڕشی ئیسلامیدا، هیچ کات حیزب بە واتای تەواو و ڕاستەقینە دانەمەزراوە، بەڵکوو گرووپە سیاسییەکان بە ناوی حیزبەوە لە ڕۆژانی هەڵبژاردندا بە شێوەی کاتی چالاکییان کردووە و پاشان هیچ پێوەندییەکی ڕوون و پێناسەکراویان لە نێوان نوێنەرە حیزبییەکان و خودی حیزب ساز نەداوە.» (زیباکلام و همکاران، ١٣٩٣، ٧).

ئەگەر بچینە نێو کۆمەڵگا و لە شارومەندێک داوا بکەین ناوی چوار حیزبمان لەو دووسەد حیزبە فەرمییە بۆ بێنێ، ڕەنگە بە ئەستەم بتوانێ ئاماژە بە ناوی یەک یان دوو حیزب بکات. ئەگەر کەمێک بەختمان هەبێ و بەردەنگ تا ڕادەیەک زانیاریی سیاسی هەبێت، هەندێ ناوی ناسراو وەک حیزبی موئتەلیفە، ئیعتمادی میللی، کارگوزاران و کۆمەڵەی ڕووحانییەت ئاماژە پێدەدات کە دیسان ناگەنە ژمارەی ئەنگوستەکانی دەستێک. بابەتێک کە پیشاندەری ئەوەیە کە ئەگەرچی لە باری ژمارەوە کۆمەڵێکی زۆر حیزبمان هەیە بەڵام جێگەوپێگەی حیزب و چالاکییە حیزبییەکان غەریب و نەناسراوە.

**شاهین سپەنتا، ڤیتەرنەر، نووسەر و چالاکی مەدەنی لە ئەسفەهان:**
من سیاسەتی ناوخۆی خۆمان لە بواری ئازادییە تاکەکەسی و سیاسی و حیزبەکانەوە، سیاسەتێکی تەواو نادروست و ڕووخاو دەبینم. نزیکەی چل ساڵ لە شۆڕش تێپەڕیوە، ئێستا دەبوو حیزبەکان ئازادتر بوایەن و گرووپە سیاسییەکان چالاکییان هەبوایە. بۆ خۆم ئەندامی یەک لە گرووپە سیاسییەکانم بەڵام هەر جارەو کێشەیەکمان بۆ ساز دەبێت. ئەگەرچی هەر جار وتوومانە نە ئامانج و مەبەستی ڕووخانمان هەیە نە چالاکی ڕووخێنەر دەکەین و تەنیا ئۆپۆزسیۆنێکی ڕەخنەگرین بەڵام دەرفەت و ڕێگای هیچ چالاکییەکمان پێ نادەن و سنووریان خستۆتە سەرمان.

سەبارەت بە هۆکارەکانی بەدینەهاتنی چالاکیی حیزبی لە ئێران ڕوانگەی جۆراوجۆر هەیە. یەکێک لە گەورەترین هۆکارەکانی بێ ئەنجاممانی حیزبەکان لە ئێران دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی حکوومەتەکان بۆ هەڵسوکەوت و بەرەنگاربوونەوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، شتێک کە لەسەر ڕێژە و جۆری چالاکییەکان و دوابەدوایشی کاریگەریدانیان کاریگەری دادەنێت. بە واتایەکی دیکە یەکێک لە هۆکارەکانی گەشەنەکردنی حیزب و چالاکییە حیزبییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ڕوانگەی ئەمنی بەرامبەریان و سنووردانانەکانی حکوومەت کە بەو پێیەش حیزبەکان بە خواستی جۆراوجۆری فکرییەوە ڕێگای چالاکییان پێ نادرێ و نوخبە سیاسییەکانیش بۆ چالاکیی حیزبی ترسیان لێ دەنیشێت. چونکە هەر ئەم ڕوانگە ئەمنییە لە نێو گرووپە ئێتنیکییەکاندا توندترە، هیچ جۆرە حیزبێک کە تریبوون و میدیای ئازادی هەبێت و لە ئاستی ناوچە ئێتنیکییەکاندا چالاکی بکات و داواکاریی ئێتنیکیی هەبێت بوونی نییە. ئەم پرسە لە هەمان کاتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئامانج و مەیلی حاکمیەت لە ناسیاسیکردن یان بە واتایەکی وردتر ناسیاسی نواندنی پرس و داواکارییە ئێتنیکییەکان. حکوومەت هەوڵدەدات پێش بە هەر جۆرە سەرهەڵدانی سیاسی کاروباری ئێتنیکیی بگرێت، چونکە یەکێک لە بناغەکانی سیاسەتی ئێتنیکی حکوومەت چاندن و برەوپێدان و بەهێزکردنی ئەو بیرۆکەیە کە لە ئێراندا ئێتنیک و ئێتنیسیتە دەرکەوتێکی سیاسییان نییە، بەڵکو زیاتر تایبەتمەندییەکی خەڵکناسی و کەلتوورین. بۆیە هەر جۆرە هەوڵێک کە ئەم بنەما گوتارییەی دەسەڵات پێشێل بکات، لەوانەش دامەزراندن و چالاکی ڕێکخراو و حیزبە ئێتنیکییەکانەوە، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ سیاسەتی باڵادەستیشدا بگونجێت، جێگای قبووڵ و خوازراو نییە.

نەبوونی ئاقار و بۆشایی کراوەی سیاسی و دەسەڵاتداربوونی فکری پاوانخوازانە لە پێکهاتەی سیاسی وڵات لەم بوارەدا زۆر گرنگە. ئەمە لەحاڵێکدایە کە گرنگترین هۆکاری پێکهاتنی حیزب

لە کۆمەڵگایەکدا هەبوونی فکری زەبەندگەرا و قبووڵکردنی ڕوانگە دژ و نەیارەکانە. هۆکاری گرنگی دیکە کەلتووری سیاسی نوخبەکان و کۆی گشتی کۆمەڵگایە. ڕۆحی پێکەوەسازان، پشوودرێژیی سیاسی، نەرمونیانبوون، کۆمەڵگەرایی، بیرکردنەوەی ئازاد و جێگیرکردنی لۆژیک و وشیاری لە باتی دەمارگرژی و سڕینەوەی ئەویدی، وەک بابەتە گرنگەکان و مەرجە پێویستەکانی دیکەی پێکهاتنی کەلتووری حیزبین لە کۆمەڵگایەکدا. کەلێنە ئێتنیکی و خێڵەکییەکانیش وەک بەربەستی بەدیهاتنی حیزبە سیاسییەکان هەژمار دەکرێن. مەرج و پێداویستی حیزبە سیاسییەکان گۆڕانی ناکۆکییە ناوچەیی، ئێتنیکی و خێڵەکییەکانە بۆ ڕکابەریی سیاسی و فیکری. بیرۆکەی نەرێنی خەڵک و نوخبەکان سەبارەت بە بابەتی حیزب، بەتایبەت کەڵکاوەژۆ لە حیزب لە لایەن ڕێبەرە حیزبییەکان و تەنیا کەڵک وەرگرتن لە حیزب بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات دەتوانێ وەک بەربەستەکانی دیکەی ئامادەبوونی حیزبەکان هەژمار بکرێت. تێچووە حیزبییەکان لە چاو بەرژەوەندییەکانی لە وڵاتانی دواکەوتوویش دەبێ زیاد بکەینە سەر کۆمەڵەی سەرەوە. هاوردەکراوبوونی حیزب و ئەنجامی چالاکییە حیزبییەکان لە ڕێگای کۆمەڵێک بنکەی مەدەنی وەک چاپەمەنییەکان، زانکۆکان، حەوزە عیلمییەکان، مزگەوتەکان، تەکیە و خانەقاکان و بنکەکانی دیکەش بۆتە هۆی جۆرێک پێویستنەبوونی چالاکییە حیزبییەکان. وەها دۆخێک دەبێتە هۆی لاوازیی دامەزراوە سیاسییەکان و گەشەنەکردنیان و هەروەها نوخبە و پسپۆڕە سیاسییەکان و کۆمەڵگاش تووشی جۆرێک بێ هیوایی و سستی دەکەن.

**جەلال جەلالیزادە، چالاکی ئایینی، مامۆستای زانکۆ و نوێنەری پێشووی پەڕلەمان لە سنە:**
هەلومەرجی سیاسی کاتێک لەبار و گونجاوە کە لە کۆمەڵگادا ئێمە حیزبی بەهێز و چالاکی حیزبی بە واتایەکی دیکە بزووتنەوەی خوێندکاری و یەکێتییە هاوپیشەکانمان هەبێت. ئەمڕۆ ئێمە شتی لەم چەشنە لە کۆمەڵگای خۆماندا نابینین؛ واتە کۆمەڵگای ئێمە بەرەو جۆرێک بێ هیوایی سیاسی دەچێت. لەسەر ئەو باوەڕەم کە تا ئەو کاتەی کە حیزبە بەهێزەکان، ئازادی دەربڕینی بیر و باوەڕ، و ئازادی میدیا و چاپەمەنییەکان و ... نەبێت، ئێمە لە باری سیاسییەوە بووژانەوە و گەشەکردن نابینین.

لە وەها هەلومەرجێکدا واتە نەبوونی حیزب لە کۆمەڵگادا، زیاتر میدیاکان و بەتایبەت چاپەمەنییەکان کەڵکی سیاسییان بەخۆوە گرتووە و بە جۆرێک ئەو کەلێنەی نەبوونی حیزبیان پڕ کردۆتەوە و سزاکەشی بە شێوازی جۆراوجۆر وەک داخرانی هەمیشەیی و کاتی دەچێژن و جاروبار

کاربەدەستانی چاپەمەنییەکان بۆ هەتاهەتایە ئیزنی چالاکیکردنیان لێ دەستێندرێتەوە. زاراوەی باو و فرەپاتی «ڕاگرتنی بەکۆمەڵی چاپەمەنییەکان» لە ئەدەبیاتی سیاسی و میدیایی ئێراندا، ئەم دۆخە بە باشی وەسف دەکات. ڕووداوێک کە بووەتە هۆی داخستنی بەرفراوانی ڕۆژنامەکان و میدیای سەربەخۆ و ڕەخنەگر، و لێپێچینەوە لە بەڕێوەبەر و ڕۆژنامەنووسەکانیان، بە تۆمەتی سیاسی و ئەمنی. ڕاگرتنی ژمارەیەکی زۆر لە چاپەمەنی لە مانگی گوڵانی ساڵی ١٣٧٩ و سەرکوتکردنی توند و ڕاگرتنی چاپەمەنی و میدیاکانی سەردەمی چاکسازی لە حکوومەتی ٩ و ١٠ی مەحمود ئەحمەدینەژاددا نموونەی ئەو پێکدادانانەن. لە تێکهەڵچوونە بەرفراوانە دادوەری و ئەمنییەکانی بەهاری ١٣٧٩ لەگەڵ چاپەمەنییەکاندا، کە بە ئاماژەی ڕاستەوخۆی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ڕوویدا، لە ماوەیەکی کورتدا زیاتر لە ٢٠ ڕۆژنامە بە فەرمانی دادوەر سەعید مورتەزەوی ڕاگیران، و لە ئەنجامدا نزیکەی ١٥٠٠ ڕۆژنامەنووس بێکار بوون و تیراژی ڕۆژنامەکان تا یەک ملیۆن کەم بووەوە. لە درێژەی ئەم پرۆسەی سەرکوتکردن و شەڕکردن لەگەڵ میدیا و ڕۆژنامەگەری، لە پرۆسەیەکی هەشت ساڵەدا، زیاتر لە ١٥٠ بڵاوکراوە دەستیان بەسەردا گیرا، زیاتر لە ٢٠٠ ڕۆژنامەنووس بانگهێشتکران و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کرا، زیاتر لە ٥٠ ڕۆژنامەنووسیان سزای زیندانیکردنیان بەسەردا سەپێندرا (هەندێکجار بەرزبووەوە تا ١٤ ساڵ). دەستەی چاودێری ڕۆژنامەوانی سەر بە وەزارەتی ئیرشادی حکوومەتی مەحمود ئەحمەدینەژاد لە ماوەی تەنها ٢ ساڵدا لانیکەم ٣٦ بڵاوکراوەی قەدەغە کرد. لە کاتی ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ١٣٨٨دا جارێکی دیکە ڕۆژنامەگەری کەوتە ژێر فشارەوە و بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان تەنها لە ماوەی شەش مانگدا نزیک بە ٤٠ ڕۆژنامەنووس و بلۆگەر دەستبەسەرکران و پێنج ڕۆژنامەیش دەستیان بەسەردا گیرا. سەرکوتکردنێ کە زۆر کەس پێیان وایە دووبارەبوونەوەی دەستبەسەرداگرتنی بەکۆمەڵی ساڵی ٧٩ بوو (خزائلی، ١٣٩٠).

نەبوون یان ناکارامەبوونی حیزبە سیاسییەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆرێک لە کاروبارە ئاساییەکانی ژیانی ڕۆژانە وەک کەلتوور، زمان و ئەدەبییات، وەرزش، کۆمەڵگا، ژینگە و هتد تێکەڵی سیاسەت بن و ڕووبەڕووی کاردانەوە و بەرپەرچدانەوەی دەسەڵاتداران بن. ئەنجامی دیکەی ئەم دۆخە دەتوانین لە پرۆسەی کاندیداتۆری هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆماری و پەرلەماندا ببینین کە تیایدا هەر کەسە و بە کەیفی خۆی دێتە کایەوە. بڵاوبوونەوەی فیلم و وتووێژەکانی ئەم کەسانە لە کاتی تۆمارکردنی ناودا تا ماوەیەکی زۆر لە لایەن ڕەخنەگرانی ناوخۆ و دەرەوە گاڵتەیان پێ دەکرێ و دەبێتە بنێشتە خۆشەی ژێر ددانیان و لەو لاشەوە ڕووناکبیران و خەمخۆرانی ناوخۆی بواری سیاسەت خەمبار دەکات.

کاتێک هەموو گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بتوانن لە چوارچێوەی حیزب و بنکە سیاسییەکاندا لە سیاسەت و دەسەڵاتدا بەشدارییان هەبێت و بیروڕای گشتیش لایەنگریان بێت و دەسەڵاتی سیاسی بەدەست بێنن، بێ گومان ڕکابەریی ئاشتیخوازانە لە باتی پێکدادانی توندوتیژانە دەکار دەهێنن. بەڵام ئەگەر ڕێگای ڕکابەریی ئاشتیخوازانە دابخرێت، لە ڕاستیدا ڕێگا بۆ کردەوە تیرۆریستی و

توندوتیژانەکان دەکرێتەوە و چالاکییە نهێنییەکان تێکەڵ بە توندوتیژی دەرکەوتنیان دەبێت. ئەزموونەکان پیشانییان داوە ئەگەر هەموو دەرکەکان لەسەر کۆمەڵێک یان بەشێک لە چین و هێزە کۆمەڵایەتییەکان یان گرووپە ئایینییەکان دابخرێت لە ڕاستیدا ڕێگا بۆ گرووپە ئۆپۆزسیۆنە تەواو دژ و نەیارەکان دەکرێتەوە و ئەنجامی دەبێتە ناسەقامگیربوونی سیستەم.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٧ی کۆچیی هەتاوی و لەگەڵ کرانەوەی ئاقاری سیاسی بەهۆی پرۆسەی شۆڕشەوە، ژمارەیەکی زۆر حیزبی جۆراوجۆر کە لە سەردەمی داخراوی سیاسی ڕژێمی پێشوودا دەرفەتی خۆدەرخستنیان نەبوو، هەلیان بۆ ڕەخسا تا فکر و ئەندێشەکانی خۆیان دەربخەن و بیر و بۆچوونەکانی خۆیان بهێننە نێو کۆمەڵگاوە. بەڵام ئەم دۆخە زۆری پێنەچوو و پاش ماوەیەک هزر و بیری زۆرێک لە حیزبەکان لەگەڵ ڕێبەر و کەسایەتییە گەورەکانیان لە ئاستی کۆمەڵایەتی و ڕکابەری سیاسیدا سڕانەوە. لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق، جۆرێک یەکڕیزی لە ئاستی کۆمەڵگادا پێکهات و شەڕی ئایدۆلۆژیکی حیزبەکان بەهۆی کاریگەرییەکانی شەڕ و ئامادەبوونی گەنجان لە بەرەکانی شەڕ کوژانەوە و زۆربەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو هەلومەرج و ئاقارە. پاش کۆتاییهاتنی شەڕ و لە سی ساڵی ڕابردوودا، ڕەوتە جۆراوجۆرە سیاسییەکان ڕێبەرایەتی بەشی کارگێڕی وڵاتیان گرتۆتە ئەستۆ. سەرەتا دەوڵەتی «سازەندەگی» بە دروشمی تێکنۆکراتیک و نۆژەنکردنەوەی وڵاتی شەڕلێدراو هەشت ساڵ دەسەڵاتی کەوتە دەست. پاشان دەوڵەتی ڕیفۆرمەکان بە دروشمی سازکردنی ئاقاری کراوەی سیاسی و چەمکەکانی ئازادیی دەربڕینی بیروڕا و ئازادی فکر و ئەندێشە دەسەڵاتی کەوتە دەست و ئەم دەوڵەتەش هەشت ساڵ و تا ساڵی ١٣٨٤ی کۆچیی هەتاوی دەسەڵاتداری وڵات بوو. ساڵی ١٣٨٤ی کۆچیی هەتاوی، دەوڵەتی پاوانخوازی مەحموود ئەحمەدینەژاد بە دروشمی دادپەروەری و یەکسانی و هاوڕێیەتی مەزلوومان و ستەملێکراوان تا ساڵی ١٣٩٢ی کۆچیی هەتاوی دەسەڵاتدار بوو. لە ساڵی ١٣٩٢ی کۆچیی هەتاویشدا دەوڵەتی حەسەن ڕووحانی هاتووە کە دروشمی پێڕەوکردنی میانەڕۆیی و وەگەڕخستنی ئابووریی خەڵکە.

بە کۆکردنەوەی سەرجەم بیروڕای گرووپە ئێتنیکییە جۆراوجۆرەکان کە لەگەڵیان وتووێژ کراوە، دەتوانین ڕای ئەوان لەسەر هەبوونی حیزبە سیاسییەکان لە ئێران و ئەو کەڵکانەی کە حیزبێک دەتوانێ هەیبێ دەبنە دوو بەش: گرووپی یەکەم لەسەر ئەو باوەڕەن کە گۆڕانکارییە دەوڵەتییەکانی ئەم چوار ڕەوتە جۆراوجۆرە سیاسییە نەیتوانیوە کاریگەرییەکی لەسەر ژیانی ئێتنیک و گرووپی ئەوان هەبێت. لە حاڵێکدا کە ڕا و بۆچوونەکانی گرووپی دووهەم باس لە ڕەزامەندی ڕێژەیی گرووپە ئێتنیکییەکان دەکەن لە دەوڵەتی ڕیفۆرم بە سەرۆکایەتی محەمەد خاتەمی لە ساڵەکانی ١٣٧٨ تا ١٣٨٤ی کۆچیی هەتاوی و لەسەر ئەو باوەڕەن کە لەو سەردەمەدا، گرووپی ئێتنیکی تا ڕادەیەک لەو گۆشەگیرییەی پێشوو هاتۆتە دەرێ و بۆتە خاوەنی دەسەڵات.

**سەردار فتووحی، ڕاوێژکاری پلانە لێکۆڵینەوەییەکانی دەوڵەت و کەرتی تایبەت لە سەقز (کوردستان):**
حیزبە پاوانخواز و ڕیفۆرمخوازەکان پێشانیان داوە کە لە کوردستان هیچ کارێکی بەکەڵکیان نەکردووە و هیچ بەرهەمێکیان بۆ کوردستان نەبووە.

**سەید ئەحمەد عەزیزی، چالاکی سیاسی و کاندیدی نوێنەرایەتی پەرلەمان لە سەرپێڵی زەهاو:**
پاش تێپەڕینی چل ساڵ و بەدەسەڵات گەیشتنی حکوومەتی کارگوزاران، ڕیفۆرمخوازان و تەدبیر و ئومید، بە کردەوە دەبینین هیچ شتێک جێبەجێ نەکراوە و کەلێنەکان قووڵتر بوونەتەوە و مەودایەکی زۆر کەوتۆتە نێوان شوێنە پێشکەوتوو و پێش نەکەوتووەکان و لە وڵاتی ئێمەدا هاوسەنگی بەدی ناکرێت. کاتێک ئێمە ئەم هەلومەرجە دەبینین پێمان وایە کە سیاسەتێکی تێدا حەشار دراوە کە سیستان و بەلووچستان پێشکەوتنی نەبێت و کوردستان بێبەش بمێنێتەوە. خەڵک لەسەر ئەو باوەڕەن.


وێنەی ژمارەی ١٣-٣: وتووێژ لەگەڵ زاهیر سارایی

دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە ڕەفتاری سیاسی ئێتنیکییەتەکان، تا ڕادەیەک بۆچوونی گرووپی دووەم لەسەر کاریگەری مەیل و هەڵسوکەوتی سیاسی ئێتنیکی لەسەر دۆخی سیاسی وڵات و ڕەوتی سیاسی دەسەڵات پشتڕاست دەکاتەوە. هەڵسوکەوتی گرووپە ئێتنیکییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا یەکێکە لە نموونە پێوەرەکانی کردەوەی بەکۆمەڵی ئێتنیکییە، کە بەپێی بەڵگەکان زۆرجار ڕێژەی بەشداریکردن پەیوەندییەکی ئەرێنی لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەگەری سیاسی نوێ بە مەبەستی دارشتن و خستنەڕووی داواکارییە ئێتنیکییەکان و ئەگەری دەورگێڕانی گرووپە

ئێتنیکییەکان لە گۆڕەپانی سیاسی وڵاتدا هەیە.[١]

**قاسم سیاسەر، بەڕێوەبەری کتێبخانەی نەتەوەیی زاهیدان لە زاهیدان (سیستان و بەلووچستان):**
تا ساڵی ٧٦ سیستانییەکان هەست و دۆخێکی باشتریان هەبوو، چونکە حکوومەت زیاتر ئاوڕی لێدەدانەوە و زۆربەی پۆستەکان لە دەستی شیعەکان (سیستانییەکان) بوو. کاتێک دووی جۆزەردانی ٧٦ ڕووی دا، ڕەوتێک دەستی پێکرد کە بەرەبەرە ئەو لایەنە ئایدۆلۆژیکە کاڵ بووەوە و سیستانییەکان ئەو هەستە خۆشەی پێش ساڵی ٧٦یان نەما. من وەک کەسێک کە لەم بوارەدا کار دەکەم گۆڕانکارییەکانی پاش دووی جۆزەردان بە ئەرێنی دەبینم. ئێتنیکی بەلووچیش پێویستە لە کاروباری ئیداری و سیاسیی پارێزگادا بەشدار بن.

**زاهیر سارایی، چالاکی ئەدەبی و شاعیر لە ئیلام:**
ئەگەر گوتاری ڕیفۆرمخوازی لە ئێران شوێن بگرێن و ئێران بۆ هەموو ئێرانییەکان بێت، بێ گومان ئێران و گەشەی سیاسی دێتە ئاراوە و هەمووی سەرنجەکان دەکەونە سەر ناوخۆ، وڵات داهاتوویەکی چاکی دەبێت و کێشەوگرفتی ناوخۆیی و دەرەکی کەمتری دەبێت.

بە کۆکردنەوەی هەمووی بابەتە ئاماژەپێکراوەکانی ئەم بەشە دەتوانین بڵێین هەبوونی حیزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگادا پێویست و بنەماییە و کەڵکە تایبەتەکانی خۆی بۆ کۆمەڵگا و هەروەها بۆ دەوڵەتیش هەیە. دیاردەیەک کە بەداخەوە لە وڵاتی ئێراندا ئاوڕی لێنەدراوەتەوە و بە پێداچوونەوەیەک لەسەر هەر یەکە لە هەشت کارکردە باسکراوەکانی پێشوودا دەتوانین ببینین کە هیچ یەکەیان بە کردەوە بەدی نەهاتوون و لەو بابەتانەدا حیزبەکان تەنیا وەک ناوێک ئامادەبوونیان هەبووە. چوارچێوەی سیاسیی ئەم حیزبە ڕواڵەتییانەش زیاتر لەسەر تەوەری ناوەند بووە و ئێتنیکەکان و مافەکان تیایاندا بەرچاو نەگیراون، شتێک کە بەردەوام ناڕەزایەتی ئێتنیکە

١. سەبارەت بەم بابەتە بڕوانن: مقصودی، مجتبی. (١٣٨٥). مشارکت انتخاباتی اقوام در ایران بررسی موردی؛ انتخابات ریاست جمهوری. مطالعات ملی، ٧(٤ (٢٨))، ٨٣-١٠٨. & اکبری، حسین، & فخاری، روح اله. (١٣٩٦). نقش قومیت در رفتار انتخاباتی اجتماعات چندقومیتی (مورد مطالعه: شهرستان بجنورد). جامعه شناسی کاربردی، ٢٨(٢)، ٧١-٩٠. & فرهادی، محمد، & کاظمی، علی. (١٣٩٢). توسعۀ اقتصادی- اجتماعی، قومیت و مشارکت سیاسی. مطالعات و تحقیقات اجتماعی در ایران، ٢(٤)، ٥٧١-٥٩٧.

جۆراوجۆرەکانی لێکەوتۆتەوە و بەداخەوە بەردەوام توندوتیژانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کراوە.

## ناکۆکیی پێکهاتەی سیاسی سیستەم

سیستەمی سیاسیی ئێران لە باری پێکهاتەییەوە، کۆماری ئیسلامییە. سیستەمی کۆماری لەسەر بنەمای سێ بەشی (یاسادانان، کارگێڕی و دادوەری) دانراوە. وێڕای ئەم سێ بەشە سەربەخۆیە، دامەزراوەی ڕێبەرایەتی وەک باڵاترین بەرپرسی حکوومی ڕۆڵی چاودێری لەسەر ئەم سێ بەشەدا هەیە و هەروەها توانای حوکمی حکوومەتییشی لەدەست دایە. ڕێبەر کەسایەتییەکی سیاسی-ئاینییە و لە ڕێگای مەجلیسی شارەزایانی ناسراو بە «خبرەگان»ەوە هەڵدەبژێردرێت. شێوازی ئیدارەکردنی حکوومەت لەسەر بنەمای دەستوور و کۆمەڵەیەک لە یاساکانی دیکەی وەک یاسای مەدەنی، یاسای سزادان، سزای ئیسلامی و یاساکانی دیکەیە کە جێبەجێکردنیان لە ڕێگای دەزگا و دائیرە پێوەندیدارەکانەوە ئەنجام دەدرێت. لەم ڕوانگەیەدا وەها شرۆڤە دەکرێت کە وەک زۆرێک لە وڵاتانی جیهان، هەموو یاساکان لە ڕێگای بەشی یاسادانانەوە دادەنرێت، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی وەک باڵاترین کەسایەتی سیاسی، دەسەڵاتی زۆری لەم بوارەدا هەیە. بە پێی دەقی ڕاشکاوانەی ماددەی ١١٠ی دەستوور، دیاریکردنی سیاسەتە گشتییەکانی سیستەم لە ئەستۆی ڕێبەردایە (قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، ٤١).

ناکۆکییەکانی نێوان هێزەکان (یاسادانان، کارگێڕی و دادوەری) و تێنەگەیشتن لە دۆخ و جێگەوپێگەی بنکەکانی ئێران پیشاندەری جۆرێک ناسازگاریی ناوخۆیی پێکهاتەی سیاسی وڵاتن. هەبوونی بنکە هاوشانەکان لەگەڵ دەوڵەت وەک سەرپەرشتی بەشی کارگێڕ لایەنێکە لەم ناسازگارییە تا ئەو شوێنەی کە سەرۆک کۆماری خولی دوازدەیەم، لە وتارێکدا، باسی لە هەبوونی دەوڵەتێکی شاراوە لە پەنای دەوڵەتی خۆی دەکات. ڕووحانی لە وتارێکدا ڕایگەیاند کە: «بەشێک لە ئابووریمان ڕادەستی دەوڵەتێکی چەکدار کردووە کە میدیایشی هەیە» (دولت سایە جلیلی تخریب گر دولت روحاني، ١٣٩٨، ٣). ئەم بابەتە ئاماژەیە بە کاریگەری سوپا لە بەشی ئابووری و بەڕێوەبەرێتی سیاسی لە دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەت. ئامادەبوونی بنکە باڵاکان لە پێوەندییە دیپلۆماتیکەکان و دانوستانە نێودەوڵەتییەکان بەبێ ڕەچاوی نەریتی سیاسی و نێودەوڵەتی و بەرچاونەگرتنی وەزارەتی دەرەوە، لایەنێکی دیکەی ئەم ناسازگارییەن تا جێگایەک کە ماوەیەک لەمەوپێش، محەمەدجەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێرانی ناچار کرد دەست لەکار بکێشێتەوە. دەسکەوتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەش پیشاندەری ئەم ناسازگارییەن و پێکەوەنەگونجاوییەن لە پێکهاتەی سیاسی وڵاتدا.

**عەلی ساحیبی، دەروونناس لە مەشهەد (خوراسان ڕەزەوی):**
سیاسەتی دەرەوەی ئێران دوو ڕووی هەیە و لە یەک ئاستدا نین، وەزیرێکی دەرەوەی هەیە و هەروەها نوێنەرێکی ڕێبەر بۆ سیاسەتی دەرەوە؛ بۆ کاروباری نێودەوڵەتی «ویلایەتی» ئەچێت و لەگەڵ حیزبوڵڵای لوبنان وتوویژ دەکات و کەس ناڵێت تۆ کێی و لە کوێوە هاتووی... .

**ڕەحمەتوڵا هیمەتی، چالاکی ئابووری لە سمنان:**
لە وڵاتدا ڕوانگەیەکی یەکسان لە سیاسەتدا نییە. بۆ نموونە وەزارەتی دەرەوە سیاسەتی تایبەتی خۆی هەیە و دامودەزگا فەرهەنگییەکانیش تێڕوانینی دژ بە یەکتریان هەیە و لەگەڵ یەکتردا هاوڕا نین و دۆخی سیاسیش لە کەشێکی تەمومژاویدایە.

سەبارەت بە دەسەڵاتی دادوەری (بەشی قەزایی) مەحموود ئەحمەدینەژاد سەرۆک کۆماری پێشووی ئێران لەسەر ئەو باوەڕەیە کە سێ کێشەی «پێکهاتەیی» و «کرداری» دەکەوێتە سەر ئەم بەشە و ئەم بنکە بەپێی یاسا ناجووڵێتەوە. لەم بوارەدا ناوبراو داواکاری پێکهاتنی «شووڕای باڵای قەزایی» واتا ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی بوو بە ئامادەبوونی سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری، سەرۆکی دیوانی باڵای وڵات، دادستێنی گشتی وڵات و لانی کەم شەش دادوەری باڵا تا دادوەرەکانی سەرتاسەری ئێران هەڵبژێرن و کاروباری وەرگیران و گواستنەوەی شوێنی دادوەرەکان ڕادەستیان بکرێت. «کۆبوونەوەی دەسەڵات و لادان و بەرچاونەگرتنی پێکهاتەی دەستوور»، «ناسازگاریی نێوان دەسەڵاتەکان و شیاوێتییەکان»، «ئەوەیکە سکاڵاکار، دادوەر، دادستێن و جێبەجێکار یەک کەسن» وەک کێشە «پێکهاتەییەکانی» دەسەڵاتی دادوەرین لە ڕوانگەی ئەم سەرۆک کۆمارەی پێشووی ئێرانەوە. ئەحمەدینەژاد هەروەها لە بەشێکی دیکە لە وتارەکەی خۆیدا ڕایگەیاند کە دەسەڵاتی سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری بۆ گواستنەوەی دادوەرەکان «بەشێوەی سروشتی پارێزراویی پیشەیی دادوەرەکانی پێشێل کردووە و دوابەدوای ئەمەش زەبری جیددی لەسەر سەربەخۆیی دادوەرەکان وەشاندووە» (احمدی‌نژاد ۳۰ اشکال «ساختاری» و «رفتاری» به قوه قضائیه ایران گرفت، ۱۳۹٦).

**عەبدولقادر سەواری، لێکۆڵەر لە خووزستان:**
ڕووناکبیران دەیانەوێ کۆمەڵگا دیموکرات بێت، وەک فەڕەنسە و هۆڵەندا و .... بەڵام پێم وا نییە بەم زووانە کۆمەڵگای ئێران پەڕلەمانێکی نەتەوەیی تەواو سەربەخۆی هەبێت و دەسەڵاتێکی دادوەریی سەربەخۆی هەبێت... زۆر دوورە شتی وەها... هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆری دەوێ.

هەبوونی ئەم ڕوانگەیە لە لایەن سەرۆک کۆماری پێشووی وڵات و ئەندامی ئێستا و دانراوی ڕێبەر لە «ئەنجوومەنی دەستنیشانکردنی بەرژەوەندییەکانی سیستەم»[1] و هەروەها دەسکەوتەکانی لێکۆڵینەوەی بەردەست پیشاندەری نەبوونی سەربەخۆیی بنکەی گرنگ و هەستیاری دەسەڵاتی دادوەرین و ئەوەیکە دەست و پێوەندییەکان لەم بنکەیەدا گرنگترن تا یاسا و ڕێساکان.

بە تاوتوێکردنی پێکهاتەی سیاسی و یاساکانی ئێران لە ڕوانگەی یەکەمدا ئەم لێکدانەوە دێتە بەرچاو کە حکوومەت خاوەنی پێکهاتەیەکی یاسایی دامەزراو و حاشاهەڵنەگرە کە هیچ کەس توانا و ڕێگای لادانی لێی نییە. بەڵام ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان جاروبار ئەو گومانە دەخەنە دڵی هاووڵاتیانەوە کە پێکهاتەی سیاسی زۆر دوورە لەو شتەی کە پێویستە هەبێت. هەبوونی گەندەڵی و پێشێلکارییەکانی یاسا لە لایەن بەرپرسانی باڵا و پشتگوێخستنی دامەزراوەی یاسایی بەرامبەریان زیاتر دەبنە هۆی بەهێزبوونی ئەم دوودڵی و گومانە. هەروەها جووڵانەوە نایاساییەکان و دانانی سنووری یاسایی لەسەر تاک و کۆمەڵێک لە ڕەوتەکان بەبێ هیچ پرۆسەیەکی دادگایی، پیشاندەری ناسازگاریی سیاسیین لەگەڵ هەڵسوکەوتەکانی ناوخۆی سیستەم.

لە وەها هەلومەرجێکدا و ئەگەرچی دەسەڵاتەکانی نێو وڵات جودا کراونەتەوە کە بۆ پێکهاتنی هەموو جۆرە حکوومەتێک کە بانگەشەی دیموکراسی دەکات پێویستە، هەبوونی کەسی ڕێبەر وەک باڵاترین بەرپرسی بڕیاردان کە دەسەڵاتی بە جۆرێک ڕەهەندی ئایینی و ئاسمانی هەیە، بە جۆرێکی دیکە سەربەخۆیی دەسەڵاتە گرنگ و ستراتیژیەکانی وڵاتی کاڵ کردۆتەوە. لە وەها دۆخێکدا ئەم لێکدانەوەیە دێتە بەرچاو کە هەموو سیاسەتدانانە سەرەکییەکان لە ژێردەستی ڕێبەردان.

---

١. مجمع تشخیص مصلحت نظام

**مەرزیە موحیبی، پارێزەری دادگا لە مەشهەد:**
ئەکرێ بڵێین کۆی پێکهاتەی سیاسی پشت بە وەلایەتی فەقیهەوە دەبەستێ، ئابووریش پشت بە نەوت دەبەستێ. لە لایەکی دیکەوە سیاسەتی کۆنی دواکەوتوو کە ئامادە نییە بێتە کایەوە، گەیشتن بە ئامانجەکانی پەرەسەندن قەت بەدی نەهاتووە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش بەپێی پێوەرەکان دۆخەکە خراپتر بووە.

دەرەنجامی ئەم سەربەخۆنەبوونەی دەسەڵاتەکان ئەوەیە کە جاروبار هەندێ بڕیار و جووڵانەوەی نێو سیستەم نەک تەنیا کەس بەرپرسایەتییان لە ئەستۆ ناگرێت بەڵکوو جاروبار پێوەندی بە فاکتەر و هۆکاری دەرەکییەوە دەدەن. بۆ نموونە ئەو تیرۆرانەی کە لە سەردەمە جۆراوجۆرەکاندا وەک تیرۆرە زنجیرەییەکان ڕوویان داوە یان ئەو هێرشانەی کە کرانە سەر بەشی ناوخۆیی کوڕانەی زانکۆی تاران لە ساڵەکانی ١٣٧٨ و ١٣٨٨ی کۆچیی هەتاویدا (ناسراو بە هێرشی کۆڵانی زانکۆ)، هەندێ کەس دەڵێن لە لایەن هێزە ناوخۆییەکانی وەک دەزگای زانیاری، سوپا، بەسیج و ... بووە و هەندێکیش بۆ ئەوەی شتەکە لە دەوڵەت و بەرپرسان دوور بکەنەوە دەڵێن لەم بوارەدا هێزە دەرەکییەکان ڕۆڵی گرنگتریان هەبووە. ئەم جۆرە ئاڵۆزییانەی جووڵانەوە سیاسییەکان لە ئێران لەگەڵ ئەو شتەی لە سەرەتای شۆڕشدا خەڵک داوایان دەکرد زۆر جیاوازە و مەودایەکی زۆر دەکەوێتە نێوانیان.

ئەزموونی پتر لە چوار دەیە حوکمڕانی کۆماری ئیسلامی ئێران، بە ڕوونی ئەو ڕاستییە دەردەخات کە پێکهاتەی سیاسی سیستەم، لە هەر سێ ئاستی بڕیاردان و یاسادانان، کارگێڕی و جێبەجێکردن و دادوەریدا، گیرۆدەی ناکۆکیی پێکهاتەیی چارەسەرنەکراوە، کە لە لایەکەوە، لە دابەزاندنێکی تەواودا، کۆماریبوونی رژێمیان لە هەر ناوەڕۆک و واتایەکی ڕاستەقینە داماڵیوە و لە لایەکی دیکەوە دەوڵەت، وەک جێبەجێکاری کاروباری وڵات، بەدەست بێتوانایی و لاوازیی کارامەییەوە دەناڵێنێت. ململانێ و دژایەتییە پێکهاتەییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، پێش هەموو شتێک لە دەستووری کۆماری ئیسلامی و بناغە یاساییەکانی رژێم سەرچاوە دەگرێت. دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە تێکەڵاوکردنی کۆماریخوازی و ئیسلامخوازی، ئەویش لە جۆری وەلایەتی موتڵەقی فەقیهـ، لە ئەساسدا دژایەتییەکی بنەڕەتی لە ناخی خۆیدا هەڵگرتووە، کە دواجار، ناوەڕۆک و ناواخنەکەی، کە خوێندنەوەیەکی ئایدیۆلۆژیکییە لە ئیسلامیی شیعی وەلایەتی، نکۆڵی لە هەر چەشنە رژێمێکی کۆماری دەکات، چونکە «وەلایەت چەمکێکی دوولایەنە، کە لایەنێکی وەلی واتا سەرپەرشت و دیوەکەی تری سەغیر واتا منداڵ و تێنەگەیشتوو و بە گشتی مەحجوور یانی کەسێک کە خاوەندارێتییەکەی ناتەواو بێت و کاروبار و ژیانی پێویستی بە سەرپەرشتیاری دیکە بێت؛ لەم ڕووەوە سەغیر جۆرێک لە کەموکوڕی هەیە و پێویستی بە سەرپەرشتیارە. بۆیە چەمکی وەلایەت یانی سەرپەرشتیاریکردن پەیوەندی بە تاکی ناتەواوەوە هەیە، بەڵام حکوومەتی کۆماری،

پێدانی نوێنەرایەتی خەڵکە بۆ کەسێکی دیاریکراو بە مەبەستی حوکمڕانی وڵات» (حائری یزدی، ١٩٩٤، ٢٢٠). بۆیە حکوومەتی وەلایی و کۆماریخوازی دوو چەمکن کە پێکەوە کۆ ناکرێنەوە. لە لایەکی دیکەوە، دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی و حوکمڕانی لەسەر بنەمای ڕێسا ئیسلامییەکان پێویستی بە سیستەمێکی راسپاردەیی و ئیجبارییە کە سنووری ئازادی هەڵبژاردن و کردار لە چوارچێوەی پرەنسیپ و لقەکانی خۆیدا سنووردار بکات، کە لەم ڕوانگەیەوە تێیدا کۆمارییەت، بە واتای ڕەسەنایەتیی هەڵبژاردنی کۆی ئەندامانی کۆمەڵگا، پێشێل دەکرێت.

جگە لە لایەنە بابەتیی و فەلسەفییەکانی کۆمارییەت، هەموو ڕەهەندە پێکهاتەییەکانیشی لە چوارچێوەی سیستەمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بەرەوڕووی ئاڵنگاری بوونەتەوە و کارداکە بیرۆکراتیکییەکانی وەک مۆدێلێک بۆ سازدان و دابەشکردنی دەسەڵات و حوکمڕانی لە دەست داوە. پابەندنەبوونی تەواو بە بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و گۆڕانکاری لە پێکهاتەکەیدا، دانانی دامەزراوەی هاوتەریب لەگەڵ سێ دەسەڵاتەکە و پێشێلکردنی سەربەخۆیی ئەوان، دروستکردنی دامودەزگا و ڕێکخراوەکانی بەخشراو لە چاودێری و پشکنین، چاودێریی ئیستسوابی[1] هەڵبژاردنەکان، ڕەوتی ڕوو لە زیادبوونی دەستبەسەرداگرتنی دامەزراوە ئەمنی و سەربازییەکان بەسەر هەموو لقەکانی دەسەڵاتدا، بە پێچەوانەی دەستوور، لەگەڵ چەندین ئەزموونی دیکەی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە ٤ دەیەی ڕابردوودا، هەندێ لەو هۆکارانەن کە تەنانەت لە ڕووی ئەرکی بەڕێوەبردن و بیرۆکراسیشەوە سیستەمی کۆمارییان ڕاپێچی ڕێگایەکی داخراو کردووە. کۆی ئەم بابەتە ئاماژە پێدراوانە، ڕەگ و ڕیشەیان لە پێکهاتە و سروشتی سیاسی ناکۆکی کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەیە، دۆخێک کە تێیدا ڕەوتی لادان و کەڵەکەبوونی ململانێکانی بەردەوام تەشەنە دەکات.

## ماکرۆسفالیزەبوونی[2] پلەبەندیی شاری

لە بابەتە زانستییەکان و تیۆری پلاندارشتنی شاریدا، باشترین شێوازی ڕێکخستنی ئاقار و دانانی زنجیرەی پلەوپایە، دروستکردنی شارێکە کە تیایدا دابەشینی کاڵا، خزمەتگوزارییەکان، گواستنەوەی تەکنۆلۆژیا نوێکان، و شێوازە جۆراوجۆرەکانی ژیان لە کۆی کۆمەڵگادا جێبەجێ دەکرێت.

سیستەمی شاری تەنیا کۆمەڵەیەکی هەیکەلی لە شوێنەکانی نیشتەجێبوونی نییە، بەڵکوو ڕەوت و پێوەندییەکانی نێوان شوێنەکانی نیشتەجێبوونیش دەگرێتەوە. ئەم ڕەوتانە بریتین لە: حەشیمەت، سەرمایە، فاکتەرەکانی وەبەرهێنان، بیرۆکەکان و زانیارییەکان کە هەر یەکەیان لە دیاریکردنی پلەوپایەی شاریدا کاریگەرییان هەیە. ڕەوتی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی، ئابووری و کەلتوورییەکان لە

---

١. چاودێریی ئیستسوابی واتا چاودێریکردنی دامەزراوەیەک لە لایەن خودی دامەزراوەوە.

٢. Macrocephaly: ماکرۆسفالی یان گەورەسەری، جۆرە تێکچوونێکی تەندروستی جەستەیە کە تێیدا سەر بە شێوازێکی ناسروشتی گەورە دەبێت.

دەیەکانی ڕابردوودا و جۆراوجۆربوونی بەستێنی جوگرافیایی بوونەتە هۆی پێکهاتنی جۆرێکی تایبەت لە سیستەمی ئاقاری و شوێنەکانی ژیانی مرۆڤدا. ناهاوسەنگی نێوان ناوەندە لادێی و شارییەکان لە بوارە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی، ئابووری و کەلتوورییەکان بۆتە هۆی شێوانی ئاقاری شوێنەکانی ژیان لە لایەکەوە و گەشەی خێرای هەندێ لە شارە پلە یەکەکان، کە کۆچکردن لە گوند و شارە چکۆلەکانەوە بۆ ئەم جۆرە شارانە و بێبەشبوون و پەراوێزکەوتنی گوند و شارە چکۆلەکانی لێکەوتۆتەوە (مومنی، ١٣٨٨، ٨٥).




نوانەی ژمارەی ٩-٣: دە شاری پڕحەشیمەتی ئێران بەپێی سەرژمێریی گشتیی ١٣٩٥ی کۆچیی هەتاوی

لە ئێراندا کۆبوونەوەی حەشیمەت لە چەند شاری وڵات و پێش هەموویان لە تاران پیشاندەری ناهاوسەنگی ناوچەیی و کۆبوونەوەی لەڕادەبەدەری حەشیمەتە لەم چەند شوێنەدا. تاران بە تەنیایی زیاتر لە سەتا دەی حەشیمەتی ئێرانی تێدایە. بە دیاردەی وەها دەڵێن «ماکرۆسفالیزەبوون».

**عەلی بەختیارپوور، ئەندامی لیژنەی زانستی و مامۆستای ژیۆپۆلیتیکی زانکۆی ئەهواز (خووزستان):**
زیاتر لە یەک لە پێنجی خەڵکی ئێران لە تاران دەژین و چوار لە پێنجی دیکەی لە شوێنەکانی دیکە... شاری یەکەمی ئێران لەگەڵ دەوروبەری ١٤ ملیۆن کەس دانیشتووی هەیە. شاری دووهەم کە مەشهەدە ٤ ملیۆن کەس دانیشتووی هەیە، واتە ٤ ملیۆن بەرامبەر ١٤ ملیۆن و شاری سێهەم نزیکەی ٢ ملیۆن کەمێ زیاتر دانیشتووی هەیە. ئەمە نەخۆشینێکی گەورەیە کە پێی دەڵێن ماکرۆسفالیزە. لە سیستەمی پلەوپایەی شاریدا، سەری ئێران گەورەیە و ئەندامانی دیکەی زۆر لاوازن... ئێمە سیستەمی زنجیرەی پلەوپایەی شاریمان پیشاندەری کۆبوونەوەی دەسەڵاتی ئابووری و سیاسیە.



وێنەی ژمارەی ١٤-٣: وتووێژ لەگەڵ عەلی بەختیارپوور

وڵاتی ئێران تا پێش دەستپێکردنی شارگەرایی و شارنشینی سەردەمی هاوچەرخ سیستەمێکی تا ڕادەیەک هاوسەنگی هەبووە؛ واتە تۆڕی شاریی وڵات تەشتەلانی بووە و لە ژێر کاریگەری

پەرەسەندنی ناوەکی و پێوەندییە سونەتییەکانی شار و لادێ درێژەی بە ژیانی خۆی داوە. پاشان لە ئەنجامی گۆڕانکارییەکانی ڕەوتی گەشە و پەرەسەندنی ناوەکی بەرەو پەرەسەندنی دەرەکی، گۆڕانکارییەکان بەرەو شارگەرایی دەچن، شارنشینی و شارسازی لە سەردەمی هاوچەرخدا و لە ناوڕاستەکانی حکوومەتی قاجاڕ بەدواوە دەست پێدەکەن (حبیبی، ١٣٧٥، ٦).

ئەگەرچی پڕایی حەشیمەت لە شوێنێکی شاریدا بە شێوەی ئەوتۆ پیشاندەری کێشە نییە، ئەم پڕاییە بە شێوەیەکی واتادار دەبێتە هۆی نایەکسانی و دابەشنەبوونی دەرفەتەکان لە ئاستی وڵاتدا. دەسکەوتەکانی خشتەی سەرەوە پیشاندەری ئەوەن کە پێنج پارێزگای یەکەمی وڵات کە نزیکەی سەتا ٤٠ی حەشیمەتی ئێرانیان تێدا دەژیت پارێزگاکانی شوێنەژیانی ئێتنیکەکانی تورک، کورد، بەلووچ و عەرەب ناگرنەوە. کۆبوونەوەی هێزی مرۆیی و سەرمایە ئابوورییەکان لەم ناوچانەدا بۆتە هۆی نەمانی سەرمایە لە شوێنەکانی دیکە و کەلێن و مەودای نێوان شارەکان بەرەبەرە بەربڵاوتر دەبێتەوە. کۆبوونەوەی سەرچاوە سەرەکییە ئابوورییەکان لەم پێنج شوێنەدا بۆتە هۆی هەژاری و نایەکسانی لە شوێنەکانی دیکە بەتایبەت ناوچە ئێتنیکییەکاندا.

> **محەمەد ئیحسانی، دەرهێنەری فیلم و دۆکۆمێنتار لە تەورێز (ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات):**
> لە تاران و چوار پێنج شاری دیکە دەچیتە دەرەوە لەگەڵ کارەساتێکی کەلتووری، ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕووبەڕوو دەبیتەوە و دەگەیتە سیستان هەژاری تا ئاستی برسێتی دەگات. لە ناوچە سنوورییەکان، هەژاریی گشتیی بەرچاو دەکەوێت. لە تاران و ... هەژاری هەیە بەڵام گشتی نییە.

> **شارام گەڕاوەندی، کۆمەڵناس و ڕۆژنامەوان لە پارێزگای خووزستان:**
> پاش دەوڵەتی بەڕێز ڕەفسەنجانی و تەنانەت لە دەوڵەتی خاتەمیشدا، ئێمە خەسارێکی جیددیمان هەیە بە نێوی وەزارەتی وزە (نیروو)، وەزارەت هەمیشە پشکی ئەسفەهانییەکان و یەزدییەکان بووە.

لە لایەکی دیکەوە ڕاکێشەرییە وێنەییەکان، دەرفەتەکان، خزمەتگوزارییەکان و ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەم شارانەدا بۆتە هۆی ئەوەیکە گەنجانی گرووپە ئێتنیکییە کەمینەکان کە ئەزموونی ژیان لەم شارانەیان هەبووە بە دەگمەن دەگەڕێنەوە بۆ شار و زێدی خۆیان. ئەم ڕەوتە بەتایبەت لە نێو دەرچووانی زانکۆ و نوخبە زانستییەکان زیاتر بەرچاو دەکەوێت. لە ئەنجامدا نوخبەکان و سەرمایە مرۆییەکان کە هاندەری سەرەکی پەرەسەندنی هەر ناوچەیەکن لە شارە گەورەکاندا کۆ دەبنەوە و

هەر ئەمەش ڕەوتی پەرەسەندن و دابەشینی یەکسانی سەروەت و سەرمایە تووشی شڵەژان و کێشە دەکەن. ئەم بابەتە کە پێی دەوترێت کۆچی ناوخۆیی نوخبەکان[1] و لە ئێرەدا تیشک دەخاتە سەر نوخبە ئێتنیکییەکان، فاکتەرێکی گرنگە لە گۆڕین و تێکدانی هاوسەنگی هێزە پسپۆڕەکان و سامانی مرۆیی نوخبە لە نێوان ناوچە ئێتنیکییە پەراوێزییەکان و ناوەند، کە پرۆسەی گەشەپێدان و پەرەسەندنی ناوچە ئێتنیکییەکان ڕووبەڕووی لاوازییەکی توندی هێزە مرۆییە پسپۆڕ و بەتواناکان دەکاتەوە. هاوسەنگی نەرێنی کۆچبەریی پارێزگا بێبەش و کەم بەهرەمەندەکان کە زۆرتر دەکەونە جوگرافیای ئێتنیکییەوە، ئەم ڕاستییە بە ڕوونی دەردەخات. بە پێی ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی ڕەوتی کۆچبەری ناوخۆیی لە ئێران لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا (١٣٦٥-١٣٩٥)، کرماشان، کوردستان، لوڕستان، سیستان و بەلووچستان و ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات لە ڕیزی ٧ پارێزگای یەکەمدان کە خاوەنی زۆرترین هاوسەنگی نەرێنی کۆچبەرین و تاران، ئیسفەهان و ئەلبورز لەو پارێزگایانەن کە زۆرترین ڕێژەی کۆچبەرانیان هەیە (کرمی، ١٤٠٢، ١٨-١٩). ئەم ناوچانە بە گشتی کەمترین بوار و ئیمکاناتیان نییە بۆ ڕاگرتنی ئەو نوخبانەی کە لە شار و ناوچەکانی دیکەدا ئیمکانات و دەرفەتی باشتریان بۆ ڕەخساوە. ساڵی ١٣٨٩ جێگری زانستی و تەکنۆلۆژیای سەرۆک کۆمار و سەرۆکی بنیاتی نەتەوەیی نوخبەکان، لە سەردانێکیدا بۆ شاری کرماشان، وێڕای ئاماژە بە دیاردەی کۆچی نێوخۆیی نوخبەکان، ئەم دیاردەیە وەک دیاردەیەکی نەرێنی ناوهێنا و یەکێک لە ئامانجەکان دامەزراندنی نووسینگە پارێزگایەکانی بنیاتی نەتەوەیی نوخبەکانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم دیاردەیە زانی (رییس بنیاد ملي نخبگان: دفاتر استاني بنياد از مهاجرت داخلي نخبگان جلوگيري مي‌كنند، ١٣٨٩).

ئەم دیاردە یەکێکە لەو گرفتە بەردەوامانەی کە بەهۆی گەشەی نایەکسانی شارنشینی لە وڵاتانی دواکەوتوودا دروست دەبێت و لە ئەنجامدا، زیادکردنی بەردەوام یان توندی نایەکسانییەکان لە ناوچە و شارەکاندا بۆتە هۆی ئەوەی بۆ دەستخستنی هەلومەرجی باشتری ژیان کۆچکردن زیاد بێت. لەم نێوانەدا گەشەکردنی خێرای شارنشینی لە هەموو وڵاتاندا بەشێوەی هاوسەنگ ڕووی نەداوە و زیاتر شارە گەورەکان و پایتەختی گرتۆتەوە. وڵاتی ئێرانیش لە نێو سەدەی پێشوودا کەوتۆتە بەر ئەم یاسایە بە جۆرێک کە گەشەکردنی خێرای حەشیمەتی شارنشینی وڵات لە درێژەی چل ساڵی ڕابردوودا بەشێوەی پلاندانڕێژراو و لە چوارچێوەی سیستەمی پلاندانڕشتنی گشتگیری نەتەوەییدا کە لەگەڵ هەماهەنگییە ناوچەییەکان یەک بگرێتەوە نەبووە. چونکە داڕێژەی دابەشینی حەشیمەت پێوەندییەکی تۆخی لەگەڵ کردارە سیاسی، ئابووری، و کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە دیارە کە پاش کۆبوونەوەی چالاکییەکان و سەرمایەکان لە دەوری چەند شاردا، خەڵک بەرەو ئەو شارانە دەچن. ئەم داڕێژەی دابەشینی حەشیمەتە بەستێنی سەرهەڵدانی کێشەی حەشیمەتی و کرداریی لە ئاستە ناوەندی و خوارووەکانی ناوەندە شارییەکاندا هێناوەتە ئاراوە و لە سیستەمی زنجیرەی

---

1. Internal migration

پلەوپایەی شاریدا، کێشەوگرفت بۆ وڵات ساز دەکات (رضایی و تقوایی، ۱۳۸۸، ۱).

زۆربەی توێژەرانی بواری شاری خاڵی دەسپێکی کێشە شارییەکانی ئێران دەگەڕێنەوە بۆ سەرەتای پێوەندییە سەرمایەدارییەکان کە پێوەندییە بزۆزەکانی وەبەرهێنانی گوندی و پێداویستی شارەکان بە لادێکان پێچەوانە کردۆتەوە و کۆمەڵگا بەرەو بەرخۆرگەرایی ڕۆشتووە. پاش ئەمە بوو کە پێوەندییە هاوسەنگ و بەردەوامەکانی شار-لادێ یەک لایەنە و ناهاوسەنگ کرا و لافاوی کۆچەرانی گوندی بەرەو شارەکان ڕۆشتن و ئەو شارانەی کە دەرفەتی نیشتەجێبوون و هەلی کاریان نەبوو و هەروەها چینە خوارەکانی کۆمەڵگا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەورەتر و زیاتر بوون. بەم جۆرە کۆمەڵگای ئێران زیادبوونی هەژاریی کەلتووری و ئابووری لێکەوتەوە و شوێنهاتەکانی سێبەریان هاویشتۆتە سەر هەموو لایەنە کۆمەڵایەتییەکان و کێشەوگرفتی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتییان هێناوەتە ئاراوە و چارەسەریان بۆ ناکرێت. نایەکسانیی کۆمەڵایەتی هەڵچوو، گرنگترین و خەسارەدەرترین بەرهەمی ئەم پرۆسەیە هەژمار دەکرێ کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قوربانی زیاتری لێدەکەوێتەوە.

ماکرۆسفاڵیزەبوونی شارەکان سەرەڕای چۆڵکردنی هەندێ ناوچەی وڵات لە باری سامانەوە، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشەوگرفتی کۆمەڵایەتی لە شارە گەورەکانیشدا. پاش ماوەیەک کێشە و شوێنهاتەکانی ناوەندگەرایی خراپ لە چوارچێوەی پرسە شارییەکانی وەک پەراوێزنشینی، پیسبوونی کەشوهەوا، تەرافیک و پڕایی حەشیمەت لە شێوازی ناوچەیی و نەتەوەیی بە شێوەی سەرهەڵدانی نایەکسانی لە زۆر بواردا، پچڕانی تۆڕی شاری و ڕاکێشانی هەمووی دەرفەتەکان و شێواندنی یەکسانی و گەشە و پەرەسەندنی لە ئاستی وڵاتدا لێدەکەوێتەوە.

**ئەمیر سەجادی، مامۆستای مێژوو لە سەقز (کوردستان):**
بەپێی ئەو دۆخەی لە کوردستان دەیبینین دابەشینی سەرچاوە و دەرفەتەکان لە کۆی وڵاتدا یەکسان و دادپەروەرانە نییە، قەت قەت. هەمووی ئێران بۆ تاران ئیش دەکات و هەموو تاران بۆ باکووری تاران. ئەم ڕستەیە پیشاندەری دۆخی ئێرانە.

کۆبوونەوەی هەژاران لە ناوچەیەکی شاردا دەبێتە هۆی سازبوونی ناوچە پەراوێزییەکان لە شارە گەورەکاندا. وێڕای ئەمە کۆبوونەوەی دەرفەتەکان لە چەند شاری گەورەدا دەبێتە هۆی پەرەسەندنی نایەکسانی ناوچەکان و خەڵکی لادێ و دانیشتووانی شارە چکۆلەکان بۆ دەستخستنی دەرفەت و ژیانی باشتر ناچار دەبن کۆچ بکەنە شارەکان. کەواتە هۆکارە سەرەکییەکانی سازبوونی گەڕەک و ناوچە پەراوێزییەکان لە دەوروبەری شارە گەورەکاندا بریتین لە کۆچکردنی گوندنشینان، شارومەندانی نیشتەجێی شارە چکۆلەکان و هەژارەکانی ناو شارەکان. بۆ بەرگریکردن لە سازبوونی ناوچە پەراوێزنشینەکانی گەورەشارەکان و هاوسەنگکردنی دۆخەکە دەتوانین ئاماژە بدەینە ڕێگا

چارەسەری وەک ١. پەرەسەندنی هاوسەنگی ناوچەیی بۆ دابەشینی دەرفەت و خزمەتگوزارییەکان؛ ٢. دووریکردن لە ناوەندخوازی و کۆکردنەوەی چالاکی ئیداری، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتووری لە شارە ناوەندی و گەورەکان؛ ٣. کارامەکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی کوالێتی ژیانی پەراوێزنشینان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا.

بۆ دەرچوون و چارەسەرکردنی پرسی ماکرۆسفالیزەبوون و پچڕانی تۆڕی شاری و دابەشینی یەکسانی دەرفەتەکان لە ئاستی وڵاتدا ئەم ڕێگا چارەسەرانەی ژێرەوە پێشنیار دەکرێن (خادم‌الحسینی، ١٣٩٠):

- بەهێزکردنی شارە چکۆلە و پلەدووەکان و جەمسەرەکانی گەشەکردنی ناوچەی زنجیرەی پلەبەندیی شاری؛
- بەرگریکردن لە گەشەکردنی لەڕادەبەدەری شارە گەورەکان کە ناوەندی پارێزگاکانن؛
- دابینکردنی خزمەتگوزاری و ئاسانکاری تایبەت لە شارە چکۆلە و مامناوەندییەکان؛
- بڵاوکردنەوەی جوگرافیایی سەرمایەگوزارییەکان لە شارە پەراوێزییەکاندا؛
- ئاوڕدانەوەی زیاتر لەسەر ناوچە بێبەشەکان. (خادم‌الحسینی، ١٣٩٠)

## گەورەنواندنی قەیرانەکان

قەیرانی ژینگە کە ئەمڕۆ بۆتە پرسێکی جیددی و جێی تێڕامان لە جیهاندا، بەرهەمی دەستێوەردان و کەڵک وەرگرتنی نالۆژیکی مرۆڤە لە سروشتی دەوروبەری خۆی. ئەمڕۆ مەترسییەک لە ئارادایە کە مرۆڤ زەویی ژینگە و کێڵگەی، بەرەو لەناوچوون و فەوتان بەرێت، بە جۆرێک کە بەربڵاوبوون و گرنگبوونی ئەم بابەتە بۆتە تەوەری سەرنجی زانایان و بیرمەندان تا بەڵکوو ڕێگا بۆ ڕزگارکردنی زەوی بدۆزنەوە.

دۆخی ئەمڕۆی ئێران بەهۆی دەستێوەردان و کەڵکوەرگرتنی لە ڕادەبەدەری و نەشیاو لە ژینگە، ڕووبەڕووی قەیرانێکی قووڵ بووەتەوە. وشکبوونی ڕۆبارە گەورەکانی وەک زایەندەڕوود، کارەساتی بەنداوی گەتوەند، وشکبوونی دەریاچەکانی هاموون و ورمێ و ڕووبارەکانی کاروون، کەرخە و دز، ڕۆچوونی زەوی، لەناوچوونی بوونەوەرە دەگمەنەکان، تەپوتۆز، کێشە ئابووری، پیشەسازی و کشتوکاڵییەکان و کۆمەڵێکی دیکە کێشەی لەم چەشنە نموونەکانی ئەم قەیرانەن. بڕوای گشتی لەسەر ئەوەیە کە ئەم قەیرانانە زۆربەیان هۆکاری بەڕێوەبەرێتی خراپیان لە پشتەوەیە. هۆکاری دیکەش لە چینە خوارووەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتیدان کە دەبنە بەربەست و لەمپەر بۆ چارەسەرکردنی قەیران کە دەگەڕێتەوە بۆ بێ ئاگایی و ناوشیاری گشتیی خەڵک لەسەر قەیرانەکان. تێنەگەیشتنی دروستی گشتیی خەڵک لە سەرمایە و سامانە سروشتییەکانی وەک ئاو و نەبوونی زانستی تەواو لەسەر شێوازی کەڵک وەرگرتن لێیان بۆتە هۆی توندبوونەوە و کاریگەرتربوونی قەیرانەکان. بەگشتی نەبوونی زانستی گشتی، نەبوونی ئیرادەی نەتەوەیی بۆ چارەسەرکردنی قەیران، نەبوونی سیاسەتی

یەکپارچە و درێژخایەن، لاوازبوونی بنکە زانستییەکان بۆ هەڵسەنگاندن و خەملاندنی فاکتەرە قەیرانسازەکان و دۆزینەوە و ئاراستەکردنی ڕێگای چارەسەر، بەردەوام توندبوونەوەی قەیرانەکانی لێدەکەوێتەوە.

**ئەحمەد بەحری، بەرپرسی مانگنامەی مەهاباد و چالاکی کەلتووری لە مەهاباد (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**
جوگرافیای زاگروس خەریکە بەرەو لەناوچوون دەچێت. کشتوکاڵ و ئاو خەریکە بەرەو فەوتان دەچن.

قەیرانە ژینگەییەکان بەگشتی و قەیرانی ئاو بەتایبەت، کە ئێرانیان خستۆتە ڕیزی ئەو وڵاتانەی کە بارگرژیی ئاویان زۆرە و بە وتەی کاوە مەدەنی توێژەر و شارەزای بواری ژینگە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی دۆخی «مایەپووچبوونی ئاوی» (مدنی، ١٣٩٦)، ئەو دەفرایەتییەیان تێدایە کە ببنە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی مرۆیی، کۆمەڵایەتی و سیاسی. پێوەندانی نارەزایەتییەکانی بەفرانباری ساڵی ١٣٩٦ی کۆچی هەتاوی لە زۆربەی شارەکانی ئێران بە قەیرانی کەمئاوییەوە نموونەیەک لەم جۆرە شیکاریانەیە. کێشەی ئاو دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی نارەزامەندی و بەرەبەرە نارەزایەتییەکان پەرە ئەسێنن و تام و بۆنی سیاسی بەخۆوە دەگرن و بەرەبەرە دروشمی توند دەبێتە هۆی سازبوونی ئاقاری توندوتیژانە و شەڕ و خەسارلێکەوتنی خۆپیشاندەرانی لێدەکەوێتەوە. بێ گومان ڕۆڵی فاکتەر و هۆکاری مرۆیی لە سەرهەڵدانی ئەم قەیرانانە نابێ پشتگوێ بخرێ، بەڵام -وەک شرۆڤەمان کرد- یەک لە گرنگترین هۆکارەکانی ئەم پرسە دۆخی ئاقاری و جوگرافیایی وڵاتی ئێرانە کە قەت قەت ناوچەیەکی پڕئاو نەبووە. وێڕای ئەمەش لەم بوارەدا شێواندنی هاوسەنگی نێوان حەشیمەتی مرۆیی و سامانە سروشتییەکانیش نابێ لەبیر بکەین. بەڵام دەسکەوتەکانی ئەم لێکۆڵینەوە پیشاندەری ئەوەن کە خەڵکی گرووپە ئێتنیکییەکان لەم بوارەدا ڕەپاڵدانی شتەکە دەکەن و ڕۆڵی فاکتەری مرۆیی و حکوومەت زۆر لایان گرنترە تا شتەکانی دیکە.

**شارام زەمانی، کۆمەڵناس و ڕۆژنامەوان لە تەورێز (ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات):**
لەسەر دەریای ئیمە بەنداو دادەنیت و وشکی دەکەی و لە ناوەڕاستییەوە جادە دەکێشی. جۆرەکانی نەخۆشینی پێست لە ناوچەکە بڵاو بۆتەوە و دوکتۆرەکانیش نازانن چییە.

**غانم سەواری، مامۆستای قوتابخانە لە حەمیدییەی خووزستان:**
بە ئەنقەستە...، کاروون و کەرخە و دز و ...، هەموویان پێکەوە و لەناکاو وشک بن؟!

وڵاتی ئێران کۆمەڵگایەکی بەتوندی سیاسییە و لە ڕوانگەی سیاسییەوە سەیری زۆرینەی ڕووداوەکان دەکرێت. ئەڵبەت دەسەڵات بۆ خۆی بە دەستێوەردان لە ئاساییترین بابەتەکانی ژیانی خەڵک، لە سەرهەڵدانی ئەم شتەدا بەشدارە. بەڵام شیکاری و شرۆڤەی یەک فاکتەرەی ڕووداوە جۆراوجۆرەکان لە لایەن خەڵک و نوخبەکانەوە زۆر لە ڕاست ناچن و بێ گومان لەم بابەتەدا ڕەپاڵدان و گەورەکردن بوونی هەیە.

جودا لە قەیرانەکانی ژینگە، لەم ساڵانەی دواییەدا قەیرانەکانی دیکە وەک ناڕەزایەتییە کرێکاری و کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان، زیادبوونی کێشە و ناکۆکی لە پێوەندییەکانی دەرەوە و گەڕانەوەی گەمارۆکان، قەیرانی ئابووری و هەڵئاوسانی هەڵکشاوی ئابووری، هەوڵ و تێکۆشانی بێ هیوایانەی هەندێ لە تاقمە سیاسییەکان بۆ یەکپارچەکردنی دەسەڵات و کۆمەڵێک کێشەی دیکە لە ئارادان. فراوانی و بەردەوامیی قەیرانە باسکراوەکان و نەبوونی ئیرادە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر و بەڕێوەبردنی کارا، لە پێکهێنانی ڕوانگەیەکی نەرێنی گشتی سەبارەت بە داهاتووی وڵات و بڵاوکردنەوەی بۆچوونی ڕەشبینانە و هەندێکجاریش زیادەڕەوی لە گەورەنواندنی قەیرانەکاندا کاریگەر بووە. ڕەشبینی و زیادەڕۆییکردن لە گەورەنواندنی ڕەهەندگەلی قەیرانەکاندا، لە زۆربەی ئەو سەرنج و لێدوانانەدا دەبینرێت کە بە ڕوونی یان ناڕاستەوخۆ دەربڕاون. لە خوارەوە نموونەی ئەو دەستکەوتانەی توێژینەوەکە دەخەینە ڕوو.

**محەمەد بەهاری، مامۆستای ئەدەبیات لە زانکۆی زاهیدان (سیستان و بەلووچستان):**
ئێتنیکی ئێمە هیچی نییە؛ لە نانی خاڵییەوە بگرە تا ئازادی بۆ هەوڵ و دابینکردنی بژێوی ژیان هیچمان نییە. هیچ بۆ خەڵک نەماوەتەوە. دەریاکەیان وشک بووە. بەرهەمەکانی کشتوکاڵیان لەناوچووە. چیدی ئاژەڵیان نییە، پیشەسازییان نییە.

**پیاوێکی تەمەن ٣٨ ساڵ لە بووشەهر:**
ئێستا ئەم شتە چیدی گرنگ نییە، چونکە نابینین کەس ئێمە و مافەکانمانی لا گرنگ بێت. بۆیە وەک دەڵێن، کڵاوی خۆت بگرە با نەیبات. هەر بەم بۆنەوە بابەتی ئاوڕدانەوە لەسەر بەرژەوەندییە گشتییەکان هەنووکە زۆر دژوارە بۆ خەڵک.

**محەمەد حوسێنی، چالاکی ئایینی و کەلتووری لە سنە (کوردستان):**
دابەشینی هەلی کار، وەبەرهێنان، و سەروەت و سامان لە ئێراندا قەت دادپەروەرانە نییە بەڵکوو زۆر زاڵمانەیە. کەسێک کە ئابووری بە دەستەوەیە زۆر نەزان و نەفامە. ئەمانە بە ئەنقەستن و بۆ خۆیان دەزانن چ دەکەن. ئێوە بە دیتنی دۆخی ئابووری ئەم ناوچەیە دەبینن کە لە هەموو شوێنێک شێعە و غەیرەکوردەکانیان کردۆتە بەڕێوەبەر و بەرپرس و کوردەکانیان لە ئاستە خوارووەکان هێشتۆتەوە.

**کچە خوێندکارێک لە سەقز (کوردستان):**
پێم وایە هیچ مافێک نەدراوە تا ئێستا باس لەوە بکەین کە ئایا بەرچاو دەگیردرێ یان نە.

شێوازی هەڵسوکەوت و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم قەیرانانە لە لایەن وەڵامدەرانەوە بە شێوەی سیفر یان سەدە. وەک لەو وەڵامانەدا دەبینن، وەڵامدەران لەسەر ئەو باوەڕەن کە دەوڵەت هیچ مافێکی پێیان نەداوە و هەموو مافە پێویستەکان تەرخان کراون بۆ ناوچە ناوەندییەکان و هیچ ئیرادە و پلانێک بۆ چارەسەرکردن و تەنانەت دانپێدانانی ئەم هەڵاواردنە بەدی ناکرێت. ئەم هەڵێنجانانە بە چاولێکردنی ڕێژەی هەڵاواردن لە پرسە ڕۆژانەکان و وەبەرهێنانی نایەکسان لە شارە ناوەندی و پەراوێزەکاندا بە ڕوونی دەبینرێت.

گەورەنواندنی قەیرانەکانی وڵات لە دیدی ئێتنیکییەوە، بەدەر لە سروشت و قووڵایی قەیرانەکان، ئاماژەیە بۆ ڕوانگەیەک کە کەمترین متمانەی بە ڕەفتاری سیاسی و بەڕێوەبەرایێتی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی نەتەوەیی و سەقامگیری دەوڵەت و حکوومەت نییە، و بە گوتەی هومایون کاتووزیان، ڕەگ و ڕیشەی لە کێشەی مێژوویی «دژبەریی دەوڵەت و نەتەوە»[1] دایە. جگە لەم بیرۆکە گشتییەی کۆمەڵگای ئێرانی، پێکهاتەی ناوەندیی حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی وڵات کە بووەتە هۆی قووڵبوونەوەی دووانەی ناوەند-پەراوێز و کارگێڕیەکەی هەناردەکردنی زیاتری قەیران و خەساردیتوویی ناوچە پەراوێزییەکانی لێ کەوتۆتەوە، لە پێکهاتنی دیدێکی نەرێنی و ڕەشبینانەی و گەورەنواندنی کێشە و قەیرانی کۆمەڵگا ئێتنیکییەکاندا کاریگەر بووە.

١. بڕوانە: دولت و ملت: نظریه تاریخ و سیاست در ایران، محمدعلی کاتوزیان، علیرضا طیب (مترجم) - نشر نی.

### هەڵاوردنی نێوان ئێتنیکی

لـەم بەشـەدا ڕوانگـەی هـەر یەکـە لـە گرووپـە ئێتنیکییـەکان بەرامبەر دۆخـی خۆیـان و ئێتنیکانی دیکـە هەڵدەسـەنگێندرێ، ئـەوەی کە بڕوایان بـە چ پێوەندییەک لە نێوان ئێتنیکـی خۆی و ئێتنیکانی دیکـەدا هەیـە، و بـە چ شـێوازێک وەسـف، شـیکاری، شرۆڤـە و بەراوردیـان دەکـەن، بـە واتایەکی دیکە هـەوڵ دەدەیـن ڕوانگـەی هـەر یەکـە لـە گرووپـە ئێتنیکییەکان لەسـەر دۆخـی ئابـووری، کۆمەڵایەتی، کەلتـووری و ئایینـی خۆیـان و هەروەهـا گرووپـە ئێتنیکییەکانـی دیکـە شـی بکرێتـەوە تـا لـە قۆناغـی دواتـردا ڕێـگای هەڵسـەنگاندنیان پێکەوە خـۆش بکرێت.

بە چاوخشـاندنێک لەسـەر دۆخ و پێوەرە ئابورییەکانی وەکوو ڕادەی بوودجەی وڵات، دابەشـکردنی سـەرچاوەکانی سـەروەت و سـامان، بڵاوبوونـەوەی هـەژاری و نەهامەتـی، ڕێـژەی بێـکاری و هتـد، لـە نێـوان ئـەو ئێتنیکییەتانـەی کە لـە توێژینەوەکەدا باسـکراون، پێدەچێـت ئێتنیکی بەلـووچ نالەبارترین دۆخیـان هەبێـت. چونکـە پارێـزگای سیسـتان و بەلوچسـتان لـە ڕووی پێوەرەکانی گەشـەپێدانەوە، لە نزمتریـن ئاسـتدایە (مختاری‌هشـی، ١٣٨٥، ١١١). تورکانـی ئـازەری لـە ڕووی ئابووریـەوە بـە گوێرەی دیکـەی ئێتنیکـەکان دۆخێکـی باشتری هەیـە و گرووپە ئێتنیکییەکانی کورد، بەختیاری، سیسـتانی و عەرەبیش لـە ئاسـتی مامناوەنددان.

لـە بـواری کەلتووریـدا کـە دابونەریتـی خەڵکـی ناوچـە جۆراوجـۆرەکان وەک شـێوازی پۆشـەن و جلوبـەرگ، مۆسـیقا، شـێوازی بەڕێوەبردنـی ڕێوڕەسـمی شـایی و شـین و کاروبـاری دیکـە دەگرێتـەوە ناکـرێ هیـچ سەردەسـتبوون و بندەسـتبوونێک لە نێـوان گرووپە جۆراوجـۆرە ئێتنیکییەکانـدا دانێین و هـەر یەکـە لەم ڕێوڕەسـم و بەهـا و بایەخە کەلتوورییانە لە کەلتووری ئـەو کۆمەڵگایەدا کەڵک و جێگای تایبەتـی خۆیـان هەیـە کـە لـە درێژەی مێـژوودا هێشـتا شوناسـی خۆیانیـان پاراسـتووە و ماونەتەوە.

یەکێـک لـە شـێوازە ڕوانگەکانـی ئێتنیکـەکان بەرامبـەر بـە ئەویـدی، ڕوانگەیەکـی گشـتگیرە کـە جیاوازییـەکان ناگرێتـەوە.

> **حەسەن هیمەتی، ئەندامی لیژنەی زانستی زانکۆی یەزد لە سمنان:**
> لەگـەڵ هەمـووان وەک ئـەوەی کـە هەمـوو ئێرانیـن پێوەندیـم هەبـووە و هیـچ جیاوازییـەک نابینـم. پێوەنـدی مـن لەگـەڵ خەڵـک لەژێـر تایتێڵـی ئێرانیبوون بـووە. ئێتنیکـم لا گرنـگ نەبـووە.

لـە بـاری کۆمەڵایەتیشـەوە هـەر یەکـە لـە گرووپـە ئێتنیکییـەکان خاوەنـی تایبەتمەنـدی و لایەنـی ئەرێنـی و نەرێنیـن و جـودا لـە لایەنـە ئەرێنییـەکان وەک سـەرمایەی کۆمەڵایەتـی، کوالێتـی ژیـان و تایبەتمەندییەکانـی دیکـە، لـە کاروبـاری دیکـەدا وەک گیرۆدەبوون بە مـادە سڕکەرەکان، توندوتیژی، تـەڵاق و شـتی لـەم چەشـنە کۆمەڵـێ کێشـەوگرفتێکیان هەیە.

وتووێژە ئەنجامدراوەکان پیشاندەری ئەوەن کە گرووپی ئێتنیکیی کورد جیهانی خۆیان لە چاو گرووپی ئێتنیکیی بەلووچ لەبارتر و باشتر دەبینن و لەسەر ئەو باوەڕەن کە دۆخێکی گونجاوتریان لە چاو ئەوان هەیە. لە لایەکی دیکەوە، لەسەر ئەو باوەڕەن کە لە چاو دراوسێکانی خۆیان، واتە ئازەرییەکان دۆخێکی نەشیاوتریان هەیە و بڕوایان وایە کە گرووپی ئێتنیکیی ئازەری، بەتایبەت لە باری ئابوورییەوە، هەلومەرجیان لە کورد باشترە. هەرچەند لە ئێراندا هیچ چەشنە ڕاپۆرتێکی ئاماری و هەڵسەنگاندنێکی ئابووریی فەرمی لەسەر بنەمای فاکتەری ئێتنیکی ناخرێتە ڕوو، بەڵام بەراوردکردنی باری ئابووریی ئەو پارێزگا و ناوچانەی کە دانیشتووانی ئێتنیکی تێیاندا باڵادەستن، تا ڕادەیەک جیاوازییە ئابوورییەکانی جوگرافیای ئێتنیکیی ئێران نیشان دەدات. بەپێی ئەم جۆرە پێوەرانە، دەکرێت بۆچوونی کوردان سەبارەت بەوەی کە تورکەکان پێگە و ئیمتیازاتی ئابووری باڵایان هەیە، پشتڕاست بکرێتەوە.

**ڕەئووف ئازەری، چالاکی مەدەنی لە سەردەشت (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**
ئێمە لە کوردستان هەلومەرجێکی باشترمان لە چاو بەلووچستان هەیە.

**محەمەدڕەئووف جیهانی، چالاکی مەدەنی لە مەریوان (کوردستان):**
ئێستا تورکەکان زۆرینەی پیشەسازی و سەروەتی ئێرانیان لەدەستدایە.

ڕوانگەیەک کە گرووپی ئێتنیکیی بەلووچ جیهانی خۆیانی پێ سەیر دەکەن، جیهانێکی بێبەش و دواکەوتووە. وەک لە بەشی پێشوودا شرۆڤە کرا، ئەوان هۆکاری بەشێک لەم دۆخە دەگەڕێنەوە بۆ هەلومەرجی ناوخۆیی خۆیان و ژمارەی کەمی نوخبە و خوێندەوارەکانیان. هەستی ئەم گرووپە ئێتنیکییە ئەوەیە کە لەگەڵ کوردە سوننەکان هاوبەشیی زیاتریان هەیە لە چاو ئێتنیکەکانی دیکە. سەرنجی ئەوان لە نێوان گرووپە ئێتنیکییەکانی دیکە زیاتر دەکەوێتە گرووپی ئێتنیکیی هاوپارێزگای خۆیان، واتە سیستانییەکان و لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەو گرووپە ئەگەرچی حەشیمەتی کەمتریان هەیە، چونکە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی یەک ئایینزایان هەیە دەرفەتی زیاتریان پێدراوە و زۆربەی کاروبارە گرنگەکانی پارێزگا لە ڕێگای ئەوانەوە جێبەجێ دەکرێت. بابەتێک کە دەستکەوتە مەیدانی و ئامارییەکان لە ماوەی ٤ دەیە دەسەڵاتداریی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕێژەی بەرزی جیاوازی ڕادەی بەهرەمەندبوون لە ئیمتییازاتی ئابووری و دارایی دەوڵەتیی نێوان دوو گرووپی ئێتنیکیی بەلووچ و سیستانی پشتڕاستی دەکەنەوە. ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی تۆکمەی بەڵگەیی-مەیدانی لەسەر تەوەری «سیاسەتی دەوڵەت و بۆنە نێوان ئێتنیکییەکانی بەلووچ و سیستانی» ئاماژە بەوە دەکات کە پەیوەندی مێژوویی ئاشتیانەی نێوان هەردوو هۆزی بەلووچ و سیستانی لەم

ساڵانەی دواییدا لەژێر کاریگەریی سیاسەتی دەوڵەتدا گۆڕاوە بۆ پەیوەندییەکی دوژمنکارانە. چونکە دوای شۆڕشی ئیسلامی و زاڵبوونی ڕوانگەی ئایینی لە ئێران بە جەختکردنەوە لەسەر شێعەگەری، سیستانییەکان وەک باڵی جێبەجێکاری حکوومەتی ناوەندی لە تەواوی پارێزگای سیستان و بەلوچستاندا دەوریان گێڕا و حکوومەت پشتگیریی کردوون. ئەم سیاسەتەش گرژی لە ناوچە کەدا دروست کردووە و جگە لە کەمکردنەوەی یەکگرتنی بەلووچ لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیدا، پەیوەندیی بەلووچ و سیستانیی بە ئاراستەیەکی قەیراناوی و دوژمنکارانەدا بردووە (حافظ نیا و دیگران، ١٣٩٢، ١٧-١٨). لە ڕوانگەی بەلووچەکانەوە هەر ئەم دیاردەیەش بۆتە هۆی ئەوەیکە تا جودا لە حکوومەتی ناوەندی، زۆرترین زوڵمیان لە لایەن ئەو گرووپەوە لێ بکرێت و هەبوونی ئەو گرووپە وەک هۆکاری دەرەکی پێشنەکەوتوویی خۆیان دەبینن. لە بەرامبەردا گرووپی ئێتنیکیی سیستانی لەسەر ئەو باوەڕەن کە لەگەڵ بەلووچەکان مێژووی هاوبەشیان هەیە و هۆکاری دواکەوتوویی و پێشنەکەوتنیان زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی ناوخۆیی خۆیان نەک هۆکارە دەرەکییەکان.

**زەفەر ئەحمەد دیدگا، مامۆستای حەوزە (ئایینی) و چالاکی کۆمەڵایەتی لە سیستان و بەلووچستان:**
هەستی نزیکایەتمیان لەگەڵ کوردەکان هەیە. هەست دەکەین لە باری کەلتوورییەوە لێک نزیکین.

**محەمەد گوڵ کەهرازە، ئەندامی لیژنەی زانستیی زانکۆی زاهیدان (سیستان و بەلووچستان):**
نوخبەکانی بەلووچ لە پارێزگادا (کۆی دوکتۆر و مامۆستاکانیان) ڕەنگە ٥٠ بۆ ٦٠ کەسیش نەبن... ئێوە خۆتان ئەمە لەگەڵ کوردەکان هەڵسەنگێنن.

**سادق سوتوان، کۆمەڵناس و توێژەر لە سیستان و بەلووچستان:**
چەمکی دەوڵەتی سیستان، کە کۆمەڵگایەکی دەسەڵاتخوازە لەم پارێزگایەدا، کێشەی زۆری بۆ ئێمە ساز کردووە.

**ڕەزا کەیخاە ئاریا، فەرمانبەری کەلەپووری کەلتووری لە سیستان و بەلووچستان:**
زۆر خۆم لە ئێتنیکی بەلووچ بەدوور و جودا نابینم و وەک ئامۆزای یەکین.

گرووپی ئێتنیکیی عەرەب جیهانی خۆیان لەبارتر و باشتر لە گرووپە ئێتنیکییەکانی دیکەی وەک بەلووچ دەبینن و ئەمانیش لەسەر ئەو باوەڕەن کە خراپترین دۆخی گەشەکردنی ئێتنیکیی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ بەلووچەکان. خودی ئەم گرووپە لە لایەن بەختیارییەکانەوە وەک گرووپێکی دەمارگرژ پێناسە دەکرێن.

**حەمید حەمادی، مامۆستای زانکۆ لە خووزستان:**
کاتێک بێبەشبوونی سیستان و بەلووچستانم بینی، تۆقام. لە دوو ساڵی ڕابردوودا ٢٠٠ تا ٣٠٠ گوند لە بەلووچستان بوونەتە ژێر لمەوە. لە چاو ئەوانەوە خۆم وەک کەسێکی زۆر بەختەوەر دەبینم.

**مەسعوود زالیزادە، توێژەر و نووسەر لە ئەهواز (خووزستان):**
دەمارگرژی هەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەیکە جاروبار هەستێکی نەرێنیم بەرامبەریان هەبێت. عەرەبەکان هەندێ هەڵسوکەوتی تایبەتیان وەک خۆوخدەی ناکۆکی و شەڕ و

گرووپی ئێتنیکییەتی دیکە ئازەرییەکان/تورکەکانن کە لەسەر ئەو باوەڕەن کە دۆخی ئابوورییان لە چاو گرووپە ئێتنیکییەکانی دیکە باشترە و هۆکاری ئەمەش زیاتر بۆ هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان دەگەڕێننەوە. ڕوانگەی نەرێنی ئەم گرووپە زیاتر فارسەکان دەگرێتەوە و لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەگەر مافێکیان پێشێل کراوە زیاتر لە لایەن فارسەکانەوە بووە چونکە دەسەڵاتی وڵاتیان بەدەستەوەیە و هەوڵی ڕاکێشان و تواندنەوەی کەلتووریی گرووپە ئێتنیکییەکانی دیکە دەدەن. ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە ڕووی دوو نوێنەی ئایین و یەکگرتوویی لەگەڵ سیاسەتی ناوەندی لە ئێراندا، تورکەکان لە پلەی یەکەمدان لە پەیوەندی و پێکەوەگونجان کە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی و خەڵکی ناوەندیی فارسدا، کە بێ گومان لەسەر ڕادەی سوود و بەهرەمەندییان لە سەرچاوە و سامانی دەوڵەتی کاریگەری ئەرێنییان هەیە. تێڕامانێکی کورت لەسەر بارودۆخی ئابووری گشتی جوگرافیای تورکەکان و ئاستی بەشداریکردنیان لە بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابووری وڵاتدا بە ڕوونی ئەم تایبەتمەندییە دەردەخات.

**پەیمان ناسیحپوور، مامۆستای زانکۆ و ژەنیار لە ئەردەبیل:**
تورکەکان تێکۆشەرن و دۆخی ئابوورییان لە کەسانی دیکە باشترە. کەمترین ڕێژەی بێکاری لە تەورێزدایە. بۆ نموونە من ڕۆشتبوومە کرماشان و یەک لە بەرپرسان دەیگوت خەڵکی ئێرە تەمبەڵن

**ئەسغەر ئیزەدی جەیران، کۆمەڵناس و مامۆستای زانکۆ لە تەورێز (ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات):**
لە سەردەمی خوێندنی دوکتۆرادا سێ پارێزگای فارسنشینم لەگەڵ سێ پارێزگای تورکنشین پێکەوە هەڵسەنگاند و مەودایەکی ئێجگار زۆرم لە نێوانیاندا بینی. وەک بڵێی ئەم هەڵاواردنێکی سیستەماتیکە لە دژی ئێتنیکییەتەکان.

**ڕەسووڵ نامی، دیزاینەری قاڵی لە تەورێز (ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات):**
پێم وایە فارسەکان تا ڕادەیەک مافی تورکیان خواردووە و ئەم بابەتەش بەداخەوە لە ناو بنەماڵەدا قبووڵ کراوە.

فارسەکانیش لەسەر ئەو باوەڕەن کە پرس و گرفتەکانی وڵات ناگەڕێتەوە بۆ ئێتنیکێکی تایبەت و ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵات لەم بوارەوە بەرگەزندن. بە واتایەکی تر، زۆرێک لە فارسەکان وێڕای دانانیان بە گەشەنەسەندن و بێبەشبوون لە ناوچە ئێتنیکییەکاندا، ئەو دۆخە نەک لە ئەنجامی هەڵاواردنی ئێتنیکی و نێوان ئێتنیکی، بەڵکو وەک دەرئەنجامی سیاسەتی ناوەندگەرا و ناکارامەی حکوومەت هەڵیدەسەنگێنن و فاکتەری ئێتنیکی لە دروستکردنی ئەم بارودۆخانەدا بە لاوەکی دەزان، نەک ناوەندی و بنەڕەتی. ڕوانگەی ئەم گرووپە بەرامبەر کەمینەی سوننە ئەوەیە کە ئەم گرووپە دەفرایەتی لێبوردەیی و پشوودرێژییان تێدایە و هەڵسوکەوتیان نەرم و نیانترە.

**ناسر ئامولی موقەددەم، ڕۆژنامەوان و چالاکی ڕیفۆرمخواز لە مەشهەد (خوراسانی ڕەزەوی):**
من لە حەوزەی عیلمییەی خاف لەگەڵ مەولانا موتەهەری لەسەر شیعە و سوننە تێکەوتین و ناوبراو زۆر سادە و ساکار لە پێش چاو قوتابییە سوننەکاندا لەگەڵ من وتووێژی کرد. ئەمانە کەسانێکی ڕووناکبیر، باوەڕپێکراو و باش دەنوێنن.



وێنەی ژمارەی ٣-١٥: وتووێژ لەگەڵ ڕەسووڵ نامی

دەسکەوتەکانی ئەم دێڕانەی سەرەوە لە چوارچێوەی دوو جۆرە دنیابینی جیهانی خۆ و جیهانی ئەویدی و هەڵسەنگاندنی نێوانیان دەبێتە هۆی هەستکردن بە جۆرێک هەڵاواردن کە بەو پێیەش، هەر یەکە لە گرووپە ئێتنیکییەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە هەڵاواردنیان بەرامبەر دەکرێت و دەرفەتەکانی وڵات لە دەستی گرووپی دیکەدایە. سازبوونی ئەم جۆرە هەستکردن بە هەڵاواردنە دەتوانێ دەرەنجامی فاکتەر و هۆکاری زۆر بێت. بەشێک لەم هەستە دەگەڕێتەوە بۆ یاسا کە تیایدا گرووپە ئێتنیکی و ئایینییە جۆراوجۆرەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە لە یاسا فەرمییەکانی وڵاتدا هەڵاواردن دژیان کراوە. بەشێکی دیکەش لەم هەستە دەگەڕێتەوە بۆ دیاردەیی ئایین کە لەسەر ئەو بنەمایە، ئەم باوەڕە دێتە ئاراوە کە لە دژی گرووپە ئایینییە نافەرمییەکانی وڵات هەڵاواردن لە ئارادایە. بەشێکی دیکەی ئەم هەستە لەسەر هەڵاواردن دەگەڕێتەوە بۆ دیاردەی سیاسی و هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارانی حکوومەتی کە لە درێژەی تەمەنی چل ساڵەی شۆڕشی ئیسلامیدا لە دەستی یەک لایەنی زمانی، ناوچەیی و ئایینیدایە و لایەنەکانی دیکە لەم دەسەڵاتدارییە بێبەش کراون و بۆیە دەرفەتی زیاتر بۆ ئەو ناوچە تایبەتانە بەردەست بووە و ناوچەکانی دیکە بێبەش کراون.

ئایینی فەرمی لە ئێراندا بەپێی دەستووری بنچینەیی ئیسلام و ئایینزای شیعەیە و گەیشتن بە پۆستە باڵاکان و بەڕێوەبەرێتی وڵات و پارێزگا مەرجی ئەوەیە کە بەرپرس یان بەڕێوەبەر و ... لەسەر ئایینزای فەرمی وڵات بێت. دیارە کە ئایینزا ئیسلامییەکان و کەمینەکان لەم بوارەدا جێگەوپێگەیەکیان نابێت و ئەم مافانەیان پێ نادرێت. کاتێک کە لە پۆستە باڵا بەڕێوەبەرێتییەکاندا ئامادەبوونیان نەبێت و هەلومەرجی بێ دەسەڵاتی و بندەستبوون برەخسێت، ڕێژەی هەستکردن بە هەڵاواردن زیاد دەکات و ئەم هەستەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆحی دەستوور.

نوانەی ژمارەی ٣-١٠ و نوانەی ژمارەی ٣-١١ ڕێژەی هەستی هەڵاواردنی سیاسی لە نێو گرووپە نوخبەکان و گشتیی خەڵک پیشان دەدەن کە توێژینەوەیان لەسەر کراوە. سەتا ٨٤٫٤ی نوخبەکان

و سەتا ٨٥,٥ خەڵکی ئاسایی لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ئێتنیکە ئێرانییەکان لەگەڵ هەڵاواردن و نایەکسانیی سیاسی ڕووبەڕوون.




نوانەی ژمارەی ١٠-٣: ڕێژەی هەستکردن بە هەڵاواردنی سیاسی-نوخبەکان




نوانەی ژمارەی ١١-٣: ڕێژەی هەستکردن بە هەڵاواردنی سیاسی- خەڵکی ئاسایی

## تێکەڵکردنی بیروباوەڕە نەریتی و مودێرنەکان

لە مێژووی کۆمەڵگای مرۆییدا، گواستنەوە لە سەردەمی نەریتی و کلاسیکەوە بۆ سەردەمی مۆدێرن، ئەزموونێکی هەمەلایەنە و هەمەچەشنە، کە بە گوێرەی بناغەی مەعریفی و جیهانبینییە تەکنیکی و ئابووری و سیاسیەکانی کۆمەڵگاکان، لە جوگرافیای هەریەک لە شارستانییەت و وڵاتاندا چارەنووسی جیاوازی تێپەڕاندووە. لە شارستانیەتی ڕۆژئاوادا، وەک پێشەنگی سەردەمی نوێ، گواستنەوە لە سەردەمی نەریتەوە بۆ سەردەمی نوێ پاش سەرهەڵدانی ڕۆنیسانس، پرۆسەیەکی خۆڕسکی هەنگاو بە هەنگاوی تێپەڕ کرد. پاشان لە ئەنجامی بەرکەوتنی ڕۆژئاواییەکان لەگەڵ وڵاتانی دیکە، ئەم ئەزموونە نوێیە، ڕێی بردە نێو کۆمەڵگاکانی دیکە و بناغەی گۆڕانکاریی لە ژیانی گشتیاندا ڕەخساند. ئێران لە ڕیزی ئەو کۆمەڵگایانەدا دادەنرێت کە سەرەڕای زیاتر لە دوو سەدە

چوونە ناو بازنەی پەیوەندییەکانی شارستانییەتی نوێ، هێشتا لە دۆخێکی گواستنەوەدایە و لە ئاسۆی هەردوو جیهانی نەریتی و مۆدێرندا دەژی. دۆخێک کە بە بڕوای هەندێک لە شارەزایان دژ بەیەک و ناتەبایە و بە بڕوای هەندێکی تر ئەگەری یەکگرتن و پێکەوەژیان لە نێوانیاندا هەیە و سەرکەوتن لە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن دژایەتیکردنی بناغە تەقلیدی و میراتییەکان نییە، بەڵکو پەیوەستە بە ڕووبەڕووبوونەوەی عەقڵانی و ڕەخنەگرانە لەگەڵیدا.

بێگومان مرۆڤی ئەمڕۆ بە بینینی شێوازە نوێیەکانی ژیان لە سەردەمی مۆدێرندا، زۆرێک لە ڕەفتارەکانی کۆمەڵگەی تەقلیدی و نەریتی بە نەشیاو دەزانێت و لە لایەکی دیکەشەوە بارودۆخی سارد و بێ ڕۆح و تاکگەرایی ژیان لە شارە گەورەکانی ئەمڕۆدا هەستی نۆستالژیکیان دەورووژێنێت و بەم شێوەیە یادەوەریی ڕۆژانی کۆن زیندوو دەکاتەوە. جگە لە گرنگیی هەستیارانەی بیروباوەڕەکان، بارودۆخی ژیانی کۆمەڵگای ئێران کە ئایین وەک بابەتێکی نەریتی و مێژوویی تێیدا ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە، هۆکارێکی دیکەیە کە بووەتە هۆی بەدامەزراوەییکردنی زۆرێک لە بەها و نۆرمە نەریتی و خۆجییەکان تێیدا، بەڵام ئەم بابەتە نەبووەتە هۆی گۆڕانی تێڕوانین و باوەڕی زۆرێک لە بەرەکان و ئەمڕۆ شایەتحاڵی گواستنەوەیەکی باوەڕی-بەهایی لە نێو ئەندامانی کۆمەڵگادایین، کە سەرەڕای پاراستنی هەندێک بیروباوەڕی ئێتنیکی و کۆن، لە دیدێکی عەقڵانی و کارایییەوە ژینجیهانێکی باوەڕی_ بەهایی نوێی داهێناوە.

بەپێی دەسکەوتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، گرووپە جۆراوجۆرە ئێتنیکی و ئایینییەکان ئەو بەشەی دابونەریتی کۆن و مێژووییان پاراستووە کە لۆژیکی بووە و لە سڕینەوە یان لەبیرکردنی لایەنە نالۆژیکەکانی خۆ نادزنەوە. بە واتایەکی دیکە ئەو کەسانەی وتووێژیان لەگەڵ کراوە پاش جوداکردنەوەی نەریتە چاک و خراپەکان و ئاماژەدان بە نموونەی ئەم نەریتانە، ئەو خاڵەیان باس کردووە کە ئەو دابونەریتانەی لەسەر بنەمای عەقڵ و لۆژیکن و لە جیهانی نوێدا لایەنی مرۆڤانە و ئەخلاقی دەگرنەوە پێویستە بپارێزرێن و بەهێز بکرێن، بەڵام ئەو نەریتانەی کە هیچ پاکانەی ئەخلاقی و لۆژیکیان بۆ ناکرێ و زیاتر دەکەونە بواری شتە خورافییەکانەوە دەبێ بسڕدرێنەوە.

**محەمەد ڕەمەزانی، مامۆستای زمانی ئینگلیزی، وەرگێڕ و چیرۆکنووس لە بۆکان (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**

لە باری نەریتەکانەوە ئەو بەشەی کە پێم ژیرانە و لۆژیک بووە پاراستوومە (ڕاستی و میوانداری و ...) بەڵام بەشێکی دیکە ژیرانە نابینم (شەرمە بێهۆکان) و هەندێ خورافەشم قبووڵ نییە. ئەڵبەت جەبر و زەبری زەمەن و گوورانی مرۆڤ ئەم بابەتانە بەلاوە دەنێت.

**حەسەن فشارەکی، نووسەر و وەرگێڕ لە ئەسفەهان:**
نە نەورۆز نە عاشوورا نابێ بە زەبر و زۆر بەسەر کەسێکدا بسەپێندرێن. خەڵک ئازادن دابونەریتیان هەبێت. دابونەریتی چاک و خراپیشمان هەیە. بۆ نموونە قەمەلێدان و خەتەنەکردن دابونەریتی خراپ و خەسارەدەرن. دابونەریتی لۆژیک و مرۆیی و ئەخلاقیی گونجاوی جیهانی نوێ پێویستن

لەو بەها و بایەخانەی کە لە سەردەمی نوێدا ڕەخنەی جیددییان لەسەرە، بەها ئایینی، باوەڕی و ڕێساییە هەڵەکانن. بە بڕوای خەڵک، ئایین هەڵبژاردنێکی تاکەکەسییە و ئەوەیکە لە ڕێگای کۆمەڵگاوە ڕاگوێز دەکرێت واتای نابێتە ئەوەیکە هیچ گۆڕانێکی تێدا ناکرێت، بەڵکوو تاک دەتوانێ پاش قووڵبوونەوە و تێفکرین لەسەری بڕیار بدات. ئەڵبەت ڕەخنە و پێداچوونەوەی تاک لەسەر بەها و بایەخەکان دەگەڕێتەوە بۆ جۆری لێکدانەوە و شرۆڤەی کۆمەڵگا لەسەر شتەکە. پێداچوونەوەی ڕەخنەگرانە لەسەر نەریتی وەک قەمەلێدان کە لە ساڵیادی عاشوورادا لە هەندێ ناوچە بەڕێوە دەچێت جۆرێکە لەم بیرکردنەوەی دووبارە کە لەسەر بەها و بایەخە ئایینییەکان دەکرێت. گەڕاندنەوەی ئەم بەشە لە ئایین بە سەردەمێک کە زۆر دوور نییە پیشاندەری ئەوەیە کە بەها و بایەخەکان لە بنەڕەتدا زاتی نین و لە هەر سەردەمێکدا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. هەندێکی دیکە لە کاروبارە ئایینی، ڕێسایی و نەریتییەکان پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە؛ نموونەی وەک خەتەنەکردنی ژنان، زەواجی منداڵان، زەواجی کچان لەسەر خوێن لە نێوان دوو گرووپی خزمی و هتد نموونەی لەم چەشنەن کە لە نەریتی پێشینیاندا هەبووە و پێویستە پێداچوونەوەیان لەسەر بکرێت و لە کەلتووری خەڵک بسڕدرێنەوە. دەسکەوتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەش پیشاندەری مەیل و خواستی خەڵکە بۆ پێداچوونەوە لەسەر ڕوانگە نەریتی و کۆنەکان.

**عەلی تەهماسبی، خانەنشینکراو، توێژەر و نووسەر لە مەشهەد (خوراسانی ڕەزەوی):**
من لەسەر ئەو باوەڕەم کە ئێمە پێویستە بەردەوام بەخۆماندا بچینەوە و بەسەرماندا بێنەوە. ڕاستە کە ناتوانین تەواو لە ڕابردوو دابڕێین بەڵام نابێ لە ڕابردووشدا بمێنینەوە و ئێمە دووپاتکردنەوەی خۆمان نین، درێژەی خۆمانین...، بەڵام ئەم درێژەدانە جۆرێک پێداچوونەوەیە... پێشینیانی من هەڵەیان هەبووە و ئێستا کە من خەریکی پێداچوونەوەی ڕابردووم دەبێ ڕەخنەی لەسەر بگرم.

**کوڕێکی تەمەن ٢١ ساڵ لە سمنان:**
چاو لێکە من دەمارگرژ نیم، ئەویش لەبەر ئەوەیکە ڕۆڵ و دەورێکم لە ئێتنیک یان ئاییینی خۆمدا نەبووە؛ چونکە دایک و بابم بەو جۆرە بوون منیش بە هەمان شێواز گەورە بوومە و فێر کراوم. بۆیە ئەگەر ئەم شتە فێر بین چیدی دەمارگرژیمان نامێنێ.

لەم پێوەندییەدا زۆرێک لە هاووڵاتیان ئاگاداری ئەوەن کە شوناسە ئێتنیکی و ئاییینییەکانیان پێیان گەیشتووە و بۆ خۆیان بەدەستیان نەهێناوە و هەر بەم بۆنەشەوە بەرامبەریان کەمتر دەمارگرژن. زیادکردنی ئاست و پانتایی ئەم جۆرە لە خۆئاگایی تاکەکەسی و جەماوەری، یەکێک لە پێداویستییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای فرە ئێتنیک و فرە شوناسی ئێرانە، تاکوو لە پەنایدا دەرفەتێک بۆ چارەسەرکردنی ئاڵنگاری و ناکۆکی نێوان ئێتنیک و شوناسەکان برەخسێت و بواری پێکەوەژیانی ئاشتیانە و لێبوردەیی تەوەر زیاتر لە پێشوو دابین بکرێت.

### ئامادەنەبوونی نوخبەکان و پەرەنەسەندوویی

پەرەسەندن[1] چەمکێکە بە واتای بەرفراوانکردنی توانای سیستەمی کۆمەڵایەتییە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگا، گەشەی ئابووری، زیادکردنی بەرهەمهێنان و باشترکردنی ئاستی خۆشگوزەرانی. لەم ڕووەوە چەندین ڕەهەندی ئابووری، سیاسی، کولتووری، خۆشگوزەرانی، پەروەردەیی، تەندروستی و ژینگەیی لە خۆ دەگرێت (عظیمی، ١٣٨٢، ٤٢). بە پێی پێنوێنە چەندایەتی و چۆنایەتیەکانی پەرەسەندن، کۆمەڵگاکان بە گشتی دابەش دەکرێن بەسەر سێ ئاستی پەرەسەندوو، پەرەنەسەندوو و پەرەئەستێندا.

پەرەنەسەندوویی، دۆخێکە کە بەهۆی ناتەبایی نێوان هۆکارە ئابوورییەکان و تەکنەلۆژیای بەردەست، ناتوانرێت لە سەرمایە و هێزی کاری کۆمەڵگا کەڵکی پێویست و شیاو وەربگیردرێت و وڵاتی گەشەنەسەندوو وڵاتێکە کە لە ڕووی ستاندارد و پێوەرەکانی گەشەوە لە ئاستێکی نزمدایە (رسول زادە اقدم و طاهری، ١٣٩٣، ٩٢). ئەم ناونیشانە ئاماژەیە بۆ ئەو وڵاتانەی کە لە ڕووی زانست و تەکنەلۆژیا، بەرهەمهێنان، بەڕێوەبردن، تەندروستی و پەروەردەدا پێش نەکەوتوون و نەگەیشتوونەتە شوێنی گونجاو. سەبارەت بە خەسارناسیی پەرەسەندن و ئاستەنگەکانی، باس لە ڕۆڵ و کاریگەریی فاکتەری جۆراوجۆری ئابووری، کولتووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و مرۆیی کراوە و لە مژاری هێز

---

١. Development

و سەرچاوە مرۆییە کاریگەرەکان لەسەر پەرەسەندن، نوخبەکان گرنگییەکی ناوەندی و بنەماییان هەیە. بە بڕوای هەندێک لە بیرمەندان، نوخبەکانی کۆمەڵگا دابەش دەبنە سەر دوو گرووپی نوخبەی فیکری و ئامرازی. مەبەست لە نوخبەی فیکری؛ بیرمەندان و تیۆریسیەنەکانی کۆمەڵگان و نوخبەی ئامرازییش، بریتین لە کەسانی خاوەن سامان و دەسەڵات. یەکێک لە مەرجە بنچینەییەکانی پەرەسەندنی هەر کۆمەڵگایەک، بوونی ئەم دوو گرووپە نوخبەیە و کۆدەنگیی بۆچوون و ئیرادەیانە بۆ بەکارهێنانی توانا و شارەزاییەکانیان بەشێوەیەکی گونجاو بە ئاقاری پێشکەوتن و گەشەی کۆمەڵگادا. خەسارناسیی گەشەنەسەندوویی لە ناوچە ئێتنیکییەکان، لە ڕووی فاکتەری سەرچاوە مرۆیی و هێزە پسپۆڕەکانەوە، باس لە نەبوونی نوخبەی فیکری و ئامرازی لە ناوچە ئێتنیکییەکان و بێبەشبوونی جوگرافیایان لەم هێزە بنەماییانە دەکات. لە ڕوانگەی تیۆری نوخبەکانەوە، مەیدانی نوخبەیی گێژەن و ناوەندی مژاری پەرەسەندنە و لە پەرەسەندنی هەر کۆمەڵگایەکدا توانای فیکری و ڕێکخستنی نوخبەکان ڕۆڵێکی حاشاهەڵنەگر دەگێڕێت (ملکی، ١٣٨٨، ١٤٨-١٤٩).

> **مەحموود ئیفتیخاری، خانەنشینکراوی کەلەپووری کەلتووری تاران و پسپۆڕی هونەری ئێران لە سمنان:**
> لە وەها مەڵبەندێکدا کە ئێمە دەژین ناتوانین بە دڵنیایی و متمانەوە باس لە هیچ شتێک بکەین... وەک بڵێی هیچ پەندێکمان لە مێژوو وەرنەگرتووە و بەردەوام خەریکین بە ناو خۆماندا دەسوورێینەوە.

دەسکەوتەکانی لێکۆڵینەوەی بەردەستیش ڕۆڵی سەرەکی هۆکارە ناوخۆیی و مرۆییەکان لە پەرەنەسەندن و پێشنەکەوتنی دۆخی ئێتنیکەکان پشتڕاست دەکەنەوە، بۆ نموونە ئەو کەسانەی وتوویژیان لەگەڵ کراوە لەسەر گرنگبوونی گەڕانەوەی دەرچووانی زانکۆی تەوریز پاش تەواوکردنی خوێندن بۆ پێشکەوتنی ئەم شارە جەخت دەکەنەوە. لە لایەکی دیکەوە سەبارەت بە هۆکاری دواکەوتوویی پارێزگای وەک سیستان و بەلووچستان دیسان باس لە هۆکار و فاکتەرە ناوخۆییەکان و ژمارەی کەمی دەرچووانی زانکۆ لە نێوان خەڵکی ئەو ناوچەیە دەکرێت.

> **پەیمان ناسیحپوور، مامۆستای زانکۆ و ژەنیار لە ئەردەبیل:**
> هۆکاری بەرزتربوونی پلەی تەوریز ئەوەیە کە دەرچووانی زانکۆ پاش تەواوکردنی خوێندن دەگەڕێنەوە بۆ شارەکەی خۆیان. تەورێزییەکان هەر یەکە سووچێکی شارەکە دەگرن و بەرەو پێشخستنی دەبەن.

**سەردار فتووحی، ڕاوێژکاری پلانە لێکۆڵینەوەییەکانی دەوڵەت و کەرتی تایبەت لە سەقز (کوردستان):**
سیاسەتێکیش هەیە لە ئاستی زانکۆییدا، گەنجان دەچنە زانکۆ گەورەکان و هەر لەوێ نیشتەجێ دەبن و چیدی ناگەڕێنەوە. ئەو دەرفەتانەی لە شارەکانی وەک تاران و تەوریز و شارە پێشکەوتووەکاندا هەیە دەبێتە هۆی نەگەڕانەوەی نوخبە زانستی و ئاکادمیکەکان بۆ شارەکانی خۆیان کە بۆتە هۆی دواکەوتنی ئابووریی کوردستان.

**محەمەد گوڵ کەهرازە، ئەندامی لیژنەی زانستیی زانکۆی زاهیدان لە زاهیدان (سیستان و بەلووچستان):**
نوخبە بەلووچەکان لە پارێزگادا (هەموو دوکتۆر و مامۆستاکانیان) ڕەنگە ٥٠ تا ٦٠ کەس زیاتر نەبن... بۆ خۆت ئەمە لەگەڵ کوردەکان هەڵسەنگێنە. لە قۆناغی یەکەمدا دەبێ بە دوای خوێندندا بچین... ئایا ئایین بۆتە هۆی ئەوەیکە کوردەکان نەگەنە داواکارییە سیاسییەکانیان؟ من دەڵێم نەخێر. سنەیش داواکاری سیاسیی تایبەتی خۆی هەیە و باشترین پۆستەکانی بەڕێوەبەرێتی و قایمقامێتی و ... هەیە. کەواتە ئایین نەبۆتە هۆی ئەوەیکە لێرە کۆمەڵێک داواکاریی سیاسی دەستەبەر نەبن... بۆیە کێشە لە شتی دیکەدایە. ئێمە دەبێ خەریکی خوێندن و زانست بین تا داواکاریی سیاسیمان هەبێت.

**زاهیر سارایی، چالاکی ئەدەبی و شاعیر لە ئیلام:**
من پێم وا نییە کە هەڵاواردنی تایبەت، بیرمەندانە و سیستەماتیک وەها بێت کە بۆ نموونە ئێتنیکی ئێمە دواکەوتوو بهێڵنەوە. ئەم ئێتنیکە بە هەر حاڵ وەک هەموو ئێتنیکەکانی دیکە لەم کۆمەڵگایەدا دەژیت و کێشەوگرفتیش لە هەموو شوێنی ئێران هەیە، لێرەش هەیە. بەشێک لە گرفتەکانی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی جوگرافاییمان، بۆ نموونە ئێمە لە سووچێکی ئێرانداین، تا ڕادەیەک تێچووی هاتوچۆ و گواستنەوە زۆرە و هەناردەکردن قورسە و بۆیە نرخی کاڵا و شمەک بەرز دەبێتەوە. کێشەی بێکاری هەیە. هەر ئەمانەش کۆمەڵێکی زۆر گرفتن کە لە هەموو شوێنی ئێراندا بەدی دەکرێن.

لەم ڕوانگەیەوە، ئەو نوخبانەی کە دەبێ ئەرکی وشیارکردنەوەی کۆمەڵایەتی و کۆنترۆڵی گەشە

و پەرەسەندنی هەمەلایەنە بگرنە ئەستۆ، یان هێشتا بەو ڕادە و قەبارەیەی کە کۆمەڵگا پێویستیە، پێنەگەیشتوون و ڕانەهاتوون، یان بەهۆی هۆکارە ڕەتکەرەوەکانی کۆمەڵگای خۆماڵییان و بۆنەکانی وەک نەبوونی بواری گونجاوی ئیشکردن و کۆچکردن، کۆمەڵگا لە دەرفەتی بوون و دەورگێڕان و کاریگەرییان لە پێشخستنی کۆمەڵگادا بێبەش بووە.

## پێوەندیی دەوڵەت و ئێتنیکەکان

دەوڵەت، وەک دانەر و بەڕێوەبەری سیاسەتە مەزن و وردە کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابوورییەکان، پەیوەندییەکی کاریگەر و دیاریکراوی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێتنیکی و ئێتنیسیتە و داواکارییە ئێتنیکییەکاندا هەیە، کە شێواز و ڕەهەند و چۆنییەتی ئەو پەیوەندییە لە دووتوێی سیاسەتی ئێتنیکیدا ڕەنگ دەداتەوە. لە وڵاتانی خاوەن گرووپی ئێتنیکیی فرەڕەنگدا، سیاسەتەکانی سیستەمی حوکمڕان بەرامبەر بە ئێتنیسیتە زیاتر بە دوو شێوە ڕوودەدەن: یەکەم، لە ڕێگەی دانان و جێبەجێکردنی سیاسەتێکی ئێتنیکیی ڕوون و داڕێژراو، کە لە ڕاستیدا دەرئەنجامی تێڕوانینی سیاسەتی فەرمییە بۆ ئێتنیسیتە و چۆنیەتی کارلێککردن لەگەڵیدا. لەم حاڵەتەدا بابەتی ئێتنیکی وەک هەر پرسێکی دیکە لە لایەن دامەزراوە فەرمییەکانەوە بە ڕوونی پێناسە دەکرێت و بە پشتبەستن بە میکانیزمە فەرمییەکانی بڕیاردان و داڕشتنی سیاسەت، هەڵوێستی ڕوون و شەفاف دەخرێتەڕوو. شێوەی دووەمی سیاسەتی حکوومەت بەرامبەر بە ئێتنیسیتەکان و پرسی ئێتنیکی، نەبوونی پلان و هەڵوێستی ڕوون و ڕاشکاوانەیە سەبارەت بە مژارە ئێتنیکییەکان. لەم هەڵوێستەدا، سیاسەتی ئێتنیکی بە شێوەیەکی سەرەکی لە ژێر سیاسەتی گشتیی کەلتووری، ئابووری، کۆمەلایەتی و هتددا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێناسە و جێبەجێ دەکرێت و دەوڵەت، لەبەر چەند هۆکارێک، وەک کپکردنی پرسە ئێتنیکییەکان و بە ناسیاسی دەرخستنیان، خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاشکرا و داڕشتن و دیاریکردنی سیاسەت و پلان لەم بوارەدا دەدزێتەوە.

سیاسەتی ئێتنیکیی کۆماری ئیسلامی ئێران، فۆرمێکی دیارینەکراو و ناڕوونی هەیە کە زۆرجار لە دووتوێی سیاسەتەکانی دیکەدا پلانی بۆ داڕێژراوە و پتر لە چوارچێوەی بەڕێوەبردنی ناوچەیی و پارێزگاییدا جێبەجێ دەکرێت. هەرچەندە هەندێک جار بە پشت بەستن بە دەرفەتە هەلپەسێردراوەکانی دەستووری ئێران ،کە هەڵگری ڕێژەیەکی کەمی مافی ئێتنیکی و ئایینین، لە ژێر کاریگەری گوتاری سیاسی ڕیفۆرمخوازی هەندێک لە دەوڵەتەکاندا، هەوڵ دراوە هەڵوێستێکی هەرچەند کەم و کورت هەمبەر داواکارییە ئێتنیکییەکان بگیردرێتە بەر، بەڵام بە گشتی، لە سیاسەتی ئێتنیکیی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیدا جگە لە بڕگەکانی دەستوور کە زۆربەیان پشتگوێ خراون، هیچ سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرا و داڕێژراو سەبارەت بە ئێتنیسیتە بوونی نییە و بە هۆی ڕوانگەی ئەمنیی ڕژێم بۆ هەبوونی گرووپ و پرسە ئێتنیکییەکان، هێڵکاری گشتیی هەڵوێستە سیاسییەکان بەرامبەر بە ئێتنیکەکان زیاتر بە بەشداریکردن و ڕاوێژی دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەکان پەسەند

دەکرێن و بە شێوەیەکی ڕانەگەیەندراو و ناڕاستەوخۆ دەخرێنە بەرنامەی دامەزراوە حکومییەکان.

دانەنان بە مافە ئێتنیکییەکان لە یاسا گشتی و تایبەتەکاندا، نەبوونی شەفافیەت لە هەڵوێستەکانی حکوومەت سەبارەت بە داواکارییە ئێتنیکییەکان، هەوڵدان بۆ ئەوەی شوناسی ئێتنیکی و بوونی گرووپە ئێتنیکییەکان ناسیاسی و بچوک بکرێتەوە بۆ دیاردەیەکی کەلتووریی سەر بە بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، بالادەستیی خوێندنەوە و ڕوانگەی ئەمنی بۆ پرسی ئێتنیکی و لە ئەنجامدا بەڕێوەبردنی ئەمنی و سەربازیی ئەو پرسە، سیاسەتی ئێتنیکی کۆماری ئیسلامی ئێران پێک دێنن، کە بووەتە هۆی دروستبوونی پەیوەندییەکی ناتەندروست، دژکارلێککارانە، لاواز، ناجێگیر، دوور لە متمانە، دوژمنکارانە و دژە ئاشتی لە نێوان دەوڵەت و ئێتنیکەکاندا.

دەسکەوتەکانی ئەو زانیارییانەی کە لە بەشداربووانی ئەم لێکۆڵینەوە کۆ کراونەتەوە باس لە پێوەندی لاواز و دوور لە متمانە و داخوازیی بەدینەهاتووی ئێتنیکەکان لە دەوڵەت دەکەن، کۆمەڵێکی زۆر داخواز و داواکاری شیاوی ئاماژەن، بەڵام بەپێی ڕیزبەندی ئەو بابەتانەی کە بەشداربووانی ئەم لێکۆڵینەوە بەرچاویان بووە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین. یەک لە داواکارییە زەقکراوەکان کە لەگەڵ بانگەشەی ئیسلامخوازی و خەڵکسالاریی ئایینی دەسەڵات یەک ناگرێتەوە لەبەرچاو نەگرتنی داواکارییەکانی کۆمەڵگای سوننەیە کە گەورەترین کەمینەی موسوڵمانی ئێرانن.

میدیا جەماوەرییەکان یەکی دیکە لە ئامرازە گرنگەکانن کە لە ڕێبازی پاوانخوازیی کەلتووریدا دەور دەگێڕێت و لە سەردەمی ئێستادا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر کاریگەری و گرنگبوونی دەردەکەوێت. ڕای بەشداربووان سەبارەت بە دەوری میدیا گشتییەکان ئەوەیە کە کەڵک وەرگرتن لە میدیا تەنیا بەرژەوەندی بەشێک لە شوناسی بەکۆمەڵی ئێران دەگرێتەوە، بەو واتایەی کە ئەگەرچی شوناسی ئێران بریتییە لە کۆمەڵەیەک ئێتنیک و ئایین، بەڵام میدیایەک کە وەک میدیای نەتەوەیی پێناسە کراوە، تەنیا بۆ بڵاوکردنەوەی بەشێک لەو شوناسە بەکۆمەڵە چالاکی دەکات و ئەویش ئایینزای شێعە و فارس زمانەکانە، بۆ ڕوونکردنەوەی هۆکاری ئەمەش دەتوانین ئاماژە بە بابەتێکی گرنگ لە فەلسەفەی سیاسی بکەین، ئەوەیکە دەسەڵات مەیل و خواستی لەسەر ئەوەیە کە لە ڕێبازی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتداراندا بجووڵێتەوە، مەگەر ئەوەیکە کار و ڕەوتی ورد و بەکوالێتی دیموکراسی بتوانێ ببێتە لەمپەری وەها ڕەوتێکی گەندەڵیهێنەر کە ئەویش پێویستی بە ئازادی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا و بە واتای ڕاستەقینە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. هەر بەم بۆنەوە و بەپێی قسەی بەشداربووان لە ئێراندا، دەسەڵاتی میدیا دەنگی و ڕەنگییەکان لە ژێر دەستی دەسەڵاتدایە و دیارە کاتێک وەها دەسەڵاتێک بوونی هەبێت، بابەتی بەرژەوەندییەکان دێتە ئاراوە و تاقمی دەسەڵاتدار بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان کەڵکی لێ وەردەگرن.

هەروەها ئاقاری چاپەمەنییەکانی ئێرانیش لە ژێر دەسەڵاتی یەک لە وەزارتخانە دەوڵەتییەکاندایە و ئەوانیش لە ڕێبازی سیاسەتە ئایدۆلۆژیکەکانی خۆیاندا بەڕێوەبەرێتی دەکەن. سەرەڕای ئەمەش، کۆنترۆڵێکی توندیش کەوتۆتە سەر ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لە سێبەری فیلتەرینگێکی

قورسدا ناتوانن ئازادانە زانیاری و بۆچوونەکانی خۆیان دەر ببڕن و بڵاوبکەنەوە. دۆخی نالەباری ئابووریی ئەم گرووپانەیە هۆکارێکی دیکەی ناڕەزایی و هەڵوێستی ڕەخنەئامێزیانە هەمبەر دەوڵەت، چوون زۆربەیان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ڕێژەیەکی بەرچاوی دەرفەتە ئابوورییەکانی وڵات لە ناوەڕاست و ناوەندی وڵات و ناوچە فارسنشینەکاندا کۆ بووەتەوە.

بابەتی دیکەش کە گرووپە ئێتنیکییەکانی بەرامبەر بە سیاسەتەکانی دەوڵەت ناڕازی کردووە شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ زمانی دایکییە، زمانی دایکی گرنگترین پێنوێنی کەلتووری ئێتنیکییە کە لە پانتایی کەلتووری گشتیی هەر یەک لە ئێتنیکەکاندا بایەخێکی مەزنی هەیە، لەم بوارەشدا بەشداربووانی هەر یەکە لە گرووپە ئێتنیکییەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەگەرچی بۆ فێرکاریی زمانی دایکی ڕێکاری یاسایی دانراوە، بەڵام هێشتا نەڕۆیشتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە. بابەتێکی دیکە کە دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی ئاقاریی ئەم ناوچانە ئەوەیە کە حەشیمەتی گەنجی زۆریان هەیە و نەخوێندەواربوون لەو شوێنانە و بەتایبەت لە نێو پیاوانی بە تەمەن و گەورەساڵ زیاترە لە ناوچە فارسنشینەکان کە وێڕای سیاسەتەکانی دەوڵەت هەر ئەم هەلومەرجە ئاقارییە بۆ خۆی دەورێکی سەرەکی گێڕاوە لە دواکەوتووییان. لە ئەنجامی ئەم دۆخە و بابەتی دیکەی نایەکسانی کە لە شوێنەکانی دیکەی ئەم بەشەدا باسیان کراوە، خەڵکی گرووپە ئێتنیکییەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە لە کاتی داواکردنی داواکارییەکانیان، لە باتی ئەوەیکە هەنگاوێک بۆ چارەسەرکردنیان هەڵنرێت، وەک ئامرازێک سەیر دەکرێن بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات لە لایەن سیاسەتوانانەوە و هەر یەکەیان لە کاتی هەڵبژاردنەکان، ئەم داواکارییانە دەگۆڕن بۆ دروشم و ڕێکلام و کەڵکاوەژووی هەستی خەڵکی ناوچەکان دەکەن و پاش ئەوەی دەسەڵاتیان کەوتە دەست بەڵێن و پەیمانەکانیان بیر دەچێتەوە. خەڵکی ئەم گرووپە ئێتنیکییانە هەروەها باس لەوە دەکەن کە لە کاتی باسکردنی داواکارییەکانی خۆیان و هەروەها بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمە ئێتنیکی و ئایینییەکان لە ناوچەکانی خۆیاندا، کاردانەوە و بەرەنگاربوونەوەیان بەرامبەر دەکرێت. لە ڕوانگەی ئەم تاقمەوە ئاقاری چەکدارانە لەسەر وڵات زاڵە و بێجگە لە هێزە چەکدارە فەرمییەکان لە لایەن گرووپە چەکدارە نافەرمییەکانیشەوە بەرەنگاریان دەبنەوە. ئەنجامی وەها دۆخێک لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئەوەیە کە کۆمەڵگا تەنیا یەک دەنگی تێدا هەڵدەبڕێت و کاروبارە کەلتوورییەکان لەلایەن یەک گرووپ و لایەنی تایبەتەوە قۆرخ دەکرێن و گرووپە ئێتنیکییەکانی دیکە دەخرێنە پەراوێزەوە.

### نەبوونی دامەزراوەی ئایینیی کەمینەکان لە ناوەنددا

ماددەی بیست و حەوتەمی پەیمانی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، کەمینەکان شیاو و ڕەوای بەدەستهێنانی مافە کەلتوورییەکانی خۆیان و گەشەپێدانی ئەم مافانە پێناسە دەکات (میثاق بین‌المللی حقوق مدنی و سیاسی، ١٩٦٦). بە واتایەکی دیکە ئەگەر کەمینەکان بتوانن کەلتووری تایبەتی خۆیانیان هەبێت و گەشەی پێبدەن، ڕێز لە مافی شوناسی کەلتوورییان گیراوە.

داتا و زانیارییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە کۆمەڵێک ئاماژەی تایبەت بە ناوەرۆکی مافە کەلتوورییە پشتگوێخراوەکانی کەمینەکانی تێدایە کە باس لە نەبوونی بنکە ئایینییەکان لە ناوەند واتا پایتەختی وڵات دەکەن. بەپێی ماددەی دوازدەیەمی دەستوور، «ئایینی فەرمی ئێران، ئیسلام و ئایینزای جەعفەریی دوازدە ئیمامییە و ئەم بەشە تا هەتاهەتایە ناگۆڕدرێ». هەر لەم ماددەیەدا، سەبارەت بە ئایینزاکانی دیکە هاتووە: «ئایینزا ئیسلامییەکانی دیکە بریتی لە حەنەفی، شافیعی، مالیکی، حەنبەلی و زەیدی ڕێزی تەواویان هەیە و پێڕەوانی ئەم ئایینزاگەلە بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمە ئایینییەکان بەپێی شەرعی خۆیان ئازادن؛ پەروەردەی ئایینی و کاروباری ناوخۆیی خۆیان (زەواج، تەڵاق، میرات و وەسیەت) و سکاڵا و پرسەکانی دەسەڵاتی دادیان لە دادگاکاندا بە فەرمی دەناسرێن و لە هەر ناوچەیەک کە پێڕەوانی هەر یەکە لەم ئایینزاگەلە زۆرینە بن، یاسا و ڕێسا ناوچەییەکان لە ئاستی دەسەڵاتی شووراکاندا بەپێی ئەو ئایینزاگەلە دەبێت، لەگەڵ پاراستنی مافەکانی پێڕەوانی ئایینزاکانی دیکە».

سەبارەت بە پێڕەوانی ئایینە ئاسمانییەکانی دیکە کە لە ئێران دەژین، ماددەی سێزدەیەم دەڵێت: «ئێرانییە زەردەشتی، جوولەکە و خاچپەرستەکان تەنیا کەمینە ئایینییە ناسراوەکانن کە بەپێی یاسا، بۆ ئەنجامدان و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی خۆیان ئازادن و بۆ کاروباری ناوخۆیی خۆیان و پەروەردەی ئایینی بەپێی ئایینی خۆیان هەڵسوکەوت دەکەن» (قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، ١٣٩٧، ١٧).

بەپێی بنەما ئایینییەکانی سیستەمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە لە ماددە جۆراوجۆرەکانی دەستوور ڕەنگدانەوەی هەیە و هەروەها بەپێی ماددەی سێزدەیەمی دەستوور، تەنیا زەردەشتییەکان، جوولەکەکان و خاچپەرستان کە ئایینی یەکتاپەرستییان هەیە وەک کەمینەی ئایینی دەناسرێن. بۆیە شێوازی کارلێک و دانوستان لەگەڵ ئێرانییە ناموسڵمانەکان کە ئایینێک بێجگە زەردەشتی، جوولەکە یان خاچپەرستییان هەیە لە ماددەی چواردەیەمدا شرۆڤە کراوە: «دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران و موسڵمانان ئەرکیان لەسەرە بەرامبەر بە کەسانی ناموسڵمان بە ئاکاری چاک و یەکسانی و دادپەروەریی ئیسلامییەوە هەڵسوکەوت بکەن و مافە مرۆییەکانیان بپارێزن. ئەم ماددەیە لەسەر ئەو تاقمە ڕاستە کە لە دژی ئیسلام و کۆماری ئیسلامی ئێران پیلان نەگێڕن و چالاکی نەکەن» (قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، ١٣٩٧، ١٧).

بەڵام بە پێچەوانەی دانانی ئەم یاساگەلە لەسەر مافەکانی ئەم گرووپە، پێڕەوانی ئایینە نایەکتاپەرستەکان لە ژێر زەبر و گوشاردان. ئاست و توندیی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگای بەهایی لە ئێران زیاترە لە گرووپە ئایینییەکانی دیکە. پێڕەوانی ئایینی یارسانیش کە زیاتر لە ناوچەی کرماشان و ئازربایجان دەژین لە ئاشکراکردنی ڕێوڕەسمەکانی خۆیان بێبەشن و زۆربەی ڕێوڕەسمەکانیان بە نهێنی بەڕێوە دەچێت، چونکە مافی ئاشکرا بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی خۆیانیان نییە. ٢٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وێڕای

دەربڕینـی نیگەرانـی جیددی سـەبارەت بە سـنووردارکردنی تونـدی ئازادیی بیروڕا، ویـژدان، ئایین یان بـاوەڕی کەمینـەکان، لەوانـە: مەسـیحی، بە دەرکردنـی بڕیارنامەیـەک، داوایان لە ئێران کـرد کە مافی ئـازادی ئاییـن و بیروبـاوەڕ بـۆ هەمـوو هاووڵاتیـان؛ واتـا هـەم ئەندامانـی ئـەو کەمینـە ئایینیانـە کـە لـە دەسـتووردا دانیپێدانـاون و هـەم ئەوانەی کە دەسـتوور دانیپێدانەنـاون، دابین بکەن (ادامـه نگرانی از وضعیـت آزادی دینـی در ایـران، ١٣٩٨).

**فەیسەڵ عامری، ژینگەپارێز و چالاکی کۆمەڵایەتی لە خووزستان:**

ئێمـە شـێعەین، یەمانین؛ دەمانەوێ ڕێورەسـمێکمان هەبێت و ڕێگـە نادەن یان لـە قوم ئەحمەد ئەلحەسـەن ئەلیەمانیان بەنـد کردووە...

**حەسـەن ناسر، بەڕێوەبەری دائیرەی کەلەپووری کەلتووریی شاری کاروون لە کاروون (خووزستان):**

مـن کۆمەڵێـک هاوڕێـم لـە نێـو سـەبییەکاندا هەیـە. کەسـایەتییە گەورەکانیـان هاوڕێمـن و پێکـەوە پێوەنـدیمان هەیـە. تەنانـەت بانگهێشـتیشمان کـردن. من سـەرۆکی مەندائیانـی ئێرانـم بـۆ دارچانـدن بانگهێشـت کـرد کـە چەنـدەش جنێویـان پێـدام کـە لەبەرچـی ئـەم پیـس و سـڵپۆتانەت بانگهێشـت کـردووە، مەگـەر بـۆ خـۆت شـێعە نیـت.



وێنەی ژمارەی ١٦-٣: وتووێژ لەگەڵ حەسەن ناسر

پێڕەوانی ئەم ئایینانە لە ناوچەکانی خۆیاندا لە هەبوونی بنکەی ئایینی تایبەتی خۆیان بێبەشن و دیارە لە ناوەند و پایتەختی وڵاتیشدا لە پەرسگەی تایبەتی خۆیان نییە. ئەڵبەت وەک ئاماژەی پێدرا، پێڕەوانی ئایینە یەکتاپەرستانەکانی خاچپەرستی، جوولەکە و زەردەشتی مافی هەبوونی بنکەی ئایینی خۆیان لە ناوچەکانی شوێنی ژیانی خۆیان و هەروەها شاری تاران وەک پایتەختی وڵات هەیە.

لە گەورەشاری تاران وەک پایتەخت و ناوەندی سیاسیی وڵات، ئێتنیک و ئایینە جۆراوجۆرەکان دەژین. یەکێک لەم گرووپە ئایینییانە شوێنکەوتوانی مەزهەبی سوننەن وەک دووهەمین گرووپی ئایینی وڵات کە بەپێی ئامارە نافەرمییەکان نزیکەی یەک ملیۆن کەسیان لە تاران دەژین، بەڵام لە درێژەی تەمەنی چل ساڵەی شۆڕشی ئیسلامیدا، لە هەبوونی مزگەوتێکی گەورە و ناسراو بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم و بۆنە ئایینییەکانی خۆیان بێبەش کراون. لە هەمووی ئەم ساڵانەدا، پێڕەوانی ئەم ئایینزایە کۆمەڵە خانوویەکیان بە شێوەی نافەرمی بۆ ئەداکردنی نوێژی هەینی و نوێژەکانی جێژن (جێژنەکانی ڕەمەزان و قوربان) بە کرێ گرتووە کە لەم بوارەشدا هەندێ سنووریان لەسەر دانراوە (سلیمانپور، ١٤٠١).

**دووکاندارێکی خەڵکی شنۆ (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**

لە باری ئایینییەوە، ئێمەیان لا گرنگ نییە. ئەم شارە چکۆلەیە مزگەوتی شێعەی هەیە، بۆ شارە گەورەکان مزگەوتی سوننەیان نییە.

**نەزەرمحەمەد دیدگاە، نوێنەری پێشووی پەڕلەمان و مەولەویی ئایینی لە ئێرانشار (سیستان و بەلووچستان):**

لە تاران و ئەسفەهان مزگەوتمان نییە. سوننەکان لە ماڵ نوێژ دەکەن. ئیمام خومەینی زەوی موسەلای گەورەی تارانی لە عەباساوا بە ئێمە دابوو. نامەی بۆ مەولانا عەبدولعەزیز نووسیبوو. من تەنانەت حەسێبی بانکیشم کردەوە تا بۆ دروستکردنی مزگەوت یارمەتی کۆ بکەمەوە. کوردێک بە من کە نوێنەری پەڕلەمان بووم وتبووی هەر نایەوێ یارمەتی کۆ بکەیتەوە، تێچووەکەی لەسەر من، بەڵام بەڵگەنامەی کارەکەیان نەدا. هەر ئەم ئاغایە کە ئێستا هەیە ڕێگەی نەدا و نەیهێشت، ئێمە پێکەوە لە پەڕلەمان هاوڕێ بووین.

ماڵپەڕی «سوننە ئانلاین» کە هەواڵەکانی کۆمەڵگای سوننەی ئێران بڵاو دەکاتەوە لەم ساڵانەی دواییەدا بە دەیان جار ڕاپۆرتی لەسەر بەرگریکردن لە بەڕێوەچوونی نوێژی جێژنی ڕەمەزان و قوربانی سونەکانی تارانی بڵاو کردۆتەوە. جودا لەم بەربەست و بەرگرییانە یەکێک لەو بابەتانەی

کە لەم ساڵانەی دواییەدا بۆتە هۆی تووڕەیی و ناڕەزامەندی پێڕەوانی ئایینزای سوننە و بەرنوێژانی هەینی سوننەی زاهیدان، ڕووخاندنی نوێژگەکانیانە لە ناوچەی پوونەکی تاران لە ساڵی ١٣٩٤ لە لایەن هێزەکانی شارەوانییەوە بە یارمەتیی هێزە چەکدار و ئەمنییەکان (تخریب نمازخانه اهل‌سنت در تهران، ١٣٩٤).



وێنەی ژمارەی ١٧-٣: ڕیزی نوێژکەرانی سوننە لە یەک لە نوێژگەکانی شاری تاران و ئەستەمبوونی ئامادەبوونیان لە ئاقاری چکۆلەی ئەو شوێنەدا

هەروەها لە تاران، یەک نووسینگەی تایبەتی سوننە بوونی نییە کە بتوانن زەواج یان تەڵاقیان لەوێ تۆمار بکەن. بۆیە ئەگەرچی حەنەفییەکان و شافیعییەکان سەبارەت بە زەواج و تەڵاق پێڕەوی لە حوکم و شەرعی دیکە جودا لە حوکمی ئایینزای شیعە دەکەن، بەڵام ناچارن لە نووسینگەکانی شیعەکان زەواج یان جوودابوونەوەیان تۆمار بکەن. منداڵان و قوتابییانی سوننەیش هەر لەو قوتابخانانەدا دەخوێنن کە منداڵانی شیعەی تێدایە. سوننەکان تەنانەت ناوەندێکی کەلتووری یان کتێبخانەیەکی تایبەتیان بەردەست نییە و ناتوانن کتێبەکانیان ئازادانە لە شوێنێک چاپ بکەن و بیانفرۆشن.

بێجگە لە بێبەشبوون لە پەرستگەی ئایینی بۆ پێڕەوانی سوننە لە پایتەختی ئێران، لەم ساڵانەی دواییەدا هەندێ سنوور و لەمپەریش خراوەتە سەر بەڕێوەبردنی قوتابخانە ئایینییەکانی ناوچە سوننەنشینەکان و لە ٨ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٨٦ی کۆچیی هەتاویدا، «ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی کەلتووری»[1] یاسایەکی لە ژێر ناوی «پێڕەوی ئەنجوومەنی دەوڵەتی پلاندارشتنی قوتابخانە ئایینییەکانی سوننە» بە مەبەستی کۆنترۆڵی بەڕێوەبەرێتی قوتابخانە ئایینییەکانی سوننە لە لایەن نوێنەرانی شیعە و دەستنیشانکراوی دەوڵەت و ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە پەسەند

١. شورای عالی انقلاب فرهنگی

کرد و مەحموود ئەحمەدینەژاد لە ڕەشەمەی ساڵی ١٣٨٦دا ئەو پێڕەوەی ڕاگەیاند. پێڕەوی ئەنجوومەنی پلاندارشتنی قوتابخانە ئایینییەکانی سوونەی ئێران ١٠ مادده و چوار پاشکۆی هەیە. لە ماددەی یەکی ئەم پەسندکراوی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی کەلتوورییەدا جەخت کراوەتەوە کە بەڕێوەبەرێتی قوتابخانە ئایینییەکانی سوونە دەبێ لە ژێر چاوەدێری «ئەنجوومەنی پلاندارشتنی قوتابخانە ئایینییەکانی سوونە» و «لە ژێر چاوەدێری ئەنجوومەنی نوێنەرانی وەلی فەقیە لە کاروباری سوونەکاندا» بێت (شورای عالی انقلاب فرهنگی، ١٣٨٦). هەر بەم بۆنەوە لەم ساڵانەی دواییەدا زۆرێک لە قوتابخانەکانی زانستە ئایینییەکانی سوونە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵاتدا ئەم کۆنترۆڵکرانەیان ڕەت کردەوە و داخران (دخالت دولت در مدارس اهل سنت و بازداشت روحانیون سنی، ٢٠١٢). یەک لەو بابەتانەی دیکە کە بۆتە هۆی ناڕەزامەندیی کۆمەڵگای سوونە دانانی بەربەست و سنوور لە سەر سەفەر و گەشتکردنی ناوخۆیی و دەرەوەی وڵاتی کەسایەتییە ئایینییە سوونەکانە، بۆ نموونە قەدەغەی گەشتکردنی: مەولانا عەبدولحەمید بەرنوێژی هەینی سوونەکانی زاهیدان، مەولانا گورگیج بەرنوێژی هەینی سوونەکانی ئازادشاری پارێزگای گوڵستان و کاک حەسەن ئەمینی بەڕێوەبەری قوتابخانەی زانستە ئایینییەکانی ئیمام بوخاری لە سنە و سەرۆکی ئەنجومەنی فیقهیی کۆمەڵێک لە زانا سوونەکان.

**پیاوێکی دەروێش لە سمنان:**
لەسەر ڕێوڕەسمە ئایینییەکان لەمپەر و سنوور هەیە. لە مانگی ڕەمەزاندا ڕێگەیان نەدا خولی قورئان خوێندنەوە بەڕێوە ببەین... ڕەنگە پێتان سەیر بێ بەڵام ئەم شتەیان بەسەر ئێمەدا هێنا.

داواکاری بۆ ناوەندی ئایینی تایبەتی سوونەکان لە شاری تاران، سەرەتای شۆڕش زیاتر شوێنگری دەکرا و پاشان تا ڕادەیەک ئاستی داواکارییەکە دابەزی. لە دە ساڵی ڕابردوودا، جارێکی دیکە ئەم داواکارییە بۆتە کەڵکەڵەی شوێنکەوتووانی ئەم گرووپە. ساڵی ١٣٩٠ی کۆچیی هەتاوی، نوێنەرانی سوونەی پەرلەمان لە نامەیەکدا بۆ ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران داواکاری لابردنی هەڵاواردن لەسەر سوونەکان، نەهێشتنی لەمپەرە ئایینییەکان بۆ سوونەکان، و ئیزنی دروستکردنی مزگەوت لە تاران بوون. بەرنوێژی هەینی سوونەکانی زاهیدان، مەولەوی عەبدولحەمید ئیسماعیل زێهی، چەندین جار بە شێوەی فەرمی (نووسینی نامە بۆ ڕێبەر و سەرۆک کۆماری) و نافەرمی (وتارە جۆراوجۆرەکان) ئاماژەی بە نەبوونی مزگەوتی تایبەتی سوونەکان لە تاران وەک یەک لە پرس و نیگەرانییەکانی سوونەکانی نیشتەجێی تاران کردووە. ناوبراو ساڵی ١٣٩٤ی کۆچیی هەتاوی لە نامەیەکدا بۆ ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران وێڕای دەربڕینی ناڕەزایەتی لەسەر ڕووخاندنی نوێژگەی سوونەکان لە ناوچەی پوونەکی تاران، جەختی کردەوە کە «ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە

دەرفەت دەداتە لایەنە توندڕەو و توندوتیژیخوازەکان تا ئاگری ناکۆکییەکان هەڵگیرسێنن». مەولەوی عەبدولحەمید هەروەها لە نامەیەکدا بۆ حەسەن ڕووحانی، وێڕای دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرامبەر ڕووخاندنی نوێژگەی تایبەتی سوننەکان لە تاران، گەشەکردنی توندڕەوی گەڕاندۆتەوە بۆ هۆکاری وەک «لەسەرخۆنەبوون»، «کەمتەرخەمی بەرامبەر بە داواکارییە ڕەواکانی خەڵک» و «نەبینینی ڕاستییەکانی ئێستا». لە بەشێک لەم نامەدا نووسراوە: «ئەوەیکە هەبوونی نوێژگەیەکی ئاساییتان پێ قورسە و لە شارێکدا کە سوننەکان ئیزنی دروستکردنی مزگەوتیان نییە شوێنی وا دەڕووخێنن و داواکاری سی و حەوت ساڵەی سوننەکان پاش سەرکەوتنی شۆڕش بێ وەڵام ماوەتەوە تەنیا بریندارکردنی هەستی کۆمەڵگای سوننەی ئێران نییە، بەڵکوو هەستی هەموو موسڵمانانی جیهانیش بریندار دەکات» (اعتراض مولوی عبدالحمید به تخریب نمازخانه اهل سنت در تهران، ١٣٩٤) مامۆستا عەبدوڕەحمان پیرانی، سکرتێری گشتی جەماعەتی دەعوەت و ئیسڵاحیش، ساڵی ١٣٩٠ی کۆچیی هەتاوی، وێڕای ڕەخنەگرتن لەسەر بەرگریکردن لە بەڕێوەچوونی نوێژی جێژنی ڕەمەزانی سوننەکانی تاران، داوای لە بەرپرسە باڵاکانی حکوومەت کرد تا لە ڕێگای پێشگریکردن لە بەڕێوەبەرێتی خراپەوە، بەستێنی دروستکردنی مزگەوتی سوننەکان بڕەخسێنن. بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکانی زانستە ئایینییەکانی سوننەی سیستان و بەلووچستانیش دەیان جار بێجگە دەربڕینی ناڕەزایەتی لەسەر نەبوونی مزگەوتی تایبەتی سوننەکان لە شاری تاران، ناڕەزایەتییان بەرامبەر بە پلانی نوێی چاوەدێری لەسەر قوتابخانەکانی زانستە ئایینییەکانی سوننەکان لە لایەن دەسەڵاتەوە کردووە. ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و دامەزراوەکانی چاودێریی ئازادی ئایینی هەمیشە لەسەر پێویستی پاراستنی مافی ئایینی سوننەکان و مافی بەهرەمەندییان لە پەرستگەی سەربەخۆ لە پایتەختی ئێران جەختیان کردووەتەوە (سازمان دیدبان حقوق بشر: محدودیتهای عبادت را برای اهل سنت برطرف کنید، ١٣٩٢).

ڕێزگرتن لە جۆراوجۆرێتی کەلتووری بە ڕوانگەی قبووڵکردنی جیاوازییەکان لە کۆمەڵگادا دەتوانێ ببێتە هۆی پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە و بەهێزبوونی یەکپارچەیی و ئەمنی نەتەوەیی. هەروەها بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ گرووپە ئایینییە جۆراوجۆرەکان و نەبوونی ئازادی بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمە ئایینییەکان، بۆ خۆی دەتوانێ شوێنهاتی نەخوازراو و زیانباری بۆ وڵات بەدوادا بێت. ڕەنگە بتوانین یەک لە هۆکارەکانی دامەزرانی گرووپە توندڕەو و تیرۆریستییەکان لە وڵاتانی دراوسێ وەک ئەم بابەتە ئاماژە پێبدەین. لە وڵاتی ئێرانیش لەم ساڵانەی دواییەدا، نموونەی زۆر لە کردەوەی توندوتیژانە و تیرۆریستیمان بینیوە. هێرش بۆ پەڕلەمان، چەندین جار ڕفاندنی سنوورپارێزان و هێرشکردنە سەریان، بۆمب دانان لە شوێنە گشتی و ئایینییەکانی شیعەکان، بەتایبەت لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران، دامەزرانی گرووپی جوندوڵڵا بە سەرۆکایەتی عەبدولمالیک ڕیگی چەند نموونەن لەم کردەوە توندوتیژانانە لەم ساڵانەدا کە هیوادارین لە ڕێگای ڕێزگرتن لە ئەندامانی گرووپە ئایینیە جۆراوجۆرەکان و قبووڵکردنی داڕێژەی زەبەندگەرایی، هەل و بەستێنی کۆمەڵگایەکی هێمنتر لەوەی ئێستا بڕەخسێت.

## دەستگەیشتنی ئازادانە بە میدیا

جیهانی ئەمڕۆ بە «سەردەمی زانیارییەکان» ناو نراوە. جیهانێک کە تیایدا تەکنۆلۆژیا نوێکان خێرایی گواستنەوەی ڕووداوەکانیان تا ئاستی چرکەسات کەم کردۆتەوە و شۆڕشێکیان لەم بوارەدا خوڵقاندووە. لە دۆخێکی وادا پرسی دەستگەیشتن بە زانیاری ئازاد و بێ سنوور و ئەگەری هاوبەشکردنی داتا و هەواڵ گرنگییەکی بنەڕەتیی هەیە، بە چەشنێک کە زۆربەی شارەزایان پێیان وایە توانای بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە و کۆنترۆڵکردنی زانیاری لە سەردەمی ئێستادا، لە ئاستی نیشتمانی و جیهانیدا، دیارترین پێوەری دەسەڵاتە کە بە پشتبەستن بە تۆڕی تێکەڵاو و جیهانیی ئامرازە میدیاییەکان و پەیوەندی ئەلیکترۆنی بەدی دێت. ئەم کارداکە گشتگیر و هەمەلایەنە میدیایی و زانیارییە لە پەیوەندیی ناوخۆیی کۆمەڵگاکانیشدا کاریگەرە و لە داڕشتنی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی تاک و گرووپەکاندا ڕۆڵێکی ناوەندی و جێگیری هەیە. بۆیە ئەگەری دەستڕاگەیشتن بە میدیای گشتی و سووڕانی ئازادانەی زانیاری یان سنووردارکردن و قەدەغەکردنی دەستڕاگەیشتن پێی، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر پرۆسەی گەشەسەندنی کۆمەڵگاکان هەیە.[١]

> **باقر سەدری نیا، ئەندامی لیژنەی زانستی و مامۆستای زانکۆ لە تەورێز (ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات):**
> من لەگەڵ ئەو کەسانەی کە زمانی تورکی وەک نەیاری زمانی فارسی دەبینن، نەیارێتی ستراتیژیکم هەیە، چونکە لەگەڵ بەرژەوەندییە کورتخایەن و درێژخایەنەکان یەک ناگرێتەوە و ئەم دووە دەبێ لە تەنیشت یەکەوە گەشە بکەن. بەڵام کردار و هەڵسوکەوتی میدیای نەتەوەیی و پارێزگایی دواکەوتوو و بەرچاوتەنگانەیە و فرەڕەنگیی نەتەوەیی لە میدیاکاندا دەرفەتی ڕەنگدانەوەی نییە .

ماددەی ١٩ی ڕاگەیێندراوی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و پەیمانی مافە مەدەنی و سیاسییەکان باسی ئازادیی گەڕان، وەرگرتن و گواستنەوەی زانیارییەکان و بیروڕاکان دەکات لە ڕێگای هەموو جۆرە میدیایەکەوە بەبێ لەبەرچاوگرتنی سنوورەکان و بەپێی شرۆڤە جۆراوجۆرەکان، ئەم ڕستەیە بێجگە ئازادیی دەربڕینی بیروڕا، باسی ئازادیی بەردەستبوونی زانیارییەکانیش دەکات (میثاق بین‌المللی حقوق مدنی و سیاسی، ١٩٩٦).

لە وڵاتی ئێران یاسای بڵاوکردنەوە و بەردەستبوونی ئازادیی زانیارییەکان پەسەندکراوی ساڵی١٣٨٧ی کۆچیی هەتاوی لە ماددەی ٢ی خۆیدا دەڵێت: «هەر تاکێکی ئێرانی مافی ئەوەی

---

١. بۆ زانیاریی زیاتر: دیوسالار، عبدالرسول (١٣٩٣)، قدرت اطلاعات، تهران: انتشارات تیسا.

هەیە زانیارییە گشتییەکانی بەردەست بێت، مەگەر ئەوەیکە یاسا قەدەغەی کردبێت. کەڵک وەرگرتن لە زانیارییە گشتییەکان یان بڵاوکردنەوەیان دەگەڕێتەوە بۆ یاسا و ڕێسا پێوەندیدارەکان» (قانون انتشار و دسترسی آزاد بە اطلاعات، ١٣٨٧). بەڵام بە کردەوە سنوور لەسەر بەردەستبوونی ڕەوتی ئازادانەی زانیارییەکان و ئامرازەکانی گواستنەوە و گەیاندنی بەکۆمەڵ دادەنرێت. لە سیاسەتی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانیی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە ئێتنیکییەتەکاندا، زۆرجار چارەسەری «سڕینەوەی ڕەواڵەتی کێشەکان» دەگیرێتەبەر، بەو مانایە کە لە ئەدەبیاتی یاسایی و فەرمی حکوومەتدا بەشێک لە ژێر ناونیشانی میدیا و چاپەمەنی ئێتنیکی بوونی نییە، بەڵکوو وەک چاپەمەنی و میدیای خۆجێی و لۆکاڵی باس دەکرێن. ئەم سیاسەتە کە دەکرێت بە درێژکراوەی هەڵوێستە دژە ئێتنیکییەکان لێکبدرێتەوە، خۆی لە خۆیدا بوار بۆ سنووردارکردنی بەرفراوانی یاسایی لە سەر چالاکی میدیا و بڵاوکراوە کان دەڕەخسێنێت. لە ئاستی ئەزموونی کارکردن لە بواری ڕاگەیاندنی گشتی و ڕۆژنامەگەریشدا، سەپاندنی برێکی زۆر لە گوشار و قەدەغەکردن و سنووردارکردنی ئەمنی و کارگێڕی بۆ ئەو چالاکییانەی کە ڕەنگێکی ئێتنیکییان هەیە یان هەوڵدەدەن سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکان بە کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتە بەردەستەکان هەنگاوێک بەو ئاراستەیە بنێن، کێشەیەکی بنەڕەتی دیکەیە کە کاری دژوار و تاقەتپڕوکێنی میدیایی و چاپەمەنی لە ئێراندا دوو هێندە دەکات. بەسەرکردنەوەی ئەزموونی میدیا و بڵاوکراوە خۆجێیە ئێتنیکییەکان و سەربوردەی سەرنووسەران و ڕۆژنامەنووسەکانیان بە ڕوونی ئەو هەلومەرجە ئاماژەپێکراوە نیشان دەدن. سەردەمی دەوڵەتی ڕیفۆرمخواز (ئیسلاحات)، تاکە قۆناغی گەشانەوەی میدیا و چاپەمەنی لۆکاڵیی ئێتنیکی لە ئێراندا بوو، کە بۆ یەکەمجار لە فەزای گشتیی ناوچە ئێتنیکییەکانی ئێراندا، بەشێک لە داخوازیی ڕاستەقینەی ئێتنیکەکان لە میدیا و بڵاوکراوەکان خرانە بەر باس و ڕەنگیان دایەوە. بەڵام ئەم قۆناغە هێندەی نەخایاند و تەنانەت پێش کۆتاییهاتنی تەمەنی دەوڵەتی ڕیفۆرم، بڵێسەی گەشە و چالاکییەکانی دامرکایەوە و لەگەڵ دەستبەکاربوونی دەوڵەتی مەحموود ئەحمەدینەژاد بە تەواوی ڕوویان لە داخران کرد. ڕۆژنامەنووسێکی گۆڤارە ئێتنیکییەکان لە تاراندا، سەبارەت بە چالاکیی بڵاوکراوە ئێتنیکییەکان لە سەردەمی ئەحمەدینەژاددا دەڵێت: کاتێک ڕۆژنامە نەتەوەیی و سەرانسەرییەکان دادەخرێن، باسکردن لەسەر ئاستەنگەکانی چاپەمەنی ناوخۆیی و ئێتنیکی بێمانایە. هەروەها دووپاتی دەکاتەوە کە ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژنامە ئێتنیکییەکان لە بارودۆخێکی زۆر نایەکسان و دژواردا کار دەکەن. بەڕای ئەو کەمترین ڕەخنە ڕەنگ و بۆنی ئێتنیکی وەردەگرێت و ئەو هەواڵانەی کە تەنانەت لە سەرچاوە حکومییەکان و هەواڵنێرییە فەرمییەکانی وڵاتەوە بڵاو دەکرێنەوە، کاتێک لەم چاپەمەنیانەدا بڵاودەبنەوە، دەبێتە هۆی تۆمەتباربوونیان. ناوبراو لە بارەی گرفتەکانییەوە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە لە ناوچە ئێتنیکییەکاندا بە هۆی بچووکیی شوێن و سنوورداربوونی بازنەی چالاکی و نەبوونی ئازادیی ڕادەربڕین بۆ درێژەدان بە چالاکییە ڕۆژنامەوانییەکانی هاتۆتە تاران، بەڵام لە تارانیشدا هیچ ئازادییەکی ڕادەربڕین بەدی ناکرێت (شیرمحمدی، ١٣٨٩).

دەسکەوتەکانی توێژینەوەی بەردەستیش پیشاندەری دانانی سنوورن لەسەر هەبوونی میدیای ئازاد بۆ گرووپە جۆراوجۆرە ئێتنیکییەکان. بەم بۆنەوە جودا لەوەیکە گرووپە ئێتنیکی و ئاییینیەکان لە هەبوونی میدیای دەنگی و ڕەنگی ئازاد بێبەش کراون و سانسۆر و فیلتەرینگیش باڵی بەسەر فەزای چاپەمەنی و ڕاگەیاندنە مەجازییەکاندا کێشاوە.

**مەولانا عەبدولحەمید ئیسماعیل زێهی، بەرنوێژی هەینی سوننەکانی زاهیدان (سیستان و بەلووچستان):**
لە ڕاستیدا ئێتنیکییەتەکان دەنگیان بەرز نابێتەوە و میدیایان بەردەست نییە. ئێستا ئەگەر لەگەڵ دەرەوە کەسێک وتووێژ بکات، بەڕێزان پێیان ناخۆش دەبێت! ئەی چ بکەین و لەگەڵ کێ قسە بکەین؟ دەنگ و ڕەنگ قسەکانی ئێمە بڵاو ناکاتەوە، بۆ خۆمان میدیامان نییە. لە کوێ باسی کێشەوگرفتەکانمان بکەین؟ ئێمە ماڵپەڕێکی سوننە ئانلاینمان هەیە کە ئەویشیان فیلتەر کردووە. ماڵپەڕی خۆمیش فیلتەرە.

**محەممەد جەماڵەدین واژی، لێکۆڵەری ئاییني و کارناسی کۆمەڵناسی لە پەسوەی پیرانشار (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**
دەزگای دەنگوڕەنگ لە ئێراندا، هاوشێوەی وەزارەتی ئیرشاد، ڕێکخراوێکی ئایدیۆلۆژیکە کە بەرگری لە دەسەڵاتی باڵادەست دەکات و سروشتییە کە ناتوانێت دەنگی خەڵک بێت و ئەم بابەتەش ئەوەندە گرنگ نییە، چونکە خەڵک لەمێژە دەزگای دەنگوڕەنگیان وەلا ناوە. ئێستا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پردی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان و جیهانی دەرەوەن، هەروەها هەواڵەکانیش لەم پۆرتاڵەوە و تا ڕادەیەکیش لە کەناڵە مانگیلەیەکانەوە وەردەگرن. ئەم بێ‌متمانەییە بۆ دەسەڵاتدارانیش ئاشکرایە و ئامانجی سەرەکیی بەرنامەکانیان تەنیا بۆ ئەوەیە کە کەسانی سەربەخۆیان ڕاگرن و زیاتر لێیان دانەبڕێن. پێم وایە دەنگوڕەنگی ئێران بە درۆهەڵبەستن و سووکایەتی و بێڕیزیکردن دەورێکی سەرەکیی لە دروستکردنی کەلێنی نێوان خەڵک و حکوومەتی کۆماری ئیسلامیدا هەبووە.

**شنۆ حوسێنی، چالاکی مەدەنی و مافی ژنان لە جوانڕۆ (کرماشان):**
ئاستی ڕەزامەندیم لە دەنگ و ڕەنگ لە ئاستی نەتەوەیی و پارێزگاییدا زۆر کەمە، شتێکە نزیکی سیفر. بە ڕای من میدیا میدیای خەڵک نییە و ناوەڕۆکی بۆ ئێتنیسیتە ناتەواوە و بەرنامەکانی خزمەت بە ئێتنیکەکان ناکات.

دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی ئێران گەورەترین میدیای فەرمی ئێرانە کە بەپێی ماددەی ١٧٥ی دەستوور، سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە لەلایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دادەنرێت (قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، ١٣٩٧، ٥٩) و سیاسەتی گشتیی کارکردنی لە لایەن دامودەزگای سیاسی ڕێبەرەوە دیاری دەکرێت، بە بێژە و واتایەکی دیکە ئەرکی دەنگ و ڕەنگ لە ئێران بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیای حکوومەت و دەسەڵاتە. لە دەرەوەی ئەم چوارچێوە هیچ کەناڵێکی دەنگ یان ڕەنگی تایبەت و سەربەخۆ لە ئێران ئیزن و ڕێگای چالاکیکردنی نییە. دیارە لە وەها دۆخێکدا ئازادی میدیایی و مافی دەستگەیشتنی ئازادی بەردەنگ بۆ فکر و هزر و کەلتوورە جیاوازەکان لە ڕێگای میدیاکانی دەنگ و ڕەنگەوە بەرچاو ناگیرێ و سنووردار دەکرێتەوە.

**ڕەحمەتوڵڵا هیمەتی، چالاکی ئابووری لە سمنان:**
متمانەی من بە میدیای نەتەوەیی سیفرە. چونکە درۆ و دووڕوویيم لێ بینیوە.

**مەولانا عەبدولحەمید ئیسماعیلی زێهی، بەرنوێژی هەینی سوننەکانی زاهیدان (سیستان و بەلووچستان):**
زۆر نارازیم و خەڵکیش نارازین. دەنگ و ڕەنگ بەو جۆرەی کە شیاوە ئێتنیکەکان بەرچاو ناگرێ و جیاوازی دادەنێتە نێوانیان. دەنگ و ڕەنگ میدیایەکی نەتەوەییە، بەڵام هی هەمووان نییە، هی تاقمێکی تایبەتە و ئەوان بەڕێوەی دەبەن. بەداخەوە ناتوانین دەنگ هەڵبڕین و قسەی خۆمان بکەین. لە ئێرانیشدا ئیزن نادەن کە کەسێک تەلەفیزۆنی ئێتنیکی هەبێت و ئازادیش ئەوەندە نییە کە هەر کەسێک بتوانێ بە زمانی خۆی کاروباری جێبەجێ بکات. ئێمە ماڵپەڕێکی سوننە ئانلاینمان هەیە کە فیلتەریان کردووە. ماڵپەڕی خۆیشم فیلتەر کراوە.

لە چەند دەیەی ڕابردوودا و چونکە میدیا ڕەنگییەکانی ناوخۆ نەیانتوانیوە پێداویستییە فکری، کەلتووری، زمانی، ئایینی و ... گرووپە جۆراوجۆرە ئێتنیکی و ئایینییەکان دابین بکەن، مەیل بۆ میدیا

ڕەنگییە دەرەکییەکان و تەلەفیزۆنە سەتەلایتییەکان بە شێوەیەکی نهێنی زیادی کردووە. نهێنی لەو بارەوە کە ساڵی ١٣٧٣ی کۆچیی هەتاوی یاسای «قەدەغەبوونی دەکارهێنانی ئامرازەکانی وەرگرتن لە سەتەلایتەوە» لە لایەن پەرلەمانەوە پەسەند کرا و بەپێی ئەم یاسایە، «هاوردەکردن، دابەشکردن و کەڵک وەرگرتن لە ئامرازەکانی وەرگرتن لە سەتەلایت بێجگە ئەو بابەتانەی کە یاسا دیاری کردووە قەدەغەیە». چاپەمەنییەکان وەک میدیا چالاکەکانی دیکەی وڵاتن. ڕەوتە جۆراوجۆرە فکرییەکان، حیزبەکان، گرووپە ئێتنیکییەکان، ڕێکخراوە مەدەنییەکان و ... دەتوانن، بەپێچەوانەی دەنگ و ڕەنگ کە نەتەوەیی هەژمار دەکرێت و ئایدۆلۆژیای تایبەتی دەسەڵاتی تێدا حەشاردراوە، چاپەمەنییەکان بە جۆرێکە کە هەر یەکە لە ڕەوتە جۆراوجۆرەکان دەتوانن بەپێی ئاقاری فکریی خۆیان بابەت بنووسن. (قانون ممنوعیت بکارگیری تجهیزات دریافت از ماهواره، ١٣٧٣).

سەبارەت بە بابەتی چالاکییەکانی چاپەمەنییەکان دوو خاڵ شیاوی ئاماژەن: خاڵی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ بابەتی وەرگرتنی ئیزن لە بنکە دەوڵەتییەکان کە کۆمەڵێک ڕەخنەیان لێ گرتووە. ئەو تاقمە لەسەر ئەو باوەڕەن کە پێدانی ئیزن و بەڵگەنامە لە لایەن دەوڵەتەوە و ئەوەیکە چ کەسێک ڕێگای هەیە هەواڵێک بڵاو بکاتەوە و چ کەسێک ڕێگای نییە، واتایەکی بەربڵاوتر لە ئیزن و بەڵگەنامەی هەیە و ئەم یاسایە زیاتر بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم میدیانە دانراوە. خاڵی دووهەمیش دەگەڕێتەوە بۆ بابەتەکانی «بەرچاوگرتنی پێوەرە ئیسلامییەکان» و «پێویستییەکانی کۆمەڵگا» کە لە یاسای چاپەمەنییەکاندا ئاماژەیان پێدراوە. لەم ڕەخنەیەدا باس لەوە کراوە کە ئەم دوو چەمکە چەند ڕوو و لایەنیان هەیە و ڕەنگە هەر تاکێک پێناسەیەکی لێی هەبێت و پێوەری جۆراوجۆری بۆ پێناسە بکات. بۆیە بەردەوام ڕێگا و ئەگەری لێکدانەوە و شرۆڤەی جۆراوجۆر لە ئارادایە و بووەتە هۆی سنوور و بەربەستی تایبەتی وەک داخستن یان ڕاگرتنی کاتیی گۆڤار و چاپکراوەکان لە کۆمەڵگای چاپەمەنییەکاندا.

میدیا پێوەندیدارەکان بە دنیای مەجازی وەک وێبلاگەکان و جۆرەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکەونە ڕیزی ئاقارە گرنگە میدیاییەکان کە پاش گەشەکردنی پانتایی باندی ئینتەرنێتی، گرنگییەکی هەڵچوویان لە جیهانی ئەمڕۆدا هەیە. لەم میدیاگەلەدا خەڵک دەتوانن بە ئاسانی پاش ئەوەیکە دەچنە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لاپەڕە جۆراوجۆرەکان بەبێ وەرگرتنی ئیزن بۆ چالاکی، خەریکی گەڕان بەدوای هەواڵ و فیلمەکانی دڵخوازی خۆیان دەبن و لە ڕێگای لاپەڕە تاکەکەسییەکانەوە کە بەردەستیانە یارمەتی بڵاوکردنەوەی دووبارەیان دەدەن. لەم بوارەشدا ئەگەرچی دامودەزگای دەسەڵات لە چاو دەنگ و ڕەنگ و چاپەمەنییەکان کۆنترۆڵی کەمتری لەسەری هەیە، بە کردەوە دەبینین کە زۆرێک لەم ڕەوتانەش لە دەیەکانی ڕابردوودا ڕووبەڕووی فلتەرینگ بوونەتەوە. فلتەرکردنی ئینتەرنێت لە ئێراندا چوارچێوێکی یاسایی ڕوونی نەبوو؛ بەڵام بە پەسەندکردنی یاسای تاوانە کۆمپیوتەرییەکان لە ساڵی ١٣٨٨دا، بەشێک لە ناڕوونییەکەی کەم بووەوە. بەپێی مادەی ٢٢ی ئەم یاسایە، لیژنەیەک بە ناوی لیژنەی دیاریکردنی حاڵەتەکانی ناوەڕۆکی تاوانبارانە، لە

شوێنی داواکاری گشتی وڵاتدا پێک‌هێنرا. ئەندامانی لیژنە لە ١٢ کەس پێکهاتبوو و لەلایەن داواکاری گشتی وڵاتەوە سەرۆکایەتی دەکرێت. ئەم لێژنە پاش دەستنیشانکردنی تاوانبارانەبوونی ناوەڕۆکێک و بڕیاردان لەسەر فلتەرکردنی ناوەڕۆکێکی تایبەت یان ماڵپەڕێکی دیاریکراو، لیژنەکە بەردەوام دەبێت لە دەرکردنی فەرمانێک بۆ پێشکەشکاری خزمەتگوزاری هۆستکردن، و دابینکەرەکە پابەند دەبێت بە لابردنی یان بلۆککردنی ناوەڕۆکی ناوبراو. ئەگەر دابینکەر فەرمانی لیژنەکە پێشێل بکات، ڕەنگە هەڵوەشانەوە، داخستنی کاتی یان غەرامەکردنی بەسەردا بسەپێنرێت. ئەڵبەت ئەم لیژنەیە بەپێی یاسا تەنها لەو حاڵەتانەدا کە ناوەڕۆکی ئینتەرنێت تاوانکارانە بێت دەتوانێت فەرمانی فلتەرکردنی دەربکات (قانون جرائم رایانەای، مرکز پژوهش‌های مجلس شورای اسلامی، ١٣٨٨). چاودێری و کۆنترۆڵکردنی چالاکییەکانی ئینتەرنێت، دیاردەیەکی جیهانییە کە زۆربەی وڵاتان و ڕێکخراو و دامودەزگا نەتەوەیی و نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان جێبەجێی دەکەن، بەڵام خاڵی سەرەکی ئەم یاسایە لە ئێراندا چەمکی «ناوەرۆکی تاوانکاری» و دیاریکردنی حاڵەتەکانێتی، کە ئەم یاسا دەکەنە ئامرازێکی یاسایی بە مەبەستی سنووردارکردن و گوشارخستنە سەر ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی بڵاوبوونەوەی زانیاری و هەواڵ و بۆچوونەکان.

دەسکەوتەکانی ئەم توێژینەوەیەش پیشاندەری ئەوەن کە میدیا ناوخۆییەکانی وڵات ئاوڕێکی ئەوتۆیان لەسەر ئێتنیکەکان و کەلتوور و دابونەریتیان نەداوەتەوە و زیاتر لەو شوێن و کاتانەدا بابەتە ئێتنیکییەکان باس دەکرێن کە ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان باسەکان بەپێچەوانەی بەها و بایەخ و نۆرمەکانی خۆیان دەبیننەوە. لەم بوارەدا هەموو ساڵێک نارەزایەتی گرووپە جۆراوجۆرە عەرەب، ئازەری، کورد و ئێتنیکەکانی دیکە دەبینین لەسەر ناوەرۆکی هەندێ لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆن.

> **باسم حەمادی، توێژەری ئایینەکان ومۆسیقای ئێتنیکی عەرەب، مامۆستای زانکۆ لە ئەهواز (خووزستان):**
> لە تەلەفیزۆن و میدیای نەتەوەییدا ئاوڕێکی کەم لەسەر کەلتووری خەڵکی عەرەبی دراوەتەوە. کاتێک دەمانەوێ بەرنامەیەک لە تەلەفیزۆن بڵاو بکەینەوە، دەبێ کۆمەڵگای مەبەست و ناوچەیی بەرچاو بگرین. لە حاڵێکدا لە میدیا نەتەوەییەکاندا زۆر ئاوڕ لەم بابەتە نادرێتەوە و ئەگەر ئاوڕدانەوەیش هەبێت، سووکایەتی و بێ ڕێزی بە ئێتنیکەکان دەکەن. ئێمە زۆرمان بینیوە بێ ڕێزی و سووکایەتی بە ئێتنیکەکان و بەتایبەت ئێتنیکی عەرەب بکەن. فیلمی «بووکی ئاگر» (عەرووس ئاتەش) دڵی خەڵکی عەرەبی ئێشاند و تەنانەت خەڵک هەڕەشەیان کرد کە سینەماکان دەسووتێنن.



وێنەی ژمارەی ١٨-٣: وتووێژ لەگەڵ باسم حەمادی

شیکاری و تاوتوێی ناوەڕۆکی ئەم وتانە پیشاندەری جۆرێک ناڕەزایەتی ئاشکرا و شاراوەی ئێتنیکە جۆراوجۆرەکانە بەرامبەر بە میدیا چالاکەکانی ناوخۆی وڵات. بەپێی وتەی ئەو کەسانەی کە وتووێژمان لەگەڵ کردوون و ئێتنیکە جۆراوجۆرەکانی وەک تورک، کورد، بەلووچ، عەرەب و بەختیاری دەگرنەوە، میدیا دەنگی و ڕەنگییە ناوخۆییەکان بۆ ئاسیمیلاسیۆن و هاوشێوەکردنی ئێتنیکە ئێرانییەکان دەجووڵێنەوە و بەو جۆرەی کە شیاوە ئاوڕیان لێ نادەنەوە. لێکدانەوەی ئێتنیکەکان ئەوەیە کە لەو جێگایەشدا کە باسیان دەکرێت، زیاتر چوارچێوە کلیشەیی و ڕووخێنەرەکان پیشان دەدرێت کە دەبێتە هۆی ناڕەزایەتی زیاتریان. بەپێچەوانەی ئەو گرووپە ئێتنیکیانەی کە ئاماژەمان پێدان، فارسەکان ڕەزامەندی زیاتریان لە کاروباری ڕێکخراوەی دەنگ و ڕەنگ هەیە. ئەم بابەتە پیشاندەری ئەوەیە کە کەلتوور و دابونەریتەکانی ئەوان دەرکەوتنی زیاتری لەم میدیاگەلەدا هەیە.

کەناڵە دەنگی و ڕەنگییەکانی پارێزگاکانیش کرداریان باشتر لە دەنگ و ڕەنگی نەتەوەیی نەبووە. لێرەشدا جۆرێک ناڕەزایەتی ئێتنیکیی لەسەر کرداری ئەم کەناڵانە لە ئارادایە. دەڵێن کە شێواز و چوارچێوەی زۆربەی بەرنامەکانی ئەم میدیایەش ناوەندخوازانەیە و وەک لە میدیا نەتەوەییەکاندا دابونەریت، ئایین، زمان، کەلتوور و کەسایەتی و شاعیرەکانی ئەم گرووپانە پشتگوێ دەخرێن، ئەم میدیاگەلەش بابەتی لەم چەشنەیان زۆر لا گرنگ نییە. سەرەڕای ئەمەش، لەم میدیاگەلەدا جۆرێک دەوڵەتی شاراوە بوونی هەیە. بۆ نموونە لە سیستان و بەلووچستان بەلووچەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ڕەوتی میدیایی پارێزگا لە دەستی سیستانییەکاندایە و بەلووچەکان جێگەوپێگەیەکی وەهایان

نییـە. لـە پارێـزگای ئازربایجانـی ڕۆژهەڵاتیش کـە لە دوو گرووپـی ئێتنیکیی ئازەری و کـورد پێکهاتووە، کـوردەکان لەسـەر ئـەو بـاوەڕەن کـە لـە میدیاکانـی پارێـزگادا جێگایەکـی ئەوتۆیـان نییـە. هەروەها لە پارێـزگای خووزسـتانیش کـە بەختیارییـەکان لـەوێ دەژیـن، بڕوایـان وایە کـە کەلتـووری میدیایی ئەم پارێزگایـە ئاوڕێکی شـیاوی لـە دابونەریتی ئـەوان نەداوەتەوە.

ئاستی نزمیی کوالێتی بەرنامە نەتەوەییەکان، سیاسەتە سنووردانەرەکان بەپێچەوانەی پێوەرەکانی ئازادیـی دەربڕینـی بیـروڕا و ئاوڕنەدانـەوە بـە ئێتنیکـەکان لـە بەرنامەکانـدا وەک هـۆکار و فاکتـەرە سـەرەکییەکانی ناڕەزایەتیـن بەرامبـەر بـە دەزگای دەنگـوڕەنـگ. ئەنجامەکانی ئـەم توێژینەوەیەش کە نـەک نوخبەکان بەڵکوو خەڵکیش بەگشـتی لە کوالێتـی بەرنامەکانی دەنگوڕەنـگ ڕەزامەندییان نییە. ئـەم ناڕەزامەندییانـە لـە نێـوان ئێتنیکـە ئێرانییەکانـدا زیاتریش دەبێت. لـە ناوچەی وەک کوردسـتان و بەلووچسـتان پرسـە ئێتنیکییەکان بە ڕوانگەیەکی ئەمنییەوە شـوێنگری دەکرێن و دەنگ و ڕەنگیش بۆ ئاسـیمیلەکردن و سـڕینەوەی کەلتـووری ئێتنیکـی دەجووڵێتـەوە و بە جۆرێک تاوانی ئاسیمیلاسـیۆنی کەلتـووری دەخرێتـە پـاڵ. چونکـە میدیـای فەرمـی حکوومـەت بـە ناوەندێتـی دەزگای دەنگـوڕەنـگ، هەمیشـە هەوڵـدەدەن ئێتنیسـیتە بۆ ئاسـتی کۆمەڵێک داب‌ونەریتـی کۆمەڵایەتی و توخمـە کولتووری و هونەرییـەکان دابەزێنـن و لـە دەرکەوتنـی ڕەهەنـدە سیاسـی و یاسـاییەکانی ڕێگـری بکـەن، یـان بـە واتایەکی تر بیکەن بە بابەتێکی لاوەکی و ناپێویسـت کە هۆکاری دووبەرەکی و لێکترازانە. بۆ گەیشتن بـەم مەبەسـتەش، لـە سیاسـەتی ڕاگەیاندنـی ڕژێمـدا، هـاوکات لەگـەڵ بـرەودان بـەو نەتەوەخوازیـی ئێرانی-ئیسلامـی، ئێتنیـک و ئێتنیکگەرایـی وەکـوو دیاردەیەکـی نەریتـی، کـۆن، ناکارامە و نیشـانەی پاشـکەوتوویی کۆمەڵایەتـی وێنا بکرێت.

نوانـەی ژمارەی ٣-١٢ و نوانـەی ژمـارەی ٣-١٣ ڕێژەی ڕەزامەنـدی لە بەرنامەکانـی دەزگای دەنگ و ڕەنـگ لـە ئاسـتەکانی پارێزگایـی و نەتەوەیـی پیشـان دەدەن. لـە نێـو نوخبەکانـدا سـەتا ٦٢,٥ قەت ڕەزامەندییـان لـە بەرنامـەکان نییـە و تەنیـا سـەتا ١١,٧ ڕوانگـەی ئەرێنییـان بەرامبـەر بـە بەرنامەکانی دەنـگ و ڕەنـگ هەیـە. لـە نێوان خەڵکی ئاساییشـدا سـەتا ٤١ تا ڕادەیـەک ناڕەزامەندن و سـەتا ١٩,٣ قـەت ڕەزامەندییـان بەرامبـەر بـە بەرنامـەکان نییە و تەنیـا سـەتا ١٠,٨ ڕەزامەندیی تەواویـان هەیە.




نوانەی ژمارەی ٣-١٢: ڕێژەی ڕەزامەندی بەرامبەر بە دەنگ و ڕەنگ- نوخبەکان




نوانەی ژمارەی ١٣-٣: رێژەی ڕەزامەندی بەرامبەر بە دەنگ و ڕەنگ- خەڵکی ئاسایی

لە بەشی چاپەمەنییەکان و بەرهەمە چاپکراوەکانی دیکەش وەک کتێبە ئەدەبییەکان، ڕۆمان و هتد، بەراورد بە ئەدای دەزگای دەنگوڕەنگ ڕەزامەندیی ڕێژەیی ئێتنیکەکان لە چاو دەنگ و ڕەنگ زیاترە، بەتایبەت لە بواری گۆڤارەکاندا، بێجگە گرووپی ئێتنیکی بەلووچ، دیکەی گرووپە ئێتنیکییەکان وەک تورک و کوردەکان دەڵێن کە مافی وەرگرتنی گۆڤارە زمانی و ناوچەییەکانی خۆیانیان هەیە. ئەگەرچی لە بواری چاپی کتێبە ئەدەبییەکان، زۆربەی ئەم گرووپە ئێتنیکییانە لەسەر ئەو باوەڕەن کە بۆ دابینکردنی پێداویستییە ئەدەبییەکانی خۆیان ڕوودەکەنە وڵاتانی دراوسێ کە کەلتووریی زمانی و هاوبەشیان لەگەڵیان هەیە.

لە کۆتاییدا لە بواری میدیا مەجازییەکانیشەوە لە چەندین نموونەدا، ئەو کەسانەی وتووێژیان لەگەڵ کراوە و لە ئێتنیکەکانی تورک و کورد و بەلووچ و عەرەبن دەیانگوت کە ماڵپەڕ و وێبلاگی جۆراوجۆریان کە لەسەر ڕەوتە ئێتنیکی-زمانی و ئایینییەکانیان کاریان کردووە فیلتەر کراون و لە لایەن بەرپرسە پێوەندیدارەکانەوە بەرەنگاریان بوونەتەوە. دیاردەیەک کە پێدەچێت تەنیا تایبەتی گرووپە ئێتنیکییەکانی ناوخۆی وڵات نییە و لەم ساڵانەی دواییەدا لە ئاستی وڵاتیشدا بەرەنگاری ماڵپەڕ و وێبلاگە جۆراوجۆرەکان کە بابەتی فکری و ڕەگەزییان هەبووە، بوونەتەوە. هەروەها بابەتی فلتەرکردنی زۆرێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک، یووتیووب و تێلێگرام بەردەوام جێی ڕەخنەی چالاکە میدیاییەکان بووە. کۆمەڵگای سوننەی ئێران سەبارەت بە سانسۆر و سنووردارکردنی چالاکییە مەجازییەکانیان لەو باوەڕەدان؛ ئەو چەند ماڵپەڕ و بلۆگە سوننەیەی ئێران، سەرەڕای پابەندبوون بە یاساکانی ڕاگەیاندنی وڵات، ژمارەیەکی بەرچاویان فلتەر کراون. ئەمە لە حاڵێکدایە کە چالاکی زۆرێک لە ماڵپەڕە سوننەکانی ئێران کە لە لایەن لیژنەی فلتەرەوە وەک ماڵپەڕی تاوانکاری ناسێنراون و دواجار فلتەر کراون، چوارچێوەی یاسا و ڕێسا کۆمپیوترییەکانی[١] وڵاتیان تێنەپەڕاندووە، بە جۆرێک کە هیچ بیانوو و هۆیەکی یاسایی و دادوەرانە نییە بۆ فلتەرکردنیان.

١. قانون جرایم رایانەای

هـاوکات زۆرێـک لـەماڵپـەڕە تونـداژۆکان، کـە جگـە لـە ڕەپاڵـدان و درۆکـردن و بوختـان بەرامبـەر بـە پیرۆزی و بیروباوەڕ و کەسـایەتییە سـوننەکان سیاسـەتێکی دی پەیڕەو ناکەن و سـەرچاوەی ناتەبایی و دووبەرەکـی و دابەشـبوونن لە کۆمەڵگادا، بەبێ هیچ ترسـێک لە دامـەزراوە پەیوەندیدارەکان بەتایبەت لیژنـەی فلتەرکـردن درێـژە بە چالاکییـان دەدەن و ئەگـەر هەندێک جار یەکێک لە ماڵپەڕە سـوننەکان هەوڵـی وەڵامدانـەوەی بوختانەکانیان بـدات و تۆمەتەکانیان پووچەڵ بکاتەوە، ئـەوا لیژنەی فلتەرکردن بـە توندتریـن شـێواز مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکات کـە هەمـان داخسـتن و بلۆککردنـە. فلتەرکردنـی ماڵپـەڕی «سـوننە ئۆنلایـن»، بنکـەی فەرمیـی ڕاگەیاندنـی سـوننەکانی ئێـران، هەروەهـا فلتەرکردنـی «بنکـەی ڕاگەیاندنـی نووسـینگەی شـێخولئیسلام مەولانـا عەبدولحەمیـد» کـە تەنهـا وتـاری هەینـی و ڕاپۆرتـی سـەفەرەکانی لەخۆدەگرێت، نموونەیەکـی ڕوونە لە هەڵاواردنی ڕەفتاریـی لیژنەی فلتەرکردن، سـەبارەت بـە چەشـنی مامەڵەکـردن لەگـەڵ ماڵپـەڕە ئاینییەکانـی سـوننەدا (رفتـار دوگانـە "کمیتـە فیلترینـگ" بـا سـایتهای اهل سـنّت، ١٣٩١). ئـەم ڕەفتـارە دووفاقی و دوژمنئاسـایانەیە لـە پێوەندی لەگـەڵ چالاکییـە مەجازییەکانی دیکەی کەمینە ئایینە ناموسـڵمانەکان و هەروەها پێگەی سیاسـیی گرووپـە ئێتنیکییـەکان، زۆر توندتـر و چڕتـر دەبێتـەوە و جگـە لـە سانسـۆر و فلتەرکـردن، ڕووبـەڕووی لێپێچینـەوەی دادوەری و ئەمنیـش دەبنـەوە.

لـە وەهـا هەلومەرجێکـدا، گرووپـە ئێتنیکییـەکان و چالاکانی ئـەم گرووپانە بێدەنگ نابـن و هەوڵی دەستخسـتنی تریبوونـە ئـازادەکان دەدەن. یـەک لە تایبەتمەندییەکانی سـەردەمی نـوێ، تێپەڕین لە کۆمەڵـگای پیشەسـازی بـۆ کۆمەڵـگای زانیارییەکانـە. ئـەم تێپەڕینـە بۆتە هـۆی ئەوەیکە مرۆڤـی ئەمڕۆ سـەرهەڵدانی شـێوازە بـەدەر لـە چاپەکانـی وەبەرهێنـان، دابەشـین و تێگەیشـتنی میدیایـی ببینێت و کەڵـک لە میدیـا ئەلکترۆنیکیـە دیجیتاڵـەکان وەرگرێت.

**زەفـەر ئەحمـەد دیـدگاه، مامۆسـتای مەدرەسـەی ئایینـی و چالاکـی کۆمەڵایەتـی لـە سیسـتان و بەلووچسـتان:**
چونکـە ئێمـە خەڵکێکی ئایینداریـن، بەرهەمە میدیاییـە ئیسلامییەکانی وڵاتانی جۆراوجۆر لە سـەتەلایتەوە دەبینین.

بەردەنگـەکان لـەو کاتەیـدا کـە هەسـت دەکـەن نـووسراوە چاپییـەکان پێداویسـتییەکانیان دابین ناکـەن، خێـرا دەیاندەنـە لاوە و دەچنـە شـوێن تریبوونەکانـی دیکـە.

**پەروین زەبیحی، چالاکی مەدەنی لە مەریوان (کوردستان):**
من زیاتر پێوەندیم لەگەڵ کوردستانی عێراق هەیە و کەڵک لە کەناڵەکانی هەواڵ و میدیاکانی ئەوان وەردەگرم و تا ڕادەیەک پێوەندیم لەگەڵ یەکێتی ژنان خاتوون «ڕووناک فەرەج» هەیە. لەو کاتەیدا کە حکوومەتی هەرێم تازە دامەزرابوو، کۆمەڵە کتێبێکم چاپ کرد کە قەت نەدەکرا لە ئێران ئاماژەیان پێبدرێت، چونکە قەدەغە و بقە بوون، بۆ نموونە خۆسووتاندنی ژنان، کوشتنەکان لەبەر شەرەف و نامووس و خەتەنەکردنی ژنان. ئەو کتێبانەی کە لە کوردستانی عێراقەوە وەرم دەگرتن کاریگەریی زۆر باشیان هەبوو تا بتوانم هزر و بیرم ڕێک بخەم و خوێندنەوەکانم بەردەوام بکەم.

ئەمڕۆ بە هاتنە ئارای تۆڕي کۆمەڵایەتییە فرەچەشنەکان و دەرچوونی ڕەوتی زانیارییەکان لە سنووری جوگرافیایی وڵاتان، زۆر ڕەوتی میدیایی و هەواڵنێری چالاک لە دنیای مەجازیدا بوونیان هەیە و ئەگەر چالاکییەکانی گواستنەوە و گەیاندن و بەرنامە کەلتووری و شیکارییە ناوخۆییەکان سنووریان بخرێتە سەر، بە ئاسانی و لە ڕێگای تۆڕی ئینتەرنێتەوە دەکرێ ئازادانە بەدوای تریبوونە جۆراوجۆرەکاندا بگەڕێین.

لە سیستەمە نادیموکراتیکەکاندا کە میدیا ئاراستەی سیاسی هەیە و لە ژێر کۆنترۆڵ و چاوەدێریی سیاسیدایە، خەڵک لەوەی کە ئازادانە و بەبێ ترس باسی بیروڕا و بۆچوونەکانی خۆیان بکەن دەترسن. لەم پێوەندییەدا هەرچی زانیاری و میدیا ئازادەکان کەمتر بەردەست بن، خەڵک مەیلی زیاتریان بەرامبەر بە میدیا دەرەکییەکان دەبێت بەمەبەستی دەربڕینی بیروڕا و بۆچوونەکانی خۆیان. ئەو میدیاگەلەی کە زیاتر لەگەڵ ئایدۆلۆژیای دەسەڵات یەک ناگرنەوە و وەک تریبوونن بۆ دەربڕینی ڕوانگەی نەیارانی دامودەزگای سیاسی، وەک دیاردەیەکی مەترسیدار و هەڕەشە بۆ ئەمنی نەتەوەیی کۆمەڵگایەک هەژمار دەکرێن.

**قاسم ئالی کەسیر، توێژەر و چالاکی بواری ئێتنیکی لە خووزستان:**
لە بەرهەمە کەلتووری و میدیاییەکانی جیهانی عەرەب کەڵک وەردەگرین و کاریگەرییان داناوەتە سەر ژیانمان، لە هەڵبژاردنی ناوەوە بگرە تا ستایل و جلوبەرگ و مۆسیقا و ئاخاوتن.



وێنەی ژمارەی ١٣-٣: وتووێژ لەگەڵ قاسم ئالی کەسیر

ئەنجامی وتووێژەکان لەگەڵ گرووپە ئێتنیکییە جۆراوجۆرەکانیش ئەم بابەتە پشتڕاست دەکاتەوە. تورکەکان لە وتووێژەکاندا دەیانگوت کە بەپێی هەلومەرجی میدیاکانی ناوخۆی وڵات زیاتر کەڵک لە میدیای جۆراوجۆر لە وڵاتانی تورکیا و ئازربایجان وەردەگرن. بەلووچەکان لە وتەکانی خۆیاندا باسی میدیا بەلووچییەکانی پاکستانیان دەکرد. کوردەکان گوتیان کە زیاتر لە میدیا کوردییەکانی وڵاتانی عێراق و تورکیا کەڵک وەردەگرن. شوێنکەوتووانی ئەم دوو گرووپە ئایینییە چونکە سەر بە ئایینزای سوننەن دەیانگوت کە لە میدیا ئایینییەکانی وڵاتانی عەرەبی و هەروەها میدیا فارسییەکانی گرووپە ئیسلامییە چالاکانی دەرەوەی وڵات کەڵک وەردەگرن. عەرەبەکانی خووزستانیش هانایان بردووەتە میدیا عەرەبییەکانی وڵاتە عەرەبەکانی ناوچەکە. بەڵام بێجگە لەم گرووپە ئێتنیکییانە، زۆرێک لە فارسەکانیش بەرامبەر بە کرداری میدیا ناوخۆییەکان ناڕازین و ئەوانیش دەیانگوت کە میدیاکانی دەرەوەی سنوورەکان و بەتایبەت میدیا دەنگی و وێنەییەکانی وڵاتانی ئەورووپی و ئەمریکی دەبینن و دەبیستن. بێ گومان ڕێگای بەرەنگاربوونەوەی وەها دۆخێک دابینکردنی بەستێنە گونجاوەکان و بەردەستخستنی تریبوونی گونجاو بۆ گرووپە ئێتنیکییەکان و ڕووناکبیرانی ناوخۆیە بۆ دەربڕینی ڕوانگە و بیروڕاکانیان لە چوارچێوەی جوگرافیای ئێراندا.

## دۆخی ئابووریی ئێتنیکەکان

فرەڕەنگیی جوگرافیایی، کەشوهەوایی و سەرچاوە سروشتییەکانی هەرێمە ئێتنیکییەکانی ئێران، تێکڕای تایبەتمەندیی کەلتووریی گرووپە ئێتنیکییەکان، پۆتانسێلێکی بەهێزە کە بە یارمەتیی ستراتیژییەکی ئابووریی کارامە و خۆجێیی دەتوانێت پشکێکی بەرچاوی لە باشترکردنی بوارە جۆرواجۆرەکانی ئابووریی وڵات و ناوچە ئێتنیکییەکان، لەوانە پیشەسازی، کشتوکاڵ، گەشتیاری و هتددا هەبێت و بە پشتبەستن بەوانە هەنگاوێکی گرنگ لە گەشەپێدانی ئابووریی ناوچەیی و نیشتمانیدا بنرێت. بەڵام ئەم بەستێنە بەپیت و پۆتانسێلە باشە بەهۆی ناکارامەیی بەڕێوەبردنی باڵای ئابووری ڕانتی و ناوەندگەرا، نەک هەر تەنیا دەرفەتی سەرهەڵدانیان نەبووە، بەڵکو لە بازنەی ئابووریی وڵاتدا، کراون بە ناوچەی پەراوێزی پاشکەوتوو و کەم بەهرەمەند کە نزمترین پشکیان لە سامانی ئابووریی وڵاتدا هەیە. لە درێژەدا، دۆخی ئابووری ژمارەیەک لە گرووپە ئێتنیکییەکانی ئێران شرۆڤە دەکرێت.

> **موحسێن سوودمەند، دەروونناس و ڕاوێژکار لە ئەردەبیل (ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات):**
> ئەگەر وڵاتی ئێمە ئاوڕ لەسەر ئابووری نەداتەوە کە گرنگترین پرسی ئێمەیە و تێچووەکەی دابین نەکات و پلاندارشتنی ئابووری و کارامە لە ئارادا نەبێت و پێداچوونەوەی لەسەر نەکرێت، بوارەکانی دیکەش دەرفەت و هەلی زۆریان بۆ نارەخسێ.

- **فارس**

بەشێکی زۆری پیشەسازییە قورسەکان وەک کۆمپانیاکانی پۆڵا، ئۆتۆمبێلسازی، پیترۆکیمیا و ... کە زیاتر لە ناوەندی وڵاتدان دەکەونە پارێزگا فارسەکان. زۆرترین پشکی بەشی پیشەسازی دەگەڕێتەوە بۆ پارێزگاکانی ئەسفەهان (سەتا ٤١,٤)، ئەلبورز (سەتا ٤٤)، تاران (سەتا ٣٧,٣)، چوارمەحاڵ و بەختیاری (سەتا ٣٩,٦)، قوم (سەتا ٤٣,٤)، مەرکەزی (سەتا ٤٠,٣)، و یەزد (سەتا ٤٧,٨) (مردم ایران در چه بخشهایی کار می کنند؟ ...، ١٣٩٣). وێڕای بەشی پیشەسازی لە ناوچە ناوەندییەکانی ئێران، لە بەشی کشتوکاڵدا، بەرهەمی پڕداهات وەک فستەق و زەعفەران بەرهەم دەهێنرێن. هەر ئەم بابەتەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ناوچە فارسنشینەکان بەشێکی زۆریان لە کۆی بەرهەمی ناوخۆیی هەبێت. زۆرترین بەشی داهاتە ئابوورییەکانی ئێران لە بەردەستی ئەواندایە و ئەمە ڕەنگە هۆکاری بگەڕێتەوە سەر هەلومەرجی جوگرافیایی گونجاو و ئەوەیکە دامودەزگای سیاسی و کەلتووریی حکوومەت لە ژێر دەستی ئەواندایە.

ئەگەرچی ئەم گرووپە ئێتنیکییە ئەو باوەڕەیان قبووڵ کردووە کە لە چاو گرووپە ئێتنیکییەکانی دیکە دۆخی ئابوورییان باشترە، دەسکەوتەکانی لێکۆڵینەوەی بەردەست پیشاندەری هەبوونی نابەرابەرییە لە نێوان خەڵکی ئەو گرووپەشدایە. ئەڵبەت خەڵکی فارس بۆ خۆیان باشتربوونی ڕێژەیی دۆخی ئابووریی خۆیانیان لە چاو گرووپە ئێتنیکییەکانی دیکە قبووڵە و لەم بوارەدا پاڵپشتی دابەشینی سەرچاوەکان بۆ ناوچە جوگرافیاییەکانی دیکەی وڵات و دابەشینی دادپەروەرانەی سەرچاوەکانن.

**ئەمین ناتق، ئارشیتێکتی شارسازی لە ئەسفەهان:**
ئابووری کەوتۆتە دەست ئێتنیکی فارس کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەیکە ئێتنیکەکانی دیکە متمانەیان بە فارس نەبێت و ئەم بیرۆکەیەی ساز کردووە کە ئێتنیکی فارس هەموو شتیان هەیە و ئێتنیکەکانی دیکە سنووریان خراوەتە سەر. ئەم لێکدانەوە توند و خراپە ئێمەی فارسی گرتۆتەوە... دەمەوێ بڵێم کە ئێمەی فارسیش نارەزامەندین. پرسی ئابووریی ئێران دەبێ هەموو ئێتنیکەکان یەکپارچە و یەکسان بەرچاو بگرێ و تەنانەت دەبێ ئێتنیکە سنوورنشینەکان ئاوڕی زیاتریان لێ بدرێتەوە، چونکە دەبێ لەوێ سەرمایەگوزاری زیاتر بکرێ. بەو جۆرە ڕێژەی قاچاخکردنیش کەم دەبێتەوە.

- **کورد**

ئەم گرووپە ئێتنیکییە نیشتەجێی ڕۆژئاوای ئێرانن لە پارێزگاکانی کوردستان، ئازربایجانی ڕۆژاوا، کرماشان و ئیلام، کە بە زمانی کوردی ئاخاوتن دەکەن و لەگەڵ کوردستانی عێراق سنووری هاوبەشیان هەیە. بەشێکیش لە کوردەکان لە ڕۆژهەڵات (پارێزگای خوراسانی باکوور) و باکووری ئێران بەتایبەت پارێزگای گیلان نیشتەجێن. ئابووریی خەڵکی کورد زیاتر لەسەر کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییە. لە بەشە باکوورییەکانی ناوچە کوردنشینەکان (باشووری ئازەربایجانی ڕۆژاوا) باخدارییش باوە. بەڵام لە ناوچە باشوورییەکان (کوردستان، کرماشان و ئیلام) بەهۆی هەبوونی لەوەڕگە و نەبوونی زەوی لەبار بۆ کشتوکاڵی ئاوی، زیاتر کشتوکاڵی دەیم و ئاژەڵداری دەکرێت. ناوچە کوردنشینەکانی ئێران لە باری پێکهاتەکانی دابینکردنی هەلی کارەوە، کارخانەکان وەک پیشەسازییە پێشکەوتووەکان، کارگە و کارخانە پیشەسازییەکان و ... گەشەیەکی وەهایان نەکردووە و ئەمەش دۆخێکی نالەباری ئابووری هێناوەتە ئاراوە و بۆیە ئاماری بێکاری بۆ حەشیمەتی چالاکی ناوچە کوردییەکان زۆر زۆرە و زۆربەی پیاوان بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی بنەماڵە ناچارن خەریکی پیشەی نەگونجاوی وەک قاچاخ و کۆڵبەری بن.

چوار پارێـزگای کوردسـتان، ئازەربایجانـی ڕۆژاوا، کرماشـان، و ئـیلام وەک جوگرافیـای سـەرەکی کـورد لـە ئێران بە گشـتی ٦.٨٪ی ڕووبەر و ٩.٣٪ی کۆی دانیشـتوانی وڵات دەگرنـەوە. هاوکات بەپێی دوایـین ئامـاری کـۆی بەرهەمهێنانـی ناوخـۆی وڵات بە پێـی پارێزگاکان لـە سـاڵی ٢٠١٨دا، ئەم چوار پارێزگایـە پێکـەوە تەنهـا ٥.٥٪ی بەرهەمـی ناوخۆیـی وڵاتیـان هەیـە، ئەم پشـکە لە بەرهەمی گشـتیی ناوخـۆی وڵات لـە بەشـی پیشەسـازیی وڵاتـدا بەڕێـژەی ٣.٨٪ دادەبەزێـت. دوکتـۆر عەلـی حەیاتنیـا، توێـژەری ئابـووری سـەبارەت بـە هـۆکار و بۆنەکانی پەرەنەسـەندنی هەرێمـە ئێتنیکییەکان، پێـی وایە: سـەرەڕای تێپەڕینی شـەش بەرنامەی پەرەسـەندن لـە وڵاتدا، هێشـتا ناهاوسـەنگی و ناهاوتەرازییەکی قووڵـی ناوچەیـی بـەدی دەکرێـت، بـە شـێوازێک کـە ئەگـەر گەشـەی ئابووری ناوچـە جیاوازەکانـی وڵات تاوتـوێ بکرێـت، دەبینرێـت کـە گەشـەکردنی ناوچە پێشـکەوتووەکان بـە شـێوازێ بەرزبوونەوەی ئەندازەیـی دەچێتـە سـەرەوە، کەچی ناوچـە کـەم پێشـکەوتووەکانی وەک پارێزگا کوردییـەکان، ڕەوتی گەشـەیان زیاتـر شـێوازێکی بەرزبوونـەوەی ژمارەیییە، کە ئـەم جیاوازییە لـە ڕێژەی گەشـەکردندا بووەتە هـۆی قووڵبوونـەوەی کەلێنـی بەهرەمەندی لە سـامان و ئاسـتی داهات لـە نێوان پارێـزگا و ناوچەکانی وڵاتـدا. بەهـۆی شـێوازی پلاندانانـی ناوەندگەرایانـە، گەیشتن بە پەرەسـەندنی جێگیر و هاوسـەنگ لە هەندێـک بەشـی پێکهاتـەی جوگرافیایی وڵاتـدا ڕووی نەداوە، لەم ڕووەوە ژمارەی دانیشـتووان لە شـارە گـەورەکان و جەمسـەرە حەشـیمەتییەکاندا چڕبوونەتـەوە و ئـەم ناوچانـە بوونەتە وێسـتگەی ڕاکێشـانی سـامان و سـەرڕێژی داهاتی زۆرێک لە شـارە بچووکەکانـی ئێران لەم ناوەندانـەدا کۆبوونەتەوە، ئەمەش بووەتـە هـۆی لێکترازانـی پلـەی پەرەسـەندنی ناوچـەکان و ناهاوسـەنگی لـە شـێوەی بڵاوبوونـەوەی حەشـیمەتی دانیشـتوواندا (حیاتنیـا، ١٤٠١).

**پەروین زەبیحی، چالاکی مەدەنی لە مەریوان (کوردستان):**

لـە بـاری ئابوورییەوە، بە ڕاسـتی کوردسـتان و زۆرێـک لە ناوچە کوردنشـینەکان دەکەونـە ڕیـزی دواکەوتووتریـن ناوچەکانـی ئێـران. گەنجانـی ئێمـە بێـکارن و ئەمـەش کاریگەریـی نەرێنـی وەک کۆڵبـەری هەیـە، چونکـە هیـچ بنکـە و ناوەندێکـی پیشەسـازی و وەبەرهێنـان لـە ناوچـەی کوردسـتان بوونـی نییـە و یـان ئەگـەر هەیـە ئەوەنـدە گـەورە و بەرچاونییـە کـە هەمووانـی بـەرەو کۆڵبـەری و دەسـتفرۆشـی و کرێکاریـی بیناسـازی و ڕۆژکاری بـردووە، بەبـێ هیـچ بیمـە و داهاتوویـەک، هـەر بـەم بۆنەوە سـەرەڕای مـردن و فەوتانی زۆرکـەس، کۆمەڵێک تووشـی کێشـەی جەسـتەیی دەبن. پێم وایە کوردسـتان یەک لەو ناوچانەیە کە لـەم بـوارەدا زوڵمـی زۆری لێکـراوە!

بازاڕچـە سـنوورییەکان کـە بـە مەبەسـتی گەشـەپێدانی ئابـووری دامەزران لـەم سـاڵانەی دواییەدا

بەهۆی نافەرمیبوونیان، داخراو ماونەتەوە و بەهۆی پیتاکە گومرگییەکانەوە، خەڵک توانای کڕینیان نەماوە و پێشوازی زۆریان لێ ناکرێت. هەروەها وەبەرهێنەرانی کەرتی تایبەتیش بەهۆی پرسە ئەمنییەکان و نەبوونی ڕێگاوبانی گونجاو بۆ گواستنەوەی بار بۆ ناوەند و نەبوونی هێزی پسپۆڕ لەم ناوچانە، ئامادە نین وەبەرهێنان لە سنوورەکان بکەن. هەلی کار وەک کانگاکانی کانزا و بەردەکان لەم ناوچانە ڕەخساوە کە بەداخەوە پاش دەرکێشان بۆ بەرهەمهێنان دەگوازرێنەوە بۆ شارەکانی دیکە، لە حاڵێکدا کە وەبەرهێنان لەم کانگاگەلە لە شوێنی خۆیاندا، لە باری ئابوورییەوە گونجاوترە و دەبێتە هۆی پەرەسەندنی و گەشەی ئابووری ناوچەکە. پارێزگای کوردستان کە بە «گەوهەری کانزاکانی ئێران» ناسراوە، یەکێک لە دەوڵەمەندترین ناوچە کانزاییەکانی ئێرانە، کە بەهۆی لاوازیی ژێرخانی پیشەسازی و نەبوونی زنجیرەی بەرهەمهێنانی سەرچاوە کانزاییەکان، سوودێکی ئەوتۆی لەم سەرچاوە سرووشتیانە نەبینیوە (کُردستان؛ نگین معدنی ایران، ١٤٠٢)، بە چەشنێک کە تەنانەت ئەژماری بانکیی کۆمپانیا چالاکەکانی بواری کانزا لە پارێزگاکەدا، لە بانکەکانی دەرەوەی پارێزگاکەدایە (واحدهای معدنی و صنعتی کُردستان...، ١٤٠٢). بۆیە تاکە دەستکەوتی ئەم سامانە سروشتییە بۆ خەڵک، وێرای هەلێکی کەمی کاری دژوار و پڕمەترسیی نێو کانگاکان، پتر پیسبوون و لێکەوتە ژینگەییەکانیە.

> **مەهدی کەیوان، مێژوونـاس، ئەسفەهانناس و مامۆستای مێژوو لە ئەسفەهان:**
> ئەگەر ئەمڕۆ ئێوە شتێک دەبینن و پێتان وایە ئەمانە گلەیی کەلتوورین، لە ڕاستیدا گلەیی و سکاڵای ئابوورین کە وەک گلەیی سیاسی و کەلتووریی دەرکەوتنیان هەیە.

کار و بێکاری وەک بابەتە سەرەکییە ئابوورییەکانی هەر وڵاتێک هەژمار دەکرێن، بەجۆرێک کە زیادبوونی کار و دابەزینی بێکاری وەک یەک لە پێوەرەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان لێکدانەوەی بۆ دەکرێت. بۆیە ڕێژەی بێکاری یەک لەو پێوەرانەیە کە بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی ئابووری وڵاتان دەکار دەهێنرێت. دابەزین و هەڵکشانە ئابوورییەکان، دابەشینی نەگونجاوی داهات و دەرفەتەکان، وەرنەگرتنی هێزی کار لە ناوەندەکانی وەبەرهێنان و ناوەندە پیشەسازییەکان، نەگونجاوبوونی ڕەوتی زیادکردنی حەشیمەت و هەلی کار، لاوازی یاسا و ڕێساکان، ڕەچاوکردنی کۆمەڵێک سیاسەتی هەڵە، و نەبوونی فێرکاری گونجاو لەگەڵ پێداویستییەکانی بازاڕی کار وەک گرنگترین هۆکارەکان هەژمار دەکرێن. لەم ساڵانەی دواییەدا، نەک حەشیمەتی خوێندەواری ئێران نەیتوانیوە هەلی کاری باشی دەست کەوێت بەڵکوو بە هۆی دۆخی ئابووریی ئەم ساڵانەوە و بابەتی گەمارۆکان ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کاریان هەبووە بێکار کەوتوون.

نوانەی ٣-١٤ و نوانەی ٣-١٥ دەرفەتی کاری ئێتنیکەکان پیشان دەدەن کە لایەنێکە لە نایەکسانیی ئابووری. بەپێی ئەو دوو نوانە، سەتا ٨٩٫٨ی نوخبەکان و سەتا ٨١٫٩ی خەڵکی ئاسایی لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە دەرفەتی کار لە نێوان ئێتنیکەکان بە شێوەی یەکسان دابەش نەکراوە و تەنیا سەتا ١٠٫٢ی نوخبەکان و سەتا ٨٫٤ی خەڵکی ئاسایی لەسەر ئەو باوەڕەن کە لە بواری دابینکردنی هەلی کار، دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو ئێتنیکەکان لە ئارادایە.




نوانەی ژمارەی ٣-١٥: دەرفەتی یەکسانی کاری ئێتنیکەکان- نوخبەکان




نوانەی ژمارەی ٣-١٥: دەرفەتی یەکسانی کاری ئێتنیکەکان- خەڵکی ئاسایی

زانیارییەکانی نوانەی ژمارە ٣-١٦ –کە لە ناوەندی ئاماری ئێران وەرگیراوە- پلە و ڕێژەی بێکاری لە سی و یەک پارێزگای ئێران پیشان دەدات. بەپێی ئەو نوانەیە، نیوەی لای چەپی نوانەکە ئەو پارێزگایانە دەگرێتەوە کە ناوەندی ژیان و نیشتەجێبوونی ئێتنیکە جۆراوجۆرەکانی کورد، تورک، عەرەب، بەلووچ و ئێتنیکەکانی دیکەیە و نیوەی لای ڕاست کە ڕێژەی بێکاری تیایاندا کەمترە ئەو پارێزگایانە دەگرێتەوە کە زیاتر دەکەونە ناوەڕاستی نەخشەی ئێران و لە درێژەی چل ساڵ تەمەنی شۆڕشی ئیسلامیدا بەرپرسانی باڵای حکوومەت لەو پارێزگایانە هەڵبژێردراون. سیاسەتی ناوەندگەرایی، قەیرانی ئابووری و سیاسی لە ئێران، سیاسەتە ئابوورییە هەڵەکان، گەندەڵی ماڵی

و ئیـداری، کەمتەرخەمـی بەرامبـەر بـە بەهـا و بایەخـە کارداهێنەرانـەکان، ڕوانگـەی ئەمنـی بەرامبـەر ئێتنیکـەکان وەک هـۆکار و فاکتـەرە سـەرەکییەکانی بێـکاری لـە ئێراندان.




نوانەی ژمارەی١٦-٣: ڕێژەی بێکاری (وەرگیراوە لە ناوەندی ئاماری ئێران)

- **ئازەری (تورک)**

ئازەرییـەکان لـە پارێزگاکانـی ئازربایجانـی ڕۆژهـەڵات، ئازربایجانـی ڕۆژئـاوا، زەنجـان، قەزوێـن و ئەردەبیل نیشتەجێن و لەگەڵ وڵاتی ئازربایجان سنووری هاوبەشیان هەیە. لە ناوچە ئازەرینشینەکاندا دۆخی ئابووری تا ڕادەیەک لەبارترە و هەلی کار و دەرفەتەکانی ئاسـایش لە چاو ناوچە ئێتنیکییەکانی دیکـە بـاشترە. ئـەم ناوچـە سـنووری هاوبەشـی لەگەڵ تورکیـا و ئازربایجان هەیـە و لە بـاری کەلتووری و ئابوورییـەوە، لەگـەڵ ئـەم دوو وڵاتە هاوسـنوور و هاوزمانـە، ئاڵوگۆڕی کەلتـووری و ئابووریی تایبەتیان هەیـە. کشـتوکاڵ و ئاژەڵداری وەک کۆڵەکـە ئابوورییەکانی دیکەیە کە لە نێو گرووپی ئێتنیکیی تورکدا لـە ئێـران بـاون. ئەم ناوچە لـە باری وەبەرهێنانی شـیرەمەنی و پرۆتینەکانەوە بەشـێکی بەرچاوی هەیە. بـەڵام ناکـرێ ئابووریـی زۆرینـەی خەڵکی ئـەم ناوچەیە بـەم بابەتانە کـورت بکەینەوە، بەڵکـوو هەبوونی کارخانە و پیشەسـازی گەورەی وەک تراکتۆرسـازی، پیترۆکیمیا، ئۆتۆمبێلسازی، پیشەسازییەکانی پۆڵا و ... بوونەتـە هـۆی ڕەخسـانی هەلـی کاری فراوان. بەگشـتی بەشـی خزمەتگوزارییەکان، کشـتوکاڵ و پیشەسـازی گەورەتریـن بەشـە ئابوورییەکانی ئـەم ئێتنیکە پێک دێنن.

**عەلی حامید ئیمان، ڕۆژنامەوان لە تەوریز (ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات):**
پاش چلەکان هیچ کارخانەیەکی گەورە بوونی نییە کە دەوڵەت بنیاتی نابێ و تەنیا کەرتی تایبەت بە توانا و کارامەیی خۆیەوە توانیویەتی بەردەوام بێت.



وێنەی ژمارەی ٢٠-٣: وتووێژ لەگەڵ عەلی حامید ئیمان

دۆخی ئابووریی ناوچە ئازەرییەکان لە مۆدیلی باوی گەشەنەکردویی ناوچە ئێتنیکییە پەراوێزەکان پەیڕەوی ناکات و ئازەربایجان بە یەکێک لە جەمسەرەکانی پیشەسازیی ئێران دادەنرێت. لە ئازەربایجان پیشەسازی گەورە و ژێرخانی وەک: مەکینەسازی، ئۆتۆمبێل، چیمەنتۆ، نەوت و پترۆکیمیایی، پیشەسازی دەرمان و کیمیایی، هەروەها پیشەسازی خۆراک لە دەوروبەری شارە گەورەکاندا هەڵکەوتوون، هەندێک نموونەی گەورەترین پیشەسازییەکانی ئەم هەرێمە بریتین لە: بەرهەمهێنانی تراکتۆری تەوریز، مەکینەسازیی تەوریز، پاڵاوگەی تەوریز، پترۆکیمیایی تەوریز، کۆمەڵگەی پیشەسازی ئارتاڤیل تایەی ئەردەبیل. کۆبوونەوەی کارگە و ناوەندە پیشەسازییە گەورەکان لە تەوریز ئەوەندە چڕوپڕە کە ئەم شارە بە «شاری پیشەسازی» ناوبانگی دەرکردووە. بەپێچەوانەی ئەم دۆخە ئابوورییە لەبارە، خەڵکی ئەم گرووپەش بەرامبەر سیاسەتەکانی دەوڵەت

لەم بوارەدا زۆر ڕازی نین و لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەگەر ئەمڕۆ دۆخی ئابووریی ئەم ناوچەی ئەوانە باشە، ئەمە پێوەندی بە باشتربوونی سیاسەتەکانی دەوڵەت پاش شۆڕشەوە نییە و زۆرینەی ئەو شتەی ئەوڕۆ هەیانە سەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو و پاشان ئەنجامی هەوڵ و تێکۆشانی خەڵکی ناوچەکە و سەرمایەداران و نوخبەکانی خۆیانە.

**ئەسفەندیار حاجی، توێژەری مێژوو و نووسەر لە ورمێ (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**
ئابووری ئێمە لە جێگای خۆیدا ماوەتەوە و پێشکەوتنی نەبووە و بۆتە گۆڕەپانی کایەی کەسانی دیکە و وڵاتانی زلهێز. نایەکسانی ئابووری لە نێوان ئێتنیکەکاندا هەیە و بۆ ئێتنیکی ئێمە خراپتریشە. ئەگەر خەڵکی ئێمە بتوانن لە توانا و دەفرایەتییەکانی ناوچەی خۆیان کەڵک وەرگرن و نەچێتە گیرفانی ناوەند خەڵک دۆخێکی باشتریان دەبێت

- **عەرەب**

لە ناوچەی باشووری ئێران عەرەبەکان نیشتەجێن کە بە زمانی عەرەبی ئاخاوتن دەکەن و لە پارێزگاکانی خووزستان، بووشەهر و هورموزگان بڵاو بوونەتەوە. لە خووزستان خەڵکی عەرەب لەگەڵ عەرەبەکانی عێراق پێوەندییان هەیە. دۆخی پێوەندی و سنووری دەریایی شارە عەرەبەکانی پارێزگای خووزستان و هورموزگان بۆتە هۆی برەوی بازرگانیی نێودەوڵەتی. بەندەرە گرنگەکانی ئەم ناوچە بەندەرعەباس و بەندەری ئیمامن کە بەشێکی زۆری ئاڵوگۆڕ و ترانزیتی دەریایی ئێرانیان گرتۆتەوە. هەروەها ئەوەیکە ناوچە عەرەبنشینەکان نەوتی تێدایە و هەبوونی پیشەسازییە قورسەکان بوونەتە هۆی ڕاکێشانی هێزی کار لە سەرتاسەری ئێرانەوە. ئەم دۆخە تا ڕادەیەک دیموگرافیای ئێتنیکی ناوچەکەی شێواندووە و ئێتنیکە جۆراوجۆرە ئێرانییەکان بۆ بەدەستهێنانی هەلی کار چوونەتە ئەو ناوچەیە. بەڵام بەداخەوە دۆخی گشتیی زۆربەی خەڵکی عەرەب لە باری ئابوورییەوە لە ئاستێکی نزم و خراپدایە. چونکە بەبێ ئەوەی کەمترین پشکی سەروەت و سامانی دەرهێنراوی ئەم هەرێمە بدرێتە دانیشتوانەکەی، دەگوازرێتەوە بۆ پارێزگاکانی دەرەوەی ئەم هەرێمە بەتایبەت تاران و پشکی خەڵکی ڕەسەن تەنها پیسبوون و بێبەشییە.

**باسم حەمادی، توێژەری ئایینەکان و مۆسیقای ئێتنیکی عەرەب، مامۆستای زانکۆ لە ئەهواز (خووزستان):**
لە پارێزگایەکدام کە ئاو و نەوت و گازی هەیە. لێرە نابێ شتێک بە نێوی بێکاری بوونی هەبێت، هەژاری دەبێ زۆر کەم بێت، بەڵام دەبینین کە بێبەشبوون و هەژاری لە گوندەکان و پەراوێزی شارەکاندا هەژێنەر و دڵتەزێنە. ڕەنگە لە پارێزگاکانی دیکەشدا هەبێت، بەڵام ڕوانگەی ئێمە ئەوەیە کە ئێمە لەسەر سەروەت و نەوت خەوتووین و هەژاری دەچێژین.

**یەعقووب مووسەوی، کۆمەڵناس و ئەندامی لیژنەی زانستی زانکۆی ئەلزەهرا لە تاران:**
ئێتنیسیتەکان پێگەیەکی گونجاویان لە ئاستی زنجیرەی پلەوپایەییدا نییە، وەک عەرەبەکان کە لە ئاستی بەڕێوەبەرێتیدا نابینرێن.

پارێزگای خووزستان لە گرنگترین ناوچە نەوتییەکانی ئێرانە. نەوت و گاز کە گرنگترین سەرچاوە و سامانی سروشتیی ئێرانن بۆ یەکەم جار نزیکەی هەشتا ساڵ پێش ئێستا لەم ناوچەیە دۆزرانەوە و دەرکێشران و لەو کاتەوە تا ئێستا مەیدانی نەوتی زۆر لەم پارێزگایەدا دۆزراوەتەوە و هاتۆتە بەرهەمهێنان کە یەک لە گرنگترینەکانیان ئەهوازە. پاڵاوگەی ئابادان، پیترۆکیمیای بەندەری ئیمام و ماهشەهر نموونەی پیشەسازییە پێوەندیدارەکان بە نەوتن لەم پارێزگایەدا.
بەگشتی پیشەسازی خووزستان دابەش دەبێتە سەر دوو بەشی پیشە دەستی و مەکینەییەکان. پیشەسازییە کارگەییەکان دەکرێ بەپێی ڕادەی بەکارهێنانی کەرەستەی خاو و کوالێتی وەبەرهێنان دابەش بکەینە سەر دوو بەشی سەرەکی پیشەسازییە قورسەکان و پیشەسازییە سووکەکان. پیشەسازییە قورسەکانی پارێزگا بریتین لە دەرکێشان و پاڵاوتنی نەوت بریتی لە پاڵاوگەی ئابادان، دەزگای تەقتیری مەسجدسلێمان، پاڵاوگەی گازی بیدبولەند و پیشەسازی پیترۆکیمیا بریتی لە کۆمەڵەی کیمیاوی ڕازی، کۆمەڵەی کیمیاوی ئابادان، کۆمەڵەی کیمیاوی خارک، کۆمەڵەی کیمیاوی ئێران-ژاپۆن، کارخانەکانی نەوەرد و بۆریەی ئەهواز و تواندنەوەی ئاسنی گازی ئەهواز. پیشەسازییە سووکەکانی خووزستان بریتی لە شەکرسازی، قاقەزسازی، بەستەبەندیی خورما، ماسیگرتن و پیشەسازیی کارەبان.
هەبوونی ڕۆبارە پڕئاوەکانی کاروون، کەرخە، دز، ئەروەند و گەتوەند لە پارێزگای خووزستان بۆتە هۆی برەوی کشتوکاڵ لە هەموو ناوچەکە و ئێستا گەورەترین پلانی وەبەرهێنانی نەیشەکر

و پیشەسازییە پەیوەستەکانی خەریکی جێبەجێکرانە. کشتوکاڵ لە هەموو ناوچەکانی پارێزگای خووزستان بەتایبەت دەشتەکان زۆر گرنگە و هەر بەم بۆنەوە پێی دەڵێن پارێزگای زێڕخێز. دەشتی خووزستان درێژەی مێزۆپۆتامیایە و هەر بەم بۆنەوە خاک و کەشوهەوای زۆر لەباری بۆ کشتوکاڵ هەیە. وەک گرنگترین بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی ئەم پارێزگایە دەتوانین ئاماژە بدەینە گەنم، جۆ، برنج، نەیشەکر، خورما و مزرەمەنییەکان.

لە بەشی ئاژەڵداریشدا، پەروەردەکردنی ئاژەڵ و پەلەوەر پاش کشتوکاڵ زۆر گرنگە. دەتوانین ئاماژە بدەینە جۆرەکانی ئاژەڵ وەک مەڕ، بزن، مانگا و گامێش. ئەم پارێزگایە هەروەها بەهۆی دراوسێیەتی لەگەڵ کەنداوی فارس و هەبوونی ڕووبارە گەورە و پڕئاوەکان، بەستێنێکی گونجاوە بۆ پەروەردەکردنی ماسی و ڕاوەماسی.

- **بەلووچ**

ئەم تاقمە لە ڕۆژهەڵاتی ئێران دەژین و بە زمانی بەلووچی ئاخاوتن دەکەن و وەک بەشێک لە کوردەکان سەر بە ئایینزای سوننەن، لەگەڵ پاکستان و ئەفغانستان سنووری هاوبەشیان هەیە و لەگەڵ پاکستان و ئەفغانستان و تەنانەت تانزانیا پێوەندییان هەیە. لەم پارێزگایەدا سیستانییەکان شیعەن و زیاتر لە شاری زابول نیشتەجێن. لەم ناوچەیەدا، دۆخی ئابووری زۆر نالەبارە و کارخانە و سەرمایەگوزاری لەم ساڵانەی دواییەدا بەدی نەکراوە، سنووریان داخستووە و دانوستانە ئابووری و کەلتوورییەکان لەگەڵ ئەودیوی سنوور ڕاگیراون. بەهۆی داخرانی سنوورەکانەوە، بازاڕچەی سنووری نەهاتۆتە ئاراوە و زۆربەی خەڵک خەریکی کاری قاچاخ وەک قاچاخی کاڵا و شمەک و گەزایلن و هەژارییەکی گشتگیر لە پارێزگاکەدا هەیە (قبادی، ١٣٩٩). لە ڕابردوودا، سیستان و بەلووچستان عەمبار و ئاخێزگەی خەڵە و دانەوێڵەی ئێران بووە، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی دۆخی تایبەتی هەرێمی، بێ ئاوی و وشکەساڵیی قورسەوە، کشتوکاڵ تووشی کێشەوگرفتی زۆر بۆتەوە و زۆرێک لە کێڵگەکانی کشتوکاڵ بەکەڵک نەماون.

**محەمەد بەهاری، مامۆستای ئەدەبییات لە زاهیدان (سیستان و بەلووچستان):**
ئابووریمان سیفر یان ژێری سیفره. هەموو سیستانییەکان سیفر بوونە. ئابووری و ئاژەڵداری، کشتوکاڵ و پیشەسازیی ساز دەکەن بەڵام ئێمە شتێکمان بە نێوی پیشەسازی لەم پارێزگایەدا نییە. بڕیار بوو زابول ببێتە ناوەندی کشتوکاڵ، بەلووچستان ببێتە ناوەندی پیشەسازی و زاهیدان ببێتە ناوەندی زانکۆیی. زابول ئێستا هیچی نییە. ئێستا تۆ وەره بڵێ لەم چل ساڵەدا یەک کارخانە بۆ زابول دروست کراوه، من بێدەنگ دەبم. خەڵک لە ڕێگای گاز و گەزایلەوە شتێکیان دەست دەکەوت. دیواریان لەسەر سنوور کێشاوە و چیدی ئەوەشیان پێ ناکرێ. ئێستا ئێمە لە پشتی دیوارەکاندا ماوینەتەوە و نە ئەتوانین بەرەو ئەمدیو بچین و نە ئەودیو.

بە پێی بەڵگەکان، پارێزگای سیستان و بەلووچستان لە ئاستی ئێراندا نزمترین پێوەره ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەیە. لە بواری کشتوکاڵیشدا ئەگەرچی دەفرایەتی گونجاوی هەیە، پێشکەوتنی ئەوتۆی نەبووە. شێوازی وەبەرهێنانی سونەتی، خەڵکی گوندنشینی بەرامبەر فاکتەره سروشتییەکان لاواز کردووە. بۆیە فاکتەری وەک ئاو، دۆخی زەوییە کشتوکاڵییەکان، و ئابووریی نەریتی لە درێژەی چەندین ساڵدا کێشەوگرفتی زۆریان بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵی ناوچەکە هێناوەتە ئاراوە.

کشتوکاڵ لە سیستان و بەلووچستان شێوازی جۆراوجۆری هەیە. لە ناوچەی سیستان، کشتوکاڵ تەنیا ئاوییە و پشت بە ڕۆباری هیرمەندەوە دەبەستێ و ئێستا کەوتۆتە ژێر کاریگەریی کەم و زیادبوونی ئاو. گرنگترین بەرهەمی ناوچەی سیستان گەنمە کە بەشێکی بەرچاوی زەوییەکان تەرخان کراون بۆ چاندنی گەنم. پاش گەنم، جۆ زۆرترین بەش دەگرێتەوە. وەک بەرهەمەکانی دیکە دەتوانین ئاماژە بدەینە وێنجە، تەماکۆ، کونجی، بێستانکاری و سەوزەکان.

لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان، بەشی پیشەسازی پێشکەوتن و گەشەیەکی وەهای نەبووە، بە جۆرێک کە ئێستا خەڵکی ئەم پارێزگایە زۆربەی کاڵا پێویست و پیشەسازییەکانی خۆیان لە پارێزگاکانی دیکە و یان لە پاکستانەوە دابین دەکەن. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پارێزگا، دوورەدەستبوون و بەردەستنەبوونی سەرچاوەکانی تەکنۆلۆژیا، کەمبوونی کەسانی پسپۆڕ، هەژاریی کەلتووری و کەمتەرخەمی دەوڵەت لە ساڵەکانی پێش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی وەک هۆکاره سەرەکییەکانی بێبەشی و دواکەوتنی پیشەسازیی ئەم پارێزگایەن. پیشەسازییەکانی پارێزگا دابەش دەبنە سەر دوو بەشی مەکینەیی و دەستی. پیشەسازییە مەکینەییەکانی پارێزگا بریتی لە پیشەسازییەکانی خۆراک، دروومان، پۆشەن و پیشەسازییە کیمیاوییەکان کە زیاتر لە دەوروبەری

زاهیدان و شارە گەورەکاندا چالاکی دەکەن. پیشەسازییەکانی دیکەی پارێزگا بریتی لە کارگەکانی کانزاکاری، دارێژکاری (توانەوەی کانزا)، دروستکردنی کەلوپەلی ناوماڵ و تانکەرسازین.

لە نێو عێل و عەشیرەتەکانی پارێزگادا، پیشە دەستییەکان پێگەیەکی ئابووریی گرنگیان هەیە و لە باری دابینکردنی داهاتەوە، پاش کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لە پلەی سێیەمدا دێنەوە. گرنگترین پیشە دەستییەکانی عەشایری سیستان و بەلووچستان بریتین لە حەسیردوورین، تەونکردن، دەرزیدوورین، چادردوورین، سفرەدوورین، هۆڕدوورین (گاڵە یان گەواڵە)، نەوگ و دراودوورینن. کانگا دۆزراوەکانی پارێزگایش بریتین لە کانگای مس لە باکووری ڕۆژئاوای زاهیدان بە دەفرایەتی زیاتر لە ١٥ ملیۆن تەنەوە، کانگای کرۆمیت لە ناوچەی خاش و کانگای مەنگەنێز لە ناوچەی کوتیج. وەک کانگا گرنگەکانی دیکەی پارێزگا دەتوانین ئاماژە بدەینە کانگای بەردی مەڕمەڕ، بەردی ئاهەک، تراورتەن و خاک و لمی سیلیسی. دەریای عومان لە ڕاستیدا یەک لە سەرچاوە زۆر دەوڵەمەندەکانی خوێیە. دەرکێشانی خوێ لە ئاوی دەریا بەردەوام لە گوندەکانی کەنارەی دەریادا باو بووە و دەرفەتێکی زۆر هەرزان و گونجاو بۆ گەشەپێدانی لە ئارادایە. پیشەسازییە پێوەندیدارەکان بە ماسی و ڕاوەماسیش لە کەنارەکانی دەریای عومان لە سیستان باون.

کێشەی ئابووری ئێران دووبارەدابەشینی سامان لە نێوان ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵاتە. بەشی زۆرینەی داواکارییە سیاسییەکانی ئێتنیکەکانی ئێران کە جاروبار توندوتیژیشی لێدەکەوێتەوە، دەگەڕێنەوە سەر ئەم بابەتە. سیاسەتە ناوەندخوازانە ئابوورییەکان بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی پەراوێز و هەرچی لە ناوەندەوە بەرەو سنوور دەچین کەلێن و مەودای ئابووری و ژیان زۆرتر بەرچاو دەکەوێت. ئەگەرچی هەندێ لە سیاسەتەکان دەگەڕێنەوە سەر ڕوانگەی ناوەند لەسەر پەراوێزی ئێران (ئێتنیکە ئێرانییەکان)، بەڵام بە ڕوونی ناکرێت سنووری ژیان و داهات لەسەر کشتوکاڵ و ئاژەڵداری حەسێب بکەین، چونکە ئابووری ئێتنیکەکانی پەراوێز تا ڕادەیەک ڕۆڵی هێزی کاریان بۆ ناوەند هەیە. لە ئەنجامدا ڕەنگە بەرهەمەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لەم ناوچەگەلەدا هەبن بەڵام ئەم بەرهەمانە بەرەو ناوەند و دەرەوەی وڵات هەناردە دەکرێن و لە ڕاستیدا قازانجیان بۆ ناوەند و دەوڵەت هەیە نەک خەڵکی پەراوێزنشین.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی پەیمانگای باڵای پەروەردە و توێژینەوەی سەرۆکایەتی کۆمار، لە بەشێک لە ناوچە گوندنشینەکانی پارێزگای سیستانوبەلووچستان ڕێژەی هەژاری لە نێوان ٧٥ بۆ ٩٠ لەسەددایە. بە پێی ئەم ڕاپۆرتە، لە کۆی ٢٠ ناوچە کە زۆرترین ڕێژەی هەژارییان لە ئێراندا هەیە، ١٤ ناوچە پەیوەندییان بە ناوچە گوندنشینەکانی شارەکانی پارێزگای سیستانوبەلووچستانەوە هەیە (خط فقر در سیستان‌وبلوچستان بیداد می‌کند، ١٣٩٩).

نوانەی ژمارەی ١٧-٣ و نوانەی ژمارەی ١٨-٣ ڕێژەی هەستکردن بە نایەکسانیی ئابووری لە نێو ئێتنیکەکان پیشان دەدەن. بەپێی ئەنجامەکان، سەتا ٩٠٫٦ی نوخبەکان و سەتا ٨٨ی خەڵکی ئاسایی لەسەر ئەو باوەڕەن کە لە ئێراندا نایەکسانیی ئابووریی ئازاریان دەدات و تەنیا ڕێژەیەکی

کەم لە هەردوو گرووپەکە بڕوایان وایە کە ڕێژەی کەلێن و هەڵاواردنی ئابووری لە وڵاتدا کەمە.




نوانەی ژمارەی ٣-١٧: ڕێژەی هەستکردن بە کەلێن و هەڵاواردنی ئابووری- نوخبەکان




نوانەی ژمارەی ٣-١٨: ڕێژەی هەستکردن بە کەلێن و هەڵاواردنی ئابووری- خەڵک بەگشتی

نایەکسانیی ئابووری[1] جیاوازی نێوان پێوەرە جۆراوجۆرەکانە لەباری ئاسایشی ئابوورییەوە لە نێو خەڵکی گرووپێکدا کە دەکەونە نێو گرووپگەلی دیکەی نێو حەشیمەتێک یان نێو خەڵکی وڵاتان. جاروبار نایەکسانیی ئابووری وەک نایەکسانیی داهات، نایەکسانیی سەروەت و یان کەلێنی سەروەت ئاماژەی پێدەدرێت. لە نایەکسانیی ئابووریدا، ئابووریناسان، بەگشتی تەرکیز لەسەر سێ فاکتەری سەروەت و داهات و دەکارهێنان دەکەن (Ventura، ٢٠٢٣). هەبوونی بێکاری، هەڵاوسانی ئابووری و سیاسەتە ناوەندخوازانەکان، ئێرانی دابەش کردۆتەوە سەر ناوچەی پەراوێزخراو، نیمچەپەراوێزخراو و ناوەند، بە جۆرێک کە هەر یەکە لە ئێتنیکە ئێرانییەکان لە ناوچە پەراوێزخراو و هەژارەکاندان و ئەم هەستکردن بە هەڵاواردنە لە نێوان ئێتنیکەکاندا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەڵکشاوە و جۆرێک ناڕەزامەندیی کۆمەڵایەتیشی هێناوەتە ئاراوە. نایەکسانییە بەردەوامە کۆمەڵایەتییەکان پیشاندەری چییەتی پێکهاتەیی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و دەفرایەتی ناڕەزاییەتییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێو ئەندامانی گرووپە ئێتنیکییەکاندا کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی جیاوازی و کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان. نەبوونی وەبەرهێنان لە بەشی ئاوەدانکردنەوە و بەشی ئابووریدا، نەبوونی

1. Economic inequality

کارخانە و هەلومەرجی کار لە ناوچە کەم بەرژەوەندەکانی وەک کوردستان و بەلووچستان سەرەڕای کۆچی بە لێشاو، جۆرێک توندوتیژی بەرامبەر ناوەندیشی لێکەوتۆتەوە. لەم ساڵانەی دواییەدا دزییە ماڵییەکانی بەرپرسە باڵا دەوڵەتی و ناوەندنشینەکان ئەم قەیرانانەی توندتریش کردۆتەوە.

بەگشتی دەسکەوتەکانی ئەم بەشە پیشاندەری ئەوەن کە هەر یەکە لەو ناوچانەی کە توێژینەوەیان لەسەر کراوە بەپێی دۆخی خۆیان خاوەنی سەرچاوەی دەوڵەمەند و دەگمەنی وەک ئاوی زۆرن، کەشوهەوایان لەبارە بۆ کشتوکاڵی جۆرەکانی بەرهەم و چالاکییەکانی وەک ئاژەڵداری و پەروەردەکردنی پەلەوەر، کانگا دەوڵەمەند و جۆراوجۆرەکانی کانزا و ناکانزاکان بەتایبەت زێڕ و بەردە جوانەکانیان تێدایە، دیمەن و سەیرانگا سروشتی و ئاسەوارە کەلتووری، مێژوویی، گەشتیارییەکانیان تێدایە، توانا و دەفرایەتی سازکردنی وێستگە ئاوییە چکۆلەکانیان تێدایە بەپێی سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی و تۆپۆگرافیای لەباریانەوە، هێزی مرۆیی گەنج و کارامە و بەلێندەریان هەیە کە پێیان خۆشە تەکنۆلۆژیا نوێکان فێر بن، هەلومەرجیان بۆ دانانی ناوچە ئازادە بازرگانییەکان باشە، سیاسەتی کۆنترۆڵیان لەسەر نییە، دەفرایەتی خەزنکردنی ئاو و گواستنەوەی ئاویان هەیە، کە دەفرایەتی و دەرفەتی پەرەسەندن و ئاوەدانی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی و خزمەتگوزارییەکانیان بۆ دەرەخسێنێت. بەڵام پەرەسەندن شتێک نییە کە بە یەک شەو بێتە ئاراوە. پەرەسەندن پرۆسەیەکی تایبەتی خۆی هەیە و دەبێ بەستێنەکان و هەلومەرجە پێویستەکان بۆی دابین بکرێت کە یەکێک لەم بەستێنانە، پێکهێنان و دابینکردنی ئەمنییەتە بۆ وەبەرهێنەران و هاندانیان بۆ سەرمایەگوزاری و دابینکردنی پێداویستییە پێویستەکان بۆ زیادکردنی ویست و مەیلیان بۆ وەبەرهێنان. لەم پێوەندییەدا دەوڵەت بۆ دەسپێک و درێژەدانی ڕەوتی پەرەسەندن و گەشەکردن ڕۆڵی سەرەکی هەیە، بەتایبەت لە چالاککردنی وەبەرهێنانە بنەماییەکان و ئەو وەبەرهینانانەی کە پێویستە لە دەرفەتە ژێرخانییەکاندا بکرێن. بەبێ چالاکبوونەوەی دەوڵەت و جێبەجێکردنی پلانە گەورەکان، دواکەوتوویی ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵات تا سەد ساڵی دیکە بەم ڕەوتەی ئێستاوە نەک قەرەبوو ناکرێتەوە، بگرە مەودایان لەگەڵ ناوچە پێشکەوتووەکان زیاتریش دەبێت.

## ئێتنیکییەتەکان لە بەستێنی قەیراناویی ناوچەدا

هەر یەکە لەو گچکەکەلتوورانەی کە لەم لێکۆڵینەوەدا توێژینەوەیان لەسەر کراوە وەک هەموو کەلتوورەکان خاوەنی خواست و پێداویستییەکانی خۆیانن. هەلومەرجی ژینگەیی وەک واقیعێکی پێکهاتوو لە پرۆسەی مێژوودا گەورەترین بەستێنی ئەم جیاوازییانە دێنێتە ئاراوە. ئەم دیاردەیە ئافرێنەری ئابووری، سیاسەت و کۆڵەکە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بە هەر یەکە لە گرووپە ئێتنیکییەکانە. واتە ڕاستییە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و هتدی نێو هەر یەکە لە گچکەکەلتوورەکان لە بەستێنی کۆمەڵێ فاکتەر و هۆکاری لێک ئاڵاودا جێگای توێژینەوە و تاوتوێکردنن. وێڕای ئەمەش، لە ئاستی ئێران، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بگرە بەدەر لەمانەش

لە زۆر دیاردەدا دەوریان گێڕاوە و دەگێڕن.

بەرنامەی پەرەپێدانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵەکانی ٢٠٠٢-٢٠٠٣ ڕایگەیاند کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بوارەکانی پێکهاتەی کەلتووری، فێرکاری و پەروەردە، بابەتە سیاسییەکان، دیموکراسی و پرسە ئابوورییەکاندا تووشی کۆمەڵێک کێشەی جۆراوجۆرە (UNDP Annual Report 2002, 2015).

یازدەی ئەیلوول و ڕووداوە پێوەندیدارەکانی ساڵی ٢٠٠١ لە ئەمریکا بوونە هۆی زنجیرەڕووداوێک کە ئەنجامی ئەم ڕووداوانە بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆمەڵە شەڕێک بوو کە لە ژێر ناوی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم، بە پشتیوانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئامادەبوونی چەکداریی ڕاستەوخۆیان لە ناوچەکەدا هاتە ئاراوە (بارکر، ٢٠٠٣). هەروەها لەگەڵ ئەم شەڕە چەکدارییە قورسانە، هەموو ڕۆژێک هەواڵی شەڕی لەناکاوی پۆلیسی ئەمنیی عەرەبستان، هێزە چەکدارەکانی پاکستان، هێزە ئەمنییەتییەکانی ئێران، سوپای لوبنان، و چەکدارانی دیکە لەگەڵ گرووپە تیرۆریستییەکان بڵاو دەکرێتەوە. سەرەڕای ئەمەش شەپۆلی بەربڵاوی شەڕە ڕۆژانەکان لە عێراق و ئەفغانستان و ڕێژەی خەسارەکانی چرکە بە چرکە بڵاو دەبێتەوە و شەڕی ئەم دواییانەی تورکیا لەگەڵ کوردەکانیش دەتوانین زیاد بکەینە سەر ئەم لیستە تا هەموویان نیشانەی پرسێکی گرنگ بەڵام لەبیرکراو لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بن. پێدەچێت ئەم پرسە شتێک نییە بێجگە ئەوەی کە شەڕ بۆتە دیاردەیەکی ئاسایی و ڕۆژانە لە ژیانی خەڵکی ئەم ناوچەیەدا. دەسکەوتەکانی لێکۆڵینەوەی بەردەستیش قەیراناویبوونی دۆخی سیاسیی ئەم ناوچەیە دەردەخەن.

> **ڕەئووف ئازەری، مەلا و چالاکی مەدەنی لە سەردەشت (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):** سیاسەت لە ئێراندا و بەگشتی لە جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ڕادەیەکی زۆر وەک هەلومەرجی ئابووری قەیراناوییە.

وڵاتی ئێران لە سەردەمی پاش شۆڕشی ئیسلامی لەم شەڕ و هەڕەشە چەکدارییانە بەدوور نەبووە. لە گۆڕانکارییە شۆڕشگێڕانەکانی وڵاتانی عەرەبی (بەهاری عەرەبی)، وەک وڵاتانی توونیس، لیبیا، میسر و سووریا شتێک کە بە ڕوونی و لە لایەن هەر چاودێرێکی دەرەکییەوە بەدی دەکرا ئامادەبوونی چڕوپڕی نەوەی گەنج لە سازدان و بەردەوامکردنی توندوتیژییەکان بوو. لەم پێوەندییەدا «ڕاقی ئەسەد» لەسەر هۆکارەکانی نارەزایەتی گەنجان جەختی لەسەر ئەوەیە کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ سەرهەڵدانێکی حەشیمەتی ڕووبەڕووە کە تیایدا گەنجانی پازدە بۆ بیست و نۆ ساڵ، گەورەترین بەشی حەشیمەت پێک دێنن و ئەم گەنجانە کە لە هەلومەرجە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکان دڵسارد بوونەتەوە پێشەنگی نارەزایەتییەکانن دژ بە حکوومەت و دەسەڵات (Assaad, 2001, 4).

ئـەو فاکتەرانـەی ژێـرەوە بۆ دەستنیشـانکردنی چییەتی و هۆکاری سـەرهەڵدانی ئاژاوە و شـەڕەکان لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت گرنگـن: مەندبـوون و گەشـەی کەمـی ئابـووری، گەشـەکردنی خێـرای خوێندنی باڵا، نەبوونی سیسـتەمی سیاسـیی خەڵکسـالار، گەشـەکردنی شارنشـینی، سەرکوتکردنی ئایدیۆلۆژیـک، پەرەپێدانـی وشـیاری یاسـایی ژنـان و گەنجـان و مێرمنـداڵان و هتـد.

دەسـکەوتی وتووێژەکانـی ئەم لێکۆڵینەوە پیشـاندەری ئەوەیە کە ئەو کەسـانەی وەڵامیـان داوەتەوە سـەبارەت بـە هەلومەرجـی ناوخـۆی وڵات ڕۆڵ و دەوری وڵاتانـی دراوسـێ بەرچاو دەگـرن. وەک پێشتر ئاماژەمـان پێـدا، ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لـە درێـژەی سـەد سـاڵی ڕابـردوودا، لـە بواری شـەڕ و ئاشـتییەوە هەلومەرجـی تایبەتـی خـۆی هەبـووە. ئـەم ناوچەیـە بـەردەوام لەگـەڵ ئاقـاری شـەڕ وەک شـەڕ لەگـەڵ وڵاتـە ڕۆژئاواییـە داگیرکـەرەکان، شـەڕی نێـوان وڵاتانـی ناوچەکە، شـەڕە ناوخۆییـەکان و شـەڕەکانی دیکـە ڕووبـەڕوو بۆتەوە.

**زەفـەر ئەحمـەد دیـدگاە، مامۆسـتای ئایینـی و چالاکـی کۆمەڵایەتـی لـە سیسـتان و بەلووچسـتان:**

دۆخـی سیاسـی ئێمـە کەوتۆتـە ژێـر کاریگەریـی جیهـان، دۆخێـک کـە ئێمـە لـە تەنیشـت وڵاتانـی دراوسـێدا هەمانـە و وڵاتانـی دراوسـێی ئێمـە هەموویـان ئاژاوەیـان تێدایـە، وەک عێـراق و ئەفغانسـتان و پاکسـتان، و پێوەندییەکانـی ئێمـە لەگـەڵ عەرەبسـتان کـە لـە هـەر حاڵـدا وڵاتێکـی کاریگـەرە لـە نێـو وڵاتـە ئیسلامییـەکان، پێوەندییەکانمـان زۆر باش نین و دیارە لەسـەر دانوستانەکانی ئێمـە کاریگـەری دانـاوە. دۆخێکی زۆر جێگیرمـان نییە و خەڵکیش بەرامبەر بە دۆخـی ئێسـتا دڵەڕاوکەیـان هەیـە و نیگەرانـن.

یەک لە گرنگترین ئاقارە جەنگییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت لە دە سـاڵی ڕابردوودا نەک شـەڕە نێودەوڵەتییـەکان بەڵکوو ئـاژاوە و شـەڕە ناوخۆییەکانـی چوارچێـوەی جوگرافیایـی یـەک وڵاتن، ئـاژاوەکان لـە توونسـەوە دەسـتیان پێکـرد و بازنەیان خێـرا بڵاو بووەوە و گەیشـتە لیبیا، میـسر، یەمەن، سـووریا، عێـراق، بەحرەیـن و وڵاتانـی دیکە و خەڵـک و بەتایبەت گەنجانی ئەم وڵاتانە دژی سیسـتەمی دەسـەڵاتداری ئـەم وڵاتانـە هەسـتانەوە، ئـەو نارەزایەتییانە نـاوی «بەهاری عەرەبی» لەسـەر دانـراوە. لە هەنـدێ نموونـەی وەک توونـس و لیبیـا و مـیسر بزووتنەوەکان گەیشـتنە ئەنجـام و بوونە هـۆی گۆڕانی دەسـەڵات و شۆڕشـەکان سـەرکەوتن. لـە نموونـەی دیکەشـدا وەک وڵاتـی بەحرەیـن بزووتنەوەکە خێرا سـەرکوت کـرا، ئەگەرچی زۆرێک لەسـەر ئەو بـاوەڕەن کە ئەم دۆخـە زۆر بەردەوام نابێـت و هەلومەرجی ئـەم وڵاتـە وەک ژیلەمۆی ژێر خۆڵەمێشـە و لە داهاتـوودا، ئاگرەکە بۆ جارێکی دیکە هەڵدەگیرسـێتەوە. ئـاژاوە لـە وڵاتـی سـووریا هێشـتا بەردەوامـە و ئێسـتا ئـەو وڵاتـە یەکپارچەیـی جوگرافیایـی نەماوەتەوە و

دەسەڵاتی هەر پارچەیەکی بە دەست تاقمێکەوەیە.

بە دەکارهێنانی بنەمای هزریی سەرهەڵدانی حەشیمەتی گەنج، دەتوانین بڵێین کە چونکە وڵاتانی باکووری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک گەنجترین وڵاتانی جیهانن و بەرزترین ڕێژەی بێکارییان لە نێو وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا هەیە و هەروەها بەهۆی هۆکاری وەک مەندبوونی ئابووری و پێکهاتەی سیاسی بنکە پێوەندیدارەکانی خۆیانەوە، نەیانتوانیوە حەشیمەتە زیاتر جوانەکانی خۆیان لە پێکهاتەی سیاسی و دائیرەیی خۆیاندا بتوێننەوە، گەنجان دەرفەت و هۆکاری زۆریان بۆ بەرەنگاربوونەوە و دژایەتیکردنی حکوومەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبووە و بۆیە ئەم وڵاتانە لە درێژەی ئەم ساڵانەی دواییەدا بەردەوام هەڕەشەی شۆڕش و تیرۆریزم و ئاژاوەیان تێدا بووە لەسەر هۆکار و بیانووی جۆراوجۆر.

کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لە درێژەی تەمەنی چل ساڵەی خۆیدا جودا لە شەڕە دەرەکییەکان وەک شەڕی ئێران و عێراق لە ئاستی ناوخۆییشدا نموونەی ئاژاوە و ناکۆکی تێدا بووە. بێهیوایی کۆمەڵگا لە ئەگەری گۆڕانکاری و ڕەخسانی چاکسازیی پێکهاتەیی، یەکێک لە هۆکارەکانی نائارامی ناوخۆیی بووە. خەڵکی ئێران زیاتر لە جارێک دەرفەتیان بە دەسەڵات داوە  کە چاکسازی بکات، بەڵام هەمیشە ڕەوتی داخراو و کۆنەپەرست دژی ئیرادەی خەڵک و چاکسازی وەستاوەتەوە و شکستی پێهێناوە. لە کۆتاییشدا گرووپێکی دیاریکراو کە لە سەرەتای شۆڕشەوە تا ئێستا لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا جێگیرن، بە هەمان بیرۆکەی چوار دەیە لەمەوبەر و بە ڕێگریکردن لە گەنجگەرایی لە نێو سیاسەتمەداران و پێداچوونەوە بە سیاسەتەکان لەسەر بنەمای دراوەی نوێی مەیدانی ، بە داخستنی ڕێگا ئاشتیانەکانی گواستنەوەی هێوری دەسەڵات بەرەو هەلومەرجی نوێ، جگە لە پەنابردن بۆ دەنگ‌هەڵبڕینی سەر شەقامەکان هیچ ڕێگەیەکی دیکەیان بۆ خەڵکی ئێران نەهێشتەوە. بەشێک لەو نائارامیانە لەلایەن پارتە سیاسییە چەکدارەکانەوە کە بنکەکانیان لە سنوورەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی وڵاتدایە ئەنجام دراوە، بەشێکیشیان وەک ئەوەی لە ساڵانی ١٣٧٨، ١٣٨٨، بەفرانباری ١٣٩٦ و خەزەڵوەری ١٣٩٨دا ڕوویدا، لە لایەن هاووڵاتیانی مەدەنی نیشتەجێی ناوخۆی وڵاتەوە بوو. هەرچەندە سەرهەڵدانەکانی ساڵانی ٧٨ و ٨٨ زیاتر پەیوەندیی بە بزووتنەوەی خوێندکاران و ناڕەزایەتییەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمارەوە بوو و بە شێوەیەکی سەرەکی لە شارەکانی ناوەندیی وڵاتدا ڕوویاندا، بەڵام ڕووداوەکانی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ بزووتنەوەی گەنجان بوو کە بەرامبەر بە دۆخی نالەباری ئابووری و کۆمەڵایەتی ناڕەزایەتیان دەربڕی و بازنەی ئەم سەهەرڵدانانە  گەیشتە شارانێک کە تا ئەو کاتە هیچ مێژوویەکی ناڕەزاییان نەبووە و ئەمەش ئەگەری بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی لەوێ نزیکەی سفر کردبوو.

## کەڵک‌وەرگرتنی ئامرازیانە لە ئێتنیکەکان

ئێران وڵاتێکە کە یەک لە تایبەتمەندییە تۆخەکانی پێکەوەژیانی گرووپە زمانی و ئایینییە

جۆراوجۆرەکانە لەگەڵ یەک و لە درێژەی مێژوودا. ئەم پێکەوەژیانە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی کۆچیی هەتاویشدا درێژەی هەبووە و گرووپە جۆراوجۆرە ئێتنیکییەکان بەردەوام هەوڵی بەرزکردنەوەی ناوی ئێرانیان داوە. نیشانەی گرنگ و ڕواڵەتیی ئەم دیاردەیە شەڕی هەشت ساڵەی عێراق لە دژی ئێران بووە کە گرووپە جۆراوجۆرە ئێتنیکییەکان بریتی لە فارس و تورک و کورد و بەلووچ و بەختیاری و عەرەب و ئێتنیکەکانی دیکە بە مەبەستی داکۆکیردن لە سنوورەکانی ئەم وڵاتە ڕۆشتوونەتە بەرەی شەڕ و سنوورەکانیان پاراستووە. لەم نێوانەدا زۆرێک لە گرووپە ئێتنیکییەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە بەرەی دەسەڵاتدار لە هەمبەر ئەو خزمەتەی کە ئەمان بۆ پێکهاتەی حکوومەتیان کردووە بەو جۆرەی کە شیاویانە ئاوڕی لە مافەکانیان نەداوەتەوە. گرووپە ئێتنیکییەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە زۆرێک لەم مافانە (وەک مافی خوێندن و نووسین بە زمانی دایکی، ئازادیی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە ئێتنیکی و ئایینییەکان، دەکارهێنانی هێزە پسپۆڕ و لێزانە خۆجێیەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی، بەشداری لە ئاستە سیاسی-ئیدارییەکان و ...) کە لە ماددە جۆراوجۆرەکانی دەستووری بنچینەییدا ئاماژەیان پێدراوە تا ئەوڕۆ نەڕۆشتوونەتە بواری جێبەجێکرانەوە و گرووپە ئێتنیکییەکان لەم مافە سەرەتاییانە بێبەشن و هەست و داواکاریی گرووپە ئێتنیکییەکان بۆ بەدەستهێنانی دەنگ لە هەڵبژاردنەکان وەک ئامراز کەڵکی لێ وەرگیراوە.

**پەروین زەبیحی، چالاکی مەدەنی لە مەریوان (کوردستان):**
لە هەموو ژیانمدا و لە هەموو خولەکانی هەڵبژاردندا کە بە چاوی خۆم بینیومە، پێم وایە ئێمە تەنیا وەک ئامرازێک بۆ گەیشتنی کۆمەڵێکی دیکە بە دەسەڵات دەکار هێنراوین بەبێ ئەوەیکە دواتر ئەو خواستانەی کە لەو سەردەمەدا باس کراون و ئەو بەڵێنانەی کە بە خەڵک دراون و بەڵێنی ئەو کەسانەی کە بڕیار بووە لە ڕێگای هەڵبژاردنەکانەوە ببنە دەسەڵاتدار ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە، هیچ کات و هیچ یەکەیان لانی کەم بۆ سەتا ٩٠ی داواکارییەکانیان وەڵامی ئەرێنی و ڕوونیان نەبووە. من تەنیا ئامرازێکم و هیچیتر.

**مەولانا عەبدولحەمید ئیسماعیلی زێهی، بەرنوێژی هەینی سوننەکانی زاهیدان (سیستان و بەلووچستان):**
لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدارین، هەر لەم ڕادەیەدا و ئیتر هیچ. لە بڕیارەکانی دیکەی وڵاتدا هیچ بەشداری و ڕۆڵێکمان نییە.



وێنەی ژمارەی ٢١-٣: مەولانا عەبدولحەمید ئیسماعیل زێهی

یەکێک لە بەڵێنەکانی حەسەن ڕووحانی لە ڕاگەیێندراوە دە ماددەیەکەی ناسراو بە ڕاگەیێندراوی ژمارە ٣، بەشداری گشتیی بەبێ بەرچاوگرتنی زمان و ئایین لە بەڕێوەبەرێتییە سەرەکییەکانی ئێران و جێبەجێکردنی بنەمای شیاوسالاری لە هەموو ئاستە سیاسی-ئیدارییەکان بوو. هەر بەم بۆنەوە گرووپە جۆراوجۆرە ئێتنیکییەکان وەک کورد، بەلووچ، عەرەب و گرووپی ئایینی سوننە هیوادار بوون کە لە ئاستەکانی وەزارەت، جێگری سەرۆک کۆمار، پارێزگار و پۆستە بەڕێوەبەرێتییەکانی دیکەدا، کەسانێک لەم گرووپە ئێتنیکییانە هەڵبژێردرێن (بیانیه شماره ٣ ستاد حسن روحانی: حقوق اقوام، ادیان و مذاهب، ١٣٩٢). ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوە پیشاندەری ئەوەن کە ئەو کەسانەی وتووێژیان لەگەڵ کراوە لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەم بەڵێنەش وەک ڕابردووی سی و پێنج ساڵەی سەرۆک کۆمارەکانی دیکە نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە و لە ئاستی دروشمدا ماوەتەوە.

**هەموو ئێران خانووی منە.**

ڕاگەیێندراوی ژمارەی ٣

مافی ئێتنیکەکان، ئایینەکان و ئایینزاکان

بەنێو خودای گەورە و مەزن

نەتەوەی مەزنی ئێران، برایان و خوشکانی هێژا

وێڕای ڕێز و سڵاو

وڵاتی خۆشەویستی ئێمە واتە ئێران بێستانێکی بۆنخۆشە لە هەرێمەکان، زمانەکان، ئایینەکان و ئایینزا جۆراوجۆرەکان. ئێستا کە هەڵبژاردنی چارەنووسسازی سەرۆکایەتی کۆمار لە خولی یازدەیەمدا ئەم هەلە مێژووییەی ڕەخساندووە، من بەڵێنتان پێ دەدەم و لەسەر بەڵێنەکەم سوورم کە ئەگەر دەنگی متمانەی ئێوەم پێ ببەخشرێ و دەوڵەتی تەگبیر و هیوا جێگیر بکرێت لە ڕێگای جێبەجێکردنی دە ماددەی ژێرەوە، بەشێک لە مافەکانی نەتەوەی ئێران بەپێی دەستووری بنچینەیی کە یەک لە گرنگترین ئامانجەکانی کۆماری پیرۆزی ئیسلامی بووە و هەیە، لە دروشمەوە دەکەمە کردار تا ئێرانێکی ڕزگار و ئاوەدانمان هەبێت بە بەشداریی هەموو ئێرانییەکانەوە:

١. ئامادەکردن و دانانی یاسای پێویست بۆ جێبەجێکردنی تەواویی دەستوور بەتایبەت ماددەکانی ٣، ١٢، ١٥، ١٩، ٢٢ و ... لە دەوڵەتی تەگبیر و هیوادا و بەمەبەستی نەمانی هەڵاواردن.

٢. بەشداریی گشتی بەبێ بەرچاوگرتنی زمان و ئایین لە بەڕێوەبەرێتییە سەرەکییەکانی وڵاتدا و جێبەجێکردنی بنەمای شیاوسالاری لە هەموو ئاستە سیاسی-ئیدارییەکاندا بەجۆرێک کە هەمووی شارومەندان و هاووڵاتییان لە هەلومەرجی یەکساندا ڕێگای بەشداری و وەرگرتنی هەموو ئاستەکانیان هەبێت تا ئاستی ئەندامایەتی لە نێو وەزیرەکاندا؛

٣. دانانی هێزە بەتوانا و لێوەشاوە خۆجێیەکان لە پۆستە بەڕێوەبەرێتییەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵات و پاڵپشتیکردن لە بەهێزکردن و ڕادەستکردنی دەسەڵات و ڕادەستکردنی کاروباری جێبەجێکاریی ناوچەیی و خۆجێی پێیان لە چوارچێوەی سیاسەتە گشتییەکانی دەوڵەتدا؛

٤. خوێندن و نووسینی زمانی دایکیی ئێرانییەکان (کوردی، ئازەری، عەرەبی، و ...) بە شێوەی فەرمی لە ئاستی قوتابخانە و زانکۆکان بە مەبەستی جێبەجێبوونی تەواویی ماددەی ١٥ی دەستوور.

٥. بەهێزکردنی کەلتوور و ئەدەبیاتی ئێتنیکە ئێرانییەکان و پێشگریکردن لە لەناوچوونیان بە مەبەستی پاراستنی ئەم میراتە کۆنە ئێرانییە؛

٦. بەرچاوگرتنی مافەکانی پێڕەوانی ئایین و ئایینزاکانی دیکە و دەستێوەرنەدان لە کاروباری ئایینی و ئایینزایی ئەوان لە ڕێگای دابینکردنی ئازادیی بۆ باوەڕە ئایینی و ئایینزاییەکان و پێدانی دەرفەتی بەڕێوەچوونی دابونەریت و ئەرکە ئایینی و ئایینزاییەکانیان لە هەلومەرجی یەکساندا؛

٧. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستی و دابینکردنی بەرنامەی کورتخایەن و درێژخایەن لە بەشە ژێرخانی، ئاوەدانی، ئابووری، کەلتووری-کۆمەڵایەتییەکانی ناوچە بێبەشکراوەکان بەتایبەت ناوچە سنوورییەکان و ئەو پارێزگایانەی کە لە شەڕی ئێران و عێراقدا تێوەگلاون لە ڕێگای تەرخانکردنی بوودجەی زیاتر بە مەبەستی قەرەبووکرانەوەی دواکەوتنەکان؛

٨. نەهێشتنی هەڵاواردنی ناڕەوا لە هەموو ڕەهەند و شێوازەکانیدا؛

٩. گۆڕانی ڕوانگەی ئەمنییەتی بەرامبەر بە ئێتنیکەکان و کەلتوورە ئێرانییەکان و گۆڕینی پێکهاتە و شێوازە سیاسی-ئەمنییەتییەکان بۆ سیستەمی بەڕێوەبەرێتی زانستی و کارامە بە مەبەستی کەڵک وەرگرتنی باش لە سەرچاوە دەست لێنەدراو و پڕاوپڕە مادی و مرۆییەکانی ئەم شوێنانە؛

١٠. ڕادەستکردنی بەرپرسایەتی پلاندارشتنی و هەماهەنگییە پێویستەکان بە یەکێک لە جێگرانی سەرۆک کۆمار بۆ بەدیهاتنی نۆ ماددەی ئاماژەپێکراو.

خزمەتکاری ئێوە
دوکتۆر حەسەن ڕووحانی
کاندیدی خولی یازدەیەمی سەرۆکایەتی کۆمار

نۆهەمی جۆزەردانی ساڵی یەک هەزار و سێسەد و نەوەد و دووی کۆچیی هەتاوی

**عەبدوسەلام بوزورگزادە، پرۆگرامسازی ڕادیۆ و تەلەفیزۆن لە زاهیدان (سیستان و بەلووچستان):**

بەڕێز ڕووحانی کە دەنگیان پێدا و کۆمەڵگای سوننە لە هەڵبژاردنیدا دەوری هەبوو و لەسەر لێوارەی تیژ وەستابوو، بەڵام زۆر نامەرد دەرچوو و خودایەک لە سەرەوە هەیە کە هەر لەم دنیایەدا ڕیسوای کردووە و ڕیسواتریشی دەکات. من ڕاوێژکاری باڵای بنکەکەی بووم. ڕۆژێک کە هاتە سەر کورسی دەسەڵات، کورسییەکی چۆڵی بۆ یەک زانای سوننە کە تەنیا بچێ لەوێ دانیشێ دانەنا. خەڵکی سوننە فاتیحەی ئەم کابرایەیان خوێندووە. من بۆ خۆم لەبەر ئەوەیکە بانگەشە و ڕێکلامم بۆ ڕووحانی کردووە هێشتا لەسەر شەقامەکان شەرم دەکەم و لە ڕووم هەڵنایەت خەڵک بمبینن. هەر کەس بمبینێ ئەڵێ قوربان ئەوە تۆ نەبووی بانگەشەت بۆ ڕووحانی دەکرد!



وێنەی ژمارەی ٢٢-٣: وتووێژ لەگەڵ عەبدوسەلام بوزورگزادە

یەک لە بەڵێنەکانی دیکەی حەسەن ڕووحانی خوێندن و فێرکاری زمانە دایکییەکان بوو لە قوتابخانە و زانکۆکان. لەم بوارەشدا فێرکاری زمانە دایکییەکان لە ئاستی قوتابخانەکان قەت نەچووە بواری جێبەجێبوونەوە و تەنیا لە دوو زانکۆی تەورێز و کرماشان لقێک بە نێوی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و زمان و ئەدەبیاتی تورکی دانرا. وەک پێشتر باسمان کرد چونکە ئامانجی زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە ئەزموونەکانی زانکۆدا بەشداری دەکەن ئەوەیە کە دواتر بتوانن داهاتووی کاریی خۆیان دەستەبەر بکەن، لە پێکهاتەی کاریی یان لانی کەم لە ناوچە ئێتنیکییەکاندا هێشتا ئەم ئاقارە نەڕەخساوە و پێشوازییەکی بەرچاو لەم بابەتە نەکراوە .

**غوڵامڕەزا جەعفەری، چالاکی ژینگەپارێز لە نەغەدە (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**
لە کوێ ماددەکانی ١٥ و ١٩ی دەستووری بنچینەیی جێبەجێ دەکرێن؟ کام قوتابخانە زمانی تورکی یان کوردی فێر دەکات؟ لە زۆر شوێن بەرگرییشیان کردووە. بۆ نموونە یاسایان داناوە کە لە باخچەی ساوایان دەبێ فارسی ئاخاوتن بکرێت.

داواکاری گرووپە ئێتنیکییەکان لە بواری پەروەردە بە زمانی دایکی هێشتا ماوەتەوە و ئەنجامەکانیش پیشاندەری ئەوەن کە چونکە ئامانجی خوێندن و نووسین بە زمانی ئێتنیکی دەبێ لایەنی کردارییی هەبێت، دانانی لقی زانکۆیی وەها ئامانجێکی دەستەبەر نەکردووە و باوەڕی ئەو کەسانەی وتووێژیان لەگەڵ کراوە وایە کە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، فێرکاری بە زمانی دایکی دەبێ لە ئاستی قوتابخانەکاندا هەبێت.

زۆرێک لە نوخبەکانی گرووپە ئێتنیکییەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە داواکارییەکانیان بۆ کۆکردنەوەی دەنگ وەک ئامراز کەڵکیان لێ وەرگیراوە. بێجگە لە ئاستی هەڵبژاردنەکانیش، بڕوایان وایە کە بەڵێنە حکوومەتی و دەوڵەتییەکانی دیکە لەسەر یەکسانیی ئێتنیکەکان وەک بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکانی نزیککردنەوەی ئایینزاکان و دانانی حەفتەیەک وەک حەفتەی یەکگرتن، بەڕێوەچوونی مێهرەجانە ناوچەییەکان و پلان و بەرنامەکانی دیکە تەنیا سەمبولیک بوونە و هەمان سیاسەتی کەڵک وەرگرتن لە ئێتنیکەکانی وەک ئامراز ڕەچاو کردووە.[١]

١. بەڵووچەکان لەمەش بێبەش کراون.

**ڕیاز عەلی فەرهانی، چالاکی کۆمەڵایەتی لە خووزستان:**
هەموو بەرنامە و ئەو پلانانەی کە لە بواری ئێتنیکەکاندا ئێستا خەریکە جێبەجێ دەبێت زیاتر دروشمن. تا ئەو کاتەی کە بەستێنی جێبەجێکردنی بەرنامەکان دابین نەکرێت، جێبەجێکردنی هەر بەرنامەیەک لەم کاتە و لەم بەستێنەدا بۆ خۆی دەبێتە دژەپلانێک. جاڕنامەی ژمارە ۳ی سەرۆک کۆمار لەسەر مافی کەمینەکان و ئێتنیکەکان بەداخەوە بەهۆی نەبوونی بەستێنی گونجاو و پێویست لە ئاستی دروشمێکدا ماوەتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە دەبینین کە سەرۆک کۆمار لە کۆتایی دەوڵەتی پێشوویدا وازی لەو دروشمەشی هێنا و پرسی مافە شارومەندییەکانی هێنایە گۆڕێ و ئەم جارە جێگری مافە شارومەندییەکانی بۆ خۆی دانا تا لەو ئاقارە ئاڵۆزە کە لە زۆر شوێن هاتبووە ئاراوە ڕزگاری بێت.

بەگشتی و بەپێچەوانەی هەبوونی ماددەکانی دوازدەیەم، پازدەیەم، نۆزدەیەم و ماددەکانی دیکەی دەستوور کە باسی بەرچاوگرتنی مافی کەمینە ئێتنیکی و ئایینییەکان دەکەن، بەداخەوە پێگەی ماف و مافەکانیان ئەوەندە نزم بۆتەوە کە ئەمڕۆ دەکرێ وەک ئامرازێک بۆ هەڵبژاردنەکان و بەدەستهێنانی دەنگ و دەسەڵات دەکار بهێنرێن. بەردەوام کاندیدی پۆستە گرنگەکان وەک سەرۆکایەتی کۆمار لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی ڕاگەیێندراو و وتوویژی جۆراوجۆر و یان گەشتکردن بۆ شوێنی وەک کوردستان، ئازربایجان، بەلووچستان، خووزستان و ناوچەکانی دیکە چەند ڕستەیەک بە زمانی ئەو خەڵکە دەڵێن و کۆمەڵێک بەڵێن لە بوارە ئێتنیکی، ئایینی، ئابووریەکان و هەروەها لەسەر گەنجان و ژینگە و ... دەدەن و هەوڵ دەدەن دەنگی خەڵکی ئەو ناوچانە بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. دەسکەوتەکانی وتوویژ لەگەڵ گرووپە جۆراوجۆرە ئێتنیکییەکانیش پیشاندەری ئەوەن کە دەوڵەت لە هیچ یەکە لەو بوارانەدا کە بەڵێنی داوە نەیتوانیوە بەو جۆرەی کە شیاوی گرووپە ئێتنیکییەکانە، داواکارییەکانیان بباتە بواری جێبەجێکردنەوە.

## میلیتاریزمی سیاسی

میلیتاریزم[1] واتا سەربازیگەری و سوپاییگەری، ئایدۆلۆژیایەکە کە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە توانای چەکداری سەرچاوە و ئاخێزگەی هەموو ئاسایش و ئەمنییەتەکانە. میلیتاریزم لە نەرم و نیانترین شێوازی خۆیدا باوەڕی بەم هەڵبژاردەیە هەیە کە «ئاشتی لە ڕێگای توانای چەکدارییەوە» ڕێپێدراو

1. Militarism

دەبێت و ئامادەکاریی چەکداری باشترین یان تاقە ڕێگای گەیشتن بە ئاشتییە. حکوومەتە میلیتاریستەکان بەهۆی پشتبەستنی لەڕادەبەدەر بە هێزی چەکداریی و تەرخانکردنی زۆرترین بەشی داهاتی نەتەوەیی بۆ بەهێزکردنی بنکە پۆلیسی ئەمنییەتییەکان تەواو لە خەڵکی خۆیان بێگانە دەبنەوە و لە کاتی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەڕەشەی دەرەکی پشتیوانیی نەتەوەییان لە پشت نامێنێ و بەداخەوە خەڵک سەرەڕای بێ لایەنبوون بەرامبەر هەڕەشە، یارمەتی ڕەوتی هەڕەشەکەش دەدەن (میلیتاریسم، ١٤٠١).

ئەوەیکە لەبەرچی دەوڵەتەکان و یان نەتەوەکان لە باتی پێکهاتە نەرم و نیانە سیاسییەکان، ئاراستەی توندوتیژانە دەگرنە پێشێ جێی باسە، بە واتایەکی دیکە تا ئەو کاتەی کە دەرفەتی وتووێژ هەیە چ پێویست دەکات شەڕ و ناکۆکی بکەوێتەوە، ئایا ڕێگای وتووێژ داخراوە؟ ئایا شێوازە دیموکراتیکەکانی دەسەڵاتداری لە کۆمەڵگا ناڕۆژئاواییەکان کاریگەر نین؟ ئایا دەسەڵاتداران دەفرایەتییە دیموکراتیکەکانیان نییە؟ و زۆر پرسیاری دیکە کە بوونەتە هۆی پەروەردەبوونی تیۆری جۆراوجۆر لە زانستە مرۆییەکاندا.

لە ئێران تایبەتمەندی سەرەکی سەردەمی پەهلەویی یەکەم هەستی قووڵی میلیتاریستی ڕەزاشا بوو. ناوبراو لە درێژەی دەسەڵاتی بیست ساڵەی وەزارەت و پاشایەتی خۆیدا، لەسەر بەهێزکردنی سوپا و برەوپێدانی ئەندێشەی میلیتاریسی سوور بوو. شا لەسەر ئەو باوەڕە بوو دەوڵەتی ڕەهای مودێڕن تەنیا پاش دامەزراندنی دەوڵەتی ناوەندیی و دەسەڵاتدار دێتە دی و بەکردەوەکردنی ئەم ئامانجە تەنیا دەگەڕێتەوە سەر چەکداریکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگا. لە لایەکی دیکەوە گەیشتن بە یەکپارچەیی و یەکڕیزیی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە بۆ دامەزرانی سوپای نەتەوەیی و بەهێز کە بتوانێ دەسەڵاتدارە ناوچەییەکان بسڕێتەوە. ڕەزاشا لە سەرەتای بەهێزبوونییەوە سیاسەتێکی دماگۆژیستی دەکار هێنا و پاش ئەوەی دەسەڵاتەکەی جێگیر کرد، کردەوە و ئەندێشەی میلیتاریستی لە هەموو لایەنەکانەوە هێنایە کایە. ڕەنگە کردار و هەڵسوکەوتی میلیتاریستیی ناوبراو بۆ ماوەیەکی کورت و بەمەبەستی زاڵبوون و دەستەبەرکردنی دەسەڵات و سڕینەوەی ناوەندە ڕکابەرەکان قبووڵ کرابێت، بەڵام هەڵەی ناوبراو ئەوە بوو کە بنەما هزری و کردارییە میلیتاریستییەکانی زیاد کرد و ئەمەش بووە هۆی ئەوەیکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ یەکڕیزی و مەیلی خەڵک بەرامبەر ناوبراو کەم بێتەوە. شا هەر ڕۆژ بازنەی دەسەڵاتی خۆی گەورەتر دەکرد و ئیزنی هەر جۆرە بەشداری و مافی هەر جۆرە دەربڕینی بیر و ڕایەکی لە خەڵک وەرگرت. لە وەها هەلومەرجێکدا، خەڵک هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو و هەر بەم بۆنەشەوە، هەستیان بە هیچ جۆرە بەرپرسیارەتییەک بەرامبەر بە دەوڵەت نەدەکرد (بیگدلی، ١٣٨٥).

لە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠ی کۆچیی هەتاویدا، ئەو کاتەی کە هاوپەیمانان هەڕەشەیان لە ئێران کرد و داگیریان کرد، نەک پەیکەرەی سوپا بە ئاسانی ڕووخا، بەڵکوو خەڵک بەبێ ئەوەیکە هیچ کاردانەوەیەکیان هەبێت لە ماڵەکانی خۆیاندا مانەوە و وەک بڵێی لەو شتەی ڕووی دەدا خۆشحاڵ بوون. شایش بە سووکایەتییەکی زۆرەوە ئێرانی جێهێشت و کوڕەکەی واتە محەمەدڕەزاشا

لە جێگای دانیشیت و کرا بە شای ئێران..

کوڕی ڕەزاشا واتە محەمەدڕەزاشایش لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ی کۆچیی هەتاویدا، پاش ڕووخاندنی دەوڵەتی نەتەوەیی موسەدیق بۆ پاراستنی خۆی، پشتی بە هێزە چەکدارەکان بەست، ئەگەرچی نەیتوانی متمانە بە هەموویان بکات. شا کە باوکی بۆ خوێندن ناردبوویە ئەورووپا و کۆلێژێکی چەکداری، لە کاتی گەڕانەوە بۆ ئێران بەردەوام یوونیفۆرمێکی چەکداریی لەبەر دەکرد و ئەو کەسانەی کە لەگەڵی ڕۆشتبوونە ئەورووپا یان پاش گەڕانەوەی ڕۆشتبوونە لای، خێرا پلە جۆراوجۆرەکانیان تێپەڕاند و گەیشتنە بالاترین پۆستەکانی وڵات و سوپا.

لە سەردەمی پاش شۆڕشیش، زۆرێک لە هێزە چەکدارەکان و پاسدارانی شۆڕش، وەک مەحموود ئەحمەدینەژاد، محەمەدباقر قالیباف، عەلی لاریجانی، موحسێن ڕەزایی و کەسانی دیکە، پۆستە سیاسییە گرنگەکانی ئێرانیان وەرگرتووە. زۆرێک لە هێزە سوپایی و بەسیجییەکان وەک پارێزگار و قایمقام دانراون و ژمارەیەکی زۆریشیان چوونەتە پەرلەمان. بابەتی سەرەوە پیشاندەری ئامادەبوونی هێزە چەکدارەکانە لە گۆڕەپانی سیاسیدا و ئەو شتەی لە سەرەوە لە ژێر ناوی ئامادەبوون و دەستێوەردانی هێزە چەکدارەکان لە سیاسەتدا شرۆڤە کراوە.

**عەبدولقادر سەواری، توێژەر لە خووزستان:**
لە باری پێکهاتەی سیاسییەوە، جۆرێک پێکهاتەی میلیتاریستی دیکتاتۆرشیپ دەبینین.

یەکێک لە ڕەوتە میلیتاریستییەکانی ئەم سەردەمە گرووپە بەناوبانگەکان بە ناوی بەسیجییە کە جودا لە چالاکی بە ناو کەلتووری، لە زۆر ناوچەی وڵاتدا توانای چەکداری و مافی دەکارهێنانی چەکیشیان هەیە، تا ئەو ڕادەیەی کە هەر لەم ڕێگایەوە، لە زۆر کاروباری وڵاتدا دەستێوەردانیان هەیە و خەڵکیش بەگشتی ناچارن خواست و داواکارییەکانیان بەرچاو دەگرن.

**مێهری پاکزاد، مامۆستا و ئەندامی لیژنەی زانستی زانکۆی ئازادی مەهاباد (ئازەربایجانی ڕۆژئاوا):**
خوێندکاری دوکتۆرام هەیە کە چونکە لە ڕێکخراوەیەکەوە هاتووە، بۆ خۆی دانی پێدا ناوە کە هیچ نازانێ و من ناچارم نمرەی قبووڵبوونی پێبدەم.



وێنەی ژمارەی ٢٣-٣: وتووێژ لەگەڵ مێهری پاکزاد

زۆرێک لە سیاسەتە حکوومەتییەکانیش یان بە ئەنقەست و یان بێ ئەوەی مەبەستێکیان لە پشتەوە بێت بۆ دەسەڵاتداربوونی زیاتری ئەو تاقمەن. هەر لەم پێوەندییەدا، سەردار پاشا محەمەدی، سەرۆکی بەسیجی ڕێکخراوەی عەشایریی ئێران، لە وتووێژێکدا لە مانگی گوڵانی ساڵی ١٣٩٧ی کۆچیی هەتاوی، هەواڵی چەکدارکردنی عەشایرەکانی باکووری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ئێرانی بڵاو کردەوە و گوتی:»بەسیجی عەشایر بە چەکەکانی ناوخۆی وڵات کە لە ڕێگای وەزارەتی بەرگرییەوە دابین دەبن و چەکی تایبەت دەدرێتە ئەم خۆشەویستانە و تەیار دەبن تا سەرەڕای دابینکردنی ئەمنییەتی ناوچەی خۆیان، لە ئەمنییەتی کۆی وڵاتیشدا بەشدار بن... لە ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژئاوای وڵات، سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی لەسەر بەستێنی کۆمەڵگای عەشایری و خەڵکی خۆجێی و ناوچەیی وڵات ئەمنییەتی بەردەوامی خەڵکی دابین کردووە. بە واتایەکی دیکە وێستگە ئەمنییەتییەکانی ئێمە لەسەر تەوەری سەرۆک عەشیرەتەکان، عێلەکان، عەشایر و خەڵکی خۆجێیی ناوچەکە، بریتی لە شیعە و سوننە، دانراوە و ئەمڕۆ ئەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژئاوای وڵاتدا ئەمنییەتی بەردەواممان و جێگرمان بە بەشداریی خەڵک دابین کردووە. (عشایر کشور بە سلاح‌های تولید داخل مجهز می‌شوند، ١٣٩٦).

ئەنجامی وەها هەلومەرجێک دەبێتە ئەوەیکە پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان لە دەرکە و دیواری شارەوە دەبارن. لە هەموو شوێنێک پۆلیس و هێزە ئەمنییەتییەکان دەبینی؛ کۆڵان، شەقام، زانکۆ، دائیرە و هەموو شوێنێک پڕە لە هێزەکانی پۆلیس و ئەمن. کامێراکان بە چاوە تیژبینەکانی

خۆیانەوە چاوەدێری هەموو جووڵەیەکی خەڵک دەکەن و لە کاروبارە جۆراوجۆرە سیاسی، وەرزشی، ئایینی، کەلتووری، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا دەستێوەردانیان دەبێت و دژی بەرنامە و ڕێورەسمە ئێتنیکییەکان دەوەستنەوە.

**سابیر ڕوستەمی، چالاکی کۆمەڵایەتی لە شنۆ (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**
بیرمە چوارشەممەسووری خەریک بووم دەچوومە قوتابخانە؛ چاوەدێری توند دەکرایەوە، لە ناکاو دوو کەس وەک بڵێی تاوانبارێکیان گرتووە پشکنیمیان. گوتم چیتان دەوێ با بۆ خۆم پێتان بڵێم. ئەمە هەڵسوکەوتیان بوو. هیچیشم پێ نەبوو. گوتم ئەگەر شتێکم پێبایە چۆن لە تەنیشت ئێوەوە تێدەپەڕیم!

**عەلی ساحیبی، دەروونناس لە مەشهەد (خوراسانی ڕەزەوی):**
دەسەڵات ئەوەندە چەندمەرجەعییە کە بەشێکی گەورەی ئابووری وڵات لە دەستی هێزێکدایە کە هیچ ڕکابەرێکی نییە و وەک سەرۆک کۆمار دەڵێت، ئەم بەشە هەم چەکی هەیە و هەمیش زەبر و زۆر.

سەرەڕای جەختکردنی بەرپرسە دەوڵەتییەکانی ئێران لەسەر پێویستبوونی پێبەندبوون بە دیموکراسی (خەڵکسالاری ئایینی) و ئازادییە ڕەواکان لە کۆمەڵگا، بەڵام هێشتا زۆرێک لە کردارەکان لە لایەن هەندێ بەرپرسەوە پیشاندەری جۆرێک مەیل و خواستن بۆ میلیتاریزەکردن یان بە واتایەکی دیکە دەیانەوێ کۆمەڵگای ئێرانی وەک بنکەیەکی چەکداری لێبکەن. ئەم میلیتاریزمە لە زۆر بابەتدا تا ئاقاری سیاسییش هاتووە و زۆرێک لەو کەسانەی کە پێشتر ژیانیان وەک هێزی چەکدار و ئامادەبوون لە بەرەکانی شەڕ بووە، لە کاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی سیاسیدا، وەک کاندید دێنە کایەوە و داواکاری ئامادەبوونن لە دامەزراوەی وەک دەسەڵاتی جێبەجێکار و دەسەڵاتی یاسادانان. ئەمانە هەروەها لە نموونەی دیکەشدا و لە کاتی بزووتنەوە سیاسی و مەدەنییەکاندا بیروڕای خۆیان دەردەبڕن و ڕێگا چارەسەر پێشنیار دەکەن. هەمووی ئەم بابەتانە پیشاندەری هەبوونی جۆرێک میلیتاریزمن لە پێکهاتەی ناوخۆیی وڵاتدا و گرووپە ئێتنیکییەکانیش هەبوونی ئەم هێزە چەکدارە نهێنییانە وەک بەسیج بە هۆکارێک بۆ کۆنترۆڵ و زاڵبوونی ڕوانگەی ئەمنییەتی لەسەر خۆیان دەبینن. ئەو خەسارانەی کە بیرۆکەی میلیتاریستی بە وڵات و سیستەمێکی دەگەیەنێت، تەنیا لە بازنەی سیاسەتی ناوخۆ و بە سەربازگەییکردنی وڵاتدا قەتیس نامێنێت، بەڵکو پەیوەندییەکانی دەرەوەش تووشی ئاڵنگاری دەکات. شێوازی هەڵسوکەوتی دەوڵەتمەدارانی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، ئاماژە بە تێڕوانینێکی چەقبەستووی و ڕەش و سپی بۆ پرسەکان دەکەن کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کەلتووری سەبازگەیە. ئەمڕۆ لە

دونیای سیاسەتدا ئەوەی هێڵە سەرەکییەکانی سیاسەت دیاری دەکات بەرژەوەندی نەتەوەییە، بۆیە هەمیشە بزۆزی، نەرمی‌نواندن و سازگاری لە پێداویستیەکانیە، بەڵام چەقبەستوویی و دەمارگرژیی سیاسەتوانانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە مەلەفەکانی وەک: دۆسیەی ئەتۆمی، ئیف ئەی تی ئیف (FATF)، مافی مرۆڤ و پرسی ژنان، پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا و نموونە هاوشێوەکانی دیکەی، بە ڕوونی داخراوبوونی ئەگەری دانوستان و دیپلۆماسییەت و بێ‌بایەخیی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و زاڵبوونی ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیک نیشان دەدەن.

## پاوانکاریی کەلتووری

یەک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی سەدەی بیست و یەکەم، یەکسانکردنی زەوق و سەلیقە، دابونەریت و ڕێوڕەسمەکان و بەگشتی هاوشێوەیی و یەکسانی شێواز و ستایلی ژیانی مرۆڤە جۆراوجۆرەکانە. لە ئاستێکی دیکەدا ئەم یەکسانی و لێکچوونە دەتوانێ گرووپە ئێتنیکییەکانیش بگرێتەوە و گرووپە جۆراوجۆرە ئێتنیکییەکان لە یەک کەلتووری ئێتنیکیدا بتوێنەوە و لاواز بکرێن و تەنیا یەک شێوازی کەلتووری زاڵ بێت.

شێوازی کەلتووری زاڵ و پاوانکارانە بە ئێمە دەڵێت جیهان بەهۆی ئەم ڕاستییەوە کە بەم زووانە هەموو کەس دەتوانێ مەیلە زاتییە مرۆییەکانی خۆی بەرەو ئاراستەی شێوازی ژیانێکی ڕۆژئاوایی، بەرخۆرگەرایی و شاری ببات، خەریکە یەکگرتوو دەبێت. ڕۆژئاوا باشترینە و ڕۆیشتن بۆ نێو ئەم میهرەجانە گەیشتن بە یەکگرتنێکی هاوسەنگ لە نێوان بەرخۆرە ئاشتیخواز و لۆژیک و خەڵکسالارەکان زیاتر ڕێپێدراو و نزیک دەکاتەوە. بەپێی ئەم دنیابینییە، جۆراجۆرێتی ئاڵۆز و تێکەڵاوی کەلتوورەکان، بەها و بایەخەکان و باوەڕەکان هاندەری بەرەنگاربوونەوەی ڕابردووە و ئەگەر ئەم جیاوازییانە نەمێنن، ناکۆکییەکانی نێوان ئێمەیش چارەسەر دەبن. لەم جۆرە دنیابینییەدا، کەسانێک کە باسی شوناس و ئێتنیسیتە دەکەن هێرشیان دەکرێتە سەر و ئەم باوەڕە دێتە مێشکەوە کە ئەم جۆرە باسانە بەستێنی شۆڕشە ئێتنیکییەکان و نەمانی یەکڕیزیی نەتەوەیی دەخولقێنن و حکوومەتەکان هەوڵ دەدەن تا دەکرێ و ڕێگای هەیە، بازنەی سنووورداری شوناسیی گرووپە ئێتنیکییەکانی خۆیان بشکێنن و هەموویان لە بازنەیەکی گەورەتردا کۆ بکەنەوە.

**ئەشکان زێهتاب، چالاکی سیاسی-کۆمەڵایەتی، چالاکی کرێکاری و نووسەر لە تەورێز (ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات):**

داواکارییە ئێتنیکییەکان دەگەڕێنەوە سەر هەژموونیی حکوومەت. کارداکی داواکارییە ئێتنیکیەکان لەسەر ئاراستەی نەزۆکبوون و یەکنەگرتن دەجووڵێتەوە

لە وەها ڕوانگەیەکدا، ئەو کۆمەڵگانەی کە سەدان ساڵ خۆیانیان پاراستووە بە ئاسانی تووشی تێکشکان دەبن.

سەبارەت بە هۆکارە پێکهێنەرەکانی ئەم یەکسانی و یەکڕەنگییە، دەوڵەتە مودێڕنەکان ڕۆڵی سەرەکییان هەیە. لە باری هزرییەوە، تایبەتمەندیی فرەئێتنیکیی زۆرینەی وڵاتان دەبێتە هۆی ئەوەیکە دامەزراوە و هەرێمەکانی دەوڵەتی مودێڕن زۆر جار، پێگەی کەمینەیەکی ئێتنیکی لە ئاستی نوێنەرایەتی دەوڵەتی نەتەوەیی بەرز دەکەنەوە و لە ئەنجامدا، هەڵاواردن بەرامبەر بە کەمینە ئێتنیکییەکانی دیکە دەکەن و ئەوان دەخەنە پەراوێزەوە و بۆ خۆیان هەموو هێمانە کەلتوورییەکان قۆرخ دەکەن. دەزانین کە «کەلتوور و شوناسی نەتەوەیی لە کۆمەڵگا فرەئێتنیکییەکان» لە واتای تەواوی خۆیدا بێجگە لە ڕێگای گۆڕینەوە بۆ کۆمەڵەیەک لە ئامۆژە کەلتووری، شوناسی و مێژووییەکانی ئێتنیکە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا بەرەو پەسەنیەتیە گشتییەکانی زۆرینەی ڕەهای دانیشتووانی ئەو نیشتمانە نایەتە ئاراوە. لە ئێران تەنیا کۆمەڵەیەک لە فاکتەرەکانی «ئێتنیکی ناوەندی» وەک تایبەتمەندییەکانی شوناسی نەتەوەیی ئاراستە دەکرێ کە دیارە ڕەنگدانەوەی جۆراوجۆرێتییەکانی نێو کۆمەڵگا نییە. بە واتایەکی دیکە هەموو هێمانە واتاییەکانی کەلتووری ئێرانی لە لایەن فارسەکانەوە قۆرخ کراوە (علوی، ١٣٩٧). بۆیە دەتوانین بڵێین کە پاوانکاریی کەلتووری بە واتای قۆرخکردنی هەموو بەرهەمە کەلتوورییەکانی ئێتنیکەکانی دیکەیە بۆ خزمەتکردن بەم تاقمە. زۆربەی هەوڵی بەرپرسانی وڵاتیش پاراستن و بڵاوکردنەوەی ئەم گرووپەیە و ئاوڕێکی ئەوتۆ لە گرووپەکانی دیکە نادرێتەوە، بابەتێک کە نارەزایەتی گرووپە ئێتنیکییە کەمینەکانی لێکەوتۆتەوە.

> **شاهین سپەنتا، ڤیتەرنەر، نووسەر و چالاکی مەدەنی لە ئەسفەهان:**
> من تەنانەت زۆر جار گوتوومە و نامەم نووسیوە کە فەرهەنگستانی زمانی فارسی دەبێ ناوی بگۆڕدرێت بە فەرهەنگستانی زمانی ئێرانی و تەنیا بەو جۆرە نەبێت کە ئاوڕ و سەرنج لە زمانی فارسی بدرێتەوە.

لە ڕاستیدا، لە ئێران ڕەوتێک بوونی هەبووە و هێشتاش هەیە کە هەوڵ دەدات تا کەلتووری ئێرانییەکان ئاسیمیلە و یەکسان بکاتەوە. ساڵەکانی کۆتایی حکوومەتەکانی قاجاڕ و پەهلەوی، بەتایبەت سیاسەتی یەکسانسازیی کەلتووری و کۆمەڵایەتیی سەردەمی ڕەزاشا، لووتکە و ئەوپەڕی دەکارهێنانی ئەم سیاسەتانە بووە و تا ئەمڕۆیش درێژەی هەیە.

**ئەسعەد ئەردەڵان، توێژەری مێژوو و مافناسی نێودەوڵەتی لە سنە (کوردستان):**
سیاسەتی ڕەزاشایی لە ١٣٠٤ەوە بۆ ١٣١٦ بووە هۆی ئەوەیکە لە قوتابخانەکانی کوردستان، تابلۆی «فارسی قسە بکەن» دابنرێت.

ساڵی ١٣٠٧ی کۆچیی هەتاوی، پەڕلەمان جلوبەرگی کۆنی ئێتنیکە ئێرانییەکانی قەدەغە کرد و هەموو پیاوان بێجگە زانایانی ئایینی تۆمارکراو، ناچار کران جلوبەرگی ڕۆژئاوایی لەبەر بکەن و «کڵاوی پەهلەوی» دانێن. هەشت ساڵ دواتر، ئەم کڵاوە جێگای خۆی دا بە کڵاوی شاپۆی ئەورووپی. ڕەزاشا ئەم کڵاوەی نەک تەنیا لەبەر سرینەوەی شوناسە ئێتنیکییەکان بەڵکوو بۆ دەستێوەردان لە ئایینی نوێژ لە ئیسلام –کە پێویستی بە سوجدە و لەسەر عەرز دانانی هەنیەیە- هەڵبژارد. وێڕای ئەمە ناوبراو، ناوی زۆرێک لە شارەکانیشی گۆڕی (قانون متحدالشکل نمودن البسه اتباع ایران، ١٣٠٧).

لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٧ی کۆچیی هەتاوی، بەپێچەوانەی ماددە سەرەکییە باسکراوەکانی دەستوور کە ڕێزیان داناوە بۆ مافی پەروەردە و خوێندن و نووسین بە زمانی دایکی لە هەموو ئاستەکانی خوێندن و بۆ هەموو گرووپە ئێتنیکییەکان، بە کردەوە و لەگەڵ سەرهەڵدانی کردارە سەلیقەییەکانی بەرپرسان، مافەکە بەو جۆرەی کە لە لایەن گرووپە ئێتنیکییەکانەوە شیاو و گونجاو بێت جێبەجێ نەکراوە.

**حەمید حەمادی، مامۆستای زانکۆ لە خووزستان:**
منداڵی ئێمە لە ماڵەوە عەرەبی قسە ئەکات، بەڵام کە دەچێتە قوتابخانە لەگەڵی فارسی دەدوێن و ئەمەش زوڵمە. ئەگەر باسی بەهرە بێت و بڵێین بەهرەی لەسەتا ١٠٠ە، سەتا ٥٠ی کەڵکی لێ وەردەگیردرێ و ئەمە هۆکارێکی دواکەوتنی زانستییە بۆ قوتابی. دەبینین منداڵانی ئێمە ئەگەرچی زمانی خۆشیان نییە خەریکن دەدرەوشێنەوە و سەردەکەون؛ واتە ئەگەر بە زمانی خۆی بخوێنێت پێم وا نییە ئێمە هەلومەرجی ئێستامان هەبێت و دەبێ پێشکەوتووتر بین.

ئەنجام و دەسکەوتەکانیش پیشاندەری هەبوونی دوو کێشەی سەرەکین لەسەر ئەم بابەتە: یەکەم ئەوەیکە ئاقار بۆ نووسین بە زمانە ئێتنیکییەکان هێند لەبار نییە و کتێبەکانی گرووپە ئێتنیکییەکان زیاتر لە وڵاتانی دراوسێ کە گرووپی ئێتنیکیی لێکچوویان تێدایە چاپ دەبن. بابەتی دووهەمیش دەگەڕێتەوە سەر بەردەنگەکانی ئەم زمانە ئێتنیکییانە کە چونکە ئەلفوبێی زمانی خۆیانیان پێ فێر نەکراوە ناتوانن ئەو کتێبانە بخوێننەوە.

**عەبدولڕەشید تریز، مەولەوی ئایینی، توێژەری مێژوو و چالاکی سیاسی-کۆمەڵایەتی لە سیستان و بەلووچستان:**

ئەو جۆرەی کە شیاو و پێویستە نەپەرژاونەتەو سەر زمانی بەلووچی و نەوەی ئێمە بە دەگمەن کەسی تێدایە کتێبە بەلووچییەکان بخوێنێتەوە کە زۆربەیان لە پاکستان چاپ دەکرێن. لە ئێران زۆر کەم چاپ دەبن. ئێمەیش بۆ خۆمان و هەروەها ئێتنیکەکانی دیکە ئەو مافە بە ڕەوا دەبینین کە منداڵان وێڕای ئاخاوتن بتوانن بە شێوەی کلاسیک زمان فێر بن و بتوانن بنووسن و بخوێننەوە.



وێنەی ژمارەی ٣-٢٤: وتووێژ لەگەڵ عەبدولڕەشید تریز

یەک لە بابەتەکانی دیکە کە لە وتووێژەکانی ئەم لێکۆڵینەوە لەگەڵ گرووپە ئێتنیکییەکان لەسەر پاوانکاریی کەلتووری باس لێکراوە، ناولێنانی شارەکان، ڕێگاکان، کووچە و کۆڵانەکان و شوێنی ژیانی ئەم گرووپانە بوو کە ئاماژەیان پێدەدا. بنکە حکوومەتییەکان هەوڵیان ئەوەیە کە ناوە ناوچەییەکان بگۆڕن و ناوی فارسی لە شوێنیان دانێن.

**سەردار فتووحی، ڕاوێژکاری پلانە لێکۆڵینەوەییەکانی دەوڵەت و کەرتی تایبەت لە سەقز (کوردستان):**
گۆڕەپانی ئێستا گۆڕەپانی هەڵۆیە (شاهین). بەڵام ئێستا بە ناوی کۆماری ئیسلامی دەناسرێت. زمان یان کەلتوور لێرەدا بەرخۆدانی دەبێت، و هەر گۆڕەپانی هەڵۆی پێ دەڵێن. زمان لە دەسەڵات هەڵدێت.

لەم بوارەدا ئەنجامی دەسکەوتی وتووێژەکان پیشاندەری بەرخۆدانی گرووپە ئێتنیکییەکانە کە بە پێچەوانەی ناولێنانە فەرمییەکان، لە ئەدەبیاتی زارەکیدا، هێشتا لە ناوە خۆماڵی و ناوچەییەکان کەڵک وەردەگرن. ئەم بابەتە خاڵێکی گرنگی تێدایە و ئەویش ئەوەیکە سیاسەتە زمانییەکان تەنیا کاتێک کارامە دەبن کە لەگەڵ بیروڕای گشتیی کۆمەڵگا هەماهەنگ بن. بە دەگمەن دەکرێت زمان یان دەستەواژەکان بەپێچەوانەی خواستی خەڵک بەسەریاندا بسەپێنی. ئایا دەکرێ پاڵپشتی لە زمانێک بکرێت کە ئاخێوەرانی چیدی داواکاری نین؟ بابەتەکە تەنیا زمانەکە نییە، بەڵکوو ئەو ڕێز و گرنگییەیە کە ئاخێوەران بەرامبەر بەو زمانە هەیانە. زمانەکان زیاتر لەبەر ئەوەیکە خەڵک بڕیاری بەجێهێشتنیان دەدەن و ڕاگوێزی منداڵەکانیان ناکەن لەناو دەچن. دەستەواژەی شەڕی زمانەکان مێتافۆرێکی گونجاوە، بەڵام زمانەکان بۆ خۆیان ناتوانن ئاگری شەڕێک هەڵگیرسێنن. ئەوە خەڵکن کە بۆ بەرخۆدان، شەڕ یان ڕێککەوتن لەگەڵ یەک هەوڵ دەدەن. دەکرێ بە چاوخشاندنێک لەسەر پێوەندیی زمانەکانی خەڵک لە پێوەندییە ناکۆکی هێنەرانەکانیان تێبگەین (کالوە، ١٣٧٩).

مێژووی هاوچەرخی ئێران پیشانی داوە کە لە ئەنجامی چاکسازییە فێرکارییەکانی ڕەزاشا، مەکتەبخانە نەریتییە ئایینییەکان گۆڕدران بۆ قوتابخانە سەرەتاییە نوێکان. کتێبی قوتابخانە نوێکان هەموو بە زمانی فارسی بوون و لە تاران چاپ دەکران. ئەم کتێبانە جێگای دەقە کلاسیک و قورئانییەکانیان گرتەوە کە پێشتر بە شێوەی نافەرمی و لە ڕێگای زانایانی ئایینی و ناوچەییەوە فێر دەکران. لەم سەردەمەدا، فێرکردنی زمانەکانی دیکەی ناو ئێران قەدەغە کرا. فارسی نەک زمانی نەتەوەیی ئێران بوو، بەڵکوو هەموو زمانە کەمینەکانی دیکەی نێو ئێران قەدەغە کران. چاپی کتێب و ڕۆژنامە بە زمانێک بێجگە فارسی قەدەغە بوو. لە ساڵی ١٣١٤ی کۆچیی هەتاوی (١٩٣٥ی زایینی)، محەمەدعەلی فرووغی لیژنەی وەزیرانی خۆی ناساندە پەرلەمان و هەلی بۆ ڕەخسا تا دامەزرانی فەرهەنگستانێکی نوێ ڕابگەیێنێت. ئەرکی فەرهەنگستان پاڵاوتنی زمانی فارسی بوو لە ڕێگای ناساندنی وشەی نوێ لە باتی وشە عەرەبی و بیانییەکان. لە وەها هەلومەرجێکدا، هەموو زمان و کەلتووره ناوچەیی و خۆماڵییەکان لەلایەن زمان و کەلتووری فارسییەوە قۆرخ کران. لە سەردەمی پاش شۆڕشی ئیسلام، زۆربەی نموونەکانی پاوانکاریی کەلتووری بەردەوام مانەوە، بەڵام توندی و ئاستیان وەک سەردەمی پەهلەوی نەبوو. خاڵی دیکەش ئەوەیکە لە سەردەمی پەهلەویدا،

ئـەم پاوانکارییـە کەلتوورییـە بۆ گرووپە ئێتنیکییەکان زۆر جێی نیگەرانی نەبـوو، چونکە زۆرێک لە هێما کەلتوورییەکان و دابونەریتەکان و فۆلکلۆرەکانیان هێشـتا زار بە زار و سـینگ بە سـینگ دەگێڕدرایەوە و ڕاگوێـزی نـەوەی دواتـر دەکرا. بەڵام لەم سـاڵانەی دواییەدا و لەگەڵ گرنگبوونی فێرکاری و نووسـین، کاردانـەوەکان بەرامبـەر بـە کەمتەرخەمـی بـە زمـان و کەلتـووری گرووپـە ئێتنیکییـەکان و پاوانکاریـی کەلتووریـی کەلتـوور و ئەدەبیاتـی فارسـی بەرز بۆتەوە تـا ئەو جێگایەی کە کۆمەڵێک لە دەسـتەواژەی ئێتنیک‌کوژی و پاکتاوکردنـی ئێتنیکـی بـۆ ئـەم دۆخـە کەڵـک وەردەگـرن. پاکتاوکردنـی ئێتنیکـی یەکێـک لـە دەرئەنجامەکانـی نەبوونـی توانـای وەرگرتنی کەلتـوور[1] و ویسـتی قۆرخکاریـی کەلتوورییە، کـە لـە ئاکامیدا وردەوردە شـوناس و ئێتنیکییـەت گرووپـی کۆمەڵایەتـی لەنـاو دەچێـت و جێی خۆی دەداتـە کۆمەڵێـک دەرکەوتـی کەلتوریی ڕووکەشـیانە (برتـون، ١٣٩٦، ١٨٩).

## چڕبوونەوەی قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان

تێڕامانێکـی خەسارناسـانە لـە سـەر بنەمـا پێکهاتەیـی و کارکردییەکانـی سیسـتمی سیاسـی، کۆمەڵایەتـی، ئابـووری، فەرهەنگـی و ژینگەیـی ئێـران، ئاماژەیـە بـۆ سـەرهەڵدان و درێژەکێشـانی دۆخێکـی قەیرانـی، کـە قەیرانەکانـی لـە چڕبوونـەوە و هاوکاتییەکی ئاسـۆیی و ئەسـتوونیدا، تان‌وپۆی واقیعێـک بـە نـاوی ئێرانیـان تەنیوەتـەوە و ژیـان و مانەویـان ڕووبـەڕووی کۆمەڵـێ ئاڵنگاریـی قـورس کردۆتـەوە. قەیرانـی پەیوەندییەکانـی دەرەوە و کارلێکـی لـەرزۆک و ناسـەقامگیر لەگـەڵ جیهان، ڕۆڵی یاسـابەزێنی دەوڵەتـە سـێبەرەکان لە پێکهاتەی دەسـەڵاتدا، کێشـە و گرفتە ڕەگەزییـەکان، بێ‌هیوایی قووڵی کۆمەڵایەتی، لاوازکردنی کەلتووری ئێتنیکی، سـەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی توندڕەویی ئێتنیکی و داڕمانـی کۆمەڵایەتـی لـە دەرکەوتـە سـەرەکییەکانی ئەم دۆخـە قەیراناوییە تێکەڵاون کە بەشـێکن لە دەسـتکەوتەکانی ئـەم توێژینەوەیـە و لـەم بەشـەدا بـاس و شـی کراونەتەوە.

سیاسـەتی دەرەوەی ئێران بەردەوام لە لایەن بیرمەندانی جۆراوجۆرەوە کۆمەڵە ڕەخنەیەکی لەسـەر بـووە. ئـەم کەسـانە لەسـەر ئـەو باوەڕەن کـە سیسـتەمی سیاسـیی ئێسـتا نەیتوانیـوە بـەو جـۆرەی کـە شـیاوە، چ لە ئاسـتی جیهانی و چ لە ئاسـتی ناوچەییدا، لەگەڵ وڵاتە جۆراوجۆرەکان دانوسـتان بکات و لـە کاتـی ناکۆکییـە گرنگەکانـی وەک بابەتـی گەمـارۆ زاڵمانـەکان و دژایەتیکردنـی هەنـدێ لـە وڵاتە زلهێـزە جیهانییـەکان، دۆسـتانێک کـە بتوانن پشـتی نەتەوەی ئێران بگـرن بوونیان نییە. ئـەم ڕوانگەیە لەسـەر ئـەو باوەڕەیـە کـە لەو کاتانەشـدا کە دەوڵەتی وەها لەسـەر دەسـەڵات بـووە کە هەوڵـی داوە ئەم کارلێـک و دۆسـتایەتییە بێنێتـە کایەوە، ئەندێشـە توندڕەوانەکان لـە ناوخۆی وڵاتەوە بوونەتە بەربەسـت و لەمپـەر. لـە ئەنجامـدا ئـەم بـاوەڕە هاتۆتـە ئـاراوە کـە سیاسـەتی دەرەوە یەکدەنگـی نییە و دەسـەڵات و هێـزی کۆمەڵـە گرووپێـک نـاسراو بـە «دەوڵەتـی شـاراوە» لـەم بـوارەدا لـە هێـز و دەسـەڵاتی بەرپرسـە

---

1. Acculturation

دەوڵەتییەکان کەمتر نییە. ئەنجامی وەها دۆخێک دەبێتە ئەوەیکە گرووپە جۆراوجۆرەکان هەر یەکە بەپێی بەرژەوەندییە گرووپی و تاکەکەسییەکانی خۆیان بجووڵێنەوە و ڕەوتی چالاکییەکانیان بەو جۆرەی بێت کە خێر و سوودی گشتی بکەنە قوربانی بەرژەوەندی تاکەکەسی و گرووپیی خۆیان.

لەم ساڵانەی دواییەدا، بزووتنەوەی ژنانیش بۆتە بابەتێکی کۆمەڵایەتی سەرەکی کە تیایدا ژنان بەرامبەر تەنگ و چەڵەمە ڕەگەزییەکان کە لە دژیان هەیە و دێتە ئاراوە نارازین و لەسەر ئەو باوەڕەن کە بە ئەنقەست لە ناوخۆی وڵاتدا، هەوڵ دەدرێت کە ژنان لە ناخی کۆمەڵگادا وەک ڕابردوو بسڕدرێنەوە و بەلاوە بنرێن. ئەم هەوڵانە زۆربەیان سەرکەوتووانە نەبووە و لە باتی یەکپارچەکردنی پێکهاتەی ئێتنیکی و ڕەگەزیی وڵات بوونەتە هۆی گشتگیربوونی نارەزایەتییەکان و توندبوونەوەی داواکارییەکانی خەڵکی ئەم گرووپانە بەتایبەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا. ئەم بڕیار و سیاسەتە ڕەگەزییانە کە بریتین لە سنووردارکردنی ژنان، بە یەکێک لە سیاسەتە هەرە دیار و مشتومڕاوییەکانی حکوومەت ناسراون.

لە وەها هەلومەرجێکدا، کەسانیک لە گرووپە ئێتنیکییەکان ئاماژەیان بە نایەکسانییە جۆراوجۆرە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کەلتوورییەکان کردووە و بە شێوەیەکی توند و سەربەخۆ خوازیاری چارەسەری خێرای دۆخەکە بوون. هەر ئەم تاکگەراییە نەرێنییە و پێکهاتنی ئاقاری ململانێیە لە بوارەکانی دیکەشدا بەرچاو دەکەون. یەکێک لە گرنگترین بوارەکان ئاقاری ئێتنیسیتە و ئایینییە کە لەم بوارەدا شوێنکەوتووانی کەمینە ئێتنیکییەکانی وەک تورک، کورد، بەلووچ، عەرەب و ئێتنیکەکانی دیکە لەسەر ئەو باوەڕەن کە لە درێژەی چەند دەیەی ڕابردوودا، هەوڵی زۆر بۆ لەناوبردن و سڕینەوەی بنەمای شوناسییان خراوەتە گەڕ. ڕاستییەکە ئەوەیە کە لە هەموو نموونە ئاماژەپێدراوەکاندا، کێشەی بنەڕەتی هەیە کە بەرپرسە سیاسییەکانی وڵات ئەگەر بۆ چارەسەرکردنیان هەوڵ نەدەن ڕەنگە ببێتە هۆی داڕووخان و تێکشکانی کۆمەڵایەتی.

## پەیوەندیی لەرزۆک لەگەڵ جیهان

لە جیهانی تێکاڵاوی ئەورۆدا، پەرەسەندنی وڵاتان بەبێ یەک ئیمکانی نییە و تێپەڕکردنی قەیرانە جۆراوجۆرەکان بەبێ یارمەتی چەندلایەنە ئەستەم دەنوێنێ. پێوەندییە ئابووری و سیاسییەکان لەگەڵ وڵاتانی دیکە دەبێتە هۆی ڕەخسانی هەل و دەرفەتی بەرچاو بۆ وڵات و وێڕای بواری ئابووری، هەلومەرجی بەشەکانی دیکەش باشتر دەبن.

لە مێژووی هاوچەرخدا پێوەندییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی دیکە پێویستە لە ئاستی ناوچەیی، شارستانییەتی و جیهانیدا چاوی لێبکرێت، لە پێکهاتن و بەردەوامبوونی ئەم پێوەندییانەدا گۆڕاوەکانی ئایین، ئابووری و پێویستییەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی دەوریان گێڕاوە. بەپێی بنەما هزرییەکان لە دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێراندا، دەتوانین بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران وەک ئەمانەی ژێرەوە ئاماژە پێبدەین (سریع‌القلم، ١٣٨٨، ٢٨)

پاش شۆڕشی ئیسلامی، سیاسەتی دەرەوەی ئێران بە دروشمی «نە ڕۆژئاوایی و نە ڕۆژهەڵاتی»[1] زیاتر بەپێی بەهادانانە ئایدۆلۆژیکەکانی دەسەڵاتدارانی شیعە دەستنیشان کراوە و دژایەتی بەرامبەر ئیسرائیل و ئەمریکا بوو بە ئەجینداییەکی سەرەکیی. ئێرانی پاش شۆڕش و جێگیربوونی حکوومەت، بەرەو بەدەستهێنانی سیاسەتی ئەمنیی سەربەخۆ جوولایەوە و هەوڵی دا تا خۆی لە دەرەوەی ستراتیژ و ڕوانگەکانی بلۆکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات پێناسە بکاتەوە. پێوەندیی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامی، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دراوسێکانی هەوراز و نشێوی هەبووە. داخرانی کاتیی پێوەندییەکان لەگەڵ عەرەبستان پاش حەجی ساڵی ١٣٦٦ی کۆچیی هەتاوی، ناکۆکی لەگەڵ ئەماراتی یەکگرتووی عەرەبی لەسەر خاوەندارێتی سێ دورگەی تونبی گەورە و تونبی چکۆلە و ئەبوومووسا، شڵەژان و لێڵبوونی پێوەندییەکان لەگەڵ بەحرەین پاش ئەوەیکە بەحرەین ئێرانی تاوانبار کرد کە پاڵپشتی لە شیعە ناڕازییەکانی ئەو وڵاتە دەکات، داخرانی پێوەندییەکان لەگەڵ میسر پاش پاڵپشتیکردنی ئێران لە کردەوەی خالید ئیسلامبوڵی لە تیرۆری ئەنوەر سادات‌دا، تێکدان و شێوانی پێوەندییەکان لەگەڵ کوەیت بەهۆی شەڕی ئێران و عێراق، داخرانی پێوەندییەکان لەگەڵ ئوردۆن، دەربڕینی نارەزایەتی لەسەر هەڵسوکەوتی سەرکوتکارانەی دەوڵەتی یەمەن لەگەڵ شیعەکانی خۆی کە لە کۆتاییدا شەڕ و ناکۆکیی یەمەنی لێکەوتەوە چەند نموونەن لە پێوەندییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامی و ناوچەیی لەم ساڵانەدا. سیاسەتی دەرەوەی ئایدۆلۆژیاتەوەر و شیعەگەرانەی کۆماری ئیسلامی ئێران، بە خوڵقاندنی ململانێی بەرفراوان لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی گەورەی ناوچە (قەتەر، سعودیە و ئیسرائیل) و جیهان (ئەمریکا و هەندێک وڵاتی ڕۆژئاوا)، هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە بووەتە هۆی گۆشەگیریی ئێران لە پانتایی پێوەندیی نێودەوڵەتیدا، هۆکاری سەرەکیی بڵاوبوونەوە و بەرفراوانبوونی سەرکەوتووانەی پرۆژەی ئێرانۆفۆبیاشە و بواری دابەزینی دەسەڵاتی ئێرانی لە ڕووی ئابووری، سەربازی و سیاسیدا لێکەوتۆتەوە (رحیمی و سیمبر، ١٤٠١، ٤٢٥٥). لە واقیعدا سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران بە هۆی ئایدۆلۆژیکیبوون، تێگەیشتنێکی دروستی لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئێران نییە، یان بە واتایەکی ڕوونتر، بەرژەوەندییەکانی ڕژێم و بەرەوپێشبردنی ئایدۆلۆژیا و ویست و بڕواکانی بەسەر بەرژەوەندییە نەتەوەییەکاندا دەسەپێنێت و دیپلۆماسیەتی خۆی لەسەر ئەو بنەمایە چێ کردووە.

بەپێی بارودۆخی گشتیی ئێران و لەو ڕووەوە کە هەلومەرجی ئابووریی چینە ژێردەستەکانی کۆمەڵگا زۆر نالەبارە و بنکە ئابوورییەکان و داهێنانی هەلی کار ئەوەندە بزۆز و دینامیک نین کە لانی کەمێکی هیوابەخشینیان هەبێ لەسەر ئابووری و کۆمەڵگای وڵات، دەتوانین بڵێین بارودۆخی سیاسی، ئابووری و نێودەوڵەتیی پێویستی بەوە هەیە کە ڕێگای دانوستان لەگەڵ جیهان ببێتە یەکەمایەتی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتەکان. نیشانە و بەڵگەی وەک دابەزینی بەهای تمەنی

١. نە شرقی، نە غربی

ئێرانـی و گونجاونەبوونـی چالاکییەکانـی وەبەرهێنانی ناوخۆیـی دەبێتە هۆی جودابوونـەوەی ئابووریی ناوخۆیـی لـە ئابووریـی جیهانـی و ئـەم دیاردانـە هەنـدێ مەترسـی و هەڕەشـەی وەک بـە ڤێنیزوێلایـی بوونـی ئێرانیـان هێناوەتە ئـاراوە.

**سـەید عەبدوسـەلام مەحمووددییـان، زانـای ئایینـی و چالاکـی ئایینـی لـە سـەردەشـت (ئازەربایجانـی ڕۆژاوا):**
خـوازراو یـان نەخـوازراو خەریکـە لەگـەڵ زۆرێـک لـە وڵاتانـی جیهـان بـە شـەڕ بێیـن و ئـەو ڕێککەوتنـە کـە پێویسـتە لە نێـوان مرۆڤەکانـدا هەبێت بوونـی نییە. هەڕەشـەی زۆر شـوێنمان لەسـەرە و دیـارە وڵاتێکیـش کـە گۆشـەگیر و تـاق بکەوێتـەوە لـە هەمـوو بوارەکانـەوە بەرگەزنـد دەبێـت.



وێنەی ژمارەی ٢٥-٣: وتووێژ لەگەڵ مامۆستا عەبدوسەلام مەحمووددییان

بەڵگەنامـە دەسـتکەوتووەکانی ئـەم لێکۆڵینەوەیـەش پیشـاندەری هەڵوێسـتی لـەم چەشـنەن، تـا ئـەو ڕادەیـەی کـە زۆرینە وەک گرنگترین ڕێگا چارەسـەرەکانی گەشـەکردنی ئابـووری وڵات و بەتایبەت چارسـەرکردنی پرسـی مەندبوونـی ئابـووری و کێشـەی کار ئامـاژە بە ڕاکێشـانی وەبەرهێنانـی دەرەکی

دەکەن. بەڵام دیارە کە ڕاکێشانی وەبەرهێنەری دەرەکی نایەتە ئاراوە مەگەر ئەوەیکە دانوستانی هەمەلایەنە لەگەڵ جیهان و وڵاتان و کۆمپانیا دەرەکییەکان بۆ وەبەرهێنان لە بەستێنە ئابوورییەکانی وڵاتدا ئەنجام بدرێت.

لەسەر ئەم پرسە، بەشداربووانی دیکەی لێکۆڵینەوەکە دەڵێن کە لە ڕوانگەی ئابوورییەوە، هەناردەکردنی ئەو کاڵا و شمەکەی کە باشتر بەرهەم دەهێنرێن و هاوردەکردنی کاڵا و شمەکی باش و بە کوالێتی سوودی هەموو وڵاتانی جیهانی تێدایە. هەروەها کاتێک کە پێوەندییە ئابوورییەکان گەشە دەکەن، پێوەندی سیاسییش پتەوتر دەبێتەوە. گۆشەگیربوونی یەک وڵات لە گۆڕەپانی سیاسەت و ئابووریی نێودەوڵەتی دەبێتە هۆی ئەوەیکە پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتە کەم و سنووردار ببنەوە.

وێڕای هەموو ئەمانەش، وڵات بۆ گەشەی ئابووری و قەرەبووکردنەوەی دواکەوتوویی خۆی ناچارە لەگەڵ جیهان دانوستانی هەبێت بۆ هاوردەکردنی تەکنۆلۆژیا پێشکەوتووەکان. ڕاستی ئەوەیە کە ئەمڕۆ تەکنۆلۆژیا پێشکەوتووەکان لە بەردەستی وڵاتانی ڕوو لە گەشەدا نین. تەنانەت هەندێ لە وڵاتە پیشەسازییەکانی ئەورووپاش وەبەرهێنەری تەکنۆلۆژیا نین. بۆ نموونە ڕەنگە هەندێ لە وڵاتان لە بواری چەک و تەقەمەنییەوە پێشکەوتوو بن، بەڵام لە بەشەکانی دیکەی وەبەرهێنان و ئابووری، تەکنۆلۆژیای نوێیان بەردەست نەبێ و هەر بەم بۆنەوە نەکەونە ڕیزی وڵاتانی گەورەی ئابووریی جیهانەوە و ناچار بن لەگەڵ دەرەوە دانوستانیان هەبێت. ئەوەیکە ئێران وەبەرهێنەری تەکنۆلۆژیا نییە و سەرچاوە پێویستەکانیشی نییە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە. بۆیە بۆ گەشەی ئابووری و قەرەبووکردنەوەی دواکەوتوویی، ناچارە لەگەڵ جیهان بۆ هاوردەکردنی تەکنۆلۆژیا پێشکەوتووەکان دانوستانی هەبێت.

> **محەمەدتەقی شەیخی، مامۆستای ئابوورەناسیی زانکۆی ئەلزەهرا لە تاران:**
> پێویستە لەگەڵ جیهانی دەرەوەش چاک و خۆشییەکی نەرم و نیانترمان هەبێت و یارمەتیی لێ وەرگرین. وڵاتێکی وەک چین تا ئەم دواییانە دەرکەکانی داخراو بوون، بەڵام بیریان کردەوە و دەرکەکانیان کردەوە و ئێستا لەگەڵ سەد و بیست وڵاتی جیهان پێوەندییان هەیە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بایەخە ئابوورییەکانیان هەڵدەکشێت.

یەکێک لە ئامرازەکانی پێکهێنانی کۆدەنگیی نێودەوڵەتی لە دژی ئێران و گۆشەگیرکردنی ئەو پرۆژەیە بوو کە ئێران مەترسیدار و هەڕەشەیە. پێش ڕێککەوتنی ئەتۆمی، سیاسەتی نەیارانەی ئێران و نەبوونی دانوستان و وتووێژ لەگەڵ جیهانی دەرەوە جۆرێک یارمەتیدەری ئەم پرۆژەیە بوو و دیوارێکی بەدەوری وڵاتدا کێشا. لە باری دەروونناسییەوە، بەشێک لە ترسی مرۆڤ لە یەک شت

دەگەڕێتەوە بۆ نەناسین و ناوشیاربوون لەسەر ئەو شتە بەگشتی. ئەم دۆخە دەگەڕێتەوە بۆ نەناسینی ئێران لە باری نێودەوڵەتییەوە. دیارە کاتێک کە وڵاتێک دەرکەکانی دانوستان و ئاڵوگۆڕ بە ڕووی خۆیدا دادەخات و ڕێگاکانی ناسینەوە لەسەر وڵاتانی دیکە دەبەستێت، چکۆلەترین پڕوپاگەندا و بانگەشی نەرێنی لە لایەن نەیاران و میدیاکانیانەوە ئەوپەڕی باوەڕپێکراوی دەبێت لە کۆمەڵگا مەبەستەکان. بۆیە دانوستان لەگەڵ جیهان و ئاڵوگۆڕ لەسەر کێشە جیهانی و ناوچەییەکان نەک جیهان لەسەر بەشداریکردن و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتیی ئێران بەرامبەر بە ئاشتیی ناوچەیی و جیهانی وشیار دەکاتەوە، بەڵکوو پڕۆژەی سەقامگیری و ئەمنییەتی ناوچەکە لە ڕێگای گۆشەگیرکردنی ئێران و سەیرکردنی وەک هەڕەشە دەسبەجێ بوونی نامێنێ. کۆماری ئیسلامی ئێران لەم بوارەشدا نەیتوانیوە باش بجووڵێتەوە.

هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی، بانگەشەی لەناوبردنی ئیسرائیل، پشتیوانی لە هێزە میلیشیاشیعەکان لە ناوچەکە، چالاکیی تیرۆریستی و تێکدەرانە، گوتاری دژەڕۆژئاوایی، پێشێلکردنی بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤ، و چالاکیی بەرفراوانی پڕوپاگەندایی و میدیایی ئایدیۆلۆژیکی دژ بە بەهاکانی جیهانی ئازاد و بنەما دیموکراسیەکان، هۆکارە سەرەکییەکانی دروستبوونی وێنەیەکی مەترسیدار و هەڕەشەئامێز لە ئێرانن کە بووەتە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ پڕۆژەی ئێرانۆفۆبیا. پڕۆژەیەک کە لە ئەنجامی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی ناکۆک لەگەڵ ئێراندا، بەتایبەت ئەمریکا و ئیسرائیل، بە پەنابردن بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەی بەرفراوان و درێژخایەنی جیهانی ڕۆژئاوا، لە قەبارەی واقیعیی خۆی زۆر گەرەتر کراوە. بەشێوازێک کە ئێرانۆفۆبیا تەنها لە سنوورەکانی سیاسەتی فەرمی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان قەتیس نەماوە، بەڵکو بە شێوەیەکی بەرفراوان لە پیشەسازی فیلم و سینەما، چاپەمەنی و تەنانەت فەزا و بەرهەمە ئەکادیمییەکانیشدا بە شێوازی هەمەلایەنە نمایش دەکرێت. ئەمریکا و ئیسرائیل ئێران بە «ناوەندی شەڕاژۆیی» و لایەنگری تیرۆر ناودەبەن و فیلمەکانی هۆلیوود وەک «ئارگۆ»، «سێ‌سەد»، «سەنگساری سورەیا»، « بەبێ کچەکەم هەرگیز»[1] و... لە دەرکەوتەی پڕۆژەی ئێرانۆفۆبیان.

١. بدون دخترم هرگز

**کەریم بەخش کوردی تەمەندانی، چالاکی سیاسی-کۆمەڵایەتی لە ئێرانشار (سیستان و بەلووچستان):**
هەر وڵاتێک دەبێ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی پێش هەموو شتێکەوە بێت و ئێمە پێمان وایە کە بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئێمە بەرچاو ناگیردرێت و ئێمە لە جیهاندا زیاتر بەرژەوەندییە تایبەتە ئایینی و فکرییەکان شوێنگری دەکەین و ئەگەر ئەو بەرژەوەندییە نەتەوەییەمان بەرچاو گرتبا، ئەم هەموو ناکۆکی و کێشەیەمان لەگەڵ جیهان نەدەبوو. وڵاتانی دیکەش دەبینین کە سەردەمێک پێکەوە شەڕیان کردووە و ئەمریکا ژاپۆنی بوردمانی ئەتۆمی کرد و زۆرترین زەبر و خەساری لێوەشاند، بەڵام ئێستا پێکەوە هاوڕێن. ئێمە چل ساڵە خەریکین پەیامی مەرگ و نەمان بۆ دنیا دەنێرین. دروشمی نەمانی یەک وڵات لەسەر مووشەکمان هەموو دنیا دەکاتە دژ و نەیارمان و ئێمە گۆشەگیر دەکاتەوە و وەک وڵاتێکی شەڕخواز پێناسەمان دەکەن.

**حەبیبوڵڵا مستەوفی، خانەنشینکراوی پەروەردە لە کرماشان:**
لە سیاسەتی دەرەوەدا، دانوستان و وتووێژ باشترین ڕێگا چارەسەرە.

پاش بەرجام، ڕۆڵی حاشاهەڵنەگر و گرنگی ئێران لە سەقامگیریی ناوچەیی و چارەسەرکردنی قەیران و کێشە هەبووەکان جەختی لەسەر کرایەوە و بوو بە داواکاری زۆرێک لە لیژنە بیانییەکان کە گەشتیان بۆ تاران کردووە. پێشوازی لە ڕۆڵی کاریگەر و سەقامهێنەری ئێران لە ناوچەکە لە لایەن زۆرێک لە وڵاتانەوە، لە هەلومەرجێکدا کە ئەمریکا و هاوپەیمانە ناوچەییەکانی هەوڵیان داوە ئێران بە بیانووی کردەوەی شڵەژێنەر لە ناوچەکە گەمارۆ بدەن و گۆشەگیری بکەنەوە، زۆر گرنگە. ئەم پرسە پیشان دەدات کە دانوستانی بەربڵاو لەگەڵ جیهان و ناوچەکە و ئیرادەی جیددی و خێرخوازیی ئێران لە ڕێگای وتووێژەوە بۆ چارەسەرکردنی قەیران و کێشەکانی ناوچەکە بەتایبەت کێشەی بەجیهانیبوویی تیرۆریزم، پووچەڵکەرەوە و ناکاریگەرکەری هەوڵی نەیارانی ئێرانی لێدەکەوێتەوە کە هەوڵ دەدەن وەک هۆکاری ناسەقامگیری و ناکۆکییەکانی ناوچەکە پێناسەی بکەن. بەپێی باوەڕی بەرپرسانی سیاسیی وڵات، وڵاتانی عەرەبستانی سەعوودی و ئەمارات کە دەکەونە ڕیزی دراوسێ بەهێزە ناوچەییەکانی ئێران، لەم ساڵانەی دواییەدا و لە لایەن سیاسەتوانانی ئێرانییەوە هێرشیان کراوەتە سەر؛ هۆکاری ئەم ناکۆکی و دژایەتییە دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوەکانی دە ساڵی ڕابردوو لە وڵاتانی ناوچەکە وەک سووریا، یەمەن و بەحرەین کە هەر یەکە لەم وڵاتانە ئەوی دیکە وەک هۆکاری نائەمنیی و خۆی وەک پاڵپشتی ڕاستەقینەی خەڵکی ئەم وڵاتانە دەبینن.

سەرکردایەتی بەرەی شیعە لە ململانێکانی شیعە و سوننە لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامی و بەبنەماکردنی ستراتیژی ئایدیۆلۆژیکی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی و پێشخستنی ئایدۆلۆژیای شیعەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە و جیهاندا، تێکڕای هەندێک دژایەتی کە بەهۆی ناکۆکی هەرێمی و سنوورییەوە دروست دەبن، لەوانە؛ ململانێی سێ دوورگەیە لەگەڵ ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، و ناتەبایی لەگەڵ پێگەی ئابووری و سیاسیی بەشێک لە وڵاتانی ناوچەکە، بەتایبەتی بە هۆی پەیوەندییان لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل و لەم ساڵانەی دواییدا لەگەڵ جیهانی ڕۆژئاوا، بووەتە هۆکاری ئەوەی ئێران لەسەر ئاستی پەیوەندییە ناوچەییەکان و وڵاتانی دراوسێدا، بە تایبەت وڵاتانی کەنداوی فارس پەیوەندییەکی سنووردار و پڕ لە ئالنگاری ئەزموون بکات. تا ڕادەیەک کە لە هەندێ بارودۆخی هەستیاردا، ئەم پەیوەندیانە بەرەو هەڕەشەی ئاشکرا و تەنانەت هەندێ کردەوەی ناڕاستەوخۆی هەڕەشەئامێز دەکێشا، کە نموونەی دیاری هێرشی بە وەکالەت بوو بۆ سەر دامەزراوە نەوتییەکانی سعودیە لە شەڕی یەمەندا (برایان هوک حملە ایران ...، ١٣٨٩)، لێدوانە یەک لە دوای یەکەکانی سەرۆکی وڵاتانی عەرەبی و ئەنجوومەنی هاوکاری کەنداوی فارس بۆ شەرمەزارکردنی ئێران (گردهمایی بزرگ کشورهای عرب...، ٢٠١٩)، دەرکەوتەی ئاشکرای پەیوەندیی نەیارانەی ئێران و وڵاتانی عەرەبی ناوچەکەیە.

**ئەمیر سەجادی، مامۆستای مێژوو لە سەقز (کوردستان):**
ئێران لە ناوچەکە نەک هەر کەسی وەک هاوڕێ هەڵنەبژاردووە، بەڵکوو ئەمنییەتیشی کەوتۆتە بەر هەڕەشە و مەترسی. کۆدەنگییەک لە ناوچەکەدا هەیە کە ئێران وەک هەڕەشە لە دژی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێناسە دەکەن.

هیچ وڵاتێک لە دنیادا نابینرێتەوە کە پرێستیژ و پێگەیەکی بەرزی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هەبێت و لە هەمان کاتیشدا دانوستانی نەبێت و لە پێوەندییکردنی بەربڵاو و قووڵ لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانی خۆی بدزێتەوە. بەرزبوونەوەی پرێستیژی نێودەوڵەتی و بەرزبوونەوەی پێگەی ستراتیژیکی وڵاتان یارمەتییەکی بەرچاو بە بەدەستهێنان و پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیان دەدات. ئەم دەسکەوتە گرنگەش لە ڕێگای بانگهێشتکردن لەو وڵاتە بۆ ئامادەبوون لە کۆڕە گرنگە نێودەوڵەتییەکان، مەیل و خواستی وڵاتانی جۆراوجۆرە بۆ ئامادەبوون لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان بە میوانداری ئەو وڵاتە، مەیل بۆ پێکهێنان و پەرەپێدانی پێوەندییەکان لەگەڵ ئەو وڵاتە، ڕاکێشانی سەرمایەگوزاریی دەرەکی و مەیلی خەڵک و نوخبەکانی جیهان بۆ ناسینی زیاتری دەفرایەتییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی نێو ئەو وڵاتە، خۆی دەردەخات و یارمەتیدەری بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان دەبێت. بۆیە یەک لە پێویستییەکانی دانوستانی بەربڵاو لەگەڵ جیهان دووبارەسازکردنەوە و بەرزکردنەوەی پرێستیژی نێودەوڵەتی و پێگەی ستراتیژیکی وڵاتە. لەم بوارەیشدا بەرپرسانی ئێران نەیانتوانیوە بەو

جۆرەی کە شیاوی نەتەوەی ئێرانە ڕێز و پرێستیژیان بۆ بەدەست بێنن.

**هادی نەقدی، ڕاوێژکار و دەروونناس لە سنە (کوردستان):**
بەداخەوە چونکە سیاسەتی سەرەکی ئێمە لەسەر بنەمای ڕاهاتن لە درێژەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان نەبووە و بە شێوەیەک بووە کە لەگەڵ تاقمێک ڕێککەوتووین و لەگەڵ تاقمی دیکە نا، ئەم پرسە بۆتە هۆی ئەوەیکە ئێمە لە لایەن ئەو گرووپەوە کە لەگەڵیان نین، گوشارمان بخرێتە سەر. بۆ نموونە ئەمریکا کە گەمارۆی خستۆتە سەرمان، لە شوێنە جۆراوجۆرەکاندا دەنگ لە دژی ئێران پەسند دەکات و بە شێوازی جۆراوجۆر هەم حکوومەت و هەمیش نەتەوەی ئێران دەخاتە ژێر گوشار و لە لایەکی دیکەشەوە، وڵاتانی دیکە لەو پێوەندییە خراپەی کە لەگەڵ ئەمریکا هەمانە و بە ناچار هانامان بۆ بردوون کەڵک وەردەگرن و کەڵکاوەژوومان دەکەن، وەک ڕووسیا و چین.

لە کۆتاییدا پێویستە بڵێین کە جەختکردن لەسەر دانوستان لەگەڵ جیهان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لۆژیکیانە لەگەڵ کێشەکان لە وتوویژی بەشداربوواندا بەدی دەکرێت کە لەسەر ئەو مەرج و پێویستییانە ئاماژەی پێدراوە، لە ڕوانگەی نوورعەلی وەند (١٣٩٦، ١٧ و ١٨) ئەم پێویستییانە بریتین لە:یەکڕیزیی ناوخۆیی و یەکدەنگیی لە سیاسەتی دەرەوە، کەڵک وەرگرتن لە دیپلۆماتە لێزان و خوێندەوارەکان، بەڕێوەبردنی کۆڕ و دانیشتنە نێودەوڵەتییەکان و بەرچاوگرتنی ستانداردە دیپلۆماتیکەکان، بەهێزکردنی دیپلۆماسیی ئابووری.

### حکوومەتە شاراوەکان

«حکوومەتی سێبەر»[1] و «حکوومەتی شاراوە»[2] لە چەمکە باوەکانی ئەدەبیاتی سیاسی هاوچەرخن، کە ئاماژە بە ئامادەبوون و ڕۆڵگێڕانی سیاسی شاند و نیمچە حکوومەتە نافەرمیەکان شانبەشانی کابینەی فەرمی و حکوومەتی دامەزراو دەکەن. وێڕای بازنەی واتایی هاوبەش، ئەم چەمکانە مانای یەکسانیان نییە و لە پێناسەکردنی دیاردەی واقیعیدا باس لە نموونەی جیاواز دەکەن. «حکوومەتی سێبەر» دەتوانرێت لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە لێکبدرێتەوە؛ یەکەم: پێناسەیەکی ئەرێنییە لەسەر بنەمای ئەزموونی سیاسی سیستەمە پەرلەمانییەکان، کە بەپێی ئەو پێناسەیە، هاوتەریب لەگەڵ دەرکەوتنی حکوومەتی دامەزراو لە پارتی دەسەڵاتدار، گەورەترین پارتی ئۆپۆزسیۆن کابینەیەک

1. Shadow Cabinet
2. Deep state

پێکدەهێنێـت و وەزیـرەکان دیاری دەکات، بەجۆرێک کە بەهۆی ئەگـەری گۆڕانکاری پێش هەڵبژاردن لـەم سیسـتەمانەدا، کابینەی جێگـرەوەی کابینەی فەرمی ئامادەی گرتنە دەسـتی دەسـەڵات بێت، لە لایەکـی دیکەشـەوە حکوومەتـی سـێبەر و وەزیـرە هەڵبژێردراوەکانـی بەرپرسـیار دەبـن لـە ڕەخنەگرتن و ئالنگاریـی حکوومەتـی دامـەزراو . ئـەم ئەزموونـە ڕەگ و ڕیشـەی لـە نەریتـی سیاسـی حکوومەتـی شانشـینی بەریتانیـادا هەیـە (Shadow Cabinet, 2024).

ڕوانگەی دووەم پێناسەیەکی نەرێنی و تێکدەرانەیە کە لە ڕێبازە پیلانگێرییەکانەوە ئیلهام وەرگیراوە (وەهمـی پیلانگێـڕی)[1] کە بەپێی ئەو پێناسـە، دەسـەڵاتی سیاسـی ڕاسـتەقینە لە دەسـتی حکوومەتە هەڵبژێردراوەکانـی خەڵکـدا نییـە بەڵکـو لە دەسـتی ئەو تاقمەیـە کە لە پشـت پـەردەوە بۆچوونەکانیان دەسـەپێنن و هیـچ دامەزراوەیەکـی دیمۆکراتیـک توانـای پشـکنین و تاوتوێکردنـی چالاکییەکانیانـی نییـە. بـە پێـی ئـەم بۆچوونـە، حکوومەتـە هەڵبژێـردراوەکان ملکەچـی حکوومەتـە سـێبەرەکانن، کـە خاوەنـی دەسـەڵاتی ڕاسـتەقینەن. چەمکی حکوومەتی شـاراوە کە بە حکوومەتـی نهێنی و حکوومەتی قووڵیـش ناودەبرێـت، بـۆ ئامـاژەدان بـە حکوومەتێکـە کـە لـە دەرەوەی حکوومەتـی هەڵبژێـردراو ئیـش دەکات. حکوومەتـی شـاراوە حکوومەتێکـی کارا بەڵام نهێنییە کە بە شوناسـێکی نەنـاسراو و لە ڕێگەی بەکارهێنانـی دامـەزراوە حکومییـەکان بە شـێوازێکی ڕێکخـراو لە پێناو بەدیهێنانـی ئامانجێک جگە لە بەرژەوەنـدی نەتەوەیی دەجووڵێتەوە. ئەم شـێوازە لە دەسـتێوەردانی سیاسـی یاسـابەزێنە لـە کاروباری فەرمـی سیاسـەت و حوکمڕانیـدا، لـە ئەساسـدا مافیایەکی سیاسـییە کە لە شـێوەی حکوومەتـێ لەناو حکوومەتدا سـەرهەڵدەدات و بەبێ پابەندبوون بە پرەنسـیپە یاسـاییەکان و هەڵگرتنی بەرپرسـیارێتی، لـە پێنـاو ئامانجـە گرووپـی و کوتلەییەکانـی، ئیمکاناتەکانـی حکوومـەت و بەرژەوەنـدی گشـتی بە کار دێنێـت. حکوومەتـە شـاراوەکان خاوەنـی تۆڕێکـی بەرفراوانـن کـە لـە پارتـە سیاسـییەکان، دەزگای هەواڵگری، هێزی سـەربازی، سـەرکردەی سیاسـی، و ئەکتەرە ئابوورییەکان لە هەردوو کەرتی گشـتی و تایبەتـدا پێکهاتـووە و پاشـخانێکی بەرچـاوی سـامان و دەسـەڵات و کاریگەرییـان لـە ژێـر دەسـتدایە (فرید، ١٣٩١).

ڕەوتـی ڕوو لـە هەڵچوونـی دەسـتێوەردانی بەرفراوان و قووڵی سـپای پاسـدارانی ئینقلابی ئیسلامی و تـۆڕی بەرفراوانـی دامـودەزگا ئایدیۆلۆژی و سیاسـییەکانی، لە کاروباری ناوخۆ و سیاسـەتی دەرەوەی وڵاتـدا، بـە تایبەت لە ئاسـتی ناوچەییدا، کە بە ڕەزامەنـدی و ڕێنمایی بارەگای ڕێبەرایەتـی ڕوودەدات، فۆرمێکـی ئاشـکرایە لـە دەوڵەتـی شـاراوە لـە گـۆڕەپانـی سیاسـی ئێرانـدا، کـە لـە زۆربـەی بوارەکانـی ئابـووری، فەرهەنگـی، سیاسـی و دیپلۆماسـیدا چەندیـن جـار حکوومەتـی دامـەزراو و یاسـایی ناچـار بـە ملکەچـی و تەسـلیمبوونی بـێ مـەرج کـردووە، و جڵـەوی کاروبارەکانـی بـە تـەواوی گرتۆتـە دەسـت بەبـێ ئـەوەی هیـچ بەرپرسـیارێتی یاسـایی و مافـی ئـەو کارانـە لـە ئەسـتۆ بگرێـت و پابەندیـان بێـت. بەسـەرکردنەوەی ئالنگاریـی حکوومەتەکانـی ئێران لەگـەڵ سـوپای پاسـداران و دامودەزگاکانـی ژێـر

1. conspiracy theory

فەرماندەیی ئەودا، لە سەردەمی یەکەمین حکوومەتی ڕێفۆرمخواز و چاکسازی (١٣٧٦) تا خولی دووەمی حکوومەتی حەسەن ڕۆحانی، پڕە لە ڕووبەڕووبوونەوە و دەستێوەردان کە نموونەی هەرە دیاری کردەوەکانی حکوومەتی شاراوەن. حکوومەتی شاراوە ساڵی ١٣٧٨ بە سەرکوتکردنی بزووتنەوەی خوێندکاران و ساڵی ١٣٨٨ لە سەردەمی بزووتنەوەی سەوزدا، ئامادەیی خۆی نیشانداوە بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی. لە بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی دواتر لە ساڵانی ١٣٩٦، ١٣٩٧ و دواجار ١٣٩٨ (نارەزایەتی بەرامبەر بە بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین)، حکوومەتی شاراوەش ڕۆڵی کارای لە بەرپەرچدانەوە و سەرکوتکردنی نارازییان بووە. ئامانجی سەرەتایی و گرنگی حکوومەتی شاراوە، دەستەبەرکردنی مانەوەی رژێمە. ئەم حکوومەتە شاراوەیە بۆ پاراستنی یەکپارچەیی سیستەم و دوورخستنەوەی لە گۆڕانکاری، بەرگری لە کاریگەری و دەسەڵاتی خۆی لە ڕێگەی مومارەسەی دەسەڵاتی پیاوسالاری و پاراستنی شوناسی شێعەی سیستەمەوە، کە کاریگەری ناوچەیی و هەڵوێستی دوژمنایەتی ئەمریکا تێیدا بەرچاوە، ئەنجام دەدات.

پاراستنی ئەم باڵادەستییە لە سێبەری زاڵبوونی حکوومەتی شاراوە بەسەر سیستەمی ئابووری و ئەمنیدا ڕەخساوە. هەندێک لە شارەزایان سەرەڕای جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵی سەرەکیی سوپای پاسداران، بازنە و تێوەگلانی حکوومەتی شاراوە لە ئێراندا بە تۆڕێک لە دەرەوەی سپای پاسداران دەزانن، ڕەسام و هاوکارەکانی لە وتارێکدا لە ژێر ناوی «حکوومەتی شاراوەی ئێران» سەبارەت بەم بابەتە دەنووسن: «حکوومەتی شاراوە لە ئێراندا لە تێکەڵەیەک لە گەورەپێکهاتە ئەمنی، زانیاری و ئابوورییەکان پێکدێت و مەبەستی پاراستن و پارێزگاریکردنە لە جەوهەر و جیهانبینی شۆڕشگێڕانە و زامنکردنی ئاسایشی کۆماری ئیسلامی. هەندێک لە شرۆڤەکاران پێیان وایە ئەم حکوومەتە لە لایەن سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی ئێرانەوە پێکهێنراوە و ئامادەبوونی بەرچاو و بەردەوامی سپای پاسداران لە دامودەزگا ئابووری و سیاسییەکانی وڵاتدا بە بەڵگەیەکی ڕوون بۆ ڕاستی ئەم بۆچوونە دەزانن. بە بۆچوونی ئێمە مەودای حکوومەتی شاراوە لە سنوورەکانی سپای پاسداران تێدەپەڕێت. حکوومەتی شاراوە لە دامودەزگا بنەماییەکانی وەک بارەگای ڕێبەرایەتی (بەیتی ڕەهبەری)، ڕێکخراوە هەواڵگری و ئەمنییەکان، دەسەڵاتی دادوەری، بیرۆکراسیی ئایینی و بناغە و دامودەزگا تایبەت و پەیوەندیدارەکان بەوانەوە، وەک بارەگای جێبەجێکردنی فەرمانی ئیمام، ڕێکخراوی ئابووریی ئاستانی قودسی ڕەزەوی، دامەزراوەی تەعاونی سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی ئێران و لە کۆتاییدا بنیاتی موستەزەعفان لەخۆدەگرێت. حکوومەتی شاراوە، ئەم تۆڕە کە لە چەندین دامەزراوە پێکهاتووە، بە ئامانجی پاراستن و سەقامگیرکردنی کۆماری ئیسلامی پێکدەهێنێت. حکوومەتی شاراوە تەنها بە قۆرخکاری دەسەڵات ڕازی نییە و دەستی داوەتە قۆرخکاری سەروەت و سامانیش. بەگوێرەی «سپرینگبۆرد»، بۆ ئەوەی مرۆڤ لە سروشتی حکوومەتی شاراوەی ئێران تێبگات، پێویستە سەرچاوەی پەیوەندییەکان بزانێت، کە لە پەیوەندیی فەرمی و نافەرمی پێکدێت و لە لایەکەوە حکوومەتی شاراوە بە دامەزراوە فەرمییەکانەوە دەبەستێتەوە و لە لایەکی دیکەوە بە

دامەزراوە سیاسی و مەدەنییەکانەوە، کە ئابووریش لەخۆدەگرێت. دەستڕاگەیشتنی ئەم حکوومەتە شاراوەیە بە پارە و سەرچاوەکانی دیکە، بۆ زامنکردنی کارکردی تۆڕە پاڵپشتەکانی و کۆنترۆڵکردنی بوارەکانی دامەزراندن، وەفاداری و مانەوەی ڕژێم، گرنگییەکی بنەڕەتیی هەیە. لەم ڕووەوە، ناسینی سەرچاوە و یەدەگی حکوومەتی شاراوە بۆ تێگەیشتن و ناسینی بازنەی کاریگەری و ئەو ئاڵنگاریانەی کە لە پێشە بۆ ئەوەی ڕۆشنایی بخرێتە سەری، پێویستە» (رسام و دیگران، ١٤٠٠).

دەسکەوتەکانی لێکۆڵینەوەی بەردەستیش پیشاندەری هەبوونی جۆرێک چەنددەنگیین لە وڵاتدا و لە پرۆسەی بڕیاردان لەسەر شێوازی دانوستان لەگەڵ جیهانی دەرەوە؛ تەنانەت لە هەندێ نموونەدا بینراوە کە لە کاتی هاتنی بەرپرسێکی بیانی بۆ ئێران، لە باتی وەزیری کاروباری دەرەوە، کەسانێکی دیکە لە بنکەکانی دیکەوە بۆ پێشوازیی میوانی بیانی دەچن، دیاردەیەک کە لە چەند نموونەیشدا ناڕەزایەتیی وەزیری کاروباری دەرەوەی لێکەوتۆتەوە و تەنانەت بوو بە هۆی دەست لەکارکێشانەوەی ناوبرا. لە نموونەی دیکەشدا و لە کاتی وتووێژی بەرپرسانی سیاسەتی دەرەوە لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی، کەسانێک لە ناوخۆدا هەوڵی شێواندنی شتەکە دەدەن. مەحموود ئەحمەدینەژاد، سەرۆک کۆماری بناژۆخواز، پووشپەڕی ١٣٩٠ لە «کۆنفرانسی تایبەتی ستراتیژە نوێیەکان بۆ پێشگری و بەرەنگاربوونەوەی قاچاخی کەلوپەل و دراو» بە تانەوە، وێڕای بە «برایانی قاچاخچی» ناوبردنی فەرماندە باڵاکانی سوپای پاسداران، باسی پەیوەندیی تۆڕەکانی قاچاخچێتی لەگەڵ خاوەن دەسەڵات و دەستڕۆیشتووەکاندا کرد (اتهاماتی کە محمود احمدی‌نژاد به سپاه پاسداران زد، ١٤٠٠). هەروەها حەسەن ڕۆحانی سەبارەت بە چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ حکوومەتەکەیدا، چەندین جار گلەیی و گازندەی لە پێشێلکردن و پشتگوێخستنی بنەماکانی دەستوور کرد و جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی کابینەکەی، ئەو ڕاستییەی ڕوونکردەوە کە جڵەوی دیپلۆماسی ناوچەیی و تەنانەت ئەتۆمی لە دەستی سوپای پاسداران و بارەگای ڕێبەریدایە، کە قاسم سولەیمانی بەڕێوەی دەبات و وەزارەتی دەرەوە و حکوومەت هیچ سەربەخۆییەکیان لە هەڵوێست و کرداردا نییە، ئەو حاڵەتەی کە بە سەروەریی مەیدان بەسەر دیپلۆماسیدا ناوی دەبات (فایل صوتی ظریف؛ قاسم سلیمانی مانع دیپلماسی بود، ١٤٠٠).

**موجتەبا گەهستوونی، هەواڵنێر و چالاکی بواری میراتی کەلتووری لە خووزستان:**

بەگشتی لە سیاسەتدا، شکستمان هێناوە و نەمانتوانیوە لەگەڵ جیهان دانوستان بکەین. لە وڵاتێکدا کە حکوومەت لە دەست پارتێک و دەوڵەت لە دەستی پارتێکی دیکەدا بێت، دەوڵەتە شاراوەکانیش دێنە ئاراوە. ئێستا نەک یەک دەوڵەتمان نییە، بەڵکوو چەندین دەوڵەتی شاراوەمان هەیە کە بڕیار دەدەن و ئەم ناکۆکییەش هەستی پێ دەکرێت.

**ناسر ئامولی موقەدەم، ڕۆژنامەوان و چالاکی ڕیفۆرمخواز لە مەشهەد (خوراسانی ڕەزەوی):**
پار لیژنەیەکی فەرەنسی بۆ وتوویژ لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازی هاتە ئێران و هاوکات چەند مووشەکیان تەقاند و هەموو شت هەڵوەشایەوە.

لە وڵاتی ئێراندا، پارێزگای وەک ئازربایجانی ڕۆژئاوا، خووزستان و سیستان و بەلووچستان پێکهاتەی تێکەڵاوی ئایینی و ئێتنیکییەتییان هەیە، بە جۆرێک کە کۆمەڵە خەڵکێک لە گرووپە زمانی و ئایینییە جیاوازەکانەوە لەو شوێنانە دەژین. لەو پارێزگایانەدا زیاتر دەسەڵات لە دەستی یەکێک لەم گرووپانەدایە کە زیاتر لە باری ئایینییەوە لەگەڵ دەسەڵاتی سەرەکی یەک دەگرێتەوە. لە وەها هەلومەرجێکدا، زۆرێک لە ئیمتیازەکان و بوودجەکان کە لە لایەن بەرپرسە دەوڵەتییەکانەوە بۆ ئەو شوێنانە تەرخان دەکرێت تا لە نێوان شارەکاندا بە شێوەی یەکسان و دادپەروەرانە دابەش بکرێت، بە باوەڕی تاقمی کەمینەی پارێزگاکان، بە کردەوە بەشێکی زیاتری دەدرێتە ئەو شوێنانەی کە لە باری ئایینی و زمانییەوە لەگەڵ دابەشکەران یەک دەگرنەوە. هەروەها لە کاتی بەڕێوەچوونی ڕێورەسم و ئایینەکانی گرووپی ئێتنیکی و ئایینی لاوازتر، هەڵسوکەوتی سەلیقەییان لەگەڵ دەکرێت و ئەگەرچی لە باری یاساییەوە، بەربەستێک بۆ بەڕێوەچوونی ئەو جۆرە بۆنە و ڕیورەسمانە نییە، بەرگری لە بەڕێوەچوونیان دەکەن. بەدەر لە بەشە هەڵبژێردراوەکانی دەسەڵات وەک سەرۆکایەتی کۆمار و بەشی جێبەجێکار (دەوڵەت) و نوێنەرانی پەرلەمان لە هەر شارێکدا، کۆمەڵێک کەس و بەرە بەردەوام دەسەڵاتیان هەبووە و سیاسەتەکان، دابەشکردنی پۆستەکان، تەرخانکردنی بوودجەکان و ... لە لایەن ئەو لایەنانەوە یەکلایی کراوەتەوە. هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەیکە بە باوەڕی زۆرینەی خەڵک، هەر جۆرە هەڵبژاردنێک لە کارکردی واقیعی خۆی پووچەڵ و سەقەت کراوەتەوە.

دووفاقیی هەڵوێست و هەڵسوکەوتی دامەزراوە فەرمییەکان بەرامبەر بە ئێتنیکەکان، لەو پارێزگا و ناوچانەی کە دانیشتووانی دوو یان چەند ئێتنیکییان هەیە، جگە لە دەرئەنجامە نەرێنییەکانی پەیوەندی نێوان ئێتنیکە هەڵاوێرەکان و دامەزراوە حکومییەکان، ململانێ و دوژمنایەتیە نێوان ئێتنیکییەکانیش توندتر دەکاتەوە. ئەم دۆخە کە لە کۆماری ئیسلامیدا بە گشتی بە هۆی هاوبەشی ئایینزایی ئێتنیکییەتەکان لە لەگەڵ ئایینی فەرمیدا دروست دەبێت، کە بواری بەشداریی ئەندامانی ئەو گرووپە ئێتنیکییە لە پلە و پۆستە جۆربەجۆرەکانی حکوومەتدا دابین دەکات و ئەمەش قازانجێکی ڕێژەیی لە بەهرەمەندبوونیان لە ئیمتیاز و دەرفەتە حکومییەکان پێدەبەخشێت. ئەم پەیوەندییە نایەکسان و ئاڵوزاوە لە پەیوەندی نێوان تورکی ئازەری و کورد لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و پەیوەندی نێوان سیستانی و بەلووچ لە پارێزگای سیستان و بەلوچستاندا بە ڕوونی بەدی دەکرێت.

**عەبدوسەلام بوزورگزادە، پڕۆگرامسازی ڕادیۆ و تەلەفیزۆن لە زاهیدان (سیستان و بەلووچستان):**
ئێمە لەم پارێزگایەماندا دوو دەسەڵاتمان هەیە: دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، و دەسەڵاتی کۆماری سیستانی. بەڵێنیان لێم ستاندووە کە ئەم کۆماری سیستانییە چیدی نەڵێم، بەڵام دەیڵێم. لە نێو تاقمێکدا کە لەم پارێزگایە ئەوپەڕی سەتا ٢ دەبن کۆمەڵێک لەم ڕووداوە تۆتالیتەرانە کە بەهۆی ئایینزایانەوە، لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتی پاش شۆڕش، دەسەڵاتی سیاسی، ئابووری و ئیداری و هەموو شتی ئەم پارێزگایەیان داگیر کردووە. ئێمەی بەلووچ بێزارین لێیان. بۆ دەڵێم کۆماری سیستانی، چونکە هەموویان پێکەوە کۆ بوونەتەوە تا ئەو سەتا ٩٨ ژێردەستیان بن، ناکۆکی و ئاژاوە بنێنەوە؛ بەلووچی قوڕبەسەر وەک دژی شۆڕش و حکوومەت پێناسە بکەن و سەرمایەدارەکانیان لە دائیرەکاندا دڵسارد بکەنەوە و وەڵامی سڵاویان نەدەنەوە.

لەم پارێزگارانەدا، کاربەدەستانی دەوڵەتی کە سەر بە ئایینزای فەرمی وڵاتن، کەمینە ئێتنیکی و ئایینییەکان بە ڕوانگەیەکی ئەمنییەتییەوە بێبەش دەهێڵنەوە و لە دواکەوتنیاندا بەشدارن. بەپێچەوانەی ماددە یاساییەکان و گوتارە باوەکانی یەکسانی و دادپەروەری، ئەم گرووپە بە شێوەی نافەرمی ئیزنی گەشە و پێشکەوتن و دەستەبەربوونی مافەکانی گرووپی نایەکسان (بەتایبەت لە باری ئایینییەوە) نادەن.

## دژایەتی بەرژەوەندیی تاکەکەسی و جەماوەری

تاکگەرایی، بە مانای سەپاندنی قازانج و سوودی تاکەکەسی بەسەر چاکە و بەرژەوەندییە گشتییەکاندا، یەکێک لە تایبەتمەندییە ئاشکراکانی ڕەفتاری و ئەخلاقیی گەلی ئێرانە، کە بە بڕوای زۆرێک لە کۆمەڵناسان و لێکۆڵەرانی مێژووی کۆمەڵایەتی ئێران، ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی هەیە[1] و بە درێژایی چەندین سەدە لە سیستەمی ئەخلاقی و ڕەفتاریی ئێرانییەکاندا جێگیر کراوە.

---

١. چەند سەرچاویەک سەبارەت بەم بابەتە: وثوقی، منصور، میرزایی، حسین، و رحمانی، جبار. (١٣٨٤). فردگرایی و جمع گرایی ایرانیان از دید سیاحان خارجی. مطالعات فرهنگی و ارتباطات، ١(٢-٣)، ٣٠٣-٣٢٢. & نبوی، سیدحسین (١٤٠١)، فردگرایی و جمع‌گرایی در ایران، مرکز رصد فرهنگی کشور، ص٣٥-٣٦ . &فراستخواه، مقصود (١٣٩٥)، ما ایرانیان: زمینه‌کاوی تاریخی و اجتماعی خلقیات ایرانی، تهران: نشر نی.

بڵاوبوونـەوەی ژمارەیەکـی زۆر لـە پەنـد و حیکایەتی مێژوویی بە تـەوەری لەپێشـەوەدانانی بەرژەوەندی تاکەکەسـی، وەک: «مـەرگ باشـە، بـەڵام بـۆ دراوسـێ»، «مەنجەڵێـک کـە بـۆ مـن نەکوڵێت، با سـەری سـەگ تێیدا بکوڵێت»، «فەرشـەکەی خۆت لە ئاوەکە دەربهێنە...»، «لە ئاشـکراکردنی ئەم سـێ شتەت خۆت دوور بگرە/ لە زێڕ و ڕەوت و ئایینت»[1] ، هەموو ئەمانە جەخت لەسـەر پێویسـتی دەسـتەبەرکردنی سـوودی تاکەکەسـی دەکەنـەوە تەنانـەت ئەگـەر تێچووەکەشـی خەسـار و زیانگەیانـدن بـە کەسـانی دیکـە و کۆمەڵـگا بێـت. ئەمانە نموونـەی مێژوویی ڕەفتـاری تاکتەوەرانـەی ئێرانییەکانن. ئەم شـێوەی تاکگەراییـە، کـە هاوتایـە لەگەڵ قازانجخوازی و سـوودگەرایی کەسـی و زۆرجار بـە لای زیانگەیاندن بە بەرژەوەندییـە گشـتییەکان و چاکـەی گشـتی، یـان لانیکەم پشتگوێخسـتنیاندا دەشـکێتەوە، لەگەڵ تاکگەرایـی بـە مانـای «ڕەسـەنایەتی تـاک»[2] کـە بریتییـە لـە دەرئەنجامـی بیرۆکـە ئۆمانیسـتییەکانی[3] سـەردەمی ڕێنێسـانس و فەلسـەفەی لیبرالیـزم، لـە بنەڕەتـدا جیـاوازە و تەنانـەت لـە هەندێـک لایەندا دژایەتـی دەکات.

هومایون کاتووزیان لەسەر ئەم بابەتە دەنووسێت: تاکگەرایی لە ڕۆژاوا بە واتای ئەو دید و میتۆدەیە کـە بیرمەندانـی لیبراڵـی ئەوروپـی لە سـەدەی ١٨ و سـەرەتای سـەدەی ١٩دا بەدوایدا دەگـەڕان. ئەم جـۆرە تاکگەراییـە کاردانەوەیـەک بـوو بەرامبەر بـە حکوومەتە بـازرگان و قۆرخکارەکان و سـنووربەندیی توندیـان بـۆ بازرگانـی تاکەکەسـی، هەروەهـا کاردانەوەیـەک بوو بەرامبەر بە دەسـەڵاتی کڵێسـە. بەڵام ئـەم جـۆرە تاکگەراییـە لـە ئێرانـدا بوونی نەبـووە، بەڵکوو ئـەوەی هەبـووە «کەستەوەری» بوو کە لەسـەر بنەمـای خزمایەتـی چێ‌کرابـوو. لـە کەستەوەریـدا ئەو کەسـانەی کە پەیوەنـدی خزمایەتییـان پێکەوە نییـە، نامـۆن بـە یـەکتر و هیـچ هەسـتێکی یەکگرتوویـی کۆمەڵایەتـی لـە نێوانیانـدا نامێنێـت. دیـوی دیکـەی ئـەم کەستەوەرییـە ئەوەیـە کـە ئێرانییـەکان بەهایەکـی زۆر بـە قازانجـی کەسـی و ئەندامانی بنەماڵـە و کەسـوکاریان دەدەن (کاتوزیـان، ١٣٩١، ٢١-٢٤). کۆمەڵـگای ئێـران ئێسـتاش بەدەسـت جۆرێـک لـە «تاکگەرایـی بەرژەوەندیخواز» یان بە لێکدانـەوەی کاتووزیان «کەستـەوەر»ەوە دەناڵێنێت. بـڕوای زاڵ لـە کۆمەڵـگای ئێرانـدا ئەوەیـە کـە هەمـووان بـەدوای بەرژەوەنـدی تاکەکەسـی و شەخسـی خۆیانـدا بگەڕێـن و بەدەسـتی بهێنـن. کەلتوری باڵادەسـت لـە نێو چیـن و توێـژە جیاجیاکانی خەڵک و بەشـێک لـە سیسـتەمی کارگێڕیـدا، گـەڕان و گەیشـتن بـە قازانجـی تـاک بـە مافـی خـۆی دەزانێت. ئـەم کەلتـوورە لـە بەکارهێنانـی هیـچ فێڵێـک بـۆ بەدەسـتهێنانی سـوودی تاکەکەسـی درێغـی ناکات. گەیـشتن بـە قازانجی تاکەکەسـی لـە چوارچێوەیەکی فەرهەنگـی و کۆمەڵایەتی وەهـادا وەک جۆرێک لـە سـەرکەوتن و دەسـتکەوت دادەنرێـت. کەواتە، ئـەوەی ڕەگ و ڕیشـەی داکوتـراوی کەلتووریی هەیە

---

١. «مرگ خوب است اما برای همسایه»، « دیگی که واسه من نجوشه سر سگ توش بجوشه»، «گلیم خودتو از آب بکش بیرون..»،، « در بیان این سه کم جنبان سرت/ از ذهاب و از ذهب وز مذهبت».

2. Individualism

3. Humanism

و بە ڕەواڵەت دانی پێدانەنراوە، بەڵام بە کردەوە تەنانەت ئایدۆلۆژیای فەرمیش لە بازنەیدا یەخسیر ماوە، کۆمەڵێک کردارن کە لە یەک هەڵوێستەوە سەرچاوە دەگرن، ئەویش ئەوەیە کە هەموو کەسێک و هەموو شتێک، تەنانەت شتە پیرۆز و ڕێزدارەکان دەتوانرێت و پێویستە وەک ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی هەموو جۆرە سوودێکی کەسی و تاکەکەسی بەکاربهێنرێن (نبوی، ١٤٠١، ٨-٩). دوکتۆر مەقسوود فەراسەتخا، کۆمەڵناس، سەبارەت بە تاکگەرایی ئێرانی دەڵێت: تاکگەرایی لە ئێراندا بە هۆی هەلومەرجی پێکهاتەیی کۆمەڵایەتی، کولتووری، ژینگەیی بە دامەزراوەیی نەکراوە، واتە بە گشتی ئەو جۆرە تاکگەراییە نەبووە کە کەسێک بیەوێت بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ڕێگای دابینکردنی چاکەی گشتی بۆ کۆمەڵگا بەدەستبهێنێت. تاکگەراییەکمان هەیە، کە مرۆڤ دەیەوێت زۆرترین قازانجی خۆی بەدەست بهێنێت، کە ئەمەش یاسایە و دەزانێت کە ئەم زۆرترین قازانجە تاکەکەسییە ڕێسایەکی هەیە، و دەبێت چاکە و خێری گشتی بە ئەوانی دیکەش بگەیێنێت، کاتێ چاکە بەوانی دی دەگەیێنێت ئەو کاتەیە کە دەتوانێت بەرژەوەندی و خوازراوەکانی خۆی بە شێوەیەکی بەردەوام، گەشە پێ بدات. ئەم بەرژەوەندیانەش یەکجارەکی نین بەڵکو هەمیشەیین. ئەم پرسە لە ئێراندا بە هۆی ئەو هەلومەرجە تایبەتەی کە زاڵ بوو، جیاوازە؛ بۆ نموونە کۆمەڵگای ئێران، کورتخایەنە. کاتێک لە ئێراندا ناسەقامگیری پرسێکی زۆر زاڵ و درێژخایەنە، ئاساییە لەم کۆمەڵگا لەرزۆک و ناسەقامگیرەدا، هەرکەسێک گلێمی خۆی لە ئاو دەربهێنێت. کەواتە لێرەدا جۆرێک لە تاکگەرایی خۆویستانە سەرهەڵدەدات، واتە تاک خۆویستانە بەدوای بەرژەوەندییە کەسییەکانی خۆیدا دەگەڕێت و تەنها دەیەوێت بۆ ماوەیەکی کاتی گلێمی خۆی لە ئاو دەربهێنێت و دەرفەتێکی ئەوتۆ بۆ گرنگیدان بە بەرژەوەندی و پرسە گشتییەکان نابینێت چونکە کۆمەڵگا ئەوەندە کورتخایەنە کە تێیدا تەنها دەتوانێت بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێت. (گفت‌وگویی با مقصود فراستخواه: فردگرایی ایرانی، خودمدار است، ١٣٩٥).

**یەعقووب مووسەوی، کۆمەڵناس و ئەندامی لیژنەی زانستی زانکۆی ئەلزەهرا لە تاران:**

ئێمە تووشی تاکگەراییەکی درۆینە و تاکایەتییەکی ناپێگەیشتووین. تاکگەرایی ئێستای نێو ئێران خەسارێکی گەورەیە. تاکگەرایی بە واتای ڕەسەنایەتیبەخشین بە سوود و بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانە کە دەبێ سەرکوت بکرێت.

**مەسعوود بینەندە، مامۆستای زانکۆ لە سنە:**
جۆرێک تاکگەرایی نەرێنی گەشەی کردووە کە هەر کەسە و بۆ خۆی هەوڵ دەدات و بەرژەوەندی تاکەکەسی بەرچاو دەگرێت و ئەمە لە ڕاستیدا، ڕێژەی بەشداریی لە کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێژەی بەشداری لە کاروبارە خێرخوازانەکان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و ئەو پرس و بابەتانەی کە بەرژەوەندی گشتیی دەگرنەوە دادەبەزێنێت.

**ڕەئووف ئازەری، چالاکی مەدەنی لە سەردەشت (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**
ئەگەر سەیری پێکهاتە سەرەکییەکانی وڵات بکەین، کاتێک کە بەڕێوەبەری گرنگترین بانکی وڵات بە ئاسانی دزی ئەکات و سوودی تاکەکەسیی خۆی لا گرنگە تا بەرژەوەندیی گشتی، کاتێک کە سیاسەتوانانی ئێمە، کاتێک کە بەداخەوە نوێنەرانی پەڕلەمانی ئێمە تەنیا لەبەر کۆمەڵێک سوودی تاکەکەسی بەرژەوەندییە گشتییەکان پشتگوێ دەخەن، کاتێک کە نوێنەری خەڵکی یەک شار تەنیا لەبەر بەرژەوەندیی تاکەکەسی خۆی زۆرێک لەو بنەما و یاساگەلە کە دەیتوانی لە بەرژەوەندی خەڵکەکەی ئاوڕیان لێبداتەوە، پشتگوێ دەخات، ڕوون و ئاشکرایە کە بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکان جێگەوپێگەیان بەرزترە لە بەرژەوەندییە نەتەوەییە ئێتنیکی و بەرژەوەندییە ئایینییەکانی ئێمە، بەداخەوە ئێرانی ئێمە وایە.

لە زانستەکانی کۆمەڵناسی، دەروونناسی و توێژینەوە نێوان کەلتوورییەکاندا، دوو جۆر تاکگەرایی هەیە کە بریتین لە: «تاکگەرایی ئاسۆیی» و «تاکگەرایی ئەستوونی». تاکگەرایی ئاسۆیی واتە پاراستنی سەربەخۆیی ڕێژەیی تاک لە کەسانی دیکە. ئەوەی کە مرۆڤەکان شوناسی تایبەتی خۆیان هەبێت و هەریەکەیان خاوەن کەرامەتی خۆ بن، واتە کەسێکی سەربەخۆ کە لە پێوەندیی لەگەڵ ئەوانی تردا سەربەخۆیی ڕێژەیی و هەروەهابەرپرسیارێتی خۆی هەیە. «تاکگەرایی ئەستوونی» جۆرێکە لە باڵادەستی و خۆپەسندی. بە واتایەکی دی دەتوانین بڵێین «تاکگەرایی ئاسۆیی» جۆرێکە لە تاکگەرایی ئەخلاقی و «تاکگەرایی ئەستوونی» جۆرێکە لە تاکگەرایی خۆپەرستانە (علل فردگرایی در ایران...، ١٣٩٢).

دۆخێک کە ئەمڕۆ کۆمەڵگای ئێرانی تێکەوتووە دۆخێکی تاکگەرایە و داڕێژەی کۆمەڵگەرا ڕەت دەکاتەوە. زاڵبوونی ڕوانگەی تاکگەرایانە و شوێنگری لانی زۆری بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکان

تێچووی بۆ کۆمەڵگای ئێرانی زۆر قورس بووە. تەنانەت ئەم دۆخە لە دامودەزگای دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی ئێرانیش دەرکەوتنی هەبووە و گەندەڵیی ئیداری و سیاسی بەربڵاوی هێناوەتە ئاراوە. گەندەڵی ئیداری، دزی، ڕانتخۆری و نموونەی لەم چەشنەیش نموونە بەرچاوەکانی بەرزتربوونی پێگەی بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانە لە چاو بەرژەوەندییە بەکۆمەڵەکان و هەروەها بەرهەمی هەبوون و باوبوونی پێشتربوونی بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانە لەسەر بەرژەوەندییە بەکۆمەڵەکان لە نێو گشتیی خەڵکدا (Bauzon, 1992). لە بواری تەندروستیی گشتیدا، زۆرێک لەو کێشەوگرفتانەی کۆمەڵگای ئێرانی دەگەڕێنەوە بۆ خۆویستی تاک بۆ بەدەستهێنانی سوودی زیاتر و لە ئەنجامدا، بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵیان خستۆتە بەر هەڕەشە و مەترسی و ئامادەن بەرژەوەندییە گشتییەکان بکەنە قوربانی بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکان.

لە کۆمەڵگایەکدا کە هاووڵاتییان، ئەگەر ناکۆکی لە نێوان باشترین هەڵبژاردەی بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکان و باشترین هەڵبژاردەی بەرژەوەندییە بەکۆمەڵەکان هەبێت، پێیان باشتر دەبێت کە هەڵبژاردەی تاکەکەسی هەڵبژێرن، بە سیفەتی تاکگەرایی خۆویستانە، نائەمن، پارچەیی، ناکارامە و ... دەناسرێنەوە و ئەگەر پرسیار بکرێت کە «بۆچی لە دۆخی ناکۆکی نێوان بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکان و بەرژەوەندییە بەکۆمەڵەکان، هاووڵاتیان بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکان هەڵدەبژێرن»، دەتوانین ڕوودان و باوبوونی جۆرەکانی شڵەژان لە ئاست و قۆناغە جۆراوجۆرەکانی چوارچێوەی کۆمەڵایەتی وەک فاکتەر و هۆکارە کاریگەرەکان ئاماژە پێبدەین

**سیرووس شەفەقی، جوگرافیزان و مامۆستای پلاندارشتنی شاریی زانکۆ لە ئەسفەهان:**

لە وڵاتی ئێمەدا بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکان هەموو شتێکی خستۆتە ژێر کاریگەری خۆی و کەڵکاوەژووی مادی کە لە وڵاتی ئێمەدا دەکرێت و میدیاکانیش سەدان جاریان باس کردووە، هەمووی پیشاندەری ئەوەیە کە بەرژەوەندییەتاکەکەسییەکانپێگەیانلەبەرژەوەندییەنەتەوەییەکانبەرزترە.

**موحسێن گوودەرزی، مامۆستای کۆمەڵناسی و توێژەر لە تاران:**

لە ئاستی کۆمەڵگادا، دەرکەوتن و گەشەکردنی تاکی بەرژەوەندیخواز دەبینین کە هەموو بابەتێکی کۆمەڵایەتی بە گەز و پێوەری بەرژەوەندییەکانی خۆی دەپێوێ.



وێنەی ژمارەی ٢٦-٣، وتووێژ لەگەڵ موحسێن گوودەرزی

گەردیلەییبوونی کۆمەڵگا (ئەتۆمیزەبوونی کۆمەڵگا) یەکێ لەو هۆکارانەیە کە لەسەر برەودان بە تاکگەرایی نەرێنی و قازانجخواز کاریگەر بووە، چونکە لە کۆمەڵگەیەکی پارچەپارچە و ناتەبادا تاکی کۆمەڵگا ناتوانێت ڕێگەیەکی متمانەپێکراو بدۆزێتەوە بۆ بەدواداچوونی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی لە ڕێگەی چاکەی گشتییەوە و بە ناچاری پەنا بۆ تاکگەرایی دەبات، بۆیە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی چالاک و دەرچوون لە دۆخی ڕەمەکی و پۆپۆلیستی چارەسەرێکی پێویستە بۆ تێپەڕاندنی ئەم پەتا کۆمەڵایەتییە. فاکتەرێکی دیکە کە کاریگەری لەسەر تەشەنەسەندنی ئەم دیاردەیە هەبووە، ئەزموونی مێژوویی پڕ لە ناسەقامگیری و ژیانی بەکۆمەڵی پڕ هەڵبەز و دابەزی ئێرانییەکان بووە، کە ئەگەری دامەزراندنی و درێژەدان بە ژیانێکی مێژوویی بەردەوام و دامەزراوەیی لەناو بردووە و بووەتە هۆی دۆخێک کە وەک «کۆمەڵگەی کورتخایەن» لێکدەدرێتەوە و لە کەلتوری گشتیدا، پاڵنەری بیرۆکەی «لە ئان و ساتدا ژیان» و گۆشەگیری و خۆدوورگرتن لە گرووپ و چالاکیی جەماوەری بووە. دامەزراوەی حکوومەت و دەوڵەت، بە چەند هۆکارێک لە قووڵکردنەوەی ئەم دۆخەدا کاریگەرییان هەبووە، چونکە لە نەبوونی حکوومەتێکی دامەزراو لەسەر بنەمای یاسایی و پابەند بە بەرژەوەندی گشتی و نیشتمانی، کە خۆی سەکۆیەکە بۆ خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و لایەنگرپەروەریی سیاسی[1] ، تاکەکانیش لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە هەوڵدەدەن لە نەبوونی یاسای پابەندکەر و پێکهاتەی پێویست بۆ دابینکردنی سوودی تاکەکەسی لە ڕێگای خێری گشتییەوە، زۆرترین بڕی قازانجی کەسی بەدەستبهێن.

1. Clientelism

تایبەتمەندییەکانی دۆخی ئێستای ئێران، پیشاندەری پێکهاتنی سوورێکی پووچەڵن لەسەر پێوەندیی تاک و کۆمەڵگا و لە نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگا. بەرچاونەگرتنی مافەکانی تاک لە لایەن بنکەکانی دەسەڵات بۆتە هۆی دەستدرێژی تاکەکان لەسەر مافەکانی کۆمەڵگا. هەوڵ بۆ پاراستنی مافی کۆمەڵگا لە ڕێگای هەڕەشەکردنی زیاتری لە مافی تاکەکان، بێ بەڵێنبوونی تاکەکەسی بەرامبەر مافەکانی کۆمەڵگای توندتر کردۆتەوە. ئەم زنجیرە، بۆتە هۆی سووڕی پووچەڵی تاکگەرایی نەرێنی. نواندنی دەرەکی ئەم دۆخە دەتوانین لە ڕەوتی ڕۆچووی ئەخلاق و گەشەکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا ببینین. هەر لەسەر ئەم شێوازە، نەبوونی دامەزراوەی هاووڵاتیی خاوەن ماف، بەشداریخواز و پرسیارکەر بۆتە هۆی کۆبوونەوەی هێز و دەسەڵات لە دەوڵەتدا. کۆبوونەوەی دەسەڵات بە پاڵپشتیی داهاتی سەربەخۆ لە چالاکییە ئابوورییەکانی کۆی کۆمەڵگا و بە پاڵپشتیی ئایدۆلۆژیا بۆتە هۆی ئەوەیکە زۆربەی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و خەڵک زیاتر پێویستیان بە دەوڵەت هەبێت. دەوڵەتیش لە بواری پێوەندی تاکگەرایی و کۆمەڵگەراییدا هەوڵێک نادات و ئەنجامەکانی توێژینەوەی بەردەستیش پیشاندەری ئەوەیە کە دەوڵەت بۆ خۆی لە ڕێبازی تاکگەرایی دەجووڵێتەوە.

> **جەبار ڕەحمانی، ئەندامی لیژنەی زانستی توێژینگەی توێژینەوە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکان و مرۆڤناس لە تاران:**
> ئێمە لە ئێران سیستەمێکمان نییە کە بتوانێ بەرژەوەندییە نەتەوەیی و تاکەکەسییەکان پێکەوە گرێ بدات. بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئێمە لەگەڵ بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانمان گەیشتوونەتە دۆخێکی نەیار و ناکۆک و ئەمەش مەترسیدارە و ڕەنگە یەکێک لە ڕەمز و هۆکارەکانی دواکەوتووییمان بێت کە هەمیشە تاکەکەسی بیرمان کردۆتەوە و نەک بەکۆمەڵ و نەتەوەیی. ئێمە فێر نەکراوین و لە کەلتووری ئێمەدا و لە کایەکانی ئێمەدا و لە زمانی ئێمەدا هەمیشە تێفکرینی تاکەکەسی زاڵ بووە نەک بەکۆمەڵ و ئەمە ڕەوتێکی مەترسیدارە.

**جەبار ڕەحمانی، ئەندامی لیژنەی زانستی توێژینگەی توێژینەوە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکان و مرۆڤناس لە تاران:**
ئێمە لە ئێران سیستەمێکمان نییە کە بتوانێ بەرژەوەندییە نەتەوەیی و تاکەکەسییەکان پێکەوە گرێ بدات. بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئێمە لەگەڵ بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانمان گەیشتوونەتە دۆخێکی نەیار و ناکۆک و ئەمەش مەترسیدارە و ڕەنگە یەکێک لە ڕەمز و هۆکارەکانی دواکەوتووییمان بێت کە هەمیشە تاکەکەسی بیرمان کردۆتەوە و نەک بەکۆمەڵ و نەتەوەیی. ئێمە فێر نەکراوین و لە کەلتووری ئێمەدا و لە کایەکانی ئێمەدا و لە زمانی ئێمەدا هەمیشە تێفکرینی تاکەکەسی زاڵ بووە نەک بەکۆمەڵ و ئەمە ڕەوتێکی مەترسیدارە.

لەم لێکۆڵینەوەدا، ڕستەیەکی بەرچاو کە لە زۆربەی ئەو کەسانەی وتووێژیان لەگەڵ دەکرا، بیستراوە ئەوەیە کە بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکان لە ئێران پێگەیان لە بەرژەوەندییە بەکۆمەڵەکان بەرزترە. بەو جۆرەی کە لە سیاسەتی سەرەکی حکوومەتیدا، تاکەکان دەبێ پێڕەوی ئەو فەرمانانەی بن کە بۆ بەرژەوەندی و خێرە بەکۆمەڵەکان پێویستن، بەڵام لە قۆناغی جێبەجێکردندا، ئەمە بەرژەوەندی تاکە تایبەتەکانە کە یەکلاکەرەوەیە و هەر ئەمەش جۆرێک کەمتەرخەمیی کۆمەڵایەتی لە نێو خەڵکدا هێناوەتە ئاراوە کە بۆ خۆی بۆتە هۆی باوبوونی گەندەڵیی ئیداری، ئابووری و ... هەروەها دابەزینی سەرمایەی کۆمەڵایەتی. مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی مەدەنی بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان و پێداویستییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی پێویستی بە ئاوڕ لێدرانەوە، هاوکاری و بەشدارییە لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەی کۆمەڵگا. ڕێژەی هاوکارییە مرۆڤدۆستانەکان دەتوانێ زۆر شت بگرێتەوە وەک ڕوانینێکی میهرەبانانە، هاوخەمییەکی ئاشتیخوازانە، یارمەتیدانێک بە کردەوە، یارمەتی و پاڵپشتییە مادییەکان تا فیداکاری و هتد. کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ و پێویستبوونی هاوکاری لە چوارچێوەی پێکهاتنی دابەشینی کاری کۆمەڵایەتی بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییە مرۆییەکان بۆتە هۆی ئەوەیکە بێ لایەنبوونی کۆمەڵایەتی وەک دیاردەیەکی قبووڵ نەکراو سەیر بکرێت. لە کۆمەڵگا تاکگەراکاندا، «من» لە باتی «ئێمە» ئاراستەی کرداری تاک دیاری دەکات. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بنەمای هەر دیسپلینێکی کۆمەڵایەتی سۆز و هەست و بەڵێندەربوونە بە ئامانجەکانی کۆمەڵ. بەڵام دیاردەیەک وەک تاکگەرایی و بێ لایەنبوونی کۆمەڵایەتی پیشاندەری بێ هەستی و ڕەشبینین. ڕەشبینی بەرامبەر بە سیاسەتە سەرەکییەکانی وڵاتێک و هەڵاواردنە جۆراوجۆرە ئێتنیکییەکان وەک هۆکارە سەرەکییەکانی بێ لایەنبوونی کۆمەڵایەتی و تاکگەرایی لە

ئێـران هەژمـار دەکرێـن. بۆیـە ناتوانیـن چـاوەڕێ بکەیـن کـە بەرژەوەندییـە تاکەکەسـی و بەکۆمەڵەکان لە یـەک ئاراسـتەدا بن.

نوانـەی ژمـارەی ١٩-٣ و نوانـەی ژمـارەی ٢٠-٣ ڕوانگـە لەسـەر هاوئاراسـتەبوونی بەرژەوەندییـە تاکەکەسـی و بەکۆمەڵـەکان پیشـان دەدەن. بەپێـی ئـەو دوو نوانـە، سـەتا ٨٨,٢ی نوخبـەکان و سـەتا ٧١,١ی خەڵکـی ئاسـایی لەسـەر ئەو بـاوەڕەن کە لە نێـوان بەرژەوەندییە تاکەکەسـی و بەکۆمەڵەکاندا هاوئاراسـتەیی و هەماهەنگـی لـە ئـارادا نییە.




نوانەی ژمارەی ١٩-٣: هاودەنگی و هاوئاراستەیی نێوان بەرژەوەندییە تاکەکەسی و بەکۆمەڵەکان- نوخبەکان




نوانەی ژمارەی ٢٠-٣: هاودەنگی و هاوئاراستەیی نێوان بەرژەوەندییە تاکەکەسی و بەکۆمەڵەکان- خەڵک بەگشتی

دانانـی پێگـەی بەرزتـر بـۆ بەرژەوەندییـە بەکۆمەڵـەکان لـە باتـی بەرژەوەندییـە تاکەکەسـییەکان بـێ گومـان یـەک لـە پێداویسـتییە سـەرەکییەکانە بـۆ گەشـە و پێشـکەوتن. دیاردەیـەک کـە بەپێـی دەسـکەوتەکانی لێکۆڵینەوەکـە نابینرێـت و بەرژەوەندییـە تاکەکەسـییەکان بەرزتـرن لـە بەرژەوەندییـە بەکۆمەڵـەکان و ئەمـەش دەتوانـێ لـە داهاتـوودا وڵات تووشـی کۆمەڵێکـی زۆر کێشـەوگرفت بکاتـەوە.

## تەنگانە ڕەگەزێتییەکان

تەنگانە ڕەگەزێتییەکان، ئاماژەیە بۆ هەر جۆرە سنووردارکردن، بەدنیازی، بێبەشکردن، ئازاردان، توندوتیژی، سووکایەتیکردن و هەڵاواردنی ئاخاوتەیی و ڕەفتاری لەسەر بنەمای ڕەگەز. ئەم بابەتە کە وەک هەڵاواردنی ڕەگەزی ناوی لێ دەبردرێت، جۆرەکانی دژایەتیی ڕەگەزی وەک: ژن کوژی، پیاوکوژی، دژەهاوڕەگەزبازی و هتد دەگرێتەوە، کە کەوتوونەتە بەر هەڵاواردنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و هتد. لایەنی ئاشکرا و کاریگەری ئەم هەڵاواردنی ڕەگەزییە لەسەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە سیاسییەکانی ئێران، دۆخی تەنگانەی ژنان و کچانە. سەرهەڵدانی هەلومەرجی هەڵاواردن لە دژی ژنان و کچان لە ئێراندا ڕەگ و ڕیشەی لە کەلتووری مێژوویی پیاوسالاری ئێران و بیروباوەڕ و فێرکارییە نەریتییەکانی ئایینی ئیسلامی و زاڵبوونی حوکمڕانی ئایینی- شەرعی بەسەر پێکهاتەی دەسەڵات و سیاسەتدا هەیە کە پێکڕا و بە شێوازێکی ڕێکخراو لە گەڵ گوێڕایەڵی و ملکەچکردنی ژنانەیی و ڕەگەزی مێینە لە ئێراندان و بە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازەکانی بانگەشە، یاسایی، سزادان و هاندان، هەوڵ دەدەن خوێندنەوەیان لە ژن و ژنانەیی، بەسەر ژناندا بسەپێنن، کە ئەمە خۆی سەرچاوەی کۆمەڵێک هەمەچەشن لە هەڵاواردن و تەنگانە ڕەگەزێتیەکان بەرامبەر ژنان و کچانە لە ئێراندا، کە جگە لەوەی کە کۆمەڵگا تا ڕادەیەک لە بەشداریی کاریگەر و بەکارهێنانی گونجاوی ئەم توانایە کۆمەڵایەتییە زەبەلاحە بێبەش دەکات، داواکارییە مۆدێرن و فێمینیستییەکانی ژنان و کچان، دەوڵەت و دەسەڵاتی لە هەر دوو لایەنی گوتاری و حوکمڕانییەوە تووشی ئالنگاری و کێشەی جیددی کردۆتەوە.

لە کۆمەڵگای ئێرانیدا بنەماڵە یەکێکە لە هێزە کۆمەڵایەتییە گرنگەکان لەم بوارەدا. بنەماڵەکان لە سەرەتاوە کچان بۆ بەدەستهێنانی ڕۆڵی خۆیان وەک ژنێک پەروەردە دەکەن و کوڕان بۆ قبووڵکردنی ڕۆڵی پیاوانە وەک سەرپەرشتی بنەماڵە ئامادە دەکەن. لەم ڕێگایەوە جیاکردنەوەی پیشە و کار لە هەمان سەرەتای ژیانەوە لە لایەن بنەماڵەوە ڕاگوێزی منداڵان دەکرێت و منداڵان بەپێی کچبوون یان کوڕبوون بۆ وەرگرتنی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی لە داهاتوودا پەروەردە دەکرێن. سیستەمی پەروەردە و قوتابخانە یەک لە بنکە گرنگەکانی دیکەیە بۆ پێکهێنانی داڕێژە ڕەگەزییەکان. لە کتێبەکانی وانەدا، کەسایەتییە قارەمانەکان وەک «جووتیاری فیداکار» و «پێترۆس» نێرن و لە بەرامبەردا «کەوکەب خانم» وەک دایکێکی فیداکار و میهرەبان و کچێک بە نێوی «کوبرا» کە فەرامۆشکارە و نازانێ کتێبەکانی لە کوێ داناوە وەک هێمای ژن پێناسە دەکرێن. لە بواری میدیاییەوە و بەتایبەت میدیا دەنگی و ڕەنگییەکان بۆ ڕێکلامی بازرگانی لە ژنان بۆ ڕێکلامی کەرەستەکانی ناوماڵ و چێشت لێنان و لە پیاوان بۆ ڕۆڵە بەڕێوەبەرێتییەکان، مۆبایل، شۆفێری و ... کەڵک وەردەگرن.

وێڕای ئەوەی کە یەکێک لە کەڵکەڵەکانی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێستادا پاراستنی دامەزراوەی بنەماڵە و هاوسەرگیری و ئەرکەکانییە، بەڵام هێشتا جەخت لەسەر جیابوونەوەی ژن و پیاو دەکاتەوە و تێکەڵبوونی ژن و پیاو وەک هەڕەشەیەکی ئەخلاقی دەناسێنێت. لە ئایدۆلۆژیای جیاکردنەوەی

ڕەگەزیدا، بنەماڵە لەبیر دەکرێت و ژن و پیاو وەک دوو چین و هەڕەشەی دژبەیەک و جیاواز دادەنرێت کە پێویستە لەیەکتر جیابکرێنەوە. هیچ گرنگییەک بەو ڕاستییە نادرێت کە لە حاڵەتی جیاکاریی ڕەگەزیدا، پێگەی بنەماڵە لە گۆڕەپانی گشتیدا، لە کوێدایە؟ پێیان وایە بە لێک دابڕانی ڕەگەزی، ئەخلاق و ئاسایش دەگەڕێتەوە ناو کۆمەڵگا و کاتێ ژنان لە چاو ون دەبن دابونەریتەکان دەپارێزرێت و کۆمەڵگا ڕواڵەتێکی خوازراو وەردەگرێت؛ بەڵام گەڕانەوە بۆ ئەنجامی جیاکردنەوەی ڕەگەزی لە دەیەی ڕابردوودا دەریدەخات کە هیچ یەک لەو ئامانجانە بەدی نەهاتووە و بەرخۆدانی هاووڵاتیان هەمبەر ئەم جۆرە بڕیارانە بە شێوەیەکی جیددی و دانەبڕاو بەردەوامە. پێویستیی کۆمەڵگای مۆدێرن ئەوەیە کە ژن و پیاو پێکەوە لە گۆڕەپانی گشتیدا ئامادەبن و ناتوانرێت ژنان وەک نیوەی کۆمەڵگا، بشاردرێتەوە و بزر بکرێت. بڕیاری وەک جیاکردنەوەی ڕەگەزیی گۆڕەپانی گشتی، بەهۆی دابڕاوییان لە ڕاستییەکانی سەردەم و پێداویستییەکانی کۆمەڵگا، جگە لە شکست چارەنووسێکی دیکەیان نابێت. (کاظمی، ١٤٠٠).

**مەولانا عەبدولحەمید ئیسماعیل زێهی، بەرنوێژی هەینی سوننەکانی زاهیدان (سیستان و بەلووچستان):**
ژنان لە هەموو ئێراندا یەکسان نین و سکاڵاشیان هەیە. لێرەش دیارە شتەکە هەروایە.

**کچێکی گەنج لە سمنان:**
ئێوە قەت لە دراماکانی تەلەفیزۆندا، ژنێک نابینن خەریکی خوێندنەوەی کتێب یان وەرزشکردن و کاری هونەری بێت.

بێجگە لەم بابەتانە، لە ئاستی کۆمەڵگاشدا باوکردنی ڕستەی وەک «کچ بۆ کەسانی دیکەیە»، «کوڕ سەرپەرشتیماڵە»، «پاشناوی بنەماڵە تەنیا بە ناوی کوڕەوە درێژەی دەبێت»، و ... هاندەرن بۆ پێکهێنانی پێشداوەری و تەنگانە ڕەگەزێتییەکان. دیارە لە وەها دۆخێکدا، شوناسی هەر یەکە لە ژنان و پیاوان بەپێی دیمەنی ئەم گریمانانە لە خودی ڕاستەقینەی تاکدا پێناسەی بۆ دەکرێت.

دەسکەوتەکانی لێکۆڵینەوەی بەردەستیش پیشاندەری ئەوەیە کە بەپێی پێکهاتنی هەر ئەم بۆچوونی لاوازبینینی ژنانە، لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا، زوڵمی زۆریان لێدەکرێت. ئاقاری کارێک کە بۆ هێزی ژن لە کۆمەڵگادا هەیە بە هیچ چەشنێک لەگەڵ هێزی کاری پیاوان هەڵسەنگاندنی بۆ ناکرێت. جودا لە ئەم نایەکسانییە، لەسەر ئاقاری کاری، لە بەشی مووچەیشدا نایەکسانییەکی توندتر لەسەر هێزی کاریی ژنان هەیە. ئەم نایەکسانییە لە کاتی زەواجی ژنیکیش بەردەوام دەبێت و لە زەواجدا، ژن لە مافی جودابوونەوە، سەرپەرشتی منداڵان، مافی درێژەدان بە خوێندن،

مافی سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات و ... لە دۆخی ئاساییدا بێبەش دەکرێت، مەگەر ئەوەیکە لە کاتی مارەبڕاندا، وەها مافگەلێک لە هاوژینی خۆی داوا بکات کە ئەوەیش بە دەگمەن ڕوو دەدات.

**ژیلا حیسامی، چالاکی ئەدەبی لە نەغەدە (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**
هەندێ ئیش هەیە کە من ئەتوانم بیانکەم بەڵام کۆمەڵگا پێی خۆش نییە. دابەشینی هەلی کار و سەروەت و پلەوپایە لە وڵاتدا دادپەروەرانە نەبووە، لە بواری ژناندا قەت قەت. کاتێک کە ژنێک پێوەندیی هاوسەرگیری پێک دێنێت، کاتێک کە مافی جودابوونەوەی پێ نادرێت، چ یەکسانییەک؟! کاتێک ژنێک لە مارکێتێک ئیش دەکات، مووچەی نیوی هەمان پیاوە کە لەوێ ئیش دەکات. کاتێک پیاوێک لە یەک ئیشی یەکساندا هەمیشە زیاتر لە ژنان بووە.

**کوڕێکی گەنجی کوردی کورمانج، خوێندکاری کۆمەڵناسیی زانکۆی فیردەوسی:**
ژنان دەرفەتی یەکسانیان نییە بەو جۆرەی کە شیاوە. بێجگە پەروەردە لە هیچ شوێنێکی دیکە یەکسان نییە. ژنانی کۆمەڵگای ئێمە سەتا حەفتایشی بۆ خۆیان نایانەوێ؛ مامۆستای زانکۆی ئێمە، لەسەر شەڕ و ناکۆکییەکی گەشتی ئیرشاد کە باسمان کرد، گوتی بە ڕای من ژن نابێ زیاتر لە بەکالۆریۆس بخوێنێ و نابێ کاری تەواوکاتیشی هەبێت. ئێستا پۆلەکەی ئێمە چل و پێنج کەسە کە تەنیا سێ کەسمان کوڕین. لە نێو کچەکانیشدا سی حەوت - سی و هەشت کەسیان وتیان ئێمە قسەی مامۆستامان پێ باشە. دەرد لێرەدایە!

لە ئاستی کۆمەڵگای ئێرانیدا و لەکاتی باسکردن لەسەر کەلێنی ڕەگەزی یان تەنگانە ڕەگەزییەکان، چوار فاکتەر گرنگ و سەرەکین کە بریتین لە: یەکەم پەروەردە کە بریتییە لە ئاستی خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی، پاش ناوەندی، زانکۆ و خولەکانی پەروەردەی کاری؛ دووهەم بەشداری ئابووری کە بریتییە لە دەرفەت و تواناکانی ژنان و پیاوانی کۆمەڵگا، ڕێژەی بەشداری لە هێزی کار، جۆری پیشە، و داهات؛ سێهەم دەسەڵاتی سیاسی کە بریتییە لە ژمارە، جێگەوپێگە و تواناکانی ژنان و پیاوان لە پۆستە سیاسییەکان؛ چوارەم تەندروستی کە بریتییە لە نەخۆشینەکان، بەردەستبوونی دەرمان، درێژەی تەمەن، و کوالێتی تەندروستیی ژنان و پیاوان.

بە پێی ڕاپۆرتی ساڵانەی کۆڕبەندی ئابووری جیهانی لە ساڵی ٢٠٢٠، ئێران لە نێو ١٥٣ وڵاتی هەڵسەنگێندراودا، نزیکە لە کۆتایی ڕیزبەندی، واتە پلەی ١٤٨. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە ساڵی

٢٠٠٦دا ئێران لە پلەیەکی زۆر باشتردا واتا ١٠٨دا بوو. لەم ڕاپۆرتەدا، کاریگەریی کەلێنی ڕەگەزی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک: بەشداری ئابووری، کارامەسازیی سیاسی، تەندروستی و پاکوخاوێنی و دەستڕاگەیشتن بە پێداویستییە پەروەردەییەکان تاوتوێ کراوە. (ایران به رتبه ۱۴۸ سقوط کرد، ۱۳۹۸).

**محەمەد ڕەمەزانی، مامۆستای زمانی ئینگلیزی، وەرگێڕ و چیرۆکنووس لە بۆکان (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**
دیاردەی هەژێنەر و دڵتەزێنی سێکسیزم یان نایەکسانیی ڕەگەزێتی ژنان ئازار دەدات. پێدانی مووچەی کەم بە ژنان کە کاری زیاتر و باشتر لە پیاوان دەکەن، لە کۆمەڵگادا زوڵمی زیاتریان لێ دەکرێت، هەلی کار بۆ ژنان سنووردارە. ژن تا لە ماڵی باوکیدایە، لە لایەن باوک و دایکیەوە زەبر و زۆری لەسەرە. پاشان لە ماڵی مێرددا و پاشان کوڕەکانی زوڵمی لێ دەکەن. لە ڕاستیدا ژن هەم لە نێو بنەماڵە و هەمیش لە کۆمەڵگادا زوڵمی لێ دەچێت.

**عەبدولڕەشید تریز، مەولەوی ئایینی، توێژەری مێژوو و چالاکی سیاسی-کۆمەڵایەتی لە سیستان و بەلووچستان:**
بەگشتی ئێمەی ئێرانی بە بیرێکی پیاوسالارانە و کۆمەڵگایەکی پیاوسالار پەروەردە دەکرێین و ئەم بابەتەی پیاوسالارییە و دەرکەوتەکانی لە شوێنێک وەک سیستان و بەلووچستان تۆخترە و چەند هێندە زیاترە.

**محەممەد جەماڵەدین واژی، لێکۆڵەری ئایینی و کارناسی کۆمەڵناسی لە پەسوەی پیرانشار (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**
پیاوسالاری سیستەمێکی کۆن، ئاڵۆز و خۆڕاگرە کە هەموو جارێک بە شێوەیەکی جیاواز خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە. لەم ساڵانەی دواییدا بارودۆخی ژنان بە ڕواڵەت گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام لە ڕاستیدا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانی ژنان ڕووی نەداوە و تەنانەت تێڕوانینی ژنانیش بۆ تواناکانی خۆیان زۆر گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە. ژنان لە ناو بنەماڵە و کۆمەڵگادا ستەمیان لێدەکرێت، زۆرێک لە ژنان هەرگیز شایستە داراییەکانیان وەرنەگرتووە و تا کۆتایی تەمەنیان پێویستییان بە برا و کوڕ و مێردەکانیان دەمێنێتەوە، یاسای جیابوونەوە، داینگەیی، مۆڵەتی سەفەر، حیجابی زۆرەملی و هتد.. ڕووبەڕووی خوێندنەوەی هەڵەی ئایینیە کە هەندێ جار ژنان تا ڕادەی خۆکوشتن پەلکێش دەکەن. بواری سیاسەتیش بە شێوەیەکی سیستماتیکی ژنان دەسڕێتەوە و تەرخانکردنی بەڕێوەبەرایەتیی باڵای ئیداری و سیاسی بۆ پیاوان هۆکاری بەرهەمهێنانەوەی بەردەوامی پیاوسالارییە. لە کۆمەڵگایەکدا کە وشەی «ژن» بە جوێن و سووکایەتی دادەنرێت، زۆر دوورە مافی ژنان مسۆگەر بکرێت و بێ گومان ئەوان ڕەگەزی دووەمن.

ئەنجامە دەسکەوتووەکانی وتووێژەکان لەگەڵ گرووپە ئێتنیکییە جۆراوجۆرەکانیش ئەم بابەتە لە ڕوانگەی ئەوانەوە پشتڕاست دەکاتەوە.

**جەواد تەریری، پارێزەری دادگا، نووسەر و چالاکوانی سیاسی لە خووزستان:**
من کوشتنی زۆرم بینیوە کە هۆکاری هەموویان ئەوە بووە کە ژنەکە مێردەکەی خۆش نەویستووە، چونکە ئیزنی جودابوونەوەیان پێ نەداوە. بابەتی وەک سەرپەرشتی منداڵ، مافی جودابوونەوە، مافی گەشتکردن هەموو لە یاسای ئێمەدا پیشاندەری ئەوەن کە دەرفەت بۆ ژنان یەکسان نییە.

لە نموونەکانی دیکەدا نەک یاسا بەڵکوو نەریتی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی بەها ئایینی، نەریتی و کەلتوورییەکانە کە دەبێتە هۆی نادادپەروەری لە پێوەندییەکانی نێوان ژنان و پیاوان. لەو

کۆمەڵگایانەی کە ڕوانگە ئایینییەکان زێدەڕۆیانەن، ژنان چ لە باری جلوبەرگ و چ لە باری چالاکی و خوێندنەوە سنووریان دەخرێتە سەر. هەروەها لە بنەماڵە نەریتییەکان، جودا لەوەیکە بە کچان و ژنان ڕێگە نادرێت کە لە دەرەوە و لە نێو کۆمەڵگادا چالاکییان هەبێت، لە زۆر نموونەشدا، لە مافی خوێندنیش بێبەش دەکرێن و لە تەمەنی کەمدا بە مێرد دەدرێن. لە باری هەلی کارییەوە، لەو شوێنانەی کە دەرفەتی کار بۆ ژنان دابین دەکرێت، نایەکسانی لە باری مووچەوە دێتە ئاراوە. ئەم بابەتە یەکی دیکە لەو بابەتانەیە کە ئەو کەسانەی وتووێژمان لەگەڵ کردوون جەختیان لەسەر کردۆتەوە و جودا لە ئاستی خوار و ناسەرەکی، بەرامبەر بە نایەکسانی لە ئاستە سەرەکی و بەڕێوەبەرێتییەکانیش نارەزایەتییان دەردەبڕی. یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی کە لە وتووێژەکاندا جەختی لەسەر دەکرایەوە ئەوە بوو کە بەرپرسایەتییە باڵا بەڕێوەبەرێتییەکان نادرێتە ژنان وەک وەزیر، پارێزگار، قایمقام، شارەدار و پۆستە باڵاکانی دیکە.

ڕێبازی هەڵاوێرانەی سەرکردەکانی حکوومەتی ئێران بەرامبەر بە ژنان، کە دەرئەنجامی خوێندنەوەیەکی کۆنەپەرستانەیە لە ئیسلام و لەگەڵ بیروباوەڕی مۆدێرن سەبارەت بە ژنان ناگونجێت، بووەتە هۆی ئەوەی کە لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا کەلێنی ڕەگەزی بە بەردەوامی قووڵتر بێتەوە. بۆ نموونە عەلی خامنەیی لە ٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٥دا، لە وتارێکی لە نێو مەداحەکاندا، دەستەواژەی «یەکسانی ڕەگەزیی ژنان و پیاوان»ی بە چەمکێکی ڕۆژئاوایی ناوبرد و «بەڕێوەبردنی ماڵ و پەروەردەکردنی منداڵ»ی بە ئەرکی سەرەکیی ژنان لە ئێراندا دانا. شتانێک وەک هاندان یان ناچارکردنی ژنان بە کابانی، بڵاوکردنەوەی باوەڕی نەشیاوی کاری ژنان لە دەرەوەی ماڵ و بێدەسەڵاتی ژنان لەبەردەم پیاواندا لەڕێگەی بانگەشەکردن و خراپ بەکارهێنانی بیروباوەڕی نەریتی و ئیسلامی، هاندانی ژنان بۆ منداڵبوون بەبێ ڕەخساندنی بەستێنی شیاو بۆ نەهێشتنی نایەکسانی ڕەگەزی لە کۆمەڵگادا، دەرنەکردنی یاسای پاراستنی ژنان و نموونە هاوشێوەکانی، هەموویان ڕێبازی هەڵاوێرانەی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە ژنانی ئێران لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا پشتڕاست دەکەنەوە (عباسی توللی، ١٤٠٢).

لە ڕاستیدا یەک لەو بابەتانەی کە ژنان لە کۆمەڵگادا لەگەڵی ڕووبەڕوون و لەسەر دۆخە کۆمەڵایەتییەکانیشیان کاریگەری هەیە هەستکردن بە نایەکسانیی ڕەگەزییە. جیاوازی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگایەک بازنەیەکی بەربڵاو دەگرێتەوە کە لەگەڵ تایبەتمەندییە سروشتییەکانەوە دەست پێدەکات و بەتایبەتمەندییە ئابووری-کۆمەڵایەتییەکانەوە کۆتایی پێدێت.

سەرەڕای باشتربوونی دۆخی کۆمەڵایەتی ژنان لە دەیەکانی ڕابردوودا و زیادکردنی ئامادەبوونیان بەتایبەت لە گۆڕەپانە زانستی و زانکۆییەکان، هێشتا کۆمەڵگا تا گەیشتن بە دۆخی گونجاو و هەرەباش بۆ ژنان ڕێگایەکی دووری ماوە.

**یەعقووب مووسەوی، کۆمەڵناس و ئەندامی لیژنەی زانستی زانکۆی ئەلزەهرا:**
لە ئاستی نەتەوەییدا کێشەمان هەیە و لە ئاستی ئێتنیکەکاندا کێشەکە دووهێندەیە. لە ئاستی ژنانیشدا کێشە زۆرە. نابێ لە بیرمان بچێت کە بەهۆی گۆڕانکارییە جیهانییەکان و شۆڕشەوە، گۆڕانکاری هاتۆتە ئاراوە؛ لە ڕەهەندی کۆمەڵناسییەوە، شۆڕش تەقینەوەی وشیاری و چاوەڕوانییەکانە. ئەم چاوەڕوانییانە لە ئێتنیسیتەکاندا ساز بوو و لەگەڵ گۆڕانکارییە جیهانییەکان و گەشەکردنی میدیاکان کەوتە سەر یەک ئاراستە. کۆمەڵە تاقمێک لە ژنانیش بەم جۆرە گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە کە ئەڵبەت ئەم گۆڕانکارییانە پلانیان بۆ دانەڕێژرابوو و ژنانی شاعیر و نووسەر و مامۆستا و ... لە کەمینەکاندا خەریکە بەرەو زیادبوون دەچن، بەڵام بەپێی حەشیمەت و سەرمایە مێژووییەکان دۆخی ئابووریی ژنان لە هەندێ شوێندا کارەساتە کارەسات. لە ڕێگای گواستنەوە و گەیاندنەکانەوە، هەواڵمان پێدەگات کە بێبەشیی زۆر لە ئێتنیکەکاندا و بەتایبەت لە نێو ژنان و کچاندا هەیە.

نوانەی ژمارەی ٢١-٣ و نوانەی ژمارەی ٢٢-٣ دەرفەتەکانی ژنان لە چاو پیاوان پیشان دەدەن. دەسکەوتەکانی توێژینەوەی بەردەست پیشاندەری ئەوەن کە سەتا ٩٣ی نوخبەکان و سەتا ٥٧,٨ی خەڵکی ئاسایی لەسەر ئەو باوەڕەن کە دەرفەتەکانی ژنان لە چاو پیاوان نایەکسانن.




نوانەی ژمارەی ٢١-٣: دەرفەتی یەکسانی ژنان- نوخبەکان




نوانەی ژمارەی ٢٢-٣: دەرفەتی یەکسانی ژنان- خەڵکی ئاسایی

گرفت و تەنگانە ڕەگەزییەکان کاتێک لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی هەڵاواردنی ئێتنیکی، زمانی و ئایینیدا یەکانگیر دەبن، دۆخێکی هەلاوێرانەی زۆر ئاڵۆز و فرەلایەنە دەڕەخسێنن کە ژنان و کچانی سەر بە کۆمەڵگە ئێتنیکییە ژێردەستەکان لەگەڵیدا ڕووبەڕوون. بۆیە دەکرێت کۆمەڵگەی ژنانی ئێتنیکییەکان وەک بێبەشترین و لە ژێر گوشارترین توێژی کۆمەڵگای ئێران هەژمار بکرێت، کە لە زۆرێک لە مافە بنەڕەتی و سەرەتاییەکانیان بێبەشن.

بەگشتی دەتوانین بڵێین دابەزینی تەنگانە ڕەگەزێتییەکان پێویستی بەوە هەیە کە ئاوڕدانەوە لەسەر فاکتەری جۆراوجۆر بکرێت، فاکتەری وەک تواناکانی ژنان لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکان، پێداچوونەوە و گۆڕانی یاسای هەڵگری هەڵاواردن، زیادکردنی وشیاریی کۆمەڵگا، گەشەی ڕێکخراوە سوودنەخوازەکان و بزووتنەوە کارامەکانی ژنان. لەم پێوەندییەدا دەبێ بە چاکسازی کەلتوور و نەریت لە بنکەکانی پەروەردە و ڕاهێنان وەک بنەماڵە کە دەورێکی گرنگیان لەم بوارەدا هەیە و هەروەها یاسادانەران و کەسانێک کە بەرپرسی سەرەکین، بە ئەنجامدانی کەلتوورسازی جۆراوجۆر لەم ئاراستەیەدا جووڵانەوە بکرێت. هەروەها ژنانیش بە دەخۆڕابینییەوە لەم بوارەدا بجووڵێنەوە و بزووتنەوە ژنانەکان هەماهەنگ و هاودەنگ پێکەوە بۆ لەناوبردنی ئەم هەڵاواردنە تێبکۆشن.

## گشتگیریی بێهیوایی و توندبوونەوەی نارەزایەتییەکان

ئاسایش و سەقامگیریی هەر وڵاتێک دەگەڕێتەوە سەر خەڵکەکەی واتە ئەو کەسانەی مافی دەنگ و دەربڕینی نارەزایەتییان هەیە. ئەگەر داواکارییەکانی خەڵک پشتگوێ بخرێ و دەنگیان نەبیسترێ، نارەزایەتی و ئاژاوەی لێدەکەوێتەوە. نارەزایەتی لە ئێران وەک هەر وڵاتێکی دیکە بە شێوازی ئاشکرا و نهێنی لە دەیەکانی ڕابردوودا هەبووە و لە دە ساڵی ڕابردوودا تا ڕادەیەکی زۆر زیادی کردووە. پاش ڕووداوەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار لە ساڵی ١٣٨٨ی کۆچیی هەتاوی، نارەزایەتی و خۆپیشاندان زۆربەی وڵاتی گرتەوە و ماوەی یەک ساڵ، ئاقاری شەقامەکان و زانکۆکانی وڵات شڵەژا. لەگەڵ دابەزینی نارەزایەتییەکان تا مانگی بەفرانباری ساڵی ١٣٩٦ی

کۆچیی هەتاوی، کەشێکی تا ڕادەیەک هێمن و ئارام لە ئارادا بووە. پاییز و زستانی ساڵی ١٣٩٦ی کۆچیی هەتاوی، جارێکی دیکە ناڕەزایەتی و ئاژاوەیەکی بەربڵاو لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا هاتە ئاراوە. خاڵی گرنگی ئەو ڕووداوانەش ئەوە بوو کە زۆرێک لەو شوێنانەی کە لە درێژەی تەمەنی ٤٠ ساڵەی شۆڕشی ئیسلامیدا هیچ ناڕەزایەتییەکیان تێدا نەبوو هاتنە ڕیزی ناڕازییانەوە. لە ناوچەی وەک خووزستان، لوڕستان، کوهگیلوویە و بۆیەرئەحمەد و عەشایرەکانیان کە بەردەوام هەماهەنگییان لەگەڵ دەسەڵات هەبووە و ڕۆڵێکی سەرەکییان لە ئەمنییەتی وڵاتدا هەبووە، خۆپیشاندانی ناڕەزایەتی بەربڵاو هاتە ئاراوە.

> **ئەمیر نەبەوی، مامۆستای زانکۆ و توێژەری زانستە سیاسییەکان لە تاران:**
> سەبارەت بە ناڕەزایەتییەکانی مانگی بەفرانبار، ئێمە لە هەندێ شوێندا ئاژاوەمان هەبوو کە ئەگەر چاوێک لەسەر نەخشەی ئەمنییەتی بکەین، هیچ کات لە مێژوودا، ڕووداوی سیاسییان تێدا نەبووە.

خاڵی گرنگی دیکە لەسەر ئەو خۆپیشاندانانە ئەوە بوو کە جودا لە گرووپە ئێتنیکی، ئایینی و خوێندکارییەکان کە زۆربەی ناڕەزایەتییە پێشووەکان لە لایەن ئەوانەوە هاتبووە ئاراوە، ئەم جارە تاقمی کرێکار، کۆڵبەر، بازاڕی، شۆفێر لۆری، مامۆستایانی قوتابخانە، ئەو کەسانەی پارەیان لای بانکەکان دانابوو و گرووپەکانی دیکەش هاتنە ڕیزی ناڕازییان. هێشتایش تا ڕادەیەک دەنگی ناڕەزایەتی ئەم گرووپانە جاروبار دەبیسترێت، دیاردەیەک کە پیشاندەری بەربڵاوبوونی ناڕەزایەتییەکان و گشتگیربوونیانە لە نێوان پۆل و گرووپە جۆراوجۆرە ئێتنیکی و ئایینییەکاندا.
سەبارەت بە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم کۆبوونەوانە ئاماژە بە چەندین خاڵی جیاواز کراوە، کە دەتوانرێت هەموو ئەمانە لە ژێر ناونیشانی «مەودای نێوان چاوەڕوانییەکانی خەڵک و سامان و دەستکەوتەکانیان» لە هەموو ئاستەکانی ئابووری، سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتی، ئایینی و ژینگەیی و هەروەها نەبوونی ئاسۆیەکی ڕوون بۆ داهاتوو و گشتگیربوونی بێهیوایی کۆمەڵایەتی کورت بکرێتەوە. لە ڕاستیدا ئەگەر ئاستی کارکردی حکوومەت لە ئاستی پێداویستیی هاووڵاتیان وەدوا کەوت، ناڕەزایی سەرهەڵدەدات، کە دەتوانێت وەک ناسەقامگیری یان لێکترازان دەربکەوێت (محمدی لرد، ١٣٩٣، ٦٣).

> **ناسر باغیشی، چالاکی کەلتووری لە سنە (کوردستان):**
> لەم هەلومەرجەدا هیچ تاقم و گرووپێک ڕازی نییە. تەنانەت لە نێو دەسەڵاتدارانیش و وەک دەڵێن خۆمانییەکانیش ناڕەزایەتی هەیە. لە نێو ئێتنیکە داراکانیشدا ئەم ناڕەزایەتییە بەدی دەکرێت.

داخرانـی کارخانـەکان و بێکاری کرێکاران، هەڵئاوسـانی ئابووریی لەڕادەبـەدەر و دابەزینی توانای کڕینی خەڵک بەتایبەت فەرمانبەران و مامۆسـتایانی قوتابخانە، بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار و دابەزینی هـاوردەکاری و مەندبوونـی بـازاڕ، مەندبوونـی بـازاڕی خانـوو، گرانـی لەڕادەبـەدەری کاڵا و شـمەکە سـەرەتاییەکان، گرانبوونـی سـەیارە، کەمفرۆشـی، قەیرانـی ئـاو، گوشـاری سیاسـی، بەرچاونەگرتنـی مافەکانـی ژنان، ناوەندخوازی، داخرانی سـنوورەکان، تەقەکـردن لە کۆڵبەران، قوتابخانە کەپرییەکانی سیسـتان و بەلووچسـتان، قەیرانـی ژینگـە، بـێ هیوایـی گشـتی، گەندەڵیـی زانسـتی و قۆپیەکـردن، گەندەڵیـی ماڵـی، دووڕوویـی و درۆ و بـێ لایەنیـی کۆمەڵایەتـی، گیرۆدەبـوون بـە ئینتەرنێـت و دنیـای مەجـازی و زیادکردنـی تاوانەکانـی ئـەو بـوارە، زیادکردنـی سـەڵتبوون و جوودابوونـەوەکان، زیادکردنی لەشفرۆشـی و کێشـەکانی دیکـە وەک ئـەو قەیرانانـەن کـە بوونەتە هـۆی نارەزایەتیی گشـتی.

ئیقتسادنیووز لە ڕاپۆرتێکی ئاماری - شیکاریی دۆخی ئابووری ئێران لە ساڵی ١٣٩٨دا، ئاماژەی بە پەککەوتنی ئابووریی ئێران دەکات. لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە: ساڵی ١٣٩٨ ساڵێکی تایبەت بوو بۆ ئابووری ئێران. لەم ساڵەدا، کۆمەڵێک کێشە و تەنگانەی ئابووری لە یەک کاتدا ئابووریی وڵاتیان خستە ژێر گوشارێکی بێ وێنە. ئامارە سەرەتاییەکانی ناوەندی ئاماری ئێران دەریدەخەن کە گەشەی ئابووری لە ماوەی ٩ مانگی سەرەتایی ئەمساڵدا یەکسان بووە بە ٧.٦- لەسەد و گەشەی ئابووری بەبێ نەوتیش نەرێنیە و لە سفر نزیک بووەتەوە. بە پێی ئاماری ناوەندی ئاماری ئێران، گەشەی پێکهاتنی سەرمایەی جێگیر (بە نرخی جێگر) لە ماوەی ٩ مانگی ١٣٩٨دا یەکسان بووە بە ٢.٦- لەسەد. هەروەها بەکارهێنانی کۆتایی تایبەت (بە نرخێکی بەردەوام) لە ٩ مانگی ساڵی ١٣٩٨دا یەکسان بووە بە ٦- لەسەد. لە لایەکی دیکەوە ڕێژەی هەڵاوسان (تێکڕای ١٢ مانگی گەیشتوو بە ڕێبەندان) بە پێی ئاماری ناوەندی ئاماری ئێران یەکسان بوو بە ٣٧٪. بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕادەی وردبینی و متمانەپێکراویی ئامارەکانی ناوەندی ئاماری ئێران، بەڵگەی جۆراوجۆر لەوان ئاماری بەرهەم هێنانی کەلوپەلی هەڵبژێردراوی وەزارەتی پیشەسازی، کانگا و بازرگانی، کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی زۆرێک لە شتومەکی هەڵبژێردراو بەراورد بە ساڵی پێشووتر پشتڕاست دەکەنەوە. لەلایەکی دیکەوە بەگوێرەی ئاماری بنکەی زانیاریی بانکی ناوەندی، ڕێژەی گەشەی نەختینەیی لە کۆتایی مانگی سەرماوەزی ئەوساڵدا بەراورد بە ساڵێک لەمەوبەر یەکسان بووە بە ٢٨,٢ لە سەدا، کە بەراورد بە ئامارەکانی ساڵی پێشوو (لەسەدا ٢٢.١) بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. هەروەها بەپێی ئاماری ڕاگەیێندراوی بانکی ناوەندی، لەنێو پێکهاتەکانی نەختینەییشدا، گەشەی پارە (٤٩٪) بە شێوەیەکی بەرچاو زیاترە لە گەشەی لەپارەچووەکان[1] (٢٥٪). سەبارەت بە ئەدای دارایی حکوومەت، ئامارە دراوییەکان دەریدەخەن کە قەرزی کەرتی حکوومەت بە بانکی ناوەندی لە کۆتایی مانگی سەرماوەزی ١٣٩٨دا بەراورد بە هەمان مانگی ساڵی پێشوو بە ڕێژەی ٣٣٪ زیادی کردووە. پێوەرە سەرەکییەکانی ئابووریی ئێران ئاماژە بەوە دەکەن کە ئابووری ئێران لە ساڵی ١٣٩٨دا، بەراورد بە ڕەوتی درێژخایەن، ڕووبەڕووی دابەزینی

1. Near money

بەرچاوی ئاستی بەرهەمی گشتیی ناوخۆ، دابەزینی داهاتی تاکەکەسی، کەمبوونەوەی وەبەرهێنان، بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵاوسان، زیادبوونی نرخی گەشەی نەختینەیی و دابەزینی خۆشگوزەرانی بنەماڵەکان بووەتەوە. بە بڵاوبوونەوەی ئامارە تێروتەسەلەکان، بە شێوەیەکی سروشتی دەتوانرێت بە وردیی زیاتر لە گۆڕانکاریی پێوەرە ئابوورییەکانی ساڵی ١٣٩٨ بکۆڵرێتەوە و شیکاری بکرێت. ئەگەر ئاستەنگە سەرەکییەکانی ئابووری لە ساڵی ١٣٩٨دا بە گشتی لە پاشەکشە، هەڵاوسان و دابەزینی ئاستی خۆشگوزەرانیدا کورت بکەینەوە، دەتوانرێت ڕەگی ئەم ئاڵنگارییانە لە سێ ئاستی «فاکتەرە پێکهاتەییەکان»، «توندبوونەوەی سزاکان» و «هەڵەکانی سیاسەتدانان».پۆلێن بکرێن (آذرمند، ١٣٩٩).

گەندەڵیی پێکهاتەیی یەکێکە لە دیاردە ترسناکەکانی تری ئابووری و دارایی ئێران کە لە دەیان ساڵی ڕابردوودا ڕەهەند و ژمارەیەکی فەلەکی و سەرسوڕهێنەری بەدەستهێناوە، بەجۆرێک کە لە ماوەی کەمتر لە دە ساڵدا ڕێژەی گەندەڵی لە ئێران لە چەند ملیار تمەنێکەوە گەیشتۆتە چەند هەزار ملیار تمەن و ئەمڕۆ لە فەزای گشتیی ئێراندا ئاشکراکردنی گەندەڵی دەیان ملیار تمەنی بە دیاردەیەکی ئاسایی دادەنرێت. لەماوەی ٨ ساڵەی ساڵی ١٣٩٠ تا ١٣٩٨ نزیکەی ١٠ دۆسیەی گەندەڵی بە بەهای چەند هەزار ملیار تا چەند دە هەزار ملیار تمەن تۆمار کراوە (اختلاس‌های مالی در ایران، دانشنامه آزاد ویکی پدیا فارسی)، ئەمەش بەراورد بە جۆرەکانی تری خراپ بەکارهێنانی دارایی و هەڵلووشانی دوور لە چاودێریی داهاتی وڵات، کە ڕەهەندێکی تری گەندەڵی دارایی و ئابووری لە سیستەمی کۆماری ئیسلامی پێکدەهێنن، ڕەنگە تەنیا دوندی چیایەکی سەهۆڵین بن کە بەشی زۆری لە چاوی خەڵک شاراوەن. بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی لە ساڵی ٢٠٢٠دا، ئێران لە ڕووی گەندەڵی دارایی و بڵاوبوونەوەیەوە لە نێوان ١٨٠ وڵاتدا لە ڕیزبەندیی ١٤٦هەمین دایە (اعلام رتبه‌بندی سالانه فساد؛ ایران در رده ١٤٦ جهان، ٢٠٢٠).

لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەژێر ناوی «ئابووری سیاسیی گەندەڵی لە کۆماری ئیسلامی ئێران» لە لێکۆڵینەوەکەیدا بەو ئەنجامە دەگات کە: بوار و هەلومەرجی گونجاو بۆ سەرهەڵدان و گەشەی گەندەڵی ئابووری لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەیە. بەو مانایەی کە هۆکاری پێکهاتەیی، دامەزراوەیی و دەزگایی بۆ گەندەڵی هەیە کە لە پەیوەندییەکی یەکگرتووی ناوخۆییدا دەبێتە هۆی دروستبوون و بەردەوامبوونی گەندەڵی ئابووری لە ئێراندا. بە پشتبەستن بە ئەزموونی چەند دەیەی ڕابردوو، دەرەنجامێکی گرنگ کە دەتوانرێت دەربچێت ئەوەیە کە هەر ڕێوشوێنێکی پاشەڕۆیانە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی نابێتە چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەم کێشەیە و هەڕەشە، چونکە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بەرهۆی گەندەڵی واتە نموونەکانی گەندەڵی ئابووری کە سەریانهەڵداوە لە کۆمەڵە هۆکار و بکەرە سیاسی و ئابوورییەکان، بەتایبەتی نەبوونی شەفافیەت لە سیستەمی کارگێڕی و ئابووری وڵاتدا (نەبوونی سووڕانی ئازادانەی زانیاری لە ناوەندەکانی بڕیاردان و جێبەجێکردندا)، ئابووریی سیاسیی ڕانتی و حکوومەتی ڕانتیەر؛ ڕێگری لە تەشەنەسەندنی گەندەڵی ئابووری لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا ناکات، چونکە ژینگە و کەشێکی لەبار بۆ پێکهاتنی گەندەڵی هەیە و

هـاوکات لەگـەڵ بەرەنگاربوونـەوەی یەکێـک لە نموونـە ئاشـکرابووەکانی گەندەڵی، گەندەڵـی ئابووری دیکـە ڕوودەدەن. بنەڕەتیترین توخمـی پێکهاتنـی گەندەڵـی لـە کۆمـاری ئیسلامـی ئێرانـدا جـۆری ئابـووری سیاسـییە دەسـەڵاتە، کـە گرنگتریـن پێنوێنەکانی بریتیـن لە نەبوونی شـەفافیەتی ئیـداری و ئابووری، وەک ناشەفافیەتی سووڕانەوەی پارە و کاڵا، نەبوونی شەفافیەت لە ڕاپۆرتی چالاکی بانکەکان و دیکـەی دامـەزراوە داراییـەکان، سیسـتەمی کارگێـڕی بەرفـراوان و ئاڵـۆز، دەسـتێوەردانی دامـەزراوە حکومییـەکان لـە ئابووریـدا، لاوازی چاودێری و لە لایەکی دیکەوە دواکەوتنی ڕێوشـوێنە یاساییەکانی ڕووبەڕووبوونـەوە لـە گەڵ دۆسـیە ئابوورییەکانـدا، چاوداخسـتن و مامەڵەنەکردنی یەکلاکـەرەوە لەگەڵ گەندەڵیـی ئابووریـی هەنـدێ لـە دەوڵەتمەدارانـدا، نەبوونـی ئەولەویـەت و داڵغـەی بەرەنگاربوونـەوەی گەندەڵـی لـە لایـەن دەسـەڵاتی دادوەری تێکـڕای بەرزتربوونـەوەی ویسـتی ڕانتخـوازی لـە چالاکییە ئابوورییـەکان ئامـاژەی بـەوەدا کە هەریەکێک لەم هۆکارانە بە شـێوەیەکی هاوبەش هـۆکارن کە دەبنە هـۆی گەندەڵـی ئابووری لـە کۆماری ئیسلامی ئێراندا (جمالی اسـگویی و دیگـران، ١٣٩٩، ٥٥-٥٦).

**سیرووس شـەفەقی، جوگرافینـاس و مامۆسـتای پلاندارِشـتنی شـاریی زانکـۆ لـە ئەسـفەهان:**
سـەبارەت بە گەندەڵییە ئابوورییەکان، یەکێک لە کێشـە گەورەکانی یاسـاکانی ئێمـە ئەوەیـە کـە کەس و کەسـانێک کە کەڵکاوەژووی ماڵی دەکەن سـزا نادرێن.

نەبوونی سـزای گونجاو لەسـەر تاوانبارانی ئابووری یەک لەو گرفتانەیە کە بۆتە هۆی گشـتگیربوونی گەندەڵـی. چونکـە زۆربەی نموونە ئاماژەپێکراوەکان دیاردە ئابـووری، کۆمەڵایەتی و ... دەگرنەوە و بەرز و نزمییـان لـە نێو گرووپە جۆراوجۆرە ئێتنیکییەکان جیاوازی دەبێت، لەگەڵ داواکارییە سیاسـییەکانی ئـەم گرووپانـە تێکـەڵ دەبێـت و نارەزایەتییـەکان هێندەیتر توند دەبنـەوە و دەبنە قەیران. ئـەم قەیرانانە دەگەڕێنـەوە سـەر نەبوونـی بەڕێوەبەرێتـی و ناکارامەبوونـی سیاسـەتە کۆمەڵایەتییەکانـی ئێـران کـە بوونەتـە هـۆی بـێ متمانەیـی گشـتیی لـە نێـوان دەوڵـەت و خەڵک، تا ئـەو ڕادەیـەی کە زۆر کـەس لەو بڕوایـەدان کـە ئـەم قەیرانانـە کاتیی نین و گەشـبین نین کە دەوڵـەت بتوانێ چارەسـەریان بکات.

**تاڤگە حەسەنپوور، چالاکی مەدەنی لە بانە (کوردستان):**
گەشـبین نیـم بـە ئەوەیکـە دیسـپلینێکی کۆمەڵایەتـی، پێشـکەوتن و متمانـە و یەکڕیزیـی کۆمەڵایەتـی لـەم وڵاتـە ببینـم؛ لە ئاسـتێکدا کـە هەسـتی نائەمنیی خـۆم و کەسـانی دیکە کە لـە دەوروبەرماندا دەژین بۆم ڕوون و ئاشـکرایە، چونکە هەسـت دەکـەم دۆخێـک کـە بۆتـە هـۆی ئـەم پێشـبینییە لە هـزر و فکرمـدا زۆر قـووڵ بۆتەوە.



وێنەی ژمارەی ٢٧-٣: وتوویژ لەگەڵ تاقگە حەسەنپوور

ئایدۆلۆژیای خاوەن دەسەڵات کە بڕیار بوو دادپەروەری کۆمەڵایەتی، یەکسانی و کۆمەڵگەی بێ چینایەتی و حوکمڕانی ستەملێکراوان بهێنێتە ئاراوە، ئەمڕۆ لە ژێر ئاڵای ئاییندا جۆرەها نایەکسانی و نادادپەروەری و هەژاریی بەسەر خەڵکدا سەپاندووە. حکوومەتێک کە پێداگری لەسەر گەرەنتیکردنی شەرعیەتی خۆی نەک بە پشتبەستن بە دەسەڵاتی گەل بەڵکو بە گەڕانەوە بۆ چاوگەیەکی پیرۆز و ئیلاهی دەکات، تەنیا بێزاری گشتیی بەرامبەر بە «بابەتی پیرۆز» ورووژاندووە. هەڵاواردن و سەرکوتکردن کە بە ناوی ئایینەوە بەرامبەر ئایینەکانی تر ئەنجام دراوە، بە پشکی خۆی هۆکاری تەشەنە کردنی زێدەتر بووە (عرب، ١٤٠١).

تا ئێستا و سەرەڕای بیرهێنانەوە و ئاراستەکردنی پێشنیار و ڕێگای چارەسەری تایبەت لە لایەن مامۆستایانی زانکۆ، چالاکانی کۆمەڵایەتی، نوخبە سیاسییەکان و زانایانی ئایینی نەک گۆڕانکاری بۆ چاکسازی کاروبارەکان نەهاتۆتە ئاراوە بەڵکوو دۆخە خراپەکە گشتگیرتریش بۆتەوە. بەرپرسان هێشتا باس لە پێشکەوتنی زانستی، ئابووری، تەنکۆلۆژیک و ... دەکەن و قەیرانەکان پشتگوێ دەخەن. ئەمە لە حاڵێکدایە کە دەزگای سیاسی دەبێ ئاگادار بێت کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ناخی خۆیاندا ڕووخێنەر نین، بەڵکوو جۆرێک پێشاندەر و بێژەری داوکاری و کێشە کۆمەڵایەتییەکانن و ئەگەر لە ڕوانگەی کردارییەوە سەیر بکرێن، هێزی ڕاهاتن و مانەوەی سیستەمی سیاسی-کۆمەڵایەتی زیاد دەکەن و دەبنە هۆی دابەشینی دووبارەی دەرفەتەکان (شفیعی، ١٣٨٢، ٦٥٧).

نوانەی ژمارەی ٢٣-٣ و نوانەی ژمارەی ٢٤-٣ هیوا بۆ چاکسازی داهاتووی کورتخایەن پیشان دەدەن کە بەپێی ئەو دوو نوانە سەتا ٩٣ی نوخبەکان و سەتا ٨٩,٢ی خەڵکی ئاسایی لەسەر ئەو باوەڕەن کە قەیرانەکانی ئێران لە کورتخایەندا چارەسەر نابن.




نوانەی ژمارەی ٢٣-٣: چاکسازیی دۆخەکە لە کورتخایەندا- نوخبەکان




نوانەی ژمارەی ٢٤-٣: چاکسازیی دۆخەکە لە کورتخایەندا- خەڵکی ئاسایی

نوانـەی ژمـارەی ٢٥-٣ و نوانـەی ژمـارەی ٢٦-٣ هیـوا بۆ چاکسـازی داهاتووی درێژخایەن پیشـان دەدەن. بەپێی ئەو دوو نوانەیە سـەتا ٥٣,٩ی نوخبەکان و سـەتا ٧٣,٥ی خەڵکی ئاسـایی لەسـەر ئەو بـاوەڕەن کـە قەیرانەکانی ئێران لە درێژخایەنیشـدا چارەسـەر ناکرێن.




نوانەی ژمارەی ٢٥-٣: چاکسازی دۆخەکە لە درێژخایەندا-نوخبەکان




نوانەی ژمارەی ٢٦-٣: چاکسازی دۆخەکە لە درێژخایەندا- خەڵکی ئاسایی

وەک دەبینرێت هەر دوو تاقمی نوخبەکان و خەڵکی ئاسایی لەسەر ئەو باوەڕەن کە نە لە کورتخایەندا و نە لە درێژخایەندا هیوایان بە چاکسازی قەیرانە جۆراوجۆرەکانی ئێران نییە. ئاستی بەرزی بێ هیوایی، جێهێشتنی وڵات و کۆچکردن، خەسارە کۆمەڵایەتییەکان و تاوان و خەسار و کێشە دەروونییەکانی زیاد کردووە. قەیرانی وەک دابینکردنی ئاو، بێکاری، پیسبوونی کەشوهەوا، مافی سەرەکی و هاووڵاتیبوون، لەناوچوونی ژیانی ئاژەڵان و بوونەوەرەکان، پرسی دارستانەکان و جۆرەکانی ئاژەڵان، گەندەڵی و قۆپیەکردنی زانستی، شوێنهاتەکانی گۆڕانکارییە هەرێمییەکان لەسەر ئێران، لەڕادەبەدەر گیرۆدەبوون بە مادە سڕکەرەکان، کێشەکانی سیستەمی تەندروستی، گەندەڵیی ئیداری و ماڵی، سیاسیبوونی هەموو شت، ناوەندخوازی، کێشە تەندروستییەکان بەهۆی ستایل و شێوازی ژیانی نوێ، پەراوێزنشینیی شارەکان، پرسەکانی زەواج، پیربوونی حەشیمەت، کێشە ئێتنیکییەکان، گەشەکردنی مەترسیی ڕەگەزی و پرسەکانی دیکە لەگەڵ قەیرانە سیاسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، وەک گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان، بوونەتە هۆی بێ هیوایییەکی لەڕادەبەدەر. لە لایەکی دیکەشەوە، نەبوونی بەڕێوەبەرێتی دروستی قەیران و ناکارامەبوونی بەڕێوەبەران بۆتە هۆی ئەوەیکە خەڵک بەگشتی و نوخبەکان گەشبین نەبن بۆ چاکسازیی کاروبار و دۆخەکە لە درێژخایەن و کورتخایەندا و تەنانەت ڕەشبینیش.

## پەڕگیریی ئێتنیکی

پەڕگیری بە شێوەیەکی سەرەکی ئاماژەیە بۆ ڕوانگە، ستراتیژی و هەڵوێستە توندڕەوانەکان، کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان شێوازی نائاسایی و توندوتیژانە هەڵدەبژێرن (Colema & Bartoli، ٢٠٠٣، ٣-٤). پەڕگیری دەتوانێ ڕەگ و ڕیشەی لە دوو ئاخێزگەی جیاوازدا هەبێت: جۆرێک لە پەڕگیری، ئیلهام لە ئایدۆلۆژیای توندڕەوانە دەگرێت، کە لە سیستەمێکی باوەڕیی دیاریکراووە سەرچاوەی گرتووە و هەڵوێستێکی ڕق، توندوتیژ، تووڕە و دوور لە لێبوردەیی هەیە. جۆری دووهەمیش شێوازێکە لە توندڕەوی کە لە بناغەیەکی ئایدیۆلۆژیکەوە سەرهەڵنادات، بەڵکو سروشتێکی کاردانەوەیی

هەیە و بەپێی پێداویستییە ژینگەییەکان و هەلومەرجی کاتی و شوێنی، پەنا بۆ هەڵوێست و کردەی توندڕەوانە دەبات. پەڕگیریی ئێتنیکی، وەک گرتنەبەری ڕێبازی توندڕەو و توندوتیژانە لە دەربڕینی هەڵوێست و داواکارییە ئێتنیکییەکاندا، دەتوانێت ڕەگ و ڕیشەی لە یەکێک لەو دوو بنەما ئاماژەپێکراودا هەبێت.

کۆمەڵگای ئێران وەک کۆمەڵگا فرەڕەنگەکانی لە ئێتنیک، نەتەوە و گرووپە جۆراوجۆرە زمانییەکان (فارس، تورک، کورد، عەرەب، لوڕ، بەلووچ، تورکمان و هتد) و ئایین و ئایینزا جۆراوجۆرەکان (شیعە، سوننە، خاچپەرست، جوولەکە، ئاسووری، ئەرمەنی و ئایین و ئایینزاکانی دیکە) پێکهاتووە کە هەر گرووپێک کەلتووری تایبەتی خۆیان هەیە کە بەردەوامیی شوناسی کەلتووریی ئێرانی لە درێژەی مێژوودا قەرزداری هەمووی ئەم گرووپانەیە چونکە هەر یەکەیان بە زیادکردنی توێژە شوناسییە کەلتوورییەکان، دەوڵەمەند و شکۆداریان کردۆتەوە.

ئەم دۆخە چەسپاوە مێژووییە، لە سەد ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ دەستپێکردنی مۆدێرنیزاسیۆنی ڕەزاشا و سیاسەتە ناسیۆنالیستییەکانی بە ئامانجی دامەزراندنی نەتەوەی نوێی ئێرانی لەسەر بنەمای بیرۆکەی ئاسیمیلەکردنی کەلتووری، زمانی و ئێتنیکی، گۆڕانی بەسەردا هات. ئەم ستراتیژەی مۆدێرنیزاسیۆنی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی، خاڵێکی وەرچەرخانی لە پەیوەندییە ئێتنیکییەکانی ئێراندا خوڵقاند، کە لە درێژەیدا ئێتنیکییەتەکان بوونی کەلتووری، زمانی و شوناسییان لە ژێر مەترسیی توانەوە و لەناوچووندا بینی و لە ڕادەی تواناییاندا کاردانەوەیان بەرامبەری هەبوو و هەوڵیاندا بۆ پاراستنی شوناسی ئێتنیکی پەنا ببن بۆ چارەسەری جیاواز. بەردەوامیی ستراتیژی سیاسەتی ئێتنیکیی یەکسانساز (ئاسیمیلەساز) و بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە سەر بناغەی زمانی فارسی لە سەردەمی پەهلەویدا و درێژەدان بە هەندێک لە پێکهاتە بنەڕەتییەکانی ئەو بیرۆکەیە لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، بواری چەشنێ لە هەڵسوکەوتی توندڕەوانەی لە نێو ئەو گرووپە ئێتنیکیانەی کە بوونی خۆیان لە مەترسیدا دەبینی خوڵقاند و لە هەندێ قۆناغدا لە شێوەی بەرخۆدانی چەکداری و هەڵوێست و کردەوەی توندوتیژانە لە شێوەی ڕەفتارە ئێتنیکییە پەڕگیرانەکاندا دەرکەوت کە لە ژێر ناوی پەڕگیریی ئێتنیکیدا دەناسرێتەوە.

لە سەردەمی ئێستادا هێشتا گرووپە پانئێتنیکگەراکان بوونیان هەیە کە بە زەقکردنەوەی بنەمای لۆژیک و داواکاریی ڕەوا، وەک هەبوونی نایەکسانییە ئابوورییەکان (گەشەی نزمی ئابووری و پیشەسازی ناوچە ئێتنیکییەکان و نەبوونی کارخانەی پیشەسازی لەو ناوچەگەلە)، نایەکسانییە سیاسییەکان (دانەنرانی نوخبە ئێتنیکییەکان لە پۆستە سیاسییە هەستیارەکان وەک وەزیر، جێگری وەزیر، سەرۆکی ڕێکخراوە و سەرۆکی زانکۆ) و هەروەها نایەکسانییە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان (کەڵک وەرگرتنی هەندێ گرووپی تایبەت لە ئیمتیاز و دەرفەتی زیاتر و پەراوێزخستنی گرووپە ئێتنیکییەکانی دیکە)، خەریکی بەرەوپێشبردنی ئامانجە ناسیۆنالیستییە نەرێنییەکانی خۆیانن، دیاردەیەک کە دەتوانێ دژ و نەیاری یەکڕیزیی نەتەوەیی و کۆدەنگیی کۆمەڵایەتی بێت و

گەشەکردنیشی دەتوانێ ببێتە هەوێنی سازبوونی بێزاریی کۆمەڵایەتی، ڕەوانگە تیرۆریستییەکان، و شەڕ و خوێن ڕشتن.

لە ڕوانگەی چەشن‌ناسیی هەڵوێستە پەڕگیرانە ئێتنیکییەکانەوە، هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم توندڕەوییە بۆ هۆکارە بەستێنییەکان و ڕەفتار و سیاسەتی ئێتنیکیی دەسەڵات هەمبەر بە ئێتنیکەکان دەگەڕێتەوە و هیچ جۆرە بنەمایەکی ئایدۆلۆژیکی خۆبەزلزانین و بیرۆکەی قەومی هەڵبژێردراوی ئێتنیکەکانی لە پشتەوە نییە. نەبوونی پێوەندییە دیموکراتیکییەکان لە نێوان دەوڵەت و نەتەوە لە لایەکەوە و لە نێو کۆمەڵگادا لە لایەکی دیکەوە، لەگەڵ پشت‌گوێ خستنی مافی ئێتنیکی، هۆکاری سەرەکین لە سەرهەڵدانی ڕەفتاری پەڕگیرانەی ئێتنیکیدا.

**مەنسوور ڕەحمانی، چالاکی بواری ئەدەبیاتی کوردی لە سنە (کوردستان):**
ئەگەر ڕەوتەکە بەرەو دیموکراتیزاسیۆن و ئاوڕدانەوە لەسەر داواکارییەکانی خەڵک نەچێت، ئاقارەکە ئانۆمیک دەبێتەوە و دیارە دەنگە لۆژیک و ژیرانەکان کەمتر دەبیسترێن و دەخرێنە پەراوێزەوە و تووێژ جێگای خۆی دەداتە توندوتیژی.

بە تاوتوێکردنی هەلومەرجی ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵات، جۆرێک نایەکسانی (بەتایبەت لە باری ئابوورییەوە) لەو ناوچانە بەدی دەکرێت. زۆربەی کارخانەکان و پیشەسازییە گۆڕێنراوەکانی وڵات لە ناوچە ناوەندییەکان و پارێزگای وەک تاران، سمنان، مەرکەزی، ئسفەهان و ... دانراون و ناوچەی وەک کوردستان، بەلووچستان و باشووری وڵات لەم بوارەدا بێبەش ماونەتەوە. بێبەشییە ناوچەییەکان بوونەتە هۆی دووبارەبوونەوەی بێبەشییە ئابووری-کۆمەڵایەتییەکان لەم ناوچەگەلەدا.

**مەهدی کەیوان، مێژووناس و مامۆستای خانەنشینکراوی زانکۆ لە ئەسفەهان:**
ئەمن و ئاسایش هاندەری گەشەی ئابوورییە. ناوچە بێبەش و کێشە لەسەرەکان ئەمنییەتیان نییە. وەبەرهێنەر ناچێتە ئەوێ، بەڵام دەچێتە کاشان و یەزد چونکە ئەمنییەتیان تێدایە.

نایەکسانی لە بەرژەوەندی ئابووری و جێگەوپێگەدا، دەمارگرژی لێدەکەوێتەوە. دەمارگرژی و هەڵاواردن یەک بەهێز دەکەن. هەڵاواردن دەبێتە هۆی سازبوونی دەمارگرژی و دەمارگرژی هەڵاواردن ڕەوا دەکات و دەبێتە هۆی بێزاربوون لە تاقمی دەسەڵاتدار و توندوتیژی لە دژی (گودرزی، ١٣٨٥، ٢١٧).

چونکە ئابووریی ئێران دەوڵەتییە دەتوانین هۆکاری هەبوونی ئەم نایەکسانییانە زیاتر وەک بەرپرسە سیاسییەکانی وڵات ئاماژە پێبدەین. دەسکەوتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەش ئەم ڕوانگەیە پشتڕاست دەکەنەوە، دیاردەیەک کە دەتوانێ ببێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ سەرهەڵدانی هەڵسوکەوت و کردارە توندوتیژانە و توندڕەوانەکان لە نێوان خەڵکی نیشتەجێی ئەو ناوچانە.

**پیاوێکی تەمەن ٤٠ ساڵ، پیشەی ئازاد لە سەقز (کوردستان):**
دابەشینی هەلی کار و سەروەت و سامان لە چاو ئێتنیکەکانی دیکە دادپەروەرانە نابینم و ئێستا زیاتر ناوەندگەرایی کراوە. سەرچاوەکانی ئێران لە ناوەنددا کۆ بوونەتەوە و ناوچەکانی دیکەی وەک کوردستان و بەلووچستانیان بێبەش کردووە و ئەمە سیاسەتێکە کە لەمێژە ڕەچاو دەکرێت و پێم وایە خەسار بێت بۆ هەموو ئێران و وڵاتەکە.

دوو گرووپی ئایینی گرنگ لە ئێران شیعە و سوننەن. سەرچاوە و سەرەتای هاوبەشی هەردووی ئەم گرووپە ئایینییانە ئایینی ئیسلامە، بەڵام ڕیشەی ناکۆکی نێوان ئەم دوو گرووپە دەگەڕێتەوە بۆ ١٤٠٠ ساڵ پێش و کاتی کۆچی دوایی پێغەمبەری ئیسلام کە هەر یەکە لەم دوو گرووپە بەپێی کۆمەڵێک گێڕانەوەی مێژوویی، کەسانێک بە ڕەوا دەبینن بۆ ڕێبەرایەتی ئۆمەتی ئیسلامی.
ئەم ناکۆکییە تا ئەمڕۆ بەردەوامە. ئەنجامە دەسکەوتووەکانی لێکۆڵینەوەی بەردەست پیشاندەری ئەوەیە کە شوێنکەوتووانی ئەم ئایینانە لەسەر ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی تایبەتی ئایینی جیاواز لەم جۆرە ڕوانگەیەدا هەستیارن و لە هەندێ نموونەی ئەم بوارەدا کاردانەوەی توندڕەوانەیان هەیە.

**ئەمین میری، دەرهێنەری شانۆ بەڵگەییە کۆمەڵایەتییەکان لە سیستان و بەلووچستان:**
لە چابەهار کە ئەمنترین شوێنی سیستان و بەلووچستانە، هیچ کات هیچ ئۆپراسیۆنێکی تێدا ئەنجام نەدراوە. تەنیا کەسێک کە لەوێ ئۆپراسیۆنی خۆکوژی ئەنجام دا عەبدولمالیک ڕیگی بووە کە لە ڕۆژی عاشوورا ئەو شتەی کرد، ئەویش لەبەر ئەوەیکە هەر لەو ساڵەدا، جێژنی غەدیریان لە چابەهار بە شکۆدارترین شێوازەوە بەڕێوە برد و ئەویش پێچەوانەکەی کرد.

بەڵام سەرەڕای ئەوەیکە ئایین و باوەڕە ئایینییەکان چ کاریگەرییەک لەسەر دەمارگرژییەکانی تاک دادەنێن، بەردەوام بەشێک لە دەمارگرژییە ئێتنیکییەکان دەچنەوە سەر جۆری ڕوانگەی ئایینی. بۆیە تەنیا ئەزموون و تێگەیشتنی تاک لەوەیکە لە چ گرووپێکدایە دەتوانێ خواست و هەڵاواردنەکانی

نێوگرووپی تاک زیاد بکات؛ واتە ئەم خواستە لە تاکدا بەهێز بکات کە تایبەتمەندییەکانی گرووپی خۆی گونجاو و جوان ببینێ، شانازی بە گرووپی خۆیەوە بکات، و یان بێزار بێت لە دەرەوەی گرووپ. جاروباری ئەم ئاقارە تێکەڵ هەڵاواردنە لە ئاقاری میدیاییدا دەرکەوتنی دەبێت کە تیایدا لە ڕێگای سووکایەتیکردن بە خەڵکی یەک گرووپی ئایینی و بێ ڕێزیکردن بە کەسایەتییە گەورەکانیان بەستێن بۆ کاردانەوەی توندڕەوانە ئامادە دەبێت.

**کەریم بەخش کوردی تەمەندانی، چالاکی سیاسی کۆمەڵایەتی لە ئێرانشار (سیستان و بەلووچستان):**
کاتێک هەست دەکەین کە ئەو ئایینزایە کە ئایینزای فەرمییە ئێمە وەرناگرێت و سووکایەتی بە بیر و باوەڕەکانی ئێمە دەکات و لە میدیاکانی بانگەشەی خراپ دەکات، هەستێکی بێزاریمان تێدا ساز دەبێت. کاتێک هەست بەوە بکەم کە ئەو تریبوونە کە بەردەستی ئەو ئایینزایەیە، لە باتی ئەوەیکە بانگەشەی خۆی یان ئایینی ئیسلام بکات، هێرش دەکاتە سەر ئایینزای من و ئایینزاکەم بە خراپ پێناسە دەکات و پیشان دەدات؛ هەستی بێزاریم تێدا ساز دەبێت، هەر بەو ڕێژەیەی کە ئەو خەریکی بانگەشەکردنە بۆ بێزاری.

ئەڵبەت گرووپە ئێتنیکییە جۆراوجۆرەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەگەر هەڵسوکەوتی توندڕەوانەیان هەیە، زۆربەی هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە سەر لایەنی بەرامبەر کە هەوڵی چەوساندنەوە و داگیرکردنیان دەدات لە بوارە جۆراوجۆرە کەلتووری و زمانی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و هتددا و ئەوان لە بەرامبەر سیاسەتە توێنەرەوەییەکانی گرووپی باڵادەست هەڵوێستی بەرگریکارانەیان گرتووە.

**هادی نەقدی، ڕاوێژکار و دەروونناس لە سنە (کوردستان):**
ئێمە نامانەوێ زۆر بچینە سەر شوناسی کەلتووریی خۆمان، جۆرێک کە وەک بڵێی ئێمە بەرزترین و بانگەشەی بۆ بکەین، بەڵام کاتێک دەکەویتە بەرامبەر بانگەشە و بڵاوکردنەوەی کەلتووریی کەلتوورە باڵادەستەکان، دیارە کردارێکی داکۆکیکارانە بە شێوەی ناوشیارانە لە ئێمەدا ساز دەبێت و ئەو شتەی کە لە مندا، نەک هەر خۆم، زۆرێک لە چالاکە کەلتووری و مەدەنییەکانی کورد دەبینرێت، زۆربەی کاردانەوەیە کە تا ئەکتێک، کاردانەوە بەرامبەر بە سەپاندنێک لە سەرەوە، سەپاندنی کەلتوورەکانی دیکە، و ترس لە فەوتان و نەمان. ئێستا ڕەنگە فەوتان دروست نەبێت، ترس لە توانەوەی کەلتووری، ترسی لەناوچوونی چوارچێوە کەلتوورییەکان کە لە ڕاستیدا گونجاو و بایەخدارن بۆ ژیانی ئەمڕۆی مرۆڤ.

مایکێـل هێکتـەر[1] بـە گشـتاندنی پێوەندییـە داگیرکارانەکان بۆ ناوخـۆی وڵاتان، لەسـەر هەبوونی پێوەندییـە نایەکسـانە کەلتوورییـەکان لـە نێـوان کەلتـووری دەسـەڵاتخواز و کەلتـووری بندەسـت لـە کۆمەڵگا فرەئێتنیکییەکان جەخت دەکاتەوە (Ramezanzade, 1996, 7). هێکتەر لەسـەر ئەو باوەڕەیە کـە هەبوونـی کەلێنـە ئێتنیکییـەکان لـە هـەر دەوڵەتێـک، دیموکراتیک یـان نادیموکراتیک، نیشـانە و گەڕانەوەیەکـە لـە زاڵبوونـی ئەمپریالیسـتیی یـەک گرووپـی ئێتنیکـی بەسـەر گرووپەکانـی دیکـەدا کە لـە ڕێـگای بنکـە دیوانسالارانە و دەوڵەتییەکانـەوە جێگیـر و بەهێـز دەبێتەوە. ئـەم زاڵبوونە دابەشـینی نایەکسـانی سـەروەت لـە نێوان ناوچـە جۆراوجـۆرەکان و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی زیـاد دەکات. هەر ئـەم نایەکسـانییە دەبێتـە هـۆی زیادبوونـی پێوەندییـە ناوخۆییەکانـی گـرووپ و بەرزبوونەوەی ئاسـتی یەکڕیزیـی ئێتنیکـی کـە هۆشـیاریی ئێتنیکـی لە دۆخـی هەڵکەوتە ناوەنـدی و باڵادەسـتەکان و ناوچە ژێردەسـت و پەراوێزییـەکان لێدەکەوێتـەوە. لـەم هەلومەرجـەدا، جیاوازییە ئێتنیکییەکان لـەم ناوچانە هەسـتی شوناسـی ئێتنیکی بەهێز دەکەن و سـەرهەڵدانی بزووتنەوە ئێتنیکییەکانیانی لێدەکەوێتەوە (Ibid, 28).

## سڕینەوەی کەلتوورە ئێتنیکییەکان

لـە کەلتـووری ئێرانیـدا، سـەدان جـۆری کەلتـوور و دەنگی جیـاوازی ئەندێشـە بوونی هەیـە کە زۆر لەمێـژە لـەم نیشـتمانەدا بـەردەوام ماونەتـەوە و پێشـینەی مێـژووی ئێـران بـاس لـە ڕێـزی دوولایەنـەی نێـوان کەلتـوورەکان دەکات و تیایـدا پلۆراڵیزمـی کەلتـووری هەبـووە و بەرهەمیشـی، هەسـتی پێبەندبوونـی گرووپـە جۆراوجـۆرە کۆمەڵایەتـی، ئێتنیکـی، ئایینـی و هتدکانـە. ئەگەرچـێ هەندێ لەم کەلتوورانـە نەیانتوانیـوە خۆیـان لەگـەڵ جیهانـی ئەمڕۆ ڕێـک بخـەن و لـە ئەنجامـدا لـە کەلتوورێکـی دیکـەدا تواونەتـەوە یـان بـە تـەواوی لەبیر کـراون. بـەڵام کۆی ئـەم کەلتوورانە بـووە کـە هەبوونی وڵاتی گەیاندۆتـە شـێوازی ئێسـتای. ئەگـەر قبووڵ بکەین کە هـەر کۆمەڵگا، هەر ئێتنیـک، و هەر چینێک، لە هـەر قۆناغێـک لـە مرۆڤایەتیدا کە هەیە، هێشـتا ناتەواوە، دەتوانین بڵێین کە هیـچ کۆمەڵگا، ئێتنیک و چینێک مافی ئەوەی نییە بیر و باوەڕ و فکری کەسـانی دیکە تێکەڵ بە تاوان، چەواشـەکارانە و سـووک ببینـێ و ئێـران، بەپێـی پێشـینەی چەندین هەزار سـاڵەی خۆی، پێویسـتی بـە ڕوانگەی کەلتـووریتر و بـەدەر لـە دەمارگرژی و بەرتەسـکبینی هەیـە. بـەڵام بەداخـەوە بـە کـردەوە جۆرێـک بەرەنگاربوونـەوە، سـڕینەوە یـان گاڵتەکردنـی بـە هێما کەلتوورییەکانـی ئێتنیکـە جۆراوجۆرەکان لە ئاسـتی گشـتی یان لـە کاتـی بۆنـە تایبەتـەکان دەبینیـن. جۆرێـک لـەم سـڕینەوەگەلە لـە بەرنامەکانـی دەنـگ و ڕەنگـدا بـەدی دەکرێـن کـە جاروبار لـە بەرنامە و زنجیرە دراماکانی خۆیـدا، دەبێتە هۆی دەربڕینـی ناڕەزایەتی ئێتنیکـە جۆراوجـۆرەکان وەک تـورک، لـوڕ، بەلـووچ، کـورد و ئێتنیکەکانـی دیکـە و جۆرێکـی دیکـەی

---

1. Michael Hecter

سڕینەوەکانیش لە کاتی بەڕێوەچوونی بۆنە و ڕێوڕەسمە ئێتنیکی و ئایینییەکان دێتە ئاراوە کە ئیزنی بەڕێوەچوونی ئەم ڕێوڕەسمانە بە شێوەی بەکۆمەڵ نادرێت. خەڵکی ئەم گرووپە ئێتنیکییانە لەسەر ئەو باوەڕەن کە بەرەیەک بوونی هەیە کە هەوڵ دەدات هێما و نیشانە کەلتووری-ئێتنیکییەکان لە پێش چاوی گەنجان سووک بکات و لە باتی، خەریکی جۆرێک بایەخدان بە کەلتوورێکی تایبەتە لە نێو گەنجان تا هەموویان هاوشێوە بکات و بەڕێوەبەرێتییان ئاسان بێتەوە.

**ئەسغەر ئیزەدی جەیران، کۆمەڵناس و مامۆستای زانکۆ لە تەورێز (ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات):**
ئاخاوتنی تورکی لە بەرنامەکانی دەنگ و ڕەنگدا سەیر و پێکەنیندارە و نواندن و دەرکەوتنی تورکەکان لە زنجیرە دراماکاندا تێکەڵی سووکایەتییە.

**خالید شەیخی، مامۆستای زانستە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکی کەلتووری لە سەقز (کوردستان):**
یەک دوو ساڵێک پێش ئێستا، لە دانیشتنی شوورای شار باسمان لەوە کرد کە ڕێوڕەسمی نەورۆز وەک کوردستانی باشوور لە شوێنێکی کراوەدا بەڕێوە بەرین و خەڵک بانگهێشت بکەین بێنە ئەو شوێنە و بە جلوبەرگی کوردییەوە ڕێوڕەسمی نەورزۆ دەست پێبکەین کە دژایەتییان کردین.



وێنەی ژمارەی ٣-٢٨: وتووێژ لەگەڵ خالید شەیخی

جۆرێکی دیکەی سڕینەوەی کەلتووری کە لە ئەم لێکۆڵینەوەیەدا لە لایەن گرووپە ئێتنیکییەکانەوە زۆر باسی لێکراوە بابەتی زمانی دایکییە. لەم بوارەدا ماددەی پازدەی دەستوور بە ڕواڵەت مافی کەمینە ئێتنیکییەکانی بە فەرمی پێناسە کردووە، بەڵام بە کردەوە بە فەرمیکردنی زمانی فارسی سێبەری خستۆتە سەر ئەم مافە و دەوڵەتی دەسەڵاتخوازی ناوەندی بە ڕوانگەیەکی ئەمنییەوە ڕێگای بووژانەوەی زمانە ئێتنیکییەکان نادات. هەروەها، لە بەندی ٩ی ماددەی سێهەمی دەستوور لە ژێر ناوی لەناوبردنی هەڵاواردنە نارەواکان و دابینکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ هەمووان، هەموو بەستێنە مادی و مەعنەوییەکان وەک مافی هاووڵاتیانی ئێرانی پێناسە دەکات، بەڵام ئەو شتەی بە کردار دەکرێت کەمتەرخەمییە بەرامبەر شوناسی کەلتووری و کەمینە ئێتنیکییەکان کە لە ئەنجامدا سڕینەوەی کەلتووری لێدەکەوێتەوە. داخستنی ئەنجومەن و ڕێکخراوە مەدەنی و کەلتوورییەکان، هەستیاربوون لەسەر جلوبەرگ و ڕواڵەتی هونەرمەندان، چاوەدێری توند و سیاسیبینینی کرداری چالاکانی کەلتووری لە گۆڤارە کەلتووری و فەرمییەکان، تەرخان نەکردنی کات بۆ پیشاندانی دابونەریت و کەلتووری ئێتنیکەکان لە میدیا ناوچەیی و نەتەوەییەکان، و بابەتی زۆری دیکە وەک نموونە دێنەوە بۆ «سڕینەوەی کەلتوورە ئێتنیکییەکان».

**ژیلا حیسامی، چالاکی ئەدەبی لە نەغەدە (ئازربایجانی ڕۆژئاوا):**
لە بواری ڕێوڕەسمە هونەری و کەلتوورییەکان بەربەست و لەمپەڕمان هەیە. ئێمە ئەنجومەنێکمان هەیە، داخرا. ئەنجومەنی ئەدەبیی عیرفان داخرا. تەنانەت هەندێ ڕێوڕەسم هەبوو، شاعیرانی شارەکانی دەوروبەرمان بانگهێشت دەکرد و کێشەیەک نەبوو، بەڵام ڕێگەیان نەداین.

**عەبدوڕەشید تریز، مەولەوی ئایینی، توێژەری مێژوو و چالاکی سیاسی-کۆمەڵایەتی لە سیستان و بەلووچستان:**
لە دەنگ و ڕەنگی ئەم پارێزگایەدا کە سەتا ٧٠ بۆ ٨٠ی بەلووچن، کەمترین بەرنامە بە زمانی بەلووچی هەیە و لەسەر فۆلکلۆر و کەلتووری گشتیی بەلووچستان سەرمایەگوزاری ناکرێت و ڕێگە نادەن چالاکوانانیش چالاکی بکەن.

مافی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم و بۆنە کەلتووری، ئێتنیکی، و ئایینییەکان لە زۆرێک لە بەڵگەکانی مافی مرۆڤدا ئاوڕیان لێ دراوەتەوە، بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە «ڕاگەیێندراوی مافی تاکەکانی کەمینە نەتەوەیی، ئێتنیکی، ئایینی و زمانییەکان» بکەین کە لە بڕگەی دووی ماددەی ٢دا دەڵێت کە تاکی کەمینەکان مافی ئەوەیان هەیە لە ژیانی کەلتووری، ئایینی، کۆمەڵایەتی، ئابووری

و دەوڵەتیدا بەشداریی تەواویان هەبێت. بڕگەی چوارەمی ماددەی دووهەمی ڕاگەیێندراوی ئاماژەپێکراویش وەک ئەرکی بۆ دەوڵەتەکان داناوە تا هەلومەرجێک بۆ کەمینەکان دابین بکەن کە تیایدا خەڵک بتوانن کەلتوور، زمان، سونەت و دابونەریتەکانی خۆیان بێجگە ئەو بابەتانەی کە دژی یاسا نەتەوەییەکان و نۆڕمە جیهانییەکانن، پەرە پێبدەن (اعلامیه حقوق اشخاص ...، ١٩٩٢). هەروەها بەپێی ماددەی بیست و حەوتەمی دەستوور، بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکان بە مەرجێک کە پێچەوانە و دژی پێوەر و یاسا ئیسلامییەکان و هەروەها چەکدارانە نەبێت، ئازادە. بەرگریکردن لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە ئایینی و ئێتنیکییەکان جۆرێک پێشێلکردنی مافی هاووڵاتیبوونە (فتحی و کوهی اصفهانی، ١٣٩٧، ٢٠).

ئێران وڵاتێکە کە ئایین و ئێتنیکی جۆراوجۆری تێدایە کە لە هەندێ ڕێوڕەسم و بۆنەدا سنوور و لەمپەر دەخرێتە سەر ئێتنیکەکان. بۆ نموونە لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی وەک جێژنی قوربان و جێژنی ڕەمەزان کە زۆر جار سوننە و شیعە پێکەوە جیاوازییان هەیە، سوننەکان لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی جێژنی قوربان یان جێژنی ڕەمەزان دەکەن، بەڵام لە لایەن شووورای ڕووحانییەتەوە هوشدار دەدەنە مەلا سوننەکان کە بانگەوازی گشتی بۆ ئەم شتە نەکەن.

> **جەبار ڕەحمانی، ئەندامی لیژنەی زانستی توێژینگەی توێژینەوە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکان و مرۆڤناس لە تاران:**
> ئایینزای فەرمی بەهۆی تۆتالیتەربوونییەوە هەم بۆ بەردەوامبوونی خۆی و هەمیش بۆ ئایینزاکانی دیکە کێشە و هەرا دەنێتەوە.

لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی وەک نەورۆز لە شوێنە گشتییەکان و بە شێوەی بە کۆمەڵ، سنوور و لەمپەر دادەنێن. لە هەندێ نموونەدا حکوومەت لەسەر بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە کەلتوورییەکانی وەک «ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی» (٢١ی شوبات) و «ڕۆژی جیهانیی کەلتووری بەلووچ» (٢ی ئادار) هەستیارە. ڕۆژی جیهانیی کەلتووری بەلووچ –کە لە بەلووچستانی پاکستان و لە ئەفغانستان بە شێوەی فەرمی و زۆر بەربڵاو لە لایەن بەلووچەکانەوە بەڕێوە دەچێت- لە ناوخۆی ئێران، بەهۆی ئاگادارنەکردنەوەی گشتی و هەستیارییەکانی حکوومەت بەڕێوە ناچێت، بەڵام جودا لەم ڕێوڕەسمە کە وەک مێهرەجانە و بەکۆمەڵ بەڕێوە دەچێت، ئێتنیکە جۆراوجۆرەکانی نیشتەجێی ئێران بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمە نەریتییەکانی خۆیان وەک شایی یان شیوەن، سنوور و لەمپەرێکی وەهایان لەسەر نییە. دەتوانین بڵێین لە هەموو ناوچە ئێتنیکییەکان، ڕێوڕەسمی شایی بەپێی کەلتوور و بەها و بایەخەکانی ناوچەکە بەڕێوە دەچێت و لە نموونەی وەک کوردستان، بەبێ گوشاری و سنووربەندی، ژن و پیاو لە هۆڵێکدا کۆ دەبنەوە و ڕێوڕەسمەکەیان تێدەپەڕێنن، دیاردەیەک ئەگەرچی نەیاری بەها ئایینییەکانی حکوومەتە بەڵام تا ئێستا بەرگری لێ نەکراوە. لە ڕێوڕەسمی شیوەنیشدا هەر بەم

چەشنە هەر یەکە لە ناوچە ئێتنیکییەکان بەپێی نۆرم و کەلتووری ناوچەیی خۆیان و بەدوور لە سیاسەتدانانە دەرەکییەکان، ڕێورەسمی خۆیان بەڕێوە دەبەن.

نوانەی ژمارەی ٢٧-٣ و نوانەی ژمارەی ٢٨-٣ ڕێژەی سنووردارێتی ڕێورەسمە ئێتنیکی و ئایینییەکان لە لایەن بەشداربووانی توێژینەوەکەوە پیشان دەدەن. بەپێی نوانەکان سەتا ٤٩,٢ی نوخبەکان و سەتا ٤٣,٤ی خەڵکی ئاسایی لەسەر ئەو باوەڕەن کە بۆ بەڕێوەچوونی ئایین و ڕیورەسمە ئایینی و ئێتنیکییەکان سنوور و لەمپەرێک لە ئارادا نییە. بەم حاڵەشەوە سەتا ٤٦,١ی نوخبەکان و سەتا ٣٦,١ی خەڵکی ئاسایی لەسەر ئەو باوەڕەن کە بۆ بەڕێوەچوونی بۆنە و ڕێورەسمەکان سنوور و لەمپەر لە ئارادایە.




نوانەی ژمارەی ٢٧-٣: سنووردارbوونی ڕێورەسمەکان- نوخبەکان




نوانەی ژمارەی ٢٨-٣: سنووردارbوونی ڕێورەسمەکان- خەڵکی ئاسایی

ئانتۆنی گیدێنز (١٣٨٥) بۆ تاوتوێکردنی ڕەوتی گۆڕانکاری وڵاتە فرەئێتنیکییەکان باس لە سێ جۆر مودێل دەکات: یەکێکیان مودێلی ئاسیمیلاسیۆنە، بەو واتایەی کە دابونەریتە سەرەتاییەکانی گرووپە ئێتنیکییەکان بەلاوە بنرێن و هەڵسوکەوتیان لە چوارچێوەی بەها و نۆرمەکانی زۆرینە پێک بێننەوە. مودێلی دووهەم تێکەڵاوکردنە. لەم مودێلەدا، لە باتی ئەوەیکە نەریتە ئێتنیکییەکان لە بەها و بایەخە زاڵەکاندا بتوێنەوە، هەموو پێکەوە تێکەڵاو دەبن تا داڕێژەی کەلتووری نوێ و تەواو

پێک بێنن. مودێلی سێهەم مودێلی زەبەندگەرایی کەلتوورییە. لەم ڕوانگەیەوە، گونجاوترین ڕێگا چارەسەر، یارمەتیدان بە پەرەسەندن و گەشەکردنی کۆمەڵگایەکی فرەئێتنیکییە کە تیایدا، بایەخی یەکسانی گچکەکەلتووره جۆراوجۆرەکان بە فەرمی بناسرێن.

بەپێی ئەو شتەی باس کرا، دەتوانین بڵێین پێدەچێت دامودەزگای سیاسی ئێران، لە نێوان سێ مودێلی ئاسیمیلاسیۆن، تێکەڵاوکردن و زەبەندگەرایی کەلتووری، مودێلی ئاسیمیلاسیۆن و تاواندنەوەی کەلتوورییەکانی ئێتنیکەکانی لە کەلتووری ناوەندی وەک ڕێگا چارەسەری خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی جۆراوجۆرێتیی کەلتووری ئێتنیکی ئێران هەڵبژاردووە. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە پێدەچێت گرنگترین داڕێژە بۆ دۆخی ئێستای کۆمەڵگای ئێرانی مودێلی زەبەندگەرایی کەلتووری بێت.

لەم داڕێژەیەدا هەر گرووپێک خاوەنی ئایین، بیر و باوەڕ، دابونەریت، ڕوانگە و بۆچوون و شێوازە گشتییەکانی ژیانی جیاوازی خۆیەتی، بەڵام هاوبەشیی دیکەشی لەگەڵ گرووپە ئێتنیکییەکانی دیکە هەیە. بە واتایەکی دیکە، زەبەندگەرایی کەلتووری جەختی لەسەر پاراستنی سیستەمە کەلتوورییە جیاوازەکان و بەرزتربوون و بەنرختربوونی کەلتوورێک لە کەلتوورەکانی دیکە قبووڵ ناکات. قبووڵکردنی زەبەندگەرایی وەک پێداویستیی دانوستانی کەلتووری لە سەردەمی جیهانگەریدا، بەپێتبوون و دەوڵەمەندی کەلتووریی بەدوایەوەیە.

دەرەنجامی قبووڵنەکردنی زەبەندگەرایی و فرەڕەنگیی کەلتووری و لە باتی هەوڵدان بۆ ئاسیمیلاسیۆنی گرووپە ئێتنیکییەکان، بۆتە هۆی گشتگیربوونی ناڕەزایەتییەکان و توندبوونەوەی داواکارییەکان و تەنانەت پەرگیری.

### داڕووخانی کۆمەڵایەتی

مێژوو، پێکهاتن و گەشە و داڕووخانی بەردەوامی حکوومەت و دەوڵەتە جۆراوجۆرەکانی بەخۆوە بینیوە، حکوومەتگەلێک کە لە ژێر کاریگەری ڕەوت و فاکتەرە جۆراوجۆرەکاندا ڕووخاون. وەک ئەنجامی زۆرینەی دەسکەوتەکان دەریانخست، وڵاتی ئێران نەیتوانیوە لە سیاسەتی دەرەوەدا زۆر گونجاو بجووڵێتەوە و دانوستانێکی شیاوی لەگەڵ جیهانی دەرەوە هەبێت. لە هۆکارەکانی شکست لەم بوارەدا هەڵوێستی ئایدۆلۆژیک و بزربوونی دیپلۆماسییەتی بنیاتنراو لەسەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نەبوونی دەنگیکی یەکگرتوو بووە. لە لایەکی دیکەوە باس لەوە کرا کە تاکایەتیی نەرێنی وڵاتی تەنیوە و ئەمەش زاڵ بووە لەسەر ڕۆحی کۆمەڵ و گوڕ و تینی هاوکاری بەکۆمەڵ. بەپێی دەسکەوتەکان، دەوڵەت لە بواری دانوستان لەگەڵ گرووپە ئێتنیکییەکان نەیتوانیوە بە چەشنێکی شیاو بجووڵێتەوە و لە باتی بیستنی داواکاری و وتەکانیان، زیاتر هەوڵی سڕینەوە و ئاسیمیلاسیۆنی گرووپە ئێتنیکییەکانی داوە. ئەنجامی وەها دۆخێک بۆتە توندڕەوی لە لایەن کۆمەڵێک خەڵکی گرووپە ئێتنیکییەکان. خەڵکی گرووپە جۆراوجۆرە ئێتنیکییەکان، ئایینەکان، پۆل و پیشەکان و ... دەبینن وەڵام و کاردانەوەی ڕەوا بەرامبەر داواکارییەکانیان نادرێتەوە، هاوسەنگیی نێوان ئامانج و

داواکارییەکانیان شێواوە و کۆمەڵگا بە لاڕێدا چووە.

**ئەمیر نەبەوی، توێژەری زانستە سیاسییەکان و مامۆستای زانکۆ:**
هەلومەرجی ئێران تێکەڵاوێکە لە قەیرانە سیاسی، ئابووری و قەیرانەکانی ژینگە کە هەر یەکە بۆ خۆی هەڵگری کۆمەڵێک پرس و گرفتی ئاڵۆزن.

زۆرێک لە بیرمەندانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە دۆخی ئێستای وڵات کە دۆخێکی ئانۆمیکە و باس لە سستبوونی دیسپلینی کۆمەڵایەتی و دابڕان و پسانی یەکڕیزیی کۆمەڵایەتی دەکەن (اباذری، ١٣٩٣). بە شێوەی جیددی، یەکەم جار عەباس عەبدی (١٣٨٥) لە هەشتاکانی کۆچیی هەتاویدا، باسی بابەتی داڕووخانی کۆمەڵایەتی کرد. مەحموود ئەحمەدینەژاد (عبداللهی، ١٣٩٧) و هاوبیرانی لەو کەسانەی دیکەن کە ئەم دواییانە بابەتی داڕووخانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای ئێرانیان باس کردووە. بەپێی باوەڕی ئەم کەسانە، داڕووخان لە بوارە جۆراوجۆرە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کەلتوورییەکان و هەروەها بواری ژینگە و بوارەکانی دیکە هاتۆتە ئاراوە. چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان دۆخی ئێستای وڵات نالەبار دەبینن کە دەتوانێ بۆ داهاتووی ئێران مەترسیدار بێت. دەسکەوتەکانی توێژینەوەی بەردەستیش هەبوونی ئەم قەیرانانە پشتڕاست دەکەنەوە.

**مەهدی فەیزی، مامۆستای ئابووریی زانکۆی فیردەوسیی مەشهەد (خوراسانی ڕەزەوی):**
هەندێ قەیران و کێشە و لە ڕاستیدا قەیرانی هەرەگەورەمان لە ئێراندا هەیە کە وەک بۆمبی کاتی ئامادەی تەقینەوەن. پرسی بانکەکان تا سەندووقەکانی خانەنشینی، قەیرانی ئاو، بێکاری، جوودابوونەوە و تەڵاق، و کێشەی دیکە. هەر یەکەیان مەترسیدارن و کاتێک دەکەونە تەنیشت یەک، مەترسیدارتریش دەبنەوە؛ تەقینەوەی هەر یەکەیان دەتوانێ ببێتە هۆی تەقینەوەی ئەوانی دیکە، ئەمە هەژێنەر و سامناکە.

بیر و بۆچوون وایە کە هۆکاری ئەم ناکارامەییانە دەوڵەتە و بەردەوام دەوڵەت تاوانبار دەکرێت. لە ئێران دەوڵەت/دەسەڵات وەک دامەزراوەیەکی سیاسی لەسەر زۆرێک لە بنکەکانی دیکە وەک بنەماڵە، پەروەردە، ئایین، ئابووری و ... چاوەدێری دەکات و لاوازی و بەهێزیی هەر یەکە لەم دامەزراوانەش ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەم دامەزراوە سیاسییە.

هیچ وڵاتێک ناتوانێ بانگەشەی سەقامگیری سیاسیی ڕەها و هەبوونی ژینگەیەکی تەژی لە

ئاسایش بێت. ئەمەش سەرەڕای گەشەی سیاسی کۆمەڵگاکان لەبەر هۆکاری جۆراوجۆر، وەک کەمبوونی سەرچاوەکان، هەڵسوکەوت و کردەوەکانی دەسەڵات، ململانێ بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، و هەلومەرجی زاڵ لەسەر وڵات لە درێژەی مێژووی ژیانی مرۆڤدا، هەوراز و نشێوی زۆری بەخۆوە بینیوە و بەپێی هەلومەرجی شوێن و زەمەنی، بە ئاستی بەرز یان نزمی تایبەت، حکوومەت و کۆمەڵگاکانی تووشی گۆڕانکاری کردووە. ئەو کێشەوگرفتانەی کە خەڵکی گشتی و تەنانەت دەوڵەت لەگەڵی ڕووبەڕوو دەبنەوە، دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ قەیرانەکانی شوناس، مەشرووعییەت، بەشداری، دابەشین، دەسەڵات و کاریگەری. ئەوەیکە کام یەکە لەم قەیرانانە لەسەر ڕەوتی گەشەی سیاسی کاریگەرییان هەبووە بەپێی دۆخی شوێن و زەمەنی حکوومەتەکان و هەلومەرجە تایبەتەکانی کۆمەڵگا شرۆڤە و شیکاری بۆ دەکرێت. هەندێ جار قەیرانە سیاسییەکان دەگەڕێنەوە سەر یەکێک لەو هۆکارە ئاماژەپێدراوانە و هەندێ جاریش دەکرێ تێکەڵاوێک بێت لە هەموویان کە لەم دۆخەدا، خراپترین جۆری قەیران لەسەر کۆمەڵگا/ ڕێکخراوە زاڵ بووە و حکوومەتەکان/ دەوڵەتەکان یان ڕێکخراوەکان تووشی ڕووخان یان لانی کەم گۆڕانی لیژنەی دەسەڵات/ بەڕێوەبەران دەکاتەوە.

سیستەمی کۆماری ئیسلامی ئێران پاش شۆڕشی ١٣٥٧ی کۆچیی هەتاوی بەرەنگاری شەپۆلێک لە نەیارانی دەرەکی و ناوخۆیی بۆتەوە. نەبوونی پێوەندیی لەگەڵ ئەمریکا و لە هەندێ قۆناغدا وڵاتانی ئەورووپی و هەبوونی گرووپە فێدڕاڵ یان سەربەخۆییخوازەکان لەسەر سنوورەکانی ئێران و هەروەها ناکارامەیی بەڕێوەبەرێتی سیاسی ناوخۆی وڵات بۆ چارەسەرکردنی قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و قەیرانەکانی ژینگە و گەندەڵیی بەربڵاو هەموو شتیان کردۆتە قەیرانێکی سیاسی. هەروەها نەبوونی میدیای ئازاد، نەبوونی ئازادیی دەربڕینی بیروڕا، بەرچاونەگرتنی دەستووری بنچینەیی بۆ بابەتی وەک ڕەوابوونی زمانی دایکی و ئامادەبوونی نوخبەکان لە گۆڕەپانی بەڕێوەبەرێتی سیاسیی وڵات، و نەبوونی پارتی ئازاد و سەربەخۆ دەکەونە ڕیزی قەیرانە سیاسییەکانی وڵات.

بەگشتی دەتوانین بڵێین دەوڵەتی ناوەندی ئێران لە سەردەمی پەهلەوییەوە تا ئێستا کەمتر بە کردەوە هەوڵی بۆ ڕاکێشانی متمانەی گشتیی ئێتنیکەکان جووڵاوەتەوە و ستراتیژی دەوڵەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێتنیکەکان دواخستنیان لە باری ئابووری و یان کەڵک وەرگرتن لە زەبر و زۆر بووە. ئەگەریش لە هەندێ بابەتی وەک ناردنی لیژنە بۆ ناوچەی وەک کوردستان لە ساڵەکانی پاش شۆڕش و وتوویێژ لەگەڵ حیزبی دیموکرات یان وتوویێژ لەگەڵ کەسایەتییە گەورەکانی سوننە لە چوارچێوەی شووڕای ناوەندیی سوننەت (شەمس) هەبووە، وتوویێژەکان شکستیان هێناوە و لە زۆربەی ئەم بابەتانەدا، دانوستانکارانی گرووپە ئێتنیکی و ئایینییەکان بەند یان نەفی کراون. لە ڕاستیدا دەوڵەتە ناوەندییەکان لە درێژەی ئەم سەردەمەدا، بەپێچەوانەی بەڵێن و پەیمانەکانیان، هێشتا لەسەر پاراستنی ئایدۆلۆژیای خۆیان سوورن و بە کردەوە هیچیان بۆ گەیشتن بە یەکڕیزی نەکردووە تا لەم ڕێگایەوە بتوانن متمانەی خەڵکی ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان بەدەست بێنن.

نوانەی ژمارەی ٢٩-٣ و نوانەی ژمارەی ٣٠-٣ ڕوانگەی نوخبەکان و خەڵکی ئاسایی لەسەر دۆخی سیاسیی وڵات پیشان دەدەن. بەپێی ئەو دوو نوانە، سەتا ٨١,٣ی نوخبەکان و سەتا ٧٤,٤ی خەڵکی ئاسایی لەسەر ئەو باوەڕەن کە هەلومەرجی سیاسیی وڵات قەیراناوییە.




نوانەی ژمارەی ٢٩-٣: هەلومەرجی سیاسیی وڵات- نوخبەکان




نوانەی ژمارەی ٣٠-٣: هەلومەرجی سیاسیی وڵات- خەڵکی ئاسایی

بێجگە لە ڕەهەندی سیاسی کە باسی لێوە کرا، ئایینیش وەک بنکەیەکی کاریگەری کۆمەڵایەتی، لە مێژووی ئێراندا هەوراز و نشێوی زۆری تێپەڕاندووە. لە مێژووی ئێراندا پاش ئەوەی کە ئایینزای شیعە لە سەردەمی سەفەویدا وەک ئایینزای باڵادەست و حکوومی هەڵبژێردرا، توخمی مەزهەب بوو بە فاکتەرێکی گرنگ لە سیاسەت و کۆمەڵگای ئێراندا و لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، بنکەی ئایین بەهێزتر لە هەموو سەردەمانی دیکە بووە و بە دامەزراندنی حکوومەتی ئایینی، دەسەڵاتداران خۆیان وەک ئەکتەری جێبەجێکردنی ئایین و ڕێبەرایەتی ئایینی کۆمەڵگای سیاسی دەبیننەوە، ئایین لە هەموو شتدا ڕەنگدانەوە و دەستێوەردانی دەبێت.

وڵاتی ئێران کۆمەڵگایەکی زەبەندە لە باری ئایینی و ئایینزاییەوە کە پاش شۆڕشی ئیسلامی ساڵی ١٣٥٧ی کۆچیی هەتاوی، بە فەرمیکردنی ئایینزای شیعەی دوازدە ئیمامی هەڵاواردن بەرامبەر هەندێ کەمینە هاتۆتە ئاراوە. کەمینەی سوننە یەک لەو کەمینانەیە کە بەپێی وتووێژە ئەنجامدراوەکان، لە نێوان ئایینزای خۆیان و ئایینزای فەرمیی وڵات هەست بە جۆرێک کەلێن و

مەودا دەکەن کە دەتوانێ شوێنهاتی بۆ یەکڕیزی و یەکپارچەیی وڵات هەبێت. سنووردانان لەسەر بەڕێوەچوونی ڕێورەسمە ئایینییەکان، نەبوونی مزگەوتی تایبەتی سوننە لە شارەکانی وەک تاران، گوشار و زەبر لەسەر مەلاکان بۆ بەڕێوەچوون و جێبەجێکردنی ڕێورەسمە ئایینییەکان بەپێی ساڵنامەی مێژوویی سوننە، گەندەڵییە سیاسی و ئیدارییەکان، ناکارامەیی حکوومەت لە ئەکتی سیاسیدا و لە لایەن کەسانێکەوە کە خۆیان بە باوەڕدار دەبینن و بابەت و نموونەی لەم چەشنە، ئەو بابەتانەن کە کەمینەی سوننە ئاماژەیان پێداوە.

**سەید عەبدوسەلام مەحموودییان، مەلا و چالاکی ئایینی لە سەردەشت (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**
لە ئیران، زۆر باسی یەکگرتوویی و یەکڕیزی دەبیستین؛ واتە لە باری تیۆریکەوە هیچ کێشەیەک نییە، بەڵام بە کردەوە، ڕەنگە ئەو ئازادی و دەسەڵاتەی کە شیعە بۆ بانگەشەی ئایینزا و باوەڕی خۆیان هەیانە ئێمەی سوننە نەمانبێت و زۆر جار لێپێچینەوەمان لێدەکەن. هەندێ هێڵی سوور بۆ ئێمە هەیە کە بۆ ئایینزای فەرمی وڵات نییە. خۆزگە بۆ ئێمەیش نەبایە و هەموو بە شێوەی یەکسان ئەم ئازادی و مافانەمان هەبایە!

بەبڕیارنامەییکردنی ئایین و بانگەشەکردن بۆ ئایین لە لایەن کەسانێکەوە کە جاروبار، بەلاڕێداچوونی بنەمایی (بەتایبەت لە بەشی ئابووریدا) لە ژیانی تاکەکەسییان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو دەبێتەوە بۆتە هۆی ئەوەیکە بنکەی ئایین لە ئێران تووشی شڵەژانێکی کارکردی بێتەوە. هەر بەم بۆنەوە مەکتەبە فکرییەکانی وەک ئاتێئیسم، سێکولاریزم، مارکسیزم، و مەکتەبەکانی دیکە زیاتر لە ڕابردوو لە کۆڕە گشتی و تایبەتەکاندا باسیان بکرێت. هەر لەم بوارەدا دەبینین کە لەم ساڵانەی دواییەدا، لە میدیاکان و بەتایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، سووکایەتیکردن بە ئایین بەپێی ڕابردوو زیادی کردووە، مزگەوتەکان چۆڵتر بوونە و کۆمەڵێک بە شێوەی توندڕەوانە هەموو کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێننەوە بۆ ئەو کەسانەی کە خۆیان وەک بڕواداری ئایین دەبینن و دەسەڵات و بەڕێوەبەرایەتی کاروبارە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان بەدەستەوەیە. دەستدرێژیکردنەکان و هێرشی توند بۆ سەر زانا ئایینییەکان زیادی کردووە و جاروبار مەلاکان لە شەقامەکاندا هێرشیان دەکرێتە سەر، چونکە کۆمەڵێک لە خەڵک مەلاکان وەک هۆکاری ئەم دۆخەی ئێستا دەبینن. ئەم دۆخە شڵەژاوە کە دەگەڕێتەوە بۆ شێوانی کارکردی ئایینی پیشاندەری جۆرێک داڕووخانی کۆمەڵایەتییە کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ شڵەژان و شێوانی ئایین لە کۆمەڵگادا.

لە لایەکی دیکەوە، دەستێوەردانی کاروباری ئایینی لە کردەوەی سیاسی و نەبوونی هاوسەنگی لە

نێوان کۆمەڵگای ئایین و کۆمەڵگای مودێڕن بۆتە هۆی پێکهاتنی دامەزراوە چاودێرییە ناکارامەکان، وەک دامەزراوەی ئیستیسوابی، کە ڕەوتی سووڕانی نوخبەکانیان لە نێو کۆمەڵگادا شێواندووە و شڵەژانی کارکردی لە دەوڵەت و بەڕێوەبەرێتی وڵاتدا دروست کردووە. لە پۆستە بەڕێوەبەرێتی و دەوڵەتییە باڵاکاندا، کەمینە ئێتنیکییەکان و بەتایبەت کەمینە ئایینییەکان هەڵنابژێردرێن. ئەمانە هۆکارن بۆ ئەوەی کە زۆر کەسانی زانا و پسپۆڕ نەتوانن بگەنە ئەو شتەی کە شیاوە و مافیان دەستەبەر نابێت.

حەسەن موحەدسی گیلوایی، کۆمەڵناسی بواری ئایین، لە شیکردنەوەیەکدا بۆ مێژووی ئاینداری لە ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بە ئاماژەدان بە هەندێک لێکۆڵینەوەی مەیدانی لەسەر ئەم بابەتە، دەنووسێت: ئامانجی دەستبەجێی ئەم ئیسلامە، کە لەلایەن بناژۆخوازانی ئایینی لە ئێرانی ئێستادا سەریهەڵداوە، دادانی ڕووکەشی شەریعەتە بەسەر جەستەی کۆمەڵگای ئێرانی و بە ئایینیکردنی کۆمەڵگا بە بەکارهێنانی هەر ئامرازێکە (دەستووری و نادەستووری). بەڵام بەو پێیەی هیچ مەرجێکی لەبار و گونجاو بۆ بەدیهێنانی ئەو حوکمە ئاینیانەی کە بناژۆخوازانی ئایینی مەبەستیانە، لە ئارادا نییە، لە کردار و بەڕێوەبردنی ئەوانەوە ئیسلامی «تاراندن» لەدایک بووە. ئامانجی ڕواڵەتی ئەم چەشنە ئیسلامە، بەدیهێنانی ڕێسا ئیسلامییەکانە، بەڵام لە ڕاستیدا ئامانجی شاراوە بەڵام کردەیی و بەدیهاتووی لاوازکردن و بێمتمانەکردنی خودی ئایین و لەناوبردنی کۆی متمانەی مەعنەوییەتی. تا زیاتر و زیاتر کەرامەتی ئایین لە چاوی گەلی ئێراندا لەدەست دەچێت، دامەزراوەی ئایین تادێت لاوازتر دەبێت و زیاتر و زیاتر دەسەڵات و متمانەی کۆمەڵایەتی خۆی لەدەست دەدات و ئەخلاقی کۆمەڵایەتی پتر عەلمانی دەبێت. بەهەمان شێوە، کارگێڕانی ئایینیش کاریگەری ئەم ڕەوتەیان لەسەرە و زیاتر لە پێشوو کەرامەت و جێگای خۆیان لە کۆمەڵگادا لەدەست دەدەن (محدثی گیلوایی، ١٤٠١).

بە پێی دوایین داتای فەرمی کە لە لایەن «ناوەندی چاودێری فەرهەنگی وڵات»ەوە بڵاو کراوەتەوە، مامۆستایانی ئایینی لە دوو ڕاپرسی نیشتمانی کە لە ساڵانی ١٣٧٩ و ١٣٨١ ئەنجام دراون، لە ڕووی ئاستی متمانەی خەڵکەوە بوونەتە نۆیەمین گرووپی جێیبڕوا لە کۆمەڵگای ئێراندا. هەروەها ئەم ڕاپۆرتە بە دروستی باس لە پەیوەندی نێوان پێگەی کۆمەڵایەتیی مامۆستایانی ئایینی و پێشهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئێستای وڵات دەکات: «پێگەی هەندێک گرووپ یان پلەوپایەی کۆمەڵایەتی وەک مامۆستایانی ئایینی، ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە پێشهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە. زانایانی ئایینی تاکوو دوو دەیە لەمەوبەر لە کۆکردنەوەی سیاسی زۆرێک لە گرووپ و چینەکانی کۆمەڵگادا ڕۆڵێکی بێهاوتاییان هەبوو. بەپێی دەرەنجامەکان، ئەم پێگەیە بەردەوام لاواز بووە» (فلاح، ١٤٠١، ٣٢).

**هادی نەقدی، ڕاوێژکار و دەروونناس لە سنە (کوردستان):**
چاوەدێریی ئیستسوابی دەبێتە بەربەستی ئەوەیکە ئەو نوخبانەی خواستی هەڵبژێردراویان هەیە بێنە گۆڕەپانی دەسەڵاتی ئێران. بۆیە دەبینین کە کەسانێک کە وەک بەڕێوەبەرانی سیاسی دەناسرێن ئەوە نین کە شیاوی ئەو پێگەیە بن.

چاوەدێری ئیستسوابی هۆکاری دابەشکردنی تاکەکان بە خۆمان و خۆیان و بەستێنی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی کراوە و ئازاد لەسەر تەوەری خەڵک ئامادە نەبووە. ئەم ناکارامەبوونەی بنکەکانی بڕیاردان و ئامادەبوونی کەسانی لایەنگری پارتێکی تایبەت دەبێتە هۆی ڕانتی زانیارییەکان و ڕادەستکردنی بەڕێوەبەرێتی باڵا و سەرەکی وڵات و بەڕێوەبەرێتی مامناوەندی و تەنانەت بەڕێوەبەرێتی چکۆلەترین بەشەکان ڕادەستی کەسانێک دەکرێت کە پاڵێورانیان مەرجی دەبێتە ئەوەیکە پەیمان و بەڵێنیان بە پارت و باوەڕی تایبەت هەبێ و بەم بۆنەوە شیاوسالاری لەناو دەچێت، فکر و ئەندێشە داخرێن، دووڕوویی و درۆ لە نێو سیاسەتوانان زیاد بکات و کەسانی نەشیاو بەڕێوەبەرێتی کاروبارەکانیان پێ بسپێردرێ. لەم دۆخەدا کەسانێکی زۆری خاوەن زانست و پسپۆڕ، لە باتی ئەوەیکە وەربگیرێن، ڕەت دەکرێنەوە و خۆیان بەدوور لە بەرەی دەسەڵاتدار دەبینن و جۆرێک کەلێن و مەودا دەکەوێتە نێوان نوخبەکانی کۆمەڵگا و سیستەمی دەسەڵات.

ئەم بابەتە نەک هەر لە بەشە سیاسییەکان بەڵکوو لە بەشە ئابوورییەکانی کۆمەڵگاشدا ڕاستە و ئامادەنەبوونی نوخبەکان بۆتە هۆی ناکارامەبوونی ئەم بەشە و ئەگەری سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووریی لە ئێران هێناوەتە ئاراوە. بێنرخبوونی پارەی ئێران، دابەزینی دەسەڵاتی کڕینی خەڵک، گرانبوونی دۆلار، و نەبوونی سیاسەتە ئابوورییەکانی پارەیی و بانکی دەگەڕێنەوە سەر ناکارامەبوونی ئابووریی ئێران و وەک گرنگترین هۆکارەکانی داڕووخانی ئابووریین. لە نێو ئەم بابەتانەدا، بابەتی ئابووری، بەهۆی بەرچاوبوون و کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی خەڵک، زیاتر لە جۆرەکانی دیکە سەرنج و ئاوڕی لێ دەدرێتەوە و کاردانەوە بەرامبەری خێراترە لەوانی دیکە.

**ڕەزا سەواری، چالاکی ئابووری بەشی کشتوکاڵ و پەروەردەکردنی مریشک لە مەهاباد (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**
کاتێک بانکەکان سەتا ١٨ سوود دەدەن، ناچارن لە ئێمە (بازرگان و کارخانەدار) هەر ئەوەندە سوود وەرگرێت. سیاسەتیی بانکیی ئێمە پێویستە بگۆڕدرێ، لە هەموو دنیادا پارەت لای بانک بێ، پارەت لێ وەردەگرن. هەموو قەرزداری سیستەمی بانکین.

**سامان ڕەهنەما، چالاکی ئابووری و ئەندامی شووڕای شاری مەهاباد (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**
سێ مانگ پێش ئێستا، هاوڕێیەکم خانووی فرۆشتووە بە ٢٧٠ ملیۆن، ئێستا بە ٦٠٠ ملیۆنیش ناتوانێ خانوو بکڕێت.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا، گوشاری ئابووری لە ئێران تا ڕادەیەکی زۆر زیادی کردووە. ژمارەیەک لە بانک و بنکە ماڵییەکان مایەپووچ بوون. دەوڵەت نەک ناتوانێ بۆ گەشەپێدان و پەرەپێدانی پیشە و کار، هاوڕێ و یارمەتیدەری کارخانەداران و بازرگانان بێت، بەڵکوو بەرگری لە گەشە و پەرەسەندنی کارخانەکانیش دەکات و سیستەمی کۆمپانیاداری هێناوەتە ئاراوە کە بە جۆرێک زۆربەی کارخانە و کارگەکان مایەپووچ کراون یان ئەوەیکە بۆ قەرەبووکردنەوەی قەرزە نالۆژیک و ناشەرعییەکانی خۆیان کارگەکانیان داگیر کردووە. ئابووریی دەوڵەتیی ئێران نەک کارامە نییە، بەڵکوو بەداخەوە بەرەبەرە گەندەڵیشی پێ زیاد کراوە. وەها هەلومەرجێک پێشاندەری شڵەژان و شێوانی بنکەی ئابوورییە کە دەرئەنجامە حەتمیەکەی لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتیدا زیادبوونی تاوانە داراییەکان، کەمبوونەوەی هەستی ئاسایشی ئەندامانی کۆمەڵگا، لاوازبوونی متمانەی گشتی، بڵاوبوونەوەی ڕەفتارە دژە کۆمەڵایەتییەکان، گوشارە دەروونییەکان و...هتدە،کە ئەگەر چاکسازی بۆ نەکرێت، ئەنجامێکی نابێت بێجگە داڕووخانی کۆمەڵایەتی.

**پیاوێکی تەمەن ٣٥ ساڵ لە مەشهەد:**
وڵاتی ئێمە خەریکە کاول بێت. لە لایەکەوە دزی چەن ملیاری ڕوو دەدات و کەس ناتوانێ بەرگری لێ بکات و لە لایەکی دیکەشەوە کۆمەڵێک خەریکن دەفەوتێن. گوشاری ئابووری خەریکە زۆرینەمان بفەوتێنێ.

زۆربەی ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی دەوڵەت دەکرێتەوە وەک جێبەجێکاری ڕەخنەکان، چ لە ئاستی گشتی و چ لە ئاستی نوێنەرانی پەرلەمان دەگەڕێنەوە سەر ئەم بوارە.
یەکێکی دیکە لە لایەنەکانی داڕووخانی کۆمەڵایەتی پچڕان و پسانی یەکڕیزیی نەتەوەیی-نیشتمانییە. لە وڵاتی ئێران، بەردەوام حەشیمەتی جۆراوجۆر پێکەوە ژیاون، ململانێ و ڕکابەری زۆر لە نێوان دەرکەوتنە جۆراوجۆرە ئێتنیکییەکانی ئێران بوونی هەبووە. لە هەر سەردەمێکدا، تاقمێکی تایبەت دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە و دەسەڵاتداربوونی هیچ یەکەیان بە واتای سڕینەوەی کەسانی دیکە نەبووە و بابەتی سەرەکی لەم ململانێ و ڕکابەرییە لەسەر ئێرانیبوون یان ئێرانی نەبوون بووە. یەک نموونەی مێژوویی نابینیتەوە کە تیایدا، بەرە یان حکوومەتێک پاش بەدەستهێنانی دەسەڵات

هەوڵی سڕینەوەی تەواوی گرووپەکانی دیکە و حاشاکردنی بوونیان وەک ئێرانی هەبووبێت. بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە لە هەموو ئەم سەردەمە مێژووییانەدا، هەڵاواردنە ئێتنیکییەکان لە باری ئابووری، سیاسی، کەلتووری، کۆمەڵایەتی و بوارەکانی دیکە بوونی هەبووە کە هەڕەشەن بۆ پسان و پچڕانی یەکرێزی نەتەوەیی-نیشتمانی.

**ئەحمەد، قاڵیفرۆش لە ورمێ (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**
بەم هەموو هەڵاواردنە ئێران دابەش دەبێت. لە کورتخایەندا بێزاری خەڵک زیاد دەکات و لە درێژخایەندا ئەنجامی دەبێتە داڕووخان و دابەشبوون.

لە وڵاتێکی وەک ئێران کە لە باری ئێتنیکییەوە زەبەندە و چەندین ئێتنیکی تێدایە، ئەگەر دەوڵەت ئێتنیکەکان دابەش بکاتە سەر شارومەندی پلە یەک و پلە دوو و وەک پێڕەوی سیستەمی دەسەڵاتخوازی ناوەندی سەیریان بکات، ئەم تێڕوانینە دەبێتە هۆی جودابوونەوەی ئێتنیکە ئێرانییەکان و گەشەکردنی ناوەندپەرێزی، چونکە ئەم نیشتمانە بەرین و دەوڵەمەندە هی هەموو دانیشتووانییەتی و تەنیا بە بەشداری هەمووانە کە دەتوانێ لە هەر جۆرە هەڕەشە و خەسار و ڕووداوێک بەدوور بێت و بپارێزرێت، بەڵام دەسەڵاتخوازیی ناوەندی و ڕوانگەی ئێتنیسیتە-ئایینی تایبەت دەبێتە هۆی سیاسەتی وەک سڕینەوەی کەلتوورەکان کە ئەنجامی وەک توندڕەوی لە نێو ئێتنیکە ئێرانییەکانی لێکەوتۆتەوە، دیاردەیەک کە بە باوەڕی بەشداربووانی ئەم لێکۆڵینەوە دەتوانێ دیمەنی هەمان ئەو شتەی بێت کە لە سووریا و عێراق و یەمەن لەم ساڵانەی دواییەدا هاتۆتە ئاراوە.

**ڕوحوڵڵا ئیسلامی شەعبجەرە، مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی فیردەوسی لە مەشهەد (خوراسانی ڕەزەوی):**
دۆخەکە قەت دۆخێکی باش نییە و ئێمە لەسەر قەڵشتداین کە دەتوانێ هەموو شت کاول بکات... ئەگەری ئەوەیکە ئێرانیش وەک عێراق و سووریا و ئەفغانستانی لێبێت زۆرە.

لەم ڕوانگەیەدا داڕووخان تەنیا ناگەڕێتەوە سەر ئاڵۆزییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکوو دەڵێن کە بەپێی نارەزایەتییەکانی ناو ئێتنیکە ئێرانییەکان (وەک ئازەرییەکان، کوردەکان، عەرەبەکان، بەلووچەکان و تورکمانەکان) هەڵاواردنی کەلتووری، ئابووری و سیاسی و هەروەها دەرفەتە نوێکانی شوناسدۆزینەوە لە بەستێنی بەجیهانیبوودا بۆ ئێتنیکە پەراوێزخراوەکان بۆتە هۆی ئەوەیکە گوشارە بەردەوامە نێودەڵەتی و مافی مرۆییەکان لەسەر حکوومەت ئەگەری توندبوونەوەی قەیران لە ناوچە ئاماژەپێکراوەکان زیاد بکات. بە واتایەکی دیکە، داڕووخان لەم واتایەدا هەمان شڵەژان و

لێکپچرانی ئێتنیکی-نەتەوەییە.

کاتێک کە پێوەندیی نێوان پارچەکانی کۆمەڵگا ئاڵۆز و نابەکەڵک دەبن، ئاقاری پێویست بۆ پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی تاک لەناو دەچێت و تاکەکان کەم تا زۆر لە هەلومەرجێکی ئاسایی کۆمەڵگادا گەشە ناکەن و لە ژێر گوشاری دەسەڵاتی سیاسی حاکم بەرامبەر بە یەک کارلێکێکی ڕواڵەتی ئەزموون دەکەنەوە. ئەم ڕوانگە زیندووبوونی پێکهاتەی حکوومەتیی وڵات، سەرەڕای بڕوا بە داڕووخانی کۆمەڵایەتی، دەگەڕێننەوە ڕێکخستنەکانی دامەزراوەی سیاسی و کەڵک وەرگرتن لە دەسەڵاتی ئەو دامەزراوەیە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە پەتی دەسەڵاتی سیاسی تا ڕادەیەک توانای ڕاگرتنی ئەو دۆخەی هەیە و وەها ڕاگرتنێکیش شوێنهاتی تایبەتی خۆی بەدوادا دەبێت. پێکهاتەی سیاسی داخراو لە ڕێگای داخستنی کۆمەڵگاوە، شڵەژانی پێوەندییەکان وشڵەژانی کردەوەی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە. هەرچی داخرانەکە لە لایەن حکوومەتەوە قووڵتر و بەربڵاوتر بێت، شڵەژان و کێشە قووڵتر و مەترسیدارتر دەبێت. مەبەست لە قووڵی داخران، ڕێژەی دیکتاتۆرییەت و بەربەستە کرداری و بەشداریخوازانەکانە بۆ خەڵک ومەبەست لە بازنەی داخران لایەنە کۆمەڵایەتییەکان کە داخرانەکە دەیانگرێتەوە. بۆیە داڕووخان زیاتر تووشی سیستەم و دەسەڵاتە ئایدۆلۆژیکەکان دەبێتەوە کە لە هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا دەستێوەردانیان هەیە و کاتێک کە قووڵایی داخرانەکە لە وەها سیستەمگەلێکدا زیادی کرد، تەنانەت چاکسازی و ڕیفۆڕمی پێکهاتەی سیاسیش وڵامدەر نابێ (عبدی،١٣٨٥، ١٦).

**محەممەد جەماڵەدین واژی، چالاکی ئایینی و کارناسی کۆمەڵناسی لە پەسوەی پیرانشار (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**

ڕانت، گەندەڵی سیاسی و ئابووری، نایەکسانی کارەساتبار لە سیستەمی پەروەردەیی و دادوەریدا، و چەوساندنەوە بەرامبەر بە کەمینە ئێتنیکی و ئایینییەکان و هەروەها ژنان، کۆماری ئیسلامیی گەیاندووەتە بنبەست و قەوارەیەک بە ناوی ئێرانیشی بەرەو قەیرانی درێژخایەن و قووڵی کۆمەڵایەتی و تەنانەت دارمان ڕاپێچ کردووە. ئەگەر ڕۆژێک ئەم کەمایەتییە ئێرانییانە بە هۆی نەبوونی ئازادی و دادپەروەرییەوە لە یەکڕیزی خاکی ئێران تێپەڕن و داوای جیابوونەوە بکەن، بەرپرسانی وڵات دەبێ تەنیا لە خۆیان گلەیی بکەن.

بەگشتی دەتوانین بڵێین کە بەپێی بەڵگەنامە جۆراوجۆرەکان، پرسە ئێتنیکییەکان یەک لە گرنگترین و لە هەمان کاتدا کاریگەرترین پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی جیهانی هاوچەرخن. بەپێی هەندێ بەڵگەنامە، پێدەچێت توندبوونەوەی بابەتی شوناس و چالاکییە ئێتنیکییەکان یەکێک لە ئاشکراترین هێماکانی دینامیسمی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران دەبێت لە داهاتوویەکی

نزیکدا و هۆکارەکانی ئەمەش بریتین لە: توندبوونەوەی دابڕانی شوناسی نەتەوەیی و ئێتنیکی، بەرزبوونەوەی داواکارییەکان، گەشەکردنی هەڵچووی ڕێکخراوەکان، بنکەکان، ئەنجومەنەکان و ناوەندە ئێتنیکییەکان، پێکهاتنی هەستە ئێتنیکگەرایانە توندڕەوانەکان لە نێوان هەندێ لە نوخبەکان، ڕۆشنبیران و پارتە سیاسییەکان، زیادبوونی هەست بە بێگانەبوونی سیاسی و سازبوونی مەودا لە نێوان ئێتنیکەکان و سیستەمی سیاسی، سەرهەڵدانی داواکارییە ئێتنیکییەکان لە دەرفەتە کراوەکانی سیاسی وەک هەڵبژاردنە نەتەوەیی و ناوچەییەکاندا (کریمی ملی، ١٣٩٣، ٣٨٨).

## تێپەڕاندنی قەیران

مەرج و ڕێنماییەکانی دەرچوون لە دۆخی داخراوی ئێتنیکی لە ئێراندا و تێپەڕاندنی قەیرانە قووڵبووەکان کە ئاکامی حاشاهەڵنەگری دارمانی بناغە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتە، تەوەری کۆتایی دەرئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە لە دووتوێیدا وتوویژ لەگەڵکراوەکان وێڕای دەربڕینی بۆچوون و ڕایان سەبارەت بە داهاتووی وڵات، پێداویستییەکانی تێپەڕاندنی سەرکەوتوانەی ئەم دۆخە مەترسیدارە پەیوەست بە قبووڵکردنی واقیعی فرەئێتنیکی، هەوڵدان بۆ پاراستنی شوناسی گرووپە ئێتنیکییەکان، دروستکردنی یەکڕیزی و هاوبەشی لە بەرژەوەندییە ئێتنیکی و نەتەوەییەکان، پێداچوونەوە بە بیروباوەڕەکان، کەڵک وەرگرتن لە توانا ئەرێنییەکانی دەستوور، مافی هاووڵاتیبوون، جیاکردنەوەی ئایین لە حکوومەت، جووڵانەوە بە ئاقاری میانڕەوی و ئاشتەوایی نەتەوەیی و ئاشتیی سەقامگیر دەزانن.

گرنگترین بابەت لەم پرسەدا یارمەتیدانە بە پاراستنی شوناسی ئێتنیکیی ئێتنیکەکان لە چوارچێوەی ڕوانگەی زەبەندگەرایی کەلتووریدا. بابەتی گرنگی دیکە لەمبارەوە پێداچوونەوەی بنەمایی و پێکهاتەییە لە باوەڕەکان و هاوسەنگکردنی ئەندێشە دوگماتیک و گرساوەکانی ئێستا بەرامبەر بە ئێتنیکییەتەکانە. دەستوور هەڵگری هەندێ دەفرایەتییە کە دەسکەوتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەش پیشاندەری ئەوەن کە زۆرێک لە داواکارییەکانی گرووپە ئێتنیکی و ئایینییەکان دەکەونە ئەم بازنەیە و بەپێی ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوە، ژمارەیەک لە خەڵکی ئەم گرووپانە جێبەجێبوونی ماددە یاساییەکانی دەستوور وەک ئەوپەڕ و کۆتایی داواکارییەکانی خۆیان دەبینن. بۆیە پێویستە کە بۆ تێپەڕاندنی قەیرانە ئاماژەپێدراوەکانی بەشی پێشوو، کەڵکی پێویست لەم دەرفەتە یاساییە ئەرێنیە وەربگیردرێت. بابەتی مافی هاووڵاتیبوون و باوەڕ و ڕیز لەو مافانە یەکی دیکە لەو بابەتانەیە کە ئەتوانێ یارمەتیدەری تێپەڕاندنی قەیرانە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکان بێت. بابەتی گرنگی دیکە لەم بوارەدا ڕەچاوکردنی هاوسەنگی و دووریکردنە لە هەر جۆرە توندڕەوییەک لەسەر گرووپە ئێتنیکییەکان و هەنگاونانە لە ڕێبازی میانڕەویدا. بەرچاوگرتنی ئەم بابەتانە، لە باتی ئەوەیکە وڵات بخاتە سەر ڕێگای داڕووخان –کە لە بەشی پێشوودا ئاماژەمان پێدا- لە ئەنجامدا ئاراستەی ئاشتیی نەتەوەیی و بەردەوام دەگرێتە پێشێ. لە درێژەدا هەر یەکە لەم بابەتانە زیاتر شی دەکرێنەوە.

## پاراستنی شوناسی ئێتنیکی

شوناسی ئێتنیکی کۆمەڵەیەکی تایبەتە لە فاکتەرە واقیعی (عەینی)، زەینی، کەلتووری، کۆمەڵایەتی، باوەڕی و دەروونییەکان کە لە گرووپێکی مرۆییدا دەرکەوتنی دەبێت و لە گرووپەکانی دیکە جیاوازی دەکاتەوە (الطایی، ١٣٨٢، ص ١٣٩). ئەمڕۆ ئەم شوناسە جەماوەرییە لە چەند بوارێکی جیاوازەوە کەوتۆتە بەر مەترسی و توانەوە، لەم ڕووەوە هەوڵدان بۆ پاراستن و بەردەوامیی بووەتە پرسی ناوەندی ژیانی بەکۆمەڵی ئەندامانی سەر بە ئێتنیکەکان و لە نێو نوخبە و خەڵکی ئاساییشدا کاردانەوەی جیاوازی لێکەوتۆتەوە. بیرۆکە و ڕەوتە سەرووئێتنیکی و سەروونەتەوەیی و جیهان وەتەنییەکانی ژێرکاریگەریی پرۆسەی جیهانگیری لە بوارەکانی زانیاری، پەیوەندییەکان، ئابووری، کەلتوور و شێوازی ژیاندا، دیاردەیەکی گەورە و جیهانییە کە شوناسە نەریتی و بچووکە ئێتنیکی و ئایینی و تەنانەت نەتەوەییەکان تووشی ئاڵنگاری کردووە. لەسەر ئاستی نیشتمانی و لەچوارچێوەی وڵاتانی خاوەن فرەڕەنگیی ئێتنیکیدا، ئێتنیکەکان بەپێی ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ گوتاری دەسەڵات و سەروەریدا هەیانە، خۆیان لە هەلومەرجی جیاوازی هەڕەشە و دەرفەتدا دەبیننەوە و شوناسی ئێتنیکییان بە گوێرەی ئەم بارودۆخەملکەچی پاراستن و بەردەوامی وبەهێزکردن یان هەڕەشە و سڕینەوەیە. پاراستن و بزۆزیی شوناسە ئێتنیکییە جۆراوجۆرەکان لە بازنەی سنوورەکانی یەکەیەکی سیاسیدا، پێویستی بە دەسەڵاتێکە کە باوەڕ و پابەندیی بە بیرۆکە و پرەنسیپەکانی حوکمڕانی دیمۆکراتیک هەبێت تاکوو لەو بەستێنەدا، بنەمای یاسایی و پێکهاتەیی بۆ پاراستنی شوناسە ئێتنیکییەکان لە هەر قەبارە و دۆخێکدا دابین بکرێت، بەڵام لە نێو کۆمەڵگا سیاسیە دواکەوتووو و دوور لە ئەزموونی حوکمڕانی دیمۆکراتیک، ئێتنیکییەتەکان هەمیشە لە پێگەی ناهاوسەنگدا دادەنرێن و ئەم مژارە شوناسی ئێتنیکیی زۆربەیان دەخاتە مەترسییەوە، چونکە لەو وڵاتانەدا، شوناسە ئێتنیکییەکان لە گەمەی دەسەڵات و بەرژەوەندییە جەماوەرییەکاندا، وەکوو هاودژ پێناسە دەکرێن و بێگومان پاراستنی هەر یەکیان پەیوەستە بە لاوازبوون و نەهێشتنی ئەویترەوە. سەرچاوەی سەرهەڵدانی ئەم پەیوەندییە دوژمنکارانە لە نێوان شوناسە ئێتنیکییەکاندا، زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی حکوومەتە نوێیە نادیموکراسیەکان لەناو کۆمەڵگە چەندئێتنیکییەکاندا، کە لە ڕەوتی پرۆژەی نەتەوەیی‌سازیدا، تایبەتمەندییەکانی یەکێک لە ئێتنیکییەتەکان وەک شوناسی نەتەوەیی هەڵبژێردراوە و ئێتنیک و گرووپە ئێتنیکییەکانی دیکە وەلا نراون و توخمە شوناسییەکانیان وەک میراتێکی نەریتی کە گرنگی و پێویستییەکی ئەوتۆی لە ژیانی مۆدێرندا نییە، ئەژمار کراون و لەسەر بنەمای وەها ڕێبازێک، بەپێی ڕوانگەی باڵادەست، بەردەوامبوونیان نکوڵیکردنە لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و یەکێتی نیشتمانی. بۆیە ئەگەر نەکرێنە ئامانجی پاکتاوکردنی ڕێکخراو، لەلایەن دەوڵەت و حکوومەتەوە بۆ پاراستنیان ڕێکاری ئەوتۆ و کاریگەر ناگیردرێتە بەر.

خواست و کردار و هەڵوێستی خەڵکی ئاسایی و نوخبەی سەر بە ئێتنیکییەتەکان بەرامبەر بە شوناسی ئێتنیکیی خۆیان بە پێی پێگەی ئەو شوناسە، لە نێو گوتاری باڵادەستدا پێناسە دەکرێ.

بۆیە هەندێک لە شوناسە ئێتنیکییەکان، بە دڵنیابوون لە پاراستنی تایبەتمەندییە شوناسییەکانیان لە چوارچێوەی شوناسی نەتەوەییدا، بەرەو بیرۆکە جیهان وەتەنییەکان هەنگاو دەنێن و ئەم دیاردە بە هەڕەشە بۆ سەر شوناسی ئێتنیکیان لە قەڵەم نادەن و تەنانەت ئەم ویستانە وەک جۆرێک لە پێویستییەکی ژیان لە جیهانی هەنووکەدا ئەژمار دەکەن. ئەم دیاردەیە لە ئێرانی ئێستادا زۆرتر لە نێو خەڵکی فارسدا دەردەکەوێت، کە زۆرێک لە تایبەتمەندیەکانی شوناسی ئێتنیکیی خۆیان هەڵکشاوە بۆ پێگەی شوناسی نەتەوەیی، بۆیە ئەو پرسانەی کە هێشتا لە چاوی ئێتنیسیتەکانی دیکەدا گرنگییەکی چارەنووسسازیان هەیە، ڕەنگە لە دیدی خەڵکی ئاسایی و نوخبەی فارسدا بە نەرم و نیانیەکی زیاتر چاوی لێ بکرێت.

**ڕەحیم مووسەوی، خانەنشینکراو و دەرهێنەری شانۆ لە سمنان:**
خەریکبوون بەم شتانەوە وەک ڕابردوو نەماوە. بۆ نموونە ئێمە جلوبەرگی باب و باپیرانمان لەبەر ناکەین، ئێمە پیشە و کاری ئەوانمان نییە و هەموو ئەمانەش بوونەتە هۆی دوورکەوتنەوە لەو کەلتوورە. جلوبەرگ و کار و پیشەی من و شێوازی زەواج و لە هەموو گرنگتر، گۆڕانی زمانی ئێمە پیشاندەری ئەوەیە کە ئێمە وەک باب و باپیرانمان نین.

سەرچاوە و ئامرازەکانی شوناسی کۆمەڵایەتی مەیل و خواست بۆ کەلتووری هاوبەش، نیشتمانی هاوبەش، زمانی هاوبەش و مێژووی هاوبەشن. ئەم مێژوو و زمانی هاوبەشە دەتوانێ لە دەرەوەی سنوورە دانراوەکانی جیهانی ئەمڕۆ بێت. کۆی ئەم هێمان و فاکتەرانە پێکهاتنی چەمکبەندییەکیان لێدەکەوێتەوە لە ئەندامایەتی گرووپ. چەمکبەندی دەبێتە هۆی زیادبوونی ئەو شێوازانەی کە لە نێو گرووپدا گونجاون و لە درەوەی گرووپدا تێچوویان دەبێت. ئەمڕۆ بنەمای شوناسی لە دۆخی سونەتی و پێوەندایەتی خۆی چۆتە دەرەوە و تاک ئەو دەسەڵاتەی هەیە بۆ خۆی بەدوای بنەما شوناسییەکانی خۆیدا بگەڕێت. ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە پیشان دەدەن کە وەها دۆخێک زیاتر لە نێو فارس زمانەکاندا هەیە کە «ئێمەی شوناسیی» خۆیان گەشە پێدەدەن و لە ئاستی سەرەکی وڵات یان جیهاندا پێناسەی دەکەن. بە واتایەکی دیکە چالاکوانانی ئەم گرووپە بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی بنەمای شوناسیی خۆیان کەمتر شوێنی ڕیشە نەریتییە وەرگیراوەکان لە باب و باپیرانیان دەکەون.

**شەهرام گەڕاوەندی، کۆمەڵناس و ڕۆژنامەوان لە پارێزگای خووزستان:**
وەک مرۆڤێکی ئەمڕۆیی کە هەندێ قۆناغم تێپەڕاندووە، بڕوا و پێبەندبوونم بە ئێتنیسیتە نییە و خۆم وەک مرۆڤێکی جیهانی دەبینمەوە. خۆم بە ئێرانییەک دەزانم کە هاووڵاتییەکی جیهانیە.

ئەو قەومییەتانەی کە شوناسیان کەوتۆتە بەر شاڵاوەکانی سیاسەتی نکۆڵی و ڕەتکردنەوە و سیستەمی دەزگای سیاسەتدانانی وڵات گرنگی بە پاراستن و داکۆکییان نادات، شوناسی خۆیان لە ژێر هەڕەشەیەکی بەردەوامدا دەبینن. ئەم دیاردە لە لایەکەوە بە سیاسیکردنی شوناسی ئێتنیکی دەبێتە هۆی کاردانەوەی چالاکانەتری ئەندامانی گرووپی ئێتنیکی بەرامبەر بە مژاری پاراستنی شوناس و هەوڵێکی گشتی بۆ تۆخکردنەوەی پتری سنوور و بازنەی شوناسی ئێتنیکی و پاراستنی بە یارمەتیی ڕێکارە سیاسی ، کۆمەڵایەتی و کەلتووری و هونەرییەکان. لە لایەکی دیکەوە کەوتنە مەترسیی شوناسی ئێتنیکی، ویستی بەرەنگاربوونەوە لە دژی نەتەوەخوازیی باڵادەست و ڕووبەڕووبوونەوەی گوتاری سیاسی دەسەڵات دەخولقێنێت، کە دەرئەنجامی دیاری، لێکترازان، زیادبوونی ئاستی ململانێی کۆمەڵایەتی، بێمتمانەیی ئێتنیکییەتەکان بە دەوڵەت، قووڵبوونەوەی گرژییە ئێتنیکییەکان، وەگەڕکەوتنی کەلێنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و کەوتنە مەترسیی یەکیەتیی نیشتمانی و یەکپارچەیی خاکی وڵاتە. کەڵەکەبوونی هەڵاواردنی ئێتنیکی تێکڕای هەڵاواردنی ئایینی، فاکتەرێکی گرنگی دیکەیە کە لە نێو ئێتنیکی بەلووچ و کورد و تورکماندا، خاوەنی ئاستێکی بەرزی پێکەوە گونجانە و کار دەکاتە سەر زیاترکردنی مەودای پچڕانی شوناسیانە و هەڕەشە و گرژییەکانی. بۆیە هەوڵدان بە ئاراستەی داڕشتن و جێبەجێکردنی ئەو سیاسەت و ستراتیژییە ئێتنیکییانە کە زامنی پاراستن و بەهێزکردنی بنەماکانی شوناسی ئێتنیکی بن و هەلومەرجی زاڵبوون بەسەر هەڵاواردنی نەتەوەیی هەمەلایەنەی سیاسی، کەلتووری، ئابووری و کۆمەڵایەتی بڕەخسێنن، بۆ تێپەڕینەوە لەم دۆخە مەترسیدارەی کە وڵاتی تووشی کێشە و گرفت کردووە، پێویستیەکی حاشاهەڵنەگرە.

**ڕەزا سەواری، بەڕێوەبەری کارگێڕی کۆمپانیای زنجیرەی یەکپارچەی بەرهەمهێنانی مریشک لە مەهاباد:**
جل و بەرگی هەر ئێتنیکێک، هێمای ئەو ئێتنیکەیە و دەبێت بپارێزرێت.

**سەلاحەدین خەدیو، دەرمانساز و چالاکی مەدەنی لە مەهاباد:**
هەوڵدان بۆ برەودان بە ئایینزاییێک کە دەسەڵات پاڵپشتی دەکات، تێڕوانینێکی نەرێنـی لـە ئێمـەدا دروسـت کـردووە. ئەگـەر دەسـەڵاتی حاکـم پشـتگیری لـە ئایینـی فەرمـی بکات، ئـەوا کەلێنـی ئایینی قـووڵتر دەبێتەوە.

دەرئەنجامەکانـی ئـەم لێکۆڵینەوە، لە هەر دوو ڕوانگەی خەڵکی ئاسـایی و نوخبە ئێتنیکییەکانەوە، بـە کـۆی دەنـگ هـاوڕان کـە پاراسـتنی شوناسـی ئێتنیکـی بنەمایەکـە بـۆ تێپەڕاندنـی قەیرانـەکان. هەروەها لە چاوپێکەوتنەکاندا، چارەسـەرەکانی پاراسـتنی شوناسـی ئێتنیکی، بە مەبەسـتی دەرچوون لـە قەیرانـەکان، لەسـەر دوو تـەوەری چالاککردنـی توانـا فەرامۆشـکراوەکانی دەسـتوور لـە بـواری ئێتنیکـی و ئایینـی، و خوڵقاندنـی توانـای نـوێ لە ڕێگـەی پێداچوونەوە بە هەندێک بنەما و سیاسـەتی پەیوەندیـداردا، پێشـنیار کراوە.
دەسـکەوتەکانی هـەر یەکـە لـە چـوار گرووپـی ئێتنیکیـی کـورد، ئـازەری، بەلـووچ و عـەرەب؛ کـە هاوزمانیـان لـە دەرەوەی سـنوورە جوگرافیاییەکانی وڵاتی ئێراندا هەیە پیشـاندەری ئـەو مەیلە بەرامبەر بـە خەڵکـی هاوئێتنیکـی خۆیانـە لەودیـو سـنوورەکانەوە. بـە واتایەکـی دیکـە، گرووپـی ئێتنیکیـی تورکـەکان بـۆ پێناسـەکردنی شوناسـی ئێتنیکیی خۆیان چـاو لە وڵاتانـی ئازربایجان و تورکیـا دەکەن. کـوردەکان سـەیری وڵاتانـی عێـراق و تورکیـا و سـووریا دەکـەن. بەلووچـەکان لەگـەڵ هاوئێتنیکانـی خۆیـان لـە ئەفغانسـتان و پاکسـتان وەک یەک دەبیننـەوە. عەرەبەکانی خووزسـتان بازنەی شوناسـیی خۆیـان وەک هەمـوو عەرەبەکانـی جیهـان و بەتایبـەت وڵاتانـی دەوروبـەری کەنـداوی فـارس دەبینـن. خەڵکـی ئـەم گرووپانـە لەسـەر ئـەو بـاوەڕەن کـە ئێـش و ئازارەکانـی هاوزمانانیـان ئەوانیـش خەمبـار و شـایی و خۆشـییەکانیان ئەوانیـش شـاد دەکاتـەوە و لەگـەڵ هاوئێتنیکەکانـی خۆیـان خاوەنـی بەها و بایەخ، میرات و کەلەپوور و باپیری هاوبەشـن و تەنیا سـنوورە سیاسـییەکیان لێکی جودا کردوونەتەوە. لـە درێـژەدا چەنـد نموونـە لـەم وتووێژانـە دێتەوە.

**ناسر باغیشی، چالاکی کەلتووری لە سنە (کوردستان):**
بەرامبـەر بـە کوردەکانـی دیکـە، ئێمە لە کوردسـتانی تورکیا و سـووریا پێوەندیی خزمایەتـیمان نییـە. بـەڵام بێگومـان یەکگرتنـەوەی کەلتـووری و مێژوویـی مـن لەگـەڵ کوردێکـی قامیشـلوو (کوردسـتانی سـووریا) زۆر زیاتـرە لەگـەڵ تورکێک لـە ئەردەبیـل یـان فارسـێک لـە قەزوێـن، چونکـە لەگـەڵ قامیشـلوویی مێژووی هاوبـەش، ئامانجـی هاوبـەش، ئێـش و ئـازاری هاوبـەش، زمانـی هاوبـەش و تەنانـەت ئۆتۆپیای هاوبەشمان هەیە. ئەم هەسـتە هاوبەشـە بۆتـە هۆی ئەوەیکە مـن خوێنـدن و نووسـینی کورمانجـی فێـر بـم و تەنانـەت وەک وانەیـش بیڵێمەوە.

**نازیلا جەلیلزادە، توێژەری فەلسەفە، عیرفان و ئایینەکان لە ئازەربایجانی ڕۆژاوا:**
لەگەڵ تورکەکانی دەرەوەی ئێران نزیکایەتی کەلتووری زۆرمان لە کردار و ئاکارە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە کە زۆر بەرچاوە.

**قاسم ئالی کەسیر، توێژەر و چالاکی ئێتنیکی لە خووزستان:**
هەستی نزیکایەتی زۆر بە هەموو جیهانی عەرەب دەکەین. لە باری کەلتوورییەوە تێگەیشتنێکی هەڵە هەیە لە نێو ڕووناکبیرە ئێرانییەکان بەرامبەر بە جیهانی عەرەب و ئەوان جیهانی عەرەب ناناسن. جیهانی عەرەب هەر بەو جۆرەی کە بە ناوەکەیدا دیارە، جیهانێکە. عەرەبی جوولەکە، عەرەبی خاچپەرست و جۆرەکانی عەرەبی شیعە و سوننەمان هەیە. لە هەندێ بابەتدا خاڵی هاوبەشمان هەیە بەڵام جیاوازیشمان زۆرە. بۆ نموونە پێناسەی «ئەویدی» لە هزری عەرەبی عێراقی یان عەرەبی ئەهوازی یان عەرەبی کەنداو یان عەرەبی ئەفریقی زۆر جیاوازە. بەڵام خاڵە هاوبەشەکان بەهۆی میدیاوە پتەوتر بوونەتەوە. مۆسیقای ئێمە لێرە هەمان مۆسیقایە کە لە فەلەستینیش دەیبیسن و هاوکات لەگەڵ ئێمە دەچنە لای تەلەفزیۆن و بەرنامەکان دەبینین.

**سەردار سارانی، تەکنیسیەنی دەرمانسازی لە زابول (سیستان و بەلووچستان):**
گۆڤارەکانی پاکستان و ئەفغانستان، شیعری شاعیرانی زۆر باش و مامۆستایانی بەلووچی زانکۆی کوەیتە دەخوێنمەوە.



وێنەی ژمارەی ٢٩-٣: وتووێژ لەگەڵ سەردار سارانی

ئـەم جـۆرە ڕوانگـە و تێڕوانینـە بـۆ ئەودیـو سـنوورەکان لـە باتـی ناوخـۆ و ناوەنـد جـودا لـە گرووپـە ئێتنیکییـەکان، سـەبارەت بـە سـوننەکانیش ڕاسـتە و ئەوانیـش بەهـۆی هەبوونـی هاوبەشـیی ئایینـی لەگـەڵ دراوسـێکان زیاتـر سـەرنجیان بـۆ ئەودیـو سـنوورەکانە، دیاردەیـەک کـە دەتوانـێ بـۆ دەزگای سیاسـیی وڵات هەسـتیار بێـت. لـە وەهـا هەلومەرجێکـدا، هەوڵـی دەسـەڵاتداران دەبـێ ئـەوە بێـت کە لـە باتـی تێڕوانینـی سیاسـی و ئەمنـی بـۆ ئـەم پێوەندییانـە لـە نێـوان گرووپـە ئێتنیکـی و ئایینییەکان و هـەوڵ بـۆ بەرەنگاربوونەوەیـان لـە ڕێـگای کاڵکردنـەوەی هێما شوناسـییەکانیان و ئاسـیمیلەکردنیان لـە چوارچێـوەی ناوەنـد، زیاتـر تێڕوانینـی کەلتوورییـان بەرامبەریـان هەبێـت. دەسـکەوتەکانی بەشـی دواتریـش پیشـانیان داوە کـە تێڕوانینی گرووپە ئێتنیکـی و ئایینییەکان بەردەوام بـۆ ناوخـۆی وڵات کەم بـووە و لـە ئاراسـتەی بەرژەوەندییـە نەتەوەییەکانـدا جووڵاونەتـەوە.

نوانـەی ژمـارەی ٣١-٣ و نوانـەی ژمـارەی ٣٢-٣ کەڵـک وەرگرتـن لـە میدیـا و سـەتەلاتە هاوئێتنیکییەکانـی وڵاتانـی دراوسـێ پیشـان دەدەن. سـەتا ٦٤،١ی نوخبـەکان مەیلیان زیاتر لەسـەر کەڵـک وەرگرتـن لـە میدیا دەرەکییەکانە و لە نێو خەڵکی ئاساییشـدا ڕێژەی سـەتا ٦٢،٧ سـەلمێنەری ئـەم دیاردەیـە.




نوانەی ژمارەی ٣١-٣: کەڵک وەرگرتن لە تەلەفزیۆنە دەرەکییە هاوزمانەکان- نوخبەکان




نوانەی ژمارەی ٣٢-٣: کەڵک وەرگرتن لە تەلەفزیۆنە دەرەکییە هاوزمانەکان- خەڵکی ئاسایی

بەرهەمـی میدیـاکان بـۆ پێکهێنانـی چەمـک و واتـاکان زۆر کاریگـەرە. دەتوانیـن بڵێیـن کـە ئێسـتا، کەلتـووری کۆمەڵـگا مرۆییـەکان بەپێـی ناوەرۆکـی پەیامـە هەنێـردراوەکان لـە میدیـا گشـتییە جۆراوجۆرەکانـەوە گۆڕانـکاری بەرچـاوی بەسـەردا هاتـووە و دێـت. بەرنامـەی تەلەفزیۆنەکانـی ناوخـۆ و بەرنامـەی تەلەفزیۆنەکانـی دەرەوەی ئێران کاریگەرییان لەسـەر هزر و فکـری بەردەنگی ناوخۆی ئێران دەبێ و لە ڕوانگەیەکـی گشـتیدا، دەسـتنیشـانکەری بەشـێکی بەرچاوی شـێوازە ئاکارییە تاکەکەسـی و بەکۆمەڵەکانیانە.

سیاسـەتی دەزگای دەنگ و ڕەنگ، بەتایبەت سـەبارەت بە ئێتنیکەکان، سیاسـەتی ئاسیمیلەکردن

و سڕینەوەی جۆراوجۆرێتی کەلتوورییە. دەنگ و ڕەنگی پارێزگاکان زیاتر ناوەندخوازە و لەگەڵ کەلتووری خۆماڵی زۆر یەک ناگرنەوە. لە لایەکی دیکەشەوە پرۆگرامەکانی دیکە بۆ ڕابواردن، بەرنامە زانستییەکان و ... ئەوەندە لە دەنگ و ڕەنگی پارێزگایی و نەتەوەییدا نەگونجاون کە ئاستی خواست بۆ سەتەلایتەکان و متمانە پێیان زۆر زیاترە لە دەنگ و ڕەنگی پارێزگایی و نەتەوەیی. بەشێک لە کەلتووری ئێتنیکی یان دەنگی نەیار کە لە دەنگ و ڕەنگدا ئاوڕێ لێ نادرێتەوە لە ڕێگای سەتەلایتەکانەوە بڵاو دەبێتەوە. سەبارەت بە فیلم، زنجیرەدراما و شیکاری هەواڵ ئەگەر لە سەتەلایتەوە بڵاو بکرێتەوە، یەکەمایەتی بە سەتەلایتەکانە. سانسۆر، کەمتەرخەمی بەرامبەر کەلتووری خۆماڵی و ئێتنیکی، کەمبوونی پرۆگرامە پارێزگاییەکان بە زمانی ئێتنیکی، و بڵاونەکردنەوەی هەندێ لە ئایین و ڕێوڕەسمە ئێتنیکییەکان بۆتە هۆی ئەوەیکە بەردەنگ ببێتە لایەنگری سەتەلایتە هاوزمانەکان لە وڵاتانی دیکەدا.

### هاوئاراستەیی بەرژەوەندیی ئێتنیکی و نەتەوەیی

وڵاتی ئێران پێکهاتووە لە ئێتنیک، نەتەوە و گرووپی جۆراوجۆری زمانی (فارس، تورک، کورد، عەرەب، لوڕ، بەلووچ، تورکمان و قەمەکانی دیکە) و ئایینی (شیعە، سوننە، خاچپەرست، جوولەکە، ئاسووری، ئەرمەنی و ئایینەکانی دیکە) کە هەر یەکە کەلتووری تایبەتی خۆیان هەیە کە بەردەوامی و مانەوەی شوناسی کەلتووریی ئێرانی لە درێژەی مێژوودا قەرزداری هەمووی ئەم گرووپانە بووە، چونکە هەر یەکەیان بە زیادکردنی چین و توێی شوناسیی کەلتووری، شکۆ و دەوڵەمەندییان پێ بەخشیوە. ئامادەبوونی ئازەرییەکان، بەختیارییەکان و گیلانییەکان لە شۆڕشی مەشرووتەدا نموونەیەکی بەرچاوە لەم هەوڵە بەکۆمەڵە بۆ ئامانجێکی هاوبەش کە شوناسی سیاسیی کەلتووری مەشرووتە و مەشرووتەخوازی پێکهێناوە. شۆڕشی گەلانی ئێرانی لە ساڵی ١٣٥٧ و شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق نموونەی دیکەی ئەو دەورگێڕانەن کە زۆربەی گرووپ و چینەکانی کۆمەڵگای ئێران لە چارەنووسی گشتیی وڵاتدا بینیویانە.

> **سەعید باوی، چالاکی مەدەنی و فەرمانبەر لە خووزستان:**
> لە شەڕی ئێران و عێراق ئەمانەش ئامادەبوونیان هەبوو، ڕیشە و ڕەچەڵەکیان ئێرانییە و لەم وڵاتەدا دەژین. ئێستا ڕەنگە لە باری بیر و باوەڕەوە لەگەڵ ئێمە جیاواز بن. لە سەروەری خاکدا ئەمانە لەگەڵمان بوون.

یەکگرتوویی نەتەوەیی کە لە ئاکامی یەکڕیزیی بەرژەوەندییە ئێتنیکی و نەتەوەییەکانەوە سەرهەڵدەدات، وەک بنەمای لێکنزیکبوونەوە و کۆدەنگی گشتی کە یەکێکە لە پێشمەرجە سەرەکییەکانی تێپەڕاندنی قەیران، دادەنرێت. بەڵام پێویستە ئاماژە بەو خاڵە گرنگە بکرێت کە پرسی

«یەکڕیزیی نەتەوەیی» لە دوو ڕوانگەوە تاوتوێی بۆ دەکرێ: لە ڕوانگەیەکەوە، یەکڕیزیی نەتەوەیی لەسەر ڕوانگە ناسیۆنالیستی و ناسیۆنالیستییە توندڕەوانەکان دادەمەزرێت کە کۆمەڵگایەک نەتەوەی خۆی بە خەرمانەیەک لە پیرۆزبوون و ستایشەوە تێکەڵ دەکات و نەتەوەکانی دیکە نەک هاوشانی نەتەوەی خۆی و یەکسان لەگەڵ خۆی بەڵکوو لە پلەیەکی نزمتر و بێ بایەختر دەبینێت. لەم ڕوانگەوە یەکڕیزیی نەتەوەیی پێویستی بە شانازی و هەڤیازیخوازییە نەک لەسەر بنەمای بەها ڕەسەن و هاوبەشەکان بەڵکوو لەسەر دەمارگرژیی ئێتنیکی و نەتەوەیی و ئەنجامیشی دەبێتە ڕەوابینینی زاڵبوون لەسەر نەتەوەکانی دیکە و سەیرکردنیان وەک ئامراز. لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە لەسەر ئەو باوەڕەن بەهێزکردنی شوناسیی نەتەوەیی گرێ دراوە بە لاوازکردن یان لەناوبردنی شوناسی ئێتنیکی و ئەگەر شوناسی ئێتنیکی بەهێز بکرێت ئەنجامی دەبێتە لاوازبوونی شوناس و یەکڕیزیی نەتەوەیی. لە ڕوانگەیەکی دیکەوە یەکڕیزیی نەتەوەی واتای دەبێتە باوەڕ بە خۆ و پشتبەستن بە سەرمایە و تواناکانی نەتەوە و کەمکردنەوەی ئەو مەودا و کەلێنانەی کە بەهۆی جیاوازیی ئایینی، ئێتنیکی، نیشتمانی و زمانی هاتوونەتە ئاراوە بە مەبەستی بەهێزکردنی یەکڕیزی و هاوخەمی و هاوکاری چین و توێژ و نەتەوە لە ڕێگای گەشە و پێشکەوتن. لەم ڕوانگەیەدا خواستی ئێتنیکی و نەتەوەیی قەت قەت بەهای زاتی و ڕەهایان پێ نادرێ و دەمارگرژی نایەتە ئاراوە و بەشێکبوون لە نەتەوە و نیشتمانێک قەت ڕوانگەیەکی نەرێنی یان هەڤیازیخوازانە بەرامبەر بە کەسانی دیکە ناهێنێتە ئاراوە. داواکاریی زۆربەی ئێتنیسیتە ئێرانیەکان ڕوانگەی دووهەمە. لە ڕاستیدا لەم ڕوانگەیەدا دەڵێن کە بەپێچەوانەی ئاوڕدانەوەی زیاتر لەسەر شوناسە خۆماڵی و ناوچەییەکان لە جیهانی نوێ، ئەم دیاردەیە وەک دژ و نەیاری شوناسی سەرەکی و نەتەوەیی نایەتەوە. (ذوعلم، ١٣٨٦، ٤١).

**موحسێن گوودەرزی، کۆمەڵناس، توێژەر و مامۆستای زانکۆ لە تاران:**
شوناسە گەورە سیاسییەکان وەک بەرە سیاسییە سەرەکییەکان کە تا ڕادەیەک نوێنەری بەرژەوەندییەکانی پارچە و گرووپە گەورەکانی کۆمەڵگا بوون، ناجووڵێنەوە و لە باتی ئەوەدا شوناسە گچکە و چکۆلە ئێتنیکی، ناوچەیی، خزمایەتی و هاوڕێیەتییەکان گەشەیان کردووە.

**ئەشکان زارعی، چالاکی کەلتووری و کەلەپوور و نووسەر لە خووزستان:**
پەروەردەی من خوازراو یان نەخوازراو بە جۆرێک بووە کە دڵگراویی ئێتنیکیمان نییە و ئەگەر لە بازنەیەکی بەربڵاوتردا ببینین، پێبەندی شوناسی ئێرانین. لەسەر ئەو باوەڕەم کە گچکەکەلتوورەکان پێویستە بپارێزرێن. باشتر بڵێم ئێران وەک دارێکی کۆنە کە لق و پۆپی بۆ ئێتنیکەکانە و ڕەچەڵەک و ڕیشەی هەمان ئێرانە کە گیان دەبەخشێتە ئەو لق و پۆپە. بۆ من ئەو ئێرانە گرنگ بووە و گچکەکەلتوور و زاراوەکانیش دەبێ بپارێزرێن.

ئەمڕۆ ناتوانین گرنگبوونی پرسە ئێتنیکییەکان لە پرۆسەی یەکگرتوویی و بڵاوەبوونی کۆمەڵگاکان بەرچاو نەگرین. گرنگی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ئەم پرسە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگا بریتی لە سیاسی، ئابووری، کەلتووری و کۆمەڵایەتی دەخاتە ژێر کاریگەری خۆی. بۆیە لە دۆخ و هەلومەرجی ئێستادا، پاراستنی یەکڕیزیی نەتەوەیی و شوناسی سەرەکی و یەکپارچە و یەکگرتووی ئێرانی لە سێبەری تەگبیر، دامەزراندنی ساڵی ١٣٨٦ی کۆچیی هەتاوی بە ناوی «یەکڕیزیی نەتەوەیی و یەکڕیزیی ئیسلامی» لە لایەن ڕێبەری ئێرانەوە بەڵگەیە بۆ گرنگبوونی یەکڕیزیی نەتەوەیی. بابەتێک کە بەڕێوەبەرێتی توانا و پێداچوونەوەی ڕەخنەگرانە-چاکسازیی سیاسەتە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و پێکهێنانی دۆخی یەکسان بۆ هەموو نەتەوە یەک لە بابەتە گرنگەکانە کە دەبێ هەوڵ و تێکۆشانی بۆ بکرێت. دەسکەوتەکانی ئەم توێژینەوە دەریانخستووە کە ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان کە توێژینەوەیان لەسەر کراوە، سەرەڕای هەموو نارەزایەتییەکانیان بەرامبەر دۆخی خۆیان و باوەڕیان بەوەیکە نایەکسانی و هەلاواردان دژیان کراوە، هیچ کات خۆیان جودا لە ئێران نابیننەوە.

**عەباس قەدیمی قەیداری، مامۆستای مێژووی زانکۆی تەورێز (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**
نەیاری وشەی ئێتنیکی فارسم کە ئێوە گوتتان. ئێمە شتێکی سەرەکی بە ناوی ئێرانمان هەیە کە کۆمەڵەی ئێتنیکەکانی پێکهێناوە. جاروبار بەرە توندڕەوەکان لەسەر یەکێک لە فاکتەرەکانی ئێتنیک جەخت دەکەنەوە، لە حاڵێکدا ئەم فاکتەرە بەرهەمێکی مێژووییە. تورکێک بە هەمان ڕێژە ئێرانییە کە کوردێک و عەرەبێک و ... لەگەڵ کورد، گیلەک، لوڕ و بەختیاری پێوەندییم هەبووە. هەستی هاوولاتییەکم هەبووە چونکە هاوبەشیمان لەگەڵ ئێتنیکەکانی دیکە زۆرە.

**مەهدی کەیوان، مێژووناس و مامۆستای خانەنشینکراوی زانکۆ لە ئەسفەهان:**
خوێندکاری زۆرم هەبووە لە کورد و تورکمان و بەلووچ و ئەمانە هەموو خۆیان بە ئێرانی دەبینن و ئەگەر ئەمڕۆ تۆ شتێک دەبینی، ئەمانە گلەیی و سکاڵای کەلتوورین، گلەیی ئابوورین کە گۆڕاون بۆ گلەیی سیاسی. بۆ نموونە باسی سەربەخۆییخوازی دەکەن کە لە ڕاستیدا ئەمانە سەربەخۆییخواز نین. کوردەکان خۆیان وەک ئێرانیترین ئێرانی دەبینن و یان ئازەرییەکان خۆیان وەک ئێرانیترین ئێرانی دەبینن. بەهۆی ئەو سووکایەتییانەی کە پێیان کراوە...

دوکتۆر ئیبراهیم حاجیانی لە وتارێکدا کە لەسەر بنەمای پڕۆژەیەکی توێژینەوەی نیشتمانی دامەزراوە، بە میتۆدێکی پێوانەیی پەیوەندی و ڕێژەی ئینتیما بە شوناسی ئێتنیکی و شوناسی نەتەوەیی لە نێوان ئێتنیکییەتەکانی ئێراندا تاوتوێ کردووە و ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئاماژە بەوە دەکات کە هەر دوو شوناسی ئێتنیکی و نەتەوەیی لە نێو ئێتنیکییەتەکانی ئێراندا، بە شێوەیەکی پێکەوەیی، وزە و هەڵکەوتوویان هەیە و هیچ پەیوەندییەکی ناکۆکی و جەمسەری لە نێوانیاندا نییە. هەروەها دەکرێ بڵێین کە پەیوەندییەکی ئەرێنی و بەهێز لە نێوان ڕەهەندە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکانی شوناسی ئێتنیکی و ڕەهەندە کەلتوورییەکان (و تا ڕادەیەکیش کۆمەڵایەتی)ی شوناسی نەتەوەییدا هەیە، بەڵام ڕەهەندە سیاسییەکانی ئەم دوو شوناسە لەگەڵ یەکتردا پەیوەندیی ناتەبا و نەرێنییان هەیە. دەستکەوتە پۆلێنکراوەکانی ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بەوە دەکەن کە زۆرترین ئینتیما بۆ شوناسی ئێتنیکی لە نێو تورکمان و عەرەب و پاشان کورددا هەیە. پێویستە ئەوەش زیاد بکرێت کە گەورەترین ئینتیما بۆ شوناسی نەتەوەیی لە نێو بەلووچ و لۆر و ئازەریدا بەدی دەکرێت. بەم شێوەیە دەتوانرێت ئێتنیکە ئێرانییەکان بۆ ئەو دوو پۆلە گشتییەی سەرەوە دابەش بکرێن. ئەم ئێتنیکناسە پێی وایە: پێویستە لەو دارشتە و سیاسەتدانانە کەلتووری-کۆمەڵایەتییانەی کە لەسەر ئاستی نیشتمانی ئەنجام دەدرێن، هەوڵی زیاتر بدرێت بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکان و قووڵکردنەوەی پەیوەندییە کەلتوورییەکانی نێوان بەشێک لە ئێتنیکییەتەکانی ئێران (بەتایبەت عەرەبەکان) لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی گشتی یان نەتەوەی ئێرانی، و لە ئامرازە گونجاوەکان (فەرهەنگی، سیاسی، ئاوەدانی و ئابووری) لەم بوارەدا کەڵک وەربگیردرێت. هەروەها پێویستە هەوڵی چارەسەرکردنی لێک تێنەگەیشتنە سیاسییەکانی نێوان هەندێک لە ئێتنیسیتەکان (بەتایبەت عەرەب و کورد) بدرێت. هەروەها پێویستە بگوترێ کە گەشەی ئینتیما سیاسییەکان لە نێو ئێتنیسیتەکانی ئێراندا، لە ڕەوتی شوناسی نەتەوەییدا پشێوی دەنێتەوە، لە حاڵێکدا کە

بەهێزبوونـی ئینتـیما کەلـتووری و تەنانـەت کۆمەڵایەتییـەکان لـە نێـوان ئێتنیکییەتەکانـدا (ئینتـیما کەلتوورییـە نێـوان ئێتنیکییـەکان) کاریگەریـی نەرێنی لەسـەر ڕادەی هۆگری بۆ شوناسـی نەتەوەییان هەیـە. (حاجیانـی، ١٣٨٧، ١٦٤).

توێژینـەوەی جۆراوجـۆری دیکـە لـە ئاسـتی ئێرانـدا ئەنجـام دراون کـە هەموویان سـەلمێنەری ئەم بابەتـەن کـە گرووپـە جۆراوجـۆرە ئێتنیکییـەکان بـەردەوام لـە ئاراسـتەی بەرژەوەندییـە نەتەوەییـەکان جووڵاونەتـەوە و ئەگەریـش لە شـوێنێک نارەزایەتی هەبووە، هۆکاری وەک هەسـتکردن بە بێبەشـبوونی ڕێژەیـی و هـۆکاری دیکـەی لـەم چەشـنە هەبووە.

## پێداچوونەوە بەسەر بڕواکاندا

ناکارامەیـی سیاسـی، دابەزینـی سـەرمایەی کۆمەڵایەتیـی نەتەوەیـی، گەورەبوونـی کەلێنـی کۆمەڵایەتـی، ناکارامەیـی بەڕێوەبەرێتـی ئابووریـی، زیادکردنـی ئاڵۆزییـە کەلتوورییـەکان و دابەزینـی ئـەخلاق ئـەو بابەتانـەن کـە ئەمـڕۆ لـە زۆربـەی کـۆڕە سیاسـییە جۆراوجۆرەکانـدا کۆدەنگییان لەسـەرە. هەوێنـی زۆرینـەی ئـەم خەسـارانە، داخرانـی سیاسـی و ئاڵۆزییەکـی بـەربڵاوە کـە بـە شـێوەی کەمتەرخەمیـی قورسـی هێـزە کۆمەڵایەتییـەکان بریتـی لـە نوخبەکانـی نێـو دەسـەڵات و دەرەوەی دەسـەڵات و خەڵکـی ئاسـایی لـە ژیانـی ڕۆژانەیانـدا بـەدی دەکرێـت.

لاوازی لەڕادەبـەدەری دەوڵـەت بـە واتـای گشـتی بـۆ بەرچاوگرتنـی یاسـا ئەخلاقییەکانـی وەک ئینسـاف، دادپـەروەری، ڕاسـتبێژی و پشـوودرێژی، کۆمەڵـگای بـەرەو دووڕوویـی و درۆ لـە پێوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان بـردووە. بـێ بایەخبوونـی یاسـا لـە کۆمەڵـگا و بـێ متمانەیـی بـەربڵاو بەرامبـەر بنکە مەدەنـی و گشـتییەکان ڕوونتر لەوەیـە کـە پێویسـتی بـە سـەلماندن بێـت. کڕیـن و فرۆشـتنی مافـی هاووڵاتیـان لـە زۆربـەی شـارەوانییەکانی ئێرانـدا لـە ژێـر نـاوی گۆڕانـی کەڵـک و کارکـرد یـان کڕینـی پڕایـی زیاتـر و یاسـاکانی دیکـەی بیناسـازی، شارسـازی و یاسـا و ڕێسـا پێوەندیـدارەکان بـە بینـاوە و جۆرەکانـی دەسـتێوەردانی دەوڵـەت لـە ژیانـی خەڵـک و پرسـی هاوشـێوەی دیکـە نموونەگەلێکـن کە هەمـوو ڕۆژێ خەڵکـی ئێرانـی لـە ژیانـی کۆمەڵایەتییانـدا لەگەڵیـان ڕووبـەڕوو دەبنـەوە. کـردەوەی لەم چەشـنە بـە ئاشـکرا لەگـەڵ چەمکـی وەک مافـی خاوەندارێتـی تایبـەت، ئازادیـی ئاڵوگـۆڕ و بنەماکانی ڕکابـەری لە بازاڕدا یەک ناگرنەوە. هەر بەم شـێوازە سـنووردارکردنی مافی دەنگـدەران و هەڵبژێردراوان بـە دانانـی جۆرەکانـی پێوەری چلۆنایەتی کە بۆتە هۆی بێبەشـبوونی گرووپێکـی زۆری خەڵک لە مافی هاووڵاتیبوونیـان، ئەویـش تەنیـا بەپێـی وەرگرتنـی وەڵامـی داواکاری لە یـەک بنکەی ناقەزایـی و بەبێ دەنـگ و ڕای دادگای دروست، نموونـەی دیکـەی بەرچاونەگرتنـی مافـە سـەرەکییەکانی هاووڵاتیانـە. تێگەیشتن و لێکدانەوەی گشـتی کە لە کۆمەڵگادا زاڵە ئەوەیە کە هەر یاسـایەک بەپێی کات و شـوێن نرخێکـی هەیـە. جـودا لەوەیکـە ئەم بـاوەڕە تا چەندە ڕاسـتە، تەنیا هەبوونـی وەها بیرۆکەیـەک بە واتای نەمانـی بـاوەڕی گشـتیی هاووڵاتیانـە بـە دابینبوونـی مافەکانـی خۆیـان لـە ڕێـگای یاسـاوە و بـە واتای

شکستی کرداری دەوڵەتی یاسایە. لەناوچوونی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە ئێران بۆتە هۆی نیگەرانی بەشێکی زۆر لە کەسایەتییەکان و هێزە نەتەوەییەکان. نیشانەی زۆر بۆ ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە بوونیان هەیە. دەرفەت و ڕێگای بەدەستهێنانی سەروەت، دەسەڵات و پێگەی کۆمەڵایەتی بە خۆڕایی و بەبێ ئەوەی شیاوی بێت، لە ماوەی کورت و لە ڕێگای نادروستەوە، بنەمای نۆڕمەکانی هاوولاتیبوون و ئەخلاقی گشتیی لە کۆمەڵگادا سست کردووە.

ئەم ڕەوتە لە ماوەی مامناوەنددا دەبێتە هۆی ئەوەیکە کردەوە گشتییە نائەخلاقییەکانی وەک درۆ، تەماح، قۆپیەکردن، پێشێلکردنی ماف و بەرچاونەگرتنی مافی کەسانی دیکە، بەرتیل، گەندەڵی، کڕینی دەنگ، تەماح بۆ دارایی کەسانی دیکە، دەستدرێژی بۆ دارایی و سامانە گشتییەکان و هەڵسوکەوتە نائەخلاقییەکانی دیکە دزێو و ناشیرین نەمێنن. نیشانەکانی ئەم قەیرانە لە گرێ کوێرە تەرافیکییەکان، دزییە ماڵی و پیتاکییەکان، دزێونەبوونی پێشێلکردنی یاسا، قەیرانی بنەماڵە، گەشەکردنی جۆرەکانی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان و ملیۆنان دۆسیەی نێو دەسەڵاتی داد لە کۆمەڵگای ئێران بە ئاسانی دیار و بەرچاون (آخوندی، ١٣٩٢، ٥٢) دەسکەوتەکانی ئەم توێژینەوەیەش پیشاندەری هەبوونی ئەم ڕێژەیە لە کێشەوگرفتەکان و ناڕەزایەتی لە نێوان گرووپە ئێتنیکییەکانن کە توێژینەوەیان لەسەر کراوە.

**سیرووس شەفەقی، جوگرافیزان و مامۆستای پلاندارِشتنی شاری زانکۆ لە ئەسفەهان:**

ئەگەر حکوومەت لە هەموو چینە جۆراوجۆرەکان و زانستیان کەڵک وەرگرێت کۆمەڵگا سەرکەوتوو دەبێت. بەڵام ئەگەر پشت بە تاقمێکی تایبەتەوە ببەستێ، نا. پێویستە لە پسپۆڕایەتی و لێزانیی دروست کەڵک وەرگرێت.

**محەمەد حەقمورادی، ڕۆژنامەوان، کۆمەڵناس و ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی لە سنە (کوردستان):**

بەم ڕەوتەی ئێستاوە، بەداخەوە گەشبین نیم؛ واتە بەبێ گۆڕانی پێکهاتە سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان درێژەی ئەم ڕەوتە بە ڕای من باش و گونجاو نابێ؛ واتە ئێمە بێ گومان داهاتوویەکی باشمان نابێت. کێشە ناوخۆییەکان گوشاری ئابووریيان لێدەکەوێتەوە و ئەگەر ئێمە گۆڕانکاریی بنەمایی نەکەین، لەگەڵ قەیرانێکی هەمیشەیی ڕووبەڕوو دەبینەوە و ئەگەر کێشەکان پشتگوێ بخەین، ناڕەزایەتییەکانی خەڵک دێنە ئاراوە.

زۆرێک لە بیرمەندان ڕیشە و هۆکاری ئەم دۆخە دەگەڕێننەوە بۆ نەبوونی تیۆری ستراتیژێک بۆ دەسەڵاتی نەتەوەیی، بێ سیاسەتی و ئاڵۆزبوونی بڕیاردانەکان، لێکدانەوەی بەرتەسک و کەڵک وەرگرتن لە ئایین وەک ئامراز، بەفەرمی دووریکردن لە یاسا، نەبوونی دیسپلینی ماڵیی بەردەوام و ناکارامەیی کۆنتڕۆڵ لە لایەن بنکە چاوەدێرەکانی وەک پەرلەمان یان دەسەڵاتی داد، لاوازبوونی چاپەمەنییەکان و میدیا گشتییەکان لە بواری چاوەدێری گشتیدا، توندڕەوی بە بیانووی بەرچاوگرتنی بەها بنەماییەکانی وەک دادپەروەری، مرۆڤدۆستی، خزمەتگوزاری، هەڵوەشاندنەوەی بنکەکانی پلاندارشتن، کاولکردنی سیستەمی دیوانسالار و کۆبوونەوەی بڕیارەکان لە ئاستی سەرەوەی دەوڵەت و بەپێویست نەبینینی وەڵامدانەوە بە کۆمەڵگای خەریکی تێپەڕین وەک ئێران. هەمووی ئەم گۆڕانکارییانە پیشاندەری سووربوون و خواستی توندن بۆ پاراستنی کۆبوونەوەی دەسەڵات لە دەستی دەوڵەتدا و گەشەپێدانی ڕێژەی پێداویستی و ئاتاجی چالاکوانانی کۆمەڵایەتی و ئابووری بە دەوڵەت. بێجگە لەم بابەتە ئاماژەپێکراوانە لە ئاستی گشتیدا –وەک لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەمان پێدا- جۆرێک نارەزایەتی سەبارەت بە گرووپە جۆراوجۆرە ئێتنیکی و ئایینیەکانیش دەبینرێت و ئەوانیش بەرامبەر سووربوون و نەرم و نیان نەبوونی دەسەڵاتداران نارازین. ئەم جۆرە نارەزایەتییە لە لایەن ئەوانەوە لە بەشە جۆراوجۆرە ئابوورییەکان و هەبوونی نایەکسانیی بەربڵاوی ناوچەیی لەم بوارە کەلتوورییە و کەمتەرخەمی بەرامبەر بە دابونەریتە ئێتنیکی و ناوچەیی و ئایینییەکان و کەمتەرخەمی بەرامبەر کەمینەکان و دانانی سنوور و لەمپەر لەسەریان بۆ بەڕێوەبردنی زۆرێک لە باوەڕە ئایینییەکانیان بەپێی ساڵنامە و مێژووی ئایینی خۆیان و کۆمەڵێک بابەتی دیکە خۆی دەبینێتەوە. هەبوونی ئەم ڕێژەیە لە پرس و گرفت، پێداچوونەوەی بنەمایی لە لایەن بەرپرسانی حکوومەتەوە دەکاتە شتێکی پێویست.

تێکنۆکراسی یەک لەو شێوازە کاریگەرانەیە کە لە زۆر کۆمەڵگادا، دروستبوون و کارامەبوونی تاقی کراوەتەوە و لە کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێران، بۆ تێپەڕاندنی شێواز و ڕەوتە نادروستەکان بەکەڵکە.

> **عەلی بەختیارپوور، ئەندامی لیژنەی زانستی و مامۆستای ژیۆپۆلیتیکی زانکۆی ئەهواز (خووزستان):**
>
> بڕوام وایە خەریکی تێپەڕاندنی جۆرێک گۆڕانین... دەبێ بە شێوازێکی گونجاو و هێمن ئەم گۆڕانە جێبەجێ بکرێت... نازانم چەندەی پێدەچێت بەڵام دڵنیام کە ئێمە ناچارین، تەنانەت ئەرکمانە کە بگۆڕدرێین.

**موجتەبا شاهنووسی، کۆمەڵناس و ئەندامی لیژنەی زانستی زانکۆی خوراسگان لە ئەسفەهان:**
جوانترین ئاواتم ئەوەیە کە ئەگەر بۆ میلیمەترێکیش بووە دۆخەکە بچێتە سەر چاکسازیی ناوخۆیی و بەڕێزان کەمێک بیر بکەنەوە و هەست بەوە بکەن کە خەریکن بەهەڵەدا دەچن. ئیزنی چالاکیکردن بدەنە نەیارانی خۆیان. بەبێ ئەوەیکە هاوسەنگیی کۆمەڵگا لەناو بچێت و بڕووخێت، گۆڕانکارییەک بە ئاراستەی پێشکەوتنی وڵات بێتە ئاراوە.

وانەی ئەم جۆرە گۆڕانکارییانە پیشاندەری ئەو ڕاستییەن کە کۆمەڵگای ئێران پێویستی بە گۆڕانێکی پارادایمی بنەمایی لە ژێرخانە فکرییەکانی خۆی هەیە بۆ تێپەڕاندنی کۆمەڵگەرایی بۆ تاکگەرایی ئەرێنی لەسەر بنەمای مافە حاشاهەڵنەگرەکانی هاووڵاتیبوون. بنکە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ئێران دەبێ ئەوەندە وشیار ببنەوە کە توانای جیاوازیدانانیان هەبێت لە نێوان ئەو سیاسەتانەی کە لەسەر بنەمای کۆمەڵگەرایی و تاکگەرایی ئەرێنین. دەبێ بتوانن سیاسەتە پاڵپشتەکانی دەوڵەت کە بەرژەوەندییە کورتخایەنەکانیان دەستەبەر دەکات ڕەت بکەنەوە و بە وشیارییەوە وەریان نەگرن. دەبێ بزانن کە ئەنجامی سیاسەتە پاڵپشتەکان بەسراوەبوون و ئاتاجی بنکە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بە دەوڵەتە و هێزی جووڵانەوە و بەردەوامبوونیان لێ دەستێنێت. بۆیە ئەگەر سیاسەتە نەتەوەییەکان لە ناخی وتووێژە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە هاتبن، مافی هاووڵاتیبوون دەستەبەر دەکەن، بەرەوپێش دەچین و دەبنە هۆی گەشەکردن و پێگەیشتنی نەتەوەیی. سەد ساڵ ئەزموون بەسە بۆ ئەوەی فێر بووبین سیاسەتەکانی پاڵپشتی لەسەر بنەمای مەسڵەحەتخوازیی دەوڵەتی نەزۆک و ناکارامەن. هەروەها ئێران پێویستی بە گۆڕانی پارادایمی لە حکوومەتەوە بۆ حوکمڕانی هەیە. حکوومەت دەگەڕێتەوە سەر بڕیارەکانی بەرپرسە جێبەجێکارەکان لە حاڵێکدا حوکمڕانی دەگەڕێتەوە سەر پرۆسەی بەشدارکردنی هاووڵاتیان و بنکە کۆمەڵایەتییەکان کە لە مافی هاووڵاتیبوونی بڕیاردانەوە دێت، هەڵبژاردن و ڕێکخستنی سیستەمی کارگێڕی، جێبەجێکردنی بڕیارەکان و چاوەدێریکردن لەسەر سیاسەتە نەتەوەییەکان. گریمانەی حکوومەت وەستان و لە یەک شوێن مانەوەی لەگەڵە، لە حاڵێکدا کە تێپەڕین بۆ حوکمڕانی هەڵگری بەردەوامبوون و ڕوانینە بۆ پێشەوە و پێشکەوتن. حوکمڕانی سیستەمێکی وتووێژی کۆمەڵایەتی ڕێکخراوە و دەسەڵاتی بەرهەمی ئەمەش بەرهەمی زاڵبوونی گوتاری کارامەترە لە کات و شوێنی دیاریکراودا. شارومەندان لە چوارچێوەی حوکمڕانی باش، شوناس دەدۆزنەوە و دەتوانن دەور بگێڕن. لەم ڕوانگەیەدایە کە چەمکی وەک ئازادی، دادپەروەری، یەکسانی، گشتگری، بەشداری، کۆدەنگی و وەڵامدانەوە واتایان دەبێت (آخوندی، ١٣٩١، ٥٢).

ئەمڕۆ زۆر کۆمەڵگا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەریکن بەرەو چەندکەلتوورگەرایی دەچن. بەو واتایە کە زیاتر لە یەک کۆمەڵەیان تێدایە کە داواکاری مانەوەن. ژمارەیەکی بەرچاوی هاووڵاتیان دەچنەوە سەر کەلتوورێک کە بنەما و یاسا ئەخلاقییەکانی ئێمەیان پێ باش نییە. کێشە لێرەدا ڕاهاتنە لەگەڵ هەستی «پەراوێزخستنی» کەمینە کەلتوورییەکان.

بۆ گەیشتن بە دۆخی لەباری ئاشتیی بەردەوام لە ڕێبازی وتووێژی زانستییەوە، یەکەم هەنگاو پێداچوونەوەیە لەسەر باوەڕەکانی خەڵکی ئێران، چ لە ئاستی دەسەڵاتدا و چ لە ئاستی نەتەوەدا و بۆ بەدیهاتنی وەها شتێک، پێداچوونەوە لەسەر ئەم تەوەرانەی ژێرەوە پێویستە:

١. دووریکردن لە گاڵتەکردن بە ئێتنیکەکانی دیکە لە هەموو ئاستە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە وتووێژی ڕۆژانەوە بگرە تا بەرنامەکانی دەزگای دەنگ و ڕەنگ و ئەدەبیاتی بەرپرسانی دەوڵەت و کەسایەتییەکان.

٢. دووریکردن لەوەیکە ئێتنیکێک بەرزتر ببینرێت، چونکە ئەمە بۆ گەیشتن بە وتووێژ و پێکهێنانی ئاشتیی بەردەوام پێویستە. لە ڕاستیدا خۆ بە بەرزتردانان لە ئێتنیکە ئێرانییەکان کەم یان زۆر بوونی هەیە، کە بەربەستێکی جیددیە بۆ بەدیهاتنی ئاشتیی بەردەوام و ئاشتیی نەتەوەیی.

٣. ڕێزگرتن لە ئایین و ئایینزاکان و باوەڕ بە یەکسانبوونی مافە کۆمەڵایەتییەکان بۆ شوێنکەوتووانی هەموو ئەو ئایینانەی کە نیشتەجێی هەرێمی جوگرافیایی ئێرانن.

٤. دووریکردن لە هەڵاواردنی کرداری لەگەڵ ئێتنیکەکانی دیکە زۆر گرنگە. زۆربەی ئێتنیکەکان ئەم ئەزموونە ناخۆشەیان هەبووە و تەنیا بۆ ئێتنیکێکی تایبەت نییە. ئێتنیکەکان باس لە هەڵسوکەوتی خراپی فارسەکان لە ناوەند دەکەن لەگەڵ گرووپی کەمینە. هەروەها تارانییەکانیش باس لە ئەزموونی هەڵاواردن لە ئاکار، ئاڵوگۆڕ و هتد دەکەن ئەو کاتەی لە نێو ئێتنیکییەتەکانی دیکە ژیاون.

٥. گۆڕانی ڕێبازەکانی دەسەڵاتداریی بەمەبەستی بەدیهێنانی یەکسانیی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ هەموو ئێرانییەکان گرنگە.

لە نێو گرووپە نوخبەکان کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا توێژینەوەیان لەسەر کراوە، دەنگدانەوەی ئەرێنیی پێداچوونەوە بەسەر بەها و بایەخەکان و پێکهێنانی هاودەنگیی نێوانیان ڕوون و ئاشکرایە.

**پەیمان ناسیحپوور، مامۆستای زانکۆ و ژەنیار لە ئەردەبیل:**

سەبارەت بە ئایینزای فەرمی ڕیفۆرم دەبێ درێژەی هەبێت و کێشە نییە کە خاچپەرستێک کە لەسەر ئێرانیبوونی پێداگرە ببێتە سەرۆک کۆمار، سوننەکان کە جێگەوپێگەی خۆیان هەیە. ئاڵۆزبوون و شڵەژانی ئەمڕۆی ئێران پیشاندەری شۆڕشێکی کەلتووریی زۆر جوانە.

**ژنێکی تەمەن ٤٠ ساڵ، ئەندازیاری بیناسازی لە تاران:**
هەر بەو جۆرەی کە ئایینی ئێمە ڕێزی هەیە و هانای بۆ دەبەین، نابێ سووکایەتی بە ئایینی دیکەش بکەین. ئایینی هیچ کەس نابێ ڕەت بکەینەوە و بڵێین ئێمە لە ئەوان باشتر و بەرزترین. ئێمە بەرزتر نین، هیچ کەس بەرزتر نییە.

**یەعقووب مووسەوی، کۆمەڵناس و ئەندامی لیژنەی زانستیی زانکۆی ئەلزەهرا:**
خۆمم لە هەڵبژاردنی توخم و فاکتەرە کەلتوورییەکاندا ئازاد و ڕزگار هێشتۆتەوە. ئەگەرچی مەیل و خواستی ئایینیشیم هەبووە و سەمپاتی شۆڕشی ئیسلامی و چالاکوانی سیاسی بووم، بەڵام خۆم تووشی داخرانی کەلتووری و دوگماتیزم نەکردووە. بۆ ئێمە کە زانستە کۆمەڵایەتییەکانمان خوێندووە دیاریکردنی یەک تایبەتمەندی دەستنیشانکراو سەبارەت بە شوناس ئەستەمە. هەوێنە کەلتوورییەکانی من بە دەوری تەوەری ئێران-ئیسلام-ڕۆژئاوا دەخولێتەوە. سەردەمێک جیهانی، نەتەوەیی و یان ئایینی بووە و من لەم نێوانەدا هەوڵم داوە هاوسەنگییەک ساز بکەم. دانوستانی من لەگەڵ ئێتنیکەکانی دیکە بەهۆی خوێندن لە تاران، ئەسفەهان، و بەریتانیا زۆر بووە و لەگەڵ تورک، کورد، باشووری، عەرەب و باکوورییەکان پێوەندیی زۆر باشم هەبووە و دەمارگرژییەکی تایبەتم لەم بوارەدا نییە.

### کەڵکوەرگرتن لە دەفرایەتییە ئەرێنییەکانی دەستوور

یەکێک لەو تێڕوانینە باوانە کە سەبارەت بە سروشتی حکوومەت لە وڵاتی ئێراندا هەیە، ئەوەیە کە سیستەمی سیاسیی دەسەڵات وێڕای هەبوونی پێکهاتە و هەندێ میکانیزمی کۆماری، ئەدای لە ئاست سیستەمە دیکتاتۆر و تۆتالیترەکاندایە. لەو ڕوانگەیەوە کە پارت و ڕێکخراوە سیاسییە ئازادەکان بوونیان نییە، سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان بوونیان نییە و یان زۆر لاوازن، میدیا ئازادەکان ئیزنی چالاکییان پێ نادرێ، کۆمەڵگای مەدەنی تیایدا بوونی نییە، مافی گرووپە ئێتنیکییەکان و کەمینە زمانی، ئایینی و ئایینزاییەکان پێشێل دەکرێت و بەگشتی، تەنیا یەک دەنگی ئایدۆلۆژیکی لێوە دەبیسترێت.

بە بڕوای کۆمەڵێکی دیکە، وێڕای ئەوەی کە زۆرێک لە داواکاریی ئێتنیک و گرووپە کەمینەکان لە دەستووردا باس کراون، لە بواری جێبەجێکردندا کێشەیان هەیە. یاسای جۆراوجۆر وەک ئازادی بیر و ڕا، مافی دەربڕینی نارەزایەتی و کۆبوونەوە، فێرکاریی زمانی دایکی، ئایین و ئایینزا،

دامەزراندنی ڕێکخراوە کەلتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و ڕێکخراوە پێوەندیدارەکان بە ژینگەوە و هەروەها ماددەیاسای دیکەش لە دەستووری وڵاتدا باسیان کراوە. بە بڕوای ئەم کەسانە هۆکاری جێبەجێنەبوونی ئەم یاسانە زیاتر هەڵسوکەوتی سەلیقەیی و تاکەکەسی بەرپرسانە.

**پیاوێکی عەرەب، مامۆستای قوتابخانە لە خووزستان:**
بە ڕای من دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێران زۆر تەواو و داڕێژراوە و مافی هەموو ئێتنیکەکانی بەرچاو گرتووە و دادپەروەری لە ئاستی پێویست تیایدا دانراوە، بەڵام ئەو دەوڵەتانەی دەبنە دەسەڵاتدار هۆکاری کێشەوگرتن و ئەمەش کەم و زۆری هەیە.

**سەلاحەدین خەدیو، چالاکی مەدەنی و ڕۆژنامەوان لە مەهاباد (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**
ئەگەر هەر ئەو مافەی لە دەستووری بنچینەییدا بە شارومەندان دراوە جێبەجێ بکرێت، لە ئێران شۆڕشێک ڕوو دەدات.



وێنەی ژمارەی ٣٠-٣: وتووێژ لەگەڵ سەلاحەدین خەدیو

ئـەم گرووپـە وەک بەڵگـە بـۆ وتەکانـی خۆیـان لەسـەر هەبوونـی دەفرایەتیـی ئەرێنیی دەسـتوور لە وڵاتـدا ئاماژە بـە مـاددە جۆراوجۆرەکانی دەسـتوور وەک مـاددەی پەنجا و نۆهەم دەکـەن کە بەپێی ئەو ماددەیـە هـەر کـە ناکۆکی لەسـەر بابەتێک لـە کۆمەڵگا بێتە ئاراوە، بۆ هەڵسـەنگاندنی ڕێـژەی بایەخی بابەتەکـە لـە کۆمەڵـگا ڕێـگای ئـەوە هەیـە کـە ڕیفراندۆمـی لەسـەر بکرێـت (قانـون اساسـی جمهـوری اسلامـی ایـران، ١٣٩٧، ٢٧). ئەگەرچـی ئـەم ماددانـە تـا ئێسـتا هـەر لـە ئاسـتی یاسـادا ماونەتـەوە و لـە درێـژەی چـل سـاڵ تەمەنی شۆڕشـی ئیسلامیدا یـەک نموونـەش نەبووە کە ئـەم ماددەیە لەسـەری جێبەجێ بکرێت. حەسـەن ڕۆحانی، سـەرۆک کۆماری پێشـوو، خاکەلێوی سـاڵی ١٤٠٠، لە وتارێکدا کە جەختی لەسـەر پێویسـتی کەڵک وەرگرتن لەو بنەما یاسـاییە کردەوە، وتی: جارێکی دیکە جەخت لەوە دەکەمەوە، چارەسـەری کێشـە ئاڵۆزەکانی وڵات تەنیا مادەی ٥٩ی دەسـتوورە. کە پرسـێکی ئاڵۆز سـەهەڵدەدات، تووشـی سەرلێشـێوان دەبیـن، ئـەم بە ئەو دەڵێـت، ئەو بە ئـەم دەڵێت، ئەم لـەو ڕەخنە دەگرێت و ئەو لەم، هیچ چارەسـەرێک جگە لە مادەی ٥٩ی دەسـتوور بوونی نییە (روحانی، ١٤٠٠).

بۆیـە بـە بـاوەڕی زۆر کـەس، لە یاسـاکانی ئێرانـدا، مـاف و ئەرکی کەمینـەکان بەپێی دەسـتوور کە پەیمانـی نەتەوەییـە بە شـێوەی دادپەروەرانە و ڕوون دیاری کراوە و بنەمای ئەم پێناسـەیەش زانسـتی و یاسـاییە بە لەبەرچاوگرتنی مافە ئیسلامییەکان کە بنەمای سیسـتەمی دەسـەڵاتە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا. بەڵام بابەتێ کە لەم نێوانەدا جێی باسـە، جێبەجێکردنی ئەم یاسـایانە و شـێوازی داخوازییانە لـە لایەن کەمینە زمانـی و ئایینزایەکانەوە.

بەپێی وتووێژە ئەنجامدراوەکان، ماددەی پازدەیەمی دەسـتووری بنچینەیی وڵات کە ئاماژە دەکات بـە بابەتـی زمانـی دایکـی و مافی پەروەردە و خوێنـدن بە ئەو زمانە، یەک لەو ماددانەیە کە پیشـاندەری هەبوونـی دەفرایەتـی ئەرێنیـن لـە یاسـاکانی وڵاتدا. بـەڵام بە بڕوای گرووپـە زمانییە جۆراوجـۆرەکان کە توێژینەوەیـان لەسـەر کراوە، ئەم ماددەیە تا ئێسـتا نەچۆتە بـواری جێبەجێکردنەوە.

**عەلیڕەزا خانی، چالاکی کەلتووری و ئەدەبی لە ئەیوان (ئیلام):**
لـە دەسـتووری بنچینەیـی و لـە مـاددەی پازدەیەمـدا ڕێگـە دراوە و ڕاشـکاوانە وتـراوە کـە ئێتنیکەکان دەتوانن بـە زمان و جلوبەرگی خۆیانـەوە پەروەردە بکرێن و بخوێنـن، بـەڵام ئـەم شـتە تەنیـا نووسراوەیـە و پـاش چـل سـاڵ هێشـتا ئـەم دەرفەتەیـان پـێ نەداویـن کـە بـە زمانـی کـوردی بخوێنین.

چاوخشـاندنێک لەسـەر مـاددە ئاماژەپێکراوەکانـی دەسـتوور دیمەنێـک لـە دەسـتووری کۆمـاری ئیسلامـی ئێـران ئاراسـتە دەکات کـە لـەم یاسـایەدا، زنجیرەمافێکـی سـەرەکی وەک یەکسـانبوون بەرامبـەر بـە یاسـا، پارێزراوبوونـی گیـان و ماڵ و پیشـە و خانـوو، ئـازادی دەربڕینی بیـروڕا، هەڵبژاردنی پیشـە، بەهرەمەنـدی لـە ئاسایشـی کۆمەڵایەتـی، دادخـوازی، فێـرکاری و پـەروەردە، بەهرەمەنـدی لـە

ڕەوتی دادپرسیی دادپەروەرانە، هەبوونی ڕەگەزنامە، بەشداری لە بەڕێوەبەرێتی کاروباری وڵات و نموونەی دیکەی لەم چەشنە، بۆ هەموو خەڵکی وڵات و هاووڵاتیانی ئێرانی بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێوەندیی ئێتنیکی، زمانی، و ئایینی بە فەرمی ناسراون و خەڵک بە تێکڕایی دەتوانن ئەم مافانەیان هەبێت. بەم دیمەنەوە کە لە دەستووری بنچینەیی پیشان درا، دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێران تێڕوانینێکی پێشکەوتووخوازانەی بەرامبەر بە کەمینەکان گرتۆتە پێش، ئەگەرچی هەندێ تێبینیش لەسەر کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای سەر کەمینەکان بە ڕواڵەت هەڵاوێرانە دێنە پێش چاو کە پێدەچێت ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامی لە ژێر گوشارە نێونەتەوەییەکاندا، بۆ باشترکردنی دۆخی یاسادانان و پیشاندانی پێبەندبوون بە بەڵێن و پەیمانە نێودەوڵەتییەکان لەم بوارانەدا هەنگاوی ئەرێنی هەڵهێنابێت.

بەپێی هەر ئەم دەفرایەتییە ئەرێنییە یاساییانەیە کە بیرمەندانی وەک سادق زیباکەلام –کە یەک لە ڕەخنەگرە سەرەکییەکانی سیاسەتەکانی وڵاتە و بەردەوام خۆی وەک پاڵپشتی کەمینە ئێتنیکی و ئایینییەکان دەرخستووە- دەڵێن کە نامەوێ سیستەمی سیاسیی ئێستا بڕووخێت و تەنیا داواکاری چاکسازی و نەمانی کێشەوگرفتەکانین (شجاعی، ١٣٩٧).

لە ڕووی مافی ئێتنیکییەوە، جێی ئاماژەیە کە گەرچی دەستووری کۆماری ئیسلامی هەڵگری ڕادەیەک دەفرایەتیی ئەرێنی بۆ ڕاستکردنەوەی هەندێک سیاسەتی ئێتنیکی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا، هەندێک لە برگە و ناوەڕۆکە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی بەربەستن لە ڕێگەی گەیشتن بە دادپەروەری ئێتنیکی و لابردنی هەڵاواردنی پێکهاتەیی لە ئێراندا، دیاردەیەک کە لە بواری جێبەجێکردن و دابەزاندندا بە شێوەیەکی ئامانجدار قووڵتر دەبێتەوە. بۆیە پاراستنی شوناسی ئێتنیکی و سڕینەوەی هەڵاواردن لە نێوان ئێتنیکەکاندا پێویستی بە گۆڕانکاری لە سروشتی دەسەڵاتی سیاسی و ڕژێمی یاساییدا هەیە، گۆڕانکارییەک لەسەر بنەمای باوەڕ بە مافی مرۆڤ و ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان، کە ئامادەی قبووڵکردنی فرەچەشنی و فرەڕەنگی لە هەموو ڕەهەندەکاندا بێت و بە شێوەیەکی یاسایی و پێکهاتەیی پابەندی پاراستن و داکۆکی لە ماف و بەرژەوەندییەکانی هەموو گرووپ و چینەکانە، بە کەمینە و زۆرینەشەوە بێت.

## مافی هاووڵاتیبوون

مافی هاووڵاتیبوون[1] بریتیە لە کۆمەڵێک مافی بنەڕەتی کە لەسەر بنەماکانی وەک کەرامەتی مرۆڤ، پاراستنی ماف و ئازادییە زەوتنەکراوەکان، سەروەری گەل، بەهرەمەندبوونی هەموو خەڵک لە مافی یەکسانی مرۆیی، قەدەغەکردنی هەڵاواردن و داکۆکیی یەکسانی یاسا لە سەرجەم تاکەکانی نەتەوە. لە دەستووری ئێراندا بەشێک لەو مافانە لەبەرچاو گیراوە و لەساڵی ٢٠١٥ لە سەردەمی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانیدا، بەیاننامەیەک لە ژێر ناوی «بەڵیننامەی مافی هاووڵاتیبوون» کە لە

1. Citizenship Rights

بنەماکانی دەستوورەو پێکهاتبوو بە ئامانجی دابینکردنی ئاراستەیەک بۆ هەڵسوکەوتی حکوومەت و دامەزراوەکانی لە پێناو پەرەپێدانی مافی هاوولاتیبوون ڕاگەیەندرا. مافی ژیان، تەندروستی و چۆنایەتیی ژیان، مافی کەرامەت و یەکسانی مرۆڤ، مافی ئازادی و ئاسایشی هاوڵاتییان، مافی بەشداریکردن لە دیاریکردنی چارەنووس، مافی بەڕێوەبردنی شایستە و مشووری باش، مافی ئازادی بیروڕا و دەربڕین، مافی دەستڕاگەیشتن بە زانیاری، مافی دەستڕاگەیشتن بە فەزای ئەلیکترۆنی، مافی هەرێمی تایبەتی، مافی پێکهێنان و کۆبوونەوە و ڕێپێوان، مافی هاووڵاتیبوون، نیشتەجێبوون و ئازادیی هاتوچۆ، مافی پێکهێنان و بەهرەمەندی لە بنەماڵە، مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە، مافی ئابوورییەکی شەفاف و کێبڕکێکار، مافی نیشتەجێبوون (خانوو)، مافی خاوەندارێتی، مافی دامەزراندن و پیشەی شیاو، مافی خۆشگوزەرانی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی، مافی دەستگەیشتن و بەشداریی کەلەتووری، مافی پەروەردە و توێژینەوە، مافی ژینگەیەکی تەندروست و گەشەسەندنی بەردەوام، و مافی ئاشتی و ئاسایش و دەسەڵاتی نیشتمانی لە بڕگەکانی ئەم جاڕنامەیەن (منشور حقوق شهروندی، ١٣٩٥).

یەکێک لە دەستپێشخەری و داهێنانە گرنگەکانی بەڵێننامەی مافی هاووڵاتیبوون بە بەراورد بەو مافانەی لە بەشی سێیەمی دەستووردا هاتووە، گرنگیدانە بە مافە کولتوورییەکانی هاووڵاتیان بە گشتی و مافە کەلتوورییەکانی ئێتنیک و کەمینەکان بەتایبەتی. بڕگەی «ط»ی بەڵێننامەکە بەناونیشانی «مافی دەستڕاگەیشتن و بەشداریی کولتووری» ٩ مادەی بۆ ئەم پرسە گرنگە تەرخان کردووە و پێدەچێت حکوومەت نەک تەنیا بەفەرمی خۆی پابەند بە ئەنجامنەدانی سیاسەتی پاکتاوکردن و ئاسیمیلەکردن زانیوە، بەڵکو ئەو کۆمەڵە ڕێوشوێنانەی لە بەڵێن‌نامەی مافی هاووڵاتیبوون ڕاگەیەندراون لە پێوەندی لەگەڵ مافە کەلتوورییەکانی گرووپە ئێتنیکی و کەمینەکان ئاماژەیە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی لێبوردەیی و پشتیوانی لە هەندێک حاڵەتدا (عزیزی، بی‌تا).

چەمکی هاووڵاتیبوون و مافەکانی، پێوەندییەکی چڕوپڕی لەگەڵ حکوومەت و دەوڵەت هەیە. هاووڵاتیبوون کاتێک دێتە دی کە هەموو خەڵکی کۆمەڵگایەک هەموو مافە مەدەنی و سیاسییەکانیان هەبێت و هەروەها دەرفەتە پێویستەکانی ژیان لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بە ئاسانی بۆیان بەردەست بێت. هاووڵاتییان وەک ئەندامانی یەک کۆمەڵگا بەشدارییان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا هەیە و لە بەرامبەر ئەو مافانەی کە پێیان دەدرێت بەرپرسایەتیشیان هەیە بۆ بەڕێوەبەرێتی باشتری کۆمەڵگا و پێکهێنانی دیسپلین. ناسینی ئەم ماف و ئەرکانە ڕۆڵێکی کاریگەرییان هەیە لە بەرزکردنەوەی پێگەی هاووڵاتیبوون و پێکهێنانی کۆمەڵگایەک کە لەسەر دیسپلین و دادپەروەری دامەزرا بێت (جاوید و دیگران، ١٤٠١، ٩٠).

دامودەزگا حکومییەکانی ئێران لە کاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان یان خۆپیشاندانەکان و یان ڕووداوە سروشتییەکان و هتد، بەشداری بە ئەرکی خەڵک دەزانن، بەڵام کە بابەتی ماف و داواکاری هاووڵاتییان لە دامودەزگا دەوڵەتییەکان و دەسەڵات دێتە ئاراوە، وەڵامیان زیاتر بێدەنگییە.

**حوسێن محەمەدزادە، مامۆستای زانکۆ لە سنە (کوردستان):**
هاووڵاتیبوون ماف و ئەرکە، واتە هەم ماف و هەمیش ئەرکی هەبێت. لای ئێمە زیاتر ئەرک هەیە تا ماف، نەک ئەوەی کە هیچ مافێک نەبێت، بووە، بەڵام ئەرکی زیاتر دەرکەوتنی هەبووە و دیارە.

مافی هاووڵاتیبوون پێوەندییەکە لە نێوان خەڵک و دەوڵەت کە بەو پێیە، هەر یەکەیان کۆمەڵێک مافیان دەکەوێتە ئەستۆ. بابەتی وەک دەنگدان و بەرپرسیارێتی بەرامبەر هەڵبژاردنەکان، خزمەتی سەربازی تا لە کاتی شەڕ هەر پیاوێک کە توانای جەستەیی هەیە بانگ بکرێ بۆ بەشداری لە شەڕدا و لە کاتی ئاشتیشدا بە خزمەتی زۆرەملی یان خۆبەخشانە ئامادەبوونی لە نێو هێزە چەکدارەکان هەبێت، ڕێزدانان بۆ یاسا و مافی کەسانی دیکە،ماڵیات دانەوە، و ... وەک بەرپرسایەتییە تاکەکەسییەکانی هەر هاووڵاتییەکن. لە باتی ئەمەدا کۆمەڵێک بەرپرسایەتیش دەکەونە ئەستۆی دەوڵەت وەک پاراستنی گیان و ماڵ و مافەکان و ئەمنییەتی هاووڵاتیان، تەندروستی، پەروەردە، پاراستن، چاککردنەوە و دروستکردنی ڕێگاوبان، شارێگاکان و شەقامەکان و هێڵی شەمەندەفەر، پاراستن و ڕاگرتنی سامانە سروشتییەکان، دارستانەکان و ژینگە، پاراستنی پاشەکەوتی خەڵک لە ڕێگای بەسەرکردنەوەی بانکەکان و گەرەنتیکردنی حەسێبە بانکییەکان، یارمەتیدان و قەرەبووکردنەوەی خەسارەکان بۆ بابەتی پێشبینی نەکراو وەک لافاو، بوومەلەرزە و وشکەساڵی.

**غوڵامڕەزا جەعفەری، چالاکی بواری ژینگە لە نەغەدە (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**
مافە شارومەندییەکان لە شاری ئێمە و بۆ ئێمە جێبەجێ ناکرێن. بۆ ئێتنیکەکانی دیکەش بەرزی و نزمی هەیە. گەورەترین کەموکووڕی ئێمە لێرەدا ئەوەیە کە پێم وایە داواکارییەکانی من (تورک) لای ئێوەیە و داواکارییەکانی ئێوە لای منە. تا ئەم جۆرە بیرکردنەوە لەناو نەبەین، پێشێلکردنی مافەکانی یەک بەردەوام دەبێت. سەبارەت بە مافەکانی شارومەندی، چل ساڵ پاش شۆڕش ئەوە تازە دایاناوە، لە کوێیە؟!

مافی هاووڵاتیبوون هەموو ئەو مافانە دەستەبەر دەکەن کە شارومەندانی کۆمەڵگایەک پێویستە هەیانبێ. چونکە لە دەستوور و قورئاندا جەختیان لەسەر کراوە. جێبەجێکردن و پاراستنی ئەم مافانە ئەرکی دەوڵەتە. دەسەڵاتداربوونی یاسا وەک ژێرخانەی سەرەکی و سەرەتایی دابینکردنی

مافەکانـی هاووڵاتیبـوون و جێبەجێکردنیـان هەژمـار دەکرێت.

**یەحیا شەریعەت نیا، مافناس و ڕاوێژکاری یاسایی لە تاران:**
مافـی هاووڵاتیبـوون لـە ئێران تـا ماوەیەکـی نادیـار درۆ و وەهمێکـن. مافەکانی هاووڵاتیبوون هەڵبەستێکە و ناکرێ بەشێکی لـێ کـەم بکەینـەوە. تاکایەتـی و مافەکانـی هاووڵاتیبـوون لـە ئێـران زۆر گرنـگ نیـن. بـۆ نموونـە ئێمـە نازانیـن کاتێـک مافەکانی هاووڵاتیبوون لە وەبەرهێنانی پیشەسازیدا بەرچاو ناگیردرێن چ تێچوویـەک دەکەوێتە سـەرمان.

بێبەشـکردنی هاووڵاتییـان لـە مافەکانـی هاووڵاتیبـوون چۆنایەتیـی ژیانیـان تـا ڕادەیەکـی زۆر دادەبەزێنێـت (Lauer & Lauer, 2002, 297). گرووپـە ئێتنیکـی و ئایینییـەکان لەسـەر ئـەو بـاوەڕەن کـە ئـەم مافـە بـەو جۆرەی کە شـیاو و گونجـاوە پێیان نـەدراوە و لێی بێبـەش کراون. کەڵـک وەرنەگرتن لـە دەفرایەتییـە ئێتنیکـی و ئایینییـەکان بۆ پۆسـتە گرنـگ و ستراتژیکیەکانی وڵات وەک سـەرۆکایەتی کۆمـار، وەزارەت، پارێـزگاری و پۆسـتە بەڕێوەبەرێتییـە باڵاکانـی دیکە، کەڵک وەرنەگرتنـی کەمینەکان لـە پەرسـتگە ئایینییەکانـی خۆیان وەک نەبوونـی مزگەوت بۆ سـوننەکانی تاران ئەگەرچـی ژمارەیەکی زۆریـان لـەو شـارەدان، سـڕینەوەی کەلتووریـی هونەرمەنـدان و ژنـان و چالاکـە کۆمەڵایەتییـەکان و چالاکانـی بـواری ژینگـە و کەمینـە ئایینـی و ئێتنیکییـەکان ئـەو بابەتـە گرنگانـە بـوون کـە لـە لایەن کەمینەکانـەوە وەک پێشـێلکردنی مافـی هاووڵاتیبـوون ئاماژەیـان پـێ دراوە.

یـەک لـەو بابەتـە گرنگانـەی کـە لەسـەر چەمکی مافـی هاووڵاتیبـوون جێـی سـەرنجە شـێوازەکانی ڕوونکردنـەوە و دەکارهێنانـی ئـەم چەمکەیـە. بـەو پێیە، مافـی هاووڵاتیبـوون چەمکێکـی چەندلایەنە و چەندڕەهەندییـە کـە بـۆ پەرژانەوە لەسـەری بەرچاوگرتنی هەمـوو ڕەهەندەکانی پێویسـتە. لێکدانەوەی سـەقەت و هەڵبژێـردراو لـەم چەمکـە یـەک لـەو بابەتانەیـە کـە ئـەو کەسـانەی وتووێژیان لەگـەڵ کراوە ئاماژەیـان پێداوە.

**پەروین زەبیحی، چالاکی مەدەنی لە مەریوان (کوردستان):**
چـاو لێکـە مزگەوتـی سـوننەکان لـە تـاران دەڕوخێنـن. پاشـان ورد دەبیتـەوە دەبینـی بـۆ نموونـە سـوننەیەک ناتوانـێ ببێتـە کاندیـدی سـەرۆکایەتی کۆمـار، ژنێـک ناتوانـێ، من ژنی کوردی سـوننە لە هەموو دەرفەتە سیاسـی و کارییەکان بێبەشم.

**پەیمان ناسیحپوور، مامۆستای زانکۆ و ژەنیار لە ئەردەبیل:**
وەک ژەنیار، هەر ئەوەیکە ئامێرەکەم لە تەلەفیزۆن پیشان نادەن بۆ خۆی پێشێلکردنی مافی هاووڵاتیبوونە.



وێنەی ژمارەی ٣١-٣: وتووێژ لەگەڵ پەیمان ناسیحپوور

بێبەشکردنی کۆمەڵایەتیی کەمینەکان دەبێتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بەردەوامی و مانەوەی هاووڵاتیبوون وەک هێزێکی کۆکەرەوە لە کۆمەڵگای هاوچەرخ بەرەو دۆخێکی گوماناوی دەبات و دەیخاتە ژێر گومان و پرسیار. بێبەشکردنی کەمینە ئێتنیکییەکان لە هاووڵاتیبوون لە ڕێگای کردەوە و گوتارگەلێکەوە جێبەجێ دەکرێت کە تیایاندا ڕەگەز، نەژاد، چینی کۆمەڵایەتی و کەلتوور وەک فاکتەرە کاریگەرەکان پێکەوە پێوەندیدار دەبن. ئەم دیاردەیە شوێنهاتی گرنگی بەدواوە دەبێت. گرووپە بێبەشکراوەکان ناتوانن تەنیا لە ڕێگای بەدەستهێنانی یەکسانیی فەرمی (بە ڕواڵەت) ببنە هاووڵاتێکی تەواو. گرووپە کەمینەکان پێویستیان بە کۆمەڵەیەکی تایبەتە لە مافەکان و شێوازە تایبەتەکانی نوێنەرایەتی کە بەپێی پێشینە مێژووییەکان، کە بێبەشکران و سەرکوتکرانی گرووپە کەمینەکان لەو چوارچێوەیەدا بەدیهاتووە، پێک بێت (محسنی، ١٣٨٩، ١١٧).

نوانـەی ژمـارەی ٣٣-٣ ڕەزامەنـدی لە مافی هاووڵاتیبوون لە ڕوانگەی نوخبەکانەوە پیشـان دەدات. سـەتا ٩٢,٢ی نوخبـەکان لـە دۆخـی مافـی هاووڵاتیبـوون نارازیـن و تەنیـا سـەتا ٧,٨ی نوخبـەکان ڕەزامەندییـان لـە دۆخـی مافـی هاووڵاتیبـوون هەیـە. نوانـەی ژمـارەی ٣٤-٣ ڕێـژەی هەسـتکردن بـە هـەڵاواردن لـە مافـی هاووڵاتیبوون-ئێتنیکـی پیشـان دەدات کـە بەپێـی ئـەو نوانەیەش سـەتا ٧٣,٤ی نوخبـەکان لەسـەر ئـەو بـاوەڕەن کـە ئێتنیکـەکان بـە شـێوەی یەکسـان لـە مافـی هاووڵاتیبوون سـوود وەرناگـرن. چونکـە زۆربـەی ئـەو کەسـانەی وەک خەڵکی ئاسـایی وتووێژمـان لەگەڵ کردوون لـە واتای ڕاسـتەقینە و تـەواوی مافـی هاووڵاتیبـوون تێنەگەیشـتوون و لـە کاتی شرۆڤـەی ئەم چەمکە دەرکەوت ئـەو شـتەی کـە ئـەوان وەک مافـی هاووڵاتیبـوون لێکدانەوەی بـۆ دەکەن لەگـەڵ واتا ڕاسـتەقینەکەی جیـاوازە، ئامـارە پێوەندیـدارەکان بـە خەڵکی ئاسـایی سـڕاوەتەوە.




نوانەی ژمارەی ٣٣-٣: ڕەزامەندی بەرامبەر مافی هاووڵاتیبوون - نوخبەکان




نوانەی ژمارەی ٣٤-٣: هەستکردن بە هەڵاواردن لە بەشی مافی هاووڵاتیبوون ئێتنیکیدا- نوخبەکان

ئەمـڕۆ چەمکـی هاووڵاتیبـوون وەک شـکۆیەکی کۆمەڵایەتـی لـە تێڕوانیـن بـۆ کۆمەڵـگای مەدەنـی لێکدانـەوەی بـۆ دەکرێـت و هاووڵاتـی وەک ئەندامێکـی کۆمەڵـگای سیاسـی تاکێکـە کـە خاوەنـی

ماف و کۆمەڵێک ئەرکە لەسەر ئەم ئەندامایەتییە. ئاوڕدانەوە لەسەر مافی هاووڵاتیبوون لە هەر کۆمەڵگایەکدا، ڕەوابوون و شەرعییەت و بەردەوامبوونی سیستەمی سیاسیی دەسەڵاتدار ڕێپێدراو دەکات. ئەم مافانە هەڵگری ڕەهەندی مەدەنی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتووری و دادوەرین و چەندێتی و چۆنێتی بەرژەوەندبوون لێیان، لە هەر کۆمەڵگایەک یەک لە پێوەرەکانی گەشەکردنە و وەک یەکێک لە فاکتەرەکانی حوکمڕانی چاک هەژمار دەکرێت (طاهری، ١٣٩٥، ١).

یەکێک لە سەرتاییترین هەنگاوەکان بۆ بەرچاوگرتنی مافی هاووڵاتیبوون لە لایەن خەڵکەوە هەوڵدانە بۆ ئەوەیکە لە نێو کۆمەڵگادا فێرکاری و وشیاری لەسەری زیاد بکرێت. لە وتووێژەکاندا دەرکەوت کە دیمەنێکی لێڵ لە مافی هاووڵاتیبوون تەنانەت لە مێشکی نوخبەکانیشدا هەیە. بەهۆی نەبوونی ڕوونکردنەوە بۆ نموونەکانی و تەنانەت یەک نەگرتنی ڕێکارنامە پێوەندیدارەکان بە دەقی دەستووری سەبارەت بە مافە مەدەنی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکان ئەم دیاردەیە بۆتە هۆی نارەزایەتی و سەرهەڵدانی هەستکردن بە هەڵاواردن لە نێو ئێتنیکەکاندا.

پێدەچێت مافی هاووڵاتیبوون ئەکتێکی سیاسی و دروشمێکە کە سیاسەتوانان دەیانەوێ کەڵکی حیزبیی لێ وەرگرن، بەڵام ئەکتێکی ڕاستەقینە، باوەڕی و یاساییە کە ڕیشەی پتەوی لە دەستوور و یاساکانی دیکەدا هەیە و یەک لە پێویستترین هەنگاوەکان، فێرکاری گشتییە. هەمووی هاووڵاتیان دەبێ ئاگاداری مافەکانی خۆیان بن تا پێشێلکردنی مافی هاووڵاتیبوون کەمتر بێتە ئاراوە. لەم بوارەدا دەنگ و ڕەنگ و هەموو میدیاکان ئەرکێکی زیاتریان لە ئەستۆیە.

> **لەیلا شەفاعی، پارێزەری پلە یەکی دادگا لە تەورێز:**
> چاو لێکەن ئەم پرسە کە ژنانی ئێمە هێشتا ڕێگایەکی دوورودرێژیان لە پێشدایە ڕوون و ئاشکرایە. ئێمە پێویستمان بە هەوڵێکی زۆرە لە لایەن ژنانەوە و هاوڕێیەتی کۆمەڵگا لەگەڵیان. باشترین کارێک کە دەتوانین لەم بوارەدا بیکەین پەروەردەکردنی دروستی نەوە نوێکانە.

پێدەچێت گرنگترین خاڵ پێش جێبەجێبوونی هەموو ئەم بابەتانە و دابینکردنی جاڕنامەی مافی مرۆیی و ... لە لایەن دەوڵەتەوە، پێویستبوونی ئاگادارکردنەوەی گشتی لە بواری مافی هاووڵاتیبوون دا، چونکە دەسکەوتەکانی لێکۆڵینەوەی بەردەست پیشاندەری ئەوەن کە بەپێی باوەڕی ئەو کەسانەی وتووێژیان لەگەڵ کراوە هێشتا کۆمەڵێکی زۆری خەڵک لەگەڵ واتای ئەم وشەیە بێگانەن و خەڵک دەبێ سەرەتا لەسەر شتەکە وشیار بکرێنەوە تا لە قۆناغی دواتردا بیانەوێ لەسەری قسە بکەن و داوای بکەن.

**مەهدی حەمیدی شەفیق، چالاکی سیاسی لە ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات:**
لە ئێران، مافەکانی شارومەندی جێگیر نەبووە. من لە دانیشتنێک لەسەر دەریاچەی ورمێ دەستبەسەر کرام. بیست و نۆ کەس بووین و دەستبەسەر کراین. لە درێژەی ئەو ماوەیەدا کە لە بەندیخانە بووم، خۆپیشاندانێک کرا و منیان تاوانبار کردبوو کە گوایە خۆپیشاندانەکەم ڕێکخستووە، لە حاڵێکدا کە بەند کرابووم.

**ڕیاز عەلی فەرهانی، چالاکی کۆمەڵایەتی لە خووزستان:**
هێشتا کۆمەڵگای مەبەست بۆی ڕوون نییە کە مافی هاووڵاتیبوون چییە!


وێنەی ژمارەی ٣٢-٣: وتووێژ لەگەڵ ڕیاز عەلی فەرهانی

بۆیە بابەتی مافی هاووڵاتیبوون پێش هەر شتێک پێویستی بە فێرکاری و کەلتوورسازییە. بەشێک لەم بابەتە ئەرکی چالاکانی کۆمەڵایەتی و بنکە مەدەنییەکانە. فێرکردنی کردارەکانی هاووڵاتیبوون بۆ بەزرکردنەوەی چۆنییەتیی کارکردی ڕێکخراوە مەدەنییەکان زۆر کاریگەرە. ئەم وانانە یارمەتیدەری بەهێزبوونی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی یەکڕیزی کۆمەڵایەتی دەبن لە ئاستی ناوچەیی، نەتەوەیی و جیهانیدا. بەشێکی دیکەی ئەم بابەتەش ئەرکی دەوڵەت و بنکە دەوڵەتییەکانە. لە ڕاستیدا دەوڵەت و بنکە یاسادانەرەکان، ڕێکخراوە نەتەوەیی و ناوچەییەکان و بنکەکانی دیکە لە ڕێگای فێرکردنی مافی هاووڵاتیبوون و پێداویستی و لێزانییەکانی ژیانی بەکۆمەڵ و ناسینی بنەماکانی بەڕێوەبەریتی شارییەوە، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە ڕاهێنان و پەروەردەی هاووڵاتیاندا. لە درێژەی فێرکاری و کەلتوورسازی لە بواری ئاگاداربوون لە مافی هاووڵاتیبوون،

فێربوونی فاکتەرەکانی فێرکاری ڕەفتاری هاووڵاتی یارمەتییەکی بەرچاوی بەرزبوونەوەی ئاستی کوالێتی ژیانی بەکۆمەڵ و بەهێزبوونی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە ژیاندا دەدات.

دەرەنجامەکانی دیکە سەبارەت بە دۆخی بابەتی مافی هاووڵاتیبوون، هەڵسوکەوتی توندوتیژانە و بەسیاسیکردنی داواکارییەکانی چالاکانی ئەم بوارەیە. وڵاتی ئێران کۆمەڵگایەکی تا ڕادیەکی زۆر سیاسیکراوە و بۆیە داواکارییە جۆراوجۆرەکانی بواری ژینگە، کۆمەڵایەتی، کەلتووری و ئابوورییەکان و ... بە تێڕوانینی سیاسییەوە سەیر دەکرێن و بەم بۆنەوە، ئەو هەڵسوکەوتانەی دەکرێن هەڵسوکەوتی توند و سیاسین. هەمووی ئەم بابەتانە پیشاندەری ئەوەن کە پێدەچێت جاڕنامەی مافی هاووڵاتیبوون کە لە لایەن حەسەن ڕووحانی‌یەوە ئاراستە کرا زیاتر پڕوپاگاندا و ڕێکلام بووە و ئەو شتەی ئەمڕۆ خەڵکی گرووپە جۆراوجۆرە ئێتنیکییەکان بە کردەوە دەیبینن لەو سەد و بیست ماددە باسکراوە عەرز و ئاسمان لێک دوورن و یەک ناگرنەوە.

دەفرایەتییە شاراوەکانی بەڵێن‌نامەی مافی مرۆڤ هێندە توانای هەبوو کە ئەگەر بکرێتە بناغەیەک و بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، دەرفەتێکی ناوازەی بۆ تێپەڕاندنی قەیرانە بەردەوامەکان دەخوڵقاند. بەڵام لە خەسارناسیی ئەم بێ‌دەرەنجامیە و مانەوەی وەک بەیاننامەیەکی بێ‌کاریگەر، دەبێت ئاسۆی ڕوانین لە ئامانج و مەبەستە پڕوپاگەندایییەکان ببردرێتە سەرەوە و تیشک بخرێتە سەر ئاستەنگ و ئالنگارییە پێکهاتەییەکانی دەسەڵات و ڕژێمی یاسایی و گوتاریی کۆماری ئیسلامی ئێران، کە ئەم هەنگاوانە لە بەستێنیدا زیاتر لەوەی ڕەوتێکی یاسایی و خوازراوی دەسەڵات بێت، لە دیدی دەسەڵاتەوە بە هەوڵێکی نائاسایی و ڕێسابەزێن دادەنرێت کە دەسەڵاتی سیاسی بە هەموو توانایەکەوە هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی و نکۆڵیکردنی دەدات. بۆیە چارەنووسی ئەم بەڵێننامەیەش وەک زۆرێک لە هەوڵە ڕیفۆرمیستیەکانی دیکە کە لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ دامەزراون، دەرکەوتنێکی بەپەلە بوو کە نەک هەر لە دوای حکوومەتی ڕووحانی زۆر درێژەی نەکێشا، بەڵکو تەنانەت لەو سەردەمەشدا لە زۆر ڕووەوە خرایە پەراوێز و بێدەنگ کرا.

## عەلمانییەت

عەلمانیەت (سێکۆلاریزم)[1]، کە بە واتای «جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت»، «عەلمانیەت» و «دنیاخوازی»ی سیاسی لێکدەدرێتەوە، بە مانایەکی وردتر جیاکردنەوەی ئایین لە حکوومەت و دامەزراوەی دەوڵەتە. عەلمانیەت باوەڕی بە دامەزراندنی حکوومەتێکی نائایینیی دوور لە ئینتما و هۆگریی ئایینی و ئایینزایی هەیە، کە لە دانانی یاسا و ڕێساکانیدا، ئایینەکان هیچ بەشدارییەکیان نییە. ئەڵبەت ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە پێویستە کە باوەڕ بە دەستێوەرنەدانی ئایین لە کاروباری حکوومەت، لە بیرۆکەی عەلمانیەتدا بە مانای دژایەتیکردنی ئایین و ئایینداری یان سنووردارکردنی

1. Secularism

کەسانی ئایینی و ڕێگریکردنیان لە چوونە ناو پۆستە حکومییەکان نییە، بەڵکوو تەنها مکۆڕە لەسەر چێکردنی میکانیزمە یاساییی و جێبەجێکارییەکانی حکوومەت لەسەر بنەما نائایینییەکان و پێویستی ڕەچاوکردنی ئەم بنەمایە بۆ کارگێڕانی (شمسینی غیاثوند، ١٣٨٧). لە بیرۆکەی عەلمانیدا ئایین بنەمای هیچ کام لە سێ پایەی شەرعیەتی سیاسی و یاسادانان و دادوەری و کارگێڕیی سیاسی دەوڵەت نییە.

عەلمانیەت تەنها مۆدێلێکی گونجاوی حوکمڕانی تایبەت بە کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا و سیستەمی دیموکراسی نییە، بەڵکو ئەم شێوازی حوکمڕانییە دەتوانێت لە کۆمەڵگا ئایینی و ئایینزایە هەمەچەشن و فرەڕەنگەکانیشدا پەیڕەو بکرێت. یەکێک لە دەرئەنجامە ئەرێنییەکانی سیستەمی سیاسی عەلمانی لە کۆمەڵگە ئایینییەکاندا، جێهێشتنی ئایینە بۆ کۆمەڵگا و گۆڕەپانی نافەرمی و ناحکومی سیاسەت، کە ئەم هەڵوێستە خۆی لە خۆیدا ڕێگەی هەڵاواردنی ئایینی و ئایینزایی دادەخات و لە دەرەوەی پەیوەندی و بیروباوەڕە ئایینییەکان، بەستێنێک بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ هەمووان دابین دەکات.

دەسکەوتەکانی ئەم لێکۆڵینەوە دەریانخستووە کە لە نموونەی جۆراوجۆردا باوەڕ و ئەندێشەی عەلمانییەت لە ڕوانگەی بەشداربوواندا هەیە و زۆربەیان دژ بە دەستێوەردانی ئایینین لە بواری سیاسەتدا.

**ئەمین ناتیق، ئەندازیاری شارسازی لە ئەسفەهان:**
ئایین وەک شتێکی تاکەکەسی دەبینم کە هەر کەس دەتوانێ لە ئاقاری تاکەکەسیدا خەریکی بێت، بەڵام من هیچ پاڵپشتییەک لە هیچ جۆرێکی ناکەم. ئەو کاتەی کە هۆکاری توندبوونەوەی دەسەڵاتە، خۆی لە ناخی خۆیدا هۆکاری گەندەڵییە.

**ئیبراهیم شەمس، چالاکی کەلتووری لە پاوە (کرماشان):**
ئایین نابێ دەستێوەردانی لە سیاسەتدا هەبێت، چونکە کۆمەڵێک کێشەوگرفتی لێ دەکەوێتەوە.

**مەیسەم سفیدخۆش مامۆستای فەلسەفەی زانکۆی شەهید بەهەشتی لە تاران:**
فەرمیبوونی ئایین پێشاندەری ئەوەیە کە ئایین کارامەیی نییە. هەرچی بگەڕێینەوە بۆ دواوە و بەرەو کۆمەڵگایەک بچین کە کەلێنی کەمتر بوو، پێویست ناکات ئایینی فەرمی ڕابگەیێنرێت.

لە ئێراندا، پرسیار و باسە ئایینی و ئایینزاییەکان، بەردەوام یەکێک لە پرسیارە سەرەکییەکانە لە دیمانە دەوڵەتییەکاندا. جۆری ئایین و ئایینزا هەمیشە یەکێک لە سەرەکیترین و سەرەتاییترین پرسیارەکانە کە لە بەشداربووانی تاقیکردنەوە سەرتاسەرییەکانی زانکۆکان و تاقیکردنەوەکان بۆ وەرگیران لە پیشە دەوڵەتییەکاندا ئاراستە دەکرێت. هەروەها لە فۆرمەکانی تۆمارکردنی ناو کە لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ کاروباری جۆراوجۆر دابەش دەبێت هەمیشە ئەم بابەتە دەبینرێت. لەسەر ئەم بنەمایە، ئایین و ئایینزا، یەکێک لە پێنوێنە سەرەکییەکانی جیاکاری تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییە لە ئێراندا، کە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی هەڵاوێرانەی خوڵقاندووە.

**حەمید حەمادی، مامۆستای زانکۆ لە پارێزگای خووزستان:**
ئایینزایەک نابێ یاسایی بێت و ئەمە پرسێکی تاکەکەسییە. بەداخەوە دەبینین کە ئەگەر پرسیارنامەیەکتان پێ بدەن، نووسراوە ئایین و ئایینزات چییە و ئەمە هەڵەیە.

مێژووی ئێران پیشان دەدات کە خەڵکی ئەم وڵاتە بەهۆی تێکەڵاوبوونی زاتیی فیکری شیعە و سوننە لەگەڵ سیاسەت و حکوومەتدا، نەیانتوانیوە بە شێوەی یەکپارچە، سێکولاریزم لە سەردەمە جۆراوجۆرەکان قبووڵ بکەن. لە لایەکی دیکەشەوە، دەسەڵاتدارانیش لە سەفەوییەوە تا پەهلەوی بەردەوام هێماگەلێک لە هەڵسوکەوتی ئایینییان نواندبوو و ئەمە تەنیا نوخبەکان بوون کە لە قووڵایی سێکولاریزم دەگەیشتن. پرۆسەی گۆڕانکاریی ئەندێشەی سێکولاریزم لە ئێران لە چوار قۆناغدا شرۆڤەی بۆ دەکرێت: قۆناغی یەکەم سەرهەڵدانی سێکولاریزمە کە لە سەردەمی قاجارەوە و بەتایبەت دوایین ساڵەکانی ئەو سەردەمە واتە سەردەمی مەشرووتەوە، شێوازێکی ڕێکخراوی بەخۆوە گرت و تا پێش حکوومەتی ڕەزاشا درێژەی هەبوو. قۆناغی دووهەم دەسەڵاتداربوونی سێکولاریزمە کە سەردەمەکانی پەهلەوی یەکەم و دووهەم دەگرێتەوە. قۆناغی سێهەمیش کە سەردەمی لاوازبوونی ڕەوتی سێکولاریزمە دەگەڕێتەوە بۆ پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٧ی کۆچیی هەتاوی. قۆناغی چوارەمیش بووژانەوەی دووبارەی ئەندێشە سێکولاریستییەکانە لە یەک و دوو دەیەی ڕابردوودا.

محەممەدڕەزا نیکفەر، لێکۆڵەری ئایین و فەلسەفە، بە ئاماژەدان بە هەڵاواردنی ئایینی لە ئێراندا، سەبارەت بە پێویستبوونی وەرچەرخان بەرەو عەلمانیەت دەنووسێت: سیستەمی ئایینی بە کۆمەڵێک هەڵاواردنەوە دیاری دەکرێت. بۆ بە دیموکراسیکردنی سیستەمی سیاسی وڵات، پێویستە سەرەتا ئەم هەڵاواردنانە هەڵبوەشێنرێنەوە و بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە دامەزراوەی ئایین و دامەزراوەی دەوڵەت لە یەکتر جیا بکرێنەوە. کۆماری ئیسلامی وەک سیستەمێکی ئایینی لەسەر کۆمەڵێک هەڵاواردن بنیات نراوە، هەڵاواردن لە نێوان خودی و ئەوانی دی، لە نێوان موسڵمان و

غەیرە موسڵمان، لە نێوان عەمامەبەسەر و خەڵکی ئاسایی، لە نێوان شیعە و سوننە و لە نێوان ژن و پیاودا. بۆ نەهێشتنی ئەو هەڵاواردنانە پێویستە ئایین و حکوومەت لەیەکتر جیابکرێنەوە. بە بڕوای من جەختکردنەوە لەسەر ئەم خاڵە دەستکەوتێکی گرنگی مشتومڕی باسی عەلمانیەتە لە ئێراندا (نیکفر، ١٣٩٠).

حەز و ڕۆیشتن بەرەو عەلمانیەت لە کۆمەڵگای ئێراندا کە بە چەشنێک پێوەندی بە دیاردەی لەدین هەڵاتن هەیە، لە دەیان ساڵی ڕابردوودا لە بۆچوون و هەڵسوکەوتی ئێرانییەکاندا بابەتێکی جیددی بووە، کە هەم لە فەزای هزری و ڕۆشنبیریدا خراوەتە بەر باس و تێفکرین و هەم لە بواری گشتیی کۆمەڵگادا بە تایبەت لە نێو چینە گەنج و خوێندەوارەکانی سەر بە چینی ناوەڕاستدا، ئاوڕی جیددی و بەرچاوی لێ دراوەتەوە. بەجۆرێک کە دامەزراوە و کەسانی بەرپرسی کاروباری ئایینی کۆمەڵگا زۆرجار لە هەمبەریدا هۆشداریان داوە و ڕێوشوێنی بەپەلەیان خستۆتە بەرنامەی کاریانەوە. غوڵامعەلی حەدادعادل، بەرپرسی ئەکادیمیا (فەرهەنگستان)ی زمان و ئەدەبی فارسی و ڕاوێژکاری فەرهەنگی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران، لەم بارەوە دەڵێت: من عەلمانیەت بە گرنگترین ئاڵنگاری تیۆری و کردەیی بۆ شۆڕشی ئیسلامی دەزانم! (حداد عادل، ١٤٠٢) هەروەها نوێنەری وەلیی فەقیهـ لە سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی، جێبەجێکردنی عەلمانیەت لە وڵاتدا بە ئامانجی دوژمن دەزانێت و لە هەندێک بەشی وتارەکەیدا باس لەوە دەکات کە: عەلمانیەت لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت دامەزراوە، کە هیچ جێگایەکی لە جەوهەری شۆڕشی ئیسلامیدا نییە. بۆیە ڕەوتی عەلمانیەت گرنگترین پرسی ململانێ و دوژمنایەتی جیهانە لەگەڵ شۆڕشەکەماندا (هدف دشمن پیاده سازی جریان سکولاریسم در کشور است، ١٤٠١).

بەپێی دەسکەوتەکان، جودا لەوەی کە ئەم خواستە لە ئاستی گشتیی کۆمەڵگادا خەریکە گەشە ئەکات، توندیی ئەم بابەتە لە نێوان سوننەکاندا زیاترە، چونکە بە فەرمیکردنەوەی ئایینزای شیعە لە دەستووری بنچینەیی وڵات و یاسادانان لەسەر زۆر کاروبار بەپێی ئەم ئایینزایە و هەروەها ڕۆڵێک کە ئەم ئایینزایە لە پێگەی کاری خەڵکدا دەتوانێ بیگێڕێ، کەمینەی سوننە لەم بوارەدا هەست بە زوڵمێکی دووهێندە دەکەن.

**موجتەبا شاهنووسی، کۆمەڵناس و ئەندامی لیژنەی زانستی زانکۆی خوراسگان لە ئەسفەهان:**

پێم خۆش بوو هەر ئایینزایەکی فەرمیی تایبەت لە ئێران نەبوایە، چونکە تا ڕادەیەک بەستێنی زاڵبوون لەسەر ئێتنیکەکانی دیکە ساز دەکات. ئێستایش بە کردەوە دەسەڵات بە دەستی حکوومەتی شێعەیە و تەنانەت موسڵمانانی سوننە لە هەندێ پۆست بێبەشن.

دەسکەوتە ئامارییەکانیش لەسەر ئایینزای فەرمی وڵات بەپێی بیروڕای بەشداربووانی نوخبە و ئاسایی لە نوانەی ژمارەی ٣٥-٣ و نوانەی ژمارەی ٣٦-٣ پیشان دراون. بەپێی ئەم دوو نوانەیە لە بەشی نوخبەکاندا تەنیا سەتا ١٧,٤٢ی بەشداربووان هاوڕان لەگەڵ فەرمیبوونی ئایینزای شیعەی دوازدە ئیمامی لە یاسا حکوومەتییەکانی وڵات و سەتا ٦٢,٨٧یان نەیاری وەها بەفەرمیکردنەوەیەک بوون. لە بەشی خەڵکی ئاساییشدا سەتا ١٥,١١ی بەشداربووان هاوڕان لەگەڵ بەفەرمیکرانی ئایینزای شیعە و سەتا ٥١,١٦ی بەشداربووانیش نەیاری وەها بەفەرمیکردنێکن. خاڵی سەرنج ڕاکێش ڕێژەی زۆری (سەتا ٣٣,٧٢) ئەو کەسانەی بوو کە وەڵامی ئەم پرسیارەیان نەدایەوە کە ڕەنگە هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ ترس لە وەڵامدانەوە بەم پرسیارە بەهۆی پرس و کێشە ئەمنییەتییەکان، چونکە پرۆسەی وتووێژ تەواو تۆمار دەکرا.




نوانەی ژمارەی ٣٥-٣: ئایینزای فەرمی- نوخبەکان




نوانەی ژمارەی ٣٦-٣: ئایینزای فەرمی- خەڵکی ئاسایی

ئێران کۆمەڵێکی جۆراوجۆر ئایین و ئایینزای تێدایە کە لە لایەن هەندێ لە بەرپرسان و نوخبەکانەوە ئەم جۆراوجۆرێتییە هۆکاری دەوڵەمەندبوونی ئایینی و ئایینزاییە. بەڵام هەندێکی دیکە بەهۆی ئەوەیکە ئایینزا و ئایینەکانی دیکە پۆستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان بەردەست

نییە و هەڵاواردنی ئاینییان بەرامبەر دەکرێ نەیاری بەفەرمیبوونی ئاینزان. پێشینەی مێژووی بەفەرمیبوونی ئاینزای شیعە لە ئێران دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەفەوییەکان. بەڵام پاش شۆڕشی ١٣٥٧ی کۆچیی هەتاوی، چونکە ڕێبەری شۆڕش و ئامادەکردنی دەستوور لە ژێر کاریگەری زانا باڵاکانی شیعە بوو، هاودەنگی و نەیارێتییەکانی زۆرێک لە ئاینزا ئیسلامییەکان و ئاینەکانی دیکەی لێکەوتەوە.

لە ئێران ئەگەر بنەمای ئەم ئەندێشانە تا نزیکەی چل ساڵ پێش لە ئاستی گشتی و کۆبوونەوەکاندا باس دەکرا بە ئەگەرێکی زۆرەوە بەرەنگاری بێژەر دەبوونەوە، بەڵام ئەمڕۆ و تەنیا پاش تێپەڕینی یەک نەوە لەو سەردەمە، بنەمای ئەم بیرۆکانە ئەوەندە دزەی کردۆتە نێو بیروڕای گشتی و گەشەی کردووە کە بێژەران بەبێ هیچ ترسێک لە شوێنە جۆراوجۆرەکان دەیگێڕنەوە و داکۆکی لێ دەکەن. بۆیە دەتوانین بڵێین کە ئەگەر کۆمەڵگای ڕۆژئاوا بۆ ئەندێشەکانی سەرەوە نزیکەی پێنجسەد ساڵ هەوڵ و تێکۆشانی فیکریی کردووە، هەمووی ئەم فیکرانە لە ئێران لە ماوەی کەمتر لە سی ساڵدا جێگای خۆیان کردۆتەوە. ڕەنگە بتوانین دەسەڵاتدارێتی توندی ئایین لەم سەردەمەدا وەک هۆکاری ئەم دیاردەیە ئاماژە پێ بدەین کە زۆرینەی هەڵسوکەوتی خەڵک لەو ڕوانگەیەوە دادوەری بۆ دەکرێت. ئەم دیاردەیە بەتایبەت بۆ شوێنکەوتووانی کەمینە ئاینییەکان بەئازارترە لە چاو شوێنکەوتووانی ئاینزای فەرمی وڵات، چونکە بە جێبەجێکردنی سەلیقە تاکەکەسییەکان، لە زۆرێک لە دەرفەت و سوودە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بێبەش کراون. لە دێڕەکانی سەرەوەدا هەندێ لە نیگەرانییەکان و هەڵسوکەوتە سەلیقەییەکانی دژی کۆمەڵگای سوننە باس کرا و لە درێژەیشدا ئەم بابەتە زیاتر شی دەکرێتەوە. هەمووی ئەم بابەتانە پیشاندەری ئەوەن کە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی یەکسان و ئازاد، دەبێ دووری بکرێت لە بەفەرمیکردنی یەک لە ئاینزاکان و پەراوێزخستنی ئایین و ئاینزاکانی دیکە.

## ڕێبازی میانەڕۆیی

ڕێگا و ڕێبازی جێبەجێبوونی هەموو ئەو شتەی لە دێڕەکانی سەرەوەدا لەسەر پاراستن و ڕێزدانان بۆ شوناسی ئێتنیکی، هاوئاراستەبوونی بەرژەوەندییە ئێتنیکی و نەتەوەییەکان، پێداچوونەوە لەسەر باوەڕەکان، کەڵک وەرگرتن لە دەفرایەتییە ئەرێنییەکانی دەستوور، مافی هاووڵاتیبوون، و بەستێنەکانی سێکولاریزم شرۆڤە کرا، هەڵبژاردنی ڕێبازی میانەڕۆییە هەم لە لایەن دەسەڵات و هەم لە لایەن گرووپە ئێتنیکییەکانەوە وەک شێوازێک دوور لە هەموو جۆرە توندڕەویی و کەمتەرخەمییەک. میانەڕۆ کەسێکە کە ئەو توانا ئەخلاقی و ڕەفتارییەی هەیە کە بتوانێ خواستەکان، ئاواتەکان، غەریزەکان و لایەنگرییەکانی خۆی دوور لە توندڕەوی و کەمتەرخەمی و پشت بە لۆژیک و عەقڵانییەت لە ئاقارێکی میانەڕۆ و هاوسەنگدا ڕێنوێنی و کۆنترۆڵ بکات.

لەم ستراتیژەدا زەروورەتی هەڵبژاردن و گەیشتن بە میانەڕۆیی هەم گرووپە ئێتنیکییەکان

دەگرێتەوە و هەمیش دەوڵەت. گرووپە جۆراوجۆرە ئێتنیکییەکان دەبێ بە وەبیرهێنانەوەی بیرەوەرییە تاڵەکانی توندڕەوی تاک و بەرە سیاسییە تۆمارکراوەکان لە یادەوەری مێژووی خۆیاندا، ئامادە نەبن هەڵەی نەوەکانی ڕابردووی خۆیان دووپات بکەنەوە و بەدوور لە هەر چەشنە شەڕ و خوێنڕشتن و بەرخۆدانێکی چەکدارانە لە ڕێگای وتووێژ، کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتە یاساییەکانی وەک هەڵبژاردنەکان، و بەرخۆدانی مەدەنی داواکارییەکانی خۆیان ئاراستە بکەن. ڕاستی ئەوەیە کە بە ڕەوتە ڕێک نەخراوەکان و تەنیا بە پشتبەستن بە دروشمە پۆپۆلیستییەکان و ئەویش بە پشتبەستن بە هەستە بەکۆمەڵەکان ئەم گرووپانە هیچ دەسکەوتێکیان نابێت. لەم بوارەدا دەسکەوتەکان پیشاندەری ئەوەن کە زۆربەی گرووپە ئێتنیکی و ئایینییەکان نەیاری دەمارگرژی نابەجێ و هەڵسوکەوتی توندوتیژانە و ناهێمنن و ڕێگا و شێوازی بەرخۆدانە مەدەنییەکان و وتووێژ و هەروەها بەهێزکردنی کەلتووری ئێتنیکی و ئایینی وەک ڕێبازی دروست و گونجاوی گەیشتن بە مافەکانیان دەبینن.

**عەبدوڕەحمان ئەحمەدی، چالاکی سیاسی لە پیرانشار (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**
هەمیشە لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداریم کردووە، نابێ بەرامبەر بە پرسی چارەنووس بێ لایەن بین، نابێ بێ هیوا بین و بە پاوانخوازی تاوانبار بکرێین. دەبێ خەڵک نەچەوسێنینەوە. من بێزارم لە خەباتی چەکداری. گاندی خەباتی ناتوندوتیژیی دەکرد.



وێنەی ژمارەی ٣٣-٣: وتووێژ لەگەڵ عەبدوڕەحمان ئەحمەدی (کەسی ناوەڕاست)

**سوهام سەجیرانی، دیزاینەری گرافیک و چیرۆکنووس لە ئەهواز (خووزستان):**
لە ئینستاگرام بۆم دەنووسن لەبەرچی ئێش و ئازاری نەتەوەکەت دیزاین ناکەی. من دەڵێم ئێستا هەموو خەریکن ئازارەکان پیشان دەدەن. من لە باتی ئەوەیکە ئێش و ئازارەکان پیشان بدەم، چارەسەریان دەکەم. من لە باتی ئەوەیکە بڵێم زمانەکەم بدەن، شوناسەکەم پێ بدەن، کتێبێکی شیعری منداڵان چاپ دەکەم.



وێنەی ژمارەی ٣٤-٣: وتووێژ لەگەڵ سوهام سەجیرانی

لە لایەکی دیکەوە هەر ئەم گوتاری میانەڕۆییە لە گرووپە ئایینییە کەمینەکان وەک سوننە، لەسەر ئاراستەکردنی داواکارییەکانیان بەدی دەکرێت. مەولانا عەبدولحەمید، بەرنوێژی هەینی شاری زاهیدان، لە بیست و حەوتەمین کۆبوونەوەی دەرچوونی فەقێکانی دارولعولوومی ئەم شارە کە لە مانگی خاکەلێوەی ١٣٩٧ی کۆچیی هەتاویدا بەڕێوەچوو، وتی: «کۆمەڵگای سوننە ڕێبازی میانەڕۆیی گرتۆتە پێشێ و بە بۆنەی ئەم هەڵبژاردنەوە هەست بە سەربەرزی دەکات.» دەسکەوتەکانی

لێکۆڵینەوەی بەردەستیش پیشان دەدەن کە ئەندامانی ئەم گرووپە نەیاری توندڕەوی و جووڵانەوە توندوتیژانەکانن و زیاتر ڕێبازی میانەڕۆیی ڕەچاو دەکەن لە ڕێگای جووڵانەوە مەدەنییەکان و وتووێژەوە.

> **سیمین چایچی، شاعیر و چالاکی بواری ژنان لە سنە (کوردستان):**
> ئەگەر کەسێک زۆر لەسەر هەر ئایینێک دەمارگرژ بێت، بە توندڕەوی لە دەمارگرژیدا خەسار لە مرۆڤەکانی دیکە بدات، وەک ئەوەیکە بیر و بۆچوونی وەک داعشی هەبێت، من بێ گومان نەیاریم. پێم باشترە کاردانەوەکان وەک بزووتنەوە و ناڕەزایەتییە مەدەنییەکان بێت، چونکە پێم وایە ئێستا سەردەمی ئەوەیە کە دیالۆگ کاریگەری هەیە.

بنەما و فاکتەرەکانی میانەڕۆیی لە بواری ئێتنیسیتەدا بریتین لە ئاوەزمەندی، ئینساف، دادپەروەری و ئاکار و کرداری کارلێکیانە. ئینسافیش مەرجی هەموو جۆرە سیاسەتدانانێکە لە بواری ئێتنیسیتەدا. توندڕەوی و کەمتەرخەمی لە بەشی سیاسەتدانان و ڕوونکردنەوەی سیاسەتدانان گرنگترین کێشەی ئێتنیسیتەیە لە ئێران و متمانە بە ئێتنیکە ئێرانییەکان مەرجی میانەڕۆیی لە بواری ئێتنیسیتەکان. خەڵکی هەر ئێتنیکێک مافی ئەوەیان هەیە بە زمانی خۆیان بنووسن و بخوێنن، ناوی منداڵانیان لە نێو کەسایەتییە ئێتنیکییەکانی خۆیان هەڵبژێرن، ژیانیان بە نەریت، ڕێورەسمەکان، مۆسیقا و سەما و ئاوازی خۆیان تێپەڕێنن. ئەمانە ناکەونە ڕیزی ئەو مافانەی ڕادەست بکرێن بەڵکوو دەکەونە ناوەندی مافە زاتییەکانی هەر ئێتنیک و نەتەوەیەک.

ئەو شتەی کە چالاکانی داواکارییە ئێتنیکییەکان دەبێ بەرامبەری جیددی بن ئەوەیە کە بە ڕەچاوکردنی ڕێگا یاساییەکان و هاوڕێیەتی بەرە سیاسییە میانڕۆ و ڕیفۆڕمخوازەکان لە بواری مافی هاووڵاتیبوون لە وڵات، شەرعییەت و پێویستبوونی داواکارییە ئێتنیکییەکانی خۆیان زیاد بکەنە پلان و بەرنامەکانی دەوڵەت. لەم سەردەمەی مێژووی کۆمەڵگای ئێران، ئەو شتەی هەموو چالاکانی مەدەنی و سیاسی هەر ئێتنیک و کەمینەیەک پێویستە ئاوڕی لێ بدەنەوە ئەوەیە کە لە هەموو جۆرە تاکەڕۆیی و توندڕەوییەک دوور بکەن، و لەسەر مافە مەدەنی و هاوڵاتییەکان پێداگر بن –کە داواکارییە ئێتنیکییەکانیش دەگرێتەوە- و بەپێی دەفرایەتییەکانی دەستوور و ماددە لەبیرکراوەکانی، بە کردەوە هەوڵ بدەن.

وشیاری و ئاگاداربوونی هاووڵاتیان لە مافە بنەماییە مەدەنی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان و تێکۆشان بۆ بەجێهێنانیان لە ڕێگای بنکە کۆمەڵایەتییەکانەوە هێزێکی گەورە بۆ چاکسازی دۆخی ئێستا کۆ دەکاتەوە بەبێ ئەوەیکە پێویست بێ توندڕەوی و توندوتیژی ڕەچاو بکرێت. کۆمەڵگای ئێران لە گۆڕانکارییە مێژووییەکانی پاش مەشرووتە و بەتایبەت گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانە جوان

فێر بووە کە توندوتیژی چارەسەرێکی قورس و کەم سوودە. بە پێچەوانەوە، گەشەپێدانی وشیاری و داواکردنی مافەکان لە ڕێگای بنکە مەدەنییەکانەوە تێچووی کەمترە و بەرهەمیشی زیاتر.

**پەیام دوڕفشان، پارێزەری پلە یەکی دادگا و چالاکی مەدەنی لە تاران:**
من لەگەڵ ڕووخاندن هاوڕا نیم، چونکە بەرهەمی دەبێتە ڕووخان و ڕۆژڕەشی.

**موحسێن حیسام مەزاهیری، توێژەری ئایین و شەڕ لە تاران:**
خۆم وەک بەشێک لە ئیسلامی میانەڕۆ دەبینم و لەسەر سنووردانانە ئایینی و گرووپییەکان دەمارگرژ نیم.

لایەنی دیکەی میانەڕۆیی دەگەڕێتەوە سەر حکوومەت کە بە چ شێوازێک لەگەڵ داواکاری و نارەزایەتییەکانی گرووپە جۆراوجۆرە ئێتنیکییەکان هەڵسوکەوت دەکات. بەداخەوە لە هەندێ بابەتدا دەبینین کە شێوازی بەرەنگاربوونەوەی دەزگای سیاسی لەگەڵیان توندڕەوانە، توندوتیژانە و دژبەرانەیە و دەزگای سیاسیش هیچ جۆرە هەوڵێک بۆ بەدیهێنانی داواکارییە یاساییەکانیان نادات. بەرپرسە حکوومەتییەکان دەبێ ئەو خاڵەیان بە جیددی بەرچاو بێت کە یەکڕیزی لەگەڵ پێشێلکردنی مافی ئێتنیکەکانی دیکەدا نایەتە ئاراوە. بەڵکوو لەگەڵ بەفەرمیناسینی ئەم جیاوازی و جۆراوجۆرێتییانە و زیادکردنی هاودەنگی و لە هەمان کاتدا زەبەندێتی، یەکڕیزی دەستەبەر دەبێت و سیستەمێک کە لەسەر جێبەجێکردنی بەشێک لە بنەما پێوەندیدارەکان بە مافی ئێتنیک و ئایینەکانی نێو دەستووری بنچینەیی سستی بنوێنێت و جۆراوجۆرێتی ئێتنیکی وەک دیاردەیەکی سروشتی و پێکهاتوو لە پرۆسەی مێژوویی نەتەوەیەک بەرچاو نەگرێت، لە ڕاستیدا هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی گرووپە توندڕۆ و سەربەخۆییخوازەکان و سازبوونی جودایی و نەفرەتە لە نێو ئەو ئێتنیکانەدا کە هەزاران ساڵ یەکیان بە فەرمی ناسیوە و ئاشتیخوازانە پێکەوە ژیاون.

ئەنجامی جێبەجێکردنی بابەتە باسکراوەکانی ئەم بەشە لە ڕێگای میانەڕۆیی و تێپەڕاندنی قەیرانە ئاماژەپێکراوەکانی بەشی پێشوو، دەبێتە ئاشتی و یەکڕیزی و برایەتی لە ئاستی نەتەوەییدا. لە بەشی دواتردا ئەم بابەتە زیاتر شی دەکرێتەوە.

### ئاشتەوایی نەتەوەیی

ئاشتەوایی نەتەوەیی یەکێکە لە چەمکە هاوبەشەکان لە ئەدەبیاتی سیاسی هاوچەرخدا، کە وەک چارەسەرێک بۆ تێپەڕاندنی هەلومەرجە قەیرانییە ناوخۆییەکانی وڵاتان وەک: شەڕی ناوخۆ، ململانێی نائاسایی حیزبی و کوتلەیی هێزە سیاسییەکان، هەروەها کەلێنی نێوان هێزە و چین

و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێت. لەم دۆخەدا کە سیمای ئاشکرای تۆران و دابڕان یان بێبەشبوونی هەندێ لە هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانە، گرووپێک کە کۆنترۆڵی یاسابەزێنی سامان و دەسەڵاتی نیشتمانی دەکات، بە شێوازێکی سەپێنراو هەوڵی سڕینەوە و سەرکوتکردن و بێدەنگکردنی بەشەکانی تری کۆمەڵگا دەدات. بیرۆکەی ئاشتەوایی نەتەوەیی، وەک چارەسەرێک بۆ تێپەڕاندنی قەیرانە ناوخۆییەکان، زۆرجار لە شێوەی پلانێکی تۆکمەدا بە دەستپێشخەری کەسایەتییە نیشتمانییەکان و ڕەوتە نەتەوەییەکان یان دەورگێڕانی کەسایەتی و هێزە بیانییەکان ڕوودەدات.

بیرۆکەی ئاشتەوایی نەتەوەیی لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا، لە ڕێکەوتی ١٩ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٩٥ی کۆچیی هەتاوی، لە لایەن سەید محەمەد خاتەمی، سەرۆک کۆماری پێشووی ئێران ئاراستە کرا. یەک لە هۆکارەکانی باسکردنی ئەم پرسە لە لایەن ناوبراوەوە ئەوە بوو کە لەم ساڵانەی دواییەدا، کۆمەڵگای ئێران لەگەڵ کێشەوگرفتی زۆر ڕووبەڕوو بۆتەوە کە ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێت، ئەتوانێ ببێتە قەیرانێکی گەورە. ئەم کێشەوگرفتانە، لە پرسە پێوەندیدارەکان بە ژینگە وەک بەفیڕۆچوونی ئاو، پرتووکانی خاک و پیسبوونی کەش و هەواوە دەستی پێکردووە و تا کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەک گیرۆدەبوون بە مادە سڕکەرەکان، تەڵاق، گەشەکردنی توندوتیژی، زیادبوونی بەرتیل خواردن و بێ ئەخلاقییەکانی دیکە ڕۆیشتووە کە ڕۆژانە لەگەڵیان ڕووبەڕووین و هەروەها هەژاری و هەڵاواردن و مەودای چینایەتیش دەگرێتەوە. موستەفا تاجزادە، یەکێک لە سەرکردەکانی ڕیفۆرمخوازی، لە ڕوونکردنەوەی ڕەهەندەکانی پلانی ئاشتەوایییدا دەڵێت: ئاشتەوایی نەتەوەیی بە واتای قبووڵکردنی فرەچەشنییە بە ڕوانگە و پێگەی یەکسانی و هاوسەنگەوە؛ بەڕای من هەموو ئەوانەی باوەڕیان بە سەربەخۆیی و یەکپارچەیی نەتەوەیی و خاکی ئێران هەیە و ئامادەن لە چوارچێوەی یاسادا بە ڕەتکردنەوەی توندوتیژی و پابەندبوون بە دەستوور کار بکەن، دەبێت ئەو دەرفەتەیان هەبێت بەشداری چالاکانە لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بکەن و ئێران و ئێرانییەکان بتوانن لە تواناکانیان سوود وەرگرن (تشریح جزئیات طرح «آشتی ملی» خاتمی از سوی مصطفی تاجزاده، ١٣٩٥).

ئەزموونی چل ساڵەی شۆڕشی ئیسلامی پیشان دەدات کە هیچ حیزبێک بە تەنیایی ناتوانێ کێشە ئاماژەپێکراوەکان چارەسەر بکات و بۆ چارەسەرکردنیان جۆرێک هاوکاری و ئاشتیی بەکۆمەڵ پێویستە. هۆکاری دیکەی باسکرانی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە سەر ئەو هەڕەشە و مەترسیانەی کە پاش هەڵبژێردرانی ترەمپ وەک سەرۆک کۆماری ئەمریکا، کەوتوونەتە سەر ئێران و چارەسەرکردن و بەرپەرچدانەوەیان پێویستی بە هاوکاری و هەماهەنگیی هەموو هێزەکان هەیە. هۆکاری سێهەمی باسکردنی بیرۆکەی «ئاشتیی نەتەوەیی» ئەوەیە کە ئێمە نەک هەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێستا بەڵکوو بۆ بەرگریکردن لە سەرهەڵدانی کێشەی نوێ پێویستمان بە گۆڕانکاریی گەورە لە بوارە جۆراوجۆرەکان هەیە کە جێبەجێکردنیان پێویستی بە یەکڕیزی و یەکدەنگی نەتەوەییە و هیچ یەک لە پارت و حیزبەکان بە تەنیا ئەو ئەرکە قورسەیان پێ جێبەجێ ناکرێت (جزییات طرح آشتي ملي،

١٣٩٥، ٣). بەندکردنی نارِازییانی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆمار لە ساڵی ١٣٨٨ی کۆچیی هەتاوی کە بەردەوام لە لایەن سەرۆک کۆماری پێشووەوە باس دەکرێت یەکی دیکە لە هۆکارەکانی باسکردنی ئەم بابەتەیە.

ئەم بیرۆکە و پلانە، وەک زۆرێک لە دەستپێشخەرییە ئاشتەواییخوازەکانی دیکە، لە دەستپێکدا شکستی هێنا و تووشی دژایەتیی توند و ڕەتکردنەوەی بارگرژانەی، هێزی سەرەکی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا، بووەوە. ئایەتوڵڵا خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران، تەنیا دە ڕۆژ پاش دارِشتنی ئەم بابەتە و لە ڕێککەوتی ٢٩ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٩٥ی کۆچیی هەتاویدا، لە میانەی چاوپێکەوتنی خۆی لەگەڵ خەڵکی تەوریز، وەڵامی دایەوە و وتی: بۆ دەڵێن ئاشتی؟ مەگەر خەڵک پێکەوە نین؟ خەڵک لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ڕۆژی عاشوورا هاتنە سەر شەقامەکان و بێ حەیا و بێ بەزەییانە، گەنجی بەسیجییان لە سەر شەقام ڕووت کردەوە و لێدانیان کرد ئاشت نابنەوە (رهبر ایران: آشتی ملی معنی ندارد، ٢٠١٧). هۆکاری سەرەکی ئەم کاردانەوە توندانە بەرامبەر ڕاگەیاندنی بابەتی ئاشتیی نەتەوەیی لە لایەن محەمەد خاتەمییەوە ئەوە بوو کە ناوبراو ئەم بابەتەی بە مەبەستی داکۆکیکردن لە ڕیفۆرمخوازە بەندکراوەکانی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٣٨٨ی کۆچیی هەتاوی باس کردبوو. لە هاوینی ساڵی ١٣٩٧ و پاش زنجیرە خۆپیشاندانێکی نارِەزایەتی لەسەر شەقامەکان و لە لایەن گرووپە ئێتنیکییەکان (وەک عەرەبەکانی خووزستان)، پیشەییەکان (کرێکاران، خاوەن لۆرییەکان، مامۆستایان و ...) و هەروەها ئایینییەکان (وەک دەروێشە گونابادییەکان) کە لە ساڵی ١٣٩٦ەوە دەستی پێکردبوو و لە مانگی ڕیبەندانی ئەو ساڵەدا بەرزترین ئاستیان بەخۆوە بینی، بابەتی ئاشتیی نەتەوەیی جارێکی دیکە هاتە ئاراوە. ئەم جارە زانای ئایینی پاوانخوازی میانەڕۆ، ئایەتوڵڵا محەمەدجەواد حوجەتیی کرمانی، کە لە قوتابیە ناسراوەکانی ئایەتوڵڵا خومەینی و ئایەتوڵڵا مونتەزیری و نوێنەری چەند خولی شاری کرمان بووە لە پەرلەمان و مەجلیسی خوبرەکانی ڕێبەری، ئەم بابەتەی باس کرد. ناوبراو چارەسەری کێشە قورسەکانی وڵاتی وەک ئاشتیی نەتەوەیی گشتی و سەرەتای دەربازبوون لە کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان ئاماژە پێدا (دعوت حجتی کرمانی به «آشتی ملی»، ١٣٩٨، ٣).

ئەنجامی وتووێژەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە پیشان دەدەن کە ناخی کۆمەڵگایش باوەڕی بەم پچڕان و گرووپبەندییە تایبەتە هەیە کە بەو پێیە گرووپێک ئیمتیازی زۆریان وەرگرتووە و گرووپێکی دیکە بێبەش ماونەتەوە. ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ئەوەیکە بێبەشکراوان هەست بە نایەکسانیی بکەن و خۆیان لە ئاراستەی بەرەی حکوومەتدا نەبیننەوە و یەکڕیزیی نەتەوەیی و ئەو شتەی ناوی ئاشتیی نەتەوەیی لەسەر نراوە خەساری لێ بکەوێت.

لە خەسارناسیی لێکترازانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە وڵاتدا، پێویستە گرنگی بەو پرسە بنەڕەتییە بدرێت کە دۆخی ئایدیاڵ بەو مانایە نییە کە لە کۆمەڵگا و سیاسەتدا هیچ پێکهاتەیەکی چینایەتی و حزبی و کوتلەیی و گرووپی بوونیان نەبێت، چونکە لە تایبەتمەندی دیاری کۆمەڵگا

مۆدێرنەکان ئاڵۆزی پێکهاتە سیاسییەکان و کۆمەڵایەتییەکانە. بۆیە ئەوەی لەم بابەتەدا ڕەخنەی لێدەگیرێت، شێوازە دامەزراوەییەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و حیزبی و گرووپ و کوتلەیە کە دەرهاویشتەی سیستمی سیاسی ڕانتی و لایەنگرپەروەرە و هەوڵدەدات بە پەنابردن بۆ ئامرازە نایاسایی و یاسابەزێنەکان، دامەزراوەکانی دەسەڵات و سامانی نیشتمانی کۆنترۆڵ بکات و خۆی بەسەر هەموو کۆمەڵگادا بسەپێنێت و مەودای هەڵاواردن و لێکترازانی هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتی و سیاسی زیاتر دەکات و وڵات بەرەو سنوورەکانی قەیراناوی بوونی زیاتر پاڵدەنێت.

**مەهدی کەیوان، مامۆستای خانەنشینکراوی زانکۆ لە ئەسفەهان:**
ئەم حکوومەتە دەریخستووە کە دابەش بۆتە سەر خۆمان و خۆتان کە خۆمانەکان هەموو شتیان هەیە و خۆتانەکان هیچیان نییە. من شتێک کە لە دەوڵەت داوای دەکەم ئەوەیە کە هەموو بە خۆمانە بزانێت.

دەوڵەت ئەگەر دەیەوێ خەڵک، سەرەڕای جۆراوجۆرێتییە فکرییەکان و جیاوازییە سیاسییەکان، یەکەیەکی نەتەوەیی پێک بێنن و یەکپارچە بۆ بەرگری لە بەرژەوندیی نەتەوەیی ئێران بوەستنەوە، ڕێگایەکی دیکەی نییە بێجگە بە فەرمی ناسین سەرەڕای هەموو جیاوازییەکان. بۆیە «ئاشتیی نەتەوەیی» واتایەکی نییە بێجگە ئەوەیکە هێزە سیاسییەکان یەک بە فەرمی بناسن و کۆمەڵگا و حکوومەت بە شێوەی یەک دەنگ و یەک لایەنە حوکمڕانی لەسەر نەکرێت و چەند دەنگی و زەبەندێتی فەرمی بکرێتەوە (سهرابی، ١٣٩٥). کە واتە تەنیا ڕێگای کراوە بۆ گەیشتن بە ئاشتیی نەتەوەیی هەمان قبووڵکردنی دیموکراسییە؛ واتە قبووڵکردنی ئەوەیکە هەموو نەتەوە مافی یەکسانیان هەبێت تا ئەنجامی وتووێژە ئەنجامدراوەکان واتە بەدیهاتنی بیرۆکەی یەکڕیزیی نەتەوەیی سەرەتای شۆڕش کە بە باوەڕی بەشداربووان ئێستا زۆر زۆر لێی دوور کەوتووینەتەوە بەدی بێت.

**محەمەد ڕەمەزانی، مامۆستای زمانی ئینگلیزی، وەرگێڕ و چیرۆکنووس لە بۆکان (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**
سیستەمی سیاسیی وڵات، کە شۆڕشێک بە بەشداری هەموو ئێتنیسیتە و ئایین و گرووپە نائایینییەکان ئەنجام درا، بڕیار بوو خوانێکی بەخشندە بێت کە هەمووان وەک ئەندامێک تیایدا بەشدار بن کە بەداخەوە هەر ئەو ساڵەکانی سەرەتا پیشانی دا کە خەڵک خەیاڵ و وەهمیان هەبووە و بەداخەوە هەموو دەرفەتەکان کەوتۆتە دەستی کەمینەیەک کە بانگەشەی ئەوەیان هەیە کە لە لایەن خوداوە پاڵپشتییان لێ دەکرێت. سیستەمی سیاسیی ئێستا چەمکی خۆمان و خۆتانی داهێناوە. خۆمانەکان سەتا ١ و خۆتانەکان سەتا ٩٩ی خەڵکی کۆمەڵگان.

ئەمڕۆ دۆخی وڵات زۆر مەترسیدار و ئاڵۆزە و ئەگەر دەوڵەت وشیار نەبێت و دەستی یارمەتی بۆ ئێتنیکەکان ڕانەکێشێت و بۆ بە فەرمی ناساندنی یەک و جەختکردن لەسەر هاوبەشییەکان هەوڵ نەدات، وڵات لە داهاتوودا تووشی کێشەوگرفت و قەیرانی زۆر قورستر لەوەی ئێستا دەبێتەوە کە لە دێرەکانی پێشوودا ئاماژەمان بە کۆمەڵێکیان داوە. مەودا کەلتوورییەکان دەتوانن ببنە هەوێنی سەرهەڵدانی کێشەی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و توندکردنەوەیان لە بەستێنی ئێتنیکی-کەلتووریی کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێراندا.

**یەعقووب مووسەوی، کۆمەڵناس و ئەندامی لیژنەی زانستی زانکۆی ئەلزەهرا لە تاران:**
بە شێوەی سروشتی جۆرێک نایەکسانیی ئابووری-کۆمەڵایەتی لە نێوان ئێتنیسیتە کەمینەکان هاتۆتە ئاراوە. بەڵام ئەوەیکە ئایا ویستێک لە ناوەندا هەیە بۆ سەپاندنی ئەم پرسە، من ناتوانم مەبەست و ئامانجی سەردەمە مێژووییەکانی وەک قاجار و ڕەزاشا و ئەمڕۆ بخوێنمەوە. مەودا کەلتوورییەکان لەسەر سیاسەتگوزارییە سەرەکییەکان کاریگەرییان هەیە. هاوڕام کە ئێتنیسیتەکان جێگەی ڕاستەقینەیان لە زنجیرەی پلەوپایەی بەڕێوەبەرێتی و سیاسەتگوزارییەکان نییە.

لە باری ئایینییەوە کەلێن و جیاوازییەکانی نێوان ئایینە جۆراوجۆرەکان بەدی دەکرێت، بەتایبەت بە فەرمیکردنی بەرەیەکی ئایینی بۆتە هۆی جودابوونەوەی ئایینەکانی دیکە. لە بواری ئابووریدا، هەوراز و نشێوەکانی ئەم دواییانە وێڕای دەستە شاراوە ناوخۆییەکان کە ڕۆڵیان لە ئاڵۆزکردنی بازاڕدا هەیە، تەرخانکردنی بوودجە و نەختێنەیی وڵات لە بەشی دەوڵەتی و بنکەکانی دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەت کاریگەرییان هەبووە و هەر ئەم پرسەش مشتومڕ و سنووری زۆری بۆ دەوڵەت هێناوەتە ئاراوە و بە جۆرێک دەستی دەوڵەتی بۆ چارەسەرکردن و کردنەوەی گرێی کێشەوگرفتەکانی وڵات بەستۆتەوە. کێشەکانی ئێستا نەک هەر کێشەی دەوڵەت و بەشی ئابووری کە کۆی سیستەم و بوونی وڵاتیان کردۆتە ئامانج و بۆیە، گەشاندنەوەی کێشەکان و تۆمەتبارکردنەکان و پیلانگێڕانەکان و خراپکردنەکان نەک چارەسەری دەردەکانی ئێستا نییە، بەڵکوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قورسایی کێشەکان زیاد دەکات و پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لە هەڵوەشانەوە و تەقینەوە و سەرهەڵدانی شۆڕش نزیک کردۆتەوە.

### ئاشتیی بەردەوام

مەبەست لە ئاشتیی بەردەوام، دۆخێکی لەبارە کە بە پشتبەستن بە میکانیزمە یاسایی و

سیاسی و کولتوورییەکانی وەک: یەکسانی، دادپەروەری، بەها دیموکراسیەکان، لێبوردەیی، دیالۆگ و ئاسانگیری، کەشێکی دوور لە توندوتیژی و دوژمنایەتی و ململانێ و پێکدادان لە نێوانیان چین و گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگا دەرەخسێنێت. بێگومان ئاشتی بەردەوام بە واتای گەیشتن بە هەلومەرجی دوور لە ئالنگاری و کێبەرکێ و ململانێ نییە، چونکە ئەم تێڕوانینە ئەبستراکتە لە پانتایی پڕ لە دژایەتی و ململانێی فەزای گشتیدا، چ لەسەر ئاستی ناوخۆی کۆمەڵگاکان و چ لەسەر ئاستی دەرەکی لە نێوان کۆمەڵگا و نەتەوە جیاوازەکاندا، لە واقیع زۆر دوورە. بەڵکوو ئامانج دابینکردنی ڕێگایەکە کە ئەگەری چارەسەرکردنی ململانێکان بە شێوەیەکی مەدەنی و دوور لە توندوتیژی دابین بکات.

بەشێکی گرنگ لەو شتەی کە پێوەندیی بە ئاشتیی بەردەوامەوە هەیە دەگەڕێتەوە سەر چوارچێوەی کەلتووری و پێوەرە کەلتوورییەکان. ڕوانگەی کەلتووری دەبێ هەڵگر و قبووڵکەری لێکچوونەکان و جیاوازییەکان بێت لە هەموو نەریتەکاندا، بە جۆرێک کە دەرفەتی بڕواکردن پێیان و تەنانەت هەستی شانازیکردن پێیان و چێژ وەرگرتن لە هەبوونیان ڕێپێدراو دەکات (کورونگ، ١٣٨١، ٣٦-٤٤).

بێ گومان گرنگترین باس لەسەر بابەتی ئاشتی باسی دانوستان و وتووێژە. بابەتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ئێتنیکییەکان دیاردەیەکە کە زۆربەی وڵاتانی جیهان پێیەوە سەرقاڵن. یەکێک لە نموونە بەرچاوەکانی بزووتنەوە و داواخوازییەکانی ئەم گرووپانە خۆپیشاندانەکانی نارەزایەتی سەر شەقامەکانە کە هەندێ جار ڕەنگە لە لایەن کەسانێکەوە و بە کەڵک وەرگرتن لە هەست و هەیەجانی گەنجان بە لاڕێدا بچن و ببنە ئاژاوە. لەم نێوانەدا، ئەو شتەی گرنگە شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ ئەم نارەزایەتییانە. هەندێ جار ئەم کاردانەوانە کەڵک وەرگرتنە لە زەبر و زۆر و توندوتیژی و هەڕەشە و بەندیخانە و هەندێ جاریش وتوویژ و دانوستان دەتوانێ چارەسەر بێت. بەپێی دەسکەوتەکان، پێکهاتەی سیاسیی حکوومەت نەیتوانیوە بەو جۆرەی کە شیاوە ڕێبازی دانوستان و وتوویژ بگرێتە پێشێ و جودا لە حکوومەت، لە ئاستی چکۆلە و ناخی کۆمەڵگایشدا توندوتیژی لە هەڵسوکەوتی ئێرانییەکان بەدی دەکرێت.

**جەواد تەریری، پارێزەری دادگا، نووسەر و چالاکوانی سیاسی لە خووزستان:**
کاتێک نەتوانی لەگەڵ دەرویشانی گونابادی باش دانوستان بکەن، دیارە تۆ نەتتوانیوە لەگەڵ بنیاتدانەری شیعەی ئێرانی کە دەرویشەکان بوون و ڕەسەنترین مرۆڤەکانن دانوستان بکەی... کاتێک دەرفەتی وتوویژ لەگەڵ هاوژین، دەربڕینی خۆشەویستی، لاواندنەوەی منداڵ و خوێندنەوەم نییە، ئەنجامم دەبێتە چی؟ توندوتیژی بەرامبەر خێزانم، منداڵم، هاوکارم و ... توندوتیژی خوازراو و نەخوازراو دێتە ئاراوە.



وێنەی ژمارەی ٣٥-٣: وتووێژ لەگەڵ جەواد تەریری

**پەیام دوڕفشان، پارێزەری پلە یەکی دادگا و چالاکی مەدەنی لە تاران:**
کەماڵی مرۆیی لەوەدایە کە بزانین دابونەریتەکان هیچ نین بێجگە کاروباری ئەبسترەکت. بۆیە پێویستە شێواز و ڕەوتە ئاشتیخوازانە و کاریگەرەکان قبووڵ بکەین و بیر لە خێری بەکۆمەڵ بکەینەوە.

مێژوو پێمان دەڵێت کە ژیانی ئێمە لەگەڵ ژیانی هەموو خەڵک و ئێتنیکەکانی دیکە گرێ دراوە، وەک بڵێی ژیانی هەموو ئێتنیک و کۆمەڵگا مرۆییەکان بە پەتێکی شاراوە پێکەوە بەستراوەتەوە (فلسفی، ١٣٩٠، ١٥). بەداخەوە لەم بوارەیشدا دۆخێکی گونجاو لە نێوان گرووپە ئێتنیکییە جۆراوجۆرەکانی ئێران بوونی نییە و زۆربەی هەڵسوکەوتی ئەم گرووپانە لە باتی دابینکردنی پێداویستییەکانی یەک، زیاتر گاڵتەکردن و نوکتەگێڕانەوەیە. ئەم بابەتە جودا لە گرووپە ئێتنیکی و زمانییەکان لە نێو گرووپە ئایینییەکانیشدا بەدی دەکرێت کە لە باتی جەختکردنەوە لەسەر ڕیشە و بنەما خوداییەکان و هاوبەشییە ئایینییەکانی خۆیان زیاتر لەسەر ڕابردووی مێژوویی و حەقانییەتی ئەو سەردەمە جەخت دەکەنەوە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە مێژوومەندی یارمەتیمان دەدات تا بە

سازدانی وشیارییەکی کاریگەر تێبگەین کە ناسینەوەی ئێمە لەسەر خۆمان، شارستانییەتی خۆمان و پارچەکانی دیکەی شارستانییەتی دراوسێ تەواو نییە. وتووێژی چالاکانە لە تێگەیشتنی مێژوویی یارمەتی وەردگرێت تا پیشان بدات کە «کەلتوورەکان نە تۆکمەن، نە هاوشێوە، نە یەک واتایی و نەوەستاو و هێمن. گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، هەناردە دەکرێن، بانگ دەکرێن بۆ بەرخۆدان، بەرامبەریان بەرخۆدان دەکرێت و دووبارە پێناسە دەکرێنەوە (فی، ١٣٨١، ١١٢). تێگەیشتنی مێژوویی ئەو بینابییەمان پێ دەبەخشێت تا تێبگەین شارستانییەتی ئێستا بەرهەمی کاریگەریدانان و کاریگەری وەرگرتنی دوولایەنە بووە و ئەمە بۆ خۆی پرۆسەیەک بووە لە وتووێژە کاریگەرەکان.

لەم ڕوانگەیەوە ئاشتی بەردەوام ئاماژەیە بۆ دۆخێکی فرەڕەهەند، کە بەدامەزراوەیی کردنی، پێویستی بە دەستەبەرکردنی پێوەندییەک هەیە لەسەر بنەمای ئاشتی و ئاشتەوایی لە چەند ئاستێکی جیاوازدا. پەیوەندیی حکوومەت و دەسەڵات لەگەڵ کۆمەڵگا و هێزەکانی یەکێکە لەو فاکتەرە بنەڕەتیانەی کە ڕۆڵی سەرەکی لە ئامادەکاری و پەرەپێدانی ئاشتی بەردەوامدا دەگێڕێت. سروشتی دیموکراسیانە و پلۆرالیستیی سیستەمی سیاسی و باوەڕ بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و مافە سیاسی و مەدەنییەکان، تێکڕای دابینکردنی بوار و ڕێوشوێن بۆ دیالۆگ و پەیوەندی ئەرێنی دامەزراوەیی لەگەڵ کۆمەڵگا، مەرجی پێشوەختە بۆ گەیشتن بە دۆخێکی لەبار لەم ئاستەدا. ڕەهەندێکی تری هەلومەرجی ئاشتیی بەردەوام، بۆ بزۆزی و کارلێکی بنیاتنەرانە لەسەر بنەمای لێبوردەیی و ڕێزگرتن لە ماف و کەرامەتی هێز و لایەنە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ یەکتردا دەگەڕێتەوە، بەجۆرێک کە بە پشتبەستن پێی، دینامیزم و کارایی ناوخۆیی کۆمەڵگا لەگەڵ هەموو فرەچەشنی و فرەڕەنگییەکیدا لە کەشێکی ڕێزگرتنی یەکتردا بپارێزرێت، هەروەها مافی ژیانی هەموو گرووپە ئێتنیکی و ئایینییەکان و هتد بە شێوەیەکی یاسایی بە فەرمی بناسرێت و بە هەر دوو شێوازی نەریتی و کۆمەڵایەتی ڕێزی لێ بگیردرێت. لە هەمان کاتدا میکانیزمەکانی ئاشتی بەردەوام کەشێک دابین دەکەن کەتێیدا ئەو مژارە کراوەیە کە لە ئەگەری هەر جۆرە پشێوی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ململانێ و دوژمنایەتیدا، بتوانرێت بارودۆخی ناسەقامگیر بەرەو دۆخێکی لەبار و جێگیر ئاراستە بکرێت .

> **سەردار فتووحی، ڕاوێژکاری پلانە لێکۆڵینەوەییەکانی دەوڵەت و کەرتی تایبەت لە سەقز (کوردستان):**
>
> بزووتنەوە ئیسلامی و دژەئیسلامییەکان و گرووپە ئێتنیکییەکان پێکەوە مشتومڕیانە و داهاتووی کورتخایەن باش نابینم. دۆخێکی ئانارشیزمی لە کورتخایەندا لە ئارادایە.

یەک لە پرسە سەرەکییەکانی تیۆری سیاسی و نێودەوڵەتی لە ڕابردووەوە لەسەر ئەو خاڵە گرنگە

بووە کە چۆن دەکرێ لە بواری حوکمڕانی ناوخۆیی و گشتگیردا پارمەتیدەری سازدانی ئەخلاقی ئاشتی و ئاشتیی بەردەوام بیت. هەر پێوەرێکی پێویست بۆ ئاشتی کە دەیەوێ لە سەرتاسەری کۆمەڵگا و کەلتوورەکاندا کارامە بێت دەبێ لەسەر بنەمای ڕەزامەندیی ئازادانە یان لە ڕاستیدا لەسەر بنەمای کۆدەنگیی بەرهەمهێنراوی وتووێژەوە خولقێندرابێت. ئەمەیکە ئێمە چۆن دەگەینە پێکهێنانی کۆمەڵە بنەمایەکی ئەخلاقی بەکەڵک لە هەموو کۆمەڵگا و کەلتوورەکان دیاردەیەکە کە بە قەت ئەنجامی کۆتایی گرنگە. ڕوانگەی کەلتووری دەبێ هەڵگر و قبووڵکەری لێکچوون و جیاوازییەکان بێت لە هەموو نەریتەکاندا، بە جۆرێک کە ڕێگای بڕواکردن پێیان و تەنانەت هەستی شانازیکردن پێیانەوە و چێژ وەرگرتن لە هەبوونیان خۆش بکات. لە وتووێژە ئەنجامدراوەکان لەگەڵ گرووپە جۆراوجۆرە ئێتنیکییەکان، زۆر باسی نەبوونی ئاشتی لە دۆخی ئێستای کۆمەڵگای ئێران کراوە کە زۆربەیان دەوڵەت و دەسەڵات وەک بەرپرسی ئەم دۆخە دەبینن.

**محەمەدنەزەر دیدگاه، نوێنەری پێشووی پەڕلەمان و مەولەوی ئایینی لە سیستان و بەلووچستان:**

ئەگەر ئەمانە بەخۆیاندا نەیەنەوە، ئێران ڕەنگە وەک سەرەتا پارچەپارچە بێت. هەموو شت بە دەستی خودایە. ئەگەر ئەمە بەردەوام بێت هەروا دەبێت.



وێنەی ژمارەی ٣٦-٣: وتووێژ لەگەڵ محەمەدنەزەر دیدگاه

دەوڵەت بە سیاسەتە هەڵەکانی خۆی، لە باتی خۆشکردنی ڕێگای ئاشتی و تەبایی، ڕێگای

دوژمنایەتـی و خوێنڕشـتنی خـۆش کـردووە. بە واتایەکی دیکـە لە درێژەی ئەم چەند سـاڵەدا، ئەنجامی سیاسـەتی بەرەنگاربوونـەوەی دەوڵـەت بەرامبـەر گرووپـە جۆراوجـۆرە ئێتنیکـی و ئایینییـەکان زیاتـر دژایەتیکـردن و ڕەتکردنەوەیـان بـووە تـا ڕاکێشـانیان و پێکهێنانـی یەکپارچەیـی نەتەوەیـی. بێ گومان گرنگتریـن فاکتـەری تیۆرییە نوێکان گەڕانەوە بۆ وتووێژی زانسـتییە بەڵام لە بواری گشـتیدا. سـەرەڕای هەمـوو جیاوازییـە کەلتـووری، ئایینـی، ئێتنیکـی و زمانییـەکان کـە لـە گۆڕەپانـی کەلتووریـی ئێرانـدا هەیـە، ئـەو شـتەی کـە بۆ گەیشتن بە ئاشـتیی بـەردەوام گرنگە سـازدانی بەسـتێنی گونجاوە بـۆ وتووێژ و دانوسـتانی نێـوان تاقـم، ئێتنیـک، ئاییـنزا و چینـە کۆمەڵایەتییـە فرەڕەنگـەکان، لە پەنای پاراسـتنی کەرامەتـی مرۆیـی و شوناسـی تـاک و کۆیاندا.

فەسڵی چوارەم

# کۆتایی و دەرەنجام

## پێشەکی

مێژووی وڵاتی ئێران پیشان دەدات کە تیایدا بەردەوام ئێتنیکی جۆراوجۆر ژیاون و پێکهاتە و چوارچێوەی وڵاتی ئێران تێکەڵێک بووە لەم ئێتنیکە جۆراوجۆرانە کە وێڕای هەموو هەڵبەز و دابەزێک پێکەوەژیانێکی بەردەوامیان لە پەنای یەکدا هەبووە. هەبوونی ئەفسانە و چیرۆک و ئوستوورە و بیرەوەریی مێژوویی هاوبەش، پیشاندەری ئەم تێکەڵاویی نێوان ئێتنیکەکان و مێژووی هاوبەشە. چیرۆکی ئێتنیکەکان لە مێژووی ئێراندا، لەگەڵ دەسپێکی سەردەمی نوێی مێژووی هاوچەرخ، ئاراستەیەکی دیی گرتە بەر و لە بەستێنی مۆدێرنیزاسیۆنی کەلتووری و شارستانی ئێرانی نوێ و ململانێ گوتارییەکانیدا، دەورێکی یەکلاکەرەوەی لە داهاتووی پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتدا بینی. لە بەستێنی ململانێ گوتارییەکانی ئێرانی هاوچەرخدا، ئەو گوتارەی کە لە لەسەر بنەمای پاراستنی پاشخانی مێژوویی هەمەچەشن و فرەڕەنگی ئێرانەوە سەریهەڵداوە و بە دیدێکی ئەرێنی لە تایبەتمەندیی فرەچەشنیی شوناسی دەڕوانێت، لەو باوەڕەدایە کە کارلێکی بنەمایی و دیموکراسیانە لە گەڵ ئەم تایبەتمەندییانەدا، هۆکارێکە کە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ئاسایشی نیشتمانی، بەڵام ئەم گوتارە بەردەوام پەراوێز خراوە و کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە یەکلاکردنەوەی بابەتەکاندا نەبووە. کەچی گوتارێکی باڵادەستی دیکە بوونی هەیە کە بە ئاستی لاواز و بەهێزی جۆراوجۆرەوە، هەوڵی ئاسیمیلەکردن و تواندنەوەی گرووپە ئێتنیکی و ئایینییەکانی داوە. بیانووی ئەم گوتارە پاراستنی یەکڕیزی و ئەمنی نەتەوەیی و یەکپارچەیی سیاسی وڵاتە. بۆیە بەردەوام بەستێنی سانسۆر و سڕینەوەی شوناسی کەلتووری و سیاسی ئێتنیکەکانی لە ئێران ئامادە کردووە. خاڵی لەبیرکراو و سەرنج ڕاکێش لەم ڕوانگەیەدا ئەوەیە کە ئەم شێوازە سیاسەتگوزارییە و تێڕوانین بۆ کەلتوورە ئێتنیکییەکان مەترسی و هەڕەشەی زۆری خستۆتە سەر ئاسایشی نەتەوەیی و بۆتە هۆی هەستکردن بە بێبەشی لە نێو ئێتنیکەکان و ئەوەیکە سەرچاوە و سامان و دەسەڵات لەم وڵاتەدا بۆ ئەوان بەردەست نییە. لە ڕاستیدا، دابەشینی نادادپەروەرانەی سەروەت، شان و شکۆ، و دەسەڵات لە نێو ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان و بەهێزبوونی هەستی بێبەشی

تیایاندا بۆتە هۆی ڕەنگدانەوەی زیاتری کەلێنەکانی نێوان ئێتنیکەکان و دەسەڵات، و سەرهەڵدانی بزووتنەوە و گرووپە شوناسخوازە سیاسییەکانی لێکەوتۆتەوە. نەبوونی خوێندن بە زمانی دایکی لە ئاستی قوتابخانەکان، هەڵاواردنە ئایینییەکان، نایەکسانی بۆ وەرگرتنی پێگە سەرەکییە دەوڵەتی و کارگێڕییەکان، نەبوونی حیزبە سیاسی-ئێتنیکییەکان، کەمبوونی پێداویستییەکانی ئاسایش، تەندروستی و کەلتووری و پێداویستییەکانی دیکە و ئامادەنەبوونی ئێتنیکەکان و فاکتەرە کەلتوورییە تایبەتەکانیان لە چاپەمەنییەکان و میدیا دەنگی و ڕەنگییەکان و بە تایبەت میدیای نەتەوەیی، نموونەگەلێکن لە داواکارییە ئێتنیکییەکانی گرووپە شوناسخوازەکان. سەرکوتکردنی ئەم گرووپە شوناسخوازانە لە لایەن حکوومەتی ناوەندییەوە بۆتە هۆی بەهێزبوونی هەستی ئێتنیکگەرایانە و ڕادیکاڵ کە هەڕەشەیەکی جیددی بۆ ئاسایش و یەکڕیزیی نەتەوەیی وڵات ئەژمار دەکرێن.

پێوەندی نێوان شوناسە ئێتنیکییەکان و شوناسی نەتەوەیی لە پرسە سەرەکییەکانی وڵاتانی چەندئێتنیکییە، چونکە ڕوانگەی ئەم دوو جۆرە شوناسە کۆمەڵایەتی-سیاسییە بەرامبەر بە یەک، شوێنهات و ئەنجامی بەربڵاوی هەیە و یەک لە فاکتەرە یەکلاکەرەوەکانی ئاشتی و یەکڕیزیی نەتەوەیی، ئەمنییەتی بەردەوام و کارامەبوونی دەوڵەتە. ئەگەر شوناسە ئێتنیکییەکانی نیشتمانێک بتوانن خۆیان وەک بەشێک لە شوناسی سەرەکی و گشتی پێناسە بکەن، ئەو نیشتمانە بەرەو یەکڕیزیی نەتەوەیی و کەڵک وەرگرتن لە هەموو دەفرایەتییەکانی خۆی دەچێت و لە بەرامبەردا ئەگەر شوناسە ئێتنیکییەکان خۆیان وەک نەیار و ناکۆک لەگەڵ شوناسی نەتەوەیی یان ئێتنیکەکانی دیکە ببیننەوە، ئاسایشی نەتەوەیی، یەکڕیزیی کۆمەڵایەتی، ئابووری، و یەکپارچەیی دەوڵەت هەڕەشە و مەترسیی دەکەوێتە سەر.

لە کۆمەڵگایەک کە دادپەروەری لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتیدا جێگیر نەبووبێت یان هەستی خەڵک پیشاندەری نەبوونی دادپەروەری بێت، شوناسی نەتەوەیی لە هەموو بەشەکانیدا تووشی قەیران و سستی و هەڕەشەی پچڕان دەبێتەوە. کۆمەڵگایەک کە تاکە پێکهێنەرەکانی، خۆیان وەک ئەندام و بە واتایەک «هاووڵاتیی» ئەو کۆمەڵگا هەژمار نەکەن تووشی هەمان شت دەبێتەوە. هاووڵاتیش بۆ خۆی هەڵگری بەرپرسیارێتی، بەڵێندەربوون، سۆز و باوەڕە. لە لایەکی دیکەوە، تاکەکان یان هەمان هاووڵاتییان خۆیان پێکەوە هەڵدەسەنگێنن و بۆ کەڵک وەرگرتن لە دەرفەت، سەرچاوەکان و ئیمتیازە پێناسەکراوەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا، خۆیان شیاوی وەرگرتن دەبینن و داواکاری ڕەچاوکردنی دادپەروەرین لە هەموو لایەنەکانیدا. دیارە کە بەشێکی زۆر لە جێبەجێکردنی دادپەروەری دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت یان سیستەمی سیاسی کۆمەڵگا. ئەگەر بڕوای خەڵک لەسەر بەرچاوگرتنی دادپەروەری نەمێنێ و نەرێنی بێت، شوناسی هاووڵاتی، باوەڕ، بەڵێندەربوون، بەرپرسایەتی و سۆزیان کە هەمووی دەرکەوتنی شوناسی نەتەوەیی خەڵکە، خەوشی دەکەوێتە سەر و هێزێک کە پێوەندیی ئەم کەسانە لەگەڵ کۆمەڵگا دەپارێزێت سست و لاواز دەبێتەوە. بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دراوە تا داواکارییە جۆراوجۆرەکانی گرووپە

ئێتنیکییەکان بۆ بەدیهاتنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی ئاشتییەوە شیکردنەوەی بۆ بکرێت، چونکە هەوڵی دەوڵەتەکان ئەوەیە کە بەرگری لە توندوتیژی بکەن و بەستێنی ئاشتیی بەردەوام لە وڵاتەکەیان فەراهەم بکرێت. ئاشتی لە لایەکەوە بە واتای نەبوونی شەڕ، ناکۆکی و توندوتیژییە و لە لایەکی دیکەشەوە واتە هەبوونی ئەمنییەت، ئاسایش و پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە لە یەک کۆمەڵگا، یەک وڵات یان لە ئاستی جیهاندا.

زەبەندێتی و جۆراوجۆرێتی شوناسی، ڕاستییەکی زۆرینەی کۆمەڵگاکانی ڕابردوو و ئێستایە، کە لە سەردەمی هاوچەرخیشدا و سەرەڕای پرۆسەکانی نۆژەنکردنەوە و دامەزرانی دامەزراوە مودێرنەکان، ئەم جۆراوجۆرێتییە کەلتوورییە نەک کەم نەبۆتەوە، بەڵکوو بۆتە بابەتێک بۆ مشتومڕ و ناکۆکی لەسەر جیاوازییە شوناسییەکان. هەروەها لە ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمی زایینییەوە، پرۆسەکانی جیهانگەری، وەک گەشە و بڵاوبوونەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی میدیاکان و نەمانی کۆنترۆڵ و بەڕێوەبەرێتی پاوانکارانەی میدیاکان، بوونە هۆی گەشەکردنی وشیارییە شوناسییەکان و ڕێگای دووبارەنواندنەوەیانی خۆش کرد و بە هەڵکەوت هاوکات لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی دیکە، جۆراوجۆرێتی و زەبەندێتی شوناسیی زیاتر کرد و لەگەڵ سەرچاوە کۆنەکانی وەک نەژاد، ئایین، ئایینزا و نەتەوە، شوناسخوازییە نوێکان لەسەر بنەمای ڕەگەز، خواستە ڕەگەزییەکان، شێوازی ژیان، گرووپە ئایینئاساکان و فاکتەری دیکە، داواکاری بە فەرمی ناسین و بەهرەمەندبوون لە ماف و ئیمتیازە کۆمەڵایەتییەکان بوون.

تێکەڵی حەشیمەتی ئێران بە جۆرێکە کە پێی دەڵێن کۆمەڵگای چەندزمانی-ئێتنیکی. ئامادەبوون و ژیانی ئێتنیک- زمانە جۆراوجۆرەکانی وەک فارس، تورک، کورد، لوڕ، بەلووچ، تورکمان و عەرەب لە تەنیشت یەک و لە چوارچێوەی یەک جوگرافیای سیاسی، پیشاندەری جۆراوجۆرێتی ئێتنیکی-کەلتووری کۆمەڵگای ئێرانە. زۆرینەی ئەم ئێتنیکانە لە ناوچە سنوورییەکاندا نیشتەجێن و پێوەندیی کەلتووری و ئایینییان لەگەڵ ئێتنیکەکانی وڵاتانی دراوسێ هەیە و سنوورە سیاسییەکان لە ناو نیشتمانی جوگرافیایی و شوێنی ژیانیانەوە تێپەڕیون. لەم بارەوە و لە باری پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە، دەبێ بڵێین وڵاتی ئێران وڵاتێکی ناهاوشێوەیە کە شوناسی جۆراوجۆری ئێتنیکی، نەژادی، زمانی و ئایینی تێدا دەژین و لێکچووی هەندێ لەم گرووپانە لە وڵاتانی دراوسێیش نیشتەجێن. ئەم دۆخە هەم لەڕووی ئەگەری بەراوردکردن و هەڵسەنگاندن لەگەڵ هاوئێتنیکەکانی ئەودیوی سنوورەکان گرنگە، هەم لەڕووی ئەو توانایە پەنگراو و کردەییەی کە بۆ جووڵە و چالاکیی گرووپە ئێتنیکییەکان دابینی دەکات، لە دیاریکردنی سیمای هاوکێشە ئێتنیکییەکاندا گرنگە. وەک هەندێ لە وڵاتانی چەندئێتنیکی-زمانی، لە قۆناغی مێژوویی تایبەتدا شێوازێ لە سیاسەتی ئێتنیکیی توانەوە یان سڕینەوەی ئێتنیکی لە ئێرانیشدا بەدی کراوە کە لە سەردەمە مێژووییە تایبەتەکاندا بۆتە هۆی ناکۆکییە ئێتنیکییەکان و لە لایەن ئێتنیکەکانەوە بەرپەرچی دراوەتەوە. ئەگەرچی بەگشتی ڕاستیی فرەڕەنگی و زەبەندێتی شوناسیی لە ئێران کەمتر حاشای لێکراوە، لە سەد ساڵی ڕابردوودا، بەهۆی

هەڵاواردن و نایەکسانییەکانی نێو پێکهاتەی سیاسی، ئابووری، و کەلتووری کۆمەڵگا، قەرقەشە و چالاکییە شوناسخوازانەکان لەسەر سێ تەوەری ئێتنیسیتە، زمان و ئایین لە سەد ساڵی ڕابردوودا هاتوونەتە ئاراوە. هەر لەم پێوەندییەدا و لەم لێکۆڵینەوەی بەردەستەدا، هەوڵ دراوە تا لە دیدی نوخبەکانەوە، دیمەنێکی گشتگیر لە شوناسە ئێتنیکییەکان لە تەنیشت یەک و لە چوارچێوەی وڵاتی ئێران، بەپێی ڕوانگەی نوخبەکان ئاراستە بکرێت کە لەم دیمەنەدا باسی فاکتەری سنوور و هەڵاواردنەکانی نێوان ئێتنیکەکان، ناکۆکییە ئێتنیکییەکان و ئەنجام و شوێنهاتەکانی کراوە و لە کۆتاییشدا کۆمەڵێک ڕێگای چارەسەر کە دەبنە هۆی نەمانی کێشەکە و پێکهاتنی ئاشتی و یەکڕیزی و لە ئەنجامدا گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، شرۆڤە و ڕوون کراونەتەوە.

ناسین و هەڵسەنگاندنی دۆخی ئێستا تەنیا بە پرۆبلێماتیزەکردن و باسکردنی پرس و کێشە لە گۆشەنیگا و لایەنە جۆراوجۆرەکانیەوە خەریک دەبێت. پلانی توێژینەوەی بەردەست چونکە پرس و هەلومەرجی ناوخۆیی و دەرەکی ئێرانی لەسەر ئێتنیکەکان و لە ڕێگای شێوازە نوێ زانستییەکانەوە تاوتوێ کردووە، پێشەکییەکی گونجاو بۆ پلانداڕشتن و ئاراستەکردنی ستراتیژە کاریگەرە واقیعبینانەکان. چونکە لە هەناو و ناخی شێوازی توێژینەوە و ناسینی ئەم پلانەوە دەکرێت بگەینە ستراتیژە گشتییەکان بۆ چارەسەرکردنی پرسەکە، هەر بەو جۆرەی کە لە مودێلی تیۆریی دەرکێشراودا دیارە، سەرەکیترین پرسێک کە خەڵکی ئێران لەگەڵی ڕووبەڕوون دابڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسییە کە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی داواکاری بۆ دادپەروەری لە لایەن ئێتنیک و توێژەکانی کۆمەڵگاوە، دابڕانێک کە ئەگەر ئاوڕ لە ڕەهەند و سووچە ئاشکرا و نیهێنییەکانی نەدرێتەوە، ئەتوانێ ببێتە هۆی ڕووداوی ناخۆش و ئەوکات، ڕێگا و دەرفەتی بەڕێوەبەریتی و کۆنترۆڵکردنی بە تەواوی دادەخرێت.

بە گشتی دۆخی پێکهاتوو کردەوەی ستراتیژیکی جۆراوجۆری لێکەوتۆتەوە کە هەر یەکە لەم ئەکتانەش شوێنهاتی جیاوازیان بەدوادا دەبێت. دوو شوێنهاتی سەقامگیری و لەناوچوونی سەرمایەی کۆمەڵایەتی پێشاندەری سیناریۆی جیاوازن کە کێشە و ئاڵنگارییەکانی داهاتووی وڵات ڕوون دەکەنەوە.

## مۆدێلی چەمکیی توێژینەوە

لە وێنەی خوارەوەدا، مۆدێلی چەمکیی توێژینەوە، کە دەرەنجامی کۆکردنەوە، کۆددانان، پۆلێنکردن و شیکردنەوەی داتاکانە بە مێتۆدی تیۆری بنەماییە، داڕێژراوە. دوای خستنەڕوو و شیکردنەوەی دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە لە فەسڵی پێشوودا، لە درێژەدا بە پشتبەستن بە دەستکەوتە میتۆدیکەکانی توێژینەوە، باسی سیناریۆ و ستراتیژییە پێشنیارکراوەکان دەکرێت.




وێنەی ژمارەی ٤-١: مودێلی چەمکیی تاوتوێکردنی شوناسی ئێتنیکی لە ئێران لەسەر تەوەری ئاشتی (١٣٩٧-١٣٩٨)

بەپێی مۆدێلی چەمکی توێژینەوە، ئابووری نایەکسان لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵاواردنی نەتەوەیی لە ئێراندایە کە لە زۆربەی چاوپێکەوتنەکاندا ئاماژەی پێکراوە. چونکە بەشێکی زۆری پیشەسازییە قورسەکان وەک کۆمپانیاکانی چێکردنی پۆڵا و ئوتۆمبێلسازی دەکەونە پارێزگا فارسزمانەکانی وەک ئەسفەهان، ئەلبورز، سمنان و مەرکەزی و زۆرترین ڕێژەی داهاتە ئابوورییەکانیش بۆ ئەو چەند پارێزگایە تەرخان کراوە.

بەم پێیە پێکهاتنی ئەم ڕوانگە کە لەسەر ئەم داواکارییە دەرەهێنراوە دەبینین کە، ئێتنیکەکان لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە داواکاری مافەکانی خۆیان، بێ گومان ئەم داواخوازییە لە جۆری داواکاری خەڵک لە دەوڵەتدا باسی کراوە و بە جۆرێک وشیارییەکە لەسەر ئەو زوڵمانەی کە ناوەند بە شێوازێکی تێکەڵ هەڵاواردن بەرامبەر ئێتنیکەکان کردوویەتی.

ڕەنگە بتوانین بڵێین کە پاش فارسەکان، گرووپی ئێتنیکییەتی ئازەری بەتایبەت لە پارێزگای ئازربایجانی ڕۆژهەڵات لە باری دابینکردنی داهاتە ئابوورییەکانەوە دەکەونە قۆناغی دووهەم. ئەم

ناوچەیەیش لە بەشی پیشەسازیدا کارخانەی بەسوود و خاوەن هەلی کاری وەک تەراکتۆرسازی، ئۆتۆمبێلسازی، پیترۆکیمیا و ... هەیە و لە ئاستی مامناوەند و چکۆلەشدا کارخانە و شارۆچکەی پیشەسازی زۆری تێدا چالاکن. سەرەڕای هەبوونی وەها دۆخێک، نارەزایەتیی ئازەرییەکان بەرامبەر دەسەڵات کەمتر لە گرووپە ئێتنیکییەکانی دیکە نییە. هەستکردن بە نایەکسانی لە ئازەرییەکاندا لەسەر دوو شت کورت و پوخت دەبێتەوە: یەکەم ئەوەیکە ئەم گرووپە هەلومەرجی ئابووریی خۆیان لەگەڵ فارسەکان هەڵدەسەنگێنن و لەسەر ئەو باوەڕەن کە پشکی پارێزگا ئازەرییەکان لە چاو پارێزگا ناوەندییەکانی وەک ئەسفەهان، سمنان، مەرکەزی، قوم، ئەلبورز و تاران زۆر کەمە. هەبوونی وەها جیاوازییەک بەپێی لێکدانەوەی ئەوان و بەپێی ڕێژەییبوونی دۆخی ئابووری، بووەتە هۆی نارەزایەتییان. خاڵی دووهەم کە بووەتە هۆی نارەزایەتی ئەم گرووپە ئێتنیکییە بەرامبەر دەسەڵات ئەو باوەڕەیە کە کاتی دامەزرانی زۆربەی ئەو پیشەسازییانەی کە ئەمڕۆ لەو ناوچەیە چالاکن دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حکوومەتی پێشوو و بە بڕوای ئازەرییەکان، لەم چل ساڵەی پاش شۆڕشەدا، کارگەی زەبەلاحی پیشەسازیی گرنگ و نوێ لەو ناوچەیە ساز نەکراوە.

لە ناوچە کوردییەکانی ئێران، لە شارەکانی باشووری پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاواوە بگرە تا پارێزگاکانی کوردستان، کرماشان و ئیلام لە بەشی پیشەسازیدا هیچ کارگە و شارۆچکەیەکی پیشەسازی کە داهاتێکی باشی هەبێ و بتوانێ بواری پیشەیی شیاوی گەنجانی ئەم ناوچانە دابین بکات، بوونی نییە. بۆیە ئاماری بێکاری لە نێو ئەم گرووپە ئێتنیکییەدا زۆر زۆرە و زۆرینەی هێزە چالاکەکانی ئەم ناوچانە بۆ تێپەڕاندنی ژیان هانا دەبەنە پارێزگا فارسنشینەکان و بەتایبەت تاران و یان کارگەکانی خشتسازی لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات –کە بەهۆی قورسبوونی کارەکەوە خەڵکی خۆماڵی ئامادە نین بیکەن. بەشێکی دیکە لە تاقمی گەنج کە ئەوانیش هەندێکیان خوێندەوارن دەچنە شارەکانی سەر سنوور و لەوێ خەریکی کۆڵبەری دەبن بە پارەیەکی ڕۆژانەی کەم و بێ هیچ داهاتوو و بیمەیەک ئیش دەکەن. زۆرینەی بەرهەمەکانی بەشی کشتوکاڵی ئەم ناوچەیەش بەهۆی نەبوونی کارخانەی پیشەسازی، بە شێوەی خاو و بەبێ ئەوەیکە هیچ کارێکیان لەسەر بکرێت ڕاگوێزی پارێزگاکانی دیکە دەکرێت. وەها دۆخێک بۆتە هۆی نارەزایەتی و نایەکسانی لە نێو خەڵکی ئەم ناوچانەدا و خەڵک ڕۆڵی دەسەڵات لە پێکهاتنی وەها هەلومەرجێک گرنگ دەبینن. ئەگەرچی کوردزمانانی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا لە سەر داواکارییەکانیان جیاوازییەکی دیکەشیان هەیە و ئەویش هەستکردن بەوەیە کە هاووڵاتیی پلە سێهەم و تەنانەت نزمتریشن. بە زمانێکی دیکە ئەوان سەرەڕای هەڵاواردنی فارس/غەیری فارس، باس لە هەڵاواردنی تورک/کوردیش دەکەن و لە نێویاندا دەستەواژەی «داگیرکاریی ناو داگیرکاری» بۆ ناساندنی ئەم دۆخە دەکار دەهێنرێت.

گرووپی ئێتنیکیی عەرەبی ئێران نیشتەجێی پارێزگاکانی خووزستان، بووشەهر و هورموزگانن. مەیدانە نەوتییەکانی ناوچەکەیان و هەبوونی بەندەرە گرنگەکانی باشووری ڕۆژئاوا و باشووری وڵات

لەو جوگرافیا بۆتە هۆی گەشەکردنی بازرگانی و بازرگانیی نێودەوڵەتی و جودا لە هێزی کاری ناوچەکە، میوانداری لە هێزی کاری ناوچەکانی دیکەش دەکەن. بەپێچەوانەی هەبوونی ئەم هەلومەرجە گونجاوە جوگرافیاییە، دۆخی خەڵکی ئەو ئێتنیکە هێند لەبار نییە و تا ڕادەیەکی زۆر لە باری ئابوورییەوە هەست بە نایەکسانی دەکەن و نارازین. لە ڕاستیدا هەبوونی هەلومەرجی گونجاوی ئابووری و جوگرافیایی لەو ناوچەیەدا نەیتوانیوە ببێتە هۆی باشبوونی دۆخی ژیانی ئەو خەڵکە و زۆربەی خەڵکی عەرەب پشکێکیان لەو سامانە سروشتیەدا نییە.

خراپترین بارودۆخی ئابووری و زۆرترین نارەزایەتی لە نێو ئەو ئێتنیکانەی کە توێژینەوەیان لەسەر کراوە دەچێتەوە سەر گرووپی ئێتنیکییەتیی بەلووچ کە جودا لە پرسی ئێتنیکییەت، لە باری ئایینیشەوە لەگەڵ زۆرینەی کۆمەڵگا جیاوازن. لەم ناوچەیەشدا وەک ناوچەی کوردنشین، بەشی پیشەسازی گەشەیەکی ئەوتۆ یان بە زمانێکی دیکە بڵێین هیچ گەشەیەکی نەکردووە. لە لایەکی دیکەشەوە، بەهۆی دۆخی جوگرافیایی و وشکەساڵی و وشکبوونی ڕۆبارەکانی ناوچەی بەلووچنشین لە دەیەکانی ڕابردوودا، بەشی کشتوکاڵی ئەو ناوچەیە خەریکە بەرەو لەناوچوونی تەواو دەچێت. کێشەی دیکەی نالەباربوونی دۆخی ئابووریی ئەم ناوچەیە دەگەڕێتەوە سەر هەلومەرجی ناوخۆیی و نەخوێندەواربوون یان کەم خوێندەواربوونی خەڵکی ناوچەکە، کە ئەم بابەتە لە خۆیدا دەرکەوتەی هەڵاواردنی ئێتنیکییە، کە هەر بەم بۆنەوە نەیانتوانیوە لە ئیمکاناتی فێرکاریی گونجاو و یەکسان بەهرەمەند بن و لە پۆستە ئیدارییەکانی پارێزگای خۆیاندا دەورێکی ئەوتۆ بگێڕن و زۆربەی پۆستە ئیدارییەکان لەو ناوچەگەلەدا کەوتووەتە دەستی سیستانییەکان کە لە باری ئایینییەوە لەگەڵ دەسەڵات یەک دەگرنەوە. وێڕای هەموو ئەمانەش دوورەدەستبوونی ئەو ناوچەیەش هۆکارێکی سەرەکی دواکەوتوویی ناوچەکەیە کە بەو بۆنەوە خەڵکی بەلووچ ناتوانن بە ئاسانی بچنە پارێزگاکانی دراوسێی خۆیان و لەگەڵیان دانوستان و ئاڵوگۆڕی ئابووری و ماڵییان هەبێت. کۆی ئەم بارودۆخە بووەتە هۆی ئەوەیکە خەڵکی ئەم ناوچە و بەتایبەت گەنجەکانیان بچنە سەر ئیشی مەترسیداری وەک قاچاخکردنی کاڵا و شمەک و گەزاییل کە لێرەشدا داخرانی سنوورەکان بۆتە کێشەیەکی دیکە بۆیان.

**مەولانا عەبدولحەمید ئیسماعیلی زێهی، بەرنوێژی هەینی سوننەکانی زاهیدان (سیستان و بەلووچستان):**

بەلووچستان کێشەی زۆرە و هەژاری لێرە لە هەموو وڵات زۆرترە. زۆربەی ئەم هەژارییەش دەگەڕێتەوە سەر هەڵاواردن. لە دنیادا ئەگەر شوێنێک هەڵاواردنی تێدا بێت خۆی بە دوو شێواز پیشان دەدات: هەژاریی ئابووری، هەژاریی کەلتووری. ئێمە هەر دوو جۆرە هەژارییەکە ئازارمان دەدات.

**ژنێکی گەنجی بەلووچ لە زاهیدان:**
هیچ شوێنێک بۆ ئیشکردن نییە. نە کارخانەیەک نە شتێ. هەندێ کارخانەیش هەبوون کە ئێستا داخراون. ئێستا پیاوەکان بچن بۆ کوێ کار بکەن؟ زۆر کەس پێیان خۆش نییە، بەڵام ناچارن شتێک بکەن کە پێیان خۆش نییە. دەبێ بۆ تێرکردنی ژن و منداڵیان شتێک بکەن.

ئایدۆلۆژیا و دەسەڵاتداربوونی ئایینزای شیعە وەک ئایینزای فەرمی وڵات و هاودەنگیی ئەم ڕەوتە ئایینییە لەگەڵ فکری بەرپرسانی دەوڵەتی پێوەرێکی دیکەیە کە لە مۆدێلی چەمکیی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا وەک هۆکارێکی سەرەکی و شوێندانەری فۆرمگرتنی سیمای ئێتنیکی ئێران دەوری هەبووە و لە لایەن گرووپە ئێتنیکییە سوننەکان لە ناوچەکانی بەلووچستان و کوردستانەوە زۆر باس کراوە و ئاماژەی پێدراوە. لەم بوارەدا خەڵکی ئەم گرووپە ئێتنیکییانە ئاماژەیان بە ڕابردووی مێژوویی ئێران و هەبوونی جیاوازییە ئایینییەکان کردووە کە بەردەوام دەسەڵاتی یەکێک لەم دوو ڕەوتە ئەنجامی بۆتە بەلاوەنانی ئەوی دیکە و بە باوەڕی ئەوان، ئەم ڕەوتە ئێستاش بەردەوامە.

بەپێی دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێران، دوو جۆر کەمینە بوونی هەیە: یەکێک کەمینەی ئایینی و ئەوی دیکەیش کەمینەی ئایینزایی. بابەتی کەمینەی ئایینی لە ماددەی سێزدەیەمی دەستووردا باس کراوە کە دەڵێت ئێرانییە زەردەشت، جوولەکە و خاچپەرستەکان وەک کەمینەی ئایینی ناسراون لە دەستووردا و بۆ جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمی ئایینی خۆیان ئازادن و سەبارەت بە کاروباری ناوخۆیی (زەواج، تەڵاق، میرات و وەسیەت) و هەروەها پەروەردەی ئایینی بەپێی ئایینی خۆیان هەڵسوکەوت دەکەن. هەروەها ئێتنیکە جۆراوجۆرە ئێرانییەکان دەتوانن لە زمانە ناوچەیی و ئێتنیکییەکانی خۆیان بۆ چاپەمەنییەکان و میدیا گشتییەکان کەڵک وەرگرن و ئەدەبیاتی ئەو زمانە لە قوتابخانەکان وەک وانە بڵێنەوە، ئەگەرچی خەت و زمانی فەرمی و هاوبەشی خەڵکی ئێران فارسییە. ماددەی پازدەی دەستووری بنچینەیی لە هەمان کاتدا کە بابەتی پێشووی ڕاگەیاندووە و مافی ئێتنیکە جۆراوجۆرە ئێرانییەکانی بۆ کەڵک وەرگرتن لە زاراوە و زمانە ناوچەییەکان پاراستووە، بەڵام ئەو شتەی لە کردەوەدا دەبینرێت پیشاندەری سیاسەتی سڕینەوە یان تواندنەوەی ئێتنیکی و ئایینییە.

لە کاتی سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیدا، ژمارەی پێڕەوانی گرووپە ئایینییە خاچپەرست، زەردەشتی و جوولەکەکان لە ئێران تا ڕادەیەک زۆر بوو و خەڵکی ئەم گرووپانە بەپێچەوانەی ئەو ئازادییەی کە لە دەستووردا پێیان درابوو، لە ئەنجامی هەڵسوکەوتە ئەنجامدراوەکاندا، ڕێگای جێهێشتنی وڵاتیان گرتە پێش و ئەمڕۆ ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی ئەم گرووپە ئایینییانە لە ئێراندا ماونەتەوە. هەروەها جێبەجێکردنی ماددەی پازدەی دەستوور و فێرکاری و پەروەردەی زمانی

دایکـی لـە ئاسـتی قوتابخانـەکان هێشـتا نەڕۆشـتووەتە بـواری جێبەجێکرانـەوە. کۆمەڵگای سـوننە لە هەبوونـی ناوەندیـی ئاییـنی و مزگەوت لە پایتەختی ئێران بێبەش ماون و سـەرەڕای هەمـوو داواخوازی و بەدواداچوونـە ئەنجامـدراوەکان تـا ئەمـڕۆ وەهـا مافێکیـان بەدەسـت نەهێناوە. کەلـتووری ئێتنیکی و ئاییـنی کەمینـەکان بـە دەگمـەن لـە میدیاکانـدا بـاس دەکـرێ و ئـەو شـتەی لـە ڕاسـتیدا بانگەشـەی بـۆ دەکـرێ شوناسـی ئێتنیکـی نییـە و زیاتر کەلـتوور و سـتایلی ژیانی زۆرینە بانگەشـەی بـۆ دەکرێت. حیزبـە ناوچەیـی و ئێتنیکییـەکان بوونیـان نییـە و ڕێکخـراوە مەدەنییـەکان ڕێگـەی چالاکییـان بـە شـێوەی گونجـاو پـێ نـادرێ و ئاقاری ئەمنی لەسـەر ناوچە ئێتنیکییەکان زاڵە. سیاسـەتە میدیاییەکان و بانگەشـەکردن بـۆ شـێوازێکی ژیـان کـە نزیکـە لـە ناوەنـد لـەم توێژینـەوەدا لـە ژێـر نـاوی دۆخـی دەسـتێوەردەر یـان کارتێکـەر شرۆڤـە و ڕوون کراوەتـەوە.

هـۆکاری گرنگـی دیکەیـان وەک ناوەندگەرایی ئابـووری لە پارێزگا ناوەندییەکانی فارسـەکان ئاماژە پێـدەدا کـە لە ئەنجامی ناوەندگەرایی سیاسـی لەو ناوچانە و هەڵبژاردنی زۆربەی بەرپرسـانی دەوڵەتی لـە سـاڵەکانی پاش شـۆڕش هاتووەتە ئـاراوە. بە بـڕوای گرووپە ئێتنیکییـەکان بەڕێوەبەرێتی نەشـیاو بۆ تەرخانکردنی سـەرچاوەکان لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانیدا لە لایەن پێوەرە یاسـایی و کەلتوورییەکانەوە تونـد بۆتـەوە کە دەکرێ وەک فاکتەری دۆخە بەسـتێنییەکان ئامـاژەی پێبدەین.

یـەک لـە گرنگتریـن ڕاسـتییەکان کـە ئێتنیکـە ئێرانییـەکان سـەبارەت بـە ئێتنیکـی دەسـەڵاتدار باسـی دەکـەن پرسـی هەڵاواردنـە. بـاوەڕ بـە هـەڵاواردن لـە ڕەهەنـدە سیاسـی، کۆمەڵایەتـی، ئابووری و کەلتوورییـەکان و لـە نێـو ئێتنیکـە ئێرانییـەکان بۆتـە هـۆی سـەرهەڵدانی داواکاریـی گشـتی بـۆ دادپـەروەری. کەمتەرخەمـی بەرامبـەر بـەم داواکارییـە گشـتییە، مـەودای کۆمەڵایەتـی یـان دابڕانـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی لێکەوتۆتـەوە. دابڕانـی کۆمەڵایەتـی هەڕەشـەیە بـۆ ژیانـی کۆمەڵـگای ئێـران. زیادبوونـی هـەژاری، بێکاریـی بـەربڵاو، ناسـەقامگیری و بەردەوامنەبوونـی کاری، کەمبوونـەوەی دەفرایەتـی وەبەرهێنانـی سـەروەت و دابینکردنی ئاسـایش بۆ زۆرینەی کۆمەڵگا، هەڵکشـانی خەسـارە کۆمەڵایەتییەکان، جودا هەڵبژاردنی ئاقاری، پووکانەوەی سـەرمایەی کۆمەڵایەتی و زۆر کێشـەوگرفتی دیکـە کـە لـە ڕەوتێکـی کەم تـا زۆر خێـرادا خراپتریش دەبن. بەشـێکی گـەورەی خەڵـک تارێنـدراون بۆ پەراوێـزی سیسـتەمی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی، لـە پەراوێزی شـارەکان و لـە ناوچە هـەژارەکان دەژین و خزمەتگوزارییـە فێـرکاری یـان تەندروسـتییەکان بە شـێوەی گونجـاو و دادپەروەرانە بەردەسـتیان نییە. بەها کۆمەڵایەتییەکان جەمسـەریی بوونەتەوە و لەسـەر سـەرەکیترین بابەتەکان کۆدەنگی و یەکڕیزی لـە ئـارادا نییـە (گـودرزی، ١٣٩٦، ٧).

**پیاوێکی فرۆشیار لە مەشهەد:**
دۆخی ئابووریی ئێمە خراپە. بەرپرسان ئەم هەموو ئازار و ئەشکەنجەیەمان نەدەن. ئەگەر بەرپرسانی ئێمە کە ئێستا گیرفانیان پڕ کردووە، بڕۆن دڵنیام داهاتووی ئێران باش دەبێت.

**پەیمانە ڕەوشەنزادە، پزیشکی پسپۆڕی ژنان و نووسەر لە سمنان:**
کۆمەڵگای سەرمایەداران و دزەکان ناکەونە ڕیزی کۆمەڵگای مرۆیی و بەرژوەندییەکانیان بۆ خۆیانە، تا بتوانن کۆی خەڵک چەپاو بکەن. سەرچاوەکانی ئەم کۆمەڵە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خەڵک ناکۆکە و یەک ناگرنەوە.

سیاسەتە فەرمییەکان ئەکەونە مەودایەکی ئەوەندە دوور لە ژیانی خەڵکەوە کە دوو جەمسەری نەیار و ناکۆکیان پێکهێناوە. ئاستی نزمی ڕەزامەندی لە ژیان و هەستکردن بە بێگانەبوون لەگەڵ کۆمەڵگا و شێوازی ئیدارەکردنی کۆمەڵگا بەرەو هەڵکشانە. بەشێکی زۆری خەڵک لەسەر ئەو باوەڕەن کە لەو سەرچاوانەی کە بۆ ژیانێکی باش و ئابرووداران و بەکوالێتی پێویستیانە، دوور خراونەتەوە. ئەم نیشانانە، زیادکردنی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان، ناکۆکی نێوان خەڵک و حکوومەت و نوخبەکان دەردەخەن. ڕەوتێک لە پچڕانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئارادایە کە بە شێوازی جۆراوجۆر وەک: ناسەقامگیری، هەستکردن بە بێگانەیی یان ناکۆکی، خۆی دەردەخات. بۆیە دابڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و داواکاریی دادپەروەری دەبنە دیاردە سەرەکییەکانی ئەم لێکۆڵینەوە.

**پیاوێکی تەمەن ٤٣ ساڵ، فەرمانبەر لە تاران:**
پرس ئەوەیە کە هەڵاواردن پێوەندییەکی بە ئێتنیکەکانەوە نییە. ئێمە خۆ لە تارانین؛ ئەگەر لە خۆیان نەبیت، لە هەر ئێتنیک و شارێکەوە بیت هەڵاواردنت لەسەر دەبێ. خۆمان و خۆیان پێوەندییەکی بە ئێتنیکەوە نییە.

دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی بەردەوام، پێویستی بە تێپەڕاندنی دۆخی چەسپاوی هاودژبوونی دەوڵەت و نەتەوە و گەیشتن بە ئاستێکی گونجاو لە کارلێکی دەوڵەت و نەتەوە هەیە. بەڕێوەبردنی دروستی وڵات بە ئەولەوییەتدان بە ئازادیی هاوڵاتیانی ئێرانی، بەبێ جیاوازیی ئێتنیکی و ئایینی، تەنیا ڕێگای تێپەڕاندنی قەیرانە. چارەسەرێک کە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردنی ئازاد و ئازادی دەربڕینی بیروڕا و لە کۆتاییدا بەشداریکردنی نوخبە ئێتنیکییەکان لە ئاستی باڵای بەڕێوەبەرێتی یان ڕەنگە جۆرێک فیدراڵیزمی سیاسی و ئابووری. لە دۆخی دابڕانی

سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەو قەیرانەی کە بە هۆی بەڕێوەبەرێتی خراپ لە ئێران هاتۆتە ئاراوە، خەباتە مەدەنی و دوور لە توندوتیژییەکان، بەتایبەت لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە خەریکە بەرەو هەڵکشان دەچێت. جووڵانەوەی وەک کۆبوونەوەکان و نارەزایەتییە دوور لە توندوتیژییەکان کە لە دەستووریشدا پشتڕاست کراونەتەوە، لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران بەدی دەکرێن، ئەگەرچی جاروبار سەرکوت دەکرێن. توندوتیژیی حکوومەت بۆ کوژاندنەوەی بزووتنەوە بەکۆمەڵەکان و بێ هیوابوون بۆ داهاتووی باشتر بۆتە هۆی ئەوەیکە کۆمەڵێک بێ لایەنانە هەڵسوکەوت بکەن و ئەم دۆخەی ئێستایان قبووڵ کردووە و تاقمێکیش ڕوویان لە ئاراستەی گۆڕینی خەبات و پەنابردن بۆ داخوازیی تێکدەرانە و تێپەڕاندنی ڕژێمی سیاسی دەسەڵات کردووە. بۆیە کردەوەی ئاشتیخوازانە، کارلێکی دەوڵەت-نەتەوە، و قبووڵکردنی بێ لایەنانە و ویستی ڕووخێنەرانە لە ئەکتە ستراتیژەکان لەم توێژینەوەدا دەبینرێن.

لە باری ئابوورییەوە لە سەرەتای شۆڕشەوە، وردەوردە لە گەڵ پەرەسەندنی کەلتووری لایەنگرپەروەری (کلاینتالیسم) چەشنێک لە ئابووریی حکوومی ـ ڕانتی سەریهەڵدا کە دەرفەتی ناوازەی بە کۆمەڵێکی تایبەت بەخشیوە و ڕاشکاوانە دەتوانین بڵێین کە کەسانی غەیری فارس و غەیریشیعەی سەر بە ڕژێم و ئەوانەی مۆرکی بێگانەیان لێ دراوە لەو دەرفەتانە بێبەش کراون. ئەم ڕەوتە لە دەیان ساڵی ڕابردوودا، بە هۆی بارودۆخی گەمارۆ ئابوورییەکانی ئێران لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، بە شێوەیەکی بەرفراوان بواری خراپ بەکارهێنان و گەندەڵی دارایی دابین کردووە. زۆربەی بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە بە بەڵگەی وەک ڕێژەی بەڕێوەبەرێتی، ڕێژەی بەرژەوەندییە کەلتوورییەکان، ڕێژەی بێکاری، ئاستی گەشەکردنی پارێزگاکان، و ... ئاماژەیان بە هەڵاواردنی لەم چەشنە و نایەکسانییەکان کردووە و ڕەخنەیان لێ گرتووە.

دیارە کە لە وەها سیستەمێکی ئابووری، ئیداری و سیاسیدا بەستێنەکانی گەندەڵی دەرەخسێت و ئەمڕۆ دەرکەوتووە کە کەمفرۆشیی بازاڕییەکان، دزییە بە ملیارەکانی کەسایەتییە تایبەتە دەوڵەتییەکان و دووڕوویی ئایینی و ئایینزایی وەک نیشانەکانی شڵەژان و لەناوچوونی سەرمایە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانن. لە ڕاستیدا نۆرمە قبووڵکراوەکان کە لە ڕێگای پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی تاکەکانەوە دەستەبەر دەبێت، لە لایەکەوە دەبێتە هۆی دابەزینی تێچووی دەوڵەتی و لە لایەکی دیکەشەوە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی پێوەندیی خەڵک و دەوڵەت. بەڵام ئەو شتەی ئێستا هەستی پێدەکرێت پێچەوانەی ئەم ڕەوتەیە.

**پیاوێکی تەمەن ٣٦ساڵی خەڵکی تاڵەقان، دانیشتووی کەرەج:**
لە هەر دەرکەیەکەوە هەژاری بێتە ژوورەوە هەر لەو دەرکەشەوە باوەڕ و ئیمان دەچێتە دەرەوە. لە وڵاتێکی موسڵماندا هەموو بیر لە بەرژەوەندی و سوودە ئابوورییەکانی خۆیان دەکەنەوە و کەس منی فەرمانبەری لا گرنگ نییە.

بۆیە ناسەقامگیری و لەناوچوونی سەرمایە کۆمەڵایەتییەکان وەک گرنگترین شوێنهاتەکانی کۆمەڵگایەکن کە لەسەر تەوەری بنکە و یاسا ناگەڕێت، کۆمەڵگایەک کە هەستکردن بە هەڵاواردن لە نێو شارومەندانیدا هەیە و مۆرکی کەمینەی ئێتنیکی و ئایینیان لەسەرە و ڕۆڵێکی سنووردرایان لە کۆمەڵگای ئێراندا پێدراوە و لە دەرفەتی سنووورداری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەهرەمەندن. لە کۆمەڵگایەکدا کە وێڕای کەلێنە ئێتنیکی و ئایینییەکان، بە شێوازێکی قووڵ بەدەست کەلێنی نێوان خەڵک و حکوومەت یان بە واتایەکی دیکە «هاودژیی نێوان دەوڵەت و نەتەوە» (کاتوزیان، ١٤٠١) دەناڵێنێت، زیادکردنی فاکتەرە ئێتنیکی و ئایینییەکان بۆ هۆکارەکانی دابڕان بە چەشنێکی چەندپاتە پانتایی لێکترازان و دژوازییەکان بەرینتر دەکات، دۆخێک کە لە دەستکەوتەکانی توێژینەوەدا گرنگییەکی بەرچاوی هەیە و بەردەوامبوون و هەمیشە لە لێکدانەوە و بۆچوونە خەسارناسانەکاندا، ئاماژە بە ڕۆڵی بنەڕەتیی لە درێژەپێدان و قووڵکردنەوەی دۆخی دابڕان و قەیراندا دراوە.

## تاوتوێکردنی سیناریۆکان و سیاسەتدانانە کردەوەییەکان

دەرئەنجامەکانی مۆدێلی توێژینەوە و شیکردنەوەی ڕەهەندەکانی، داهاتووی ئێران لە ئاسۆی دوو سیناریۆی جیاوازی دارمانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و سەقامگیریی کۆمەڵایەتیدا وێنا دەکات. لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر ئەم دۆخە ناجێگیرەی ئێستا بەردەوام بێت کە سەرمایەی کۆمەڵایەتی بەرەو لەناوچوون دەچێت، لە کۆتاییدا داڕووخانی بنەما کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و کەلتوورییەکان دێتە ئاراوە، کە بە دەرچوونی پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لە بەستێنە شارستانی و یاساییەکان و داخرانی ئەگەری لێبوردەیی و دیالۆگ، کەمترین ئەگەری هەنگاونان لەسەر ڕێگای ئاشتی و کارلێککردن لە ئارادا نامێنێت و داهاتوویەکی لێڵ و ناڕوون بە ڕووی هەمووماندا دەکرێتەوە. بەڵام لە سیناریۆی دووەمدا کە بە سیناریۆیەکی خوازراو و لەبار دادەنرێت، لە سێبەری سەقامگیری کۆمەڵایەتیدا، پێکهێنانی ڕیفۆرمی بناغەیی (ڕیفۆرم لە ژێرخان و سەرخانەکانی کۆمەڵگا و بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتووری، فێرکاریی و تەندروستی) و بڕیاردانی گونجاو و کارامە لەلایەن دامەزراوەکانی دەسەڵات و ئێتنیکییەت و دیکەی گرووپەکانی کۆمەڵگا دەرەخسێت و لە ژینگەی لەباری دەرەنجامیدا، بە پەنابردن بۆ بنەمای عەقڵانی و ئاوەزی گشتی کە ئاکامی مافی بەشداریی هاووڵاتیان و پێوەرەکانی حوکمڕانی دیموکراسیانەیە، دەرفەتی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە

بنەڕەتییەکان و چارەسەری تێپەڕاندنی قەیرانەکان وردە وردە سەرهەڵدەدەن و گەڕانەوە بۆ ڕێگای عەقڵانی و شارستانی لەسەر بنەمای پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی ئاشتیانە لە سێبەری ئاشتیی بەردەوام و گشتگیردا دەلوێت.

**باقر سەدری نیا، ئەندامی لیژنەی زانستی و مامۆستای زانکۆ لە تەورێز (ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات):**
کاتێک کە دەسەڵاتی ناوەندی بەهێزە، دەبێ پرسە ئایینی و ئێتنیکییەکان چارەسەر بکرێن تا ڕەوتە سەربەخۆییخوازەکان لەناو بچن و نەیەنە ئاراوە... ئەگەر دەسەڵاتی ناوەندی لاواز بێت، دەنگی جۆراوجۆر بەرز دەبێتەوە کە دەنگی ڕەسەنیان تێدا ون دەبێت... ئەگەر بزووتنەوەیەکی کوێر و بێ ئامانجیش بکرێت ئەنجامی بێجگە کاولکاری هیچی دیکە نابێت.

وەک باسمان کرد، سیناریۆی بەردەوامیی دۆخی ئێستا ڕوو دەدات ئەگەر ستراتیژی قبووڵکردنی دۆخی ئێستا بەردەوام بێت. ئەم سیناریۆ دەبێتە هۆی گەشەکردنی کەلێنە کۆمەڵایەتی، ئێتنیکی و ئایینییەکان. گەشەکردنی ئەم کەلێنانە دەبێتە هۆی ڕووخانی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ناکۆکی و دژایەتی نێوان گرووپە کۆمەڵایەتییەکان. لە لایەکی دیکەوە، بێ هیوایی نەوەی گەنج و نوخبەکانی کۆمەڵگا لەسەر باشتربوونی دۆخی ژیانی خۆیان دەبێتە هۆی جێهێشتنی وڵات و کۆچکردنیان کە ئەنجامی ئەمەش دەبێتە ئەوەیکە وڵات لەناکاو ڕووبەڕووی قەیرانی هێزی مرۆیی دەبێتەوە، ئەو هێزانەی چەندین ساڵ کۆمەڵگا خەرجی بۆ کردوون و لە کاتێکدا کە وەرزی گەڕاندنەوەی تێچووەکە و کەڵک وەرگرتن لە زانستەکەیانە، هەموو سەرمایە زانستییەکانی خۆیان لەگەڵ خۆ دەبەن و بۆشایی ئەم هێزانە خەسارێکی زۆر دەخاتە سەر کۆمەڵگا. کاتێک ئەم دیاردەیە تێکڕای قەیرانی بەساڵاچوونی حەشیمەتی ئێرانەوە لەبەرچاو بگیرێت، لێکەوتەی زیانبەخشتر ئاشکرا دەکات. بایەخی سەرەکیی قەیرانی کۆچبەری لە ئێران تا دەیان ساڵی ڕابردوو پتر لە ڕوانگەی هەڵهاتنی مێشکەکان و قەیرانی کۆچبەری نوخبەکان لێک دەدرایەوە، بەڵام لە دەیەکانی ڕابردوودا قەیرانی پیربوونی حەشیمەت و کەمایەسی سەرچاوە مرۆییەکان و هێزی کاریش دەچێتە پاڵی و گرنگی ئەم پرسەی بە شێوەیەکی قووڵتر زیاد کردووە، کە پێویستی بە هەڵوێستی جیددی و ئایندەبینانە هەیە.

بە گەڕانەوە بۆ دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە، سەبارەت بە مەرجەکانی بەدیهێنانی هەریەک لە دوو سیناریۆی لەبار و نالەبار دەتوانرێت بگوترێ: بە گوێرەی زۆرینەی چاوپێکەوتنەکان، بەهۆی بەردەوامیی سیاسەتی ئایدیۆلۆژیکی و ستراتیژییە نادیموکراسی و دژەئاشتییەکانی ڕژێمی دەسەڵاتدار لە کاروباری ناوخۆ و دەرەوە، و زیادبوونی گرفتی بژێوی لەناو کۆمەڵگادا کە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ململانێ و ناباوییە کۆمەڵایەتییەکان، دەرفەتی هەنگاونان بەرەو

گۆڕانکارییە ئەرێنییەکان و بەدیهێنانی سیناریۆی خوازراو، هێندە لواو نییە و ئێران زیاتر لە جاران بەرەو ئاسۆیەکی نادیار و تەماوی دەڕوات. ئەڵبەت لە نێو بەشێک لە چاوپێکەوتنەکاندا، بە تایبەت لە ئاستی نوخبەکاندا، پێیان وایە سەرەڕای هەلومەرجی سەخت و کەڵەکەبوونی قەیرانەکان، دەفرایەتیی کۆمەڵایەتی و سیاسی نوێ لە هەناوی کۆمەڵگای ئێرانەوە سەرهەڵدەدەن، کە خاوەنی هێندە توانان کە بوارەکانی گواستنەوەیەکی سەرکەوتوو بەرەو ئامانجە خوازراوەکان دابین بکەن و جەخت دەکەنەوە کە ئەم داهاتووە هێندە دوور نابێت.

**محەممەد حەقموڕادی، ڕۆژنامەنووس، کۆمەڵناس و ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی لە سنە (کوردستان):**
بە پێی دۆخی هەنووکەیی، بەداخەوە گەشبین نیم؛ واتە بە بێ گۆڕانکاری لە پێکهاتە سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، بەردەوامیی ئەم ڕەوتە بەڕای من دڵخۆشکەر نییە؛ واتە بە دڵنیاییەوە داهاتوویەکی باشمان نابێت. کێشە ناوخۆییەکان فشاری ئابووری دروست دەکەن و ئەگەر گۆڕانکاری بنەڕەتی نەکەین، ئەوا ڕووبەڕووی قەیرانێکی هەمیشەیی دەبینەوە و ئەگەر بێباکانە ئەو کێشانە پشتگوێ بخەین، ناڕەزایەتی جەماوەری سەرهەڵدەدات.

**مەولانا عەبدولحەمید ئیسماعیل زێهی، بەرنوێژی هەینی سوننەکانی زاهیدان (سیستان و بەلووچستان):**
هیوام بە دوارۆژی ئێران هەیە. ئیدی سەردەمێک خەریکە تێپەڕ دەبێ. پێم وایە گوشارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان ناچارمان دەکەن پێداچوونەوە لەسەر ڕەوتەکەمان بکەینەوە. بڕوام وایە دۆخی ئێستا ناتوانێ بەردەوام بێت. مەگەر بە گۆڕانکاری، گۆڕانکارییەک کە ببێتە هۆی ڕەزامەندیی خەڵک. دەبێ هەندێ سیاسەت بگۆڕدرێن و کۆمەڵێک کێشە چارەسەر بکرێن.

بە پێی دۆخی گونجاوی سیناریۆی دووهەم، دیمەنی داهاتوی وڵات بەم جۆرە دەبێت: ئێران دەبێتە وڵاتێک کە ئێتنیک و ئاینی جۆراوجۆری تێدا دەبێ و ئەم جۆراوجۆرێتییەش ئەبێتە سەرچاوەی یەکڕیزی و یەکگرتوویی نەتەوەیی. بڕیارە سیاسی و کەلتوورییەکان لە درێژەی پەرەپێدانی پێوەندییە نێوان ئێتنیکییەکان و لەسەر تەوەری ئاشتی دەبن و سیستەمی سیاسی پاش قبووڵکردنی هاوشانبوونی شوناسی ئێتنیکی لەگەڵ شوناسی نەتەوەیی، سیستەمی کۆمەڵایەتی زنجیرەی پلەوپایە و ڕیزبەندیی هاووڵاتیان لە سیاسەتدانانە ناوخۆییەکان هەڵدەوەشێنێتەوە. ویستی نەتەوەیی لەسەر لەناوبردنی کەلێن و هەڵاواردن دەبێت.

**ئەسفەندیار حاجی، توێژەری مێژوو و نووسەر لە ورمێ (ئازەربایجانی ڕۆژاوا):**
گۆڕانکاری دەبێ لە هەموو لاوە دەست پێبکات و بە گۆڕینی سەرۆک کۆمار یان ئەندێشەی پۆپۆلیستیی فڵان و فیسارەوە دروست نابێت. دەبێ ویستێکی گشتی لە پشت بێت. گوشار هەیە و خەڵکیش لە تەنگانەدان. دەبێ لە هەر ڕێگایەکەوە کە دەکرێ ئەم ڕەوتە بگۆڕین... چالاکان دەبێ بۆ داهاتووی کۆمەڵگا شتێک بکەن.

بە ئامانجی بەدیهاتنی ئەو دیمەنەی سەرەوە، بە پشتبەستن بە دەستکەوتە تیۆری و مەیدانییەکانی لێکۆڵینەوە، ستراتیژە کردەوەییەکان لە بوارە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی، کەلتووری، سیاسی و یاساییەکاندا کە پتر لە دیمانە لەگەڵ نوخبەکان و خەڵکی ئاساییدا دەرهێنراوە لە قەبارەی گەلاڵەیەکی پێشنیاریدا ئامادە و پێشکەش کراوە.

## سیاسەتدانان و هەنگاوە پێشنیارکراوەکان

ناڕەزایەتی و هەستکردن بە هەڵاواردن لە نێو ئێتنیکەکان و هەروەها دابڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەبوونی سەقامگیری لە کۆمەڵگا تاقە گرفتەکانی ئێرانی ئەمڕۆ نین. بەڵکوو قەیرانی ئابووری و سیاسی بەهۆی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان دۆخی ناوخۆییان تا ڕادەیەکی زۆر خستۆتە ژێر کاریگەری کە پێویستی بە پێداچوونەوە لەسەر سیاسەتی دەرەوە هەیە. لە لایەکی دیکەوە قەیرانەکانی ژینگە و بەڕێوەبەرێتی نەشیاو بوونەتە هۆی ناڕەزایەتیی گشتی. لە ڕاوبۆچوونی هەموو ئێتنیکە بەشداربووەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، قەیرانی قورسی ژینگە مژارێکی سەرەکی ئاماژەی پێکراوە کە پێیان وایە دەبێتە هۆی لەناوچوونی شارەکان و شوێنی ژیانیانی. وشکبوونی هاموون لە سیستان و بەلووچستان، بەرەو لەناوچوونی ڕووباری کاروون لە خووزستان، وشکبوونی دەریاچەی ورمێ لە ئازربایجان، دروستکردنی لەڕادەبەدەری بەنداو لە کوردستان و پیسبوونی کەشوهەوای تاران و زۆربەی شارە گەورەکان، چەند نموونەن لە قەیرانەکانی ژینگە. لە هەموو بابەتە ئاماژەپێکراوەکاندا، هۆکاری سەرەکی دۆخی نالەباری ژینگە وەک سیاسەتدانانی هەڵە ئاماژەی پێدراوە. زۆرێک لە چالاکانی بواری ژینگە و چالاکە کۆمەڵایەتییەکان، ئێران وەک وڵاتی قەیرانەکان ئاماژە پێدەدەن؛ قەیرانی دابینکردنی ئاو، بێکاری، بێ هیوایی بەرامبەر داهاتوو، گەندەڵی و قۆپیەی زانستی، مادە سڕکەرەکان، پەراوێزنشینیی شاری، پرسەکانی زەواج و جودابوونەوە، کێشەی مامۆستایان و کرێکاران و پیشە جۆراوجۆرەکان و بازاڕییەکان، قەیرانی سەندووقەکانی خانەنشینی، کێشە ئێتنیکییەکان، گەشەکردنی ڕیسکی ڕەگەزی، کۆچکردن، ئاغازادەکان (خانزادەکان)، گەندەڵی ئیداری و ماڵی،

قەرقەشـە و ناکۆکـی لەگـەڵ وڵاتانـی ناوچەکـە و جیهـان لـەو قەیرانانـەن کـە ئێسـتا ئێـران لەگەڵیـان ڕووبـەڕوو بۆتەوە.

**موحسێن گوودەرزی، کۆمەڵناس، توێژەر و مامۆستای زانکۆ لە تاران:**
نەیـاری ئـەو ڕەوت و سیاسـەتە کەلتوورییەم کـە هەوڵ دەدات شـێوازێکی ژیانی تایبـەت لـە ڕێگای ئامـرازە بروکراتیکەکانەوە پـەرە پێبدات.

بەڕێوەبەرێتـی خـراپ و کەڵـک وەرنەگرتـن لـە نوخبـەکان لـە پۆسـتە تایبەتەکانـدا و ڕەچاوکردنـی پێوەندییـەکان لە باتی یاسـا و دەسـتوور لە ئاسـتە جۆراجۆرەکاندا بۆتە هۆی توندبوونـەوەی قەیرانەکان و لـەم نێوانـەدا ئێتنیکەکان زۆرتریـن ڕادەی ناڕەزایەتی دەردەبڕن چونکە بەپێـی دووربوونیان لە ناوەند، هەسـتی هـەڵاواردن و ناڕەزایەتـی زیاتـر دەرکەوتنـی دەبێـت و بەرچـاو دەکەوێـت. لـە حاڵێکـدا کـە سیاسـەتە میدیاییەکانـی دەوڵـەت ڕێگـە نادەن کێشـە ئێتنیکییـەکان بـاس بکرێن، دەسـتکەوتەکانی تەکنۆلۆژیـای کەلتـووری بەتایبەت میدیا گشـتییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، سـنوورەکانی دەنگی و ڕەنگـی نەتەوەیـی تێپەڕانـدووە و کۆمەڵگایەکـی مەجازیی تۆڕیـی پێکهێناوە کە بە شـێوازێکی جێددی لەسـەر هاوکێشـە و پێوەندییەکانـی نێـو کۆمەڵـگا کاریگـەرە و هۆکارێکی سـەرەکییە لە ئاراسـتەکردنی کـردەوە و داخوازییـە جەماوەرییەکانـی کۆمەڵـگای هەنووکەییـدا. بـە چەشـنێ کـە لـە شـێوازی نوێـی ناڕەزایەتییـە جەماوەرییەکانـدا، تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان ئیلهامبەخـش و وروژێنـەری ناڕەزایەتییەکانن و بـە دیاریکـراوی لـە کۆتاییەکانـی سـاڵی ١٣٩٦ی هەتـاوی بـەدواوە تا ئەمڕۆ، لـە زۆربـەی ناڕەزایەتییە گشـتییەکاندا، لـە هـەر دوو بـواری ئاگاکردنـەوە و زانیـاری بەخشـین و هاواهەنگـی و ڕێکخسـتندا ڕۆڵـی کاریگـەر و چارەنووسسـازی هەبـووە. ئـەم ناڕەزایەتییانـە تـا ئەو ئاسـتە ڕۆیشـتوون کـە هەندێ لە سیاسـەتوانانی سیسـتەم بۆ پاراسـتنی سیسـتەم، پلانی ئاشتیی نەتەوەییان ئاراسـتە کردووە و چەندین جار دووپاتیان کردۆتەوە، کە بە توندی لەلایەن دامەزرێنەرانی دۆخی ئێسـتاوە، کە ناوەندی سـەرەکی دەسـەڵات و بڕیاریـان لایـە ڕەتکراوەتـەوە و هەمیشـە بەرژەوەندییـە ئایدۆلۆژییەکانیـان خسـتۆتە پێـش بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی و چاکـەی گشـتییەوە و لـە درێـژەدان بـە سیاسـەتی شـەڕەنگێزی و تاکڕەوییان لـە کاروبـاری ناوخـۆ و پەیوەندییەکانـی دەرەوەدا بەردەوامـن . بۆیـە ئـەو شـتەی کـە ڕوونـە کەمینـە ئێتنیکـی و ئایینییـەکان وەک زۆرینـەی کۆمەڵـگای ئێـران لـە کرێـکار و مامۆسـتای قوتابخانـەوە بگـرە تـا خوێنـدکار و قوتابـی و ژنـان هـەر یەکـە کۆمەڵێـک داواکارییـان هەیـە کـە لـە چوارچێوەی یاسـاکان و بەڕێوەبەرێتـی ئێسـتای ئێـران بەجـێ ناهێنرێـن. لـە دۆخـی نالەبـار و بـێ پلانـی ئێراندا کـە قەیرانی بەڕێوەبەرێتـی نەشیاویشـی لەگەڵـە، ناکرێ چاوەڕێـی یەکرێـزی نەتەوەیـی و یەکرێـزی ئێتنیکـی و لە کۆتاییـدا پێکەوەژیانی ئاشـتیخوازانە بیـن. چونکە دابینکردنی ئەم دۆخە لەبارە، پێویسـتی بە گەیشتن بـە کۆمەڵێـک پێشـمەرج و هەنگاوی یاسـایی، پێکهاتەیی و ستراتیژی هەیە کەبـە پێی دەرەنجامەکانی

ئـەم توێژینـەوە، لـە تەوەرەکانی خـوارەوەدا پێشـنیار دەکرێن.

بەدیهاتنی دادپەروەریی ئابووری

دادپـەروەری بریتییـە لە: «تەرخانکردنـی دەرفەتەکانی کۆمەڵگا بۆ هاووڵاتییان بەپێی لێوەشـاوەیی و پێداویسـتییان بـە جۆرێـک کە هەموو هەسـت بـە ڕەزامەندی بکەن.» کە بە پێی ئەو لە سیسـتەمێکی گشـتگیری دادپەروریدا، دەبێ هەم شـێوازەکان و هەمیش ئەنجامـەکان دادپەروەرانە بن.

**کوڕێکی گەنج لە حەمیدییەی خووزستان:**

دۆخـی ئابـووری ئێمـە قـەت باش نییـە. هەموو شـت زۆر گرانە، بـۆ نموونە نرخی قەنـد و شـەکر. ئێران دادپـەروەری تێدا نییـە. بـەڵام نـەک بڵێـم تەنیـا زوڵـم لە عەرەبـەکان کـراوە، لـە ئێـران زوڵم بـە هەمـووان کراوە

سیسـتەمی ئابـووری کاتێـک بـۆ بەدیهێنانـی دادپـەروەری سـەرکەوتووتر دەبێـت کـە ناکۆکـی و کێشـەکان لـە گچکەسیسـتەمەکان و خـودی سیسـتەمدا لـە ئـارادا نەبـن یـان زۆر کـەم بـن. ئەگـەر سیسـتەمە کۆمەڵایەتـی، سیاسـی و کەلتوورییـەکان نەتوانـن جۆرێـک دانوسـتانی لۆژیکیـان پێکـەوە هەبـێ، دادپـەروەری نایەتـە ئـاراوە. بۆیـە هەنـدێ جـار دەوڵەتەکانیـش دەتوانـن ببنـە بەربەسـت بـۆ بەدیهاتنـی دادپەروەریـی ئابـووری. ئـەم دیاردەیـە بەتایبـەت لـە وڵاتـی ئێراندا کـە بنەمای ئابـووری لە ژێـر دەسـەڵاتی دەوڵەتدایـە کاریگەرتـرە.

لە فەسڵی پێشوو و هەروەها لە دێڕەکانی سەرەوەدا باس لەوە کرا کە لە بەشی پیشەسازیدا، زۆربەی بەرهەمەکانی وڵات لە پارێزگا ناوەندییەکانن و لەم بوارەدا پارێزگا پەراوێزییەکان کە ناوەندی نیشتەجێبوون و ژیانی ئێتنیکەکانن بێبەش ماونەتەوە و هەروەها باسمان لە نارازیبوون و هەستکردن بە نایەکسانی لە نێو ئێتنیکە جۆراوجۆرەکانی تورک، کورد، عەرەب و بەلووچ کرد. باس لە نەبوونی کارخانە و شارۆچکە پیشەسازییەکان لە ناوچەکانی کوردستان و بەلووچستان کرا کە وەها دۆخێک خەڵکی ئەم ناوچەگەلەی ناچار کردووە بەرەو کار و پیشەی ڕەش، قاچاخکردن و کۆڵبەری بچن. دۆخێک کە وێڕای ئاسەوارە زیانبارەکانی بۆ ئابووری و وەبەرهێنانی نیشتمانی، بواری درێژەدان بە بێبەشی و هەڵاواردنی پێکهاتەیی دەدات. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە بە بنیاتنانی کارگەی بەرهەمهێنان لەم ناوچەگەلە، بێجگە باشبوونی بەشی وەبەرهێنان و بەرگیرکردن لە دەرچوونی دراو لە بازاڕی ئابووریی وڵات بۆ کڕینی کاڵا و شمەکی دەرەکی، دەرفەت و هەلی کار و کەڵک وەرگرتن لە توانای زانستی و کردەوەیی خەڵکی ئەم ناوچانە دەڕەخسێت و گەنجانی خوێندەواری کورد و بەلووچ ڕەزامەند دەبن کە بە کاری فەرمی لە ناوخۆی وڵاتدا، ئاسایشی گیانی و ماڵییشیان پارێزراو دەبێت.

**محەمەدتەقی شەیخی، مامۆستای ئاپوورەناسی زانکۆی ئەلزەهرای تاران:**
ناوەندی چڕبوونەوە پارێزگای تاران و شاری تاران بووە و لە ٨٠ ساڵ پێشەوە، وەبەرهێنان لێرە بووە و شارەکانی دیکە لە پیشەسازی و مەکینە بێبەش ماونەتەوە.

ئەڵبەت تەنیا بەرژەوەندیی ئەم ناوچانە لە پیشەسازی و کارگەکان ناتوانێ ببێتە هۆی هەستکردن بە یەکسانی، چونکە وەها هەستێک لە نێو خەڵکی ناوچە ئازەری و عەرەبنشینەکانیش بوونی هەیە و ڕێژەی نارەزایەتی لەم ناوچانەش بەرچاوە. هۆکاری ئەمەش لە لایەکەوە بۆ دیدی بەراوردکارانەی ڕادەی بەهرەمەندیی جوگرافیای ئێتنیکییەتە غەیری فارسەکان لە ئیمکانات و کارگەی پیشەسازی، بەراورد بە ناوچە فارسنشینەکانی ناوەڕاستی وڵات، دەگەڕێتەوە. بەڵام لایەنە گرنگترەکەی ڕەگ و ڕیشەی لە هاوکێشەکانی سوود وەرگرتن لە قازانج و سەروەت و سامانی پیشەسازی بەرهەمهێنان و کان و سەرچاوە ژێرزەمینییەکاندا داکوتاوە، کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، تاکە پشکی ئێتنیکییەتەکان لەم سامانە، دابینکردنی هێزی کاری سادە و پیسبوونی ژینگەیە. سەبارەت بە خەڵکی گرووپە ئێتنیکییەتییەکانی تورک و عەرەب، ئەگەرچی بارودۆخی ئابوورییان لە گرووپە ئێتنیکییەکانی کورد و بەلووچ باشترە، بەڵام چون خۆیان لەگەڵ فارسەکان هەڵدەسەنگێنن و دۆخی ئابووریی خۆیان نزمتر لەوان دەبینن، هەست بە نایەکسانیی لەوانیشدا دێتە ئاراوە. ئەڵبەت ئەمە بەو واتایە نییە کە هیچ نارەزایەتییەک لە نێو خەڵکی ناوچە فارسنشینەکان بوونی نییە و لە نێو ئەواندا ئاسایشی ڕەها هەیە؛ دەسکەوتەکانی وتووێژە ئەنجامدراوەکان لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچەگەلەش باس لە هەبوونی نارەزایەتی دەکەن. بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە پارێزگای وەک ئەسفەهان، مەرکەزی، سمنان، کرمان و ئەلبورز دۆخی ئابوورییان لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران باشترە. خاڵێک کە زیاتر لە هەموو سەبارەت بە گرووپە ئێتنیکییەتییەکانی تورک و عەرەب لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەرچاوە، ئەوەیە کە خەڵکی ئەو دوو ناوچە ئێتنیکییە باشبوونی دۆخی ئابووریی ئێستای خۆیان دەگەڕێننەوە بۆ سیاسەتە ئابوورییەکانی حکوومەتی پەهلەوی و دەڵێن کە لە سەردەمی شۆڕشی ئیسلامی، لە بەشی ئابووریدا بەشێکی زۆریان پێ نەدراوە. بۆیە پێویستە بەرپرسە حکومییەکان وێڕای تێکۆشان بۆ باشترکردنی دۆخی ئابووریی ناوچە ئێتنیکییەکان بۆ دابەشینی دادپەروەرانە و یەکسانی سامانی نەتەوەیی هەوڵ بدەن.

وەک دەرەنجامێکی گشتی دەتوانین بڵێین بەڕێوەبەرێتی نەشیاوی دەوڵەت بۆتە هۆی دابەشبوونی ناوچەکان بە ناوچەی بەژرەوەند، تا ڕادەیەک بەرژەوەند و بێبەش لە ئێراندا. ئەو شتەی کە دەبێتە هۆی لەناوچوونی کەلێنە گەورە ئابوورییەکان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران بەتایبەت پەراوێز و سنوورەکان بریتی لە بەشبردن بەپێی ڕێژەی بەشداری لە پرۆسەی وەبەرهێنان، مافی بەرژەوەندبوونی یەکسان، هاوسەنگی ڕێژەیی سەروەت و داهاتە. تەنانەت بە گوێرەی ئاستی

بێبەشبوونی هەندێک ناوچەی ئێتنیکی و دواکەوتوویی هەمەلایەنەیان لە کاروانی پەرەسەندن، ئەم ناوچانە پێویستیان بە سیاسەتی ئابووری هەڵاواردنی ئەرێنی[1] و ڕێوشوێنی ئابووری قەرەبووکەر هەیە لە کەرتی ژێرخان، خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانیدا. تەنیا لەم ڕێگایەوە فرۆشتنی ئەندامانی لەش، کۆڵبەری و هەژاری بنبڕ دەکرێن. کاتێک کە پیشە و کار بەپێی دادپەروەری و مێریتۆکراسی دابەش بکرێن، کاتێک کە خەڵکی ئازربایجانی ڕۆژئاوا و کوردستان کە سەرچاوەی کشتوکاڵ، کانگا، زێڕ و سامانە سروشتییەکانی دیکەن بەشێکیان پێ ببڕێت، کاتێک کە سیستان و بەلووچستان بە قاچاخکردنی مادە سڕکەرەکانەوە نەناسن، دادپەروەریی ئابووری بەجێ دەهێنرێت و ئەمەش لە ئەنجامی بەڕێوەبەرێتی دروستی ئابووری بەپێی بەشبردن و بە ئەندازەی بەشداری لە پرۆسەی وەبەرهێنان، مافی بەرژەوەندبوونی یەکسان، هاوسەنگیی ڕێژەیی سەروەت و داهات، دانرانی سامان و داراییەکان و هەروەها نەمانی تێڕوانینی ئایدۆلۆژیک بۆ ئێتنیکەکان، دێتە ئاراوە. زۆربەی ناوچە ئێتنیکییەکان کە توێژینەوەیان لەسەر کراوە لە بوارەکانی کشتوکاڵ، کانگاکانی بەرد و زێڕ، پیشە دەستییەکان، بەرهەمەکانی ئاژەڵداری و ... دەفرایەتی گەورەیان تێدایە کە لە ڕێگای کردنەوەی کارگەی پیشەسازی و پەرەپێدانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و کەڵک وەرگرتن لە هێزی پسپۆڕ و گەنجی خۆیانەوە دەکرێ بەرەو چەمکی دادپەروەریی ئابووری و دابەشیی بچین.

- **بەدیهاتنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و کەلتووری**

دادپەروەری کۆمەڵایەتی بریتییە لە دابەشکردن و تەرخانکردنی دادپەروەرانە و هاوسەنگانەی سامان و دەرفەت و سەرچاوە و ئیمتیازات لە نێوان تاک و ئەندامانی کۆمەڵگادا لە ڕێگەی میکانیزمی

[1]. دەستەواژەی «هەڵاواردنی ئەرێنی» چەمکێکە لە خزمەتی شیاوسالاری (میریتۆکراسی) و بەدیهێنانی دادپەروەری لە بەهرەمەندی لە دەرفەتەکان، بەڵام بە هۆکاری جۆراوجۆر کە ڕەنگە سادەترینیان بوونی مانایەکی نەرێنی بێت لە وشەی «هەڵاواردن»دا، ئەوە هەندێک جار وەک کێشەیەک لە دژی دادپەروەری و شایستەیی لێکدەدرێتەوە. واتای «هەڵاواردنی ئەرێنی» بریتییە لە گرتنەبەری کردەوە و دروستکردنی هەلومەرج بۆ سوودی ئەو گرووپانەی ناو کۆمەڵگا کە بە هۆکاری وەک ڕەگەز، نەژاد، ڕەنگ و هتد مامەڵەی نادادپەروەرانەیان لەگەڵ کراوە و مەبەستیشی پێدانی دەرفەتی یەکسانە بە هەموو ئەندامەکان لە کۆمەڵگا و بەدیهێنانی دادپەروەرییە؛ بۆیە هەڵاواردنی ئەرێنی لە بنەڕەتدا بەکارهێنانی ئەو میتۆدانەیە کە کۆتایی بە پرۆسەی هەڵاواردن دەهێنێت و لە بنەڕەتدا ئەم چەمکە کاتێ ڕوو لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەکات کە ڕەفتاری نادادپەروەرانە لەوێدا ئامادەیە. لە ماددەی دووەمی جاڕنامەی مافی مرۆڤدا بەبێ گوێدانە ڕەگەز، نەژاد، زمان، نەتەوە، ئایین، سامان و هتد مرۆڤ بە خاوەنی مافی یەکسان دەزانێت. هەروەها لە ماددەی ١٩ی دەستووردا هاتووە کە هەموو خەڵکی ئێران مافی یەکسانیان هەیە. هەروەها لە بڕگەی ٩ی مادەی ٣ی دەستووردا پێداگری کراوە لەسەر نەهێشتنی هەڵاواردنی نادادپەروەرانە و ڕەخساندنی بواری دادپەروەرانە بۆ هەمووان لە هەموو بوارەکانی ماددی و مەعنەویدا. دادپەروەری کۆمەڵایەتی پێویستی بەوەیە کە دەرفەتەکان لەسەر بنەمای دادپەروەری و شایستەیی بدرێن و هەموو کەسەکان مافی ئەوەیان هەبێت کە سوود لە هەموو ئاسانکارییە بەردەستەکان وەربگرن، هەروەها دەرگای کار و پیشە جۆراوجۆرەکان بە ڕووی هەمووواندا کراوە بێت و لە لایەکی دیکەوە، پێویستە زۆرترین دەرفەت بە بێبەشترین گرووپانە بدرێت کە کەمترین قازانجیان بەرکەوتووە - کەچی لە ڕووی توانا و شایستەییەوە جیاوازییان نییە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا. خطی، بابک (١٣٩٦). فرارو.

یاسایی و ماف تەوەرە بەدامەزراوەییکراو و پێکهاتەییەکانەوە (social justice, 2023). بنەماکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە دامودەزگا سەرەکییەکانی کۆمەڵگادا، ڕێگەیەک بۆ دیاریکردنی ماف و ئەرکەکان و دابەشکردنی لەباری قازانج و بەرپرسیارێتی هاوکارییە کۆمەڵایەتییەکان دابین دەکات.

لە پێناسەیەکی گونجاو لەگەڵ ئەم تەوەرەدا، دادپەروەری کەلتووری بریتییە لە ڕەچاوکردنی دادپەروەرانە و هاوسەنگ و شیاوی خزمەتگوزاری و دەرفەتە کەلتوورییەکان بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا بەبێ جیاوازی ئێتنیکی و ئایینی و وەک هاووڵاتییەکی یەکسان (Cultural justice program, 2020). دادپەروەری کەلتووری لەم ڕوانگەیەوە، لە دوو ڕەهەندی بنەڕەتی ماددی و ناوەڕۆکدا جێی دارشتن و تاوتوێکردنە: ڕەهەندی ماددی و پێکهاتەیی کەلتوور پەیوەندی بە دابەشکردنی دادپەروەرانەی فەزا، ژێرخانەکان، کاڵا و خزمەتگوزارییە کولتوورییەکانەوە هەیە. لەم ڕوانگەیەوە؛ دەستڕاگەیشتن بە بەرهەمە کەلتوورییەکان بە واتای بەدیهێنانی دادپەروەریی کەلتوورییە. ئەگەر لە ڕوانگەی دادپەروەری دابەشکارییەوە چاوی لێ بکەین، ئەم ڕێبازە بەو مانایەیە کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا، لە هەر شوێنێک بن، دەستڕاگەیشتنێکی شایستەیان بە ئیمکانات و ژێرخانە کەلتوورییەکان هەبێت. ڕەهەندی ناوەڕۆکیانە و بەهایی کەلتوور ئاڵۆزی و پانتاییەکی زیاتری هەیە و پەیوەندی بە ئامادەبوون و بەشداریی هەمووان لە بنیاتنان و بەرهەمهێنانەوەی کەلتووری کۆمەڵگادا هەیە. وەک چۆن لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا، مرۆڤەکان بە دەنگدان و پەیڕەوکردنی ویستەکانی خۆیان لە کەشوهەوای سیاسی کۆمەڵگادا بەشدارن؛ بەهەمان شێوە مرۆڤەکان بتوانن لە کەلتووری کۆمەڵگاشدا دەور بگێڕن و بەها و داب و نەریتی خۆیان پێشکەش بکەن (بهرامی کمیل، ١٣٩٨).

لە دادپەروەریدا باس لە دوو بنەما دەکرێت: بنەمای یەکەم داکۆکی لە ئازادیی یەکسان و دەرفەتی یەکسان دەکات، و بنەمای دووهەم دەڵێت کە لە چ دۆخێکدا دەکرێ بڵێین نایەکسانییەکان دادپەروەرانەن و پاکانەیان بۆ دەکرێت (بشیریە، ١٣٧١). لە دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێراندا، ئایینزا سوننەکان و ئایینەکانی خاچپەرستی، جوولەکە و زەردەشتی بە یاسایی ناسراون بەڵام ئەم ئایین و ئایینزایانە وەک ئایینزای فەرمی، ئازادیی پێویستیان بۆ بانگەشەکردن لە دەزگای دەنگ و ڕەنگ و دامودەزگا فەرمییەکانی حکوومەت، میدیا گشتییەکان، کتێب، چاپکراوەکان و ... نییە و پێڕەوانی ئەم ئایین و ئایینزانە لە ئاستی بەڕێوەبەرێتی و کارگێڕی باڵای وڵاتدا پشکێکی ئەوتۆیان نییە.

زانیارییە دەسکەوتووەکان لەسەر گرووپی سوننە، کە گەورەترین کەمینەی ئایینزایی وڵاتن، پیشاندەری هەبوونی ناڕەزایەتی زۆرە لە ناو ئەم تاقمەدا. وەک گرنگترین بابەتە ئاماژەپێدراوەکانی ئێتنیکە بەشداربووەکانی ئەم لێکۆڵینەوە، نەبوونی مزگەوت و پەرستگەی سوننەکان لە شاری تاران بوو کە بەپێی وتەی خۆیان نزیکەی یەک ملیۆن کەس لە کۆمەڵگای سوننە لەو شارەدا دەژین و بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی خۆیان ناچارن شوێن بە کرێ بگرن و وەک نوێژگە کەڵکی لێ وەرگرن. ئەم بابەتە جودا لە باری ئابووری کە دەیخاتە سەریان، بەهۆی ئاقاری کەم و چکۆلەبوونی

شوێنەکان و مانەوە لە ڕیزی دوورودرێژ کێشەیان بۆ ساز دەکات، چونکە ناچارن بمێننەوە و بە نۆرە نوێژی جەماعەتیان ئەدا بکەن. ئەڵبەت هەر لەم بوارەشدا کێشەیان بۆ ساز بووە و لەم چەند ساڵەی دواییەدا نوێژگەکانیان ڕووخێندراون. بابەتێکی دیکەش کە زۆر لە لایەن سوننەکانەوە باسی دەکرا سنووردانان و داخستنی قوتابخانە ئایینییەکانیانە. لە ڕابردووی دوورەوە لە ناوچەکانی کوردستان و بەلووچستان، پەروەردەکردن و ڕاهێنانی زانایانی ئایینی لە حوجرە و ژوورە چکۆلەکانی تەنیشت یان ناو مزگەوتەکان لە لایەن کەسایەتییە ئایینییە گەورەکانەوە بەردەوام بووە. بەڵام لە ساڵی ١٣٨٦ی کۆچیی هەتاوی بەدواوە، «ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی کەلتووری» جەختی کردەوە کە بەڕێوەبردنی قوتابخانە ئایینییەکانی سوننەکان دەبێ لەژێر چاوەدێری «ئەنجوومەنی پلاندانانی قوتابخانە ئایینییەکانی سوننە» و لە ژێر چاوەدێری «ئەنجوومەنی نوێنەرانی وەلی فەقیە لە کاروباری سوننەدا» بێت کە زۆرێک لە قوتابخانە ئایینییەکانی سوننەکان ڕەتیان کردەوە و داخران. دانانی سنوور بۆ ڕێبەرانی ئایینی و چاوەدێریکردن لەسەر وتە و کردەوە و هاتوچۆیان وەک بابەتی دیکە بوو کە خەڵکی ئەم گرووپە ئێتنیکییە باسیان دەکرد.

> **موحسێن گوودەرزی، کۆمەڵناس، توێژەر و مامۆستای زانکۆ لە تاران:**
> زیاتر خۆم بە ئێرانی و لە چوارچێوەی کەلتووریی ئێران و وەک بەشێک لە نەریتی کەلتووریی ئێران، بۆ نموونە شیعر دەبینم، بەڵام هەستی من بەرامبەر ئێتنیکە ئێرانییەکان تێکەڵێکە لە ڕێز، توندوتیژی، نارەزایەتی لە نادادپەروەری و هەڵاواردن بەرامبەریان.

ئەمڕۆ توێژینەوەی زۆر لە بوارە جۆراوجۆرە زانستییەکاندا دەریان خستووە کە سیاسەتەکان و ڕوانگە لە سەرەوە بۆ خوارەکان کارامەییان نییە. بۆیە دەڵێن کە پێویستە دەوڵەت لە زۆر کاروباری ناوچەیی خۆی دوور بگرێ و بەرەخسانی بارودۆخی گونجاو و هاوکاری لەگەڵ دامەزراوە نادەوڵەتییەکان، تا شوێنێک کە دەرفەت هەیە، جێبەجێکردنیان ڕادەستی خەڵک بکات. کۆمەڵگای ئایینی سوننە لە مێژووی ڕابردووی خۆیدا بەردەوام بەڕێوەبەرێتی ناوەندە ئایینییەکانی خۆی لە بوارە مرۆیی، ماڵی و ... لە ئەستۆ بووە و لەم ڕەوتەشدا کێشەی بۆ ساز نەبووە. بۆ ئەم بوارە پێشنیار دەکەین ڕوانگەی ئەمنی و کۆنترۆڵ لەسەر ئەم گرووپە نەمێنێ و ڕێبەران و خەڵکی ناوچەیی بۆ جێبەجێکردنی کاروباری ئایینی خۆیان ئازاد بن. کردەوە تیرۆریستییە ئەنجامدراوەکان لە ساڵەکانی کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی کۆچیی هەتاوی لە پارێزگاکانی سیستان و بەلووچستان و کوردستان ئەنجامی هەر ئەم ڕوانگەی تێکەڵ هەڵاواردنەن. هەبوونی ناوەند و پەرستگەی تایبەتی سوننە لە شاری تاران لە تەنیشت پەرستگەی ئایینە یەکتاپەرستەکانی دیکە ناتوانێ هیچ کێشەیەک بۆ ئایین و ئایینزاکانی دیکە ساز بکات و بێ گومان داواکاریی چل ساڵەی

ئەم گرووپەش بەدی دەهێنێت و ئەمەش لەسەر ئاراستەی دادپەروەری و یەکسانییە. دانەمەزراندنی نوخبە سوننەکان لە ئیدارەی گشتی وڵات، لە ئاستی باڵای وەزارەت و پارێزگاکان هۆکارێکی ترە بۆ نارازیبوونی خەڵکی سوننە و بێگومان ئەو خاڵەی کە ئەم نارازیبوونە گەورەتر دەکات، هەڵسوکەوتی هەڵاویرانە و نادادپەروەرانەیە لە پرۆسەی بژارکردنی دامەزراندنە فەرمانگەییەکان، کە تەنانەت بۆ پیشە زۆر ئاساییەکانیش، ڕەوتەکە بۆ گەنجان و خوێندەوارانی سوننە قورس و دژوار دەکەن.

دەسکەوتی گرنگی دیکەی لێکۆڵینەوە، بابەتی زمانی دایکی و پەروەردە بە زمانی دایکی بوو. بەپێی دەستوور، ئێتنیکە جۆراوجۆرە ئێرانییەکان دەتوانن، زمانی ئێتنیکیی خۆیان فێربن و سنوور و لەمپەرێک لەم بوارەدا نابێ بوونی هەبێت، شتێک کە تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە و هەر وەک یاسایەک ماوەتەوە. لە ڕاستیدا کاتێک تەگبیرێک بۆ ئەم بابەتە ناکرێت و لە ڕوانگەی ئەمنییەتییەوە سەیری زمانی ئێتنیکی دەکرێت، ڕێک وەک ئەوە وایە یاسا بوونی نەبێت. ئەڵبەت لەم بوارەدا و لەم ساڵانەی دواییەدا دوو لقی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و تورکی لە زانکۆکانی کوردستان و تەورێز کراونەتەوە، بەڵام خاڵێک کە لەم بارەوە دەبێ بەرچاوی بگرین پاڵپشتی نەکردن لە شتەکەیە لە ئاقاری کاردا. چونکە ئامانجی زۆرێک لە بەشداربووانی ئەزموونی زانکۆ هەڵبژاردنی لقێکە کە بتوانێ داهاتووی کارییان دەستەبەر بکات، تەنیا هەبوونی وەها لقێکی زانکۆیی بەبێ هیچ پاڵپشتییەک لە بازاڕی کار بۆتە هۆی پێشوازی نەکردن لێی و چۆڵ مانەوەی کورسییەکانی. بۆیە دەگونجێ بۆ بەکارا کردنی وەها ئامانجێک، بابەتی فێرکاری و پەروەردە بە زمانی دایکی بگاتە ئاستە خواروەکان و بەتایبەت ساڵەکانی سەرەتای خوێندن.

بۆ بەدیهێنانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە بواری زماندا پێویستە سیاسەتی دروست بە ڕێنمایی زمانناسانی ئێتنیکی و نوخبە خاوەن ڕاکانی بواری کۆمەڵناسیی زمان دابڕێژرێت تا ئەم هەستکردن بە هەڵاواردنە نەمێنێت. کاتێک کە هەموو دەرفەتەکان بۆ پەرەپێدان و بانگەشەکردن و گەشەپێدانی یەک جۆر زمان و ئایینزای تایبەت دەکار دەهێنرێت و کەمینە ئێتنیکی و زمانییەکانی دیکە بە ڕوانگەیەکی ئەمنییەوە سنووردار دەکرێنەوە، هەلومەرج بۆ گەشەکردن و پەرەسەندنیان دابین ناکرێت و ئەمەش سیاسەتەکانی تواندنەوە یان سڕینەوەی شوناسی ئێتنیکی دێنێتە بەرچاو، کە ئەم جۆرە نایەکسانییە پاکانەی بۆ ناکرێت. هەڵاتن لە یاسا و نەبوونی بەڕێوەبەرێتی دروست کە سەرچاوەی دەتوانین بگەڕێنینەوە بۆ ئاوڕنەدانەوە لە مێریتۆکراسی یەک لە گرنگترین هۆکارەکانی بەدینەهاتنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییە.

هەر ئێتنیکێک بۆ ڕاگرتن و پاراستنی شوناسی خۆی و پیشاندانی جیاوازییەکانی خۆی لەگەڵ ئێتنیکەکانی دیکە لە کۆمەڵێک هێما، دابونەریت و شێوازی ژیان کەڵک وەردەگرێت. پۆشەنە ناوچەییەکان و گرنگبوونی هەندێ لە ڕەنگەکان تیایاندا، شێوازی تایبەتی مۆسیقای ئێتنیکی، مێهرەجان و کۆبوونەوە ناوچەییەکان، بەڕێوەچوونی هەندێ لە جێژن و بۆنەکان بە شێوەی بەکۆمەڵ، سەما ناوچەییەکان و بە گشتی پاراستنی کەلەپوور و فۆلکلۆری ئێتنیکی، نموونەگەلێکن

لەم هێما ناوچەییانە لە نێو ئێتنیکە ئێرانییەکاندا. دەسکەوتەکانی ئەم لێکۆڵینەوە پیشاندەری ئەوەن کە کەمترین هەستی نایەکسانی لە نێو ئێتنیکەکان دەگەڕێتەوە سەر ئەم بەشە و دەسەڵات توانیویە لەم بوارانەدا تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بێت و ڕەزامەندیی ئێتنیکە جۆراوجۆرەکانی بەدەست هێناوە. شایانی باسە کە سەرکەوتنی سەرەکی حکوومەت لەم بوارەدا، نەک بەرهەمی سیاسەتی ئامانجدار و وەبەرهێنان و پلاندانانی کەلتووری و هونەری، بەڵکوو ئەنجامی دەستوەرنەدان لەم بوارانە و مەوداپێدانی ڕێژەیی بەم چالاکییەکانە بووە. مافی کەڵک وەرگرتن لە جلوبەرگی ناوچەیی، مۆسیقای ناوچەیی، ڕێوڕەسمەکانی شایی و شین و ... بۆ ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان پارێزراوە و لە وتوویێژە ئەنجامدراوەکاندا بێجگە ئاماژە بە سنوورێک کە خراوەتە سەر ڕەنگە تایبەتەکان لە نێو ئێتنیکەکانی کورد و عەرەب، نموونەیەکی دیکە کە پیشاندەری زوڵم و زەبر بێ لەسەریان لەم بوارەدا نەبینراوە.

ڕێسا باو و بەها کۆمەڵایەتییەکانی سەبارەت بە ڕوانگەی زاڵ لەسەر ئێتنیکەکان و کەلتووریان پرسێکە کە لە لایەن ئێتنیکەکانەوە پتر ئاوڕی لێ دراوەتەوە، چونکە لە ڕوانگەی ئەوانەوە، سەبارەت بە گرووپە ئێتنیکییەکان دادوەریی نەشیاو بەتایبەت لە شارە فارسنشینەکان دەکرێت. بەڵام لە ئاستی دەوڵەتی و گوشارە حکوومەتییەکاندا، بابەتێک کە پیشاندەری دانانی سنوور لەسەریان بێت ئاماژەی پێ نەکراوە. لەم دواییانەدا، کەڵک وەرگرتن لە جلوبەرگی ناوچەیی لە ژمارەیەکی زۆر لە دائیرەکان ڕێگەی پێدراوە کە هەنگاوێکی گرنگی دیکەیە بۆ پێکهێنانی هەستی یەکسانیی کەلتووری و کۆمەڵایەتیە لە نێو ئێتنیکە ئێرانییەکان. هەبوونی ئەم ئازادییە کەلتووریانە لەم بەشەدا کە بۆتە هۆی هەستی ڕەزامەندی لە نێو ئێتنیکەکان دەتوانێ وەک سەرمەشقێک بێت بۆ بەشەکانی دیکە.

ئێران وڵاتێکە کە ئێتنیک و ئایینی جۆراوجۆری تێدایە و لە هەندێ بۆنە و ئاییندا سنوور دەخرێتە سەر ئێتنیکەکان. بۆ نموونە بۆ بەڕێوەچوونی ئایینەکانی وەک جێژنی قوربان و جێژنی ڕەمەزان، کە زۆر جار سوننە و شیعە پێکەوە جیاوازییان هەیە، سوننەکان لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی جێژنی ڕەمەزان و قوربان دەکەن و لە لایەن شووڕای زانایانی ئایینییەوە هوشداری دەدەنە مەلا سوننەکان کە بە شێوەی گشتی ڕاینەگەینن. یان بۆ بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی وەک نەورۆز لە کوردستان کۆمەڵێک سنوور و لەمپەر دادەنێن. لە هەندێ نموونەدا لە لایەن حکوومەتەوە لەسەر بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی کەلتووریی وەک «ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی (٢١ی شوبات) و «ڕۆژی جیهانی کەلتووری بەلووچ» (٢ی ئادار) سنوور و بەربەست هەیە. ڕۆژی جیهانی کەلتووری بەلووچ لە بەلووچستانی پاکستان و لە ئەفغانستان بە شێوەی فەرمی و بە شکۆی تەواوە بەڕێوە دەچێت بەڵام لە ناو ئێراندا بەهۆی ڕانەگەیەندرانی گشتی لە چییەتی وەها ڕێوڕەسمێک و جەختی لەڕادەبەدەر لەسەر لایەنە ئایینییەکان و شینگێڕانەکان، ڕێوڕەسمی شایی و جێژنەکان لە ڕێگای سیستەمەوە یان ڕێگەیان پێ نادرێت یان لە درێژەی کاروەوتێکدا و لە چوارچێوەی جێژنی ٢٢ی ڕێبەندان و دەیەی فەجر و یان حەفتەی وەحدەت بە شێوازێکی ئایینی/حکوومەتی بەڕێوە دەچن.

مافی بەڕێوەچوونی ڕێورەسم و ئایینە کەلتووری، ئێتنیکی و ئایینییەکان لە زۆرێک لە دۆکۆمێنت و پەیمانەکانی مافی مرۆڤدا ئاوڕی لێدراوەتەوە. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە «ڕاگەیێندراوی مافی تاکی کەمینە ئێتنیکی یان نەتەوەیی، ئایینی و زمانییەکان» بکەین کە لە بەندی دووهەمی ماددەی ٢ی خۆیدا دەڵێت کە تاکی کەمینەکان مافی ئەوەیان هەیە لە ژیانی کەلتووری، ئایینی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و دەوڵەتیدا بەشداربوونی تەواویان هەبێت. لە بەندی چوارەمی ماددەی ٢ی ڕاگەیێندراوی ئاماژەپێکراویشدا وەک ئەرکی دەوڵەتەکانە لەسەر تاکەکانی کەمینەکان کارورەوتێک بگرنە پێشێ تا لەو ڕێگایەوە، تاکەکان بتوانن کەلتوور، زمان، نەریت و دابونەریتەکانی خۆیان گەشە پێبدەن، بێجگە بابەتی ئاوارتە کە یاسا نەتەوەییەکان پێشێل بکات و لەگەڵ نۆرمە جیهانییەکان یەک نەگرێتەوە (١٩٩٢). هەروەها بەپێی ماددەی بیست و حەوتی دەستووری بنچینەیی، بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکان بەو مەرجەی کە نەیاری پێوەرە ئیسلامییەکان و چەکدارانە نەبێت ئازادە. بۆیە بەرگریکردن لە بەڕێوەچوونی ڕێورەسمە ئایینی و ئێتنیکییەکان جۆرێک پێشێلکردنی مافی هاووڵاتییە (١٣٧٤، ٢٠).

هەڵاواردنی ڕەگەزی لە ئاستی دەوڵەتی و هەروەها لە ناخی کۆمەڵگا بابەتێکی گرنگی دیکەیە کە بەشێکی زۆری جودا لە سنووری یاساییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ڕێسا و یاسا و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان. لە درێژەی مێژوودا کۆمەڵگای ئێران کۆمەڵگایەکی پیاوسالار بووە کە تیایدا لە ئاستی بنەماڵە و پێوەندییەکانی نێوان ژن و مێردەوە، پیاوان خاوەن دەسەڵات و ژنان پێڕەوی ئەمر و فرمانی پیاوان بوونە. لە ئاستی کۆمەڵایەتیشدا بەپێی ئەم باوەڕە نەریتی و شەرعییە کە ئەرکی دابینکردنی پێداویستییەکانی بنەماڵە دەکەوێتە ئەستۆی پیاو و هەر بەم بۆنەوە بەرپرسیارێتی و توانا و هێزی کاریی ئەوان لە ژنان زیاترە، بازاڕی کار کەوتۆتە دەستی پیاوان. سەرەڕای ڕێژەی زۆری وەرگیرانی ژنان لە زانکۆکان لە پازدە ساڵی ڕابردوودا، پاش تەواوکردنی خوێندن هەلی کاری گونجاو بۆ ژنان، چ لە ئاستی فەرمانگە دەوڵەتییەکان و چ لە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بوونی نییە و بۆیە ناچارن بگەڕێنەوە ئاقاری نەریتیی بنەماڵە و بەپێی ڕێسا نەریتییەکان، وەک دایکانی خۆیان ئەرکی بەخێوکردنی منداڵ و ڕاگەیشتن بە هاوژینیان بگرنە ئەستۆ. لە هەندێ نموونەشدا لە لایەن کۆمپانیایەکەوە بۆ کار وەردەگیردرێن کە مووچەیەکی گونجاویان پێ نادرێ و جیاوازییەکی بەرچاوی مووچە هەیە بەرامبەر کاری یەکسان لەگەڵ پیاوان.

**ئەکبەر یادگاری، شێوەکار، نووسەر و دەرهێنەری شانۆ لە سمنان:**
هەڵاواردن لە دابەشینی کاری ڕەگەزیشدا بەدی دەکرێت. هەندێ پیشەیان بەبێ هۆکاری ڕوون بۆ ژنان قەدەغە کردووە، وەک سەرۆکایەتی کۆمار.

دیارە کە ئەگەر کۆمەڵگایەک دەیەوێ لەسەر ئاراستەی گەشەکردن بچێتە پێشێ، دەبێ لە

هەموو هەوڵەکان و هێز و دەفرایەتییەکانی خۆی کەڵک وەربگرێت. پشتگوێخستنی نیوەی کۆمەڵگا و پەراوێزخستنیان بە واتای کەڵک وەرنەگرتنی گونجاوە لە هێزی مرۆیی کۆمەڵگا. داخی ئەم بابەتە ئەو کاتە زیاتر دەبێت کە ژنان و کچانی کۆمەڵگا لە کاتی ڕکابەریی یەکسان لەگەڵ پیاوان و لە تاقیکردنەوە گشتییەکاندا سەلماندوویانە کە نەک بەهرەیان کەمتر نییە بگرە زۆرترین کورسییەکانی زانکۆیش داگیر دەکەن. بۆیە شیاوە کە هەم لە ئاستی دەوڵەتی و هەم لە ئاستی کۆمەڵگادا لاگیری ڕەگەزێتی و ڕوانگەی ڕەگەزی دووهەم لەسەر ژنان نەمێنێت. لەم بوارەدا دەوڵەت دەبێ هەوڵ بدات تا لە تاقیکردنەوەکان بۆ وەرگرتنی هێزی کار، ئەو ئیمتییازانەی تا ئێستا هەبووە هەڵگرێت، بەش و ئیمتیازی یەکسان بۆ ژنان لە بواری کاردا دابین بکات و لە نێو کورسییە جۆراوجۆرەکانی وەزارەت، پارێزگاری، قایمقامێتی و پۆستە باڵا کارگێڕییەکانی دیکەش کە هەڵبژاردنی بەڕێوەبەرانیان تا ئێستا یەک ڕەگەزی و بۆ پیاوان بووە، بەشێکی گونجاو ڕادەستی ژنان بکات. هەروەها بە کەڵک وەرگرتن لە هێزی میدیایی و کەڵک وەرگرتن لە نوخبە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکانی مەدەنی، بۆچوونی ناکارامەیی ژنان بنرێتە لاوە تا ئەو ئاستەی کە بەڕێوەبەران تەنیا بەپێی لێهاتوویی و تواناکانی تاک و بەبێ هیچ جۆرە ڕوانگەیەکی ڕەگەزییەوە، هێزەکانی خۆیان هەڵبژێرن. لە ڕاستیدا ژنان و کچانی کەمینە ئێتنیکی-ئایینزاییەکان تووشی هەڵاواردنی فرە ڕەگەزی، ئێتنیکی و ئایینزایی دەبن و دەکرێ وەک ستەملێکراوترین چینەکانی ئەو کۆمەڵگایانە ناویان ببەن، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە هەموو کایە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ئابوورییەکاندا ڕووبەڕووی دژواری و گرفتی دامەزراوەیی و نەبوونی پاڵپشتی و داکۆکی یاسایی و داب و نەریتین، بۆیە هەر جۆرە جووڵە و هەڵمەتێک بە ئاراستەی بەدیهێنان و دابینکردنی دادپەروەری پێویستە ئەولەویەت بە ژنان بدرێت و تەنها لە سایەی ئازادی و بەدەستهێنانی مافەکانی ژناندایە کە کۆمەڵگا ڕاستەڕێگای دیموکراسی و بەدامەزراوەییکردنی ئازادی و مافی مرۆڤ دەگرێتە بەر.

چەمکی هاووڵاتیی پلە دوو و پلەچەندەم لەو چەمکە باوانەیە کە بۆ ئاماژەدان بە پێگەی ئێتنیکەکان بەکار دەهێنرێت. ئەم دۆخە دەتوانین وەک ئاگادارییەکی جیددی بۆ سیاسەتدانەرانی کەلتووری چاو لێبکەین. دەکارهێنانی ئەم چەمکە ئەگەرچی بە شێوەی فەرمی لە کۆڕە سیاسییەکاندا باس ناکرێت بەڵام هەبوونی چوارچێوەی هزریی لە نێو نوخبە زانستی و زانکۆییەکاندا بەستێنی بۆ هەڵسەنگاندنی لە ئێران دابین کردووە. ئەگەرچی باسکردنی وەک پرسێکی نەتەوەیی ڕەنگە لای سیستەمی سیاسی ناخۆش بێت، بەڵام باس نەکردن و حاشاکردنی واتای نەبوونی نادات. پێکهاتنی ئەم چەمکە لە هزری گشتیی خەڵک و بەتایبەت ئێتنیکەکان نیشانەی هەبوونیەتی. نەبوونی دابەشینی یەکسانی سەروەت و سامان، خزمەتگوزاری و دەرفەتەکان، ڕەتکردن و تاراندنی گرووپە ئێتنیکییە ژێردەستەکان لە لایەن گرووپە سەردەستەکانەوە لە پارێزگا چەندئێتنیکییەکان و پرسی لێکچووی ئەمانە هەموو ئەو هۆکار و فاکتەرانەن کە بەستێنی دەرکەوتنی ناکۆکی و کێشەی نێوان ئێتنیکی دەخولقێنن.

**عەلیڕەزا خانی، چالاکی کەلتووری لە ئەیوان (ئیلام):**
کاتێک دابەشینی نادادپەروەرانەی دەسەڵات و سەروەت هەیە کەواتە داواکارییەکانمان پێمان نەدراون. کاتێک ئێمە وەک کورد وەزیر و سەرۆک کۆماری کوردمان نییە و کارگەی گەورەمان نییە کە گەنجانمان بێکار نەبن، بێ گومان تێڕوانینێکی تێکەڵ هەڵاواردن بوونی هەیە.

بۆیە پێشنیار دەکرێت بۆ سڕینەوەی ئەم چەمکە لە ئاقاری هزریی کۆمەڵگا و ئێتنیکەکانی ئێران، کەلێنە ئابووری و کەلتوورییەکان تا ئەو ڕادەیەی ڕێگای هەیە کەم بکرێنەوە. لەم پێوەندییەدا ڕێگا چارەسەرەکانی ژێرەوە پشتڕاست دەکرێنەوە:

١. ڕێبازی پەرەسەندنتەوەری هەمەلایەنی بەرامبەر ناوچە بێبەشکراوەکان بە یەکەمایەتی دان بە ئێتنیک و کەمینە ئایینییەکان.
٢. پەرەپێدانی پلاندارشتنی هاوبەش بە کەڵک وەرگرتن لە دەفرایەتییە کەلتوورییە جۆراوجۆرەکانی ئێتنیکەکان.
٣. کەمکردنەوەی ناوەندگەرایی و دابەشینی دووبارەی دەرفەتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان.
٤. پلاندارشتن لە خوارەوە و پەرەپێدانی بەراوەژوو، بە جۆرێک کە دابەشینی سەرچاوەکان لە ناوچە سنوورییەکانەوە دەست پێبکات و پاشان بگاتە ناوەند.
٥. چاکسازی سیستەمی ئیداری و زنجیرەی پلەوپایەی بەڕێوەبەرێتی و کارگێڕی وڵات لە ڕێگای ڕادەستکردنی دەسەڵاتی زیاتر بۆ بەڕێوەبەرە ناوچەییەکان.

- **بەدیهاتنی دادپەروەریی سیاسی**

«دادپەروەری سیاسی» بریتییە لە تەرخانکردنی مافتەوەرانەی بەها و ئیمتییازاتی سیاسی، کە دەبێتە هۆی گەیشتنی هاووڵاتیان بە مافەکانیان، بە شێوەیەک کە پێگە و دەرفەتی سیاسی بە هاوڕێژەیی بۆیان دابین بکرێت. بە دادپەروەری سیاسی بەستێنی «هەڵبژاردنی هاوڵاتیان» دابین دەکرێت و ڕێگای کۆمەڵگا بۆ گەیشتن بە «مافە سیاسیەکان» دەکرێتەوە (آقاتقی و دیگران، ١٤٠٣، ٣٨). دادپەروەریی سیاسی پێوەندی بە بواری دەسەڵات و سیاسەت و بەشداری خەڵکەوە هەیە. ئەوەیکە دەسەڵاتداران شەرعییەتی خۆیان چۆن بەدەست دێنن و لای خەڵک شەرعییەتیان هەیە یان نە، دەتوانێ پێوەندی بە دادپەروەریی سیاسییەوە هەبێت. لە ڕوانگەی خەڵکەوە، ئەگەر دەسەڵاتدارێکی سیاسی شیاوی وەرگرتنی ئەو پۆستە بێت حکوومەت دادپەروەرانەیە و ئەگەر پێچەوانەی ئەمە بێت، ئەگەر بە زبر و زۆر ڕۆشتبێتە سەر کورسیی دەسەڵات، ئەو حکوومەتە زاڵمە و پێڕەوکردنی فەرمانەکانی ڕێپێدراو نییە (جمالزاده، ١٣٨٧، ١٢). یەک لە گرنگترین بابەتەکان

کە پێویستە لە بەشی دادپەروەریی سیاسیدا ئاوڕی لێبدرێتەوە بابەتی حیزبە سیاسییەکانە. لە بەشی پێشوودا وتمان کە ئەگەرچی ئیزن و بەڵگەنامە بۆ نزیکەی دووسەد حیزبی سیاسی لە ئێراندا دەرکراوە، بەڵام چالاکییەکی حیزبیی ئەوتۆ لە ناخی کۆمەڵگادا بوونی نییە و ئەگەر بەهەڵکەوت لە چەند خوێندەواری کۆمەڵگای ئێران داوا بکەین کە لە نێو ئەو دووسەد حیزبەدا کە بەڵگەنامەیان پێدراوە ناوی سێ حیزب بڵێن، بە ئەگەرێکی زۆرەوە وەڵامیان پێ نابێت.

لە ڕوانگەی کۆمەڵێک لە نوخبەکانەوە کە توێژینەوەیان لەسەر کراوە، ئەو شتەی هەوێن و هۆکاری سەرکەوتن لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەوەیە نزیکبوونەوەیە لە بوارە فیکرییە لێکچووکان لە باتی بوارە ئێتنیکییەکان.

**باقر سەدری نیا، ئەندامی لیژنەی زانستی و مامۆستای زانکۆ لە تەورێز (ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات):**
فاکتەرە فیکرییەکان دەبنە هۆی پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دیکە نەک فاکتەرە ئێتنیکییەکان. تێفکرین ئامرازی پێوەندییە لەگەڵ خۆمان و وڵاتانی دیکە. ئەمە خاڵێکی گرنگە.

دەسکەوتەکانی لێکۆڵینەوەی بەردەست وەها هەلومەرجێک پشتڕاست دەکەنەوە و بە بڕوای گرووپە ئێتنیکییەکان، حیزبەکان لە ئێراندا زیاتر سەردەمی هەڵبژاردنەکان و بۆ ماوەی ئەوپەڕی دوو حەفتە وەک کارگ سەر دەردێنن و پاش کۆتاییهاتنی پرۆسەی هەڵبژاردن لەناو دەچن. هەر ئەم حیزبانەش زیاتر وەک لایەنگری جۆرێک بیری پێکهاتەیی سەرەکی چالاکی دەکەن و لە ناوچە ئێتنیکییەکاندا ئێمە حیزبێک نابینین کە بێژەری داواکارییە ئێتنیکییەکانی خەڵکی خۆی بێت. ڕەنگە بتوانین گرنگترین هۆکاری سستی و گۆشەگیریی حیزبەکان لە ئێران بگەڕێنینەوە سەر هەبوونی ئاقارە ئەمنی و چاودێری و کۆنترۆڵکراوی بنکە جۆراوجۆرەکان کە زیاتر لە دەرەوەی دەوڵەتن و هەروەها تۆڕە جۆراوجۆرەکانی فلتەرینگ لە وڵاتدا. گرنگترین کەڵکێک کە حیزبێک دەتوانێ هەیبێ باسکردنی داواکارییەکانی هاوبیرانی خۆیە لە ڕێگای بنەما دیموکراتیکەکان و پرۆسەی وتووێژەوە. کاتێک وەها پرۆسەیەک لە کۆمەڵگادا بوونی نەبێت، بنەما دیموکراتیکەکان و وتووێژ جێگای خۆیان دەدەنە ناکۆکی و توندوتیژی و پێکهاتنی وەها ئاقارێک دەتوانێ شەرعییەتی سیستەم تووشی کێشە بکات. بۆیە لەم بوارەدا پێویستە وێڕای بەلاوەنانی ئاقاری ئەمنی و میلیتاریستی لە ئاستی کۆمەڵگا، جودا لە چالاککردنەوەی ئەو حیزبانەی ئیزنیان هەیە و تەرخانکردنی میدیای جۆراوجۆر پێیان، ئاقاری حیزبی بەرەو گرووپە ئێتنیکییەکانیش بکێشینەوە تا داواکارییەکانیان بە شێوەی تەواو دیموکراتیک و تەنیا لە ڕێگای پرۆسەی وتووێژەوە باس و چارەسەر بکرێن.

لە بەشی جێبەجێکردنیشدا حکوومەتێک دادپەروەرە کە پاش نەهێشتنی سنوورەکان، ڕێگای

بەشداری یەکسان و ئازاد بۆ خەڵک لە بوارە سیاسییەکاندا خۆش بکات و دەسەڵات و پۆستە سیاسییەکان بەپێی لێهاتوویی و لێوەشاوەیی تاکەکان دابەش بکات (درآمدی بر مفهوم عدالت سیاسی، ١٣٩٤). لەم بوارەدا چوار گرووپی ئێتنیسیتە غەیریفارسی بەشداربووی لێکۆڵینەوەکە، نارەزایەتییان لە نەبوونی وەها ئاقار و فەزایەکی شیاو دەربڕیوە. گرووپە ئێتنیکییەتییەکانی کورد، بەلووچ، و عەرەب دەیانگوت کە لە درێژەی چل ساڵ تەمەنی شۆڕشی ئیسلامیدا، یەک نموونە لە هەڵبژێردرانی هاوزمانێکیان لە پۆستە سیاسییە پلە یەکەکان وەک سەرۆکایەتی بۆ دەسەڵاتەکانی داد، یاسادانان و کارگێڕی، وەزیرە دەوڵەتییەکان، پارێزگار و باڵوێزی وڵات لە شوێنە گرنگەکانی جیهان بوونی نەبووە. لە ناوچە عەرەبنشین و بەلووچنشینەکانیش هەڵبژاردنی قایمقامی شارەکان زیاتر کەسانی دەرەوە دەگرێتەوە. کۆمەڵگای بەلووچستان و کوردستان بێجگە بابەتی ئێتنیسیتە، هۆکارێکی دیکەی ئەم نایەکسانییە دەگەڕێننەوە سەر ئایینزای خۆیان. چونکە مەرجی کەسایەتی ئایینی-سیاسیبوون و پێڕەوکردنی ئایینزای فەرمی کەمینە ئێتنیکی و ئایینی و ئایینزاییەکان دەسڕێتەوە. وەها دۆخێک پیشاندەری ئەوەیە کە وڵات دەسەڵاتی ئایدۆلۆژیکی هەیە کە کاروباری سیاسیی وڵات دەکەوێتە دەست لایەنێکی فیکریی تایبەت. ڕێژەی نارەزایەتی گرووپی ئێتنیکی ئازەرییش کە سەر بە ئایینزای دەسەڵاتن لەم بوارانەدا کەمتر لە سێ گرووپی ئێتنیکیی دیکە نییە. ئەمە پیشاندەری ئەوەیە کە هۆکاری هەبوونی وەها دۆخێک تەنیا ڕوانگەی ئایدۆلۆژیک نییە و نابێ تەنیا هۆکارێکی یەک فاکتەرەی بۆ دانێین. خەڵکی تورک لەسەر ئەو باوەڕەن کە لە درێژەی ئەم چل ساڵەدا، بەپێی ئەو بەشەی کە لە کۆی حەشیمەتی ئێران هەیانە، لە بواری سیاسیدا ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە و بە دەگمەن پۆستە سیاسییە گرنگەکانیان پێدراوە.

**مەولانا عەبدولحەمید ئیسماعیل زێهی، بەرنوێژی هەینی سوننەکانی زاهیدان (سیستان و بەلووچستان):**
سەتا ٧٥ و لە کەمترین ڕێژەدا سەتا ٧٠ی ئێرە بەلووچن، بەڵام کاروبار بە دەستی خۆیانەوە نییە و بەشدارییان زۆر کەمە. کاروبارە سەرەکییەکان بە دەستی بەلووچەوە نییە و لە بەڕێوەبەرێتی و ئیدارەکردنی پارێزگادا بەشی بەلووچ کەمترینە و هیچی نییە.

بە واتایەکی دیکە، نوخبە سیاسییەکان لە ئێراندا دابەش کراونەتە سەر خۆمان و خۆیان. خۆمانەکان لە بەڕێوەبەرێتی دەوڵەتیدا لە بەخشدارییەوە بگرە تا ئاستە باڵاکان بوونیان هەیە و خۆیانەکان قەت نابینرێن. وەها دۆخێکی وەسفکراو لەگەڵ ئەو شتەی لە دێڕە سەرەتاییەکانی ئەم بەشە لەسەر دادپەروەری سیاسی باس کرا مەودایەکی زۆری هەیە و ئەگەر چارەسەر نەکرێت و ڕوانگەی خۆمان و خۆیان نەسڕدرێتەوە و لە ئاستە جوارجۆرە سیاسییەکاندا مێریتۆکراسی بەرچاو

نەگیردرێت، بەدیهاتنی دادپەروەریی سیاسی و شەرعییەتی حکوومەت تووشی کێشە دەبێت. بۆیە پێویستە ئەو کەسانەی وەک بێگانە چاویان لێ کراوە بگەڕێندرێنەوە و لە هەمان کاتدا دەکرێ بە پێکهێنانی سیستەمێکی سیاسیی فێدراڵ بەستێنی ئەوە دابین بکرێت تا هەموو ئێتنیک و زمانە جۆراوجۆرەکان لە ئێران بە جۆرێک بۆ خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، بەدیهاتنی وەها شتێک دەتوانێ کەمترین تێچووی سیاسی بۆ سیستەم هەبێت و ببێتە هۆی پێکهاتنی دادپەروەریی سیاسی.

- **بەدیهاتنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی**

ئاسایشی کۆمەڵایەتی بریتییە لە کۆمەڵەیەکی ڕێکخراو لە یاسا و ڕێساکان، پلان و بەرنامەکان و ئەو سیاسەتانەی کە لە چوارچێوەی ڕێکخراوە خۆشگوزەرانییەکان و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بە مەبەستی وەڵامدانەوە بە پێداویستییە مادی و مەعنەوییەکان و دابینکردنی بەختەوەری مرۆڤ ئاراستە دەکرێت تا ببێتە هەوێنی گەشەکردن (عبدل، ١٣٩٨). ئاسایشی کۆمەڵایەتی دوو ڕەهەندی مادی و مەعنەوی ژیان دەگرێتەوە. ڕەهەندی مادی جەختی لەسەر دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکان، خۆراک، پۆشەن، کار و پیشە، خانوو و تەندروستی و دەرمانە و ڕەهەندی مەعنەویش دەتوانێ هەڵگری خوێندن و فێرکاری، تەندروستی، پاڵپشتی یاسایی لە کۆی خەڵک و بەرژەوەندی لە مافە مرۆیی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بێت. ئێران لە پێوەری ئاسایشی جیهانی ساڵی ٢٠١٧ی زایینی پلەی ١١٧ی لە نێوان ١٤٢ وڵاتدا هەبووە. ئەم پێگەیە پیشاندەری ئەوەیە کە دۆخی ئێران لە باری ئاسایشی کۆمەڵایەتییەوە زۆر نالەبارە، بەڵام ئەو شتەی کە زیاتر جێگای نیگەرانییە ئەوەیە کە هەرچی لە ناوەندی وڵات دوورتر دەکەوینەوە یان دەگەینە کەمینەکان و سنوورەکان، پێوەرەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی وەک بەردەستبوونی خزمەتگوزارییە ژێرخانییەکان، ڕێگاوبان و بەنداو، خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی، سینەما و پارک و فەزای سەوز و هتد دادەبەزن و لە کاتەکانی بێکاری و حەسانەوەدا ئەمنی تاکەکەسی و گشتی، ئەمنی دادوەری و ... دادەبەزن.
دۆخی بەردەستبوونی تەندروستی و دەرمان لە کوردستان و بەلووچستان زۆر نالەبارە تا ئەو جێگایەی کە لە ناوچەی کوردستان، نەخۆشخانەکان ناتوانن ئاسانترین نەشتەرگەرییەکانیش بکەن و نەخۆش ناچارە مەودای ٣ بۆ چوار کاتژمێر زیاتر ببڕێت تا بچێتە ناوەندی پارێزگاکان. هەروەها پاش سەردانێکی نەخۆشخانەکانی تاران کۆمەڵێکی بەرچاو لە نەخۆشانی شارەکانی دیکە دەبینرێن کە بە هۆی بێبەشبوونی ناوچەکانی خۆیان، هانایان هێناوەتە ئەو شارە و خۆیان و بنەماڵەکانیان شەوانە لە حەوشی نەخۆشخانە یان شەقامەکانی دەوروبەر دەمێننەوە.

**پیاوێکی گەنجی عەرەب، فرۆشیار لە شاری مەشهەد:**
من چیدی هیچم لە کۆمەڵگا ناوێ، چونکە ئەگەر شتێک داوا بکەم، زیاتر بێ هیوا دەبم. خەڵکی ئابادانم، بەڵام لەبەر بێکاری لە شارەکەی خۆم ناچار کەوتووم بچمە شوێنێکی دیکە تا داهاتێکم هەبێت.

گاز بۆ سنوورەکان و بەتایبەت گوندەکانی سەر سنوور هێشتا بەردەست نییە و لەم بوارەدا ئەم ساڵانەی دواییە، کارەساتی گەورە لە قوتابخانەکانی کوردستان و بەلووچستان بەهۆی کەڵک وەرگرتن لە کوورەی نەوتی ڕووی داوە کە بۆتە هۆی گیان لەدەستدانی چەندین منداڵ و مامۆستا و ئاسەواری سووتان لەسەر جەستەی ژمارەیەکی زۆریان بۆ هەتاهەتایە ماوەتەوە. هێشتا پۆلەکانی وانەوتنەوە لە زۆرێک لە قوتابخانە گوندییەکانی ئەم ناوچانە لە کەپرەکان یان لە ئاقاری کراوە و دەر و دەشتدا بەڕێوە دەچێ. لە پلەکانی سەرەوەی قۆناغی سەرەتایی، هەر ئەم کەپرانەش بوونیان نییە و کچان و کوڕانی تازەلاوی گوندەکان ناچارن هەموو ڕۆژێ لە گەرما و سەرمادا بچنە قوتابخانەکانی ناو شار. هەر لەم بوارەدا و بەهۆی نەبوونی کەرەستەی گونجاوی هاتوچۆ، زۆر جار و بەتایبەت لە ناو کچاندا، جێهێشتنی خوێندن لەبەر ناچاری ڕوو دەدات. لە ناوچە شارییەکانیش قوتابخانەکان لە دوو نۆرەی بەیانی و دوانیوەڕۆ بەڕێوە دەچن و ژمارەی قوتابییان لە ئاستی ستاندارد زیاترە.

سینەما و پارک و کاتی پشوودان و حەوانەوە لە سنوورەکانی ئێراندا واتایان نییە. بۆ نموونە؛ بەپێی پێوەرە ئامارییەکانی ساڵی ١٣٩٩، پارێزگای سیستان و بەلوچستان وەک دووەم پارێزگای گەورەی وڵات، خاوەنی ٤ سینەمایە، کە تەنها یەکێکیان چالاکە، هەروەها لەڕووی ژمارەی هۆڵ، کورسی و ڕێژەی بینەرانەوە لە پلەی ٢٩ی وڵاتدایە (رتبەبندی تعداد سالن‌ها و تماشاگران سینماهای استان‌های کشور، ١٤٠١). ئەم دۆخە لە ڕووی پێوەرەکانی خۆشگوزەرانی و ڕابواردنەوە، لە زۆربەی پارێزگاکانی ناوچە ئێتنیکی و پەراوێزییەکانی ئێراندا بەدی دەکرێت. لەوەش زیاتر، لە ڕووی بێبەشبوون لە پێداویستییە ژێرخانییەکانیش دۆخێکی هاوشێوەیان هەیە. هەواڵی تەقینەوەی مین لە ژێر پێی منداڵانی بانەیی و مەریوانی لە سنوورەکانی ڕۆژاوای ئێران و کوژران یان بڕانەوەی دەست و پێیان لە کاتی یاریکردن هەواڵێکی دڵتەزێنە بەڵام زۆر جار بڵاو دەبێتەوە. ژێرخانەکانی پەرەسەندن و پیشەسازی و ڕێگاوبان لە نێو کەمینەکان و لەسەر سنوورەکان نالەبارن و جادەکانی ئەو ناوچانە بۆتە قەسابخانەی گەنجان. وەک مەهدی فەرشادان، لە نوێنەرانی پارێزگای کوردستان لە پەرلەمان، بە ئاماژەدان بە دوایین پلەی پارێزگا لە پەرەپێدانی ڕێگاوبانی گوندنشینەکاندا، ڕێگاکانی ئەو پارێزگایە بە «قەسابخانەی مرۆڤ» ناودەبات (وضعیت جادەهای کُردستان نامناسب و «قتلگاه انسانی» است، ١٣٩٧). لەم پێوەندییەدا پێشنیار دەکەین پێوەرەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای بەڕێوەبەرێتی دروست و بەبێ ڕەچاوکردنی هەڵاواردنی ئێتنیکی-ئایینی، بەتایبەت لە بواری تەندروستی و پەروەردەدا و بە بەرچاوگرتنی لانی کەمی سنووری ناوچەیی و ژێرخانەکانی ڕێگاوبان

پێداچوونەوەی لەسەر بکرێ و بۆ بەرگریکردن لە خەساری قەرەبوونەکراو، کێشەکانی چارەسەر بکرێن و هەنگاوی گونجاو لەم بوارەدا هەڵبگیردرێت.

- **بەدیهاتنی دادپەروەریی میدیایی سەبارەت بە ئێتنیکەکان**

پاش لەدایکبوونی پیشەسازیی چاپ و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی چەند سەدەی ڕابردوو بەهۆی چاپەوە، یەکێک لە کاریگەرترین دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، لەگەڵ بنەماڵە و سیستەمی فەرمی پەروەردە، ئامرازەکانی گەیاندنی گشتییە، میدیاگەلێک کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەیان زیاتر دەبێ و هەروەها کوالیتی و تەکنۆلۆژیایان و بە دوایدا بەردەنگ و دەکارهێنەرانیان زیاتر دەبێت. ئەم ئامرازانە کە دەکرێ بڵێین نوێن، بەرپرسیارێتی گرنگی وەک گەیاندن، چاوەدێری، فێرکاری و زیادکردنی یەکڕیزیی کۆمەڵایەتییان لە ئەستۆیە. لە ئێران دەنگ و ڕەنگی نەتەوەیی کە نموونەی بەرچاوی تەلەفیزۆن و میدیا مەجازییەکانی دەوڵەتە بەو جۆرەی کە گونجاو بێت نەپەرژاونەتەوە سەر شوناسی ئێتنیکی، بە شێوازێک کە ناکرێ ناوی نەتەوەیی لەسەر کەناڵە ڕادیۆیی و تەلەفیزۆنییە گشتییەکان دانێین. لە ڕاستیدا میدیا پارێزگاییەکانیش زیاتر وەک ماکێتێک لە کەلتوور و ژیانی ئێتنیکەکان دەجووڵێنەوە و بەو جۆرەی کە شیاو بێت پێداویستییە کەلتوورییەکانیان دابین ناکەن. دەکرێ بڵێین سەتا سەدی بەرنامەکان، دۆکۆمێنتارەکان، زنجیرە دراماکان و فیلمەکانی کەناڵە تەلەفیزۆنییەکان پیشاندەری شێوازی ژیان و کەلتووری فارس زمانەکانن کە ناوەندی دەبێتە شاری تاران و زۆر بە دەگمەن بەرنامەیەک دەبینرێت کە شێوازی ژیان، کەلتوور و دابونەریتی ناوچە ئێتنیکییەکان پیشان بدات. هەندێ جاریش فیلم یان درامایەک نمایش دەکرێت، کە زیاتر حاڵەتێکی گاڵتەجاڕانەی هەیە و لە باتی باشتر ناساندنی کەلتووری ئێتنیکە غەیرە فارس‌زمانەکان، لە ڕێگای گاڵتەپێکردنەوە دەیانکات بە بابەتی پێکەنین و ڕابواردن، وەک نموونەیەکی ئاشکرا دەتوانین ئاماژە بە درامای «نون.خ» بدەین کە لە چەند وەرزێکدا نمایشکرا و ڕەخنەگرانی دەڵێن بە گشتی کوردی وەک مرۆڤێکی سەرەتایی و نامۆ بە شارستانییەت وێنا دەکرد. لە باری ئایینیشەوە دەتوانین بڵێین هەموو ئەو پرۆگرامانەی کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە چوارچێوەی بەرنامەکانی دیکە باسی بابەتی ئایین دەکەن پێوەندییان بە ئایینزای فەرمی وڵات واتە شیعە هەیە و سوننەکان خۆیانی تێدا نابیننەوە.

بێجگە لە میدیا سەرتاسەرییەکان، خەڵکی هەر پارێزگایەک میدیای دەنگ و ڕەنگیی تایبەتی خۆیان هەیە کە زیاتر بە ناوی گرووپی ئێتنیکی ئەو پارێزگا، ئاسەوارێکی مێژوویی و جوگرافیایی، یان کەسایەتییەکان کە هێمای ئەو ناوچەیەن، ناوی لەسەر دانراوە. وەک لە بەشەکانی پێشوودا باسمان کرد، ئازەرییەکان زیاتر دەکەونە پارێزگاکانی ئازربایجانی ڕۆژهەڵات، زەنجان، ئەردەبیل و بە ڕێژەیەکی حەشیمەتیی یەکسانەوە پارێزگای ئازربایجانی ڕۆژئاوا. بەپێی دەسکەوتەکانی لێکۆڵینەوە، خەڵکی ئەم گرووپە شوناسییە کەڵکی زۆر لە تەلەفزیۆنەکانی پارێزگا وەرناگرن و وەک پێناسەکەرێکی

گونجاو بۆ کەلتوور و دابونەریتی خۆیانی نابینن. سەبارەت بە گرووپی ئێتنیکیی کوردزمان لە پارێزگاکانی کوردستان، کرماشان و ئیلام و هەروەها پارێزگای ئازربایجانی ڕۆژئاوا کە نیوەی کوردە، دەتوانین بڵێین تا سێ بۆ چوار ساڵ پێش، خەڵکی ئەم ناوچەیە ڕەزامەندییەکی ئەوتۆیان لەسەر کەناڵە پارێزگاییەکانی خۆیان نەبوو بەڵام لەم ساڵانەدا و لەسەر دوو کەناڵی کوردستان و مەهاباد (باشووری ئازربایجانی ڕۆژئاوا) گۆڕانکاریی بنەڕەتی هاتۆتە ئاراوە کە دەسکەوتەکان پیشاندەری ڕەزامەندی ڕێژەیی خەڵکی ناوچەکەن بە تایبەت لە ئاستی خەڵکی ئاساییدا. لەم ساڵانەدا، بابەتی کەلتوور و هونەری خەڵکی ئەم ناوچەیە بەتایبەت لە بواری ئەدەبیاتی فۆلکلۆر، هونەری مۆسیقا، پۆشەن و جلوبەرگ و کەلتووری ناوچەیی زیاتر ئاوڕی لێ دراوەتەوە تا ئەو جێگایەی کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، لەم دوو ناوچەیە ئامێرەکانی مۆسیقا پیشان دەدرێن و بانگهێشتی گرووپە گەورەکانی مۆسیقای ئێرانی و ناوچەیی دەکرێت بۆ پێشکەشکردنی بەرنامە.

> **کوڕە خوێندکارێکی عەرەب لە ئابادان:**
> لە ڕاستیدا میدیایەک کە لەگەڵ کەلتووری ئێمە یەک بگرێتەوە بوونی نییە. بۆ نموونە مۆسیقای ئێمە زۆر لامان گرنگە و بەو جۆرەی کە هەیە لە میدیاکاندا پیشان نادرێت یان ئەو ڕێوڕەسمە جۆراوجۆرەی کە هەمانە. میدیای پارێزگایی دەبێ لەگەڵ کەلتووری هەر ئێتنیکێک یەک بگرێتەوە.

ئەم بابەتە خاڵێکی وەرچەرخانی ئەرێنییە، بەڵام وێرای ئەمەش، ئەم میدیانەش بێ کێشە نین و هێشتا خاڵی نەرێنییان تێدایە و ناڕەزایەتی بەرامبەریان هەیە. یەکێک لە خاڵە نەرێنییەکان کە لەم کەناڵانەدا دەبینرێ زاڵبوونی فیکری ئایینی شێعەیە لەو میدیایەدا سەرەڕای پێکهاتەی تەواو سوننە لەو ناوچانە. تا چەند ساڵ پێش ئێستا لە هیچ یەک لەم کەناڵانەدا و کاتی بانگ لە کاتی پێوەندیدار بە سوننەوە کەڵک وەرنەدەگیرا و ئێستاش لە سێ نۆرەی بەرەبەیان، نیوەڕۆ و خۆرئاوادا بانگ بڵاو دەبێتەوە. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە بەپێی ئایینی سوننە، دوو بانگی دیکە لە نێوان نیوەڕۆ و خۆرئاوا و خۆرئاوا و عیشادا هەیە. هەروەها لەم کەناڵانەوە هیچ ئاماژەیەک بۆ کەسایەتییە سوننەکان ناکرێت و ئەمەش لە حاڵێکدایە کە لە کاتی بۆنە ئایینییە پێوەندیدارەکان بە ئیمامە شێعەکانەوە، ئەم کەناڵانە تەواو لە ئاراستەی گێڕانەوەی شیعەدا دەجووڵێنەوە.[١] دیارە لەم کاتانەدا، ڕێژەی بەردەنگ دەگاتە نزیکی سیفر و تێچووە سەرفکراوەکە بۆ ئەو پرۆگرامانە هیچ سوودێکی نابێت.

---

١. چاوخشاندنێک بە لیستی بەرنامەی کەناڵی دەنگ و ڕەنگی پارێزگاکان، لەوانەش کەناڵی کوردستان، مەهاباد، هاموون (کەناڵی پارێزگای سیستان و بەلووچستان) و هتد، بە ڕوونی سیاسەتی میدیایی نادادپەروەرانە و هەڵاواردنی دەزگای دەنگوڕەنگ بەرامبەر بە کەمینە ئێتنیکی و ئایینەکان دەردەخات.

پارێزگای سیستان و بەلووچستان تێکەڵێکە لە دوو گرووپی کەمینەی سیستانی بە ئایینزای شیعە لە باکووری پارێزگا و زۆرینەی سوننەی بەلووچ لە ناوەند و باشووری پارێزگا. دەسکەوتەکانی لێکۆڵینەوەی بەردەست لە گرووپی ئێتنیکیی بەلووچ لەسەر کەناڵی تەلەفیزۆنی پارێزگایی ئەو ناوچەیە، پیشاندەری نارەزایەتییەکی زۆرە. بە بڕوای خەڵکی ئەو ناوچەیە، بەڕێوەبەرێتی کەناڵەکە لە دەستی کەمینەی ئایینیی سیستانیدایە کە لەگەڵ دەسەڵات یەک دەگرنەوە و تەنانەت ناوی ئەو کەناڵەش کە هاموونە لە ناوچەی جوگرافیایی ئەوانەوە وەرگیراوە و زیاتر هەوڵ دراوە تا کەلتوور و دابونەریت و ئایینزای خۆیان پیشان بدەن و بەلووچەکان بەو جۆرەی کە پێویست و شیاوە خۆیان لەو میدیایانەدا نابیننەوە. بەپێی قسەی بەلووچەکان ڕۆژانە تەنیا چەند کاتژمێر بەرنامە بە زمانی بەلووچی بڵاو دەبێتەوە کە زیاتر لە کاتژمێرە نەگونجاوەکاندا و بە کەمترین ڕێژەی بەردەنگەوە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکرێت. دەسکەوتەکان لەسەر ئێتنیکی عەرەبیش کە کەوتوونەتە نێو گرووپە ئێتنیکییەکانی فارس و بەختیاری، پیشاندەری هەبوونی وەها ڕوانگەیەکە لە لایەن ئەوانیشەوە. کۆی ئەم بابەتانە بۆتە هۆی ئەوەیکە گرووپە ئێتنیکی و ئایینییە ئاماژەپێدراوەکان هەست بە هەڵاواردن بکەن و بەو جۆرەی کە شیاوە خۆیان لەم کەناڵانە نابیننەوە و هەر بەم بۆنەوە چوونەتە لای سەتەلایت و کەناڵە ئینتەرنێتییەکان کە لەگەڵ کەلتووری ئێتنیکی و ئایینییان یەک دەگرێتەوە و لەودیو سنوورەکانن. سەبارەت بە هەر یەکە لەم گرووپە ئێتنیکی و ئایینییانە چەندین کەناڵ لە وڵاتانی دراوسێی وەک عێراق، ئازربایجان، تورکیا، پاکستان و وڵاتانی عەرەبی و هەروەها کەناڵە جۆراوجۆرەکانی گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکان لە ئەورووپا چالاکی دەکەن.

**پیاوە بازرگانێکی گەنج لە بازاڕی تەورێز:**
ڕوون و ئاشکرایە کە میدیا سەبارەت بە ئێتنیکەکان هەڵسوکەوتی دروستی نییە. هەڵسوکەوتی میدیاکان لەگەڵ زاراوە جیاوازەکان بۆ خۆتان ببینن. زیاتر بۆ گاڵتەجاڕی و حەنەک کەڵکیان لێ وەردەگرن. ئەمە سووکایەتیکردنە بە ئێتنیکەکان.

دیارە کە میدیا نەتەوەییەکان بانگەشە بۆ ئەو شوناسە بەکۆمەڵە دەکەن و پیشانی دەدەن کە لە باری ئایینی و سیاسییەوە لایەنگری خۆیان بێ و لەم پێوەندییەدا، کەمینە ئێتنیکی-ئایینییەکانی ئێران لە سیاسەتەکانی دەنگ و ڕەنگی نەتەوەییدا جێگەوپێگەیەکیان نییە. کەمتەرخەمی بەرامبەر بە کەلتووری کەمینە ئێتنیکی و ئایینییەکان تەنیا پەیوەندی بە بازنەی کاری دەزگای دەنگوڕەنگەوە نییە، بەڵکو وەها بابەتێ لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەم دامەزراوەدا، پشتگوێ خراوە. لە مادەی ٩ی ئەم پەیڕەوەدا باس لە ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە کراوە کە: ئامانجی سەرەکی ڕێکخراوەکە وەک زانکۆیەکی گشتی بڵاوکردنەوەی کەلتووری ئیسلامییە، ڕەخساندنی کەشێکی لەبار بۆ چاندن و

پەروەردەی مرۆڤ و گەشەی فەزیلەتە ئەخلاقییەکان و خێراکردنی بزاڤی گەشەسەندنی شۆڕشی ئیسلامی لە سەرانسەری جیهاندا. ئەم ئامانجانە لە چوارچێوەی بەرنامەی ڕێنمایی، پەروەردەیی، هەواڵ و کات بەسەربردن دابین دەکرێن (اساسنامه سازمان صدا و سیمای جمهوری اسلامی ایران، ١٣٦٧). ئەمەش لە حاڵێکدایە کە میدیاکان دەبێ بەپێی ئامانجی خۆیان بۆ یەکگرتوویی ئێتنیکی و یەکڕیزی و هاوئەنگی پرۆگرام و ناوەرۆکی میدیایی بەرهەم بهێنن. بەدیهاتنی دادپەروەریی میدیایی بەرامبەر بە ئێتنیک و ئایینەکان، زیاتر لە هەموو شتێک، پێویستی بە سیاسەتدانانی میدیایی و کەلتووریی مکوڕ و پابەند بە ئازادی و مافە ئێتنیکی و ئایینیی کەمینەکان بێت. بۆ ئەم مەبەستە دەکرێ بەرهەمێک ساز بکەن کە جەختی لەسەر پێشینەی مێژووی و کەلتووری هاوبەشی ئێرانییەکانە. کەڵک لە نوخبە ئێتنیکییەکان لە دەنگوڕەنگ وەربگیردرێت. لە سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن و سیاسیکردنی پرسە کەلتوورییەکان خۆ بەدوور بگرن. هەروەها دەبێ بۆ هەموو ئێتنیکەکان تێڕوانینی یەکسان لە ئارادا بێت و ڕێز بۆ نەریت و کردارە کەلتوورییەکانی ئێتنیکەکان دابنرێت. ئەگەر وا بێ لە ئەنجامدا ئاشنایەتی ئێتنیکەکان زیاتر و مەودا لەگەڵ ئێتنیکییەتەکان کەمتر دەبێتەوە چونکە لە ئاراستەی پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانەی ئێتنیکیدا میدیاکان وەک یەک لە کۆڵەکە سەرەکییەکان هەژمار دەکرێن. بەڵام میدیا گشتییەکان و پێش هەموویان تەلەفزیۆن نەیتوانیوە پێداویستییەکانی زۆرینەی خەڵک دابین بکات و ئەم بابەتە خەڵکی بەرەو میدیا سەرهێڵەکان و دنیای مەجازی بردووە. لە لایەکی دیکەوە فلتەرینگ و بەرەنگاربوونەوەی سەختامێری لەگەڵ ئەم میدیایە لە لایەن هەندێ لەلایەنە فکرییەکانەوە پێشاندەری پاوانکردنی زانیارییەکان و بەرگریکردن لە ڕەوت و گەڕانی ئازادی زانیارییەکانە. لەم پێوەندییەدا پێشنیار دەکەین لە باتی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ میدیا مەجازییەکان و داخستنی ڕێگای زانیارییەکان، بە سەبر و پشوودرێژییەوە لەگەڵ ئەم بابەتە هەڵسوکەوت بکرێ و نەک تەنیا ئاقاری میدیایی سەرهێڵ ئازاد بکرێت، بەڵکوو ڕێگای چالاکیی کەرتی تایبەت و حیزبە سەربەخۆکانیش بۆ گۆڕەپانی میدیا تەلەفزیۆنییەکان خۆش بکرێت و ئیزنی دامەزراندنی میدیا تایبەتەکان بدرێت تا میدیا تایبەتەکان لە تەنیشت میدیای نەتەوەیی خەریکی وەبەرهێنان و بڵاوکردنەوەی بەرنامە بن. ئەم شتە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ڕکابەریی دروست و گەڕانەوەی متمانەی گشتی بە میدیای نەتەوەیی.

- **پێویستیی لێکنزیکبوونەوەی ئایین و ئایینزاکان و دابینکردنی مافی کەمینە ئایینیەکان**

لە دەرەنجامە هەرە دیارەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە بواری دادپەروەری کۆمەڵایەتی و کەلتووریدا، ناڕازیبوونی کەمینەی ئایینی سوننەیە لە حکوومەت، کە بەهۆی هاودەنگیی لەگەڵ ناڕەزایی شوناسە ئێتنیکییەکانی بەلووچ، کورد و تورکمان، لە هاوکێشە کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسییەکاندا گرنگی و دەرکەوتەیەکی مەزنتری بەخۆوە بینیوە. زۆربەی دیمانە لەگەڵ کراوەکانی سەر بە ئێتنیک

و ئایینە جیاوازەکان پێیان وایە دیکەی ئایینزا ئیسلامییەکان، وەک ئایینی فەرمی (شێعەی دوانزە ئیمامی)، لە بودجەی پێویست و ئیمکاناتی پەروەردەیی و کەلتووری و پڕوپاگەندایی بەهرەمەند نییەن. لە تاران مزگەوت بۆ سوننەکان بوونی نییە. لە مەشهەد مزگەوتی سوننەکان دەڕووخێندرێت. مامۆستایانی ئایینی دەستبەسەر دەکرێن، قوتابخانە ئایینییەکان دادەخرێن، کتێبە ئایینییەکانی کەمینە ئایینی و ئایینزاییەکان بۆ چاپ و بڵاوبوونەوە لەمپەر و سنووریان لەسەرە، گەشتی کەسایەتییە ئایینییەکان کۆنترۆڵ و چاوەدێری لەسەرە، و جۆرەکانی سنووربەندی دەخرێتە سەریان.

ئەم دیاردەیە جگە لەوەی لە ئاستی سیاسیدا دەبێتە هۆی ناکۆکی لە نێوان پەیڕەوانی کەمینە ئایینییەکان و ڕژێمی دەسەڵاتدا و هەڕەشە لە یەکگرتوویی سیاسی وڵات دەکات، هاوکات بواری لێکترازان و ململانێی کۆمەڵایەتی نێوان ئایین و ئایینزاکان دەرەخسێنێت و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی ئایین و ئایینزاکان تێک دەدات. سنووردانانە ئایینییەکان بۆ خۆیان توندڕۆیی و توندوتیژییان لێدەکەوێتەوە کە نموونەکانی لەم ساڵانەی دواییەدا و بەتایبەت لە نێو سوننەکانی کوردستان و بەلووچستان بینراوە. لەم پێوەندییەدا بیرۆکەی لێکنزیکبوونەوە (تقریب) و دیالۆگ و هاوبیری لەسەر بنەمای ئازادی و ڕێزگرتنی ئایینی و ئایینزایی پێشنیار دەکرێت کە ئەنجامی دەبێتە یەکگرتن و یەکڕیزی نێوان کەمینە ئایینی و ئێتنیکییەکان و لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانەی لێ دەکەوێتەوە. کاتێک کە بانگەشە بۆ نزیککردنەوەی ئایینەکان بکرێ، جەخت دەکەوێتە سەر هاوبەشییەکان و ئەم هاوبەشییانە دەبنە هۆی لێنزیکبوونەوەی ئایین و ئایینزاکان.

شایانی باسە کە لە ئێراندا دامەزراوەیەک بە ناونیشانی «کۆڕبەندی جیهانیی نزیکبوونەوەی ئایینزا ئیسلامییەکان»[1] هەیە کە بواری چالاکیی زیاتر دەرەوەی سنوورەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەگرێتەوە و ئامانجی سەرەکیشی ناساندن و برەودانە بە ئایینزای شێعە لە وڵاتانی ئیسلامیدا. لە ناوخۆی وڵاتیشدا پتر بە ئاراستەی کاریگەریدانان لەسەر زانایانی سوننە و پێدانی پێگەیەکی باڵا بە زانایانی سوننەی هاوڕا لە گەڵ ڕژێمدا دەجووڵێتەوە و لە لایەن زانایانی سەربەخۆی سوننەدا جێگای ئەوتۆ و متمانەپێکراوی نییە.

**باقر سەدری نیا، ئەندامی لیژنەی زانستی و مامۆستای زانکۆ لە تەورێز (ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات):**

ئایین و ئایینزای فەرمی نابێ جۆرێک باس بکرێن کە کۆمەڵێک خۆیان وەک کەمینە ببینن، ئایینەکانی دیکە وا هەست نەکەن کە سووکایەتییان پێ کراوە یان سەرکوت دەکرێن.

---

١. مجمع جهانی تقریب مذاهب اسلامی

زۆرینەی بابەتەکانی نێو هەردوو ئایینزای شیعە و سوننە هاوبەشییە ئایینییەکان دەگرنەوە. کێشە تەنیا لەسەر بابەتی حکوومەتدارییە و دەگەڕێتەوە بۆ ١٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا کە شێعەکان بەپێی ژمارەیەک سەرچاوەی ئایینی و گێڕانەوە و شرۆڤەی خۆیان لەسەر ئەو باوەڕەن کە حکوومەت دەبوو بکەوێتە دەستی عەلی و لە بەرامبەردا پێڕەوانی سوونەیش بەپێی سەرچاوە و گێڕانەوەی دیکە لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەو شتەی لەو سەردەمەدا ڕووی داوە لە ئەندێشە و ڕێبازی پێغەمبەری ئیسلام لای نەداوە. ئەم جیاوازیی تێفکرینە لەو کاتەوە تا ئێستا هەیە و هەر کە یەک لەم دوو لایەنە دەسەڵاتیان کەوتۆتە دەست، بۆ جێبەجێکردنی ئەندێشەی خۆیان و پەراوێزخستنی لایەنی دیکە هەوڵیان داوە. لە دۆخی ئێستاشدا کە دەسەڵات بە دەستی لایەنی شێعەیە، بەپێی ئەو شتانەی لە چەند دێڕی پێشوودا باس کرا و ئەنجامی خوێندنەوەیە لەسەر بابەتەکە، سوننەکان بڕوایان بە جۆرێک هەڵاواردن هەیە و ناڕەزایەتیی خۆیان دەردەبڕن. یەک لە دەسکەوتە گرنگەکانی لێکۆڵینەوەی بەردەست ئەوەیە کە بە باوەڕی هەردوو لایەنی سوننە و شێعە، بەلاوەنانی تێفکرینی ئایینی لە بنەمای دەسەڵات و ڕەچاوکردنی حکوومەتی سێکولار ڕێگا چارەسەری گونجاو و کردارییە. یەک لە کاریگەرییە گرنگەکانی ئەمەش، بەلاوەنانی هەر جۆرە ئیمتییاز یان زوڵمە بەپێی تێفکرینی ئایینی و کەڵک وەرگرتن لە لێهاتووییە مرۆییەکان تەنیا بەپێی زانست و پسپۆڕایەتی تاکەکان.

- **کەڵک وەرگرتن لە دەفرایەتییە ئەرێنییەکانی دەستوور و جێبەجێکردنی بنەما پەکخراوەکانی**

هەندێ لە داواکارییە باسکراوەکانی گرووپە ئێتنیکییەکان دەتوانرێت لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ دەستوور جێبەجێ بکرێت. بابەتی ئازادیی ئایینی، ئایینزایی و مرۆییە باسکراوەکان لە ماددەکانی دوازدەیەم، سێزدەیەم و چواردەیەمی دەستوور، بابەتی پەروەردە و خوێندن بە زمانی دایکی لە ماددەی پازدەیەم و ماددە پێوەندیدارەکانی دیکە، بابەتی یەکسانی و بەرامبەربوونی ئێتنیک و نەژادە جۆراوجۆرەکان لە ماددەی نۆزدەیەم و نموونەی جۆراوجۆری دیکە پیشاندەری هەبوونی جۆرێک دەفرایەتی ئەرێنین لە یاساکانی وڵاتدا بۆ بەجێهێنانی مافی کەمینە ئێتنیکی و ئایینییەکان.

> **موحسێن سوودمەند، دەروونناس و ڕاوێژکار لە ئەردەبیل:**
> پەروەردە و خوێندن بە زمانی دایکی دەتوانێ مەدەنی بکرێتەوە. دەبێ ڕادەستی خەڵک بۆ خۆیان بکرێت. ئەمە بۆ خۆی مافێکە و لە دەستووری بنچینەییدا ئاماژەی پێکراوە. دەسەڵات و وەزارەتی پەروەردە ڕێگە بدەن، ئەگەر پێشوازی دەکرێت با پۆلی بۆ دانێن.

ناحکوومی و بەمەدەنیکردنی کاروبارە کەلتوورییەکانی ئێتنیکەکان کلیلێکی کاریگەرە بۆ

چارەسەرکردنی کێشەکە. بەپێی دەسکەوتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەو شتەی بۆتە هۆی نارەزایەتی گرووپە ئێتنیکییەکان و لە هەندێ نموونەدا ئەوەندە زۆرە کە خەریکە بەرەو جۆرێک قەیران و داڕووخانی کۆمەڵایەتی دەچێت، مانەوەی ئەم یاسانە لە ئاستی پەسندکراوە یاساییەکان و جێبەجێ نەکردنیان لە درێژەی تەمەنی چل ساڵەی شۆڕشی ئیسلامییە. لە هەمووی ئەم سەردەمەدا، دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان بە خواستی فکری و سیاسیی جیاوازەوە هاتوون و ڕۆیشتوون، بەڵام هیچ یەکەیان نەیانوێراوە تا لەسەر ئەم ماددە جیماوانە لێدوان بدەن و بۆ جێبەجێکردنیان تێبکۆشن. وەک باسمان کرد زۆرێک لە داواکارییەکانی ئێتنیک و ئایینە جۆراوجۆرەکان دەکەوێتە سەر ئەم ماددەگەلە و زۆرێک لە زوڵمەکانیش ئەنجامی هەڵسوکەوت و ڕووبەڕووبوونەوەی سەلیقەیی بەڕێوەبەرانی ناکارامە بووە. بۆیە پێویستە لە دۆخی ئێستای وڵاتدا و بەپێی هەبوونی قەیرانی جۆراوجۆر، وەک یەک لە ڕێگا چارەسەرەکان لە بواری داواکارییەکانی ئێتنیکەکان و گەیشتن بە ئاشتەوایی و ئاشتیی بەردەوام نێوان ئێتنیک و ئایینە جۆراوجۆرەکان، جارێکی دیکە بچنەوە سەر ئەم ماددە ئەرێنییە یاساییانە و بە ڕەچاوکردنی یاسا، وێڕای بەرەنگاربوونەوەی ڕوانگە سەلیقەییەکانی کەسانی نەزان، هێورکردنەوەیەک لە فەزای قەیرانی و لە لێواری تەقینەوەی کۆمەڵگای ئێراندا ڕوو بدات. سەبارەت بە توانا ئەرێنی و نەرێنییەکانی دەستووری کۆماری ئیسلامی، پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە ئەگەرچی دەستووری کۆماری ئیسلامی هەڵگری هەندێ توانای ئەرێنییە بۆ هاوسەنگکردنی بڕێک سیاسەتی ئێتنیکی، لە هەمان کاتدا، هەندێک لە پرەنسیپە ڕاشکاو و بنچینەییەکانی، بەربەستن لە ڕێگەی گەیشتن بە دادپەروەری ئێتنیکی و سڕینەوەی هەڵاواردنی سەقامگرتوو لە ئێراندا، دیاردەیەک کە لە بواری جێبەجێکردن و پراکتیکیدا بە شێوازێکی ئامانجدار چڕتر دەبێتەوە. بۆیە پاراستنی شوناسی ئێتنیکی و لابردنی هەڵاواردن لە نێوان ئێتنیکەکاندا پێویستی بە گۆڕانکاری لە سروشتی دەسەڵاتی سیاسی و یاساییدا هەیە، گۆڕانکارییەک لەسەر بنەمای باوەڕ بە مافی مرۆڤ و ئازادی تاک و کۆمەڵ، ئامادەی قبووڵکردنی فرەچەشنی و فرەڕەنگی لە هەموو ڕەهەندەکاندا بێت و بە شێوەیەکی یاسایی و پێکهاتەیی پابەندی پاراستن و ڕاگرتنی ماف و بەرژەوەندیی هەموو گرووپ و چینێک، بە کەمینە و زۆرینەوە بێت.

## وتەی کۆتایی

لێکدانەوە و شیکردنەوەی دەرەنجام و دەسکەوتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە پێگەی ئێتنیکەکان و پرسی ئێتنیکی لە ئێران، وێڕای دانان بە پێوەندی و پێکەوەژیانی مێژوویی ئێتنیکەکان لەم وڵاتەدا، ئاماژە بە ڕەوتی ڕوو لە زیادبوونی لێکترازانی ئێتنیکی لە ئێراندا دەکات، کە هۆکاری سەرەکی و خێراکەری ئەم دیاردە بۆ گوتارە ناسیۆنالیستییە باڵادەستەکان و سروشتی سیستەمی سیاسیی دەسەڵات لە ئێراندا دەگەڕێتەوە، کە بە سیاسەتی ئێتنیکی و ئایینی خۆیان، سیمایەک لە شوناسی نیشتمانی و نەتەوەییان نەخشاندووە، کە پەراوێز خستن و سڕینەوەی

شوناسی ئێتنیکی و پشتگوێخستنی ماف و شایستەیی گرووپە ئێتنیکەکانی لێ کەوتۆتەوە. ئەم ڕەوتە لە دەیان ساڵی ڕابردوودا لەژێر دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژیکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا و هاوتەریب لەگەڵ قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان چڕتر بووەتەوە، هەروەک زۆرێک لە شارەزایانی بواری کۆمەڵگا و سیاسەت هۆشدارییان داوە؛ کە بە درێژەدان بە پرۆسەی ئێستا، دارمانی کۆڵەکەکانی ژیانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی ئێران و ئەگەری لەناوچوونی بواری ئاشتەوایی حەتمی دەبێت.

بە لەبەرچاوگرتنی ڕەهەندە یاسایی، پێکهاتەیی و دامەزراوەییەکانی هەڵاواردن و چەوساندنەوەی ئێتنیکی و ئایینزایی لە ئێراندا کە لە ئاستێکی باڵاتردا بەستراوەتەوە بە سروشتی ڕژێمی سیاسیی دەسەڵاتەوە، هەر جۆرە هەوڵ و کردارێک بۆ گۆڕینی ئەو پەیوەندییانە و بەدیهێنان و دابینکردنی مافە ئێتنیکەکان بەگوێرەی بنەماکانی ماڤی مرۆڤ و ئازادییە چەسپاوەکانی نێو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، پێویستیان بە گۆڕانکاری لە کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی سیاسی وڵاتدا هەیە بەجۆرێک کە بە پشتبەستن بە توانای سیاسی و کۆمەڵایەتی پێکەوەژیان و ئاشتیخوازانە، تێکڕای دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی و دوژمنایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بوار بۆ ئەم گۆڕانکارییە دابین بکرێت و گواستنەوەیەکی سەرکەوتوو لە دۆخی قەیراناوی بەرەو بارودۆخێکی لەبار ڕووبدات. لە بارودۆخی ئێستای ئێراندا، بە لەبەرچاوگرتنی هەڵوێستەکانی حکوومەت و پلانە کورتخایەن و مامناوەندەکانی، بەداخەوە کەمترین ئامادەکارییەکان لەبەردەستدا نین و تەنانەت تیشکێکی هیواش بۆ کردنەوەی دەرگاکانی گۆڕانکاری لە لایەن دەسەڵاتەوە نییە، بۆیە بەهۆی کەڵەکەبوونی قەیرانەکان و نەبوونی ئیرادەیەکی عەقڵانی و ستراتیژی لەلایەن ڕژێمەوە بۆ بەرنگاربوونەوەی، لەم ساڵانەی کۆتایی سەدەی ١٤دا، ئاسۆی ئابووری و سیاسی و کەلتووریی وڵات، زیاتر لە هەر سەدەمێکیتر، داهاتوویەکی تەمومژاوی وێنا دەکەن کە داڕووخانی کۆمەڵایەتی، زیادبوونی پرۆسەی نارەزایی و ئاژاوە و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و سەرهەڵدانی بیرۆکەی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان و تێپەڕاندنی ڕژێمی دەسەڵاتدار سیناریۆی ئەگەری دەبێت.

فەسڵی پاشکۆ

# گۆڕانکارییەکان و سیمای شوناسی کۆمەڵایەتی ئێران لە سەرەتای سەدەی ١٥ی ک.ە

## پێشەکی

لە کاتێکدا کە تەنیا چەند ڕۆژێک بە سەر چاپی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا تێپەڕیبوو (ساڵی ٢٠٢٠ی زایینی/١٣٩٨ی هەتاوی)، ئێران لە بواری کایە و پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا، کەوتە ناو قۆناغێکی خێرا و پڕگێژەنی گۆڕانکارییە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە کە لە ڕووی گۆڕانکاری لە گوتارەکانی شوناسی گشتی و پەیوەندییە ئێتنیکییەکانەوە زۆر گرنگ و کاریگەر بوون. لەم سەردەمەدا کە دەتوانین بە سەرەتای لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی هاوچەرخی ئێران ناوی ببەین، لە سۆنگەی بزووتنەوە سەرتاسەرییەکان و ئەو کەشوهەوایەی کە باڵی بە سەر کۆمەڵگای ئێراندا کێشابوو، دوو ڕووداوی زۆر گرنگی «نارەزایەتییەکانی ئابان (خەزەڵوەر)ی ١٣٩٨ی هەتاوی» و «شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی» (ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی) ڕووی دا، کە لێکەوتە دیار و شاراوەکانی لە ناو دڵی کۆمەڵگا و سیاسەتی ئێراندا بە خاڵی وەرچەرخانی جەوهەری لە دووبارە خوێندنەوەی پەیوەندییە ناوخۆییەکانی ئێران و کایە و پەیوەندییەکانی شوناسی گشتی و ئێتنیکی هەژمار دەکرێت.

بۆیە هەر جۆرە لێکۆڵینەوەیەک لە سەر شوناسی گشتی لە ئێرانی ئەمڕۆدا، بەتایبەت شوناسی ئێتنیکی و گۆشەنیگاکانی، ئەگەر بە بێ ئاوڕدانەوە لەو وەرچەرخانە ئاماژەپێکراوانە بێ، ئەوا تووشی کەموکوڕییەکی بنەڕەتی دەبێتەوە. لەم بەرهەمەدا کە پێداچوونەوەی نوێی کتێبی «لە سنوورەوە بۆ سنوور: لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە شوناس و ئێتنیسیتە لە ئێران»ـە، هەوڵ دراوە کە لەم فەسڵەدا لە لایەک ڕووداوەکان و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەم قۆناغە، بە پشتبەستن بە داتا ئامارییەکان و ڕاپۆرتە بەڵگەییەکان لە سۆنگەی ئاراستەی چەمکی و تیۆریی توێژینەوەکەوە خوێندنەوەی دووبارەی بۆ بکرێ و لە لایەکی دیکەشەوە، ئەنجامەکان و ئایتێمە شیکارییەکان و ڕێنماییەکانی ئەم لێکۆڵینەوە بە شێوەی بەراوردکارانە بە لەبەرچاوگرتنی ئاسۆ شوناسییەکانی ئێران لەم ساڵانەی ڕابردوودا لێک بدرێتەوە، بۆ ئەوەی لە میانەی ئەم توێژینەوەدا، وێڕای هەڵسەنگاندنی ڕەخنەییانەی ئەنجام و ستراتیژەکانی توێژینەوە، بتوانین ئەگەری خستنەڕووی گێڕانەوەیەکی نوێتر لە بارودۆخی مەیدانیی پەیوەندییەکانی شوناسی گشتی لە سەر تەوەری

ئێتنیسیتە و نەتەوە لە ئێران بێنینە کایەوە و کەڵکەڵەی زەرووری و گرینگی چارەسەرکردنی ململانێ و ناکۆکییە ئێتنیکی-نەتەوەیی و شوناسییەکان لە سەر بنەمای ئاشتیی بەردەوام، پێداچوونەوەیان بۆ بکرێ و سەر لە نوێ بیریان لێ بکرێتەوە.

## بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئێران لە بەرەبەری سەدەی نوێدا

لەگەڵ داخرانی ڕەوتی چاکسازییەکان لە ناوەڕاستەکانی دەیەی هەشتای هەتاوی سەدەی ڕابردوو لە ئێراندا، زەمینە بۆ زیندووکردنەوەی فۆرمگەلی نوێی گوتاری بناژۆخوازی لە ئێراندا ڕەخسێنرا کە لەگەڵ گۆڕانی پرەنسیپەکانی ڕەفتاری سیاسیی حکوومەت و ڕێکار و ستراتیژەکانی لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگدا، هەلومەرجێکی جیاوازیان لە ئێراندا خوڵقاند کە دەرەنجامە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی بووە هۆی کەڵەکەبوونی کێشە و پرسە گشتییەکان و قووڵبوونەوەی ئاریشە و گرفتەکان، بە جۆرێک کە لە بەرەبەرەی سەدەی پانزەی کۆچی هەتاویدا ئێرانیان خستە ناو دۆخێکی قەیراناوییەوە کە تورەیی و ناڕەزایەتیی گشتی و خۆپیشاندانە سەرتاسەرییەکان نیشانە ئاشکراکانیەتی. وەسفکردن و ڕوونکردنەوەی ئەم دۆخە گشتییە پێویستی بە بەدواداچوون و ڕوونکردنەوەی ڕەهەندە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی ئەو گۆڕانکاری و وەرچەرخانانەیە.

وەرچەرخانە کاریگەرەکانی ئەم قۆناغە مێژووییە لە هەر دوو ڕەهەندی ناوخۆیی و دەرەکییەوە گرنگن و بە گشتی هەوراز و نشێوەکانیان و بەردەوامی و گوورانیان، بە دووبارە خوێندنەوەی گۆڕانکارییەکانی گوتاری سیاسیی دەوڵەت و لێکدانەوەی لێکەوتە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی لە گۆشەنیگای جۆراوجۆری ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێرانەوە مومکین دەبێت.

## گەڕانەوەی گوتاری بناژۆخوازی بە دروشمی حکوومەتی چاکساز و دادپەروەریی جیهانی

کۆتاییهاتنی دەوڵەتی دووهەمی خاتەمی لە ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی و پەراوێزخرانی ڕەوتی چاکسازی بووە هۆی زاڵبوونی هێزە کۆنەپەرست و ڕاستڕەوەکان بە سەر پۆست و سەرچاوەکانی دەسەڵات و حکوومەتدا و لە ئەنجامدا بە سەرکەوتنی مەحموود ئەحمەدینژاد لە هەڵبژاردنەکانی خولی نۆیەمی سەرۆک کۆماریدا، خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ بناژۆخوازیی سیاسی، هاتە ناو گۆڕەپانی حوکمڕانیی ئێرانەوە، کە تایبەتمەندییە ئاشکراکانی بریتی بوون لە دژایەتیکردنی لەگەڵ چەمکە لیبراڵیستییەکان، بنەماکانی دیموکراسی و مافە مەدەنییەکان و بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیای دادپەروەری و دروشمی ئارمانی گەردوونیی حکوومەتی پیاوچاکان. ئەم گوتارە لە سەر بنەمای ئیدعاکانی بووژانەوەی ئیسلامی ڕاستەقینە و دروشمە جەماوەرپەسەندەکان و بەرەنگاربوونەوەی هەڵاواردن و گەندەڵی و وجاغزادەگەرایی سەریهەڵدا (Sadjadpour, 2006, 151-162)، و بە حوکمڕانیی هەشت ساڵەی بناژۆخوازەکان (١٣٨٤-١٣٩٢ی هەتاوی) بە سەر سیاسەت و

کۆمەڵگای ئێران، لە هەر دوو ڕەهەندی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەوە سەرەتای لاپەڕەیەکی نوێ لە ژیانی جیهانی ئێرانی بوو، کە لێکەوتەکانی لە هەر دوو ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا زەمینەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی و دۆخێکی مێژوویی هێنایە ئاراوە، کە دەرهاویشتەکانی لە هەر دوو ئاسۆی زەمەنیی کورتخایەن و درێژخایەندا ڕۆڵێکی حاشاهەڵنەگریان لە دروستکردنی دۆخی ئێران لە کۆتایی سەدەی ١٤ی هەتاویدا هەیە.

سەرکەوتنی مەحموود ئەحمەدی‌نژاد لە خولی نۆیەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ٢٠٠٤ (١٣٨٤ی هەتاوی) لە ئەنجامی هاوپەیمانییەکی پێکهاتوو لە نێوان ڕەوت و حیزبە سیاسییە بناژۆخوازەکان بە ناوی «ئابادگەرانی ئێرانی ئیسلامی»[1] کە هەوڵیان دا لە سایەی کۆدەنگییەکی هەمەلایەنەدا بە دەستبەسەرداگرتنی زۆربەی سەرچاوەکانی دەسەڵاتە فەرمییەکان، ڕەوتی ڕیفۆرمخواز و ئایدیای ڕیفۆرمخوازی بە تەواوەتی بخەنە پەراوێز و بە هەموو هێز و تواناوە زەمینە بۆ گەڕانەوە بۆ بنەماکانی بناژۆخوازی لەبار بکەن (اثنی عشر، ١٣٨٦، ٧). مەحموود ئەحمەدی‌نژاد لە وەها بەستێنێکدا دەرکەوت و بۆ ماوەی ٨ ساڵ دەستی بە سەر سیاسەتی ئێراندا گرت. مەحموود ئەحمەدی‌نژاد ئاراستەی سیاسەتە گشتییەکانی ڕژێمی لە بواری سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە، ئابووری، فەرهەنگی و کاروباری کۆمەڵایەتی گۆڕی بۆ ئەوەی میراتی فیکری و کردەیی ڕیفۆرمخوازەکان وەلا بنێ و بیسڕێتەوە کە ئەمە یەکێک لە گرنگترین بەرنامەکانی سەردەمی سەرۆکایەتیی هەشت ساڵەی مەحموود ئەحمەدی‌نژاد بوو کە بە پشتیوانیی تەواو و هەمەلایەنەی دامودەزگاکانی ڕژێم و پاڵپشتیی تەواوی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دەستی پێکرد، چونکە لەم قۆناغەدا بۆ یەکەمین جار هەر سێ دەسەڵاتی ڕژێم (جێبەجێکار، یاسادانەر و داد) چوونە ژێر چەتری ڕەوتێکی سیاسی، و یەکپارچەیی حکوومەت یەکێک لە گرنگترین لێکەوتەکانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی خولی نۆیەم بوو (اثنی‌عشر، ١٣٨٦، ٨).

بەرنامە بناژۆخوازییەکانی ئەحمەدی‌نژاد لە ناوخۆدا لە سەر بنەمای دروشمەکانی بەرەنگاربوونەوەی نادادپەروەری و نایەکسانیی کۆمەڵایەتی، گەندەڵی و هەڵاواردن دارێژرا و خرایە ڕوو (Sadjadpour, 2006, 151-162) و تەوەر و بنەمای سیاسەتی دەرەوەی ئەحمەدی‌نژاد دروشمی دادپەروەری‌خوازی و بڵاوکردنەوەی دادپەروەری لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بوو. سەرۆک کۆمار لە کۆبوونەوەی باڵوێز و بەرپرسانی سەرۆکی نوێنەرایەتیی کۆمار ی ئیسلامی لە دەرەوەی ئێران لە ٢ی پووشپەڕی ١٣٨٦ی هەتاوی ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە بڵاوبوونەوەی دادپەروەری یەکێک لەو سێ بناغە و پرەنسیپانەیە کە دەبێ هەموو پایەکانی سیاسەتی دەرەوە و مۆدێلی دیپلۆماسیی کۆماری ئیسلامی لە سەر دابڕێژرێ و جێبەجێ بکرێ و بخرێتە بەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی (دهقانی فیروزآبادی، ١٩٩١، ٧١). بۆیە خوێندنەوە و گوتاری سیاسیی دەوڵەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران

---

١. آبادگران ایران اسلامی

لە ساڵی ١٣٨٤ بە سەرۆکایەتیی مەحموود ئەحمەدی‌نژاد دەستی پێ کرد. ئەم گوتارە بە نازناوی وەکوو بناژۆخوازی دادپەروەری‌تەوەر، ئایدیاگەرای بنەماتەوەر یان گوتاری ئایدۆلۆژیکی بەهاتەوەر دەناسن. گوتاری دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد دەتوانین ناوی گوتاری ئینقلابی – سوننەتی (شۆڕشی-نەریتی) لێ بنێین کە جەخت لە سەر بەها سەرەتاییەکانی ئینقلاب و گەڕانەوە بۆ نەریت و سونەت دەکاتەوە. بە وتنێکی دیکە لەم گوتارەدا کەسانی نوێگەرا دەخرێنە پەراوێزەوە و نوخبە و بلیمەتە سیاسییەکان بە لێکدانەوەیەکی ئینقلابییانە بۆ ئەو سەرچاوە و ڕێسایانەی کە بیچمیان بە شوناسی ئینقلابی – ئیسلامی داوە، ئەو ڕۆڵە شوناسییانەیان زەق کردەوە وا لە سەر بنەمای ئەم پرەنسیپ و ڕێسایانە بوون (محمدیان و دیگران، ١٤٠٠، ١٢٨).

لە بواری فەرهەنگیی ئەم گوتارەدا، جۆرە ساغبوونەوەیەک بە لای ناوخۆ و ڕەسەن‌گەرایی فەرهەنگی پەیڕەو دەکرا. وشە کلیلییەکانی ئەم گوتارە لە بواری فەرهەنگ و پەیوەندی لەگەڵ فەرهەنگی جیهانیدا بریتییە لە: پەلاماری فەرهەنگی، ئیمپریالیزمی فەرهەنگی، هێرشی فەرهەنگی، توانەوەی فەرهەنگی، ناتۆی فەرهەنگی و هاوشێوەکانی (صادق سروستانی، ١٣٨٩، ١٨). چەمکی گەشەی سیاسی لە گوتاری فیکریی ئەحمەدی‌نژاددا دەرهاویشتەی ئەو توخم و وتەزایانەیە کە لە سەر بنەمای بەها و پرەنسیپە بنچینەییەکانی ئینقلاب لێکدانەوەیەکی جیاواز و نوێ لەم وتەزایانە دەخاتە ڕوو. بە واتایەکی تر لەم گوتارەدا توخمە مۆدێرن و نوێگەراکان پەراوێز خران و بە لێکدانەوەی ئینقلابیانە بۆ ئەو سەرچاوە و ڕێسایانەی کە فۆرم بە شوناسی ئینقلابی - ئیسلامی دەدەن، کارێکی وایان کرد کە چەمکی گەشەی سیاسی لە ناو خولگەی ئارمان و پرەنسیپە سەرەکییەکانی ئینقلابی ئیسلامیدا مانا و چەمکێکی دیکە بگرێتە خۆی، چەمکێک کە لەگەڵ مانای گەشەی سیاسی لە ئەندێشەی نوخبە سیاسییەکانی پێش ئەحمەدی نژاددا فەرقی هەیە و لە بنەڕەتەوە جیاوازە (بشیریە، ١٣٧٨، ٧٥-٨٨). چەمکی گەشەی سیاسی لە گوتاری فیکریی ئەحمەدی نژاددا لەگەڵ فاکتەرەکانی وەکوو پەیوەندی لەگەڵ خەڵک، دامەزراندنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، دروستکردنی دەوڵەتێکی گەنجی ئینقلابی، بەدیهێنانی دروشمە ئابوورییەکانی وەکوو پێدانی یارمەتیی ماڵی (سووبسید) و پرۆژەی خانوبەرەی مێهر، کەمکردنەوەی کەلێنی چینایەتی لە نێوان دەوڵەت و خەڵک، مانا و چەمکێکی دیکەی بە خۆوە گرت (عمویی، ١٣٨٦، ١١). ئاراستەیەک کە ڕاشکاوانە گوزارشت بوو لە جۆرێک لە سیاسەتی پۆپۆلیستی.

ئەحمەدی‌نژاد و ئەڵقەی یارانی، هەر لە سەرەتاوە بە پاڵپشتیی هەموو ڕەوتی ڕاستڕەو و بناژۆخوازەکان هاتنە سەر دەسەڵات، بەڵام لە ماوەی هەشت ساڵەی دەوڵەتەکەی ئەحمەدی‌نژاد و هاوەڵەکانی، شاهیدی ڕەوتی لێکترازان بوو کە تا دەهات ئەو و لایەنگرانی لەگەڵ بەشێکی زۆری هەیکەلی حیزب و ڕەوتە ڕاستڕەوەکان و بناژۆخوازەکان زیاتر لێک هەڵدەبڕان. بە جۆرێک کە لە دواساڵانی ئەم دەوڵەتەدا تووشی گرژی و ناکۆکی لەگەڵ بەشێکی زۆری بناژۆخوازەکان هات و هێزەکانی تری ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەتایبەت مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی کە لە

ژێر ڕکێفی بناژۆخوازەکاندا بوو، ناتەبایی و گرژییەکی زۆری لەگەڵ دەوڵەتەکەی ئەحمەدینژاددا بەئەزموون کرد. هەر بۆیە ئەحمەدینژاد و یارانی لە دوای کۆتاییهاتنی دەوڵەتی دەیەم بوونە ڕەوتێکیی دابڕاوی ناو هێزە بناژۆخوازەکان و پاش ئەوەی ئەم ڕەوتە بە «ڕەوتی لادەر» ناوزەد کرا، هەندێکیان لەوانە محەمەدڕەزا ڕەحیمی، جێگری یەکەمی سەرۆک کۆمار، حەمید بەقایی جێگری کارگێڕیی سەرۆک کۆمار و ئەسفەندیار ڕەحیممەشایی، ڕاوێژکار و تیۆریسییەنی ئەڵقەی یارانی ئەحمەدی نژاد، دادگایی و زیندانی کران (مقدم فر، ١٣٩٠).

ئەحمەدینژاد بە پشتگوێخستنی پرەنسیپ و ڕێساکانی سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان و کۆنوانسیۆنەکان و ڕژێمە یاساییە نێودەوڵەتییەکان و بەتایبەت بڕیارنامەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (احمدی نژاد: قطعنامە کاغذ پارە است، ١٣٨٥)، کە بە شێوەیەکی سەرەکی چاودێری بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێرانیان دەکرد، ئەحمەدینژاد ئێرانی خستە ناو تاڵاوی گەمارۆ و سزا سیاسی و ئابوورییەکانەوە، کە سەرەڕای بەرزبوونەوەی بێوێنەی نرخی نەوت و داهاتی ٧٠٠ ملیار دۆلاری بۆ ئێران، وڵاتی ئێران لە هەموو ڕوویەکەوە گۆشەگیر و گەمارۆدراو بوو، بەهای دراوی نیشتمانی دابەزی، هەندێک لە پرۆژەکانی ژێرخانی ئابووری و بیناسازی داخران، و بڕی سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنان لە دامەزراوە نەوتییەکان و پترۆکیمیاییەکان کەم بووەوە، نرخی کاڵا سەرەتاییەکان بەرزبوونەوەی بە خۆوە بینی، ڕێژەی هەڵاوسان زۆر بوو، بڕی نەختینەیی لە ئێراندا بۆ ٦ قات هەڵکشا و بەگشتی پێوەرە ئابوورییە کەڵانەکانی ئێران بە شێوەی بەرچاو داتەپی (آرامیان، ١٣٩٢، ٤).

«هێنانی پارەی نەوت بۆ سەر سفرە و خوانی خەڵک» لە دروشمە سەرەکییەکانی مەحموود ئەحمەدینژاد لە کاتی بانگەشەکانی هەڵبژاردنەکاندا بوو، کە بە نیاز بوو جیاوازیی چینایەتی کەم بکاتەوە و چینی کەمداهات و هەژار سوود لە سامانی نیشتمانی وەربگرن، هەر لەم پێناوەدا گەڵاڵەی ئامانجدارکردنی یارمەتییە داراییەکان (یارانەکان) و پێدانی یارانەی نەختی بە ماڵان جێبەجێ کرا. ئەم گەڵاڵە لە پاڵ هەندێک سیاسەتی دارایی و ئابووریی دەوڵەتەکانی نۆیەم و دەیەم وەکوو پرۆژەی نیشتەجێبوونی مێهر، و بنیاتنانی نووسینگەی خێراسوودەبخش و هەندێ ئاسانکاریی دارایی قەرزولحەسەنە، لە ڕاستیدا زیاتر سیاسەتی پۆپۆلیستی بوون نەک بزوێنەری ڕاستەقینەی دابەشاندنی دادپەروەرانەی سامانی نیشتمانی و دەرفەتێک بۆ کارخولقێنی و دروستکردنی دەرفەتی ئابووریی نوێ، کە لە کۆتاییدا وێڕای بەفیڕۆدانی سەرمایەیەکی زەبەلاح، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە سەر دۆخی ژیانی خەڵک دانەنا و دۆخی ئابووری و ژیانی خەڵکی بەرەو هەڵدێر پەلکێش کرد (سوغاتی احمدی نژاد برای اقتصاد ایران، ١٣٩٤).

کارکردی دەوڵەتی ئەحمەدینژاد لە گۆڕەپانی کۆمەڵایەتیشدا لێکدژی پێوە دەبینرا کە لە زۆربەی سیاسەتە پۆپۆلیستییەکانیدا هەبوو. لەم قۆناغەدا سەرەڕای ئەوەی کە سەرۆکی دەوڵەت لە تریبۆنە جیاجیاکاندا خۆی وەک لایەنگەری ئازادیی کۆمەڵایەتی دەناساند و تەنانەت ڕەخنەی

خۆی ئاراستەی هەڵسوکەوتی هێزە چەپەکان دژ بە حیجابی ژنان لە ڕۆژانی سەرەتای ئینقلاب دەگرت (دیدگاەهای محمود احمدی نژاد، ٢٠٠٥)، حکوومەتەکەی مەحموود ئەحمەدینژاد داهێنەر و جێبەجێکاری «پلانی بەرزکردنەوەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی» بوو کە لە سەر بنەمای ئەوە پۆلیس دەسەڵاتی پێ درا کە بڕیار لە سەر جۆری جلوبەرگی خەڵک بدات (رییس پلیس امنیت اخلاقي ناجا ، ١٣٨٦). ژینگەی سیاسی، مەدەنی، میدیایی و سەندیکاکانی ئێرانیش لەم ماوەدا ڕووبەڕووی هەلومەرجی هاوشێوە بوونەوە. سنووردارکردنەوەی ئەو کەمە فەزا کراوە سیاسییەی کە هەبوو، ڕێگریکردن لە چالاکییەکانی زۆربەی حیزب و گرووپە سیاسییە ڕەخنەگرەکانی دەوڵەت، مامەڵەکردنی توندئاژۆیانە دژ بە بزووتنەوە خوێندکارییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان (بوالهری، ١٣٨٦)، دەستبەسەرداگرتن و داخستنی بەکۆمەڵی چاپەمەنی و ڕۆژنامەکان، پێشێلکردنی بەرفراوانی مافی هاووڵاتیان و مافەکانی مرۆڤ، لە ئاشکراترین سیاسەتەکانی دەوڵەت لەم قۆناغەدا بوون. (سال ١٣٨٨ سیاەترین سال مطبوعات ، ١٣٨٨).

سیاسەتە شوناسی و ئێتنیکییەکانی سەبارەت بە داخوازیی ئێتنیکەکان و دیکەی ئەو گرووپانەی کە قوربانیانی هەڵاواردن بوون، لەوانەش ژنان و کەمینە ئایینزاییەکان، کە لە سەردەمی چاکسازیدا تا ڕادەیەک ئاوڕیان لێ درابۆوە، نەک هەر لە ژێر ئاڵای دروشم و ئیدیعا گشتیبێژی و پۆپۆلیستییەکاندا فەرامۆش کران، بەڵکوو زۆر جار بە چاوی ئەمنێتییەوە لێیان دەڕوانرا. یەکێکی دیکە لە داپەڕەکانی ئەم دەوڵەتە ئەوە بوو بە شێوەی بەربڵاو دەستی کرد بە داخستنی ڕۆژنامە خۆجێیی و ئێتنیکییەکان و ئەو ڕێکخراوە ناحکوومییانەی کە لە کاروباری فەرهەنگی و هونەریی ئێتنیکەکاندا چالاک بوون (خطر تعطیلی روزنامەهای قومی در ایران، ١٣٨٩). یەکێکی دیکە لە دەرەنجامەکانی زاڵبوونی گوتاری بناژۆخوازی بە سەر جومگە و پایەکانی حکوومەت و دەوڵەت، ئەوە بوو کە ئەوەندەی دیکە ئازادیی کەمینە ئایینییەکان سنووردار کران. بۆ نموونە لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی مەحموود ئەحمەدینژاد لە ئێراندا ئازادیی ئایینی و چالاکییە ڕێوڕەسمەکانی دەروێشانی گۆنابادی هەڕەشەی لێ کرا و زۆر ئازار دران هەتا ئەو جێگایەی کە چەند دانە لە حسێنییەکانی ئەم زنجیرەیان لە شارە جۆراوجۆرەکاندا وێران کرد (اقلیت های قومی و دینی در سال ١٣٨٧، ٢٠٠٩).

لە ڕووی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و سەرهەڵدانی دیاردەی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانە کەڵانە جەماوەرییەکان لە ئێرانی هاوچەرخدا، یەکێک لە خاڵە وەرچەرخانەکانی حکوومەتی هەشت ساڵەی مەحموود ئەحمەدینژاد دەگەڕێتەوە بۆ دەیەمین هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران. دەیەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆماریی ئیسلامیی ئێران لە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی (٢٠٠٩)، پاش ٤ ساڵ لە بەئەزموونکردنی حوکمڕانیی مەحموود ئەحمەدینژاد کە سەردەمێکی پڕ لە ئاڵنگاری بوو و لە لایەن بناژۆخوازەکانەوە ڕەخنەی لێ دەگیرا، بوو بە مەیدانی کێبەرکێی توندی نێوان لایەنە سیاسییە بناژۆخواز و ڕیفۆرمخوازەکان. لەم

هەڵبژاردنـەدا، مەحمـوود ئەحمەدینژاد و مەحسـین ڕەزایی کاندیدی بـەرەی بناژۆخواز بوون و مێهدی کەڕووبـی و میرحسـەین مووسـەوی نوێنەرایەتـی ڕەوتـی چاکسـازییان دەکـرد. شـێوازی بەڕێوەچوونـی هەڵبژاردنـەکان لـە ٢٢ی جۆزەردانـی ١٣٨٨ی هەتـاوی و ڕاگەیاندنـی ئەنجامـی بەرایی سـەرکەوتنی مەحمـوود ئەحمەدینـژاد بە سـەر ڕکابەرەکانیـدا (پرتال وزارت کشـور، ١٣٨٨)، بووە هۆی ڕەخنەگرتن و نارەزایەتیـی توندی کاندیـدەکان و بـەرەی چاکسـازیخوازان و هـەر ئەمـەش وای کـرد کـە گومانـی ساختەکاریی بـەربڵاو و ئەندازیاریـی دەنگـدان دروسـت ببێـت (پارسـانژاد، ١٣٩٦). دوابـەدوای ئـەم شـەپۆلی نارەزایەتـی و نەبوونی شـەفافیەتە لە ڕەوتـی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن و ژماردنـی دەنگەکاندا، هەندێـک ناوچـەی ئێـران و بەتایبەت شـاری تاران بوو بـە گۆڕەپانی خۆپیشـاندان و نارەزایەتیی بەربڵاو و بێوێنـە کـە لـە ڕووی ڕێـژەی خۆپیشـاندەرانەوە یەکێـک لـە ڕووداوە ناوازەکانـی سـەردەمی کۆمـاری ئیسلامییە. ئـەم نارەزایەتییانـە کـە بـە ئامادەبوونـی ملیۆنـان خۆپیشـاندەر لـە تـاران و ڕۆژێـک دوای هەڵبژاردنـەکان دەسـتی پێکرد (پیل تـن، ٢٠٠٨)، زنجیرەیەک خۆپیشـاندان و نارەزایەتی لێ کەوتەوە کـە وردە وردە لـە نارەزایەتـی دەربڕیـن بەرامبەر بـە ئەنجامی هەڵبژاردنـەوە گۆڕا بـۆ نارەزایەتی دەربڕین بەرامبـەر بـە ڕژێمـی کۆمـاری ئیسلامـی و بەو پێیـەی کە ڕەنگی سـەوز هێمای لایەنگرانی میرحسـەین مووسـەوی لـە بانگەشـەی هەڵبژاردنەکاندا بوو، بە شـێوەیەکی بەرفراوان وەک هـێمای نارەزایەتییەکان بـەکار دەهـێنرا، ئـەم نارەزایەتییـە بـە «بزووتنەوەی سـەوزی ئێـران» ناسرا.

لە بزووتنەوەی سەوزدا، کە نزیکەی ٩ مانگ نارەزایەتی و خۆپیشاندانی سەر شەقامی بە دواوە بوو، سـەرەڕای ئەوەی کە داواکاری و خواسـتەکانی خۆپیشـاندەران جێبەجێ نەکرا و تەنانەت حکوومەت بە کوشتن و گرتن و زیندانیکردن و سـەرکوتی توندی خۆپیشـاندەران و هەندێک کەسـایەتیی سیاسـیی ڕەخنەگـر وڵامـی نارەزایەتییەکانـی داوە، بـەڵام لـە کۆتاییـدا لـە ڕووی ڕەوتـی گشـتیی وەرچەرخانـە سیاسـییەکان و گۆڕانـی گوتارەکانی ئێـران لە لایەک، لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندییەکانی دەسـەڵاتی باڵـە سیاسـییەکانی ئێرانـدا هەڵـدراوە، کـە تیایـدا کەلێنـی نێـوان بـەرەی سیاسـیی ڕیفۆرمخـواز و بناژۆخـوازی سـەر بـە گوتـاری کۆمـاری ئیسلامـی هێنـدەی تـر زیـادی کـرد، بەتایبـەت دوای ئـەوەی ڕێبـەری کۆمـاری ئیسلامیـی ئێـران بەشـێک لـە سـەرکردە نارازییەکانـی ڕەوتـی ڕیفۆرمخـوازی بـە «ڕێبەرانـی فیتنـە» و پیاوانی بێمێشـک ناوزەد کرد (خامنەیـی، ١٣٨٨)، بـەرەی ڕیفۆرمخواز، بە حیزب و کەسـایەتییە دیارەکانیشـیانەوە لە ئەدەبیاتی باڵی ڕکابەر و دامودەزگای میدیایی کۆماری ئیسلامیی ئێـران بـە «ڕەوتـی فیتنـە» نـاسران (اخـوان، ١٤٠٢، ٣٩-٤٠) و بـە ناچـاری تووشـی گۆشـەگیریی سیاسـیی تـەواو هاتن، بە جۆرێک کە لە بازنەی بانگەشـەی هەڵبژاردنـەکان و پەیوەندییە فەرمییەکانی دەسـەڵات دوور خرانـەوە. لـە ڕووەکـەی تـری ئـەم هاوکێشـەدا، بەرەی بناژۆخـواز بە پاڵپشـتیی ڕێبەری ڕژێمـی کۆمـاری ئیسلامیـی ئێـران، هەمـوو جومگـە و سـەرچاوەکانی دەسـەڵاتیان بـە هەڵبژێـردراو و ڕاسپێردراوەوە قـۆرخ کـرد. ئـەم ڕووداوانە تەنیـا گۆڕانکارییەک لە هاوکێشـە دەروونییەکانی دەسـەڵاتی سیاسـیی دەسـەڵاتداردا نەبوو، بەڵکوو لە جومگە قووڵەکانیشدا ڕێکخسـتنی فەزای گوتاری سیاسەتی

لە ئێراندا گۆڕی، کە لە ئەنجامی ئەوەدا ڕەوتی ڕیفۆڕمخواز (چاکسازیخواز) کە لە سەر بنەمای دیموکراسی، کۆمەڵگەی مەدەنی، گەشەی ئابووری، گەشەپێدانی گشتگیر و هاوسەنگ، پەیوەندیی سازێنەر لەگەڵ جیهانی دەرەوە و ... بە تۆمەتی ڕۆژاواگەرایی و دژایەتیکردنی پرەنسیپ و بەها ڕاستەقینەکانی ئینقلاب و ئیسلام داخران، و ئامانج و ئایدیای وەلایەتمەدارانە و دژەئیمپریالیزمانە کە هەڵقوولاوی ئایدۆلۆژیای ڕاسترەو بوو (قاسمی و ئەوانی تر، ١٣٩٩ هەتاوی) وێڕای بووژاندنەوە و چەسپاندنی پێگەی دەسەڵاتی خۆی، بوو بە گوتارێکی بێ‌ڕکابەر لە بواری سیاسەتی ئێراندا.

ئەم وەرچەرخانی گوتارە، بە پشتگوێخستنی کاروبار و داخوازییە ئێتنیکییەکان، مافە مرۆییەکان، ئازادیی ڕادەربڕین، چاپەمەنی، ژنان، و گەشەی ئابووری -کۆمەڵایەتی، وێڕای گۆڕینی دیدگا و گواستنەوەی سیاسەت بۆ کاروبار و پرسەکانی دیکە و لەگەڵ ئەوەشدا بە لادەرزانینی زۆرێک لەو بابەت و فاکتەرانەی کە باس کران، هەر هەموویان فەرامۆش کران. ئەم ئاڵوگۆڕانە لە هەلومەرجێکدا ڕوویان دا کە کۆمەڵگای ئێران بە هۆی گۆڕانکارییە بەربڵاوەکانی تەکنۆلۆژیای پەیوەندییە جەماوەرییەکان لە جیهان و سەرهەڵدانی وشیاریی نوێی ئێتنیکی، جێندەری و بەرەییەوە، بە ئاراستەی گۆڕانکارییەکی هێواشدا تێدەپەڕی کە ئەمە وای کردبوو کە ئیمکانی گەڕانەوە بۆ بۆنە و کایەکانی پێشووی نامومکین دەکرد. ئەم دۆخە لێکدژە لە پاڵ تێکچوونی بارودۆخی ئابووریی ئێران و زیاتربوونی گوشار بۆ سەر ژیانی خەڵک، بووە هۆی ئەوەی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر نارەزایی و نائومێدیی گشتی کەڵەکە ببێت.

خولی هەشت ساڵەی حکوومەتی ئەحمەدی‌نژاد و گوتارەکەی، لە کاتێکدا کۆتایی پێهات کە گوتاری بناژۆخوازی و دروشمە ئایدیۆلۆژییەکانی کە لە پێناو بەدیهێنانی دادپەروەریی گشتی و ڕەونەقی خۆبژێویی ئابووری، نەک هەر ئەنجامێکی بەرهەستی بەدەست نەهێنا، بەڵکوو لە کاروباری ناوخۆیی و دەرەکیدا هەلومەرجێکی قەیراناوی هێنایە ئاراوە کە وای کرد مەحموود ئەحمەدی‌نژاد و ئەڵقەی یارانی نەک هەر لە لایەن زۆرێک لە هێزە سیاسییەکان ڕەخنەیان لێ بگیرێت بەڵکوو تەنانەت کەوتنە بەر گازندە و تووڕەیی لایەنەکانی نزیک لە دەسەڵات و بناژۆخوازان.

## دەوڵەتی میانڕەو (ئیعتداڵی)؛ هەوڵە سەرنەکەوتووەکان و بەرزبوونەوەی ناڕەزایەتییەکان

کەڵەکەبوونی کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و هەروەها دروستبوونی ناکۆکی و دووبەرەکی لە زۆنی بناژۆخوازەکاندا کە دەرەنجامی سیاسەتە قەیراناوییەکانی حکوومەتی ئەحمەدی‌نژاد بوو، دۆخێکی وای هێنایە ئاراوە کە هێورکردنەوەی فەزای سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران و گرتنە بەری ڕێوشوێنی کردەیی و دیپلۆماسی بۆ تێپەڕین لە بارودۆخی نالەباری ئابووری و سیاسی لە کاروباری ناوخۆیی و پەیوەندییە دەرەکییەکاندا زەرووری بوو. ئەو هەلومەرجانەی کە ئاماژەمان پێدا، لە سەروبەندی دوازدەهەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆماردا، دەرفەتی بۆ ڕەوتی کردەوەگەرا و میانڕەو ڕەخساند کە بچنە ناو مەیدانی کێبڕکێی هەڵبژاردنەکانەوە. هەر بۆیە لە

ماوەی هەشت ساڵی کۆتایی سەدەی ١٤ی کۆچی هەتاوی (١٣٩٢-١٤٠٠ کۆچی)، ڕەوتی ناسراو بە میانڕەوەکان (دلاوری، ١٣٩٤) بە سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانی گەیشتنە حکوومەت.

ئەم گۆڕانکارییە لە دۆخێکدا ڕووی دا کە ئەزموونی باڵادەستیی بناژۆخوازەکان بە سەر جومگە و سەرچاوەکانی دەسەڵاتدا لە هەشت ساڵی ڕابردوودا پڕ لە ڕەوتی بێباکانەی نەهێشتن و سەرکوتکردن و مامەڵەی توندوتیژانە دژ بە ڕەخنەگران و نەیاران بوو، ڕەوتێک کە نە تەنیا ڕیفۆڕمخوازە بەرڕقکەوتووەکانی لە مافە سیاسی و حیزبییەکانیان بێبەش کرد بەڵکوو تەنانەت باڵە سیاسییەکانی دیکە کە لە مەیدانەکەدا بوون وەکوو ڕەوتی میانڕەو و کەسایەتییە ئینقلابییە دیار و سەربەخۆکانیش کەوتنە بەر هێرشی هێزە ڕاستە توندڕەوەکان. بە جۆرێک کە گەورەترین ڕەتکردنەوەی کەسانی شیاوی بۆ خۆ پاڵاوتنی سەرۆکایەتی کۆمار، لە مێژووی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، لە یازدەهەمین هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا بە پەسەندنەکردنی شیاوێتیی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی ڕووی دا (بزرگترین ردصلاحیت تاریخ جمهوری اسلامی...، ٢٠١٣).

بە هاتنە سەر دەسەڵاتی دەوڵەتی میانڕەو لە ئێران لە دەیەی کۆتایی سەدەی ١٤ی هەتاویدا، سەرباری سنوورداربوون و دڵساردیی چین و توێژەکانی ئێران لە ئیمکانی گۆڕانکاری لە ڕێگەی سندوقی دەنگدانەوە، ترووسکایی هیوایەک بوو کە خەڵک پێیان وا بوو ئەگەری ئەوە هەیە کە هەنگاوێ، هەرچەند سنووردار بۆ دەرچوون لە دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری ناسەقامگیر و داخراو دابین بێ، کە ئەم زەخت و فشارانە بەردەوام بارگرانی دەخستە سەر جەماوەری خەڵک بەتایبەت چینی هەژار و مامناوەندی کۆمەڵگا. ئەم هەلومەرجانە بە هۆی قەپاتبوونی چارەسەری ئاشتییانە و ڕێککەوتن لە سەر پرسی ئەتۆمیی ئێران بوو، کە جیا لە سزاکان و لێکەوتە ئابوورییەکانی، بووە هۆی سەرهەڵدانی مەترسیی جددی دیکە بۆ ئێران و دوای ئەوەی ئێران چووە ناو بەشی حەوتەمی جارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ ئێران لە ڕاستییەوە دوور نەبوو (عبداللهی، ١٣٩٩، ٣). سەرهەڵدانی ڕەوتێک کە بتوانێ ئەم دۆخە بەڕێوە ببا و هەڕەشەکان بڕەوێنێ تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێ، بۆ ڕێبەر و بازنەی دەسەڵاتەکەی دەرفەتێک بوو کە هەرچەند نە ڕاشکاوانە، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێشوازییان لێ کرد.

سەرەڕای ئەمانە، ئەڵقەی سەرەکیی دەسەڵاتی ڕژێم پێیان وابوو کە پێداویستییەکانی بەخشینی دەرفەت بە میانڕەوەکان نابێ ببێتە هۆی لەبەرچاونەگرتنی هەڕەشەی ئەگەرییەکانیان لە گەمەی سیاسەت و دەسەڵاتدا. لە ڕاستیدا ئاڵنگاریی جیددی بەردەم دەوڵەتی چاکسازی و قەیرانی هەڵبژاردنەکانی دەوڵەتی دەیەم بۆ بناژۆخوازە موحافیزەکارەکان و لە سەرروویانەوە ڕێبەری حکوومەت، وانەیەکی سەخت و لەبیرنەکراو بوو کە دوا بە دوای هاتنە سەر کاری هێزە میانڕەوەکان، بە پێچەوانەی ئەوەی کە جیاوازییەکی بنەڕەتی و پرەنسیپیی گوتاری و حیزبییان لەگەڵ ڕیفۆڕمخوازەکاندا هەبوو، ئەوانی هان دەدا کە لە دژی دەوڵەت هەڵوێستی ڕەخنەگرانە و کۆنترۆڵی و لە هەندێک حاڵەتدا ڕووخێنەرانە بگرنە بەر، بە جۆرێک کە ڕۆڵ و کارکردی دەوڵەتی

میانڕەۆ بە تەواوەتی لە ژێر ڕکێف و بە پێی خواست و ویستی ڕەوتی باڵادەستی ڕژێم بێت.

هەر بۆیە حکوومەتی حەسەن ڕۆحانی، سەرەڕای سنووردارییی فرەلایەنەی سیاسی و دیپلۆماسی و گوشارە ئابوورییە قورسەکان و گەمارۆکان، تەنیا توانی بە شێوەیەکی کاتی و بە کەموکوڕییەوە، کاروبارەکان بەڕێوە ببا و هەر جۆرە دەرفەتێکی بۆ پلاندانان و فراوانکردنی گوتاری میانڕەوی، وەک ڕێکارێک بۆ بەڕێوەبردنی کەلان و بەردەوامی سیاسەت، کۆمەڵگا و باری ئابووریی ئێران لێ زەوت کرا و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە گرفتاربوون لە ناو گێژاوی گرژی و تەنگژەی ئابووری و دیپلۆماسیی ئەتۆمی لە ناوەوە و دەرەوە کە تا دەهات ڕووی لە زیادبوون دەکرد و کارشکێنیی بناژۆخوازان و تەنانەت کەسایەتییە سەربازییەکان زیاتر پەکی دەکەوت. بۆ نموونە سپای پاسداران کە دەزگایەکی باڵادەست و بێڕکابەر لە ناو دەسەڵات و سیاسەتی ئێرانە و توخمێکی کلیلی لە بەڕێوەبردن کاروباری دەرەکییە، هەندێ جار لە هەموو ئاستە سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابوورییەکاندا دژی دەوڵەتی یازدەهەم و دوازدەهەم بوو و ئەم بابەتە بەتایبەت لە کاروباری ئابووریی ناوخۆیی و دیپلۆماسی ناوچەییدا گرژیی زۆری لێ کەوتەوە. کۆبوونەوەی فەرماندەکانی سپای پاسداران لەگەڵ حەسەن ڕۆحانی (سردار حاجی زاده در مصاحبه با کیهان،... ١٤٠٠، ١١) و گلەیی محەممەد جەواد زەریف وەزیری دەرەوە سەبارەت بە ڕۆڵی سپای پاسداران و قاسم سولەیمانی (فایل صوتی ظریف؛ قاسم سلیمانی مانع دیپلماسی بود، ١٤٠٠) نموونەی دیاری ئەم ڕاستییانەن.

لە سەر ئاستی پەیوەندییە دەرەکییەکان، وتووێژ و دانوستان لە سەر دۆسییەی ئەتۆمیی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ئەندامی گرووپی ٥+١ و ڕێکخراو و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی وەکوو ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، گرنگترین بابەتی دیپلۆماسی و بە واتایەکی دیکە بەرپرسایەتیی سەرەکیی دەوڵەتی ڕۆحانی دەرچوون لە بارودۆخی داخراو و زیانبەخشی ئێران لە ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بوو کە سەرەڕای هەوڵە بەرفراوانەکانی تیمی دیپلۆماسیی دەوڵەتەکانی یازدە و دوانزە و بەدیهێنانی ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنەی هەنگاوی هاوبەش (بەرجام)، ئەم دەستکەوتە کە لە کاتی دانوستانەکاندا لە لایەن نەیارانی ناوخۆییەوە ڕووبەڕووی چەندین کارشکێنی و بەربەست بووەوە،[1] دواجار بە هۆی ئەوەی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا واتە دۆناڵد ترەمپ ئەم ڕێککەوتنەی هەڵوەشاندەوە و هاوکات کەسانی توندڕەوی ناوخۆی ئێران لایەنگری ئەم بڕیارە بوون (ظریف، ١٤٠٠)[2]، بەرجام زۆری نەخایاند و بەر لەوەی ببێتە هەوێنی وەرچەرخانێکی بەرهەست لە بارودۆخی سیاسی و ئابووریی خەڵک، هیچ کاریگەرییەکی نەما و ئێران لە پانتای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دیسانەوە کەوتۆتەوە بەر سزا و گەمارۆکان.

---

١. بڕوانە کتێبی: ایزدی، حسین (١٣٩٥)، سراب برجام، انتشارات نشر شهید کاظمی.

٢. لەم ڕاپۆرتە ٢٥٦ لاپەڕەییدا باس لەوە کراوە کە لە ناوخۆدا گەندەڵی ئابووری هەبوو و لە دەرەوەشدا ئەمریکاییەکان کارشکێنیان کرد و نەیانهێشت ئەم ڕێکەوتنە بە باشی جێبەجێ بکرێت.

دەوڵەتی میانڕەو لە ماوەی حوکمڕانیی هەشت ساڵەیدا لە سەر کاروباری ئابووری و دیپلۆماسیی ئەتۆمی چڕ ببۆوە کە ئەمە لە لایەک بووە هۆی ئەوەی دەوڵەت ئاوڕ لە زۆرێک لە کاروبارە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان نەداتەوە و تەنها لە ئاستێکدا کاروبارەکان بەڕێوە ببا، بەڵام ئەمە تەنها بەشێک لە بابەتەکەیە و بنەڕەتیترین بەشەکانی بریتی بوو لە ڕێگریکردن لە دەستێوەردانی کاریگەرانەی دەوڵەت و هێزەکانی دەوڵەت لە داڕشتنی سیاسەتی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی. هەر بۆیە ئەوەی لە سەردەمی دەوڵەتی ڕۆحانیدا پێی دەوترێ سەروەریی گوتاری میانەڕەوی زۆرتر لە ئاستی گۆڕانکاری لە کارگێڕانی سیاسەتی کەلانی ئێراندا قەتیس ماوە و زۆربەی کاروبارە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو: چاپەمەنی و میدیا، مافەکانی مرۆڤ و ئازادیی ڕادەربڕین، مافی ناڕەزایەتی دەربڕین و خۆپیشاندان، چالاکیی دامەزراوە ناحکوومییەکان، کاروباری ئێتنیکەکان، ژنان و ... هەر لە ناو بازنەکەی پێشوودا مانەوە و تەنانەت لە هەندێک حاڵەتیشدا بۆ ئەوەی باجی کەموکوڕی و شێلگیریی لەم بوارانەدا بە سەر دەوڵەتدا بسەپێنن، هەوڵ دەدرا کە بە شێوەی توندئاژۆتر هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم بابەتانەدا بکەن. نموونەی بارودۆخی گشتیی ئێران لەم سەردەمەدا بەم شێوە بوو: زەختکردنە سەر ئێتنیکەکان و کەمینە ئایینییەکان، مامەڵەی توندوتیژانە لەگەڵ پرسی ژنان لە وتەزاکانی حیجاب و باڵاپۆشی، داخستنی چاپەمەنی و ڕۆژنامەکان، ڕێگریکردن لە هەر جۆرە کرانەوەیەک لە فەزای گشتی و چالاکییە مەدەنییەکان، زیادبوونی فشار و هەڕەشە لە سەر چالاکانی سیاسی و مەدەنی لەوانەش ژینگەپارێزان، هەڵسوکەوتی توندئاژۆیانە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتدارانەی کە سەر بە ڕەوتی ڕیفۆرمخوازەکان بوون و هەروەها لێپێچینەوە لە هەندێکیان لە لایەن مەجلیسی بناژۆخوازەوە.

پەراوێز و گۆڵمەزەکانی بەڵگەنامەی ٢٠٣٠ یونسکۆ لە ئێران نموونەیەکی ڕوونی پێشگیری لە هەر چەشنە جموجۆڵێکی دەوڵەتی ڕۆحانی بوو بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ سیاسەتە گەشەتەوەرە گەردوونییەکان و بەرنامە فەرهەنگی و پەروەردەییە پەسەندکراوەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەگونجێنێت. بەڵگەنامەی ساڵی ٢٠٣٠ بەشێکە لە بەڵگەنامەی گشتگیری «گۆڕینی جیهانەکەمان: پەیڕەوی کاری ٢٠٣٠ بۆ گەشەی بەردەوام»[1]، کە کۆی ئەو بەڵگەنامە، پەیڕەونامەیەکی گەردوونییە کە لە ١٧ ئامانجی سەرەکی و ١٦٩ ئامانجی تایبەت پێک هاتووە کە لە سەر بنەمای پرەنسیپەکانی کەرامەت و مافەکانی مرۆڤ، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئاشتی، گشتگیریی کۆمەڵایەتی و پاراستن و فرەچەشنیی ئێتنیکی، فەرهەنگی و زمانی و بەرپرسیارێتیی هاوبەش و وەڵامدانەوەیە کە لە ساڵی ٢٠١٥ بە ئامادەبوونی سەرۆکی دەوڵەتەکان، نوێنەرانی پلە باڵای دامودەزگا تایبەتەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی لە کۆمەڵەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەند کرا و تێیدا دیاری کرا کە بۆ بەدەستهێنانی جیهانێکی ئاوەدانتر و ئازادتر، پێویستە بۆ ماوەی ١٥ ساڵی داهاتوو ئەم بەڵگەنامەی یونسکۆ ٢٠٣٠ ببێتە بنەمای کردەوەی وڵاتانی ئەندام (Technical report by the Bureau of UNSC, 2015). بەڵگەنامەی یونسکۆ ٢٠٣٠ بە ناوی فەرمیی

1. Transforming our world: the 2030 Agenda for Sustainable Development

«پەروەردەی ٢٠٣٠»[1] بەیاننامە و پلانێکی کردەییە کە لە سەر بنەمای ئامانجی ٤ بەڵگەنامەی گەشەی بەردەوام کە بە ناوەندێتیی یونسکۆ و هاوکاریی ئۆرگانەکانی تری نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادە کراوە بۆ ئەوەی پەروەردە گشتی بێ و ئاستی کوالێتی بەرز بکاتەوە، ببێتە بنەمایەک بۆ گۆڕانکاری تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و گەشەی مرۆیی و لە کۆتاییدا گەشەی بەردەوام. لە سەر ئەم بنەمایە، لە مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی، بەڵگەنامەی پەروەردەی نیشتمانی ٢٠٣٠، کە بە دەستپێشخەریی کۆمیسیۆنی نیشتمانیی یونسکۆ لە ئێران خۆجێی کرابوو، بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئامانجە پەروەردەییەکانی ئەم بەرنامە جیهانییە لە لایەن جێگری سەرۆک کۆمار بۆ کاروباری ژنان و خانەوادە و وەزیرانی زانست، توێژینەوە، تەکنەلۆژیا و پەروەردەی و ڕاهێنانی ئێران پەردەی لە سەر لادرا (کمیسیون ملی یونسکو ایران، ١٣٩٥). لەم مەراسیمەدا وەزیری زانست سەبارەت بە ئامانجەکانی بەڵگەنامەی ٢٠٣٠ وتی: «پەروەردەی ٢٠٣٠ چوار پەیڕەونامەی گەشەی بەردەوامی داهاتوو پێک دەهێنێ، ڕۆڵێکی سەرەکی لە کۆتاییهێنان بە هەژاری و تەندروستی و دابینکردنی خۆشگوزەرانیی مرۆیی بە مەبەستی ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ ژنان و پیاوان و کەمکردنەوە گۆڕانی کەشوهەوادا هەیە. ناوبراو وتیشی: بێگومان ئامانجەکانی پەروەردەی ساڵی ٢٠٣٠ لە بەڵگەنامە کەڵانە ئاست بەرزەکانی وڵاتدا (ئێران) وەک بەڵگەنامەی گۆڕینی بنەڕەتی پەروەردە و ڕاهێنان، نەخشەی گشتگیری زانست و تەکنەلۆژیای ئێران و هەروەها لە پلانەکانیی پێنجەم و شەشەمی گەشەدا جێگیر کراون. ئامانجی سەرەکیی ئامادەکردنی ئەم بەڵگەنامە، پێشخستنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بواری پەروەردە و بەرزکردنەوەی پتانسێڵی زانستی و پەروەردەیی ئێران لە ئاسیا و ئۆقیانووسیا و جیهانە. ئامادەکردنی بەڵگەنامەی پەروەردەی نیشتمانی ٢٠٣٠ هەنگاوی زیرەکانەی ئێرانە بە پێی دوایین پڕۆژەیاسا و فەرمانە نێودەوڵەتییەکانە» (با حضور وزیر علوم تحقیقات و فناوری: سند ملی آموزش ٢٠٣٠ ایران رونمایی شد، ١٣٩٥، ٧). ئەم بەڵگەنامە کە لە سەر ئاستی ٩٥ وڵاتی دیکەشدا پەردەی لە سەر لادرا و دەیتوانی ببێتە بنەمای گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە بواری پەروەردە و گەشەی مرۆییدا، هەر زوو بە تۆمەت و بەڵگەی وەکوو: دژایەتیی ناوەڕۆکەکەی لەگەڵ فەرهەنگی ئایینی و بەها ئەخلاقییەکان، دەستوور، بەڵگەنامە باڵادەستەکان و گوتاری ئینقلابی ئیسلامیدا زۆر بە توندی و ڕاشکاوانە لە لایەن نەیارانەوە ڕەخنەی لێ گیرا و بە ناوی: «بەڵگەنامەی ٢٠٣٠ گەشەی لە پێی دار»دا[2] (رمضانی، ١٤٠١، ٢٦٤-٢٨١)، «٢٠٣٠، بەڵگەنامەی گەشە یان بەڵگەنامەی کۆیلایەتی» (رحیم پور ازغدی، ١٣٩٩)، «کاپیتالاسۆنی پەروەردەیی و فەرهەنگی» (راییجی یانسری ١٣٩٧)، «بەڵگەی ڕەزیل»، «ڕێکارێک بۆ بەسکۆلارکردنی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان» و ... ناودێریان کرد، کە بە بڕوای ئەوان

---

1. 2030 Education

٢. «بەردەوام» لە فارسیدا دەبێتە «پایدار» کە لەم ناونیشانەدا «پایدار» بە واتای « لە بەردەم و پێی سێدارەدا» بە زمانێکی ئیهامییەوە وەک تانەلێدانێک لە « بەڵگەنامەی گەشەی بەردەوام» هاتووە.ـ وەرگێڕ

نموونـەی ئاشـکرای هێرشـی فەرهەنگـی و جەنگی نەرمـە (١٠ نقد علمی به سـند ٢٠٣٠ ... ١٣٩٩).

عەلـی خامنەیـی، ڕێبـەری کۆمـاری ئیسلامیـی ئێـران، یەکـەم کـەس بـوو کە بـە ئاشـکرا دژایەتیی خـۆی بەرامبـەر بـە پـەروەردەی لـە سـەر نووسـخەی نەتەوەیـی بەڵگەنامـەی سـاڵی ٢٠٣٠ ڕاگەیانـد و ڕەخنـەی لـە جێبەجێکردنـی بێدەنگـی ئـەم بەڵگەنامە گـرت و تەنانـەت ڕەخنەی لـە ئەنجومەنی باڵای ئینقلابـی فەرهەنگـی گـرت کە لە ئاسـت پێشـڕەویی ئـەم بابەتـە کەمتەرخەمییـان نوانـدووە. خامنەیی لـە دیدارێکیـدا لەگـەڵ پـەروەردەکاران سـەبارەت بە بەڵگەنامـەی سـاڵی ٢٠٣٠ وتی: «لێـرەدا ئیسلام بنەمایـە، قورئـان بنەمایـە؛ ئێـرە شـوێنێک نییـە کـە شـێوازی ژیانـی سـەقەت و وێرانکـەر و گەندەڵـی ڕۆژاوایـی دزەی تێـدا بـکات (خامنەیـی، ١٣٩٦) هـەر دوا بـە دوای ئەم هەڵوێسـتەی خامنەیی، هەموو هێز و دامەزراوە و ڕێکخراو و کەسـایەتییەکانی ناو دەسـەڵات و ڕەوتە سیاسـییە بناژۆخوازەکان دەمیان بـۆ ڕەخنـە و دژایەتیکردنـی ئـەم بەڵگەنامـە کـردەوە، بـە جۆرێـک کـە دەوڵەتەکـەی ڕۆحانـی وێـڕای هەنـدێ ڕوونکردنـەوە ڕایگەیانـد کـە بڕگـە و ناوەڕۆکەکانـی ئـەم بەڵگەنامـە پێچەوانەی یاسـای بنەڕەتی و پرەنسـیپە ئایینـی و ئەخلاقییەکانـە و پەیـڕەو ناکـرێ و ناچێتـە بـواری جێبەجێکردنـەوە و وەزارەتـی زانسـت بەیاننامەیەکـی بەم شرۆڤەوە بڵاو کردەوە کە «چوارچێوەی هەنـگاوی پەروەردەی ٢٠٣٠» تەنها بەیاننامەیەکە و لـە ڕیـزی پەیماننامەکانـدا جێگیـر ناکـرێ و پێویسـت نییـە و وڵاتـان دەتوانـن بـە پێی پێکهاتـەی نیشـتمانیی خۆیـان جێبەجێی بکەن. جگە لـەوەش ئەم بەیاننامە لە لایـەن هیچ وڵاتێکەوە واژۆ نەکـراوە. سـەرەڕای ئـەوەی کە بەڵگەنامەی «چوارچێـوەی هەنگاوی پەروەردەیـی ٢٠٣٠» زەرووری و پێویسـت نییـە، کۆمـاری ئیسلامیـی ئێران هێشـتا بە شـێوەی فەرمی و نـووسراوی پاراسـتوویەتی و بە شـێوەی سـنووردار و مەرجـدار بڕگـە پەسـەندکراوەکانی قبـووڵ کـردووە (بیانیه وزارت علـوم در خصوص چارچـوب اقـدام آمـوزش ٢٠٣٠، ٩٦). سـەرەڕای بەرگریکردنـی دەوڵـەت و خـودی سـەرۆک کۆمـار لە ئامانج و ڕێکارە خۆماڵیکراوەکانی ئەم بەڵگەنامە و ئەو هەڵوێسـتانەی کە گوایا بەڵگەنامەی نیشـتمانیی سـاڵی ٢٠٣٠ دیترهاوێـژی، درۆ و ڕاپۆرتـی ساختەیە (حەسـەن ڕۆحانـی، ١٣٩٦ هەتـاوی)، دواجـار ئـەو بەڵگەنامـە بـە پەسـەندکرانی ئەنجومەنـی بـاڵای ئینقلابـی فەرهەنگـی لـە مانگی ئەیلوولی سـاڵی ١٤٠٠ هەتـاوی بـە فەرمـی لـە بەرنامـەی کار لابـرا و جێبەجێ نەکـرا (مصوبه لغو اجرای سـند یا بیانیه آمـوزش ٢٠٣٠، ١٤٠٠)، جگـە لـەوەش، ئـەم بابەتـە لەگـەڵ «بەرجـام» بـوو بـە بیانوویـەک بـۆ ئـەوەی توندتریـن ڕەخنـە و تۆمـەت ئاراسـتەی دەوڵەتەکـەی حەسـەن ڕۆحانی بکـرێ تا ئـەو ڕادەی کە هەندێ لـە کەسـایەتییە بەرهەڵسـتکارەکان خوازیـاری گرتـن و دادگاییکردنـی حەسـەن ڕۆحانی و بەشـێک لە وەزیرەکانـی و بەرپرسـانی دەوڵەتەکـەی بوون (طائب، ١٤٠٢).

بە گشـتی قۆناغی هەشـت سـاڵەی باڵادەسـتیی گوتاری میانڕەوی لە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێـران، ناوبـڕی نێـوان هەر دوو قۆناخی دەسـەڵاتداریی بناژۆخـوازان بوو، کە لە کۆتاییـدا لە ناو گێژاوی کێشـە و ئاریشـە ناوخۆیـی و دەرەکییـەکان و کـۆت و بەنـدە شـاراوە و ئاشـکراکانی یاریی دەسـەڵات لە وڵاتـی ئێرانـدا گیـری خـوارد و هەوڵـە تاقەتپڕووکێنەکانـی بـە بـێ هیـچ سـەرکەوتنێک کۆتایـی هـات و

سەرەڕای هەوڵە زۆرەکانی دەوڵەت بۆ هێنانەدی گۆڕانکاری لە پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی ناوخۆی ئێران و گۆڕانکاریی سازێنەر و بنیاتنەر لە پەیوەندییە دەرەکی و دیپلۆماسییەکاندا، ئەنجامێکی زۆری نەبوو (روحانی: فرصت دستیابی به توافق را از دولت دوازدهم گرفتند، ١٤٠٠) بە شێوەیەک کە لە خولی دووەمی ئەم دەوڵەتەدا بە هۆی گرانیی بێهاوتا و زیادبوونی فشاری ئابووری و بژێویی ژیان بۆ سەر خەڵک، لە دوو قۆناغی مانگی «بەفرانباری ١٣٩٦ی هەتاوی» و «خەزەڵوەری ١٣٩٨» ناسراو بە «ئابانی خوێناوی»، زنجیرەیەک لە نارەزایەتیی جەماوەری لە سەر ئاستی زۆربەی ناوچەکانی ئێران ڕووی دا. ئەم خۆپیشاندانە ناڕەزایەتییە بەربڵاوانە کە بە چڕ و پڕی سەرکوت کران، قۆناغێکی نوێی لە کارلێکی گشتی لە مێژووی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دروست کرد کە بە هۆی نەبوونی زەمینە سیاسییە دێموکراتیکییەکان و نەبوونی ئازادییە مەدەنییەکان خەڵک بۆ داواکارییەکانیان ڕژانە سەر شەقام.

## دەوڵەتی ئینقلابی؛ خەونی هەنگاوی دووەمی ئینقلاب و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕاپەڕینی ژن، ژیان، ئازادی

بە کشانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی بەرجام و ئەو کارشکێنییەی کە لە ناوخۆوە هاوتەریب لەگەڵ ئەم کشانەوە کرا و داخرانی بەرجامی لێ کەوتەوە، گەورەترین دەستکەوت و کارتی بردنەوەی دەوڵەتەکەی حەسەن ڕۆحانی، بوو بە شمشێری دامۆکلێس کە بە سەر جێبەجێکارانی بەرجامدا بەربۆوە و دوایین هیوا و ئومێدی ئەم ڕەوتە بوو بە خەیاڵی خاو. ئەم ڕەوشە ئاڵۆزە لە دۆخێکدا هاتە ئاراوە کە هاوکات لەگەڵ کێشە و ئاریشە ئابوورییەکان و گەمارۆکان کە ناڕەزایەتی و شۆڕشی سەرتاسەریی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٨ (ئابانی خوێناوی) لێ کەوتەوە، دەوڵەت لە هاوکاری و هاوڕێیەتی نەکردنی هێز و دامەزراوەکانی دیکە دەیناڵاند و دەتوانین بڵێین دەوڵەت نەیدەتوانی کارەکان ڕاپەڕێنێت. بە جۆرێک کە حەسەن ڕۆحانی لە هەندێک خاڵدا ڕەخنەی لە کارکردی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی (پەرلەمان) و دامودەزگاکانی وەکوو ناوەندی دەنگ و ڕەنگ و سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی دەگرت و ئەوانی بەوە تۆمەتبار دەکرد کە پاشقولی چالاکییەکانی دەوڵەت دەدەن (انتقاد روحانی از مجلس در رابطه با برجام و FATF، ١٤٠ ). ئەو دۆخە بووە هۆی ئەوەی کە لە سێزدەهەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی لە ساڵی ١٤٠٠دا، نەک هەر حیزب و لایەنە سیاسییە نابناژۆخوازەکان، هیچ ئومێدێکیان بە ئەگەری بەردەوامبوون لە بەشداریکردن لە کێبڕکێی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆمار لەدەست دا، بەڵکوو تەنانەت هەندێک لە بناژۆخوازە ناسراو و دێرینەکانی وەکوو عەلی لاریجانی، سەرۆکی سێ خولی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی نەیانتوانی بەشداری بکەن (علی لاریجانی رد صلاحیت شد، ١٤٠٠). نەهێشتنی حیزب و قۆڵە نابناژۆخوازەکان و تەنانەت لابردنی هەندێک لە کەسایەتییە دیارە بناژۆخوازەکانیش لە خولی کێبڕکێی هەڵبژاردنەکانی دەوڵەتی سێزدەهەم و لەگەڵ ئەوەشدا

دڵساردبوونەوەی خەڵک لە ئەگەری گۆڕانکاری لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە بەتایبەت ئەوەی کە تا دەهات سفرە و خوانەکانی خەڵک بچووکتر دەبووەوە و هێشتا زامی قووڵی ئابانی خوێناوی سارێژ نەبووبوو، زەمینە بۆ یەکخستنەوەی دەسەڵات لە هەڵبژاردنێکی بێ کێبڕکێدا بۆ ڕەوتێکی ڕادیکاڵی بناژۆخواز دابین کرا. هەڵبژاردنێک کە تیایدا ئیبراهیم ڕەئیسی کە پێشتر دیاری کرا بوو، بوو بە سەرۆک کۆماری ئێران.

ئیبراهیم ڕەئیسی کە هاتە سەر کورسیی سەرۆک کۆماری، دەتوانین بڵێین دەسەڵاتی سیاسی و سەروەری بە تەواوی یەکدەست بوو و زۆربەی کەناڵەکانی دەسەڵاتی سیاسی لە ناو هەموو هێز و دامەزراوەکاندا کەوتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی بناژۆخواز و کەسانی ئینقلابی، کە ئەم یەکدەستکردنەوە بە «ڕەوتی خالص‌سازی» (پاڵاوتن و سافکردن) ناوی لێ دەبرێت (آذر، ١٤٠٢). لەم ڕووەوە هاتنە سەر کاری دەوڵەتی سێزدەهەم، تەنیا ئاڵوگۆڕێک لە ئاستی کارگێڕانی هێزی جێبەجێکاردا نەبوو، بەڵکوو لەوە زیاتر، ئامادەکارییەک بوو بە ئامانجی یەکدەستکردنەوەی دەسەڵات و هاوتەریبیی هەموو جومگەکانی، لە سەر ڕێڕەوی بەرنامە پێشتر دیاریکراوەکان، «هەنگاوی دووهەمی ئینقلاب» هەڵ‌بنێن و لە سای ئەوەدا بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ڕژێم وێڕای خەسارناسیی بارودۆخەکە، ڕێکار و بنەمای زانستیی کارا دابڕژێن و جێبەجێیی بکەن. هەر بۆیە ناوەڕۆک و ئامانجەکانی بەیاننامەی هەنگاوی دووەمی ئینقلاب، وەکوو: شارستانیەت‌سازیی نوێی ئیسلامی، بەرگری لە تیۆریی ڕژێمی ئینقلابی، بەڕێوەبەرایەتیی جیهادی، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، دادپەروەری‌تەوەری، زیادبوونی بەرچاوی مەعنەوییەت و ئەخلاق لە ناو فەزای گشتیی کۆمەڵگا، خۆڕاگری لە دژی زلهێزانی جیهانی، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و دژایەتیکردنی شێوازی ژیانی ڕۆژاوایی لەو پەیڕەونامانە بوون کە لە بەرنامەی کاری دەوڵەتی سێزدەهەمدا جێگیر کرابوون (حاجی نجاری، ١٤٠٠).

لە سەروبەندی وەرسووڕانی سەدە لە ئێران، دەوڵەتی سێزدەهەم لە هەلومەرجێکدا خۆی وەک جێبەجێکاری ئامانجەکانی هەنگاوی دووەمی ئینقلاب نیشان دا، کە سیاسەت و ئابووریی ئێران لە سایەی شکستی ڕێککەوتنەکانی دۆسییەی ئەتۆمی، هەرچی زیاتربوونی فشاری سزا نێودەوڵەتییەکان، خراپ‌بەڕێوەبەریی وڵات، لابردنی زۆرێک لە هێز و کارگێڕە بەتواناکانی بواری کارگێڕی و بەڕێوەبەرایەتی و زانستی، گوێنەدان بە پرەنسیپەکانی بەڕێوەبەرایەتیی نوێ لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات، بڵاوبوونەوەی بیرۆکەی بەڕێوەبەرایەتیی جیهادی و ئینقلابییانە، تەشەنەسەندنی گەندەڵی و بەفیڕۆدانی بەرفراوانی سەرچاوە مرۆیی و داراییەکان، ئەوەندەی دیکە ئاسۆی داهاتووی ئێرانی ڕەش و تاریک دەکرد.

جگە لەو کێشە ئابووری و بژێوییانەی کە تا دەهات بازنەی نارەزایەتییە گشتییەکانی بەرفراوانتر دەکرد، ئایدۆلۆژیا و دروشمەکانی گوتاری ئینقلابییانە لە کەشێکدا پەرەی دەسەند کە کۆمەڵگای ئێران لە بەرەبەرەی سەدەی نوێدا، پتر لە جاران لە چوارچێوەی پەیوەندییە جیهانییەکاندا بە دوای پێگەی نەدۆزراوی خۆیدا دەگەڕا. گۆڕانکاریی نەوەکان، دەرهاویشتەکانی گشتگیریی ئینتەرنێت

و ئاسانبوونی پەیوەندییە جەماوەرییەکان، فراوانبوونی وشیاریی نەوەکان و شۆڕشی ڕەگەزێتی (جێندەری)، دروستبوونی شوناسی گشتیی نوێ، سەرهەڵدانی خۆئاگایی و داواکاریی نوێ لە ناو ئەندامانی گرووپە ئێتنیکی و ئایینزاییەکان، داخوازییە بازرگانی و چینایەتییەکان، زیادبوونی هەرچی زیاتری هۆگریی خەڵک بەتایبەت نەوەی نوێ بۆ ئازادیی هەڵبژاردن لە بواری سەلیقە تاکەکەسییەکانی وەکوو شێوازی ژیان، جۆری پۆشاک و جلوبەرگ، بیر و باوەڕ؛ پەیوەندی و کاریگەریی قووڵی فەرهەنگی جیهانی لە سەر خەڵک، و هەندێک لە هێما کۆمەڵایەتییە تازەدەرکەوتووەکان کە لەگەڵ جۆری گوتار و پڕۆژە ئایدۆلۆژییەکییەکانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە شێوازی ژیان و جۆری بیرکردنەوە و باوەڕەکانی خۆی بە سەر خەڵکدا دەسەپاند و ئەو گۆڕانکارییە هەمەلایەنە مەعریفی و شوناسییانەی کە هەموو جومگەکانی کۆمەڵگای ئێرانی تەنیبووەوە پشتگوێ خستبوو، ئەمانە ئەو کۆمەڵە هۆکارانە بوون کە مەودای نێوان نەتەوە و دەوڵەت یان بە واتایەکی وردتر گەل و ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی زیاتر قووڵ دەکردەوە.

تێفکرین لە هەندێک لە پێوەرە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران لە سەروبەندی سەدەی نوێ لە ڕووی پێوەرە خۆشگوزەرانییە نێونەتەوەییەکانەوە واتە لێگاتۆم وێنەیەکی ڕوون لە دۆخی گشتیی ئێران لە ساڵی ٢٠٢١دا نیشان دەدات. لەم ڕیزبەندییەدا کە لە نێوان ١٦٧ وڵاتدا ئەنجام دراوە، ئاستی ئێران لە پێوەرەکانی خۆشگوزەرانیی لێگاتۆمدا بریتییە لە: پلەی ١٦٥ی ئازادییە تاکەکەسییەکان، پلەی ١٤٥ی حوکمڕانی، پلەی ١٣١ی ئاسایش و پارێزراوی، پلەی ٨٩ی سەرمایەی کۆمەڵایەتی، پلەی ١٢٦ی ئاسایشی وەبەرهێنان، پلەی ١٥٢ی ڕاکێشانی وەبەرهێنەران، پلەی ١٠٤ی ئازادیی کار، پلەی ١٣٨ی دینامیکی ئابووری، پلەی ٥٧ی بارودۆخی ژیان، پلەی ٦١ی سڵامەتی و تەندروستی، پلەی ٧٥ی پەروەردە و پلەی ١٥٦ی ژینگە، کە بە گشتی دەتوانین بڵێین ئێران لە سەر ئاستی جیهاندا لە پلەی ١٢٣ـدایە، کە لە چاو ساڵی پێشوو ٣ پلە دابەزیوە و بە گوێرەی ئیمکانیات و توانا هێزەکییەکانی سەرچاوە مرۆیی و مادییەکانی ئێران، ئەم ئامارانە زۆر بە باشی گوزارشت لە دۆخی یەکجار نالەباری سەرمایە کۆمەڵایەتی، ئابووری و مرۆییەکان لە ئێراندا دەکەن (legatum prosperity index 2021). یەکێکی تر لە باوترین پێوەرە ئابووری - سیاسییەکان بۆ پێوانی قەیرانی بژێویی ژیان، پێوەری داماوی (ئیندێکسی نەهامەتی)یە،[1] ئەم پێوەرە کە کۆی جەبریی ڕێژەی هەڵاوسان و بێکارییە، لە ناوەڕاستی دەیەی ١٩٧٠ زایینییەوە لە ئەدەبیاتی ئابووریی سیاسیدا وەک ئامرازێک بۆ پێواندنی قەیرانی ئابووری لە وڵاتان بەکار دەهێنرێت. ناجێگیریی توندی هەڵاوسان وای کردووە کە ئێران ئەم ١٥ ساڵەی ڕابردوو لە «داماوترین» بارودۆخی مومکیندا بە سەر ببا و بەرزترین پێوەری داماوی و نەهامەتی لە سێ دەیەی ڕابردووی ئێراندا بە ژمارەی ٥٧ لە ساڵی ١٤٠١ هەتاویدا تۆمار کراوە. لێکدانەوەی دەیتاکانی سندووقی نێونەتەوەیی و ڕێکخراوی جیهانیی کار دەریدەخا کە لە بیست ساڵی ڕابردوودا ئێران بۆ ماوەی ١٤ ساڵ لە ڕیزی دوانزە

1. Misery Index

وڵاتـی یەکەمـی جیهـان بـە بەرزترین ئاسـتی دامـاوی بـووە و لـە سـاڵانی ١٤٠١ و ١٤٠٢ هەتاویدا، بۆ پلـەی هەشـتەم دابەزیـوە (گـروه دادەکاوی رادیو فـردا ، ١٤٠٢). هەلومەرجێک کە ئەگـەر پێوەرەکانی دیکـەی وەکوو قەیرانی بەردەوامی ژینگە و پرسـی زۆر مەترسـیداری کەمیـی ئاو کە وەک «ئاڵنگاریەکی مـەزن و زلقەیرانـی ئێـران» لێـی دەڕوانـن، پـێ زیـاد بکەیـن (فاضلـی، ١٤٠٠، ٥٦)، و بـەو پێیـەی کـە بەڕێوەبردنی بەرفراوانی ئێران لاوازە و پلان و ستراتیژێکی ڕوون بۆ دەستنیشـانکردن و چارەسـەرکردنی ئـەو کێشـانە لـە ئـارادا نییە، قووڵایی کێشـەکانی ئێران لە بەرەبـەرەی سـەدەی نوێدا ئاشکرا دەکات.

هـەر وەک بـاس کرا، واقیعە سیاسـی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگییەکانی ئێران لە سـەرەتای سـەدەی نوێـی هەتاویـدا، گوزارشـت لـە لێـکترازان و جیاوازیـی قووڵی نێـوان خواسـتی زۆرینەی چین و توێژەکانـی کۆمەڵـگا لەگـەڵ ئامانج و بەرنامەکانـی حکوومـەت دەکا، چونکـە کۆمەڵـگا لـە حاڵێکـدا بـەرەو ڕووی سـنووورداری و کـۆت و بەندەکانـی ڕژێمـی دەسـەڵاتدار لـە بـواری گشـتیدا دەبێتـەوە، کـە زیاتـر لـە جـاران هۆگربـوون بـە ئازادییـە کۆمەڵایەتییـەکان و مافـی هەڵبژاردنـی ئازادانـە بـە مافێکـی ڕەوای خـۆی دەزانـێ و بـە شـێوازی جۆراوجـۆر داوای دەکات. داخوازییەکانـی کۆمەڵـگا لـە لایـەک و ئامانجـە ئایدیۆلۆژییەکانـی گوتـاری ڕژێمی کۆمـاری ئیسلامیی ئێران لە لایەکـی دیکەوە لێکدژییەکی وەهای هێناوەتە گۆڕێ کە بە هۆی نەبوونی هیچ میکانیسـمێکی ئاشـتیانە و سـازان و لێکتێگەیشتن و مەحاڵبوونـی گۆڕانکاری لە ڕێگەی بەشـداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا، تـا دێ ئەم لێکترازان و دژایەتی و بەربەرەکانێیـە چڕتـر دەبێتـەوە. کـە ئەنجامە ڕاسـتەوخۆکەی دەبێتـە هۆی ئەوەی کە خەڵک شـەقام وەک تاکـە سـەکۆی مومکیـن هەڵبژێرن بۆ ئـەوەی بەدواداچوون بـۆ داواکارییە گشـتییەکان لە ڕێگەی نـاڕەزایەتـی و خۆپیشـاندانە وە بکـەن، ڕێکارێـک کـە بـە هـۆی سروشـتە ڕادیکاڵییەکـەی و کاردانـەوەی سـەرکوتگەرانەی تێکـەڵ بـە توندوتیژیـی ڕژێمـی دەسـەڵاتدار، بـە ناچـاری دووانەی «سـەرکوتکەری – ڕووخێنـەری» لـێ دەکەوێتـەوە (عبـدی، ١٤٠٠، ٩)، ئەزموونێـک کـە ئێران لە دەیەی کۆتایی سـەدەی ١٤ی کۆچـی هەتـاوی لـە سـاڵانی ٩٦ و ٩٨دا بـە هـۆی گوشـاری ئابـووری و گرانییەوە پێیـدا تێپەڕی.

لـە یەکـەم سـاڵی سـەدەی نـوێ (١٤٠١ی کۆچـی هەتـاوی) لـە درێژەی ئـەو بارودۆخـەی کە باس کـرا، ئێـران بـوو بـە گۆڕەپانی سـەرهەڵدانی چەندین ئاڵنـگاری و نەهامەتی و کێشـەی پچڕپچڕ و چڕی سیاسـی، ئابـووری، کۆمەڵایەتـی و دیپلۆماسـیی بێژمـار کە بەشـێکی زۆری ئەم ئاریشـە و گوشـارانە لە کۆتاییـدا بـە سـەر خەڵـک دەسـەپێنران. لـە ناوەڕاسـتی سـاڵی ١٤٠١دا، لەم کەشـە ناسـەقامگیرەدا، کچێـک بـە نـاوی «ژینا - مەهسا ئەمینی» لە زیندانی پۆلیسـی ئەخلاقی تاران گیانی لە دەسـت دا کە ئەمـە بـوو بـە چەخماخـەی ناڕەزایەتیـی شـەقام دژ بە سیاسـەتەکانی حیجابـی کۆمـاری ئیسلامی، کە لـە نـاو دڵـی ئـەم ناڕەزایەتییـەدا ڕاپەڕینێکی سەرتاسـەری بە نـاوی «ژن، ژیـان، ئازادی» سـەری هەڵدا. بزووتنەوەیـەک کـە پـاش ماوەیەکـی کـورت بـوو بـە گوتـار و مانیفێسـتێک بۆ ئـازادی و دیموکراسـی لە ئێـران و وەرسـووڕانێکی گرنگـی لـە مێـژووی هاوچەرخـی ئێراندا بـەدی هێنا.

## وەرزی نارەزایەتییەکان: گۆڕانکاری لە شێوازی هەڵمەتە جەماوەرییەکان لە ئێراندا

خۆپیشاندان و نارەزایەتیی سیاسی ئاماژە بۆ ڕفتاری بەکۆمەڵی هەموو یان بەشێک لە کۆمەڵگا بەرامبەر بە تۆڕی فەرمیی دەسەڵات واتە دەوڵەت و حکوومەت دەکات، کە مەبەست لەم خۆپیشاندان و نارەزایەتیی سیاسییە ڕاگەیاندنی نارەزایی و هەڵوێستی ڕەخنەگرانە بەرامبەر بە هەلومەرج یان بابەتێکی نەخوازراوە و بابەتەکەش لە بواری سیاسەتدا ڕوو دەدات (دیتر، ١٣٩٥، ٧٧). نارەزایەتیی مەدەنی یەکێک لە فۆرمە باو و یاساییەکانی ڕەفتاری سیاسیی گشتییە، کە بە گوێرەی بنەماکانی ئازادیی گردبوونەوە و ئازادیی ڕادەربڕین، بە نیازی ڕاگەیاندنی هەڵوێست و داخوازییە گشتییەکان ڕوو دەدەن. پرۆسەی ڕوودان و دروستبوونی خۆپیشاندانەکان و شێوازی مامەڵەکردنی دەوڵەت و سیستەمی حوکمڕانی لەگەڵ ئەم دیاردە، بە گشتی ڕوون و ئاشکرا ئاستی نارەزایی و قووڵایی کێشە و قەیرانەکان و مۆدێلی ڕەفتاری تاکەکان و تێگەیشتن و لۆژیکی حوکمڕانی و ئاراستەی کارلێککارانەیان پیشان دەدات. لەم ڕووەوە، دووبارەخوێندنەوەی نارەزایەتییەکان، وێڕای ڕوونکردنەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ڕووداوێکی نارەزایەتی، دەلالەت لە سەر دۆخی گشتیی کۆمەڵگا دەکات. لەم بەشەدا ڕەوتی گۆڕینی بزووتنەوە بەکۆمەڵەکانی ئێران لە دەیەکانی ڕابردوو هاوکات لەگەڵ شیکاریی پێوەرەکانی پەرشوبڵاویی جوگرافیایی نارەزایەتییەکان، چین و گرووپە تێوەگلاوەکان، ئاماری قوربانیان و کوژراوان، شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی حکوومەت، کاردانەوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن، ڕەهەندە یاساییەکان و لێکەوتە خێرا و درێژخایەنەکانیان لێک دەدرێنەوە و توخم و ڕەهەندە شوناسی و ئێتنیکیەکانیان پیشان دەدرێتەوە.

ساڵانی نێوان نارەزایەتییەکانی دژ بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی دەیەمین خولی سەرۆکایەتیی کۆماری لە ساڵی (١٣٨٨ی هەتاوی) ٢٠٠٨، کە بە «بزووتنەوەی سەوز» ناسراوە، هەتا دەگاتە ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی» لە ساڵی ١٤٠١ هەتاوی، قۆناغێکی هەستیار و ناسکە کە لەو ماوەدا گۆڕەپانی گشتیی ئێران ناوە ناوە شایەتحاڵی جۆرەکانی نارەزایەتیی سەندیکایی و گشتی بووە. نارەزایەتیی لایەنگرانی بزووتنەوەی سەوز لە مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٨٩ و ١٣٩٠ی هەتاوی وەک هاوسۆزی لەگەڵ بەهاری عەرەبی لە توونس و میسر، نارەزایەتییەکانی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی لە خووزستان کە بە ڕۆژی تورەیی یان «یەوم ئەلغەزەب»[1] ناسراوە، گردبوونەوەی ژینگەپارێزانی ئازەربایجان لە دژی وشکبوونی دەریاچەی ورمێ، نارەزایەتییەکانی ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی لە بازاڕی تاران لە دوای بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار، نارەزایەتیی جووتیارانی ئیسفەهان، مانگرتن و نارەزایەتیی دەروێشانی گۆنابادی، جموجۆڵی کچانی شەقامی ئینقلاب، نارەزایەتییەکانی بەفرانباری ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی، بزووتنەوەی دادخوازیی قوربانیانی فڕۆکەی PS٧٥٢ لە ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی، ئابانی خوێناوی لە خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٨ و چەندین نارەزایەتی و مانگرتن

---

١. یوم الغضب

لە لایەن کاسبکاران، کرێکاران، مامۆستایان، خانەنشینان و هتد بەشێکی دی لەو نارەزایەتییە گشتی و سەندیکاییانە بوون کە لەم ساڵانەدا ڕوویان داوە. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە دەتوانین باس لە سێ جۆر کارلێکی نارەزایەتی لەم قۆناغەدا بکەین. جۆری یەکەم بریتییە لە بزووتنەوە نارەزایەتییەکان کە کەم تا زۆر پێکهاتەی دیاریکراو و سنوورداری سەندیکایی و بژێوییان هەیە. جۆری دووەم ئەو نارەزایەتییانەن کە بابەتی یان ناوچەییە و پەیوەندی بە پرسەکانی ژینگە، ڕەگەز، منداڵ، زمانی دایکی، بەفەرمی ناسینی شوناس و فەرهەنگەوە هەیە، جۆری سێیەمیش بریتییە لە کردەوەی نارەزایەتیی سەرتاسەری کە ڕاستەوخۆ نەزمی سیاسی دەکاتە ئامانج، خۆپیشاندانە نارەزایەتییە بەرفراوانەکانی ساڵانی ١٣٩٦ و ١٣٩٨ی هەتاوی دوو نموونەی گرنگی ئەم بزووتنەوە سەرتاسەرییەن (پیوندی، ١٤٠٢، ٤). جۆرێک کە نموونە تەواوەکەی لە ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی»دا دەرکەوت.

لەم ڕووەوە دەتوانین ئەم وەرزە لە مێژووی ئێران وەک وەرزی نارەزایەتییە سەرتاسەرییەکان ناوزەد بکەین. هەلومەرجێک کە هەندێک لە شارەزایان بە «کۆمەڵگەی بزووتنەوەیی»[1] ناوی دەبەن، واتە کۆمەڵگایەک کە نارازیەتییە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە کردەوەی گشتی. تەشەنەسەندنی وردە وردەی نارەزایەتییەکان، بەدەروونیبوونی نارەزایەتییەکان و بەدامەزراوەییبوونی کاردانەوەی حکوومەت بۆ نارەزایەتییەکان، چوار تایبەتمەندیی سەرەکیی کۆمەڵگەی بزووتنەوەیین (مدنی، ١٣٩٩، ٦). بێگومان گرنگیی ئەم سەردێرانە تەنیا بە هۆی زۆربوونی نارەزایەتی لەم قۆناغەدا نییە، بەڵکوو بە مانایەکی قووڵتر، ڕەگ و ڕیشەی لە سروشتی ڕفتار و هەڵسوکەوتی سیاسیی گشتیی ئێرانییەکان لەم قۆناغەدا هەیە. چونکە مۆدێل و سەرچەشنی ڕەفتاری بەکۆمەڵ لە زۆربەی نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی ئەم قۆناغەدا لەگەڵ فۆرمەکانی پێشووی خۆیدا کە زیاتر هەڵوەدای چاکسازی و گۆڕانکاریی لە ناو پێکهاتەی دەسەڵات بوون، فەرقی هەیە و ئەم مۆدێلی نارەزایەتییانە زیاتر بەرەو لای پێکهاتەبەزێنی و خواست بۆ گۆڕینی ڕژێم دەشکێتەوە.

لەم ڕووەوە لە مێژووی هەڵمەتە نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا بزووتنەوەی سەوزی ئێران گرنگییەکی ڕەمزی هەیە و هەر چەشنە پێداچوونەوەیەک بە نارەزایەتییەکانی یەک دەیەی ڕابردوو پێویستی بە گەڕانەوە بۆ ئەو نارەزایەتییە و تێڕامان لە بارەی تایبەتمەندی و دەستکەوتەکانییەتی. بزووتنەوەی سەوز بە دروشمی «کوا دەنگی من؟» وەک نارەزایەتییەک بەرامبەر بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆماری ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی بیچمی گرت، نارەزایەتییەک کە تێدەکۆشا لە چوارچێوەی پێکهاتە سیاسی و یاساییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، لە ڕێگەی میکانیزمەکانی دەستوور و ئیمکانیاتی ناو سیستەمی سیاسی و یاسایی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە خواستەکانیان بگەن. وەک مێهدی کەڕووبی و میرحسێن مووسەوی، دوو بەربژێری نارازی بە ئەنجامی هەڵبژاردن، هەر لە یەکەم ڕۆژەوە بە شێوەی یاسایی

1. movement society

داوای مۆڵەتی ڕێپێوانی ناڕەزایەتییان کرد (دعوت موسوی برای راهپیمایی در روز دوشنبه، ١٣٨٨) و خۆپیشاندانەکە لە برگەی یەکەمدا بە تەواوی لە سەر تەوەری ڕێپێوانێکی ئارام و بێدەنگ، ناسراو بە «ڕێپێوانی بێدەنگی» و دروشمی «کوا دەنگی من؟» بەڕێوە چوو (سکوت سرشار از ناگفته‌ها بود، ٨٨). بەڵام ئەم ناڕەزایەتییە ئاشتیانە و پابەند بە نۆرمەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، دوا بە دوای کاردانەوەی توندوتیژانە و سەرکوتگەرانەی حکوومەت کە بووە هۆی کوژران و برینداربوون و دەستبەسەرکردنی ژمارەیەکی زۆری خۆپیشاندەران و بەکارهێنانی خراپترین ئەشکەنجە و هەڵسوکەوتی نایاسایی، چووە قۆناغێکی نوێوە کە ئیتر گرژی لە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و ناڕەزایەتی دژ بە دەستکاریکرانی دەنگەکان نەبوو، بەڵکوو ناڕەزایەتییەکان لە سەر خودی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و کۆڵەکەکانی، بەتایبەت ڕێبەری ئینقلاب، چڕ بووەوە. هەر بۆیە دروشمەکانی «کوا دەنگی من؟»، «هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردنەکان، کۆتایی ناڕەزایەتییەکان» ، «ساختەکاری حەرامە، ئەمە دروشمی ئیمامە» ، «ئەگەر مەرگیش بمباتەوە، دەنگەکەم دەستێنمەوە» گۆڕا بۆ «دەستدرێژی، تاوان، نەمان بۆ ئەم وەلایەتە» ، «ئەم مانگە مانگی خوێنە، یەزید دەڕوخێ» ، «مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی»، «مەرگ بۆ خامنەیی»[1] و هتد. ئەم ئاڵوگۆڕە کە بە شێوەی خۆڕسک و ناوشیارانە لە کەشوهەوای گرژی بزووتنەوەی سەوزدا ڕووی دا، بە شێوەیەکی ڕەمزی گوزارشت بوو لە کۆتاییهاتنی ئایدیا و پرۆژەی چاکسازی لە ئێران و بە بنبەستگەیشتنی چاکسازی لە ئێران. دروشمی زۆر باو و دووپاتکراوی «ڕیفۆرمخواز، بناژۆخواز، ئیتر بەسە درۆ و دەلەسە»[2] کە لە زۆربەی ناڕەزایەتییەکاندا دەوترێتەوە، بە ڕوونی ئەم باوەڕە گشتییە دەردەخات. هەر بۆیە بزووتنەوەی سەوز بە خاڵی وەرچەرخانی بزووتنەوە و ناڕەزایەتییەکانی سەردەمی کۆماری ئیسلامی دادەنرێ کە بە شێوەیەکی کردەیی ئایدیای تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی باڵی بە سەر داخوازییە گشتییەکانی ئێران کێشا و کردی بە فاکتەری سەرەکیی گوتاری ناڕەزایەتیی ئێران.

لەبەر ئەمەیە کە تەنانەت بە سەرکەوتنی میانڕەوەکان لە ساڵی ١٣٩٢ی هەتاویدا، مۆدێلی ڕەفتار و دەربڕینی گوتاری ناڕەزایەتی دانامرکێ و بە چەندین جار لە ناڕەزایەتییە گشتی و سەندیکاییەکاندا ئەم دروشمە پێکهاتەبەزێنانە دەنگ دەدەنەوە. بەڵام لە ڕووی پێگەی چینایەتی و کۆمەڵایەتییەوە، بزووتنەوەی سەوز مۆرکێکی تەواو سیاسی پێوە دیار بوو و هی چینی مامناوەندی مۆدێرنی شاری بوو کە سەرەڕای پێشنیار و داوای مافی زۆربەی چین و توێژەکان و تەنانەت کەمینە ئێتنیکی و ئایینزاییەکان، نەیتوانی لەمپەری چینایەتیی خۆی ببەزێنێ و دزە بکاتە ناو هەموو جومگەکانی کۆمەڵگا، بەم شێوە بیچمگرتن و بەردەوامییەکەی زیاتر لە تاراندا قەتیس مایەوە و لە شارەکانی

---

١. « رای من کو؟»، « ابطال انتخابات، پایان اعتراضات»، «تقلب حرام است این شعار امام است» ، «حتی اگر بمیرم، رای‌مو پس می‌گیرم» به « تجاوز، جنایت، مرگ بر این ولایت»، «این ماه ماه خون است، یزید سرنگون است»، « مرگ بر جمهوری اسلامی»، «مرگ بر خامنه‌ای»

٢. «اصلاح طلب، اصول‌گرا، دیگه تمومه ماجرا»

دیکەدا جگە لە هەندێک نارەزایەتیی خوێندکاری لە زانکۆکاندا، زۆر پەرش و بڵاو و ناوە ناوە بە دەنگییەوە چوون. بەڵام سەرباری ئەمە، دواتر سەردەمێکی نوێ لە پانتایی کردەوەی گشتیی کۆمەڵگای ئێراندا هەڵدرایەوە، کە دەتوانین ئەم قۆناغە وەک دەسپێک دەستنیشان بکەین.

## لێکدانەوەی شیکارانەی نارەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی

نارەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ١٣٩٨ کە بە «ئابانی خوێناوی» ناسراوە بە زنجیرەیەک لەو نارەزایەتییانە دەوترێ کە لە ڕۆژی هەینی ٢٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی (٢٤ ئابان) لە دژی بەرزبوونەوەی ٢٠٠ لە سەدی نرخی بەنزین و دووبارە پشکبەندیکردنەوەی بەنزین لە زۆرێک لە شارەکانی ئێران دەستی پێکرد و ماوەی هەفتەیەک لە ٢٥ی خەزەڵوەرەوە تا ٣٠ خەزەڵوەر بەردەوام بوو. ئەم نارەزایەتییە لە ماوەیەکی کورتدا سەرتاسەری ئێرانی گرتەوە و نارازییەکانی زۆربەی چین و توێژەکان هاتنە ڕیزی خۆپیشاندەرانەوە.

ئەم نارەزایەتییانە کە لە دژی گرانبوونی نرخی بەنزین ڕوویان دا، زیاتر ئاخێزگەی ئابورییان هەبوو و گوزارشت بوو لە بارودۆخی ناخۆش و سەختی ئابووریی خەڵک بەتایبەت گرووپە هەژار و خەساردیتووەکان، بەڵام بازنەی ئەم نارەزایەتییە تەنیا لە پرسە ئابوورییەکاندا قەتیس نەبووەوە و بوو بە سەکۆیەک بۆ زۆرێک لە داواکارییە سیاسی، کۆمەڵایەتی، سەندیکایی و بەرەییەکان. لە ڕوونکردنەوەی ڕوودانی ئەم شەپۆلی نارەزایەتییە، دەتوانین ئاماژە بە چەند هۆکار و فاکتەرێک بکەین. لە ساڵان و مانگانی پێش خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی، چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لە چەندین قۆناغدا تامی تاڵی هەڵاوسانی بێسنوور، گرانیی کۆنترۆڵنەکراو، دابەزینی بەهای دراوی نیشتمانی و هتدیان چەشتبوو و ئەو گوشارانەی کە بە هۆی سزا نێودەوڵەتییەکانی سەر مەلەفی ئەتۆمیی ئێرانەوە هاتبوونە ئاراوە و هەروەها یاریی پڕتێچووی ئێران لە مەیدانی دیپلۆماسیی ناوچەیی و جیهانیدا، ڕۆژ بە ڕۆژ قورسایی زیاتری دەخستە سەر شانی خەڵک. ئەم نەهامەتییانە لە حاڵێکدا بە سەر خەڵکدا کەڵەکە ببوو کە لە ناو حکوومەتدا کەمترین ئیرادە و هیوا بۆ چاکسازی لە کاروبارەکاندا بەدی نەدەکرا، بەڵام بە شێوەی بەردەوام هەواڵی دزی و گەندەڵیی میلیاردی، هەڵکشانی بڕی باج، چاپکردنی پارە و زیادبوونی قەبارەی نەختینەیی و ئەو هەڵاوسانەی کە لێی دەکەوتەوە، کەمیی دەرمان و هەندێک شتومەکی سەرەکی هیچ تروووسکاییەکی دڵخۆشکەر و ئاسۆیەکی ڕوونی بۆ خەڵک نەهێشتبووەوە. قەیرانەکانی بەڕێوەبردن، نەبوونی شەفافیەت، وەڵامنەدانەوە و خۆدزینەوەی سیستەمی دەسەڵاتدار لە بەرپرسیارێتی لە سەر ئاستی بەڕێوەبردنی کەلان و ورد و بەرنامەی ئایدیۆلۆژیکیی بانگەشە و برەودان بە شێوازی ژیانی ئیسلامی لە سەر بنەمای ئایدیۆلۆژیای ڕژێم، دژایەتیکردنی هەموو جۆرە جیاوازی ئازادیی کۆمەڵایەتی بە بیانووی بەرەنگاربوونەوەی کاریگەریی فەرهەنگی و شەڕی نەرم، لە ناو کۆمەڵگایەکدا کە نەوە نوێکانی لە جیهانی مەجازی و باندای بەرفراوان و بێسنووری ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لەدایک ببوون

و ژن و کچانێک کە زۆربەیان خوێندەوار بوون، بێشک دژی فەرهەنگی پیاوسالاری چ لە ناو ماڵ و چ لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا دەوەستانەوە، ئالنگارییەکی دیکەی هێنایە ئاراوە کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئامادە نەبوو لێیان تێبگا و قبووڵیان بکا، کە هەر ئەمە هاندەرێکی دیکە بوو کە گڕی ئەم بزووتنەوە نارەزایەتییانەی پتر خۆش دەکردەوە. لە وەها دۆخێکی لێکدژ و پڕکێشمەکێشدا کە ناوەندی مەدەنی و پێکهاتەکانی هەڵبژاردنی کارامە بۆ دەربڕین و جێبەجێکردنی دەنگی گشتی لە ئارادا نەبوون، شەقام بە ناچاری بوو بە شوێنی سیاسەت و ناکۆکییە سیاسییەکان.

بە پێی ڕاپۆرتە بەڵگەییەکانی هەواڵدەریی کۆمەڵەی چالاکانی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران، لێکبڵاویی جوگرافیایی نارەزایەتییەکانی ئابانی خوێناوی؛ ٢٩ پارێزگا و ١٠٤ شار و زیاتر لە ٧١٩ خاڵی گرتەوە (جمع بندی از اعتراضات خونین آبان ٩٨، ١٣٩٨). هەر بۆیە نارەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی (ئابانی خوێناوی)، بە پێچەوانەی زۆرێک لە نائارامییەکانی پێشوو، نارەزایەتییەکی سەرتاسەری و گشتی بوو کە لە هەموو بەشەکانی ئێراندا ڕووی دا و بازنەی ئەم خۆپیشاندانە بە مەڵبەندێکی تایبەتیی جوگرافیای ئێران سنووردار نەبووەوە. بە پێچەوانەی هەندێک لە شیکارییە چینایەتییەکان کە کۆمەڵگەی نارازی لە سنووری «کەمدەرامەتانی شاری»[1] و هەژارانی پەراوێزنشیندا تەسک دەکەنەوە، زۆربەی چین و توێژەکان لە سەروویانەوە ناوچە کەمبەشەکان لەم نارەزایەتیانەدا بەشدارییان کردووە. ئاسف بەیات لەو بارەوە دەڵێ: لە خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاویدا خۆپیشاندەران بە پێگەی کۆمەڵایەتیی جیاوازەوە (کەمدەرامەتان، ژنان، خوێندکاران، گەنجان، چینی مامناوەند، هەژاران و هتد) سەرەڕای نارەزایەتییەکانی خۆیان ڕژانە سەر شەقام و داواخوازیی گشتیتر و سیاسیتریان دەکرد. بە ڕای من ئەمە گۆڕانکارییەکی زۆر گرنگ بوو کە بزووتنەوەی ئابانی ١٣٩٨ـی لە بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی - شۆڕشگێڕی نزیک کردەوە ... بە گشتی لە هیچ بزووتنەوەیەکی نارەزایەتیی بەرفراوان و نیشتمانیدا تەنیا یەک تاقم دەوری سەرەکی نابینێت و گرووپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بەشداری تێدا دەکەن. ئەم فرەیی گرووپە کۆمەڵایەتییانە هەم خاڵی بەهێزیی بزووتنەوە نارەزایەتییەکانە و هەم ئاڵۆزیشی دەکات؛ لەبەر ئەوەی کە ئاخێزگە و بنچەی کۆمەڵایەتی و هەستیاریی کۆمەڵایەتییان جیاوازە. لە نارەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ١٣٩٨ـیش گرووپە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان تێیدا بەشدارییان کرد، بەتایبەت گەنجان و ژنان و چینی پلە نزمی کۆمەڵگا بەتایبەت لە شار و شارۆچکە پەراوێزییە جوگرافی و کۆمەڵایەتییەکان. بەڵام پێدەچێ بەشداریی چینە کەمداهاتەکان و توێژە دەستکورتەکان لە ناوچە پەراوێزییەکان، زیاتر بووبێت (بیات، ١٣٩٨).

لیستی دروشمی نارەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ١٣٩٨، لە سەر تەوەر و ناوەڕۆکی ئابووری و سیاسیی وەک: «مەرگ بۆ گرانی»، «هەژاری، کوشتن، گرانی، خەڵک بوونەتە قوربانی» هەتا

---

١. پەراوێزنشینانی شاری، چەرچی و کرێکارانی ڕۆژمز کە هەموویان لە بازنەی هەژارانی شاریدا لە قەڵەم دەدرێن، لەو گرووپە کۆمەڵایەتییانەن کە سەر بە هیچ چین و توێژێکی دیاریکراو نین (بیات، ١٣٩١، ١).

دەگاتە «کۆماری ئیسلامیمان ناوێ، ناوێ»، «مەرگ بۆ دیکتاتۆر»، «مەرگ بۆ خامنەیی»، «ئازادی و دادپەروەری؛ ئەمەیە دروشمی جەماوەری»، «واز لە سوریا بێنە، مشوورێک بە حاڵی ئێمە بخۆ» (شعارهای آبان ٩٨؛ معترضان اصل حکومت را نشانه رفتند، ١٣٩٨)، گوزارشت لە تێگەیشتنی گشتیی کۆمەڵگا لە تێهەڵکێشبوونی ئابووری، سیاسی و کاروباری کۆمەڵایەتی دەکا و ئەوەی کە ڕیشەی کێشە و ئاریشەکان دەگەڕێتەوە بۆ بناغە ڕەفتاری و گوتارییەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی.

خۆپیشاندەران لە نائارامییەکانی خەزەڵوەردا، بە مەبەستی دەربڕینی داواکاری و نارەزایەتییەکانی خۆیان، بە پێی هەلومەرج، ژمارەی خۆپیشاندەران، شوێنی نارەزایەتی، و هەروەها شێوازی هەڵسوکەوتی هێزە ئەمنییەکان و هێزە ئینتزامی - سەربازییەکانی حکوومەت، هەستان بە بەکارهێنانی جۆرەکانی تاکتیکی خۆپیشاندان وەکوو کووژاندنەوەی ئۆتۆمبێل لە سەر شەقامەکان و ئوتووبانەکان و ڕێگاوبانەکان، داخستنی ڕێگای نێوان شارەکان، کۆبوونەوەی هێمنانە و بەدوور لە توندوتیژی بە هەڵگرتنی پلاکارد و دروشمدان، مانگرتن و داخستنی دووکان و بازاڕەکان، زیانگەیاندن بە موڵکی گشتی، هێرشکردنە سەر شوێنەکان و هێما ئایدۆلۆژییەکانی حکوومەت (مدنی، ١٣٩٩، ٣٦)، کە لەم نێوەندەدا هۆگری بۆ ڕەفتاری توندوتیژانەی نارەزامەندانە زۆر جار بە هۆی ڕفتاری هێزەکانی کۆنترۆڵ و سەرکوتکاری حکوومەتەوە بوو، کە بە بێ گوێدانە تێبینی و پرەنسیپی یاسا نێودەوڵەتی و تەنانەت ناوخۆییەکانی خۆپیشاندان، هەستان بە سەرکوتی نایاسایی و توندئاژۆیانە. لە حاڵێکدا بە پێی مادەی شەشەمی پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان «مافی ژیان یەکێک لە مافە سروشتییەکانی مرۆڤە». ئەم مافە دەبێ لە لایەن یاساوە بپارێزرێت. ناشێ هیچ کەس سەرەڕۆیانە (بە بێ مۆڵەت) لە ژیانی بێبەش بکرێت" (١٩٩٦). ئەرکی هێزی پۆلیس و ئاسایش ئەوەیە کە ڕێز لە مافی ژیان بگرن و بیپارێزن. بۆ ئەم مەبەستە «بنەما بنەڕەتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە بەکارهێنانی توندوتیژی و هەڵگرتنی چەکی گەرم» وای دیاری کردووە کە هێزی پۆلیس و ئاسایش نابێ چەکی گەرم لە دژی تاکەکان بەکار بهێنن مەگەر لە کاتی بەرگریکردن لە خۆیان یان کەسانی دیکە لە ئەگەری ڕوودانی مەرگ یان هەر زیانێکی جیددی هەیە و لە هەر حاڵەتێکدا بەکارهێنانی چەکی گەرمی کوشندە تەنها کاتێک ڕێگەپێدراوە کە بۆ پاراستنی گیان بە تەواوی پێویست بێت. ئەگەر بەکارهێنانی چەک شتێکی حەتمی بێ، پۆلیسەکان دەبێ تەنیا ئەوەندە بەکاری بهێنن کە بۆ ئامانجە ڕەواکەی خۆیان پێویست بێ و کەمترین زیان یان برینداربوونی لێ بکەوێتەوە (اصول اساسی استفاده از زور و سلاحهای گرم توسط ماموران نیروی انتظامی، ١٩٩٠). ڕووداوی وەکوو وێرانکردن و سووتاندنی موڵک و ماڵی حکوومەت و هێرشکردنە سەر حەوزەی عیلمییە و نووسینگەکانی پێشنوێژانی هەینی دوای ئەوە ڕوویان دا کە نارەزایەتییەکان ڕەنگ و ڕووی توندوتیژییان بە خۆوە گرت. بەشێک لە شرۆڤەکاران لایان وایە کە ئەم هێرشانەیان بە هۆی تووڕەیی خەڵک لە پشتیوانیی حەوزەی عیلمییە لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامییە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە بە وتەی هەندێک لە کەسایەتییە سیاسییەکان، حکوومەت بۆ چڕکردنەوەی

سەرکوت، خۆی موڵک و ماڵی گشتیی لەناو بردووە و دەیخاتە سەر خۆپیشاندەران.

حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە میانەی ئەم ناڕەزایەتییانەدا بە بێ ئاگادارکردنەوەی فەرمی، باری نائاسایی ڕاگەیاند. بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، «حکوومەتی ئێران بە ئەنقەست و کوشندە چەکی گەرمی بەکار هێنا و بە شێوەی نایەکسان هێزی زەبری بەکار هێنا» لە زۆرێک لە گرتە ڤیدیۆییە بڵاوکراوەکانی ناڕەزایەتییەکاندا، هێزەکانی پۆلیس ڕاستەوخۆ تەقە لە خەڵک دەکەن. لە هەندێک لەو گرتە ڤیدیۆییانەدا ژمارەیەک لەو کوژراوانە دەبینرێن کە تەقە لە سەریان کراوە. بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان، تەنانەت ئەگەر ئیدیعای حکوومەتی ئێران بۆ زیانگەیاندن بە موڵک و ماڵی گشتی ڕاست بێ، تەنها لە حاڵەتی «بەرگریی ڕەوا و پاراستنی تاکەکان لە مەترسیی خێرای مەرگ یان برینداربوونی مەترسیدار» ڕێگەپێدراوە و نە فڕێدانی بەرد، زەرەرگەیاندن بە موڵک و ماڵی گشتی و سووتاندنی بینا حکوومەتییەکان. ئەمە لە حاڵێکدایە کە دامودەزگاکانی چاودێری و شایەتحاڵەکان پشتڕاستی دەکەنەوە کە حکوومەتی ئێران لە دژی خۆپیشاندەران فیشەکی جەنگی بەکار هێناوە و ناڕەزایەتییەکانی بەرەو توندوتیژی کێشاوە (منتظری، ١٣٩٨).

ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە دوایین ڕاپۆرتیدا ژمارەی کوژراوانی ناڕەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی بە ٣٢٤ کەس ڕاگەیاند و لەم بەڵگەنامەشدا وردەکارییەکانیان بە ناو و شۆرەت، شوێنی مردن، ڕێکەوتی ڕووداوی مردن، تەمەن، هۆکاری مردن و سەرچاوەی هەواڵەکەی هێناوە. ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لەم ڕاپۆرتەدا ڕوونی دەکاتەوە کە پێی وایە ژمارەی ڕاستەقینەی کوژراوەکان زیاترە. لە درێژەی ڕاپۆرتەکەدا باس لە دەرەنجامەکانی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی سەبارەت بە سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران دەکا و دەڵێ: «لێبوردنی نێودەوڵەتی گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کە بەکارهێنانی چەکی کوشندە لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دژی کوژراوان لە زۆرێک لە حاڵەتەکاندا کارێکی نایاسایی بووە. بە پێی لێکۆڵینەوە بەرفراوانەکانی ئەم ڕێکخراوە، بۆ نموونە شرۆڤە و شیکاریی ڤیدیۆکان، هیچ بەڵگەیەک نەبوو کە پیشان بدا کە خۆپیشاندەران چەکی گەرمیان بووبێ و ڕەفتارەکانیان هەڕەشەی مەرگی لە هێزە ئەمنییەکان و کەسانی دیکە کردبێ (عفو بین‌الملل، ١٤٠٠، ١). سەید حسێن نەقەوی حسەینی، وتەبێژی کۆمیسیۆنی ئاسایشی نیشتمانی و سیاسەتی دەرەوەی مەجلیس، لە کۆبوونەوەی نوێنەران و بەرپرسانی وەزارەتی ئیتلاعات و ئیتلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەتی ناوخۆ لە ٤ی سەرماوەزی ١٣٩٨ی هەتاوی، ژمارەی دەستبەسەرکراوانی نائارامییەکانی ئێرانی بە نزیکەی ٧ هەزار کەس ڕاگەیاند (نشست نمایندگان و مسوولان وزارت اطلاعات، اطلاعات سپاه و وزارت کشور، ١٣٩٨). دامەزراوەکانی مافەکانی مرۆڤ و میدیا ناحکومییەکانی دەرەوەی ئێران ژمارەی کوژراوەکانیان بە زیاتر لە هەشت هەزار و ٦٠٠ کەس مەزەندە کرد (مهرابی، ١٣٩٨). دەستگیرکراوەکان بە پێی ڕاپۆرت و ئاشکراکردنەکانی ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ و گێڕانەوەی ئەزموونی بەشێک لە دەستگیرکراوەکان، تووشی ئەشکەنجەی شۆککەر و حاڵەتی بەرفراوانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ

بوون. لە ١٢ی خەرمانان ١٣٩٩ ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی ڕاپۆرتێکی لە ژێر ناوی «تێکدەرانی مرۆڤایەتی»، دەستگیرکردنی بەلێشاو و بێسەروشوێنکردن و ئەشکەنجەی لە دوای ناڕەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ١٣٩٨ لە ئێراندا بڵاو کردەوە و تێیدا باس لە شێوازەکانی هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خۆپیشاندەران و ئەشکەنجەی نامرۆڤانەیان دەکات. ئەم ڕاپۆرتە لە سەر بنەمای دیمانەکان، پەیامی نووسراو یان دەنگی و هەروەها چەندین ڤیدیۆی لێدوانی سەدان شارۆمەندی ناوخۆی ئێران لەوانە خۆپیشاندەران و شایەتحاڵانی ناڕەزایەتییەکان، ئەندامانی خانەوادەی خۆپیشاندەران، دۆست و هاوڕێیان یان ئاشنا و ناسیاوی گیراوەکان، پارێزەران، کاربەدەستانی ناوەندە تەندروستییەکان، ڕۆژنامەنووسان یان چالاکوانانی ناوچەیی و سەرچاوە ئاگادارەکانی ناو زیندانەکاندا ئامادە کراوە. لەم ڕاپۆرتەدا باس لەوە کراوە کە «ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی بەدواداچوونی بۆ هەڵسوکەوتی بەرپرسانی ئێرانی لەگەڵ ئەو گیراوانە کردووە کە لە پێوەندی لەگەڵ ناڕەزایەتییەکاندا دەستگیر کراون و گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە ئەو بەرپرسانەی لە ڕێگەی دەستگیرکردنی سەرەڕۆیانە، بێسەروشوێنکردنی زۆرەملی، ئەشکەنجەدان و بەدڕفتاریی دیکە و پێشێلکردنی ڕوونی مافی سوودمەندبوون لە دادگاییکردنێکی دادپەروەرانەوە، چالاکوانانی میدیایی کە ڕووداوەکانی پەیوەست بە خۆپیشاندانەکانیان ڕووماڵ دەکرد، داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ وەکوو چالاکانی مافەکانی کەمینەکان و هەروەها بەشداربووانی ڕێوڕەسمی بیرئانینی گیانبەختکردووانی ناڕەزاییەتییەکان، لە لایەن بەرپرسانەوە کراونەتە ئامانج (عفو بین‌الملل، ١٣٩٩، ٦). لێدان، بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ، زیندانیی تاکەکەسی بۆ ماوەیەکی درێژ، ملنەدان بە دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان و بارودۆخی نامرۆڤانە لە ناو زیندان، ڕووتکردنەوەی ناچاری و ڕشتنی ئاوی سارد بە سەر جەستەدا، ڕاگرتنی درێژخایەن و بەردەوام لەبەر گەرما و سەرمای زۆر و بۆردومانکردن بە ڕووناکیی چڕ و دەنگی ناخۆش، هەڵکەندنی نینۆکی پەنجەکانی دەست و پێ، ڕشاندنی سپەری بیبەر بە سەر ئەندامە جیاوازەکانی جەستەدا لەوانەش کۆئەندامی زاوزێ، دەرزی‌لێدانی زۆرەملێ یان پێخواردنی مادە کیمیاییەکان، لێدانی تەزووی کارەبایی لە جووتە گونەکان، پێدانی هەستی خنکان بە ئاو، لەسێدارەدانی شانۆیی، ئەشکەنجەدانی دەروونی و دانپێدانانی زۆرەملێ، لە جۆرە دیارەکانی ئەشکەنجەدانی گیراوانی خۆپیشاندانەکەی ئابانی ١٣٩٨ بوون. (عفو بین‌الملل، ١٣٩٩، ٤٢-٧١).

کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە ناڕەزایەتییەکانی ئابانی ١٣٩٨ دەستبەجێ دوای توندبوونەوەی ناڕەزایەتییەکان و تەشەنەسەندنی ناڕەزایەتییەکان بۆ نزیکەی سەد شاری ئێران دەستی پێکرد. لە دامەزراوە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤەوە بگرە هەتا دەگاتە بەشێک لە بەرپرسانی سیاسی لە وڵاتە جیاجیاکان، لە سەر ڕووداوەکانی ئەم مانگە هەڵوێستیان گرت. یەکەم کاردانەوە نێودەوڵەتییەکان بە هەڵوێستگرتنی بەرپرسانی باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستی پێکرد. مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە تووێتێکدا پشتگیری لە خۆپیشاندانەکانی ئابانی ١٣٩٨ کرد و نووسی: «ئەمریکا لەگەڵ خۆپیشاندەرانی ئێرانە». مۆرگان

ئۆرتیگاس، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، بڕینی ئینتەرنێت لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە ئیدانە کرد و لە توویتێکدا نووسی: ئەمریکا لەگەڵ خەڵکی ئازارچێشتووی ئێرانە کە ئێستا لە دژی دوایین نادادپەروەری لە لایەن حکوومەتی گەندەڵەوە ڕاپەڕیون.» بۆریس جۆنسن سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا وتی: نارەزایەتییەکان لە ئێران دەرەنجامی بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین نییە، بەڵکوو دەرەنجامی نارەزایی بەربڵاوی خەڵک لە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. «لەگەڵ پچڕانی ئینتەرنێت لە ئێران، سوید، ئاڵمان و فەرەنسا، لە کاردانەوەی جیادا، داوایان لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کرد کە ڕێز لە مافی خەڵک بۆ ئازادیی ڕادەربڕین و خۆپیشاندانی ئاشتیانە بگرێت. لە بەیاننامەی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئابانی ١٣٩٨، جەخت لەوە کراوەتەوە کە «ئەم وڵاتە جارێکی دیکە جەخت لە سەر پابەندبوونی خۆی بە ئازادیی ڕادەربڕین و مافی ئەنجامدانی خۆپیشاندانی ئاشتیانە و دەستڕاگەیشتن بە ئامرازەکانی گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان دەکاتەوە و داوا لە حکوومەتی ئێران دەکا کە لە سەر پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی خۆی لەم بوارانەدا و بەتایبەت سەبارەت بە پەیمانی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی هاووڵاتییان سوور بێت.» مەولوود چاوش ئۆغڵو، وەزیری دەرەوەی تورکیا، لە هەڵوێستێکی بێلایەندا، هیوای خواست کە خۆپیشاندانەکانی شارەکانی ئێران بە زووترین کات کۆتایی پێ بێ و شاسەلمان، پاشای عەرەبستانی سعوودی لە وتارێکدا لە کۆبوونەوەی ساڵانەی ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی سعوودییە ڕایگەیاند؛ «ڕفتارەکانی کۆماری ئیسلامی بووەتە هۆی زیانگەیاندن بە خەڵکی ئێران». مایا کوسیانچیچ، وتەبێژی کاروباری دەرەوەی یەکێتیی ئورووپا، داوای لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کرد کە بەرامبەر بە خۆپیشاندەرانی ئێران زیاترین نەرمی لە خۆیان بنوێنن. هەروەها ڕووسیا چەند هەڵوێستێکی وەک لایەنگری لە کۆماری ئیسلامی ڕاگەیەند، ماریا زاخارۆڤا، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا ڕایگەیاند کە دۆخی ئێران وردە وردە ئاسایی و سەقامگیر دەبێت. ئەم بەرپرسەی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا وتبووی کە دەسەڵاتدارانی ئێران دەتوانن گرژی و بارودۆخی ئێران ئاسایی بکەنەوە. زنجیرە کاردانەوەی پەیتا پەیتای کاربەدەستانی باڵای جیهان لە سەروویانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چەند ڕۆژ و چەند هەفتەیەک دوای دەستپێکردنی نارەزایەتییەکان هەر بەردەوام بوو. دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، نانسی پلۆسی، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، جۆ بایدن، کامیلا هەریس و زۆرێک لە کۆنگرێسمەن و سیناتۆرەکانی ئەمریکا بە توندی سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ١٣٩٨یان شەرمەزار کرد و لە سەرەتای سەرماوەزی ١٣٩٨، وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا، وەزیری پەیوەندییەکانی ئێران، محەمەدجەواد ئازەری جەهرومی، بە هۆی سانسۆر و پچڕانی بەرفراوانی ئینتەرنێت لە ئێران، خستە لیستی سزاکانەوە.

لەگەڵ پچڕانی ئینتەرنێت لە ناو ئێران، فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان لە بەیاننامەیەکدا داوای هەڵگرتنی «گەمارۆی ئینتەرنێت» لەسەر ئێرانیان کرد. ئەنتۆنی بلانگەر،

ئەمینداری گشتیی ئەم ڕێکخراوە ڕایگەیاندووە کە «تا دێ پچڕاندنی ئینتەرنێت خەریکە دەبێتە ئامرازێک بۆ حکوومەتەکان بۆ بێدەنگکردنی ڕاپۆرتەکانی ڕاگەیاندن و مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیان بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی ئازاد سنووردار دەکەنەوە». نووسینگەی کۆمیسارییای باڵای مافەکانی مرۆڤی لە بەیاننامەیەکدا «نیگەرانیی قووڵ»ی خۆی سەبارەت بە هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارانی ئەمنیی ئێران دژ بە خۆپیشاندەران و کوشتنیان دەربڕی. کۆنفیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی کرێکارانی پیشەسازیی کشتوکاڵ و خۆراک و خزمەتگوزاری (ئای یوو ئێف)، لە بەیاننامەیەکدا ڕەخنەی لە هەڵسوکەوتی توندوتیژانەی حکوومەت لە دژی خۆپیشاندەران گرت. کۆمیسارییای باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەیاننامەیەکدا خوازیاری شەفافیەتی زیاتر لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە بوو و هەروەها داوای «لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ و بێلایەنانە»ی سەبارەت بە سەرکوتکردنی توندی نارەزایەتییەکان لە ئێران کرد. چاودێری مافەکانی مرۆڤ داوای لە ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەکان لە ژنێڤ کرد کە سەبارەت بە «سەرکوتکردنی توندوتیژانە»ی خۆپیشاندەرانی نارەزایەتییەکانی ئابانی خوێناوی لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هەنگاوی خێرا بگرێتە بەر. هەروەها ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە پەیامێکدا نووسی کە چالاکوانانی ئەم ڕێکخراوە و هەروەها «هاوڵاتیانی زۆرێک لە وڵاتانی جیهان» داواکارییەکانی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتییان واژۆ کردووە و داوای ئازادکردنی دەستبەسەرکراوانی ئابانیان لە ئێران کردووە (کریمی، ١٣٩٩).

یەکێک لە دەرەنجامە یاساییەکانی کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە سەرکوتکردنی توندوتیژ و بەربڵاو و بێ وێنەی نارەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ١٣٩٨، پێکهێنانی دادگای نێودەوڵەتیی جەماوەریی ئابان بوو. دادگای نێودەوڵەتی جەماوەریی ئابان، دادگایەکی ناحکومییە کە لە وەڵامی داواکاریی دایکانی خەمگینی ئابانی ساڵی ١٣٩٨، بە دەستپێشخەریی سێ دامەزراوەی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ «دادپەروەریی بۆ ئێران»، «مافەکانی مرۆڤی ئێران» و «ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی پێکەوە لە دژی ئێعدام» پێک هات بۆ ئەوەی کۆتایی بە خەمساردیی کۆمەڵگەی جیهانی بەرامبەر بە تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ١٣٩٨ بێنێت. لە ماڵپەڕی فەرمیی ئەم دادگایەدا سەبارەت بە پێکهێنانی هاتووە: دادگای نێودەوڵەتیی جەماوەریی ئابان، کە لە کۆمەڵێک پارێزەری ناوداری نێودەوڵەتی لە وڵاتانی بەریتانیا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەندەنووسیا، باشووری ئەفریقا و لیبیا پێک هاتووە کە لە بواری مافەکانی مرۆڤ و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا چالاکن و دەڵێن مەبەست لە پێکهێنانی ئەم دادگایە وەڵامدانەوەی داواکارییە پەیتا پەیتاکانی خانەوادەی کوژراوەکان بۆ دادخوازی لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە کەمتەرخەمیی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و کۆمەڵگەی جیهانی بەرامبەر کۆمەڵکوژیی خەزەڵوەری ١٣٩٨، بۆ پێڕاگەیشتن بەم تاوانەیە. ئەم دادگایە لە ١٩ هەتا ٢٣ـی خەزەڵوەری ١٤٠٠، لە ماوەی پێنج کاتژمێر کۆبوونەوەی لە هۆڵی چێرچ هاوسی لەندەندا، ڕەهەندەکانی ئەم خۆپیشاندانەی تاوتوێ کرد و هەروەها شایەتیی ٤٥ کەس لە بەجێماوان،

کەسوکاری کوژراوان و شایەتحاڵانی ئامادەی کۆبوونەوەکە بیسترا (ایران تریبونال: دادگاه بین‌المللی مردمی آبان). بە وتەی ڕێکخەرانی دادگاکە، دادگای جەماوەریی ئابان بە نیازە ئەو پرسە ڕوون بکاتەوە کە ئایا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکانی ئابانی ١٣٩٨دا تاوانی دژە مرۆڤایەتییان ئەنجام داوە یان نا. لە پوختەی حوکمی «دادگای نێودەوڵەتیی جەماوەریی تاوانەکانی ئێران (دادگای ئابان)، ٣٠ی سێپتێمبەری ٢٠٢٢ (٨ی مانگی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی)»، هاتووە: دەستەی دادوەران بە کۆی دەنگ گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە کۆمەڵە بەڵگە وەدەستهاتووەکان دەیسەلمێنن کە حکوومەت و هێزەکانی ئاسایشی ئێران (لەوانەش وەزارەتی ناوخۆ، ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی، ئەنجومەنی ئاسایشی پارێزگاکان، هێزی ئینتزامی (ناجا)، سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی، هێزی میلیشیای بەسیج، وەزارەتی ئیتلاعات، دیکەی هێزە لیباس شەخسییەکان و وەزارەتی داد) بە مەبەستی سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکان و پەردەپۆشکردنی تاوانەکان بە دارشتن و جێبەجێکردنی پلان تاوانی دژی مرۆڤایەتییان لێ وەشاوەتەوە، تاوانگەلی وەکوو کوشتن و زیندانیکردن و بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ و ئەشکەنجەدان و توندوتیژی سێکسی. بە پێی حوکمی ئەم دادگا جەماوەرییە، عەلی خامنەیی، حەسەن ڕۆحانی، عەلی شەمخانی، ئیبراهیم ڕەئیسی، عەبدولڕەزا ڕەحمانی فەزڵی، حسەین ئەشتەری، حسەین سەلامی، غوڵامڕەزا سولەیمانی، حەسەن کەرمی، حەبیبوڵا جان نیساری، لەیلا واسقی، عەبدولکەریم گەراوەند، محەمەد مەحموودابادی بە تاوانی دژی مرۆڤایەتی تۆمەتبار کراون. لە کۆتایی ئەم حوکمەدا هاتووە: «دەستەی دادوەران بە کۆی دەنگ بڕیاریان دا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرپرسیاری پێشێلکردنی ئەم ماف و ئازادیانەیە: ئازادیی کۆبوونەوە؛ مافی ژیان؛ مافی ئازادی و ئاسایش؛ مافی بێسەروشوێن‌نەکردنی زۆرەملێ؛ مافی ئەشکەنجەنەکران و ڕفتار یان سزای دڕندانە و نامرۆڤانە یان ڕیسواکەرانەی وەکوو توندوتیژیی سێکسی و دەستدرێژیی سێکسی؛ مافی دەستڕاگەیشتن بە دادپەروەری وەکوو کەرامەتی مردوو» و داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کراوە کە حکوومەت و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان کە ئامرازە حکوومەتییەکانی سەپاندنی سزایان بە دەستەوەیە، وەکوو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێتیی ئەورووپا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بریتانیا دەبێ بە شێوەیەکی شەفاف ئەو کەسانەی کە بەرپرسیاری پێشێلکاری و تاوانەکانی پەیوەست بە نارەزایەتییەکانی ئابانی ساڵی ١٣٩٨ سزای ئامانجداری تاکەکەسیان بە سەردا بسەپێنن و لەوە دڵنیا بن کە سەپاندنی سزاکان بە پێی پرۆسەی دروستی یاساییە و بە گوێرەی ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ و هاوئاهەنگ لەگەڵ میکانیزمەکانی وڵامدانەوەی تاوانەکان ئەنجام بدرێن بۆ ئەوەی تاوانباران وڵام بدەنەوە و زیانەکانی قوربانییانیش قەرەبوو بکرێتەوە (خلاصه رای دادگاه بین‌المللی مردمی آبان، ٢٠٢٢).

لە ڕووی شیکاری و چوارچێوەبەندییەوە[1]، لە نارەزایەتییەکانی خەزەڵوەر (ئابان)ی ١٣٩٨ی

١. بە پێی تیۆری چوارچێوەسازی، چوارچێوەکان بە تەرخانکردنی مانا بۆ ڕووداوەکان و لێکدانەوەی ڕووداوەکان، بە نیازن ئەندامانی بەهێز و پشتیوانیی چاودێران کۆ بکەنەوە و نەیاران پاسیف و ناچالاک بکەن. بە بڕوای سنۆ و هاوکارەکانی،

هەتاوی، لە کۆی ١٥٠ دروشم، ٧٢ دروشم لە چوارچێوەی دەستنیشانکردن و ٣٠ دروشم لە چوارچێوەی ڕێنمایی و ١٧ دروشم لە چوارچێوەی ئەنگێزەیی و پاڵنەریدا بوون. لە وەسفکردنی دروشمە نارەزایەتییەکانی ئەم قۆناغە لە شێوەی چوارچێوەیەکی دەستنیشانکردندا، دروشمەکان لە سەر دوو تەوەری ئابووری و سیاسی بوون. لە تەوەری یەکەمدا خۆپیشاندەران بە دروستکردنی هەندێ دروشم، قۆرخکردنی ئیمتیازاتی ئابووری و داهات و سەرچاوە نەوتییەکانیان لە لایەن هەندێک گرووپەوە کردە ئامانج و ئەم دابەشکردنی نایەکسان و نادادپەروەرانەی سەروەت و سامانەیان وەک یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی کێشە ئابوورییەکانی ناو کۆمەڵگە لە قەڵەم دا: «سەرمایەدار، پارەکانمان بۆ بگەڕێنەوە». ئەوان هەروەها پێیان وایە کە سیاسەتەکانی پاڵپشتیی ئابووریی حکوومەتی ئێران لە وڵاتانی موسڵمان هۆکاری بارودۆخی نالەباری ئابووریی ئێرانە و داوای کۆتاییهاتنی ئەو سیاسەتە و ئاوڕدانەوەی زیاتری دەوڵەت لە خەڵک بوون. هەروەها ئەوان وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بە وتەی کاربەدەستەکانی دەسەڵات کە دەڵێن زۆرێک لە کێشە ناوخۆییەکانیان هەڵدەگەڕێتەوە بۆ هۆکارە دەرەکییەکانی وەکوو گەمارۆ و زەختەکانی ئەمریکا، هەوڵیان داوە بە دروشمی «دوژمنی ئێمە لێرەیە، درۆ دەکەن ئەمریکایە» قسەکانیان لەمەڕ ئەوەی کە هۆکاری قەیران و کێشە ناوخۆییەکان و بارودۆخی نابەسامانی ئابووری ڕەخنەباران بکەن و بڵێین سەرچاوەی ئەم کێشانە هۆکاری ناوخۆیی و بەڕێوەبردنی لاواز و لە کۆتاییدا سیاسەتی نادروستە. سەرەڕای ئەوەی کە خاڵی دەستپێک و وەرچەرخانی نارەزایەتییەکانی ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی، هاوشێوەی نارەزایەتییەکانی بەفرانباری ١٣٩٦، کێشە ئابوورییەکان و ڕەتکردنەوەی سیاسەتەکانی حکوومەت لە ڕووی ئەم ڕەهەندەوە بوو، بەڵام بەشێکی بەرچاوی دروشمەکانی ئەم قۆناغە دروشمی پەیوەست بە دۆخی سیاسیی حکوومەت و ڕژێم بوو. هەر بۆیە دروشمەکان زیاتر لە سەر تەوەری سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی، خودی وەلیی فەقیه و بەهاکانی ئەم سیستەمە سیاسییە، جیاکاری لە بەهرەمەندبوون لە ئیمتییازاتی سیاسی، ڕەخنەگرتن لە هەر سێ دەسەڵات و کارکردیان لە بەدیهاتنی ئەم دۆخە نالەبارە بوو کە لە دروشمەکانی وەکوو: «دەوڵەتی هەرەسهاتوو، لە سەر کۆڵی ئێمە دانیشتووە»، «بەنزین گرانتر بووە، هەژار نەدارتر بووە» دەرکەوت. لە چوارچێوەی پێشنیاریشدا کاکڵی دروشمەکان لە سەر دوو ڕەهەندی سەرەکیی سیاسی و ئابووریی سیستەمی ئایدیاڵدا شیاوی وەسفکردنن. لە ڕەهەندی سیاسیدا دروشمەکان لە سەر

---

ئەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی «چوارچێوەکان»ـەوە، نارەزایەتییەکان پێناسە دەکەن، شوناسە بەکۆمەڵەکان دروست دەکەن و بۆ دروستکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەرفەتەکان دروست دەکەن، لێکی دەدەنەوە و دەیگۆڕن. هەر بۆیە ئەو نارەزایەتییە بزوێنەرەی کە هۆکاری ڕوودانی ڕەفتاری بەکۆمەڵە، ئەنجامی لێکدانەوە و کارلێککردنن کە چوارچێوەکان مومکینیان کردوون؛ و سەرکردەکان و بەشداربووانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، و هەروەها دژبەرەکانیان بە شێوەی تەکووز ئەم لێکدانەوە ئەنجام دەدەن ... پرۆسەی ڕەپاڵخستنی مانا لە ڕەوتی میانەی کردارە بەکۆمەڵەکان لە سێ قۆناغی ناسینی کێشەکان (چوارچێوەی دەستنیشانکردن)، ستراتیژییە ئەگەرییەکانی چارەسەرکردنی کێشە (چوارچێوەی ڕێنمایی) و ئەنگیزە بۆ کارلێک کەری (چوارچێوەی ئەنگێزەیی) ئەنجام دراون. (امینی و دیگران، ١٤٠١، ١١).

تەوەری جۆری پێکهاتەی سیستەمی سیاسی و تایبەتمەندییەکانی، بەها سیاسییە ئەرێنییەکان، یاسای بنەڕەتی و لە کۆتاییدا ستراتیژ بۆ جێبەجێکردنی ئەم مۆدێلە داڕێژراون. ئەو سیستەمە ئایدیالەی کە خۆپیشاندەران گەرەکیانە، سیستەمی دیموکراسییە. خۆپیشاندەران لە درێژەدا باس لە ئازادی و دیموکراسی و ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەری، خەمخۆریی خەڵک و بەرپرسیارێتی کاربەدەستان، نەبوونی جیاکاری و بەرقەرارکردنی دادپەروەریی سیاسی دەکەن: «نە گەمارۆ، نە باتۆم، بگەڕێنەوە لای خەڵک»، «دەستلەکارکێشانەوە پێویست نییە، دادگاییکردن پێویستە»، «بژێوی و ژیان مافی ڕەوای ئێمەیە». لە چوارچێوەی ئەنگێزەییدا، ئەو ناوەڕۆکە گرینگەی کە بۆ ڕازیکردنی خەڵک بۆ پەیوەستبوون بە چالاکیی ناڕەزایەتی و درێژەدانی هەڵبژێردرا بریتی بوو لە بەها ناسیۆنالیستییەکان، بەها سیاسییەکان (بەهای ئازادیخوازی، دادپەروەریخوازی و دژەدیکتاتۆری)، بابەتە نۆستالژییەکانی حکوومەتی شایەنشایی و هتد. کە لە نێویاندا قورسایی ناوەڕۆکی بەها ئازادیخوازییەکان و دژەدیکتاتۆرییەکان زیاتر بوو و کەمتر بە لای ناوەڕۆکە ئایینییەکان شکابۆوە. فرەچەشنیی ناوەڕۆک و تەوەرەکان و زەمینەی دروستبوونی ئەم نارەزایەتییانە (کێشەی ئابووری - بژێوییەکان) کە کاریگەری لە سەر گرووپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان دانابوو وای کردووە کەئێمە لە ناو ئەو ناڕەزایەتییانەدا شاهیدی بوونی هەموو چین و توێژە جیاوازەکان بین؛ بە جۆرێک کە ئەم ڕەفتارە بووەتە بەربڵاوترین ڕەفتاری ناڕەزایەتی لە چەند دەیەی ڕابردوودا. هەرچەندە ناتوانین ڕۆڵی بێبەدیلی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیا پەیوەندییەکان لە بڵاوبوونەوەی ئەو ناڕەزایەتییانەدا پشتگوێ بخەین. «ئازادی، دادپەروەری، ئەمە دروشمی میللەتە ، «میللەت، بۆچی دانیشتووی، تۆ فریادڕەسی خۆتیت»، لەم قۆناغەی ناڕەزایەتییەکاندا هاوشێوەی ناڕەزایەتییەکانی پێشوو، بەشێک لە دروشمەکانی ئەم چوارچێوە هەوڵدان بۆ یەکخستنەوەی گرووپە جیاوازەکانی خەڵک و کۆکردنەوەیان بوو. لە ناو گرووپە جیاجیاکانی خەڵکدا، چینی کرێکار و خوێندکار وەک دوو گرووپی جەخت لە سەر کراو بانگهێشت کراون بۆ ئەوەی لایەنی گشتی بەم ناڕەزایەتییە بدەن، «قوتابی کرێکار خۆڕاگرین لە سەنگەر ، «کرێکار، خوێندکار یەکڕیزی یەکڕیزی». بۆیە دەتوانین ناڕەزایەتییەکانی ئەم دەیە بە ناڕەزایەتیی ئەو گرووپ و چینانە بزانین کە تا ڕادەیەک لە پلاندانانەکانی دەوڵەتدا پەراوێز خراون؛ چینە مامناوەندە چەوساوەکان کە شووشەی هەستی کەرامەتیان ڕووشاوە و بە هۆی خراپبەڕێوەبەریی ئابوورییەوە، زیاتر لە جاران هەست بە سووکایەتیی کۆمەڵایەتی دەکەن. لە کۆبەندییەکی گشتیدا ٨٧ دروشم لە چوارچێوەی دەستنیشانکردن و دوای ئەوەش ٣٦ دروشم لە چوارچێوەی ئەنگێزەییدان کە خۆپیشاندەران بە جەختکردنەوە لە سەر بەها دژەدیکتاتۆرییەکان خەڵکیان بۆ بەشداریکردن لە ناڕەزایەتییەکاندا هان داوە (امینی و هاوکاران، ١٤٠١، ٢٩-٣٠).

دروشمە پاشایەتیخوازەکان (ڕۆیاڵیستییەکان) بە ناوەڕۆکی ڕێزلێنان لە بنەماڵەی پەهلەوی بەتایبەت ڕەزاشا، وەکوو: «ڕەزا شا، ڕۆحت شاد»، و خۆزگەی گەڕانەوە بۆ ئەو سەردەمە لەو دروشمانەن کە لە لیستی بابەتی ناڕەزایەتییەکانی یەک دەیەی ڕابردوودا هاتوون، کە بە هۆی

ئەوەی گیان و سروشتی مۆدێرنیزم و دژە دیکتاتۆرییەت و بڵاوبوونەوەی ڕەوتی سکۆلاریزم، ئازادیخوازی و دیموکراسیخوازی باڵی بە سەر نارەزایەتییەکاندا کێشاوە، زۆر گرینگە هۆگری بۆ دارشتن و داواکاریی ئەوانە ڕوون بکەینەوە. کۆمەڵێک فاکتەر و زەمینەی سووژەیی و ئۆبژەیی لە بەرژەوەندی ئەو دروشمانەدا ڕۆڵ دەگێڕن. فاکتەری یەکەم کاردانەوەی نۆستالژیکیی یادەوەریی گشتیی خەڵکی ئێرانە. سەردەمانێک خەڵک بە دروشمی «هەتا شا کفن نەکرێ، ئەم وڵاتە بە وڵات نابێ» [1]، بناغەی دەسەڵاتی پاشایەتییان ڕوخاند، ئێستا کە دوای چەند دەیە لە مردنی شا بەراوردی بارودۆخی ئەوسا لەگەڵ ئێستا دەکەن لەگەڵ ئەوەی خۆیان ئیدانە دەکەن و لەو کارە مێژووییەی کە کردوویانە پەشیمانن، ئەوسا (سەردەمی پەهلەوی) بە سەردەمی پێشکەوتن و ئارامی و سەرکەوتن دەزانن. ئەم کاردانەوە لە ڕووی سەلیقەی گشتییەوە تا ڕادەیەک هەڵقوڵاوی ئەو دەروونناسییە مێژووییە ڕابردووبینەیە کە بە سەر گیانی گشتیی ئێرانیدا زاڵە کە هەمیشە ڕوانگەیەکی نۆستالژیکی بۆ ڕابردوو هەیە و لە کاتی بیرهێنانەوەیدا هەمیشە لایەنە باش و ئەرێنییەکانی وەبیر خۆی دێنێتەوە و تێدەکۆشێ لایەنە ناشیرین و تاریکەکانی فەرامۆش بکات. لە نواندنەوەی ئەم وێنە و بەرەوپێشبردن و بەهێزکردنیدا دەزگای پڕوپاگەندە و میدیایی پاشایەتیخوازەکان ڕۆڵێکی جیددی دەگێڕێت. بەرنامەی دۆکیۆمێنتاریی «تونێلی زەمان» لە کەناڵی تەلەڤیزیۆنیی «مەن و تۆ» کە تایبەت بە وەبیرهێنانەوەی بیرەوەری و دەستکەوتەکانی سەردەمی پەهلەوی بوو، یەکێک لەو بەرنامە ڕیکلامانەیە. لە ڕووی تەشکیلاتی و حیزبیشەوە[2]، پاشایەتیخوازەکان ڕۆڵێکی کارایان لە ناو پەیکەری ئۆپۆزیسیۆنی ڕژێمدا هەیە و لەم ساڵانەی دواییدا بە پشتیوانیی دارایی و ڕێکخراوی زۆر هەوڵی بەهێزکردنی پێگەی خۆیانیان داوە. لە ناو فەزای گشتیی ئێرانیشدا، سەرەڕای ئەوەی ئێستا ئایدیای لیبراڵ، سکۆلار و لایەنگری دیموکراسی زاڵە، بەڵام لە هەمان کاتدا تەنانەت بەشێکی کەم لە ناو هەیکەلی کۆمەڵگای ئێران هێشتا لایەنگری دەسەڵاتی پاشایەتین و تەنانەت لە ژێر کاریگەریی هەندێک تەڵقین و شیکاریی مێژوویی و سیاسی، وا تێدەگەن کە سەڵتەنەت و پاشایەتی، دامەزراوەیەکی تێهەڵکێشکراوی مێژووی ئێرانە، و وەک تاکە ڕێگای ڕزگارکردنی خەڵکی ئێران لێی دەڕوانن (سوفیامهر، ١٤٠١). جیا لە لایەنە مێژوویی، نۆستالژیک و پڕۆپاگەندەییەکان کە کاریگەرییان لە سەر هۆگربوون بە دەسەڵاتی پاشایەتی بە تەوەرایەتیی خانەدانی پەهلەوی بووە، نیو سەدە ئەزموونی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێرانییەکان لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی و بەراوردکردنی لەگەڵ سەردەمی پێشوو، بووە هۆی ئەوەی کە جەماوەر ئەم بابەتەیان بە دڵ بێ یان لە چاو سەردەمی کۆماریی ئیسلامی، پاشایەتیی خانەدانی پەهلەوی بە باشتر بزانن، هەر بۆیە

---

١. «تا شاه كفن نشود، این وطن وطن نشود» لە دروشمە سەرەکییەکانی شۆڕشی ١٣٥٧ی ئێران بوو.

٢. پارتە سیاسییە پاشایەتیخوازەکان (سەڵتەنەتتەڵەبەکان)ی ئێران بریتین لە: حیزبی مەشرووتەی ئێران، کۆمەڵەی پاشایەتیی ئێران، ئەنجومەنی نیشتمانیی ئێران، پارتی پانئێرانیست، حیزبی فەرشگەرد، حیزبی ڕەستاخیز، ڕێکخراوی ئازادەگان.

لە هەندێک حاڵەتدا ڕێزگرتن لە پەهلەوی نەک لەبەر هۆگرییەکی سیاسیی دیاریکراو بەڵکوو زیاتر لەبەر جۆرێک دوژمنایەتی و دژایەتیکردنی کۆماری ئیسلامییە کە هەمیشە هەوڵی داوە سەردەمی پەهلەوی وەک سەردەمێکی دیکتاتۆری، ئەورووپیبوون و وابەستەیی ئابووری، ژێردەستەیی سیاسی، دژەئیسلام و مرۆڤایەتی، وجاغزادەیی و ستەم، هەژاری و داوێنپیسی بە خەڵک پیشان بدا و ئینقلاب و دەستکەوتەکانی درەوشاوە دەربخا، بەڵام ئەزموونی ژیاوی خەڵک لە ماوەی نزیک لە ٥ دەیەی مێژووی کۆماری ئیسلامی چیرۆکێکی جیاواز دەگێڕێتەوە. چیرۆکێک کە بە دروشمی سەربەخۆیی، ئازادی، کۆماری ئیسلامی و بەڵێنی بەدیهێنانی بەهەشت لە سەر زەوی و بەرزکردنەوەی ئاستی مرۆڤی ئێرانی بۆ بالاترین پێگەی مەعنەوی دەستی پێکرد، بەڵام زۆری نەخایاند کە شان و شکۆی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و هونەریی ئەم وڵاتە و خەڵکەکەی لە کایەی گشتی و تاکەکەسیدا لە ژێر ئایدۆلۆژیای ئینقلابییانەی حکوومەتی وەلایەتی فەقیهدا پێشێل بوو. بەراوردکردنی بارودۆخی کەڵانی ئابووریی - خۆشگوزەرانی و گوزەرانی خەڵک لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ سەردەمی پەهلەویی دووەم (ایران قبل و بعد از انقلاب از نگاه آمار...، ١٣٩٧) لە ساڵانی ڕابردوودا تەنانەت دزەی کردۆتە ناو ئەدەبیاتی هەندێک لە نوێنەران و بەرپرسانی حکوومەتی و کەسایەتییە پێشەنگەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران. محەمەدڕەزا باهونەر جێگری سەرۆکی پێشووی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی و سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی ئیسلامیی ئەندازیاران لە دانیشتنی کۆمەڵگەی ئیسلامیی بەڕێوەبەران، لە میانەی پێداچوونەوە بە کارنامەی ٤٠ ساڵەی کۆماری ئیسلامی وتی: لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی هەتا ١٣٩٤ی هەتاوی تێکڕای گەشەی ئابووریمان ٣ لە سەد بووە کە بە لەبەرچاوگرتنی بەرزبوونەوەی ڕێژەی حەشیمەت، ئەم ژمارەی گەشەکردنی ئابوورییە دەبێتە سیفر. تێکڕای هەڵاوسان لە ماوەی ١٥ ساڵی پێش ئینقلابدا تاک ڕەقمی بوو، بەڵام ڕێژەی هەڵاوسانی دوای ئینقلاب لە سەرووی ٢٠ لە سەد بووە هەڵبەت ئێمە ڕێژەی هەڵاوسانی ٤٤ لە سەدیشمان بەئەزموون کرد. دوای سەرکەوتنی ئینقلابی ئیسلامی، ڕێژەی بێکاری هەمیشە دووژمارە بووە و هەرگیز بە یەکژمارە نەگەیشتووە (باهنر، ١٣٩٦).

ئەم ناڕەزایەتییانە بە روونی دەرخەری پەیوەندی و لێکدانەبڕاویی پرسی کۆمەڵایەتی (داواکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و بژێوییەکان) لەگەڵ پرسی سیاسییە کە بە مەبەستی لێپرسینەوە لە حکوومەت و دەسەڵات و بەڕێوەبەران لە چوارچێوە و بەستێنی شەقامدا بۆ ئاراستەکردنی مێژوویی بۆ ئەو چین و توێژانە کە فەرامۆش کراون یان لە سیاسەت و حوکمڕانیی ئێراندا کەمتر ئاوڕیان لێ دراوەتەوە. لە ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییەدا جەخت لە سەر وتەزاگەلی وەکوو کار، نان، ئاسایشی کار، بژێوی و ژینگە دەکرا کە لە پێناو ئاسایشی کۆمەڵگادا شیاوی شیکردنەوەیە. ئەم ناڕەزایەتییانە جۆرێک لە خۆدەربڕین بۆ بەڕێوەبەران و حکوومەت بۆ وەڵامدانەوەی بارودۆخی ژیان و ژینگەن. دژی گەندەڵی و هەڵاواردن هاوار دەکەن. هەموو ئەمانە ڕۆڵی کوالێتیی ژیان و ئاڵنگارییە سیاسییەکان لە ژیانی ڕۆژانەدا دەردەخەن کە لە ئەدەبیاتی کۆمەڵناسیی سیاسیی نوێدا زۆر زەق بۆتەوە. هەروەها

لە دژی پیسبوونی هەوا و نەبوونی ئیمکاناتیش نارازین، وەک ئەوەی مرۆڤەکان لە هەموو ئاستەکاندا تەنگیان پێ هەڵچنراوە و گەیشتوونەتە ئەو وشیارییەی کە زۆربەی خەڵکی کۆمەڵگاکەیان لە بارودۆخێکی ناخۆش و نالەباردا ژیان بە سەر دەبەن. خوێندکار بەرامبەر بە سیاسەتە هەڵەکان و کێشەی بێکاری هاوار دەکا و پشتیوانی لە کرێکاران و خانەنشینان وماڵخوراوان دەکات. لەو گردبوونەوانەی کە بۆ نارەزایەتی دەربڕین دژ بە پیسبوونی هەوا و خۆڵبارین و بابەتی ژینگەیی ساز دەکرێن، هەندێک کەس دژی ناکارایی ئابووری و کێشەی هەژاری هاوار دەکەن. ژن و پیاو، پیر و گەنج، کرێکار و خوێندکار، بێکار و پەراوێزخراو و هتد، هەموویان بە خەمی جیاواز و لە دەفرێکدا کە پێی دەوترێت شەقام، دژی کەمکاری و ستەم و گەندەڵی دروشم دەدەن. بەو پێیەی کە ناتوانین پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لێک جیا بکەینەوە، پێویستە بڵێین کە داواکارییە سیاسییەکان (کە لە دوای داخوازییە ئابووری و بژێوییەکانە و لە پلەی دووەمدایە) پەیوەندی بە داخوازییە ئابوورییەکانەوە هەیە و خەڵک لە نارەزایەتییەکاندا ئاماژەیان بە گەندەڵی و ناکارامەیی کرد و دژ بە دۆخی سیاسیی حکوومەت نارەزایەتییان دەنواند کە بە باوەڕی ئەوان هۆکاری دۆخی نالەباری ئابووری و جیاکاری و ئەو کەلێنە چینایەتییەیە کە کەوتۆتە نێوان چینی خوار و چینی مامناوەند لەگەڵ چینی تێر و پڕی کۆمەڵگا (سردارنیا و البرزی، ١٤٠١، ١٣٥-١٣٦).

بەکارهێنانی بەرفراوان و فرەی فەزای سایبێری و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئاگادارکردنەوە و ڕێکخستن و تۆڕسازییە مەجازییەکان و ماناسازی و دروستکردن و برەوپێدانیان یەکێک لە تایبەتمەندییە جیاوازەکانی بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی ئەم دواییەیە، کە کارکرد و سروشتێکی تایبەتی بە نەوەی نوێی ئەو نارەزایەتییانە بەخشیوە. مانۆئل کاستێلز، یەکێک لە تیۆریسییەنە گرنگەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکانی سەر شەقام، لە تیۆریی «کۆمەڵگەی تۆڕی» ـدا ڕۆڵ و کارکردی ئینتەرنێت، سەتەلایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییە مەجازییەکانی لە بیچمدان و ئاراستەکردنی نارەزایەتی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕوون کردۆتەوە. بە وتەی کاستێلز، ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێکخستنەوەی جەماوەری بێدەسەڵات و بێدەرەتانی شاری کە هیچ ڕێکخراوێکیان نییە، بڵاوکردنەوەی نارەزایەتییەکانی شەقام و هاوبیرکردنی ڕای گشتیی جیهان ڕۆڵێکی بێبەدیلیان گێڕاوە. کاستێلز چەمکی «خۆپەیوەندیکردنی ئاپۆرەیی» لە سەردەمی تۆڕە کۆمەڵایەتییە ئینتەرنێت و سەتەلایتییەکان بەکار دەهێنێ، کە بۆ ئاماژەکردن بە تۆڕە پەیوەندییە ئاسۆییەکانی جەماوەری شاری و چینی خوار و مامناوەند کەڵکی لێ وەردەگیرێ کە یان دامەزراوە و ڕێکخراویان نییە، یان میدیاکان بە شێوەیەکی سەرەکی لە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتەکاندان. خۆپەیوەندیکردنی ئاپۆرەیی لە ڕێگەی تۆڕە پەیوەندییە زانیارییە ئاسۆییەکان بووەتە هۆی ڕێکخستنی خێرا و کەم تێچووی جەماوەر و چینی خوار و مامناوەندی شاری و بەردەوامبوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە دادپەروەریخوازەکان (کاستلز، ١٣٩٦، ١١-١٤). بەدامەزراوەیینەبوونی کۆمەڵگا و نەبوونی حیزب و ڕێکخراوە جەماوەری و مەدەنییەکان لە زیانە ئاشکراکانی کۆمەڵگای ئێرانی هاوچەرخە کە سیستەمە دەسەڵاتدارەکان

هەمیشە هەوڵیان داوە پێش بە پێکهێنانی هەر جۆرە ڕەوتێکی کۆمەڵایەتیی سەربەخۆ و لە دەرەوەی ڕێکخراوی سیاسیی فەرمی بگرن و لە لایەکی دیکەشەوە، کۆنترۆڵی توند بە سەر میدیای گشتیی مۆڵەتپێنەدراوی وەکوو ڕۆژنامە و تەلەڤیزیۆندا بسەپێنن. کۆمەڵگای تۆڕی و ئیمکانی خۆپەیوەندیکردنی ئاپۆرەیی لەم زەمینە سیاسی – کۆمەڵایەتییەدا دەرکەوتنی دەرفەتێکی ناوازەیە کە سروشتی پەیوەندیی گشتی دەگۆڕێ و فەزایەکی نوێی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە دەرەوەی بازنەی کاریگەری و سەپاندنی سەلیقەی ڕژێم دەخولقێنێ، دووبارە خوێندنەوەی ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئینتەرنێت و پەیوەندییە سەتەلایتییەکان لە نارەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ١٣٩٨ (ئابانی خوێناوی) ئەم ئیدعایە ڕوون و پشتڕاست دەکاتەوە. پچڕانی سەرتاسەریی ئینتەرنێتی و سنووردارکردنی توندی ئینتەرنێت لە یەکەم ڕۆژی نارەزایەتییەکانی مانگی ئابانی ١٣٩٨ بە هۆی ئەم پرسە گرینگەوە بوو، هەر وەک چۆن لەگەڵ دەستپێکردنی نارەزایەتییەکان لە ڕۆژی یەکەمدا، حکوومەت بۆ ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی نارەزایەتییەکان لە یەکەم هەنگاودا ئینتەرنێتی مۆبایلی لە زۆرێک لە شارەکاندا پچڕاند و لە سەر فەرمانی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی، ئینتەرنێت بە شێوەی سەرتاسەری لە ٢٥ی ئەم مانگەدا داخرا (گزارش سی‌ان‌ان از ابعاد قطع اینترنت در ایران، ١٣٩٨). ئەو سنووردارکردنانە دواجار نەیانتوانی ڕۆڵی کۆمەڵگەی تۆڕی بسڕنەوە، و تواناکانی ڕۆژ بە ڕۆژ فراوانتر و ئاڵۆزتر دەبن. خوڵقاندنی توانای نوێ کە دەرهاویشتەی زانیاریبەخشییە و ڕێکخستنەوە کە ئەمەش دەرەنجامی کۆمەڵگەی تۆڕییە کارێکی وای کردووە کە شەقام زەقتر و هەستیارتر و ڕاشکاوانەتر پێمان بڵێ کە ئاپۆرەی خەڵک بە پێچەوانەی ڕابردوو مەحکووم بە مانەوە لە پەراوێزی سیاسەت و ناچالاکی و خەمساردی و تەماشاوانی نین بەڵکوو ئەکتەرێکی چالاکی گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی و سیاسین و بە دەربڕینی بەردەوامی داواکارییە ئابووری و پیشەیی و چینایەتییەکانی خۆیان حکوومەتەکان ڕووبەڕووی ئاڵنگاری دەکەنەوە. شەقام پێمان دەڵێ کە ئەم خاوەن بڕیار و تەگبیرانە، لە کوێدا یەکلایەنە و بێ‌پەیوەندی لەگەڵ هاووڵاتییان و جەماوەرە هەژارە شارییەکان بۆ کوێ ڕۆیشتوون، لە کوێدا هەنگاویان بەرەوی ڕێگایەکی بنبەست ناوە، لە کوێدا زۆر نزیک ڕاوەستاون، لە کوێدا بە ڕێگای قەدەغەکراودا ڕۆشتوون، لە کوێدا بە لاڕێدا ڕۆیشتوون (تاجیک، ١٣٨٦، ٣٥). هەر بۆیە ڕووداوەکانی ئابانی ١٣٩٨ هەتاوی لەو شۆڕش - یان ڕاپەڕینە – جەماوەرییانەن کە لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا بە خێرایی لە وڵاتانی جیاجیای جیهاندا بڵاو بوونەتەوە. ئەمانە وێنای داواکاریی خەڵکی ئاسایین بۆ گۆڕانکاریی ئابووری و سیاسی، کە بە بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی پەیوەندی (ئینتەرنێت، ئیکس یان هەمان توویتەری جاران، تێلێگرام و هتد) زۆر بە خێرایی دەبێتە هۆی کۆکردنەوەی گرووپە نارازییەکان و سیاسەتێکی سەرشەقامی. ئەمانە کردەوەی نارەزایەتیی جەماوەریی ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە ناوچە جیاجیاکانی ئێران و لە یەک بازنەی زەمەنی یان کات لێک نزیکن کە لە ڕووی زەینی و وێناییەوە دەڵێی پەیجووری بزووتنەوەی نارەزایەتی یەکدەست و خواستی هاوبەشن؛ بە واتایەکی تر نارازیەتییەکی قووڵ هەیە،

چالاکوانی ناڕازی هەیە، خواست بۆ گۆڕانکاری هەیە، ئەوەی تازەیە دەرکەوتنی تەکنەلۆژیای نوێی پەیوەندییە، کە تا ڕادەیەک بە ئاسانی و بە خێرایی و بە ڕێژەی زۆر، کەسە ئاساییە ناڕازییەکان لێک نزیک دەکاتەوە و گرووپێکی ناکۆک لە سەر ئاستی نیشتمانیدا دروست دەکا کە دەرد و ئازارێکی هاوبەشیان هەیە (بیات، ١٣٩٨).

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئێتنیک و ناڕەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ١٣٩٨، لە خوێندنەوەیەکی گشتیدا دەتوانین بڵێین بە گوێرەی بۆچوونی زۆرینەی شرۆڤەکاران و کۆمەڵناسان، تایبەتمەندییە ئەوپەڕچینایەتی، ئەوپەڕنەوەیی و سەرتاسەریبوونی ئەم ناڕەزایەتیانە وای کردووە کە لایەنە ئێتنیکی و کەمینەییەکەی جێی باس نەبێت. بەڵام ئەگەر لە گۆشەنیگای هەندێ پێوەر و پرەنسیپەوە خوێندنەوەی بۆ بکەین دەبینین نە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاو بەڵکوو لە ناوەڕۆکدا پەیوەندی بە ئێتنیسیتە و پرسی ئێتنیکییەوە هەیە. یەکەم ئەوەی کە سەرچاوەی ناڕەزایەتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ تۆخبوونی هۆکاری ئابووری و بژێوییەکان، واتە ئەگەر گرانی و هەڵاوسان و بێکاری و هەژاری و نەبوونی ئیمکاناتی خۆشگوزەرانی و بارودۆخی ژیانی ماددی لە هۆکارە سەرەکییەکانی ناڕەزایەتییەکان بن، ئەوا هیچ شکێکی تێدا نییە کە جوگرافیای ئێتنیکیی ئێران کە لە سەرووی ناوچە بێبەش و کەمئیمتیازەکانی ئێرانە و ئەوان لە یەکەمایەتیدان. پانتای ناڕەزایەتییەکان لەم ناوچانە تا ڕادەیەک دەرخەری ئەم ڕاستییە بوو. بابەتێکی دیکە کە پرسی ئێتنیکی تۆختر دەکردەوە، شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی حکوومەت و سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران بوو. هەرچەندە دامودەزگا سەربازی و ئەمنییەکان ناڕەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ١٣٩٨ (ئابانی خوێناوی)ـیان لە سەرتاسەری ئێراندا لە خوێن گەوزاند، بەڵام ڕێژەی و توندیی سەرکوتکردنەکە لەو شارانەی کە هەڵگری کەمینە ئێتنیکی و ئایینی و ئایینزاییەکان بوون بێبەزەییانەتر بوو. بۆ نموونە لە شارێکی بچووکی وەکوو جوانڕۆ لە پارێزگای کرماشان، لە ماوەی کەمتر لە کاتژمێرێکدا ١٥ کەس بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت گیانیان لە دەست دا (مرکز آمار سازمان حقوق بشری کُردپا، ١٣٩٩). هەروەها پارێزگای خوزستان بە ناوەندێتیی ئەهواز و ماهشەهر یەکێکی دیکە لە ناوەندە سەرەکییەکانی ناڕەزایەتی و کۆمەڵکوژیی سەرکوتگەرانە بوو. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا سەبارەت بە دۆخی ئازادییە ئایینییەکان لە جیهاندا نیگەرانیی خۆی لە سەرکوتکردنی توندی کەمینە ئێتنیکی و ئایینییەکان لە ناڕەزایەتییەکانی ئابانی ساڵی ١٣٩٨ دەربڕێ. لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا هاتووە کە ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان کە لە بواری مافی مرۆڤ لە ئێراندا ئیش دەکەن دەڵێن «ئاماری مردن لەو پارێزگایانە لە بەرزترین ئاستدا بووە، بە جۆرێک کە لانیکەم ٨٤ کەس لە خوزستان (کە زۆرینەیان عەرەبی سوننەن) و ٥٢ کەس لە کرماشان (کە کوردن) کوژراون» لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە کە «ئیران وایر لە ڕۆژی ١٧ی دیسامبەر لە زاری بەرپرسێکەوە بڵاوی کردەوە کە کۆی گشتیی ئەو خۆپیشاندەرانەی کە لە ماوەی پێنج ڕۆژدا لە ماهشەهر کوژراون ١٤٨ کەس بووە». وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هەروەها ئاماژە بە ڕاپۆرتی ڕۆژی یەکەمی نیویۆرک تایمز سەبارەت

بە گیانلەدەستدانی ئەو سەرەکەی ١٠٠ کەس لە یەک ڕۆژدا دەکا کە زۆربەیان عەرەبی سوننە بوون و لە ئەنجامی تەقەی دۆشکە لە ناو قامیشەڵانی ماهشەهر کوژران» (وزارت خارجە آمریکا، ١٣٩٩). کاردانەوەیەکی لەم شێوە لە لایەن دەزگای سەرکوتکاری حکوومەت بە ڕواڵەت شێواز و پرەنسیپی سەرکوتکردن لە ناوچە ئێتنیکییەکانە، کە بە ڕوونی سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییە گشتییەکان لە ناوچە ئێتنیکییەکان لە قۆناغە جیاوازەکاندا پشتڕاست دەکاتەوە. ڕەهەندەکەی دیکە پەیوەندیی نێوان ناڕەزایەتییە سەرتاسەری و ئەوپەڕئێتنیکی- ئەوپەڕئایینییەکان لەگەڵ بابەتی ئێتنیکییە کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ زەمینەی پەرەسەندنی ناڕەزایەتی لە ناو ئێتنیکەکان. هەڵاواردنی بەردەوامی ئێتنیکی و ئایینیی کەمینەکان، لە هەموو ڕەهەندە سیاسی و فەرهەنگی و ئابووری و لایەنەکانی دیکەدا، کارێکی وای کردووە کە ئەم کۆمەڵگایانە بە شێوەی دووقات نارازی بن، لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین هەر جۆرە ناڕەزایەتییەک کاتێک کە دزە دەکاتە ناو کۆمەڵگا ئێتنیکییەکانەوە، خۆ بە خۆ لایەنی ناڕەزایەتیی ئێتنیکیش بە خۆوە دەگرێت. جیا لەم باسە دەبێ ئەم بابەتەش لە بیر نەکەین کە بە پێی لێکدانەوەی زۆربەی توێژەران، ناڕەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ١٣٩٨ (ئابانی خوێناوی)، سەرەڕای ئەوەی لایەنی ئابووری – بژێوی هەبوو، بەڵام لایەنی سەندیکایی و پیشەیی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسیشیان هەبوو کە بە هۆی قەبارەی ناڕەزایەتییە ئێتنیکییەکانەوە، بێگومان ئەم بگۆڕەش وەک یەکێک لە هۆکارەکانی ناڕەزایەتی دادەنرێت.

بۆ ڕوونکردنەوەی سروشتی ئەو ناڕەزایەتییانە، ناونیشانی جیاوازی وەکوو «کردەوەی ناڕەزایەتی»، «یاخیبوون»، «ڕاپەڕین»، «بزووتنەوە»، «نابزووتنەوە»، «نائارامی»، «تێکدان»، «تێکچوون» و «ئاژاوەگێڕی» بە کار هێنراون. ڕەزا ئومێدی، کۆمەڵناس، بزووتنەوەی گشتیی ئابانی ١٣٩٨ (ئابانی خوێناوی) بە «کردەوەی ناڕەزایەتی» ناو دەبا و تەقی ئازاد ئەرمەکی، کۆمەڵناسێکی دیکەیە کە ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ: «ئێوە کۆمەڵگەیەکتان هەیە کە من بە «کۆمەڵگای ناڕەزایەتی» لێکم داوەتەوە چونکە ناڕەزایەتی دەبێتە کرداری سەرەکیی کۆمەڵگا ....» (مدنی، ١٣٩٩، ٣٨-٣٩). شۆڕش وەک گۆڕانێکی پێکهاتەیی لە ناو بناغەکانی دەسەڵاتی سیاسیدا، کە پەیوەستە بە ڕووخاندنی حکوومەتێک و جێگرتنەوەی بە حکوومەتێکی دیکە، ئاماژە بۆ ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە دەکا کە توانیویانە ڕژێمەکەیان بڕووخێنن. لەم ڕووەوە ناڕەزایەتییەکانی ئابانی ١٣٩٨، لەم وتەزادا جێی نابێتەوە و لە بۆچوون و ڕوانگە جۆراوجۆرەکاندا نازناوی شۆڕشی پێ نەدراوە، بەڵام بە شێوەی لاوەکی لە هەندێک بەرهەمدا، بۆ نموونە شیکارییە چەپگەراکان، ئەوەیان بە سەرەتای هەڵمەت و بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە لە قەڵەم داوە. شاپوور شابازی، لە وتارێکدا لە ژێر ناوی «ئابانی ٩٨ لۆکۆمۆتیڤی شۆڕش کەوتە جووڵە»[1] ، بە چەسپێنەری لایەنی نەرێنیی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی نوێی ئێران ناوی دەبات (شهبازی، ١٤٠٢). سەعید مەدەنی و هاوکارەکانی، لە

١. آبان ٩٨: لوکوموتیو انقلاب را حرکت درآمد

کتێبی «ئاگری خامۆش»[1] دا بە چاوخشاندنێک بە ناڕەزایەتییەکانی ئابانی ١٣٩٨، پێیان وایە کە ناتوانین چەمکی «بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی» بۆ ناڕەزایەتییەکانی ئابانی ١٣٩٨ (ئابانی خوێناوی) بەکار بهێنین، چونکە خۆپیشاندەران زۆریان شوناس و ڕوانگەی یەکدەست و هاواهەنگیان نەبوو بەڵام لە کاردانەوەی ناڕەزایەتیدا بەرامبەر بە بڕیارێک کە بژێویی ژیان و خودی ژیانییانی خستبووە مەترسیی لەناوچوونەوە ڕژانە سەر شەقامەکان. هەر بۆیە کردەوەیان مەرجەکانی «بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی»ـیان تێدا نەبوو (مدنی، ١٣٩٩، ٤٣). «یاخیبوون»[2] یانی هەر خۆپیشاندانێکی توندوتیژانە بە ڕووبەڕووبوونەوە و ململانێی گشتیی لە نێوان زیاتر لە سەد کەس کە هێزی جەستەیی توندڕۆیانەیان هەیە (طالبان، ١٣٨٧، ١٧٦)، خاوەن بۆچوونەکان بۆ ناڕەزایەتییەکانی تشرینی دووەمی ١٣٩٨ نازناوگەلی دیکەیان بەکار هێناوە کە ئەمانەن «یاخیبوونی ئابانی ١٣٩٨ هەتاوی»، «یاخیبوونی برسییەکان»، «یاخیبوونی ڕەش و ڕووتەکان»، «یاخیبوونی هەژارانی شارنشین» (بیات، ١٤٠٠، ٤)، «یاخیبوونی بندەستەکان» (سرداری، ١٤٠١). زۆربەی شارەزایان پێیان وایە گونجاوترین وشە بۆ وەسفکردنی ڕووداوەکانی مانگی ئابان «یاخیبوون»ـە. بەڵام هەندێک لە توێژەران پێیان وایە کە بە هۆی گۆڕانکارییە بەربڵاو و جەوهەرییەکانی ناڕەزایەتییەکان لەم ساڵانەی دواییدا، هیچ کام لە چەمکە ئاساییەکان بۆ لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەیان بەس نییە یان ئەوەی کە ئەم ناڕەزایەتییانە سروشتێکی تێکەڵاو و فرەچەشنیان هەیە. فاتمە سادقی، لێکۆڵەری زانستە سیاسییەکان، پێی وایە ناڕەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ١٣٩٨ (ئابانی خوێناوی) لایەنی کردەکیانەی وەکوو یاخیبوون و بزووتنەوەی هەبوو. ناوبراو لەم بارەوە دەڵێ: دەکرێ بڵێین هەم شێوەی یاخیبوونی هەیە و هەم شێوەی بزووتنەوە و هەم شێوەی ناڕەزایەتی. لەبەر ئەم هۆکارەش فۆرمی یاخیبوونێکی هەیە کە ڕووداوێکی وەکوو بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین لە ناکاو چەخماکەی لێ دەدا و بە پێی ئەو زەمینەی کە ڕەخساوە، یاخیبوونی لێ دەکەوێتەوە. فۆڕمی بزووتنەوەی هەیە لەبەر ئەوەی لە سەر بەستێنی ناڕەزایەتیدا بیچم دەگرێت. ئەم بەستێنی ناڕەزایەتییە کە لە ڕاستیدا بەستێنێکی بزووتنەوەییە پێشتر دابین کراوە. ئەم بەستێنە ناڕەزایەتییە هەر ئان لەوانەیە بیچم و فۆرمێکی تایبەت بە خۆوە بگرێت. ئەم بزووتنەوە واتە ڕووداوەکانی مانگی ئابان هەڵگری کردەوە ناڕەزایەتییە بچووکەکانیشە و زۆرێک لەوانەی کە ڕەنگە بەشدارییان لە هەوڵە ناڕەزایەتییە بچووکەکاندا کردبێ، پێدەچێ لە بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی ئابانیشدا بەشدارییان بووبێت» (مدنی، ١٣٩٩، ٤٥-٤٦). بەڵام ناڕەزایەتییەکانی ئابانی ٩٨ لە گوتاری میدیایی و ڕاگەیاندنیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە گۆشە نیگایەکی تەواو جیاواز بە خوێندەوەی کۆمەڵناسییانە و لە دەرەوەی چەمکە ئەرێنییە جەماوەرییەکان و بۆچوونی خۆڕسکبوونی ئەم ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییانە شرۆڤە کران و بە ڕوانگەیەکی نەرێنی، لە ڕووی تیۆریی

١. آتش خاموش

2. Riot

پیلانگێڕی و بە ئاژاوەزانینی ناڕەزایەتییەکان، بە دەرەنجامی فیتنەی دوژمنانی دەرەکی و دەستە ناوخۆییەکانیان دەزانێ کە هەوڵی تێکدانی تەکووزی و ئاسایشی ئێرانیان دەدەن و ناڕەزایەتییەکان ناو دەنێ «تێکدان»، «پشێوی نانەوە» و «ئاژاوە» (اغتشاشات ٩٨ نه اولین و نه آخرین فتنه، ١٣٩٨).

دەکرێ دەستکەوت و لێکەوتەکانی ناڕەزایەتییە خوێناوییەکانی ئابانی ١٣٩٨، لە دوو سۆنگەی بەردەوامی و گۆڕانی بزووتنەوەکە و بەرژەوەندی و پێگەی سیستەمی سیاسیی باڵادەست تاوتوێ بکەین. ناڕەزایەتییەکان بە کورتخایەنی و لە کاتی ڕوودانیدا نەیانتوانی حکوومەت ملکەچی ئیرادەی خۆیان بکەن، بە جۆرێک کە گرانبوونی نرخی بەنزین وەکوو خۆی ماوە و تەنانەت حکوومەت خراپترین جۆری سەرکوت و ڕووبەڕووبوونەوەی لە دژی خۆپیشاندەران گرتە بەر. بەڵام لە مامناوەندماوەدا ئەم ناڕەزایەتییانە وێڕای زیادکردنی کەلێنی نێوان میللەت و دەوڵەت، ئاقارەکەی بەرەو نەسازان و ئاشتەنەبوونەوە نزیکتر کردەوە، بە جۆرێک کە دوای سێ مانگ لە ناڕەزایەتییەکان، هەڵبژاردنی خولی ١١ی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی لە ڕەشەمەی ١٣٩٨ ئەنجام درا کە شایەتی کەمبوونەوەی بەرچاوی ژمارەی دەنگدەران و کەمترین ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیس بوو. شرۆڤە و شیکارییە ئاماری و ناوەڕۆکییەکان دەریدەخەن کە ناڕەزایەتییەکانی ئابانی ١٣٩٨ و هەڵسوکەوتی سەرکوتگەرانەی حکوومەت و نکۆڵیکردن لە تاوان و هەوڵدان بۆ پەردەپۆشکردنی تاوانەکە و کپکردنی دەنگی خۆپیشاندەران کاریگەرییەکی زۆری لە سەر دابەزینی ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی خولی ١١ی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامیی ئێراندا هەبووە (افشاری، ١٣٩٩). سەرباری ئەمەش ڕژێمی دەسەڵاتدار وێڕای جەختکردنەوە لە سەر هەڵوێستی سەرکوتکردن و نانەوەی فەزای تۆقاندن و وەحشەتی زیاتر، تەنانەت بە شێوەی تاکتیکیش ئامادە نەبوو لە هەڵوێستەکانی بکشێتەوە و بیری لێ بکاتەوە، بەڵکوو بە ڕوانگەیەکی ئەمنی و پۆلیسییەوە ڕێوشوێنی چاودێری و کۆنترۆڵکردنی زیاتری بە سەر فەزای کۆمەڵایەتیدا سەپاند. ئەم پرسە لە پاڵ دەرهاویشتە خراپ و ڕووخێنەرە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، تا دەهات زیاتر شەرعییەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بەرەو کزی دەبرد و خەڵک پتر لە جاران بە لای دەسەڵاتدژی و دژایەتیکردنی دەوڵەت ساغ دەبوونەوە. پرۆسەیەک کە، سەرەڕای زیاتر لە ٢ ساڵ سنووربەندیی قورسی کۆمەڵایەتی بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڤیدی ١٩ەوە، لە ماوەی کەمتر لە ٣ ساڵدا ڕاپەڕینی نیشتمانیی «ژن، ژیان، ئازادی» لێ کەوتەوە.

لە ڕووی بەردەوامی و گۆڕانی بزووتنەوەوە، خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی (ئابانی خوێناوی) خاڵی وەرچەرخان و گۆڕانی کردووە و چالاکییە گشتییە ناڕەزایەتییەکانی ئێران بوو، هەر وەک چۆن زۆرێک لە شیکاری و شرۆڤەکان جەختیان لە سەر کردۆتەوە، هەنگاوێک بەرەو یەکدەنگیی هەموو چین و توێژ و گرووپەکان بوو و بناغەکانی بزووتنەوە بەرەو تێپەڕین لە ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان پێک دەهێنا. ئاسف بەیات دەڵێ: لە ئابانی ١٣٩٨دا گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی لە ناڕەزایەتییەکاندا دەرکەوت. بە جۆرێک کە ئەم قۆناغەی لە ڕاپەڕین نزیک کردەوە. گرووپە کۆمەڵایەتییە

جۆراوجۆرەکان لەوانە (چەوساوەکان، ژنان، خوێندکارانی زانکۆ، گەنجان، چینی مامناوەندی هەژار و هتد)، سەرەڕای نیگەرانی و داواکارییەکانی خۆیان، داواکاری گشتی‌تر و سیاسیتریان خستە ڕوو. لە ڕوانگەی منەوە ئەمە گۆڕانکارییەکی چۆنایەتیی زۆر گرنگ بوو، بە جۆرێک کە بەرپرسیارێتیی حکوومەت لە دروستکردنی ئەو شکست و قەیرانانە، بوو بە گوتارێکی هاوبەشی خۆپیشاندەران بە پێگەی کۆمەڵایەتیی جیاوازەوە ... چاوەڕوان دەکرا ڕاپەڕینی تشرینی ئابان ببێ بە هۆشدارییەک بۆ بەرپرسانی ئێران کە لە سیستەمی حوکمڕانی و سیاسەتە ئابووری کۆمەڵایەتییەکانیاندا نەرمی بنوێنن و پاشەکشێ بکەن و چارەسەرێک بۆ ئەم کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییانە بدۆزنەوە. بەڵام پێدەچێ بەرپرسانی دەسەڵات بە ڕوانگەی سیاسی - ئەمنییەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییەدا کردبێت. وا دیارە ئەولەوییەتی حکوومەت چۆنیەتیی هەڵسوکەوت و مامەڵەکردن لەگەڵ ناڕازییان و سەرکردنیان بوو (بیات، ١٤٠٠، ٤). بەم شێوە لە ژین-جیهانی ئێرانیدا دووانەی مەیلی خەڵک بەرەو ناڕەزایەتیی توندڕەوانە و ئیرادەی حکوومەت بۆ سەرکوتکردن بەدی دەکەین کە ئەم دوو ڕەوتە لێکدژە بە ئاریشە و گرێپووچکە چارەسەرنەکراوەکانیانەوە ناکۆکییەکەیان بەردەوام دەبێت هەتا ئەوەی کە جارێکی دیکە ڕەوتی ڕوو لە زیادبووی دوژمنایەتی و قەیرانە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگای ئێران لە ناوەڕاستی ساڵی ١٤٠١ هەتاوی، زەمینەی ململانێی دووبارەی ئەم دوو گوتارەی خۆش کردەوە و بووە هۆی ڕاپەڕینی سەرتاسەریی «ژن، ژیان، ئازادی».

لە خوێندنەوەی ڕەوتی جووڵانەوە کۆمەڵایەتییەکانی یەک دەیەی ڕابردووی ئێراندا، بەتایبەت زنجیرەی ناڕەزایەتییەکان، تەشەنەسەندنی پەتای کۆڕۆنا و پێویستییە دەرمانییەکان و کەرەنتینەکردنی گشتی بە هۆی ئەم ڤایرۆسەوە، بگۆڕێکی گرنگ و کاریگەر بوو کە بووە هۆی ئەوەی کە فەزای گشتی و گۆڕەپانی کۆمەڵایەتیی ئێران لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٩٨ تا سەرەتاکانی ساڵی ١٤٠١ بەرەو ڕووی سنووردارکردنی هەمەلایەنە و داخستنی ڕێژەیی ببێتەوە و بە هۆی ئەم بارودۆخە داخراوەوە، ڕەوتی هەڵمەتە ناڕەزایەتییەکان تووشی پچڕانێکی ناچاری هات. هەر بۆیە بیچمنەگرتنی بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی بەربڵاو و جیددی لەم ماوەیەدا، بە هۆی گۆڕانی دۆخی ئابووری - سیاسی و دامرکانی داواکارییەکانەوە نییە، بەڵکوو ڕاستەوخۆ و بە ڕوونی دەرەنجامی دۆخی نائاسایی تەشەنەسەندنی ڤایرۆسی کۆڕۆنا بوو. دۆخێک کە وێڕای ئاشکراکردنی ناکارامەیی هەرچی زیاتری ڕژێم لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکان و لاوازیی لەڕادەبەدەر لە بەرەنگاربوونەوە و چارەسەری ئەم پەتایە، بە سنووردارکردنی فەزای کار و بازرگانی و ئەو دەرهاویشتە خراپانەی کە لە بواری ئابووریدا هاتە ئاراوە، ئاستی ناڕەزایەتییە گشتییەکانی زیاتر کرد، کە لە کۆتاییدا بە تێپەڕین لە بارودۆخی ئێپیدێمیک، کێشە و ناڕەزایەتییە کەڵەکەبووەکان بوونە هۆی بزووتنەوەی مانگی ئابی ١٤٠١ هەتاوی و لە شێوەی ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی»دا دەرکەوت.

## لێکدانەوەی شیکاریی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی

ئێران لە کاتێکدا پێشوازی لە ١٤٠١ی هەتاوی کرد و هاتە ناو سەدەی پازدەی هەتاوی،

کە بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێران و پێگەی ئێران لە ناو کایەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا لە ژێر کاریگەریی ڕەوتی ڕوو لە زیادبووی لێکترازانی نێوان دەوڵەت و نەتەوە و بەردەوامیی گەندەڵی و ناکارامەیی لە ناو دامەزراوەی حکوومەت و هەروەها بەردەوامی و زیادبوونی سزا و فشارە ئابووری - سیاسییەکان کە بە هۆی دۆسیەی ئەتۆمی و لێکەوتەکانی قەیرانی کۆرۆناوە هاتبووە گۆڕێ، ئەوەندەی دیکە خراپتر ببوو.

دوابەدوای قۆناغی پڕ لە گرژی و ئاڵۆزیی ناڕەزایەتی و مانگرتنەکان لە ساڵی ١٣٩٥ تاکوو ١٣٩٨ی هەتاوی، دوو ساڵ دوای ئەو بێدەنگییە زۆرەملێیەی کە بە هۆی پەتای کۆڤیدی ١٩ (١٣٩٩-١٤٠١ هەتاوی) باڵی بە سەر فەزای کۆمەڵایەتیی ئێراندا کێشابوو، دەرفەتێکی باش بۆ حکوومەت ڕەخسا کە بە شیکردنەوە و خەسارناسیی زەمینە و فاکتەرە مەترسیدارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بیر لە سیاسەت و ڕێکارە کەڵانەکانی ڕژێم بکاتەوە و چاکسازییان تێدا بکا و هەمواریان بکاتەوە و بە تەگبیری باش و ئاشتییانە لە پێناو چارەسەری کێشە و ئاریشەکان هەنگاو بنێت. بەڵام ئەم سەردەمە نەک هەر شایەتحاڵی دەرکەوتنی بیر و ئیرادەیەکی لەو شێوە بۆ تێپەڕاندنی دۆخی قەیراناویی ئێران نەبووین، بەڵکوو بە پێچەوانەوە سیاسەتەکانی ڕژێم ئەوەندەی دیکە قەیرانەکانی زیاتر کرد و بە قەبارەی ناڕەزایەتییە گشتییەکانی زیاد کرد چونکە لە شێوازی بەرەنگاربوونەوەی قەیرانی تەندروستیی گشتیی پەتای کۆرۆنادا؛ لاوازی و هەڵەی بەڕێوەبردنی کەرتی تەندروستی بوونە هۆی زیان پێگەیاندنی پتری تەندروستی و ئابووری بۆ سەر چین و توێژەکانی کۆمەڵگا کە هاوکات لەگەڵ کەمبوونەوەی ڕادەی بەرهەمهێنان و لەناوچوونی هەندێک لە پیشە و ئیشەکان، ئاستی هەژاری و بێکاری و هەڵاوسان زیادی کرد و ئاستی ئاسایشی دەروونی و بژێویی خەڵک داتەپی.

بەڵام بابەتی گرنگ و بنەڕەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئاراستەی کەڵانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەرامبەر دۆخی گشتیی وڵاتدا. هەر وەک ئاماژەمان پێدا، ئەم قۆناغە دەیتوانی ببێتە دەرفەتێک بۆ چاوخشاندنەوەی دووبارە بە هەندێک بابەتی قەیرانبەخشی ناوخۆیی و دەرەکی و گرتنەبەری هەڵوێستی عەقڵانی و چارەسەرگەرایانە بۆ گیر و گرفتەکان، بەڵام ڕەوتی سیاسەتی کەڵانی سیستەمی حوکمڕانی ئاقارێکی تەواو جیاوازتری گرتە بەر و ئەم قۆناغەی کرد بە سەردەمێک بۆ خێراکردنی ڕەوتی یەکدەستکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی، نەهێشتن و لاوازکردنی لایەنە بەرهەڵستکارەکان و ڕەوت و کەسایەتییە دژبەر و ڕەخنەگرەکان، کۆنترۆڵکردنی توند بە سەر گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی و بەئەمنیەتیترکردنی فەزاکە، داڕشتنی سیاسەتی کۆمەڵایەتی - فەرهەنگیی نوێ لە سەر بنەمای گوتاری ئینقلابیگەری و دروستکردنی سەکۆیەک بۆ هەنگاونان بەرەو ئامانجەکانی «هەنگاوی دووهەمی ئینقلاب». هەر بۆیە لەگەڵ کۆتاییهاتنی پەتای کۆرۆنا و گەڕانەوەی خەڵک بۆ بەستێنی گشتی، فاکتەر و زەمینەکانی ناڕەزایەتی پتر لە جاران کەڵەکە ببوون.

حیجابی ناچاری بۆ ژنان و کچان یەکێک لەو بابەتە مشتومڕاوی و پڕئاڵنگارییانە بوو کە لە ماوەی

دەیەی ڕابردوودا هەمیشە لە سەرووی مژاری پۆشاک، بووەتە سەکۆیەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە سەر پرسی شوناسی ڕەگەزێتیی و ئازادیی ژنان. بە هاتنە سەر کاری دەوڵەتی ئینقلابیی ئیبراهیم ڕەئیسی ئەم بابەتە کە بەشێک لە پلانی «ستراتیژییەکانی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی عیفاف» و «فەرمان بە چاکە و قەدەغەکردنی خراپە»[1] بوو بە شێوەی جددی خرایە پەیڕەوی کاری سیاسەتە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی دەوڵەتەوە. یەکێک لە ڕەهەندە ئیجراییەکانی ئەم پلانانە بە ناوی فەرمیی «پۆلیسی ئاسایش و ئەخلاق» یان «پلانی بەرزکردنەوەی ئاستی ئاسایشی کۆمەڵایەتی» بوو (مهرابی، ١٤٠١)، کە تێیدا پۆلیسی ڕەوشت بە ئامادەبوونی لە شوێنە گشتییەکاندا بەرپرسیاری کۆنترۆڵکردنی پۆشەنی ڕوواڵەتیی خەڵک بەتایبەت ژنان بوون و هەر نموونەیەکی بێحیجابی و کەم حیجابیان بدیبایە بە شێوەی پۆلیسی هەڵسوکەوتیان دەکرد. هەڵسوکەوتی پۆلیسی ڕەوشت لەگەڵ ئەو ژن و کچانەی کە بە گوتەی ئەوان پۆشاک و جلوبەرگی شیاویان نییە، یەکێک لە ململانێ بەردەوامەکانی سەر شەقامەکانی ئێران و شوێنە گشتییەکان لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا بووە، کە لە بەهار و هاوینی ساڵی ١٤٠١ چووە قۆناغێکی نوێوە. نموونەکانی وەکوو خۆهەڵواسینی دایکێک بە ئۆتۆمبێلی پۆلیسی ڕەوشت بۆ ئەوەی بەرگری لە بردنی کچە دەستبەسەرکراوەکەی بکا و کەمتەرخەمیی پۆلیسی ئاسایشی ئەخلاقی تاران لە هەمبەریدا و دانپێدانانی زۆرەملێی سپێدە ڕەشنۆ یەکێک لە ژنانی دژبەری حیجابی ناچاری، کە بە شێوەی بەرفراوان لە فەزای مەجازی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو کرایەوە، ئەوەندەی دیکە ناڕەزایەتی و تووڕەیی گشتیی سەبارەت بەم بابەتە زیاد کرد، تا ئەوەی کە دوا جار لە ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١دا، لە ناو فەزایەکی پڕ لە گرژی و لەبار بۆ هەڵگیرسانی ناڕەزایەتی، گیان لە دەستدانی کچێکی گەنج بە ناوی ژینا (مەهسا) ئەمینی لە زیندانی پۆلیسی ئەخلاقی تاراندا، ژیلەمۆی تووڕەیی و ناڕەزایەتیی کۆمەڵگا بڵێسەی سەند و گەڕێکی دیکەی سەرهەڵدانی سەرتاسەری دەستی پێکرد کە ئەم ڕاپەڕینە بە «ژن، ژیان، ئازادی» ناسراوە.

ڕۆژی ٢٢ی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی، کچێکی تەمەن ٢١ ساڵ بە ناوی ژینا (مەهسا) ئەمینی خەڵکی سەقزی پارێزگای سنە کە لە سەفەرێکی بنەماڵەییدا سەردانی شاری تارانی کردبوو، بە تاوانی بەدحیجابی لە نزیک میترۆی شەهید حەقانی لە تاران دەستگیر کرا و پاش دوو کاتژمێر دوای گیرانی و گواستنەوەی بۆ بینای پۆلیسی ئاسایشی ئەخلاقی لە تاران لە شەقامی ووزەرا گوایا بە هۆی برینداربوونی کاسەی سەری تووشی مەرگی مێشکیی دەبێ و بە هۆی ئەو برینەوە لە بەشی چاودێریی چڕی نەخۆشخانەی کەسرا خەوێنرا، و دوای سێ ڕۆژ، لە ٢٥ی مانگی خەرماناندا گیانی لەدەست دا. ڕووماڵی هەواڵی چوونە کۆمای مەهسا (ژینا) ئەمینی و بڵاوبوونەوەی ئەو وێنەی کە لە سەر تەختی نەخۆشخانە خەوێنراوە، بووە هۆی دروستبوونی شەپۆلێکی بەرفراوانی هاوسۆزی و ناڕەزایەتی لە ناو فەزای مەجازی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، و

١. امر به معروف و نهی از منکر

پاش ڕاگەیاندنی هەواڵی مردنی ژینا ئەمینی ئەم ڕەوتە خێراتر بووەوە، و لە ٢٦ی مانگی خەرمانان یەکەمین کۆبوونەوەی دژی حکوومەت، وەک نارەزایەتییەک بەرامبەر بە مەرگی ژینا، لە شەقامەکانی نزیک لە نەخۆشخانەی کەسرا و دەوروبەری مەیدانی ئارژانتینی تاران بە وتنەوەی دروشمی «مەرگ بۆ دیکتاتۆر» و «پۆلیسی ئیرشاد پۆلیسی کوشتار»، «قەسەم بە خوێنی مەهسا، ئێران ئازاد دەبێت»، «خامنەیی قاتڵە، حکوومەتەکەی باتڵە»، «لە کوردستان تا تاران ستەم لە دژی ژنان»، «دەیکوژم، دەیکوژم ئەوەی خوشکەکەمی کوشت»[1] بەڕێوە چوو، کە لە لایەن هێزەکانی دژەشۆڕشەوە بە توندی بەرسڤیان درایەوە (اعتراضات و ابراز خشم مردم ایران درپی جان باختن مهسا امینی، ١٤٠١).

گواستنەوەی تەرمی مەهسا (ژینا) بۆ گۆڕستانی ئایچی سەقز و پرسە و نارەزایەتییەکانی دوای ناشتنی لە شاری سەقز، هەنگاوێکی گرنگی درێژەدان و مانابەخشی بەم بزووتنەوە نارەزایەتییە بوو کە چەند ڕۆژ پێشتر لە فەزای مەجازی و هەندێکی بە شێوەی پەرش و بڵاو دەستی پێکردبوو. هاوکارینەکردنی خانەوادەی مەهسا (ژینا) لەگەڵ دامودەزگاکانی حکوومەت لە پەردەپۆشکردنی مەرگی مەهسا، و ئەو نارەزایەتییەی کە خەڵک لە سەر گۆڕی مەهسا (ژینا) دەریان بڕی بە تایبەت دێڕێک بە زمانی کوردی لە سەر کێلەکەی کە نووسرا: «ژینا گیان تۆ نامری ناوت ئەبێتە ڕەمز!» لە گەڵ وتنەوەی دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» هەر زوو بوو بە ناسنامەیەکی جیهانی بۆ ئەم ڕاپەڕینە، خاڵێکی وەرچەرخانیان لە بیچمگرتنی بزووتنەوەیەکی سەرتاسەریدا هێنایە ئاراوە. لە ڕاستیدا بەردەوامی و دینامیزم و مانادۆزیی ئەم نارەزایەتییانە، بەو شەپۆلە زەبەلاحە هاودەنگی و هاوڕێیەتییەی کە لە سەر ئاستی جیهانیدا بەدەستی هێنابوو، زەمینەی گواستنەوەی لە بزووتنەوەیەکی نارەزایەتییەوە بۆ ڕاپەڕینێکی نوێ دابین کرد کە لە جیهاندا بە «بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی» ناسراوە.

هاوکات لەگەڵ ڕێوڕەسمی پرسەی مەهسا (ژینا)، بانگەوازی نارەزایەتیی جەماوەری لە زۆرێک لە شارەکاندا بڵاو کرایەوە و لە سنە، تاران، ئیسفەهان، مەشهەد و ڕەشت یەکەمین نارەزایەتی بە دروشمگەلی دژەحکوومەتی لە سەر تەوەری «ژن، ژیان، ئازادی» ڕووی دا و زۆری نەخایاند کە سەرەڕای کاردانەوەی توند و سەرکوتگەرانەی حکوومەت، هەموو ئێران بوو بە مەیدانی نارەزایەتی دژ بە مەرگی مەهسا (ژینا) و دژایەتیکردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران. پانتایی جوگرافیای ئەم ڕاپەڕینە ٣١ پارێزگا و ١٦١ شار و ١٤٤ زانکۆی گەورەی لە شێوەی ٥٤٤ نارەزایەتیی شەقام و ٦١٥ کۆبوونەوەی ناو زانکۆ، لە ڕۆژاواوە بۆ ڕۆژهەڵات و لە باکوورەوە بۆ باشووری ئێرانی لە خۆ گرتبوو و نزیکەی ٣ مانگ بەردەوام بوو کە لە ڕووی بەردەوامییەوە گشتگیرترین و درێژخایەنترین نارەزایەتیی بەردەوام لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو (هرانا، ١٤٠١، ٨) . ڕۆژنامەی گاردیەن لە شیکردنەوەیەکدا بە گەورەترین ئاڵنگاریی بەردەم ڕێبەر و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵی

---

١ . «مرگ بر دیکتاتور» و «گشت ارشاد گشت کشتار»، «قسم به خون مهسا، ایران می‌گردد آزاد»، «خامنه‌ای قاتله، حکومتش باطله»، «از کُردستان تا تهران ستم علیه زنان» و «می‌کشم می‌کشم، کسی که خواهرم کشت».

١٣٥٧ــەوە لە قەڵـەم دا (The guardian, 2022).

ژنـان، مێرمنـداڵان، گەنجـان و خوێنـدکاران لـە زۆربـەی شـارە بچـووک و گەورەکانـدا و هەروەهـا گرووپـە ئێتنیکـی - ئایینییەکانـی ناوچـە پەراوێزییەکانـی ئێـران پێگـەی سـەرەکیی کۆمەڵایەتـی و چالاکانـی ڕاپەڕینـی ١٤٠١یـان پێک دەهێنا. جیا لە گوشـارە ڕەگەزێتی و نەوەییـە تایبەتەکان، خاڵی هاوبەشـی ئـەم گرووپانـە ئەوەیـە کـە زیاتـر لـە گرووپـە کۆمەڵایەتییەکانی دیکـە خۆیـان وەک قوربانیی بارودۆخـی نالەبـار دەبینن و بە شـێوازی جیاجیا هەم لە ئاسـتی کۆمەڵگا و هـەم لە ناو بنەماڵەکانیاندا، کێشـە و قەیرانە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسـییەکان بەئەزموون دەکەن. جگە لەوەش سیسـتەمێکی پەروەردەیـی ناخـۆش و بێزارکـەر تێدەپەڕێنـن؛ بـە وشـیارییەکی ڕێژەیی لە سـەر دۆخی ئێسـتای ئێران و بەتایبـەت بـازاڕی کار، ئایندەیەکـی گـەش بـۆ خۆیان بەدی ناکـەن؛ و لە کۆتاییدا ئەوان ئـەو دەرفەتە کەمـەی خۆشـی ڕابواردن و کات بەسەربردنەشـی کـە هەیانـە لـە ژێـر کۆنترۆڵـی دوو هێندە و فشـاری دامـەزراوە حکومییەکاندایـە. بێگومـان لە نێو گەنجانـی نارازیدا، جۆرێک لە تایبەتمەندی هاوپیشـەیی بوونـی هەیـە. جیا لـە گرووپە ئێتنیکی و ئایینییـەکان، ژمارەیەکی زۆر لەوانەی کـوژران گەنجانی بێکار یـان کرێکارانـی کاتیـی کەرتـە خزمەتگوزارییـە بچووکـە تایبەتەکانـی وەکوو چێشـتخانە و کافی شـۆپ و یانـە وەرزشـییەکان بـوون. ئـەم تێکەڵـە زۆر بـە باشـی ئاسـەواری کێشـە ئابوورییەکانی لە پاڵ کێشـە کۆمەڵایەتـی و فەرهەنگییـەکان لەم بزووتنـەوەدا نیشـان دەدا (دلاوری، ١٤٠٢).

یەکێـک لـەو تایبەتمەندیانـەی کە بزووتنـەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» لە نارەزایەتییەکانی پێشـوو جیا دەکاتـەوە، بەشـداریی بەرفراوانـی بازاڕیـان و سـەندیکا و کرێکاران لە شـێوەی مانگرتن بـوو. مانگرتنی بازاڕیـان زیاتـر لـە ناوچەکانی باکووری ڕۆژاوا و هەروەها باشـووری ڕۆژهەڵاتی ئێرانـدا چڕ ببووەوە. بەڵام بەشـێک لـە بـازاڕی تـاران، وەک ناوەنـدی فرۆش و دابەشـکردنی کاڵا و شـتومەک لە ئێراندا سـەرەڕای کاریگەریـی زۆری حکوومـەت، شـایەتحاڵی مانگرتـن بـوو. بـە گشـتی بـازاڕ و شـوێنە بازرگانییـەکان لە کـۆی ٥٣ شـار لـە مـاوەی ٨٢ ڕۆژدا ١٦٣ جـار بـە داخسـتنی شـوێنی کارەکانیـان مانیـان گـرت. لـەم مـاوەدا شـوێنە پەروەردەییـەکان یان پیشـەییەکان ١١٠ جار لە ٣٣ شـاردا لە شـوێنی کار یان خوێندن کـۆ بوونـەوە و مانیـان گـرت و هەروەهـا ١٤ شـاریش لـە شـوێنی خوێندن یان شـوێنی کار بـە وازهێنان لـە کار یـان خوێنـدن بـۆ مـاوەی ٤٣ جـار نارەزایەتیـان دەربـڕی. کرێـکاران، هەندێـک لـە شـۆفێرانی بارهەڵگـر، مامۆسـتایان و پارێـزەران لەو پیشـانە بـوون کە بە کۆبوونەوە یان وەسـتاندنی کار هاوسـۆزی خۆیـان بـۆ نارەزایەتییە سەرتاسـەرییەکان نیشـان دەدا (هرانـا، ١٤٠١، ٦٠).

خاڵێکی دیکە لەمەڕ پێگەی کۆمەڵایەتیی ئەم بزووتنەوە کە جێی سەرنج و تێڕامانە، بێدەنگیی پیاوانی ئایینیی نەریتی و ناحکوومی سەبارەت بەم بابەتە بوو، لە درێژەی بزووتنەوەکەدا، سەرەڕای ئەوەی پەیتا پەیتا سەرکردەکان و کۆبوونەوە حکوومەتییەکان داوایان لە «کەسانی هەڵکەوتوو» دەکرد لە دژی ئەم بزووتنەوە هەڵوێست بگرن، بەڵام لە لایەن زانایانی ئایینییەوە هیچ هەڵوێستێک نەگیرا. بە پێچەوانەوە لەم ڕۆژانەدا بەشێک لە پیاوانی ئایینی هەندێک جار ڕەخنەیان لە بارودۆخەکە و لاگیری و

سیاسەتەکانی حکوومەت دەگرت. ئەمە لە کاتێکدایە کە جگە لە لایەنە نائایینییەکانی (نەک دژەئایین) ئەم بزووتنەوە خۆپیشاندەران بە ئاشکرا دژایەتیی خۆیان بەرامبەر بە هەندێ لە هێما ئایینی و دەزگا ئایینییەکان دەردەبڕی. ئەم پرسە جیا لە هۆکارەکانی، کاریگەرییەکی گرنگی لە سەر ڕەوت و ئاسۆکانی داهاتووی بزووتنەوەکە هەبوو. بە گشتی ئەم بزووتنەوە توانایەکی کردەکی و هێزەکیی بەرچاوی هەبوو. پانتایی جوگرافی و بەردەوامییەکەی لە فۆرم و دەرکەوتنی جۆراوجۆردا، سەرەڕای فشار و سنووردارکردنی زۆر توند، ئەم دەسەڵات و بەهێزییە پشتڕاست دەکاتەوە (دلاوری، ١٤٠٢).

ڕاپەڕینی ساڵی ١٤٠١ لە ڕووی پەیام و پانتایی و یەکگرتووییەوە لە چاو ڕاپەڕینەکانی پێش خۆی ئەولاتر ڕۆیشتووە و لە بنەڕەتدا سیما و دینامیکی جیاوازی بە خۆوە گرتووە. ئەم ڕاپەڕینە چینی مامناوەندی شار و چینی مامناوەندی هەژار و هەندێک لە پەراوێزنشینان، و ئێتنیکە جۆراوجۆرەکانی وەکوو کورد، فارس، لوڕ، تورکی ئازاری و بەلووچی لە ژێر پەیامی «ژن، ژیان، ئازادی»دا کۆ کردۆتەوە. جۆرێک دەرد و ئازاری هاوبەش دروست بووە؛ دەرد و داواکارییەک کە گرووپە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی یەک خستووە بۆ ئەوەی نەک تەنها هەستی پێ بکەن و پێکەوە هاوبەشی بکەن، بەڵکوو بە پێی ئەوە ئیش بکەن. لەگەڵ دەرکەوتنی «گەل»، وەک سەرەجەماوەرێک کە جیاوازییە چینایەتی و ڕەگەزێتی و ئێتنیکی و ئایینییەکان بۆ ماوەیەکی کاتی لە بەرژەوەندیی خێر و چاکەیەکی گشتیی گەورەتردا کاڵ دەبنەوە، ڕاپەڕین سیمایەکی شۆڕشگێڕانەی بە خۆوە گرت. داواکارییەکانی ڕاپەڕین لە کۆتاییهێنان بە پۆلیسی ئەخلاق و حیجابی ناچاری ئەولاتر چوو و بۆ یەکەم جار بزووتنەوەیەکی نارەزایەتیی سەرتاسەری لە ئێراندا داوای گۆڕینی ڕژێم و وەرچەرخانی پێکهاتەیی کرد (بیات، ١٤٠٢، ٥٠).

ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادی، فەزا شارییەکانی دەرەوەی ئێرانی کردە گۆڕەپانێک بۆ بەشداریکردن و ململانێی نێوان چالاکانی بێژمار لە تاکەکانەوە بگرە تا دەگاتە گرووپ و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان. ڕەهەندەکانی هاوپشتیی دەرەکی بۆ ئەم بزووتنەوە کە زۆر لە ژێر کاریگەریی داخوازی و دروشمگەلی پێشکەوتنخوازانەی هەڵقوڵاو لە مافی مرۆڤ بوو، یەکێک لە تایبەتمەندییە دیار و گرنگەکانی ئەم بزووتنەوە بوو، کە لە مێژووی ئێراندا ناوازەیە. هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی ڕاپەڕینی سەرتاسەریی ساڵی ١٤٠١ هەتاوییەوە لە دەرەوەی ئێران کاردانەوەی بەرفراوان بە مەرگی مەهسا (ژینا) ئەمینی و ڕووداوەکانی دوای ئەوە دروست بوو کە کاریگەرییەکی گرنگی لە سەر سروشت و پرۆسەی بزووتنەوەکەدا هەبوو. کۆمەڵگەی ئێرانییەکانی دەرەوەی ئێران، سەرۆکی حکوومەت و ڕێکخراوە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان، دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، سەندیکای کرێکاری و سەندیکا نێودەوڵەتییەکان، کەسایەتییە دیار و ناسراوەکانی بواری زانست و ئەکادیمیا، هونەرمەندان، ئەکتەرانی سینەما، وەرزشوانان، و خەڵکی ئاسایی هەندێک لە وڵاتان لە ڕیزی چالاکوانانی جیهانیی پشتیوانی بزووتنەوەی ژنان، ژیان، ئازادی بوون. نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێتیی ئەورووپا، چاودێرانی مافی مرۆڤ، وڵاتانی ڕۆژاوایی وەکوو ئەمریکا، کانادا، فەڕانسا، ئەڵمانیا

و بەریتانیا بە ئاشکرا پاڵپشتییان لە بزووتنەوەکە کرد و هاوتەریب لەگەڵ ئەوەشدا ڕێوشوێنی گشتییان گرتە بەر، لەوانەش سەپاندنی سزا بە سەر سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی و بەرنامەی پشتیوانی لە بزووتنەوەکە. لە کۆبوونەوەیەکی نافەرمیدا کە بۆ ئەم مەبەستە بەڕێوە چوو، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران (١٤٠١) لێدوانێکی دا. ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٣ی مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٤٠١ بە زۆرینەی دەنگ ئێرانیان لە کۆمیسیۆنی ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرکرد. بڕیارنامەی پێشنیارکراو بۆ ئەمە لە لایەن ئەمریکاوە پێشکەش کرا و ٢٩ ئەندامی ئەم ئەنجومەنە پشتگیریان لە بڕیارنامە پێشنیارکراوەکە کرد. ئەم داپەڕە بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەم کۆمیسیۆنەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕووی دا. هەروەها کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن لە ساڵی ١٤٠١ بە بێ ئامادەبوونی کاربەدەستانی ئێران و بە بانگهێشتی هەندێک کەسایەتیی بەرهەڵستکاری کۆماری ئیسلامی بەڕێوە چوو. (آغاز نشست امنیتی مونیخ...، ١٤٠١).

تووەج ئەتابەکی سەبارەت بە ڕەنگدانەوەی بزووتنەوەکە لە کۆمەڵگا دەرەکییەکاندا دەڵێ: یەکێک لە ناسێنەرە دیارەکانی بزووتنەوەکە دەستکەوتەکانی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانە. لە سایەی ژیانی ملیۆنان پەنابەر و کۆچبەری ئێرانی لە سەرانسەری جیهان، بزووتنەوەیەک دروست بووە کە من ناوی دەنێم «بزووتنەوەی دیاسپۆرا». ئەم بزووتنەوە خۆی لە پاڵپشتی تەنیا داخوازییەکانی خەڵک لە ناوخۆی ئێران سنووردار نەکردووە و بە خستنە ڕووی گوتارێکی تەواوکەر، بۆ بەهێزکردن و دەوڵەمەندکردنی داواکارییەکانیان یارمەتیان دەدات. سەرکەوتووترین و دیارترین نموونەی ڕۆڵی بزووتنەوەی ڕەوەند لە بزووتنەوەی نارەزایەتی - شۆڕشگێڕی ئێستادا، ڕێکخستنی کۆبوونەوە و ڕێپێوانی زۆر گەورە لە وڵاتانی ئەورووپی و ئەمریکایە. لە کۆبوونەوەی تۆرێنتۆدا زیاتر لە ٥٠ هەزار کەس بەشدارییان کرد و زیاتر لە ٨٠ هەزار کەسیش لە کۆبوونەوەی بەرلین بەشدارییان کرد. هەنگاوی لەم چەشنە لە لایەن بزووتنەوەی ڕەوەندەوە نەک هەر لایەنگرانی بزووتنەوەی نارەزایەتی -شۆڕشگێڕی لە ناوخۆی ئێراندایە، بەڵکوو دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە کە بە فۆرمی ڕێکخستن و دروشمەکانیان کاریگەرییان لە سەر بزووتنەوەی ناوخۆی ئێراندا هەبێت. هاودەنگیی دووراودوور، بوو بە هاودڵیی جیهانی (گلۆباڵ یان گلۆکاڵ). لە لایەکی دیکەوە ئەم ڕەوەندە بە دوو چین، خوارەوە و سەرەوە، نەک هەر هەوڵیان بۆ فراوانکردنی پشتیوانیی خەڵکی جیهان بۆ بزووتنەوەی ژن-ژیان-ئازادی لە ئێران (کە لە جۆری خۆیدا ناوازەیە) دەدا، بەڵکوو حکوومەتەکان و زۆرێک لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانیان بۆ پشتیوانیکردن لە بزووتنەوەی نارەزایەتی - شۆڕشگێڕی ئێران دنە داوە کە ئەمەش لە مێژووی هاوچەرخی ئێران و جیهاندا کەمتر بینراوە. پشتیوانی و پاڵپشتیی خەڵکی جیهان لە خەباتی گەلی ئێران بێشک و بێ سێ و دوو بێوێنەیە (اتابکی، ١٤٠١).

ڕۆڵگێڕانی پڕڕەنگ و بێوێنەی ڕەوەندی ئێرانی، بە خەڵکی ئاسایی، بلیمەت و حیزب و ڕەوتە ئۆپۆزسیۆنەکانەوە لە ڕەوتی ڕاپەڕینەکەدا، کارێکی وایان کرد کە ئەوان لە فەزای ئازادی جیهانی

ڕۆژاوادا تا ڕادەیەک دەستپێشخەری بکەن و نوێنەرایەتی بزووتنەوەکە بکەن کە ئەمە سەرەڕای ئەوەی دەرەنجامی ئەرێنی بۆ بەجیهانیکردنی دەنگی بزووتنەوەکە هەبوو، بەڵام زنجیرەیەک دەرهاویشتەی نەرێنی و لادەرانەشی هەبوو. گرنگترین لایەنی خەسارناسیی ڕاپەڕینی ڕەوەند، سەرهەڵدانی هەندێک گوتاری ئایدیۆلۆژیکی ڕاست و چەپی توندڕەو و پاشایەتیخواز لە بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» بوو. ڕەوتگەلێک کە بە ڕووبەڕووبوونەوەی دابەزێنەرانە و نیازی ئایدیۆلۆژیکانە بزووتنەوەی گشتگیر و نوێی «ژن، ژیان، ئازادی» کە پەیامی جیهانی و ئینسانی هەبوو بەرەو خوێندنەوەی ڕووکەش و مەبەستی تاقمی و حیزبی ڕاپێچ دەکرد. مێهرداد دەروێشپوور، کۆمەڵناس، لە شیکارییەکدا لە ژێر ناوی «سەرهەڵدانی ڕاستی توندڕەو لە دەرەوەی ئێران» لە سەر ئەم بابەتە دەنووسێ: ئەم بزووتنەوە لە کاتێکدا سەری هەڵدا کە هاوکات لە دەرەوەی ئێران و لە دڵی دیموکراسیدا و ڕێک لە ژێر کاریگەریی ئەم بزووتنەوەدا ڕاستی ڕادیکاڵ و توندڕەوی ئێرانی سەری دەرهێنا کە لەگەڵ ئەم بزووتنەوەدا تەواو نامۆ بوو؛ ڕەوتێک کە نە لەگەڵ سەرهەڵدانی ژنان نێوانی هەیە، نە لەگەڵ سەرهەڵدانی گرووپە ئێتنیکییەکان و نە لەگەڵ ئاشتیخوازی و دیموکراسیگەرایی ئەو بزووتنەوە یەک دەگرێتەوە و تەنها وەک ئامرازێک تەماشای دەکات. ئەم ڕەوتە بە بیانووی پشتیوانی لە بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» بەڵام بە پێچەوانەی ئەو، زیاتر جۆرێک بانگەشەکردن بۆ لۆمپەنیزم، و توندوتیژی و توندڕەویگەرایی و بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست بوو. لە بواری مەیدانی و خۆپیشاندانەکاندا، ڕاستی توندڕەو بە ڕەفتاری شەڕانگێزانە و تونداژۆیانە و ترسناکانەی وەکوو بەرزکردنەوەی پەت و سێدارە و وێنەی ئەشکەنجەدەرانی پێشوو، لێدانی نەیاران یان خۆسەپاندن بە سەر کەسانی دیکە، ڕاگەیاندنی شەڕ لە دژی بەشەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆن و چاندنی تۆوی دووبەرەکی، توانای نەناسراوی خۆیان لە کاولکاریدا پیشان دا. یەکێتیخوازیی نەرێنییانەی پۆپۆلیستی لە دەوری هێمای پاشایەتی خێرا بوو بە «سەرکردەکەمان پەهلەوییە، هەر کەس نەیڵێ، ئەجنەبییە» [1] و ڕاگەیاندنی شەڕ لە دژی «جێبەجێکارانی پیلانی ٥٧». ئەوان هەوڵیان دەدا ئەو پاڵپشتییەی کە لە گەلی ئێران دەکرێ بە قازانجی خۆیان قۆرخی بکەن و بە کپکردنی فرەدەنگی، یەکدەنگی دروست بکەن. لەم پێناوەدا لە دوژمنایەتی کردن لەگەڵ ئەویدیئەندێشانی ئێرانی و نزیکایەتیی لە ڕاستی توندڕەوی نەژادپەرستی لە ڕۆژاوا سڵیان نەدەکردەوە. «نوخبە» فیکرییەکانی ئەم ڕەوتە، بە پشتگوێخستنی دروشمەکانی ئەم بزووتنەوە لە ناوخۆی ئێران، هەر زوو خۆیان گەیاندە ئاستی «ئەندێشەیەکی سیاسی»ـی تەکووز و حیزبە «نوێ»کانیان دامەزراند. یەکەم: ئەوان بە تەواوی ئەو ڕاپەڕینەیان ڕەت کردەوە کە جیهان بە یەکەمین «شۆڕشی ژنان» لێی دەڕوانی و بە «شۆڕشی ناسیۆنالیستی» ناویان برد. پاشان بە مەبەستی کاڵکردنەوەی ڕەنگی فێمینیستیی دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی»، هەستان بە دروستکردنی دروشمی پیاوسالاری و پاوانخوازانەی «پیاو، نیشتمان، ئاوەدانی» [2]. هەروەها نۆستالژیگەرایی کێشەداری ئەم

١. رهبر ما پهلویه، هر کی نگه اجنبیه
٢. مرد، میهن، ابادی

ڕەوتە بە خێرایی ئایدیالیزەکردنی ڕەهای حکوومەتی ڕابردووی (پەهلەوی) لێ کەوتەوە. ئەوان لە سەرەتادا بە ناوی پاراستنی یەکپارچەیی ئێران، هەڵاواردنی ئێتنیکییان ڕەت کردەوە، خێرا گرووپە ئێتنیکییەکانیان بە جودایی‌خواز و تیرۆریست ناو برد. دژایەتیی توندڕەوانەی حکوومەتی ئیسلامی خێرا بوو بە دوژمنایەتیی لەگەڵ «پیلانگێڕانی ٥٧» (درویش‌پور، ١٤٠٢).

ڕۆڵ و کاریگەری جیهانی مەجازی بە تەوەرایەتیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرهەڵدانی «ژن، ژیان، ئازادی»دا وەک ڕەهەندێکی جەوهەریی دیکەی ئەم بزووتنەوە لە قەڵەم دەدرێ، کە کارکردە فرەچەشنەکانی کاریگەرییەکی زۆریان لە سەر سروشت و بەهێزیی بزووتنەوەکەدا هەبوو، بە جۆرێک کە بەشێک لە لایەنە مەجازییەکانی ئەم بزووتنەوە وەکوو هاشتاگی مەهسا ئەمینی، بە نزیکەی ٣٠٠ ملیۆن هاشتاگ لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئێکس (تویتەر) و چەندین ملیۆن هاشتاگی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەکوو ئینستاگرام و تیک تۆک، ڕیکۆردی مێژوویی بەکارهێنانی هاشتاگەکانیان لە دوای ناساندنی ئەم پلاتفۆڕمە مەجازییانە شکاند (چگونه هشتگ ٣٠٠ میلیونی «مهسا امینی» رکورد توئیتر فارسی را شکست؟، ١٤٠١). وەک لە شێکاریی ناڕەزایەتییەکانی ئابانی ١٣٩٨دا ئاماژەی پێکرا، تیۆریی «کۆمەڵگای تۆڕی» و کارکردی هەمەجۆری زانیاریبەخشی، ڕێکخستن، تۆڕسازیی مەجازی، ماناسازی و دروستکردنی و برەودانی، یەکێک لە تایبەتمەندییە جیاوازەکانی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییەن، کە لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٤٠١هەتاویدا ڕەهەندێکی بەرفراوانتری بە خۆوە گرت بە جۆرێک کە کۆنترۆڵکردنی ئینتەرنێت لە ئێران بوو بە یەکێک لە ئامرازە سەرەکییەکانی سەرکوتکردن. لە ڕۆژانی سەرەتای ڕاپەڕیندا هێڵی ئینتەرنێت لە ئێران بۆ ٦٧ لە سەدی ڕێژەی ئاسایی کەم کراوە. لە ڕۆژانی دواتردا ئینتەرنێتی مۆبایل و هێڵی مۆبایل لە ناوچەیەکی بەرفراوانی ئێراندا پچڕا. هەروەها پلاتفۆڕمە کۆمەڵایەتییەکانی ئینستاگرام و واتساپیش لە ٣٠ی خەرمانان (٢١ ئاب) فیلتەر کران. ڕۆژی ٣٠ی خەرمانان (٢١ ئاب)، وەزارەتی پەیوەندییەکانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ئامانجی ئاگادارنەبوونی خەڵک و ناڕازییان لە دوایین ڕووداوی سەرهەڵدانەکان، واتساپ و ئینستاگرام و هەروەها دوای دوو ڕۆژ گووگڵیشی فلتەر کرد. هەروەها پچڕانێکی بەرفراوان لە دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت ڕووی دا، کە بە گوێرەی ڕاپۆڕتی نێت‌بلۆکس، لە دوای پچڕانی سەرتاسەریی ئینتەرنێت لە ساڵی ١٣٩٨ هەتاوی، گەورەترین پچڕانی ئینتەرنێتی لە ئێران بوو.

دوا بە دوای یەکەم چەخماخەی ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٤٠١، دەزگای زەبەلاحی سەرکوت بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە و بە هەموو توندوتیژییەکەوە هاتە مەیدان و یەکێک لە بەرفراوانترین و قێزەونترین سەرکوتەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێران ڕووی دا. ئاژانسی هەواڵگریی گرووپی چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران ژمارەی کوژراوانی ڕاپەڕینەکەی هەتا ڕێکەوتی ١٧ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢ی زایینی (٢٦ی سەرماوەزی ١٤٠١) بە ٤٩٦ کەس ڕاگەیاند کە ٦٨ کەسیان تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵەوە بووە. بە پێی ڕاپۆرتی هرانا، ژمارەی ئەو کەسانەی دەستبەسەر کراون گەیشتووەتە ١٨ هەزار و ٤٥٢ کەس، لەو

ژمارەش ٦٤٩ کەسیان خوێندکار بوون (هرانا، ١٤٠١، ٦٧ و ١٩٠و ٤٨٥).

دەزگای سەرکوت، جگە لەو ڕۆڵەی کە لە ڕوونکردنەوەی سروشتی سیستەمی دەسەڵات و چۆنیەتیی تێگەیشتنی لە جۆرەکانی کردەوە گشتییە نارەزایەتییەکاندا دەیگێڕێ، لە پرۆسە و چارەنووسی کردەوە نارەزایەتییەکانیشدا بگۆڕێکی گرینگە، بۆیە ناسینی ڕێکخراو، توخم، ڕەهەند و هۆکار و ئامرازەکانی ئەم دەزگا پێوەرێکی گرینگی لێکدانەوەی کردەوە نارەزایەتییە گشتییەکانە. لە ماوەی ٣ دەیەی ڕابردوودا، لە نارەزایەتییە خوێندکارییەکانی پووشپەڕی ١٣٧٨، واتا هێرشکردنە سەر بەشی ناوخۆیی زانکۆی تاران ناسراو بە «کووی دانشگاه»، تا دەگاتە «بزووتنەوەی سەوز»، «نارەزایەتییەکانی ساڵی ١٣٩٦»، سەرهەڵدانی «خەزەڵوەری ١٣٩٨» ناسراو بە ئابانی خوێناوی و «ڕاپەڕینی ساڵی ١٤٠١» دەریدەخن کە تا چەندە دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەموو ڕەهەندێکی ڕەقامێری و نەرمامێرییەوە بەهێزتر بووە و پەرەی سەندووە. بەشێک لە ڕەهەندەکانی ئەم گووران و تەواوکۆییە بریتییە لە: تواناسازیی ڕاهێنان و زیادکردنی ژمارەی سەرچاوە و هێزە مرۆییەکان، ڕێکخستن و تۆڕسازی بە پێی ستانداردە پۆلیسییەکان و گۆڕانکارییە ژینگەییەکان، تەیارکردنی لایەنی ڕەقامێری سەرکوتکردن وەکوو چەک و کەرەستەی کۆنترۆڵکردن و چاودێریکردن، و پەرەپێدانی ڕێکخراوە ئەمنی و هەواڵگرییەکان (هامونیان، ٢٠٢٢). دوای بەکارهێنانی بەرفراوان و کاریگەرانەی فەزای مەجازی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە نارەزایەتییەکاندا، بەشێکی بەرچاوی توانا و دەسەڵاتی دامەزراوەی سەرکوتیش لە سەر چاودێریکردن، کۆنترۆڵکردن، فلتەرکردن و بەدواداچوون بۆ چالاکییە مەجازییەکان و سەرکوتی سایبێریدا چڕ بووەوە. پێکهێنانی گرووپی ناسراو بە کەتیبەی سایبێری لە ناو دامەزراوە سەربازی و نیمچە سەربازییەکان، یان وەڕێخستنی هەندێ دامەزراوە بۆ بەرهەمهێنانی ناوەڕۆک، چاودێریکردن، دۆسییەسازی یان هەراسانکردنی نەیاران و ڕەخنەگرانی چالاکی بواری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، نموونەی سەرکوتکردنی مەجازی و سایبێرین. ئەو پێکهاتە و ڕێکخراوەی کە لە کۆماری ئیسلامیدا بەرپرسی سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکانە، تەنیا پۆلیس و هێزەکانی پۆلیس (ئینتزامی) نین، بەڵکوو بەشی جۆراوجۆری نیمچە سەربازی، سەربازی، ئیتلاعات (دەزگای هەواڵگریی ئێران)، ئۆپەراسیۆنی، دادوەری، میدیایی، پڕوپاگەندە و تەنانەت داراییش لە خۆ دەگرێ و نەیارانی حکوومەت ئەوە بە ڕێکخراوێکی سەرکوتکەری فرەلایەن و فرەڕەهەند دەزانن (ویسی، ١٣٩٧ هەتاوی). بە پێی ڕاپۆرتی «بنکەی داتا کراوەکانی ئێران» سەبارەت بە دامەزراوەی سەرکوت لە ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، شێوازی سەرکوتکردنی نارازییان و ڕەخنەگران تەنیا بە لێدان، گرتن، زیندانیکردن و دادگایی کردن نییە، ئەم سەرکوتکردنە زەمینەسازیی فەرهەنگی و زانیاریی پێشینەیی هەیە کە ناوەندە فەرهەنگی و ئایدۆلۆژیکییە سەر بە حکوومەتەکان لێی بەرپرسیارن. لەم ڕاپۆرتەدا سەبارەت بە بودجەی دارایی دامەزراوەی سەرکوت، باس لەوە کراوە کە بە وردبوونەوە لە داتاکانی بودجەی ساڵی ١٤٠١، دەتوانین بزانین بڕی زیاتر لە ١٠٧ هەزار ملیارد تمەن دیاری کراوە کە پشکێکی نادیاری تەرخانی دەزگای زل و زەبەلاح و نارۆونی سەرکوتکاری

حکوومەتی ئێران دەکرێت. لە بەشێکی ئەم ڕاپۆرتەدا، ئاماژە بە ڕێکخراوی پاراستنی زانیاریی سپای پاسداران[1] وەک «چالاکترین دەزگای هەواڵگری ئەمنی لە ئێران» لە ساڵانی ڕابردوودا کراوە (درباره ساختار و بودجه دستگاه سرکوب در ایران چه می‌دانیم؟، ١٤٠١). لە ڕاستیدا لە ماوەی ٣ دەیەی ڕابردوودا، سەرکوتکردنی زیاتر و بەرفراوانتر لە ڕێگای بەکارهێنانی چەکی سەربازی و شێوازی ناباوی دژ بە کۆنوانسیۆن و ڕژێمە یاساییەکان، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر چەشنە سەرهەڵدان و نائارامی و گازندە و نارەزایەتییەکی جەماوەری، تاکە وەڵامێک بووە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گرتوویەتییە بەر. وەڵامێک کە بە ڕوونی سروشتی سەرکوتگەرانە و پاوانخوازانەی سیستەمی دەسەڵاتدار پیشان دەدا و لە دروستکردنی دووانەی حکوومەتێکی سەرکوتگەر و کۆمەڵگایەکی نارازیی و ڕووخێنەردا ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێت.

دروشمەکانی ڕاپەڕینی ١٤٠١ کە باس لە داخوازی و هیوا و ئامانجە نەرێنی و ئەرێنییەکانی خۆپیشاندەران و چالاکوانان دەکەن و یەکێک لە بژێرە سەرەکییەکانی تێگەیشتن لە سروشت و پەیامی نارەزایەتییەکانن، لە گۆشە نیگای جۆراوجۆر و لە چەندین لایەنەوە شیاوی شیکاری و لێکدانەوەن. دیارترین دروشمی ڕاپەڕینی ساڵی ١٤٠١ «ژن، ژیان، ئازادی» بوو. ئەم دروشمە کە بۆ یەکەم جار لە ڕۆژی ناشتنی مەهسا ئەمینی (ژینا) لە شاری سەقزی پارێزگای سنە لە سەر مەزارەکەی وترا، لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە مانیفێستی بزووتنەوە و دوای بڵاوبوونەوەی لە سەرانسەری ئێراندا، دەنگدانەوەیەکی جیهانیی لێ کەوتەوە. ئەم دروشمە هی هزر و بەرهەمەکانی عەبدوڵا ئۆجەلانە، سەرکردەیەکی کورد کە لە تورکیا زیندانی کراوە و بیرۆکەی ئەم سەرکردە زیندانییە «ژنی ئازاد»ە، کە ئۆجەلان پێی وایە کۆمەڵگا ئازاد نابێ هەتا ژن ئازاد نەبێ و دەشنووسێ «ژن، ژیان، ئازادی واتە ژنێکی ئازاد و وڵاتێکی ئازاد و تەنانەت پیاوێکی ئازاد» (قربانی، ١٤٠١). ئەم چەمک و بیرۆکانە، کە ڕۆڵێکی تەوەرییان لە فەرهەنگی خەباتی کورد لە تورکیا و پاشان لە سوریادا هەبوو، بە مەرگی مەهسا (ژینا) ئەمینی، لەگەڵ نارەزایەتییەکانی شاری سەقز، هاتە ناو ئەدەبیاتی ڕاپەڕینی ساڵی ١٤٠١ی ئێران. سلاڤی ژیژێک سەبارەت بە گرنگیی ئەم دروشمە و پێویستیی ئیلهام لێوەرگرتنی دەنووسێ: دروشمی خۆپیشاندەران «ژن، ژیان، ئازادی» تەنیا لاساییکردنەوەیەکی پەتیی فێمینیزمی ڕۆژاوایی یان «منیش هەروەها» نییە. هەرچەندە بە ملیۆنان ژنی ئاسایی کۆ کردۆتەوە، بەڵام قسە لە سەر خەباتێکی زۆر بەرفراوانتر دەکا و ئەو ئاراستە دژەپیاوسالارییە ڕەت دەکاتەوە کە لە فێمینیزمی ڕۆژاوادا هەیە. پیاوانی ئێرانی کە دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» دەڵێنەوە، باش دەزانن کە خەبات بۆ مافەکانی ژنان خەبات بۆ ئازادی خۆشیانە و چەوساندنەوەی ژنان دیارترین هێمای ڕژێمی تیرۆر و دەوڵەتی پاوانخوازە. (ژیژک، ١٤٠١).

دروشمەکانی بەرخۆدان لە دژی چەوساندنەوەی ڕەگەزێتی (جێندەری) و داوای یەکسانیی

---

١. سازمان اطلاعات سپاه پاسداران

جێندەری کە هاواریان بۆ مافەکانی ژنان دەکرد بەشێک لەو دروشمانە کە لە یەکەم ڕۆژەوە لە ڕیزی دروشمە سەرەکییەکاندا بوو. «بە دایکم بڵێن چیتر کچی نییە»، «ژنی ئازا منم ...»، «دادپەروەری، ئازادی، پۆشەنی ئێختیاری»، «حکوومەتی دژەژن، ناخوازین، ناخوازین»، «هەموومان مەهساین، دەوێری وەرە پێشێ»، «نە سەرپۆش، نە چەپۆک، ئازادی و یەکسانی»، «کۆتایی ئەم چیرۆکە خۆشە، ژنێک ڕابەر دەکووژێ»[1] بەشێک لەو دروشمانە بوون. ئەو دروشمانەی کە هەڵگری پەیامی ڕووخاندنی ڕژێمی پاوانخواز و خوازیاری ئازادی و دیموکراسی بوون ڕێژەیان لە گشتیان زیاتر بوو، کە لە ناویاندا دەتوانین ئاماژە بکەین بە: «مەرگ بۆ دیکتاتۆر»، «مەرگ بۆ خامنەیی»، «ئەمساڵ ساڵی خوێنە، سەید عەلی ڕووخاوە»، «خامنەیی زوحاکە! دەیخەینە ژێر ئەو خاکە»، «ئەمە دوایین پەیامە ئامانج خودی نیزامە»، «شەڕ دەکەین، دەمرین، ئێران وەریدەگرینەوە»، «وا مەزانن نارەزایەتییە، ئەمە شۆڕشە»، «ئازادی، ئازادی، ئازادی»، «نە پاشایەتی، نە ڕێبەرایەتی، دیموکراسی و یەکسانی»[2] . هەروەها ئەو دروشمانەی کە هەڵگری پەیامی هاوپشتیی سەرتاسەری بوون زۆر بە کار دەهێنران، دروشمی وەکوو: «ئەگەر یەک نەگرین، ئەوا یەک یەک دەمرین»، «لە کوردستانەوە هەتا تاران، گیانم بەقوربان ئێران»، «ڕزگاری مافی ئێمەیە؛ پێکەوەبوون هێزی ئێمەیە»، «سنە، زاهیدان، ڕۆشنایی چاوی ئێران»، «کورد، بەلووچ و ئازەری؛ ئازادی و یەکسانی»، «ئازەربایجان وشیارە، پشتیوانی کوردستانە»، «شەڕ دەکەین، دەمرین، ئێران وەردەگرینەوە»، «تاران ببێتە کوردستان، ئێران دەبێتە گوڵستان»[3] . هەروەها ناوە ناوە لە نارەزایەتییەکاندا دروشمی تفتبێژی و قسە و قسەلۆکیش دەوترانەوە، کە هەندێ لەم دروشمانە بریتین لە «سەوزی پڵاو و ماسی، ... دایکی سپایی»، «نە ئەم بەر و نە ئەو بەر، ڕیامە بەیتی ڕەهبەر» [4]. کە ناوەڕۆکێکی توندی سێکسی و جنێوی نامووسی تێدا بوو و لەگەڵ دروشمی سەرەکیی بزووتنەوکە واتە «ژن، ژیان، ئازادی» یەکی نەدەگرت. مستەفا مێهرئایین، مامۆستای زانکۆ و شارەزای پرسە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان، پێی وایە ئەم دروشمانە لە ژینگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی داخراو و یەکدەنگەوە سەرچاوە دەگرن و دەڵێ: ناوەڕۆک و ئاراستەی سیاسیی ئایدیۆلۆژیای جیهانە زمانییەکان، بەرهەمی گوتاری ڕکابەرەکەیانن. لە ڕاستیدا

---

١. «به مادرم بگویید، دیگر دختر ندارد»، «زن آزاده منم..»،، «عدالت، آزادی، پوشش اختیاری»، « حکومت ضد زن، نمی‌خوایم نمی‌خوایم»، «ما همه مهسا هستیم، بجنگ تا بجنگیم»، « نه روسری، نه توسری، آزادی و برابری»، « آخر این قصه خوشه، یه زن رهبر رو می‌کُشه».

٢. «مرگ بر دیکتاتور»، «مرگ بر خامنه‌ای»، «امسال سال خونه، سید علی سرنگونه»، «خامنه‌ای ضحاک! می‌کِشیمت زیر خاک»، « این آخرین پیامه، هدفْ خود نظامه»، «می‌جنگیم می‌میریم، ایران رو پس می‌گیریم»، « بهش نگید اعتراض، اسمش شده انقلاب»، «آزادی، آزادی، آزادی»، «نه سلطنت نه رهبری، دموکراسی برابری»

٣. « اگه باهم یکی نشیم، یکی یکی کشته می‌شیم»، «از کُردستان تا تهران، جانم فدای ایران»، «رهایی، حق ماست؛ قدرت ما جمع ماست»، «سنندج، زاهدان، چشم و چراغ ایران»، «کُرد، بلوچ و آذری؛ آزادی و برابری»، «آذربایجان بیدار است، حامی کُردستان است»، «می‌جنگیم، می‌میریم، ایران را پس می‌گیریم»، «تهران بشه کُردستان، ایران میشه گلستان».

٤. «سبزی پلو با ماهی... سپاهی»، «نه این‌وری نه اون‌وری... بیت رهبری».

گوتاری ڕکابەر، شێوازی نەیاران دیاری دەکات. ئەگەر گوتاری ڕکابەر لە کۆمەڵگادا فرەڕەنگ و میانڕەو بووایە، گوتاری بەرهەڵستی بە هیچ شێوەیەک دروست نەدەبوو، بەڵام کاتێک گوتاری دەسەڵاتی باڵادەست تاکدەنگییە، هێزە دژبەرەکەشی دەبێتە تاکدەنگ. لێرەدایە کە ئەدەبیاتی لایەنی یەکەم ئەدەبیاتی لایەنی دووەم دیاری دەکات. کاتێک کە تۆ لایەنی بەرامبەرەکەت بە پڕووپووچ، ئاژەڵ، هەرزە، پیس، هیچۆکە و شتی لەم چەشنە ناو دەبەی ئەویش جنێو دەدا و هیچ شتێکی سەیر نییە کە تەنانەت خوێندکارێکیش جنێو بدات. کاتێک خۆپیشاندەران دادەمرکێنین و بە ئاژاوەگێڕ ناویان دەبەین، چیتر نابێ چاوەڕێی ئەدەبیاتێکی شارستانیان لێ بکەین. سادق زیباکەلام، مامۆستای زانستە سیاسییەکانیش پێی وایە کە ئەمە ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ دڵساردی و بێهیوایی کۆمەڵایەتی لە ناو نەوە نوێکاندا (منشاء «شعارهای رکیک» کجاست؟، ١٤٠١).

لە شیکردنەوەی دروشمی نارەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ١٣٩٨ (ئابانی خوێناوی)دا، بە دروشمی پاشایەتیخوازەکان کە بە ڕێزەوە باسیان لە خانەدانی پەهلەوی دەکرد ئاماژە کرا و هەندێک لە هۆکارەکانی ئەم ڕێزلێگرتنە کە هەڵدەگەڕایەوە بۆ مێژوو، دەروونناسی و یادەوەریی گشتی، کایە سیاسییەکان، سیاسەت و بەرنامە میدیایی - پڕوپاگەندەیی و چالاکییە حیزبییەکان شرۆڤە کران. لە بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»ـشدا، بزووتنەوەی پاشایەتیخواز بە ناوەندێتیی بنەماڵەی پەهلەوی و سەرکردایەتیی ڕەزا پەهلەوی، بە هەموو ئیمکانیاتی ڕێکخراوەیی و دارایی و میدیا - پڕوپاگەندەییانەی کە هەیانبوو هاتنە ناو گۆڕەپانەکەوە و هەوڵیان دەدا، لە نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز و یەکگرتوو و کارامەدا خۆیان وەک نوێنەر یان نوێنەرێکی سەرەکیی بزووتنەوەکە پیشان بدەن. هەوڵدان بۆ نوێنەرایەتیکردنی بزووتنەوەیەکی نوێ لە سەر بنەمای دێموکراسی و ئازادی، بووە هۆی ئەوەی کە پاشایەتیخوازەکان (سەڵتەنەتتەڵەبەکان) هەوڵ بدەن لە ناو دڵی بزووتنەوەدا گێڕانەوەیەکی گونجاو و پێشڕەوانە لە ڕژێمی پاشایەتی دروست بکەن و بە جەختکردنەوە لە سەر ڕژێمی پاشایەتیی مەشرووتە، وەک بەدیلێکی سەرەکی بۆ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بیناسێنن. کە ئەمە بە هۆکاری جۆراوجۆر سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێنا و ناتەبایی و ناکۆکییەکی زۆری لە نێوان هەیکەلی بزووتنەوە و بەتایبەت ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی ئێران دروست کرد و هەروەها کاریگەرییەکی نەرێنی و خراپی لە سەر کەمکردنەوەی تواناکانی بزووتنەوە و ڕێکخستنی دەرەوەی ئێرانی دانا. چونکە ڕەوتی ڕاستگەرای ڕادیکاڵ و توندڕەوی ئێران، وەک باس کرا، ڕەوتێکی نامۆ بە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی بوو، ڕەوتێک کە نە لەگەڵ سەرهەڵدانی ژنان نێوانی هەیە، نە لەگەڵ سەرهەڵدانی گرووپە ئێتنیکییەکان و نە لەگەڵ ئاشتیخوازی و دیموکراسیگەرایی ئەو بزووتنەوە یەک دەگرێتەوە و تەنها وەک ئامرازێک تەماشای دەکرد. ئەم ڕەوتە بە بیانووی پشتیوانی لە بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» بەڵام بە پێچەوانەی ئەو، زیاتر جۆرێک بانگەشەکردن بۆ لۆمپەنیزم و توندوتیژی و پەڕگیری و بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست بوو (سلامی، ١٤٠٢ & درویش‌پور، ١٤٠٢).

لە ڕووی ڕەنگدانەوەی ڕۆڵ و پێگەی کەمایەتییەکان و ئەو شوناسە گشتییانەی کە بە درێژایی

مێژووی هاوچەرخی ئێران لە ژێر تیغی هەڵاواردندا بوون، بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» دەستپێکی سەردەمێکی نوێی دیاری کرد. کەسایەتیی تاکەکەسیی مەهسا (ژینا) ئەمینی، وەک کچێکی لاوی کورد و ئەهلی سوننە، لە خۆیدا هێمایەک بوو کە نوێنەرایەتی زۆرینەی گرووپ و شوناسە ئێتنیکی، ئایینی، ڕەگەزیی و تەنانەت نەوە بەرکەوتووەکانی هەڵاواردنی لە کۆمەڵگای ئێراندا دەکرد. ئەو تایبەتمەندییانەی کە سروشتێکی ڕەمزی و فرەچەشنیان بە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی بەخشی بوو. ئاوڕێک لە نارەزایەتی و ڕاپەڕینە بەربڵاو و سەرتاسەرییەکانی ئێران، بەر لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی و پەیوەندیی لەگەڵ پرسی ئێتنیکیدا، گوزارشت لە سەر یەکنەکەوتن یان پەیوەندیی لاوازی نێوان ئەم دووانە دەکات. واتە ئەو نارەزایەتی و ڕاپەڕینانەی کە تایبەت بە داواکارییە ئێتنیکی و ئایینییەکان بوون زیاتر لە جوگرافیا و نێو گرووپە ئێتنیکییەکاندا سنووردار کرابوونەوە و ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەکان کە زیاتر لە سەر تەوەری داواکارییە ئەوپەڕئێتنیکی و ئەوپەڕکەمینەکان ڕێک دەخران، لە نزیکترین حاڵەتەکاندا، هەندێ لە داواکارییە ئێتنیکییەکانیان بە شێوەی لاوەکی لە خۆ دەگرت. بەڵام لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٤٠١دا، بۆ یەکەم جار ئێتنیکەکان بە تایبەت کورد و بەلووچ بوونە ئەکتەری سەرەکیی ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری و لە پێکهێنان و بەردەوامیی ئەو ڕاپەڕینەدا ڕۆڵێکی شوێندانەریان بینی. لە ڕاستیدا پێگەی ئێتنیکەکان لە بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا تەنیا لە ئامادەبوون و نارەزایەتی دەربڕین لە سەر شەقام سنووردار نەبوو، بەڵکوو ئێتنیکەکان لە بەرسازکردنی گوتاریی ئەم بزووتنەوەدا دەورێکی سەرەکی و یەکلاکەرەوەیان گێڕا. ڕۆڵ و پێگەی فرەڕەهەندی ئێتنیکی لە بیچمدان و درێژەدان بە بزووتنەوەکە لە چەند گۆشەنیگاوە شیاوی لێکدانەوەیە: یەکەم ئەوەی کە ڕاپەڕینەکە لە سەر تەوەری گیان لەدەستدانی مسافرێکی سەر بە کۆمەڵگای کورد سەری هەڵدا کە براکەی لە کاتی گرتنی خوشکەکەیدا گوتبووی: «خوشکەکەم مەبەن، ئێمە لێرەین غەریبین ...! (ژینا خواهر همه ماست، ١٤٠١، ١٢)، ئەم ڕووداوە خۆی لە وروژاندنی هەستی نارەزایەتی و هاوسۆزیی گشتیی کە بوو بە هۆی دەربڕینی نارەزایەتی کاریگەر بوو. دواتریش ڕێوڕەسمی ناشتنی مەهسا (ژینا) ئەمینی کە خاڵی سەرەکیی ئاراستەکردنی ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی» و بەردەوامییەکەی بوو، ئاخێزگەی ئێتنیکی و هەڵقووڵاوی فەزا و فەرهەنگی سیاسی - کۆمەڵایەتیی جڤاکی کوردستان بوو. لایەنی دووهەم ڕۆڵی تۆخ و تەوەریی ئێتنیکەکان (کورد و بەلووچ) لە ڕێکخستنی نارەزایەتییەکان و درێژەدانی بوو. لە ئەتڵەسی جوگرافیای نارەزایەتییەکاندا، شارە کوردستانییەکان لە پارێزگاکانی سنە، کرماشان، ئازەربایجانی ڕۆژاوا و ئیلام و شارەکانی بەلووچستان بە ناوەندێتیی زاهیدان لە ڕیزی یەکەمی نارەزایەتییەکاندا بوون. چڕیی نارەزایەتییەکان، ژمارەی بەشداریی خۆپیشاندەران، بەردەوامیی نارەزایەتییەکان و ڕادەی قورسی سەرکوتکردن ئەو بگۆڕانەن کە پێوەری ئەو ناوچانە نیشان دەدەن. لە هەفتەی کۆتایی خەزەڵوەری ١٤٠١دا زیاتر لە ٥٠ خۆپیشاندەر لە کوردستان کوژران و سپای پاسداران لە کوردستان چەکی قورسی دژە زرێپۆش و گازی ئیفلیجکەری دەماری بەکار هێنا (صیفیکاران،

١٤٠١). «هەینی خوێناویی زاهیدان» لە ڕێکەوتی ٨ی ڕەزبەری ساڵی ١٤٠١ (٣٠ مانگی ئاب)، بە تۆمارکردنی زۆرترین ڕێژەی کوشتن لە یەک ڕۆژدا و لە شوێنێکدا کە نزیکەی ١٠٠ قوربانی لێ کەوتەوە، ڕەشترین ڕۆژی نارەزایەتییەکان بوو و ئیرادەی گەلی بەلووچی لە پێناو خۆڕاگری ئەوەندەی دیکە پتەوتر کرد بە جۆرێک کە دوای ساڵ و نیوێک لە دەستپێکی ڕاپەڕینەکەوە، بەلووچستان بە ناوەندێتیی زاهیدان تاکە ناوەندێک بوو کە هێشتا گرژی تێدا بوو و تریبۆنی نوێژی هەینیی مەولانا عەبدولحەمید ئیمامی هەینیی زاهیدان تاکە دەنگێکی ئازاد بوو کە هێشتا لە ناوخۆی ئێراندا دەبیسترا و بێباکانە ڕەخنەی لە ڕژێمی دەسەڵاتدار و گوتارەکەی دەگرت و بە ئاڵنگارییانی دەکێشا. سەرکوتکردن لە کوردستان و بەلووچستان تەنها لە خۆپیشاندەران و نارەزایەتییەکاندا سنووردار نەبووەوە، بەڵکوو ڕۆتینی ئاسایی ژیانی هەموو هاووڵاتیان و بازرگانان بۆ ماوەی چەند مانگێک لە ژێر توندترین سەختگیریی ئەمنی و ئینتزامیدا ڕاگیرا و جۆرێک لە سیاسەتی سزادانی توند لە لایەن دامەزراوە سەرکوتکەرەکانەوە دەسەپێنرا و بە گشتی، ئاماری دەستگیرکردن، ئەشکەنجەدان و فشارەکانیش لەم ناوچانەدا زۆر قورستر و توندازۆتر بوو (جو امنیتی در شهرهای کردنشین، ١٤٠١). هەڵبەت ئەم ڕاستییە لە دانیشتووانی شار و ناوچەکانی دیکە نەشاردراوە و پشتیوانیی لە کوردستان و بەلووچستان بوو بە بەشێکی گرنگ لە ئەدەبیات و دروشمەکانی ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی».

لایەنێکی دیکەی ڕۆڵگێڕانی ئێتنیکەکان لە ڕاپەڕینەکەدا، بەشداریی مانادارانەی زمان و فەرهەنگی ئێتنیکی لە ئەدەب و گوتاری بزووتنەوەکەدا بوو. چەندین دروشم و ئایدیا و بیرۆکە سەبارەت بە شێوازی نارەزایەتییەکان و چۆنیەتیی خەبات لە ناوچە ئێتنیکییەکانەوە سەریان هەڵدا و لە سەرانسەری ئێران پێشوازییان لێکرا، بابەتێک کە ڕۆڵی سەرەکی لە دروستکردنی هاودەنگیی سەرتاسەری و بە پێشەنگ و چاوو چرا زانینی کوردستان و بەلووچستان لەم ڕاپەڕینەدا هەبوو. ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٤٠١ لە ناوچە ئێتنیکییەکاندا لەگەڵ ئەوەی هەلێکی بۆ داڕشتن و پەرەپێدانی گوتار و داواکارییە ئێتنیکییەکان ڕەخساند، زۆرێک لە چالاکوانانی ئێتنیکی و خۆپیشاندەران، وێڕای جەختکردنەوە لە سەر تەبایی و یەکڕیزیی سەرتاسەری، پێیان وابوو کە نابێ پرسی ئێتنیکی لە بیر بکرێ و تەنانەت لە نارەزایەتییەکانی کوردستاندا، هۆگریی کوردیی ناسیۆنالیستانە بە دروشمی شوناسدارانەی وەکوو «کوردستان، کوردستان، گۆڕستانی فاشیستان»، «شەهید نامرێ»، «قاسملو، قاسملو ڕێگاکەت بەردەوامە»، و «هەتا کوردێک بمێنێ، کوردستانیش دەمێنێ» دەوترانەوە.

ڕێبەرایەتیی کەسایەتییە نشتیمانی - ئایینییە کاریگەرەکان و حیزبە بەرهەڵستکارەکانی دەرەوەی ئێران لە ناو کۆمەڵگای کوردستان و بەلووچستاندا یەکێک لەو خاڵانەیە کە نارەزایەتییەکانی ئەو ناوچانە لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران جیا دەکاتەوە، کە تا ڕادەیەک لە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی نارەزایەتییەکانی ئەم ناوچانەدا کاریگەر بووە. لە ماوەی یەک ساڵی دوای دەستپێکی ڕاپەڕینەکەوە هەتا ساڵوەگەڕی ڕاپەڕین لە چوار حاڵەتدا داواکاری و بانگەوازی لایەنە سیاسییەکان (ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران) داوای نارەزایەتی و مانگرتنی سەرتاسەریان لە خەڵکی

کوردستان کرد کە هەر چوار جارەکە ئەم ناڕەزایەتی و مانگرتنانە بە شکۆمەندییەکی فرەوە ئەنجام درا، بە جۆرێک کە لە هەندێ لە شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەم ناڕەزایەتی و بەتایبەت مانگرتنانەدا دووکاندار و بازارییەکان بۆ ماوەی پتر لە ٤٥ ڕۆژ دەستیان لە کار کێشا! (یەکەم بانگەواز بۆ مانگرتن و ناڕەزایەتی لە ڕۆژی دووشەممە ١٩ی ئابی ٢٠٢٢ و دوا بانگەواز بۆ هەمان مەبەست لە ڕۆژی شەممە ١٦ی ئابی ساڵی ٢٠٢٣) (حسن‌زادە، ٢٠٢٣، ٧٢).

لە ژێر کاریگەریی سەرکوتی قورس و توندوتیژانەی حکوومەت و گرتنە بەری ڕێوشوێنی توندی ئەمنی و چاودێری، دوای نزیکەی ١٠٠ ڕۆژ لە دەستپێکی ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی»، دوا ناوەندەکانی ناڕەزایەتی لە شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات هەڵپێچرانەوە و نوێژی هەینیی زاهیدان و خوتبەکانی مەولانا عەبدولحەمید تاکە ناوەندی ناوخۆیی بزووتنەوەکە بوو کە دامودەزگای سەرکوتکەر نەیتوانی کۆنترۆڵی بکا و دەنگی ڕەخنەگرانەی تریبۆنەکەی پاش نزیک بە دوو ساڵ هێشتا بە بەردەوامی مایەوە. بەڵام ئەمە بە مانای کۆتاییهاتنی بزووتنەوەکە نییە بەڵکوو بە واتای کۆتاییهاتنی گەڕێکی ناڕەزایەتییەکانە. ئەو ناڕەزایەتییانەی کە لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا سووڕی گەڕانەوەیان بەردەوام کورتتر بووەتەوە. ئەوەی ئەم نۆرە لەوانی دیکە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە پێدەچێ کۆمەڵگا کەوتبێتە سەر «ئاقارێکی شۆڕشگێڕانە»وە، واتە بەشێکی گەورەی کۆمەڵگا هێشتا بەردەوامە لە بیرکردنەوە و خەیاڵکردن و ئەنجامدانی کارەکان لە سەر بنەمای ئایندەیەکی جیاواز، یان «شۆڕش». لەم حاڵەتەدا زۆر جار خەڵک کە قەزاوەتی پرسەکانی وڵات دەکا، «ئەمانە دەڕۆن» لە قووڵایی مێشکیاندا دەنگ دەداتەوە، بە جۆرێک کە هەموو شکستەکانی ڕۆژانە (وەکوو نەبوونی ئاو) بە شکستی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران سەیر دەکرێ و هەر کردەوەیەکی ناڕەزایەتی (بۆ نموونە سەبارەت وەدواکەوتنی مووچە) کردەوەی شۆڕشگێڕانە. وەها عەقڵیەت و دەروونناسییەکی سیاسی، بارودۆخە هەنووکەییەکە بە کاتی و گۆڕانکاری بە شتێکی حەتمی دەزانێت؛ گۆڕانێک کە تەنیا کاتەکەی نادیارە. بۆیە لە وەها کۆمەڵگەیەکدا، قۆناغی یەک لە دوای یەکی هێوری و نائارامی دەتوانێ وەها بەردەوام بێ کە لە ئەنجامدا بە دۆخی «دەسەڵاتی دووانە» یان «بارودۆخی شۆڕشگێڕانە» کۆتایی پێدێت. تەنیا چاکسازییەکی سیاسیی ڕیشەیی و باشتربوونێکی مانادار لە ژیانی خەڵکدا لەوانەیە ئەم ئاقارە شۆڕشگێڕییە تێک بدات. بۆ نموونە گۆڕینی یاسای بنەڕەتی، ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ دیاریکردنی سیستەمی سیاسیی خوازراو، و یان ئەنجامدانی بەرنامەی بەرفراوانی ئابووری – کۆمەڵایەتی، لەو چاکسازییانەن. ئەگینا وا نەبێ، یان دەبێ شایەتحاڵی حاڵەتێکی قەیرانیی بەردەوام و بێئیدارەیی کۆمەڵگا و تەنانەت ڕووخان لە ناوەوە بین یان چاوەڕێی ڕەوتێکی ڕوو لە شۆڕش بکەین. بەڵام هەتا ئەو کاتەی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی وەکوو «ژن، ژیان، ئازادی» ببێتە بەدیلێکی ڕەوا و جێگرەوەیەکی دیاریکراو سەرهەڵدانی دۆخێکی شۆڕشگێڕانە بە دوور دەزانرێت. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کاتێک دەتوانێ ببێتە بەدیلێکی دیاریکراو و بەرهەست کە خاوەنی ڕێکخراوێکی سەرکردایەتی و ڕوانگەیەکی ستراتیژی بە متمانەیەکی گشتی بێت. بە

واتایەکی تر، بزووتنەوەی بزۆزی هەنووکەیی ناچارە لە قۆناغێکی گۆڕانکاریدا سیمای دامەزراوەیی خۆی وەک هێزێکی گشتیی بەرهەست و دەرکەوتەی هاوپەیمانیی گرووپ و توێژ و کەسایەتییە نارازییەکانی کۆمەڵگا دەر بخات و ڕوونی بکاتەوە کە چی دەوێت ... لە کۆتاییدا ئەگەر چرکەساتی گۆڕانی سیاسی هاتە پێشەوە و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی ڕێکخراو و سەرکردایەتی نەبێ، هێزە ڕێکخراوەکانی دیکە کە بوونیان هەیە و چەسپاو و هەڵپەرستن (وەکوو میلیشا، حیزبە سیاسییەکان، تاقمە تاییفیەکان یان ڕێکخراوە ئایینییەکان) دێنە ناو ململانێکەوە بۆ ئەوەی ئاقاری داهاتوو لە بەرژەوەندیی خۆیان دابڕێژن. ئەم جۆرە هێزانە دەتوانن بە «نوێنەرایەتی» بزووتنەوەکە بێنە ناو دانوستانی نەخوازراوی دەسەڵاتەوە، و یان بە زمانێکی ساناتر لە ئەگەری دارمانی سیاسیدا بۆشایی دەسەڵات پڕ بکەنەوە (آصف، ١٤٠٢، ٥٤-٥٥).

ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەکەی ساڵی ١٤٠١ هەتاوی ئەو ڕوانگە و هەڵوێستە کۆمەڵایەتییە باڵادەستانەی کە سەبارەت بە ئێتنیکەکان و پەیوەندییان بە شوناسی ئێرانییەوە هەبوو، گۆڕی، بە جۆرێک کە بۆ یەکەم جار لە چوارچێوەی ڕاپەڕینێکی دەستەجەمعیدا هەلێک بۆ گفتوگۆ، هاوڕێیەتی و یەکێتیی ڕێژەیی گوتاری کەمینەی ئێتنیکی - ئایینزایی لەگەڵ زۆرینەی ئێتنیکی – ئایینزایی ڕەخسا. دروشمەکانی «لە کوردستانەوە هەتا تاران، گیانم بە فیدای ئێران»، «مەهاباد، کوردستان، چاو و ڕووناکیی ئێران»، «کوردستان، بەلووچستان، چاو و ڕووناکی ئێران»، «کورد، بەلووچ، ئازەری، ئازادی، یەکسانی» نموونەی ڕوونی ئاڵوگۆڕێکی گرنگن لە ڕوانگە و باوەڕی کۆمەڵگای ئێران بە ناوەندێتیی تاران سەبارەت بە پەیوەندیی پرسی ئێتنیکی لەگەڵ چارەنووسی کۆی وڵاتی ئێران. بێگومان گۆڕانکاریی لەو ڕوانگانەی کە باس کران، تەنیا هەنگاوێکی هەرچەندە گرنگ بەڵام سەرەتایی و بەهێزبوون و چەسپاندنی، پێویستی بە بەردەوامی و وەرچەرخانی پێشکەوتنی زانستی -گوتارخوازانە هەیە، کە بە تێپەڕین لە ئاستی سۆزداری، هەستیاری و خەبات بۆ مەیدانی لۆژیک، بیرکردنەوە، و باوەڕمەندبوون بە بنەماکانی ئازادی و دیموکراسی، ئەم ڕاپەڕینە بکا بە پارادایمی فەرهەنگی - سیاسیی کۆمەڵگا. هەر بۆیە بە پێچەوانەی هەندێک لەو شیکاریانەی کە خراونەتە ڕوو، کە کارتێکراوی ژینگەی سۆزمەندانەی ڕۆژانی ڕاپەڕین و هەندێک تێگەهی کورتخایەنن، ئەم گۆڕانکارییانەیان بە «شۆڕشی فیکری - کۆمەڵایەتی « ناوزەد کردووە، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە تێپەڕین بۆ قۆناغی شۆڕشی فیکری سەبارەت بە وتەزای ئێتنیکی - نەتەوەیی، کەمایەتییە ئایینییەکان و ئایینزاییەکان و کۆمەڵگا ناوەند-پەراوێزییەکان لە ئێراندا پێویستمان بە گۆڕانکارییەکی وردە وردە، هەنگاو بە هەنگاو و جێگیری ژێرخانە مەعریفی و ڕوانگەییەکانە، کە هەتا هەنووکە تەنیا کۆمەڵێ پێشەکی بۆ گەڵاڵەکردن و باسکردنی[1] بەدی هاتووە. لە دوای دامرکانی نارەزایەتییەکان کۆمەڵێ ململانێی فیکری و لێکدژیی گوتاری لەمەڕ پرسی ئێتنیکی لە ئێرانی ئێستا، گوزارشت لە

---

١. «از کُردستان تا تهران، جانم فدای ایران»، «مهاباد، کُردستان، چشم و چراغ ایران»، «کُردستان، بلوچستان، چشم و چراغ ایران»، « کُرد، بلوچ، آذری، آزادی، برابری».

بارودۆخەکە دەکات. دۆخێک کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە نهێن وشەی «جیاخوازی»، و هەندێک ڕەوتی فکری و حیزبی ئۆپۆزسیۆن لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران بە بۆچوونی و بەڵگەی هاوشێوەوە، هەوڵی کوێرکردنەوەیان دەدا و تەنانەت لە هەندێ حاڵەتدا توانییان کەلێن بخەنە ناو هەڵوێست و هاوپەیمانییە تیۆری و کردەییەکان.

بوار و هۆکارەکانی ڕاپەڕینی ساڵی ١٤٠١ بە سەر سێ ئاستی کورتخایەن، مامناوەند و درێژخایەندا دابەش دەبن. کارکردی پۆلیسی ڕەوشت (گەشتی ئێرشاد) لە سەر پرسی حیجاب و خۆڕاگریی ژنان و کچان لە دژی ئەم دیاردە بەتایبەت و ململانێی نەوەی نوێ و ژنان و کچان لە سەر مافی هەڵبژاردنی جۆری پۆشاک و شێوازی ژیان بە گشتی لە ڕیزی زەمینە و هۆکارە کورتخایەنەکانن. ئەو فاکتەرانەی نارەزایەتییەکانیان هەڵگیرساند و بوونە دەستپێکی هاوارکردنی بەلێشاوی ئەو داواکاری و خواستانەی کە ڕەگ و ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی دوور و نزیک. کەڵەکەبوونی چەندین قەیرانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و تەنانەت ژینگەیی، کە دەرهاویشتەی کارکردی ڕژێمن لە دەیەکانی ڕابردوودا و لە سەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، ئێرانیان ڕووبەڕووی ئاڵنگاری و کێشەی جیددی و مەترسیدار کردۆتەوە، دەچنە خانەی بوار و هۆکارە مامناوەندییەکانی ڕاپەڕین، کە بە قووڵی بوونەتە هۆی داخرانی فەزای سیاسیی ناوخۆیی، زیادبوونی کێشە ئابوورییەکان و بژێویی ژیان، تەشەنەسەندنی نائومێدی و دڵساردیی کۆمەڵایەتی، و بێهیوایی لە هەر جۆرە ئیمکانی باشترکردنی بارودۆخەکان. ئەمڕۆ کە ئێران ئیدیعای ئایدیای حکوومەتی جیهانیی چاکان و بڵاوکردنەوەی دادپەروەری لە ئاستێکی جیهانیدا دەکا و بەردەوام ئایدۆلۆژیای بڵاوکردنەوەی ئینقلاب دەپارێزێ کە ئامار و ژمارەی دزی و گەندەڵی لە ناو پێکهاتەی حوکمڕانیی ئێراندا ریکۆڕدی چەندین ملیارد دۆلاری تۆمار دەکا و ئەو بارودۆخە ناخۆشە ژینگەییەی کە بە هۆی بەڕێوەبردنی نادروستەوە دروست بووە سەرچاوەی ژیانی زۆرێک لە دانیشتوانی ئێرانی تووشی هەڕەشەی جیددی و ترسناک بووەتەوە. لە سەر ئاستی سێهەم هۆکار و بوارە کاریگەرەکانی سەر ڕاپەڕین، کە لە ڕووی زەمەنییەوە وەک جێگیرترین توخمی بنیاتنانی دۆخەکە لە قەڵەم دەدرێن، لێکدژایەتیی نێوان سیستەمی مانایی و گوتاریی رژێمی دەسەڵاتی و کۆمەڵگایە. لە ماوەی وەرچەرخان و ململانێکانی دەیەکانی ڕابردوودا، سازدەر و توخمە سەرەتاییەکانی گوتارێکی نوێ وردە وردە لە ناو فەزایەکی فیکری و کۆمەڵایەتیی ئێراندا سەریان هەڵداوە کە ئیسلامگەرایی سیاسیی دەسەڵات - یان وردتر بڵێین شیعەگەرایی لە جۆری پەسنکراوی کۆماری ئیسلامی – بە کێشەی بنەڕەتیی ئێران دەزانێ و پێی وایە چارەسەری ئەم دۆخە تێپەڕین لەم ئیسلامگەراییەیە. ئەم گوتارە نوێیە بژێرەگەلی وەکوو ڕەسەنایەتیی ژیان، نەریتگەرایی، ئازادییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان، فرەییگەرایی و دیموکراسی لە خۆ دەگرێت. بژێرەکانی ئەم گوتارە بەتایبەت لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا کەم تا زۆر دزەی کردۆتە ناو چین و توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان. دەتوانین بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» وەک نیشانەی قۆناغێکی نوێ لە فراوانبوونی ئەم گوتارە، بە واتایەکی دیکە، وەک چوونە ناو

قۆناغـی سیاسـی و بەسـتێنی ململانێ سیاسـییەکان لێـی بڕوانیـن (دلاوری، ١٤٠٢).

بزووتنـەوەی «ژن، ژیـان، ئـازادی»، لـە ڕووی سروشـت و ئاخێزگـەوە هـی بـەرەی نوێـی بزووتنـەوە سیاسـی -مەدەنییەکانـە، کـە لـە پلـەی یەکەمـدا لـە سـەر پرسـی چەوساندنەوەی ڕەگەزیـی ژنـان لـە ئێرانـدا چـڕ بووەتـەوە و سـەرچاوەی نادەزایەتییەکانیشـی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەر ئـەم بابەتـە. ئـەو دروشمانـەی کـە تیشـکیان خسـتۆتە سـەر مافەکانـی ژنان، بـە ڕوونـی ئـەم تایبەتمەندییـەی بزووتنەوە دەردەخـەن. داواکارییـە نەوەییەکانـی گەنجـان و مێرمنـداڵان، شوناسـە جەماوەرییـە ئێتنیکـی - ئایینیـەکان، سـەندیکا و هاوپیشـە و گرووپـە بچـووکترەکان لـە ڕیزەکانـی دواتـردا بـوون. ئـەم ڕاپەڕینە بـە پێچەوانـەی ڕاپەڕینـە ناڕەزایەتییەکانـی پێشـوو کـە زیاتـر ئابـووری، سـەندیکایی یان تەنیا سیاسـی بـوون، ڕاپەڕینێکـی کۆمەڵایەتـی بـوو. ڕاپەڕینێکـی هەڵقـوڵاو لـە کۆمەڵگەیەکـی چـالاک کە بـەردەوام لـە حاڵـی بەئەزموونکردنـی گۆڕانکاریـی نەوەیـی، ڕەگەزێتـی و شوناسـیی نوێیـە و لە سـەر بنەمـای ئەو گۆڕانکارییانـە پێداویسـتی و خواسـتی نوێـی هەیە و ئیمکانیاتی نـوێ و گونجاوی گەرەکـە، بەڵام نەک هـەر وەڵامێکـی لەبـار وەرناگـرێ، بەڵکـوو بـە توندی دژایەتـی و سـەرکوت دەکـرێ، چونکە پەیوەندیی کۆمەڵـگا و حوکمڕانـی لـە ئێرانـدا تووشـی دژوازی و ململانێیەکـی بنەڕەتییـە. سروشـتی ئایدۆلۆژیکی ڕژێمـی کۆمـاری ئیسلامـی و لێکەوتە کارکردییەکانی لـە دەیەکانی ڕابردوودا سـەرچاوەیەکە کە زۆرێک لـە ناکۆکـی و دوژمنایەتییەکانـی نێـوان کۆمەڵـگا و حکوومەی لـە دەیەکانی ڕابـردوودا خوڵقانـدووە. لە ڕووی ئایدیۆلـۆژی و گوتارییـەوە، ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسلامیی ئێران، سیسـتەمێکی ئایدیۆلۆژییە کە لە سـەر بنەمـای گوتـاری شـێعەی ئینقلابی (شـۆڕشـی) دامەزراوە، کە بـە پێچەوانەی مۆدێلی باڵادەسـتی حکوومەتـە نەتەوەییـەکان، بەرژەوەندییـە نەتەوەییـەکان بوونەتـە قوربانـی بەرژەوەنـدی و قازانجەکانـی ڕێبازی ئینقلابی – شـێعەگەری. بۆیە هەر جۆرە سیاسـەتێکی ناوخۆیی، دیپلۆماسـی و دەرەوە بە هەموو ڕەهەنـدە سیاسـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و فەرهەنگییەکانـەوە پرەنسـیپەکانی ئەم ڕێبـازە جێبەجێ دەکـەن. ڕژێمـی کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودا لە ژێر سـایەی بنەمای دەسـەڵاتی ڕەهای فەقیهـ و ئیدیعـای نوێنەرایەتیی ئیمامی زەمان، وێڕای کەمترین گرنگیدان بە کۆمەڵگەی فرەچەشـنی ئێـران و ئاوڕدانـەوە لـە خواسـت و داواکارییەکانیـان، هەوڵـی بەهێزکـردن و بەرەوپێشبردنـی ئایدۆلۆژیا و گوتـاری ئینقلابـی – شـێعەگەریی خـۆی داوە. ئـەم بابەتـە لـە نـاو کۆمەڵگایەکـدا کـە لـە شوناسـە فەرهەنگـی و ئێتنیکـی – ئایینزاییـە زۆرەکان و هۆگرایەتییـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییـە مۆدێرنەکانـی ئێـران پێـک هاتـووە، هـەر لـە یەکـەم ڕۆژی ئینقلابـی ئیسلامییـەوە سـەرچاوەی زۆرێـک لـە ململانێ و مشـتومڕەکان بـووە. بـەڵام سـەرەڕای ئەمـەش، سوودمەندبوونی حکوومـەت لـە داهاتـی سـەربەخۆی نـەوت و بەڕێوەبردنـی پاوانخوازانـەی ئابـووری و بژێویـی خەڵـک لـەو ڕێگـەوە، هەروەهـا کۆنترۆڵکردنی ڕێژەیـی فـەزای فەرهەنگـی – کۆمەڵایەتـی، سـەرەڕای ئـەوەی کـە شـەرعییەتی کـەم بۆتـەوە، لـە ڕووی کارکـردی دامـەزراوەی حکوومەتـەوە توانیویەتی قەیرانەکان کۆنترۆڵ بکا و سـەروەریی خۆی بپارێزێت. بـەڵام لـە دەیـەی ڕابـردوودا و دوا بـە دوای سـەپاندنی گەمارۆکانی سـەر ئێران لە ئاسـتی نێودەوڵەتی و

تەشەنەسەندنی گەندەڵی و ناکارامەیی لە ناو دامودەزگاکانی کارگێڕیدا، ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕووبەڕووی قەیرانی کارکردی و بەڕێوەبەرایەتی بووەتەوە و نەیتوانیوە بەشێک لە کارتایبەتەکانی خۆی وەکوو ڕێکخستنی ئابووری و بژێویی خەڵک ڕاپەڕێنێت. بە واتایەکی تر، لە چەند ساڵی ڕابردوودا، لەگەڵ هەرچی زیاتر لەناوچوونی سامانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی، لە گەڵ «دەوڵەتێکی لێکدابڕاو» (هەڵوەشاو) دا ڕووبەڕووین کە پەیوەندییەکی ماناداری لەگەڵ ژینگەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەوە نییە و هەر لەبەر ئەوەش ناتوانێ بە دروستی لە کێشەکان تێبگا و بە شێوەیەکی گونجاو چارەسەریان بکات (دلاوری، ١٤٠٢). لاوازییەکی لە ڕادەبەدەر کە هەم لایەنی گوتاری و هەم لایەنی کارکردی هەیە، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکان.

ئێمە دەتوانین ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی» وەک یەکێک لە بەرفراوانترین «بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێکان»ـی پاش‌پێکهاتەخواز لە ئێران سەیر بکەین. ئەم بزووتنەوە زیاتر لەوەی ڕەگ و ڕیشەی ئابووری یان چینایەتی هەبێ یان ئیلهامی لە ئایدۆلۆژیایەک یان ڕێبەرایەتییەکی دیاریکراو وەرگرتبێ، بزووتنەوەیەکی فرەچەشن، ئاسۆیی، مەلەوەر، لامەرکەزی و بێ‌پلان، بەڵام ئامانجدار بوو کە تێیدا داواکارییە پێکهاتەبەزێنەکانی وەکوو ئازادیی حیجاب، لابردنی هەڵاواردن و ڕەتکردنەوەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی خرایە ڕوو. ئەوەی پێکهات لە ڕاستیدا «گەورەبزووتنەوە»یەکە کە بۆ یەکەم جار بە پشتنەبەستن بە دامەزراوە نەریتییە بۆماوەیی و ئایینییەکان و مەکۆکانیان واتە بازاڕ و پیاوانی ئایینی و بە داڕشتنی گوتاری مۆدێرن و دیموکراتیک، پشتیوانی لە مافەکانی ژنان و دژەهەڵاواردن خۆی دەرخست. ئەم بزووتنەوە یەکجێ بەهاکانی نەوەی گەنجی لە ئاڵنگاری نۆرمە نەریتی، ئایینی، پیاوسالاری، هەڵاوێری و پاوانخوازەکاندا پیشان دا و لە هەمان کاتدا بە گوتارە پاوانخوازییە بۆماوەیی و ئایینی و ئایدیۆلۆژیکییەکان نامۆ بوو و هیچ کام لە ئایدۆلۆژیا ناسیۆنالیستی، ئیسلامی و کۆمۆنیستەکان ئیلهامبەخشی نەبوون. ڕەنگە ئەمەش یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرسوڕمانی نەک هەر حکوومەت، بەڵکوو بەشێکی گرنگی ئۆپۆزسیۆن لە سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوە بوو (درویش‌پور، ١٤٠٢).

ئاسف بەیات لە شیکارییەکی ئەوپەڕەگەزێتی و ئەوپەڕنەوەییدا سروشتی بزووتنەوەکە بەم شێوە وێنا دەکات: ئەم ڕووداوە سیاسی - کۆمەڵایەتییە بێ‌وێنەیە، تەنیا شۆڕشێکی فێمینیستی و یاخیبوونی نەوەی نوێ، یان بە زمانێکی سادە تەنیا سەبارەت بە حیجابی ناچاری نەبوو. ئەمە ڕاپەڕینێکە بۆ وەرگرتنەوەی ژیان، خەباتێکە بۆ ڕزگارکردنی ژین - جیهانی خەڵک لە کۆت و بەندەکانی کۆلۆنیالیزمێکی ناوخۆیی.[1] لەم نێوەندەدا ژنان کە کاکڵی ئەم کۆلۆنیالیزمەن وەک پێشەنگەکانی ئەم بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە ڕاپەڕیون. ڕەنگە ئێمە شاهیدی سەرهەڵدانی «ئاراستەی

1. internal colonization

شۆڕشگێڕانە»[1] لە ئێراندا بین (بیات، ١٤٠٢، ٤٨). «دۆخی شۆڕشیانە»[2] بە مانای «دەسەڵاتی دووانە» نییە کە تیایدا هێزێکی شۆڕشگێڕیی ڕێکخراو بە پشتیوانیی ملیۆنان کەس ڕووبەڕووی حکوومەتێکی داڕووخاو و هێزی ئەمنیی لێکهەڵبڕاو ببێتەوە، بەڵکوو ئەوەی ئەمڕۆ شاهیدین، سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەیە کە مۆدێلی نارەزایەتییانە، زمان و شوناسی تایبەت بە خۆی هەیە کە دەتوانێ کۆمەڵگا بەرەو «ئاراستەی شۆڕشگێڕانە» ئاراستە بکات (بیات، ١٤٠٢، ٥٠). ناوبراو بەو تێڕوانینە ئەرێنییەی کە بۆ دەستکەوتەکانی بزووتنەوەکە هەیەتی پێی وایە لەگەڵ ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی»، گۆڕانکارییەکی پارادایمی و نەگەڕاوە لە ئاسۆی عەقڵیەتی ئێرانیدا ڕووی داوە و لەو بارەوە دەنووسێت: دەرەنجامی ئەم ڕاپەڕینە هەر چییەک بێ، زۆر شت بە قووڵی گۆڕدراون. لەوە ناچێ دۆخەکە بگەڕێتەوە بۆ دۆخەکەی پێش ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی». گۆڕانێکی پارادایمی لە عەقڵیەتی ئێرانیدا ڕووی داوە. بە گوێرەی ڕاپرسییەکان زۆرینەی خەڵک بە ئاشکرا لە کۆماری ئیسلامی هەڵگەڕاونەتەوە و خوازیاری گۆڕانکارییەکی بونیادی و بنەڕەتین. لەم وەرچەرخانە زەینییەدا، ژنان وەک فاکتەرێکی گۆڕێنەر و «پرسی ژن» وەک چەقی ستراتیژی خەبات ناسێنراون. ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی» دوورکەوتنەوە لە گوتاری ئایینی و بێزاری لە ئایینی سەر بە دەوڵەتی لە خۆی نیشان داوە. نۆرمی نوێ لە ناو کۆمەڵگادا دروست بووە و پێدەچێ هەر بمێنێتەوە. پۆلیسی ڕەوشت، حیجابی ناچاری یان جیاکردنەوەی ڕەگەزێتی ڕەنگە بە کردەوە گرێ بدرێتەوە بە مێژوو. کۆمەڵگایەک کە تا ئەم دواییانە هەستی بە داخران و هەڵپەساردن دەکرد، پێدەچێ ڕۆح و گیانێکی نوێی بە خۆوە گرتبێت. دوای ماوەیەکی زۆر لە نائومێدی و هیوابڕاوی، جۆرێک لە ئومێدی تێکەڵ بە لێڵی و ناشەفافی سەری هەڵداوە؛ وەک ئەو باوەڕەی کە بە ڕاستی ڕەنگە شتەکان بگۆڕدرێن. ئەوانەی چاوەڕوانی ئەنجامی خێرا دەکەن، ڕەنگە بێهیوا و زوویر بن. بەڵام گومانی تێدا نییە کە کۆمەڵگا لە سەر ڕێچکەیەکی نوێدایە. وەک دەڵێی کرانەوەیەکی نوێ هەرچەندە نەناسراو، لە ئاسۆی ئەم وڵاتەدا دەرکەوتووە (بیات، ١٤٠٢، ٥٦).

## تێڕامانێک لەسەر داهاتووی پرسی شوناس و ئێتنیکەکانی ئێران لە ڕوانگەی ئاشتیی بەردەوامەوە

بە پێی پێوەری ڕۆژژمێر و چەندایەتییەوە، مەودای کاتیی نێوان بڵاوبوونەوەی چاپی یەکەمی ئەم توێژینەوە لە ساڵی ١٣٩٨دا و بابەتە پەیوەستکراوەکانی لە پێداچوونەوەدا (ساڵی ١٤٠٢)، زۆر نییە، بەڵام هەر لەم ماوە بە ڕواڵەت کورتە سێ ساڵەدا، وەک لە پێداچوونەوەی وەسفی -شیکاریدا ڕوون کراوە، مەیدانی سیاسەت و کۆمەڵگا لە ئێران بوو بە گۆڕەپانی ئەو ڕووداو و گۆڕانکارییە قووڵ و هەمەلایەنانە کە ئاڵوگۆڕێکی گەورەی لە ڕێکخستنی هێز و گوتارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا

1. revolutionary course
2. revolutionary situation

هێنایە ئاراوە. لەم بەشەدا هەوڵ دەدرێ بە پێی گۆڕانکارییەکانی ساڵانی پێشووی ئێران، ڕۆڵ و پێگە و ڕوانگە و ستراتیژی هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییە چالاکەکانی بوارەکە، سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای ئێران ڕوون بکرێتەوە. هەر بۆیە سەرەتا گوتارە سیاسی و فیکرییەکان تاوتوێ دەکرێ و پاشان بە لەبەرچاوگرتنی دەوری تەوەری و بەرچاوی گرووپە ئێتنیکییەکان لە ڕووداوەکانی ساڵانی ڕابردوودا، پێنوێنەکانی کردەوەی گشتی و هەڵوێستە گرووپییەکانیان لە مەیدانی ئەم گۆڕانکارییانەدا هەڵدەسەنگێندرێ، بۆ ئەوەی وێڕای ئاشکراکردنی شێوازی گوتاری و ڕفتاریی ئەوان لە قۆناغی ئاماژەپێکراودا (دوای ساڵی ١٣٩٨)، هەلی بەراوردکردنی لەگەڵ مۆدێلی گوتاری و ڕفتاریی کۆمەڵگای ئێتنیکی لە قۆناغی جێبەجێکردنی لێکۆڵینەوەی مەیدانیی توێژینەوە (پێش ساڵی ١٣٩٨) دابین بکرێ و سروشتی نوێی باسەکانی شوناسی گشتی و ئێتنیسیتە پاش تێپەڕین لە قۆناغی ئاماژەپێکراو بناسرێتەوە و ڕوون بکرێنەوە.

## چاوخشاندنێک بە سەرەکیترین خوێندنەوە گوتارییەکان سەبارەت بە داهاتووی ئێران

هەلومەرجی ئێران لە بەربەرەی سەدەی نوێی هەتاویدا (سەدی ١٥)، تووشی کێشە، ئاڵنگاری و ڕووداو و گۆڕانکاریی بێوێنە بۆتەوە کە چەمکی ئەم ڕووداوە ڕۆژژمێری و ساڵپێوانەی تێکەڵ بە نموونە و چەمکی گۆڕانکاری و وەرچەرخانی مێژوویی کرد و ئێرانی بەرەو ڕێچکەی نوێی سیاسی و کۆمەڵایەتی دنە دا. بارودۆخی ئێران لەم قۆناغەدا، بە هەموو ئەو مەترسی و دەرفەتانەی کە لە بەر دەمیەتی، خاڵێکی ناوەندی و گرینگە کە وا دەکا زۆربەی هێزە سیاسی، کۆمەڵایەتی و فیکرییە ئامادەکانی مەیدانەکە بە سەلیقە و بیر و ئایدۆلۆژیای جیاوازەوە بیر لەم هەلومەرجە نوێیە بکەنەوە و هەڵوێستێک بگرنە بەر و هەر ڕەوتێک بە پێی ئاخێزگەی گوتاریی خۆی ستراتیژ و ڕێکارێک بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گیر و گرفتەکانی کۆمەڵگا و سیاسەت لە ئێران و هەنگاونان بەرەو داهاتوویەکی باشتر بخاتە ڕوو. لە هەمان کاتدا هەڵوێستە گوتارییەکان سەبارەت بە مژار و پرسەکانی شوناس و ئێتنیسیتە، لە سازدەر و توخمە سەرەکییەکانی سیستەمی واتایی و کرداریی ئەو گوتارانەن کە لەم قۆناغەدا گرنگییەکی بەرچاو و یەکلاکەرەوەیان بە خۆوە گرتووە.

گوتاری حوکمڕانیی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە ئەمڕۆ زۆربەی ژێرگوتارە بناژۆخوازەکان بەو پێیە داڕێژراون، کەڵەگوتاری باڵادەستی گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێرانە کە سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ گوتارەکانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی و فیکریی دیکەدا ناکۆکە، هەمیشە هەوڵی داوە تووشی بێدەسەڵاتی و گۆشەگیری نەبێ، بەڵکوو بە هەموو هێزی خۆیەوە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چالاک و هەمەلایەنەی لەگەڵ گوتارە ڕکابەر و دژبەرەکاندا هەبووە. لە دەیەی ڕابردوو و دوابەدوای سەرهەڵدانی دۆخی ناڕەزایەتی لە ناو کۆمەڵگەی ئێراندا، گوتاری ئایدیۆلۆژیی ڕێژیمی دەسەڵاتدار، سەرەڕای ئەوەی کە بە توندی ڕەخنەی لێ گیراوە و لە لایەن ڕەوتە فیکرییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و ئۆپۆزسیۆنەوە هێرش کراوەتە سەری، بەڵام هەمیشە هەوڵی داوە بە بەهێزکردن و برەودان و

بڵاوکردنەوەی بنەما و هێما گوتارییەکانی، خۆی وەک هۆکاری بەرزڕاگری و پارێزەری ئاسایش و خۆشگوزەرانیی ئێران و ئێرانییەکان دەربخا، و بە گرتنە بەری ڕێبازێکی وەلانەرانەو و ئیلهاموەرگرتن لە تیۆریی پیلانگێڕی، هەر چەشنە دژایەتی و بەرەنگاربوونەوەیەکی گوتارەکەی وەک کاریگەریی پیلانگێڕیی توخمە بیانییەکان و هێزە گرێدراوەکانیان پیشان دەدا کە لە هەوڵی ئەوەدان بە پەنابردنە بەر ستراتیژیی دژایەتی و ڕێگریکردن هەوڵی تێکدان و ڕاگرتنی ڕێگای گەشەسەندن و پێشکەوتنی هەمەلایەنەی ئێران و کۆماری ئیسلامی ئێران دەدەن.

ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بە ناوەندێتیی ڕێبەر و تۆڕە دەسەڵاتی دەورووبەری، هەموو ئیمکانیات و تواناکانی ڕاگەیاندن، ڕیکلام، سەربازی، ئاسایش، ئابووری و بیرۆکراتیکی سێ دەسەڵاتە سەرەکییەکە (یاسادانان، جێبەجێکار، دادوەری) و دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی دیکەی ئێرانی بە مەبەستی گەیشتن بەم ئاواتە گرینگە قۆستۆتەوە و لەم پێناوەدا لە هیچ هەوڵێک سڵ ناکاتەوە. تەوەرایەتیی ئایدیۆلۆژیا لە گوتاری ڕژێمی کۆماری ئیسلامیدا، وەکوو: حوکمڕانی لە سەر بنەمای وەلایەتی ڕەهای فەقیه، دامەزراندنی حکوومەتی ئیسلامی، ڕەتکردنەوەی فەرهەنگ و شێوازی ژیانی ڕۆژاوایی، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئامۆژە لیبراڵیستییەکان، و هەوڵدان بۆ شوناسسازیی گشتی کە لە سەر بنەمای بیروباوەڕی ئیسلامی شێعەیە کە ئەمانە لەو پێکهاتە نەگۆڕ و بنەڕەتییانەن کە هەڵوێستەکانی ئەم سیستەمە گوتارییە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بارودۆخی نوێ و هەڵمەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیدا دیاری دەکەن. لەم چرکەساتە چارەنووسسازەدا، گوتاری ئینقلابی، بە جەختکردنەوە لە سەر هەڵوێستەکانی خۆی، بنەما ڕاشکاوەکانی لە «بەیاننامەی هەنگاوی دووەمی ئینقلاب»[1] دا خستە ناو پەیڕەوی کاری خۆیەوە، بۆ ئەوەی بە چاوپۆشیی تەواو لە واقیعەکانی بەستێنی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئێران، کە بە نمایشی، ساختەکاری، نارەسەن و کارتێکراوی پیلان و ئاژاوەی وڵاتانی ڕۆژاوایی و نەیارانی ڕژێمی و ئینقلابیان دەزانێ، وێڕای جەختکردنەوە لە سەر پێویستیی هەنگاونان لە سەر هێڵی ئینقلابی ئیسلامی، ئاسۆکانی داهاتووی ئێران لە سەر بنەمای ئەو پرەنسیپانە دابڕێژێتەوە.

لەم بەستێنە گوتارییەدا شوناسی ئایینیی ئیسلامی بە تەوەرایەتیی ئایینزای شێعە لە ناوەنددایە و هەر جۆرە شوناسێکی جەماوەریی دیکەی وەکوو ئێتنیک، ڕەگەز، نەوە و هتد بە ساختە و بێبایەخ و تەنانەت لە هەندێک حاڵەتیشدا بە دەساوێژی دوژمنانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی دادەنرێ، بۆیە هەر جۆرە بزاڤێک لە سەر بنەمای ئەمانە وەبەر مامەڵەی توندئاژۆیانە و ئەمنێتی دەکەوێت. لە ڕاستیدا ئایدۆلۆژیا و دروشمەکانی گوتاری ئینقلابی لە حاڵێکدا گەڵاڵە دەکرێن و پەرەیان پێ دەدرێ کە کۆمەڵگای ئێران لە بەرەبەرەی سەدەی نوێدا، زیاتر لە جاران لە چوارچێوەی پەیوەندییە جیهانییەکاندا بە دوای پێگەی ونبووی خۆیدا دەگەڕێت. ئاڵوگۆڕی نەوەکان، لێکەوتەکانی گشتگیریی

---

١. بیاننامەی گام دوم انقلاب، ١٣٩٧

ئینتەرنێت و ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری، فراوانبوونی وشیاریی نەوەیی و شۆڕشی جێندەری (ڕەگەزێتی)، دروستبوونی شوناسی گشتیی نوێ، دەرکەوتنی خۆوشیاری و داواکاریی نوێ لە ناو تاکەکانی گرووپە ئێتنیکی و ئایینزاییەکاندا، داخوازییە سەندیکایی و چینایەتییەکان، زیادبوونی هەرچی زیاتری هۆگریی خەڵک بەتایبەت نەوەی نوێ بۆ ئازادیی هەڵبژاردن لە بواری ژیانی تاکەکەسیدا، وەکوو: شێوازی ژیان، جۆری پۆشاک و جلوبەرگ، بیر و باوەڕ؛ پەیوەندی و کاریگەریی قووڵی فەرهەنگی جیهانی لە سەر خەڵک، و هەندێک لە هێما کۆمەڵایەتییە تازەدەرکەوتووەکان کە لەگەڵ جۆری گوتار و پڕۆژە ئایدۆلۆژیکییەکانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە شێوازی ژیان و جۆری بیرکردنەوە و باوەڕەکانی خۆی بە سەر خەڵکدا دەسەپاند و ئەو گۆڕانکارییە هەمەلایەنە مەعریفی و شوناسییانەی پشتگوێ خستبوو کە هەموو جومگەکانی کۆمەڵگای ئێرانی تەنیبووەوە، کۆمەڵێ هۆکار بوون کە مەودای نێوان میللەت و دەوڵەت یان بە واتایەکی وردتر گەل و ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان زیاتر قووڵ دەکردەوە و وەک دەزانین ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزە سیاسییەکان و چین و توێژەکانی کۆمەڵگا ڕێکار و ستراتیژ پشتبەستوو بە سەپاندن بە کار دەبا کە دەرهاویشتەی ئەم جۆرە ئیجبارکردن و سەپاندنی گوتارە بێجگە لە زیادبوونی دوژمنایەتی و دووبەرەکیی و دووانەیی «سەرکوتکەر - ڕووخێنەر» هیچ ئەنجامێکی دیکەی نابێت. ئەم شێوازە بەرسڤدانەوەی پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕێگای هەر جۆرە سازان و لێبوردەییەک دابخرێ و هیچ ترووسکاییەک بۆ هاتنە سەر ڕێچکەی ئاشتی بە جێ نەهێڵدرێتەوە.

ڕەوتی چاکسازی (ڕیفۆرم) و ئاقارە سیاسی و فیکرییەکانی نزیک لەوان وەکوو میانڕەوەکان، لایەنێکی دیکەی هێزە سیاسی و فیکرییە ناوخۆییەکانن کە سەرەڕای هەموو ئەو کۆت و بەربەست و ئاستەنگانەی کە بە سەر چالاکی و خۆدەرخستنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیاندا دەسەپێنرێ، هێشتا جەخت لە سەر پێویستیی ڕازیبوون بە چاکسازییەکان دەکەنەوە. هەڵبەت بە پێی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دەیەکانی ڕابردوو، بە دوورکەوتنەوە لە سەرچەشن و مۆدێلی پێشووی ڕیفۆرمخوازی، بیر لە ستراتیژ نوێی چاکسازی کراوەتەوە، بە جۆرێک کە سەید محەمەد خاتەمی لە یەکێک لە پەیامەکانیدا دەڵێ: «ریفۆرمخوازی بە شێواز و ئاراستەی ئەزموونکراو و پێشوو ... ئەگەر نەڵێین مەحاڵە، لانیکەم گەیشتووە بە تاشەبەردی بنبەست.» (خاتەمی، ١٤٠١). هەر بۆیە وتەبێژانی ئەم ڕەوتە، زەروورەتی چاکسازیی لە پێکهاتە و ژێرخانی هەموو جومگەکانی دەسەڵات و سەروەت و سامانی نیشتمانی وەک پێویستییەکی گرینگ دەخەنە ڕوو بۆ ئەوەی ئێران لەو دۆخە قەیراناوییە دەربچێ و پێیان وایە کە بەردەوامیی ئەم دۆخە نائاساییەی ئێستا، ئێران بەرەو هەڵدێری هەرەسهاتن و داڕووخانی هەمەلایەنە دەبات .

دوا بە دوای ئەوەی لە ناڕەزایەتییەکانی ساڵانی ڕابردوودا گوتاری تێپەڕین لە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بوو بە گوتاری زاڵ، ڕیفۆرمخوازان لەو هێزە سیاسییانە بوون کە بە سیمایەکی ڕیفۆرمخوازانە

و قسەکردن لە سەر چارەسەرکردنی کێشە و ئاریشەکان بە پشتبەستن بە ڕێکاری ڕیفۆرمخوازانە، هەمیشە جەختیان لە سەر پێویستیی پاراستنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی دەکردەوە. چاکسازیخوازان (ڕیفۆڕمخوازان) لە بەرگریکردن لە پرەنسیپەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، وێڕای باوەڕمەندبوون بەوەی کە ڕژێم لە حاڵەتی دارماندا نییە، لەو باوەڕەدان کە شۆڕش و ڕووخاندنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە دۆخی ئێستای ئێراندا جگە لە کاولکاری و توندوتیژی و شکست هیچ دەرنجامێکی دیکەی نییە و تەنانەت یەکپارچەیی خاکی ئێرانیش ڕووبەڕووی هەڕەشەی جیددی دەکاتەوە. سەید محەمەد خاتەمی، لە ١٥ی سەرماوەزی ١٤٠١ (٦ مانگی تشرینی دووی ٢٠٢٢)، لە گەرمەی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا، لە پەیامێکدا بە بۆنەی ڕۆژی خوێندکارەوە، وەبیری هێناوە کە دروشمی جوانی «ژن، ژیان، ئازادی» هەنگاونانی کۆمەڵگا بەرەو داهاتوویەکی باشتر پیشان دەدات. ناوبراو هەروەها بە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی پێشنیار دەکا کە «لایەنە هەڵەکانی حوکمڕانی بناسن و پێش ئەوەی درەنگ بێ بەرەو حوکمڕانییەکی باش هەنگاو بنێن». ئەو پێشتریش لە پەیامێکی دیکەدا جەختی لەوە کردەوە کە «ڕووخاندن نە مومکینە و نە خوازراو» و بە خوێندکارانی وت: «نابێ بهێڵین ئازادی و ئاسایش بە گژ یەکتردا بچنەوە و لە ئەنجامدا ئازادی بە بیانووی پاراستنی ئاسایش پێشێل بکرێت». خاتەمی وێڕای ئاماژەدان بە پوتانسێڵی دەستوور وتی پێویست بە گۆڕینی دەستوور ناکات (خاتمی، ١٤٠١). گرینگترین لایەنی خەسارناسیی گوتاری چاکسازی لە ئێرانی ئێستادا ئەوەیە کە نە خەڵک و نە دەسەڵات پێشوازی لێ ناکەن. کۆمەڵگای مەدەنی و جەماوەری گشتیی ئێران پێیان وایە کە ئیتر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران شیاوی چاکسازی و ڕیفۆڕم نییە و ئەم ستراتیژە بە سەر چووە، نارەزایەتییەک کە لە دروشمی «ڕیفۆرمخواز، بناژۆخواز/ ئیدی تەواو، کۆتایی هات»[1] دەبینرێت. لە لایەکی دیکەوە بیروڕای گشتی لە ئێران پێیان وایە کە ڕێژیم نەک وەک توانایەکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان، بەڵکوو وەک سووپاپی دڵنیایی بۆ دەرچوون و کەمکردنەوەی بارگرانیی فشارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان کەڵک لە بیرۆکەی ڕیفۆڕمخوازی (چاکسازی) وەردەگرێ، هەر بۆیە باشترین چارەسەر لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوە، کەمتەرخەمبوونە. هەروەها ڕژێم و بازنەی سەرەکی دەسەڵات کە سەر بە ڕێبەرن، لە هەر جۆرە قبووڵکردنی ڕیفۆڕمخوازان سڵ دەکەنەوە و چالاکییەکانیان بە فێڵێک بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات لە ئێران دەزانن، هەر بۆیە لە کاتە جیاوازەکاندا هیچ پێشوازییەک لە نیازپاکی و پلان و چارەسەرەکانیان بۆ ئاشتەوایی نەتەوەیی و چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ململانێکان ناکەن. نموونەی ڕۆشن و دیاری ئەمە ئەو نامەیە وا محەمەد خاتەمی بۆ ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی دەنووسێ کە هیچ وڵامێکیشی لە لایەن ڕێبەرەوە پێ نەگەیشتووە و لە لایەن بناژۆخوازە توندڕەوەکان و کەسانی نزیک لە ڕێبەرەوە زیاترین جوێن و قسەی تفت و تاڵیان پێ کرا، حەمەعەلی ئەبتەحی بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆک کۆماری لە دەوڵەتی چاکسازی و یەکێک لە کەسایەتییە ڕیفۆڕمخوازەکانی نزیک لە خاتەمی

١. اصلاح‌طلب، اصول‌گرا/ دیگه تمومه ماجرا

لەم بارەوە دەڵێ: لە نارەزایەتییەکانی ئەم دواییانەدا، سەرەڕای نامەنووسینی بەڕێز خاتەمی بۆ ڕێبەر و کۆبوونەوەی ڕیفۆرمخوازان لەگەڵ بەرپرسانی پلە باڵای ئێران بۆ ڕێگریکردن لە توندوتیژی و باشترکردنی کاروبارەکان، لەوە ناچێ لە لایەن حکوومەتەوە خواستەکانیان بە هەند وەرگیرابێت (نامه سیدمحمد خاتمی به رهبر انقلاب، ١٤٠١).

باوەڕداربوون بە شکستی چاکسازییەکان و ناکارامەییان لە گۆڕینی دۆخی ئێستای کۆمەڵگای ئێران تەنیا لە خەڵکی نارازیی سەر شەقام و ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی دەرەوەی ئێراندا سنووردار نابێتەوە، بەڵکوو بەشێک لە هێزە ئینقلابییە دێرین و پلە یەکەکانی ڕژێمیش ئەورۆکە پێشنیاری دوورکەوتنەوە لە گوتاری چاکسازی دەدەن. میرحسێن مووسەوی و مێهدی کەڕووبی، سەرکردە زیندانیکراوەکانی بزووتنەوەی سەوز و هەندێک لە زیندانیانی سیاسی و هەڵسووڕاوانی نارازی لەو کەسانەن کە بە ئاشکرا ڕای خۆیان لە سەر بەڕێوەبردنی ڕاپرسی بۆ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، گۆڕینی دەستوور و دەستلەکارکێشانەوەی خامنەیی خستە ڕوو. میرحسەین مووسەوی، ١٥ی ڕێبەندانی ١٤٠١، لە پەیامێکدا بە بۆنەی ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی» نووسی: ڕووداوە خوێناوییەکانی چەند مانگ و ساڵانی ڕابردوو لە ئێراندا نیشان دەدا کە جێبەجێکردنی دەستوور بێ هەموارکردنەوە، وەک دروشمێک کە ١٣ ساڵ لەمەوبەر هیوای بۆ دەخوازرا، ئیتر کاریگەر نییە و پێویستە هەنگاوێک لەوە زیاتر بنرێت. ئێران و ئێرانییەکان پێویستیان بە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە و بۆی ئامادەن، کە هێڵە سەرەکییەکانی لە لایەن بزووتنەوەی ژن، ژیان و ئازادییەوە کێشراوەتەوە. مووسەوی لە لێدوانەکەیدا سێ پێشنیاری خستە ڕوو؛ یەکەم: ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێکی ئازاد و سالم لە سەر پێویستیی گۆڕین یان داڕشتنی دەستوورێکی نوێ. دووەم: لە ئەگەری وەڵامدانەوەی ئەرێنیی خەڵک، پێکهێنانی مەجلیسی دامەزرێنەران کە لە نوێنەرانی ڕاستەقینەی میللەت پێک هاتبێ ئەویش لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانەوە و سێیەم: ڕیفراندۆم لە سەر دەقی پەسەندکراوی ئەو مەجلیسە بە مەبەستی دامەزراندنی حکوومەتێک لە سەر بنەمای سەروەریی یاسا و بە پێی پێوەرەکانی مافەکانی مرۆڤ و هەڵقوڵاوی خواست و ئیرادەی خەڵک. ئەو لەم لێدوانەدا نووسیویەتی: شکۆ و هەیمەنە لە چەک و سەرکوتکردندا نییە، بەڵکوو هاوڕێیەتیی لەگەڵ گەلە، هەمان ئەو میللەتەی کە ئەگەر خوازیاری ڕژێمێکی نوێ بێ، ئەوە حکوومەتەکەی پێشوو، چ بیهەوێ یان نەیهەوێ دەڕووخێت.» (میرحسین موسوی خواستار برگزاری همەپرسی...، ١٤٠١).

ڕیفۆرمخوازان سەرەڕای سنووردارکردن و قەدەغەکردنی چالاکیی حیزبی و بەرەیی و ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ بێمتمانەیی و کەمتەرخەمیی هەر دوو لایەنی کۆمەڵگا و حکوومەت، هێشتا خاوەنی گوتارێکی چالاکن لە گۆڕەپانی سیاسەت و کۆمەڵگای ئێراندا، کە هەوڵ دەدەن کەمترین تریبۆنی میدیایی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی بەردەست، بەکار بێنن بۆ ئەوەی بەردەوام پەیام و ڕێکارەکانی خۆیان بخەنە بەردەم ڕای گشتی و حکوومەت. تێڕوانینێکی گشتی لەمەڕ چالاکیی کەسایەتییە میدیاییە ڕیفۆرمخوازەکانی وەکوو: سەعید حەجاریان، عەباس عەبدی، محەمەد عەلی

ئەبتەحی، مستەفا تاجزادە و هتد، ئاماژە بە ڕێژەیەکی بەرچاوی هەوڵی میدیایی و فیکریی ئەم لایەنە لە شیکردنەوە و پلاندانان بۆ دۆخی ئێستای ئێران دەکات. ئەم لایەنە سەرەڕای بێبەشبوون لە ئیمتیازات و دەرفەتی سیاسی لە ناو پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، وێڕای ئەوەی بەردەوام ڕادیکالیزمی سیاسی ڕەت دەکەنەوە و خوازیاری دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی و ستراتیژی ڕووخاندنی حکوومەتن، جەخت لە سەر چارەسەری ئاشتیانە و دانووستان لە سەر بنەمای ئاشتەوایی نەتەوەیی دەکەنەوە.

حیزب و بەرە و بزووتنەوە دژبەرەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی کە بە «نەیارانی کۆماری ئیسلامی»، «ئۆپۆزیسیۆنی هەندرێن‌نشین» و «ئۆپۆزیسیۆنی ڕووخێنەر» ناو دەبرێن، لایەنێکی دیکەی ئەو گوتارانەن کە لە ئاراستە، ئایدۆلۆژیا و بیروباوەڕی هەمەجۆر و تەنانەت هەندێک جار ناکۆکیش پێک هاتوون کە زۆربەیان بۆ تێپەڕین لە بارودۆخی مەترسیداری ئێستای ئێران بژاردەی ڕووخانی ڕژێمی ئێستا و دامەزراندنی ڕژێمێکی نوێیان خستۆتە نێو ئەجێندای کاری سیاسیی خۆیانەوە. ئەم گوتارانە سەرەڕای ئەوەی لە سەر زەرووڕەتی دارمانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هاودەنگن بەڵام سەبارەت بە بنیاتنان و جۆری سیستەمی سیاسیی گونجاو بۆ داهاتووی ئێران زۆر یەکدەنگ و هاوبیر نین و بەدەر لەم مەسەلە، سەبارەت بە چۆنیەتیی چارەسەرکردنی ئەو قەیرانانەی بەرۆکی کۆمەڵگایان گرتووە، بیرۆکەیەکی وا ڕوون و کردەییان نییە. (اندیشکده واشینگتن، ١٤٠١). ئەم گوتارانە کە لایەنێکی بەرفراوانی حیزبە چەپە مارکسیستەکان، پاشایەتیخوازەکان (سەڵتەنەت‌تەڵەبەکان)، نەتەوەخوازەکان (ناسیۆنالیستەکان)، نەتەوەیی-ئایینییەکان، حیزبە ئێتنیکییەکان و هتد لە خۆ دەگرن، کە بە پێی یۆتۆپیای خۆیان مزگێنیی فۆرمی جۆراوجۆری حکوومەتی ناوەندی، فیدراڵی، مەشرووتییەت-پاشایەتی، خۆشگوزەران و هتد بۆ ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامیی ئێران دەدەن.

خاڵێکی دیکەی ناکۆکی لە نێوان نەیارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، شێوازی بەرەنگاربوونەوە و ئامادەکاری بۆ ڕووخاندنی ڕژێمە، کە هەمیشە لەمپەرێک لە بەردەم پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو و گشتگیر بۆ خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی بووە. کۆمەڵێک لەم ڕەوتانە پێیان وایە کە شۆڕش و یاخیبوونی گشتی و داپەڕی چەکدارانە تاکە ڕێکاری ڕووخاندنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە، هەندێکی تر جەخت لە سەر خەباتی نەرم و مەدەنی بە شێوازی «شۆڕشە ڕەنگاوڕەنگەکان» دەکەنەوە و لەو باوەڕەدان کە هەر جۆرە دارمانێکی حکوومەت کە لە سەر بنەمای ڕێبازی چەکداری و شەڕ و توندوتیژی بێ، دەتوانێ کۆمەڵکوژی و پارچە پارچەبوونی ئێرانی لێ بکەوێتەوە، لایەنێکی دیکەش لایان وایە کە ڕووخاندنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی پێویستی بە دەستێوەردانی زلهێزە دەرەکییەکان و پشتیوانیی هەمەلایەنەیان لە بزووتنەوە جەماوەرییەکان و ئۆپۆزسیۆنە (ندیمی و کلاوسن، ٢٠١٨). بە گشتی بەو پێیەی کە سەرچەشن و مۆدێلی بانگەشەی حیزب و ڕەوتە بەرهەڵستکارە هەندەران‌نشینەکان لە سەر ڕووخاندنی شۆڕشیانە یان دەستێوەردانی دەرەکی سووره، بە ناچاری بە ڕێگای خەباتی توندائژۆیانەدا تێدەپەڕێت. هەڵبەت بە بڕوای نەیاران، ئەم ڕێکارە بە هەڵبژاردن

نییـە، بەڵکـوو تەنیـا ئەگەرێکـە کـە ڕژێمی کۆمـاری ئیسلامی بـە داخسـتنی هەموو ڕێگاکانـی خەباتی ئاشـتیانە و دێموکراتیکـی بـە ڕووی بـەرەی نەیارانـی دەرەوە و تەنانـەت ناوخۆییشـدا هێشـتوویەتیەوە و دووانـەی سـەرکوت یـان ڕووخاندنـی کـردووە بـە تاکە هەڵی بواری سیاسـەت و دەسـەڵات لـە ئێران.

ڕوانگە و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ شوناسی نەتەوەیی و ئێتنیکی لە ئێراندا، یەکێک لە بابەتە تەوەرییەکانە کە بەو پێیە، هێڵێکی ڕوونی جیاوازی دەخاتە نێوان حیزب و گرووپە بەرهەڵستکارەکان و ئەم بابەتە لە هەندێک حاڵەتدا بگۆڕی سەرەکی و یەکلاکەرەوەی باڵباڵێن و ڕێکخستنی سیاسیی هێزە بەرهەڵستکارەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. حیزب و ڕەوتە ئێتنیکییەکانی وەکوو: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئازەربایجانی باشوور، حیزبی کۆمەڵەی کوردستان، پارتی ئازادیی کوردستان، پارتی گەلی بەلووچستان، بزووتنەوەی نەتەوەیی بەلووچ، بەرەی دێموکراتی شۆڕشگێڕیی گەلی عەرەبی ئەهواز، بزووتنەوەی عەرەبیی ڕزگاریخوازی ئەلئەحواز[١] و ... لەگەڵ بەشێک لە حیزبە چەپ و مارکسیستەکان باوەڕیان بە پێکهاتەی فرەئێتنیکی و فرەنەتەوەیی لە ئێران هەیە و پێیان وایە کە ئەم ڕاستییە دەبێ لە بەستێنی بەڕێوەبردنی سیاسیی کەلان و ورددا ببێتە بنەما، هەر بۆیە پێداگری لە سەر پێویستیی مۆدێلی لامەرکەزی و مۆدێلی حوکمڕانیی فیدراڵی دەکەنەوە. پارتی چەپی ئێران، کە ڕێکخراوێکی سیاسییە و لە ساڵی ٢٠١٨ لە یەکگرتوویی سێ ڕەوتی ڕێکخراوی فیداییانی گەلی ئێران (زۆرینە)، ڕێکخراوی یەکێتیی فیداییانی گەلی ئێران - لایەنگری یەکڕیزی و چالاکوانانی چەپ، لە ساڵی ٢٠١٨ لە شاری کۆڵنی ئاڵمان دامەزرا (تشکیل حزب چپ ایران، ١٣٩٧)، لە بەیاننامەی کۆنگرەی سێیەمی خۆیدا لە ساڵی ٢٠٢٣، بە جەختکردنەوە لە سەر فرەنەتەوەییبوونی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئێران، لە بەڵگەنامە سیاسییە پەسەندکراوەکەیدا جەختی لەوە کردەوە کە فیدراڵیزم گونجاوترین فۆرم بۆ پێکهاتەی سیاسیی داهاتووی ئێرانە، چونکە ئەوە بەستێنێکی متمانەپێکراو و بەئەزموونکراوی مێژوویییە کە نەک تەنها مافی هاووڵاتیبوون مسۆگەر دەکا، بەڵکوو مافە گشتییەکانی نەتەوە و ئێتنیکەکان بۆ بەشداریکردنی کاریگەر لە چارەنووسی خۆیان دەستەبەر دەکات (پیام کنگره سوم حزب چپ ایران ... ٢٠٢٣).

تاقمـە سیاسـییە ناسیۆنالیسـتییە تونـدڕەوەکان، پاشـایەتیخوازان (سـەڵتەنەتتەڵەبەکان) و مەشرووتەخـوازەکان پێیـان وایـە کـە ئێـران میراتگـری دامەزراوەیەکـی ئیمپراتۆریی دێرینـە کە لەگەڵ سروشـتی سیاسـەت و کۆمەڵگاکەیدا تێکەڵاو بووە و ئێرانێتی گەوهەرێکی مێژوویییە کە ڕەگ و ڕیشـەی لـە سروشـتی فەرهەنگیـی هەمـوو گەلانی ئەو وڵاتـەدا داکوتـاوە، کەواتە ئێتنیسـیتە ساختەکارییەکی مۆدێرنـە و بـە شـێوەیەکی سـەرەکی بـە تایبەتمەندییەکـی فەرهەنگـی دەزانـن کـە لـە ڕووی سیاسـی و نیشـتمانییەوە بابەتمەندییەکـی ئەوتـۆی نییـە، هـەر بۆیـە زیندووکردنـەوەی سیسـتەمی ناوەندیـی پاشـایەتیی مەشرووتە بـە گونجاوترین دامەزراوە بۆ داهاتووی ئێـران دەزانن و داواکارییە ئێتنیکییەکان

١. حزب دمکرات کُردستان ایران، جنبش آزادی‌بخش آذربایجان جنوبی، حزب کومله کُردستان، حزب آزادی کُردستان، حزب مردم بلوچستان، جنبش ملی بلوچ، جبهه دمکراتیک انقلابی خلق عرب اهواز، جنبش عربی آزادی‌بخش الاحواز

بە تۆمەتی جوداخوازی و هەوڵدان بۆ هەڵوەشاندنەوەی یەکپارچەیی ئێران ڕەت دەکەنەوە. مێهرداد دەروێش‌پوور، لە ڕەخنەیەکدا لە سەر هەڵوێستی ڕێکخراوە پاشایەتیخوازەکان لە پێوەندی لەگەڵ داواکارییە ئێتنیکییەکانی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادیدا، دەنووسێ: نوخبە ڕۆشنبیرەکانی ئەم ڕەوتەش دروشمەکانی بزووتنەوەکە لە ناوخۆی ئێراندا پشتگوێ دەخەن، یەکەم ئەوەی کە ڕاپەڕینێک کە جیهان بە یەکەم «شۆڕشی ژنان» ناوی بردووە بە تەواوی نکۆڵی لێ دەکەن و بە «شۆڕشی ناسیۆنالیستی» لە قەڵەمی دەدەن. پاشان بە مەبەستی کاڵکردنەوەی ڕەنگی فێمینیستیی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، هەستان بە دروستکردنی دروشمی پیاوسالاری و پاوانخوازانەی «پیاو، نیشتمان، ئاوەدانی»[1] . هەروەها نۆستالژیگەرایی کێشەداری ئەم ڕەوتە هەر زوو بوو بە ئایدیال‌سازیی ڕەها لە حکوومەتی ڕابردوو (پەهلەوی). ئەوان لە سەرەتادا بە ناوی پاراستنی یەکپارچەیی ئێران، هەڵاواردنی ئێتنیکییان ڕەت کردەوە، هەر زوو گرووپە ئێتنیکییەکانیان بە جوداییخواز و تیرۆریست ناو برد. دژایەتکردنی توندڕەوانەی بەرامبەر بە حکوومەتی ئیسلامی خێرا بوو بە دوژمنایەتیی لەگەڵ «پیلانگێڕانی ٥٧ « (درویش‌پور، ١٤٠٢).

حیزبە لیبراڵ و نەتەوەیی - ئایینیەکانیش لە نێوان ئەم دوو ئاراستەدا، وڵاتێکی دێموکراتیک لە سەر بنەمای ئازادیی مەدەنی و پاراستنی مافە ئێتنیکی و ئایینیەکانی هەموو چین و توێژ و ئەندامانی کۆمەڵگا بە مۆدێلێکی خوازراو بۆ ئایندەی ئێران دەزانن کە لە ژێر سایەیدا چارەسەرکردنی ئاشتییانە و دانوستان‌تەوەری کێشەکان و تێپەڕین لە بارودۆخی قەیراناوی دەڕەخسێت. بە پێی بیرۆکەی سیاسیی ئەم لایەنە، شوناسی ئێتنیکی و ئێتنیکەکان بە مەرجێک یەکپارچەیی خاکی ئێران و یەکگرتوویی نەتەوەی ئێران نەخەنە مەترسییەوە، مافی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی خۆیان هەیە. لە بڕگەی ١٨ی جاڕنامەی «ڕێکخراوی یەکییەتی کۆماریخوازانی ئێران»[2] کە ڕێکخراوێکە باوەڕمەند بە شێوازی سیاسیی لیبراڵ دیموکراسیی سکۆلار و پێشنیاری حکوومەتێکی کۆماریی سکۆلار و دێموکراتیک بۆ ئێران دەکات، لەبارەی ئێتنیکەکان لە ئێران دەڵێن: هاوپەیوەندی و هاوپشتی کۆماریخوازەکانی ئێران بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێرانە و لەگەڵ ئەوەی جەخت لە سەر ڕەچاوکردنی مافە یەکسانەکانی هەموو ئێتنیکە ئێرانییەکان و نەبوونی هەڵاواردنی ئێتنیکی دەکاتەوە و پێی وایە کە درێژەدان بە جوگرافیای یەکدەست و تەکووزی ئێران پابەندبوون بە حاڵەتگەلی وەکوو ڕەچاوکردنی مافی هاووڵاتیبوون، چەسپاندنی لامەرکەزی لە پێکهاتەی کارگێڕیی ئێراندا، ڕەتکردنەوەی ناوەندگەرایی و پەیوەندییە دادپەروەرەکانی نێوان ناوەند و پەراوێز مومکین دەبێت (منشور همبستگی جمهوری‌خواهان ایران، ٢٠٢٠).

ئێستا لە بەستێنی شیکاری و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە و قەیرانەکانی ئێران و شیکردنەوەی داهاتووی ئێران لە سای سیناریۆی جۆراوجۆردا، جیا لە حیزب و بەرە سیاسییەکانی ناوەوە و

---

١. مرد، میهن، آبادی
٢. سازمان همبستگی جمهوری‌خواهان ایران

دەرەوەی ئێران کە زۆرتر بە دیدێکی سیاسی و بە پێی بەرژەوەندییە حیزبی و ئایدۆلۆژییەکانەوە خەریکن ڕێسا خەباتکارییەکان و پلانەکانی خۆیان بۆ ئێران دادەڕێژن، ڕەوتێکی چالاکی فیکری و ئەکادیمیکی نیمچە سەربەخۆ هەیە کە هەوڵ دەدا کە بە لابردنی پەردەی بەرژەوەندییە حیزبی و کوتلەیی و ئایدۆلۆژییەکان، لە ڕێگەی عەقڵانییەت و بیرکردنەوەی زانستی و پابەندبوون بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان کە بنەمای جەوهەریی سیاسەتی مۆدێرنە، ئێران بکەنە بابەتی تێفکرین و تەگبیری خۆیان و تێدەکۆشن کە لە ڕێگەی ڕوانگەیەکی هەمەلایەنە، وتووێژ، بانگهێشتکردن بۆ بیرکردنەوە، پێویستیی پابەندبوون بە ڕێکارێکی ناتوندوتیژ و ئاشتییانە، دەرچەیەک بۆ بارودۆخی قەیراناویی ئێران بکەنەوە و ئێران لە ئەگەری داڕمانەوە بەرەو داهاتوویەکی گەشتر ئاراستە بکەن. لە لێکدانەوە و شیکارییەکانی ئەم گوتارە ئەکادیمی و هزرییەدا، پرس و کێشەکانی قەیرانی ئێستای ئێران تەنیا لە سیاسەت و ئابووریدا سنووردار نابنەوە، بەڵکوو کۆمەڵێک قەیرانی تێهەڵکێشراوی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ژینگەیی، فەرهەنگی، باوەڕی - ئایینی و ئەخلاقین کە بە گشتی ڕەگ و ڕیشەی مێژووییان هەیە، هەر بۆیە هیچ ستراتیژ و چارەسەرێکی خێرا و یەکجارەکیان بۆ تێپەڕاندنی ئەم گێژەڵووکە و چارەسەرکردنی کێشەکانی نییە، بەڵام گلۆڵەی ئاڵۆز و سەرشێوەنەری ئەم کێشانە پێویستی بە تێڕامان و وردبینی و لێبوردەیی و جووڵەیەکی عەقڵانی هەیە کە لە سەر بنەمای دانوستان و ئاشتی بێت. هەرچەندە ئەم گوتارە نکوڵی لە ڕۆڵی سروشت و کارکردی ڕژێمی دەسەڵاتدار لە دروستکردنی بارودۆخی ئێستا ناکا، بەڵام پێی وایە تەسککردنەوەی هەموو ئەو کێشە و قەیرانانە بۆ ڕەهەندی سیاسی جۆرێک بچووککردنەوە و دابەزاندنە، هەر بۆیە گۆڕانکارییەکی کتوپڕ و لەناکاوی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕەنگە نەک هەر ڕێگەیەک بۆ دەربازبوون لەم چەقەبستووییە نەکاتەوە بەڵکوو بە شێوەیەکی ئاڵۆزتر، گرێی بەرهەمهاتنەوەی بارودۆخە قەیراناوییەکان خۆشتر دەکات.

محەمەد فازڵی، کۆمەڵناس، موحسین ڕێنانی ئابووریناس، حەسەن موحەدسی کۆمەڵناس و ئایینتوێژ، سەدیقە وەسمەقی یاساناس و ئیسلامتوێژ، مەقسوود فەراسەتخا کۆمەڵناس، نێعمەتوڵا فازڵی مرۆڤناس، سادق زیباکەلام مامۆستای زانستە سیاسییەکان، فەرشاد مۆئمێنی ئابووریناس، سەعید پەیوەندی کۆمەڵناس و مووسا غەنینەژاد ئابووریناس، لە دیارترین و چالاکترین کەسایەتییەکانن کە لەم ساڵانەی دواییدا سەر بەم گوتارە فیکری - ئەکادیمییە بوون. ئەم بیرمەندانە پێیان وایە کەڵەقەیرانەکانی کۆمەڵگای ئێران لە وردەقەیرانە بێژمار و بە یەکەوە گرێدراوەکان پێک هاتووە کە هەر یەک لە ڕەهەند و لایەنەکانی پێویستیان بە تێڕامانی زانستی و چارەسەرێکی لۆژیکی و عەقڵانی هەیە. مووسا غەنینەژاد ئابووریناس، لە ڕەخنەگرتن لە دۆخی لەبەر یەک هەڵوەشاوی ئابووریی ئێران ئاماژە بە نەبوونی ئازادی دەکا و دەڵێ: ئابووریی ئێمە شێرپەنجەی هەیە. شێرپەنجەکەشی ئەوەیە کە ئازادی بوونی نییە. شێرپەنجەکەش ئەوەیە کە هەموو شتێکمان بڕیارییە. شێرپەنجەکە لێرەدایە. با کێشەکە بە باشی ببینین و چارەسەری دروستی بۆ پێشنیار

بکەیـن. پاشـان ناوبـراو چارەسـەرەکە بـە فراوانکردنـی داواکاریـی ئـازادی وەک داواکارییەکـی گشـتی دەزانـێ، بـە جۆرێـک کـە ئیـرادەی دەسـەڵات لـە ژێـر ڕکێفـی ئیـرادەی کۆمەڵـگا بێـت (غنـی‌نـژاد، ١٤٠٢). محەمـەد فازڵـی، کـە یەکێـک لە کەسـایەتییە ئەکادیمییـە چالاکەکانی بواری خەسارناسـیی سیاسـەت، کۆمەڵـگا و ئابووری لـە ئێرانـی سـاڵانی ڕابـردوو بەتایبـەت لـە سـەروبەندی دوای ڕاپەڕینی «ژن، ژیـان، ئازادی»ـیە، لـە بەرهەمە نـووسراو و بەرنامـە وتووێژییەکانی خۆی لەوانە پۆدکاسـتی «ئێران و نیگەرانیـی ئێـران بـە وتـەی شـارەزایان»، بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان و جیـددی، هەوڵـی شـیکردنەوە و ڕوونکردنـەوەی دۆخـی ئێـران دەدات. دوکتـۆر فازڵـی لە یەکێک لـە لێدوانە ڕەخنەییەکانـی لە یەکێک لـە بەرنامـە تەلەڤیزیۆنییەکانـدا، سـەبارەت بـە کۆمەڵگای نارەزای ئێسـتای ئێـران دەڵـێ: دەبێ بزانین کۆمەڵـگای ئێـران لـە چ بارودۆخێکدایـە. تەنهـا ١٤ لـە سـەدی هـی سـاڵانی پێـش ئینقلابـن، ٨٦ لـە سـەدیان دوای ئینـقلاب لەدایـک بوون، ئـەم کۆمەڵگایە بەرفراوان بووە و پێگەیشـتووە و پـەروەردە بووە. ئـەم کۆمەڵگایـە بـە دەسـت هەندێـک ڕووداوی ناخۆشـەوە دەناڵێنێـت. ڕێـژەی بێـکاری زۆرە. هـەر لەم کۆمەڵگایـەدا لـە مـاوەی ١٠ سـاڵی ڕابـردوودا ڕادەی سـوودمەندبوون لـە دەوڵەمەندتریـن دەهەکەکان بـۆ هەژارتریـن دەهەکـەکان لـە ١١ هێنـدەوە بـۆ ١٤ هێنـدە زیـادی کـردووە. ئەمـەش بـەو مانایـە کـە نایەکسـانی پـەرەی سـەندووە. ئـەم کۆمەڵگایـە ١٨,٤ لـە سـەد هـەژارە، واتـە لـە کۆی هـەر پێنج کەس کـە بـە لای ئێـوەدا تێدەپەڕن، یەکێکیـان لە هەژارییەکـی ڕەهـادا دەژی! لەم کۆمەڵگایـەدا حکوومەت کورتهێنانـی قورسـی بودجـەی هەیە و پێگەی جیهانیشـی ئەمەیە. دەبێ ئێمە بزانین لـە کوێدا دەژین! ئێمـە لـە شـوێنێکدا دەژیـن کە لە نێـوان سـاڵانی ١٩٨٠ بۆ ١٩٩٧ ٨٠ لە سـەدی بازرگانیمان لەگەڵ ٢٣ وڵاتـدا بـووە. گەیشـتووینەتە ئاسـتێک کـە سـاڵی ٢٠١٧ لە سـەدا پەنجا و چواری بازرگانی ئێران لەگـەڵ سـێ وڵاتـە (چیـن، عێـراق، ئیمارات)ـە. ئەگـەر ئێـوە بەمـە ناڵێـن دواکەوتوویی، دەی باشـە چ ناوێکـی لـێ دەنێـن؟! گێڕانـەوەی من بـۆ کۆمەڵگای ئەمـڕۆ ئەوەیە کـە کۆمەڵگایەکە زۆر پێگەیشـتووە، لـە ٣٦ ملیـۆن کەسـەوە بـۆ ٨٤ ملیۆن کەس بـەرز بۆتەوە، ئاسـتی پەروەردەکـەی زۆر وەپێـش کەوتووە، هەروەهـا لـە ڕووی وشـیارییەوە زۆر گەشـەی کـردووە. ئـەم کۆمەڵگایـە لەبـەردەم پێکهاتەیەکـی حوکمڕانیدایـە کـە بـەردەوام دەسـەڵاتی خـۆی لەدەسـت دەدا و وزەی خـۆی لـە پرسـە جۆراوجۆرەکاندا بـە فیـڕۆ داوە. ئـەو کەسـانەی لە نـاو پێکهاتەی دەسـەڵاتدا بڕیاردەرن دەشـێ پەنجە بـۆ لای زۆرینەیان ڕابکێشـین و ئیدعـا بکەیـن کـە ڕێژەیـان لـە مامناوەنـدی ئەو کەسـانەی کـە نـاو کۆمەڵگادان کـەمترە. خەونـی گەشەسـەندن خەریکـە لەبـار دەچێت. کۆمەڵگا وا هەسـت دەکا کە خەریکە هەمـوو تواناکانی لـە دەسـت دەدات. مـرۆڤ بوونەوەرێکـە لە سـایەی داهاتـوودا دەژی. هەسـتی کۆمەڵـگا ئەوەیە کە ئەم مۆدێلـە لـە حوکمڕانـی و ئـەم ئاقـارەی کـە گرتوومانەتـە بـەر، هیـچ ئایندەیەکـی بـۆ بنیـات نانـێ، هـەر بۆیـە کۆمەڵـگای ئێرانـی مافـی خۆیەتـی کـە نائـارام بـێ، چونکە داهاتـووی بۆ بـەدی ناهێنێـت. ئەمڕۆ لـە بـەردەم کۆمەڵگایەکـی نائارامدایـن کـە مافی خۆیەتـی و نازارییـە و مافـی خۆیەتـی و لەوەشـی کە داهاتـووی بـە ڕوونـی نەبینـێ ناحەقـی نییـە. خەڵـک داواکارن، سـەبارەت بـە گەندەڵـی، سـەبارەت بە

ئیش و کار، سەبارەت بە ژنان، سەبارەت بە دەستوەردان لە شێوازی ژیانیان، سەبارەت بە تێکدانی ژینگە. ئێمە بووینەتە کۆمەڵگای کێشە چارەسەرنەکراوەکان! ئەم کۆمەڵگایە لە مێشکی خۆیدا کۆمەڵێک گیر و گرفتی چارەسەرنەکراوی هەیە، هەر لە تیزابڕشتنەکەی ئیسفەهانەوە بگرە هەتا دەگاتە مەرگ لە زیندانەکان ... (فضلی، ١٤٠١). ناوبراو لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ دیدارنیوز سەبارەت بە ئەگەری هێرشکردنە سەر ئێران و ئەوەی کە ئایا هەڵگیرسانی جەنگ ڕێدەرەتانێک بۆ دەربازبوون لەم دۆخە خراپە دەکاتەوە، دەڵێ: هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران خراپەیەکی ڕەهایە، و بە تێکدانی ژێرخان و لەناوبردنی وێستگەکانی وزە دەگەڕێینەوە بۆ چاخی بەردین و پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا چاکسازیی لە بارودۆخەکە بە باجدانی کەمتر بێ باشترە یان ملدان بە جەنگ بە تێچوو و باجی قورسەوە (گفت‌وگوی دیدار در برنامه الّل ٢٧ با پژوهشگر و جامعه شناس، قسمت دوم، ٢٠٢٤).

سەدیقە وەسمەقی، ئیسلامتوێژ و یەکێک لە ڕەخنەگرانی حیجابی ئیجباری لە نامەیەکی کراوەدا کە ئاراستەی ئیسلامناسان و ڕۆشنبیران و یاساناسان، و ئازادیخوازان و بیروڕای گشتی دەکا، دەڵێ: «٤٥ ساڵ ئەزموونی پڕ لە ئازاری ژیان لەگەڵ یاساکانی شەریعەت کە بە بۆچوونی نووسەر لە نەریتە کۆنەکان و هیچی تر و جگە لەوەش ٤٥ ساڵ ژیان لەگەڵ فیقهی توندڕەوی کۆماری ئیسلامیدا، زۆرێک لە خەڵکی ئێرانی گەیاندووەتە ئەو ئەنجامەی کە دەبێ ئایین لە حکوومەت جیا بکرێتەوە» (وسمقی، ١٤٠٣). سەدیقە وەسمەقی وەک ژنێکی نوێ‌ئەندێشی ئایینی هەمیشە هەوڵ دەدا خوێندنەوەیەکی نوێ لە سەر بنەمای کەرامەت و ئازادی و دیموکراسی و مافە تاکەکەسییەکانی لە ڕووی فیقه و شەریعەت بخاتە ڕوو، لە ناو بەرهەمەکانیدا ئەم هەوڵ و تەقەلایە لە بواری پرسەکانی ژناندا زۆر بەربڵاوتر و قووڵترە.

حەسەن موحەدسی یەکێکی دیکە لەو کۆمەڵناسانەیە کە لە بەرهەمەکانیدا بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگەی ئێران ڕوون و شی دەکاتەوە. ناوبراو لە یادداشتەکانیدا سەبارەت بە هەر سێ ئایدۆلۆژیای باڵادەستی مێژووی هاوچەرخی ئێران واتە ناسیۆنالیزم، مارکسیسزم و ئیسلامیزم، کە بە ئایدۆلۆژیای شکستخواردوو ناویان دەبا، دەنووسێ: ئێستا ئێمە لە ئێراندا لە بەردەم پاشماوەی سێ ئایدۆلۆژیای شکستخواردوودایین. شەڕی ئەم ئایدۆلۆژیانە و هێرشکردنە سەر یەکتریان ئیتر کۆتایی هاتووە. ئەوانە بەشێکی گرنگی هێز و توانای فیکریی نوخبە جۆراوجۆرەکانی ئێرانیان بە خۆوە گیرۆدە کردووە و دەستکەوتەکانیان ئێستا هەموومان دەیبینین. ئێستا ئێمە بۆ بنیاتنانی ئێرانێکی نوێ پێویستمان بە ئەندێشەیەکی نوێیە؛ تیۆرییەکی کۆمەڵایەتی کە بتوانێ بارودۆخەکەمان بە باشی ڕوون بکاتەوە و ڕوانگەیەکی نوێ بۆ بەکارهێنانی هێزە کۆمەڵایەتییە بنیاتنەر و چالاکەکان نیشان بدات (محدثی، بی‌تا). دوکتۆر موحەدیسی یەکێک لەو بیرمەندانەیە کە بە ئومێدەوە سەیری داهاتووی گۆڕانکارییەکانی ئێران دەکا و لەم بارەوە دەڵێ: کۆمەڵگای ئێران بەرەو سەردەمێکی پاش‌ئایینی هەنگاو دەنێت. ئێران گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە گەورەکان بە خۆوە دەبینێت. ئەگەر بە

نیازی کۆچکردن یان خۆکوشتنن، ساڵێک یان دوو ساڵ چاوەڕێ بکەن! ئێران شاهیدی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی گەورە دەبێتەوە (محدثی، بی‌تا).

دکتۆر فەراسەتخا لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی شەرق لە نەورۆزی ساڵی ١٤٠٢دا دەڵێت: زمانی کۆمەڵایەتی لە بوارە گشتییەکاندا زیندوو بکرێتەوە و گفتوگۆی کۆمەڵایەتی لە هەموو بوارەکاندا وەگەڕ بخرێتەوە؛ پاشان لە ئەنجامی ئەم گفتوگۆیانە، دەتوانین هەم بۆ دەستوور و هەم بۆ شێوازی چاکسازییەکان - بە لەبەرچاوگرتنی ئاستی تێچوون و کاریگەری - و هەم بە پشتبەستن بە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان و یەکپارچەیی خاکی ئێران هەندێ ڕێگەچارە بدۆزینەوە. ئێمە لە دۆخێکداین کە «هەڵکەوت» بەرەو پێشەوەمان دەبات. ئێمە لە دونیا و ناوەوە لەبەر دەم دۆخێکی هەڕەمەکیداین و هەموو جۆرە ڕووداوێک دەتوانێ دۆخی ئێران بگۆڕێت. من نیگەرانی داهاتوو و سەقامگیریی ئەم کۆمەڵگایەم و دۆڕاوەکانی ئەم بارودۆخە خەڵکی ئێرانن. کۆمەڵگای ئێران دەبێ لە بواری دامەزراوە پیشەیی، سەندیکایی، مەدەنی، ناوچەیی، گشتییەکان و هەموو جۆرە پوتانسیلێکی کۆمەڵایەتی چالاک بکرێ و لە ڕێگەی ئەم تواناسازییەوە بگا بە جۆرە سیاسەتێکی عەقڵانیی دانوستانتەوەر لە ناو هەلومەرجێکی ئازاددا و لەو حاڵەتەدایە کە چانسی شەپۆلسواریی پۆپۆلیستەکان کەم دەبێتەوە و دەرفەت بۆ عەقڵانییەتی کۆمەڵایەتی دابین دەبێت. بە ڕای من چارەسەر بۆ دەرچوون لەم دۆخەی ئێستا گەڕانەوە بۆ ناو کۆمەڵگایە. گەڕانەوەی ڕژێمی فەرمی بۆ دونیای زیندووی ئەم کۆمەڵگایە، چارەسەرێکی پێویست و مومکینە و ئەگەر گەڕانەوەی جیددی بۆ کۆمەڵگا ڕوو بدا و شاهیدی ڕەخساندنی دەرفەتێک بۆ گفتوگۆیەکی تەکنیکی و وردبین بین، ئەوا چارەسەری دەرچوون لەم دۆخە قەیراناوییە دەدۆزرێتەوە. لە دۆخێکی وادایە کە دەتوانین بە ڕۆشنکردنەوەی ئەم پرسیارە ئۆمێدەوار بین کە بۆ نموونە ڕیفراندۆم لە سەر چ بنەمایەک دەبێ ئەنجام بدرێ و چ هاوپەیمانێتییەک لەگەڵ کامە پێکهاتە دەتوانن لەم کۆمەڵگایەدا بیچم بگرن. نابێ ورەمان لەدەست بدەین و ئێستاش پێمان وایە کە لە خاڵێکەوە دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ ناو کۆمەڵگا بۆ ئەوەی خەڵک بۆ سەقامگیری و داهاتووی ئێران گفتوگۆ بکەن (جعفری، ١٤٠٢).

دکتۆر فەرشاد مۆئمێنی، مامۆستای ئابووری لە زانکۆی عەلامە تەباتەبایی، لە ڕیزی ڕەخنەگرترین ئابووریناسانە کە ڕەخنە لە سیاسەتی ئابووری و دراویی ئێران دەگرێ و هەمیشە لە سەر پێویستیی چاکسازی لە سیستەمی ئابووریی ئێران وەک پێشمەرجێک بۆ ڕێکخستنی کاروباری گشتیی ئێران پێداگری نواندووە و لەمەڕ مەترسییە جددیەکانی هۆشداری داوەتە بەرپرسانی ئێران، ناوبراو بەو هیوایەی کە هێشتا ڕێگەیەک بۆ ڕزگارکردنی دۆخی ئابووریی ئێران ماوە، دەڵێت: لە بارودۆخێکدا کە جێی نیگەرانترین و جێی بەزەییترین نموونەی هەژاری و دواکەوتوویی لە پارێزگا سنوورییەکانە، لاوازبوونی توانای دارایی حکوومەت بە لاوازکردنی بەهای دراوی نیشتیمانی لە ڕاستیدا لە بەرژەوەندیی کێیە؟! جوان دیارە کە درێژەدان بەم سیاسەتە بە واتای لەناوبردنی حکوومەتە. ئەرێ بە ڕاست دامەزراوە چاودێرییەکان خەریکی چین؟! من بە دڵ هۆشداری بە بەرپرسانی سەرەکیی

ئێـران دەدەم کـە بـەو وەزعـەی ئێوە دروسـتتان کـردووە، تا دێ ئاسـۆی داهاتووی ئابووریی ئێـران زیاتر و زیاتـر لێـڵ و نادیارتـر دەبێـت. تکایـە ڕاپۆرتـی ناوەنـدی لێکۆڵینـەوەی مەجلیـس کـە لـەم دواییانـەدا سـەبارەت بـە وەرچەرخانەکانـی پەیوەسـت بـە هـەژاری و کوالیتیـی دامەزرانـدن لـە ئێرانـدا بڵاویـان کردۆتـەوە لێـک بدەنـەوە. چـۆن ویژدانـی هەندێـک کـەس قبـووڵ دەکا کـە بـە دیترهاوێژی و پاسـاوی نائاسـایی، سیاسـەتمەداران دنـە دەدەن کـە ئـەم کارە یەکجـار مەترسـیدارانە ئەنجام بـدەن! ناوبراو لە درێژەدا دەشـڵێ: ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیس ڕاپۆرتێکی سـەبارەت بە دۆخی هەژاری خسـتۆتە ڕوو و بـە ڕوونـی ڕایگەیانـدووە کـە هـەم چـڕی و هـەم قووڵایـی هـەژاری لـە ئێران زیـادی کـردووە. چۆن سیسـتەمێکی سیاسـەتدانان درک بە مەترسـی و زیانەکانی ئەم مەسـەلە ناکات؟! هیوادارم کەسـانی هزرمەنـد و زانـا دەسـتەواژەی تیۆریـی «دەوڵەتـی سروشـتیی لـەرزۆک» بـۆ حاکمـەکان ڕوون بکەنـەوە تـا بزانـن کـە ئەگـەر ئـەم شـێوازە لـە حوکمڕانـی ئابـووری بـەردەوام بـێ ئاسـۆی داهاتـوو بـۆ ئابـووری و کۆمەڵگای ئێـران چەنـدە جێـی نیگەرانـی دەبێـت. کاتێـک سـەیری مێـژووی ئابـووری دەکەیـن، بابەتێکـی شـڵەژێنەری تـر دەبینیـن، کـە ئەویش ئەوەیـە کە لـە سـەردەمی ململانێـی هەژموونگەریدا، هەمیشـە ناوشـیاری و لامەرکەزیبوونـی سیسـتەمی بڕیاردانـی ئێـران بـەو شـارەزاییەی کـە هەیـە، وای کـردووە کـە ئێمـەی لە نـاو زێدەخوازیی و تەماحـی لایەنە لێکدژەکانی دەسـەڵاتخوازیدا خەسـارهەڵگر کـردووە! (مومنـی، ١٤٠٣). مۆئمێنـی پێـی وایە: ئەگەر زانسـت بکرێتە پێوەری دروسـت و نادروسـت و ئەگـەر ئازادیـی ڕەوای یاسـایی، دەرفەتی گفتوگۆی ڕاشـکاوانە و ئاشـکرا لەگەڵ بەرپرسـانی وڵات سـاز بـێ؛ هێشـتا ڕێـگای دەربازبـوون بـۆ ئێـران مـاوە. حکوومەتـی هێـژا لـە جیاتـی پڕوپاگەنـدەی وەهمـی، پێویسـتە بگەڕێتـەوە بـۆ ناو زانسـت و کەڵـک لە شـارەزایانی بەڕێز وەربگـرێ و کۆیان بکاتـەوە بۆ ئەوەی لـە بنەڕەتـەوە کۆسـپ بخاتە بەر دەم چالاکییە ڕانتییەکان و پاڵپشـتی لە بەرهەمهێنـەران بکا بۆ ئەوەی بتوانین شـاهیدی سـەربەخۆیی و سـەرفرازیی نیشـتمان بیـن (مومنـی، ١٤٠٣، ٥٣).

دکتـۆر سـادق زیباکەلام، یەکێک لە مامۆسـتایانی زانسـتە سیاسـییەکانی زانکۆی تـاران و یەکێک لـە ڕەخنەگرانـی نـاسراوی نـاو خەڵکە، کە هەمیشـە قسـە و بۆچوونەکانی لـە ناو خەڵکدا ڕەنگدانەوەی بەرفراوانـی هەبـووە، ناوبـراو سـەرەڕای ئـەوەی بـە ڕوونـی زۆرێـک لـە سیاسـەتەکانی ڕژیمـی کۆمـاری ئیسلامیی ئێرانی بە ناژیرانە و ناکارامە وەسـف دەکا و بە توندی ڕەخنەیان لێ دەگرێ، بەڵام هەمیشـە خەڵـک لـە داهاتـووی مەترسـیدار و نادیـاری بزووتنـەوە وێرانکـەرە ڕادیکاڵـەکان ئـاگادار دەکاتـەوە و پێـی وایـە لـە ژینگـەی ئێسـتادا سـەرەڕای هەمـوو سـنووردارییەک دەبـێ خۆڕاگـری بکـرێ و دەبـێ بۆ کەمتریـن ئیمکانـی گۆڕانکاریـی وردە وردە هـەوڵ بدرێـت. لـەم بـارەوە زیباکـەلام دەڵـێ: ئێمـە هیـچ بژاردەیەکـی ترمـان نییـە جگـە لـە گۆڕانـکاری و وەرچەرخـان لـە نـاو خـودی ڕژێمـدا. من لێـرەوە وەک کەسـایەتییەکی سیاسـی قسـە ناکەم، بەڵکوو وەک مامۆسـتایەکی مێژوو باس لە وەرچەرخانە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانـی ئێرانـی هاوچـەرخ دەکـەم. مـن بـە هیـچ شـێوەیەک بـاوەڕم بـەوە نییـە کـە ئەگـەر ئـەم سیسـتەمە وەکـوو ٢٢ی بەهمەنـی سـاڵی ١٣٥٧ هەتـاوی (١٩٧٥) بڕوخـێنرێ و سیسـتەمێکی

دیکەی چووزانم سکۆلار، لیبراڵ یان کۆماری بێتە سەر کار ئەوا ئێمە سەر دەخات. دیموکراسی شۆڕش نییە؛ دیموکراسی وا نییە کە دەست بە سەر دەسەڵاتدا بگیرێ، دیموکراسی کوودەتا نییە. دیموکراسی وەک ڕووەک وایە، ئەم ڕووەکە بە هێواشی و بە تێپەڕبوونی کات گەشە دەکا، لە کاتێکدا شۆڕش دەیهەوێ هەموو شتێک لە ناکاو بگۆڕێت (زیباکلام، فروردین ١٤٠٢). سادق زیباکەلام لە وتووێژێکدا لەگەڵ ئافتاب نیوز سەبارەت بە کەشوهەوای ئێستای پرسە ئێتنیکییەکان و ڕۆڵی لە پرسە سیاسییەکانی ئێراندا، وتی: ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئێمە لە ئێراندا ڕووبەڕووی پرسێک دەبینەوە کە پێی دەوترێ ئێتنیک، و ئەمەش پرسێکی ڕاستەقینە و عەینییە. ئەوەی کە هەر کاتێک ڕووبەڕووی پرسی ئێتنیکی دەبینەوە، هەوڵ دەدەین بە ناوناتۆرەی جوداییخواز کێشەکە چارەسەر بکەین، ئەو کارەی کە لە ماوەی لە سەد ساڵی ڕابردوودا کردوومانە بە هیچ کوێ ناگات. بەڵکوو پێویستە بەدواداچوون بۆ خواست و داواکارییەکانیان بکەین و وەک چۆن لە وڵاتانی دیموکراتیکدا مامەڵەیان لەگەڵ پرسی ئێتنیک کردووە و چارەسەریان کردووە، بە هەمان شێوە ئێمەش دەبێ تێبکۆشین پرسی ئێتنیک بە هاوکاریی دیموکراسی چارەسەری بکەین. وەک چۆن لە وڵاتانی دیکە ئێتنیک و زمان و ئایینەکانی جیاواز لە پاڵ یەکتر و لە ژێر سایەی دیموکراسیدا بە جۆرێ لە یەکڕیزی و پێکەوەژیان گەیشتوون، ئێمەش دەتوانین هەمان شێواز پەیڕەو بکەین (زیباکلام، بهمن ١٤٠٢).

وەک لە ناوەڕۆک و تەوەری قسە و وتارەکانی بەشێک لە کەسایەتییە چالاکەکانی گوتاری فیکری - ئەکادیمیدا دەردەکەوێ، ئەم لایەنانە لە گۆشە نیگایەکی جیاواز و بە خەمێکی قووڵترەوە پەیجووری دۆزینەوەی ڕەگ و ڕیشەی بنەڕەتی و خستنە ڕووی ڕێگەچارەیەکی زانستی و عەقڵانی بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ئاریشەکانی ئێرانن و وێڕای گرنگیدان بەو هەستیارییانەی کە هەیە، بانگهێشتی کۆمەڵگە و حکوومەت دەکەن بۆ ئەوەی خۆیان لە ڕەفتار و هەڵوێستی توندڕەو و وروژێنەر بەدوور بگرن و بێنەوە سەر ڕێچکەی عەقڵانییەت و ئاشتیخوازی.

## ئاوڕێک لە دەرکەوتە سەرەکییەکانی توێژینەوە، لە ژێر ڕۆشنایی گۆڕانکارییەکانی ساڵانی دواییدا

لە بابەتەکانی پێشوودا باس لەوە کرا کە هەرچەندە لە ڕووی چەندایەتییەوە مەودایەکی ئەوتۆ لە نێوان توێژینەوەی مەیدانی (١٣٩٨ هەتاوی) و پێداچوونەوەی دووەمدا (١٤٠٢) نییە، بەڵام لە ڕووی نوێنە مێژووییەکانی گۆڕانکاری و وەرچەرخانەوە، ئەوەی بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا تێپەڕی، کەلێنێکی ماناداری خستە نێوان دوو قۆناغی کاتی کە بە هۆیەوە پەیوەندی و ڕێساکانی پێشوو تا ڕادەیەک گۆڕدران. زۆر جار سەرهەڵدانی هەلومەرجێکی تازە کارێکی وا دەکا کە بایەخ و گێڕانەوەی ئەنجامە شیکارییەکان و ڕوونکردنەوەی توێژینەوەکانی پێشوو بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی نوێ تووشی کێشە و ناکۆکی ببێت. لە لێکۆڵینەوە داهاتووبینەکاندا کە وێناکردنی ئاسۆکانی دوارۆژ لە ژێر ڕۆشنایی وەسفکردن و ڕوونکردنەوەی بارودۆخی ئێستا و هەنووکەیی بەشێکی سەرەکیی مۆدێلی

توێژینەوەکەیانە، ئاوڕدانەوە و خوێندنەوەی دەرەنجامەکانی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوە لە داهاتوودا پێوەرێکی ورد و دیاریکراو بۆ تاقیکردنەوەی دەستکەوتەکان و ئاستی بایەخداربوونی ئەنجام و ڕێکارەکانیان بۆ ڕوونکردنەوەیەکی دروست و دیاریکردنی ئاسۆکانی داهاتوو دەڕەخسێنێت.

لەم بەشە کۆتاییەدا هەوڵ دەدرێ لە ڕێگەی پێداچوونەوەیەکی کورت بە پێکهێنەرە تەوەرییەکانی ئەم توێژینەوە لە سایەی گۆڕانکارییەکانی ساڵانی ڕابردوودا (١٣٩٨-١٤٠٢)، وێڕای هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانی توێژینەوە، ڕوونکردنەوەیەکی نوێ سەبارەت بە ئاڵنگاری و دەرفەتە گونجاوە شوناسی و ئێتنیکییە نوێکان لە ڕووی وتەزای گرنگ و پێویستی ئاشتیی بەردەوامەوە بخرێتە ڕوو.

لە مۆدێلی چەمکیی لێکۆڵینەوەکەدا، نەبوونی دادپەروەری لە ڕەهەندە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگییەکاندا وەک چەمکێکی کاکڵی بۆ ڕوونکردنەوەی بارودۆخ و پێگەی ئێتنیک و داواکارییە ئێتنیکییەکان لە پانتایی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای ئێران و بارودۆخە توند و مەترسیدارەکانی ڕوون کراوەتەوە. ئەم پرسە تەوەرییە کە لە پەیوەندیی سیاسی و حوکمڕانیی نادیموکراتیک، ئایدۆلۆژیک، ڕانتخۆر، پشتیوانپەروەر و هەڵاوێرکارەوە سەرچاوەی گرتووە، کێشە و ئاریشەیەکی گەورەیە کە نەک هەر بواری شوناس و ئێتنیسیتە، بەڵکوو تەواوی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێرانی تەنیوە و لە سەر تەوەری خۆی فەرهەنگ و شوناسێکی ملکەچی گۆش کردووە کە وەکوو هەڕەشەیەکی جیددی سێبەری خستۆتە سەر ژیانی هەمووان. ئەم مۆدێلە کە باڵی بە سەر جومگەکانی سیاسەت و کۆمەڵگادا کێشاوە، بە دابینکردنی زەمینە بۆ دەرخستنی شیاوسالاری، دیموکراسی، عەقڵانییەتتەوەری، هەڵبژاردنی ئازاد، و مافتەوەریی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی، دەبێتە هۆی ئەوەی قەیرانەکان بە هەموو ڕەهەندەکانیانەوە هەرچی زیاتر تەشەنە بسێنن و قووڵتر ببنەوە و بەم چەشنە زۆربەی کاروباری ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی، ژینگەیی و دەروونی لە ناو گێژاوی کێشە کەڵەکەبووەکاندا نوقم کردووە. بۆیە نەبوونی دادپەروەری و قەیرانە لێکەوتەکانی، وەک یەکێک لە دەرەنجامە تەوەرییەکانی توێژینەوە، لەو چەمکە بنەڕەتییانەیە کە بایەخ و ڕەوابوونی لە هەر دوو ئاستی کەلان و ورددا بۆ شرۆڤەکردنی بارودۆخی ئێستا نەک تەنیا جێگیرە، تەنانەت گرنگی، ڕۆڵ و پێویستیی ئاوڕدانەوە لێی زیاتر بووە.

کە واتە وەسف و شیکردنەوەی هەلومەرجی هەنووکەیی و وێناکردنی ڕێکار و داڕشتنی سیاسەتی پێشنیارکراو ئەم توێژینەوە لە سەر بنەمای دوو چەمکی تەوەریی «نەبوونی دادپەروەری» و «پێکەوەهاتوویی قەیرانەکان»، لە ئاسۆی گۆڕانکارییەکانی داهاتووی کۆمەڵگای ئێراندا، ڕادەیێکی بەرچاوی دروستی و گونجاویی پیشان دا.

لە ڕووی شیکاری و خەسارناسیی توێژینەوەکەوە، بە لەبەرچاوگرتنی کارلێککەریی نێوان پرس و داواکارییە تایبەتە ئێتنیکییەکان و کێشە و قەیرانە گشتییەکانی ئێران، داهاتووی ئێتنیسیتە لە ئێران بە گوێرەی پرەنسیپی تەوەریی داواکاریی دادپەروەری و لێکەوتەکانی لە بواری سامانی کۆمەڵایەتیدا، لە چوارچێوەی دوو سیناریۆی جیاوازدا پێشبینی کرا، کە لە سیناریۆی یەکەمدا حکوومەت و گرووپە

ئێتنیکییەکان و ئەندامانی کۆمەڵگا وێڕای قبووڵکردنی مەترسییەکانی دۆخی هەنووکەیی ئێران، لە کارلێکێکی ستراتیژانەدا بە پشتبەستن بە عەقڵانییەت، بنەماکانی حوکمڕانیی دیموکراتیکانە و چارەسەرە ئاشتیتەوەرەکان، لە سەر ڕێچکەی بەدیهێنان و دابینکردنی دادپەروەریی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگیدا دەڕۆن و لە ئەنجامی ئەوەدا کۆمەڵگا وێڕای کۆنترۆڵکردنی هەلومەرجە قەیراناوییەکان، بەرەو سەقامگیری و پاراستنی سامانە کۆمەڵایەتییەکان و پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە سایەی ئاشتیی بەردەوامدا هەنگاو دەنێن. سیناریۆی دووهەم کە بەردەوامیی بارودۆخەکە وێنا دەکا، لە سەر ئەو باوەڕەیە کە بە پێی پێکەوەهاتوویی کەموێنەی قەیرانەکانی بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ژینگەیی، فەرهەنگی و هتد لە ئێراندا، ئەگەر گۆڕانکاری لە ستراتیژییەتی ئەو سیاسەتانەدا نەکرێ کە لە سەر بنەمای بەرەنگاربوونەوەی ئایدۆلۆژیکانە بۆ کێشەکان بەتایبەت کێشە و داواکارییە ئێتنیکییەکان، و بەهەندوەرنەگرتنی ئەو هەڕەشانەی کە دەرەنجامی بارودۆخی قەیراناویی ئێران لە کاروباری ناوخۆیی و پەیوەندییە دەرەکییەکانە، لە داهاتوویەکی نە زۆر دوور، تەکووزی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە و ژیانی بەکۆمەڵی ئێرانییەکان و بە گشتی سامانی کۆمەڵایەتی و سیستەمی سیاسیی ئێران تێک دەدا و داهاتوویەکی زۆر گەشی بۆ ئێران نابێت.

ئەوەی لە ماوەی ساڵانی دواتری توێژینەوەکەدا ڕووی دا، جووڵانەوەیەک بوو بەرەو ئەو سیناریۆیەی، کە بە پێی شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەرەنجامە مەیدانییەکانی ئەم توێژینەوە، ڕوودانی تا ڕادەیەک حەتمی بوو، چونکە گرنگینەدان بە هۆکارە قەیرانسازەکان و وازهێنان لەو پرس و کێشانەی کە داوێنگیری کۆمەڵگا و ئابووری و سیاسەتی ئێران بۆتەوە، کۆمەڵگەی بەرەو جەماوەرێکی نارەزا و بزووتنەوەیی دنە دا و ئەوەندەی دیکە لێکپسانی کۆمەڵایەتی و کەلێنی نێوان خەڵک و دەسەڵاتی قووڵتر کردەوە، بە جۆرێک کە گوتاری گۆڕینی دەسەڵات لە ناو کۆمەڵگا، سنوورەکانی چاکسازی و سازانی پشتبەستوو بە پوتانسێلەکانی ناو یاسا و پێکهاتەی بەزاندووە و هەوڵ بۆ ڕووخاندنی دەسەڵات وەک تاکە ڕێگای دەربازبوون لە دۆخی قەیراناویی ئێران تەنانەت ئەگەر بە زەبر و بە خەباتی توندئاژۆیانەش بێ، لە ئاسۆی گوتاری گشتیی کۆمەڵگادا دەرکەوتووە. وەک چۆن لە ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکانی ساڵانی ١٣٩٨-١٤٠٢دا بە تێر و تەسەلی تاوتوێ کرا، دەرکەوتنی نیشانەکانی قەیران و شەپۆلی بەرفراوانی سەرهەڵدان و نارەزایەتییەکان کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندایە و لەگەڵ ئەوەشدا دۆخی ناتەبای ئابووری و بەڕێوەبەرایەتیی ئێران، ئەوەندەی دیکە ئەگەری چارەسەرکردنی کێشەکان و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نامومکین کردووە، کە نەک هەر ئیرادە و خواستێک بۆ بیرکردنەوە و گۆڕینی ئاراستەی ڕژیم بەرامبەر بەو هەلومەرجە هەڕەشەئامێزانە بەدی ناکرێ، بەڵکوو بە شێوەیەکی بێوێنە پێداگری لە سەر جێبەجێکردنی سیاسەتە ئایدیۆلۆژییەکانی لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە دەکا و هێزە سیاسییە ئۆپۆزسیۆنەکان و خەڵکی نارازی زیاتر لە سەر هەڵوێستە ڕەخنەگرییەکانیان و بیرۆکەی پێویستیی ڕووخاندنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی سوورتر دەبن. لە ئەنجامدا جگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ستراتیژە لێکدژەکان و هەرچی زیادبوونی لێکترازان و

بەرزبوونەوەی ئاستی دوژمنایەتییەکان هیچی تری لێ دەرناچێت، کە ئەمەش پێش هەموو شتێک بزاڤی بەرەو ڕێگای ئاشتیی بەردەوام قەپات دەکات.

فاکتەرە گرژیهێن و قەیرانسازەکان کە لە دروستکردنی دۆخێکی نوێ و زیاتربوونی مەترسییەکان ڕۆڵیان هەیە، هەموو جومگەکانی کۆمەڵگا لە سیاسەتەوە بگرە هەتا دەگاتە ئابووری و ژینگە دەگرێتەوە، بەڵام لەم نێوەندەدا ململانێی شوناسی و ئێتنیکی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن کە زۆربەی فاکتەرەکان لەوێدا زیاتر کەڵەکە بوون، چونکە گرووپێکی ئێتنیکی لەگەڵ ئەوەی وەک گرووپێکی شوناسی، قوربانیی هەڵاواردنی ئێتنیکییە، لە ڕووی پشکی ئابووری و مافە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانەوە لە ڕیزی بێبەشترین چینەکاندایە. بۆیە وەها کۆمەڵگایەکی ناڕەزا پوتانسیێلێکی زیاتری هەیە و بازنەی داخوازییەکانی بەرفراوانترن. لەم ڕووەوە ئەمڕۆکە گرووپە شوناسییە نەوەیی، جێندەری (ڕەگەزێتی) و ئێتنیکییەکان لە ناو تاک و چینەکانی کۆمەڵگادا گرنگترن و خواست و پێداویستییەکانیان لەو پرسانەیە کە پێویستە بخرێنە پێشینەی کارەوە. شیکردنەوەی بزووتنەوەکانی ئەم دواییەی کۆمەڵگای ئێران، بەتایبەت ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی» کە تیایدا ئێتنیکەکان، ژنان و نەوەی مێرمنداڵ و گەنج ناسراو بە «نەوەی زد»[1] چەقی ڕاپەڕینەکە بوون، ڕاشکاوانە ئەم دارِشتە شوناسییە نوێیە لە کۆمەڵگای ئێراندا پیشان دەدات.

زیادبوونی ئاستی خۆوشیاریی جەماوەریی گرووپە شوناسییە جیاوازەکان، لە سایەی زیادبوونی ئاستی مەعریفی - زانیاری و ئیمکانیاتی پەیوەندییە مەجازییە گەردوونییەکان، بە گوێرەی لێکدانەوەکانی کاستێلز، بووەتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی نوێی تۆڕی، کە داواکاری و هەبوونی مافی هەڵبژاردن و ژیانی ئازادانە بۆ ئەم گرووپانە یەکێک لە پێشمەرجە سەرەتاییەکانە کە ئەوە بە مافێکی ئاشکرای خۆیان دەزانن کە ناتوانن دەستبەرداری بن، هەر بۆیە ئەم گرووپە شوناسییانە چیتر دەسەڵاتی حکوومەتێکیان ناوێ کە هەڵقوڵاوی گوتارێکی ئایدیۆلۆژیکی ئایینی و لە سەر بنەمای ئایدیای وەلایەتی فەقیهـ بێ و لە بەرامبەر ئەم حکوومەتەدا خۆڕاگری دەنوێنن. ئەم فۆرمە لە پەیوەندیی نێوان دووانەی «خۆسەپێن و خۆڕاگر» هەتا ئەو کاتەی بیهەوێ بە میکانیزمی زۆرەملێ و هەڕەشە و سزادان کۆمەڵگا ملکەچی خۆی بکا کە زەمینەی مانەوەی خۆی مسۆگەر بێ، ئەوا گەشەسەندنی ئایندە لە سەر بنەمای دیموکراسی و ئاشتیی بەردەوام وەدوا دەکەوێ و تەنانەت لەوانەیە داهاتوو لەبار ببا، کە لەم حاڵەتەدا جگە لە لەناوچوون و شکستی بە کۆمەڵ هیچی تری لێ سەوز نەبێت.

بە پێی ئەوانەی وترا؛ سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵگای ئێران لە حاڵەتی ناڕەزایەتیدایە، هەموارکردنەوەی هەندێ ڕێسای ڕەفتاریی لێبوردوانەی پێشوو، هێشتا باشترین ڕێگەچارە بۆ دەرچوون لەم دۆخە سەخت و هەڕەشەئامێزەی ئێستایە، گەڕانەوە بۆ سەر ڕێچکەی وتووێژ و بیرکردنەوەی عەقڵانی و بە لەبەرچاوگرتنی دەستخستنی مەرجەکانی ئاشتیی بەردەوامە. هەرچەندە

1. Generation Z

ئەمڕۆ ئەگەری گرتنەبەری هەڵوێستێکی ئاشتیخوازانە لاوازتر بووە، بەڵام لە هەموو کاتێک زیاتر لە زەروورەت و پێویستییەکەی تێدەگەین. چونکە بە ئاوڕدانەوە لە ئەزموونی گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی وڵاتانی ناوچەکە لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، داهاتوویەکی کاولکارانەی وەرچەرخانە سیاسی و کۆمەڵایەتییە پێکهاتەشکێنەکان و پشتبەستوو بە مۆدێلی ڕووخێنەر - سەرکوتگەریمان پیشان دەدەن، کە زۆربەیان بە دوڕاو - دوڕاوی حکوومەت و کۆمەڵگا کۆتاییان پێهاتووە. هەر بۆیە ئاشتیی بەردەوام نەک وەک ستراتیژێک کە تەنیا لە سەر سیاسەت و پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و میللەت چڕ بۆتەوە، بەڵکوو وەک گوتارێکی هەمەلایەنە کە پێویستە لە هەموو ئاستەکانی سیاسەت و کۆمەڵگادا بەرهەم بهێنرێتەوە و ببێتە بناغە، بۆ ئەوەی لە ژێر ڕۆشنایی ئەو توانا و پوتانسێڵەی کە لە سروشت و پرەنسیپەکانیدایە، هەلی وەدیهاتنی ڕێکاری دەرچوون لەم بارودۆخە نگریس و دوژمنکارانەی ئێستا، بە کەمترین باج و گەورەترین دەستکەوت دابین بکرێت.

# سەرچاوەکان

## ئەلف) فارسی

### ١. کتێب


- اباذری، یوسف (١٣٩٣). جامعه بازار در گزارش وضعیت اجتماعی کشور (کتاب چکیده‌ها). تهران: شورای اجتماعی کشور.
- آبراهامیان، یرواند (١٣٨٤). ایران بین دو انقلاب، ترجمه احمد گل محمدی و ابراهیم فتاحی، چ ١١. تهران: نی
- آبراهامیان، یرواند (١٣٧٨). ایران بین دو انقلاب .(ترجمۀ گل‌محمدی). تهران: نی.
- ابن‌حوقل، محمد (١٣٦٦). صورةالارض (سفرنامۀ ابن حوقل)، ترجمه و توضیح دکتر جعفر شعار، چ ٢. تهران: امیرکبیر.
- اتابکی، تورج (١٣٧٤). آذربایجان در ایران معاصر، ترجمه محمدکریم اشراق. تهران: نشر توس.
- اثنی‌عشر، شهرزاد (١٣٨٦). از دولت اصلاحی تا دولت اسلامی: تحلیلی بر آسیب‌شناسی علل‌گذار از دولت خاتمی به دولت احمدی‌نژاد. تهران: نشر عطایی.
- احمدپوری، زهرا (١٣٧٦). همکاری منطقه‌ای پیش‌شرط توسعه و امنیت ملی ایران، همایش توسعه و امنیت عمومی. تهران: دفتر تحقیقات و مطالعات امنیتی وزارت کشور.
- احمدي، حمید (١٣٧٨). قومیت و قوم‌گرایی در ایران. تهران: نی.
- احمدی، حمید (١٣٨٢). قومیت و قومگرایی در ایران، افسانه و واقعیت. تهران: نشر نی.
- احمدی، حمید (١٣٨٣). ایران: هویت، ملیت و قومیت. موسسه تحقیقات و توسعه علوم انسانی.
- احمدی، حمید (١٣٨٨). بنیادهای هویت ملی ایرانی: چهارچوب نظری هویت ملی شهروندمحور. تهران: انتشارات پژوهشکده مطالعات فرهنگی و اجتماعی.
- احمدی، حمید (١٣٩٧). قومیت و قوم‌گرایی در ایران: افسانه یا واقعیت. تهران: نی.
- احمدی، کامیل و همکاران (٢٠٢١). از مرز تا مرز. پژوهشی جامع در باب هویت و قومیت در ایران. لندن: نشر مهری.
- اخوان کاظمی، بهرام (١٣٧٧). قدمت و تداوم نظریه ولایت مطلقه فقیه از دیدگاه امام خمینی. تهران: سازمان تبلیغات اسلامی.
- ادموندزسیسیل، جان (١٣٨٢). کردها، ترک‌ها، عرب‌ها. ترجمه ابراهیم یونسی. تهران: انتشارات روزبهان.
- آذری، مهرداد (١٣٦١). آذربایجان و نغمه‌های تازه استعمارگران. تهران: سازمان انتشارات هفته.

• آرنولد، سرتوماس (۱۳۵۸). تاریخ گسترش اسلام، ترجمة ابوالفضل عزتي. تهران: دانشگاه تهران.
• هابسبام، اریک (۱۴۰۰). ملت‌ها و ناسیونالیسم پس از ۱۷۸۰؛ برنامه، افسانه، واقعیت، ترجمه مهدی صابری. تهران: نشر چرخ.
• آژند، یعقوب (۱۳۸۰). تاریخ ایران: دوره صفویان. تهران: جامی.
• اسمیت، آنتونی دی (۱۳۸۳). ناسیونالیسم؛ نظریه، ایدئولوژی، تاریخ. ترجمه منصور انصاری. تهران: نشر تمدن ایرانی.
• اسمیت، آنتونی دی (۱۳۹۱). ناسیونالیسم و مدرنیسم، ترجمه کاظم فیروزمند، ج۱. تهران: نشر ثالث.
• اشرف، احمد (۱۳۸۳). «بحران هویت ملی و قومی در ایران» در ایران: هویت، ملیت و قومیت، بکوشش احمدی،. تهران: موسسه تحقیقات و توسعه علوم انسانی.
• اشرف، احمد (۱۳۹۵)، هویت ایرانی از دوران باستان تا پایان پهلوی، ترجمه حمید احمدی. تهران: نشر نی.
• اشرف، احمد. (۱۳۷۸). هویت ایرانی در بین ایرانیان خارج از کشور (جلد دوم سنت و تجدد)، بولتن فرهنگی. تهران: معاونت امور بین‌الملل وزرات فرهنگ و ارشاد اسلامی.
• آشوری، داریوش (۱۳۵۷). تعریف‌ها و مفهوم فرهنگ. تهران: مرکز اسناد فرهنگی آسیا.
• افروغ، عماد (۱۳۸۰). هویت ایرانی. تهران: انتشارات بقعه.
• افروغ، عماد (۱۳۸۰). چالش‌های کنونی ایران. تهران: حوزه هنری سازمان تبلیغات اسلامی.
• افشار سیستانی، ایرج (۱۳۷۰). عشایر و طوایف سیستان و بلوچستان. تهران: نسل دانش، چاپ پیک ایران.
• افشارسیستانی، ایرج (۱۳۷۳). خوزستان و تمدن دیرینه آن، ج۱. تهران: نشر وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی.
• آقاسی، مهدی (۱۳۵۰). تاریخ خوی. تهران: موسسه فرهنگ و تاریخ ایران.
• اکبری، محمدعلی (۱۳۸۲). دولت و فرهنگ در ایران (۱۳۵۷-۱۳۰٤). تهران: مؤسسة انتشاراتی روزنامة ایران.
• اکبری، محمدعلی (۱۳۸٤). تبارشناسی هویت جدید ایرانی. تهران: انتشارات علمی و فرهنگی.
• امیراحمدی، احمد (۱۳۷۳). خاطرات نخستین سپهبد ایران احمد امیراحمدی، به کوشش غلامحسین زرگری نژاد. تهران: موسسه پژوهش و مطالعات فرهنگی.
• اندیشکده برهان (۱۳۹۸). کارگزاران تکنوکراسی: مروری جریان شناسانه بر دولت

سازندگی. تهران: انتشارات دیدمان.

- انصاری، مرتضی (۱۳۷۷). تاریخ خوزستان ۱۹۲۵-۱۸۷۸، ترجمه محمد جواهرکلام. نشر شادگان.
- انصاری‌احمدسرایی، محمد (۱۳۹۸). لغات و اصطلاحات ترکی و مغولی در زبان و ادبیات فارسی. رشت: نشر دهسرا.
- ایوانف، میخاییل (۱۳۵۶). تاریخ نوین ایران، ترجمه هوشنگ تیزابی و حسن قائم‌پناه. تهران: انتشارات اسلوج.
- بابایی زارچ، علی‌محمد (۱۳۸۳). امت و ملت در اندیشهٔ امام خمینی. تهران: مرکز اسناد انقلاب اسلامی.
- بارتولد، واسیلی (۱۳۰۷). «تذکره جغرافیایی ایران» ترجمه: حمزه سردادور. تهران: چاپ اتحادیه ایران.
- بارتولد، واسیلی (۱۳۵۸). گزیده مقالات تحقیقی، ترجمه و گردآوری: کریم کشاورز،. تهران: امیرکبیر.
- بارتولد، واسیلی ولادیمیروویچ (۱۳۷۵). جایگاه مناطق اطراف دریای خزر در تاریخ جهان اسلام، ترجمه لیلا ربن‌شه. تهران: پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی.
- بارکر، کریس (۱۳۸۷). مطالعات فرهنگی (نظریه و عملکرد)، ترجمهٔ مهدی فرجی و نفیسه حمیدی. تهران: پژوهشکده مطالعات فرهنگی و اجتماعی.
- بالمر، مارتین و سولوموز، جان (۱۳۸۲). مطالعات قومی و نژادی در قرن بیستم، ترجمهٔ پرویز دلیرپور و سید محمدکمال سروریان. تهران: پژوهشکده مطالعات راهبردی.
- بدیع، برتران (۱۳۷۹). توسعه سیاسی، ترجمهٔ احمد نقیب‌زاده. تهران: قومس.
- براون، ادوارد (۱۳۸۰). انقلاب مشروطیت ایران، ترجمه مهری قزوینی. تهران: کویر.
- برترن، شارلوت (۱۳۸۰). پارادایم امنیت بعد از جنگ سرد در ناامنی جهانی، ترجمه اصغر افتخاری و دیگران. تهران: پژوهشکده مطالعات راهبردی.
- برتون، رولان (۱۳۹۶). قوم شناسی سیاسی، ترجمهٔ ناصر فکوهی. تهران: نی.
- برزویی، مجتبی (۱۳۷۸). اوضاع سیاسی کردستان از ۱۲۵۸ تا ۱۳۲۵ ه.ش. تهران: نشر فکر نو.
- برقعی، محمد (۱۳۵۶). سازمان سیاسی حکومت محلی بنت. تهران: انتشارات مازیار.
- برونسن، مارتین ون (۱۳۷۸). «اسماعیل آقا سمیتکو جنگ سالار کرد» در ایران و جنگ جهانی اول، بکوشش تورج اتابکی، ترجمه مهدی حقیق‌خواه. تهران: نشر ققنوس.
- بروئین‌سن، مارتین وان (۱۳۸۳). جامعه شناسی مردم کرد (آغا، شیخ و دولت): ساختارهای اجتماعی و سیاسی کردستان، ترجمه ابراهیم یونسی. تهران: نشر پانید.

- بشیریه، حسین (۱۳۷۸). جامعه مدنی و توسعه سیاسی در ایران. تهران: موسسه علوم نوین.
- بشیریه، حسین (۱۳۸۱). دیباچه‌ای بر جامعه‌شناسی سیاسی ایران. تهران: نشر نگاه معاصر.
- بشیریه، حسین (۱۳۸۲). آموزش دانش سیاسی. تهران: انتشارات نگاه معاصر.
- بشیریه، حسین (١٣٨٤) دیباچه‌ای بر جامعه شناسی ایران، نشر نگاه معاصر.
- بشیریه، حسین (۱۳۸۵). جامعه‌شناسی سیاسی. تهران: نی.
- بصیرت‌منش، حمید. (۱۳۷۵). علما و رژیم رضاشاه: نظری بر عملکرد سیاسی_فرهنگی روحانیون در سال‌های ۱۳۰۵ ۱۳۲۰. تهران: مؤسسه تنظیم و نشر آثار امام خمینی (ره)، مؤسسه چاپ و نشر عروج.
- بلوچ، حبیب‌الله (١٤٠٢). از مکران تا بلوچستان. ناشر: مولف.
- بلوکباشی، علی (۱۳۸۳). دایره المعارف بزرگ اسلامی، ج ۱۲. مرکز دایره‌المعارف بزرگ اسلامی.
- بلوندل سعد، جویا (۱۳۸۲). عرب‌ستیزی در ادبیات معاصر ایران، ترجمه حائری فرناز. تهران: نشر کارنگ.
- بهار، محمدتقی (۱۳٦۳). تاریخ مختصر احزاب سیاسی. تهران: امیرکبیر.
- بهبودی، سلیمان (۱۳۷۲). خاطرات سلیمان بهبودی، با مقدمه غلامحسین میرزاصالح. تهران: نشر طرح نو.
- بهنام، جمشید (۱۳۸۸). برلنيها: اندیشمندان ایران در برلن، چ۳. تهران: نشر فرزان روز.
- بوردیو، پی‌یر (۱۳۸۰). نظریه کنش: دلائل عملی و انتخاب عقلانی، ترجمۀ مرتضی مردیها. تهران: نقش و نگار.
- بویل، جان‌اندرو (۱۳۹۸). تاریخ ایران کمبریج: قسمت دوم: دوره مغول، ج ٥، مترجم تیمور قادری. تهران: نشر مهتاب.
- بیات، آصف (۱۳۹۱). سیاست‌های خیابانی: جنبش تهی‌دستان در ایران، ترجمه اسدالله نبوی. تهران: انتشارات پردیس.
- بیات، عروج بیگ (۱۳۳۸). دون ژوان ایرانی. بنگاه ترجمه و نشر کتاب.
- بیات، کاوه (۱۳۸۹). نبرد سمیرم: انگلیسی‌ها، قشقایی و جنگ دوم جهانی. تهران: نشر خجسته.
- بیانی، شیرین (۱۳۹۱). تاریخ ایران باستان: از ورود آریاییها به ایران تا پایان هخامنشیان، جلد ۲. تهران: انتشارات سمت.

- بیـل، جیمـز و لوئیـس، ویلیام‌راجـر (١٣٦٨). مصـدق، نفـت، ناسیونالیسـم ایرانـی، ترجمـه عبدالرضاهوشـنگ مهـدوی، کاوه بیـات. تهـران: فرهنـگ نشر نـو.
- پطروشـفسکي، اي. پ. (١٣٨٠). «اوضـاع اجتماعـي، اقتصـادي ايـران در دوره ايلخـاني»، تـاريخ ايـران كيمبـريج، گـردآوري جـي. اي. بويـل، ترجمـة حسـن انوشـه، ج ۵. تهـران: اميركـبير.
- پهلـوی، رضـا (١٣٤٥). یادداشـت‌های رضاشـاه، بکوشـش علـی نصیـری. تهـران: چـاپ مطبوعـات شـاه.
- تابانی، حبیب‌الله (١٣٨٠). وحدت قومی کرد و ماد. نشر گسترده.
- تاپـر، ریچـارد (١٣٨۴). تاریـخ سیاسـی اجتماعـی شاهسـون‌های مغـان. ترجمـه حسـن اسـدی. تهـران: نشـر اختـران.
- تارو، لستر (١٣٧٣). رویاروئی بزرگ (ترجمۀ عزیز کیاوند). تهران: دیدار.
- تاریخ ایـران کمبریـج: دوره تیموریـان (١٣٧٩)، مترجـم یعقـوب آژنـد. تهـران: انتشـارات جامـی.
- تامسـون، کنت (١٣٨١). دین و سـاختار اجتماعی، ترجمۀ حسـن محدثی و علی بهرام‌پور. تهـران: کویر.
- تـری، امانوئـل (١٣٦٢). نظریـه علمـی تاریـخ و جوامـع ابتدایـی جوامـع مبتنـی بـر تیـره و طایفـه، ترجمـه عبـاس‌راد. تهـران: آگـاه.
- تقی‌زاده، سیدحسن (١٣٧٢). زندگی طوفانی، بکوشش ایرج افشار. تهران: نشر علمی.
- تنهایـی، ابوالحسـن (١٣٨٧). درآمـدی بـر مکاتـب و نظریه‌هـای جامعه‌شناسـی. مشـهد: مرندیـز.
- تنهایی، ابوالحسـن (١٣٩١). بازشناسـی تحلیلی نظریه‌های مدرن جامعه‌شناسـی مدرنیته در گـذار نسـل دوم. تهران: نشر علـم.
- توحیدفام، محمد (١٣٨٢). فرهنگ در عصر جهانی شدن. تهران: روزنه.
- توسلی، غلامعباس (١٣٧٦). نظریه‌های جامعه‌شناسی. تهران: انتشارات سمت.
- توسلی، غلامعباس (١٣٩٨). نظریه‌های جامعه‌شناسی. تهران: سمت.
- جامی (١٣٦٢) گذشته چراغ راه آینده است. تهران: ققنوس.
- جلایی‌پـور، حمیدرضـا و محمـدی، جمـال (١٣٨٨). نظریه‌هـای متأخـر جامعه‌شناسـی. تهـران: نـی.
- جنکینـز، ریچـارد (١٣٨١). قومیـت و نقطه‌نظـرات انسان‌شناسـی اجتماعـی درمطالعـات قومی و نژادی در قرن بیسـتم، ترجمۀ پرویز دلیرپور و سـید محمدکمال سروریان. تهران: پژوهشـکده مطالعـات راهبردی.
- جهانبانی، امان‌الله (١٣٣٦). عملیات قشون در بلوچستان، چ . تهران: انتشارات مجلس.

- چلبی، مسعود (١٣٧٥). جامعه‌شناسی نظم، تشریح و تحلیل نظری نظم اجتماعی. تهران: نی.
- حافظنیا، محمدرضا (١٣٨١). جغرافیای سیاسی ایران. تهران: سمت.
- حائری یزدی، مهدی (١٩٩٤). حکمت و حکومت. لندن: نشر شادی.
- حبیبی، محسن (١٣٧٥). از شار تا شهر. تهران: دانشگاه تهران.
- حتی، فیلیپ خوری (١٣٨٠). تاریخ عرب، ترجمه ابوالقاسم پاینده. تهران: انتشارات آگه.
- حسینی‌زاده، سید محمد علی (١٣٨٦). اسلام سیاسی در ایران. تهران: انتشارات دانشگاه مفید.
- حق‌شناس، علی‌محمد (١٣٨٢). زبان فارسی از سنت تا تجدد، زبان و ادب فارسی در گذرگاه سنت و مدرنیته. تهران: نشر آگه.
- حموی، یاقوت (١٩٩٣). معجم البلدان. بیروت: دارالصدر.
- حیدر میرزا دوغلات، محمد (١٣٨٣). تاریخ رشیدی. تهران: مرکز پژوهشی میراث مکتوب.
- خامه‌ای، انور (١٣٦٢). فرصت بزرگ از دست رفته. تهران: انتشارات هفته.
- خانیکی، هادی (١٣٨٣). هویت و گفتارهای هویتی در ایران، در علیخانی، علی‌اکبر، هویت در ایران. تهران: پژوهشکده علوم انسانی و اجتماعی (جهاد دانشگاهی).
- خسروانی مجد، ماندانا (١٤٠٠). رنگین‌کمان اقوام و ادیان در سرزمین خوب من: نگاهی اجمالی بر مردم‌شناسی اقوام ساکن در ایران. ارومیه: نشر خسروانی مجد.
- خلف تبریزی، محمدحسین (١٣٦١). برهان قاطع، به کوشش محمد معین. تهران: امیرکبیر.
- خمینی، روح الله (١٣٧٨). صحیفه امام (مجموعه آثار امام خمینی)، ٢٢ جلد. تهران، مؤسسه تنظیم و نشر آثار امام خمینی.
- خمینی، روح‌الله (١٣٤٨). ولایت فقیه؛ حکومت اسلامی. لبنان: بیروت.
- خوبروی پاک، محمدرضا (١٣٨٠). اقلیت‌ها. تهران: شیرازه.
- داداش‌زاده، غ.ب (١٣٥٧). ضررهای نفاق در جنبش‌های ملی ایران از نهضت جنگل تا ٢٨ مرداد. بی نا.
- دارندورف، رالف (١٣٨١). انسان اجتماعی، ترجمۀ فریبرز مجیدی. تهران: آگاه.
- دشتی، نصیر (١٣٩٤). بلوچ و بلوچستان، نظرهاشم محمدزهی. زاهدان: فاروق اعظم.
- دشنر، گونتر (٢٠١١). کُرد ملت بی دولت، ترجمه کمال‌الدین محمدی. اربیل: انتشارات آراس.

- دورکیم، امیل (۱۳۷۸). دربارهٔ تقسیم کار اجتماعی، ترجمهٔ باقر پرهام. بابل: نشر بابل.
- دورکیم، امیل (۱۳٦۸). قواعد روش جامعه شناسی، ترجمه علی محمد کاردان. تهران: انتشارات دانشگاه تهران.
- دیاکونف، میخائیل (۱۳۸۳). تاریخ ایران باستان، ترجمهٔ روحی ارباب. تهران: علمی و فرهنگی.
- دیاکونوف، ای.م (۱۳٤٥). تاریخ ماد، ترجمه کریم کشاورز. ناشر: مولف.
- دیباج، اسماعیل (۱۳٤٦). آثار باستانی و ابنیه تاریخی. آذربایجان: بی نا.
- دیتر، آپ‌کارل (۱۳۹۵). جنبش اجتماعی و اعتراض سیاسی، ترجمه مجید عباسی. تهران: پژوهشکده مطالعات راهبردی.
- راوندی، مرتضی (۱۳۵۴). تاریخ اجتماعی ایران، جلد ۳. تهران: امیرکبیر.
- راییجی یانسری، مسعود (۱۳۹۷). کاپیتولاسیون فرهنگی: تحلیل تمدنی و حقوقی سند ۲۰۳۰ آموزش و پرورش از منظر قرآن کریم. تهران: انتشرات انقلاب اسلامی.
- رجایی، فرهنگ (۱۳۸۲). مشکل هویت ایرانیان امروز. تهران: نی.
- رزم‌آرا، علی (۱۳۲۰). جغرافیاي نظامی ایران (مکران). تهران.
- رضایی باغ‌بیدی، حسن (۱۳۸۸). تاریخ زبان‌های ایرانی. تهران: مرکز دائرةالمعارف بزرگ اسلامی.
- رمضانی، حسین (۱٤۰۱). نقد و بررسی سند ۲۰۳۰ توسعه پایِ دار. تهران: نشر کانون اندیشه جوان.
- رنجبر، محمدعلی (۱۳۸۲). مشعشعیان؛ ماهیت فکری-اجتماعی و فرایند تحولات تاریخی. تهران: نشر آگاه.
- رهبری، مهدی. (۱۳۸۸). معرفت و قدرت، معمای هویت. تهران: کویر.
- روحانی، کمال (۱۳۸۵). تاریخ جامع تصوف در کردستان، نقد و بررسی طریقت قادری به ضمیمه تاریخ عرفان از آغاز تا کنون. تهران: نشر سامرند.
- رئیس‌نیا، رحیم (۱۳۷۰). آذربایجان در سیر تاریخ ایران : از آغاز تا اسلام. تهران: نشر نیما.
- زاده‌صفوی، رحیم (۱۳٦۸). اسرارسقوط احمد شاه، بکوشش احمد دهگان. تهران: فردوس.
- زندمقدم، محمود (۱۳۸۲). «بلوچستان ایران، هویت ، تاریخ و دگرگونی» در ایران هویت ملیت، قومیت، بکوشش حمید احمدی. تهران: موسسه تحقیقات علوم انسانی.
- زهیری، علیرضا. (۱۳۸۱). انقلاب اسلامی و هویت ملی. قم: انجمن معارف اسلامی ایران.

- ساعتچی، محمود (۱۳۷۷). روانشناسی بهره‌وری. تهران: روان، ویرایش، ارسباران.
- سالزمن، فیلیپ کارل (۱۳۷۵). خویشاوندی و پیمان در بین عشایر بلوچ، ترجمه محمد دانشور. زاهدان: سازمان برنامه و بودجه استان سیستان و بلوچستان.
- ساناساریان، الیز (۱۳۸٤). جنبش حقوق زنان در ایران، طغیان، افول و سرکوب از ۱۲۸۰ تا ۵۷. تهران: نشر اختران.
- ستوده، سیامک (۲۰۱۱). بازیگران عصر تمدن. آمریکا: روشنگر.
- سریع‌القلم، محمود (۱۳۸۳). پارادوکس هویت در ایران؛ تقابل لیبرالیسم و اسلام در مجموعه مقالات علی‌اکبر علیخانی، هویت در ایران. تهران: پژوهشکده علوم انسانی و اجتماعی جهاد دانشگاهی.
- سلیمانی فاخر، محسن (۱٤۰۰). جامعه‌شناسی تفاخر؛ سنخ‌شناسی و ذات‌انگاری فرهنگی. تهران: نشر آوای فرزانه.
- سلیمی، حسین (۱۳۷۹). «هویت یابی: جریان سرنوشت ساز در میان مسلمانان بالکان» در کتاب تحولات منطقه‌ی بالکان، به اهتمام محمد قدسی. تهران: دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی.
- سنجش شاخص‌های فرهنگ عمومی کشور (۱۳۹۱). به سفارش شورای فرهنگ عمومی کشور؛ مدیر طرح و مسئول سیاست گذاری:منصور واعظی؛ اجرا:شرکت پژوهشگران خبره پارس - وضعیت. تهران: موسسه انتشارات کتاب نشر.
- سنندجی، میرزا شکرالله (۱۳۷۵). تحفه ناصریه در تاریخ و جغرافیای کردستان، به اهتمام و مقدمه مفصل حشمت‌الله طبیبی. تهران: امیرکبیر.
- سولومون، رابرت (۱۳۷۹). فلسفه اروپایی، طلوع و افول خود، ترجمهٔ محمدسعید حنایی کاشانی. تهران: قصیده.
- سیادت، موسی (۱۳۷٤). تاریخ جغرافیایی عرب خوزستان. موسسه چاپ و نشر آنزان.
- سیادت، موسی (۱۳۷٤). تاریخ خوزستان از سلسله افشاریه تا دوران معاصر. قم: مولف.
- شاردن، ژان (۱۳۷۲). سفرنامه شاردن، جلد ۳. تهران: توس.
- شاکد، شائل (۱۳۹۳). از ایران زردشتی تا اسلام: مطالعاتی درباره تاریخ دین و تماس‌های میان فرهنگی، ترجمه مرتضی ثاقب فر. تهران: نشر ققنوس.
- شایگان، داریوش (۱۳۷۱). آسیا در برابر غرب، چاپ دوم. تهران: انتشارات باغ آینه.
- شه‌بخش، عظیم (۱۳۷۳). ماجرای دادشاه: پژوهشی در تاریخ معاصر بلوچستان. نشر نوید.
- شوشتری، میرزا عبداللطیف (۱۳٦۳). تحفة العالم و ذیل التحفه. تهران: نشر طهوری.
- شولتز، دوان (۱۳۸۴). نظریه‌های شخصیت، ترجمه کریمی و همکاران. تهران: نشر ارسباران.

- شولن، جان آرت (۱۳۸۲). نگاهی موشکافانه به پدیده جهانی شدن، ترجمۀ مسعود کرباسیان. تهران: علمی فرهنگی.
- شیخ الاسلامی، جواد (۱۳۶۹). افزایش نفوذ روس و انگلستان در ایران. تهران: انتشارات کیهان.
- شیخ عطار، علیرضا (۱۳۸۲). کردها و قدرت‌های منطقه‌ای و فرامنطقه‌ای. تهران: مرکز اسناد انقلاب اسلامی.
- شیرازی، اصغر (۱۳۹۶). ایرانیت، ملیت، قومیت. تهران: نشر جهان کتاب.
- شیروانی زین‌العابدین (بی تا). بستان السیاحه. تهران: کتابخانه سنایی.
- صالحی امیری، رضا (۱۳۸۸) مدیریت منازعات قومی در ایران، انتشارات مرکز تحقیقات استراتژیک.
- صدوقی، مرادعلی (۱۳۸۴). تکنولوژی اطلاعاتی و حاکمیت ملی. تهران: دفتر مطالعات سیاسی و بین‌المللی.
- ضیاءابراهیمی، رضا (۱۳۹۶). پیدایش ناسیونالیسم ایرانی: نژاد و سیاست بی‌جاسازی، ترجمۀ حسن افشار. تهران: نشر مرکز.
- طالبوف، عبدالرحیم (۱۳۵۶). کتاب احمد، مقدمه و تصحیح باقر مومنی. بی‌نا.
- طاهری، ابوالقاسم (۱۳۷۴). جغرافیای تاریخی گیلان و آذربایجان. بی نا.
- طاهری، طیب (۲۰۰۹). تاریخ و فلسفه سرانجام: فرهنگ یارسان و شرحی بر نحله‌های فکری و اعتقادی در کرستان. اربیل: بی‌نا.
- طایی، علی (۱۳۸۲). بحران هویت قومی در ایران. تهران: شادگان.
- طباطبایی، جواد (۱۳۷۵). خواجه نظام‌الملک. تهران: نشر طرح نو.
- طباطبایی، جواد (۱۳۸۲ا. دیباچه‌اي بر نظریه انحطاط ایران، چ۳. تهران: مؤسسه پژهشي نگاه معاصر.
- طباطبایی، جواد (۱۳۸۳). زوال اندیشه‌ی سیاسی در ایران: گفتار در مبانی نظری انحطاط ایران، ویراست دوم. تهران: انتشارات کویر.
- طباطبایی، جواد (۱۳۹۲). خواجه نظام‌الملک: گفتار در تداوم فرهنگی ایران. تهران: انتشارات مینوی خرد.
- طباطبایی، جواد (۱۳۹۳). درآمدی بر تاریخ اندیشه‌ی سیاسی در ایران، ویراسته جدید. تهران: انتشارات کویر.
- طبری، محمد بن جریر (بی‌تا). تاریخ طبری، جلد چهارم. چاپ مصر.
- طرح بررسی و سنجش شاخص‌های فرهنگ عمومی کشور (۱۳۹۱). مدیر طرح و مسئول سیاست گذاری:منصور واعظی. تهران: موسسه انتشارات کتاب نشر.

- طیبی، حشمت الله (۱۳۷۸). مبانی جامعه‌شناسی و مردم‌شناسی ایلات و عشایر. تهران: موسسه چاپ و انتشارات دانشگاه تهران.
- عالم، عبدالرحمن (۱۳۸۳). بنیادهای علم سیاست. تهران: نی.
- عباسی قادی، مجتبی و خلیلی کاشانی، مرتضی (۱۳۹۰). تأثیر اینترنت بر هویت ملی. تهران: پژوهشکده مطالعات راهبردی.
- عرفانیان، سعید (۱۳۹۰). «خزعل». دانشنامه جهان اسلام. ج ۱۵.
- عزیزی بنی‌طرف، یوسف (۱۳۷۲). قبایل و عشایر عرب خوزستان. ناشر: مولف.
- عطاملک جوینی، علاالدین (۱۳۸۲). تاریخ جهانگشای جوینی،جلد اول. ویراستار محمدبن عبدالوهاب قزوینی. تهران: دنیای کتاب.
- عظیمی، حسین (۱۳۸۲). ایران امروز در آینه مباحث توسعه؟. تهران: دفتر نشر فرهنگ اسلامی.
- علاقه‌بند، علی (۱۳۷۲). جامعه‌شناسی آموزش و پرورش. تهران: مولف.
- علمداری، کاظم (۱۳۸۳). چرا ایران عقب ماند و غرب پیش رفت؟ چاپ دهم. تهران: توسعه.
- عینیان، مجید و سوری، داود (۱۳۹۵-۱۳۹۴). فقر و نابرابری، رفتار پس‌انداز خانوار، تورم دهک‌ها، به سفارش دفتر طرح‌های پژوهشی مؤسسهٔ عالی آموزش و پژوهش مدیریت و برنامه‌ریزی.
- غراب، کمال‌ادین (١٣٦٤). بلوچستان یادگار مطرود قرون. تهران: کیهان.
- فاتح، مصطفی (بی‌تا). ۵۰ سال نفت ایران. ج اول. تهران: نشر سهامی چهر.
- فارابی، ابونصر (۱۳۹۳). فصول‌الحکمه (ترجمه و شرح حیدر شجاعی). تهران: مولی.
- فراهانی، حسن (۱۳۸۵). روزشمار تاریخ معاصر ایران، جلد۲. تهران: مؤسسه مطالعات و پژوهشهای سیاسی.
- فرای ریچارد.ن (١٣٦٢). عصر زرین فرهنگ ایران، ترجمه مسعود رجب نیا. تهران: نشر سروش.
- فرای، ریچارد (١٣٦٣). تاریخ ایران از اسلام تا سلاجقه، ترجمه حسن انوشه. تهران: انتشارات امیرکبیر.
- فرجی، عبدالرضا (١٣٦٦). جغرافیای کامل ایران، انتشارات سازمان پژوهش و برنامه‌ریزی وزارت آموزش و پرورش.
- فردوست، حسین (۱۳۷۱). ظهور و سقوط سلطنت پهلوی، ج۱. تهران: انتشارات اطلاعات.
- فردوسی، ابوالقاسم (١٩٦٠). شاهنامه فردوسی. مسکو: انتشارات ادبیات خاور.

- فروم، اریك (۱۳۷۴). زبان از یاد رفته، ترجمه ابراهیم امانت. تهران: انتشارات فیروزه.
- فضل‌الملک، غلامحسین (۱۳٦۱). افضل التواریخ. تهران: نشر تاریخ ایران.
- فکوهی، ناصر (۱۳۹۱). همسازی و تعارض در هویت و قومیت. مؤلف: ناصر فکوهی. تهران: گل آذین.
- فلاح، فاطمه (۱۴۰۱). تحلیلی از وضعیت گروه‌های مرجع در ایران؛ گزارش رصد فرهنگی (۱۷). تهران: مرکز رصد فرهنگی.
- فلسفی، هدایت‌الله (۱۳۹۰). صلح جاویدان و حکومت قانون. تهران: فرهنگ نو.
- فنتون، استیو (۱۳۸٤). قومیت، نژادگرایی، طبقه و فرهنگ، ترجمهٔ داوود غرایان زندی. تهران: تمدن ایرانی.
- فوران، جان (۱۳۹۲). مقاومت شکننده: تاریخ تحولات اجتماعی ایران: از سال ۱۵۰۰ میلادی مطابق با ۸۷۹ شمسی تا انقلاب.، ترجمه احمد تدین. تهران: رسا.
- فوزی، یحیی (۱۳۸٤). تحولات سیاسی اجتماعی بعد از انقلاب اسلامی در ایران، ج۱. تهران: نشر عروج.
- فوکویاما، فرانسیس (۱۳۷۹). پایان نظم (ترجمهٔ غلامعباس توسلی). تهران: جامعهٔ ایرانیان.
- فی، برایان (۱۳۸۱). فلسفه امروزین علوم اجتماعی، ترجمه خشایار دیهیمی. تهران: طرح نو.
- فیرحی، داود (۱۳۸۲). نظام سیاسی و دولت در اسلام. تهران: سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها (سمت).
- قاضی، نعمت‌الله (۱۳۷۲). علل سقوط حکومت رضاشاه. تهران: نشر آثار.
- قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران (۱۳۹۷). قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران: به همراه نظرات تفسیری شورای نگهبان، تهیه محمد فتحی و کاظم کوهی‌اصفهانی. تهران: انتشارات پژوهشکده شورای نگهبان.
- قبال آشتیانی، عباس (۱۳۸۸). تاریخ مغول. تهران: انتشارات امیرکبیر.
- قدیانی، عباس (۱۳۸۱). تاریخ ادیان و مذاهب در ایران. تهران: فرهنگ مکتوب.
- قوانین و مصوبات دور نهم قانونگذاري، (۱۳۲۰). تهران: چاپخانه مجلس شوراي ملي.
- قیم، عبدالنبی (۱۳۸۸). فرهنگ معاصر میانه. تهران: فرهنگ معاصر.
- کاستلز، مانوئل (۱۳۸۰). عصر اطلاعات ــ قدرت هویت، ترجمهٔ حسن چاوشیان. تهران: طرح نو.
- کاستلز، مانوئل (۱۳۸۹). عصر اطلاعات: ظهور جامعه شبکه‌ای، ترجمهٔ احد علیقلیان و افشین خاکباز. تهران: طرح نو.

- کاتم، ریچارد (١٣٩٦). ناسیونالیسم در ایران، ترجمه احمد تدین. تهران: انتشارات کویر.
- کاتم، مارتا؛ اولر، بث دیتز؛ مسترز، النا و پرستون، توماس (١٣٨٦). مقدمه‌ای بر روان‌شناسی سیاسی، ترجمۀ سید جمال خرازی و جواد علاقه‌بند راد. تهران: مرکز نشر دانشگاهی.
- کاتوزیان، محمدعلی (١٣٧٢). اقتصاد سیاسی ایران، ترجمه محمدرضا نفیسی و کامبیز عزیزی، چ٢. تهران: نشر مرکز.
- کاتوزیان، محمدعلی (١٣٧٤). اقتصاد سیاسی ایران. تهران: نشر مرکز.
- کاتوزیان، محمدعلی (١٣٨٠). دولت و جامعه در ایران: انقراض قاجار و استقرار پهلوی، مترجم حسن افشار. تهران: نشر مرکز.
- کاتوزیان، همایون (١٣٩١). ایرانیان: دورۀ باستان تا دورۀ معاصر، ترجمه حسین شهیدی. تهران: نشر مرکز.
- کاتوزیان، همایون (١٣٧٩). مصدق و نبرد قدرت. ترجمۀ احمد تدین. تهران: رسا.
- کارنر، واکر (١٣٧٩). ملی‌گرایی قومی در ماینر ونیز و ساموئل هانتینگتن (درک توسعه سیاسی). تهران: انتشارات پژوهشکده مطالعات راهبردی.
- کاستلز، مانوئل (١٣٩٦). شبکه های خشم و امید: جنبش های اجتماعی در عصر اینترنت، ترجمه مجتبی قلی پور. تهران: نشر مرکز.
- کالوه، لویی‌ژان (١٣٧٩). زبان‌ها، ستیز یا همزیستی. مجله پیام یونسکو، ٣٥٩.
- کبیری، افشار (١٣٨٩). «بررسی تحوالت تاریخی هویت ملی در ایران» در: ابراهیم حاجیانی. کنکاشی در هویت ایرانی. تهران: مرکز تحقیقات استراتژیک.
- کتاب تاریخ سال سوم دبیرستان، دوره پهلوی اول.
- کرزن، جرج (١٣٧٣). ایران و قضیه ایران، ترجمه غلامعلی وحید مازندرانی، جلد اول. تهران: مرکز انتشارات علمی و فرهنگی.
- کرمی، فرشاد (١٤٠٢). روندپژوهی مهاجرت داخلی در ایران طی سی سال اخیر (١٣٦٥-١٣٩٥). تهران: دفتر مطالعات اجتماعی مرکز پژوهش‌های مجلس شورای اسلامی.
- کریستنسن، آرتور (١٣٦٧). ایران در زمان ساسانیان، ترجمه رشید یاسمی. انتشارات امیرکبیر، تهران.
- کریمی مله، علی (١٣٨٨). آینده‌شناسی هویت‌های جمعی تهران. تهران: مؤسسه مطالعات علمی.
- کریمی مله، علی (١٣٩٠). درآمدی برجامعه‌شناسی سیاسی تنوع قومی؛ مسائل و نظریه‌ها. تهران: سمت.
- کریمی‌پور، علی (١٣٧٩). ایران و همسایگان، منابع تهدید و تنش. تهران: جهاد دانشگاهی.

- کسروی، احمد (١٣٨١). تاریخ پانصد ساله خوزستان. تهران: نشر فروغ.
- کسروی، احمد (١٣٨٤). تاریخ هیجده ساله آذربایجان، چ ١٣. تهران: نشر امیرکبیر.
- کسروی، احمد (١٣٨٨). شهریاران گمنام. تهران: انتشارات نگاه.
- کشاورز، اردشیر (١٣٧٧). شرح وقایع مشروطیت در غرب کشور «زندگانی سردار یار محمدخان کرمانشاهی» گردکرد. کرمانشاه: نشر طاقبستان.
- کلهون، کریگ (١٣٩٥). ملت‌ها مهم‌اند؛ فرهنگ، تاریخ و رویا جهان‌وطنی، ترجمه محمدرضا فدایی. تهران: نشر شیرازه کتاب ما.
- کمیسیون ملی یونسکو ایران (١٣٩٥). سند ملی آموزش ٢٠٣٠ جمهوری اسلامی ایران، ویرایش اول.
- کُنان، درک و آدامسن، دیوید (١٣٥٨). کرد و کردستان، ترجمه جواد هاتفی. تهران: عطایی.
- کوچرا، کریس (١٣٧٧). جنبش ملي کرد، ترجمه ابراهيم يونسي، چاپ دوم. تهران: نشر نگاه.
- گلزاری، مسعود (بی‌تا). کرمانشاهان - کردستان، ج١. تهران: آثار ملی.
- گل‌محمدی، احمد (١٣٨٦). جهانی‌شدن، هویت و فرهنگ. تهران: نشر نی.
- گودرزي، حسین (١٣٨٧). تکوین جامعه شناختی هویت ملی در ایران. تهران: تمدن ایرانی.
- گودرزی، حسین (١٣٨٥). مفاهیم بنیادی در مطالعات قومی. تهران: تمدن ایرانی.
- گودرزی، علیرضا (١٣٨١). ایل کلهر در دوره مشروطیت. کرمانشاه: انتشارات کرمانشاه.
- گیدنز، آنتونی (١٣٨٧). تجدد و تشخص: جامعه و هویت شخصی در عصر جدید. ترجمه ناصر موفقیان. تهران: نشر نی.
- گیدنز، آنتونی (١٣٧٧). پیامدهای مدرنیت، ترجمه محسن ثلاثی. تهران: نشر مرکز.
- گیدنز، آنتونی (١٣٩٨). تجدد و تشخص، ترجمۀ ناصر موفقیان. تهران: نی.
- گیدنز، آنتونی (١٣٨٥). جامعه شناسی، ترجمه منوچهر صبوری. تهران: نی.
- لسترنج، گای (١٣٧٧). جغرافیای تاریخی سرزمینهای خلافت شرقی، ترجمه محمود عرفان. تهران: شرکت انتشارات علمی و فرهنگی.
- لمبتن، آ.ک.س (١٣٣٩). مالک و زارع در ایران. تهران: بنگاه ترجمه و نشر کتاب.
- لمبتون، ا.ك.س (١٣٦٢). مالك و زارع در ایران، ترجمه منوچهر امیري. تهران: علمي و فرهنگي.
- لنزوسکی، جرج (١٣٥٦). رقابت روسیه و غرب در ایران، ترجمه اسماعیل راییـن. تهران: نشر جاویدان.

• لوکمان، توماس و برگر، پیتر (١٣٩٥). ساخت اجتماعی واقعیت، ترجمۀ فریبرز مجیدی. تهران: علمی و فرهنگی.
• لیک، دیوید. (١٣٨١). نظم‌های منطقه‌ای، امنیت‌سازی در جهان نوین، ترجمۀ سید جلال دهقانی. تهران: پژوهشکده مطالعات راهبردی.
• مالشویچ، سینیشا (١٣٩٠). جامعه‌شناسی قومیت، ترجمۀ پرویز دلیرپور. تهران: آمه.
• متی، رودی (١٣٩٩). ایران در بحران (زوال صفویه و سقوط اصفهان، ترجمه حسن افشار. تهران: مرکز، ١٣٩٩.
• محسنی، منوچهر (١٣٨٦). بررسی در جامعه‌شناسی فرهنگی ایران. تهران: پژوهشگاه فرهنگ، هنر و ارتباطات.
• محقق داماد، مصطفی و فرهادی، مرتضی (١٣٩٨). تعاون، واژه‌ای، دایره المعارف بزرگ اسلامی، مردم شناسی، جلد چاپی ١٥.
• محمدی لرد، عبدالمحمود (١٣٩٣). آینده‌پژوهی ثبات سیاسی در ایران. تهران: پژوهشکده مطالعات راهبردی.
• محمدی، مجید (٢٠٢٠). پایان بهار: بسترها، رویدادها، فرایندها، و مولفه‌های جنبش سبز. انتشارات دان & مو.
• مدنی، سعید (١٣٩٩). آتش خاموش؛ نگاهی به اعتراضات آبان ٩٨. تهران: موسسه رحمان.
• مدنی، سیدجلال‌الدین (١٣٦٩). تاریخ سیاسی معاصر ایران، ج١، چ٣. تهران: دفتر انتشارات اسلامی.
• مردانی، محمد و الهامی، داود (١٣٧٧). سیری کوتاه در مرام اهل حق. نشر فاع از حریم اسلام.
• مردوخ كردستاني، محمد (١٣٥١). تاريخ كرد و كردستان. سنندج: غريقي.
• مستشارالدوله، میرزا یوسف خان (بی‌تا). یک کلمه، رسائل قاجاری.
• مسعودي، علي بن حسين (١٣٦٥). التنبيه و الاشراف، ترجمة ابوالقاسم پاينده، چ ،٢. تهران: علمي و فرهنگي.
• مسکوب، شاهرخ (١٣٦٨). ملیت و زبان، چ ٢. تهران: انتشارات خاوران.
• مصاحب، غلامحسین (١٣٨١). دایره‌المعارف مصاحب، مدخل عرب، ج٢. تهران: امیرکبیر.
• مفتخري، حسين؛ و حسين زماني (١٣٩٠). تاريخ ايران از ورود مسلمانان تا پايان طاهريان. تهران: سمت.
• مقدسی، محمد (١٩٠٦). احسن التقاسیم، به کوشش دخویه. لیدن.

- مقصـودی مجتبـی(۱۳۸۲). قومیت‌هـا و نقش آنان در تحولات سیاسـی سـلطنت محمدرضا پهلـوی. تهـران: مرکـز اسـناد انقلاب.
- مقصـودی، مجتبـی (۱۳۸۰). تحـولات قومـی در ایران: علل و زمینه‌ها. تهران: نشر موسسـه مطالعـات ملی.
- مک داول، دیوید (۱۳۸۳). تاریخ معاصر کُرد، ترجمه ابراهیم یونسی. تهران: نشر پانیذ.
- مکی، حسین (۱۳۵٦). تاریخ بیست ساله ایران، ج ۱. تهران: نشر امیرکبیر.
- مکی، حسین (۱۳۵۷). تاریخ بیست ساله ایران، ج ۳. تهران: نشر امیرکبیر.
- مکی، حسین (۱۳۷٤). تاریخ بیست ساله ایران ج٦. تهران: نشر علمی.
- ملکم، جان (۱۳۷۹). تاریخ کامل ایران، ترجمة اسماعیل حیرت. تهران: افسون.
- ملک‌زاده، مهدی (بی‌تا). تاریخ انقلاب مشروطیت ایران، ج ۱-۳.
- ملکیـان، مصطفـی (۱۳۸۱) راهـی به رهایی: جسـتارهایی در باب عقلانیـت و معنویت، نشر نـگاه معاصر.
- ممتحن حسینعلی(۱۳۹٦). نهضت شعوبیه. تهران: انتشارات علمی و فرهنگی.
- مهدی‌نیا، جعفر (۱۳٦٦). زندگی سیاسی قوام‌السلطنه. تهران: انتشارات پاسارگاد.
- موسـوی دالینـی، جـواد (۱۳۸۹). تعییـن و تعریـف مولفه‌هـا، زیرمولفه‌هـا و شـاخص‌های هویـت ملـی و قومـی. تهـران: مرکـز مطالعـات راهبردی دبیرخانـه شـورای عالـی انـقلاب فرهنگـی.
- مؤمنی، مهدی (۱۳۸۸). اصول و روش‌های برنامه‌ریزی ناحیه‌ای. تهران: گویا.
- میرحیدر، دره (۱۳۹٤). مبانی جغرافیای سیاسی.، تهران: انتشارات سمت.
- میرحیدر، دره (۱۳۸۰). مبانی جغرافیای سیاسی. چاپ هشتم. تهران: سمت.
- میرمحمـدی، داود (۱۳۸۳). گفتارهایـی دربـارۀ هویـت ملـی در ایـران. تهـران: مؤسسـۀ مطالعـات ملـی.
- مینورسـکی، ولادیمیرفئودوروویـچ (۱۳۷۹). کُـرد، ترجمـه حبیب‌اللـه تابانـی. تهـران: نشر گـستره.
- مینورسـکی، ولادیمیرفئودوروویـچ (۱۳۹۸). کُردهـا نـوادگان مادهـا، ترجمـه جلال جلالـی زاده. تهـران: انتشـارات توکلـی.
- مینوی مجتبی (۱٤۰۰). رنسانس ایرانی. انتشارات شفیعی.
- نامـي اصفهـاني، میرزامحمدصـادق (۱۳٦۳). تاریـخ گیتـي گشـا، با مقدمة سـعید نفیسي. تهـران: اقبـال.
- نراقی، احمد بن محمدمهدی (۱۳۷۸). معراج السعاده. قم: نشر هجرت.
- نواصری، عبدالرضا (۱٤۰۲). آسیب‌شناسـی ناسیونالیسـم رومانتیک ایرانی (گذشته‌گرایی؛ خودشـیفتگی؛ دیگرسـتیزی؛ زبان‌محـوری). تهـران: نشر گام نـو.

- نولدکـه، تئـودور (١٣٧٨). تاریـخ ایرانیـان و عربها در زمان ساسـانیان، ترجمه عباس زریاب. تهـران: نشر انجمـن آثـار ملی.
- هامـبلي، گاویـن (١٣٨٧). اسـتبداد پهلـوی؛ محمدرضا پهلـوی ١٩٧٩ ـ١٩٤١ تاریخ ایران کمبریـج ، جلـد هفتـم، قسـمت سـوم دوره پهلـوی، ترجمـه تیمـور قـادری. تهـران: انتشـارات مهتاب.
- هانتینـگتـون، سـاموئل (١٣٧٠). سـامان سیاسـی در جوامـع دسـتخوش دگرگونی، ترجمه محسـن ثلاثـی. تهـران: نشر علـم.
- هدایتي، هادی (١٣٣٤). تاریخ زندیه، جلد١. تهران: امیرکبیر.
- هدایتی، هادی (١٣٨۴). تاریخ هرودوت جلد اول. تهران: انتشارات دانشگاه تهران.
- هرانـا (١٤٠١). زن، زندگـی، آزادی؛ گـزارش تفصیلـی از ٨٢ روز اعتراضـات سراسری ایـران. نشر هرانـا.
- هرودوت، (١٣٨٩) تاریخ هرودوت، ترجمه مرتضی ثاقب‌فر. تهران، انتشارات اساطیر.
- هـروی، جـواد (١٣٨٠). تاریخ سـامانیان (عصر طلایی ایران بعد از اسلام). تهران: امیرکبیر، چـاپ اول.
- هنرمند، منوچهر (١٣٤٩). پهلویسم مکتب نو. تهران: بینا.
- هنـوی، جونـس (١٣٨٣).، زندگـی نادرشـاه، ترجمـه اسماعیل دولتشـاهی. تهران: علمی و فرهنگـی.
- هویدا، رحیم (١٣٥٢). جغرافیای طبیعی آذربایجان. تبریز: انتشارات دانشگاه تبریز.
- هیدگـر، مارتیـن (١٣٩٢). زبـان، خانـه وجـود: گفت‌وگـوی هیدگـر بـا یـک ژاپنـی، مترجـم جهانبخـش نـاصر. تهـران: نشر کتـاب هرمـس.
- هیئت، جواد (١٣٦٦). سیري در تاریخ زبان و لهجه‌هاي ترکي، ج ٣. تهران: نشر نو.
- وزارت کشـور (١٣٩٤). سـنجش سرمایه اجتماعی کشـور: گزارش کشـوری، موج دوم، مدیر علمـی غلامرضـا غفـاری. تهـران: انتشـارات پژوهشـگاه فرهنـگ، هنر و ارتباطـات.
- وکیلی، سید اسمعیل (١٣٦٢). آذربایجان پیش از تاریخ و پس از آن. چاپ ندا.
- ولـی، عبـاس (١٣٨٠). ایـران پیش از سرمایه‌داری (ترجمۀ حسـن شـمس آوری). چاپ اول، تهـران: مرکز.
- ولـی، عبـاس؛ بـزارسلان، حمیـد؛ ون بروئینسـن، مارتیـن؛ حسـن‌پور، امیـر و فـوکارو، نلیـدا (١٣٩٨). گفتارهایـی در خاسـتگاه ناسیونالیسـم کُـرد، ترجمـۀ مـراد روحـی. تهـران: نشر چشـمه.
- یاسمي، رشید (١٣٦٢). کرد و پیوستگي نژاد و تاریخ او. تهران: امیرکبیر.
- یامائوچی، ادوین ماسـائو (١٣٩٠). ایران و ادیان باسـتانی. ترجمه منوچهر پزشـک. تهران: ققنوس.
- یزدانقلـی، یارمحمدخـان (١٣٧۴). سـفرنامه‌های سـهام‌الدوله بجنـوردی. تهـران: شرکـت انتشـارات علمـی و فرهنگـی.

### ۲. وتار و نامەی ئەکادیمی


- اباذری، یوسف و چاوشیان، حسن (۱۳۸۱). از طبقۀ اجتماعی تا سبک زندگی. نامه علوم اجتماعی، ۲۰، ۳ ۲۷.
- اباذری، یوسف (۱۳۹۳). جامعه بازار در گزارش وضعیت اجتماعی کشور (کتاب چکیده‌ها). تهران: شورای اجتماعی کشور، ۲۰۳ ۲۰۸.
- ابراهیمی، سجاد و شاکری خویی، احسان (۱۳۹٤). بررسی نقش گفتمان پان‌ترکیسم در امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران. مطالعات علوم اجتماعی ایران، ۱۱ (٤۳)، ۱ ۲۳.
- احمدی حاجی کلایی، حمید (۱۳۸۲). هویت ملی ایرانی در گستره تاریخ. مطالعات ملی، ٤(۳ (۱۵، ۹-٤۵.
- اخوان، محمدجواد (۱٤۰۲). چهره‌های پنهان: کالبدشکافی جریان فتنه در انتخابات ریاست جمهوری، مؤسسه فرهنگی دانش و اندیشه معاصر، ۳۹-٤۰.
- اسمیت، آنتونی (۱۳۷۷). منابع قومی ناسیونالیسم. فصلنامۀ مطالعات راهبردی، ۱(پیش‌شمارۀ ۱)، ۱۸۳-۲۰۷.
- اشرف، احمد (۱۳۸۳). هویت ایرانی. مجله گفتگو، شماره ۳، ۷-۲٦.
- اشرفی، ابوالفضل (۱۳۷۷). بی‌هویتی اجتماعی و گرایش به غرب، بررسی عوامل اجتماعی فرهنگی مؤثر بر گرایش نوجوانان به الگوهای فرهنگ غربی (رپ و هوی متال) در تهران. پایان‌نامه کارشناسی ارشد، دانشکده علوم انسانی، دانشگاه تربیت مدرس.
- امیرزاده، محمدرضا و بهستانی، مجید (۱۳۹۳). بررسی سیاست هویت در دوره معاصر ایران. فصلنامه مجلس و راهبرد، سال بیست و یکم، شماره ۷۷، بهار ۱۳۹۳، ۷۱-۱۰٦.
- امینی، زلیخا (۱٤۰۰). بررسي و تحلیل انگاره‌هاي استمرار روند هویت ایراني اسلامي در تاریخ گیتي گشا. دو فصلنامۀ علمي تاریخنگري و تاریخنگاري دانشگاه الزهرا، سال سي‌ویکم، دورۀ جدید، شمارۀ ۲۷، پیاپي ۱۱۲، بهار و تابستان ۱٤۰۰، ۳۱-۵۲.
- امینی، سعیده؛ امیدی، فاطمه و انتظاری، اردشیر (۱٤۰۱). مضامین شعارها در اعتراضات سه دهه اخیر ایران. فصلنامه علوم اجتماعی، ۲۹(۹۷)، ۱-۳۸.
- امینیان، بهادر (۱۳۸۳). آمریکا و طرح خاورمیانه بزرگ: اهداف، ابزار و مشکلات. فصلنامه سیاست دفاعی، ۱۲ (٤۸)، ۷ ۲٦.
- ایمان، محمدتقی و کیذقان، طاهره. (۱۳۸۲). بررسی عوامل مؤثر بر هویت اجتماعی زنان. فصلنامه علمی_ پژوهشی علوم انسانی دانشگاه الزهرا (س)، ۱۲ (٤٤) و ۱۳ (٤۵)، ۷۹ ۱۰٦.
- آخوندی، عباس ( بهمن ۱۳۹۱). راهبرد شهروندی تقدم آزادی بر دموکراسی، ماهنامه مهرنامه، پیاپی ۲۸.
- آشنا، حسام‌الدین و روحانی، محمدرضا (۱۳۸۹). هویت فرهنگی ایرانیان از رویکردهای نظری تا مؤلفه‌های بنیادی. فصلنامه تحقیقات فرهنگی، ۳ (٤)، ۱۵۷ ۱۸٤.

- آقاتقی، محمد نبی، بخشایش اردستانی، احمد، & صفا وردی، سوسن (١٤٠٣). عدالت سیاسی در ساختار سیاسی جمهوری اسلامی ایران مبتنی بر شاخص مشارکت و گزینش سیاسی برابر با تأکید بر آرای نخبگان سیاسی. پژوهش های راهبردی سیاست، ١٣(٤٨)، ٣٣-٦٦.
- آموزگار، یوسف (١٣٨٧). تاریخ چه مختصر اعراب جنوب خراسان (منطقه عرب خانه). پژوهشنامه ادب حماسی (پژوهش نامه فرهنگ و ادب، ٤(٦)، ١٣-١٦.
- باقری میشنی، مهری (١٣٨٧). «توضیح برخی از لغات و اصطلاحات مغولی در زبان و ادبیات فارسی»، دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تبریز، شماره ١٧١.
- براتعلی‌پور، مهدی (١٣٩٤). صلح پایدار و عدالت سیاسی جهانی. فصلنامه علمی- پژوهشی سیاست جهانی، ٤ (١)، ٣٩ ٦٣.
- بشیریه، حسین (١٣٧١). میزگرد برابری و نابرابری. نامه فرهنگ، ش ٣، سال دوم،٣٠-٤٠ .
- بلوکباشی، علی (١٣٤٨). چابهار و بلوچهای آن. دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تهران سال شانزدهم، مرداد ١٣٤٨، شماره ٥ و ٦ (پیاپی ٦٩ و ٧٠).
- بهشتی، سید صمد و حقمرادی، محمد (١٣٩٦). احساس تعلق به ایران در میان اقوام ایرانی. جامعه شناسی کاربردی، ٢٨(٣)، ٢٥-٤٠.
- بیات، آصف (١٣٩٨). طغیان طبقه متوسط فرودست. ماهنامه ایران فردا – شماره ٥٧ - اسفند ٩٨.
- بیات، آصف (١٤٠٢). آیا ایران در آستانه انقلاب دیگری است؟. ژورنال آزادی اندیشه، شماره ١٣، تابستان ١٤٠٢، ٤٧-٥٩.


- بیات، آصف (١٤٠٢). آیا ایران در آستانه انقلاب دیگری است؟. ژورنال آزادی اندیشه، شماره ١٣، تابستان ١٤٠٢، ٤٧-٥٩.


- بیک محمدی، حسین (١٣٧٥). جاذبه‌های توریستی سیستان و بلوچستان. فصلنامه علمی – پژوهشی اطلاعات جغرافیایی، ٥ (١٧)، ٢٣ ٢٦
- بیگدلی، علی‌رضا (١٣٨٠). پیمان سعدآباد. فصلنامۀ تاریخ روابط خارجی، تهران، س ٢، ش ٩.
- پیشگاهی فرد، زهرا و امیدی آوج، مریم (١٣٨٨). ارتباط بین پراکندگی اقوام ایرانی و امنیت مرزها. فصلنامه بین المللی ژئوپلیتیک، ٥(١٤)، ٤٨-٧١.
- پیشگاهی‌فرد، زهرا و امیدی آوج، مریم. (١٣٨٨). ارتباط بین پراکندگی اقوام ایرانی و امنیت مرزها. فصلنامه پژوهشی ژئوپلتیک، ١٤، ٤٨ ٧١.
- پیوندی، سعید (١٤٠٢). جنبش‌های اعتراضی ناتمام و چالش شکل دادن به انگاره سیاسی جمعی جدید در ایران، ژورنال آزادی اندیشه شماره ١٣، ١-١٨.

- تاجیک، محمدرضا (۱۳۷۹). روشنفکر ایرانی و معمای هویت ملی. فصلنامه مطالعات ملی، شماره ٥، ١٥٩ ١٧٦.
- تاجیک، محمدرضا (۱۳۸٦). خیابان و سیاست؛ تجربه سیاستی از جنس بازیگوشی در ایران امروز. پژوهشنامه علوم سیاسی، پاییز، سال دوم، شماره ٤.
- ترکی، عبدالمجید (١٣٦٨). اجماع امت مؤمنان از جوهر عقیدتی تا واقعیت تاریخی. تحقیقات اسلامی، تهران، س ۴، شم ۱-۲.
- جانی، اسماعیل (۱۳۸۷). بررسی گویش عربی جنوب خراسان. مجله تخصصی دانشکده زبان و ادبیات دانشگاه فردوسی مشهد، ش چهارم.
- جاوید, محمدجواد, صادقی, محمد, و شفیع زاده خولنجانی, مصطفی (١٤٠١). نسبت تکالیف طبیعی و تکالیف شهروندی. فصلنامه دیدگاه‌های حقوق قضائی, ١٧(٥٩), ٨٣-١١٦.
- جمالزاده، ناصر (۱۳۸۷). عدالت سیاسی اجتماعی در سه رهیافت فقهی، فلسفی و جامعه شناختی. مجلۀ دانش سیاسی، سال چهارم، شماره ٢.
- جمالی اسگویی، سیدجمال؛ بخشایشی اردستانی، احمد و بنی هاشمی، میرقاسم (۱۳۹۹). اقتصاد سیاسی فساد در جمهوری اسلامی ایران. مجلس و راهبرد، ٢٧(١٠١)، ٣٣-٥٨.
- جوادی ارجمند، محمدجعفر و فلاحی، احسان (١٣٩٤). بررسی تطبیقی سیاست خارجی ایران و ترکیه در قفقاز جنوبی (با تأکید بر ارمنستان و جمهوری آذربایجان). مطالعات اوراسیای مرکزی، ٨ (٢)، ٢١١ ٢٢٨.
- جوادی یگانه، محمدرضا و عزیزی، جلیل (۱۳۸۷). هویت فرهنگی و اجتماعی در بین جوانان شهر شیراز با توجه به عامل رسانه. فصلنامه علمی پژوهشی تحققات فرهنگی ایران، ٣٢، ١٨٣ ٢١٤.
- جوان‌آراسته، حسین (۱۳۷۹). امّت و ملّت، نگاهی دوباره، فصلنامه حکومت اسلامی، شماره ١٦.
- حاجیانی, ابراهیم (۱۳۸۷). نسبت هویت ملی با هویت قومی در میان اقوام ایرانی. مجله جامعه شناسی ایران, ٩(٣), ١٤٣-١٦٤.
- حاجیانی، ابراهیم (۱۳۷۹). تحلیل جامعه‌شناختی هویت ملی در ایران و طرح چند فرضیه. فصلنامه مطالعات ملی، ٢ (٥)، ١٩٣ ٢٢٨.
- حافظ نیا، محمدرضا؛ حسینی، سیدسلمان و احمدی پور، زهرا (۱۳۹۲). سیاست دولت و مناسبت های بین قومی (مورد: قوم بلوچ و سیستانی). برنامه ریزی و آمایش فضا (مدرس علوم انسانی)، ١٧(٢)، ١-٢١.
- حسن‌زاده، شاهرخ (٢٠٢٣). انقلاب فکری_اجتماعی «ژن، ژیان، آزادی» در کردستان و ایران. ژورنال ایران آکادمیا، شماره ١٠، زمستان ٢٠٢٣، ٦٩-٧٧.

- حسین بر، محمدعثمان و ایرندگانی، یونس (١٣٩٤). جنبش چپ در بلوچستان ایران در اوایل انقلاب اسلامی. فصلنامه علوم اجتماعی، -(٧٠)، ١٦٠-١٩٨.
- حسین پور، محمدیوسف (١٣٩٠). روایتی از نهضت بیداری دینی در بلوچستان ایران؛ در گفت و گو با جناب شیخ الحدیث علامه سید محمد یوسف حسین پور. مجله ندای اسلام، زاهدان: شماره ٤٥-٤٤: ٦١-٥٥.
- حق پناه، جعفر (٢٠١٥). سیاستگذاری قومی در جمهوری اسلامی ایران؛ چگونگی، فرایند و عوامل مؤثر بر تدوین. سیاستگذاری عمومی، ١(٢)، ٦٩-٨٨.
- حق‌پناه، جعفر (١٣٩٠) «هویت، قومیت و سیاست خارجی در خاورمیانه»، فصلنامه سیاست، دوره ٤١، شماره ١ - شماره پیاپی ١، صفحه ٨١-٩٥.
- حق‌پناه، جعفر (١٣٧٧)، جامعه مدنی و گروه‌های قومی در ایران، فصانامه مطالعات راهبردی، شماره ٢، سال ١.
- حقیقت، سید صادق (١٣٨٨) انقلاب اسلامی، چالش سنت و تجدد (مصاحبه)، مجله نسیم بیداری، ش ٣.
- حیدری، سیدکسری (١٣٩٨ ) بحثی کوتاه در زمینه تاریخی، اجتماعی و جغرافیای زیستی یارسان، مجله هونع، دانشگاه کردستان، ش٦ و٧ پاییز ٩٨، ص ٦٠- ٧٣.
- خادم‌الحسینی، احمد و عباسی، محمدرضا (١٣٩٠). بررسی سلسله‌مراتب شهری با مدل کمّی. ١ (١)، ٧ ١٨.
- خنده‌رو، مهدی و رضایی احمد (١٣٩٦). تحلیلی بر عادت‌واره قومیت و کاربرد آن در تحلیل قومیت در جامعه ایران. دو فصلنامه علمی ـ تخصصی مطالعات ایلات و عشایر دانشگاه آزاد اسلامی واحد شوشتر، پاییز و زمستان، ٧ (٢).
- دلاوری، ابوالفضل (١٣٩٤). اعتدال‌گرایی و تعادل سیاسی بایسته‌های سیاست اعتدال در سپهر سیاسی کنونی ایران. فصلنامه علمی راهبرد, ٢٤ (٢).
- دوران، بهزاد و محسنی، منوچهر (١٣٨٢). هویت؛ رویکردها و نظریه‌ها. مجله علوم تربیتی و روان‌شناسی (ویژه‌نامه هویت). ج ١(١)، مشهد: دانشگاه فردوسی.
- دهقانپور، زهره و علی بیات (١٣٩١). سکونت گاه‌های قبایل عرب در ایران هم زمان با فتوحات تا پایان دوره‌ی امویان، دوفصلنامه‌ی مطالعات تاریخ و تمدن ملل اسلامی، مقاله ٣، دوره ١، شماره ١، شهریور ١٣٩١، ٨٣-٩٥.
- دهقانی فیروزآبادی، سید جلال (١٩٩١). گفتمان اصولگرایی عدالت‌محور در سیاست خارجی دولت احمدی‌نژاد. دانش سیاسی، ش ٥.
- دیوید میسون، تی (١٣٧٧). قومیت و سیاست. فصلنامه مطالعات راهبردی، دوره ١، پیش شماره ١. خرداد، ١٢٥-١٥٢.

- ذوعلم، علی (۱۳۸٦). همسویی یا تعارض؟. ماهنامه زمانه، آذرماه، شماره ٦۳، ٤٠-٤٤.
- رحیمی، مرتضی و سیمبر، رضا (۱٤٠۱). تأثیر سیاست خارجی بر جایگاه منطقه ای ایران (۲۰۰۱-۲۰۱۸). ماهنامه جامعه شناسی سیاسی ایران، ۵(۱۱)، ٤۲۵۵-٤۲۷٤.
- رزازی‌فر، افسر (۱۳۷۹). الگوی جامعه‌شناختی هویت ملی در ایران (با تأکید بر رابطه میان هویت ملی و ابعاد آن). فصلنامه مطالعات ملی، ۲ (۵)، ۱۰۱ ۱۳۱.
- رسول زاده اقدم، صمد و طاهری، علیرضا (۱۳۹۳). بررسی علل توسعه نیافتگی ایران در دوره قاجار. مطالعات علوم اجتماعی ایران، ۱۱(٤۰)، ۹۲-۱۱۱.
- رشتیانی، گودرز (۱۳۹۵). رویکرد و روایت ولادیمیر مینورسکي از تحول و تکامل جامعة ایراني. تحقیقات تاریخ اجتماعی، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی سال ششم،. شمارة دوم، پاییز و زمستان، ۱۱۱–۱۲۹.
- رشیدی، حسن (۱۳۹۴). بررسی عوامل مؤثر بر هویت جمعی. تبریز: نشریه فراسوی مدیریت دانشگاه آزاد اسلامی.
- رضایی، مریم و تقوایی، مسعود (۱۳۸۸). جایگاه شهرهای کوچک در تعادل‌بخشی توزیع فضایی جمعیت. فصلنامه جمعیت، ٦۷ و ٦۸، ۱ ۱۸.
- رنجبران، علی اکبر (۱۳۹٤). نقش سازمان پیشمرگان مسلمان کرد درتامین امنیت پایدارمنطقه کردستان. نخستین کنگره گرامیداشت شهدای پیشمرگان مسلمان کرد.
- روح‌الامینی، محمود؛ یوسفی، علی؛ تاجیک، محمدرضا؛ حسینی بهشتی، علیرضا و ابوطالبی، علی (۱۳۷۹). میزگرد فرهنگ و هویت ایرانی، فرصت‌ها و چالش‌ها. فصلنامه مطالعات ملی، ٤، ۹ ٦۰.
- زیباکلام، صادق و مقتدایی، مرتضی (۱۳۹۳). احزاب سیاسی و نقش آن در توسعه سیاسی ایران: مطالعه موردی انتخابات. فصلنامه تخصصی علوم سیاسی، ۱۰ (۲۹)، ۷ ۲۸.
- سپاهی، عبدالودود (۱۳۸٤). بلوچستان در آستانه انقلاب مشروطه، ندای اسلام تابستان و پاییز ۱۳۸٤ شماره ۲۲ و ۲۳.
- سردارنیا، خلیل و البرزی، هنگامه (۱٤٠۱). تحلیل اعتراضات صنفی- اجتماعی اخیر در ایران از منظر نظریه سیاست خیابان. پژوهش های راهبردی سیاست، ۱۱(٤۰)، ۱۰۷-۱۵۰.
- سریع‌القلم، محمود (۱۳۸۸). سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران: قابلیت و امکان تغییر. فصلنامه بین‌المللی روابط خارجی. مرکز تحقیقات استراتژیک مجمع تشخیص مصلحت نظام، ۱، ۲۱ ٤۰.
- سعیدی، مدرس و زرگری نژاد، غلامحسین (۱۳۹٦). تطور و تکوین معنایی واژه کُرد در منابع دوره اسلامی(قرن اول تا نهم هجری). تاریخ ایران زمستان ۱۳۹۵ و بهار شماره ۲۱ (پیاپی ۵/۷۹)، ۹۱-۱۱٦.

- سفیری، خدیجه؛ کمالی، افسانه و مصلح، نرجس خاتون (۱۳۹۳). بررسی رابطه سرمایه اجتماعی خانواده و مشارکت دینی با هویت دینی نوجوانان. مجله جامعه‌شناسی ایران، ۱۵ (۳)، ۱۰۰ ۱۳۲.
- سلیمانیان، مسلم و دیگران (۱۳۹۹). واکاوی عوامل و جهت گیری قیام ملاخلیل منگور (١٣٣٤) علیه سیاست رضا شاه برای متحدالشکل کردن لباس. تاریخ اسلام، سال بیست و یکم بهار ۱۳۹۹، شماره ۱ (پیاپی ۸۱)، ١٦٩ - ١٩٦.
- سلیمی، فرشاد (۱۳۹۰). ساختار قدرت سیاسی در عصر پهلوی اول. پایان نامه دوره کارشناسی ارشد، دانشگاه شهید بهشتی.
- سوفیامهر، امین (١٤٠١). موقعیت ژئوپولیتیکی-خاورمیانه‌ایِ ایران و ضرورت احیای نهاد پادشاهی در ایران. فصلنامه فکری تحلیلی فریدون، سال دوم، شماره ۳، فروردین ١٤٠١، ٦٥-٧٤.
- سیدامامی، کاووس (۱۳۸۷). ادراک گروه‌های قومی از تصاویر رسانه‌ای خود. فصلنامه تحقیقات فرهنگی، ۱ (٤)، ۷۸ ۱۱۹.
- شبانی، مریم (۱۳۸۵). مروری بر ۲۸ سال قوم‌گرایی در ایران. نشریه نامه، ش ۵۲.
- شریعتی، شهروز و عباسی، شاهکوه (۲۰۱۸). شناخت‌شناسی ایدئولوژی دولت مدرن و یوتوپیاهای اجتماعی در عصر پهلوی. جامعه‌شناسی تاریخی، ۱۰(۲)، ۷۸-۱۰٦.
- شعبانی، رضا و فخاری، علی (۱۳۹۱). ورود ترکان به سرزمین های اسلامی. مسکویه، ۷(۲۱)، ۸۱-۱۱۰.
- شفیعی، جمال (۱۳۸۲). جنبش‌های اجتماعی در ایران، زمینه‌ها و چالش‌ها. فصلنامه مطالعات راهبردی، ٦ (۳)، ٦٤٣ ٦٥٩.
- شمسینی غیاثوند، حسن (۱۳۸۷). در آمدی بر معنای سکولاریسم. مطالعات سیاسی، ۱(۱)، ۱۵۵-۱۸۳.
- شهرام‌نیا، امیرمسعود و نظیفی نایینی، نازنین (۱۳۹۲). تعامل و تقابل ملی‌گرایی و اسلام‌گرایی در ایران پس از پیروزی انقلاب اسلامی ایران. فصلنامه پژوهش‌های راهبردی سیاست، ۲ (۵)، ۱۹۷ ۲۱۷.
- صدیق سروستانی، رحمت اله؛ ایمانی جاجرمی، حسین و فیروزآبادی، سیداحمد (۱۳۸٦). تحلیل مدل‌های حکمرانی شهری در انتخابات سومین دوره شورای اسلامی شهر تهران. رفاه اجتماعی، ۷(٢٦)، ۹-۳۳.
- صدیق سروستانی، رحمت الله؛ زائری، قاسم (۱۳۸۹) بررسی گفتمانهای فرهنگی پسا انقلابی و روندهای چهارگانه موثر بر سیاست خارجی فرهنگی در جمهوری اسلامی ایران. پژوهشنامه بهار، ٦ (٥٤).
- طالبان، محمدرضا (۱۳۸۷). اثر وابستگی اقتصادی بر کشمکش سیاسی شورشی. مجله

جامعـه شناسـی ایـران، ۹(۳)، ۱٦٤-۱۹۳.
• طامـه، مجیـد (۱۳۹٦). برنامۀ صبـح بەخیـر ایـران شـبکه یـک صداوسـیمای جمهـوری اسلامـی ایـران، ۲۱ اسـفند ۱۳۹٦.
• طاهـری، محسـن (۱۳۹۵). نقـد و بررسـی جایـگاه حقوق شـهروندی در نظـام حقوقی ایران بـا نگاهـی بـه منشـور حقـوق شـهروندی. همایـش ملـی تبییـن حقـوق شـهروندی، ۱-۱۵.
• طباطبایـی، جـواد (۱۳۹۵). زبـان ملـی و برنامـه آمـوزش زبان هـای محلی، نشریه ایرانشـهر امـروز، شـهریور و مهـر، شماره ۳، . ۵ -۱۵.
• طرفـداری، علی‌محمـد (۱۳۸۹). ملی گرایی، سره نویسـی و شـکل گیری فرهنگسـتان زبان فارسـی در دوره پهلـوی اول. گنجینـه اسـناد، ۲۰(۱ (پیاپـی ۷۷))، ۵۸-۷۲.
• عباسـی، جـواد و یارمحمـدی، تکتـم (۱۳۹۱). تـأثیر حـملات و حکومت مغـولان در جمعیت خراسـان(-٦۱٦ ۷۳٦ق). تحقیقـات تاریـخ اجتماعي، پژوهشـگاه علوم انسـاني و مطالعـات فرهنگي، سـال دوم، شمارة اول، بهـار و تابسـتان ۹۱، ۱۳۸-۱۱۷.
• عبداللهـی، محمد و حسـین بر، محمـد عثمان (۱۳۸۱). گرایش دانشـجویان بلوچ به هویت ملـی در ایـران. مجلـه جامعه‌شناسـی ایـران، ٤ (٤)، ۱۰۱ ۱۲٦.
• عبداللهـی، محمـد و قـادرزاده، امیـد (۱۳۸۸). هویـت جمعـی غالـب کردهـا در کشـورهای ایـران و عـراق. نامـه علـوم اجتماعـی، ۱۷ (۳٦)، ۱ ۲۵.
• عبداللهـی، محمـد (۱۳۷۵). جامعه‌شناسـی بحـران هویـت: مبانـی عینـی و ذهنـی هویـت جمعـی در ایـران تأثیـر آن بـر دینامیسـم مبادلۀ فرهنگـی ایران بـا جهان. نامـه پژوهـش، ۲ و۳، ۱۳۵ ۱٦۱.
• عبـدی زاده سـارمی، یـزدان و شـاهرخی، سـیدعلاالدین (۱٤۰۰). سـازماندهی اجتماعـی ایـران در عصر پهلـوی دوم بـا تکیـه بـر تصویرپـردازی اسـطوره‌ای آییـن مهـر. مجلـه علمـی و پژوهشـی تاریـخ ایـران.
• عبدی، عباس (۱۳۸۵). فروپاشی اجتماعی؛ ابعاد و احتمالات. مجله آیین، ٦، ۱۵ ۱۸.
• عـرب، لالـه (۱٤۰۱). خیـزش علیـه همـه‌ی تبعیض‌ها . در مجلـه نقد اقتصاد سیاسـی، نشر اینترنتـی.
• عظیمـي کیومـرث؛ چلونگـر، محمـدعلي و منتظرالقائـم، اصغـر (۱۳۹۳). طریقـت هـاي صوفیه، عامل همگرایي کردها به تشیع در کردسـتان از سـال ۹۰۷ تا ۱٤۰۰ ق. پژوهشـهای تاریخی (علمـی- پژوهشـی)، دانشـکده ادبیات و علوم‌انسـانی دانشـگاه اصفهان، سـال پنجاهـم، دورة جدید، سـال ششـم شمارة چهـارم )پیاپـی ٤۲ (، زمسـتان، ۱۱-۲٤.
• عمویی، ابوالفضل (۱۳۸٦). اهمیت احمدی‌نژاد بودن. خردنامه، ٦ (۵۸).
• عیوضـی، یـاور؛ سـیف اللهی، سـیف الـه و سـاروخانی، باقـر (۲۰۲۰). بازنمایی انـواع هویت

قومی در رسانه های قومی (مطالعه موردی: آذربایجان ایران). تغییرات اجتماعی-فرهنگی، ١٧(٢)، ٨٤-١٢٣.

- غازی اوزگونلی، عثمان (١٣٩٦) زبان و ادبیات در دوره سلجوقیان، ترجمه محمد قجقی. فصلنامه اختصاصی مطالعات فرهنگی میرداماد، سال دوم، شماره هشتم، پاییز ١٣٩٦.
- فاضلی، نعمت الله (١٤٠٠). معلم بوم شناختی و دگرخواهی زیست محیطی. نشریه پرسش، دوره جدید، خرداد ١٤٠٠، شماره ٦، ٥٦-٥٩.
- فراستخواه، مقصود (١٣٩٤). چهار سناریوی دینی در ایران آینده. ماهنامه ایران فردا، شماره ١٣، تیر ٩
- فکوهی، ناصر (١٣٨٠). شکل‌گیری هویتی و الگوهای محلی، ملی و جهانی. مجله انجمن جامعه‌شناسی ایران، ٤ (٤)، ١٢٧ ١٦١.
- فولادی، محمد و حسن‌پور، مریم (١٣٩٤). نقش نماد و نمادگرایی در زندگی بشر؛ تحلیلی جامعه‌شناختی. مجله معرفت فرهنگی اجتماعی، ٦ (٤)، ١٣٣ ١٥٢.
- قاسمی، کریم؛ اقارب پرست، محمدرضا و شفیعی، اسماعیل (١٣٩٩). مقایسه مواضع سیاسی دو رویکرد اصول‌گرایی و اصلاح‌طلبی در جمهوری اسلامی ایران. سیاست پژوهی ایرانی (سپهر سیاست سابق)، ٧(٢٥)، ٤٧-٧٦.
- قاسمی، محمدعلی. (١٣٨١). درآمدی بر پیدایش مسائل قومی در جهان سوم. فصلنامه مطالعات راهبردی، ٥(١)، ١٢٣ ١٣٤.
- قاسمیان، محمدرضا؛ موسوی فر، رضیه و ضیایی پرور، حمید. (١٣٩٧). بررسی نقش هالیوود در تشدید ایران هراسی پس از انقلاب اسلامی ایران. مطالعات بین رشته‌ای در رسانه و فرهنگ (رسانه و فرهنگ)، ٨(١ (پیاپی ١٥) )، ١٧٣-١٩٧.
- قانعی‌راد، محمدامین؛ موسوی، سید یعقوب و حمیدیان، اکرم (١٣٨٦). جنسیت و هویت قومی. مجله دانشکده ادبیات و علوم انسانی (دانشگاه خوارزمی)، ١٥ (٥٨ و ٥٩)(ویژه‌نامه علوم اجتماعی٤)، ١٦٧ ١٩٠.
- قریشی، فردین (١٣٨٦). تاملاتی پیرامون اندیشه ورزی معاصر مسلمین: بحران عقلانیت. فصلنامه سیاست (مجله دانشکده حقوق و علوم سیاسی).
- قنبری برزیان، علی و همتی، رضا (١٣٩٤). هویت دینی در جامعه ایرانی: مرور نظام مند مطالعات انجام شده (١٣٨٠-١٣٩٢). جامعه‌شناسی کاربردی (مجله پژوهشی علوم انسانی دانشگاه اصفهان)، ٢٦(٣) پیاپی ٥٩) )، ٠-٠.
- قهرمانپور، رحمان (١٣٨٥). سیاستهای هویتی نخبگان و تأثیر آن بر سیاست خارجی در کشورهای خاورمیانه مطالعه موردی ایران، ترکیه، مصر و اسرائیل. رساله دکتری رشته علوم سیاسی، دانشکده علوم اقتصادی و سیاسی، دانشگاه شهید بهشتی.

- قهرمانپور، رحمان (۱۳۹۲). امنیت فصل مشترک سیاستهای هویتی و روندهای هویتی اجتماعی. پژوهشنامه هویت اجتماعی، ش ۲.
- قیم، عبدالنبی (۱۳۸۰). نگاهی جامعه‌شناختی به زندگی و فرهنگ مردم عرب خوزستان. فصلنامه مطالعات ملی، ۲ (۷)، ۱۵ ۲۲٦.
- کالوه، لویی‌ژان (۱۳۷۹). زبان‌ها، ستیز یا همزیستی. مجله پیام یونسکو، ۳۵۹.
- کریمی پور، یداله و کریمی پور، کوثر (۱۳۸٤). عرب های خوزستان: واگرایی و همگرایی. پژوهشهای جغرافیایی، ۳۷(۵۲)، ۱۱۱-۱۲۲.
- کورونگ، شن (۱۳۸۱). دموکراتیک‌سازی مناسبات بین‌المللی. گزارش گفتگو، ۱ (۲)، ۳٦ ٤٤.
- کیانی، وحید و طاهری، محسن (۱٤۰۱). واکاوی دلایل توسعه‌نیافتگی اقتصادی و تأثیر آن بر امنیت جنوب شرق ایران (مطالعه موردی: استان سیستان و بلوچستان). پژوهش های جغرافیای سیاسی, ۷(۱), ۲۸-٤۹.
- کیانی، داود (۱۳۸۰). مقدمه‌ای بر جهانی شدن. مجله اندیشه صادق، ۵، ۲۸ ۳۵.
- گنجی، محمدحسن (بی‌تا). دایرةالمعارف بزرگ اسلامی، ذیل مقالهٔ آذربایجان.
- لهسایی زاده، عبدالعلی؛ مقدس، علی اصغر و تقوی نسب، سیدمجتبی (۱۳۸۸). بررسی عوامل داخلی موثر بر هویت قومی و هویت ملی در میان اعراب شهرستان اهواز. جامعه شناسی کاربردی (مجله پژوهشی علوم انسانی دانشگاه اصفهان)، ۲۰(۱) (پیاپی ۳۳)، ٤۵-۷۰.
- مجله آینده (۱۳۰٤). سال اول، شماره اول.
- مجله خواندنیها (خرداد ۱۳۵٤). ایران در راستای اتحاد. ش ٤۲.
- مجله آینده (۱۳۰٦). سال دوم، شماره هشتم.
- محسنی، رضاعلی (۱۳۸۹). ابعاد و تحلیل حقوق شهروندی؛ راه کارهایی برای تربیت و آموزش حقوق شهروندی. مطالعات سیاسی، ۳(۱۰)، ۱۱۷-۱٤٤.
- محمدی لرد، عبدالمحمود (۱۳۹۳). انتخابات ریاست‌جمهوری یازدهم و ثبات سیاسی جمهوری اسلامی ایران. فصلنامه مطالعات راهبردی، ٦۳، ٦۳ ۸٦.
- محمدیان، رضا؛ تفضلی، حسین و حسینی گلی، سید اسمعیل (۱٤۰۰). بازاندیشی مفهوم توسعه سیاسی در گفتمان اصول‌گرای محمود احمدی‌نژاد. سیاست پژوهی ایرانی (سپهر سیاست سابق).
- مختاری‌هشی، حسین (۱۳۸۵). تحلیل نقش تصمیم‌گیری‌های حکومتی در توسعه سرزمین. پایان نامه کارشناسی ارشد جغرافیای سیاسی، تهران، دانشگاه تربیت مدرس.
- مزداپور، کتایون (۱۳۹۹). زبان پارسی و مردم فارس. پژوهشنامه فرهنگ و زبان های باستانی سال اول پاییز و زمستان ۱۳۹۹ شماره ۱، ۱-۲۰.

- مفتخری حسین (۱۳۹۲). ایران و اسلام؛ هویت ایرانی، میراث اسلامی. جستارهاي تاريخي، پژوهشگاه علوم انساني و مطالعات فرهنگي سال چهارم، شمارة دوم، پاييز و زمستان.
- مقصودی، مجتبی (۱۳۷۸). نظریهٔ استعمار داخلی و توسعهٔ ناموزون در تحلیل منازعات قومی. اطلاعات سیاسی- اقتصادی، ٤ (١٤٩)، ٧٤ ٩١.
- ملکی، بهنام (۱۳۸۸). نخبگان و توسعه. اندیشه انقلاب اسلامی پاییز و زمستان ۱۳۸۳ شماره ۱۱ و ۱۲، ١٤٦-١٥٦.
- منتظرقائم، مهدی (۱۳۸۱). دموکراسی دیجیتالی و حکومت الکترونیکی: سیاست و حکومت در عصر تکنولوژی های اطلاعاتی و ارتباطی. پژوهشنامه علوم اجتماعی، ۱۹، ۲۲۷-۲۵۹.
- میرزایی، حسن و ابوطالبی، مهدی (۱۳۹۳). آسیب‌شناسی مبانی فکری و ایدئولوژیکی جنبش‌های اخیر منطقه خاورمیانه (در یک بررسی تطبیقی با مبانی فکری و ایدئولوژیکی انقلاب اسلامی ایران). پژوهش‌های انقلاب اسلامی، ۳ (۱۱)، ۱۷۳- ۱۹۳.
- میرمحمدی، معصومه سادات (۱۳۹۰). مقایسه صلح پایدار در اندیشه انسان‌محور کانت و صلح عادلانه در اندیشه متفکران شیعی. معرفت ادیان، ۲ (٤)، ١١٧-١٤٦.
- نادریان فر، علی؛ ابطحی، سیدعلیرضا و ترابی فارسانی، سهیلا (۱۳۹۸). بررسی علل و ماهیت شورش‌ها و طغیان‌های خوانین بلوچ در دورۀ رضاشاه. پژوهشنامه تاریخ های محلی ایران, ٧(شماره دوم - پیاپی ١٤ - بهار و تابستان ٩٨), ٢٣١-٢٥٤.
- نجفی، ابوالحسن (۱۳۵۰). وظیفه اصلی زبان ایجاد ارتباط. دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تهران، سال هجدهم اسفند ۱۳۵۰، شماره ۳ (پیاپی ۷۷)، ۸۵-۹٦.
- نظری، علی اشرف (۱۳۹۹). پی‌جویی آینده در گذشته و بازنمایی امر نوستالژیک در ایران معاصر. پژوهشنامه علوم سیاسی، ۱۵(۳)، ۲۰۱-۲۳٦.
- نظری، علی‌اشرف و پیرانی، شهره (١٣٩٦). نظریه هویت اجتماعی و بازنمایی کنش هویتی داعش. فصلنامه مطالعات ملی، ۱۸ (۲)، ۷۷-۹۸.
- نقدی، اسداله؛ احمدی، امید علی و سلطانی عزت، محمود (١٣٩٤). بررسی جامعه‌شناختی میزان همگرایی قومیت‌های (فارس، ترک، لر) استان همدان. تحلیل اجتماعی نظم و نابرابری اجتماعی، ٧(١)، ١٣١-١٥٤.
- نگارش، حسین (۱۳۸۵). جاذبه‌های طبیعی گردشگری (اکوتوریسم) در استان سیستان و بلوچستان. فصلنامه فضای جغرافیایی، ١٦، ٥٣-٨٤.
- نواح، عبدالرضا و تقوی‌نسب، مجتبی (١٣٨٦). تأثیر احساس محرومیت نسبی بر هویت قومی و هویت ملی مطالعه موردی: اعراب استان خوزستان. مجله جامعه‌شناسی ایران، ٨ (٢)، ١٢٢-١٤٠.
- نورعلی‌وند، یاسر (١٣٩٦). تعامل گسترده با جهان؛ ضرورت‌ها و الزامأت. دیده‌بان امنیت ملی، ٦٥، ١٣ -٢٠.

• نوروزی، فرشید؛ خسروبیگی، هوشنگ؛ دهنوی، نظامعلی و علی صوفی، علی رضا (۱۴۰۱). سازماندهی نظام مدیریت تقسیمات کشوری در اوایل دوره پهلوی اول ۱۳۱۶-۱۳۰۴ش. فصلنامه تاریخ نامه ایران بعد از اسلام، ۱۳(۳۲)، ۱۷۳-۱۹۸.
• اله کرمی، آزاده؛ علی آبادی، خدیجه؛ صحرایی، رضامراد و دلاور، علی (۱۳۹۷). آموزش به زبان مادری در نظام آموزش رسمی کشور: فرصت یا تهدید؟. نوآوری های آموزشی، ۱۷(٦٥)، ٤٣-٧٤.
• هاشمی، سیدعلیرضا (۱۳۹۲). طایفه مستقل عرب کُتی بزرگترین گروه عشایری عرب کوچرو در منطقه ورامین تهران». ۳ (۱). پژوهش‌های انسان‌شناسی ایران، ۸۹-۶۹.
• هال، استوارت (۱۳۸۳). بومی و جهانی: جهانی شدن و قومی (ترجمهٔ بهزاد برکت). فصلنامه ارغنون، ش ٢٤، ٢٣٩ ٢٦٢.
• هامونیان، مرتضی (۲۰۲۲). از ناجا تا فراجا؛ ارتقایی برای نهاد سرکوب. ماهنامه خط صلح، شماره ۱۳۷، سپتامبر ۲۰۲۲.
• یزدانی مقدم، سهراب و بیگدلی، فاطمه (۱۳۹۸). حزب رستاخیز از آغاز تا فرجام (۱۳۵۷-۱۳۵۳). تاریخ پژوهی، س ۲۱، ش ۷٦.
• یوسفی، علی (۱۳۸۰). روابط بین قومی و تأثیر آن بر هویت اقوام در ایران. فصلنامه مطالعات ملی، ۲ (۸)، ۱۱-٤۲.
• یوسفی، علی (۱۳۸۰). روابط بین قومی و تأثیر آن بر هویت اقوام در ایران. فصلنامه مطالعات ملی، ۲ (۸)، ۱۱ ٤۲.

## ۳. ڕۆژنامه و بەڵگە

• «مذاکرات جلسه ۸۲ دوره پنجم مجلس شورای ملی ۲٦ عقرب ۱۳۰۳»: نرم افزار مشروح مذاکرات مجلس شورای ملی.
• آرامش به تبریز بازگشت (۲۳ دی ۱۳۵۸). روزنامه اطلاعات، شماره ۱٦۰٤۹.
• آرامیان، راشل (۱۳ مرداد ۱۳۹۲). بررسی کارنامه احمدی‌نژاد در ۸ سال: روزهای سخت شاخص‌های کلان. روزنامه شرق، یکشنبه ۱۳ مرداد ۱۳۹۲، شماره ۱۷۹.
• با حضور وزیر علوم، تحقیقات و فناوری: سند ملی آموزش ۲۰۳۰ ایران رونمایی شد (۲۱ آذر ۱۳۹۵). روزنامه ایران، سال بیست و دوم، شماره ٦۳۷۹.
• بررسي نقش شوراها در مديريت شهري (۲۰فروردین ۱۳۹٦). روزنامه شهروند، شماره ۱۰۹٦.
• برگزیده سخنان و نوشته‌های شاهنشاه آریامهر، (بی تا)، بی‌جا، بی نا.

- بیات، آصف (۲۵ آبان ۱٤۰۰). آصف بیات در گفت‌وگو با «شرق» درباره اعتراضات آبان ۹۸ اعتراض نسلی که نمی‌شناسیم. سال نوزدهم، شماره ٤١٤٥.
- پاینده، مهران؛ خداقلی، عباس و نوذری، حمید (۲۰۰۰). هنوز در برلن قاضی هست، ترور و دادگاه میکونوس. آرشیو اسناد و پژوهش‌های ایران ـ برلن.
- جزییات طرح آشتي ملي ( ۲۱ بهمن ۱۳۹۵). روزنامه اعتماد، شماره ۳۷٤۲-۱۳۹۵ پنج شنبه ۲۱ بهمن.
- حاجی نجاری، عباس (۱۵ مرداد ۱٤۰۰). دولت سیزدهم و مسئولیت تحقق بیانیه گام دوم انقلاب. روزنامه جوان. شماره ٦٢٧٢.
- حجاریان، سعید ( ۳ تیر ۱٤۰۲). اصلاحات و شش احتمال. روزنامه اعتماد، شماره ٥٥١٥.
- حزب توده (۱۳٤۹). برنامه و مرامنامه حزب.
- دانشجویان پیرو خط امام (بی‌تا). اسناد لانه جاسوسی- کردستان. ش ۳۱، بی‌جا، بی‌نا.
- دعوت حجتی کرمانی به «آشتی ملی» (۳ آذر ۱۳۹۸). روزنامه ایران، سال بیست و پنجم، شماره ۷۲۱۱.
- دولت سایه جلیلي تخریب‌گر دولت روحاني (۱۱ دی ۱۳۹۸). روزنامه آرمان ملی، شماره ٦٢٨.
- رمضانی، مهسا ( ۱۷ فروردین ۱۳۹٤). سکانس‌هایی هویت‌ساز:نوستالژی‌های یک جامعه چگونه شکل می‌گیرند؟ در گفتگو با دکتر ناصر فکوهی، روزنامه ایران، سال بیست و یکم، شماره ٥٨٩٧.
- روزنامه اطلاعات (۱۳٥۷/۱۲/۲۱). شماره ۱٥٨٦۰.
- روزنامه تمدن (۱۹ ظفرالمظفر ۱۳۲٥ق). سال اول ، ش ۹.
- روزنامه تمدن (بی‌تا). سال دوم، شماره ۱٤.
- روزنامه شرق (٦ اسفند ۱۳۹٤). سوغاتی احمدی‌نژاد برای اقتصاد ایران. شماره ۲٥۳۰.
- روزنامه شفق سرخ (۱۷ سنبله ۱۳۰۲). سال دوم، شماره ٤۹، ص ٤.
- روزنامه کیهان (۱۳٥٨/۱/۱۱). شماره ۱۰٦۷۱.
- روزنامه کیهان (۱۳٥۷/۱۲/۲). شماره‌های ۱۰٦٤۳.
- روزنامه کیهان (۱۳٥۷/۱۲/۳). شماره‌های ۱۰٦٤٤.
- زارع، اصغر (۳ مهر ۱۳۹۰). گفتگو با صادق زیباکلام: خیلی از ما ایرانی‌ها، نژادپرست هستیم. هفته نامه صبح آزادی، شماره ۱۳.
- ژینا خواهر همه ماست (۲۹ شهریور ۱٤۰۱). روزنامه اعتماد، شماره ٥۳۰٨.

- ساکما، سند شماره ۱۰۲/۲۹۱۰۰۳۵۷۳غ۱آ۲، سخنرانی حسین معتمدین، مورخه ۲۲-۷-۱۳۱۸.
- سردار حاجی زاده در مصاحبه با کیهان: هشدار سردار سلیمانی به روحانی چه بود؟ (۲۲ دی ۱٤۰۰). روزنامه کیهان، سال هشتادم، ش ۲۲۹۳۸.
- عبداللهی، عبدالله (۱۳۹۷/۱/۱۹). نامه احمدی نژادی ها، فروپاشی اجتماعی ایران و پیشگویی های عبدالقادرخان. روزنامۀ رسالت، شمارۀ ۹۱۸۷.
- عبداللهی، علیرضا (۱۱ خرداد ۱۳۹۹). مسأله فصل هفتم منشور ملل متحد و ماده ٤۲، روزنامه ایران. شماره: ۷۳۵۹.
- عبدی، عباس (۲۱ فروردین ۱٤۰۱). جایگاه دین. روزنامه اعتماد، شماره ٥٤٥۸.
- عبدی، عباس (۲٥ اسفند ۱٤۰۰). آغاز قرن ۱٥، ضرورت طرحي نو در انداختن. روزنامه اعتماد، شماره ٥۱۷٤.
- عفو بین‌الملل (۱۳۹۹). ویرانگران انسانیت بازداشتهای گسترده، ناپدیدسازی و شکنجه در پی اعتراضات آبان ۹۸ در ایران. گزارش پی‌دی‌اف.
- عفو بین‌الملل (۲٥ ابان ۱٤۰۰). مشخصات ۳۲۴ نفر از کشته شدگان شناسایی شده اعتراضات آبان ۱۳۹۸. نسخه پی‌دی‌اف.
- فکوهی، ناصر (۹ اردیبهشت ۱۳۹٥). خلاقیت نوستالژیک، ویرانگری گذشته گرایی. روزنامه اعتماد، شماره ۳٥۱٤.
- قانون مجازات اسلامی (۱۱ آبان ۱۳٦۲). ماده ۱۰۲.
- گودرزی، محسن (۲٦ اسفند ۱۳۹٦). ضرورت بازسازی همبستگی اجتماعی: بیکاری، بی‌آبی،گسست اجتماعی. روزنامه اعتماد، شماره ٤۰٥۲.
- مستندات برنامه سوم توسعه (۱۳۷۸).، تهران: سازمان برنامه و بودجه. سازمان برنامه و بودجه (۱۳۷۸) اولین گزارش ملی توسعه انسانی جمهوری اسلامی ایران، مرکز مدارک اقتصادی اجتماعی.
- میرمیری، هاله (۱٦ اردیبهشت ۱۳۹۲). سخنرانی ناصر فکوهی درباره آسیب‌شناسی روشنفکری معاصر ایران: روشنفکر به‌مثابه فرآیند. روزنامه بهار، دوره جدید، شماره ۱۱٥.
- نامه ایران باستان (٦ اسفند ۱۳۱۱). سال اول ، شماره ٥ .
- نامه وزارت امور خارجه به وزارت معارف (۲۴ حوت ۱۳۰۴ شمسی). سازمان اسناد ملی ایران ، سند شماره ٥۷۰۰۳.
- نشست نمایندگان و مسوولان وزارت اطلاعات، اطلاعات سپاه و وزارت کشور ( ٥ آذر ۱۳۹۸). روزنامه اعتماد ، شماره ٤٥۲۰.

## ٤. پێگەی زانستی و هەواڵنێری


- ١٠ نقد علمی به سند ٢٠٣٠... (٢٤ مهر ١٣٩٩). وبسایت خبرگزاری فارس: www.fna.ir/f053ss
- ٥٠ درصد تعاونی‌های کشور غیرفعال هستند (٢٩ مهر ١٣٩٨). خبرگزاری تسنیم: www.tn.ai/2124668
- اتابکی، تورج (١٥ دی ١٤٠١). صد روزی که «شعار زن، زندگی، آزادی» ایران را لرزاند. وبسایت بی‌بی‌سی فارسی: www.bbc.com/persian/blog-viewpoints-64160746
- اتهاماتی که محمود احمدی‌نژاد به سپاه پاسداران زد (٧ اردیبهشت ١٤٠٠). وبسایت دنیای اقتصاد: www.donya-e-eqtesad.com/fa/tiny/news-3759593
- احمدی‌نژاد ٣٠ اشکال «ساختاری» و «رفتاری» به قوه قضائیه ایران گرفت (٥ دی ١٣٩٦). وبسایت رادیو فردا: www.radiofarda.com/a/f4_ahmadinejad_text_slam_judiciary_system/28940208.html
- احمدی‌نژاد: سیاستمداران دنیا از من توقع مدیریت جهان را داشتند (٢٩ اردیبهشت ١٣٩٢). سایت فرارو: www.fararu.com/fa/news/150219
- اختلاس‌های مالی در ایران، دانشنامه آزاد ویکی پدیا فارسی: /www.fa.wikipedia.org/wiki اختلاس‌٪E٢٪٨٠٪٨Cهای_مالی_در_ایران/
- ادامه نگرانی از وضعیت آزادی دینی در ایران (٢٤ آبان ١٣٩٨). وبسایت سازمان ماده ١٨: www.articleeighteen.com/fa/news/٧٥١٤/
- از ٢٢٣ حزب، چه تعداد فعال هستند؟ (٢٢ مهر ١٣٩٠). خبرگزاری تحلیلی خبرآنلاین: khabaronline.ir/x3x5b
- از پیشنهاد آیت‌الله منتظری تا حرمت سب صحابه (١٤ دی ١٣٩٣). خبرگزاری کار ایران (ایلنا): www.www.ilna.ir/fa/tiny/news-238802
- اساسنامه سازمان صدا و سیمای جمهوری اسلامی ایران (٢٧ مهر ١٣٦٧). مرکز پژوهش‌های مجلس شورای اسلامی، قوانین و مقررات: www.rc.majlis.ir/fa/law/show/90402
- استان خوزستان، سامانه جامع اطلاعات استانی: www.iran-stvc.ir/ostan-khuzestan/

- اصغرزاده، علیرضا (۲۰۱۱). «نژاد، نژادپرستی و اشکال آن در ایران معاصر»، شماره ۱۳۶۱ مجله شهروند:

www.shahrvand.com/archives/20381

- اصول اساسی استفاده از زور و سلاحهای گرم توسط ماموران نیروی انتظامی (۱۹۹۰) سازمان ملل متحد، مصوب هشتمین کنگره سازمان ملل متحد درباره پیشگیری از جرم و رفتار با متخلفان، هاوانا، کوبا، ۲۷ اوت تا ۷ سپتامبر ۱۹۹۰:

www.unic-ir.org/hr/hr13.pdf

- اعتراض مولوی عبدالحمید به تخریب نمازخانه اهل سنت در تهران (۸ مرداد ۱۳۹٤). وبسایت رادیو فردا:

www.www.radiofarda.com/a/f2-iran-tehran-sunni-mosque-razed-protested-by-abdolhamid-letter/27160772.html

- اعتراضات و ابراز خشم مردم ایران درپی جان باختن مهسا امینی (۲۵ شهریور ۱٤۰۱). ایران اینترنشنال:

www.www.iranintl.com/202209167579

- اعلام رتبه‌بندی سالانه فساد؛ ایران در رده ۱٤٦ جهان (۲۳ ژانویه ۲۰۲۰). یورونیوز فاسی:

www.parsi.euronews.com/2020/01/23/transparency-international-2019-corruption-index-iran-146th

- اعلامیه جهانی حقوق بشر (۱۰ دسامبر ۱۹٤۸). مجمع عمومی سازمان ملل متحد:

www.molsa.gov.af/

- اغتشاشات ۹۸ نه اولین و نه آخرین فتنه (۲ آذر۱۳۹۸). پایگاه خبري_ تحليلي مشرق نیوز:

mshrgh.ir/1012699

- افشاری، علی (۱۸ خرداد ۱۳۹۹). آبان خونین و افت سنگین مشارکت در انتخابات مجلس یازدهم. ایران اینترنشنال:

www.old.iranintl.com/دیدگاه/آبان-خونین-و-افت-سنگین-مشارکت-در-انتخابات-مجلس-یازدهم

- اقتصاد ایران: شکاف عمیق جغرافیایی در توزیع ثروت (۱٤۰۰). داده‌های باز ایران:

www.iranopendata.org/pages/iran-s-economy-a-deep-geographical-gap-in-the-distribution-of-wealth

- اقلیت های قومی و دینی در سال ۱۳۸۷ (۲۰۰۹). بی‌بی‌سی فارسی:
ttps://www.bbc.com/persian/lg/iran/2009/03/090406_minorities_1387
- انتقاد روحانی از مجلس در رابطه با برجام و FATF (۳ مرداد ۱٤۰۰). دویچه‌وله:
www.p.dw.com/p/3y1Uw
- اندیشکده واشینگتن (۲۲ اسفند ۱٤۰۱). آسیب‌شناسی اپوزیسیون ایران؛ نگاهی به کاستی‌ها و راهکارها. ایران‌اینترنشنال:
www.iranintl.com/202302102481
- انقلاب اسلامی و غائله ترکمن صحرا (۱۳۹۲). موسسه مطالعات و پژوهشهای سیاسی:
www.psri.ir/?id=o42vag4iep
- ایران (بی‌تا) ویکی‌پدیا:
www.fa.wikipedia.org/wiki/ایران
- ایران به رتبه ۱٤۸ سقوط کرد (۲٦ آذر ۱۳۹۸). مجمع جهانی اقتصاد گزارش سالانه شکاف جنسیتی را منتشر کرد ، صدای آمریکا:
www.ir.voanews.com/a/gender-equality-global-iran-rank-2019/5209213.html
- ایران تریبونال: دادگاه بین‌المللی مردمی آبان:
www.abantribunal.com/fa/about-us/
- ایران قبل و بعد از انقلاب از نگاه آمار؛ آن‌چه بود، آن‌چه هست ( ۲۲ بهمن ۱۳۹۷). بی‌بی‌سی فارسی:
www.bbc.com/persian/iran-features-47192445
- ایران منتظر تقاضای چین و مغولستان برای ثبت جهانی نوروز است (۲ فروردین ۱۳۹۷). خبرگزاری جمهوری اسلامی (ایرنا ):
www.irna.ir/xjppmt
- آذر، مسعود (۲۰ اردیبهشت ۱٤۰۲). «از «خالص‌سازی» تا «رقابت تصنعی»؛ چه کسانی «توپ جمع کن» انتخابات می‌شوند»، بی‌بی‌سی فارسی:
www.bbc.com/persian/articles/c7211047qe2o
- آذرمند، حمید (۸ فروردین ۱۳۹۹). فهرست چالش‌هایی که اقتصاد ایران را در سال ۹۸ زمین‌گیر کرد! اقتصاد نیوز:
.www.eghtesadnews.com/fa/tiny/news-330295
- احمدی نژاد: قطعنامه کاغذ پاره است (۲۵ اسفند ۱۳۸۵). آرشیو وبسایت خبری تحلیلی الف:
http://old.alef.ir/vdca.enik٤٩n٠e٥k١٤.html?٦٧٣٣

- آغاز نشست امنیتی مونیخ از امروز؛ حضور چهره‌های مخالف جمهوری اسلامی به جای مقامات دولتی ایران (۲۸ بهمن ۱۴۰۱). صدای آمریکا:
  www.ir.voanews.com/a/munich-security-iran/6967098.html
- آمارهای اقتصادی درمورد خوزستان چه می‌گویند؟ (۷ اسفند ۱٤۰۱). سایت فردای اقتصاد:
  www.fardayeeghtesad.com/x8NG
- بادامچی، میثم (۲۵ مهر ۱٤۰۰). اگر «فارس» نگوییم چه بگوییم؟، وبسایت زمانه:
  www.radiozamaneh.com/689569/
- باهنر، محمدرضا (۱۷ مرداد ۱۳۹٦). دولت ۷۰۰ هزار میلیارد بدهکار است. خبرگزاری تسنیم :
  www.tn.ai/1486793
- برایان هوک حمله ایران به تاسیسات نفتی عربستان را «اقدام جنگی» توصیف کرد (۲۳ آذر ۱۳۸۹). صدای آمریکا:
  www.ir.voanews.com/a/us-iran/5205961.html
- بزرگترین رد صلاحیت تاریخ جمهوری اسلامی صورت گرفت ( ۲۱ می ۲۰۱۳). نشریه خبری سیاسی الکترونیک ایران امروز:
  www.iran-emrooz.net/index.php/news2/45634/
- بصیر، زیار (۱٤۰۰). رویکرد مارکسی به مسئله ملی و ناسیونالیسم انضمامی، نشریه اینترنتی کمون:
  www. commune1.org/2021/05/14/رویکرد-مارکسی-به-مسئله-ملی-و-ناسیونالی
- بلوکباشی، علی (۱۳۸۳). بلوچ. دایره المعارف بزرگ اسلامی:
  /www.cgie.org.ir/fa/article/228959
- بوالهری، روزبه (۳ تیر ۱۳۸٦). کارنامه دو ساله احمدی نژاد؛ دولت و آزادی های مدنی. رادیو فردا:
  www.www.radiofarda.com/a/f7_Iran_Ahmadinejad_Political_Revenue/399192.html
- بهرامی کمیل، نظام (۳ تیر ۱۳۹۸). عدالت فرهنگی در حضور، انگاره:
  www.engare.net/cultral-justice/
- بیانیه شماره ۳ ستاد حسن روحانی: حقوق اقوام، ادیان و مذاهب (۱۳ خرداد ۱۳۹۲). پایگاه خبری انتخاب:
  www.www.entekhab.ir/000To8

• بیانیـه گام دوم انـقلاب خطـاب بـه ملـت ایـران (١٣٩٧). دفتر حفـظ و نشر آثـار آیـت اللـه خامنـه‌ای:

www.khl.ink/f/41673

• بیانیـه وزارت علـوم در خصـوص چارچوب اقـدام آموزش ٢٠٣٠ (١٠ خـرداد ٩٦). خبرگزاری جمهـوری اسلامـی ایـران:

www.irna.ir/xjkGPD

• بیـش از یـک میلیـون اهل سـنت در تهـران زندگـی می‌کننـد (٢٠١٣). پایگاه اطلاع رسـانی سـنی آنلایـن:

www.sunnionline.us/farsi/2013/07/894

• بیگدلـی، علـی (٧ اسـفند ١٣٨٥). اندیشـه‌هاي ميليتاريسـتي در دوره پهلوي اول (قسـمت اول)، فـارس نیـوز:

http://fna.ir/

• بیگدلی، علی (١٣٨٥). اندیشه‌های میلیتاریستی در دوره پهلوی اول (قسمت اول):

www.farsnews.com/news/8512070023

• پارسـانژاد، امیـد (٨ خـرداد ١٣٩٦). مهندسـی آرا از ٨٨ تـا ٩٦؛ تاریخچـه یـک اصـطلاح سیاسـی. بی‌بی‌سـی فارسـی:

www.www.bbc.com/persian/iran-features-40083088

• پیـام کنگره سـوم حزب چپ ایـران به ملیت‌ها و اقوام مختلف کشـورمان! (٢٤ ژوئن ٢٠٢٣). تارنمـای به‌پیش:

www.bepish.org/fa/node/9448

• پیل‌تـن، پارسـا (٣١ شـهریور ١٣٨٨). گاهـشمار صـد روز اعتراضـات انتخاباتـی در ایـران، وبسـایت بی‌بی‌سـی فارسـی:

www.www.bbc.com/persian/lg/iran/2009/09/090920_bd_pp_ir88_timeline_election

• پیوندی، سعید (١٣٨٩). ایران و مسئله‌ای به نام زبان مادری. رادیو فردا:

www.radiofarda.com

• تخریـب نمازخانـه اهل‌سـنت در تهران (٧ مرداد ١٣٩٤). سـنی آنلاین: پایگاه رسـمی اطلاع رسـانی اهل سـنت ایـران:

www.sunnionline.us/farsi/2015/07/3914

• تشریـح جزئیـات طرح «آشـتی ملی» خاتمی از سـوی مصطفـی تـاجزاده (٢٠ بهمن ١٣٩٥)، خبرگـزاری کار ایـران (ایلنـا):

.www.ilna.ir/fa/tiny/news-457220

- تشکیل حزب چپ ایران (۱۲ فروردین ۱۳۹۷). رادیو زمانه:
www.www.radiozamaneh.com/388796
- التهـاب در شـهرهای کردنشـین؛ حمایـت از مهابـاد در چنـد شـهر ایـران (۲۹ آبـان ۱٤٠۱). دویچـه ولـه:
www.p.dw.com/p/4Jo50
- جعفـری، محمـد (٥ فروردیـن ۱٤٠۲). مقصـود فراسـتخواه در گفت‌وگـو با شرق: بـرای آینده و ثبـات ایـن جامعـه نگرانـم. وبسـایت شـبکه شرق:
www.sharghdaily.com/fa/tiny/news-873486
- جغرافیای استان ( ۲۹ مهر ۱۳۹۹). پرتال رسمی استان سیستان و بلوچستان:
www.www.sbportal.ir/fa/جغرافیای استان
- جمـع بنـدی از اعتراضـات خونیـن آبـان ۹۸ (۱۲ آذر ۱۳۹۸). خبرگـزاری مجموعـه فعـالان حقـوق بشر در ایـران (هرانـا):
www.hra-news.org/?p=222327
- جمهـوری اسلامـی از کمیسـیون مقام زن سـازمان ملل متحـد اخراج شـد، (۲۳ آذر ۱٤٠۱)، دویچـه ولـه:
www.p.dw.com/p/4KwK1
- جـو امنیتـی در شـهرهای کردنشـین: ۱۸۲ نفـر طـی یـک ماه «بازداشـت یـا ربوده» شـده‌اند (۱۳ بهمـن ۱٤٠۱). صـدای آمریـکا:
www.ir.voanews.com/a/iran-kurdistan-182-citizens-arrested-in-a-month/6944949.html
- چگونـه هشـتگ ۳٠٠ میلیونـی «مهسـا امینـی» رکـورد توئیتر فارسـی را شکسـت؟ (٤ آبـان ۱٤٠۱). خبرگـزاری جمهـوری اسلامـی ایـران:
www.irna.ir/xjKNDz
- حـاج محمـدی، محسـن (۹ دی ۱۳۹۷). بررسـی جایـگاه تعـاون در اسلام و نقـاط قـوت و ضعـف آن درایـران، پایـگاه خبری اتـاق تعـاون ایـران:
www.iccnews.ir/?p=20845
- حجاب اجباری؛ ضربه بر گرده گردشگری با پلمب واحدهای صنفی (۱۲ شـهریور ۱٤٠۲). وبسـایت دویچـه ولـه:
www.p.dw.com/p/4Vte
- حـداد عـادل: سکولاریسـم را مهم‌تریـن چالـش نظـری و عملی در برابـر انقلاب مـی دانم (٥ شـهریور ۱٤٠۲). خبرگـزاری مهـر:
www.mehrnews.com/x32Vz9

• حسن روحانی (۱ خرداد ۱۳۹٦). روحانی: از دروغ پردازی علیه ۲۰۳۰ نمیگذرم/ به رهبری گزارش کذب دادند/ به طلاب علیه دولت،بلندگو دادند/، خبرگزاری تحلیلی خبر آنلاین:
www. khabaronline.ir/x٧Hsk

• حسینی، کیوان (۹ آذر ۱۳۹۴). «آنها که ماندند آن سوی ارس، آن‌ها که ماندند این سوی ارس». رادیو فردا:
www.radiofarda.com/a/fk-fergheh-e01/27398696.html

• حکیم شفایی، هادی (١٤٠٠). شریعتی و ایدئولوژی. سایت خبری تحلیلی زیتون:
www.zeitoons.com/88872

• حمزه، نوری (۲۰۱۲). شمه‌ای از جنبش سیاسی ملت عرب. وبسایت کُردپا:
www.kurdpa.net/fa/news شمه-ای-از-جنبش-سیاسی-ملت-عرب

• حیات‌نیا، علی (۲۲ خرداد ١٤٠١). توسعه مناطق کردنشین ایران و لزوم تشکیل نظام غیرمتمرکز اقتصادی. خبرگزاری کُردپرس:
www.kurdpress.com/xjb5

• خاتمی، محمد (۱۵ آذر ١٤٠١). شعار زیبای «زن زندگی آزادی» حرکت جامعه به سوی آینده بهتر را نشان می‌دهد. وبسایت رادیو فردا:
www.radiofarda.com/a/32163953.html

• خاتمی، محمد (١٦بهمن ١٤٠١). برای اصلاحات نیازی به تغییر قانون اساسی نیست، مردم حق دارند نومید شوند. وبسایت بی‌بی‌سی فارسی:
www.bbc.com/persian/articles/c1dpl4ve38go

• خامنه‌ای، سیدعلی (۲۵ خرداد ۱۳۸۸). خطبه‌های نماز جمعه، پایگاه اطلاع‌رسانی دفتر حفظ و نشر آثار سیدعلی خامنه‌ای:
www.khl.ink/f/7190

• خامنه‌ای، علی (۱۷ اردیبهشت ۱۳۹٦). ۱۰ تذکر رهبر انقلاب درباره مسائل معلمان و آموزش و پرورش، دفتر حفظ و نشر آثار آیت الله خامنه‌ای:
www.khl.ink/f/36428

• خروج بریتانیا از اتحادیه اروپا؛ نه نفر از اعضای دولت سایه حزب کارگر استعفا کردند (٦ تیر ۱۳۹۵). وبسایت بی‌بی‌سی فارسی:
www.bbc.com/persian/world/2016/06/160626_l30_uk_eu_briexit_labor_sahdow_minister_resings_bbc_learns

- خزائلی، معین (۱۰ اردیبهشت ۱۳۹۰). «توقیف فله‌ای مطبوعات» در سال ۱۳۷۹: آغاز یا ادامه روند سرکوب؟. وبسایت رادیو زمانه:
  .www.radiozamaneh.com/443786/
- خط فقر در سیستان‌وبلوچستان بیداد می‌کند (۱۲ مرداد ۱۳۹۹). نسیم آنلاین:
  www.nasim.news/fa/tiny/news-2358942
- خلاصه رای دادگاه بین‌المللی مردمی آبان (September ۲۰۲۲) وبسایت رسمی دادگاه بین‌المللی مردمی آبان:
  www.abantribunal.com/fa/1401/06/31/summary-of-judgement/
- دبیرزاده، شهریار (۱۷ مرداد ۱۳۹۶). در اهمیت تعاون، پایگاه خبری_ تحلیلی تعاون آنلاین:
  /http://taavononline.ir /در-اهمیت-تعاون/
- درآمدی بر مفهوم عدالت سیاسی (٦ تیر ١٣٩٤). مرکز پژوهش‌های مجلس شورای اسلامی:
  www.rc.majlis.ir/fa/news/show/931204
- درباره ساختار و بودجه دستگاه سرکوب در ایران چه می‌دانیم؟ (۲۷ آبان ۱٤۰۱). پایگاه داده باز ایران:
  www.iranopendata.org/pages/repression-apparatus
- درویش‌پور، مهرداد (۳۰ تیر ۱٤۰۲). آسیب شناسی جنبش «زن، زندگی آزادی» و ظرفیت‌های ناشناخته آن. بی‌بی‌سی فارسی:
  www.bbc.com/persian/articles/cgl8d6zv4ndo
- دعوت موسوی برای راهپیمایی در روز دوشنبه ( ۲۵ خرداد ۱۳۸۸). بی‌بی‌سی فارسی:
  www.bbc.com/persian/iran/2009/06/090614_bd_ir88_mousavi_phone_statement
- دلاوری، ابوالفضل (۱٤۰۲). تحلیل چندلایه‌ای اعتراضات اخیر و چشم‌اندازهای آینده. وبسایت انجمن جامعه‌شناسی ایران:
  http://www.isa.org.ir/
- دیدگاه های محمود احمدی نژاد، رییس جمهور ایران (۲٦ ژوئن ۲۰۰۵)، بی‌بی‌سی فارسی:
  www.www.bbc.com/persian/business/story/2005/06/050626_ra-ahmadi-views
- رتبه‌بندی تعداد سالن‌ها و تماشاگران سینماهای استان‌های کشور (۷ تیر ۱٤۰۱). مرکز رصد فرهنگی کشور:
  www.ricac.ac.ir/news

- رحیم‌پور ازغدی، حسن ( ۵ مهر ۱۳۹۹). ۲۰۳۰، سند توسعه یا سند بردگی؟. وبسایت حسن رحیم‌پور ازغدی:

www.rahimpour.ir/fa/news-details/66395

- رسام، حسین؛ وکیل، صنم و روستائی، فواد (۲۵ خرداد ۱٤۰۰). دولت پنهانِ ایران، دوماهنامه میهن:

www.mihan.net/1400/03/25/3209

- رفتار دوگانه "کمیته فیلترینگ" با سایتهای اهل سنّت (۱۳۹۱). پایگاه رسمی اطلاع رسانی اهل سنت ایران:

www.sunnionline.us/farsi/2013/09/1320/amp

- رنکینگ اقتصادی استان‌ها (۲۳ شهریور ۱۳۹۹). وبسایت روزنامه دنیای اقتصاد:

\ www.donya-e-:eqtesad.com/fa/tiny/news٣٦٩١٥٣٣-

- روحانی: فرصت دستیابی به توافق را از دولت دوازدهم گرفتند (۲۳ تیر ۱٤۰۰). خبرگزاری جمهوری اسلامی ایران:

.www.irna.ir/news/84403481

- روحانی، حسن (چهارشنبه ۱۱ فروردین ۱٤۰۰). حسن روحانی: بار دیگر تاکید می کنم، راه حل مشکلات پیچیده در این کشور فقط اصل ۵۹ قانون اساسی است. پایگاه اطلاع رسانی ریاست جمهوری اسلامی ایران:

www.president.ir/fa/120447

- رهبر ایران: آشتی ملی معنی ندارد (۲۰۱۷/۰۲/۱۵). یورونیوز فارسی:

www.parsi.euronews.com/2017/02/15/iran-khamenei-no-mean-for-national-reconciliation

- رييس بنياد ملي نخبگان: دفاتر استاني بنياد از مهاجرت داخلي نخبگان جلوگيري مي‌كنند، ( ۲۵ دی ۱۳۸۹) خبرگزاری دانشجویان ایران، ایسنا:

www.isna.ir/xjr٩h

- زارعی، اشکان (۱۳۹۷). نشست انجمن تاریانا درباره جایگاه زبان فارسی در هویت ملی، سایت خورنا:

www.khoorna.com/134998

- زریاب خویی، عباس و گنجی، محمدحسن (۱۳۹۸). آذربایجان. دایره المعارف بزرگ اسلامی:

www.cgie.org.ir/fa/article/246123

- زیباکلام، صادق (۱۷ بهمن ۱۴۰۲)، ایران، خاورمیانه و تندروها؛ چه در انتظار است؟. گفتگو با پایگاه خبری آفتاب:

www.aftabnews.ir/003jkq

- زیباکلام، صادق (۱۱ فروردین ۱۴۰۲). جنبش زن، زندگی، آزادی تکان محکمی به تندروها داد/ اعتقادی به براندازی ندارم. دنیای اقتصاد:

www.donya-e-eqtesad.com/fa/tiny/news-3955323

- ژیژک، اسلاوی (۱۶ مهر ۱۴۰۱). زن، زندگی، آزادی و چپ، مقاله ای از اسلاوی ژیژک. سایت سیاسی خبری اخبار روز:

www.akhbar-rooz.com/172521/1401/07/16/

- سازمان دیدبان حقوق بشر: محدودیتهای عبادت را برای اهل سنت برطرف کنید (۱۸ آبان ۱۳۹۲). بنیاد عبدالرحمن برومند

www.iranrights.org/fa/library/document/۲٤۷۷/lift-restrictions-on-sunni-worship

- سازمان ملل متحد (۱۹۹۲). اعلامیه حقوق اشخاص متعلق به اقلیت های ملی یا قومی، مذهبی و زبانی:

www.ohchr.org/en/instruments-mechanisms/instruments/declaration-rights-persons-belonging-national-or-ethnic

- سازمان‌های حقوق بشری: حدود ۵۰ معترض طی یک هفته در کردستان، کرمانشاه و آذربایجان‌غربی کشته شدند (۳۰ آبان ۱۴۰۱). صدای آمریکا:

www.ir.voanews.com/a/iran-kurdistan-protests/6843762.html

- سال ۱۳۸۸، سیاه‌ترین سال مطبوعات (۲۰ اسفند ۱۳۸۸). دویچه‌وله:

www.p.dw.com/p/MPQd

- سجادی، بختیار (بی‌تا) تاریخچه گروه زبان و ادبیات کُردی دانشگاه کُردستان، وبسایت دانشگاه کُردستان:

www.uok.ac.ir/web/faculties-literature/kurdish-department/kurdi-history

- سرداری، محمدرضا (۲٤ اردیبهشت ۱۴۰۱). «شورش گرسنگان»؛ توهین به مردم یا هشدار به نخبگان. سایت زیتون:

www.zeitoons.com/100142

- سرکوهی، فرج (۲۰۲۲). نقدی بر ذهنیت ایرانی. وبسایت همبستگی:

www.hambastegi.de/فرج-سرکوهی؛-روزنامه-نگار-و-منتقد-ادبین/

- سکوت سرشار از ناگفته‌ها بود، (۲۵ خرداد ۸۸). وبسایت زیتون:

www.zeitoons.com/77197

- سلامی، سعید (۱ خرداد ماه ۱۴۰۲). راست افراطی و رضا پهلوی. وبسایت ایران امروز: www.iran-emrooz.net/index.php/politic/more/108172/
- سلحشوری، پروانه (١٤ شهریور ١٣٩٧). نماینده مجلس در گفتگو با ایرنا: ۴۰۰ هزار نفر از خوزستان به شهرهای شمالی مهاجرت کردند. خبرگزاری جمهوری اسلامی (ایرنا): www.www.irna.ir/news/83023189/400
- السلمی، محمد (١٣٩٩). سایه خودبرتربینی نژادی بر سیاست ایران در قبال اعراب. ایندیپندنت فارسی: www.independentpersian.com/node/79826
- سلیمان‌پور، حسین (٢٣ اسفند١٤٠١). آیا واقعا اهل‌سنت در تهران مسجد دارند؟!. سنی آنلاین: www.sunnionline.us/farsi/2023/03/26568
- سمرقندی، شهرزاد (٢٩ اسفند ١٣٩٣). هم‌زیستی‌های نوروزی: از نقشه نوروزستان تا هشتگ نوروزگان. رادیوزمانه: www.radiozamaneh.com/209853
- سهرابی، پیام (٢٧ بهمن ١٣٩٥). چند نکته در باب طرح آشتی ملی. وبسایت زیتون: www.zeitoons.com/26286
- سیف الدینی، سالار (١٣٩١). از باستان‌گرایی تا ناسیونالیسم. روزنامه بهار، دی ١٣٩١: www.seyfodini.blogsky.com/1391/11/07/post-48/
- سیمای عمومی استان (١٣٩٩). پرتال رسمی استان سیستان و بلوچستان: www.www.sbportal.ir/fa
- شجاعی، میترا (٢٤ خرداد ١٣٩٧). زیباکلام: علیرغم همه شرمندگی‌ها چاره‌ای جز اصلاح‌طلبی نداریم. دویچه وله: www.p.dw.com/p/2zXbf
- شعارهای آبان ۹۸؛ معترضان اصل حکومت را نشانه رفتند (٢٧ آبان ١٣٩٨). رادیو فردا: www.radiofarda.com/a/protesters-demands-on-recent-protests/٣٠٢٧٦٦٣٦.html
- شورای عالی انقلاب فرهنگی (٨ آبان ١٣٨٦). اساسنامه شورای برنامه ریزی مدارس علوم دینی اهل سنت کشور. مرکز پژوهش‌های مجلس شورای اسلامی: www.rc.majlis.ir/fa/law/show/135106
- شورای عالی انقلاب فرهنگی (١٣٧١). اصول سیاست فرهنگی کشور: www.rc.majlis.ir/fa/law/show/100172

• شهبازی، شاهپور (۲۳ آبان ۱٤۰۲). آبان ۹۸: لوکوموتیو انقلاب به حرکت درآمد. رادیو زمانه:

www.radiozamaneh.com/789232/

• شیرمحمدی، طاهر (۱۷ اردیبهشت ۱۳۸۹). خطر تعطیلی روزنامه‌های قومی در ایران. دویچه وله:

www.p.dw.com/p/NJ0u

• صالحی، علی‌اکبر (۳ آذر ۱٤۰۲). صالحی: جوانان خود را داریم از دست می دهیم/ دین در ذهن آنها «دین گریزی» است. عصر ایران:

www.asriran.com/003rQG

• صنعتی، محمد (۱۳۹۱). هویت ایرانی و حافظه تاریخی ما. فرهنگ و روان‌کاوی:

www.mohammadsanati.net/2013/t/culture/766

• صیفی‌کاران، فرزاد (۳۰ آبان ۱٤۰۱). گزارش میدانی از جوانرود: «میدان فلسطین قتلگاه بود». رادیو زمانه:

www.radiozamaneh.com/742245/

• طالعی، عزیز (۱ خرداد ۱۳۹۰). «حدود و ثغور آذربایجان در دوره اسلامی». ایران بوم:

www.iranboom.ir/tarikh/tarikhe-eslami/2314-hodod-soghor-azarbaijan-dore-eslami.html

• طائب، حسین (۲۲ اردیبهشت ۱٤۰۲). حسین طائب، مشاور عالی فرمانده سپاه: محاکمه حسن روحانی دیر و زود دارد، اما سوخت و سوز ندارد. اعتماد آنلاین:

www.etemadonline.com/tiny/news-612352

• ظریف، محمدجواد (۲۰ تیر ۱٤۰۰). بیست و دومین گزارش سه ماهه برجام به مجلس شورای اسلامی. وزارت امور خارجه جمهوری اسلامی ایران:

www.mfa.gov.ir/files/mfa/PDF/210711-MJZ-22nd%20Majlis%20Report-Full%20CD.pdf

• عابدی، پیام (۱۹ بهمن ۱۳۹٦). یک استاد دانشگاه در گفت‌وگو با ایلنا: تعاونی‌ها مردم را از حاشیه به متن می‌آورند.... خبرگزاری کار ایران:

www.ilna.ir/fa/tiny/news-591554

• عباسی توللی، جواد (۲٦ شهریور ۱٤۰۲). نابرابری جنسیتی در بازار کار و شرایط دشوار زنان در ایران. دویچه وله:

www.p.dw.com/p/٤WRNm

- عبدل، حسن (٧ فروردین ١٣٩٨). رفاه اجتماعی. پایگاه خبری سیاسی نیوز:
www.siyasinews.ir /رفاه-اجتماعی/
- عبدیان، کریم (بی تا). اعراب ایران شهروندان درجه سه به‌حساب می‌آیند. ایران امروز:
www.iran-emrooz.net/index.php/politic/more/51074/
- عرب باغی، محسن (٢٢ مرداد ١٣٩٣). ارس دومین منطقه آزاد کشور پس از کیش است. خبرگزاری مهر:
www.mehrnews.com/xqYqx
- عزیزی بنی طرف، یوسف (١٤ سپتامبر ٢٠١٢). سخنرانی در پارلمان فرانسه. ایران گلوبال:
www.iranglobal.info/node/10996
- عزیزی، ستار (بی‌تا). حقوق فرهنگی اقوام در منشور حقوق شهروندی. هفته نامه صوراسرافیل:
www.sooreisrafil.com/print?id حقوق_فرهنگی_اقوام_در_منشور_حقوق_شهروندی
- عشایر کشور به سلاح‌های تولید داخل مجهز می‌شوند (٢١ خرداد ١٣٩٦). وبسایت سازمان امور عشایر ایران:
www.ashayer.ir/index.aspx?pageid=126&newsview=4481
- علل فردگرایی در ایران... (٢ اردیبهشت ١٣٩٢). خبرگزاری تسنیم:
www.tn.ai/45325
- علوی، شاهد (١٧ شهریور ١٣٩٥). ارومیه؛ قدرت گرفتن هویت طلبان تُرک یا تشدید شکاف‌های مذهبی؟. بی‌بی‌سی فارسی:
www.bbc.com/persian/blogs/2016/09/160905_l44_nazeran_urmia_ghazipour_turk_kurd
- علوی، شاهد (٧ مهر ١٣٩٧). اکثریت در ایران؛ ملی یا اتنیکی؟. بی‌بی‌سی فارسی:
www.bbc.com/persian/blog-viewpoints-45692851
- علی لاریجانی رد صلاحیت شد (١٤٠٠). خبرگزاری ایمنا:
/www.imna.ir/tag علی+لاریجانی+رد+صلاحیت+شد
- علیمرادی بئوار الیما، نوری (٢٠١٧). فارس یا تاجیک؟. پایگاه خبری آراز نیوز:
www.araznews.org/fa/?p=39805
- عمرانیان، پارسا (١٤٠١). تصحیح یک نقل قول. سایت ویرگول:
www.vrgl.ir/XsR6f

- غلامرضا کاشی، محمدجواد (٤ دی ١٤٠١). ملی گرایی که در پیش است. دیپلماسی ایرانی:

/www.irdiplomacy.ir/fa/news/2016611 ملی-گرایی-که-در-پیش-است

- غنی‌نژاد، موسی (١ اسفند ١٤٠٢). سرطان اقتصاد ما این است که «آزادی» وجود ندارد. پایگاه اطلاع رسانی و خبری جماران:

www.jamaran.news/fa/tiny/news-1624005

- فاضلی، محمد (٦ مهر ١٤٠١). ایران به شدت بالغ شده است. سایت خبری تحلیلی عصر ایران:

as www.riran.com/003bf0

- فایل صوتی ظریف؛ قاسم سلیمانی مانع دیپلماسی بود (٥ اردیبهشت ١٤٠٠). سایت رادیو فردا:

www.radiofarda.com/a/iran-zarif-qassem-soleimani-attack/31222159.html

- فردبابلی، حسن (٣٠ بهمن ١٣٩٧). نوشتاری جامعه شناسانه پیرامون دو مبحث قومیت و ملیت؛ قومیت-ملیت (بخش سوم). خبرگزاری خورنا:

www.khoorna.com/134921

- فرهنگ واژه یاب. مدخل فارس:

/www.vajehyab.comفارس

- فرید، ناهید (٢٤ دلو ١٣٩١). دولت پنهان. سایت ٨ صبح:

www.web.archive.org/web/20130522013218/http://8am.af/1391/11/24/government-nahid-farid/

- قاضی، فرشته (٩ آبان ١٣٩٥). سنی‌های ایران و مشکل احداث مسجد. بی‌بی‌سی فارسی:

www.bbc.com/persian/iran-features-37817273

- قانون انتشار و دسترسی آزاد به اطلاعات (٦ بهمن ١٣٨٧). مصوبات مجلس شورا، قانون انتشار و دسترسی آزاد به اطلاعات، ماده ٢. مرکز پژوهش‌های مجلس شورای اسلامی:

www.rc.majlis.ir/fa/law/show/780303

- قانون برنامه هفت‌ساله دوم عمراني کشور، (مصوب١٣٣٤,١٢,٠٨):

www.qavanin.ir/Law/TreeText/114567

- قانون جرائم رایانه‌ای، مرکز پژوهش‌های مجلس شورای اسلامی (٥ خرداد ١٣٨٨). مصوبات مجلس شورا:

www.rc.majlis.ir/fa/law/show/135717

- قانـون متحدالشـکل نمـودن البسـه اتبـاع ایـران در داخلـه مملکـت (٦ دی ١٣٠٧). سـایت مرکـز پژوهش‌هـای مجلـس شـورای اسلامـی:
www.rc.majlis.ir/fa/law/show/91874
- قانـون مطبوعـات و رسـانه‌ها، وزارت فرهنـگ و ارشـاد اسلامـی (بی‌تا) معاونت امور رسـانه‌ای و تبلیغـات:
www.press.farhang.gov.ir/fa/rules/laws2
- قانـون ممنوعیـت بکارگیـری تجهیـزات دریافـت از ماهـواره (١٣ بهمـن ١٣٧٣). مصوبـات مجلـس شـورا، مرکـز پژوهش‌هـای مجلـس شـورای اسلامـی:
www.rc.majlis.ir/fa/law/show/92510
- قبـادی، پرهـام ( ٦ اسـفند ١٣٩٩). نقـش سـوخت بـری در معیشـت مـرز نشـینان اسـتان سیسـتان و بلوچسـتان ایـران. بی‌بی‌سـی فارسـی:
www.bbc.com/persian/iran-56174818
- قربانـی، سـوران (٢٢ مهـر ١٤٠١). ژن، ژیـان، آزادی: از مـردی تنهـا در سـلول انفـرادی تـا خیابان‌هـای ایـران. بی‌بی‌سـی فارسـی:
www.bbc.com/persian/articles/cqq6yev5kxwo
- كاكايي، سیامک (٣ اردیبهشت ١٣٩٠). رادیو كردي ؛ صدايي ٦٥ ساله، جام‌جم آنلاین:
www.jamejamonline.ir/fa/news/398320
- کردستان؛ نگین معدنی ایران (١٦ اسفند ١٤٠٢). روزنامه دنیای اقتصاد:
www.donya-e-eqtesad.com/fa/tiny/news-3949992
- کریمـی، نـیما ( ٢٥ آبـان ١٣٩٩). آبـان ٩٨؛ روزشمار واکنش‌هـای جهانـی بـه اعتراض‌هـا. بی‌بی‌سـی فارسـی:
www.bbc.com/persian/iran-features-54872846
- کشاورز، بهمن (٢١ آذر ١٣٩٦). حقوق اقلیت‌ها و اقوام در قانون اساسی. روزنامه شرق:
www.sharghdaily.com/fa/tiny/news-698026
- گردهمایـی بـزرگ کشـورهای عـرب در مکـه: اجماع علیـه ایـران (٣١ مـه ٢٠١٩). رادیـو فرانسـه:
www.rfi.fr/fa/-2019053-گردهمایی-بزرگ-کشورهای-عرب-در-مکه-اجماع-علیه-ایران
- گـروه داده‌کاوی رادیـو فـردا (١ دی ١٤٠٢). از «فلاکت‌بارتریـن» وضعیـت ایـران در سـه دهۀ اخیـر چـه می‌دانیـم؟. رادیـو فـردا:
www.radiofarda.com/a/iran-s-misery-index-hits-highest-ever-as-inflation-soars/32743033.html

- گروه زبان و ادبیات تُرکی دانشگاه تبریز:
www.literature.tabrizu.ac.ir/fa/page/۷۸۳٤/گروه-زبان-و-ادبیات-ترکی-آذری/

- گروه زبان و ادبیات کُردی دانشگاه کُردستان (بی‌تا). تاریخچه تاسیس رشته زبان و ادبیات کُردی. دانشگاه کُردستان:
www.old.uok.ac.ir/fa/faculties/literature/departments/kurdish.aspx

- گزارش آزادی مذاهب در جهان، ایران سال ۲۰۲۲ (۲۰۲۲). وزارت خارجه آمریکا:
www.state.gov/گزارش-آزادی-مذاهب-در-جهان،-ایران-سال-2022/#nav__primary-nav

- گزارش سی‌ان‌ان از ابعاد قطع اینترنت در ایران (۲۹ آبان ۱۳۹۸). صدای آمریکا:
www.ir.voanews.com/a/iran-internet-shutdown/5173714.html

- گفت‌وگوی دیدار در برنامه اصل ۲۷ با پژوهشگر و جامعه شناس، قسمت دوم (۱۹ فوریه ۲۰۲٤). یوتیوب دیدارنیوز:
www.youtube.com/watch?v=s2A89xTQkeA

- گفت‌وگویی با مقصود فراستخواه: فردگرایی ایرانی، خودمدار است (۱۳ دی ۱۳۹۵). پایگاه خبری و تحلیلی انصاف:
www.ensafnews.com/48564

- گل، ژیار (۲۵ تیر ۱۳۹۸). صداهای ناشنیده از آخرین لحظات ترور رهبران کرد در وین. بی‌بی‌سی فارسی:
www.bbc.com/persian/iran-features-49007137

- متمم قانون اساسی مشروطه (۱۳۵۸). مرکز پژوهش‌های مجلس شورای اسلامی:
www.rc.majlis.ir/fa/law/show/133414

- محدثی گیلوایی، حسن (۲۵ شهریور ۱٤۰۱). دین‌دارسازی آمرانه و اسلام «تنفیر»، سایت زیتون:
www.zeitoons.com/104943

- محدثی، حسن (بی‌تا). ایدهٔلوژی‌های شکست‌خورده در ایران: ملی‌گرایی، مارکسیسم، و اسلام‌گرایی. سایت شورای مدیریت گذار:
www.iran-tc.com/2023/10/13/ایدهئولوژیهای-شکستخورده-در-ایرا

- محدثی، حسن (بی‌تا). جامعه ایران در حال گذار به دوران پسادینی است. رادیو همبستگی:
www.radiohambastegi.com/ms-music/حسن-محدثی-جامعهشناس-جامعه-ایران-در-ح/

- محمدی، رحیم (۱۳۹۸). زبان چیست؟. سایت جامعه‌شناسان جوان:
www.youngsociologists.com/زبان-چیست؟/

- مدنـی، کاوه (٢١ آبـان ١٣٩٦). دچـار ورشکسـتگی آبـی شـده‌ایم. خبرنـگاری کار ایـران (ایلنـا):

  www.ilna.ir/fa/tiny/news-557366

- مرداپـور، زهـرا (٢ مـرداد ١٣٩٥). زبـان مـادری و نقـش آن در افزایـش میـزان یادگیـری. خبرگـزاری دانشـجویان ایران(ایسـنا):

  www.isna.ir/xdjhCM

- مـردم ایـران در چـه بخشـهایی کار مـی کننـد؟ / صنعتـی تریـن اسـتانها را بشناسـید (٢٣ شـهریور ١٣٩٣). خبرگـزاری تحلیلـی خبرآنلایـن:

  www.khabaronline.ir/x٥cjn

- مرکـز آمـار سـازمان حقـوق بشری کُردپـا (٢٤ آبان ١٣٩٩). اولین سـالگرد آبـان خونین ٩٨ و آنچـه در کردسـتان گذشـت و می‌گـذرد + آمـار، آژانـس خبررسـانی کُردپـا:

  www.kurdpa.net/fa/اولین-سالگرد-ابان-خونین-و-انچه-در-کردستان-گذشت-و-میگذرد-امار/news

- مصوبه لغو اجرای سـند یا بیانیه آموزش ٢٠٣٠ (٢٢ شـهریور ١٤٠٠). پایگاه اطلاع رسـانی قوانیـن و مقـررات کشـور:

  dotic.ir/news/١٠١٥٤/مصوبه-لغو-اجراء-سند-یا-بیانیه-آموزش-٢٠٣٠

- مطلبـی، مسـعود (١٣٩٣) «جغرافیـای سیاسـی اقـوام ایرانـی». مؤسسـه مطالعـات و پژوهش‌هـای سیاسـی:

  www.psri.ir/?id=ktl0gr47

- مقدم‌فـر ، حمیدرضـا (١٣٩٠). ١٣ شـاخص جریـان انحرافـی نزدیـک بـه دولـت، خبرگزاری فـارس:

  www.farsnews.ir/amp/9002210676

- منتظـری، امیـد (٢٦ ابـان ١٣٩٨). اعتراض‌هـای ایـران؛ شمشـیری کـه از رو بسـته شـد. بی‌بی‌سـی فارسـی:

  www.bbc.com/persian/iran-50452217

- منشاء «شعارهای رکیک» کجاست؟ (٢٧ مهر ١٤٠١). خبرگزاری دانشجویان ایران:
  www.isna.ir/xdMBrT

- منشور حقوق شهروندی ( آذر ١٣٩٥). پایگاه اطلاع رسانی ریاست جمهوری:
  www.media.president.ir/uploads/ads/148214204462093500.pdf

- منشور زبان مادری (۱۹۹٦). اعلامیه جهانی حقوق زبانی، بندهای سه گانه، کانون دفاع از حقوق بشر در ایران:
 www.pajohesh.bashariyat.org/?p=3218
- منشور همبستگی جمهوری‌خواهان ایران (۲۰۲۰) وبسایت رسمی همبستگی جمهوری‌خواهان ایران:
 www.iranian-republic.org/fa/man
- مومنی، فرشاد (۷ فروردین ۱٤۰۳). به نام تولید به کام تشدید تمایلات رانت جویانه! به مسئولان کلیدی مملکت هشدار می دهم با این وضع، حکومت زمین گیر می شود. پایگاه اطلاع رسانی و خبری جماران:
 www.jamaran.news/fa/tiny/news-1626411
- مهرابی، احسان ( ۱ دی ۱۳۹۸). جزئیات آماری بازداشت ۸٦۰۰ نفر در اعتراض‌های آبان. رادیو فردا:
 www.radiofarda.com/a/iran_protest_arrest_numbers_aban_uprising/۳۰۳۳۲٦۸۸.html
- مهرابی، احسان (۲٦ شهریور ۱٤۰۱). از ثارالله و جندالله تا گشت ارشاد؛ ابزار ۴۰ سال اعمال حجاب اجباری در ایران. بی‌بی‌سی فارسی:
 www.bbc.com/persipz0o
- میثاق بین‌المللی حقوق مدنی و سیاسی (۱٦ دسامبر ۱۹٦٦) مجمع عمومی سازمان ملل متحد:
 www.iran.un.org/fa/resources/publications
- میرحسین موسوی خواستار برگزاری «همه‌پرسی» و تغییر قانون اساسی شد (۱۵ بهمن ۱٤۰۱). رادیو فردا:
 www.radiofarda.com/a/mirhossein-mousavi-requests-to-hold-a-referendum/۳۲۲۵۵٤۱۱.html
- میلیتاریسم ( ۲ آذر ۱٤۰۱). وبسایت انگاره:
 www.engare.net/militarism/
- نامه سیدمحمد خاتمی به رهبر انقلاب (۵ آذر ۱٤۰۱). سایت روزنامه دنیای اقتصاد:
 www.donya-e-eqtesad.com/fa/tiny/news-3920399
- نبوی، سیدحسین (۱٤۰۱). فردگرایی و جمع‌گرایی در ایران. مرکز رصد فرهنگی کشور:
 www.ircud.ir/nkjnqc

- نتایج سرشماری ایران در سال ۱۳۹۵. ایران دیتا پرتال:
www.irandataportal.syr.edu/wp-content/uploads/Selected-Findings-2016-Census.pdf
- نتایج نهایی دهمین دوره انتخابات ریاست جمهوری (۲۴ خرداد ۱۳۸۸). پرتال وزارت کشور:
www.moi.ir/xKhY/
- ندیمی، فرزین و کلاوسن، پاتریک (۱۸ دسامبر ۲۰۱۸). خشونت در خیزش ایران: اگر یکی از دو طرف خشونت را افزایش دهد، چه خواهد شد؟. انستیتو واشنگتن:
www.washingtoninstitute.org/fa/policy-analysis/khshwnt-dr-khyzsh-ayran-agr-yky-az-dw-trf-khshwnt-ra-afzaysh-dhd-chh-khwahd-shd#main-content
- نشست غیررسمی شورای امنیت سازمان ملل برای بررسی اعتراضات سراسری در ایران (۱۲ آبان۱۴۰۱). رادیو فردا:
www.radiofarda.com/a/iran-s-removal-from-u-n-women-s-rights-commission-discussed/32112805.html
- نظرمحمدی، فاطمه (۱۵ آبان ۱۴۰۰). یک انقراض جهانی!. خبرگزاری دانشجویان ایران:
www.isna.ir/xdKnBP
- نقد پر سرو صداي ملکیان بر دیدگاه سید جواد طباطبایی (۳۱ شهریور۱۳۸٤). وبسایت آفتاب نیوز:
www.aftabnews.ir/0003jq
- نواصری، عبدالرضا (۲۹ مهر ۱۳۹٤). خودشیفتگی تاریخی ایرانیان، فرارو:
www.fararu.com/fa/news/250360
- نیکفر، محمدرضا (۱۱ اردیبهشت ۱۳۹۰): سکولاریزاسیون: رفع تبعیض و انتگراسیون، رادیو زمانه:
www.radiozamaneh.com/33098/
- واحدهای معدنی و صنعتی کردستان در صورت عدم انتقال حساب بانکی به استان خدمات نمی گیرند (۲۸ مرداد ۱۴۰۲). خبرگزاری فارس:
www.fna.ir/3e7vns
- وزارت خارجه آمریکا (۲۲ خرداد ۱۳۹۹). اشاره گزارش سالانه آمریکا به سرکوب شدید اقلیت‌های قومی در اعتراضات آبان. بی‌بی‌سی فارسی:
www.bbc.com/persian/iran-53002918

• وسمقی، صدیقه (١١ شهریور ١٤٠١). از آینده‌ی ایران تا دین‌گریزی ایرانیان. پایگاه خبری و تحلیلی انصاف نیوز:
www.ensafnews.com/367748
• وسمقی، صدیقه (١٥ فروردین ١٤٠٣). اسلام‌پژوه زندانی: جدایی دین از سیاست یک ضرورت است. ایران اینترنشنال:
www.iranintl.com/202404031182
• وضعیت جاده‌های کردستان نامناسب و «قتلگاه انسانی» است (١٣ خرداد ١٣٩٧). قدس آنلاین:
www.qudsonline.ir/x٧٨yN
• ویسی، مراد (١٨ مرداد ١٣٩٧). لایه‌های هفت‌گانه سازمان سرکوب در جمهوری اسلامی. رادیو فردا:
www.radiofarda.com/a/seven-layers-of-suppression-in-Islamic-republic-of-Iran/29421805.html
• هدایتی، محمد (١٣٩٢). تاثیرات مدرنیته و جهانی شدن بر هویت. فرهنگ امروز:
www.farhangemrooz.com/news/4185
• هدف دشمن پیاده سازی جریان سکولاریسم در کشور است (١٥ شهریور١٤٠١). خبرگزاری فارس:
www.fna.ir/1r76hm
• هرچه بیشتر از هیئت نمایندگی خلق کرد پشتیبانی کنیم (آذرماه ١٣٨٥). انتشارات سازمان چریکهای فدایی خلق ایران – شاخه کردستان، آرشیو اسناد اپوزیسیون ایران:
www.iran-archive.com/sites/default/files/2021-08/cherikha-22-bahman-ta-ensheab-tarhe-moshtarake-khodmokhtari.pdf

## ب) ئینگلیزی

### ١. کتێب

• Amuzgar, Gahangir (1991). The Dynamics of the Iranian Revolution. New York: State University of New York.
• Ashcreft, B.; Griffths, G. & Tiffin H. (1998). Key Concepts in post colonial studies. London.

- Avery, P. (1991). «Nadir Shah and the Afsharid Legacy». In Peter Avery, P.; Hambly & , G. & Melville, CH. (Eds.). The Cambridge History of Iran. Vol. 7. Cambridge: Cambridge University Press.
- Barker, C. (2003). Cultural Studies: Theory and Practice. London: Sage Publication.
- Barrington, L. W. (2006). After Independence Making and Protecting the Nations in Postcolonial and Postcommunist States. The University of Michigan Press
- Bauman, Z. (2000). Culture as Praxis. London: Routledge.
- Bauzon, K. E. (1992). Development and Democratization in the Third World: Myths, Hopes, and Realities. New York: Yeshiva University
- Bloomfield, L. (1984). Language, University of Chicago Press.
- Bois, T. (1966). The Kurds, translated from franch by M.W.M.Wella, khayat book, first English edition, Beirut.
- Bourdieu, P. (1990). Structures, habitus, practices. In P. Bourdieu, The logic of practice. CA: Stanford University Press.
- Brown, R. (1996). Social Identity) In A. Kuper and J. Kuper.( The Social Science Encyclopedia, New York: Rouledge.
- Bruinessen, M. (2006). «Chapter 5: A Kurdish warlord on the Turkish-Persian frontier in the early Twentieth century: Isma›il Aqa Simko». In Atabaki, T. (ed.) Iran and the First World War: Battleground of the Great Powers. Library of modern Middle East studies, 43. London; New York: I.B. Tauris.
- Buurih, j. (1997). Culture Identity and immigration. Ethnic and Racial Studies, 21: p. 574 601. Cambridge: Cambridge University Press
- Canfield, R. L) .2002 .(Turko-Persia in Historical Perspective, Cambridge University Press.
- Carvalho, I.; M. Motta & B. Alda. (1994). Gender as a Dimension in the Construction of Collective Subjects. Paper Presented to International Sociological Association (ISA).
- Cashmore, E. (1996). Dictionary of Race and Ethnic Relations. Fourth edition, London: Routledge.
- Castells, M. (2011). The power of identity: The information age: Economy, so-

ciety, and culture (Vol. 2). John Wiley & Sons

- Chaliand, G. (1993). A people without a country: the Kurds and Kurdistan.
- Coleman, P. T. & Bartoli, A. (2003). Addressing extremism. New York: The International Center for Cooperation and Conflict Resolution, Colombia University.
- Craib, I. (1998). Experiencing identity, Sage Publications.
- Croucher, S. L. (2004). Globalization and belonging: The politics of identity in a changing world. Rowman & Littlefield Publishers.
- Daftari, F.; Diba, Layla S. (2013). Iran Modern, Asia Society Museum.
- Edensor, T. (2002). National Identity, Popular Culture and Everyday Life. NewYork: Berg.
- Elfenbein, J. (1989) «Baloci». Compendium Linguarum Iranicarum, ed. R. Schmitt, Wiesbaden.
- Elling, R. C. (2013). Minorities in Iran: Nationalism and Ethnicity after Khomeini, Palgrave Macmillan.

- Entessar, N. (2010). Kurdish Politics in the Middle East. Lanham: Lexington Books.
- Erikson, E. (1994). Identity: Youth and Crisis. New York: Norton & Company
- Feagin, J. R. (1978). Racial and ethnic relations. United State of America: Prentice – Hall.
- Frye, R. N. (1961). «Remarks on Baluchi History», Central Asiatic Journal, Harvard.
- Glazer, N. & Moynihan, D. (Eds). (1975). Ethnicity: Theory and Experience. Cambridge: Harvard University Press.
- Gumperz, John. (1982). Language and Social Identity. Cambridge: Cambridge Uneversity
- Harmatta, J. (1999). in «History of Civilizations of Central Asia», Chapter 14, The Emergence of Indo-Iranians: The Indo Iranian Languages, ed. by A. H. Dani & V.N. Masson
- Hassaniyan, A. (2021). (Kurdish Politics in Iran Crossborder Interactions and Mobilisation since 1947. Cambridge University Press, Cambridge University Press.

- Hechter, M. (1975). Internal Colonialism: The Celtic Fringe in British Nional Development, 1536 1966. London and Henley: Routledge & Kegan Paul.
- Hobsbawm, E. J. (1992). Nations and nationalism since 1780: Programme, myth, reality. Cambridge university press.
- Iraq›s Constitution of 2005» (PDF). Constitute Project.
- Jenkins, R. (2014). Social identity. London: Routeledge
- Johnson, A. (1997). The Blackwell Dictionary of Sociology. Oxford: Blackwell Publishers.
- Kant, Immanuel. (1989). An Answer to the Question: What is Enlightenment? in: Reiss H ,1989, Kant's Political Writing, Cambridge.
- Karimli, O, U. (2000). Theories of nationalism. London: MacMilan.
- Koohi-Kamali, F. (1992). «Nationalism in Iranian Kurdistan». In Kreyenbroek, P. G.; Sperl, S.

- Lambton, A. K. (1977). The tribal resurgence and the decline of the bureaucracy in the eighteenth century,» in Thomas Naff and Roger Owen, Eds, Studies in Eighteenth Century Islamic History. Southern Illinois UP.
- Lauer, H. r. & hauer, C. J. (2002). Social Problems and the Quality of life. New York: McGraw- Hill.
- Laver, M. (1981). The politics of private desires, Penguin Books.
- Malesevic, S. (2004). Sociology of Ethnicity. London: Sage Publication Ltd.
- McDowall, D. (1991). «The Kurds in Iran». The Kurds. London: Minority Rights Group.
- McDowall, D. (2000). A Modern History of the Kurds. London: I.B. Tauris nter, M. M. (1996). A Modern History of the Kurds.
- Muir, R. (1997). Political Geography – A New Introduction. Hong Kong: Mac Millan Press Ltd.
- Nielsen, F. (1985). Toward a theory of ethnic solidarity in modern societies. American Sociological Review, 50(2), 133–149.

- Olson, E. T. (2002). Personal Identity, In the Stanford Encyclopedia of Philosophy (Edward N. Zalta ed.). CA: Stanford University.
- Pastner, S. L. (1984), «Baluch», Muslim Peoples, Westport.
- Perry, J. R. (1979). Karim Khan Zand: A History of Iran, 1747–1779, London: University of Chicago Press.
- Praprotnik, T. (2004). How to Understand Identity in Anonymous Computer-Mediated Communication? Institutum Studiorum Humanitatis.
- Ramezanzade, Abdollah. (1996). Internal and International Dynamics of Ethnic Conflict: the case of Iran. London: Rutledge.
- Robert, Graham. (1980). Iran: The vision of power. New York: sitmarins press.
- Rogan, E. L. (2011). The Arabs: a history .New York, NY.
- Rogowski, R. & Wasserspring, L. (1971) Does Political Modernization Exist? Corporatism in Old and New Societies, Beverly Hills.
- Salzman, P. C. (1992). «Kin and Contract in Baluchi Herding Camps», Baluchistan Monograph, Series II. Naples.
- Joirman, S. F. (2003). Nationalism and political identity. Continuum.
- Smith, A. D. (1986). The ethnic origins of nations. Blackwell.
- Smith, A. D. (1991). National identity. Penguin Books.
- Smith, A. D. (1998). Nationalism and modernism. Routledge.
- Smith, A. D. (2004). The antiquity of nations.
- Smith, A. D. (2009). The ethnic origins of nations. Wiley-Blackwell.
- Solomos, J. (1986). Varieties of Marxist conceptions of race, class and the state: A critical analysis. In J. Rex & D. Mason (Eds.), Theories of race and ethnic relations (pp. 123-148). Cambridge University Press.
- Sultan-Qurraei, H. (2008). Turkmen and Turkaman Sahra. In M. Kamrava & M. Dorraj (Eds.), Iran Today: An Encyclopedia of Life in the Islamic Republic (Vol. 2). Greenwood Press.
- Sykes, P. M. (1941). Exploration in Baluchistan. Journal of the Royal Central Asian Society.
- Tajfel, H. (1972). The context of social psychology: A critical assessment. Oxford University Press.

- Turner, J. H. (1998). The structure of sociological theory (6th ed.). Wadsworth Publishing.
- Umana-Taylor, A. J., Yazedjian, A., & Bámaca-Gómez, M. (2004). Developing the ethnic identity scale using Eriksonian and social identity perspectives. Identity: An international journal of theory and research, 4(1), 9-38.
- Vairi, M. (1993). Iran as imagined nation. Gorgias Press LLC.
- Ward, R. S. (2009). Immortal: A military history of Iran and its armed forces.
- Ward, S. R. (2014). Immortal, Updated Edition: A military history of Iran and its armed forces. Georgetown University Press.
- Weber, M. (1968). Basic sociological terms. In G. Roth & C. Wittich (Eds.), Economy and society. University of California Press.
- Wright, J. (Ed.). (2006). The New York Times Almanac 2002. Routledge.
- Yilmaz, G. (2017). Minority rights in Turkey: A battlefield for Europeanization. Taylor & Francis.
- Zia-Ebrahimi, R. (2016). The emergence of Iranian nationalism: Race and the politics of dislocation. Columbia University Press.


## ٢. وتار و نامەی ئەکادیمی


- Abrahamian, E. (1974). Oriental despotism: The case of Qajar Iran. International Journal of Middle East Studies, 5(1), 3-31.
- Amanolahi, S. (2005). A note on ethnicity and ethnic groups in Iran. Iran and the Caucasus, 1(9), 37-42.
- Arweck, E., & Nesbitt, E. (2010). Young people's identity formation in mixed-faith families: Continuity or discontinuity of religious traditions? Journal of Contemporary Religion, 25, 67-87.
- Bayar, M. (2009). Reconsidering primordialism: An alternative approach to the study of ethnicity. Ethnic and Racial Studies, 32(9), 1639-1657.
- Birch, A. H. (1978). Minority nationalist movements and theories of political integration. World Politics, 30, 325-344.
- Brown, G. K., & Langer, A. (2010). Conceptualizing and measuring ethnicity. Oxford Development Studies, 38(4), 411-436.

- Chaumont, M. L. (1987, December 15). Atropates. Encyclopædia Iranica, 3(1), 17-18.
- Connolly, P., Kelly, B., & Smith, A. (2009, June). Ethnic habitus and young children: A case study of Northern Ireland. European Early Childhood Education Research Journal, 17(2), 217-232.
- Connor, W. (1978). A nation is a nation, is a state, is an ethnic group is a.... Ethnic and Racial Studies, 1(4), 377-400.
- Connor, W. (1972). Nation-building or nation destroying? World Politics, 24, 31-55.
- Cronin, S. (2000). Riza Shah and the disintegration of Bakhtiyari power in Iran, 1921-1934. Iranian Studies, 33(3-4), 349-376.
- CRS Report for Congress. (2008). Iran: Ethnic and religious minorities.
- Driedger, M. (2006). The ethnic identity, other group attitudes, and psychosocial functioning of Asian American emerging adults from two contexts. Journal of Adolescent Research, 71, 542-568.

- Elphinston, W. G. (1946). The Kurdish question. International Affairs, 22(1), 91-103.
- Furrow, J. L., King, P. E., & White, K. (2004). Religion and positive youth development: Identity, meaning, and prosocial concerns. Applied Developmental Science, 8, 17-26.
- Geertz, C. (1996). Primordial ties. In J. Hutchinson & A. D. Smith (Eds.), Ethnicity (pp. 40-45).
- Hechter, M., & Levi, M. (1979). The comparative analysis of ethnoregional movements. Ethnic and Racial Studies, 2, 260-274.
- Hennerbichler, F. (2012). The origin of Kurds. Advances in Anthropology, 2(2), 64.
- Hill, J., & Wilson, T. (2003). Identity politics and the politics of identities. Identities: Global Studies in Culture and Power, 10(1).
- Jafari, A. (2015). Citizen and citizenship rights. Shahrzad Batebi Cumhuriyet University Faculty of Science Science Journal (CSJ), 36(3), 4083.

- Stokes, J. (Ed.). (2009). Kurds. In Encyclopedia of the Peoples of Africa and the Middle East.
- Kende, L. (1971). Twenty-five years of local wars. Journal of Peace Research, 8, 5-22.
- Khondker, H. H. (2005). Globalisation to glocalisation: A conceptual exploration. Intellectual Discourse, 13(2), 181-199.
- King, P. E. (2003). Religion and identity: The role of ideological, social, and spiritual contexts. Applied Developmental Science, 7(3), 197-204.
- Kurds, Kurdistān. (1986). Encyclopaedia of Islam, 7.
- Laver, M. (1980). Political solutions to the collective action problems. Political Studies, 28, 195-209.
- Matthee, R. (2014). Safavid Dynasty. Encyclopædia Iranica.
- McGuire, G. M. (2000). Gender, race, ethnicity, and networks: The factors affecting the status of employees network members. Work and Occupations, 27(4), 500-523.
- North, D. C. (1991). Institutions. Journal of Economic Perspectives, 5(1), 97-112.
- Oberling, P., & Hourcade, B. (1986). Arab iv. Arab tribes of Iran. Encyclopædia Iranica, 2(2), 215-220.
- Robertson, R., & Lechner, F. (1985). Modernization, globalization and the problem of culture in world-systems theory. Culture & Society, 2(3), 103-117.
- Roudometof, V. (2003). Glocalization, space, and modernity. The European Legacy, 8(1), 37-60.
- Sadjadpour, K. (2006). How relevant is the Iranian street? The Washington Quarterly, 30, 151-162.
- Sela, A. (2002). The Continuum Political Encyclopedia of the Middle East.
- Seul, J. R. (1999). Religion, identity and integration conflict. Psychological Issues, 36(5).
- Shahnavaz, S. (2013). K̲AZʿAL KHAN. Encyclopædia Iranica, 16, 188-197.

- Taagepera, R. (1979). Size and duration of empires: Growth-decline curves, 600 B.C. to 600 A.D. Social Science History, 3(3/4).
- Yarshater, E. (1989). Persia or Iran, Persian or Farsi. Iranian Studies, 22(1).
- Yarshater, E. (2012, December 30). Azerbaijan vii. The Iranian Language of Azerbaijan. Encyclopædia Iranica, 3(3), 238-245.
- Yarshater, E. (1988, December 15). Iran ii. Iranian history (1) Pre-Islamic Times. Encyclopædia Iranica, 13(2-3), 212-224.
- Zandjan. (2002). The Encyclopaedia of Islam, 11.


## ٣. پێگەی زانستی و هەواڵنێری


- Assaad, R., & Bajoria, J. (2011, February 14). Demographics of Arab protests. Council on Foreign Relations. Retrieved from http://www.cfr.org/egypt/demographics-arab-protests/p24096

- Bowen, K. (2015). Identity politics: Online communities in Iran. Retrieved from www.smallmedia.org.uk/revolutiondecoded/a/RevolutionDecoded_Ch4_OnlineCommu nities.pdf
- Britannica. (n.d.). Azerbaijani people. Retrieved from www.britannica.com/topic/Azerbaijani-people
- Cultural Justice Program. (2020). Retrieved from https://www.unesco.org/creativity/en/policy-monitoring-platform/cultural-justice-program
- Dąbrowa, E. (2016). Kingship ii. Parthian Period. In E. Yarshater (Ed.), Encyclopædia Iranica (online edition). Retrieved from http://www.iranicaonline.org/articles/kingship-02-parthian-period
- De Planhol, X. (2000). FĀRS i. Encyclopædia Iranica. Retrieved from www.iranicaonline.org/articles/fars-i
- Ethnologue. (n.d.). Iranian Persian. Retrieved from [invalid URL removed]

- Fondation-Institut kurde de Paris. (2017, January 12). The Kurdish population. Retrieved from www.institutkurde.org/en/info/the-kurdish-population-1232551004
- Fyre, R. N. (2012). IRAN v. PEOPLES OF IRAN. In E. Yarshater (Ed.), Encyclopædia Iranica (online edition). Retrieved from www.iranicaonline.org/articles/iran-v1-peoples-survey
- Heyes, C. (n.d.). Identity politics. In E. N. Zalta (Ed.), The Stanford Encyclopedia of Philosophy. Retrieved from https://plato.stanford.edu/entries/identity-politics/
- Knüppel, M. (2000). Turkic languages of Persia: An overview. Encyclopædia Iranica. Retrieved from www.iranicaonline.org/articles/turkic-languages-overview
- Legatum Prosperity Index. (2021). The 2021 Legatum Prosperity Index Overview - Web. Retrieved from www.docs.prosperity.com/3616/3544/3967/The_2021_Legatum_Prosperity_Index_Overview_-_Web.pdf [invalid URL removed]
- Looklex Encyclopaedia. (n.d.). Tehran. Retrieved from http://looklex.com/e.o/teheran.htm
- Oxford Reference. (2023, August 23). Social justice. Retrieved from [invalid URL removed]

- Paul, L. (2008). Kurdish language i. In E. Yarshater (Ed.), Encyclopædia Iranica (online edition). Retrieved from www.iranicaonline.org/articles/kurdish-language-i
- Spooner, B. (1988). BALUCHISTAN i. Geography, History and Ethnography. In E. Yarshater (Ed.), Encyclopædia Iranica (online edition). Retrieved from www.iranicaonline.org/articles/baluchistan-ia
- The Guardian. (2022, November 6). Fresh protests erupt in Iran's universities and Kurdish region. Retrieved from www.theguardian.com/world/2022/nov/06/iran-fresh-protests-universities-kurdish-region
- The Kurdish Project. (n.d.). Kurdish religions. Retrieved from www.thekurdishproject.org/history-and-culture/kurdistan-religion/
- UNESCO. (n.d.). World Arabic Language Day. Retrieved from www.unesco.org/en/world-arabic-language-day
- United States Institute of Peace. (2013, September 3). Iran minorities 2: Ethnic

diversity. Iran Primer. Retrieved from www.iranprimer.usip.org/blog/2013/sep/03/iran-minorities-2-ethnic-diversity

- Ventura, L. (2023, June 6). World wealth distribution and income inequality 2022. Global Finance Magazine. Retrieved from www.gfmag.com/features/wealth-distribution-income-inequality/

### ج) عەرەبی و کوردی

- ابن‌مقفع، عبداللەبن دادویه (بی‌تا). کلیله و دمنه. بیروت: المستقبل ارقمی.
- احمـد، محمـد احمـد (٢٠٠٩). اکراد الدولـه العثمانیه، تاریخهم الاجتماعـی و الاقتصادی و السیاسـی (١٨٨٠ ـ١٩٢٣م)، الطبعةالأولـی. دهـوک: مکتبـه البدرخانییـن.
- باخـەوان، هـاوڕێ (٢٠٠٣). هاوڕێنامـە بـۆ مێـژووی کـورد و کوردسـتان، چاپـی یەکـەم. سـلێمانی: چـاپ و پەخشـی سـەردەم.
- بـەسری، میـر (٢٠٠٢). ناودارانـی کـورد، وەرگێڕانـی عەبدوخالـق عەلائەدین، چاپـی یەکەم. سـلێمانی: دەزگای چـاپ و پەخشـی سـەردەم.
- ریچ، کلۆدیوس جمیس (١٩٩٢). گەشـتی ڕیچ بۆ کوردسـتان ١٨٢٠ز، وەرگێڕانی موحەمەد حەمـە باقـی. تەوریـز.
- زکی، محمد امین (١٩٥١). تاریخ سلیمانیه، ترجمه محمد جمیل روژبیانی. بغداد.
- العـزاوی، عبـاس (١٩٧٣). مولانـا خالـد النقشـبندی. کردسـتان: مجلـه المجمـع العلمـی العراقـی.
- علی، جواد (١٣٧٢). المفصل في تاریخ العرب قبل الاسلام. بیروت: مکتبه النهضه بغداد.
- مستەفا ئەمین، نەوشـیروان (٢٠٠٧). حکومەتی کوردسـتان (کورد لە گەمەی سـۆڤییەتدا). سـلێمانی: سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی ستراتیجیی کوردسـتان.
- مظهـر احمـد، کمال (١٩٧٨). دور الشـعب الکـردی فـی ثـوره العشریـن العراقیـه،. بغـداد: مطبعـه الحـوادث.
- ناشـناس (١٩٩٩). حدودالعالم من المشرق الی المغرب، تحقیق یوسـف الهادی. دارالثقافة للنشر.
- نـوری، میـرزا حسـین (١٤٠٨ ه.ق). مستدرک‌الوسـائل، ج ٦. مؤسسـة آل البیـت علیهـم السـلام لإحیـاء التراث، الطبعـة: الأولی المحققـة.
- نیشتمان (١٣٢٢)، شماره ٥.
- نیکیتیـن، باسـیل (٢٠٠١). الکـرد، دراسـه سـیولوجیه و تاریخیـه، تقدیم لویس ماسـینیون، ترجمـه د. نـوری طالبانـی، الطبعةالثانیـه. بیـروت: دار السـاقی.

شوناسی مێژوویی و ڕۆڵی نەتەوە و ئێتنیک لە دیاریکردنی چارەنووسی هەنووکە و داهاتووی ئێراندا، دەچنە ڕیزی پرسە هەرە پڕئاڵنگاری و مشتومڕاوییەکان کە زۆرجار لە بازنەی لێکدانەوەکانی گرووپی، حیزبی، تاقمی و هتددا قەتیس کراون و لە وێناکردنەوەی ئەم واقیعە قووڵە کۆمەڵایەتی-سیاسییە، کەمتر ئاوڕ لە دەنگ و ناخی کۆمەڵگاوە دراوەتەوە.

ئەم بەرهەمە، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی و گرووپییە بە ئامانجی وێناکردنەوەیەکی نوێ لە شوناسی گرووپە نەتەوەیی و ئێتنیکییەکانی دانیشتووی ئێران بە پێی ڕوانگە و زمانی شارەزایان و هاووڵاتیانی ئاسایی سەر بەو ئێتنیکانەوە، کە وێڕای پێشکەشکردنی وێنەیەکی پێکهاتوو لەسەر بنەمای دید و بۆچوونی ئەندامانی گرووپە ئێتنیکییەکان، سەبارەت بە سیمای شوناسی نەتەوەیی و ئێتنیکی لە ئێراندا، بە دیدێکی ڕەخنەگرانە، دەرفەت و هەڕەشە پەنگخواردووەکانی نێو دووانەی ئێتنیکە ئێرانییەکان یان نەتەوەکانی ئێران تاوتوێ دەکات و لە ئاسۆی داواکاری و ئاڵنگارییەکانەوە، تیشک دەخاتە سەر ئەگەری یەکپارچەیی یان دابەشبوونی وڵاتی ئێران.

نشر آوای بوف

ISBN: 978-87-93926-30-1

9 788793 926301